Amyuni PDF Creator 5.5.1.8 rev 5815M ActiveX - Copyright (c) 2001-2017, AMYUNI Technologies Inc.
http://www.amyuni.com



کتێبی
پەیامی خواکان
نووسینی سەربەست خەسرەو عارف

ISBN 978-82997856-2-4

هەر دەستتێوەردان و کۆپیکردنێك سزای یاسایی
لەدوایە

پەیوەندی : 46433863- 0047
004733048041

Sari-ari@onlin.no

ئەم کتێبە باوەڕی منە پرۆژەی چوارساڵ
بیرکردنەوەو داڕشتنە
2004تاوەکوو 2008

# تابلۆی ڕزگاری

کاتێک فڵچەکانم بۆ هەڵناگیرێت، وێنەی ڕستەکان دەکێشم چونکە من نووسەرێکی هونەرمەندم، ئاگاداربە : ڕستەکانی من تابلۆن. داستانەکانم هونەرن، فەرموودەکانم فەلسەفەی خامۆش. ووتەکانی من هێـندەی فریشـتەکان جوانن. ئەم کتێبە باوەڕی جوانی وئاییینی منە. من نیازمەندم بە خەندەکان جیهان لە پیس بوون ڕزگار بکەم. مێرولەکان باوەڕیان بە منە؛ ئەوان لەشکری گیانیی منن.

مرۆڤ بوونەوەرێکی زۆر سەرسووڕێنە، هەر لە خۆیانەوە خواوەندیان تاک و تەنها کردووەو هەموو عەیب وعارو شەڕوشەیتان و فەرتەنەکانیان خستۆتە ئەستۆی ئەو! هەرچی هەڵدەستێت دەڵێت: خوا یەکەو نابێت بەدوو.

مرۆڤ بوونەوەرێکی سەرسوڕێن و سەیرە! بەڵام لە باوەڕی مندا؛ مرۆڤ بۆ دژایەتی تەبیعەت و خواوەندو ژیان دروست نەبووە، بەڵکو زادەی خێرێکی موتڵەقە و ئامانجی بە هارمۆنی بوونە لەگەڵ ئەو تەوەرو هێزو کردگارە ئەفسانەییانەدا! چونکە مرۆڤ خۆی ئەفسانەیەکی پیرۆزە. جێگەی داخە کە پەروەردەـ بە درێژایی مێژو ئاشنای کردووین بە شەڕ و کێشمەکێش لەگەڵ هەموو هێزەکاندا و تەنانەت مرۆڤ لەگەڵ خوودی خۆشیدا ناکۆک و دژ و ناجۆرە و دژ بە سروشتی خۆیەتی.

لەم کتێبەدا.. من باسی ئەفسانەکانی جەوهەری زاتێک دەکەم کە مرۆڤایەتی پشتیان تێی کردووە و ئەویش لە مەملەکەتی خەونەکانی خۆیداـ ناڵێم گیری خواردووە.. بەڵکو هارمۆنی دەژی و هەست بە ژیان دەکا و نیازمەندە بە خەندەکانی جیهان ڕزگار بکات.

هەست بەوە دەکات کە وەک مرۆڤ خاوەنی خواوەند و فریشتە و دێوو خاوەن بەهرەکانی خۆیەتی.. ئەو تەنها جوانی دەپەرستێ و باقیی ئایین و مەزهەب و باوەڕەکانی مێژووی خۆی بۆ کردوون بە تابلۆ و لە کتێبەکانیدا پێشکەشی ئێوەی دەکات.

مرۆڤێکە هەست بە بەهرەی جوانی دەکات و خەو بە ڕوخساری خواو پێغەمبەرو فریشتەکانەوە دەبینێت. جا بە هەڵە تێی مەگەن. بەڵکو هەوڵ بدەن لە کاتی خوێندنەوەی ئەم کتێبەداـ کەمێک بەسەر خۆتاندا بچنەوە. چونکە پاڵەوانی ئەم داستان و تابلۆیانەـ خوودی حەزرەتی نوحە و باسی ئەوتان بۆ دەکات و دەفەرموێت: من باوک و باپیرەی هەموو پێغەمبەرەکانتانم.. دژایەتیم مەکەن.. چونکە من باس لە جوانییە شاراوەکان و دزێوییە باوەکان دەکەم. منیش خواوەندی خۆمم هەیە و سەرقرتم مەکەن. ڕێگەم بدەن خەو بە جوانییەوە ببینم و باس لە بە جیهانی کردنی جوانی دەکەم.

ناڵێم من گوناحم نەکردووە.. بەڵام دەتوانم بەڵێن بەخۆم بدەم کە لە خۆم خۆش دەبم. لە گوناحەکانی خۆم خۆش بووم و لەم کتێبەدا باس لە جیهانێک دەکەم کە هەم ئەفسانە و هەم ڕاستی و هەم فەنتازییە.. دەشێت نوێ نەبێت.. بەڵام شتێک کە من دەمەوێت بیڵێم ئەوەیە کە گوناح نییە خواوەند زۆر بێت! سەیریش نەبێت بەلاتانەوە گەر بڵێم: من هەست بە نەستی بوونەوەر دەکەم. لەهەر دۆخێکدا.. لەهەر دێڕێکی ئەم کتێبەدا منێکی جوان پەرست خۆی مەڵاس داوە و دەزانێت چۆن بەسەر باوەڕی خۆیدا بچێتەوە. دەزانێت بنووسێت.. ببینێت.

بەم کتێبە، من باسی ئەو خەونانە دەکەم کە حەزرەتی خدری زیندە= پیرشالیار- لەیادی مندا نەخشی کێشاون، هەروەها باس لە بێولاتی و بێئالایی میللەتی نوح دەکەم. دەمەوێت کەرامەت بکەم بە بەرگێکی نوێ و لەبەری جیهانی بکەم. من هونەرمەندێکی ڕاستی پەروەرم؛ ئەگەر ڕاستەقینە لە دەرەوەی بوونەوەریشدا بێت، من هەستی پێ دەکەم، ئەگەر ڕاستی خواوەند بێت بە چاوەکانی هەست دەبیینم.. من هەستی پەیامەکانی زەردەشت م. مەسیح پیرۆز و جوان و مەتین دەبینم لە یادی بوونەوەردا.

ئەم کتێبە زەمینییە؛ باسی پەیامی خواکان دەکات.. باسی پەیامی ڕزگاری و ناوەڕۆکی فەلسەفەی ئاکار دەکات.. مژدەیەکی هەم دێرینە و هەم نوێ و باسی چاوگەکانی مرۆڤی سەرەتاو هەڵگری پەیامی خۆر دەکات. کەنیسە و مزگەوت و پەرستگاکان و ئاتەشگاکان دەکات بە تۆپێکی ئاگرین و مەتین؛ کە جەوهەری هەستی فێمینیزمی ئێستاتیکە و لە منەوە دەگات بە ئێوە.

لەم کتێبەدا کات وەستاوە. کات و شوێن جەوهەریان لە هەستی منی بێ مەئوادا سڕ بووە. کات و شوێن سەری خۆیان هەڵگرتووە و نازانن ڕوو لە کوێ بکەن! باسی سەر لێشێواندنی خواکان و خودی خواوەند دەکات.. کە لە تاو خوێن ڕێژی و خوێنخۆریی مرۆڤ ـ زەندەقیان چووە لە ئاسمانەکاندا و بە ددان؛ نینۆکی خۆیان دەگەزن لە حەشمەت و تووڕەیی و ترسانیان لە کردەوەی دێوەکان! ناوێرن دابەزنەوە ناومان ـ تا ئەو کاتەی خۆمان وەک نەوەی مرۆڤی پیرۆز گۆش نەکەین. دەترسن لە ئاتاجی کردەوەکانمان.

بۆیە من بە ئەرکم زانی واز لە هەوەس و خۆزگە و ئومێدەکانی خۆم بهێنم و دانیشم و باسی جەوهەری هەستی بوونەوەرتان بۆ بکەم و بە ڕابەرەکانتان ـ بە ئافرەتەکانتان بفەرمووم: دانیشن،، بیر بکەنەوە و چاوان بنێنە سەر یەک و دەستی ڕێز بنێنە سەر سنگتان بۆ تابلۆکانی ناو ئەم کتێبە پیرۆزە.. چونکە لێرەدا داواکانی من  هەروەها خۆزگەی من دەگات بە مووقەددەسات.. واتە دەگات بە هەستی بوونەوەر.. بەڵێ؛ لەم کتێبەدا هەڕەشە و گلەیی و سکاڵاکانم دەگات بە ڕەحمی بوونەوەر. باسی کەرامەتی حەزرەتی نوح دەکەین بە فلیمێکی نوێ ـ تا جیهان باسی ئەفسانەی نوح بکات بۆ وەچەی داهاتووتان.

چونکە مرۆڤ وا خەریکە بوون و بونیادی خۆی تەفرو توونا دەکات.. بوونەوەر و خواو خواکان سەریان لێ تێکچووە و من دەکەن بە دەمڕاستی خۆیان ـ تا بە ئایینەکانتان بفەرمووم، کە نوح باوکە گەورەی هەموو پێغەمبەرەکانتانە و لەسەرتانە ڕێزی لێ بگرن. درەختی زەمان لەسەر سەری ڕواوە و ئێوە نایبینن.. جا تکایە  پەندێ لەم کتێبە وەر بگرن.

چونکە خواوەندی نوح ـ ئەو خوایە نییە کە ئێوە تێی گەیشتوون. من باسی ئەوو خۆم و خواکان و فریشتەکانی خۆمتان بۆ دەکەم. دەزانم کارێکی باش دەکەم. خواوەندی من لەم کتێبەدا؛ هەستی نانۆیە. ئەم کتێبە باس لە ئایین ناکات.. بەڵکو مرۆڤ فێری ناسینی جەوهەری جوانی دەکات. حەز دەکەم بڕواتان فێر بکەم،، بڕواهێنان بە ڕەمەکی جوانی. جا فەرموون، بزانن هەستی هونەر چی دەڵێت. دەزانم لە ئەنجامدا هاوڕام دەبیت و دان دەنێی بەوەدا کە ژیان و جیهان ـ بە خەندەکانمان ڕزگاری دەبێت. گەر بمانەوێت دەتوانین سەری بەرزمان بکەین بە ڕەحمی بوونەوەرداو فێری بەزەیی و لوتف و جوانی بین لە خواوەند و خواوەندەکان و لە فریشتەکانەوە. چونکە ئەوان لە ئێمەن. دەزانم لێشم دەبوورن گەر بەشانازییەوە پێتانی بڵێم: خواوەند و خواکان و فریشتەکانی من زووربەیان مێینەن. من پێم وایە کە مرۆڤ کارێکی چاک دەکات گەر خاوەنی خوایەک بێت.. چونکە بوونی خواوەند چاترە لە نەبوونی ـ لە جەوهەری کەسێتیماندا.  سەربەست

# ووتەیەک دەربارەی ناوەڕۆک

من بە زمانی پەتی وڕەسەنی دایک دەنووسم و دەدوێم، کۆمەڵێک باسی سەیر بۆ میللەتەکەم دەگێڕمەوە، بە فەرموودەکانم نیازمە میللەتەکەم فێری دادو ڕاستی پەرستی بکەم. دەمەوێت بڵێم ژیان عەبەس یان بێهوودەیی نییە. ژیان مانایەکی بە نرختری هەیە.

لەم کتێـبەدا مژدەی هاتنەوەی گیانی حەزرەتی نـوح بەمیللەتانی جیـهان ڕادەگەیەنم. چونکە مێژو و ڕووداوەکانی دووپات دەبنەوە.

لەم کتێـبەدا ئەوی باوەڕدار زیندانە لە بەستەڵەکەکانی قوتبدا.. هەژدەساڵە ؛ زیندانە لە ناو زیندانێکی لە شەختە دروست بوو. باو باران، خاک وئاگر یاوەر و هاودەمی هەمیشەیی ئەون. ئەویش لە بێـولاّتیدا، بە بێ ئالاّ، بە بێ ئەوین دەژی.. تا ئەو کاتەی کات ڕادەوەستێت؛ و تیایدا ئەو ئازاد دەبێت.من ئەرکی بوون بە ئەو دەکێشم لەم کتێبەدا؛ کە هاوڕێکانم پێیان شەرمە بیخوێننەوەـ و تێم ناگەن.

بەڵام ئەم کتێبە باس لەوە دەکات؛ کە ڕۆژێک لە ڕۆژان ( لە داهاتوودا) لە بیستوو یەکەمی نەورۆزدا شەپۆلەکان تووڕە دەبن ، بە شەق بەر دەبنە وێزەی زیندانە شەختەییەکان.. حەزرەتی نـوح لە زیندان ڕزگار دەکەن.

بەڵام ئەو چییتر لە مـرۆڤێکی ئاسایی ناچێت، بەڵکو بووە بە بوونەوەرێکی تایبەت ودرەختی زەمان لە سەر سەری ڕوواوە.. باڵای هێـندەی باڵای بوونەوەر بەرزە؛ لق و پۆپی چڕ تەنراوە بە گەڵای گیانیی پیـرۆز.. هەزاران هەزار دڵی گەڵا شێوەی گرتووەوە، گەڵای دڵشێوەی سپی.. گەڵاکان گیانی حەزرەتی مەسیح و ماریاکانی جیـهانە کە لە مۆزەخانەکانی جیهان قووتار دەبن.. گیانی منداڵانی ئەنفال وناکازاکی و لەبرسا مردووەکانی ئەفریقا و هۆلۆ کۆستـن.

دێت، چونکە لەناوماندایە، دێت سەری لەئاسمانەو پێیەکانی لە زەمین.. کە دەڕوات باو هەواو ئاگرو بۆرکان، شەپۆلەکان هەڵدەستنە سەر پێ بۆ ڕێزلێنان لەو .. خاک گوێی بۆ ڕادێرێت؛ گشتیان وەک پاڵەوانی گیانی، پارێزگاری لەو دەکەن. ئەو پەیامی ئاگرینی = ئارارات- ی پێیە. ئەو منێکی ئازادم! من ئەوێکی پەتیم لە داهێنان و یەکبوونی گیاندا.

ئەو دێت، بەناوتاندا تێدەپەڕێت، کە دەڕوات، جێی پێکانی سەوز دەبێت، چونکە پڕە لە چیرۆکی مەزن، لە داستانی نەبەرد، پڕە لە باسی گەشتەکانی بە ناو هەسارەکاندا. چونکە ئەو هەژدە ساڵی زیندان بوونی بە گیان ناسییەوە بردۆتە سەر.. ئێستا ئەو لەناو وشەکانی ئەم کتێـبە زەمینییە پیـرۆزەدا دەژی.. بێـولاّت و بێـئالاّو بێکەس و بێناوە لەناوتاندا.. ئازادەو دەگەڕێت. من ئەوم.. ئەویش منە. جا ئەمە ڕاستییەکی گومان لێکراویش بێت، ئەوەتا لەبەر دەستتدا.. بیانخوێنەرەوە؛ چونکە باسی کەرامەتی باوکی پێغەمبەرەکان دەکات.

من کێم ؟.. بابایەکم هونەرمەندو عاشق . دەگەڕێم بەدوای عیشقا.. من نمایندەی باوەڕی ئەوم.. من لەقلەقێکی پیـرۆزم، جاڵـجاڵـۆکەی سپیی پیـرۆز، و پیـرشالیارو خوودی حەزرەتی نـوحـم..

ئەم کتێبە هاو ئاوێتە بوونی زاتە لە تەوەرێکی هەمیشەییدا. چونکە ژیان هەمیشە دووپات دەبێتەوە. مرۆڤی پیرۆز نامرێت تا کۆی پەیامەکانی خۆی نەگەیەنێت.

لەم کتێبەدا؛ بە پەندەکانم باسی ژیانی گیانیی ئەوی کوردتان بۆ دەکەم.. بە مرۆڤایەتی و بە دێوەکانی ناتۆ دەڵێم: داوەشێن، شەرم بکەن، کاتی ئەوە هاتووە بەسەر خۆتاندا بچنەوە. چونکە وا تۆفانێکی تر بە ڕێوەیە. ئەمجارەیان دەربازبوونتان ئاسان نییە.

چونکە من زمانی باوکی پیرۆزتانم و لەناوتاندا هەست بە شەرمەزاری دەکەم. داوای حەقی میللەتی کورد لە جیهان دەکەم. ئەم کتێبە پڕە لە برینی بەسوێی فاتیمەو دۆعاو لەیلاو ئاشتی و هەوار.. پڕە لەگیانی حەزرەتی مارياکان ومەسیحەکان و خواکان.. فریشتەکان تەنها لەسەرشانی ئێوە نیین، بەڵکو فریشتەکان لەسەر لێوی شازادەی وڵاتی بەفریش لەدایک دەبن. ووتەکانی ئەم کتێبەش فریشتەکانی منن کە بە زمانی مێرولەکان دەدوێن.. چونکە وتەکانی من لە بزەی سەر لێوی مرۆڤی ڕەسەن لەدایک دەبن، وتەکانی من وەک فریشتەکان جوانن. منیش پەنابەرێکم و هەست بە ئازادی ناکەم لە بەهەشتی ئاوارەییدا. من لە وڵاتی بەفر دەژیم.. میللەتەکەی وەک زوقم ساردن.. لە وڵاتی بەفر کە من تیایدا، لەخۆڕا مەحکوم کرام بە زیندان.. زیندانی بەهەڵەدا چوون؛ زیندانی کینەو ڕق لیبوونەوە لە میللەتی کورد.. چونکە من پەنام بردە بەر ئەوان، لەناو ئەواندا بەدوای عیشق وئازادیدا گەڕام.. درەنگانێ زانیم کە مرۆڤ لە زینداندا عیشقی چنگ ناکەوێت ، ئەگەر لەدەستی نەدات. هەروەها ئازادی لە عیشق مەزنترە. چونکە ئەوان ئازادییان شێواندووە.

من مرۆڤێکم دەوێرم بڵێم: من خواو خواکانم نەدیوە .. بەڵام لە خەونەکانمدا؛ خواوەندی خۆم وگشت فریشتەکان دەناسم. کە ناوی زووربەشیان نازانم.

جا گوێم بۆ ڕادێرن تا باسی گەردوونی جوانیتان بۆ بکەم. تا باسی حەزرەتی نوح وئەفسانەکانی خۆمتان بۆ بکەم، کە لە پاش هەژدە ساڵ بێکاری و تەنهایی و ترس فێری بووم. چونکە من هەرگیز پشتم لە زانستی جوانی نەکردووە.. جوانی گۆشکەری باوەڕی حەقمە. چونکە دوای ئەو هەموو ساڵانەی ژیان لە زیندانەکانی بەستەڵەکدا، من دووچاری دابەش بوون بووم. بووم بەدوو کەرتەوە. هەڵبەتە لە خەونەکانمدا. لەو کاتەوە من لە خەونەکانمدا بەدوای لەشی دووکەرتی خۆمدا دەگەڕێم. بووم بە مرۆڤێک کە خەونەکان لە ژیان جوانتر دەژێنم. چونکە هەست بە بوونی مرۆڤایەتیی خۆم ناکەم لە زیندانی گومان و ترس و بەهەڵەداچوونی دێوەکانی جیهانی یەکەم و دووەمدا.

بۆیە ئەم کتێبە ڕاستییەکی تایبەتە بەمن. جا من بێناو یان ناودار، هەر بوونەوەرێک بم، لاریم لەوە نی‌یە کە ڕەسەنایەتیی خۆم زۆر چاک دەناسم، دەزانم کە خەونەکانم پڕن لە ژیان، کاتێک کە ژیان لە میللەتی نوح دەکرێت بە زەهری مار. بۆیە چاک بزانە. کە منی پەنابەر، چوار پاڵەوانی مەزنم تیادا دەژی، حەزرەتی نوح، پیرشالیار، جاڵجاڵۆکەی مەزن، حاجی لەقلەقی پیرۆز. لەوێدا کە بوونم دووکەرت دەبێت، ژیان لەخەونەکانمدا ئاڕاستەیەکی تر لەخۆ دەگرێت. چونکە بەردەوامی ئامانجی ژیانە و کۆڵ نەدان مرۆڤ دەگەیەنێت بە داهێنانێکی مەزن.

ئەم کتێبە پێشکەشە بە میرۆ‌و گۆران ـی کوڕم، بە جیهان، بە میللەتی ڕەسەن و پیرۆزم، کە لانکی زووربەی پێغەمبەرەکانە. چیای جوودیش ( ئاراراتی پیرۆز) پەرستگاو مەککەی ڕۆژهەڵات ورۆژئاوایە. ئەم کتێبە باسی کاتێک دەکات کە کات تیایدا وەستاوە. بەڵام لە چرکەیەکدا دنیا بە ڕێوە دەچێت.. کەس هەست بەوە ناکات کە هەندێک جار چرکەیەک دەنگێک دروست دەکات.. منداڵێک دەهێنێتە بوونەوە.. بوونەوەرێک دروست دەبێت.. مرۆڤێک دێت، پەیامی خواکانی پێیە.. لێرەدا کات وەستاوە، کات متە، چونکە هەر باوەڕێکی نوێ کە دێت، تیایدا کات دەوەستێت. منیش لە ڕابردو و داهاتوودا، لە خەونەکان و لە ڕاستیدا چەقیوم و دەربەستی کات نیم.

من لەم کتێبەدا زووربەی زۆری پاڵەوانەکان و خواوەندەکانم.. ئەم کتێبە گیانی منە بۆ ئێوەی مرۆڤ.. پێشکەشە بە گیانی دایک.. بەتایبەتیش پێشکەشە بەوانەی کە خۆشم دەوێن. پێشکەشە بە شازادەی وڵاتی بەفر و پێشکەشە بە میللەتی نوح= کوردەکان.

حەزم نەکرد وەک ڕۆمان ناو نووسی بکەم، چونکە شێوازێکی تایبەتە لە ئەدەب. بۆیە دەتوانم ناوی لێبنێم کتێبی پەیامی خواکان. جا بڕوانن چۆن مرۆڤێکتان نیشان دەدەم.. خەڵکینە، بڕوانن، چاوی هەستەکانتان هەڵگلۆفن.. چونکە هاتنی نوح داستانی ئازادیی تیایە.. باسی گەڕانەوەی نوح دەکات بۆ لووتکەی جوود.. بەرگی بەری سپی سپییە،، مێرولەچن.. لەسەر سەری درەختی زەمان کە لە تەنافەکانی جاڵجاڵۆکە یان لە ئێسک و ترووسکی ئەنفال دروستکراوە؛ ڕۆشنەو دەدرەوشێتەوە.. دەڕوات؛ بە دەم ڕێگەوە داستانی فریشتەکان بۆ مندالان دەگێڕێتەوە... باسی ئەفسانەی گەڕانەوەکانی بۆ منداڵانی جیهان دەکات. بیر لە داهێنانی کەشتییەک دەکاتەوە سپی سپی. لەشی کووتراوە بە سیمای هەموو فریشتەکان و بتەکانی ئاسمان.. ئەو مرۆڤایەتیی لەسەر لەش و دڵی خۆی کوتاوە. جا ڕێگەی لێ مەگرن؛ با بە ناوتاندا بیت و بچێت و بتوانێت بفەرموێت بۆتان. چونکە ئاخاوتنەکانی ئەو فەرموودە و مووفەڕکی خواکانە. ئەو لە زۆر زیاتری دیوە لە ساڵانی زیندانییدا لە ووڵاتی کرێوەو بەفر. ئەگەر چاوت پێی کەوت، بە هەڵەدا نەچیت.. چونکە ئەوە خۆیەتی دێتەوە، هاتۆتەوە.. گۆپاڵێکی پێیە ؛ کە بەدەستی میللەتی بارزان درووستکراوە، لە ئێسکی شەهیدان و ئەنفال و کیمیاکراوان و بۆردوومان کراوو خانووبەسەردا ڕووخاوەکانی میللەتی زاگرۆس و خودی نوح دروستکراوە. دێت .. هاتووە، لەناوماندایە.. جا دەربەستی کات و شوێن مەیەن لەم کتێبەدا.. بەڵام سوود لە سامانی فەرموودەکان وەربگرن. چونکە ئەو شایانی ئەوەیە کە وڵاتێکی ئازادی هەبێت. دەنا ئەو دەفەرموێت: ئارارات دەبێت بە پایتەختی مەملەکەتی یەککگرتووی کورد.

تابلۆی دابەش بوونی خوود

لەوەتەی هەم ودەژیم، بێکەس و بێوڵات و بێئاڵا و ونم. دەگەڕێم بەدوای ئەو جوانییانەدا کە
دێوەکان داگیریان کردووە ، دێوی کورد و عەرەب، توورک، ڕووس، فارس، ئینگلیز، دێوی
بێگانە بە میللەتی نوح.

من پەناهەندەم و لە هەندەران دەژیم. ژیانێکی کولەمەرگی. بێتام، بێ مانا. چونکە مافەکانی هەستکردن بە بوونم داگیر کراوە و تەنها لەخەونەکانمدا تامی ژیان دەکەم. کاتێک کە بێدار دەبمەوە، دەنوومەوە. چونکە خەونەکانم کردووە بە نیشتیمانی دوایین. گەرچی لەوڵاتی بەفر دەژیم، بەڵام خەون، وڵاتی ڕاستەقیینەی ئەم ساڵانەی دواییمە.

شەوێک لە شەوان ، لەخەوما؛ کات وەستا. زرمەیەک لە بوونم هەستا، ڕاچەنییم و هەڵەداوان هەستامە سەرپێ ! سەیرم کرد نیوەی لەشم نەماوە! بینییم دابەش بووم، بووم بە دوو کەرتەوە. خەونم دەبینی ! خەونم بە خۆمەوە دەبینی! نیوەی لەشم لە دەرەوەی ماڵەکەمدا، لە قەبرسانێکدا و نیوەکەی تری لەشم لە ناو ماڵەکەمد؛ واتە لەناو ژوورەکەمدا مابووەوە! هەر بەشێک لە لەشم، لەخەونەکەمدا بە دوای نیوەکەی تریا دەگەڕا! سەرم لێ شێوا بوو! بێدار نەدەبوومەوە. ماندوو نەدەبووم لەگەڕان بەدوای نیوەکەی تری لەشی خۆمدا! دەمزانی کە ئەوە تەنها خەونەو ڕاستی نی‌یە! کەچی بێداریش نەدەبوومەوە! ئەوەی لەخەونەکەمدا سەرنجی ڕادەکێشام ئەوەبوو کە هێزێکی یان بوویەکی گیانیی نادیار لە نێوان هەردوو بەشەکەی لەشمدا وەک هەستێکی ئازاد دەگەڕا! هەستم دەکرد ئەو بوونە گیانییە نادیارە زۆر لە پارچەکانی لەشی مادییم کارامەترو ئازادترو زاناترە. بۆیە چەقم بەستە سەر ئەو هێزە نادیارە. دەشیت بتوانم بە یاریدەی هزرم یاخوود هەستی حەوتەم بتوانم پۆرتریێتێکیتان بخەمە بەر چاو. هەر لەو کاتەدا لەشکرێکی مێرولە سپییەکان هاتن و تێم ووروکان.. ئەوان باوەڕیان بەمن بوو لە خەونەکەمدا. ئەوان شەرواڵ و چۆغەو سەڵتە و درەختی زەمانیان لەسەر سەری من دەچنی.

بەڵام لەبەر ئەوەی بێدار نابمەوە، چاتر وایە باسی داستانی خۆم و خەونەکانمتان بۆ بکەم. بۆ ئەوەی سەرت نەیەشێنم، باسەکانم بۆ کردوون بە تابلۆ، تابلۆی ئەو خەونانەی کە لەو شەوەدا دەمبینیین. ئەو شەوە سامناکە. کە تاریک وڕوونی ڕۆژی بیستوویەکەمی ساڵێک یان مانگێک بوو! چونکە هەستم دەکرد نەورۆزە. چونکە من زۆر ئاگاداری کات وڕۆژ و ساڵەکان نیم! ئەوان وەک ڕێبواری نەناس بەلای مندا دێن و دەڕۆن، بەیانی باش و ڕۆژباشم لێ دەکەن؛ یان نایکەن.چونکە من بابایەکی وێڵگەردو هەڵاتوم لە دیارو هەواری خۆم، پەنابەرێکم پشتم کردۆتە گەل وهۆز.. مـرۆڤێکی وەک من تەنها دەتوانێت لەهەندەراندا بەتەنگ ئەوەوە بێت تا لە هەستکردن بەکەمیدا نەتوێتەوەو وون نەبێت! چونکە هەستکردن بەکەمی پایتەختی مەملەکەتی مـرۆڤی پەنابەرە.. مـرۆڤ کە ڕەگوڕیشەی هەڵکەنرا ڕوانەوەی تاڕادەیەکی زۆر ناماقوڵییە، بەڵام مەحاڵیش نییە! بۆیە مردن زۆر چاترە لەوەی مـرۆڤ پشت بکاتە ژینگە ودیاری دایک.. من ئەم باوەڕەم کاتێ پێگەیی کە هەزاران هەزار میل دوور بووم لە نیشتیمانی خۆم.. هەروەها ساڵانێکی زۆرم لەدەستدابوو.

ئێستا لەو درەختە مەتینە دەچم کە دارستانی بەجێهێشتووە و خوازیارە لەزەریادا ڕەگی خۆی بڕوێنێتەوە! ڕەگەکانی خۆی بەرەو هەناوی زەریا دەبات و پەل دەکوتێت بەدوای بنکدا.. بەدوای خاکی گیاندا، تا ڕیشەکانی دابکووتێتەوە.

بێئەوەی بزانم کە زەریا پێویستی بە درەخت نییە، کە زەریا ئامان ومتمانەی نییە.. کە زەریا لە قووڵ قووڵترە! کە زەریا هەڵگری لەشی سرووشتە. بۆیە هەستکردن بەکەمی کزەڵ و ماندوو دەستم دەگرێت و

ئەو چاو ساغمە بۆهەر جێگەیەک بچم. بەڵام ئەوەش دەزانم کە زەریا توانای نقووم کردنی یەک پووشی نی‌یە، کەچی دەتوانێت هەمووجیهان تێک بدات!
وانەزانی من لەخۆمدا هەست بەکەمی دەکەم. نا ! من لە تێگەیشتنی بێباوەڕیی دەوروبەردا هەست بەکەمی دەکەم! من لەتاتەشۆرێک دەچم کەهەزار گوێچکەی بڕاووسەری بڕاوی لەسەرەو هەزاران خەندەی تۆراوی لەسەر ڕاکشاوە، هەزاران ئافرەت ومندالی بێتاوانی لەسەرشۆراوە! من مرۆڤێکم جیهانم لێ بار کراوە، سروشت داوای گەیاندنی پەیامەکانی ئەوانم لێدەکات، منیش هەست بەکەمی دەکەم. وا دەزانم کە ناتوانم! بۆیە من بە خەنجەری دەبانی ووشە، بە تەماشای تیژی وەک خەنجەر ووشەکانم دەگرمە دەبەنگەکان! ئەودەبانگانەی کە گوومانیـیان لەسێبەری خۆیان هەیە. کە خواکـانیـیان لە شەهوەت و پەڕۆ و پاتاڵ دروست دەکەن.. کە کەرامەتی خۆیان هەرزان دەفرۆشن.. کە فیتنە لەناو مـرۆڤەکاندا دەچێنن ونایەڵن دوو میللەت تەنانەت دوومـرۆڤ ببنە هاوڕێی یەکتری! منێک، کە هیچ باوەڕێکم بەشەڕ نی‌یە و خۆم لە شەڕێکی نەویستدا دەبینمەوە!
لەبەر ئەوهۆ تایبەتییانە حەزم لە دەستوەردانی زۆربابەت نییە.. کاتێکیش سروشت و خووهەڵوێستی گەلانی دیکەم بینی، هێـندەی دی بە ناخی عەردا ڕۆدەچووم و هەستکردن بەکەمی نامۆیی سەربارکردم، چونکە لەڕاستیدا زوربەی هەرەزۆری خەڵکی ؛ هەستکردن بەکەمیان کردووە بەکەلتوور!

مـرۆڤایەتی لەهەستکردن بەکەمیدا دەلەوەڕن، ورگیان لەتێریدا دەدڕێت و تێریش نابن! جۆرێکن لەدێـوو دێـو پەرست کە مـرۆڤی پاک هەرگیز هەست بە ئاسوودەیی ناکات لەناویاندا! دەست بۆ کەرامەتی خوای هەموو کەسیک دەبەن، منداڵەکان فێری پەرستنی وردەواڵەو شەکرۆکە دەکەن..ڕێز لەناویاندا گاڵتەی پێدەکرێت. لەناویاندا کورد گۆتەنی دارێکم لەدەستە سەرتاپا گواوی!
ساڵانێکی زۆر خۆمم سەرگەرمی ئەدەبیاتو فەلسەفەو دەرونزانی کرد تا سرەوتێک بە هەستی خۆ بەکەمزانیم بدەم.. عوزر لەقەباحەت خراپتر، هەستیاریم گەشەی کرد، وەکچۆن مـرۆڤێکی زۆرخۆر قەبارەی زل وزەبەلاح دەبێت بە زۆرخۆری، منیش بە زۆرفێربوون و زیاتر فێربوون، هەستکردن بە کەمیم  فووی تێبوو دڕا! تا واملێهات کە ئێستا لەدورگەیەکدا دەژیم تاک وتەنها.. لەوانەیە باوەڕنەکەیت کە دورگەکەش ناوی دورگەی( هەستکردن بەکەمی)یە! لەوێدا دابەش بووم بۆ هەزاران بەش. بەشێکم لەوڵاتی خۆمە، بەشێکم لەهەندەران، بەشێکم لەزەوییەو بەشەکەی ترم لەئاسمان! یاخوا خەڵکینە دوژمنیشتان نەبێت بەپەندی هەندەران.. هەندەران مـرۆڤ وون دەکات.. عەزێتی دەدات..لەت لەتی دەکات، فێری نەبوونیی وڵات ولە دەستدانی چاوگەکانی منداڵیی خۆی دەکات. یان دەیکات بە پەیامبەرێکی وون!
هەندەران دەتکات بەهاوڕێی سەگ وپشیلە وباڵندەو گوڵ. دەتکات بەدراوسێی دێـوە زۆر خۆرەکان، ئەو دێـوانەی نازانن چی بخۆن، هێندە پیس خۆرن گۆشتی خاودەخۆن، دڵی باڵندەکان بەزیندوویی ڕیشەکێش دەکەن.. خوێن دەخۆنەوە.. کەڵبەکانیـیان درێژو مڕەی نەفەسیان سەگە ماڵییەکانیـیان دەتۆقێنێت. بەقاقای بێشەرم و درۆیان، فریشکی فریشتەکان دەخەن.
ساڵانیکە دێمو دەچم، تاکو تەنها ، ئەگەرچی لەقوتبی یەکەمی ژیاندا خاوەن ماڵ ومنداڵم! بەڵام لەقوتبی پەنابەری لە وهەندەراندا خۆم بەخاوەنی هیچ نازانم.
شتی زۆرسەیر دەبینم لەهەندەران.. مـرۆڤ دەبینم بووە بە دێـو، بە سەگ.. دێـو دەبینم سەری سەگی هەیە، دێـودەبینم سەری گورگ و بەراز و پشیلەی هەیە! سەگ وبەراز دەبینم لە دێـوپەرستەکانی وڵاتی خۆم جوانتر دەخۆن و جوانتر دەدوێن! دێوپەرست دەبینم سەری بەراز و کلکی بەرازی پێوەیە!  چونکە

مـرۆڤ کەم بۆتەوە لەجیـهاندا.. مشک دەبینم داوەری فیلە! پشیلەو سەگ ومشک وگورگ هاورێن، کەچی دوو مرۆڤی هاوڕێ نابینم!

لە دوورگەکانی دەوروبەرمدا جارناجارمـرۆڤی دێـوپەرست، یاخود دێـو دەبینم کە ڕێگەیان لێ ون دەبێت و دەکەونە ئەم دورگەیەی منەوە.. بەستەزمانانە هیچ نابینن، چونکە ئەوان خۆیان لێ بۆتە خواوەند..گرگنوو بۆگەن و فشەڵ بە لووتبەرزی دێنو دەڕۆن.. خێسە لە داروبەرد دەکەن، وای نیشان دەدەن کەگوایا ڕێگەیان هەڵە نەکردووە.. وادەزانن خوادێـوەکان بەهەڵەدا ناچن! بۆیە بە بایبونێکی نادڵنیا لەمن دەپرسن: دەڵێی ڕێگەت لێ ون بووە؟

منیش پێیان دەڵێم، من لە وونبوندا دەتوانم بتانخەمە سەر ڕێگە.. چونکە من دڵی ڕێگاکانم دیوە. من گوێم لەدڵی هەمووڕێگاکان گرتووە. من گیانی ڕێگانم دیوە.

لەڕاستندا نیشانەی باش بۆ ناسینەوەی دێـوی نەزان و خۆبەکەمزان ئەوەیە کە قینیان لە وەڵامی نەء- ە..

حەز دەکەن هەرچییەکیان ووت، تۆ بڵێیت بەڵێ، لەو بارەدا هەرچییەکیشیان پێبڵێیت، هەر دەڵێن بەڵێ!

چونکە دەترسن لەقەبارەیان کەم بکاتەوە ئەگەر بڵێن: نەء. بەڵام من حەزناکەم دێـوەکان تووڕە بکەم،

چونکە من دەست نابەم بۆکەرامەتی کەس. گەرچی وەک بیستوومە دەڵێن دێـوەکان کەرامەتیان نییە!

بەڵام من وادەزانم کە جڕوجانەوەریش کەرامەتی خۆیان هەیە، عیززەتی نەفسیان هەیە.. بەڵام من لەبەر مەیلی ڕەزامەندێتی خود بە مـرۆڤ زانیم بەشی خۆیان ڕێزیان لێدەگرم، چونکە مـرۆڤایەتی ژێردەستەی دێـوەکانن، بەڵێـ دێـوەکان!

بەڵام ئەگەر بێت ودێـوێک یاخود خێوێک یان دێـوپەرستێک بیەوێت بە نزیکبوونەوە لێم، پیسم بکات، تووڕەدەبم، دەیترسێنم، پێی دەڵێم کش. یاخود فستەقووی بەسەردا دەخوێنم.

چیبێت لەتۆ نهێنی، ئەشکەنجەی هەستکردن بەکەمی تادەهات زیاتروزیاتر قەبارەی جیـهان و وڵات و شارو مال و ژوورەکەمی تەسک دەکردەوە، بەجۆرێکی ئەوتۆ نەمدەزانی چۆن لەوژووره تەسکەدا جێگەم دەبێتەوە!؟ نەمدەزانی چیبکەم! چونکە ژوورەکەم جیـهان و وڵات و ماڵو ژینگەی من بوو.. قەبارەم لەپێش چاوی خۆمدا بچوک دەبووەوە. تا واملێهات خواوەند بەزەیی پیامداهاتەوە.

ئەو شەوە کە زرمە لە بوونم هەستا! لەخەوما بووم بەدوو کەرتەوە. لایەکم پەڕییە ناو قەبرسانەکەوە، لاکەی تریشم لەقەپۆزی ژووره تاریکەکەمدا؛ تاریکی خۆش خۆش دەیجووم. لەوقەبرسانەدا خواوەند فرسەتی لێهێنام،

نیوەم لەتاریکیدا بوو، نیوەکەی تری لەشم لەڕووناکیدا! وەکو هەموو شەووڕۆژەکانی تر لەبازنەیەکی تەنگدا سووڕم دەخوارد، بازنەیەکی هێمایی یاخود خەیاڵی شێوە! سەیری هەمووئەوشتانەم دەکرد کە هەمیشە دیبووم.. سەیرم لێدەهات کە دەمبینی شتەکان وەکو خۆیانن! خۆم بەهەرشتێک یان بە هەرکەسێک هەڵسەنگاند، باوەڕم نەدەهات، چونکە دێـوەکان دەیانویست دەست بۆ سروشتم بەرن! وایان دەزانی بەدابەشبوویی دووچاری زیللەت بووم! چونکە لە خەونەکەمدا دەرو دراوسێکانم لێبوبوو بە دێو! هەموو دەورووبەرم سەیرو شێواو دەبینی! منداڵم دەبینی لە میزەڵان دەچوو!زۆر سووک بە هەوادا هەڵدەچوو؛ لەپڕ دەتەقی! کە دەتەقییەوە، دەبوو بە هەزاران پارچەوە! دەبوو بە هەزار منداڵ، منداڵەکان دەهاتن بۆ لام! سەیری منیان دەکرد؛ سەرسووڕماو تەماشای پەیکەری لەتبووی لەشی منیان دەکرد! توومەس مرۆڤی لەت بوویان لە خەونیشدا نەبینیبوو! هاوڕێکانیشم هەمان شێوە! ئەوانیش لە خەونمدا دەبوون بە کەر، بە مانگا، بە بەراز، بە حوشتر! سەرمان لە یەکتری دەسووڕما! ئەوان بەمن پێدەکەنیین؛ دەیانووت: هەتییو تۆ

تێکچویت و دابەش بوویت، خۆت نابینیت؟ دەیانوویست فێرم بکەن هەڵبکەم و بە دابەشبوویی بژیم.
دەیانگووت: تازە بێدار نابییتەوە.
ئەوان ڕاستیان دەکرد. منیش لە خەونەکەمدا ئێخەی ئومێدم گرتبوو و بەرم نەدەدا! بەو نیوە لەشەوە شەکەت نەدەبووم، هەستم دەکرد لەبازنەیەکی دووپاتدا خوول دەخۆم بەدەوری خۆمدا. ناچاربووم لەهەمان بازنەدا بە دوای نیوەکەی تری لەشی خۆمدابگەڕێم.. تاهەست بە دۆزینەوەی شاڕێگە بکەم.. لەوێدابوو بۆ هەتاهەتایە هەستکردن بەکەمیم لەبارچوو.. یان لەباربرا.. ئەگەرچی من ئافرەت نیم، بەڵام لەوساتەدا کە هەستکردن بەکەمیم خوێنی بەربوو، لەبارم چوو، هەستمکرد دەیان ساڵە، بگرە لەوەتەی هەم دووگیانو سک پڕو سەر پڕو دڵ پڕو لەش پڕبووم بە هەستی کەمی.. خۆمم بەجۆرێکی تر بینی.
بینیم ئاسمان بوو بەدووکەرتەوە، زەمین گرتمی وئاسمان قووتی دام! بەپەلە پروسکێ گیانی خۆمم دەرباز کرد.. دەنا خەریک بوو ئاسمان هەرسم بکات. لەهەمان کاتدا لەئاسمانی بەرینەوە شتێک بەربووەوەو دای بە تەوقی سەرمداو خپیکردم!
کاتێک کەبێداربوومەوە، چیم بینی؟ خوای گەورە ئەوە چییە؟ لەوانەیە هەرگیزباوەڕنەکەی.. بەڵام ئەوەی من دیم کەس نەیبینێت! ئەوەی ڕاستی بێت هێلکەیەک بوو کەدای بەسەرمداو خپیکردم..
لەناوهێلکەکەدا، سێ دانە مەخلووقی عەنتیکەو جوانم بینی:( یەکەمیان جاڵـجاڵـۆکەیەکی سپی. دووەم حاجی لەقلەقێک. سێیەمیان؛ بەڵێ سێیەم، مـرۆڤێکی پیر و جوان، پیرە مێردێکی پیـرۆز بوو! مـرۆڤێکی سەرتاپاسپی، ڕیش سپی تابەری پێی! فانۆسێکی ڕۆشنی لەدەست بوو! دووچاوی گەشی منداڵانە! قامەتی وردیلەو هەرهێـندەی منداڵێکی تازەپێگرتووبوو! دەمناسی.. چونکە بەمنداڵی دیبووم! ئەو پیر شالیار=خدری زیندە بوو!

دووجار خۆمم لەهۆشخۆبرد، بەڵام ئەو بێداری کردمەوە.. دەترسام، بەرگەی ئەوڕاستییەم نەدەگرت..بەڵام ئەو لەکەین وبەینی هەستونەستم تێدەگەیی، زۆرچاک دەیناسیم! دەتوانم بڵێم لە منداڵیمەوە دەیناسیم.
سێیەم لەهەردوکیان سەیر تر بوو لە ڕەفتاروو سەکەنات و حەرەکاتیا! سۆزی هەبوو بۆ منی لەت بوو.
ئەوکاتە ڕۆژ خەریک بووهەڵدەهات. یەکەم شەو بوو لەژیانمدا لەو قەبرسانەدا هەست بە بوونی ڕۆژ بکەم، هەندێک جار وەها ڕێدەکەوێت کە مـرۆڤێک بەبی ئەوەی بەخۆی بزانێت، ساڵانێکی درێژ لەتاریکیدا دەژی! یان ژیان لە نووستندا بەسەر دەبات.. چونکە هەندێکجار تاریکی لەیادی دەچێت ئەو بەجێبهێڵێت.. جاری واهەیە تاریکی دەست بەسەر مـرۆڤدا دەگرێت. نەک هەرلە خەونەکاندا؛ بەڵکوو لە ڕاستەقینەشدا، هەن تاریکی دەستیان بەسەردا دەگرێت! هەن خاوەنی چاون، کەچی نابینن!
ئەو پیرە کە ئاشنایەکی دێرینی خەونەکانم بوو؛ ترسەکانی ڕەواندمەوە. بەڵام جاڵجاڵۆکەو لەقلەقم پێشتر نەبینیبوو! پیرهێمنیی پەرواند بەزەڕڕاتی بوونمدا.. دڵم پڕبوو لە ئومێد..گیانم سەرشارلەجوانی، بیرەکانم پڕبوون لەزکری حەق..هەستم بەکەرامەتی بوون وبوونەوەر دەکرد،هەستم دەکرد لەوە بەدواوە دەتوانم لەخۆم بڕوانم.. بیر لە ڕاستی بکەمەوە..گوێ بۆخۆم ڕادێرم.. چونکە خۆنەویست من بوومە قوتابیی ئەو کەرامەتە.. کە ئەو جارە بۆ دووەمجارو دواهەمین جارلە ژیانمدا، توانیم ئەو بەچاوانی ڕاستی بینییم..
بێداری کردمەوە، سێجارلەسەریەک، خۆی نیشاندام و بەتولەڕێگەیەکی زۆر جواندا بەرەو پردێکی تەمیین ڕۆیشت.. ڕۆیشت وسەرتاپای بوونی منی هەڵگێڕایەوە.. لەو ساڵەوە، لەوڕۆژەوە، خوازیاری ئەوەم تەنها یەکجاری دی بەدیداری پیـرۆزی شاد ببمەوە.. ئاخۆ ئەوڕۆژەکەی بێت؟

بەڵام لەوکاتەوە، سەری پەیوەندیی گیانیمان گەرمەو بەتەنگ هەستوونەستی یەکترییەوە دێین، چونکە ئەولە خەوا؛ دێتە دیدەنیم، هاوڕێیەکی گیانیمەو لەمێژە دەیناسم.. ئەو منی دوچاری گیروگاز کردووە، زۆرم لێدەکات باسی بکەم! باسی هەیبەتی بونوو کەرامەت و کردەوەکانی!

باسی گەشتەکانی.. باسی ڕزگاربوونم؛ لە دابەش بوونم بە دووکەرتەوە! چونکە ئەو دەربەستی بوونی گیانیی منە. ئەو گیانەی کە نەبینراو لە نێوان لەشی دوولەتمدا ئازادانە دەژی و خۆشم نایبینم. چونکە گیان هەستێکی پەتییە. چونکە کاتێک کە مرۆڤ دەستبەسەر دەژی، گیانی ئازاد دەبێت.. هەستێکی هەمیشەیی بژێوو ناشایەنی کەرت بوون و دابەش بوون لە ئازادییەکی موتڵەقدا دەژی. ئەو من لە مەملەکەتی هەستکردن بەکەمیدا دەبینێت! باسی سەیرو سەیرترم بۆ دەگێڕێتەوە کە پێویست دەکات تۆش بیزانیت. بۆیە دەبێت ببووریت لەوەی کەمن هەندێک جار باسی خۆمی چیرۆکخوان دەکەم لەوڵاتی هەستکردن بەکەمیدا! چونکە چیرۆکەکانی من وەهان، هەمووشتەکان لەپەیوەندییەکی دانەبڕاودان. دەزانم تۆ هەست بەکەمی ناکەیت، بەڵام دڵنیام لەوەی کە لەژیانتا چیرۆکی وەهات نەبیستووە. چونکە بەیاریدەی ئەو دابەشبوونی ئەندامی و ئەو پێکهاتە هەستییەوە، توانیم دەسەڵاتی گیانیم پتەو ڕابگرم، توانیم جەوهەری خۆم لە ڕاستییەکی دێرین و داهاتووشدا ببینم، توانییم ببینم. توانیم سنووری ڕاستییەکان کە ژەنگیان گرتبوو تێکشکێنم و دەست بەرم بۆ ڕیشی زەمەن لە هەمیشەییدا. چونکە لەوێدا شتەکان دەربەستی کات نیین. ئەو پیرە پیرۆزە باسی ئـێوەشی بۆمن کردووە.. بەتەموو گەرداوو زەلکاوی خەونەکانمدا گەڕاندومی، بەشاباڵی فەنتازی بەهەمووئاسمانەکانی ناودەرونمدا فڕاندوومی؛ وەک باڵندە، وەک لەقلەقی پیرۆزو ڕەشپۆش. بۆیە دەوێرم بڵێم کە من لە گەشتی فڕیندا بە هەمیشەییدا؛ یەک بەیەکی پێـغەمـبەرەکانم دیوە و ئایینەکانیـیانم خوێندۆتەوە.. ئەوان لەدەرونی منداڵەکانماندا نووستون.. خواوەند لە نیگای ئەواندا دەبینم. لەکاتی ماندوبوونو هەراسانیدا من تەنها پەناگەم تەماشای نیگای ئەوانە.. چونکە خواوەند هەرچەندە گەورەو بەشکۆ بێت.. لە تەماشای منداڵدا جێگەی دەبێتەوە. بۆیە من مـرۆڤێکم نوێژەکانم درێژخایەنن..نوێژەکانی من تەماشان، تەماشای ساویلکەیی منداڵ، هەستی منداڵ، ئاسوودەیی منداڵ. دڵنیایی منداڵ. خۆشەویستی ولێبووڕنی منداڵ. چونکە منداڵ خاوەنی جۆرێکە لە لێبووردن کە خواکان لێوەی فێر دەبن.

پیر لەخەونمدا هەوڵی دەدا فێری بێدار بوونەوەم بکات، چونکە من گەرچی دابەش بووبووم بۆ دوو بەش، کۆسپەکانم لە دابەشبوون گەورەتر بوون، چونکە دەمویست یەک بگرمەوە، یان بێدار ببمەوە. بۆیە هەرچییەک دەڵێم، مشتێکن لە ئەژماردی خەونەکانم، نەک تەنها خەونەکانی خۆم، بەڵکوو خەونەکانی پیر شالیاریش، خەونەکانی منداڵەکانم، دراوسێکانم، هاوسەرو هاوڕێکانم. تەنانەت من لە خەونمدا فێری بینینی خەونەکانی گوولەکان وپەلەوەران و مێش ومەگەزیش بووم. من خەونەکانی خواکانیشم بینییوە. چونکە خواکان و بتەکانیش خەون دەبینن. وەک من و تۆی بەڕێز. جا باوەڕ نەکەی کە من بێدارم ، ئەگەریش لەدەمم دەرچوو، مانای وایە چیرۆکخوانێکی بێ ئەزموونم. چونکە ئەم کتێبە خەونامەکانی منە، لەو کاتەدا کەکات وەستا، کە من لەخەونمدا بووم بە دوو کەرتەوە.

لێرەوە ڕۆدەچمە دەقی چیرۆکەکەمەوە.. چونکە من نیازمەندم چیرۆکێکی تایبەتیتان بۆ بگێڕمەوە، چیرۆکێک کە لەمنداڵدانی هەستیاریمدا هەرڕۆژەو جۆرێک خۆی دەڕێسێت. چیرۆکی داستانەکانی ئاوارەیی.

ڕستنێک ئەگەربێت و دەری نەبرم، دوچاری پەشیمانی دەبم و هاوڕێیەکی دێرینەش لەدەست دەدەم.

هاوڕێیەک کە نمونەی دەگمەنە.. مـرۆڤ تەنها لەو دۆخەدا ماناکانی ژیانی لەلا پوچەڵ دەبێتەوە کە هاوڕێیەکی گیانی لەدەست دەدات. بیرت نەچـێت باسی ئەوکاتە دەکەم کە هێلکەکە دای بەسەرمدا.. هەڵبەتە لە خەونمدا! بۆیە بەپێویستی دەزانم ئاگاداربیت لەوەی کە ئەم داستانە چیرۆکە یا ڕۆمانە، یاخود ئەم کتێـبە موڵکی من نییە.. بەڵکو هی کابرایەکی بێناونیشانی پیرە کە ساڵانێکی درێژە خۆی لەهەست ونەستم هەڵدەقورتێنێ و بە درێژایی وپانتایی خەونەکامدا دێتو دەچێت و تکام لێدەکات باسی بکەم.

واتە هەمان هاوڕێی گیانیم.. من بابایەکی چلو چوار ساڵم.. تەندروستیم هێندە لەبار نییە بۆ بیرکردنەوەو خۆهەڵقورتاندن لە شەڕو خێر.. بەڵام لەپێناوی ئەو پیرەدا لە پەیامەکانی خۆم بووردووم.. هیوادارم بزانیت کە من تەنها مـرۆڤێکم کامەرانیم لەسەرنینۆکی پەنجەی منداڵێک جێگەی دەبێتەوە.. زۆرزان نیم، بەڵام هەستێکی سەیر شک دەبەم کاتێک کە شتێکی جوان بەرچاوم دەکەوێت.. کاتێک کە جوانییەک دەبینم، واهەست دەکەم هەرچی جوانیی جیـهان هەیە هی منە. کاتێک کە دومـرۆڤ لە دۆخی ڕامووسانوو دڵداریدا پێکەوە دەبینم، هەست دەکەم لەبەر خاتری من پێکەوەن.. هەست دەکەم دڵم بەجوانی دەسووتێت.. بەدرێژایی تەمەنم ئارەزوویەکی سەیر هاوژینمە، کاتێ کە سەیری مـرۆڤ دەکەم سەرمدەسوڕمێت..

وەهاسەرم دەسوڕمێت کە بەزەییم بەخۆمدادێتەوە.. نازانم بۆ؟ دەشێت لەبەر ئەوە بێت کە ژیانی ئاوارەیی دابەشی کردووم؛ یان لەبەر ئەوە بێت کە لە جیهانی خەونەکاندا دەژیم وڕاستییەکان ناچێژم! بەڵام لێتی ناشارمەوە؛ کە ژیان زۆر دڵگیرو جوان وخۆشە؛ گەرچی من تامیم نەکردووە. لەبەر ئەوەی دێـوپەرستەکان هەرگیز مۆڵەتیان نەداوم مـرۆڤێکی وەکووخۆم بکەم بە هاوڕێ! هەرگیز خۆمم تەندروست نەبینیوە، بەلام لەخۆم تەندروستتریش ناناسم! چونکە من لەپشویەکی کورتدام، لەهەژدیهاکان هەڵاتووم، دەمەوێ چیرۆکی تابـلۆکانی ژیان بۆ دێـوەکان بگێرمەوە، دەمەوێت دڵێک بۆدێـوەکان دروست بکەم تا دێـوپەرست ومنداڵان هەستی پێبکەن. چونکە دەزانم ژیان بۆهیچ مەخلوقێک ناچێتەسەر بەبێدڵ،

دڵ بەهەشتی کردەوەکانمانە. پێم ناخۆشە هەندێک ساردوسڕ دێنودەچن ودڵیان نییە! ڕووپۆشی بەرازیان کردۆتە سەرو کلکی بەراز ئاسایان ڕادەوەشێنن وسەگپەرستیش دەکەن. دێـو پەرستی دەکەن! دێـوەکان خوایان نییە، ڕابەری ئەوان ئەهریمەنی شەڕە وبەس.

کەچی کاتێک خۆم بەراورد دەکەم بەدەوروبەر، هەست بە جیاوازییەکی زۆر دەکەم.. جیاوازییەکی ئەوتۆ کە نقورچ لەهەستیاریم دەگرێت.. لەگەڵ ئەوەشدا کە دڵنیام هەزارەهای وەکومن هەن..کەچی هێشتا کەسم نەبینیوە لە من تێبگات.. یان لە دیدەگای باوەڕەوە وەک من تەماشا بکاو ببینێت و هەست بکات!

بۆیە چاوەڕوانیم سستە لە حاڵیبونت.. جا ئەگەر دەتەوێت لەمن حاڵی بیت، خواوەندو ئەهریـمەن و ڕەگەزپەرستیو خود پەرستیو گەل پەرستی و ئایین پەرستی بخەرە لاوە.. ئەگەرنا هەرگیز لەمن حاڵی نابیت! دەبێت نەبیت بە تورک کاتێک کەمن دەخوێنیتەوە! نەبیت بەعارەب، بەعەجەم، بە ئەورووپیو ئەفریقیو ئەمەریکی. دەبێت مـرۆڤێکی ڕەسەن یان دێـوێکی بێدڵ بیت. جا دێـو تێناگات بەهەرحاڵ.. دێـو لنگەوقووچ لەشتەکان تێدەگات.. دێو لە بابەتێک تێناگات گەر بە سوودی خۆی نەبێت.. دێو لە جوانی تێناگات، جا کاتێک دێوێک شتێکی جوان دەکات.. بە دزێوی دەیڕازێنێتەوە.. دێـو، تا شتێکی جوان دەکات، سەد شتی خراپە سەربار دەکات.

مێرولەکان لە خەونەکانی مندا هاوبەشن، ئەوان لە کەسنەزانەوە هاتوون، هاتوون تا هاوبەشی تابلۆکان بن، ئەوان کۆتایی بە ڕێسانی واتاکانی من دەهێنن. بۆیە مێرولەکان لای من پیرۆزن، چونکە سپیین، لەدەروونی پیرەوە سەریان هەڵداوەو لەگەڵ مندا دەژین لە خەونەکانمدا. ئەوان یاوەرو هاوباوەڕی منن. مێرولەکان فەرموویان: ئێمەین نهێنییەکان لە گەردوون دا درک دەکەین. نیهنیی بوون لە ئێمەدا پەنهانە گەر دەبینیت. خێر جوانە، ڕەوشت بەرزی حورمەتی بوونە. بەزەیی نیوەی پاداشتی ژیانی دواییني مـرۆڤە.. مـرۆڤ بوونەوەرێکی پیـرۆزە. بۆیە تابلۆکانی ئەم کتێبە هێمان. ئێمە چیرۆکەکانی پیر وەها دەهۆنیینەوە.

## تابلۆی درەختی زەمان

غەیبناسەکان، ڕاهیبەکان، پێـغەمـبەرەکان، کۆی ئەوانەی سەرقاڵی ئایینن (تیۆلۆژەکان)؛ ئاگاداری نهێنییەکی گەلێ پەنهانن..نهێنییەکی مەزن، کە بەدرێژایی مێژو ئایینزاکانی ڕۆژهەڵاتوو ڕۆژئاوایان عەوداڵی گەڕانوو پشکنین کردووە . نهێنیی درەختی زەمان. بەڵێ درەختی زەمان!

نهێنییەکی ئەوتۆ کەنەک تەنها نهێنگران، بەڵکو هەزاران ڕۆشنبیروساحیرو دێـوو خواوەنداناس وهونەرمەندانیشی ناچاری خوردبوونەوەو گەڕانی بێپشووکردووە.. منیش یەکێکم لەوانە، بەڵام کەمێک جیاواز، چونکە من شتێک دەربارەی ئەو درەختە دەزانم کە ئەوان بە دوایدا وێڵن. چونکە ئەو پیرە ژیرە کاری ڕاز بێت زۆر نهێنیی خۆی لەلام درکاندووە( هەڵبەتە لە خەونەکانمدا!)

ئەوان دەزانن کە لەمسەرزەمینەدا،درەختێکی گەلێک مەزن و پیـرۆز بوونی هەیە.. درەختێکی مەزن کە لق و پۆپی لەکاکێشاندا دەشنێتەوەو ڕەگیشی لەسەر زەمینە.. ئەوان بەگشتی بەدوای ئەو درەختە پیـرۆزەدا دەگەڕێن!

لەسەر ئەوە بە جۆرەها بیروورِاوبۆچوونی تایبەتەوە جیـهان دەپشکنن. چونکە زانستە ئایینییەکان دەفەرموون؛ گوایە لە جێگەیەکدا لەمسەرزەمینە، درەختی ناوبراو پایەدارەو نهێنییەکانی کۆی مـرۆڤایەتیی تیادا حەشارە. ئەودرەختە ناوی درەختی زەمانە! بەخەملاندنی ئایینزانەکان، قەشەو ڕاهیب ودێـو پەرستەکان؛ وای دەخەمڵێنن کە گوایا ئەودرەختە وەک تەلیسم لەدڵ ودەروون و بیری مـرۆڤێکدا پەنهانە! وەک دەڵێن مێژوی هێـندەی مێژووی مـرۆڤ دێرینە وسەرهەڵدانی دەگەڕێتەوە بۆ سەرهەڵدانی یەکەمین مـرۆڤ، واتە حەزرەتی ئادەم کە باوکی هەموومانە بە واتای ئایینەکان! ئەم درەختە لەسەرەتای ژیانەوە ڕەگی داکوتاوە وژیانی وەکو مـرۆڤ پایەدارە ودەژی! نهێنییەکانی ژیانی مـرۆڤایەتیی تیادا پەنهانە.. وەچە بە وەچەیش وەکومـرۆڤ لەژیاندا دەگەڕێت و بوونی هەمیشە پایەدارە. وەک فەرمووم: وەکو مـرۆڤ.

ئەودرەختە کەس نازانێت چییەو چۆنە! بەڵام بەپێی زانستی من.. درەختێکە گیانی خوای تیایە، واتە گیانی ڕووەک وگیاندارو جانەوەرو مـرۆڤ. گیانی ژیانی غەیب. لەودرەختەدا گیانەکان ئازادن.. دێن ودەچن، دەژین. هەمووشتێک دەبیستن.. هەمووشتێک دەبینن و نهێنییەکانی زانستی ژیانی تیادا پەنهانە. درەختێکی بژێوە، وەک دەڵێن، ژیان لەوێدا تۆمارە.. چاوگی بەهرەیە.. گیانی هونەرە.. کە هێشتا دێـوپەرستەکان بۆی دەگەڕێن. نازانن کە دێو توانای بینینی گیانی پیرۆزی نی‌یە. جێگەی داخە کە هەن لەناوماندا بوون بە دێـو، هەن هێشتا مـرۆڤن، کەسانێکیش هەن کە دێـو دەپەرستن. لە باسی درەختی زەماندا، باسی پیـرشالیارو مـرۆڤێکی بێـوڵات وحاجی لەقلەق وجاڵـجاڵـۆکەتان بۆدەکەم! کەگشتیان لەمـرۆڤێکدان، مـرۆڤێکی بێناو بێـوڵات بێـئالا.. کە لە قوتبی سەرودا زیندانە.. ئەو مـرۆڤێکی مەزنە.. درەختێکی مەزنە، سەری لەئاسمان و پێی لە زەمیینە.

وەک دەڵێن ئەمدرەختە بەویستی خواوەند ئاهورامازدای یەکتاو هەمیشەیی ڕسکاوە.. ئاهورامازدا لەشێوەی جاڵـجاڵـۆکەیەکی مەزندا ڕەگووڕیشەی درەختی زەمانی لەسەر سەری مـرۆڤێک چنیوە.. چنینێکی ئەوتۆ کارامە کە هیچ زاناو بلیمەتێک نەتوانێت پەی بە هۆکاری ڕستنی بەرێت.. ئاهوڕامازدا دەتوانێت ببێت بە پیر شالیار، بە لەقلەق، بە جاڵجالۆکەی مەزن وسپی.. درەختی زەمان پێکهاتێکی سیحرینی هەیە. بۆیە تیۆلۆژەکان بەدوایدا وێڵن.

بەلاتەوە سەیر نەبێت کە من ئەوم دیوە، کەمن دەیناسم ونانو پیازیشم لەگەڵدا خواردووە. چونکە پیرشالیار تێی گەیاندم، فێری کردم کە من دەتوانم هەموو شتەکان ببینم، چونکە من مرۆڤێکی لەڕادەبەدەر مەتیینم؛ چونکە بەرگەی ژانی دوورەوڵاتی و بێکەسی و تەنهایی و بەرگەی شەڕی دێوەکانم گرتووە. بۆیە دەوێرم بڵێم: من درەختی زەمانم دیوە، دەیناسم، دەیبیینم. من باسی ئەوتان بۆ دەکەم. ئەو کە وەک من خاوەنی جاڵجاڵۆکەیەکی مەزنی تیشکیینە، کە خاوەنی لەقلەقێکی پیرۆزی ڕەشپۆشە! لەمن دەچێت!؟ لەمن دەچێت؟ بەڵێ بەڵام من دابەش بووم بۆ سێ بەش، ئەو خۆی لەخۆیدا سیانە!

ئەو جاڵـجاڵـۆکە مەزنە پیـرۆزە بوونەوەری بەجۆرێکی تایبەت ڕستووە،کەڕەگوڕیشەی بوونوژیانی لەدەروون وهزری مـرۆڤێکی خۆبینداچنیوە! مـرۆڤێکی تایبەت و سەیر کە لێرەدا من نیازمەندم سەربووردی ژیانی ئەوتان بە تێروتەسەلی بۆ بگێڕمەوە! بەڵام بەرلەوەی بێمە سەرباسی ئەومـرۆڤە، بەپێویستی دەزانم باسی درەختی زەمانتان بۆبگێڕمەوە..چونکە وەک من بزانم درەختی زەمان لەودا دواتەنافی چنراوە! درەختی زەمان لەسەرسەری ئەوڕواوە! تەنها ئەوهەڵگری تەنافە نادیارە ئەستوورەکانی جاڵـجاڵـۆکەی مەزنە (واتە کردگاری هەمیشە پیـرۆزو داهێنەری خێر)

هیوادارم بەهەڵەدا نەچیت، چونکە جاڵـجاڵـۆکەی سپیی پیـرۆز بوونەوەری لەسەرتەپڵی سەری ئەو، واتە وەچەی حەزرەتی ئادەم-و نـوح ڕاگرتووە! بۆیە پێویستە بزانیت کە بوونەوەر بەیاریدەی جاڵـجاڵـۆکە لەسەرسەری مـرۆڤێکی خێرمەند چنراوە.. ئەو لێپرسراوی ئەم بوونەیەو ئاهورامازدا بۆمەبەستی خۆی ئەوکارەی بۆ ئەو بەڕەوا دیوە! چونکە ئاهورامازدا دانی بە مـرۆڤدا ناوە. ڕزگاری ونیرڤانا گەیشتنە بە کەرامەتی  هەستکردن بە بوونەوەر(ئاهوڕامازدا= جاڵـجاڵـۆکەی سپیی پیـرۆز) .

وەک فەرمووم درەختی زەمان درەختێکی هاکەزایی نییە.. بەڵکو درەختێکە مەزن ، هێـندەی مـرۆڤێکی خـوودبیـن مەزنەو خاوەن ڕووبەروباڵایە! جامن نازانم بەپێوەری جەنابتان مـرۆڤ چەندە بەرفراوان وبەرینە! بەڵام درەختی ناوبراو شاڕەگی لەسەرزەمینەو لقوپۆپی لەکاکێشاندا دەشنێتەوە. ڕەنگی سپییە سپی هەروەکو ڕەنگی گیان! هەروەکو ڕوناکی، وەکو ڕووناکیی گیانی ئاهورامازدای پیـرۆز.. بێگومان جوانە وەک کەرامەت، وەکونازی مندالْ وفریشـتە، جوانە هێـندەی جوانی هەمووئاسمان و ئەستێرەکان.. هێـندەی تیشکی ڕووناکی.. بەڵام جوانیو شکۆی تەلیسماوییەوگەلێک لە مـرۆڤ نابیینن! چونکە گەلی مـرۆڤایەتیش بەرەو دێـوپەرستی پەلەیانەو دوای جەجاڵی هەوەس وخوودپەرستی و ماددە پەرستی کەوتوون و هەوەس هاندەری ژیانیانە.

هەربۆیەشە من ئەرکی گێڕانەوەی ئەم چیرۆکانەم گرتە ئەستۆ، دەبێت بزانیت کە چەندان ساڵە ئەو پیرە خولیای ئەوەیەتی ئەم چیرۆکەتان بۆ بڕێسم. لەڕاستیدا تا ئەم دواییانەش باوەڕم نەدەکرد کە منی دوولەت بتوانم خۆم لەقەرەی ڕستنێکی هێندە سەیر بدەم.. تا باسی درەختێکی گیاندارو دووپێ بکەم. چونکە من لەخەوندا دەژیم، من پەنابەرێکی بێ ماڵ و حاڵم.

درەختێکی بژێوو کۆچەر.. درەختێکی چنراو بەڕێسی جاڵـجاڵـۆکەیەکی مەزن.. بەویستی خواوەند ئاهورامازدا.. درەختێکی نادیار. چونکە ڕاستی لێرەدایە کە درەختی زەمان نادیارە.. خۆئەگەر دیاربوایە ئەوا هیچ پێویستی بەباسکردن وگێڕانەوە نەدەکرد. هەروەها لەمێژیش بوو لەبنەوە هەڵکەندرا بوو، ئاسەواریشی نەدەما.

دەبێت ئەوەیش بزانین کەدرەختی زەمان دەبینرێت، کەسانێکی کەم، پێـغەمـبەرەکان، ئەولیاو ڕاهیبانی پەیڕەوخواز؛ هەروەها مندالانی ساوا وبێزمان.. گیانداران و پەلەوەر دەتوانن شادبن بە بینینی درەختی زەمان. ئەگەر درەختی زەمان نەبووایە، هیچ یەکێک لەپێـغەمـبەرەکان پەیام و سرۆشیان پێنەدەگەیی..

چونکە پێغەمبەرەکان تەنها بەپلەی بینین لەئێمەی گەلی مرۆڤ و ملکەچی دێو جیاوازن.. ئەوان توانیویانە ببینن و ببیستن. توانیویانە لەبەری ئەو درەختە بخۆن و لەوێشدا گیانیان گۆش بکەن. دەبێت وەک مرۆڤ بەئاگا بین لەوەی کەزووربەی پێغەمبەرەکان، تەنانەت گشتیان جگە لە حەزرەتی مەسیح، خاوەن گومان بوون و هەڵەو ناجۆریشیان لێوەشاوەتەوە.. تەنانەت هەندێکیان لەدۆخی بەهرەو ئیلهامیشدا گومڕا بوون. یان بت پەرست وبێ باوەڕ بوون.
ئەودرەختە بەری ئەدەب و زانستە، هەرپەیامێکی ڕاستەقینە و یەزدانیو پیرۆزو لەوێوە نازڵدەبێت بۆ پەیامبەران. ئێستا تاڕادەیەک دڵنیام لەوەی کە پەی بەوە دەبەیت کە درەختی زەمان مرۆڤێکە لە ژیاندا دەژی و زیندانە .. لەوەچەی مرۆڤە ولەسەردەمی یەکەم دروستبوونەوە لەخوێنی مرۆڤدا وەچە بەوەچە ڕێسراوە.. ڕێسانیشی کۆتایی نایەت.. چونکە هەرمرۆیەکی ڕەسەن.. مرۆڤی ڕەسەن نەک ناڕەسەن، لەمسەرزەمینە کۆپییەکی ڕاستەوخۆی یەکەمین مرۆڤە.
بۆیە هەریەکێک لە ئێمە کەخۆی بە مرۆڤ دەزانێت وکۆیلەی دێوەکان نییە، بەشێکە لەوی تر و بونوو ڕەفتارەکانمان بەجۆرێک لەجۆرەکان لە هیی یەکتر دەچێت، هەریەکێک لە ئێمەیش هەموو قۆناغەکانی ژیان دەبڕێت. لەنێوان ئێمەی مرۆڤدا ئەهریمەنو جنۆکەیش هەن کە هەمیشە هەوڵی شکستمان دەدەن.
ئەومرۆڤە خاوەن وڵاتێکی دیاریکراوو ئاڵا و ئایین و زمان نییە.. وەک فەرمووم مرۆڤێکی نەبینراوە.. پاش ئەوەی کەئازاد دەبێت لە زیندانی دێوپەرستان.. بەبێ چپەو بێ یاریدە دەگەڕێت، کاری تەنها پاراستنی پەیامی جوان وقۆستنەوەی بیری جوان و کرداری جوانە.. جوانناسەکان کەبێبەرین لەنەڕێتی لاوازو هەرزەیی، کە بێبەرین لەڕەگەز پەرستی و خودپەرستی وکینە دۆزی، دەتوانن هەست بەبوونی ئەو مرۆڤە بکەن کە جاڵجاڵۆکەی سپیی پیرۆز تەونی خۆی لەسەرسەری ئەو چنیوەو دەچنێت.
جا خۆت بێنە پێش چاو خوانەخواستە دڕکێک یان تاوێرێک لەسەرسەرت بڕوێت! هەڵبەتە کارێکی دژوارو نائاساییە.. بەڵام پاڵەوانی بێ ناو و بێ ناسنامە وبێوڵات و بێ ئاڵا ئەم گەردوونەی لەسەرسەر چنراوەوەو کەسیش نایبینێت، کەسیش هەستی پێناکات.. تەنانەت خودی خۆیشی بێئاگایە لەوڕاستییە.
لەوانەیە بپرسیت چۆن منی چیرۆکخوان توانیومە ئەو ببینم؟ ئەگەر بێتو بە کووچەوکۆڵانەکانی ڕستەکانمدا بکەویتەڕێ.. بێگومان دەتخەمە سەر شارێگەی ئەوو ئەوت پێدەناسێنم، چونکە ئەو پیرەی ساڵانێکی درێژە لەمندا بوونی دەڕێسێت، دوچاری ئەم گێرەیەی کردم.. ئەوکاتە شایەتمان دەهێنیت و تێدەگەیت کە ژیان پڕە لە بابەتی نەبینراو.
چونکە مرۆڤ ڕۆژانە بەلای دەیان بابەتی فیل ئاسادا دەڕوات و مێش میوانی نییە؛ هیچ نابینێت! ئێستا ئاشکرایە کەدرەختی زەمان چنراوەو لەسەر سەری مرۆڤێک وەک تەلیسم دەبینرێت.. بۆیە بە پێویستی دەزانم ئەوتان پێبناسێنم، ئەو کێیە؟ چۆن دەژی؟ کەی لەدایکبووە؟ ناوی چییە؟ بەهرەی چییە؟ چی دەکات و چی کارەیە؟ سەروکاری بەمنەوە چی‌یە!
پاڵەوانی جێباس بێناوە، گەرچی نازناوی نوح- بەسەر ئەودا دەخوێنم، بەڵام زوربەی جارەکان بە بێناو، بێئاڵا ناوی دەبەم ( تا دڵنیاتان بکەم کە من بەزۆر سیفات ئەوم یان ئەو منێکی ڕاستەقینەیە، چونکە منیش بێ وڵات وئاڵاو بێکەسم، منیش لەخەوما دەتوانم ببم بەوو لەوەیش زیاتر. هەروەها منیش هەژدەساڵە زیندانم).. چونکە ئەو زادەی ئاهورامازدایەو موڵکی جیهانە. زیندانەو لە بەستەڵەکەکانی سەرودا دیلە. ساڵانێکە لە وڵاتێکی بەفریندا بەزیندانی دەژی.. وڵاتێک کە مرۆڤەکان و هەرشتێکی ئەووڵاتە سروشتیان بەفر شێوەیە. خەڵکەکەشی سەرگەرمی دێوپەرستی و سەگ و پشیلە و بەراز

پەرستین.. بێگومان مرۆڤی جوانیشیان تیادایە و شازادەی ئەو وڵاتە خەریکی فێرکردنی دێوپەرستەکانە و فێریان دەکات کە باوەڕ بە بوونی فریشتەکان بکەن.

نەرێتی ئەو میللەتە بەفرینە وەهایە کە کەس ئەوی دی نابینێت، کەس لەوی دی ناپرسێت! تاکو تەنها مـرۆڤ وەک دێـویلکەی نەخۆش و زەلیل ولە زوقم دروستکراو، تەمبەڵو بێکار دەژین و کاریان تەنها گومان کردنە لە دەوروبەر، لەخود، لە خواوەند، لەمردن.. میللەتێکن جوانی نابیینن. تەنها بە دوای دزێوییەکانی یەکتریدا دەگەڕێن.

لەو وڵاتەدا زیندانە کە خواوەندی خۆیان هەیەو خەڵکەکەی نایبینن. خواوەندیش بە لەعنەتی کردوون. چونکە جارێکیان ئاسمان شەبەقێکی تێکەوت، درزی برد و بە هەڵە خواوەند کەوتە خوارەوەو لە دورگەی ئۆسگۆڕدا، لەوێ ساڵانێکی زۆرئازاری چەشت.. ساڵانێکی زۆر هاوارونالەی بوو لەتاو ئێشوژانی بەربوونەوەی. ماڵێکتە نەک هیچکەس ئەویان نەبینی، بەڵکو هەر گوێشیان لەناڵەو فیغانی ئەوخواوەندە مەزنە نەبوو، تا بوو بەهەڵم و توانیی بەئاسماندا هەڵگەڕێتەوە، ئەوەش چەند ساڵێکی خایاند. بۆیە ئاسمان گەە شینە، گەە سوور، گەە تەمین، گەە پرتەقاڵی، گەە گەرمە وگەە سارد، تاریک، یاخود ڕۆشن. چونکە خواوەند کاتێکی زۆری بەسەر برد تا مـرۆڤەکان ئەزموون بکات. چونکە خواوەند دەیزانی کە مـرۆڤەکان بەدەستی دێـو داگیرکراون و سروشتیان بایی بووەو نابینن.

جا خوای ئەو گەلە بەفرینە وای بەبیردا هات ئەگەر مـرۆڤەکان زاتی ئەو نەبینن، چی پێویست دەکات ڕزگاریان بکات؟

لە ئەنجامدا خواوەند بڕیاریدا، وەرزەکانیان پڕ بکات لە بەفری سارد، دەروونیان پڕ بکات لەسەهۆڵ. بڕیاریدا کە چاتروایە ئەوگەلە لە یەکتری دابڕێت، بە جۆرێک کە کەس ئازارو دەردی ئەوی دی هەست پێنەکات، لەوەیش زیاتر فەرزیکرد کە دەبێت هەرکەسەو لە ماڵی خۆیدا ببێتە نۆکەری سەگێک، پشیلەیەک، یان بەرازێک، یاخود سەگێک بپەرستێت! هەروەها نەتوانن جوانی ڕاستەوخۆ ببینن. خواوەند ئەوانی وەها سزا دا کە لەیەکتری بترسن، دەروونی پڕکردن لەدێو، دێوی چەندیین سەر! بڕیاریدا: ئەوەی نارەزاییش نیشانبدات، بە ترسنۆک ونەخۆش سەیربکرێت، تەنهایی بەشی بێت، شێتی میوانی بێت. بڕیاری دا ئەوان زۆرخۆرو تەمبەڵ و درۆزن واز لێبهێنێت تا سەردەمێک.. تا بترسن، لەخۆیان ولەبێگانەیش. بۆیە نەخۆشیی ترسی دووچاری ئەو گەلە کرد. ترس لەهەر شتێک، بە تایبەتی لە بێگانە! خواوەندی ئەوگەلە ناوی( ئۆدین ) بوو. بڕیاریدا ژیانیـیان پڕبکات لە بووختان و دژێتی و تەمبەڵی وزۆرخۆری، هەیانبێت وژەمەخۆراک لەگەڵ دێـوەکاندا بخۆن. بڕیاریدا، ئەوان گلەیی نەکەن لەبەشی دێـو، دەنا ژیانیـیان پڕ دەکات لەشەڕ!

بۆیە پاڵەوانی بێناو لەوێ دەژی، کەوتە بەر هەڵمەتی دێـوە بێدڵ و ساردەکان! لەڕاستیدا لەو وڵاتەدا دوچاری ئەو چارەنووسە بوو، چونکە بەر لەوە ئەو دەبینرا وهەرکەسێک دەیتوانی ئەو ببـینێت.. تەنها درەختی زەمان نادیارو تەلیسم بوو لە بوونی ئەودا.. بەڵام لەوکاتەوەی چارەنوس ئەوی توڕدایە ئەو وڵاتەوە، دووچاری دەردی نابینی هات.. چونکە گەلی بەفرین بێگانە نابینن.. ئەو نابینن..

بێگانە لای ئەوان بوویەکی تەلیسماوی و غەیبییە! جندۆکە یا خێوێکی شەڕخوازە.. خۆئەگەربێت و بێگانە فریشـتەیش بێت ئەوا عوزری لەقەباحەتی بەدتر، سەدهێـندەیتر دوچاری خۆترساندن دەبن تا وا لەو فریشـتە داماوە دەکەن خۆی بێلەزەتو دزێوو نا لەبار ببـینێت. بۆیە ڕێی تێدەچێت لەم ژینگە تەنگەبەرەی ژیاندا مرۆیەک هەبێت نەبینراو، بێناوو بێـوڵات، بێهاوڕێ، بێ ئایین.. کە من بە نـوح ناوی دەخەملێنم.

گەرچی ئەو حەزرەتێکی پیـرۆزەو درەختی زەمانی لەسەر سەرە.. بەڵام بێناوو بێ ئاڵاو بێکەسە. چونکە بستێ خاک شک نابات تا بیکات بە نیشتیمانی خۆی. وەک من. بەڵێ وەک من.

لەوانەیە بپرسیت بۆچی چووە ئەو وڵاتە؟

لەبەر ئەوەی ماندوو بوولەشەڕی لەمێژینە لەگەڵ هەژدیهاکاندا، ئەو هەژدیهایانەی کە وڵاتی ئەویان داگیر کردبوو.. شەڕخوازانە دایان بەسەر وڵاتەکەیداو داگیریانکرد، ئەویش مـرۆڤیکە تەنها عەودالّی هارمۆنییەو سەری پەیوەندیی لەگەڵ شەڕدا نییە.. بگرە هیچ باوەڕی بەشەڕ نییە، لەهەر مەملەکەتێک شەڕنازڵ بێت ودێـوەکان زۆربن، ئەو بەجێی دەهێڵێت.. پاشان لەخەونیدا بیستبووی کە یەکێک لەخواکـان لەئاستێکی نزمەوە بەر لەچەند سەدەیەک کەوتبووە دورگەی ئۆسگۆردەوە، لای وابوو دەتوانێت نزاکانی، غەمەکانی، گلەییەکانی لەوێوە حەواڵەی ئاسمانەکان بکات. وای زانی دەتوانێت خواوەندی دێـوەکان فێری زانستی ئەو بینین بکات!

دوای ئەوەی کە گەیشتە ئەو وڵاتە بەفرینە، ڕاستەوخۆو بەبێ لێپرسیینەوە ڕاپێچیانکرد بۆ هەمان دورگەی ئۆسگۆرد.. هەرلەوێش بووبەناسیاوی خواوەندی دێرینی گەلی بەفر.. ئەو جوانناس و حەقناس و ڕێناس بوو کاتێک گەیشتە وڵاتی بەفر.. بەر لەوەی دەمبکاتەوەو باسی خۆی و ناسنامەو زمان و ڕەسەنایەتی و ئایین و پیشەی خۆی بکات.. گرتیان و لە قەڵای گومان و بەفریندا چاوو دەست وپێیان توند بەست، پێیان ووت: تۆ بۆت نییە هیچ بە ئێمە بڵێیت، ئێمە ڕابردووی تۆ دەزانین.. بۆت نییە هیچ فێری ئێمە بکەیت، چونکە تۆ لەئێمە نییت.. بۆت نییە هیچ لە ئێمەوە فێربیت، چونکە بێـوڵات مافی فێربوونی نییە، بۆت نییە بڵێیت: نەء. چونکە مـرۆڤ ملکەچی بەڵێ یە ولێرە دێـوی( بەڵێ) فەرمانبەرە.

ڕاستەوخۆش دوای ئەم وانە گرنگە کلاسیکییە ئەویان کرد بە پاسەوان.. پاسەوانی خوودی خۆی.. چوار دیواری بەرزی بەفرین و لووسیان لەدەوری هەڵچنی.. پاشان بەویان ووت: لێرەدا ئازادیت.. بژی، بخۆ، بنوو، بەڵام دەست بۆ ئەو دیوارە لووس و ئەستورانە نەبەیت.. هەوڵی هەڵاتن نەدەیت، چونکە بۆ هەرجێگەیەک بچیت لەم چواردیوارە ئەستورە بەفرینییە بەولاوەماڵێکی دیکەت نییەو نابێت.. ماڵی مـرۆڤی ڕاکردو لە عێلوهۆزی خۆی؛ چاتر نییە لەمەی تۆ دەستت کەوتووە. چونکە ئێمە باوەڕمان بە مرۆڤی هەڵاتوو لە چارەنووسی خۆی نییە. چونکە ئێمە باوەڕمان بە بێگانە نییە و دیواری گومانی لە دەور هەڵدەچنین.

گوێرادێرە مـرۆڤ، باباسی ئەم پاڵەوانە مەزنە بێناوەت بۆ بکەم.. چونکە پاڵەوانی بێناو، پەنابەرە لە وڵاتی بەفرین..هەژدە ساڵی ڕەبەقە لەناو شورایەکی بەفریندا هەڵدەلەزێت و وەکو دەروێش زکر دەکات..هەوڵی دەرباز بوون دەدات.

بەڵام کەس نایبیستێ، کەس نایبینێت، کەس. جارناجار لەسیلەی ڕەحمەوە، بە بەزەییەکی کەمتر لەوەی کە دەدرێت بە قالۆنچەیەک، دکتۆرێکی وڕووکاس، لاڵ وکەڕ دێت و نەبزی دەگرێت..هەرجارەو نیشانەیەکی نەخۆشیی سەیری پێدەڵێن.. پاڵەوانی بێناو لەم ساڵانەی دواییدا دووچاری گرفتێکی تایبەت بوو..گرفتێکی سەیر کە نەک دکتۆری ڕووسو ئەڵمان و هۆڵاندو ئەمریکاو خوودی وڵاتی بەفر.. بەڵکو دکتۆرەکانی مەلەکوتیش نازانن بێناو دووچاری چی دەردێک هاتوووە.. دەردێکی کاریگەرو بێ شفا کە دەرمانی نییە.. ئەو قەلەندەرە هەش بەسەرە بێـوڵاتە تووشی نەخۆشیی خـوود بیـنی بوو.. تووشی خوودبینیی خەون بینی! لەخەونەکانی خۆیدا دەژی. جگە لە خەون ژیانێکی تری نی‌یە! بۆیە دەشێت من ئەو بم. دەشێت نەوێرم بڵێم من ئەوم! بەڵام خۆت دەتوانیت سەرپشک بیت. چونکە من لە ژیانی هەندەراندا مافی مرۆڤیم

لێزەوت کراوە! کەس باوەڕ بەوە ناکات کە من مرۆڤێکی هونەرمەندو نووسەرو شاعیر و جواننامسم. تەنانەت هاوسەرەکەشم.

بەڵێ، ئەنجام تووشی نەخۆشیی (خـود بیـنی) بووم یان بوو.. خۆی چییدی وەکو من و تۆ نابینێت.. بەڵکو خۆی وەک مـرۆڤێکی نادیار دەبینێت کە درەختێک لەسەرسەری ڕواوە.. درەختی زەمان.. وەک دەڵێت جاڵـجاڵـۆکەیەکی مەزن بوونەوەری لەسەرسەری ئەو چنیوە..خواوەند ئاهورامازدا هەیبەتی ئەوی لەسەردەمی ئادەمەوە پاراستووە.. ئەو پاسەوانی خێرەو تا ئەو لە ژیاندا بێت خێر پایەدارە وجوانی ئابڕو مەندەو حەق دەژی.. لای وایە پیرێکی زانا هاودەم و هاوڕێیەتی.. ئەو دەفەرموێت ، گوایە جاڵـجاڵـۆکەیەکی سپیی مەزن وپیـرۆز، لەگەڵ حاجیلەقلەقێکی ڕەشپۆش لەودا دەژین. ئەو پیرە زانایە ناوی – پیر شالیارە کە دەشێت خواوەند بێت، یاخود پێـغەمـبەر ئیلیاس، یاخود خدری زیندەی خۆمان! یاخود ڕاما، ناوال، یان یەهوڤا، یان ساحیر، یان ئۆدین، یان ئولورون، یان بەهائولڵا، یا مەهدی و حەزرەتی مەسیح، هتد.. بۆیە من توانیم ئەو ببینم، چونکە منیش دووچاری هەمان نەخۆشیی خوودبینی هاتووم، منیش بێـوڵات و بێ ئاڵاو بێکەسم. هەروەها پەنابەرم لە وڵاتی بەفر. منیش پیر شالیار دەناسم، لەقلەق و جاڵـجاڵـۆکەی پیـرۆز دەناسم. چونکە ئەمان لە شەوێکدا کاتێک نیوەی بوونم لەدەرەوە بوو، لەئاسمانەوە بەر بوونەوە.. لە ناو هێلکەیەکدا بوون، هێلکەیەک کە وەک فەرمووم؛ دای بە سەرمدا.

ئێستا تا ڕادەیەکی کەم ئاشنا بوویت بە پاڵەوانی بێناو =(حەزرەتی نـوح).. بەڵام هێشتا زۆرمان ماوە تەواو بیناسین چونکە ڕابردووی مـرۆڤ سەنگی مەحەکە بۆ دیاریکردنی داهاتوو.. چونکە هەر مـرۆڤێک خاوەنی ڕابردوویەکە کە بوونی بەژیاندا دادەکوتێت. من وەک پەنابەر بەهرەی ناولێنانم نەبوو، تائەو کاتەی خۆی بەمن ناساند! ئاگادار بە کە داستانی بەسەرهاتەکانی ئەم کتێـبە لەچاوتروکاندنێک، دوان سیاندا چنراوە.

ئەوەی ڕاستی بێت من ناتوانم؛ یان ناوێرم خۆمتان بەمزوانە پێبناسێنم، چونکە هەل ومەرج لەبارنییە بۆ خۆناساندن..بەڵام لاریم لەوە نییەکە بوێرم بڵێم: بەڕاستی پیاو ئەلفوبێی خوودناسین لەوانی ترەوە فێر دەبێت.. بۆیە بوێرانە دەڵێم تا ئەوکاتەی داستانەکانی ئەم پاڵەوانە بێناوەم نەناسی، تائەوکاتەی پیر نەیکردم بەقوتابیی خۆی! ئینجا ئەو، خۆشم نەدەناسی! هەربۆیەشە حەزمکرد گوێ لە نەستی ئەوپیرە بگرم، کە لەخەونەکانمدا ڕێنوومابییم دەکات.. بە جۆرێکی ئەوتۆ کە ئەمساڵانەی دووابییم هەر خەریکی نووستنم، وام لێهاتووە دەتوانم بەپێوە، بەڕێوە، بەدەم نانخواردن و هاژۆشتنەوە خەون ببینم!

تا بتوانم پیر لەخۆم ڕازی بکەم و داستانی ئەوتان بۆ بهۆنمەوە، چونکە من لە ڕاستیدا کارێکی زۆر مەزن و گرنگم لەدەستداوە..چونکە کاری من ئەوە بوو کە نهێیەکانی ئەم پاڵەوانە نەدرکێنم و بوونی نەکەم بە کەرەستەو بنێشتەخۆشەی سەرزاری خەڵکی و خوێنەر.

وەک ڕامگەیاند بێناو دوچاری نەخۆشییەکی تایبەت بوو کە من ناوم لێنا : خـوود بیـنی. خـوود بیـنی دۆخیکە، یاخود ئاستێکە لە زانستی خامۆش، زانستی دەروون، کەمـرۆڤ بەدەگمەن دووچاری دەبێت.. نەخۆشییەکی پیـرۆزەو لەهەمان کاتدا دەگمەنە و زۆرجار دووچاری داهێنەران دەبێت. هەندێک لە دەروونناسەکان بە شێتتیی لاوی و پارانوئید ناوی دەبەن.. بەڵام من خوود بیـنی لەهەر جۆرە نەخۆشییەکی باو جیا دەکەمەوە.. چونکە پێموایە ئەگەر بێتو مـرۆڤ لەژیاندا بەرگەی بێـوڵاتی، بێکەسێتی، بێناسنامەیی بگرێت، هەروەها بەرگەی شەڕو ڕاونان و هەڕەشەو بێکاری و سەرزەنشت و نشووستی بگرێت، عەشق بوونی دانەکرمێنێت ولەهەمان کاتدا بیرەکانی بژێوو لەبارو جوان بن؛ ئەوا کەس، هیچکەس بۆی نییە بە نەخۆش و دەروون شێواو ڕەچاوی بکات. گەر وایە، بادەروون ناسەکان

بابەتێکی وەها گرنگ لەفەنتازیای خۆیان بخوڵقێنن.. خۆ ئەوان لەبەر خاتری نازناوێک سەردەکەن بە کۆشی هەزاران ئەهریـمەن ودێـودا.. سەدان بابەتی نەخۆش دەجوون تەنها لەپێناوی ئەوەدا ببیسترێن.. هەزاران کتێـبی بێناوەڕۆک وهەلوەسەداریان هێناوەتە بازاڕەوە.. لە پای چیدا ؟ خۆشیان نازانن..
بۆیە بەپێویستی دەزانم کەدەربارەی کەسێکی خـوودبیـن بدوێم، تا خوێنەرلە تێگەیشتن مایە پووچ نەبێت.چونکە بەهۆیەوە دەتوانین لەپاڵەوانی بێاوو تەندروستیی دەروونیی تێبگەین.
وەک لەسەرەتادا ئاماژەم کرد خوود بیـنی پرۆسەی کامڵبوونی خوودێکی تایبەتە لەنێو مـرۆڤەکاندا، خوود دەگاتە ئاستێکی ئەوتۆ لە خودناسی، کەتوانای هەرسکردنی ژیان تیایدا دەگاتە ئەوپەڕی.. خوود ئازارو ترسەکانی لغاو دەکات و بوون لە قاڵبێکی تایبەتدا دەبینێت. خوود لەو پلەیەدا ڕاوکەری مەرگەو لەگەڵ مەرگی خۆیدا جووت دەبێت، لغاوی ترسەکانی خۆی دەگرێت ودژیان دەچێتە نەبەرد، مەرگی خۆی دەدات بەزەویداو بەسەریدا زاڵ دەبێت، بە حەق دەگات. بەوەش زانستێکی کپ لە دەروونیدا گۆش دەبێت. بەوەیش کەرامەتێک بۆخۆی تەیار دەکات، کەرامەتێک کە ئازادی بەو دەبەخشێت، ترسی دەشکێت، لغاوی مەرگ دەگرێت وبۆکوێی بووێت ڕاپێچی دەکات.. فێری ناسینی غەیب دەبێت.. بۆیە ژیان بۆ ئەو زیادەیەکە وسوودێکی ئەوتۆی نییە.. لەبەر ئەوە خـوودبیـن توانامەندە بە بەهرەیەکی مەزن..ئەویش بەهرەی تێگەیشتنە لە بەهرەی گیان و ژیان، بۆیە ئەو ژیان بەسوودی باوەڕوکەرامەتی خۆی بەکار دەبات.. ئامانجەکانی گۆش دەبن وکامەرانییەکی تایبەت زامن دەکات.. ئاوێتەی هەستەکانی بوون دەبێت وئاشنای ڕەگەزە باڵاکان دەبێت.. خـوودبیـن توانامەندیی دەگاتە ئەوئاستەی کە لەش وگیانی ووشەکان دەبینێت.. ئەمەیش کارێکی ئاسان نییە بۆمـرۆڤ.. چونکە خوود پێویستی بە ووزەیەکی یەکجار زۆر دەبێت بۆبەڕێوەبردنی کات.. چونکە کات لەوقۆناغەدا دەچێتەوە یەک و لەبیرۆکەی ناوبراودا و خوودپێویستی بە خۆ ئامادە کردنە بۆ جێ بەجێکردنی ئەرکی ویستراو.
هەروەها خوود خۆی لێپرسراو دەبینێت بەرامبەر بەبوون، چونکە ئەو هێندە بەئاگایە لەژیان کە دەزانـێـت ژیان ئامانجە، ئامانجی یەکبوون وئاوێتەبوون بە گیانی بوونەوەر.. بوونەوەرێک کەخاوەنی پەیامە. مـرۆڤ پێویستە لە دەسەڵاتی بوون تێبگات تا بتوانێت بژی و بەرگەی داخوازییەکانی ژیان بگرێت.. چونکە ژیان بێ ماناو بێ لەزەتە ئەگەر مـرۆڤ تێی نەگات.. مـرۆڤ کەخـوودبیـن نەبوو ودێـوپەرست بوو.. ئەوکاتە زۆر بەئاسانی دەبێت بەکۆیلە.. کۆیلەی دێـوی شەرو شەهوەتوو حەزەکان، شەڕی ئەهریـمەنەکان، کۆیلەی دێـوی نەخۆشی و نەزانیو هەربابەتێکی دژ بە ویستی مـرۆڤ.. چونکە ویستی خـوودبیـن مەتین و پۆڵایینە و مـرۆڤ بەهۆیەوە لەخۆبووردووە.. بەڵام ئەم قۆناغە زۆربەدەگمەن مـرۆڤ لەمژینەدا پێی دەگات.. چونکە تەمەن کورتە و زۆرجار ڕێک دەکەوێت کەخود لەنیوەی ڕێگەدا بەمەرگی نەویستراو و ناچاوەڕوان دەگات.. یان دەکەوێتە نێو یاریی شەهوەو مەیلی داگیرکاری و خۆپەرستی و هاوپەیمانی ئەهریمەن.. چونکە کاتێ، تەنها کاتێک مـرۆڤ دەگات بەوئاستەی کەرامەت کە مەرگی خۆی لغاو دەکات ولە کێشمەکێش لەگەڵ مەرگدا براوە لەنەبەرد دەگەڕێتەوە و پشت دەکاتە خوودپەرستی.
ئەم پێناسە لای سامۆراییە پاڵەوانەکان مەفهوومە. لەگەڕانەوەیشدا خوود خوودبیـنە وبەڕێگانی ویژدان و دڵدا دەگەڕێتەوە.. لەگەڕانەوەیدا لە نەبەرد، مـرۆڤێکی تایبەت لەو بەدی دێت، پاڵەوان ڕەفتار، وەک مـرۆڤێکی باڵا، هەستیار، ژیر، کامەران، خوداژێن، پیـرۆز، ئازا، غەیبناس، مـرۆڤێک کە بەبێ یاریدە گیانی بوون دەبینێت ونەبزی ژیان دەگرێت.. بەکاکێشاندا هەڵدەزنێت و ئەستێرەکان دەکاتە ژینگەوماڵ، بۆ ئەوگیانانەی کە لەنەبەردا ڕزگاری کردوون.. بۆئەو مەخلوقاتانەی کە هەستیان پێدەکات.. بۆگیانی ئەو

ووشانەی کە لەزار دێنەدەر! چونکە لای خوودبیین ووشەکان گیانن، خاوەنی لاشەن، ئەو بیچمی ووشەکان دەبینێت. گیان ئازادتر دەبینێت، گیانی خۆی و گیانە نادیارەکان.
خوودبیـن کەسێکە بەیاریدەی چوارچەکی گیانیی مەزن و مەتین لەگەڵ دێـوەکانی شەڕدا دەچێتە نەبەرد، نەبەردی ویژدانی و بێچەک.. ئەوانیش بریتین لە: هەوا، ئاو، ئاگر، خاک..بەیاریدەی ئەم عیملاقە مەزنانە سنوورەکانی ناتوانایی دەبەزێنێت و دەگاتە لووتکەی خوود بیـنی.
جێگەی داخە کە زوربەی زۆری مـرۆڤ ژیانیـیان تەنها لەترسدا دەژێنن.. ترس لەمردن.. هەربۆیەشە لەژیانا کتوومت لە مردوویەک دەچن، چونکە لغاویان لەدەستی مەرگدایە! یان لەدەستی هەوەس و مەیلە ساتییەکانیاندایە.
مەرگێک کە لەدێـوێکی تۆقێنەر دەچێت وەک لە فریشـتەیەکی ڕزگارکەر.. چونکە مەرگ پەیامی نەجاتی پێیە بۆ مـرۆڤ.. کەچی ئەوپەیامی ترس ونەخۆشی وزیللەتی پێیە بۆ دێـوەکان.. بۆیە دێـوەکان لە مەرگ دەترسن، چونکە مەرگ مەحکومیان دەکات بە دووپات بوونەوە لە کفرو شەڕوبوختان ودرۆکانی خۆیاندا، و ئەوەی لەژیاندا کردوویانە بەسەریان دێتەوە.. دڵنیابە دێـو هەمشە لەشەڕی کردەوەکانی خۆیدا دووپات دەبێتەوە.
کاتێک کە پاڵەوانی ئەم چیرۆکەم لە خەونمدا بینی؛ کە هەژدە ساڵ لە نەبەردا بوو دژی دێـوە بێهەستەکان.. کە ئەویان کۆت کردبوو لە چوار دیواری بەفرین و ئەستوردا! سامگرتمی، نەخۆش کەوتم، ترسام.. چونکە تێگەیشتم کە مـرۆڤ بوونەوەرێکی لەڕادەبەدەر سامناکە.. بۆیە کە چاوم بەوکەوت، ڕاستەوخۆ کەوتمە دۆخێکی زۆر تایبەتییەوە، دۆخێکی وەهاکە ناچاری کردم ژیانم لە سەربووردی ئەودا تەیبکەم..هەروەها باسی مەتینیی ئەوتان بۆبکەم.. یان بیم بەو بۆتان! دەزانن بۆ؟ چونکە ئەو پەیامی ئازادی و عیشق و هونەری پێیە. چونکە ئەو گەنجینەی هەر بیرێکی جوانە لە کۆی ئایینەکان. چونکە ئەو ئایینێکی نوێی جیهانییە.
چونکە ئەومـرۆڤە لەناو ئەو چواردیوارە بەفرینەدا توانای هەبوو سەفەر بکات، بفڕێت، ژیان لغاو بکات، پێبگات، پێبکەنێت، کاربکات، باسی ئازادی بکات.
لەناو ئەو دیوارە بەفرینەدا هەمیشە بەهارێکی بۆخۆی دروستکردبوو، دەیتوانی بـبینێت..بوبوو بەدوو کەرتەوە. نیوەی لەشەختەبەندی زیندانێکی سارداو نیوەکەی تری لە قەبرسانێکدا کەوتبوو. کەچی دەیتوانی ببینێت، دەیتوانی لەجوانی بدوێت.
سەرەڕای ئەمانەیش شوێنەوارێکی ئەوتۆ لەمندا بخاتەوە کە هەتاهەتایە لەبیری نەکەم. لەوانەیە بەهەڵەدا نەچم ئەگەر بڵێم ئەو هەمان پیرە کە دێتە خەونم ! یاخوود پیرێکم بۆدەنێرێت وەک یاوەرو مامۆستا! چونکە ئەو توانای جێگۆرکێی هەیە لەدۆخێکەوە بۆ دۆخێکی دیکە.. دەتوانێت ببێت بە هەر بوویەک، بچێت بۆ هەر جێگەو شوێنێک!بژی وبمرێت! وەک من کە لەتاو نەبوونی وڵات، نەبوونی ئاڵاو ئایین، دووچاری داهێنان بووم.. لە مەملەکەتی خۆزگەدا دەژیم.. لەخەونەکانمدا دەبم بە هەزاران خۆزگەو دەسەڵات، دەبم بە خێرێکی موتڵەق و ژیان دەبەخشم بە گیان.. بە گیانی میللەتێکی بێناو. بێ ئاڵا، بێـوڵات. مردوو زیندو دەکەمەوە و ئازادی دەکەم بە مژدە و دەیدەم بە گەلی بێناوم!
هیوادارم خاوەن ورەبیت، چونکە هێشتا لە ناساندنی تەواوی پاڵەوانی بێناو نەبوومەتەوە.. دەشێت مەرجێکی گرنگ بێت کە بزانیت بێناو کوێندەرییە و بەرلەهاتنی بۆ وڵاتی بەفر، بەر لەدیلبوونی بێتاوانی ئەسلوفەسڵی چیبوو؟ بێگومان ئەو باسەتان لە تابلۆکانی تردا پێدەگات.. لە تابلۆی غەیب دا!

مێرولەکان هاتن فەرموویان: هەموو هەست و نەستێک لە غەیب دا دەژی = نادیار لە هەمیشەییدا نادیارو وون نییە. ئێمە سێبەری غەیبین. فەرموویان: غەیب ڕاستەقینەیەکە کە مرۆڤ توانای بینینی ستتە، غەیب زانستێکە هەندێک لە مرۆڤ فێری زانستی خامۆش دەکات. چونکە مرۆڤ مەحکومە بە فێربوون لە سنووری زانستی بە سنووردا.

ئێمە فێر بووین کە ئەو مرۆڤە نەبینیین یان هەستپێنەکەین کە لە پشت سەرمانەوە وەستاوە. غەیب دۆخێکە لەو زانستە یەقینەی کە دەیزانیین و باوەڕمان پێی نییە؛ وەک خۆزگەکانمان! وەک خەونەکانمان؛ وەک بیرەکان و هەستەکانمان.

مێرولەکان فەرموویان: ئاسمانەکان گەنجینەی کردەوەکانـتانە. تکا کردن لە مـرۆڤ داواکاریی خواکـانە. خواکـان تکا لە مـرۆڤ دەکەن بووەستن. تا هەست بە بووبی دووئالیزمی دەسەڵاتی بوونەوەر بکەن. چونکە ئەگەر خواوەندێک هەبێ ژیان و جوانی و عیشق و هەمیشەیی زامن بکات.. ئەوا خواوەندێکی تریش هەیە کە مەرگ و نەخۆشی و سزا و ترس دووچاری گیانلەبەران دەکات. چاک بزانن، کە خواوەندی ئێمە سزا نادا و دۆزەخی بۆ کردەوەکانمان دانەگیرساندووە، چونکە مرۆڤ جوانترین بوونەوەر و دەسەڵاتی خواوەندە.

# تابلۆی غەیب

ناوبراوی بێـوڵات، حەزرەتی نـوح، کوڕی کەس نییە! چونکە بەمنداڵی کاتێک کەتەمەنی چەند سەعاتێک دەبێت، واتە ڕاستەوخۆ پاش لەدایکبوون، فرێدەدرێتە سەر لوتکەی شاخی ئەرارات. جا چۆن و لە کوێ لە دایک بوو؛ ئەمەیان لە خەونەکانتدا لە فریشتەکانی سەر شانی خۆتان بپرسن.

وەکخۆی بۆمی باس کردووە پیرەمێردێکی سەقەت و پەککەوتە ئەوی دۆزیوەتەوەو کردویەتی بەکوڕی خۆی، سەربوردی ئەوبەسەرهاتەیش وەهابوو کە لەڕۆژێکی مانگی نەورۆزدا، ئەوکاتەی ڕژێمی قاسم، لەشەستەکاندا میراتی تەفروتوناکردن و کوشتن و بڕینیـیان لە ئینگلیزەکانەوە بۆ بەجێدەمێنێت،عەرەبە گورگخۆرەکان شاڵاوی ئاسمانیو زەمینی دەکەنە سەر زۆر لەناوچە ئازادکراوەکانی کوردستان..

لە نەبەردێکدا مام خدر کە کەڵە پێشمەرگەیەکی پارتی دیموکرات دەبێت، لەو نەبەردەدا پارچە تۆپێک دەپپێکێت ولە چیای کێوەڕەش بەردەبێتەوە.. لەکاتی بەربونەوەیدا هەست دەکات لەباوەشی کەسێکدایە، کەسێک ئەوی گرتبووەوە ونەیهێشتبوو هەلاهەلا ببێت.. پێشمەرگەکانی هاوڕێی ئەو ڕووداوەیان بەچاوی خۆیان دیبوو، تاساڵانێکی درێژ باسی نەمریی مام خدر لەسەرزاری گشت کوردێک بوو..

بینیبویان مام خدر وەکو باڵندە لەسەر تاوێرێک لەنگەری گرتبوو، هەرلەو دۆڵە قوڵەشەوە بەوزامەوە کەقاچێکی پەڕیبوو بە کێوەڕەشداهەڵگەڕابوو، ئاسەواری خوێنو جێدەستی مام خدر هێشتا بەقەدپاڵەکانەوە ماوەوهەمو ساڵێک گەشتیارو سەیرانکەران دەچن بۆ بینین و یادکردنەوەی.

لەوکەوتنە خوارەوەیەدا مام خدر خەوێکی دیبوو..سێ فریشـتەی باڵداری بینیبوو، کە ڕزگاریان کردووە بەویان فەرمووبوو کە ڕۆژی مردنی نەهاتووە وتاڵی تەمەنی نەپساوە .. دەرهەق ئەو چاکەیەش کە بەرامبەری کرابوو، فریشـتەکان بەویان فەرمووبوو:" پێویستە ڕۆژی بیستویەکەمی مانگی نەورۆز بچیت بۆ سەرلووتکەی ئەرارات، چونکە دڵت لەویندەرێ دەدۆزیتەوە.. لەیادت بێت کەتۆدڵت لەسەر لوتکەی ئەرارات دەدۆزییەوە".

لەوساڵەدا مام خدر بیستویەکجار هەمان خەون بەدووپاتی دەبینێتەوە..لەو ماوەیەدا بەکولە مەرگی دەژی و ژیانی پێشمەرگایەتیش واز لێدەهێنێت. چونکە دوچاری لاوازی دەبێت بەهۆی لەدەستدانی پێیەوە، هەروەها زامی دێرینەوە.. بۆیە لەکۆتاییدا مل دەدات و  دوای ئەنجامدانی خەونەکەی دەکەوێت.

کاتێک کە دەگاتە سەرلوتکەی ئەرارات دووچاری زەبرێکی ویژدانیی گەورە دەبێت، چونکە لەبری دڵی خۆی منداڵێکی هەتیوو بێنازو بێساحێب دەبینێت کە چارەنووس تووڕی داوەتەسەر ئەو لووتکە بەرزە.

مام خدر کە خۆیشی بێکەس و بێنەواو بێباوان گەورە بوبوو؛ دووچاری زەبرێکی بەژان دەبێت بە بینینی ئەو منداڵە بێنەوایە.. نازانێت چیبکات، تەنها هێـندەی بۆدەکرێت ئەومنداله بێنەواو فڕێدراوە هەڵبگرێتەوەو بیکات بەکوڕی خۆی.. بەڵام تاکو مردیش کەس نەیدەزانی کە مام خدر لاڵ نییەو قسە زانە، هەروەها منداڵیشی نییە!

مام خدرخۆی بەمنداڵی کاتێک کە پێرۆکە دەبێت.. کەدایەنەکەی دەمرێت! ئەوکاتەی کە ژنومێردێکی نەزۆک ئەو دەکەن بەکوڕی خۆیان.. دەیخەنە حوجرە بۆفێربوونی پەروەردەی ئیسلامی.. بەڵام مەلای فێرکەر کە مـرۆڤێکی بەدڕەوشت دەبێت هەڵدەکوتێتە سەر ئابڕووی خدرو بوونی زامداردەکات، باوەڕی بۆ هەتاهەتایە بەمـرۆڤ و ئایین و خواوەند کەچ دەبێت.. بۆیە تامردیش نە لەگەڵ کەسێکدا دوا، نە

نوێژوئیتاعەتیشی بۆ هیچ خوایەک کرد.. بگرە باوەڕی تەنها وتەنها بە ئازادی هەبوو، بۆیەش ببووە پێشمەرگە چونکە ئازادی بۆ ئەو تەنها شەرەف بوو.

مام خدر لە تەمەنی پێنج ساڵییەوە لەگەڵ هیچ مـرۆڤێکدا نەدوابوو.. کاتێک کە ئەو منداڵە قەڵەندەرە دەدۆزێتەوە، تەمەنی لەپەنجاساڵان تێپەڕیبوو.. لەساڵەکانی دوایی تەمەنیدا بوو و چاوەکانیشی کزبوبوون، بێموچەییش ناچاری کردبوو کەڕوولە سواڵکردن بکات تا قووتی ژیان بۆ ئەو منداڵە دابین بکات، کەتەنها ئەو دەیبینی!

بەڵێ، تەنها مام خدر ئەو زاتەی دەبینی، چونکە لەڕاستییەکی تردا ئەو منداڵە تەلیسم بوو، گیان بوو.

بەڵام مام خدر دەیتوانی بیبینت! خەڵکی شاریش مان خدریان وەک شێت دەبینی. چونکە دەیانزانی مام خدر سەرگەرمی بەخێوکردنی منداڵێکی نادیارە. کەس منداڵی لەتەک ئەودا نەدەبینی. بەڵام ئەو پەروەردەی ئەو منداڵەی کردبوو بە تەریقەت، بەخوو، ڕۆژەکانی تەمەنی باقیی تەواو لەخزمەتی ئەو منداڵەدا بەبێ زمانی بردە سەر.

ئەوکاتەی ئەوی دۆزییەوە لەسەرلوتکەی ئەرارات، بڕیاریدا تا لەژیاندابێت نەهێڵێت ئەو منداڵە زەبری پێبگات و برسیی بێت.

بەوجۆرە مام خدر نازی ئەو منداڵە گیانەی کێشاو گەورەی کرد. ساڵ لەدوای ساڵ. تا چەند ڕۆژێک بەر لە مردنی کەوتبووە ئاخاوتن لەگەڵ پاڵەوانی بێناوداو بەوی فەرمووبوو: کوڕی خۆم تۆ لەڕاستیدا کوڕی من نییت!

پێویستە ئەم ڕاستییە بزانیت کە من کەسێکی  بێکەس بوموو تۆم دۆزیوەتەوە.. سۆراغی باوانتم هەرگیز نەکرد، چونکە ئەگەر ئەوانم دۆزیبایەوە بە دەستی خۆم دەمخنکاندن، چونکە تۆیان بێکەس تورڕدابوو گورگ بتخوات.. برۆ کوڕم ژیانێکی پڕکەرامەت بۆ خۆت مەیسەربکە.

تۆ کوڕی ئەراراتی مەزنیت.. ئارارات باوانی تۆیە! خوا شاهیدە درۆت لەگەڵ ناکەم، تۆم لەئارارات دۆزییەوە، بێکەس بێناو، بێناونیشان! فریشتەکان باوانی تۆن، برۆ باسی چاکەو ئازارەکانی میللەتی نوح بۆ مرۆڤایرتی بکە. برۆ ژیان ببینە و فێربە. تۆ لەشەڕ نییت و شەڕ کاری بەتۆوە نی‌یە.

تۆ کوڕی ئارارتی مەزنیت، فریشتەکان تۆ دەناسن، بۆیەهەرکاتێک ویستت لەوێ من دەبینیت..لەیادت بێت ئازیزم کە لەو جێگەیەدا حەزرەتی نـوح کەشتییەکەی لەنگەری گرت. لەوێدا دیارییەکی گرانبەهام بۆ داناویت..گەر گوێ لەئاوازی دڵت بگریت، ئەودیارییە پیـرۆزە دەدۆزیتەوەو ژیانت پڕ دەبێت لە کامەرانی.. برۆکوڕی من ناوێک بۆخۆت پەیدابکە.. برۆ لێرە مەمێنە چونکە ئەهریمەن نیازێتی شەڕێکی قڕکەر دژی نەوەی گۆدۆ، نەوەی کوردە زاگرۆسییەکان بەرپابکات.. نەکەی کوڕم هاوبەشی ئەو جەنگە بیت.. چونکە سروشتی تۆ دژی خوێنڕشتن وجەنگە.. تۆ مـرۆڤێکی تایبەتیت، دەبێت برۆیت باسی کەساسیی میللەتی نـوح بۆ جیـهان بکەیت. دەبێت مـرۆڤایەتی لەقوڕگی شەڕ دەرهێنیت.. دەبێت بوێر بیت .

دەبێت بەبێ چەک بەرەنگاری هەژدیهاکان ودێـوەکان ببیتەوە. لێرە بەدواوە تۆ بێـوڵات وبێکەس وبێزمان وبێناویت، بەم خەواسانە تۆ مـرۆڤێکی جیـهانییت و بۆ جیـهانیت. چونکە فریشتەکان هاتوونەتە خەونم و دەڵێن: زاگرۆس و ئەرارات گۆشکەری نەوەی حەزرەتی نوح ـ ن. هەروەها من هەمیشە لە دڵی خۆمدا، لە پەیامی فریشتەکاندا، لەخەونەکانمدا وەک حەزرەتی نوح تۆم بینیوە!.. لەدڵەوە بە ناوی ئەو بانگم کردوویت. ئەمە وەسیەتی مام خدری هەتیو بوو بۆبێناو بێـوڵات، بەرلەگیاندانی.. بۆیە بابای جێباس( نـوح) کە لەوسەردەمەدا تەمەنی دەگاتە حەڤدەساڵی و خۆی لە بێکەسییەکی جەرگبڕدا دەبینێتەوە، لەلەشێکی نادیارو دیار؛ تەنها لە هەستیاریی مام خدردا دەردەپەڕێت. چونکە ئەو لە هەناسەی خدر لەدایک دەبێت،

دەبێت بە گیان( چونکە وەک فەرموم ئەو لە هەست و نەستی تەنها مام خدردا بوونی هەبوو).. چونکە گیانی کەس نامرێت. گیان ئازادەو نامرێت.

بۆ یەکەم جار لەڕاستیی خۆی دەدوێت، وەک گیانی خدر لەشێوەی پەلکە زێڕینەدا دەردەکەوێت.. بەمام خدر دەفەرمووێت:{ بنوو مـرۆڤی پیـرۆز.. چاوەکانت لێک بنێ کوڕی خۆم.. لەڕاستیدا من باوکی تۆم.. من دایکی تۆم، هەمان کە خۆت دەزانی من منداڵی تۆم! من تەلیسمی گیانێکی نادیارم بابە.. زمانی خۆش خدری زیندە، چونکە زانیت کە من نوحـم ؛ کە من باوکی تۆم!}

مام خدر لەخەندەیەکی سەرسووڕماودا، وەک ئەوەی دووناودوون بێت! یان وەک ئەوەی بۆ جارێکی تر لەدایک بێتەوە، چاوی چووە خەوو سەری نایەوەو لەشی خۆی جێهێشت و پەیکەرێکی گیانی لەوێدا تەنهاو بێکەس ڕوو لە ئاسمانەکان گوێی لە نەوازشی بای ڕۆژهەڵات دەگرت.

مام خدر وەک منداڵێک ، لەو پەڕی کامەرانیدا سروشتی بەجێهێشت. هەرلەوساڵەشدا، واتە ساڵی هەزارو نۆسەدو حەفتاونۆ، ڕژێمی بەعس دەسەڵات بە کودەتا، جەلاد ( سەدام حوسێن) دەهێننە سەر تەخت و کوردستان دەکەنە جەهەنەمی شەڕو هەتک کردنی میللەتی کورد.

ئەو؛ واتە پاڵەوانی بێناو= نوح، لەشارێک لەشارەکانی کوردستانی خواروودا، وەک تەلیسم، وەک گیان دەژیاو کەس ئەوی نەدەبینی جگە لەمام خدر.. ئەوساڵەی کە مام خدر کۆچی دوایی کرد ئەو لەخەیاڵی مام خدرەوە دەرپەڕی . بووبە دوا هەناسەی ئەو.. تەمەنی هێـندەی ئەوتەمەنە بوو کەمام خدر لەیادی خۆیدا خەمڵاندبووی.

لەوکاتەوەی کە کوردوستان بەجێدەهێڵێت..کۆچەرئاسا دەژی، لەزۆرولاتی ڕۆژهەڵاتدا ژیاوەو برسێتیو بێکەسیو ساردیوگەرمیی چەشتووە.. چەند ساڵێک لە وڵاتی هیندستان وپاکستان و ئەفغان ژیان دەباتە سەر.. سێ ساڵیش لەوڵاتی ئێران بوو.. ئەوکاتەی گیانی ئازادی ئەو لەوڵاتی ئێران گیرسایەوە، دوچاری گڕتێبەربوون هات، دوچاری عەشق بوو! عیشقی ناز، عیشقی جوانی و ژیان و کەماڵ..

گیانی ئەو توایەوە.. لەتەماشاکانیدا لە سڕی بوون گەیشت، بەکوچەوکۆڵانەکانی تاران وشیرازدا وێڵگەرد دەگەڕا، هەرشۆخەو بەجۆرێک گیانی ئەویان گڕتێبەردەدا! هەش بەسەروقەلەندەر لەسیحری تەماشای چاوی شۆخە ئێرانییەکاندا وون دەبوو..سەری دەسوڕما لەکەماڵی جەمال،لە هەڵپەی جوانی، لەهەیبەتی عیشوەوناز، لەتەماشای سەما، لەسەمای گیان، گیانی جوانیی، گیانی پڕلەبەهرەی یەزدانی! سەری دەسووڕما لە سیحرو دەسەڵاتی عیشق.

ڕۆژبەڕۆژ تادەهات زیاتروزیاتر لەعەشقا هەڵدەپروا، دابەش دەبوو، وڵاتەکانی گیانی ئەو بست بەبستی داگیردەکراو هەستە جیـهانییەکانی بەتاڵان دەبرا! لەوساڵانەدا گڕی عەشق ئەویان بەرەو جیـهانی وێنەکێشان ڕاپێچ کردوو بەدرێژایی ساڵانی جەنگی نێوان عێراق وئێران ئەو سەرگەرمی وێنەکێشان بوو. لەهەوای ئازادیدا وێنەی چاوی شۆخە نازدارە ئێرانییەکانی دەکێشا، وێنەی سیحرو مەکری تەماشایان، وێنەی خەیاڵەکانیـیان.. ووتە شیرینەکانیـیان. دەرئەنجام گیانی بووە قەقنەسێکی ئاگرین و لە ماڵی یەکێک لەو جوانانەدا هۆگری جوانێک بوو!

پەیوەندییەکی گیانیی خولقاند، دڵی چووبە نازدارێکی پەیکەرتاشی ئێرانیدا.. بووبە هاوڕێی خەونەکانی فروغی فروغزادەو پەروین و صادق هیدایەت وسوهرابی سپوهری.. شەوانە خۆی لەکەمینی عەشقی ئەو شۆخە پەیکەرتاشەدا مت دەکرد، گوێی لەسروودەکانی زەردەشت وبەهائوڵڵا وحافیزو سەعدی وخەیام دەگرت. ئەویش باسی داستانەکانی ڕۆستەم وزۆرابی بۆ دەکرد!

لەگەڵ ئەوپەیکەرتاشە ئێرانیەداهاوڕازو هاوژین دەبێت، ناچار دەبێت پێ بەجەرگی خۆیدا بنێت ودان بەعەشقیدا بنێت. کاتێک گیانێک بیەوێت لەسروشتدا دووپات ببێتەوە، دان بەعەشقدا دەنێت، لەگەڵ دان نان بە وشەی عەشقدا گیانی دەژێت، بوونی بەڕاستی دەبێت، چۆنی بوێت وەها خۆی دەرپێسێت.

بۆئەو مەبەستە کە لەخەونی ئافرەتەکەدا خۆی بەو ناساندبوو، بەوی فەرموو: دەمەوێت لە یەکێک لە پەیکەرەکانتدا لە پەیکەری داود-دا بژێمەوە! ئافرەتەکە لە پەیکەرەکانیدا دەیتوانی بوونی نادیاری ئەو بەرجەستە بکات. بۆیە وەک بیجمالیۆنی پەیکەرتاشی ئەفسانە دێرینەکان چاوەڕوانی بەرجەستە بوونی شێوەی ئەو بوو بەرجەستە ببێت.. تا شەوێک لەشەوان ئافرەتە ئێرانییەکە دوای تەواوکردنی نوێژەکانی بەزۆر زمانی جیاواز.. پەیکەر بۆ گیانی پاڵەوانی نادیار تەیار دەکات!

ئەویش گیانی  دەچێت بەبەری پەیکەردا، بەڵام سروشتی بوون وەهایە کە عەشق ئازادە، دەتوانێت زۆربێت ، دەتوانێت زیندوبێتەوە. دەتوانێت بچێت بەبەری هەموو شتێکدا! عەشق توانایە سنوورەکانی خەیاڵیش دەبڕێت! عیشق تەنها بەیەک شت نامۆیە، ئەویش مەرگە، چونکە نەعەشق، نە عاشق نامرن. بەڵام پێویستە بزانیت کەیەکێک دەمرێت، یەکێکی دی دەژێت.. بەڵام عاشق دوونادوون دەبێت یان لە ئازادییدا ئاوێتە دەبێت!

ئافرەتە ئێرانییەکە چونکە پێشتر بە نەخۆشییەکی کوشندە و موزمین دوچاربوو، ڕاستەوخۆ کەگیانی دەردەچێت، گیانی خۆی بە پەیکەری بێناو دەبەخشێت، ئاوێتەی گیانی ئەو دەبێت!

لەوێوە پاڵەوانی بێناو( نـوح) دەبێتە لەشێکی نێرینەو گیانێکی مێینە! ئیتر لە قاڵبی لەشدا بەڕاستی دەبینرێت وژیانی وەک ژیانی مـرۆڤ دەست پێدەکات ! بەسەرهاتێکی سەیرە!

بەڵام ئەو تەنها لەپێناوی ئەو عەشقەیدا ئەوژینە مادییەی پەسەندکرد.. هیچ مـرۆڤێک ئەم نهێنییە مەزنەی ژیانی ئەو نازانێت.. ئەو دوچاری زیندان و برسێتی و نەبوونی زۆرهات.. ئەنجام حەزی کرد بە ڕۆژهالاتو ڕۆژئاوادا گەڕۆک بێت، تا جوانی لەهونەرو لەمـرۆڤدا هەرس بکات.

هەر بەو مەبەستەیش ڕوی کردە وڵاتانی ڕۆژئاوا، چونکە باوەڕی وابووکە دەتوانێت بەیاریدەی هونەر پەیامی میللەتی نـوح بەگەلانی ڕۆژئاوا بگەیەنێت.. کە هەژدیهاکانی شەڕ هەڵمەتیان بردووە سەریان.

چونکە ئەو دڵ وگیانی نـوحە.. گیانی حەزرەتی نـوح بووکە دەشێت لەئەرارات بەجیمابێت!کێ دەزانـێـت چاوگی گیانێک لەکوێوە سەرهەڵدەدات وچۆن بەدیدێت؟ من دەزانم گیان لە چی هەستێک درووست دەبێت. گیان هەناسەی خوایە.. دەڵێم : گیان هەناسەی خوایە.بۆیە گیان نەمرەو کەسیش نازانێت بۆ!

لەوانەیە بپرسن چۆن مـرۆڤ بەبێناو شیاوی ناسینە، یاخود بۆچی پاڵەوانەکەم بەناوی  خانمێکی ئێرانییەوە ناونانێم؟ لەوەڵامدا دەڵێم چونکە من مـرۆڤی خوودبیـن جیـهانی دەبینم، هەروەها ناتوانم ناو لە مـرۆڤێک بنێم کە تەمەنی لە چل ساڵ زیاترە( من بە نـوح ) ناوی دەبەم ..  بەڵام نازانم ئەو ناوی چییە! بۆ ڕۆشن کردنەوەی زیاتر دەتوانم بڵێم کە ئەو هێشتا ڕوبەڕوو لەگەل مندا نەدواوە، بەڵکو من تەنها بە یاریدەی تێلێپاتیو خەونەکانمەوە توانیومە پەیوەندیی لەگەڵدا بکەم وئاگاداری سەرگوزەشتەکانی ژیانی بم! دەشێت ناولێنان هاسانترین کاربێت، بەڵام من هەرناوێکی لێبنێم دەشێت لە ویژدانی ئەودا ناشایانی ڕەزامەندی بێت..هەروەها هێندەگرنگ نییە بۆمن ناو لەمـرۆڤێک بنێم کەخۆی بەبێـوڵاتو ئاڵاو ئایین دەزانـێـت! چونکە مـرۆڤ بەو ڕەگەزە بوونییانەوە بوونی دەسەپێنێت. بەڵام گیانی مـرۆڤ نەک دێـو. لەمانەیش زیاتر ئەو هەمیشە لەگەڕانی بەردەوامدایە و گەڕۆکە.. وڵات بە وڵات دەگەڕێت و هەرجێگەیەکی مەبەست بێت بەبێ پاسپۆرت و یاریدە دەچێت.. پاشان ئەو مـرۆڤێکی سادەوهاکەزایی نییە، وەک فەرمووم

ئەو مـرۆڤێکە کە شارەگی درەختی زەمان لەسەرسەری چنراوە، هەروەها پیـرشالیارو جالـجالـۆکەی سپیی پیـرۆزو حاجی لەقلەقێکێ ڕەشپۆش لەناوکرۆکی درەختی زەماندا دەژین و تەلیسماوی و زینـدوون.. ئەو لەگەشتەکانیدا لەگەڵ ئەواندا هاوگونجاووهاوڕێیە. ئەو سروشتی لەوڵاتی بەفردا گۆڕا.. چونکە توانیی لە قاڵبە دەستکردەکەی وەدەربکەوێت، ئازاد بێت! ئازاد لەگیانی یەکبووندا.

وەکو فەرمووم کاری جالـجالـۆکەی پیـرۆز چنینی تەونی بونەوەرە، بەتەنافەکانی بوونەوەرێکی تەلیسماوی لەسەرسەری پاڵەوانی بێناو دەچنێت، هەڵبەتە لە تابـلۆکانی داهاتودا ڕۆڵی ئەو باشتر ڕوون دەبێتەوە. کاری لەقلەقی ڕەشپۆش هێنانی گیانی خێرمەندانە بۆ درەختی زەمان وسپاردنی گیانی خێرمەندانی جیـهانە بە جالـجالـۆکەی پیـرۆز.. تا بەتاڵەکانی قومات و قۆزاخەیان بکات و وەکو گەڵا بەودرەختەدا ئاوێزانیـیان بکات. لەوانەیە ئێستا بزانیت کە پاڵەوانی بێناو درەختی زەمانە!

چونکە ئەوگیانانە پارێزراو دەمێننەوە، لەپێناوی دوونادوون بوونی گیانەکاندا، چونکە هەر بوویەکی خێرمەند لەم ژیانەدا پێویستی بە بە ئەزمونکردنی سووڕی ژیانەکانە بۆ گەیشتن بەکەماڵ، بۆگەیشتن بەخوود بیـنی، بۆگەیشتن بەهەمیشەیی. بۆ یەکبوون بە ژیان و گیان.

مـرۆڤ تەنها لەدوپاتی سووڕەکانی ژیانیدا هەست بە ئاسوودەیی گیانی دەکات، کاتێک کە لەقوڕگی دێـوەکان وشەڕی ئەوان دەربازی دەبێت. کە گەشتەگیانییەکانی تەوەرە گیانییەکانی باڵندە، ئاژەڵ، ڕووەک دەبڕێت، و لەئازادیدا لەنگەردەگرێت، تەنها لەو کاتەدا لە بەهرەکانی ژیان بەئاگایە، تەنها لەوێدا خاوەن گیانە، گیانێکی مەتین وئازاد، گیانی ڕابەرێک کە بێ یاریدە تۆوەکانی ژیان دەپروێنێت و ناجۆریی لێ ناوەشێتەوە.

پیـرشالیار سەربەخۆو ئازادە لەدەروون وبیری(نـوح) = پاڵەوانی بێناودا.. لەودا دەژی وگۆش دەبێت، دەدوێت وسەرگەرمی مەبەستە تایبەتییەکانی خۆیەتی. چونکە پیـرشالیار سووڕو دۆخی هەموو ژیانەکانی بینیوە. کاتێک من باسی مـرۆڤێکت بۆدەکەم کە لەناو چواردیواری بەفریندا دیلەو بێبەرییە لە ژیان وەک هەرمـرۆڤیکی سادە.. دێـوەکان لەشی ئەویان داگیر وزیندان کردووە. بەڵام لەئازادیی ئەودا ژیان لە ڕویەکی تایبەتدا بەڕێوە دەچێت. مـرۆڤ تەنها بە گەیشتن بە ئازادی بەتوانایە. ئازاد کەسیکە کە ملکەچی دابی دێوەکان نییە.. دێـوەکان لەهیچ سەردەمێکدا ناتوانن ونەیانـتوانـیوە لغاوی ئازادی بکەن.

ئازادی بەهرەیەکە هێشتا دێـوو مـرۆڤی دێـوپەرست سوودیان لێ نەبینیوە.. ئازادی گیانی وزەیەکی بێ پایانە، هەربوویەک توانیی ئازادی خۆی زامن بکات، بۆهەمیشە ئاسوودەیی وبەردەوامی هەست پێ دەکات. بۆیە ئەو لەبەهرەی ئازادییدا ڕەهایە و باکی نییە چی سنورێکی بۆ دیاریکراوە.. ئەو لەچاوتروکانێکدا دەتوانێت سەرتاپای گەردوون بگەڕێت، چونکە گیانی ئەو زینـدوو و ئازادە.

هەروەها ڕوداوی گەلێک سەیرلەژیانی ئەودا ڕوودەدات . من سەردەمێکە چیرۆکی ژیانی ئەو دەبیستم و هێشتا حاڵی نەبووم لەوەی ئایا پاڵەوانی بێناو نێرە یاخود مێ؟ مـرۆڤە؟ پەیکەرە؟ یاخود فریشتە یان پەری؟ هەندێک لە مـرۆڤ بوونەوەرێکی سامناکن.. بەڵام جێگەی داخە کە گومان و نەخۆشی و ترس قەبارەی مـرۆڤیان داکرماندووە.. مـرۆڤ نازانێت کە بوونی هەرهەموو مـرۆڤایەتی پێکەوە چی کەرامەت و بەهرەیەک بە بوون دەبەخشێت! جێگەی داخە کەمـرۆڤ خۆی نابینێت، پێداویستییە سەرپێییەکان مرۆڤیان لغاو کردووەو چاوگەکانی باوەڕیان کوێر بووەتەوە.. بەجۆرێکی ئەوتۆ دوچاری شەڕی خۆخۆری بوون.. ئەهریمەنی شەڕ توانای مـرۆڤی سڕکردووە.. مـرۆڤەکان دێـوپەرست ومردویەکی بژێون.. ژیان بەزەیی بەواندا دێتەوە. ژیان گیانێکی مێینەیە وەک دایک وایە بۆمـرۆڤ، بەڵام دێـوەکان شەڕی تووش

دەکەن، شەڕەکانیش لە بەگژدا چوونی یەکتریدا بوونیـیان زۆردەبێت، تەنانەت ڕۆژێک دێت تیایدا شەڕەکان یەکتری دادەپاچن.. چونکە شەڕ شەڕە و خێری تیادا نییە.

کاتێک کات دەوەستێت.. مێرولەکان بە خامۆشی دێن.. کەس نهێنیی هاتنیـیان نادرکێنێت.. بە خامۆشی دێن و باسی زانستی خامۆش دەکەن. لەماڵی نەبووی مندا دێن و نوێژ لە دەوری من دەکەن.. بە خامۆشی تەماشای نیگای شەکەتم دەکەن. دەفەرموون: باکان گیانی مـرۆڤەکان دەبەن بە میوانیی

خۆشەویستەکانیـیان.. لە وشەکانی تۆدا کۆراڵی فەرموودەی ئامیین دەبیستین. ئەی نازانن کە مێرولەش دەبیستێت، دەدوێت.. دەخوات و دەشنوێت؟! تۆ لە ئێمەی، ئێمەش زانستی خودبینی فێرە تۆ دەکەین.

# تابلۆی پیرشالیار

لەبەر ئەوەی پاڵەوانی بێناو خاوەنی سێ بوونەوەری گیانییە، کە یەکەمیان جاڵجاڵۆکەی سپیی= ئاهورامازدای یەکتا ومەزن بوو، دوومیان حەزرەتی پیرشالیارە، بێگومان سێیەم بوون وکەرامەتی مەزنترین بوونەوەری ئاسمانەکان، گەردوونەکان، واتە کەرامەتی حاجیلەقلەقی هەمیشەیی وپیرۆزو ڕەشپۆشە.( پیرشالیار بە خدری زیندەش بخەملێنە کە مام خدریش دەشێت ئەو بێت!)
پیرشالیار هەڵبژاردەی منە، نەمتوانی دان بەبوونیدا نەنێم. دەبێت بەئاگا بین لە تەلیسمی بوونی.. بۆیە بەمەرجی دەزانم باسی ئەوتان بۆبکەم. لەبەشەکانی داهاتودا چاکتر ڕۆڵی ئەوتان بۆ ڕوون دەبێتەوە کە پیرشالیار هەمان تەلیسم و کەرامەتە کە خۆی بەمنیش ناساندووە. کەڕابەری منی چیرۆک خوانیشە. چونکە ئەو ڕابەری بێنەوایان و پەنادەری بێوڵاتان وبێ کەسانە.
پیرشالیار گیانێکی بێخەوش و هەمیشەیی ونەمرە، پارێزەری پەیامی خێرە، بەجۆرەها تەرز باسی بوونی ئەوو ڕۆڵی ئەو لە کتێبی پیرۆزو قورئان—دا کراوە. ئەو دەتوانێت ببێت بە من، بە تۆ، بە نوح، بە هەر کەسێک. وەکدەڵێن ئەو شەرابی هیومی نۆشیوەو بۆ هەمیشە بەنەمری دەژی و نامرێت، لەناو مرۆڤایەتیدا لەگەڕانێکی بێوچاندایەو دەربەستی یاریدەی بێنەوایان وهەژارانە. هەڵبەتە لە ئینجیل دا بە نێردراوی خوداوەند ناسراوە.. لە قورئانی پیرۆزیشدا بە نێردراوی خواوەندو ئامۆژگاریکەری حەزرەتی مووسا ناوی هاتووەو بەئاگا بووە لە خێرو شەڕ! لە ئینجیلدا ناوی ئێلیاس- ە ، خاوەنی چوارچەرخەیەکی لەتیشک دروستکراوە، دوو ئەسپی ئاگرین مەشخەڵی گالیسکەکەی داژوون، کە ئەوانیش هەمان شێوە لە تیشکی ئاگرین خوڵقاون.
پیرشالیاربە بەخشندەیی وکاری جوان، پەیامی جوان، بیری جوان بەناوبانگە. خاوەن بەزەییەکی لەڕادەبەدەرە، تواناوهێز دەدات بەومرۆڤانەی کەلەژیاندا باوەڕێکی یەقینییان بەخێرمەندیی خۆیان هەیە.هەندێکجار ڕێدەکەوێت ئەو تەنها بە ویستی خۆی فریاد ڕەسی کەسانێک بێت کەشایانی مانەوەن. بەڵام بەخشندەیی ئەو وەک بەخشندەیی ئێمەنییە.. سۆزی مرۆڤ بۆمرۆڤ ناکامڵە، بۆیە هەندێکجار کەسانێک کەخاوەنی سۆزێکی مەتینن بۆ خێزان وخێشی خۆیان، کەچی بێ سۆزو دڕندەو خوێن خۆری هەندێکی ترن.. سۆزەکان ئاست ومەرتەبەی جیاوازیان هەیە.. سۆزی خودا جیاوازە لە سۆزی دایک، سۆزی فریشتە جودایە لەسۆزی سۆزانی، سۆزی پێغەمبەر جیاوازە لە سۆزی هونەرمەندان. جوانترین سۆزی مرۆڤ بۆ مرۆڤ، ئەوسۆزەیە کەدەدرێت بێچاوەڕوانیکردنی پاداشت، بێ ئەوەی بکرێت بەماڵ بەسەر وەرگرەوە. لەبەر ئەم هۆ جیاوازانە، دەشێت پیرشالیار لەوکاتەدا کەهەزاران زیندەبەچاڵ دەکرێت، ئەو بەتەنگ چۆلەکەیەکەوە بێت ونەیەڵێت لەکولانەکەیەوە باز بداو گیان بدات.. چونکە کەرامەتی بووەکان یەکسانن. لەناوقەدی تەنافە ئەستورەکەی سەرسەری ئەودا، پیرشالیار ترپەی دڵی دەبیسترێت.. پیرشالیار بێوڵاتو بێماڵە، بوونێکە بەچاوی هەست درکی پێدەکرێت. ئەگەر لەبەندەکانی قورئانی پیرۆزو ئینجیلی پیرۆزدا بەدوایدا بگەڕێیت، بێگومان باوەڕێکی زیاتر دەربارەی پەیدا دەکەیت. لەو کتێبانەدا باس وسەرگوزشتەیان دەخوێنیتەوە، تێدەگەیت کە پیرشالیار پیاوی خێروخوایە. لەسنوری فەنتازیای مندا، ئەو

پیرە پیرۆزە عەرەبانچی نیەو قامچیشی لەدەست نییە. چونکە ئەسپەکانی ئازاد کردووە؛ چونکە ئازادی
ڕەوشی ئەم سەردەمەیە، ئازادیی گیانلەبەر و پەلەوەر و مرۆڤ.
ئەو وەکو من وتۆ بیر ناکاتەوەو ناژی، ئەو لەهەستی ئەولیاکان و لەگیانی پاکی پێـغەمـبەران ولە گڕوگاڵی
منداڵ و لە نیگای میهرەباندا دەژی، ئەمجێگاو گیانانە وڵات و مەئوای ئەون. ئەو هەموو چاخەکانی دیوە.
توانای زۆر بوون ودابەشبوونی هەیە. ناسنامەی هیچ وڵاتێکیش هەڵناگرێت!
بۆیە تکام وایە، هەستونەستی خۆت پڕبکەیت لە تۆوەکانی بەهرەی خێر، بەچاوانی قوچاوەوە بە
کێڵگەکانی فەنتازیای مندا بکەویتە گێرەی بێماندوبوون، گاسنی خێر لەدەروونی خۆتدا توند گیر بکەیت
وبەدەستی منداڵانەت تۆو بووەشێنیت بەچواردەوری خۆتدا، تۆوی خێروجوانی وڕاستی بچێنیت،
چاندنێکی وەها کەدەستوبرد بەری بداو لەبەری بخۆیت. ئەگەریش نەتتوانی، بەتولەڕێگەی وشەکانی مندا
چاوەکانت داگیرسێنە، بەپشتیوانی پیتەکانم دەتگەیەنم بە نزرگەو مەزاری پیر. پیـرشالیار کوردنییە،
عارەب نییە، ئەوروپیو ئەمریکیو ئۆسترالی نییە. وەک هونەرمەندێکی ڕەسەن، خاوەنی ئاڵاو وڵات نییە..
موسوڵمانو کافریش نییە. نەیەهودییە نە بوودایی.. ئەو وەک گەردی نووری ئاهوڕامازدا لەهەمیشەییدا
پایەدارە ( پەیکەرێکی گیانییە و لە باکاندا دەژی!)، لەوێدا ترپەی دڵی سرۆش دەدات بەداهێنەران.
پیـرشالیار هەستی خێرە، گیانی خێرە، جوانیی خێرە، لەناوکی ئارکیتایپەکانی مـرۆڤدا زەڕڕاتی بوونی
پەی پێدەبرێت. بەشێکی پتەوە لەسەلیقەی ویژدان وپارێزەری گیانی هارمۆنی وهاوسەنگی و
هاوگونجاندن. بوونی ئەو لەسووڕی ژیانی مـرۆڤدا گەورەوبچووک دەبێتەوە، لەگەڵ ئاتاجی کردەوەکانی
مـرۆڤایەتیدا بوونی ئەوهەڵدەکشێت، دادەکشێت.. کاتێک کەمـرۆڤایەتی لەشەڕدا تابینەقاقای غەرق دەبێت،
موعجیزەکانی ئەو لەدەروونی مـرۆڤایەتیدا چرۆدەکەن، وەکو گوڵ نەشونما دەکەن، دەبنە خونچەی گیان،
دەبنە ئاواز، سەماو سالماو گۆرانی و هۆرە، دەبنە بەندوباڵۆرە، دەبنە هیواو ژیان و ئومێد پەخش دەکەن.
پیـرشالیار لەدەروونی باڵندەکاندا، لە شیردەرو خشۆک و جانەوەرانیشدا بژێوە. تەنانەت لەزەڕڕاتی
ئاووهەواو خاک و ئاگردا زیاترو ڕوونتر بوونی هەست پێدەکرێت. توانای زۆربوون و دابەشبوونی هەیە.
بەباوەڕو ئەزموونی گیانیی من، هەرپێنج سەدساڵ جارێک، لە سووڕێکی تایبەت وهەستیاری هەسارەکاندا،
لەتەوژم و تەکانێکی خۆردا؛ بە ویستی بوونەوەر، لە هەڵگەڕانەوەیەکی خێرای دەروونی کۆمەڵگەکاندا؛ ئەو
سەرهەڵدەداتەوە، وەکوو خونچە لەدەروونەکاندا سەردەردەهێنێت، دەڕوێتەوە، و گۆش دەبێت، بەر دەگرێت.
ئاسایی و نائاسایی بیردۆزە گیانییەکانی، پەیامە پیـرۆزەکانی لە بیری مـرۆڤی ڕەسەن و گیانلەبەری
تایبەتدا پەخش دەکات، چراکانی لەدەروونی هونەرمەنداندا هەڵدەکات. ئومێدێکی نوێ دەبەخشێت بە
ژیان.
ئەوڕابەری گیانی یاریدەدانە، هەندێک لەمـرۆڤ لەکاتی تەنگانەدا، لەکاتی سەرەمەرگ و سەرلێشێوانا
زۆربەزەقی دەتوانن هەست بەبوونی بکەن و لەدەروونیـاندا لەمسی بکەن.
زاگرۆسییەکان پیـرشالیار وەکو پیرێکی ئازاد دەناسن، شاخنشینەکان چاکتر لەدێ نشین و شارنشین
پەی بەگیانی خۆیان و گیانی کەسانی تر دەبەن. چونکە بەرزی ولووتکە ئاستێک لەدەروون
پاکژڕادەگرێت، ئەومـرۆڤانەی لەبیری خۆیاندا لەسەر ترۆپکی بیرو دەروونی خۆیان ڕادەوەستن و
بیرەکانیـیان دەخەنەگەڕ. گیانیان پاکژە، پاگژ.
مـرۆڤی پاکدامێن و هارمۆنی و دەروون زینـدوون. زاگرۆسییەکان باوەڕیان وایە کەپیـرشالیار هەمیشە
لەناویاندایە، لەگەڵیاندا دەژی ولووتف و ڕادەی بەزەیی و هەستیان بەسەردەکاتەوە. ئەوان لەوباوەڕەدان

کەپیـرشالیار دەتوانێت بەهەردۆخێک خۆی بگۆڕێت، بێتو داوای یارێدە، داوای میوانداریێت و جێگە، داوای نان وئاویان لێ بکات!

بۆیە زاگرۆسییەکان زۆر میواندۆست و نامۆ دۆستن، چونکە وادەزانن میوان بەلای کەمەوە خۆشەویستی ئاهورامازدایە. خۆشترین خۆراک و پۆشتەترین جێگە دەدەن بە میوانەکانیـیان، تەنها لەکاتی خەوش و کاری نا ئاساییدا ئەوان دڵیان لەمیوان دەشکێت، چونکە تێدەگەن کە پیر نەبوو هات بەمیوانییان.. یاخود میوانەکەیان نیازە پاکژەکانی پیری لەدڵدا نەبوو، پیر ناناسێت.

زاگرۆسییەکان دەڵێن دەستی پیـرشالیار(خدری زیندە) نەرم و بێ ئێسکە. بۆیە ئەگەر دەستی میوان توند بگوشیت، دڵنیا دەبیت لەوەی کە کەسی هاتوو پیـرشالیارە یاخود نە! دەڵێن نیشانەی تری ناسینەوەی ئەو ڕوخسارێکی نورانی و پڕویقارە، ڕووناکی لەڕوخساری دەبارێت. نیشانەی سێیەمی ئەوەیە کەدەتوانێت کتووپڕ لەهەرجێگەیەکدا دەربکەوێت. دەشێت لەخەوندا، لەشێوەی سێبەردا، لەشێوەی ئاژەڵدا، یان لە شێوەی باڵندەو منداڵ وئافرەت و پیردا دەربکەوێت. کاتێکیش کە دەردەکەوێت هەموو شتێک دەوەستێت! من زۆردڵنیام لەوەی کەکەسانێک هەن وەکومن دڵنیـیان لەبوونی ڕابەرێکی گیانی لەدەروونیـاندا.

پیـرشالیار بەبەخشندەیی بیری جوان، کرداری جوان، وتاری جوان، نهێنیی خۆی هەمیشەیی پایەدار کردووە.. زەردەشت ـی پێغەمبەریش بەو زانستە پەی بردووە کە سێگۆشەی باوەڕ مرۆڤ دەگەیەنێت بە کەماڵ و هەمیشەیی!

چونکە لەوسێگۆشەیەدا زاگرۆسییەکان باوەڕیان بە دۆزینەوەی کەماڵە. لەو سێگۆشەیەدا هەمووشتێک جوان و پڕشکۆو هەمیشە بژێوە. لەبیروباوەڕی مندا، پیـرشالیار، وەکوو پێشتر پەنجەم بۆڕاکێشا، لەناو قەدی درەختێکی ڕەگ ئەستوردا لەسەرسەری پاڵەوانی بێـوڵات و بێکەس دەژی. ماڵی ئەو لە مەنزڵگەی خێرخوازاندایە، لەودا من هەست بەبوونی دەکەم وگوێم لەترپەی لێدانی دڵێتی، گوێم لەنەوای ئاشتییە، گوێم لەمشەی ساوایەتی، بچکۆلانەو جوان، هەروەکوو ئەو منداڵەی لەهەندەراندا لەخەیاڵی خۆمدا گۆشی دەکەم، هەستی پێدەکەم، بۆنی پێوەدەکەم، دەیبینم، دەیناسم، ئەگەرچی نەشیەتە خەونم، هەستی پێ دەکەم، لەخۆم چاکتر دەیناسم. من لە ئاوارەییدا زۆرشتی نوێ و جوان فێربووم، چونکە ئەو مامۆستامە.. جارێکیان کەهاتە خەوم، پێی فەرمووم: مـرۆڤ یاخود منداڵ بەر لەڕسکاندن ودروستبوونی، لە دەروون و بیردا، پاشان لە خەیاڵدا ئینجا لە لەشدا شکڵ و شێوە وەردەگرێت لە باواندا. پاشان یاریدە دەدرێت تا بێتە ژیانەوە، ئینجا دەڕسکێت ولەدایک دەبێت. دڵنیابە بەر لەهەر شتێک ویستی خوودی مـرۆڤ خۆی شکڵ و شێوەو ئاکار بۆ کۆرپەکەی دیاری دەکات. چونکە هونەری مـرۆڤ تایبەتە لە داهێناندا. بۆیە مـرۆڤ دەبێت زۆر جوان ڕەفتار بکات، بیر بکاتەوە، کاتێک کە ژن دەهێنێت، کە شوودەکات.. کاتێک کە دووگیان دەبێت! تەنها بەو جۆرە دەتوانێت منداڵێکی تەواو بخوڵقێنێت.

پیـرشالیار وەکو مـرۆڤێکی لەتیشک خوڵقاو لەناو کرۆکی درەختێکی مەتیندا لەسەرسەری پاڵەوانی بێناو دەبینم. ئەو لە زۆربوون ناوەستێت، چونکە پیـرشالیار هەمیشە خۆی دەڕێسێت. ئەو لە دەروون و بیری خێرمەنداندا هەمیشە زیندووە.

لق وپۆپی درەختی زەمان لەسەرسەری ئەو مـرۆڤە بێناوە، زەڕڕاتی بوونی ئەوتەون دەکەن، جاڵـجاڵـۆکەی مەزن، دەزوولەی تەنافەکانی لەزکری ناوی ئەو دەڕێسێت. گیانی ئەو پەند دادەنێت، ئاواز دەژەنێت، سەما دەکات و بەگەردووندا دەگەڕێت. لەودا پیـرشالیار هیوادەچنێت، سەمفۆنیایەکی نوێ بۆ ئازادی ـ نۆتە ڕێژ دەکات. لەسەری ئەودا پیر تازە چاوانی دەپشکوێت، ئێستا نا تاوێکی دی لەدایک دەبێت، بەر دەگرێت، لق و چڵ وپۆپی بەکاکێشاندا هەڵدەزنێت، چرۆ دەکات.

چەند ڕەسەنە مـرۆڤ !..کاتێک کە لەخەونەکانمدا گوێ لەداستانی ئەودەگرم، باوەڕم بەمـرۆڤ مەتینتر دەبێت، باوەڕم بەخێر لەناخەوە دەچەقێت، داچەقانێک کە هیچ هێزێکی ئەتۆم نایلەقێنێت، نایبزوێنێت. من لەم ئاوارەییەمدا تەنها بەوخەوانەوە ماوم، تەنها بەوهیوایانەوە دەژیم کە لە خەونەکانمدا دەیانبینم. دەبینم مـرۆڤ سیحرێکی جوانە، دەبینم ژیان ئاوازێکی بێپایانە، هەست دەکەم زینـدووم دەژیم و هێشتا ماوم، هەست دەکەم بۆنی بەختەوەری دەکەم و لەعەشقا دەجریوێنم و باڵە فڕێ دەکەم.

خۆم بێدار دەبینم، لەدەروونی خۆمدا و سەیری تۆ دەکەم، سەیری ئـێوە.. هەمووشتێک ڕێک وڕاست و جوان دەبینم..لە خەونمدا خۆم دەبینم پێدەکەنم، بزەدەکەم، دەست بەسەری ژیاندا دەهێنم.. بیری وڵاتێک دەکەم کە نیمە، بیری هاوڕێیەک دەکەم کە نیمە، بیری ژیانێک دەکەم کە لەڕاستیدا نەمبینیوە.. بیری ئـێوە دەکەم، بیری دایک و باوک و وەتەن.. بیری  خواوەند  دەکەم، چونکە ئەویش بێ وڵات و بێ ئاڵاو بێ نیشتیمانە. جا بزانە من باسی چیتان بۆ دەکەم!

کاتێک کە تەلیسمی ئەو مـرۆڤە بێـوڵاتە لەخەونمدا دەبینم، لەخۆشیدا باڵ دەگرم، دەفڕم، هەمووپلەکانی زانست دەبڕم، دەگەمە مەملەکەتی وەجد، لەوی سەرخەوێک دەشکێنم.. بەدوایدا بەرماڵ ڕادەخەم، ڕوو دەکەمە هەندەران، ڕوو دەکەمە نزرگەی داهێنان، ڕوو دەکەمە کەرامەتی خۆم.. لەگەڵ پەپوولەکانی هاوڕێی سەردەمی منداڵیمدا، لەخەونمدا دوو ڕکاعەت نوێژ دەکەم.. زکر بۆ جوانی دەکەم.

شیعر بۆ حەق دەهۆنمەوە.. سەیری پەرچەمی ئاڵای ویستم دەکەم ، بۆنی شەکانەوەی ئاڵای دروستبووم دەکەم لەبغورد، کە بۆنی ئازادانە دەگەڕێت بەگەردوونی فەنتازیمدا.

دەست دەنێمە دەستی دۆعا( دۆعا کیژۆڵەی کوردی نەمر کە گیانی بەخشی بەبەردەکان، ئەوبەردانەی کەدێـوەکان ئەویان پێ بەردە باران کرد) دەیگرمە ئامێزو باڵەکانی خۆمی بەدیاری پێدەبەخشم.. دەیبەم دوورگەکانی خۆم و سرۆش ـی نیشان دەدەم.. گوێ لەنزای دەروونی دەگرم.. لێی دەپرسم چی مەملەکەتێکی خەونەکانمت لەلا جوانە تیایدا شازادەی پەرییەکان بە، منیش لە نەشئەی عەشقی تەماشاتدا وچان دەگرم، گوێ لەنازی هەستت دەگرم. لە خەونەکانی هەندەراندا من دەتوانم هەموو شتێک ببینم. وەک فەرمووم، پیـرشالیار لەو مـرۆڤەدا باڵا دەکات، ئەویش دێتە خەونم..چونکە پێویستە بزانن کە مـرۆڤێکی وەک من پەنابەر هێشتا مافی ژیانی کاری ڕەوای پێنەدراوە، بۆیە کاری نووستنم کردووە بە پیشە. چونکە بەوبۆنەیەوە حورمەتی بوونی خۆم دەپارێزم، بەوهۆیەوە دەتوانم بەلای کەمەوە، لەکەرامەتی مـرۆڤێکی بێناوو بێـئاڵاو بێـوڵات بدوێم.. تا مـرۆڤایەتی فێربکەم؛ نەکەن دەست بۆ ئابڕووی وڵاتانی تر بەرن. نەکەن خاکی میللەتێکی تر وێران بکەن. نەکەن دەست بۆ کەرامەتی کەلتووری وڵاتێکی دیکە بەرن. چونکە ژیان تووڕە دەبێت. چونکە گیانی ئەو فریشتانەی کە پاسەوانی ئەو جێیەن، سکاڵا دەنێرن بۆ خواکان و خواوەند!

من لە خەوما قوتابیی دوو ڕابەری گیانیی مەزنم.. پەیامی ئەوان ڕادەنووسم. حەقی ئەوان تۆمار دەکەم، بوونی ئەوان زامن دەکەم. دەنا من باوەڕێکی ئەوتۆ لە هەندەران فێر نەبووم.. چونکە مامۆستاکانی هەندەران کە منیـیان دەمبەست و چاوبەست و کۆت کرد، پێیان ووتم: لەم وڵاتەدا بۆت نییە یەکەم شەو لەگەڵ هێچ ئافرەتێکدا جووت بیت.. دەبێت پەردەش بەکار بەریت. تەنها هێـندەیان وتوو ڕۆیشتن.. تەنها هێـندەیان فێرکردم. بەدوایدا کێشیان کردمە نەبەردەوە لەگەڵ دێـوەکانی سیستەمدا..

بەڵام کە ئاشنابووم بەو مـرۆڤە بێناوە، بەم پیرە ژیرە، ئەو بوونەوەری لەسەرەوە لەمندا چنییەوە.. ئەو خۆی کردە مامۆستاو هاوڕێم. چونکە زانیی کە من بەڕەچەڵەک لە وەچەی گۆدۆ و نـوح-م.. زانیی کە

گۆدۆ لەمندا نووستووە.. ئەو ڕەنجێکی زۆری دا تا گۆدۆ بێدار بکاتەوە لە گیانی مندا و باسی کەماڵی وەجدم بۆ بکات.

کاتێک کەمن لە دوورگەی هەستکردن بەکەمیدا زیندانی کرام.. دووچاری ترس وهەراسانی هاتم، چونکە کەوتمە ناو دڵی میللەتێکی بەفرینەوە، نەیانهێشت پشووبدەم، نەیانهێشت بەویستی خۆم لەخۆم بدوێم. خەڵکەکە گشتیان دێـویان دەپەرست.. سەگ وپشیلەو بەرازیان دەپەرست. دێـوەکان دووسەر سێ سەر تا شەشسەرو هەشت سەر دێـوێان هەبوو! من بەدرێژایی ساڵەکان دەستبەستە بووم، هەڵبەتە چەند جارێکیش گیانی خۆمم دەرباز کرد.. بەڵام زوو توانییان بمگرنەوەو دەست بەستم بکەنەوە.بۆیە ئێستا لە مەملەکەتی بێناودا دانیشتووم؛ لای پیـرشالیارو حاجیلەقلەقی ڕەشپۆش و جاڵـجاڵـۆکەی پیـرۆز، لە خەونمدا گوێ دەگرم.. گوێ لەهەموو تەرتیلەو دۆعایەک، گوێ لەزانستی خامۆش و بەهرەیان دەگرم.. دەبینم و لە خوود بیـنیمدا تۆش دەبینم.. هەموو شتەکان دەبینم، نەک تەنها شتەکان، بەڵکو گیانی شتەکان دەبینم. چونکە ئەوان مامۆستای فێرکردنی خوود بیـنین.. من فێربووم خۆم، ئەوی بێـئاڵاو بێـوڵات، پیـرشالیاری مەزن، هەروەها حاجیلەقلەقی پیـرۆزو جاڵـجاڵـۆکەی پیـرۆزیش ببینم، و بناسم.

ئێستا دەزانم بیرت جەمەو هاتویتە سەر داوی یەکەمی ڕێسانی ڕۆمانەکەم.. دەزانم چاک تێدەگەیت کە من باسی پاڵەوانێک دەکەم کە وڵات وئاڵاو ناوی نییە.. بەڵام لە تەوقی سەری ئەودا درەختێک تەلیسماوی ڕواوە، ئەو درەختە بەکەکێشاندا باڵا دەکات، جاڵـجاڵـۆکەیەکی سپی بوونەوەر لەسەر سەری ئەو تەون دەکات.. باڵندەی لەقلەقی ڕەشپۆش گیانی برسییەکانی جیـهان، گیانی مەسیحە لەخاچ دراوەکان، گیانی دۆعا بەردباران کراوەکان، گیانی مندالانی بەهەوەس لەباربراو دەگوێزێتەوەو دەیهێنێت بۆ درەختی زەمان. جاڵـجاڵـۆکەی پیـرۆز قۆزاخەیان دەکات، وەکو دۆعا، وەکو گەڵا بەدرەختی زەماندا ئاوێزانیـان دەکات. دەزانم تێم دەگەیت.. دەزانم ـدەزانیت کە من پەنابەرێکم ولە دورگەی خۆمدا لەخەوما داستانی بەسەرهاتی مـرۆڤێکی بێناوتان بۆ باس دەکەم، کە هەژدە ەساڵی ڕەبەقە لە وڵاتی کرێوەدا، لەناو چواردیواردا خەو بەژیانەوە دەبینێت. هەست دەکەم من ئەوم ( بەڵام لە خەونەکانمدا!.. گەرچی بە بێداریش هەمان هەست میوانی گیانیمە!)

زیندانە ولە خەونەکانی هەندەراندا دێـوەکان چاودێریی دەکەن، جاسووسی بەسەرەوە دەکەن، بوختانی بۆ دەکەن، دەیانەوێت بیکەن بە خۆراکی بەرازە دێـو سیفەتەکان، بوختانی بۆ هەڵدەبەستن، تێزابی سیحری دەکەن بە هەڵمی هەناسەیدا ـ لەودیو دەرگا ئاسنینەکانەوە.

باسی ڕاستییەکتان بۆ دەکەم کە بەلای کەمەوە من باوەڕم پێیەتی، من لەخەونمدا ڕاستی جوانتر دەبینم. هەر بۆیەشە باسی ئەم مـرۆڤەتان بۆ دەکەم، چونکە ئاساییە مـرۆڤ بوێرێت خەونەکانی بۆ مـرۆڤێک بگێڕێتەوە! ئەگەر من هاوڕێیەکی گیانی یاخود مەعشوقەیەکم هەبا، دڵنیابە سەری تۆم نەدەیەشاند بەم باسانە، بەڵکو باسی سینەماو گەشت و گەڕان و هەوەسی سەرپێییم بۆدەکردیت. یاخود حیکایەتی مێش! ئێستا تۆ لە قوتبی مندایت، تۆ لە ڕەحم و بەزەیی مندایت، لەخۆتدا لەمندایت.. تۆش لەدورگەی مندا لەنگەرت گرتووە، وەکو زەڕنە قوتەیەکی ساوای بێپەڕوباڵ، جووکەت دێت، چاوەڕوانیت لوقمەی وشەیەک بکەوێتە دەمتەوە.

دەزانم لەم ساتەوە فێری کەرامەتی من دەبیت، فێری حورمەتی من دەبیت، فێری گریانێکی خۆش دەبیت.. دەگرییت بۆ هەستی تەنهاییم، بۆ بێکەسیم؛ بۆ بێهاوڕێییم، چونکە من بیری ژیان دەکەم، لەم دورگە تاریکەدا.. کە تیایدا ڕۆژ مانی گرتووە، کە وەرزەکانی بەهارو هاوین تیایدا واقیان وڕماوە.

من بیر لەتۆ دەکەمەوە، بیر لەهاوڕێ و هاوگیان و هاوخەم دەکەمەوە. بیر لەوانە دەکەمەوە کە لەژێر ئاگری هەناسەی هەژدیهایەکی پێنج سەردا هێشتا ورەی ژیانیـیان تیایە. بیر لە ژیانێک دەکەمەوە نەمدۆڕاندووەو نەشم بردۆتەوە.. بەڵام دڵنیام کە فریشکی کەوتووی مـرۆڤایەتی دەگرمەوە، دڵنیاتر دەدوێم ودەنووم، چونکە دەزانم تۆ دەتوانیت ببیت بەهاوڕێی گیانیم، بەومەرجەی دێـوپەرست نەبیت. دەتوانیت سەرتم بۆ بلەقێنیت وپێکێک بۆ مـرۆڤی بێناو هەڵبڕیت و لەبری من بینێیت بەسەرتەوە. دەزانم لێرە بەدواوە خۆتو هەست و نەستەکانت دەکەیت بەهاوڕێیەکی نەمر، لەگەڵ مندا سروودی ئازادی دەخوێنیت، لەگەڵ مندا گوێ لەئاوازی هەست دەگریت، هەستی پەتی، هەستی هاودەردی. چونکە لەوکاتەدا کەمیلی کاتژمێر دەوەستێ و پشویەک دەداو بەدوایدا چرکەیەک دەکات، لەوکاتە تەسکەدا کە برژانگی چاوی من و تۆ دەتروکێت.. پیـرشالیار لەناو بنکی درەختی زەماندا، لەناو سەری بێـوڵاتدا ـ لەخەوی مندا لەدایک دەبێت.. دەژێتەوە.. دێتەوە وسەر دەردێنێت. لەو میانەیەدا، لەو چرکە ساتەی نێوان تەکانی میلی سەعاتێکدا هەموو بوونەوەرێک، هەموو گیاندارو ڕووەکو مـرۆڤ و ئەستێرەو بوویەک، مت دەبێت، لەو متبوونەدا بەهرە لەدایک دەبێت، دۆعا چاوی لەیەک دەنێت، دێت بۆ لای من، بە باڵەکانی حاجی لەقلەقێکی ڕەشپۆش. منیش بەخێرهاتنی لێدەکەم، برینەکانی تیماردەکەم، لەخەوما دەیکەم بە شاکچی مەملەکەتی عەشق، ئەم ڕۆمانەی پێشکەش دەکەم.

دەزانم من لەخەونمدا لە میللی چرکەیەدا کە هەموو گەردوون و هەسارەو ژیانەکان مت دەبن.. من بێدارم، چیرۆکی پاڵەوانەکەمتان بۆ باس دەکەم. فێرتان دەکەم گوێم لێبگرن، لەگەڵیـدا و لە گەڵ مندا هەناسە بدەن. چونکە دەزانم هەندێک لەئـێوە دەزانن کە مـرۆڤی نوێ زادەی هەست و نەست و باوەڕی ئەوانی ترە، گیان و بیری مـرۆڤەکانی ترە، مـرۆڤی نوێ گیانی دابەشە وخۆی لەوانی تردا دەبینێتەوە. مـرۆڤی نوێ لێرەوە ئاشنادەبێت بە خواوەندێکی نوێ، بەباوەڕێکی نوێی جیهانبینی.

لەم کاتەدا ژیان مت دەبێت، پیـرشالیار چاوی دەپشکوێت، لەناودرەختی زەماندا.. کات پێنج وبیستویەک چرکەی بەیانییە **لە سەرەتاو کۆتایی ئەم کتێبەدا، ڕۆژی بیستویەکەمی نەورۆزی سالێکە لەڕابردوویەکی دووردا، یاخوود لەداهاتوویەکی نزیکدا.. کەمن بە پەیام لە خەودا پێم دەگات. لەو باوەڕەدام کە ساڵ دیار نییە، بەڵام ڕۆژ و مانگ و سات دەڵێن:** بیستویەکەمی نەورۆزە.. سروەی بەیانی هەمان ڕۆژە.. باڵندەو گیانداران دەزێن و لە هێلکەش هەڵدێن.. لەخەونەکانی مندا پیـرشالیاریش چاوی دەپشکوێت، لەسەری بێـوڵاتدا.

حاجیلەقلەق بە تەقەتەق گیانی دۆعا دەسپێرێت بە جاڵـجاڵـۆکەی مەزن، تا جوانجوان قوماتی بکات، تاوەکو تۆوێکی نایاب و تایبەت، وەکو دڵێکی لەگیان دروستبوو لە مروارییەکی گیانی بە درەختی زەماندا ئاوێزانی بکات.

من بووم بە دووکەرتەوە..گیانم وەک هەستێکی زیندوو؛ شپرزەیەو هەوڵ دەدات پەیکەری لەت بووم بەیەک بگەیەنێتەوە. من هەموو ئەو ئەندامانە لەخەودا دەبینم کە تا ئێستا ناوم بردوون. من ئەوانم و ئەوان منن!

من هێشتا لەخەوهەڵنەستاوم! گەرچی نوستووم، بەڵام گیانی پەنابەریم بێدارە، سالانێکە هەر بەبێداریش دەنووم، خەودەبینم. **لێرە بەدواوە کات دەوەستێت، لای من، لای تۆش، لای هەرگیاندارێک.. لەوەستانی کاتدا ئەم بەسەرهاتانە لەدایک دەبن. بۆیە نامەوێت پابەندی کات بیت، چونکە کات دەوەستێت، هەمووشتێک دەوەستێت ئەوکاتەی ئەفسانەکان لەدایک دەبن.**

**بۆیە تکات لێ دەکەم بەدوای کات و شوێندا وێڵ نەبیت، چونکە ئەم داستانە ڕومانە زادەی ڕاوەستانی مـرۆڤ وکات وشوێنە.. دەتوانم بڵێم هەموو تابـلۆکان لەو کات وەستانەدا لەدایک دەبن.**

ئەم ڕۆمانە لە وەستانی یەک چرکەی بوونەوەردا لەدایک دەبێت.. دڵنیابە خوێنەری بەڕێز کۆی بەسەرهاتەکانی ئەم ڕۆمانە زادەی چرکەیەک ڕاوەستانە. ئەم ڕۆمانە هەرچەند زۆر کات بەرێت، لەچوار چرکە تێناپەڕێت لە خەونی مرۆڤێکی وەک مندا. بۆیە کات هیچ ڕۆڵێک نابینێت، چونکە کات وەستاوەو دەوەستێت.

مێرولەکان فەرموویان: ئامین.. خەیاڵ بەرفراوانترین زانستە. یەکێک لە مێرولەکان تەنهاو شەکەت لە گۆشەیەکی ماڵەکەمدا بە دەوری خۆیدا دەسووڕا.. چووم بە لایەوە و سڵاوم لێی کرد، پاشان چەمامەوەو دەستم گرت بەسنگمەوە بۆ بەڕێزی. مێرولەکە وەستا.. سەیرێکی بە پەلەی کردم، پاشان خەندەیەکی ناسکی نیشان دام! خەندەیەکی زۆر جوان، هەستم بە خۆشاییەکی گیانیی زۆر کرد. چونکە هەستم بە هاودەمی وهاوڕێیەتی کرد. مێرولەکە فەرمووی: نامناسیتەوە؟ ئەوە چیتە هاوڕێ، بۆ هێندە ماندویت!؟ چییە؟ چۆن نامناسیتەوە؟ من هاوڕێی دۆعا-م!

منیش ڕووی خۆمم کردە قیبلەی خۆر.. وەکوو زەردەشت نوێژم دادا.. بە دەم چپەوە نوێژم چپاند بە گوێی شەماڵدا.. دۆعام بینی لە بەهەشتێکی سەیرا! بینیم فریشـتەکان نوێژی بۆ دەکەن، خواکـان داوای لێبووردنی لێ دەکەن. خواوەندی مەزنیش دەگری و برینەکانی تیمار دەکات.

مێرولەیەکی ژیر فەرمووی: مەبەستت چییە لە زاراوەی خواکان؟ فەرمووم: خواکان جگەرگۆشەکان و ووردیلەکانمانن. ئێوەن.. خواکان بچکۆلە و جوان و بێخەوشن. ئەوان ئەوانەن کە کاتێک لە دایک دەبن دەمرن! یان تووشی نەخۆشی دەبن! یان دەکوژرێن و لەناو دەبرێن بە دەستی دێوەکانی شەڕ! چونکە مرۆڤی بێ گوناح نامرێت. ئەوان ڕۆشنایی گیانی خودی خواوەندن. ئەوان زمانڕاستی ئەم کتێبەن کە تیشک دەخەنە سەر ڕاستییەکان. چونکە نەمری بەشێکە لە هەمیشەیی!

خواکان پۆرترێتی نەخشینی ئەو تابلۆیانەن کە مووسا بە پەیام هێنای بۆ میللەتە گومڕاکەی. ؛ دڵنیابە لەتەک هەر ڕاستییەکدا خواوەندێک دەژی و پارێزەری هەمان ڕاستییە تا هەتا هەتایە. هەن لە ناوماندا تەنها خواوەند دەپەرستن، هەن خواکان دەپەرستن. من هەموو جۆرە خواوەندێکی خێرخوام خۆش دەوێت، بەڵام نایانپەرستم. چونکە خواوەندی مەزن مرۆڤ و بوونەوەری بۆ ئازادی داهێناوە نەک بۆ پەرستاری و کۆیلەیی و ترس. مێرولەکان فەرموویان : ئامیین

# تابلۆی خواوەند

دەبێت بزانیت کە خواوەند(ئاهورامازدا) لەمشەی منداڵاندا؛ تەنها لەواندا زینـدووە.. خواوەند لەوێدا خۆی لەمشەکانیـاندا خپ کردووە، بەڵام ئەو موڵکی کەس نییەو پێویستیشی بەڕەحم و بەخشندەیی پەرستاریی مرۆف نییە. خواوەند خاوەن ئاڵاو وڵات و زمان نییە. خواوەند نەشەڕخوازە، نەشەڕداهێنەر.. ئەوهەرگیزباوەڕی بەو شەڕە نییە کەمـرۆڤ کردویەتی بە ئیرس، و ترسی لەو کردووە بە کەلتوری ژیان و شەیتانیـان کردووە بە دەستکردو فریشـتەی شەڕی خوا. خوا لە شەڕ نییە. ئەم زانستەش نە دێرینە نە نوێ .

خواوەند کۆچەرێکی گەڕۆکە، بێناسنامە. بێـوڵات، بێـئاڵاو بێکەس بەگەردوونەکاندا دەگەڕێت، دەفڕێت.. بە تەوژمێکی خێراتر لە خەیاڵ باڵەکانی لێکدەداو لە تەوژمی لێکدانی شاباڵەکانیدا دڕ بەتاریکی دەدات.. بەناو گەرووی دێـوەکاندا بەرق ئاسا باڵ لێکدەدات، باڵەکانی نورێکی سپییە، حەوت سەد جار ڕۆشنترە لەو نوورەی کە مـرۆڤ توانای درکاندنی هەیە. ئەمە هەستی نەستەکانی منە لە خەونەکانمدا!

لەگەردوتۆزی ئەوباڵلێکدانەدا، هەمیشە بوونەوەرەکان خۆیان دەرپێسن.. بەڵام کەی؟

ئەوکاتەی کە ئەهریمەن خۆی لەوگەردوتۆزانە هەڵدەقورتێنێت.. چونکە هەرکاتێک دەست بۆگەردوتۆزی خواببرێت.. شەڕێک دەزێت.. شەڕێک کە خواوەند پێی نازانێت، پێویستی پێی نییە! منەتی پێی نییە! چونکە ئەهریمەنی شەڕ وادەزانـێـت کە دەتوانێت دەست بۆ سروشتی خوا بەرێت! من وای بۆ دەچم کە ئەهریمەن دەیەوێت پەی بە نهێنییەکانی کردگار بەرێت. ئێمەی مرۆڤ کە فێرین هەست بکەین و باوەڕ بە دەسەڵاتی خواوەندێک بکەین؛ چاترە باوەڕیش بەوە بکەین کە ئەهریمەنیش هێزێکی ترە و دەسەڵاتێکی دژە بە دەسەڵاتی خواوەند.

بۆیە دێـوەکانی شەڕ دەیانەوێت دەست بۆ کەرامەتی خوا بەرن، داگیری بکەن، بۆیە مـرۆڤێک دێت، تا دێـوەکان هەڵبسەنگێنێت، تا هیوایەک لە دەروونی تاریکی دیوەکاندا دابگیرسێنێت، تا دڵێک لەواندا بڕوێنێت، چرایەک هەڵ بکات

خواوەند خۆی بە پیـرۆزنازانێت، و بە پێودانگ و یستی ئێمەی مرۆڤ ڕەفتار ناکات. چونکە ئەو لە ئێمە نییە و بەڵام لە دەروونی هەندێک لە ئێمە و لە گیانی هەندێک لە منداڵەکانماندا زەڕڕاتی پەخشە.

خواوەند خۆی بەگەورەو لووت بەرزناگرێت، چونکە لەسروشت و شێوەی ئێمە بێبەرییە، گەرچی لەنێوماندا هەن کە لە کەماڵی ئەو بەهرە وەردەگرن.. جامـرۆڤی دێـو پەرست یاخود دێـو هەرچیەک دەربارەی ئەوبڵێت، زیاڕۆیی دەکات.. چونکە تائێستا کەس لای خواوەندەوە نەهاتۆتەوە تا خۆی لە باسی ئەوهەڵ بقورتێنێت! هیچ پێـغەمـبەرێکیش نەیوێراوە، یان نەیتوانیوە ڕاستەوخۆ باسی بینینی کەرامەتی خواوەند بکات. پێغەمبەری ئیسلام دەفەرموێت: بە چاوی هەست ئەوم دیوە! دروودی لێبێت.

بوون و نەبوونی ئەو هیچ لە بوونیەی مـرۆڤایەتی ودێـوایەتی ناگۆڕێت.. بەڵام من بوێرم، دەوێرم پێتان بڵێم کە خواوەند لە ماڵی مندا، لەگیانی مندا، لەدەرونی مندا، لەژیانی مندا زۆر گچکۆکە خۆی لەمشەی منداڵەکەمدا پەنهان داوە. چونکە من خواوەندی خۆمم هەیە.

منیش پەنابەرێکم پەنام بردۆتە بەر گەردوونی مشەی منداڵ.. چونکە مشەی منداڵ گەردونێکە بە هەزاران خواوەند دروستی دەکەن لەبەردەوامیدا، گەردوونی خەندەی منداڵ.. ئینجا بوونەوەرەکان. خواوەند لای

من نوورێکە نافانی، لەتاو شەڕی ئەهریـمەنەکانی دەروونی مـرۆڤایەتی، پەنای هێناوەتە بەر منداڵەکانمان.. جا ئەگەر گوێم بۆڕادێریت، باسی ئەوت بەهێمنی بۆدەکەم.. چونکە من لەهەر نێوانەکاتییەکدا هەست بە بوونی دەکەم و گوێ لە ترپەی دڵی دەگرم. ئەو پێویستی بەکوڕنووش و پاڕانەوەو لالانەوەی من وتۆ نییە.. پێویستی بەترسی مـرۆڤ نییە، بەڵکو خواوەند زۆر لەمـرۆڤی دووڕو و لە دێوپەرست دەترسێت.. چونکە مـرۆڤ سومعەی بوون و مانای خۆی بەرەو کەندەڵانی ونکردن دەبات. مـرۆڤ دێـو دەپەرستێت، لەخوای دێـوەکانی شەڕ دەترسێت. دەشێت من هەڵەبم، بەڵام لەهەڵەکانی خۆم دەبوورم، چونکە تاوان بەرامبەر بەمـرۆڤ ناکەم ، چونکە لای من مـرۆڤ بێبەری نییە لە سروشتی خوا، خواوەند لەقوورئانی پیرۆزدا دەفەرموێت: ئێمە مـرۆڤمان لە جوانترین وێنە خوڵقاند، پاشا ن ڕەوانەی نزمترین نزماییمان کرد. لەفەرهەنگی مندا مـرۆڤ لە خواوەند کەمترنییە، مـرۆڤ جوانە، هەروەکو منداڵ.. ئالەم نێوانەساتییەدا گوێم لێیە خواوەند لەگەردوندا شاباڵەکانی لەیەکدەدات و چەپڵە بۆ هەستیاریی من لێدەدات.. پێت خۆشبێت یا نا.. من هەست بەبونێک دەکەم کە بەدەر لەمن بوونی مەحاڵە.. من دڵنیام لەوەی کە خواوەند وەکومنداڵەکان شاگەشکەیە بەوەی کە من زەلیل و ڕسوا وخۆ بەکەمزان لە هەیبەتی خۆم ناڕوانم..

خواوەند باوەڕێکی یەقینی بەمن هەیە.. ئەگەر وا نەبوایە، ئەرکی دروستبونی منی بەخۆی ڕەوا نەدەبینی. ئەگەر من خواوەند بومایە هەرگیز ئەوئەرکەم نەدەگرتە بەر، تا بیر لە دروستکردنی مـرۆڤی دێـوپەرست بکەمەوە.. چونکە مـرۆڤ زۆر سپڵەو ناشکورە، هەرچی تاوانەکانی خۆیەتی خستویەتە ئەستۆی خواوەند. وائەزانین خواوەند مـرۆڤە! نمونەیەکی خۆشت لەوبارەیەوە بۆ دەگێڕمەوە: جارێکیان لەتەک خەڵک و خوادا لەمزگەوتی شارێکی ئەم دونیایەدا، دوای تەرمێک کەوتین.. ملی ڕێگەمان گرتەبەر بەرەو قەبرسان بۆ ناشتنی تەرمی بابایەکی مردوو.. کاتێک خەڵکێکی زۆر کەزوربەیان دێـوپەرست بوون! بەدڵ و بەگیان مردووەکەیان لەقەبرنا.. سەرە هاتە سەرمامۆستا مەلا تا تەڵقین دابدات.. مامۆستا گرگنێکی زرت و وریا بوو.. کەفەڵی خۆی هەڵکردو بە بیسمیللاو فاتیحاوسەڵاوات دەستیکرد بە دادانی کەشی ناشتن و شەکرشکاندن، بەم جۆرە کەوتە دادانی پەند : " گوێت لێمە ئەی کۆچکردوی ناسراو بە فڵانی کوڕی فیسار؟ ئێستا کاتی حەشرونەشرە، دوو فریشـتە لە ئاسمانەوە بەرەولای تۆی مردووی زینـدووی ناوگۆڕ بەڕێوەن، دێن و پرسیارت لێ دەکەن تۆکێیت و کوڕی کێیت؟ چیتکردووەو باوەڕت بەچی بووە؟ بێباوەڕیت یان باوەڕدار؟ خێرو چاکەت کردووە یا ئاشوب گێر بوویت لە ژیاندا؟ مەترسە وەڵامیان بدەرەوە، ئەوان فریشـتەی خێر و شەڕی تۆن.. پێیان بڵێ کە من فڵان کەسم، لەسەر ئایینی ئیسلام پەیڕەویم کردووەو فەرزەکانی موسوڵمانیم پەیڕەوکردووە. لەپێشدا زیندووت دەکەنەوە، پاشان دەتمرێننەوە، و پاشان جارێکی تر زیندووت دەکەنەوە.. ئەگەر لە پیاوچاکان بیت فریشـتەی چاکە دڵنەواییت دەکەن و قەبرت بۆدەکەنە چراخان تا ڕۆژی بەرێ.. گەر کافریش بیت وەی لە حاڵت، کرم ومارو جانەوەر هەلاهەلات دەکەن ".

من زۆر بە وردی گوێم بۆ مامۆستا شل کردبوو، دەرزەنێک کلیلی تۆپەڵ کراوی لەدەست بوو، بەدەم تەڵقینەوە ، بە چیچکانەوە ، نائاگایانە ڕایدەوەشاندن و دەنگێکی ناشازی بڵاو دەکردەوە.. لەهەمان کاتدا سەیری ڕەنگ زەرد بوون و حەپەساویی ئامادەبووانم دەکرد.. هەریەکەیان بەجۆرێک ترس وپەشیمانی داگیری کردبوون.. گشتیان پێکەوە مەلای لێدەرچێت ـ زۆر بە زەقی فریشـتەکانیـان دەبینی! کوت و مت وتەکانی مامۆستایان بە چاوی ویژدان تا ڕادەی بینین بینی.. هەستی هاوهەستی و هاودەردییان زۆربەهێزبوو!

یەکێک لەئامادەبووان کە پیر بوو وسەری لەپاڵ قەبرەکەدا دەلەرزی.. وا ڕۆچووبووە مەوعیزەی مامۆستاوە، کە ترس هەراسانی کردبوو، لە ناکاو هاواری لێبەرز بووەوەو کردی بەباوکە ڕۆ.. بەدەم وڕێنەی ترسەوە هاواری لێهەستا: " وەی باوکەڕۆ چیم بەخۆم کرد! خواگیان دەستم دامێنی فریشـتە گیانەکانت، من کردم و تۆ نەیکەی؛ منم کۆیلەی ڕووڕەشی دنیاو قیامەت. خوای گەورە بیکە بە خاتری فریشتەکان و ئەسحابە و پیاوچاکان، و لە گوناحەکانم خۆش بە.. من ڕووڕەشی بەر دەرگای قیامەتم، ئەی خوا گیان"،
هەشبەسەردەیکێشا بەسەری خۆیدا، شین و شەپۆڕی هەندێکی دەخستە پێکەنین و واقی هەندێکیشی دەوڕماند! کابرای پیرە گریانی بۆ ژێر نەدەبووەوە، تووشی هەڵمەتی گریان بوبوو! مامۆستا لەدڵەوە پێکەنینی بەو شانۆییە قەشمەربازاڕە دەهات.. ئەگەرچی سامیشی لێ نیشتبوو.. چونکە ترسی کابرای پیر کارێکی ئەوتۆی لە خەڵکی کرد کە مامۆستا هەست بەگوناح بکات.
من کابرای پیرم دەناسی، هەمان ڕۆژ دوای سەرقەبران بە فزولێکی ژێرەوە کەوتمە تکاو ڕجا لەومامە پیرە تا هۆکاری ئەو شاڵاوی گریانە بەکوڵەیم پێ بڵێت.. ئەو لەوەڵامدا ووتی:" مامۆستاگیان چی بێت لەتۆ نهێنی بەقوربانی ئەودەمڕوتییەت بم، ئەوەی من دیم و چەشتم یاخوا بەسەرکافریش نەیەت! بە هەرتک چاوانی خۆم قیامەتم لەوگۆڕێی بینی.. پەککوو! پڕ بوو لەئەهریـمەن، عەشاماتیان لەگۆڕ دەردەێناو لەزوخاویان هەڵدەکشاو شیشی داغانیـیان لەقونێ دەبڕین و لەدەمیانەوە دەریاندێناو لە جەهەنەمیان داوێشتەوە.. پەککوو!..مەعازەڵڵا لەوقیامەتەی من بەچاوانی خۆم دیتم!.. کورە دەمڕووت شەرم لەخوا بکە هەی مەکتەبلیی" .
من لەئاسۆیەکی بەدەر لەهزرو هەستیاریی خەڵکی لە گۆشەنیگایەکی تایبەتەوە ڕاستییەکی ترم دەبینی.. دەمبینی جەندرمەی ترس و دێـوی شەڕ هەڵمەت دەکەنە سەر ئامادە بووان و لە قەبارەو بوونیـان دادەکرۆژن.. باوەڕیان داگیردەکەن و سەریان لێدەشێوێنن.
ترس کە گەورەترین دوژمنی مـرۆڤە، دێـوو خێوی زەبەلاح دروست دەکات! ئەو ڕۆژە ترس قەبرسانەکەی تاریک کردبوو، کەس لەیادی نەبوو کە سەر لە بەیانییەو ڕۆژێکی فێنک وخۆرەتاوی بەهارە!
مامۆستا گورزی دێـوی دەوەشان و خێوی تۆقاندنی هاندەدا! خۆئەگەر بێت و باسی ئەوە بکەم کە مامۆستا چۆن لەخواوەند دەدوا ئەوە هەموتان بەکافرو زەندەقەم دەزانن، چونکە مامۆستا وا دەدوا کە دەتگووت سەدویەک وێنەی لەگەڵ خوودی خوادا گرتووە! واتدەزانی هەرحەوت تەبەقەی ئاسمانەکان بەفریشـتەی جەللاد قەرەباڵغ بووە؛ و خواو فریشتەکانت لێدەبوو بە سەدام و قوات خاصە!
دەتگووت باسی جەندرمەکانی بەعس دەکات لەشارەکانی کوردوستاندا، کاتێک دەکەوتنە وێزەی کوردو هەڕەشەیان تاو دەدا! دەتگووت وائەزانێت ئاسمانەکان حەییولبەعس و جەللاد ئاوان.. فریشـتەکانیش جەللادی خوان.
لەبەر ئەوە گوێم بۆ ڕادێرە، من مەلا نیم، بەڵام باجارێک ڕێگە بەخۆم بدەم و سەری پەیوەندییەکی بچکۆلە لەگەڵ فریشـتەکان و خواکـاندا ببەستم، چونکە من گوێم لێیە لە دەرەوەی بوونەوەردا کۆراڵێکی مەزن پڕبە گەرووی گەردون دووپاتانە تەرتیلەی – ئامین- دەخوێنن. من مـرۆڤێکی زیرەک نیم و ئەو پاداشتە بەخۆم نادەم، ئەوەی من دەیزانم لە هەناسەیەکدا جێگەی دەبێتەوە. وەک مـرۆڤێکی پەنابەر بەئاگام لەوەی کەهەرمـرۆڤێک پەیامێکی بۆژیان پێیە، پێویستە ملکەچ بێت بۆ ئەو پەیامەو ڕاستگۆیانە دەریببڕێت..
لێرەوە من پەیامەکانی خۆم، بەویستی ئەو پیرە ڕادەگەیەنم کە هاوڕێی خەونەکانمە و لەمێژە دەیناسم.. پێویست ناکات کەس خۆی لێم بکات بە شەیتان و ملقرتم بکات.. تا ئێستا کەس نەیبیستووە یا نەیبینیوە خوا لەسەر تاوانێک کەسێکی سەربڕیبێت، یا داخیکردبێت. کەچی دێـوپەرستەکان ئەوکارە دەکەن.. بۆیە

من نامەوێت دان بەوەدا بنێم کە خواوەند دێـو و شەڕی دروست کردووە، ئەگەریش کردبێتی ئەوا دەستێکی چەپەڵ بۆ مەرامێکی تایبەت سروشی مـرۆڤی ئاوەژوو کردۆتەوە.. زۆر بەڕاستیمە ئەگەر من خواوەند بوومایە دێـوپەرستەکانم هێندە سەقەت و درۆزن و دێـو ڕەفتارو گێل و تەفرەخۆر دروست نەدەکرد.. من ئازادم، لەخۆبوردووشم، دەزانم  ئەم ژینە چەپەڵەی تاکوئێستا چنگم کەوتووە شایەنی ئەوەنییە بیکەمە پێخۆری فتوای مەلاو ئیمام و قەشەی نەخۆش.. چونکە من دەزانم ئایینەکان لەدەستی ئەودێـوە چەپەڵانەدا نەخۆشن وبگرە گیانیان هاتۆتە سەر کونە لووتیان.. بەڵکو شەڕی دێـوەکان هەموو باوەڕەکانی نەخۆش  خستووە. نەخۆشێکی ئەوتۆ، ئەوەی قولە پێی تێینا، گەندەڵ بوون و داوێن پیسیی دووچار دەبێت.

**پێـغەمـبەرەکان هەرگیز بۆ ئەو ئامانجە پەیامیان بۆ مـرۆڤایەتی نەهێناوە. جا خواوەند خۆی سەرپشکە، خۆی دەتوانێت ئەو بڕیارە بدات کە ژمارە و قەبارەی چەندە.. چونکە ئەو دەتوانێت زۆر بێت؛ هەبێت، دەشتوانێت نەبێت! خۆی دەزانێت. دەشتوانێت خۆی نیشانی هەندێک لە ئێمەی مرۆڤ و منداڵ بدات، چونکە زەڕڕاتی ئەو بەر هەر مەخلوقێکی پاک و پیرۆز دەکەوێت.** جا کاتی ئەوە هاتووە کە هەر کەس لە جێگەی خۆیەوە خوایەک بۆ خۆی دابهێنێت. چونکە بوونی خواوەند چاترە لە نەبوونی لە باوەڕی ئێمەدا. مەرج نییە خواوەندی گشتمان هەمان شێوە گەورەو تۆڵەسێن و جەهەننەم داهێن بێت! من ناچم بە گژ خواکانی کەسدا و لێبووردوشم دەرهەق کەسێک ـ کە بە هەڵە لە خواوەندی من دەڕوانێت. چونکە من لە پێناوی خوادا سەری کەس نابڕم و کەس هەتک ناکەم و ماڵی کەسیش تاڵان ناکەم. جا بزانن من باس لە چی دەکەم! أنفال!

مێروولەیەک هاتە خەونم.. بینیم ، بیستم چیرۆکی دروست بوونی بوونەوەر بۆ مێروولە وردیلەکان دەگێڕێتەوە.. فەرمووی: کاتێک کە ئاهورامازدا بوونەوەری دروست کرد، کاڵای بەر دەستی تەنها خێرو شەڕ بوو ـ بۆیە نەیزانی چی لەو دوو ڕەگەزە بکات، چونکە دژ بوون بەیەکتری! بۆیە خواوەند شەڕو خێری پێکەوە خستە ناو دەستاڕی زەمەن و ئەوانی پێکەوە هاڕی و تێکەڵی کردن.. بۆیە لەوکاتەوە شەڕوخێر تێکەڵ بە یەکتری بووە و ئاهورامازداش سەری لێ تێکچووە! بۆیە لەم دواییەدا، عیشق بێزار بوو لە کردەوەی ئاهورامازدا. چونکە عیشق ڕەنجێکی زۆری بەکار بردبوو بۆ داهێنانی خوودی ئاهورامازدا. بۆیە زرمە لە دەروونی بوونەوەر هەستا و عیشق لە ئاهورامازدا هاتە دەم و ئێخەی خۆی لە داخاندا تا بەری پێی دادڕی. پاشان بە ئاهورامازدای فەرموو: من تێناگەم، نازانم تۆ خەریکی چییت! تۆ لەوەتەی هەیت خەریکی تێکەڵ کردنی خێرو شەڕیت و بەوەش خۆت و بوونەوەر لەناو دەبەیت، چونکە خێرو شەڕ دوو توخمن کە تێکەڵ بە یەکتری نابن.. ئاتاجیشیان زۆر بوونی تەوژمی نێگەتیڤە.. وا بزانم تۆ کارێکی باش ناکەیت!

ئاهورامازدا فەرمووی: جا چی بکەین!؟ ئایا ڕێگە چارەیەک شک دەبەیت؟ عیشق فەرمووی بەڵێ. لەمەودوا ڕێگە بدە تا من دەستاڕی ژیان بگێڕم.

ئیتر زەمەن وەستا و عیشق شەڕو خێری لە یەکتری جیاکردەوە و سپاردنی بە چارەنووس و خواوەندی خۆیان. بۆیە لێرە بەدواوە کۆرپەکانم، دەستاڕی بوونەوەر بە دەستی عیشق دەگەڕێ.. چونکە ئاهورامازدا وازی لە داهێنان هێناوە. چونکە شەڕو خێر پێکەوە هەڵناکەن. چونکە عیشق بوونەوەر و خواو خواکانی داهێناوە. عیشق جاڵجاڵۆکەیەکە تەونی بوونەوەر دەکات.. بە خێرێکی پەتی نیازمەندە دەست بۆ کاری ئاهورامازدا ببات.

# تابلۆی دۆعا

کوکو ئوختییەک لەسەرچڵێکی بەرزی  درەختی سەر سەرم ـ لە بەرەبەیاندا خوێندی، حەوت جارفەرمووی: ژیان ڕاوەستە، ژیان گویێ لەدەنگم بگرە. فەرمووی: بەیانییە، جەژنە. جەژنی ئازادی، جەژنی نەورۆز، بیستویەکەمی مانگی نەورۆزە. دەنگی کوکو بەیاندەری یەکەم هەواڵی بەیانی بوو. زاگرۆسییەکان بێداربوون، جەژنەپیـرۆزەیان لەیەکتری دەکرد، دەستی باوانیـان ماچ دەکرد، سوپاسی ئاڤێستاو ئاهورامازدای یەکتایان دەکرد.. سروەی بەیان بوو لە داهاتوودا یاخود ئێستا لە ڕابردوودا، تێشکی خۆر وەکو فریشـتەیەکی خۆشەویستی قژزەردی پرتەقاڵی وپەمەیی، دەستی تیشکی نەرمی بەڕوخساری نوستوو و بێداردا دەهێنا ، سەمای بەباڵندەکان دەکرد، سروشتی بەشەماڵێکی کزو خۆش دەلاواند.. سروشت مەست بوو بە بۆنی نێرگزو ڕیحانە و پیـرۆزە.. باڵندەکان لەنەشئەی نازی کیژۆڵەی تازە لە خەوهەستاو، ئاوازێکی سەیریان دەخوێند، دڵی مەم و زین-یان لەگەردووندا پڕ دەکرد لە ئاواز.

من بەدوای لەشی دووکەرتبوومدا دەگەڕام! من دابەش بوبووم، نیوەم لە ناو زیندانێکی تاریکداو نیوەکەی تری لەشم لەقەبرسانێکدا کەوتبوو.

مێگەل گشتیان بیری جێژوانی شوان و شاشۆخی دێکانیـیان دەکرد.. گۆدۆ لە زاگرۆس وئەرارات وبرادۆست، وەک سێ پیتی هەمیشە پیـرۆز: گ ۆ د.. لەسەر سێ لووتکە، گیانی خۆی وەک هەور دەبەخشییەوەو دەیدا بە فریشتەکانی شەماڵ. زەردەشتی پیرۆز لە تیشکی خۆردا دەستی نابووە ژێر چەنەی، سەیری ناخی ئاسمانی دەکرد.

لەگەڵ کات و شوێندا لەگفتوگۆیەکی دەروونی و قوڵدا بوو. بەواندا سڵاوی بۆنەمری دەنارد، گلگامش و ئێنکیدۆی تەماشادەکرد، دەستەکانی بۆ بەرز دەکردنەوەو سڵاوی ئاڕاستە دەکردن. زرمەیەک لە کەس نەزانەوە هەڵدەستێت، دڵی زەمین ڕادەچڵەکێت، کات دەوەستێت، گیانی دۆعا(ئافرەتێکی لاوی کوردە کە بە بەرد بارانکردن شەهید دەکرێت) وەکوو مروارییەکی قورسی لە گیان دروست بوو، بە درەختی زەماندا هەڵدەواسرێت ؛ یان قوومات دەکرێت.

کات دەوەستێت..زاگرۆس دادەگیرسێت.. بەڵای سەیر سەر دەردێنێت، منداڵەکان بەتووڕەیی لەدایک دەبن، دایکان قرچە لەدڵیان هەڵدەستێت.. باڵندەکان بەئاسمانەوە ووشک هەڵدێن.. لەخوێندن وقاژەیان دەکەون. گیانی ئەسپە یاخییەکانی هەموو جیـهان ڕادەپەڕن.. مـرۆڤەکانی هەمووجیـهان لەجێگەی خۆیان ڕەق دەبن.. دەبن بەمۆمیایەکی گیانی و وەک مۆمی دانەگیرساو دەچەقن. هەوا مت دەبێت.. سەرما گەرمای دەبێت ..گۆی زەوی و ئاسمانەکان دەوەستن.. کات سەری لێدەشێوێت. منداڵ توانای بیستنی باوانی نابێت و باوان لە زارۆکی خۆیان دەترسن و نەخۆشی دەدەن بە یەکتری لە بری پاداشت و دیاری. وەکو فەرموومم کات دەوەستێت، هەورە بروسکەیەک بەر لە گرمەو زرمەیدا کات ڕادەگرێت.

بابزانین بۆچی؟ دەبێت بۆچی کات ڕاوەستێت و پشوو بدات؟ بۆچی ژیان لە ڕۆژهەڵات، لەڕۆژیاوا لە مت بووندا لەنگەر بگرێت؟  بەڵام ئایا کەی؟ کەس نازانێت! بەڵام لەوکاتەدا کە زرمە لەبوونی من هەستا. لەوساتەدا کە تیایدا هەزاران دۆعا هەتک دەکرێن.. سەردەبڕدرێن.. ئەهریـمەنەکان سەردەردەهێنن.. دێـوەکانی تورک وفارس وعاری عەرەب و خێوەکانی تورک ـ سەرلە ئازادیی زاگرۆس دەشێوێنن.،. دڵی خواکـان دەڕەنجێنن.،. عەشقی دۆعا دەڕوخێنن.. دێـوو خێوەکانی کورد دەتۆقێنن.،. تۆوی زەقنەبووت..

درەختی زەققوم.. زەهری نەحس دەکەن بە قووتی دایکان و مندالانی خۆیان..، سەرلە خێری خوا دەشێوێنن..، کورد دەکوژن.. ژیان، جوان، دۆعا فاتم، ئاشتی سەردەبڕن..، هەستی ژیان دەتۆقێنن.
لەوەتەی ئەو ئەهریمەن ودێوانە پەیدابوون.. خواکان خەریکن دڵەکانی خۆیان وەکوو چەپکە گووڵی ڕق.. لە بێخەوە هەڵدەکێشن.. ئەگەرچی ئاهورامازدا باوەڕی بەمرۆڤ نەماوە.. بەڵام هێشتا ڕەگ وڕیشەی خێری لەسەر زەوی ماوە. بۆیەکات دەوەستێت.. دەشێت دووچاری وەستان بێت.. هەموو شتێک دەبێت بووەستێت.
کاتێک کەژیان وەک دۆعا وەستا و فریشتە ئاسا دەستی نایەژێر چەنەو لەبەر خۆیەوە ڕاما ؛ یادی دێتەوە کە بەر لەمێژوو جارێکیان ڕاوەستاو بەخۆی فەرموو:" ماڵم نەشێوێت چیم بەخۆم کرد؟ ئەم هەموو دێوە زبرانە چین من دروستم کردوون؟".. ژیان تەریق دەبێتەوە، وەک ئەو کاتەی کە تیایدا دۆعا هەستی بە پەشیمانی کرد.
کاتێک کە خواو خواکان تەماشای دۆعایان کرد چۆن بەدەستی خزم و براو کەس و کاری خۆی ڕەجم دەکرێت! خواکان و فریشتەکان و خوا۔ هاتنە خەونم و تووڕە دیار بوون و ئارەقیان دەکردەوە و نەخۆش کەوتبوون! لافاو پەرکەمی گرتبوو، هەورەکان قوڕگیان پڕ بوبوو لە نەعرەتەی بەرق و باکان وەک گورگی برسی و تووڕە دەیانلووراند، و بە پێغەمبەر و فریشتە وخواکانیان دەگووت: ڕێگەمان بدەن تا ئەو دێوانە لە ناو بەرین. چونکە ئەوان پیس بوون لە تاوان و شەڕو ڕقدا.
کاتێک کە ژیان دەبینێت سەدان دۆعا سەرتاپایان شەڵاڵی خوێنە.. نینۆکی خۆی دەگەزێت و دەفەرموێت:
"ئەگەر بێت و تاقە خوایەک دابەزێت بۆسەر زەوی، بستە شوێنێکی پاک نییە پێی لەسەردابنێت!
ئەیەڕۆ! ئەی ئەگەر خواکان دابەزن ۔ من چیبکەم؟ قووڕی کوێ بەسەری خۆمدا بکەم؟"
کەژیان ڕادەوەستێت.. من لە دوورگەی هەستکردن بەکەمیدا قەڵەم دەگرمە دەست..بە لەشێکی دابەش وگیانێکی ئازادەوە ئاوێزە ڕۆ دەکەمە سەر پالێتەکەم.. تەماشای باڵای ژیان دەکەم.. تەماشای سیحری جوانی و نازی دۆعا دەکەم.. وێنەی خەندەکانی دەکێشم.. خەو بە تەماشاکانیەوە دەبینم.. حەزی لێدەکەم.. شەونخوونی دەکەم بەدیاریەوە.. بەخۆڕایی بە شوکرانەی خۆم خزمەتی دەکەم، پاسی دەکەم.. جا قوڕ بەسەر ئەو دێوەی کە دەوێرێت نەک بەرد، بەڵکو تەماشایەکی تێبگرێت!
منیش لە خەو بێنین دا.. لەتەماشاکانمدا دەوەستم. دەچمە خەوی پیاوچاکەکانی میللەتەکەم و فێری تۆڵەیان دەکەم. هەر لە خەودا بێداریان دەکەمەوە و هانیان دەدەم تا لە هەر پارچەیەکی کوردوستانەوە ڕابن، و گیرفانەکانیان پڕ بکەن لە بەرد و بچن بۆ ئەو دێیەی کە دۆعای تیا ڕەجم کرا.. تا هەرچی پیاو و هەرزەکاری ئەو دێیە هەیە بەرد باران بکەن.. ئینجا بکەونە بەرد باران کردنی سیاسییەکان، ئەوانەی کە باوەڕیان بە دۆزی مەملەکەتی یەکگرتووی کوردوستان نییە و ئەوانیش ڕەجم بکەن. ئینجا وەک شێر بنەڕێنن بەسەر عەرەب و تورک و فارسی خۆفرۆشدا: (وازمان لێ بهێنن و ئایینی خۆتان بۆ خۆتان.)
ئەوسا بێداریان دەکەمەوە!
پاشان وەک جاڵجاڵۆکەی پیرۆز تەونی جوانیی تەماشاکانی دۆعا دەڕێسم.. بەزمانی حاجیلەقلەق.. دەیکەم بەتەقەتەق.. دەفەرمووم: ئەوە کێیە دڵ و هەست و بیر و پەرستگای من ڕەجم دەکات ؟.. هەست و نەستی ژیان و دایک پڕ لە ترس دەکات؟!
خێوی شەڕ دەنەڕێنێت ودەڵێت: ئەوەمنم، منمنۆکێ، دووچاوم هەنە بزبزۆکێ! هاتووم ژیان ئەتک بکەم، دەمەوێ ژیان داگیر بکەم، هاتووم دۆعایەکی ترو دۆعاکانتان بەردباران بکەم! تۆکێیت؟

منیش دەڵێم: ئەمە منم.. حورمەتی پەلکەزێرینە و باوکی تۆفان..ئەز نابەزم.. ئەزعیشقی دۆعام. دەتوانم دەستبنێمە بینی کات.. دەتوانم کات ڕا بووەستێنم.
برۆ کەشیش، کش.. دەتوانم گلگامش وئانکیدۆ پێکەوە ببەزێنم.. دەتوانم لەبری یەک خوا هەزارخوا لەگەڵ خۆمدا بێنم.. دەتوانم چرا لەدڵی دێـو و خێوی عارەب وتورکا هەڵکەم.. دەتوانم، بەرلەوەی پێچی جامانەکەم قەدکەم.. هەموو دێـوەکانتان بەم بە عەربا.. من لە نەژادی نـوح-م، من ئاریم.. بەڵام باوەڕم بە ئاهورامازدا هەیە.. باوەڕم بەشەڕنییە، کش.
کەژیان دەوەستێ.. یاخود کەژیان وەستا.. منیش وەکو هەرشتێک دەوەستم.. بەڵام لە بینین دا.. من لەبینیندا دەوەستم.. تۆ، ئەو، ئەوان هەموو گیاندارەکان دەوەستن، مت دەبن.
مـرۆڤ هێشتا پەی بە ڕاوەستانی کات نەبردووە.. هێشتا بە بیردۆزی مادده ناتوانن قەبارەو کشانی گیان بپێون.. چونکە گیان دەسەڵاتی ئاهورامازدایە.. گیان پەلی لەدەستی مندایە.. من گیانی خۆمم لە وشەکانما شاردۆتەوە.. لەبری یەک تاکەخوا ملیۆنەها خوام هەیە.. هێـندەی ژمارەی بەشەرو بەردەدارو ئەستێرەکان، خواکـان زۆرن.. یەک بە یەکیان دەناسم.. گشتیان لەناخی مندا گرمۆڵە دەبن.. دەبن بە پیت.. بە بیر بە هەست.. بە نەست.. خواکـان نە نێرن نە مێیینەن.. خواکـانی من جوانن، وردیلە و وردن، کارمەندن، ووزەن، هارمۆنین.. سیمیترین، گیۆمێترین، ئابستراکتن.. دەسەڵاتن.. دەسەڵاتیش دوای هەمووهێزەکانە.
دەشێت کات هەروەکو ئێمەی مـرۆڤ پێویستی بەوەستان و پشودان بێت، ئەگەر کات بوونی هەبێت؛ بێگومان هەڵوێست و پێداویستیشی دەبێت، مت دەبێت، دەڕواو دێت، بێگومان دەشتوانێت ڕابووەستێت! پشوویەک بدات و ژەمێک خواردنی بەتام بخوات! جا ئێمە نازانین خۆراکی کات چییە! یان چی هەڵدەلووشێت! بیر لە برسی بوونی کات بکەرەوە!

کاتێک باکان ڕادەوەستن، کاتێک ئەستێرەو ئاسمانەکان و هەسارەکان لە زکر ماندوو دەبن، دەوەستن.
کاتێک کەهەموو فریشـتەکانی ئاسمانەکان مت دەبن و لەبەردەم گیانی دۆعادا بەغەمێکی قووڵەوە دەستیان بە سنگیانەوە دەگرن، کاتێک کە من لە داهێنان دەوەستم.. کاتیش وەکو من دەوەستێت، پشویەک دەدات.
کاتێک کەکات دەوەستێت، زرمەیەک دێت، گرمەیەک، چەخماخەیەک.. لەوکاتەدا نەک هەرمن، بەڵکو ژیان بەگشتی دەوەستێت. لێم مەپرسن چۆن، یاخود بۆ! لەخۆتان بپرسن، ئـێوە کەخۆتان بەدەمڕاستی من دەزانن، بپرسن، شەرم نییە نەزانن، بپرسن، ئەگەر لە خواکانی خۆتان دەترسن.
پەنا بۆ خواکەتان بەرن، بەشکو ئەویش بۆ تەنها جارێک لووتف بفەرموویت و ڕاوەستێت، گوێتان لێبگرێت.. کاتێک مـرۆڤ توانیی خواوەند داهێنێت و کۆی نەهامەتی و حەق و نا هەقەکانی بەئەستۆی ئەودا هەڵواسێت و بەویستی خۆی کردارو ڕەفتار بۆ خواوەند داهێنێت، بێگومان کاتیش وەکو بوویەکی ژێردەستەی خواوەند دەتوانێت بە ئەمری خوا بوونی هەبێت. دەتوانێت کەی بییەوێت بڕوات، کەیش بیەوێت ڕاوەستێت.
ئەو زرمەیە، زرمەو گرمەی داڕوخانی ئەو دیوارە ئەستوورە بەستەڵەکینەیە کە دارما، کە بێـئالا تێیدا دیل بوو.. دیوارە شەختەییەکانی وڵاتی بەفر.. چونکە کاتێک کە دۆعا پاڵەوانی بێناوو بێـوڵاتی دی، فرمێسکێکی بەکوڵ لەچاوی دەرپەڕی، ساردوگەرم بەر یەککەوتن، دیوارە بەستەڵەکینەکان دارمان..
پاڵەوانی بێناو ئازاد بوو، بەستەڵەک ڕووخا، بێـوڵات ئازاد بوو..من بووم بەدوو کەرتەوە.

ڕۆژ هەڵهات ، کات وەستا! منیش بێداربوومەوە.

کەکات وەستا، بێداربوومەوە لەخەوێکی ناخۆش، خەوێکی سیمبۆلی وسوریالی وعەبەسی.. لەخەونمدا کات وەستابوو.. لەهەزار پارچە خەودا.. کۆلاجە خەونی سەیر سەیرترو سەیرترینم دەدی ، خەونەکانی ئـێوەشم دەدی..

دەمبینی بەستەڵەکەکان ماندوبوون و بەلادا دەهاتن، شەپۆلەکان تووڕەبوون و بەشەق کەوتبوونە وێزەی دیوارە بەفرینەکان.. حەزرەتی نـوح-م بیینی لە شکۆی خۆیدا ئازاد دەبوو، ئەوم بینی درەختێکی مەزن لەسەرسەری ڕوابوو، وەک ئەوەی خۆی بەویستی خۆی ئەو درەختەی لەسەر سەرنابێت، دەرۆی، بەهێزو سامناک دیاربوو! لە من دەچوو و منیش بوبووم بەو!

دەرۆی سێبەرەکەی لە تیشکێکی ڕۆشنی جاڵـجاڵـۆکەیەکی مەزن دەچوو.. کت و مت هەروەکو خۆی بوو، لەکەس نەدەچوو، بۆنی بغوردی لێدەهات.. بەچاوی بێدارو نوستوو ئەوم بینی کاکێشان لەسەرسەری ڕوابوو.. ملیۆنەها فریشـتەو باڵداری سەیر، لەجوان جوانتر دەوریان دابوو.. دەرۆی، لەشوێن پێیدا کە دایدەنا، شوێنەوارێکی سەیر بەجێدەما.. جێگەی پێکانی سەوز دەبوون! دەمبینی شوێنپێکانی سەوزدەبن ، دەڕوێن.. دەمبینی جێی پێکانیشی وەکوئەو هەڵدەستن، دەستی یەکتری دەگرن، بڵاو دەبنەوەو زۆردەبن! دەمبینی هەزاران ئەستێرە، هەزاران دڵ لەسەر لق وچڵ و پۆپی سەمایان دەکرد، زکریان دەکرد.. باڵندەکان بە سۆزی نەغمەیان گشتیان دۆعایان دەکرد.. بەرگوێم کەوت بۆ یەکەمجار دەنگی مەسیح شنا بەگوێماو فەرمووی: ئامین، ئامین، ئامین! مێرولەکان لەشەپۆل دەچوون، هێندە زۆر بوون، ڕێگایەکی ڕۆشنیان بۆ ئەو دروست دەکرد. منیش سەرسوورماو تەماشام دەکرد.

ماریاکانی هەموو کەنیسە چۆلەکانی جیهان لە دەروونما سەلمایان دەخوێند.. ئەوم بینی تەنهاش ئەودەبینم دەڕوات.. چونکە تەنها ئەو ئازادە لەسنووری دەسەڵاتی ئازادیدا، تەنها ئەو دەڕوات. نازانم چۆن وەسفی ڕۆیین و باڵاو تەماشاکانی، سیحری ڕەنگی بوونی بکەم لە ئاوێزەدا؟ کەکات وەستا ئەو ڕۆی! ئەو دەڕوات، دەرۆی! دەهات..دۆعا تەماشای دەکات.. باکان گڤڤەیان دەهات، تووڕە بوون، شەپۆلەکان شاڵاویان بۆ کەشتیـیە مەزنەکانی کەنارەکان دەبرد. باڵندەکان تووڕە بوون لە کردەوەی بەشەر.. کڵپەی بوورکانەکان پەرکەمیان گرتبـوو.. ئاسمان تاریک دەبوو بە دووکەڵێکی ڕەش.

مێرولەکان هاتن فەرموویان: مژدە بێت، مژدانەمان دەوێت.. ئارارات دەڵێت نـوح لەدایک دەبێت..

مـرۆڤێکی مەزن بەرەو ئێرە دێت.. ژیان پڕ دەکات لە ووشەی پیـرۆز.. دەڵێن خواکـان لەودا هێـندەی ژمارەکان زۆرن.

مێرولەکان فەرموویان: ڕیگاکان دڵیان هەیە، زمانیـیان هەیە، بەردەکان گۆرانی دەڵێن، خاک خۆی دەڕازێنێتەوە.. باڵندەکان کۆچ بەرەو ئارارات دەکەن، چونکە ئەوێ کەعبەی مرۆڤی ڕۆژئاوا و کەعبەی گیانلەبەران و باڵندەکانە.

# تابلۆی ڤاتیكان

مێرولەكان گشتیان هاتن.. هەواڵێكی بە جەرگیان بۆ هێنام، فەرموویان، كات وەستاوە.. مۆزەخانەكانی جیـهان خاڵی دەبێت لە تابـلۆكانی مەسیح ومارياكان، ئەوان گشتیان لە شێوەی پەیكەرو خاج و وێنەدا لە قاڵبی پەیكەرەكان و چێوەی تابلۆكانیان دێنە دەر.. گشتیان دێن وداوای پەنابەری دەكەن لە تۆی بێ وڵات و بێـئالا.

مێرولەكان فەرموویان ئەمجارەیان خۆت تەفرە مەدە. برۆ.. برۆ بەرەو نیشتیمانی زاگرۆس، بەرەو كەعبەی رۆژئاوا.. دەربەستی ساردی و گەرمی نەیەیت.. برۆ لەوێ گیانی ئارارات بانگت دەكات.. حەزرەتی نـوح، وپیـرشالیار چاوەڕوانیت دەكەن. هەستە. مێرولەكان فەرموویان.. برۆ.

كە كات وەستا.. كە زرمە لە دڵم هەستا.. كە زرمەی ئەو دەنگەم بیست، خەونەكانم تێكەڵ بوون، ڕاستی و خەیاڵ یەكیان گرت، بەچاوی خۆم، خۆمم بینی تەماشادەكەم.. بینیم، شتەكان دەگۆڕان! تەنانەت منیش دەگۆڕام، وەک چیرۆكخوان دەگۆڕام. دەبووم بەهەزاران تەماشا، یەكێک لەوبابەتە پڕ لە ژانانەی كە بینیم. ڤاتیكانی تاریک بوو، - پاپا بەنێدیكت-م لە ڤاتیكان-دا بینی، لەسەر عەرشێكی ڕەنگین، لەناو كەژاوەیەكی هەڵواسراو بە بنمیچی ژووری نهۆمی سێیەمدا لەسەر پشت ڕاكشابوو.

بینیم، توانیم بچمە ناو گیانییەوە، توانیم بچمە ناو خەوەكانیەوە.. ئەو لەخەویدا لەتاریكیدا مت بوو. خەوی بە هیچەوە دەبینی.. چونكە لەخەویدا هەموو شتێک تاریک بوو!

پاپا وایدەزانی خواوەند لەترسی ئەوو دەسەڵاتی ئەو خۆی لە توونێلێكی ڕەشدا حەشار داوە.. وای دەزانی نەک خواوەندی مەزن، بەڵكو خوودی حەزرەتی مەسیح، و خوودی خواكـانیش خەون بەوەوە دەبینن.. وایدەزانی مەسیح خوایەو هێشتا كۆتەو نەزیفی نەگیرساوەتەوە!

شانازی بە گۆپاڵەكەیەوە =( جێزڵەكەیەوە) دەكرد، كە لەشێوەی پەیكەرێكی مەسیح بەخاجەوە لەژێردەستیا دیل بوو. چونكە لە خەویشدا نەیدەتوانی بەبێ گۆپاڵ ببزوێت، بڕوات. ڕاكشابوو وتەممەڵ و سست و بێخەم سەیری سادیزمی هونەری چاخەكانی پێشووی دەكرد، بەدەم بایی بونێكی عابسەوە سەیری تابلۆیەكی دەكرد كە منداڵێكی ئەفریقیی برسی تیایدا غەمگین ڕاكشابوو، خانمێكی ناوەڕۆک بۆش هەردوو قاچی لەسەرسكی دانابوو، لەولاشەوە ڕاست و چەپ، دوو كۆیلەی بچكۆلانەی ترلە دۆخی باوەشێن كردندا دە بینران، كۆیلەیەكی تریش بە دەفرێكی پڕلە میوەوە ، وەكوو بت ڕاوەستابوو، سەیری دەرەوەی تابلۆكەی دەكرد.

بینیم پاپا بەنێدیكت ڕاكشابوو لە غروری خۆیدا دەترسا.. دوكەڵێكی ڕەشی قەترانی و بۆگەن، كەهاڵاوی بۆگەنی بۆنی درۆو شەڕی خاج پەروستان و بۆنی كەڕوی بوغزی موسوڵمانی لێهەڵدەستا، بە نهۆمی سێیەمی ڤاتیكاندا بڵاو دەبووەوە..

دوکەڵێکی پیس و بۆگەن، تاریک و قەترانی ڕەنگ، ناو ڤاتیکانی دەتەنی وتاریک تری دەکرد.. دوکەڵەکە تادەهات زیاتر شکڵی پیرەژنێکی نێرەموکو بوختانکەری لێدروست دەبوو.. لە سورڕخواردنی حەلۆزۆنیدا تەوژمی دەداو لوولی دەخوارد.. ڕوخساری زۆرسەیرم دەدی، دووکەڵەکە دەبوو بە قەلەڕەشکەی دێـو ئاسا ودان تیژ، سەگ و پشیلە وبەرازی پەڕوباڵدار، ماری باڵدار، گورگی سێسەرو باڵدارو تاریکم دەدی. هەر هەموویان پێکەوە شاڵاویان بۆ ڤاتیکان دەبرد، هەڵمەتیان بۆ پاپا بەنێدیکت دەبرد..بۆکاردیناڵ ودەست وپێوەندەکانی پاپ!

دوکەڵە قەترانییەکە دابەشدەبوو، قەلە ڕەشکەی زۆر دزێو و داندارم دەدی، دانیشیان ڕەش بوو. قەبارەیان هێـندەی دێـوێک دەبوو. کە دەیانقیژاند دڵی قەوزەگرتوویان دەردەکەوت. لەقیژەی سامناکیان پاپا بێداربووەوە! ترسا، ویستی دەستبەرێت چلچراکەی ناوکەژاوەی خەوی پێبکات.. بەڵام تاریکی دەستی گرت، بەرچاویشی گرتبوو پێشتر، ناوژورەکە لەژووری جەهەننەم دەچوو. ترس شاڵاوی بۆدەرپوونی هێنا، بەڵام وەک چۆن مۆتەکە خۆی بەسەر زۆر خۆردا دەدات.. ئاوەها پاپا تەکانی بۆ نەدەدرا، لەترسا دەیویست خۆی بێدار بکاتەوە، نەیدەزانی بێدارە یاخود نوستوو!

لە دڵی تاریکی خۆیدا دڵنەوایی خۆی دەکرد، بەخۆی دەگووت:" کارەبا بڕاوە، ڤاتیکان کارەبای لێبڕاوە".. بۆ جێژڵەکەی دەگەڕا، نەیدەزانی کەزرمەکە هەستا، حەزرەتی مەسیح، حەزرەتی ئەو لەجێژڵەکە دەرباز بوو! بوو بەپەیکەرێکی گیاندار و بژێو، خۆی دەرباز کردو ڤاتیکانی بەجێهێشت!

ئازاد بوو لەگەڵ پاڵەوانی جێیاسمدا! چونکە لەوکاتەدا بوو کە من دابەش بووم، کە حەزرەتی نوح لە زیندان دەرپەڕی، کە لافاو شاڵاوی بردە سەر زیندانەکانی بەستەڵەک. حەزرەتی مەسیح-م بینی بە پێچەوانەی ئاراستەی زەمین سەردەکەوت بەرەو قوتب! پاپاش ئاگای لەو نەبوو، چونکە جێژڵەکەی دەستی ونکردبوو، بۆیە لەترسا خۆی پیس کردبوو، ڕیابوو. دڵی خۆی دەدایەوە، لەدڵی خۆیدا دەیگوت پاپا گوو ناکات بەخۆیا..

بەڵام وانەبوو، هەڵبەتە لەوکاتانەدا نوێژێک دەشێت بێتە هانای مـرۆڤ، نوێژێک دەتوانێت مـرۆڤ لەترس ڕزگار بکات.. بەڵام پاپا باوەڕی بە نوێژ نییە، چونکە دەبینێت هەموو دنیا نوێژ بۆ ئەو دەکات! لە ئەنجامدا توانیی ڕاستبێتەوە، توانیی دانیشێت، بەڵام ترس لەشی ئەوی وەکو شەقشەقە دەلەراندەوە.. ترس قەبارەی ئەویان هێـندەی هەلوکێک بچوک کربووەوە.

لەتاریکیدا پەلی دەکوتا، بەدوای سەرو لەشو دەستوپێی خۆیدا دەگەڕا.. قیژو قاژی قەلەڕەشکە هاریان دەکرد، گوێ و سەری ئەویان دەێشاند، لە حەشمەتا دەیبۆڕاند، دووبارەخۆی پیس دەکردەوە، دەرشایەوە. دەیویست هەرچۆنێک بێت، ڕزگاری بێت، هەستێت! ئەوەی پاپا نەیدەدی، بەرگی سپیی بەری خۆی بوو. چونکە مـرۆڤ کە نارست بوو لە بەکار بردنی دەسەڵاتیدا خۆی نابینێت لە ناهەمواریدا و زۆر زووش دوچاری تاریکی دەبێت.

هەشبەسەرپاپا دووچاری هەڵمەتی قەلەڕەشکەکان بوو، قەلەڕەشکەکان کە بەبای باڵەکانیـیان پەردەیان لەسەر پاپا لادەدا، پەردەکان لادەچوون، هەڵدەچوون، پاپایان بەدەنووکیان هەڵگرت، هەڵیانگرت و بردیان، بۆدوور!

قەلەڕەشکەکان وسەگ وبەرازو دڕندەکانی تریش وایان کرد.. بەدەنووک ڕاهیبەکان و دەستوو پێوەندە نوستووەکانیـیان دەفڕاند، دەتگوت پاڵەوانی ساموڕایین لە نەبەردا، بەدەنووکیان نیشانەیان لە دەستوپێوەندەکانی کۆشک دەگرتەوە، شاڵاویان بۆ دەبردن، هەڵیان دەگرتن. دوور دوور دەیانبردن. بەرەو

زبڵدانی شار، بەرەو زبڵدانی دۆزەخ دەفڕین و فرێیان دەدان.. من ئەوکارەم پێناخۆش بوو، بەڵام چونکە خەون بوو، دەمدی.

دەمبینی ڤاتیکان تاڵان دەکرێت بەدەستی دوکەڵ.. دەمبینی هەرچی لە ڤاتیکان دەژیا، دەبران بەرەو زبڵدانەکانی شار، نەک بە تەنها پاپا وکاردیناڵو قەشەو ڕاهیبەکان، بەڵکو ئەنسارەکانیشیانم دەدی لەناوکەنیسەی هەموو شارەکانی گێتیدا دووکەڵ شاڵاویان بۆدەبات لەشێوەی پەلەوەر و گورگ ومـرۆڤی چەندسەردا.. دەیان ڕفاندن بۆ دەرەوەی شار بۆ ئاگردانی زبڵخانەکان، لەوێ توورڕیاندەدان.

دەمبینی لەناوڤاتیکانەوە، پەیکەری مەسیحەکان، هەیکەلی مەسیحەکان و مارپاکان، بگرە ڕەنگی تابلۆ بەدەست درووستکراوەکانی حەززرەتی مەسیح و مارپای پیـرۆز، ئازاد دەبن، دێنە دەر، بەترسەوە خۆیان لەخاجەکان ئازاد دەکردوو، بە کووچەو کۆڵانی شارەکانی جیـهاندا بەدوای حەشارگەدا دەگەڕان!

ڕایان دەکرد دەهاتن بەرەولای من لەهەندەران! منیش وەک باوک، وەک دایک باوەشم پڕبەئاسمان کردبووەوە، ئەوانم بانگەواز دەکرد، بانگم دەداو دەمفەرموو: ئێرە نادیارترین حەشارگەیە.. دەروونی من لەهەندەران فێری پاراستنی پەنابەران بووە.. هاوارم دەکرد: وەرنەلای من. چونکە من گیانی خۆمم ئازاد دەبینی.

ئەوان هەڵەداوان وترساو دەهاتن، منیش سەرتاپای گیانم خوێنی لێدەتکا، سەرتاپای بوونم زاماردەبوو، کاتێک ئەو هەموو پەیکەرو ڕەنگ و وێنەکانی مەسیح ومارپاکانم دەگرتە خۆ.. فرمێسکەکانمان لەگەڵ یەک تێکەڵاو دەبوون.

ئەوەی بینیم، کەم نەبوو، بەس نەبوو، بینیم لە دەروازەی ڤاتیکانەوە؛ لەدەروازەی هەموو کەنیسەکانی جیـهانەوە، مەسیحی لەدار دروستکراو، لە بۆرەک درەستکراو، مەسیحی لە بەردو ئاسن وقورڕقوشم دروستکراو.. مەسیحی تەپوتۆزاوی و ترساو، نەک دەیان مارپای پیـرۆز، بەڵکو هەزاران هەزار حەزرەتی مارپام دەدی بە هەزاران ڕەنگ، هەزاران تەرز هانادێنن بۆلای من لە هەندەران.. منی بێـوڵات و هەڵاتوو لەدیاری خۆم. دڵم زۆرتەنگ بوو بە بینینی ئەوان، ئەگەر چی ئەوان ڕزگار دەبوون، بەڵام من دەمزانی دەترسن لە شەڕی دێـو پەرستەکان، پەلەیان بووبە من بگەن، ئەگەرچی ڕزگاریان بوبوو، بەڵام هێشتا چاوەڕوان بوون تا من ڕزگاریان بکەم؛ تا من پەنایان بدەم.

منیش وەک پیر شالیار دابەش دەبووم.. پەیکەر و لەشی مەسیح و مارپاکانی هەموو گێتیم لە کۆت و مێخ و فەلاقە و بەند ڕزگار دەکردو خوودی مەسیحم لەخاجەکان دەکردەوە.

لەو کات وەستانەدا، گیانلەبەرانی زەمین، خوودی زەمین، ئاسمانەکان وئەستێرەکان، هەسارەکان وەستابوون، بەڵام تەنها من وشیاربووم لەخەونمدا. خەونەکانم زۆردەبوون، بینینم دەتەقی، بەگیانی مەسیح ومارپاکان پڕدەبووم لەکەرامەتی بەهرەی بینین.

مزگەوتەکان، مەرقەدەکان، کۆشک و کەنیسە و تەلارە ئایینیەکانی ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاواو هەموو جیـهان بەگشتی سامناکتر چاویان دەترساندم. دەمبینی مورشیدو مەلاو ئیمام مورید و ڕاهیب وئایەتوڵاکان، بەمردوو زینـدووەوە، لەناوکڵپەی گڕێکی زۆردا بەرەو تاریکی ڕاپێچ دەکران، فەقیرم دەدی، بت پەرست وسەرداری وڵاتانم دەدی لە کڵپەی گڕدا هەڵدەقرچان، زینـدو دەبوونەوە، دەسوتانەوە، دەتوانەوە دەبوون بەقەتران، بەخۆڵەمێش وباو بۆران دەیانبردن، بەقینەوە دەیاندان بەزەمینداو هەلاهەلایان دەکردن.. زریکەو ناڵەی ئەوان مارپاکانی دەروونی منیـان دەترساند.

هەرشێخ ومەلاو مێزەر لە سەرو جبە پۆش و دەروێش وموریدو مونکێک ـ لەپەرستگاو مزگەوت و کەنیسەو ئاتەشگەکاندا بەدەم دەعبای خێوئاساوە دەفڕێنران و تورڕەدران، دەسووتێنران، زینـدوو دەبوونەوە ، پاشان دەسووتان و دەمردنەوە، پاشان بۆ دوور، زیندەمردوو زۆر دوور دەیانبردن!

منیش دەترسام تامێسکم دەگرت، بێداردەبوومەوە، لەشەکەتیدا دەبوورامەوە، بێداردەبوومەوە، لەماندوویيدا دەکەوتم، و دەنووستمەوە.. پەرکەم دەیگرتم، دەبوورامەوە.. هەندێک لە خێوو دێـوە جاسوسەکانی دراوسێم وایان دەزانی تێکچووم.

هێندە ماندوو بووم، هەمیشە نووستوو دیاربووم، کەچی چاک دەیانزانی کە من بەنووستوویی بێدارتر دیاربووم وەک بە بێداری!

کات وەستابوو، کات وەستاوە، منیش خەوی سەیرو سەمەرە دەبینم، لەخەوما دەمدی، بەگومانەوە، بەدڵنیاییەوە، شەقام و کۆڵانەکان و کەلاوەکان وکارخانەکانی جیـهانم پاک دەکردەوە، لەخەوما لەبەرخۆمەوە دەمگووت : نەبا شەڕ یا ئەهریـمەن زەفەر بەمەسیح ومariyaکانی حەشارگەم بەرن.

دووچاری نەخۆشیی وەسواس بووبووم، هەرخەریکی پاککردنەوەی شەقام و شۆستە و خانەقاو شارەکانی جیـهان بووم.. دەمویست نەهێڵم مـرۆڤ بەدوای جێ پێی خوێناویدا پەی بە حەشارگەی ماریا پیـرۆزەکان و مەسیح-ەکان بەرن.. حەوت جۆرئاوم لەدەستبوو، شوێنەواری خوێنی زامەکانی مەسیحم پێ دەشۆرین! لەگۆشەیەکی دیکەی خەونەکانما دەمدی، ئافرەتانی هەمووجیـهان بەڕووتی پەیداغی بغوردیان لەدەست بوو، دووکەڵی سپیی پەیداغەکانی دەستیان، بەبۆنیـیان ئاسمانیـیان پڕدەکرد، گۆرانیـیان بۆ ئازادی دەچڕی.. فریشـتەم دەدی لەگەڵ منداڵانی جیـهاندا بەکۆراڵێکی مەزن سالمایان دەخوێند.

باڵندەکانم دەدی سڵ ناکەنەوە، ناترسن هاوڕێ و هاودەمی مـرۆڤن.. نەمدەزانی دڵم بەچی خۆش بکەم؟ نەمدەزانی چیبکەم؟ نەمدەزانی سەیری چی بکەم؟

کات وەستابوو، کات سەیری منی دەکرد، منیش واقم وڕمابوو، بەحەسرەتەوە تەماشام دەکرد.. لە چرکەکانی یەکەمی ڕۆژی بیستویەکی نەورۆزی سالێکدا.. لەڕابردووی داهاتوودا !

من نەبێداردەبمەوە، نە دەنوومەوە! هەرخەریکی تەماشای پەیکەری وردو درشتی ماریای پیـرۆزو مەسیح بووم، بەزەییم بەوملیۆنەها پەیکەرو بۆیەو بەردوو دارو ئاسنانەدا دەهاتەوە کە مەسیح و ماریاکانیـیان لێدروست کرابوو! بەزەییم بەهەمووشتێکدا دەهاتەوە.. دەمویست هەستم نەمدەتوانی، دەمویست هەڵبێم نەمدەتوانی، دەمویست بێداربیمەوە، تاخۆم بشارمەوە!

کات وەستاوە.. کات متبووە و تەماشام دەکات، دەڵێی هەرگیز منی نەبینیوە. کات بەجۆرێک تەماشام دەکات، کەمن لەڕاستیدا لەهەندەران تەماشای دەرودراوسێ و ڕێبوارانی پێدەکەم. کاتێ بەدوای جووتەی خۆمدا دەگەڕێم.. کاتێک دەمەوێت لەڕاستیدا لەهەندەران بەدوای هاوشێوەی گیان ولەشی خۆمدا بگەڕێم.. تەماشادەکەم، دەروونەکان دەپشکنم، کاتێک بەدوای هاوبیرو هاوهەست و هاوسۆزدا دەگەڕێم. چونکە خۆمم بۆ کۆ نەدەکرایەوە؛ دەمزانی کە مرۆڤ بەتەنها ناتوانێت پارچەکانی خۆی پێکەوە بنێت!

کات کت ومت وەک من تەماشادەکات، من تەماشای کاتی وەستاو، کات تەماشای منی وەستاو یان نووستوو دەکات! زەق زەق، سەیرم دەکات.. لەهەمان کاتدا لە من دا مەسیحەکان بێدارن، زاگرۆسیەکان بێدارن، ژیان بێدارەو من هەست بە هەمووشتێک دەکەم. هەست دەکەم گیانم پڕ دەبێت لە مرۆڤی پیرۆز. پیـرشالیار دەبینم، لەناو قەددی درەختی زەماندا، لەسەرسەری پاڵەوانی بێـوڵات و بێناودا لەگەڵ جاڵـجاڵـۆکەی تەون کەرو`لەقلەقێکی ڕەش پۆشدا ئازادانە دەفڕن لەدەروونی بێـوڵاتدا.. ئەویش دەڕواو پێیەکی لەزەمینەو پێکەی تری لەئاسمان.. بەرەو نزرگەی یەکەم، بەرەو چیای جود(ئەرارات) دەچوو..

تەنها ئەوان لەمندا دەژین، دەڕۆن.. بۆ نزرگەی پێغەمبەر نوح.. لەبیرت بێت کات دەتوانێت بەویستی خۆی بوەستێت. کات سەری لێدەشێوێت.. کات خاو دەبێتەوە.. مێژوو دووپات دەبێتەوە.. تۆش دەشێت لە جێگەی خۆتدا بووەستیت، چونکە لەکاتی خوێندنەوەی ئەم کتێبەدا کات دەوەستێت. بیرێک، کەسێک، پەیامبەرێک، منداڵێک، باڵندەیەک دێتە ژیانەوە.
مێرولەکان فەرموویان: کات موڵکی کەس نییە. کات ئازادە، کەی بییەوێت دەوەستێت.

# تابلۆی مێرولەکان

لەبەرئەوەی کات وەستاوە، بەفرسەتی دەزانم بە شێنەیی باسی یەکەیەکەی پانۆرامای خەونەکانم بکەم، بەڵام بەڵێن نادەم هەموو خەوەکانتان بۆبگێڕمەوە، چونکە فریا ناکەوم، ئەگەر بێت و کاتیش لەپڕ ئاسایی بووەوە، منیش بێدار دەبمەوە، ئەوکاتە دەبێت بگەڕێمەوە ناو ئەمری واقیع ولەهەندەران، وەکو خووی هەمیشەم بەدوای کاردا بگەڕێم و عەودالّی کاردۆزینەوە بم . چونکە هەژدە ساڵە لەم دورگە چەپەرەی کۆتایی ژیاندا؛ لەم وڵاتە بێ ڕەحمەدا، لە دورگەی هەستکردن بەکەمی، بەدوای کارێکی شایستەدا دەگەڕێم.. جا با پێتان بڵێم لە خەونی ساڵانە و ڕۆژانەدا؛ لە وەستانی کاتدا چیم دی!

ئەزانی چیم بینیی؟ ئەوم بینی لەخۆمدا، لەخۆمدا قوتبم بینی، قوتبی کەرامەت و پلەی کەرامەت، کەرامەتی پیرو بێـوڵات وحاجیلەقلەق وجاڵـجاڵـۆکەی پیـرۆز.. هەروەها حەزرەتی نـوح.. سنورەکانی زانستم بینی، خۆمم بینی بێدارم لەکەرامەتی خۆمدا تەماشای هێلکەیەک دەکەم کە بەربووەوە لەئاسمانەوەو دای بەسەری مندا!

نەمدەتوانی ببزوێم، چونکە بووبووم بەدووکەرتەوە ؛ نەمدەتوانی لەخەوهەستم، بدوێم، بڵێم.. چونکە لە یەکبووندا لەگەڵ وەستانی کاتدا لەسووڕی بەسەرهاتەکانی پێشو دڵنیا بووم. گیانی ئازادمم لەدرەوەی دەسەڵاتی خۆمدا دەبینی دابەش دەبوو، دەبوو بە هەر گیانێک؛ دەبووم بە مێروولەکان و فریشتە سپییەکان. مێرولەکان ـ ئەوان پەیامهێنەری بوونەوەرن، ئەوان گەردەکانی پیر لە مندا دەهێنن و دەبەن.. ئەوان پەیامی داهێنان واتە سرۆشی منن یان ووشەو گیانە پاکەکانی ئەم کتێبەن!

تێگەیشتم کە نـوحی بێوڵات ئازادە لە خەون و لەڕاستیدا لەپێش چاوانی مندا دەڕوات. هەستم دەکرد من ئەوم، ئەویش منێکی ترە .. دەمبینی دەڕوات؛ پێیەکی لەزەمینەو پێکەی تری لە ئاسمانە.. کاکێشان بەنووری کەرامەتی ڕۆشنە.. هەورەکان سەمایان لەدەوری ئەو و باڵندەو فریشـتەکان دەکرد. هەستم دەکرد، تەنها بەهەستێکی پەتی هەستم دەکرد کەبێـوڵات بە پرشنگی ڕۆشنی من ڕۆشن دەکاتەوە، بە بەهرەی سرۆشی ڕستەکانی ئەم ڕۆمانە نەستەقە لەدەروونمدا دەڕێسێت، تەونیـان دەکات، وتەکان پڕەکات لەدۆعا، ڕستەکان پڕەکات لە بەهرە، من دەگەیەنێت بەو خوودبینیەی کە خۆی تیایدا دەژیا.

بینیم دۆعای پیـرۆز لەسەر شانی حاجیلەقلەق لەئاسمانێکی سپی سپیدا بەهەردوودەست ئۆرکستەری کۆراڵی زاری منداڵانی دەگێڕا.. سەیری سەرزەمینی دەکرد، سەیری ئافرەتانی هەمووجیـهانی دەکرد.. دۆعای بۆمن دەکرد کە نەمرم تا چیرۆکی مـرۆڤی بێـئاڵاو بێـوڵات تۆمار دەکەم. لەگۆشەیەکی ترەوە بینیم درەختی زەمان ڕەنگی پرتەقاڵی لەخۆی دەگرێت، پیـرشالیار لەناونهۆمی یەکەمی قەدی درەختەکەدا، لەگەڵ جاڵـجاڵـۆکەی پیـرۆزو حاجیلەقلەقدا دەدوا.. لەپەردەیەکی هەواییدا پێکەوە دووپاتی بەسەرهاتی ڤاتیکان و پاپاو ئاخون وموریدو مونک و موقتەدا و قەشەکانیان دەدی.. جیـهانیان بەبچووکی دەدی.

ئەوان بەچاوی خۆیان کۆچ ورەوی ماریاکان و مەسیحەکانیـان دەدی، دەیان بینی چۆن لەدیواری گالەری وکەنیسەو مۆزەخانەکان خۆیان دەرباز دەکەن و هانا بۆ ژێرخانی باوەڕم دەبەن. پەیکەری لە بەرد دروستکراو لەخشت وبۆرەک لەئاسن و مس وئاڵتوون، لەشووشە و قوڕ.. پەیکەری ئیقۆنی، سوریالی، تەجریدی، تەعبیری سیمبلیکی، تەنانەت پەیکەری کۆلاج شێوە لە قاقەزو ڕەنگی ئاویی دروستکراوم دەبینی، کە پەیتا پەیتا هانایان دەهێنایە بەرمن.

هەورەکان داپۆشرابوون بە ڕەنگی زەردو پەمەیی و سەوزی کاڵ. پیر بە زمانێکی تایبەت و ئاشنا بە
نەستەکانی من دەدوا، لە بینیندا دەمبیست، بە جاڵـجاڵـۆکەو لەقلەقی دەفەرموو: { ئێمە میوانێکی گیانی و
غەیبیین، وەکو مـرۆڤ لەژیاندا میوانین. تەنها مـرۆڤی خوودبیـن بەبینینی ئێمە شادە.
گەلێک لەمـرۆڤ بێبەرین لەبینین، کۆیلەی یەکترین، دوژمنی یەکترین، ئەوان لەئێمە، ئێمە لەوان نیین. ئێمە
لەسروشتی گوڵ دەچین، زۆرکەس لەژیاندا لەشکۆی گوڵ  بێئاگایە.
ئەوەی توانای بینینی ئێمەی هەبێت، لەقوتبا خوودبیـنەو بۆگەیشتن بە زانستی ئێمە لە دەرگاکان نادات.
وەک چۆن مـرۆڤ بۆچونە ژوورەوەی ناو ماڵی خۆی کلیلی پێیە ولە دەرگا نادات، هەن لەنێوان
مـرۆڤەکاندا پاکژن لە باوەڕدا، و لەئێمەوە نزیکن. باوەڕەکانیان کلیلی داوەتە دەستیان، خۆیان ئازادن
لەباوەڕەکانی خۆیاندا چی هەڵدەبژێرن.
مـرۆڤە لەخۆبوردووەکان باوەڕی ئێمەن، هەست ونەستی ئێمەن. ئەوانەی لەخۆیان بوردوون دەمانبینن،
دەیانبینین. جێگەی داخە کۆگەلێک لەمـرۆڤ دابەشبوون بە هەزار پارچەوە، هەرپارچەیەکی باوەڕیان
بەدەستی یەکێکی ترەوە بەد بەکار دەبرێت. لەش وبیروهەست ونەستیان کۆیلەی مادەو مەیلی لاوەکییە،
باوەڕیان بە پلەکانی گیان نیە. باوەڕیان بەئێمە نییە. لەناویاندا گیانیان کۆچەرە، گیانیان بەجێیان
هێشتوون، نەخۆشی ومردن و لەناوچوون زۆر دەکەن، سروشت  وەڕز  دەکەن. ئەوان لە دەسەڵاتی خۆر و
سروشت و باکان بێئاگان و هیچ فێر نەبوون!
ببینن- ئازیزەکان،  ڕابەری شەڕ لە سەر زەوی دوچاری لەشکری گیانیی سروشت بووە، بڕوانن چۆن
زلهێزەکان بەلادا دێن، دەسوتێن، لەبێباوەڕیدا و دەفەوتێن، بڕوانن ئەوانەی لە ئێمەن چۆن لەناو جەرگەی
سروشتدا کارمەندن، کاردەکەن ماندوونابن، تێدەکۆشن. وەکو ئـێوە، وەک ئەو گوڵەی دڕ بە دیوار دەداو
لەشوێن مەبەستی خۆیدا سەری خۆی بۆکەرامەتی ژیان دەردەهێنێت.. هەر بوونەوەرێکی پاکژ لەژیاندا
دەتوانێت بەقوتبی کەرامەتی خۆی بگات، بەومەرجەی لەخێردا ماندوو نەبێت، دانەتەپێت.
بڕوانن چۆن دەسەڵاتدارەکان لە بەد کاریی دەسەڵاتیاندا نغرۆبوون و دەبن، لێبووردن نافامن، گەلێک
لەدێـوپەرست هەن بۆتەنها جارێکیش لەژیاندا ناتوانن خۆیان ببینن، ناتوانن لەخۆیان ببوورن.. لێبووردنی
ئێمە سودی ئەوان ناخاتە گەڕ.
چونکە ئەوان کۆیلەی زوڵم وڕق و بەد کارین، لەبەدکاریدا خۆیان دەبینن. ئێمە لەدەروونی ژیاندا
زیندوین، دەرگاکانی بینین واڵایە بۆ مـرۆڤی خاوەن دیدە، خوودبیـن لەدەرگەمان نادات، بەڵکو بێ یاریدە
لەناوماندا بۆهەمیشە میوانێکی زینـدووە. جا با مردووش بێت! ئەو زیندوترە لە هەستی حێمەدا.
مەملەکەتی ئێمە لە مانا دروست بووە، لەووشە دروست بووە، لەژمارە، لەپیت، لە گیۆمیترا، لەسیمیتری و
لەهارمۆنی، لە نۆتە ودەنگ، لەهەست ونەست، لەلوتفی بینین. لە هەستی جوانی.. ئێمە ڕاستییەکی ترین}.

پیـرشالیارم بینی باسی کەرامەتی بوونی دەکرد بۆ جاڵـجاڵـۆکەو لەقلەق. دەمبیست دەیفەرموو: ( هیچ
هێزێک گوناهێک پاکژ ناکاتەوە. بەڵکو خۆر و باکان و زەمین پارێزەری کردوەکانی مرۆڤن.. ئەوەی
لەژیاندا لەکردەوەکانی خۆی نەبورێت، خۆی خۆش ناوێت. ئەوەی کە خۆی خۆش ناوێت، شەڕدەیخوات،
قووتی دەدات.. کەسانێک هەن ئاشتی لەسەر بناغەی ڕەنجی ئەوانی تر زامن دەکەن، بۆخۆشنودیی خۆیان
ژیان بەد بەکار دەبەن. خۆپەرستییان کردووە بە مافێکی ڕەوا و زانستی حەق!

ئەوان، ئەوانەیش کە لەوانەوە سەرهەڵدەدەن، دەبن بەکۆیلەی شەڕ، لە پێناوی ئاشتیدا شەڕ زۆردەکەن.. چونکە بێئاگان نازانن کە لەدەروونی شەڕدا ئاشتی بوونی نییە. مـرۆڤ بەشەڕ، ژیان لەخۆیان پیس دەکەن، سروشت تووڕە دەکەن؛ باڵندەکان وەڕزوو نەخۆش دەخەن.)

ووشەکان بۆشاییان دەبڕی، بەمن دەگەیشتن، دەمبینی ووشەکانی پیـرشالیار دەبن بەگیان، بەمنداڵ، و دەفڕن. دەمبینی ووشەکان قەبارەو شکڵیان هەیە، باڵیان هەیە، دەست ودەم وچاویان هەیە، و ئازادن.
ووشەکان دەبوون بە حاجیلەقلەق، دەفڕین بە تەوژمی بەرق، گیانی منداڵانیـان ڕزگار دەکرد، گیانی مـرۆڤی نەمریان بۆ درەختی زەمان دەبرد.. جاڵـجاڵـۆکەی مەزنم دەدی دابەش دەبوو، دەبووبەهەزاران هەزار جاڵـجاڵـۆکە و درەختی زەمانیان لەسەرسەری بێـوڵات دەچنی، هێلانەی ئاوریشمین ودڵ شێوەیان تەون دەکرد، ئارامگای گیانیان بۆ گیانەکان ئامادە دەکرد.. بۆگیانی مەسیحەکان، پەیکەرەکان و بۆ گیانی حەزرەتی مارياکان. بۆ ئەنفال، بۆ زێوە، بۆ شەهیدانی هەڵەبجە جێگەیان خۆش دەکرد.
چونکە کەکات وەستا، سەرزەمین شێوا، کەپاپا بۆدۆزەخی خەونەکانی ڕاپێچ کرا، کە ئاخون و ئیمام و مونک و موریدو کاهین وڕاهیبەکان بە دەستی سروشت، بەویستی سروشت حەشرو نەشر کران، شەڕ دابەزی، شەڕتووڕە بوو، ژیان ڕەنجا، ژیان زیز بوو لەنەرێتی نەویستی خووی باوی سەردەمی زیللەت ونەخۆشی ودەردی شەڕ.
چونکە ئاهوڕامازدا کەژینی بەخشی بە مـرۆڤ، باوەڕی پێدان، متمانەی پێیان کرد، کتێـبەکانی نازڵ کرد، ئایینەکانی بەدەستی پێـغەمـبەران سپارد، ژیانی کردە مێملیکەری مـرۆڤ. گیانی ووشەکانی نیشان دان. کەچی مـرۆڤ بە شەڕ ئاشنا بوو، هۆگری شەڕبوون، فێربوون بەبێ شەڕ هەڵنەکەن، بەبێ شەڕ ئۆقرە نەگرن. بۆیە خواوەند دڵی ڕەنجاوە و پشتی تێکردووین! بۆیە خواوەندی شەڕ و خوای دێوەکانیش تەنها شەڕ نازڵ دەکەن.. **بۆیە لەوکاتەوە زەمین بێ خواوەند بەدەستی دێـوەکانی قوتابیی ئەهریمەن بەڕێوە دەچێت.. لەوکاتەوە زەمین خوێنی لێدەتکێت.. چونکە خواوەند لەو جێگەیەدا بوونی نیـیە کە خوێن بە ناهەق دەڕژێت، کە شەر سەرهەڵدەدات. چونکە خواوەند ئەگەر تاک بێت یان جووت، زۆر بێت یان کەم؛ شەڕی ناوێت. شوێنگەی شەڕیش بەجێدەهێڵێت. چونکە شەڕ تەوەری خۆی و خواوەندی خۆی هەیە! چونکە لە دەستووری ئایینی مندا؛ دێوەکان خوای خۆیان هەیە و فریشتەی شەڕ و پەیغامبەری خۆیان هەیە. خواکانی ئەوان قینیان لە خواکانی ئێمەیە! خواکانی ئێمەش هێندە بووردن، هێندە بەخشندە بوون کە ئەنجام زەمینیان بۆ ئەوان چۆڵکرد!**
بۆیە کەکات وەستا، زرمە لەدڵی ژین هەستا.. گەرچی شەڕ بێداربوو بەرلەوە، زەمین دڵی دادەخورپا، دەترسا لەوەی زلهێزەکان سروشت زیاتر تووڕە بکەن. مـرۆڤ بەدێـو پەرستی ژیانیـان پیس کردبوو، بایی بوون لەسروشتی خۆیان، ئەوان؛ ئەوانەی دەستیان برد بۆ کەرامەتی ئایینەکان.. پێـغەمـبەرەکانیان ڕسوا کرد و سووتاند، ئەوانیان شێت کرد.. گاڵتەیان بە پێـغەمـبەرەکان دەکرد.. وەکو ئەمڕۆ.. باوەڕیان بە حورمەت و کەرامەتی خواو خواکـان و پێـغەمـبەران نەبوو، شاربەدەریان کردن، شێتیان کردن.
مـرۆڤ سپڵە بوو دژی کەرامەتی ئەفسانە، ئەفسانەی خوا.. باوەڕیان نەدەکرد کە خواوەندی یەکتا ئاهوڕامازدا، نافەرمووێت: ( ئێمە ڕۆژومانگ وزەوی و ئاووهەواو شەووڕۆژمان بە شەش ڕۆژ دروستکرد)، نەء دەفەرمووێت: ووتمان. ببە.. وە ڕاستەوخۆ بوو= کن، فیکون.
**دەشێت خواوەند بوونەوەری لەشەش پیت دروستکردبێت! کێ ڕاستەقینە دەناسێت!؟**
**خوا دەتوانێت هێـندەی ژمارەی زیخ وچەوو ئەستێرەکان زۆر بێت ( ئەگەر هەبێت!). خوا دەتوانێت بوونی هەبێت، هەمان شێوە دەتوانێت بوونی نەبێت! خۆی دەزانێت و سەتوانێت.** وەک ئەو کاتانەی کە

تیایدا شەڕ بەرپا دەبێت! هەمووتان ئەوە دەزانن کە خوا لەوێدا بوونی نییە کە شەڕێک، بوختانێک، تاوانێک بەرپا دەبێت! دەنا خواوەند پڕ بەزەیی ترین بەزەییە.
کەکات وەستا، لەدورگەی هەستکردن بە کەمیدا، لەگەورەیی خۆمم دەڕوانی، هەستم بەحورمەتی خۆم دەکرد، هەمووشتێکم لەجەوهەردا دەبینی.. شتی سەیر سەیرم دەدی، بینیم منداڵێک لەدەستی شەڕ هەڵدێت، هێـندەی حەزرەتی ماریا جوان بوو.. خۆیکرد بەگەردوونی مندا، داوای یاریدەی لە من کرد، دەترساو، قەبارەی منداڵیی وون کردبوو، لەتاوا، لەترسانا، خۆی کردبوو بە کۆترو تیژ باڵە فڕەی بوو بۆ گەیشتن بە گەردوونی من،ماڵی من.. منیش تەماشای حورمەتی خۆمم دەکرد.. باوەشم بۆکردەوە.. باوەشی باوک.
بە نەنکی منداڵەکەم فەرموو: "ئەم منداڵە لەماڵی مندا ئازادە.. تووشی شەڕی مەکە..، ڕێگەم بدە فێری بکەم، بەرلەوەی  کەمێک سۆزی باوکانەی پێ بدەم".
لەوانەیە سەیربێت بەلاتەوە، کە بابەتەکانم قورسن، وانییە؟  ئەگەر مـرۆڤ بیەوێت لەمن تێبگات، پێویستە گوێم لێبگرێت.. یاخوود گوێ لەخۆی بگرێت. چونکە ووشەکانی من ووردن، بچوکن، وەکوو قاڵیی چنراون، زۆرپڕن.. پڕن لەڕێزی فریشـتە، لەنازی خوودی ووشەکان، لەهەستی حورمەت. **ئەگەر تەنها بە نیاز پاکی دوای مانای ووشەکان بکەویت، زۆر فێر دەبیت. چونکە ئەم کتێبە لە خانوویەک دەچێت؛ ئەوەی تەماشای دەکات، دەرگاو پەنجەرەو زەمینەو باڵەخانەی پیتەکانم هەست پێدەکاو دەیانبینێت. جا مەرج نی‌یە تەماشاکەر، لەهونەری بیناکاری بزانێت. تەنها تەماشا بەسە بۆ بینینی نهۆمەکانی بینایەک.** جا لێرەدا کەرامەتی مرۆڤ جێگەی باسە. چونکە بەم کتێبە فێری خوودناسی دەبیت.
ڕستەکانم پڕن لەشادوومانی، شادیی بینین، شادیی بیستن، شادیی باوەڕ، لە وتەو فەرموودەکانی مندا دەبێت ڕاوەستیت، دەبێت وەکو پاسەوانێکی گومرگ هەست ونەستی خۆت بپشکنیت، تا بەهەڵەدا نەچیت، پاشان دەبێت ڕێزلە خۆت بگریت، دووپات بەهەڵەدا نەچیت.. ئەوسا سەرنج لە پەڕووباڵی باڵندەی ووشەکانم بدەیت، ئینجا دەست بۆ گیانی ووشەکانم بەرەو هەڵیان سەنگێنە، بیانکێشە، تا بزانیت چەند قورسن لەجوانییاندا!
کە ووشەکان و فەرموودەکانی منتان کێشانەو پێوانە کرد.. دەبیینن ئێستاتیکای داهێنانم بەشاباڵی خواکـان دەفڕن، حەقن، ڕاستن، جوانن.. لێم مەترسن، چونکە من لەخۆم ناترسم. لەتۆ ولەخواوەندی مەزنیش ناترسم، خواوەند مـرۆڤی ترسۆی خۆش ناوێت، دەیبوغزێنێت! لە ووشەکانی مندا دەتوانیت پۆرترێتی خواکـان بە جوانی ببینیت. جا خواوەندی تۆ هەر ڕەنگ و قەبارەیەک و شکڵێکی هەبێت؛ من ڕێزی لێدەنێم. بۆ دڵنیا بوونیش دان بەوەدا دەنێم کە خواوەندی تۆ گەورەترە لە هی من.. خواوەندی من هێندە بچوکە، نەک هیچ کەس، بەڵکو خۆشم نایبینم!
من لەدۆزەخی گومانەکانتان ناترسم. چونکە من مـرۆڤم وخواوەند نییم.. من هەستی جوانـیم لەدڵی منداڵەکانمدا ڕواندووە. ئەو منداڵانەی هانایان بۆمن هێناوە هەرگیز دووچاری شەڕ نایەن، چونکە من پڕم لە خێر. ئەمەش مانای ئەوە نییە کە من بە شەڕ دەوێرم، چونکە دەشێت قەپاڵی شەڕ منیش بگەزێت! **کەس نازانێت کەی شەڕ هار و هارتر دەبێت! شەڕ بە مرۆڤ دەوێرێت! بەڵام بە باوەڕو گیان و بیر و عیشقـی مرۆڤی خوودبین ناوێرێت!**
من خاوەنی وڵات نیم.. ڕاستە، بەڵام خاوەنی وتە و فەرموودەم.. من سەرمایەداری وتەم.. وتەکانم لەدەم دەرنایەن بۆباسی هەڵە، چونکە پەیامی جوانی بێخەوشە. من لە پێناوی جوانـیدا دەدوێم، بۆ مـرۆڤی پیـرۆز، بۆ مـرۆڤی جوان دەدوێم.

من لەهەندەران لەدڵی دێـوا دەژیم ؛ کەچی دەتوانم لە حورمەتی جوانی بدوێم. بە لەتبوویی لە تەنگەبەرێکدا دانیشتووم، هاوین و بەهار لێم تۆراون، ڕۆژ زیزە لە کردەوەتان، سەرمامە، وبەزەییم بەژیاندا دێتەوە.. ماندووم سەرم بەسەر پەیکەری ماریاکان ومەسیحەکانەوە لارکردۆتەوە، قورئان و ئینجیل وتەورات و بوودیزمم لەبەرچاودایەو هیچیان من هان نادەن بۆ شەڕ.. باسی ڕاوەستانی ئەورۆژەش ناکەن، کەکات وەستا یان دەوەستێت! کە سروشت زیز بووەو دەبێت، کە وەرزەکان تاقەتیان چووەو دەچێت.. کاتێک مێرولەکان لەبرسامردن.. کاتێک کەباڵندەکان ڕێگەیان کردووەو دەکەن و نەخۆش کەوتوون و دەکەون! کاتێک دەیان وسەدان وهەزارانیـان لە خۆڕا بە تاوانی ئەنفلۆنزای باڵندە دەسووتێنرێن، یان غەرقی ناجۆری و هەڵوێستی هەڵەی مـرۆڤ بوون و دەبن! کاتێک کە سەگەکانتان شەرمتان لێ ناکەن و لەبەردەمتاندا گوو دەکەن، و پشیلەکانتان هەمان شت دەکەن .. ئەوانتان کردووە بە نۆکەری خۆتان و خۆشتان کردووە بە نۆکەری ئەوان! جا ئێوە بەو کارە ناشیاوانە تەنها نەخۆشی سەرباری خۆتان و وەچەکانی داهاتووتان دەکەن.

نازانم بۆ بەزەیی و خۆشەویستی خۆتان بەد بەکار دەبەن!

کاتێک کەدایک ساوای خۆی زیندەبەچاڵکردو نەگریا.. کاتێک کەشەو لەڕۆژ تووڕە دەبێت، و دایک منداڵی خۆی تەنها بەجێدەهێڵێت و دوای کەیف و خۆشیی خۆی دەکەوێت! کاتێک کە قەلەڕەشکەکان یەک دەگرن، ئاهەنگی شەڕو ئاشتی پێکەوە دەگێڕن.. **کاتێک کە سرووشت تووڕە دەبێت.. بترسن.. چاوتان بکەنەوە، هەستن. گوێ لەو ووشانە بگرن کە گیانیان هەیە. دەشێت هیچ سوودێکی نەبێت.. بەڵام گیانتان پارێزراو دەبێت لە هەستی خواکان و نەستی پێغەمبەران و ویستی فریشتەکانتاندا! چونکە ئەوان ئێوە دەناسن و دەتانبینن. وا مەزانن کە ئێوە پێکەوە یەک خواوەندتان هەیە! نا، وا نییە.. من دەزانم کە هەر مرۆڤە و خواوەندێکی تاک و تەنهای سەر بە خوودی خۆی هەیەو دەگمەن هەن لەناوماندا خواکانیان هەمڕەنگ و هاوهەست و هاوگیان بن! جا ئەمە ڕاستییەکە زۆر لە میللەتان چاوپۆشیی لێدەکەن.**

ئەوکاتەی کەکات وەستا، ئەهریـمەن تازە لێوی خۆی دەلێسایەوە، منداڵێکی خۆی نابووە ژێر کەڵبەی و دەیجوو، بێڕەحمانەو ساردو ڕقئەستوور سەیری دەکردم، وایدەزانی لێی دەترسم.. بە ئەهریـمەنم فەرموو: "من دەتوانم، هەزاران هەزار مەسیح لەخۆمدا زینـدوو بکەمەوە، ماریاکان لە گەردی هەوادا ماچ بکەم.. دەتوانم ئازارەکانی گەردوون هەڵبگرم.. دەتوانم بە قەلەڕەشکەکان بڵێم ووس بن .. ووس. چونکە سەردەمی شەڕ بەسەر دەچێت و تەمەنی شەڕ هێندە درێژە کە کەنەفت و پیرو شەکەت بووە."

کە وامفەرموو، ئەهریـمەن کشایە دواوە، و لێم ترسا، زۆر ترسا.. چونکە زانیی کە من پشتم کردۆتە شەڕ، بگرە باوەڕیشم پێی نییە. چونکە لەشەڕدا جوانی بوونی نییە. منیش داهێنەری جوانـییم، بگرە جوانی بەبێ من ناژی، دەمرێت.

کەکات وەستا، کاتێ کە جانەوەرە تاریکەکە ڤاتیکانی تەنی.. بینیم لە ئەفغانستان پەیکەری بوودا بوو بە خۆڵ، لە ئەورووپا، وێنەی پێـغەمـبەرەکانیـان جارێکیتر کێشایەوەو سوکایەتیان بەوانکرد.. سروشت لەمندا تووڕە بوو..گوێم لەناڵە ونەعرەتەی خوا و پێغەمبەرەکان بوو.. دەیانفەرموو:" شەرم بکەن.. واز لە شەڕبێنن.. فەرموویان تەبیا تەب!".

زرمە لەدڵی ژیان هەستا.. کەکات وەستا لەخەونمدا بە پێوە ڕاوەستابووم.. سەیری باڵای ئاسمانم دەکرد.. بەر لەوەی باوەش بۆ ماریاکان ومەسیحەکان بکەمەوە.. ئەفریقاو ئەنفال و کازاناکی وهەڵەبجەم لەسەرسەرم وەکو بووخچەیەکی مەزن بارکردبوو.. لەگەڵ ئەوەشدا توانیم ئەوهەموو پەیکەرانەی مەسیح، ئەو هەموو پەیکەرو وێنەو فرمێسک وخەندە کزەڵانە باربکەم.. توانیم شەو تا بەیانی چارەڕوانی خۆر بکەم. توانیم

بەدراوسێکانم بڵێم: شەرم بکەن. هاوڕێکانی خۆمم بینی لەهەندەران پەرستگاکانیان ڕووخابوو؛ دەمی خواکانیان خوار بوبوو! دەمدی دڵ ودەروون و باوەڕی یەکترییان دەدزی! دەمدی جڵەوی خۆیان بۆ دێـوەکان شل دەکەن و بە درۆوە گاڵتەیان بە جوانی دەکرد و جرتیان بۆ موقەددەساتی یەکتری لێدەدا و خۆیان دەکرد بە دەمڕاستی لە خۆیان چاکتر و ژیر تر! چرووک لە نەوەی نـوح دەدوان، سەریان بۆ دێـوەکان دەلەقان و شۆڕ دەکرد. پشتیان دەکردە ڕەسەنایەتیی خۆیان.
هەر لەوکاتەدا کە پەیکەری بوودا بوو بەخۆڵ، تەپوتۆزی ئەوم کۆکردەوە، دامەدەست پەیکەرتاشێکی کورد، پێیم فەرموو: تکایە گەر دەتوانیت، پەیکەرەکەی بوودام بۆ دروست بکەرەوە.. چونکە سروشت تووڕە دەبێت، خۆرومانگ و زەمین تووڕە دەبن. بگرە زەریاکان پەرکەم دەیانگرێت. چونکە بوودا قوتابیی نـوح بوو. نوح ئەوی فێرە نیرڤانا ـناسی"نەجات" کرد، بەڵام ئەو وای زانی تەنها مەرگ مرۆڤ دەگەیەنێت بە نیرڤانا و لە ژیاندا مرۆڤ ناگات بە مەحاڵ. بەڵام حەزرەتی نوح بەوی فەرموبوو: نیرڤانا پلەیەکە تەنهایی و دابڕان و مەرگ ناپێیکێت. نیرڤانا کەماڵی هەستی جوانییە لە یەکبوونی باوەڕی مەتینی گەلەکۆ! جا ئەم بابەتە کۆنە کاوێژ بکەنەوە تا تێی بگەن. چونکە ئێوە نازانن مانای چییە!
ئەو مەسیحە ماندووە لە ئاڵتوون دروستکراوەی لەجێزڵی پاپا ڕزگاری بوو، لەگشت مەسیحەکانی تر ماندو ترو بێزارتربوو.. کە هات بۆ لام، فەرمووی: " مژدەو سڵاو لەگیانی نـوح. باوکی باپیرانمان.".. بەر لەوەی بەو بفەرمووم سڵاو لە گیان و هەست و بیری هەمیشە پیرۆز.
من نەمهێشت زیاتر بدوێت، چونکە بۆنی دەستی پاپای لێدەهات.. پێم فەرموو بڕۆ بەسێ ئاو خۆت بشۆ، دەم ودانیشت بشۆ.. ئنجا من دەتوانم گوێت لێبگرم.. دەشێت گوێشت لێنەگرم، چونکە ئافرەتەکانتان خۆیان دەفرۆشن، پیاوەکانتان باوەڕی خۆیان، شەرەفی خۆیان دەفرۆشن. مرۆڤەکان پڕن لە جانەوەری درۆ؛ نەوەی تۆ شەڕێکی سارد داگیری کردوون. باوەڕیان بەشەڕ زیاترە وەک لە خێر. ئەوان شەیتانەکانی عەرەب وتوورک و فارس دەکەن بەگژ میللەتی نوح-دا. ئەوان وا دەزانن کە بە هێز و توندوتیژی، ئازادی بۆ جیهان مەیسەر دەکەن! کەچی هەموومان دەزانین کە ئەوان شەڕ زۆر دەکەن و شەڕو خێریان تێکەڵ بە یەکتری کردووە! جا ئەمجارەیان خۆیان بەر لە دوژمنەکانیان لەناو دەبەن.
پێیم فەرموو: من گوێ لە عەشقی ئەتککراو ناگرم.. چونکە بەر لەهاتنی تۆ، دۆعا هات...، هەزاران زامی پێوەبوو.. بەوهەموو زامانەوە، بەوهەموو بەردانەوە کە تێیانگرتبوو، خەندەی بۆ من دەکرد، داوای ماچی لێم دەکرد. فەرمووی:" بۆ واماتی دڵ وگیانم، چیتە بەقوربان؟ دەیفەرموو پەنام بدە با لەسەر باڵت ڕاکشێم.. باکەمێک گیانت بشێلم".
دۆعا دەربەستی ماندوویی خۆی نەبوو.. دەیگوت:" ئەگەر لێرەش حەقی مانەوەم نەدەن، جێت ناهێڵم، تا گیانی حەزرەتی مەسیح لەدەرونتا ماچ نەکەم، ناگەم بە خۆزگەی ژیانێکی تر".
پێیم فەرموو: دۆعا هیچ هێزێک ناتوانێ تۆ لەدڵی مندا دەرکات، چونکە تۆ ئەو دەرمانە گیانیە بەنرخەیت کە دکتۆرەکان بۆی دەگەڕێن.. تۆ بزەیت، شیفای، خەندەیت.. من بزەکانی تۆ وەکو دەرمان بە خۆڕایی دەدەم بە حەزرەتی مارياکان.. بەمنداڵەکان، بە مەسیحەکان. تەنها خەندەی سەر لێوی تۆ زامی تیغی برینی سەر لەشی مەسیحەکان چاک دەکاتەوە. چونکە لەو کاتەوەی خەندەی مەسیح وماریای پیرۆز لەلێو بڕان، شەیتانەکان زیاتر زان، و زۆرتر بوون.
کەکات وەستا یەکێک لەوشتە سەیرانەی بینیم، مێرولەیەکی باڵداری ڕەش ڕەنگ و گۆشتخۆربوو.. قەبارەی زۆرگەورەبوو.. دوای پەیکەری حەزرەتی ماریاکەوتبوو دەیویست بیخوات.. منیش بەمێرولەکەم فەرموو:

ئەوقەلەڕەشکانە هەلاهەلات دەکەن، نەکەی توخنی ماریای پیـرۆز بکەویت. نەکەیت، چونکە شەڕ دەرهەق بەخۆی دووچاری هاری بووە!

مێرولە گۆشتخۆرەکە=کانیبالّەکە ووتی: لە ئەفریقاوە هاتووم، برسیمە، لەوێ مێرولەکان لەبرسا شارەکانیـان لەناو ئێسک و تروسکی منداڵاندا درووست دەکەن.. خوێنی وشکەوە بوو و ئارەق و خوێنی لەش لەبری ئاو دەنۆشن، ئێسکی مـرۆڤی لەبرسا مردوو دەخۆن.

**مێرولەکە ووتی:" لەهەڵمەتی لەشکری مێرولە سپییەکان بترسن.. چونکە ئەوان پەیامی کۆتاییتان بۆ دەهێنن.. ئەوان کە هاتن، نیشانەی یەکەمی ڕۆژی بەرێن و ئیتر جانەوەرە نادیارەکان دەکەونە کەوڵی بەدخووە دێوەکانتان.. ئەمە پەیامی خوای شەڕە یان خێر پێویستە بیزانن، بەڵایەک ڕوودەکاتە زەمین و ڕویکردۆتە زەمین، کەگوێت لێبوو قەلەڕەشکەکان کۆکین یاخوود وەکو کەر زەڕین.. پێویستە لەبری ئایین نان بکەن بەدەمی ئەفریقاوە، برسی پێویستی بەنانە نەک بەخواوەند وباوەڕ.. پێویستە قەرزەکانتان بدەنەوە، پێویستە خۆتان ڕاست بکەنەوە، بەسەرخۆتاندا بچنەوە. بیرو باوەڕوئایینتان مەفرۆشن بەجیـهان.. چونکە کرم ومێش ومەگەزیش باوەڕی خۆیان هەیە! کەرامەتی خۆیان هەیە.. بێکەرامەت میللەتێکە، ئایینێکە، کەسێکە کە کەلتوورو سامان و وڵاتی گەلێک داگیر دەکات. جا چیتان لە سامانی ئەفریقا دزیوە، بیگەڕێننەوە. چونکە ئەفریقا بە دەستی ئێوە تاڵانکراوە!**

دڕندەو ئەهریـمەن پەرست ودێـوەکان ئەوانەن کە هەمیشە چاویان لەسامان وڕەنجی گەلانی ترە! کە لە پێناوی خۆیاندا داگیر دەکەن، دەدزن، کۆیلە بازاڕ دادەهێنن، مـرۆڤ سووک وهەرزان دەکەن، وەک تەماحەکانی خۆیان. ئەوانەن کە بەتەرمی وشک هەڵهاتوی برسییەکانی جیـهان پێدەکەنن، پێکەکانیـان لەیەک دەدەن وباسی بەهەشتی دزراو بۆ دزەکان دەکەن".

کە کات دەوەستێ، کە کات وەستا من لەدورگەکەی خۆمدا تەماشام دەکرد.. کۆمەڵێک دێـوو درنجی دەرودراوسێ تەماشای سەرنجەکانی منیان دەکرد... هیچیان نەدەبینی.. وێنەیان دەگرتم، بۆنیـان پێوە دەکردم، گومانیان بەرپادەکرد، وایان نیشان دەدام گوایە من تێکچووم.. دەیانویست دڵ و دەروونم بدزن. دەیانویست خەندەکانم سەرببڕن. بە دێـو پەرست و سەگپەرستەکانم  فەرموو: ئـێوە ناتوانن، گیانی جوانی لەمن بدزن.

سەگ پەرستێک بۆڕاندی و نەڕاندی: "دەمت داخە".

یەکێک لەماریاکان کە پەیکەری مەسیحێکی لەباوەشدا بوو، سەیرێکی ئاسمانی کرد.. دڵۆپێک فرمێسک لە چاوانی دەرپەڕی.. فرمێسکەکە مەسیحێکی وەک مرواری بچکۆلەی لێ دروست بوو.. مەسیحە بچکۆلەکە بە سەگپەرستی فەرموو: ( من نەمووت ڕێز لە دراوسێکەت بگرە ؟ کاتێک کە ئەو ڕێزی ئەوەت لێ دەنێت کە تۆ سەگەکەت لەو میهرەبانتر تەماشا دەکەیت! لە کاتێکدا کە دەزانیت مرۆڤ میهرەبانترین گیاندارە!)

مێرولەکان ڕێز لە حورمەتی کاردەگرن..کاری خۆیان خۆش دەوێت، ئەوان مـرۆڤیان فێرکرد کاربکات، ئەوان مامۆستای یەکەمی مـرۆڤن. کاتێک کەمێرولەکان وەستان.. بینییان حەزرەتێکی ماریا تەرمی مەسیحێک ڕادەکێشێت لە دڵی تاریکیدا.. بەتاقی تەنها بەناو دێـوە نوستووەکاندا کە ئەویان گۆت کربوو، کەنەزیفی بەربووبوو، تەرمی مەسیحێکی بەخاجەوە کروای ڕادەکێشا.. مێرولەکان ووتیان: ئەگەر فەرمایشت بفەرمویت، بێگومان ئێمە دەتوانین لاشەی حەزرەتی مەسیح بشارینەوە ولەچاوی بەدکارو نەیاران ونیبکەین.

ماریای پیـرۆزلە وەڵامدافەرمووی: ئەی ئەو هەموو دێـوانە چیلێدەکەن کە خۆیان لەناو منداڵدانی مندا زۆر دەکەن؟ مێرولەکان وتیان: ئێمە دەتوانین خوێنی ئەوان بمژین، تالەداهاتوودا ئەگەرهاتوو مـرۆڤە دێـو

پەرست و سەگپەرستەکان زیاتر پێیان لێداگرت.. هەموویان پێکەوە بخۆین! حەزرەتی ماریا فەرمووی: **بەرلەوەی من وعیسا بشارنەوە، لەخوێناوی ئەو بخۆنەوە، تا بەتووڕەیی دووچاری تۆڵە نەبن، تا دووچاری هەڵمەتی ڕق نەبن، تابایی نەبن. چونکە ڕق کۆتایی بە ژیان دەهێنێت. مرۆڤی ڕقئەستوور دێوێکی زبر و بێهەستە.**

مێرووله سپییەکان فەرموویان: ووتەکانت پیـرۆزن، بەڵام ئێمە دەتوانین لە ووشەکاندا قەبارەی خۆمان بچوک ڕابگرین، تابتوانین لە داهاتوودا نەمرووەکان لەناوبەرین.. ئێمە لە دزێویی ولەدڕندەیی نا بوورین.. ئێمە گەورەترین دوژمنی دێـوی بێبەزەیین. ئێمە دەتوانیین هەرەس بە هەر هێزێک بهێنیین. ئێمە بەکار زەمینمان چنی، ئێمەبووین لەئاسمانەکانەوە هاتین تۆوەکانی ژیانمان پرواند.. گیانەکانمان دووبارە ڕواندەوە! دوای هەر لەناوچوونێک ژیانمان گەڕاندەوە ناو ژیان!

چونکە نهێنیی هەرەمەزنی ژیان لەکاردا پەنهانە. کار مرۆڤ و ژیان و بوون و بوونەوەری داهێناوە. ژیان کۆتایی دێت کەچی کارتۆتایی نایەت؛ کار ماندوونابێت، کار هەربەردەوام دەمێنێت، کات دەوەستێت بەڵام کار ناوەستێت، کار تەواو نابێت.

حەزرەتی ماریا فەرمووی: ئەی باشە ئـێوە ماندونابن؟ مێرولەیەکی سپی فەرمووی: **کاری ڕاست، کاری مەبەستدار، کاری پیـرۆزو پێویست، کاری شیاو بوونەوەر مەتین دەکات. ئەومـرۆڤەی لەکاری دڵخوازی خۆی ماندوودەبێت، گیانی پیسە، ئەوەی کاری بەزۆری بەسەردابسەپێت، مـرۆڤێکی پیـرۆزە گەر کۆڵنەدات، ئەوەی کوشتن دەکات بەکار، ئەهریـمەنەو کۆیلەی دێـوەکان!**

**ئەوەی کاری نابەجێ دەکات.. سەرزەنشتێک سەرباری ژیان دەکات.. ئەوانەی کەلەکاردا مـرۆڤ ماندوودەکەن دڵیان نییە، ئەگەر دڵیشیان هەبێت، دڵیان پڕە لەگوو.. ئەوان سیمای ژیان ماندوو دەکەن، ژیان دەبەن بەرەو سستی، بەرەو داڕوخان، بەرەو وەستان. مـرۆڤ بەوەی کەئێمە دەیزانین دەتوانێت هەمووئاسمانەکان هەڵبگرێت، مـرۆڤ دەتوانێت ژیان بنێتە سەرشان و بەگەردوندا بەبێباڵ بفڕێت.. چونکە کار مـرۆڤی فێرکرد بەتوانا بێت.**

مێرولەکان حەزرەتی ماریاو مەسیحیان هەڵگرت.. فەرموویان: یەک لەئێمەو دوولەوان، بەویستی شای مێرولەکان بمانبەن بۆشارێک لەئاسمان.. زوو، زوو، ئێستا، ئێستا.. کەوایان فەرموو دیار نەمان.

ژمارەیەک لەوان بەجێـمان. حەزیان نەکرد من تەنها بم.. بە دیارمەوە هەڵتوتابوون. هەوڵیان دەدا یاوەرو یاریدە بن، تا بەهۆیانەوە بتوانم لەشی دووکەرت بووم بگەیەنمەوە بەیەک.

مێرولەیەکی سپی فەرمووی: ژمارەکان، ووتەکان، خواکـان، فریشـتەکان، بتەکان گشتیان مێیینەن، گشتیان لە ئێمەوە فێر دەبن. فێری جوانی، ڕاستی، داد پەروەری. فێری ئازادی دەبن..

مێرولەیەکی ڕەشپۆش فەرمووی: مرۆڤ لە سەردەمێکدا دەژی کە تیایدا پەرستاری لە سەگ و دێوو درۆ دەکەن.. لە سەردەمێکی وەهادا ؛ زانست مان لە مێشکی مرۆڤ دەگرێت؛ ئەوسا هیچ شتێکی نوێ فێر نابن مرۆڤەکان؛ بەڵکو فێر دەبن سووکایەتی بە زمان و کەلتوور و ئایینی یەکتری بکەن. فێر دەبن دڵی یەکتری بڕەنجێنن.. باوەڕ بە هیچ نەکەن.. فێر دەبن بـبن بە کۆیلەی داواکارییە بچکۆلەکان.. تا ئەو کاتەی نەخۆشییەکان دێن و داگیریان دەکەن. ئەوسا مرۆڤی بەدکار لەناویاندا قڕ دەبن. دادەڕزێـن؛ دەمرن.. چونکە زانستەکان مان لە مێشکی مرۆڤایەتی دەگرن.. گەر زانست بەو کارە هەستێت؛ ژیـنگەکان پیس دەبن..خەندەی سەر لێوەکان دەمرن؛ ئاخر زەمان دێت؛ بەجۆرێک کە تیایدا مرۆڤ لە کردەوەکانی خۆی نابوورێت. مرۆڤایەتی کەم دەکات، زووربەیان بە دێوی دەمرن.

ڕۆژێک دێت تیایدا مرۆڤەکان گومانەکانیان تلۆق دەکات لە داخی دراوسێیەتی و هاودەنگی و هاوسۆزی.. خەڵکی بە هەڵە یەکتری تاوانبارو گومڕا دەکەن. بە ویستی خۆیان گوناه دەکەن.. بە هەڵەش خۆیان سزا دەدەن! مێرولەکان فەرموویان: ئێستا وەها دەکەن. بەوەش دێوەکان زۆر دەکەن.

# تابلۆی بینین

کەکات وەستا، توانیم بینینم بخەمە گەڕ، توانیم بەلەتبوویی دەست بنێمە ژێربالی منداڵێکی تووڕە.. بیبەم بۆگەڕان، لەڕێگەدا دایک و باوکی خۆی نیشان بدەم..فێری تەماشای بکەم. پاش گەڕان، منداڵەکە سێ وێنەی پێشکەش کردم، یەکێک لەوێنەکان تابلۆیەکی پۆرترێتی خۆمی نیشان دام..وێنەی درەختێکی سپیی لەسەرسەرم کێشابوو. بەزمانی دۆعا پێیم فەرموو ئامۆژگاریی باوانت بکە.. پێیان بڵێ کە بەتەنها جێت نەهێڵن.. نەهێڵن ئەهریـمەن لەدەروونتا گەرادانێت. چونکە منداڵ کاتێک تەنها دەکرێت؛ کە تەنها بەجێدەهێڵرێت؛ شەیتانەکان دەچنە وێزەی؛ دەچنە خەونی و داگیری دەکەن. شەیتانەکان بەگیانی ساوای منداڵەکان دەوێرن. تەنهایان مەکەن.. بە تەنها کردن و بە لە ژورپەستان سزایان مەدەن.

لەدورگەی هەستکردن بەکەمیدا ئافرەتێکی وەڕزی کوردم دی کۆمەڵێک خێو دەوریان دابوو، چاوەکانی پڕ بوون لە دێوی ڕق. دێوەکانم دەبینی لەناو گلێنەیدا سەری خواوەندی بڕدراوی ئەویان لەدەست بوو!

خوێنی ڕژاوی خواکەی ئەویان دەلێسایەوەو گاڵتەیان بەو دەکرد، دەیانویست بەدەستی خۆی پەت بۆ ملی خۆی هەڵ بخات.. دەیانویست بەزەبری خوود کوژی دەروونی پیس بکەن.. دەیانویست منداڵەکانی بدزن.. منداڵەکانی بخۆن. منیش نەمکردە نامەردی بەپیـرشالیارم ناساند.. ڕۆژی دوایی هات ولەمنی پرسی: پیـرشالیار خدری زیندەی خۆمان نییە؟ ووتم : با.

بینیم برا برای خۆی سەردەبڕێت لەڕق و گومانی هەندەراندا..خۆمم بینی لەژێرڕەحمەتی چەقۆی براکەمدا، لەژێر دەستی زبری برابچکۆلەکەمدا هانام بۆ خەڵک وخوا دەبرد.. سەری براوم نیشانی میللەتی دورگەی هەستکردن بەکەمی دەدا..دەمگوت سەیرکەن چۆن ژیان بەرلەوەی بزێت، سەربڕدرا! هەموو شەوێک لەخەوما براکەم دەهات سەری دەبڕیم! تەنها جارێک بەزەیی بە پاکژیما نەدەهاتەوە!

هەمووشەوێک دەهات.. شایەتمانی دەهێناو سەرمی بە گوێزانێکی کول دەبڕی! لەحەشمەتا گوێزانەکەم لەدەستی دەسەند، جوانجوان تیژم دەکردەوەو دەمدایەوە دەستی، دەمگوت سەری من وقوربانی تۆ..

جارێکی تریش سەرم ببڕە!بەڵام بەوکارە داهاتووی خۆت دەڕەنجێنیت، چونکە تاوان دووپات دەبێتەوە. ئەوەی سەری کەسێک ببڕێت، سەری دەبڕدرێتەوە. ژیان لە هەمیشەییدا وەک ئەو فلیمە وەهایە کە دەکرێت هەمیشە دووپات لێبدرێتەوە. جا کردەوەکان، ووشەکان، بیرەکان هەمیشەیی دەژیین. بیری جوان، کردارو ووتاری جوان کەرامەتی خوود لەهەمیشەییدا پاکژ ڕادەگرێت. بینیم پەیکەرێکی لەقوڕ دروستکراوو بچوک، خواروخێچ، بەسەرشانما هەڵگەڕابوو دەیویست سەرم ببڕێت.. منیش بێباکانە باسی جوجەڵەیەکم بۆی دەکرد، بەڕێزەوە پێم دەگووت: هیچ هێزیک لەم گەردوونەدا ناتوانێت تەماشایەک سەرببڕێت..

ئەوکەسەی سەری کەسێکی بڕی، بەرلەوە خۆی سەربڕی.. ووتی: ئەی بۆچی حەزرەتی ئیبراهیم ویستی سەری ئیسحاقی کوڕی ببڕێت؟ ووتم: جیاوازییەکی زۆر هەیە لە نێوان ووشەی وویستی و ووشەی سەری بڕی-دا!

ووتم، چونکە بێباوەڕ بوو، گومانی لەباوەڕی خۆی دەکرد، بۆیە ئیسحاق بەوی فەرموو: بابە، چەقۆکەی دەستت فڕێدە، من باوەڕی تۆم، ببینە من زمانی تۆم.. بابە من دەتوانم بەرانێکت پێشکەش بکەم.. دەتوانم حۆریت نیشان بدەم، فێرت دەکەم خۆت سەرنەبڕی.

که حەزرەتی یئبراهیم فریشـتەکانی ئیسحاقی بینی فەرمووی:کوڕی خۆم، من تاماوم ملکەچی تۆم، پێویست ناکات بمبووریت، بەڵام ئەگەرلەخۆم بووردم، ئەوا کەزینـدووبومەوە..دەبم بەکوڕت، تۆش دەبیت بەباوکم.

باسی جوجەڵەکەم تەواونەکرد، ئەو جوجەڵەیەی منداڵێک گرتی و بردی بۆ نەبەرد لەگەڵ کەڵەشێرێکدا.. کەڵەشێرەکە چاوی جووجەڵەکەی هەڵکۆڵی! کاتێ جووجەڵەی تێکشکاو، ترساو لەنەبەرد گەڕایەوە، لەترسا خۆی لەژێر سنگی خاوەنەکەیدا حەشاردا! دەترسا، دانی بۆ نە دەخورا..تا شەوێکیان لەژێرسنگی خاوەنەکەیدا مرداربووەوە! خاوەنەکەی زۆرزۆر نیگەران بوو، گەرچی خاوەن جووجەڵەکە منداڵ بوو، بڕیاریدا کە گەورەبوو، بەپێی توانا جار ناجار مۆمێک بۆ گیانی جووجەڵەکەی داگیرسێنێت، چیرۆکی جووجەڵە بۆ منداڵەکانی باسکات.

کاتێک خاوەنی جووجەڵەکە وەفاتی کرد.. جوجەڵەکە لە دایک بووەوە! بەڵام گیانی خاوەنەکەی لەودا دەستی بەژیان کردەوە.

بینینم بێداربووەوە.. کەکات وەستا، وەکو فەرمووم زۆرشتم بینی، باوەڕناکەم بتوانم فریای گێڕانەوەکان بکەوم.. دەشزانم کەتۆ باوەڕ بە هێزی بینین ناکەیت، بەڵام من ناچار نیم واز لە بەندی ووشەکانم بهێنم و نەڵێم. چونکە فرسەتێکی تری ئەوتۆم چنگ ناکەوێت..چونکە کات ئەگەرلەسووڕخواردن بکەوێت، دەشێت بەلادابکەوێت، دەشێت کات بمرێت!

جۆرە دێـوێکی مۆدرێن هەن باوەڕ بەهیچ ناکەن، گاڵتە بەشێت وبە منداڵ و ئافرەت دەکەن.. گومان لەبێگەردیی منداڵ دەکەن. منداڵ دووچاری ترس دەکەن، باوک و دایکی داگیردەکەن، بێنازی دەکەن، فێری سروشتی شەڕی دەکەن.

من بەودێـوانە دەڵێم: وامەکەن. تێناگەن، چونکە وادەزانن دەتوانن بەشەڕ ژیانی خۆیان خۆش بکەن.. وادەزانن خواوەند لێیان دەترسێت. من بۆئەوان نادوێم.. ئەوان بەرگەی بینین ناگرن.. لە زانستی خامۆش هیچ نازانن وتەقەی سەریان دێت.

هێـندەی دێـوێک دەخۆن وکەچی هێشتا برسین! پاڵەوانێکی دێـوم بینی بە دوانزە دێـو نەیان دەتوانی لەجێگەی خۆی بەرزی بکەنەوە، کەچی لەبرسا خەریکبوو دەمرد! پاڵەوانێکی ترم بینی لەمن دەپاڕایەوە لوقمەیەک نان و ڕۆنی بەرازبکەم بەدەمیەوە.. بەرازاکان تووڕەن، لەداخا کەسەردەبڕدرێن، دەبن بە نەخۆشی، دێـوەکان زلتردەکەن، برسی تریان دەکەن، تەمبەڵتر.

بینیم سروشتی مـرۆڤ و دێـوەکان، وەک بەرازەکان تێکەڵ بەیەکتری بوون، ژن وپیاو تێکەڵی دێـوبوون، دێـوەکان لەخۆیان بایی بوون، زەهراو دەرخواردی گوڵ دەدەن..ترسنۆکن سڵ لەجوانی دەکەنەوە..تەمبەڵ و سستن.. وانە فێری ئەهریـمەن دەکەن، خۆیان دەپەرستن، کەخۆیان جوان دەکەن، لەخۆیان دەترسن، لەتاواسەگ دەپەرستن، پشیلە، جرج، دێو دەپەرستن، خۆیان دەکوژن، لچ ولێوی خۆیان دەبڕن. ئەمانە باشەکانیانن!

خراپەکانیان بەناوی خێرەوە پەیامەکانی ئەهریـمەن بڵاو دەکەنەوە.. تەقەمەنی و چەکی ئەتۆم دروست دەکەن و دەیدفرۆشن بە گەلانی جیـهانی دووەم و یەکەم وسفرەم.. ئەوجا گەڕیان پێدەکەن، بەناوی ئاشتی خوازەوە چەکە فرۆشراوەکان بە شەڕ داوا دەکەنەوە! بۆئەوەی دەست بەسەر هەموو جیـهاندا بگرن!

ئەم دێـوانە زۆرن، زۆر لەکەرامەتی مـرۆڤ دەترسن.. لەوەتەی هەن، هەر خەریکی زۆرکردنی چەکی شەڕن، هەمیشە لەشەڕدا دەژین، بازاڕی یاریی منداڵانیان پڕ کردووە لە دێـوو درنجی ئاسن ومقەباو تەختەو پلاستیک و پەڕۆ! شەڕ لەدەروونی منداڵەکانماندا دەڕوێنن.. وازیان لێناهێنن.. خەڵکینە، مـرۆڤە

بەرێزەکان، دێوەکان دەیانەوێت بەشەڕ کەرامەتی خێر بگۆڕن.. تێناگەن نازانن کە پێویستە لەسەریان خۆیان بگۆڕن بەخێر. هەڵبەتە ئەم کارەشیان کردووە.. بەڵام ناشیبانە. چونکە ئەوان لە سوودی خێر چێژ نابینن. نازانن کە خێر سروشتی نەگۆڕە. خێر هەرگیز نووچ بۆشەڕ دانادات.. خێر سروشتی خواکانی جوانییە. دێوەکان: واز لەشەڕ بێنن، مەترسن، واز لەترسەکانتان بهێنن.. وەرنەوە باوەشی پێغەمبەری مەزنتانەوە.. لەخۆتان ببورن، کەمێک بەزەییتان بەخۆتاندا بێتەوە.. کەمێک پشو بدەن بە ویژدانتان.. گەر ویژدانتان نییە، هەوڵ بدەن هەستی پێبکەن، هەن لەناوماندا دەتوانن چنگێک ویژدانی جوانیتان بەش بدەن. شەرم مەکەن داوای جوانی لە بێگانە بکەن.

دێوەکان: ئەگەر سروشتی خۆتان نەگۆڕن، من دەتوانم بە ئاشکرا چاوتان بترسێنم وپێتان بڵێم کە دەردە شەڕ بە ڕێگەوەیە.. لەگەڵ هاتنی مرۆڤی بێوڵاتدا دەردەشەڕ بڵاو دەبێتەوە.. چونکە کاتێک کە خێوی شەڕ بۆ یەکەم جار مرۆڤی بێناوو بێئاڵا دەبینێت! دەحەپەسێت.. خۆی گرمۆڵە دەکات، بچووک دەبێتەوە.. هەڵدەپروێت، وەک میزەڵانێک یان فش دەبێتەوە، یان دەتەقێت.

چونکە هیچ شەڕێک ناتوانێت لەبەر دەمی مرۆڤی بێوڵاتدا پایەدار خۆی ڕابگرێت.. چونکە دێوەکان، نایلۆنن، پلاستیکن، تەختەو ئاسن ومقەبان.. کە مرۆڤی بێوڵات دێت، کۆیان دەکاتەوەو دەرمانێکی گیانیی مەزنی لێ دروست دەکات. جەهەنەمێک یان ئاگردانێک دادەگیرسێت.. بۆ ئەوانەی کە دەیانەوێت سزای خۆیان بدەن. چونکە خواکانی یۆنان، دایک و باوکی بەشێک لەئاسیاو ئەورووپان، لە گەردووندا، لەهەمیشەییدا زیندوون، لە دەروونی خۆیاندا جەهەنەمیان هەیەوهەبوو.. کاتێک کەسزای خۆیان دەدەن ودەدا، دەچوون و دەچن بۆ تارتارۆس. ئەوان بەچاکی دەزانن ئەو جەهەننەمە لەسەر زەوی دروست بکەن، تا ئەو مرۆڤە شەڕخوازانە کاتێک دانیان نا بە تاوانەکانی خۆیاندا، بە پێی خۆیان بچنە ناوی.

بیرتان نەچێت، ئەوەی منداڵ هەتک دەکات، دەکوژێت، دەبێت بە ویستی خۆی بچێت بۆ جەهەننەم.. ئەوەی سێجار هەمان هەڵمەتی بێهۆو سزادەر دەکاتە سەر یەکێکی لەخۆی لاوازتر، دەبێت دان بەتاوانی سزای خۆیدا بنێت، وەک سوکرات یان کاسەی زەهر هەڵلوشێت، یان دۆزەخ بکات بە ماڵی خۆی.. ئەوەی دۆزەخ هەڵبژێرێت دەگات بە پاکژ بوونەوەو لەسزاکانی خۆی خۆش دەبێت.. گەر زەهر بخواتەوە ئەوا مانای وایە سەر بە جەهەنەمی خۆیەتی.

ئەمە داب وحوکمێکی پیرۆزە لەنێوان مرۆڤەکاندا.

بیرتان نەچێت، ئۆدینی خواوەندی گەلی بەستەڵەک، لە سرۆشدا مرۆڤی بێوڵات، حەزرەتی نوح دەفەرموون: (**تۆفانێک دێت، زۆرتان لەناو دەبات، گەر کەلتوورێک بۆ جیهان نەنەخشێنن، کەلتوورێک لە جوانیی ویژدان.**)

دێوەکان: من دەتوانم فێری لەخۆبووردنتان بکەم، مرۆڤ نییە هەڵە نەکات، چما دێو! بەڵام من تۆوەکانی پێرفێکت بوونم پێیە. پێیان دەڵێم وەرن، تەماشاکەن، ئێوە گوناح دەکەن، ئێوە گوڵەکان تووڕە دەکەن. پێم پێدەکەنن، دەڵێن: بەهێز نووچ دانادات!

پیرشالیارم بینی لەقامەتی منداڵیدا دەستی بەسەری گوڵەکاندا دەهێناو گوێی لەچیرۆکەکانی مەسیحەکان دەگرت، یەکێک لەمەسیحەکان کە لەتەنەکە دروستکرابوو، ژەنگ تێیدابوو وەکو باڵندەی شەوشێت دەیخوێند، دەیگوت دێوەکان کاتێک کەمنیان دروستکرد لەتەنەکە، گاڵتەیان بەحورمەتی بوون دەکرد.. درۆیان دەکرد، دڵیان پڕبوو لەژەنگ. بەدمەست بوون.

یەکێک لەمەسیحەکان فەرمووی، ئەودێـوە بێویژدانانە گاڵتەیان بەغەیب دەکرد، دەیانووت: کواخوا لە کوێیە، بۆنایەت دەربازت بکات! نەیان دەزانی کەخوا هەرگیز ئاوڕلە شەڕناداتەوە، بەشەڕ وەڵامی شەڕناداتەوە.
پێم فەرموون، خواوەند دەبینێت، دەبیستێت، نامرێت. ئەوان پێدەکەنین، گاڵتەیان بە گومانی خۆیان دەکرد.
مەسیح فەرمووی: لەوکاتەدا کەبەنووکی ڕم پەراسویان دەدڕیم، ئەهریـمەنەکان لەترسا بچووک دەبوونەوە..کەچی دەیانویست دڵۆپێک خوێنی من بەرن تا  سیل و شێرپەنجەکانیـانی پێ شفا بکەن..
بەدایکمیان دەگووت خواوەندمان کوشت.
گوێیان لەدەنگی ماریای ماگدەلێنانە بوو، لەدەستی ڕاستەوە وەستابوو گوێی لەئاوازی کۆترێک دەگرت، کۆترەکە بەئاوازەوە بەوی دەفەرموو : مەترسە، ترس دووچاری نەخۆشیت دەکات، تەماشاکە، چونکە مەسیح لەتەماشاکانتا دەڕوێت، سەوز دەبێت.
کاتێک ماریا چاویکردەوە، بینیی حەزرەتی مەسیح لای دەستی ڕاستییەوە ڕاوەستاوە، بینیی کات ڕاوەستاوە..بە چپە بەماریای فەرموو: من لەتۆدا وون دەبم، لەتۆدا دەتوێمەوە، بمبە بۆ هەندەران لەوێ ژیانێکی ترم پێڕەوا ببینە. کە وەهای فەرموو، کات وەستا، شوێنەواری مەسیح وەک تۆوێکی پیـرۆزو بەپیت لە گیانی ئەودا متوربە بوو.

گومان لە ووتەکانم مەکەن، ئەگەرباوەڕناکەن وتەکانم بنێرن بۆ ئەنفال، چونکە لەوی دەنگەکان نامرن، دەتوانن گەواهی ڕاستیی خۆیان بن، من نیم، ئـێوە بێباوەڕن. من دەبینم کە ئـێوە نابینن، من دەتوانم بەتاریکاییەکانی هەمووبیرێکدا بڕۆم و بەبێ چاو ڕووناک ببینم، دەتوانم تەماشای دڵی باران بکەم، پێتان دەڵێم تەماشاکان گیانیان هەیە، باوەڕیان هەیە، دەبینن هەناسەدەدەن.
تەماشاکان نە مرن.. لە دووپات بوونەوەی ووشەکان مەترسن، چونکە ووشەکانم دڵیان بەکردەوەکانی مـرۆڤ دەسوتێ.
کچێکم بینی لەکەنارێکی باوەڕمدا وەستابوو سەیری دەکردم، باوەڕی بەخۆی نەمابوو، دڵی ڕەنجابوو، وەکوگوڵی ژاکاو تەماشای خۆی دەکرد، دەترسا لەوەی نەخۆشی داگیری بکات. فەرمووم، ئەگەردەنکە گەنمێک بدەی بە مێرولەکان، ئەگەر گۆرانییان بۆبڵێیت، دەردەکانت دەپەڕن، شیفات دەکەن، چونکە ئەوان بوونەوەر بەڕێوە دەبەن. پێکەنی و سەرێکی باداو ووتی : تۆشێتیت؟ مێرولەکان نافامن.
فەرمووم، با.. ئەوان دەتوانن کۆتایی بە بون بێنن. باڵندەیەک قیژاندی، بەتووڕەییەوە ووتی: قسە بۆ دێـو پەرست مەکە، چونکە سەگ پەرست ودێـوپەرست بێباوەرن. بەباڵندەی نەورەسم ووت: بۆچی هەمیشە دەقیژێنیت؟ ووتی سروشت پیس بووە، سروشت لەمن تووڕەترە..مـرۆڤ هێشتا فێری ڕێزلەخۆگرتن نەبووە. ئاسمانەکان بەگیانی پەلەوەرە سووتاوەکان پیس بوون! ووتی: قەومی باڵندەکان ببینە خوێنـدنەوەیان لەبیرچۆتەوە.
مـرۆڤەکان نازانن کەخوێندنی ئێمە باوەڕی مـرۆڤ تەندرووست ڕادەگرێت. مـرۆڤەکان بەگومانەوە گوێ لەیەکتری دەگرن، بەڵام لەئێمەوە فێرنابن بە بێ بەرژەوەندی یەکتری بلاوێنن. باڵندەکە ووتی: تەنها چاوو تواناکانی من نییە خواردن وژەمە خۆراک لەدوورییەوە ببینم، نا وانییە، بەڵکو خواردن بانگم دەکات.. خواردن دەتوانێت بانگم بکات، فەرمووم لێبکات.. چونکە ڕسقی من خاوەنی گیانە.. چونکە هەر گەردێکی بوونەوەر خاوەن گیانە. بەردیش گیانی هەیە، گیانی نەرم و تیژە بەرد.
لەوکاتەدا کەشەقام و شۆستەکانی جیـهانم پاک دەکردەوە، لەوکاتەدا کەفرمێسکەکانی ماریاکان و خوێنی مەسیحەکان تێکەڵ بەیەک دەبوون.. گوێم لێبوو فریشـتەکان لەژێرخاکدا، لەگۆڕستانەکانی جیـهاندا لەگەڵ

لاشە بێگیانەکاندا دەدوان، بەمردووەکانیان دەفەرموو: ئەگەر ئێمە بچینە ناولەشتانەوە، دەتوانن زینـدووببینەوە، ئەمجارەیان لەخوێن وفرمێسکی ماریاکان نەوەیەکی ژیرتر بەدی دەهێنین، کاتی کە مـرۆڤمان قڕکرد!

مردووەکان ووتیان، ئـێوە پێشتر ئەوەتان کرد، ئـێوە لە پیتە کاندا لەشی خۆتان دۆڕاندووە، ئێمە یش ژیانمان دیوە.. کاتێک کەباران دایکرد، دوای وەستانی کات، کەتوفان هات، فرمێسک وخوێنی ئەوان بەرلێومان دەکەوێت، زیندو دەبینەوە، دەبینەوە بەوەی کەکردمان!

کەکات وەستا هەمووگیانە نادیارەکان سەریان لێشێوا بوو، یادیان دەهاتەوە کەبەرلەمێژویەکی زوو، خۆر- دێـوئەهریـمەنێکی لغاو لە ئاسنی ناردە سەر مـرۆڤە مەزنەکان.. تالافاونەهات، ئەوماندو نەبوو

لە قاتوقڕکردنی بوون، سەری منداڵی دەخوارد، پیرەکانی دەئالاند لەگورزی ئاگرینەوە.. دارستان وگیان و لەشی سروشتی دەسووتاند.

بینین بەهرەیەکە زۆرجارلەغەیبیشدا بژێوە! بوونەوەرەنادیارەکان، هەندێک لە مـرۆڤی ئەولیا لەبەهرەی بینین بەئاگان.. ئەگەر بینین لەناوبچێت، کات دەوەستێت، کەکات وەستا، دێـوپەرستەکان ترسنۆک وسست دەبن، واز لە کارەکانی ڕۆژانەیان دەهێنن، ڕاستگۆکان لەدرۆزنەکان، درۆزنەکان لەڕاستگۆکان دەترسن، چونکە پەیوەندییەکان مان دەگرن.. منداڵەکان زووگەورە دەبن، دایکان کۆرپەکانی خۆیان بەجێ دەهێڵن..هەندێک جار لەبەرخۆشیی خۆیان خەفەیان دەکەن! منداڵەکان تووڕە دەبن ، هەندێک لەوان خۆیان دەکوژن.

کەکات وەستا ئەوڕووداوانە سەرپێیی بوون و دەبن، لەزۆرشوێن گێرە شێوێنی ڕوو دەدا ! لەنێوان مـرۆڤەکاندا ئەوەی ڕاستیبێژ بوایە سەردەبڕا ، دەکوژرا ، زمانیـیان دەبڕین.. دێـوەکان لەژێرعەرزا فێری خواردنی گیانی خوشک وبراکانی خۆیان بوون، بەرلەوەی هەڵمەت بەرنە سەرکەرامەتی ڕاستگۆ.

لەمـرۆڤی ڕاستگۆ مەپرسن بۆ؟ گوێی لێبگرن، چونکەئەو جەوهەروکردارو فرمان لەنادیاردا دەبینێت.. ئەولەسروشتی خۆی ناترسێت. خوودبیـن هەست بەبوون دەکات، ژیان ڕازاوە دەبینێت، ئەگەرمەرگ بێت بەمیوانیی، خزمەتی دەکات.

باڵندەکان، گوڵەکان، خشۆک وبوونەوەرە نادیارەکان ڕێزلە حورمەتی تەماشاکانی دەگرن، چونکە ئەو دەبینێت.سروشتی ئەووەهایە کە بەتەماشا دەدوێت، ژیان لە تەماشادا دەبینێت. خوودبیـن کەسێکە کە دەگات بە شیفا ، بە گیانێکی ئازاد. مـرۆڤ کە توانای بینینی مەزن دەبێت، دەشێت وەک من وتۆ بیر نەکاتەوە! نا ؛ دەشێت لای تۆ ڕەفتارەکانی حەماقەت ئاسا دەربکەوێت.. دەشێت کەسێتیی مـرۆڤ لای دێـو پێچەوانە دەربکەوێت.. چونکە خوود بین جیـهانی دەبێت! دۆخێکی وەها دەست بەسەر ڕەفتارەکانیدا دەگرێت وەک ئەوەی مردنی بەزەویدا دابێت!

مـرۆڤی خوودبیین جیـهان وەک کەلایەکی خڕی بچکۆلەی ڕەنگین دەبینێت کە منداڵێک هەڵماتێنی پێدەکات! ئەم ئەستێرەیە وەک ئۆرگانێکی بچووک لەلەشی خۆی دەبینێت.. هەست بە هەموو مـرۆڤایەتی دەکات.. کە بیر لە جیهان دەکاتەوە؛ هەست دەکات هەموو گیانی دێشێت! کە شادوومان دەبێت، وادەزانـێت هەموو جیـهان شادوومانە.. کە تووڕەش دەبێت وادەزانـێت دڵی جیـهان دەشکێت.

جارێکیان مـرۆڤی بێـوڵاتیان لە زیندان دەرهێنا.. چونکە دێـوەکان بیستیان کە بێـوڵات ناتوانێت کار بکات! بردیان بەزۆر کردیان بە شوانی بەراز.. نەک هەر هێندە بەڵکو گووی بەرازەکانیان بەو دەشت! سەرۆکی کرێکارەکان، گشت کرێکارەکانی کردبوو بە بەراز دژی ئەو.. بە هاوکارە بەراز سیفەتەکانی دەگووت: بچن تووڕەی بکەن.. ئەوانیش وایان دەکرد.

ئەنجام جارێک، دوان ، پاش چەندین جار لێبووردن؛ ئەو لە بەرازەکان تووڕە بوو.. تووڕەیی ئەو دڵی سەرۆکی بەرازەکانی شکاند.. بۆیە ناردی بەدوای بێـولاتداو بەنیازی ئامۆژگاری کردن کەوتە حەپیین.. وەڕی و ووتی:" تۆ بۆت نییە تووڕە بیت، ئەگەر ناچار بوویت تەنها لە کەسێک تووڕە ببە کە تووڕەت دەکات ".

ئەویش لەوەڵامدا فەرمووی: من سروشتم زۆر هێمنە.. بەڵام گەر من تووڕەببم.. مانای وایە هەموو جیـهان تووڕە دەبێت. ووتی: یەعنی چی( بەپێکەنینی گاڵتەوە) خۆ تۆ جیـهان نییت؟

فەرمووی: بەڵێ، ڕاستت ووت، من هەموو جیـهانم، بگرە جیـهان گشتی لەچاوێکمدا جێگەی دەبێتەوە!

ووتی: یەعنی چی ؟

فەرمووی: هەموو جیـهان پێکەوە یەک لەش ویەک گیان و یەک ژیانن.. بۆیە ئەگەر برینێک لەشی من بگرێت، دڵنیام لەوەی هەموو مـرۆڤێک دەشێت هەمان برینی لێبێت.

دەشێت درۆیەک چارەنووسی هەر هەموومان بگرێتەوە.. ئاساییە ئەگەر جۆرج بۆش بەناوی مەسیحەوە جیـهان داگیر بکات وبازاڕی شەڕخۆشتر بکات.. درۆکانی ، شەڕەکانی هەموو مـرۆڤایەتی دەگرێتەوە. خۆ ئـێوە کوێر نیین! ئەی نابینن جۆرج بۆش بۆ هەر جێگەیەک دەچێت، شەڕێک ئێخەی ئەو وولاتە دەگرێت؟ ئەی نابینن، شەڕ بەرگی خێری لەبەر کردووە؟

دێـوەکە بە ڕەزامەندی پێکەنی، پاشان ووتی: بەڵام بۆت نییە تووڕە ببیت!

بێولات فەرمووی: ئەوەی ناچارم بکات تووڕەبم.. سروشتی ناشرینە، من لەدزێوی تووڕە دەبم. چونکە کاردانەوەم بۆ جوانی تەنها خەندەیە. ووتی دەشێت خۆت بەخواوەند بزانیت؟ لەوەڵامدا فەرمووی: نەخێر، چونکە بە ئەرکترین کار لەژیاندا بوونی خوودە بە مـرۆڤ.. مـرۆڤ زاتێکە نەک خوا، بەڵکو خواکـان دروست دەکات! خوا شتێکی بەدەر وئازادە لەمن. بوون و نەبوونی ئەو لە کەرامەتی من کەم و زۆر ناکات. من کارم بەوەوە نییە، نامەوێت ببم بەو.

مێرولەکان هاتن

هاتن پێیان فەرمووم: **هەرگیز مەبە بە هاوسەری کەسێک کە دەیەوێت هەمیشە تووڕەت بکات. دێـوی شەڕ لەوێدا دەژی کە ئافرەتێک پیاوێک بێ مەبەست تووڕە دەکات.. بە پێچەوانەشەوە. تووڕە بوون لە گفتووگۆدا تا سێ جار پەسەند بکە.. دەنا دوور بکەوەرەوە.. هەڵ بدە لە شەڕی تووڕەکەر خۆت بپارێزە.ئەگەر لەگەڵ ئافرەتێکدا جووت بوویت؛ بەچاوی هاوسەرو هاوگیان مامەڵەو تەماشای بکە. نەکەی لەدوای جوویبوون پشت بکەیتە ئافرەت، بەوە، خۆشەویستیی نێوانتان درزی تێدەکەوێت، دەشێت خۆشەویستی بریندار ببێت، یان بشکێت. ئەگەر هات ولەدوای جووت بوون دووچاری هاری وپەرێشانی دەروونی وڕق وتووڕەیی هاتییت؛ دوور کەوەرەوە، لەو پیاوە یان لەو ئافرەتە. مانای وایە گیانی یەکێکتان پڕە لە دێو. هەمان شێوە، کاتێک مامەڵە لەگەڵ کەسێکدا دووچاری پەستی و تووڕەییت دەکات؛ واز لەو مامەڵەیە بهێنە. چونکە شەیتانەکان ناتوانن ناوبژی کەری خێرەکان بن.**

# تابلۆی جوانی

جوانی پاداشتی کردەوەکانی باوانتانە. دزێویش هەمان شێوە. جوانی و جوانناسی بەهرەمەندترین زانستە کە مرۆڤ بەرەو کەماڵ دەبات.

بمبوورن یادم نەبوو باسی ئەوەتان بۆ بکەم لەناوسەری درەختی زەماندا چی جوانییەکی شکۆمەند وبالا دەژی.. نازانم باسی سیحری چی جوانییەکتان بۆ بکەم.. چونکە ئەوەی ڕاستی بێت لەژێر درەختی زەماندا کانییەک هەیە، بەکانیی درەختی زەمان ناسراوە.. پیر ئاوی ژیانی لەو سەرچاوەیە نۆشیوە..

چونکە جارێک لەجارەکان، پیـرشالیار خەریک بوو بمرێت لە تەنهاییدا.. خەریک بوو بخنکێت لە تینوێتیدا! بۆیە کانییەک لە بنی ئەو درەختەدا هەڵقوڵا.. ئەویش دەمی نا بە خوڕەی ئاوی کانییەکەوە.. تێرتێر ئاوی نۆشی.. هێـندەی نۆشی تا سروشتی گۆڕاو بوو بەئاو!

چونکە نەیتوانی کانییەکە بەجێ بهێڵێت.. چونکە لەزەڕڕاتی مرواریی تنۆکی ئاوەکەدا بینیی فریشـتەکانی ناوئاوی کانییەکە چاوی لێدادەگرن، نازی بەسەردا دەکەن، بەتیلەی چاویان بە پیریان دەگووت: دەدەی.. وەرە تێکەڵمان بە.. وەرە خۆتمان بۆ ڕووت بکەرەوە دەستێ لە خۆت بدە.. وەرە با ئێمەیش پشتت بشۆین!

پیر شەرمن بوو، بەڵام نەیتوانی دەست بنێت بە ڕووی نازو شەرمی ئەوانەوە.. توانیی زۆر لەخۆی بکات، خۆی بۆ ئەوان ڕووت بکاتەوە.. ئەوانیش بەحورمەتێکی زۆرەوە هاتن.. بوون بەتیشک، کەوتنە ئاوبازی لەگەڵ پیردا! کەوتنە یاری.. لەو یارییەدا بووکە پیر گرۆی ژیانی هەمیشەیی بوو، چونکە ئەوان بەدەستی خۆیان ئاوی خۆیان کرد بەدەمی پیرەوە.. ئەویان برد بۆ شوێنگەی پیـرۆز.. هەریەکێک لەوان جۆرە کەرامەتێکیان نیشانی پیر دا، هەریەکەیان گەردونی خۆیان بە جوانترین شێوە نیشانی ئەو دا..

بۆیە لەو کاتەوە پیر لەناوماندا ئازادو سەرفراز دەژی.. چاوی لێمانەو پڕە لەپەیامی جوانی.. جاچۆن بتوانم داستانەکانی جوانیی ئەوتان لێرەدا بۆ باس بکەم.. گەر وەها بکەم، ئەوا دەبێت گەردونێک ووشە بکەم بەسەرە قەڵەمی ئەم باسانەم.. بۆیە نیاز مەندم ئەو باسەتان لە کتێـبێکی تایبەتدا بۆ باس بکەم.

بەڵام لێرەدا حەز دەکەم تەنها باسی یەکێ لەداستانەکانی پیرتان بۆ بکەم لە باخچەکانی بەهەشت.. چونکە باخچەکان لەبەهەشتا زۆرن.. **هەر مـرۆڤێک بەهەشتێکی سەمەرەی هەیە، بەهەشتێکی پڕ لە خۆزگەی جوانی.. بەهەشتەکان بێشوومار زۆرن. چونکە بەهەشت لەخۆزگەکانی مرۆڤ؛ لەتەماشای جوان؛ لەکرداری جوان و ووتاری جوان دروست دەبن. ئەوەی ڕستەیەکی جوانی لەدەم دەرهات؛ بەهەشتێکی خوڵقاند. وەک چۆن تۆوی پیاو منداڵ لەمنداڵدانا دروست دەکات؛ ئاوەها کردەوەکانمان، ووتارەکانمان؛ بەهەشتەکان دەچنن.**

جارێکیان پیر شالیار لەبەهەشتی یەکێک لەجوانەکاندا، سەرگەرمی گەڕان بوو.. بەناو سروشتی نەرم ورۆشنی ئەودا بۆنی گوڵاوی نێرگزی دەکرد.. لەبیریدا دەگەڕا بۆ پیـرۆزترین جێگە.. چاوی دەگێڕا وتەماشای ئەو هەموو ئاسکە کێوییانەی دەکرد کە لەگەڵ کۆترەکاندا دەفڕین.. ئاسمان وزەمین لەناو

هەورەکاندا تێکەڵ بوون.. چونکە بەهەشت ئاسمانی نییە! لە بەهەشتا ئاسمان، زەوی بوونیـیان نییە. ماددەکانی بەهەشت، بە چاوی هەستی ئێمە نابینرێن. چونکە بەهەشتەکان هەستن.

پیر کۆمەڵێک تۆوی مەسیحایی پێبوو! دەستی کرد بەلۆچێکی پەشتماڵە سپییەکەیدا. چنگێک تۆوی سپیی دڵ شێوەی ووردی، وەک زەنیـیانەی لەگیرفانی دەرهێنا.. بە هێمنییەوە دڵە وردیلەکانی وەشاند بەسەر هەورەکاندا کە زەمینەی بەهەشت بوون.. دڵەکان دەڕوان، ڕاستەوخۆ بەریان دەگرت.. دەبوون بەفریشـتەی وەک شەونم..

لەوکاتەدا خوودی حەزرەتی جوانی لەدواوە دەستی خستە سەر پشتی پیرو فەرمووی: بەخێر بێیت بەڕێز بۆ بەهەشتی من؟

پیر هیچی نەوت.. چونکە تەماشاکانی سەرخۆش بوون بەتەماشای جوانی! گوڵەکان، واتە ئەو فریشتانەی کە بەری تۆوەکان بوون ، ناوی خۆیان نابوو شەوبۆ، شەونم، شەمس.. لەوەڵامدا فەرموویان: سووپاس شا ژن ، ئەی حەزرەتی  جوانی.

جوانی دووباڵی جوانی پەشمینی پێوە بوو.. چاوەکانی دەتگووت چاوی خواوەندی تیشکە! لێوەکانی لە نوقوڵ دەچوون.. باڵای هێـندەی باڵای پیـرشالیار بوو.. پرچی ئاوێزەیی بوو! لەهەر تەماشایەکداڕەنگی پرچ ولەش وجوانیی دەگۆڕڕا بۆ جوانتر وجوانترین وشکۆی جوانی.. بەنەرمی دەستی هێنا بە گشت گیانی پیردا.. هەمووگیانی ئەوی شێلا.. پاشان پیر دەستی نایە ژێر چەنەی جوانی و بەنەرمی تەماشاکانی ئەوی خوێندەوە.. بینیی تەماشاکانی جوانی شەرمیان لێ دەتکێت.. ئارەقەی خۆشاییان دەردەدا ئەو نازکە ئاوەی کە لەشی ئافرەت دەری دەدات.. لەشی ئافرەت.. ئەو ئافرەتانەی لەخۆشیدا ڕەزامەندن.. چونکە ئەگەر ئافرەت ئەو ئارەقەیە، ئەو ئاوە نازکە دەرنەدات.. هەم خۆی وهەم بەرامبەرەکەی پیس دەکات!.. کاتێک ئاو دەردانی شەرمی ئافرەتەکەی بینی.. پیر تێگەیی کە جوانی پڕە لە خۆشیی وشیلە وشەرمی ڕەزامەندی!.. سێ ئاوی دەردابوو.. جوانی سێ جار خۆشایی پێگەییبوو..

بۆیە پیـرشالیار ناوچەوانی ئەوی لەپێشدا ماچ کرد.. بەر لەماچ کردن.. خاڵێکی سپیی نادیاری لەنێوان هەردوو ئەبرۆی جوانـیدا بە پەنجەی شایەتمان نەخشاند.. ئینجا چاوی، لێوی، گۆنای، لاملی شانی.. دست وپەنجەکانی جوانیی بەدەم شێلانەوە بۆن دەکرد، ماچ دەکرد.. بەهەناسەی گەرم وخۆش بەلەش.. لەشی جوانیی دەشێلا.. تائەوکاتەی جوانی چاوەکانی چووە خەو بەدەم خۆشییەوە..

گوڵەکان لەگەڵ شەماڵدا یارییان دەکرد.. گوڵەکانیش شەرمیان دەکرد.. تەماشایان نەدەکرد.. چونکە هێشتا خونچە بوون.. هێشتا چاویان نەپشکوتوو بوو!

پیر لەوێدا  لەگەڵ حەزرەتی جوانـیدا خەوی لێکەوت.. لەخەونیدا جوانیی دەبرد بۆ مەملەکەتی نـوح.. ئەوی داوەت کرد بۆ تەماشای گۆی مەمکی ئارارات.

کە جوانی ئاراراتی بینی فەرمووی: وەی گیان! ئای کە سەرسوڕمێنە جوانی ئەو ترۆپکانە! ئای لە دەستکردی مـرۆڤ وخوا! پاشان جوانی لەسەر گابەردێک دانیشت.. سەیری کەرامەتی پیری دەکرد.. بینیی ئەو لەسەری مـرۆڤێکی مەزندا لە ئاسۆدا وەک پەیکەرێکی مەزنی بوودا لەدۆخی نوێژکردندا دانیشتووە!

بینیی مـرۆڤێک لەئاسۆدا دەڕوات.. درِ بەتاریکی دەدات.. بینیی ئاسمان دابەش دەبێت.. مـرۆڤی بێـوڵات، بێـئاڵا بەرەو ئارارات دەچێت.. کات وەستا.. کاتیش لەبەرخاتری تەماشاکردنی جوانی ڕاوەستا!

جوانی مـرۆڤێکی مەزنی بینی.. بینیی سەری لەئاسمانەو پێی لەسەر زەوییە.. بینیی دەڕواو شوێن پێکانی سەوز دەبن.. دەڕوات زۆر بە هێمنی.. بەجۆرێک کە مێرولەکان نەشێلێت..زەریا وکڵپەی بۆرکانەکان لەگەڵیدا بەسەماوە دەڕۆیشتن.

دەڕوات، دێت! زەریاکان دەستیان بۆ ئەو گرتووە بە سنگیانەوە! گێژە ڵووکەکان تاریکی قاو دەدەن..حەزرەتی ئاگربەکڵپەی ناڵەی دەکرد. بینیی گەڵاکانی درەختی زەمان لەشێوەی مەل وباڵندە وگیاندارانِدا لەدەوری دەفڕن.. بینیی بوونەوەر دەبێت بەگەردانەیەک لەتەماشاـ ولەگەردنی جوانی دەئاڵا.. تەماشاکانی بێـوڵات دەبوون بەگەردانەی مرواری وله گەردنی جوانیی دەکرد.. گەڵاکان دەبوون بە گوارە.. گیانلەبەران دەبوون بە بازنگ بە سەرپۆشی ناسک ، پەڕی باڵندەکان دەبوون مەمکدانی ئەوو جێ شەرمی جوانییان دادەپۆشی.

با بەم بۆنەیەوە شتێکی جوانتان لەبارەی جوانیی مـرۆڤەوە بۆ باس بکەم.. گەرچی ئەو مـرۆڤەی بۆتان باس دەکەم ئافرەتەو دێـو کەمێک دەستی بۆ سروشتی بردووە.. بەڵام لای من شتێکی تایبەتی هەیە کە هێشتا وونی نەکردووە!

چیبێت لەتۆ نهێنی ئەو ئافرەتێکە هێـندەی جیـهان مەزنە! دەڵێی دەیان شازادەیان هێناوەو لەگشتیان ئەویان لێداهێناوە! هێندە جوانە نەبێتەوە؛ ئەفرۆدیتی خوای جوانی غیرەی لێدەکات! لەو کاتەوەی هاتۆتە باخچەی ساوایان و بووە بە یاریدەدەری منداڵان! باخچەکە خۆش دەچێت بەڕێوە.. چونکە ئەو خەندەکانی هەموو فریشـتەکانی جوانیی لەسەرلێوە! کە خەندەیەک نیشان دەدات، گوێم لە زرنگانەوەی دڵی خواکـان دەبێت.. هەست دەکەم نیگاکانی لە گەردوونی ڕۆبینس-ی هونەرمەندا بە ووردی وێنە دەکێشرێت! من هێـندەی دڵپاکیی منداڵەکەم خۆشم دەوێت.. کە دەیبینم هەمووگیانم هەناسەبڕکێی پێدەکەوێت.. هەست دەکەم خەندەکانی دەتوانن ببن بەدایک بە خۆشەویست.. ئەو هێدە جوانە لەخەندەکانیدا.. هەرچەند دەیبینم؛ وێنەکانی ڕۆبینس-م بیر دەکەوێتەوە.

ڕۆژێکیان منداڵەکەم گلەیی لەو کرد.. منداڵەکەم ووتی: پەلی توووند گرتووم، تووڕە بووە لێم.

منیش بەلامەوە سەیر بوو! کەمێک گلەییم بە مامۆستایەکدا حەواڵەی ئەوکرد.. بۆ ڕۆژی دوایی بینیم، هیچ سەیری منی نەدەکرد..هیچ.. بگرە ڕوخساریم نەدی. هەستم بەزویری کرد، هەستم کرد دایکم دڵی دێشێت! هەستم کرد سروشت لێم ڕەنجاوە.. خۆمم بۆ نەگیرا، بۆیە بۆ شەوەکەی چوومە خەوی.. بینیم لە فەنتازیای گەردوونی مندا نووستووە.. پەنجە گەورەی ناوەتە ژێر لێوو بەدەم مشەی منداڵانەوە پەنجە گەورەی جارجار دەمژی.. چوومە لایەوە.. زۆر بێچپە.. دەمم نا بەژوور سەریەوە.. بۆنی پرچی مەست وخوماریم کرد.. خەریک بوو ڕاکشێم لەپاڵیا چونکە خومار بووم.. بەڵام توانیم خۆم ڕابگرم.. بۆیە بە چپە بەژوورسەریدا چپاندم.. فەرمووم: خەندەکانت باخچەی ساوایانی لەدەستی دێـوەکان ڕزگارکرد.. تکایە زویر مەبە، بەڵام خەندەکانت نیشان بدە. چونکە خەندەکانی تۆ ڕۆشناییی دەدەن بە باخچەکە.

بەر لەوەی بگەڕێمەوە.. لەدرزێکی ڕووناکەوە چاوم بە گۆی مەمکی چەپی کەوت.. تەزویەک بەگیانمدا چەخماخەی کرد، هەستم بە موچڕکەیەک کرد.. هەستم کرد تاوانە ئەگەر هەست بە بوونم نەکات.. ئەگەر نەمگرێت، داوەتی شتێکی خۆشم نەکات!

مـرۆڤ بۆی هەیە خەونی جوان ببـینێت. بێگومان هەموومان خەون دەبینین وفریشـتەکان لێپرسراون دەرهەق بەوەی چی دەبینین.. چونکە ئەوان دەربەستی بینینەکانی مـرۆڤ دێن. فریشتەکان بێ کار نیین؛ ئەوان بەشەو کار دەکەن؛ کە ئێمە دەنووین، ئەوان دێن، کاری شیش وخوری دەکەن.. فریشتەکان خەونەکانمان دەچنن، کە کاری جوان دەکەین، ئەوان خەونی جوان وهەستی جوان دەچنن ؛ یان تەونی

دەکەن. هەمان شێوە کاتێک کە درۆیەک دەکەین، یان ناجۆرییەک دەکەین، ئەوانیش شتێکی ناجۆرمان لەکردەوەکانمان بۆدەچنن. هەیانە هەمیشە کار دەکەن. فریشتەکانی من ماندوون لەکار کردن؛ چونکە من شەوو ڕۆژم لێ تێک چووە، ئەوانیش هەمیشە دەربەستی خەوتنی منن، هەمیشە خەونی جوان بۆ من دەچنن. هەندێک لەخەونەکان تایبەتن.. تەنها حەزرەتی یوسف دەیبینێت.. هەندێک مـرۆڤیش هەن دەتوانن لەخەونەکانیاندا هەم حەزرەتی یوسف وهەم خەونەکانیشی ببینن.. بۆیە منیش شەوێکیان لەخەونمدا خۆمم بینی بوبووم بە حەزرەتی یوسف، یان کت و مت لەو دەچووم.

لاو بووم، لەزیندانێکی تاریکدا لەبری ئەو خەونم دەبینی.. لەخەونمدا هێندە نەبوو لە بنی بیرەکە دەرباز کرابووم. کەچی بەندکرابووم..ژووری زیندانەکەش لەو ژوورانە دەچوو کە لەژیانی ڕاستیدا بینیبووم! دانیشتبووم.. لەدۆخی دانیشتندا نوستبووم.. خەونم بە جوانییەوە دەبینی.. لەخەونمدا هەر پێنج گەردونەکانی جوانی خۆیان دابوو لەیەک ولەشێوەی ئافرەتێکدا دەمبینین.. نازانم چۆن پێناسەی جوانییان بکەم! نازانم لەکوێوە بەسەر جوانـیدا هەڵبدەم! جوانییەکی ئەوتۆ کە بەر لەلەش گیانی دەسمیم.. زۆر سەیر بوو لەلام.. هات بۆلام ولەتەکمدا دانیشت، لەژوورێکی ڕووت تر لەخۆم!

بەبێ پرس ڕووت و قووتی کردمەوە.. گشت گیانی شێلام.. بە هەموو تەرزێک خەندەی فریشـتەکانی نیشان دام.. هەستم دەکرد کۆی غەمەکانم دەرەوێنەوە..هەستم دەکرد هێشتا لەباوەشی زەمیندام.

بەدەم خەوەوە ڕاکشام.. ئەویش زیاتر لێم نزیک بووەوە.. فەرمووی بۆچی لەگەڵ زولەیخادا جووت نەبوویت؟ ئەو زۆر هەستی بریندارە بەهەڵوێستی بەڕێزتان!

فەرمووم: چونکە گیانی ئەو نەیویست، دەترسا، هەستی بە دڵنیایی نەدەکرد، چونکە کۆمەڵێک دێـو چاودێرییان دەکرد. بەڵام من هەردەم لەخەوما لەباوەشی ئەوداو ئەو لەباوەشی مندا بوو. فەرمووی کەواتە من خوودی ئەوم!

لەتاو بەهێزیی ڕاـکەی بێدار بوومەوە، لەخۆشیدا هەستمکرد ئارەزووم دەبزوێت، هەستمکرد مەیلم لەجووت بوونە.. بەڵام بینیم لەخەوندا نیم و لەدوورگەی هەستکردن بەکەمیم. دوولەت خەو بە جووت بوونەوەی لەشی خۆمەوە دەبینم!

زۆری نەبرد تەق تەق تەق لەدەرگا درا، نیوەی شەو بوو.. کاتێک دەرگاکەم کردەوە، بینیم حەزرەتی جوانییە لەو پەڕی کەماڵی جوانییدا لەبەر دەرگا وەستاوە، شەماڵ یاریی بە پرچی پەخشانی دەکرد.. سەرپۆشێکی ئاوریشمی ڕەنگ ئاوێزەی لە دەوری ئەو دەهێناو دەبرد.. کاتێک تەواو وورد بوومەوە، بینیم شەونمی وورد لەدەوری ئەو لەهەڵمدا لەناو تۆپی وردیلەی ئاوێزەییدا سەما دەکەن، لەناو گەردە شەونمەکاندا وردە فریشـتەم دەبینی بە هێواشی سەما دەکەن..

پێی فەرمووم وەرە.. منیش چووم، هەڵیگرتم ، نەمزانی چۆن! بردمی بۆ دوور، بەرەو ئاسمان هەڵی بڕیم.. گەردوونەکانی خۆی نیشاندام..پاشان بینیم نوستووم! لەدۆخێکی دیکەی خەونەکەمدا بینیم لەتەک ئەودا ڕاکشابووم، نوستبووم.. سەری نابووە سەر سنگم.. دەستم بەپرچی خاویدا دەهێنا.. پرچی لەپێش چاوانمدا زەرد دەبوو، پاشان سپی، سوور، پرتەقاڵی، شین و سەوز دەبوو، لەشی هەمان شێوە ڕەنگین بوو.. کە تەماشام دەکرد شەرمم لەکەرامەتی ڕەنگەکان دەکرد.. هەستم ختووکەی دەهات، بەڵام زیاتر بۆم نەبوو شتێکی تر بکەم، چونکە ئەو سکی پڕ بوو. چونکە لەخەوێکی تردا هەمان حەزرەت وشازادەی جوانی لەگەڵ پیردا لەدەروونی مندا جووت بووبوو.

باشتێکی خۆشت دەربارەی جوانیی هاوچەرخ بۆ بگێڕمەوە.. دەشێت کەمێک بەژان بێت، باڵام وەک سەمفۆنی من جار ناجار بە تەماشا بۆ کچێکی جوانی لێدەدەمەوە. شەوێک لەشەوان پاسەوانی زیندان کە

دەڵە دێـوێکی دڕ بوو.. بێـوڵاتی بردە دەرێ، بەغەمزەی نازو مەکری خۆی ئەوی تەفرە داو، بردی بۆ مەیخانەیەک. لەوێ خواردنەوەی گیانییان بەو دا، جامێک دوان سیان.. لەگەرمەی تەماشا وهەستکردن بەبینیندا، بینیی حەزرەتی ماریا! یان خوودی حەزرەتی جوانی لەگۆشەیەکی مەیخانەکەدا سست و ترساوو پەشێوو مەحزوون دانیشتووە!

بینیی ئافرەتێک دانیشتووە پرچی تا بلێی خاوو سپی سپی! ڕوومەت ئاڵ، ناسک خوێن شیرین. بێـوڵاتی خستە یادی جوانییەوە! کەچی بەو هەموو جوانییەوە، دانیشتبوو بەگوومانەوە هەستی بەهیچ نەدەکرد!..بەلایەوە سەیر نەبوو کە بێـوڵات دەتوانێت بزە بکاو بخەندێت! باوەڕی نەدەکرد! دانیشتبوو بەدیار پێکێکەوە.. مانی لەخۆی گرتبوو، وەڵامی پرسیارە جوانەکانی تەماشاکانی ئەوی نەدەدایەوە..

بێـوڵاتیش چووە لایەوەو بە چپە فەرمووی: **کاتێک کە خەندەکانی سەر لێوت دەتۆرێن.. خەندەیەک لەدەروونی تەماشا کەردا دەمرێت. کاتێک کە ئافرەت ناشیرین خەندە نیشان دەدات، ڕۆژی بەرێ دێت.. لەڕۆژی بەرێدا مـرۆڤەکان گومڕا تەماشای کەرامەتی یەکتری دەکەن.. پەیوەندییەکانیان گومڕایی داگیریان دەکات. ئاگر تینووی دەبێت، بەستەڵەکەکان تەریق دەبنەوە ولەشەرمان دەتوێنەوە! کاتێک کە جوانی دەڕەنجێت.. ژیان دەتۆرێت.** بەر لەوەی دەست بکات بە چنینی پەیامی تر، بێـوڵات بینیی ئافرەتەکە گوێی نییە! بۆیە دوو گوێی بەخشی بەو. پاشان بینیی نابینێت! بینیی چاوە کووژەکەییەکانیشی کوێرن! کوێرە ونابینێت بەو دوو چاوە گەشە پیـرۆزەییەوە! بەزەیی بەودا هاتەوە.. بۆیە دووچاوی تایبەتی کووژەکەیی بە پەلە پروسکێ لەمشتی با دەرهێناو بەخشیی بەو!

بەوی فەرموو دەمبینیت؟ فەرمووی بەڵێ.. بەڵام دڵێکیشم دەوێت! تەنانەت هەست وبیریشم دەوێت.

بێـوڵات ئەوانەشی بەو بەخشی.. پاشان ئافرەتەکە کەوتە زمان، ووتی: گەر ئەو هەموو توانایە شک دەبەیت بۆچی دەست و پێ بەستەیت؟ بۆ خۆت ئازاد ناکەیت؟

بێـوڵات فەرمووی: من ئازادم! من گیانێکی ترم.. تەنها ئەوە نیم کە تۆ دەمبینیت، من زۆرم، بەڵام مـرۆڤایەتی گشتیان دیلن و دەستوپێ بەندن.. من هەموو مـرۆڤایەتیم! دەمەوێت مـرۆڤەکان خۆیان فێر بن کە مرۆڤ داگیر نەکەن! بینیی ئافرەتەکە هێشتا دەترسێت، هێشتا گومان لە بێـوڵات دەکات.. بێـوڵات فەرمووی: ترس مردن دادەهێنێت، مەترسە گیانی من، من نیاز پاکم.

بەڵام بێسوود بوو، گەرچی گوێ وچاوو دڵ ودەرونیشی بەو دا، بەڵام ئەو گومانەکانی خۆی هەر پاراستبوو، ئەو تەنها گومانێکی پەتی بوو لە مەیخانەکەدا! گومانیش دەیترساند، بۆیە بێـوڵات نەیتوانی زیاتر یاریدەی بدات!

ئەو شەوە کە گەڕایەوە ناو زیندانی دێـوەکان.. ئافرەتەکە بوو بوو بە خاڵێکی کوتراو لەسەر گیان ولەشی بێـوڵات و کووترابوو! لەو ساڵەوە ئەو ئافرەتە لە دەروونیدا پەند دادەدات، فێر دەکات، وانەی جوانی بەگوێدا دەخوێنێت! بەڵام ئافرەتەکە تێناگات، فێر نابێت، دەترسێت! نازانێت کە گوومان گیانی مـرۆڤ دەکوژێت..هەستی سڕ دەکات.. باوەڕی بۆگەن و گیانی داخان دەکات. ئەو ئافرەتە لەو شەوەوە لەگیانی ئەودا وەک پەپوولەیەکی سپی لەدەوری نووری گیانی باڵە فڕە دەکات.. بێـوڵاتیش بێسوود، بێهۆ خۆشی دەوێت. چونکە بێـوڵات جوان پەرستە و جوانیی مـرۆڤی لەلا پیـرۆزە.. دەزانـێـت ئەگەر مـرۆڤ لەجوانییەکانی خۆی تێبگات، ئەوا دەتوانێت بـبـینێت، ببیستێت. یان ئاسان فێری زانستی خامۆش ببێت. بەڵام بێـوڵات، بەدڵ ڕەنجاوی جوانەکانی مەملەکەتی هەستکردن بەکەمیی خۆش دەوێت.. چونکە ئەوان دەترسن، بە گومانن!

بێـوڵات، بێناو زۆر دەڕەنجێت کاتێک لەناو مـرۆڤەکاندا دەبینێت حەزرەتی جوانی سەری دێشێت، نەخۆشە، بێزارە، دەترسێت، مان دەگرێت، خۆی دەکوژێت. شێت دەبێت، خۆی دەرمان خوارد دەکات، برسیی دەبێت، خۆی دەفرۆشێت، درۆ دەکات! خەتەنە دەکرێت! سەر دەبڕدرێت! هەتک دەکرێت! بەرد باران دەکرێت! چۆن نەترسێت؟ چۆن جوانی بوێرێت بەدەم کەسێکەوە پێنەکەنێت؟ چۆن؟

کاتێک کە مـرۆڤی بێـوڵات و بێـئاڵا بیر لە خۆشەویستیی تێکەڵ بوون دەکاتەوە، سروشتی دەگۆڕێت، لەناو کەشتییە خەیاڵییەکەی خۆیدا ژوورێکی مەزنی دروست کردووە.. لە نهۆمی حەوتەمدا، ژووری نوستنی هەیە، بەڵکو لەهەر نهۆمێکی کەشتیە خەیاڵییەکەیدا ژووری نوستنی هەیە.. بەڵام ژووری تایبەتیی خۆی لە نهۆمی حەوتەمە، لەوێ کەژاوەیەکی سپیی تیایە.. ڕووبەری فراوانە، دۆشەکێکی خڕی لەپەڕ دروستکراو، دۆشەکەکە بە قوماشی ئاوریشم بارتەقا مەتر بڵند؛ گوومەزی بۆ دۆشەکەکە دروست کردووە.. ناوەوەی دۆشەکەکە ڕۆشنە وەک ڕەنگی پەڕی باڵندەی سپی، هەموو شتەکان سپیین.. لەوێدا ئەو شاجوان وشازادەکان دەبینێت.. تەماشایان دەکات، لەگەڵیان دەدوێت، باسی کەرامەتی لێبووردن و خۆشەویستی و تێکەڵ بوون و ئاشتی و جوانی بۆ ئافرەتانی دڵشکاو دەکات. لەوێدا پیر شیفای گیانیان دەدات، بەهەناسەکانی ئەوان دەشێلێت.. دەست بەگیانیاندا دەهێنێت.

کە لەگیانی ئازادی خۆمدا لەگەڵ پیرو حەزرەتی نـوح و جاڵـجاڵـۆکەی خەیاڵچن ولەقلەقی پیـرۆزدا یەک دەگرم، لەچنگی ژوورەکەم، لەوڵاتی بەستەڵەک دەردەپەڕم.. بەباڵی لەقلەق دەفڕم، بە خەیاڵی نـوح دەبینم، بە خەتی گیانی، خەتی داوشێوەی وەک تەنافی جاڵـجاڵـۆکە دەنووسم، دەبینم، فێر دەبم، دەمرم، پاشان زینـدوو دەبمەوە، پاشان دەمرمەوەو ئینجا جارێکی تر زینـدوو دەبمەوە!

لەهەموو قۆناغەکانی ژیاندا، هەمان تاس و هەمان حەمام! هەمان داستان دەڕێسمەوە! چاودێری پەیامی جوانـیم، چاودێری ئەوەم کەس توخنی حەزرەتی جوانی نەکەوێت! مـرۆڤەکان، ئەی خەڵکینە، ئەی دێـوو دێـوپەرستەکان، من بە هاواری گیانم هاوارتان لێدەکەم، تکاتان لێدەکەم بەر لەهەڕەشە، لێتان دەپاڕێمەوە نەک فرماندەریتان بکەم، پێتان دەڵێم: نەخەڵەتابن دەست بۆ کەرامەتی جوانی بەرن! نەکەن ها! دوایی من لێتان خۆش نابم.

لەوەتەی هەم بەدیار جوانییەوە وانەی تەماشا دەخوێنم، بەهرە لەجوانییەوە وەردەگرم، مۆسیقا لەگەردوونی جوانـیدا دەبیستم.. دەزانم جوانی چی کەرامەتێکە لە ژیاندا گەر مـرۆڤ بتوانێت هەستی پێبکات.

لەگیانی ئازادی خۆمدا شەوان بەدزییەوە فرسەت دەهێنم و، دەفڕم! دەبم بەخوا، بەخواکـان، دەبم بە پێـغەمـبەرەکان، دەبم بەفریشـتەو ئەسحابە، دەبم بە گیانێکی پاک.. دادەنیشم سەیری پەیکەری جوانی دەکەم.. دەبینم لەئاسماندا سەری درزی بردووە! دەبینم خوێن لەچاوو گۆی مەمکییەوە چکە دەکات..

دەبینم تکا لەمنێکی بچکۆلەو پەرستاری خۆی دەکات! پێم دەفەرمووێت: کوڕم شتێک بۆ جوانی بکە. ڕامەوەستە بەدیارمەوە، بەشتێک فرمێسکەکانم بسڕە!

منیش بەچاوی پڕ لە فرمێسک و بە قوڕگی پڕەوە دەڵێم: دااااآآ..دادادادۆۆۆۆ.. ئاااااهااا هاااااا داااا ڕێدێ دێ ڕێ ێ ێ...

کاتێک جوانی گوێ لەم ئاوازەم دەگرێت.. خۆشی بەگیانی دەگات، سەیرم دەکات، وەک کوڕی بچکۆلەی خۆی. دەست بەسەرمدا دەهێنێت.. منیش لەوەتەی هەم سوێم بۆتەوە بۆ باوەشی ئەو.. لەوەتەی هەم وەک هەتیوێکی باوک ودایکی خۆ نەدیدە باوەشێک، دوو دەو هەزار باوەشم بۆ جوانی کردۆتەوە.. زۆر حەز دەکەم بمکاتە باوەشی.. تەنها لەدۆخی بوون بە حەزرەتی نـوح دا جوانی بەباڵەکانی بە غەیبا دەمگەڕێنێت. جوانییەکانم نیشان دەدات! دەترسم، لەرز دەمگرێت، گرمۆڵە دەبم.

دەست بەسەر و بەچاوانمەوە دەگرم، دەست بەگوێمەوە دەگرم، دەمی خۆم دەگرم! نازانم چی بکەم! دەبینم فریشـتەکانی سەر زەوی و دەورووبەرم پڕن لە دەرد و نەخۆشی و تلیاک وئەلکهول ودرۆ و بوختان.. دەبینم دزو شەبەق دەکەنە پەیکەری دایکی پیـرۆزی خۆیان! بەچی؟ بە توورە بوون وقریشکە، بەشاتە شات، بە درۆ و خۆفرۆشی. دەیانبینم بەشەقامە تاریکەکاندا دەڕۆن! من نابینن! خۆیان دەبینن! تەنها خۆیان وسەگەکانیان! دوچاری ترس و وڕێنە دەبم کە دێنە خەونم، یان دێن بەمیوانیم یان بزەی قێزاویم نیشان دەدەن!

دەیانبینم کەرامەتی خۆیان نابینن.. قێز لەخۆیان دەکەنەوە.. هەر یەکەیان سەدان چیرۆکی سۆزانیی لەبەرە..بەرگری لەسۆزانیش ناکەن! پیاوەکانیشیان بەر لەمێژو بە وەشاندنی تەورێک درەختێکیان دووکەرت دەکرد! تەمبەڵەکانیـیان دەچوون بۆ ڕاوی ورچە سپی یەکانی تەوەر! وەک ئێستا نەبوون. کاتێک لە قاڵبی پەنابەریدا لە دوورگەی هەستکردن بەکەمی بەلای جوانەکاندا گوزەر دەکەم، هەموو زەڕڕاتەکانی گیانم وەک شەقشەقەی دەستی ساوا دەکەوێتە لەرزە، هەرسێک گەردەکەی زەڕڕاتی گیانم بەر یەکتری دەکەون لەشەرما.. ناچارانە بەشەرمەوە تەماشا دەکەم، هەست بە شەرمەزاری دەکەم.. دەترسم لەوان، زۆر دەترسم لەوەی خەندەیەکی ناشیرینم تێبگرن! چونکە جوانەکانی دوورگەی هەستکردن بەکەمی فێر کراون ڕێز لە بێگانە و نەناس نەگرن، ڕووپۆشی دێـویان کردۆتە سەر، خۆیان وەک دێـوی زبر نیشانی پەنابەر، نیشانی بێـوڵات دەدەن. مەسیح لەنیگاو خەندەکان و کردەوەکانیاندا مردووە! ژیان زەهراوی بووە! ئەوان خۆیان وەک دێـوو بەراز نیشان دەدەن دژی بێگانەو بێـوڵات وپەنابەر..

عەینەکێکی ڕەش دەکەنە چاویان و دەچنە میوانی پەنابەر، بە هونەری سەرزەنشت دەدوێن، بە هونەری قێز تەماشا دەکەن، بەهونەری تیرۆرو لێپرسینەوەو خۆبەزلگرتن دەدوێن.. دەبن بەکێچ و دەچنە کەوڵی مـرۆڤەوە، تەنانەت منداڵەکانیان دەکەن بە جاسووس بەسەر منداڵەکانیانەوە.. منداڵی پەنابەر دەدزن، داگیریان دەکەن، فێری درۆ و خۆفرۆشی و بێباوەڕییان دەکەن.

خێزان هەڵدەوەشێنن.. کچەکانیـیان دەکەن بە قاحبەی سەر جادەکان، موسوڵمانەکان شێت دەکەن، گاڵتە بە کەلتوورەکان دەکەن، گاڵتە بە پێـغەمـبەرەکان و ئەسحابە دەکەن، بە کەرامەتی خوا پێدەکەنن.. درۆو بووختان دەکەن بە زانست، بە شانازییەوە باسی دەکەن، دەوەڕن و بێگانە بە دڕندە ناونووس دەکەن، بێگانە بە بێکەلتوور تەماشا دەکەن!

جوانەکانی ئەم وڵاتە لە دێـوێکی زبری بێهەستی جوان دەچن! نازانم جوانییان لە کوێدایە؟! دوور کوژن، هێندە جوانن تا ئەو کاتەی نادوێن! بەڵام؛ هەر کە کەوتنە ئاخاوتن، مـرۆڤ دوچاری قێز لێبوونەوە دەکەن، لە خوودو لەوانیش.

جوانەکانی دورگەی هەستکردن بەکەمی، جوانییان لەبار دەچێت کاتێک کە بێگانەیەک دەبینن. مافە ناڕەواکان دەکەن بە کەلتوور و بەوی دەفرۆشن.. خۆشیان چێژ لە بەدڕەفتارییان دەبینن. چونکە بێ هەستن، خۆپەرستن، درۆزنن، کردەوەکانیان لەگووی سەگەکانیان پیسترە. لەکاتی پێویستدا دەتوانن ببن بە هەر شتێکی جوان! دێـوەکان کەرامەتیان مۆلەق کردوون.. مـرۆڤەکان لەناویاندا دەچەوسێنەوە، خوودکوژی دەکەن، لەخەستەخانەکاندا کاریان تیادا دەکەن! زۆر بە نەرمی چەقۆ دەخەنە سەر ملی بێگانەو ورده ورده بەشێنەیی سەریان دەبڕن، کوت کوتیان دەکەن.

کاتێک کە ئامۆژگاریی بێـوڵات دەکەن، باوک وکوڕو گیانی پیـرۆز لەودا داخان دەکەن، کچ ودایک و دایکی پیـرۆز پڕ دەکەن لە هەستی ئیفلیج بوون ".

با بەم بۆنەیەوە باسی کەرامەتێکتان بۆ بکەم، کە جارێک لەجارەکان لە شیپەرگاتا(شەقامێکە لە پایتەختی وڵاتی بەفر) تووشی بووم، یان لووتم بوو بە لووتیەوە: شەوێک لەشەوان بەو شەقامەدا دەڕۆیشتم، پیاسەم دەکرد، بینیم خێوێکی ئێرانی ڕەگەزی چاو ئەبڵەق و ترساو، بەترسیدا لە کورد دەچوو! بە زمانێکی بە هەردووکمان بێگانە هاتە دەم.. هاتە بەر دەمم و بە قیزەیێکی ناشیرینەوە، بەخێسەی قاحبە، بە زمانی ئینگلیزی ووتی: هەلاو؟ ئار یوو لۆنلی؟ دیو یوو لایک سێکس وویز می؟

منیش ووتم: های هەلاو! ئایام سۆری.. ئای دۆنت ۆەنت سێکس، ئەند ئایام لۆنلی. ووتی: وای؟ ووتم: ئای دۆنت ناو!

پاشان برەوم بەڕۆیشتن دا. ئەویش ووتی: کەم باک، هەلاو، هەلاو مانەر فەکە؛ کەم باک، ئەند فەک می باک، ئای ناو یو لایک مای باک.

من بچووک دەبوومەوە، تەریق دەبوومەوە لەحەشمەتا! ڕاستی دەکرد قاحبەکە، دەنا من ئیشم چی بوو بەو نیوەشەوە لەو شەقامەدا بگەڕێم! کە تەنها بۆنی قاحبەکانی هەموو جیـهانی لێدێت؟ بەڵام ڕاستتر لە ویستی شەهوەت، کەرامەتێک لەگەڵ مندا دەکەوێتە دایەلۆگ لەبارو دۆخی وەهادا.. هەست بە شەرم دەکەم، لەڕاستیدا خۆم لەو بەکەمتر یان زیاتر تەماشا ناکەم، چونکە بەدەستی خۆم نییە، لەهەر تەماشایەکدا کە تەماشای ئافرەتی پێدەکەم، حەز دەکەم ڕێزی حەزرەتێکی ماریا لە کەرامەتی بگرم.

بۆیە لەبارو دۆخی وەهادا، تەریق دەبمەوە، دەپەشۆکێم، قاچم تێکەڵوپێکەڵ دەبێت، سورسوور هەڵدەگەڕێم، هەست دەکەم پەیکەرێکی حەزرەتی ماریای پیـرۆز لەناخمدا هەڵدەپروێت، هەست دەکەم بەر لەخۆم، کەرامەتی بەرامبەرەکەم دەشکێت. ناخۆش ترین ساتەکانی ژیانم ئەو ساتانەن کە بەلای قاحبەیەکدا گووزەر دەکەم، بەتایبەتی پیاوی قاحبە، وا نەزانن لەناو پیاوەکاندا قاحبە بوونی نییە، بەڵکو ئەوان یەکجار زۆرن.. ئەو پیاوانەی کە منداڵەکانیان دروست دەکەن و دەیانکەن بە خۆراکی جەنگ، ئەوانەی کەسەری مـرۆڤ دەبڕن، ڕەگەزپەرست و داگیرکەرن وهەڵدەکوتنە سەر کەرامەتی ئافرەت ومنداڵ، گشتیان قاحبەن.. جوانی ئەوان ناگرێتە خۆی، جوانی ئەوانی خۆش ناوێت، جوانی لەواندا گەر ماشبێت، بە مردوویی وبە نەخۆشی و دەرەتان وشێرپەنجەوە دەژی.. جوانی کەرامەتی بەوان نەبەخشیوە.

مێرولەکان ووتیان ئامین.. مێرولەیەکی شەل کە پێیەکی لەدەست دابوو، لەڕوو لاواز هاتە بەر دەمم و فەرمووی: ئەرێ جەناب من جوانم؟

منیش بە گولم فەرموو: ئەی تۆ دەڵێیت چی خانم؟ گوڵ فەرمووی: جوانی لە کرداری جوان و لە ووتاری جوان و لە بیری جواندایە. جوانی پەرستگای خوا و خواکانە. چونکە ئەوانیش جوان پەرستن. گەرچی خواکـانیش خۆیان جوانن.. کەچی زۆر هۆگری جوانیین.. توومەس خواکـان بەبێ هەستی جوانی ناژین.

مێرولەکان فەرموویان: خواکـان زانستی خامۆش فێری مـرۆڤی پیـرۆز دەکەن.. گەر خواکـان پشت بکەنە مـرۆڤ، ئێمە دێین دەبین بە ناوبوژی کەر.. ڕێگە نادەین مـرۆڤ خۆی وەک سۆزانی هەرزان بفرۆشێت. تا دڵی خواکـان نەڕەنجێت. **خواکان کردەوەی دزێویان خۆش ناوێت، هەستیان دەشکێت کاتێک ئافرەتێک خۆی دەفرۆشێت.**

# تابلۆی سۆزانییەکان

مـرۆڤ کاتێک دەمرێت کە ڕێزلێنانی بۆخۆی سست دەبێت، کە خەونەکانی خۆی خۆش نەوێت وهەستی دەشکێت، لای ئەوانیتریش ڕسوا دەبێت، چونکە کەرامەتی دەشکێت، ڕێزی لەبار دەچێت. ناجۆرترین کردەوەی مـرۆڤ لەمێژوی ژیانیدا ئەوەیە کەمـرۆڤ بەدکارانە بوون وباوەڕی خۆی بەکاربەرێت. بە جۆرێک کە مـرۆڤ ڕووی نەیەت لە ئاوێنەدا تەماشای خۆی بکات، کوێر نەبێت، بەڵام توانای خوود بیـنیشی نەبێت.. دڵنیاتان دەکەم، کە هیچ مرۆڤێکی تەندروست ناتوانێت بەبێ کەرامەت وباوەڕ بژی. مرۆڤی بێ کەرامەت زۆر کەمترە لە دێوو شەیتان.

کەکات وەستا، کەمـرۆڤە نوستووەکانی سەرزەمین نەیانتوانی بێداربېنەوە، کاتێک کە بێدارەکان لەهەرکەلێنێکی سەرزەمیندا مت بوبوون، ڕەق لەجێگەی خۆیان وشک وبێجوڵە بوون. مـرۆڤی بێـوڵات ئازادبوو، دیوارە بەستەڵەکەکان ڕووخان، پیـرشالیار چاوی پشکووت، گوڵەکان زکری حەقیان بۆکەرامەتی ئەوکرد، گیانی پیرشالیرم بینی، لەشی خۆی دەبەخشییەوە، پارچە پارچە زەڕاتی گیانی خۆی دەکرد بە ووشە، گیانی خۆی دەکرد بە شەکرۆکەی خەندە، و بەناو ڕەگەکانی درەختی زەماندا دەگەڕاو، دەیدان بەمارياکان، بە مەسیحە ترساوەکان.. لەناودڵی مـرۆڤی بێـوڵاتدا، واتە لە دەروونی خەونەکانی مندا؛ پیر خەریکی بەخشینەوەی زەڕڕاتی گیانی خۆی بوو.. ئەویش لەکەرامەتی خۆیدا بەناوگەردووندا دەفڕی، جووتێک باڵی سیحرینی هەبوو، لە باڵەکانی سیمرخ وقەقنەس ودوڵدوڵ مەزنتربوو، ڕووناکتر بوو. دەفڕی دەربەستی وەستانی کات نەبوو.. ئەو لەکات یاخی بوبوو وەک ئەسپی سەرکێش لەخاوەن.. وەکو ئەسپی ڕووناکی و سپی؛ گەشتی بۆ هەسارەکان دەکرد، پشتی کردبووە شەڕ، دەفڕی بەناو خەڵوەتی بوونا.. سەیری ڕوخساری خواکـانی دەکرد کە زویرن لە ئاسمانەکاندا.. کە مۆسیقایەک دەژەنن، چوزە لە دڵ هەڵدەستێنن، ئەسپەکان لە سینەی مندا دەنگی لێکدانی چوارناڵەی غاریان دەبیسترا. ڕادەچەنین و حیلە و پڕمەیان دەهات.. بەدەشت و شاخ و ئاسماندا هەڵدەبەزین، ئاگر لە پاشویان هەڵدەستا لەغاردانەدا. بێباک بوو لەکات، لەودا ژیان گوڕیگرتبوو.. ژیان لەبەرخاتری ئەو لەکات پاڕایەوە تا بووەستێت، چونکە ژیان عەشقی حورمەت و ڕێزی پاڵەوانی جێباسم بوو، ، ئازاد بوو لەباوەشی بادا، هەم دەفڕی و هەم دەڕۆی! کەشتیەکەی نـوح –ی پێبوو، پڕبوو لە گیانی منداڵانی برسیو، کوژراوو ئافرەتی هەتک کراو، گیانی ئەسپی لەشەڕدا گلاو. کەشتییەکی لەبغورد دروست بوو لەشەپۆلی باکاندا.. ملیۆنەها ملیۆن گەڵای دڵشێوەی تیادا دەشنایەوە!

ژیان حەزی لەتەماشای هەیبەتی بێـوڵات بوو، بۆیە کات وەستا، ژیان تەماشادەکات، تەماشای شکۆی کەرامەتی بێـوڵات و بێ ئاڵادا.. تافێری تەماشا بێت.. ژیان ویستی فریابکەوێت شیفایەک بۆ نەخۆشییەکانی سەرزەمین بدۆزێتەوە! چونکە ژیان تەرزێک لەمـرۆڤی دەبینی لە لەقەومی کوللە دەچوون! هەرخەریکی خواردن و ورگ زلکردن بوون.. ژیان لەبوون بەدێـویی مـرۆڤ فریشکی کەوتبوو! ترسابوو. چونکە ژیان کەرامەتی خۆی وون کردووە، دەیویست بەتەماشای بێـوڵات فێربێت، بژی. پیـرشالیارلەودا دابەش دەبوو بەژیاندا، دەبووبەهەزاران بەشەوە، بەشەقام وبازاڕو گەڕەکەکانی ژیاندا دەگەڕان، وەک ئەو مام نوورییەی کە دەمناسی، کە شەکرۆکەو گوڵە بەڕۆژەی دەفرۆشت بە منداڵان، لە هەمان کاتدا دەگەڕا بە دوای دوو دەستە خوشکدا کە کچی خۆی بوون، کە دێـوەکان فڕاندبوویانن، یان دیار نەمابوون!

گەردی هەستی پیر، سیمای نـوح دیار نەبوون.. لەشیان نەبوو، چونکە گیانی پیـرشالیار لە زەڕڕات بوو، زەڕڕاتی هەست ، دابەش دەبوو بەسەر ماریا دڵشکاوەکان و بەسەر مەسیحە دڵ شکاوەکاندا، دەچوو بەبەریاندا.. فێری بزەی دەکردنەوە، فێری شەرمی دەکردنەوە، فێری جوانیی دەکردنەوە، فێری گوێگرتن لەحوورمەتی بوون.. وەکوو ئاواز لە شەماڵدا لەناو هەناوی مندا قوتابیخانەیەک دادەمەزرا، دێـوەکانی دەتۆقاند، دەروونی هەندێک لە ماریاو منداڵانی گەڕەکی مەسیح-ئاوای ڕۆشن دەکردەوە.

پیـرشالیار دەگەڕا لەناو قەدی درەختی زەماندا، لەسەرسەری مـرۆڤی بێـوڵاتدا ، دابەش دەبوو بەسەر جیـهاندا.. دانەیەک لەزەڕڕاتی بوونی پیـرشالیار لەبازاڕێکی لەش فرۆشیی شارێکی ئەم جیـهانەدا، چووە ناولەشی سۆزانییەکەوە، سۆزانیەک کە کاری خۆفرۆشی بوو، بەستەزمانە نەیدەزانی چۆن قێز لەخۆی و لە تەماشاکەر بکاتەوە، چونکە زۆر قێزی لەخۆی دەکردەوە .. وایدەزانی غەدری لێکراوە، لەو کاتەدا کە شەلەل ئاسا قنگی بادەدا، بوغزی لەنازدەکرد.. پیر زەفەری بە درزێک لە هەستیاریی ئەو برد..

کەکات وەستا، پرشنگی زەڕڕاتێک لەکەرامەتی پیر پەڕییە سۆزانیەکەوە.. سۆزانییەکە ڕاوەستا، بیرێکی کردەوە، کەمێ تەریق بووەوە، دەستی چەپی نایەسەرحورمەتی خۆی، پاشان دەستی ڕاستی نایەسەر شیردانی.

نووری پیـرشالیار ڕوخساری ئەویان گەشانەوە. پیـرشالیار هێشتا هیچی نەوتبوو، مت بوو، پشووی دەدا لە گیانی ماندوی ئەودا .. سۆزانیەکە لەبەر خۆیەوە لەخۆی پرسی: من کێم! ناوم چیە؟ لەبەر خۆیەوە لەوەڵامدا بەخۆی فەرموو: ماریای مەگدەلێنە!

شەرم گرتی، لەناو جامخانەی بازاڕی خۆفرۆشیدا کشایەوە دواوە، خۆی وەکومنداڵ بەسەرچەفێکی سپی داپۆشی. بە پەلەپروسکێ، بە حەشمەتی گریانەوە خۆیکرد بەحەمامی ژورەکەیدا، هەستی کرد، لەوژوورە ساردەدا کە جێگەوماڵی ئەونییە، هەزاران دێـو قەپاڵیان دەکرد بە لەشیدا.. شەرمەزار بوو، ترسا.. ڕشایەوە، زۆر ڕشایەوە، هەزاران کەندوومی(لاستیکی بەرگری ) هەڵهێنایەوە!

ئەو داماوە تا دەهات زیاترو زیاتر بچووک دەبووەوە، منداڵ دەبووەوە.. تەنها گەرانەوە، تەنها گەڕانەوە بۆ باوەشی منداڵیی خۆی بینی لەوێدا هاتۆتە هانای.. بینیی لە دەروونیدا هەزاران منداڵ دەگرین ودەکروزێنەوە، لەدایکیان دەپاڕێنەوە.. منداڵەکان لەکۆندومی چڵکن و ڕەنگ ڕەش و سوور وسەوزی چڵکن دەچوون، خوێنیـیان لێدەهات، دەکڕووزانەوە، بەدەنگی مـرۆڤی لەباربراو دەیانگووت: دایە؟ دایە؟ لەخۆت ببوورە، لێبووردن شتێکی جوانە، دەتوانیت بەو ڕێگایەدا بڕۆیت کە پاکژ بوونەوەی تێدا چنگ دەکەوێت.

ماریاش دەگریا.. نەخۆی نەئەوانی نەدەناسییەوە.. بە پەلەپروسکی دووشەکەی کردەوە، پاشان حەوتجار خۆی شت.. دەستی خۆی ماچ کرد، سوپاسی کەرامەتێکی نادیاری دەکرد.. ئینجا جارێکی تر هەستی بەهێڵنج کردەوە.. ڕشایەوە، دەست و دەم وودان وئێسک و تروسکی شەهوەکانی هەڵدەهێنایەوە.. هێندە ڕشایەوە.. تاناخی خۆی هەڵهێنایەوە. کە هەستایە سەرپێ.. خۆی بینی لەتەرمێکی ڕەش هاتۆتە دەر.. هەستی کرد لەشی خۆی بەجێ هێشتووە! هەستی کرد ئەوە لەشی ئەو نییە وا لەوێدا کەوتووە.. وەک ئەو مارەی کە لە کاژی خۆی جیادەبێتەوە، لە لەشی خۆی دەرپەڕی.. هەستی کرد لەشێکی پیسی جێهێشتووە! هەستی کرد ئەوەی کە مردووە وبەچاوانی زەق دەیبینێت! ئەو نییە! چونکە هەستی بە ژیان کردەوە! هەستی کرد دەگەشێتەوە، ڕوخساری نوورانی دەبێت.. جوان دەبێت، فێر دەبێت شەرم بکات، ڕێزلە

کەرامەتی خۆی بگرێت! تەماشای خۆی دەکرد.. هەستی بەژیان دەکرد.. هەستی بە ئومێد کرد.. کەمێک ڕاماو پاشان خۆی یاد هاتەوە..

بینیی پەنابەرێک لەدەرگای حەمامەکەی دا.. ستلێک سابووناو و، چەند لفکەیەکی لەدەست بوو.. بەڕێزەوە فەرمووی: ئەی ماریای بەڕێز ڕێگەم بدە تا خوێناوو فرمێسکی ماریای پیـرۆزو خوێنی مەسیحەکان پاک بکەمەوە.. چونکە دێـوە شەهوەتبازەکان وابەرەو ئێرە دێن.. بەدوای ماریاکان ومەسیحەکاندا دەگەڕێن.. زووبە ڕێگەم بدە تا ئێرەپاک بکەمەوە.

ماریای پیـرۆز فەرمووی : دەبێ بەجێم نەهێڵیت، دەبێ ڕێگەی دەربازم نیشان بدەیت. پەنابەرەکە لەخۆشیدا بوو بە پارچەیەک ڕووناکی.. بوو بە تووڵەڕێیەکی ڕۆشن.. ماریا لەوێوە بێئاگاو دڵنیا بەڕێکەوت.. ڕۆیشت بەبێ ناونیشان و مەبەست.. چونکە بینیی، تولەڕێگا ڕوناکەکە دڵ لەکەنارەکانیدا ڕواره.. بینیی، هەزاران تەرزلە گوڵ لەملاولای تولەڕێگەی ڕووناکی ئەودا بژێو ڕواون.. تەماشا دەکەن دەژین.. ماریا یادی هاتەوە کە لەباخچەی بازاڕی لەش فرۆشیدا زۆر زەحمەت بوو گوڵ بڕوێت، چونکە گوڵەکان کێچ تێی دەدان.. گەڵاکانیـیان دەخوران، بۆنیان دەمرد. گوڵێک بەماریای فەرموو: بەیانیت باش شاژنی پڕناز. ماریا تا دەڕۆی زیاتردڵنیا دەبوو.. زیاتر دڵی خۆشتر دەبوو.. زیاتر ئامانی گۆش دەبوو. چونکە بەدرێژایی تولە ڕێگەکە دا.. تا گەیشتە دوورگەی حەق، گوڵەکان سەمایان بۆ دەکرد، ئاوازیان بۆدەژەنی.. بەئاواز زەڕڕاتی جوانییان بە گەردنی بەرزی ماریادا دەڕازاندەوە. ماریا گەیی بە پردێک، لەوبەری پردەکەوە مـرۆڤێکی بێـوڵاتی بینی.. بینیی درەختێکی مەزنی لەسەرسەرە، دەڕوات، پێیەکی لەزەوییەو پێکەی تری لەئاسمان.. یەکەمجاری بوو بەچاوی پرڕێز بڕوانێت، هەستی کرد بۆنی بغورد دێت.. بۆنی ئاڵای داگیرساووشەکاوەی سەرسەری پاڵەوانی بێـوڵات.. بەرەو ئەوێ دڵنیا هەنگاوی نا.. بەرلەوەی لەپردەکە بپەڕێتەوە، هەستی کرد پاکژبۆتەوە.. هەستی کرد کەرامەتی بردۆتەوە..، دڵنیاهەنگاوی دەنا بەرەو نزرگەی پیرو گەردوونی بێـوڵات، بێـئاڵا.هەستی دەکرد خواوەند تەماشای دەکات، هەستی دەکرد لەنووری خوادا دەبینێت..

بەختیاری قوتبی مەراتیبی بینینە.. ئەوەی بتوانێت بـبینێت.. بەختیارە بەوهەناسانەی بەویژدانی لەخۆڕازییەوە دەیدات. بەختیاری بریتی نییە لەزەجردانی گیان ولەش.. بوودا ناڵێت حورمەتی لەشی خۆت مەگرە! ئەی سۆزانی، لەشت قەفەزی کردەوەکانتە.. پێویستە بزانیت کەلەش دەبێ لەگەندەڵبوون بپارێزرێت..لەش دەبێت گەورەترین ڕێزی لێبگیرێت.. چونکە ئەنجام خاک دەیخوات، ئاگر دەیخوات، ئاودەیخوات، ئەگەر زەڕڕاتی بوونی لەش پیس بوون، ئاووئاگرو خاک فێری پیسخۆری دەبن.. نەخۆش دەکەون و نەخۆشیی نوێ بەدی دەهێنن و دەیبەخشن بەژیان! کەنەفت دەبن پیردەبن، وەڕزدەبن، بەرەکان بێتام و بێلەزەت دەبن، میوەکان، ماسییەکان، گوڵەکان زەهراوی دەبن.

گوڵەکان وتیان: ئامین.

ماریا بیرەکانی خۆی لەدەفتەری خەیاڵیدا تۆماردەکرد، بەدەم ڕێگەوە، دلنەوایی زامن دەکرد. دەڕۆی بەرەو ڕێگەی مـرۆڤی بێـوڵات، دەیویست بەو بگات.. بەدەم ڕێگەوە خەوێکی بینی، بینیی منداڵێکی بووە، کۆرپەیەک لەباوەشیایەتی جوان ومنداڵ؛ تەماشای حەزرەت و کەرامەتی دایکی دەکات.. گوێ لە ئامۆژگارییەکانی دایکی دەگرێت. دایکی بە لایلایە دەیخوێند بەسەریدا: بنوو کۆرپەم بنوو چاوت لێک نێ.. خەو بەر گیانت کەوێت تا بەیانی بەدیدارت شاد دەبمەوە.. دەستپێرم بەگیانی خۆم، کوڕم، کچم.. بەگیان چاودێریت دەکەم.. باسی فریشـتەکانی جوانیت بۆ دەکەم، باسی فریشـتەکان.

خەوی بە داهاتووەوە دەبینی.. خەونێکی خۆش، جوان هەروەکوو منداڵ.

مێرولەکان شپرزە بوون، کۆمەڵێکیان تەرمی چەند مێرولەیەکی سووریان هەڵگرتبوو، دەهاتن بۆ لامان.. کە پرسیمان، فەرموویان: ئەم شەهیدانە بوون بە ژێر پێی دایکیانەوە! ئافرەتەکان سەیری بەر پێی خۆیان ناکەن، کە دەڕۆن بە ڕێگەدا کەس نابینن.. لە شی مێرولەکان تێک دەشکێنن. یەکێک لەوان فەرمووی: ئەوەی لەشی مێرولەیەک بە ئەنقەست دەشێلێت، خوا دەیگرێت. ئەو ئافرەتەی نەتوانێت باوەڕێکی پتەو لە کۆمەڵگەدا بڕوێنێت.. دەبێت ببێت بە قووتابیی مێرولەکان.

ئەو کەسەی لەشی ئافرەت دەکڕێت، دێوێکی بێ هەست و دەروون پیسە، کەسێکە کە هێشتا هەستی بە ڕێزلێنانی خۆی و دایک و خوشکی خۆی نەکردووە.

# تابلۆی ئاگاداری!

بەپێویستی دەزانم کەمێک داتبرم لەچوونەناوەوەی داستان وتابلۆکان، تائاگادارت بکەمەوە لەوەی کە من بابایەکی پەنابەرم، مرۆڤم.. پێکهاتی کەسێتیی من بریتییە لە: چیرۆکنووس، رۆشنبیر، جوانناس وهونەرمەندێکی شێوەکار. من پێکهاتی خۆم لەدەرەوەی لەشدا لەجیهانی تەجریدا وەک سێگۆشەیەکی سێلایەکسان وپیرۆز دەبینم، یان خۆم وەها دەخەملێنم. دەبینم سروشتی رسکاندنم بریتییەلە سێگۆشەیەکی سێلا یەکسان کەمانای: عیشق وئازادی وجوانی-دەدات. ئەوەی منی نەبینیوەو نە ناسیوە، بێگومانم لەم چیرۆکانەدا دەمبینێت ودەمناسێت.

بۆیەتکام وایە بەدەر لەو سێ گۆشەیەتەماشا نەکرێم، چونکە هەمەیی کەرامەتی من لەوێدا سێلایە، هە رلایەک لەلاکانیشی ناوەرۆکی  تریان تیایەکە پێویست ناکات ئاماژەیان پێ بدەم. کاتێک کە دەڵێم بووم بەدووکەرتەوە، مانای وایە دابەش دەبم، توانای دابەش بوونم هەیە بەسەر ژیانی گیانیی خۆمدا. هەڵبەتە خەونەکانم قسنی ژیانی منن. من لە هەندەران مەملەکەتێکی پیرۆزم بۆ خۆم لە خەونەکانم دروست کردووە؛ دەشێت ناوی مەملەکەتی یەککگرتووی کورد- بێت! چونکە من وەک شێوەکار، وەک مرۆڤ دیلم لەبەهەڵەدا چوونی دێوەکانی مەملەکەتی بەفر. چونکە من لەناو دێوی بوختان ودرۆو ڕەگەزپەرستی وکینەدۆزیدا دەژیم.. هەست دەکەم هاوسۆزو هاوباوەڕو هاو بیری هیچ گەلێک نیم، چونکە گەلی من هێشتا دیل و ئاوارە و بێناو و بێئالایە. من گەل و هۆزی خۆمم، لە خەونەکانمدا چیم بوێت دایدەهێنم. دڵنیاشم کە داهاتوو ئەرکی هێنانەدیی خەونەکانی من لە ئەستۆ دەگرێت! دڵنیام لەوەی کە خۆزگەی مرۆڤ هەمیشەییە و تا نەیەتە دی، لە بەردەوامیدا دەژی.

وابزانم هەرکەسێک بۆی هەیەکەرامەتی خۆی بناسێت.. لەخۆناسیدا من بەپلەی یەکەم دەرچووم، ئەم تابلۆیانەش گەواهینامەی دەرچونمەدەیخەمە بەرچاوی بەڕێزتان.

من خۆم بەمرۆڤ دەزانم، نەک خواوەند.. هیچ خواوەندێک یان بتێکم نەدیوەو ناناسم کەشایەنی ئە وەبێت خۆمی پێ هەڵسەنگێنم.. چونکە لەمیانەی باوەڕی ئێستاتیکیمدا مرۆڤ وبوون بەمرۆڤ، بە مەزنیترین ونایابترین باوەڕدەزانم، ئەمە باوەڕی گومان لێنەکراوی منە. نەکەن بەهەڵەدا بچن!؟ نەکەن بەهەڵە تێمبەربن و توانج ورەخنەی ناجۆرم تێ بگرن و وای نیشان بدەن کەکافرم یا موشریکم یا بێباوەڕ، یان خوا نەخواستەخۆم بەخواوەند دەزانم!

نا، من هێندە بێمێشک نیم! من کارم بەخواو خواکانی ئێوەوەنییە، خوای خۆتان بۆ خۆتان، خواوەندی خۆم هەیەمنیش.. من مرۆڤێکی سێگۆشەم. واتەسێ قوتبم هەیە.

لەوەتەی فامم کردۆتەوە هەمیشە خۆمم بینیوە، هەرگیز قەبارەی خۆمم لەژوورەکەم  گەورەتر نەبینیوە. هەندێک جار پڕاوپڕ هێندەی ژوورەکەم  گەورە یاخود بچووک بووم!

بەڵام لەوەتەی بووم بەپەنابەر، هەست دەکەم ژوورەکەم تادێ زیاتر و زیاتر وێنەی قەبر، تەسک وتە نگ دەبێەوەو دێتەوەیەک، دەمگوشێت، دەمفلیقێنێتەوە.. بەڕاددەیەکی ئەوتۆ کەهەندێکجار هەست دەکە م ئێستا نا تاوێکی تر وەک تەبەتۆر دەردەپەڕم.

هەست دەکەم لەژوورەکەمدا جێگەم نابێتەوە، نەک لەبەر گەورەبوونم، یان لەبەر بچوکبوونەوەم! بە ڵکولەبەر ئەوەی ژوورەکان سروشتیان جیاوازە، وەکو ئەو ژوورانەنین کەحەزرەتی نـوح لەکەشتییەکە یدا دروستی کردبوون! بەڵکو ژووری لەمقەباو تەختەدروستبوون ودەچنەوەیەک، تەسک دەبنەوە، زۆر کەسیش بەزۆر خۆیانی تێدەپەستن، کەسانێک کەجێگەیان نابێتەوە، بەزۆر خۆیانی تێدەپەستن.. بۆیەژوورەکەم لەهەندەران تا دێت تەسکترو تەسکتر دەبێتەوە!

هەندێکجار هەستدەکەم ژوورەکەم تێکچووە، چونکە دەمجوێت، دەمجوێت، نە قووتم دەدات، نەتفم دە کاتەوە! بۆیەبەدوای ڕێگەچارەیەکدا دەگەڕێم تا دەرباز بم یان دەرپەرم ونەجاتم بێت. چونکە تەنهایی و نامۆیی ودوورەووڵاتی ئەزێتم دەدات، هێندە تەنهایی دەست دریژیم لەسەر دەکات؛ لەتاواندا پەنام بردۆتە بەر جیهانی خەونەکان. چونکە ئازادییەکی ئەبەدیم لەوێدا چنگ خستووە. لەوێدا دەبم بە هەر بوونەوەرێک جگە لەخوا. هەرچەندە دەوێرم بڵێم: من لەخەونەکانمدا هەم خواو هەم خواکان دەبینم، بت و فریشتەکانیش دەناسم.

شەوێک لەشەوان خۆم بۆنەگیرا، لە قەپۆزی تاریکی ژووری زیندانەکەم هەڵاتم .. ڕوومکردە دارستانی ئۆسگۆرد و قەبرستانێکی دێرەک، لەوێدا کە خواکانی گەلی بەستەڵەک دەژیان و نێژرابوون. هەستم کرد گیانم ئازادە. زۆرم پێخۆش بوو، توانیم ئەو شەوەلەقەبرسانەکەدا بنووم. هەستم دەکرد لەت بووم وبەدووکەرتی دەژیم. کەچی زۆری نەبرد هەموو مردووەکان هاتن ووتیان: ئێرەجێگەی تۆنییە! خۆ نە مردویت! بتێکی بەردینی مەزن ڕەپ ڕاوەستا بەرامبەرم، فەرمووی: من ئۆدینی خواوەندی مەملەکەتی بەستەڵەکم.. نایەڵم زینـدوولێرەدا بژی، ئێرە ئارامگا وگۆڕستانی مردووەکانە! تا نەمریت ناتوانیت لێرەدا ڕاکشێیت. چونکە سرڕی مەرگ لێرەدا پەنهان دراوە. هەستە نەنووی ها.. دەنا دەستت لێدەوە شێنم!

ئەو شەوە دووچاری نائومێدی بووم، گەرچی بەخەیاڵ دەمتوانی بفرم وبچم بۆوڵاتانی تر تا داوای هە قی پەنابەری بکەم! خۆمم تەفرەداو هەر بەخەیاڵ ئەو شەوە زۆرمەملەکەت گەڕام وداوای مافی پەنابە ریم کرد، بەداخەوەچوومەهەر وڵاتێک شاربەدەریان کردم.. دێـویان کرد بەگژمدا!

ئەو شەوە لە بێکەسی و تەنهایی وترس وسەرمادا هەستم تەزی، بیرم تەزی، خەریکبوو ڕەق دەبوومەوە ، ناچار گەرچی باوەڕیشم بەخودکوژی نەبوو، بڕیارێکی ئەحمەقانەم دا. بڕیارم دا پەتێک هەڵبخەم وخۆم بخنکێنم! ئا لەوێدا کارەساتێکی نا ئاسایی ڕویدا، زۆر نا ئاسایی، وەک ئەوەی پەنجەم کردبێت جەچاڵی چاوی هەموو ئایینەکاندا.. وەک ئەوەی خودی خوام تووڕە کردبێت، یاخوانە خواستە کفرم کردبێت! زرمەیەک هەستا، زرمەیەک دڵی لەجێ خستم، ڕایچەناندم، زرمەیەکی ئەوتۆ

کەنەک تەنها ناخی هەژاندم، بەڵکو سەری دەهشەتی سووڕاندم، کەرامەتمی ڕاپەڕاند، بێداریکردمەوە.
ئیتر لەوکاتەوە ژیان وەستاوە لە هزری مندا.
لەوێدا بووکات وەستا، لەوێدا بوو هەمووشتێک وەستا. بۆیە من باس لە  وەستانی کات دەکەم لە تابـلۆکانمدا. لەو شەوەدا بوو بەکەرامەتی پیر شالیار ئاشنا بووم، تێگەییم کە لەمنداڵیمەوە ئەودەیە وێت دڵ ودەروونی ڕێگاکانم نیشان بدات، بەڵام من گوێم  لەو نەدەگرت وهەرخەرەکی خۆمم دەڕێساو گلەییم لەم ژوورو لەو ژووردەکرد!

دوای ئەوەی ئەم ڕۆمانە لە بیرمدا نەخشی بەست؛ کەگەڕامەوە ناوقەپۆزی ژوورەکەم، پیرێک هاتەخەوم، پێی فەرمووم بوێربە! چونکەمـرۆڤ مافی ژیانی هەیە. گەرچی من بەژیان دەوێرم، بەڵام ئەوشەوە ئەو ڕاستیکرد.. من بێ وورەبووم و کەمتوانا! چونکە من وەها خۆم دەناسم کەمـرۆڤێکم دەتوانم لەدەروونی دێـوی تاریکیدا مۆمێک دابگیرسێنم.
هەروەها دڵنیا بووم لەوەی کەدەتوانم بەڕێگا تاریکەکانی دێـوەکاندا بێترس بڕۆم.. چونکە دڵ ودەروون وبیرم ڕۆشنە. دەزانم من لەمنداڵیمەوە دڵ و دەروونی ڕێگاکان دەبینم.
من مـرۆڤێکم شانازی بەکردەوەکانی خۆمەوەدەکەم ودزێوی خۆشم دەبینم. چونکە دووپێ نییە بێخەوش بێت. دەتوانم بڵێم خەوشەکانم بەپەنجەی دەستێک دەژمێردرێن، چونکەهەمیشە لەژیاندا کارم لە خۆمداکردووە، هەوڵمداوە جوانییەکان بەزەڕەبین تەماشابکەم.. من خاوەن ژن وماڵیشم، دوو کوڕی خۆشڕوو بەڕێزم هەیە.  دەزانم من جوانییەکانم وەکو کۆرپەی ساوا و تازەلەدایکبوو خۆش دەوێت.. جوانـییم لەهەروڵاتێک ولای هەرکەسێک دیبێت، بەبێ یەک ودوو لێکردن خۆشم ویستوون، بەغیلیم بە جوانیی کەس نەبردووە. هەوڵیشم نەداوەوەک ئەو جوان بم، چونکە جوانییم لەخۆمدا بەر لە هی ئەوانیتر بینیوە. جوانیی کردەوەکانی خۆشمم بەسەرکەسدا گریمان نەکردووە. بۆیەدەتوانم بڵێم: ئەگەر بەهەمووکەرامەتی خۆمەوە پەنجەبۆ دزێوییەکانی خۆم درێژبکەم، دەتوانم بڵێم لەژیانمدا چەند پاکەتە جگەرەیەکم ماشیوەتەوە، سەدان قەڵەم وکتێـبم دزیوە، دەستمکردووەبەگیرفانی دووکەسدا بەمنداڵی نەک بەگەورەیی.. هەروەها دەتوانم بڵێم لەبارودۆخی مەجبوریشدا درۆی سپیم کردووە. بۆیە تاوانەکانم لەهی منداڵێک زیاتر نین. وابزانم وەک خوێنەر ڕێگەم دەدەیت شانازی بەکردەوەکانی خۆمەوەبکەم! بۆیە ڕێگە بەخۆم نادەم خۆم لەڕێزەی خواکـان پۆلبکەم. تەنانەت ڕێگەیش بەخۆم یان بەخوێنەر نادەم وەک پێـغەمـبەریش تەماشا بکرێم، ئەگەریش بەپەیامـبەرم سەیردەکەیت، مانای گەورەیی نییە، چونکە لەفەرهەنگی مندا هەموو مـرۆڤ وباڵندە و گیاندارێک پەیامی خۆیان هەیە بۆژیان، بۆیان هەیەبژین وئازاد بن، هەمووشیان پەیام هێنەرن و پەیامبەرن.
هەر مرۆڤێکی خاوەن باوەڕ، لای من پەیامبەری باوەڕ و ئاکار و خۆزگەکان و خەونەکانی خۆیەتی.

منیش هەمان شیوە، چونکەمنیش وەک هەر گیانلەبەرێک خاوەن کەرامەت وخاوەن پەیامی خۆمم.. هیچ گیاندارێک ناتوانێت ئەم ژینە بەجێ بهێڵێت تا پەیامەکانی نەگەیەنێت.. بۆیەگیاندار ناکۆتایی دەژی تائەوکاتەی پەیامەکەی بەڕاستگۆیی وبێخەوش دەگەیەنێت.
من بابایەکم خاوەن کەرامەت، لەکەرامەتی خۆمەوە، کەرامەتی سەگ و پشیلە وگیانلەبەران دەبینم وڕێزیان لێدەگرم.
هەمیشە مـرۆڤیی خۆمم خستۆتەبەر ئاوێنەو تەماشای خۆمم کردووە. زۆرلەمێژە دەزانم کەخواوەند هە یە، بۆیەهەرگیز نەمتوانیوەبەبێ خواوەند بژیم.
بەڵام هەمیشەش بەزەییم بەتەنهایی وتاکێتی خواوەندا هاتۆتەوە، لێتانی ناشارمەوە، من لەژیانمدا هێندە تەنهاییم چەشتووەکەدووچاری نەخۆشییەکی ئەوتۆ بووم، کەحەزناکەم تەنانەت ووشەکانیش تە نهابن، حەزناکەم فریشـتەوگیاندارو تەنانەت بێگیانیش تەنها بێت.. ئەگەر تەنهایی ببێت بەمـرۆڤێک، بەدووری ناگرم هەلاهەلای بکەم وسروشتی بە یەکجارەکی لەناوبەرم..
کەواتەچاک بزانە کەمن نیم خواوەندم تاک و تەنها کردووە و ناردوومەتە سەرەوەی ئاسمانی حەوتە مین، نا من نیم، ببوورن. بەپێچەوانەوە، من هەمیشەخۆزگەم خواستووە تا خواوەند زۆربێت، دابەش بێت، خواماڵ ومنداڵ وهاوسەرو نەوەی هەبێت، هاوڕێی هەبێت، نەک دوژمن.. منداڵی هەبێت، جوانی زۆربکات، نەک دانیشێت لەبێزاری و حەشمەت و ڕقا ئەهریـمەن دروست بکات.. ئاخر لە سروشتی ئە و ناوەشێتەوە دزێوی دروستکردن.
ئەگەر کۆی ئایینەکان تا دەگات هیندۆسەکان وای بۆدەچن، چاک بزانن کەفڕیان بەهەبوونی خواوە ندەوە نییە.. بەڵام با لاریمان لەوە نەبێ کە گەلان مافی ڕەوایان هەبێت تا باسی شەڕی ئەهریـمەن و بت وخواکـانیان بکەن!
من بەش بەخۆم حەزناکەم خواوەند تاک وتەنها بێت، وابیردەکەمەوە وەک مـرۆڤ.. حەزدەکەم خواوەند ببێت بەدوو بەسێ، زۆربێت، لەبری باران ببارێن، تا بمانبینن، تا بیانبینین، تابتوانین پێکە وە سنورێک بۆ شەڕی بێمانای نێوان ئایینەکان دانێین.
تاڕێگەچارەیەک بۆ زۆربوونی دێـوەکان، تیرۆریستەکان دانێین.. تاگومانەکانمان بڕەوێتەوە. چونکە هەموودەزانین کەگۆی زەمین داگیرکراوە، کەدێـو ژیان وزەمینی داگیرکردووە، کەشەڕ زەمین دەبات بەڕێوە.
دەزانم ڕزگارکەریش کەسێکە بوێر بێت، بتوانێت ڕاستگۆبێت. بتوانێت ڕووبکاتەخواوەندی خۆی و ماماڵەی لەگەڵدا بکات، بیبینێت، هەستی پێبکات، لەمسی بکات، بچێت بەمیوانیی، داوەتی بکات، لەگە ڵیدا بژی وەک هاوڕێوهاوگیان.
بەم ووشە نەرمانە داوای لێبووردن دەکەم، من نیازم نییەدەست بۆ باوەڕ و پەرستاریی میللەتان بەرم. وەک فەرمووم ئایین وخواوەندی خۆتان بۆخۆتان، من ئایینی خۆم هەیە.. قورئانیش پشتم دەگرێت، چونکە وادەڵێت. من بەتاقەخوایەک سەبووریم نایەت.. چونکە دێـوەکان هێندە زۆربوون مـرۆڤ

دووچاری ترسان ودوودڵی دەبێت لەژیاندا، بۆیەدەزانم کافرانە نادوێم گەر زۆربوونی خواکان برێسم. چونکە من خواوەندم خۆش دەوێت، وەک ئەو دەوڵەمەندەی کەپارەکانی خۆی خۆش دەوێت و زۆریان دەکات.. منیش خواکان کۆ دەکەمەوە لەدەوری خۆم، زۆرو زۆرتریان دەکەم.. تا لەشەڕی دێوەکان و بەڵایان ڕزگارم بکات. من باوەڕم بە خواکان وبتەکانی هەموو ئایینەکان هەیە. بەو مەرجەی شەڕانی نەبن، بەو مەرجەی جەهەننەم دروست نەکەن، بەو مەرجەی تێکدەرو وێرانکەری ژیان نەبن.

چونکە لای من خواوەند بنیاتنەرە نەک ڕوخێنەر. چونکەتەنهایی، وەناق وترس وگومان ونەخۆشی و مەرگم بیر دەخاتەوە.. نامەوێت تەنها لەخواوەند بڕوانم، چونکە دەزانم تەنهایی دڵی خواش دەڕە نجێنێت. چونکە کاتێک کە تەنهایی دێتە کایەوە؛ بوون و ژیان و کامەرانی و تەنانەت غەمەکانی خواش ژەنگاوی و ڕزیوو بێ وەنەوز دەکەن.

بۆیە بڕیارمدا خواوەندی خۆم، ئاهوڕامازدا زۆربکەم.. بێشومارزۆر، هێندەی گەردەکان، هێندەی ژمارەکان، هێندەی ئەستێرەکان، هێندەی ووشەکان، حەزدەکەم تۆش لەهەموو ووشەیەکی ئەم پە ڕتووکەدا خوایەکی تازە لەدایکبووی کۆرپەلەو بێخەوش ببینیت. خواوەندێکی سپی سپی کە لەحاجیلە قلەق دەچێت؛ یان لە منداڵێکی ساوا کە پێویستی بە ڕێزو خۆشەویستی‌یە. چەند خۆشەمرۆڤ لەپڕ خواوەندێک بدۆزێتەوە؟ شتێکی خۆشە، وانییە؟ دەشێت خواوەن لای من جاڵجاڵۆکەی پیرۆز بێت و بوونەوەریش لەسەر تەنافەکانی ئەو ڕێسراو و تەون کرابن! ئایا دەتوانی بە چاوی هەست ئەم تابلۆیە ببینیت؟

جارێکیان بە منداڵی بەیانییەک زوو؛ لە ڕێگەمدا بۆ نانی بەیانی کڕین بەڕێ کەوتم. جۆگەیەک لەسەر ڕێگاکە بوو، پردێکی بچکۆلانەی یەکمەتر بەرینیش بۆ ئەو جۆگەیە دروست کرابوو. پریاسکەیەکم بینی لە ژێر پردەکەدا، لە قوومات دەچوو! بە فزووڵی منداڵانەم خۆم بۆ نەگیرا، حەزمکرد پریاسکەکە بکەمەوە. کاتێک کە خامە قووماتکراوەکەم ڕاکێشا، پاش کردنەوەی دوو سێ پێچ؛ زریکە لە ناخم هەستا! بینیم منداڵێکی مردووی لچ و گوێ بڕاو، چاو دەرهێنراو کە نەمدەزانی لە چی دەچوو، لەو خامە قووماتکراوەدا بوو و فڕێ درابوو! لەرز گرتمی، ترسام، بچووک بوومەوە. کاتێک کە خواوەندم وەها بینی. ترسام، گریام، ڕشامەوە. هەڵەداوان گەڕامەوە.. لە ڕێگەمدا کە مووچڕکە بە گیانمدا دەهات، هەستم دەکرد کە خواوەند لەو منداڵەدا زیندوو بوو! کاتێک خوشکە گەورەکەم برد بۆ نیشاندانی تەرمەکە، تا شایەتیم بۆ بدات، ئەو لەوێ نەمابوو! پاش تێڕامان و بیرکردنەوەی زۆر لە ونبوونی ئەو منداڵە، شەوێکیان بەخۆمم ووت: کێ دەڵێت ئەو منداڵە خواوەند نەبوو! یان خواوەند ئەوی بردبێتەوە بۆ خۆی! بۆیە مەرجە مرۆڤ بتوانێت خواوەندێکی هەبێت. یان هەست بە بوونی بکات لە جێگەیەکدا. چونکە هەن لەناوماندا دڵی خواوەند دەڕەنجێنن.. هەن لچ و لێوی خواکانی پەرستگای ناو ماڵەکانی خۆیان دەبڕن.

بەوجۆرە توانیم دان بەکەرامەتی خۆمدا بنێم، چونکە من خواکـانی خۆمم خۆش دەوێت، خوالەده روونی مندا دابەش دەبێت، حەزدەکەم زۆربێت نەک کەم. چونکە بەڕاستیمە خوا گیانە و خۆشم ده وێت. من لەوەچەی حەزرەتی نـوح-م، دەتوانم بەئاسانی پێتان بڵێم کەمن لەهەمووسەردەمێکدا ژیاوم، ئەوەی کە دەربارەی سووڕی ژیانەکانی خۆم دەیزانم، ئەمەیەکەمن هەمووسوڕەکانی ژیانی مـرۆڤ وگیاندارو ڕووەکم دیوە ( واتە ژیانی دوونادوونبوون ).. لەهەمووسووڕەکانی ژیاندا خاوەنی کەرامە ت بووم. هەمان باوەڕیشم هەبووە.. هەمیشەیش لەپێناوی ئەوەدا دووپات دەبمەوە تا ئەو پەیامانانەی هەڵمگرتوون، بیانگەیەنم.. کە بە ئەمانەتیان دەزانم. تا ئازاد بم، سەرفرازبم.

ئەوەش بزانن کەهیچ گیانلەبەرێک نامرێت، تا پەیامی خۆی نەگەیەنێت. دڵنیاش بن ئەوەی لەژیاندا نە گاتە پلەی کەرامەتناسی و خوودناسی، ئەم ژیانەبەجێ ناهێڵێت.. ئەوەی تاوانێک بکات، تاوانێک زۆردەکات، بۆسزایەک دەگەڕێتەوەو بێگومان سزای خۆی بەچاوانی خۆی دەبینێت. من هیچ خواوە ندێک ناناسم توانای هەبێت لەزەبرو هەتککردن و کوشتن وسەربڕین ولچ ولێو بڕین وداگیرکردن خۆش ببێت. هیچ هێزێک ناتوانێت گوناحەکانی خۆی بخاتە ئەستۆی خواوەندی خۆی.. هەربۆیەشە دێـوەکان زۆردەبن، زەمین خوێنی لێدەتکێت، چونکەتاوان تاوان دەخاتەوە، بەچکەی دەبێت، گەرا دادە نێت. چونکە تاوانکاری نە لەسروشتی خواوەند دەوەشێتەوە، نەلەسروشتی مـرۆڤ. بۆیەدەزانم دڵنیایت لەوەی کەجوانیش جوانی دەخاتەوە..من بەتوولەڕێی خواکـانی خۆمدا ڕۆشنایی دەبەخشمە ناو دڵ و دەروونت، بەتولە ڕێگاکانی خۆمدا بەرەو گەردوونی خۆم بەڕێت دەخەم، بەئومێدی ئەوەی کە ئاشنا ببیت بەخواوەندی من.. یاخواوەندی خۆت. دەزانم، دەتوانم بە بێگومان، بەبێ چراو مەشخەڵ ڕێگەکانت نیشانبدەم.

بۆیە تکای بچکۆلەم ئەوەیە کە لەدوای خوێنـدنەوەی تابـلۆکاندا بووەستیت، پەلە نەکەیت، چونکە کات دەوەستێت، بیرێک لەدایک دەبێت.. چونکە ڕۆژێک دێت کەناچار دەبیت بووەستیت، هەروەکو کات، چونکە تۆ لە کات زیاترنییت! لەشوێن زیاتر نییت.. چونکە ڕۆژێک دێت شتەکان دەوەستن، کات دە وەستێت، بیرێک لەدایک دەبێت، گیانێک دەمرێت، گیانێک بەدوایدا دەزێت.

بێگومانم دەزانیت کەسروشت خاوەن کەرامەتێکی گەلێک سامناکە، بۆیە بەلای منەوە چاتر و جوانتر بوو گەر مـرۆڤ بیتوانیایە لەبری خواوەند، خۆرپەرست،ئاگر پەرست، ئاوپەرست، خاک پەرست بوایە. چونکە مەحالە مـرۆڤ بتوانێت بەبێ ئەوچاوگە ماددیو مانەوییانە برەو بەژیان وژیری بدات، چونکە ئێمە گیانی خۆمان لەواندا شاردۆتەوە.. بەڵکوو گیانمان لای ئەوانە. بەباوەڕی من شتێکی جوانە مـرۆڤ خواپەرست بێت، نەک سەگ پەرست ودێـو پەرست! بۆیەمن لاریم لەخواپەرستی نییە.

بەڵام بەبۆچوونی من خواوەند پێویستی بەپەرستاری و قوربانی و شەڕو داگیرکردنەکانی ئێمە نییە، خوا ئەگەر بیەوێت لەچاونوقانێکدا فوودەکات بەهەموو بوونەوەرەکاندا ودەیانکات بە ڕێسێکی تر لە تەنافەکانی خۆی! بەڵام خواوەند کاری نابەجێ ناکات!

هەن و زۆرن کە لەپێناوی خوادا ئابڕوی ژیان ومـرۆڤایەتیان بردووە!

نازانن، نافامن چیدەکەن. خوائەوان ناناسێت و کاری بەوان و کردەوەکانیان نییە.. چونکە خواکانی ئەوان ئەهریمەنن و لە تەوەرێکی تری دوور لە ڕووناکی دەژین و ئەوان چراکانی دەروونیان ڕۆشن نییە! ئاخر چی خوایەک ئەوهەمووسەربڕین وتەعداو غەدرە قبووڵ دەکات؟ مـرۆڤتان وەها بچکۆلە کردۆتەوە، کەلە پێناوی خوادا پڕی دەکەن لەباروت وبەئاسماندا دەیتەقێننەوە.. دایکە داماوەکانیان نازانن لەسەر چی ئەستێرەیەک بۆپارچە و سەرو دەست و پێی منداڵەکانیان بگەڕێن! هونەرمەندان نازانن چۆن وێنەی کەسێک بکێشن! چونکە سیمای مـرۆڤ بووە بە تەپوتۆز. بە هەزار پارچەوە.

کاتی ئەوەهاتووە بەسەر کردەوەکانـتانا بچنەوە..چونکەگیانی هەموومان یەک چاوگی هەیە، بگرە کۆی مـرۆڤایەتی پێکەوە بریتین لەیەک گیان ولەشی تایبەت، ئەنیشتاین دەڵێت تا ئەودووگیان ولەشە یەتری نەگرن بەهارمۆنی، ناتوانیین دڵنیا دەست بۆ سروشتی نانۆکان بەرین! چونکە نانۆ دەتوانێت دروستمان بکات، دەتوانێت لەناومان بەرێت. بۆیەمـرۆڤ زۆرنامۆیە بەسروشتی خۆی..هێشتا دووپارچەدەژیین، هێشتا بچکۆلەو کەم و داگیرکراوین. هێشتا ئازایەتی لای مـرۆڤ لەوەدایە کە کە رامەتی یەکتری بشکێنن، و کەلتووری دڕندە بکەن بە یاسا و ماف و دابی ژیان! کەماڵی یەکتری داگیربکەن، دزی بکەن، سەرببڕن، درۆبکەن!

لەبیرت نەچـێت، من بابایەکم دوای کەرامەتی خۆم کەوتووم، دوای کڵاوی بابردووی خۆم کەوتووم، لە ڕێگاکانی خۆمدا شارەزاو ڕێگا ناسم. بەوڕێگایانەدا دەڕۆم کەدڵیان هەیەو ڕۆشنن.. دڵنیاترم لەگەڵ هەڵهێنانی هەرهەنگاوێکمدا ، هەنگاوی عیشق وئازادی وجوانی هەڵدەهێنم.

هاوڕێـکانم نامناسنەوە، دەوروبەرو خۆشەویستەکانم گومان لەفەرموودەکانم دەکەن، بەڵام من دڵنیایان دەکەم کەمن مـرۆڤێکم زۆر ڕێز لەکەرامەتی خۆم دەگرم.. جیـهانبین ودادپەروەرو خودناسم..ژیانم هێـندەی منداڵ خۆش دەوێت، هێـندەی ئافرەت جوانە لەلام.. هێـندەی ژیری پەرستی، ژیان پەرستم.. ژیان خۆشە، من هەمیشە بەدوایدا دەگەڕێم.. ئەگەر هەمووژیانم لێ داگیر بکرێت، ناتوانن زەڕڕەیەک لەئومێدم داگیر بکەن.

چونکە هەموومان دەزانین کەهێشتا کەسانێک هەن لەژیاندا بەبێ چەک، بەبێ تێڵا، بەبێ شەڕ گوزە ران دەکەن.

زۆرگیاندار هەن لەسروشتدا گۆشتخۆرن ودڕندەش نین، هەن گۆشت ناخۆن کەچی دڕندەشن.. لە مـرۆڤ دڕندەترهەیە گەر نازانی ئەویش درۆکانێتی. درۆکان دێـوەکانێتی! چونکە دێـو لەبەد ڕەفتار یی مـرۆڤ بەدی دێت، دوایی ئەمەت جوانتر بۆ شیدەکەمەوە. ئەوسا باوەڕ دەهێنیت کەچۆن دێـوەکان دروست دەبن وزۆردەبن وژیان پڕدەکەن لەنەنگی و خەوش و تاریکی.

من دەزانم وشەکانم خاوەن کەرامەتن، بەهەستی نەژاد پەرستی و کینە دۆزی وڕق و تۆڵەوە تەماشای ووتەکانی من مەکەن.. چونکە کەرامەتی مرۆڤ بەرز دەنرخێنێت لە جیهاندا ، چونکە ئەم کتێـبە کە رامەتی منە. چونکە ڕق و کینەودرۆو خودپەرستی، ڕەگەزپەرستی مـرۆڤ ناشیرین وزبر دەکات، مـرۆڤ نەخۆش دەخات، مـرۆڤ نەخۆشانە دەمرێت. دەشێت هەستی ڕق و تۆڵە لە تویێی هەندێ

ڕشتەدا هەست پێبکرێت، ئەوە نیشانەی نا تەندروستیی هەست و بیری منە گەر ئەو هەستە لای خوێنەر بەدی بێت. چونکە مرۆڤ هەڵە دەکات. بەڵام من لە خۆم دەبوورم.

ئەگەر مـرۆڤ لەژیاندا نەتوانێت مۆمێک بۆکەرامەتی خۆی دابگیرسێنێت، بەلای کەمەوە پێویستە ئازادی بەخۆی نەدات فوو بە مۆمی کەسێکی تردا بکات، چونکەمـرۆڤ پرشنگی ڕووناکیی خوایە.

مـرۆڤ خاوەنی گەردوون وبوونەوەرەکانە، خواوەند خۆپەرست نییەو گەردوونەکان بۆ تەنهایی خۆی دروست ناکات.. هەرگیانلەبەرێک خاوەن گەردونێکی ئازادی خۆیەتی، تەنها بەسەردانی گەردوونە کانی یەکتری دەتوانین بگەین بە کەماڵ. بۆیەتکات لێدەکەم کاتێک بەتوولە ڕێگای ووشەکانمدا دەکە ویتە ڕێ، هەوڵ بدە کە کاتێک دەگەیتە گەردوونی من هاوڕێ و بەئەمەک بیت..بەهەڵەدا مەچۆ، چونکە من هەڵە چنی ناکەم، من بەڕێگاکانی خۆمدا دەڕۆم، پەیداغی من بغوەردە، کەس ناتوانێت بیسوتێنێت، پەیامی من ئازادییە کەس ناتوانێت داگیری بکات، وڵاتی من چەند تابلۆیەکی جوان و وشەو چەند ڕەنگێکی ڕۆشنن و من پادشای خەونەکانی خۆمم.

باوەڕی من جوانە، کەس ناتوانێت بەد سوودی لێبـبـینێت.. مەملەکەتی من بریتییە لەو بستەخاکەی تیایدا هەناسە دەدەم. دەشێت لەلاپەڕەیەکی ئەم کتێـبەدا خواوەند هەبێت، کەچی لەلاپەڕەیەکی تردا بوونی نەبێت، یان وون ببێت! بەڵام گەڕان بەدوای خوادا کارێکی خۆشە! کفر نییەگەر خوا لەجێگەیە کدا هەبێ ولەجێگەیەکی تردا نەبێت. چونکە گەر خواوەند لەهەموو جێگەیەکدا هەبوایە، ژیان زۆر دڵنیا بەڕێوە دەچوو، مـرۆڤیش دڵنیاتر.. بەڵام من بەبێ عیشق وئازادی و جوانی هەرگیز هەناسەم بۆنادرێت، تا ئەوکاتەی بتوانم هەناسە بدەم، دڵنیام لەوەی کەعیشق وئازادی و جوانـیم پایەدارە.. کۆڵ نادەم، هەوڵدەدەم بەخەندەکانم ڕوخساری ژیان جوان وجوانتر وێنە بکێشم، چونکە من هونەرمە ندیشم، هەوڵ دەدەم بتوانم تاڕاددەی باڵاچوون مـرۆڤ بم.. چونکە مـرۆڤ کەرامەتێکی گەلێک پیـرۆزی هەیە.

مێرولەکان فەرموویان: ئافەریین. عیشق گیانی بوونە، و ئەو بوونەوەر بەڕێوەدەبات. کردەوەکان مـرۆڤ، خواکـان، فریشـتەکان، گیان و لەش دروست دەکەن. کردەوەکانمان دەبن بەبت لەبوونەوە ردا. خواکـان تەماشامان دەکەن.. ئەزێتی خواکـانتان مەدەن. چونکە ئەوان لەتاو بەدیی ووتەو کردارمان دەمرن.. سست دەبن، نەخۆش دەکەون. وا مەزانەخواکـان تەنها مەزنن، نا.. ڕاستە مەزنن، بەڵام ئەوانیش دڵیان دەشکێت، ئەوانیش هەستیان بریندار دەبێت.. دەشێت لەداخی کردەوەکانمان بمرن! کێ دەزانـێـت!؟

# تابلۆی زۆربوون

لەقوتبی پەنابەریمدا من خاوەنی منداڵێکم، خاوەنی منداڵێکی تریشم، منداڵێکیشم لەبار چووە! بەڵێ باوک بەر لەدایک منالّی لەبار دەچێت! یەکێ لەمنداڵەکانم خستۆتە باخچەی منداڵان. ئەوی تریان دەچێت بۆ پۆلی چوار.. منداڵەکانم هێندە جوانن، جێگەی هەموو شانازییەکیان بۆ گرتوومەتەوە. بە ساوایی ئەوانم دەخستە سەر دەستم.. بە ناو کووچەو بازاڕەکانی شاری هەستکردن بە کەمییدا دەگەڕام.. ڕووی منداڵەکەم دەکردە تەماشای خەڵکی.. بە تەماشای پڕ لە شانازی تەماشای مـرۆڤە دڵڕەقەکان و دێوەکانم دەدان لە وڵاتی بەفر.. نیشانی مـرۆڤی لە بەفر دروست بووم دەدان.. بە سەرنج پێم دەگووتن: ئەم جوانییە دەیسەلمێنێت کە من جوانی داهێنەرم. کە من پەیامی جوانـیم هەرس کردووە. بگرە ژیانم داوە بە کەرامەتی ئەوان. ئەوان پەیامبەری منن و پەیامبەری پەیام و باوەڕی خۆیانن!

ئەوان مایەی شانازیی منن.. هیواداریشم منیش مایەی شانازیی ئەوان بم.. مـرۆڤ کاتێک کە منداڵی خۆی دەبێت.. کاتێک یەکەم پارچە لە گیان و لەشی دەبێتەوە.. حەز دەکات تا ماوە ملکەچی پەروەردەی ئەوان بێت.. بە هەر زمانێکی ئاشنا بەوان، باوان دەبێت گۆشیان بکەن، فێریان بکەن.. فێری ڕێزگرتن لە خواکـانی ئەوانی تر. لە بتەکان، لە فریشـتەکان. دەبێت ئەوەمان لە بیر نەچێت، کە منداڵیش باوانیان فێردەکەن.. بگرە ئەوان کە دێنە ژیانەوە بە ئەرکترین بەرنامەی فێر بوون لەگەڵ خۆیان دەهێنن و دڵنیا بە لەوەی، ئەوەی ئەوان فێرە ئێمەی دەکەن ـ زۆر زیاترە لەوەی کە ئێمە فێرە ئەوانی دەکەین!

شەوێکیان چیرۆکی شانازییەکانی خۆمم بۆ باس دەکردن.. چیرۆکەکە بوو بە داستان، بە ڕۆمان.. هەردووکیان سەیریان لە موعجیزەی فەرموودەکانم دەهات.. کڕ بووبوون، لە ناو دەروونی ووشەکانمدا هەڵپەی گرتنی مانایان دەدا... لە ووشەکاندا وون دەبوون.

خۆیان لە دەروونی مندا دەدی.. وانەیەکی تایبەت لە فە لسەفەی جوانی فێر بوون. فێر بوون کە ئەوان هەمیشە بەڕێزو خۆشەویستی ئێمەن.. ئێمە خێزانێکی جوانیین.

بەڵام ژیان لەناو دێـو پەرستەکاندا سەختە.. چونکە نایەڵن مـرۆڤ هەناسە بدات.. نایەڵن مـرۆڤ پشوو بدات.. هێندە سەرگەرمی ماشینەوەی باوەڕو بیرمانن. وا دەزانن بەو کارەیان سوود بەخۆیان دەگەیەنن. مـرۆڤەکان سڕ بوون لە سەرمادا.. ساغەکانیـیان لە نەخۆشەکانیان تەمەڵترن.. حەزیان لە دژایەتی کردنی بێگانەیە.. ڕقیان لە بێگانەیە.. نایەڵن بێگانە هەست بە ئارامی بکات لەناویاندا. زیندانی ترسناک لە گوومان لەدەوری بێگانە هەڵدەبەستن. مرۆڤ ناچار دەکەن بە زۆر خۆی بەکەم بزانێت. ناچاری دەکەن لە منداڵەکانی خۆی بترسێت! بۆیە من ناچار بووم لە زانستی خامۆشدا بگەم بە بوونێکی تر.. لە غەیبەوە دەنگێک بانگی کردم : نـوح.. کوڕم.. خۆت بەکەم مەزانە کوڕم.. تۆ لە نەوەی گۆد و زاگرۆسیت،.. تۆ یەکەم مـرۆڤی ، کە لەکەشتییەکەی نـوح دابەزییت.. پیاوانێکی ئەوتۆ لە دەورت نەبوون.. بەڵکو تۆ باوکی چەند کەسێک بوویت. تۆ لە ئارارات لەدایک بوویت. هەست بە کەمی مەکە کوڕم. تۆ باوکی هەموو ئایینەکان و پێغەمبەرەکانیت.

ئەو شەوە نیوەم لە ژوورەکەمدا دەگریا.. نیوەکەی ترم بەدەم گڤەی باوە شەکەت بوو.. مانگ پڕ بوو.. ڕەشەبا گیانمی ڕادەوەشاند.. دەیبرم بە ئاسماندا و دەیلووراند بەسەرما.. دەینەڕاند.. پاشان بە زمانێکی هێمن پێی ووتم: تۆ دەتوانی لەم زیندانە وەدەر کەویت.. باکان لێم توورە بوون.

ئەو دەنگەم لە ئاسمانی ناخمدا پێگەیی.. چونکە گیان ئاسمانی خۆی هەیە.. ئاسمانی گیان قووڵترە لەو ئاسمانەی دێـوەکان باسی دەکەن، یان لەو ئاسمانەی کە مـرۆڤەکانی دەورووبەرم دەیبینن. ئاسمانی سەر سەرمان حەوت چیینە.. بەڵام ئاسمانی گیان چواردە  چین و پلە قووڵە.. هەڵبەتە لە دوای حەوت تەبەقەی ئاسمان.

دەنگێک بوو زۆر سەیر بە گوێم، ڕاچەنیم و مووچڕکەم پیادا هات.. قەبارەم چووەوە یەک و مووەکانی لەشم  گشتیان ڕەپ ڕاوەستان.. کەوتمە نەشئەی عیشقەوە.. پاش ئەوەی کە خۆمم بینی.. پاش ئەوەی کە هێلکەکە دای بەسەرما.. هەستم کرد دەبم بە درەختێکی پیـرۆز.. دەبم بە نـوح.. بە خوودی خۆم.. بە تۆ.. بەوو بەوان.. دەبووم بە ئـێوە.. زۆروو دابەش و بەش بەش دەبووم.. هەر زەڕڕاتێکی بوونم بایەک بە فوویەک دەیقەپاند لێم.. بەسەر جیـهاندا دەیانگەڕاندم..

لە گەڕانەوەدا مەرگم دی. مەرگی چی! هێـندەی جانەوەرێکی مەزنی گەردوونی تاریکی مەزن وسامناک بوو.. هەڵمەتی بۆ هێنام.. منیش ڕۆستەم ئاسا لێی هاتمە دەست.. مشتەکۆڵەیەکم لە لاقەبرغەی سرەواند.. مەرگم خپ کرد و دام بە زەوییدا.. پاشان بە چلێکی سەرم.. بە یەکێک لەتەنافەکانم دەست و پێیم بەست.. پاشان لغاوم کرد.. ئینجا فەرمووم: من بە مەرگی خۆم دەوێرم.. من لە مەرگ و لە ترس ناترسم.

کەوام فەرموو.. مەرگ قەبارەی بچووک بووەوە.. داوای لێبووردنی لێکردم. بۆیە منیش ئازادم کرد. هەڵبەتە دەمتوانی وەک مەیموون بە کۆڵانەکانی شاردا بیگێڕم و نیشانی خەڵکیی بدەم کە من لە مەرگ ناترسم.. بەکام پێویستم بە متمانە و باوەڕی ئەوان نەبوو. هەروەها لە باوەڕی مندا هیچ بوویەک شایەنی سووکایەتی پێکردن و سەرزەنشت نییە.. بۆیە تەنیا توانیم پشت بکەمە مەرگ. ئیتر لەو کاتەوە، مەرگ بە جوانترین شێوە خۆیم نیشان دەدات و حەز دەکات بمبات بۆ گەردوونی نهێنییەکان! مەرگ جارێکیان فەرمووی: من عیشقی گیانی بژێوەکانم. من ڕابەرو پەیامبەر و لێپرسراوی ژیانم. من لەگەڵ ژیاندا و لەناو ژیاندا هەم.

لەوێدا بوو ڕۆشناییم بینی.. گەیشتم بە نەجات.. بە گشت لە یەکدا.. یەک لە کۆدا.. گەیشتمە دواهەمین پلەی سۆفیگەری.. هەستم کرد لە گەردوونی سۆفیگەری دەرپەڕیم و گەیشتم بە پلە و دەروازەی کەماڵ.. هەستم کرد سۆفی نابێت بیێت بە ساقەی خواوەند.. هەروەها خواوەندیش یەک نییە.. ڕاستە یەک خواوەند هەیە، بەڵام ئەو هێندە زۆرە نەبێتەوە.. چونکە ئەو دابەش دەبێت.. بەڵام ئەوانە خواوەند نیین کە ئەهریـمەنەکانیان دروست کردووە. نا ئـێوە گشتتان سەهوون، هەڵەن.. چونکە شەڕ گەردوونی خۆی و دەسەڵاتی خۆی و خواوەندی خۆیان هەیە.. بە هیچ جۆرێک خوای شەڕ.. لەخوای خێر ناچێت. من لە گەردوونی خێردا بینیم خواکـان هیچیان دەربەستی شەڕ نایەن.. هیچیان گەواهیی ئەوە نادەن شتێکی خراپ بکەن. چونکە بەربەست وپەردەی ئەستوور بوونی هەیە لە نێوان خێرو شەردا، لە نێون ساردو گەرمدا، لە نێوان جوانی و دزێویدا.

ئیتر چی بێت لە تۆ نهێنی گەیشتم بەترۆپک( قووتب ) ترۆپکەکانی خۆم. چونکە کات وەستا.. چونکە زرمە لە ژیانم هەستا.. هەستم بە کەرامەتی خۆم کرد.. نـوح بە قووتابی وەرگیرا لەسەر لەوحی بیرم.. گەرچی لە جەوهەردا ئەو باپیرە گەورەمە. بەڵام کە دەدوا خۆی بەمن دەخەملاند.. چونکە من ئاهوڕامازدا دەناسم.. پیرو جاڵـجاڵـۆکەی سپیی پیـرۆز و لەقلەقێکی مەزنم تیا بوو. حەزم دەکرد هەمیشە وەک پێشتر وابم.. خوودی خۆم بم.

ئەو دەنگە دەنگێک بوو، لەباس نایەت.. دەنگێک بوو باسی سامی بوونەوەر و پەیامی خواکـانیـیان دەکرد.. دەنگێک نا دوو نا.. چەندین دەنگ.. ئاسمانیان پڕ دەکرد لە پەیام.. منیش وەک منداڵەکانم

تەماشام دەکرد.. بیرەکان دەبوون بە تەناف.. تەنافەکان ووشەی زۆر جوان و پیـرۆزیان نیشام دەدام.. پیتەکان.. ووشەکان قولاّییان هەبوو.. گیانیان هەبوو.. ژمارەکان دەدوان! زۆر سەیر ژیانم بە خەیاڵدا دەهات.. تەونی پیتەکانم دەبیینی.. ووشەکان هێـندەی پەیامەکان جوان بوون.. کە دوو ووشە یەکترییان ڕادەمووسی.. گیانم ختووکەی دەهات.. خۆشایی بە تەماشامدا دەچۆڕی.. چونکە هەستم کرد دەبم بە نمایندەی جوانی.. دەتوانم بووێرم بڵێم: من پێـغەمـبەری جوانیم.. چونکە پەیامی جوانم پێیە.

حەزرەتی نـوح فەرمووی : منیش.

پیـرشالیارو لەقلەق و هەمان شێوە جالّـجالـۆکەی پیـرۆزیش فەرموویان : ئێمەش هەمان باوەڕی تۆو وهەمان پەیامی تۆمان پێیە. مژدە بێت مژدە.

سروەی بەیان بوو لێڵ و ڕۆشن.. باڵندەکان جووکەیان دەهات.. پەڵە هەورە ڕەشەکان دەهاتن.. قەلە ڕەشکەکان دەیانقیژاند.. هەستم بە توورە بوونی شەڕ دەکرد.. هەستم دەکرد گوێم لە نرکەو زریکەو وڕێنەی ئیمامەکان و قەشەکان و دەست و پێوەندەکانیانە.. هەستم دەکرد شەڕ نەزیفی بەر بووە.. دەبێت بچمە هانایان! هەستم دەکرد شەڕ کاتێک کۆتایی دێت کە مـرۆڤ شوێنەواری لە گیانی خۆیدا نەهێڵێت.

لە هەمان کاتدا کە خۆمم دەدی.. حەزرەتی نـوح لەزیندان دەرپەڕی.. ئاسمان شەقی برد.. زیندانەکانی بەستەڵەک ووردوو خاش بوون بە هەڵمەتی شەپۆل.. شەپۆلەکان هەستانە سەر پێ.. بەردێک لە ئاسمانەوە کەوتە خوارێ.. بینینم بەر بڵاو دەبوو.. تیشکی ئاهورامازدام بینی لە شێوەی گاە جالّـجالّـۆکەدا، گاە لەقلەق.. گاە گشتیانم پێکەوە دەدی لە خۆمدا. هەستم کرد لە زانستی خامۆش دا لەنگەرم گرتووە. هەستم دەکرد زەمەن خاو دەبێتەوە.. چرکە دەبێت بە سەعات.. سەعات دەبێت بەمانگ، مانگەکان دەبن بەساڵ.. هەستم کرد کات ڕادەوەستێت.. بە پێچەوانەی ڕاوەستانی زانستەوە.. هەستم کرد کات دەوەستێت. لە بیردا دەشێت شیاوی وەستانی کات بکەین. تا دەستێ بەسەری ژیاندا بهێنیین.

بەیانییەکی سەیر.. بەهرەیەکی پیـرۆز.. خەوێکی بێشومار ئەفسوناوی.. هەستێکی جوان ئەو بەیانییەی داگیر کردم. کات بیست و یەک دەقەی بەیانیی بیست ویەکەمی مانگی نەورۆز بوو.. تەنها ترۆپکی ئارارات ڕۆشن بوو. گۆدۆی خواوەندی زاگرۆس باوەشی بۆ خۆر ڕاگرتبوو هەڵبێت. زەردەشتییەکان ڕوو لەخۆر سووپاسی خواوەندیان دەکرد.

مێرولەکان بە ئاوازێکی کۆراڵی پیرۆز سالمایان خوێند: ئامیین.. ئامیین.. ئامیین. نازدارێکی دەنگ ناسکی نییان لەناویاندا بە دەنگی سارا برایتمان خوێندی، فەرمووی: چوانێ تی سۆلا.. لامۆ نا تێ پا سا.. هاها.. تی ما پا نا ڕا. وانا، ناوا.. ها ها ها ..

# تابلۆی بیسکۆب سباستیان

بیسکۆب سباستیان زۆر شادومان بوو به بیستنی چیرۆکەکە.. چونکە مێرولەکان گشیان میوانی ئەویش بوون.. بیسکۆب سباستیان قەشەیەکی پیرۆزە.. لە خێزانێکی مۆسیقا ژەنە.. دایکی ناوی فریدا بوو.. کچی خوتیارێکی ئۆکۆردیۆن ژەن.. هەستی پڕ بوو لە ئاوازی فۆلکلۆر.. جوتیارەکانی دوورگەی ئۆسگۆرد دەڵێن: کاتێک کە فریدا بیسکۆب سباستیان- ی زاند.. مۆسیقای دەژەن بۆ فریشتەکانی. دەڵێن دایکی سباستیان هاوڕێی فریشتەکان بوو.. فریشتەکان زەوییان بۆ ئەو دەکێڵا.. بۆیە سباستیان کە ئێستا تەمەنی حەفتا ساڵە.. کاری قەشەیە لە کەنیسەی دەوڵەتیی وڵاتی بەفردا. کە کات وەستا.. کە حەزرەتی نوح ئازاد بوو.. ئەو سەرگەرمی ژەنینی مۆسیقا بوو بۆ گیانی مەسیح و حەزرەتی مارياكانی ناو کەنیسەی دەوڵەتی.. مۆسیقایەکی دەژەن، نەبێتەوە.. مێرولە سپییەکان=گیانی منداڵانی جیهان گشتیان سالمای ئامیینییان دەخوێند، بەدیار ئاوازی بیسکۆب سباستیان-ەوە.

یەکەم کەنیسە بوو لە جیهاندا هێشتا بە ئایینەوە سەرگەرم بوو.. سباستیان هەموو وانەکانی گیانی لە منەوە فێر دەبوو.. مەسیح و مارياكان لە تابلۆکان و پەیکەرەکان هاتبوونە دەرێ.. تەماشای سباستیانییان دەکرد. کاتێک کە لە مۆسیقا بووەوە، هەموو پێغەمبەرەکان لەوێ بوون.. حەزرەتی مارياو مەسیحی پیرۆز نان و شەرابیان دابەش دەکرد، بیست ویەکەمی نەورۆز بوو، کات پێنج و بیست و یەک دەقەی بەری بەیان. کاتێک ئەوان هاتنە زمان.. پێکەوە بە کۆراڵ ڕوویان کردە بیسکۆب.. کە لە بەرگێکی ئاڵتوونیی بەرراق و سێگۆشە لە دۆخی نوێژدا لەسەر ئەژنۆ دانیشتبوو.

مارياكان فەرموویان: بەڕێز بیسکۆب، بە شانازییەوە گوێ لەوانەکانی نوح بگرن. چونکە ئەو باوکی گەورەتانە. ئەو باپیرەی باپیرەکانتانە. مەسیحەکان فەرموویان: ناگەڕێمەوە ناوتان.. چونکە من پشتم مەتیینە و نێردراو و خەلیفە و مورید و فەقیرم هەیە لەناوتاندا. من بەرەو هەمیشەیی دەڕۆم. بیسکۆب لە نوێژەکانیدا بینیی: مەسیح بە کاکێشاندا سەر دەکەوێت.. بەرگی سپیی بەری شەلاڵی خوێنە.. خوێن لە زامەکانی دەتکێت.. پێغەمبەری ئیسلام = محەممەد دروودی خوای لێ بێت، بە دوایدا دەڕۆی و تک تک خوێنی مەسیح بەرگی سپیی بەری ئەویش شەلاڵی خوێن دەکات.. پێغەمبەری دووەم تکا لە پێغەمبەری یەکەم دەکات=حەزرەتی مەسیح.. دەیفەرموو: مەسیحی مەزن، برام وەرەوە.. ئەم شەڕەمان لە ئەستۆ بکەرەوە.. مرۆڤایەتی وا خەریکە دادەتەپێت.. شەڕ زۆر بووە.. کەرامەتی نەوەکانتان بریندار دەبێت. بگەڕێرەو ناویان.. ئاخر من دەترسم.. دەترسم گەر بگەڕێمەوە پرم بکەن لە بارووت و بمتەقێننەوە.. دەترسم سەرم ببڕن ئەمجارە.. چونکە ئەوان بێ باوەڕن. بگەڕێرەوە ناویان.

مەسیح فەرمووی: بوونەوەر وەڵامت دەداتەوە، نوح لەناویاندا وا ئازاد دەبێت.. باسی پەیامی گەشتەکانی تەنهایی خۆی پێیە.. هەزارویەکشەوەی خۆی بۆ باس نەکردوون ئەو. گوێ لەو بگرن.

دیمەنێکی سەیری دەدی پیرۆز سباستیان لە دۆخی نوێژدا! ئەوانی شەلاڵ بینی لە خوێندا!

مێرولە سپییە باڵدارەکان فەرموویان: بەڕێز سباستیانی پیرۆز هەستە.. ئێمە هاتووین گیانی بەڕێزت بکێشین.. دەمانەوێت لە درەختی زاماندا بتنێژیین. توومەس سباستیانی پیرۆز لە دۆخی نوێژدا گیانی

دەرچوو بوو.

مێرولەکان گشتیان هەستانە سەر پێ.. قەبارەیان مەزن بوو هێندەی بەژنی مرۆڤێکی کەڵەگەتی کورد.

گیانی بیسکۆبیان خستە سەر دار مەیتێکی پیرۆز لە تەناف و تیشکی جاڵجاڵۆکە. پێکەوە بە کۆراڵ فەرموویان: یەک لە ئێمەو دوو لەوان.. بە ویستی پادشای گیانداران.. بە ناوی گیانی پیرۆزو کوڕو باوک.. بەناوی دایک، بمانبەن بۆ گۆڕستانی گیان.. بە ناوی هەموو خواکان.. دەستوبرد، بە ناوی داوود، سولەیمان، مووسا بمانبەن بۆ درەختی زەمان بۆ لای پیر شالیار.

وایان فەرموو.. هەموو داواکانییان لە کەمتر لە تروکانی چاو هاتە دی.. گەیشتنە نزرگەی نوح= درەختی زەمان= من= کەشتیی نوح. لەبەر دەرگای نزرگەکەی مندا چاوەڕوان بوون.. من هەمیشە دەرگام کراوەیە.. بۆ مرۆڤێک کە بتوانێت بێت بۆ لام.. بەڵام ئەوان سێ جار لە دەرگایان دا.

من خەریکی تۆماری چیرۆکی ئەو بووم.. دواڕستەکانی ژیانی بیسکۆبم بۆ مێرولەکانی هاوڕێم دەگێڕایەوە.. دەرگاکەم لێیان کردەوە.. فەرمووم: سڵاوتان لێبێت، فەرموون.

مێرولەکان سەری ڕێزیان نایە سەر سنگیان. بیسکۆب بە نەوای کەمانچەکەی دەستی لەسەر ئەژنۆ دانیشتبوو، کەمانچەی داخوازیی دەژەن..

پێم فەرموون: لێرەوە ئاوازەکان یەک دەگرن.. لێرە بەدواوە مرۆڤ ئاشنای ئاوازی کەلتوورەکانی تر دەبێت.. هارمۆنی مرۆڤ دەگەیەنێت بە باوەڕێکی مەتین و پیرۆز.

مرۆڤ فێری سەر دانەواندن دەبێت بۆ مۆسیقا.. چونکە خواکانی مۆسیقا دەتوانن ژیان دەرباز بکەن. دەتوانن خەندە زامدارە قڵیشاوەکان تیمار بکەن.. دەتوانن ئازادی بدەن بە جیهان.. دەبێت شەڕ ڕابگرن.. چونکە شەپۆلەکان تووڕەن.. باکان پەنجەی هەڕەشەیان ڕادەوەشێنن.. سروشت لێمان تووڕەیە. پیرۆز سباستیان زۆر خۆشحاڵ بوو بە بیستنی ئاوازەکانی من. نان وگوێز و هەنگوین وچای گەرمم خستە سەر مێز بۆی.. بەشی مێرولەکانیشم بە جیا کردە ناو دەفرێکی دڵشێوەی کووژەکە شێوە لە تەنافی پیرۆز. دەفرەکەم پڕ کرد لە شەکراوی هەنگوین وگووڵاو. لە بنی درەختی زەماندا دانیشتین.. هەڵبەتە لەژێر کەپرێکدا.. من هەستم بە تەنهایی دەکرد.. نیوەی لەشم لەناو ژوورێکدا دەفلیقایەوە.. نیوەکەی ترم، واتە گیانم، لە دەرەوەدا ڕووەو ئاسمان چاوی دەگێڕا بە ئاسمانەکاندا. کەچی خەوم بەوانیشەوە دەدی! پیرۆز سباستیان بەدەم خواردنی هەنگوین وچاوە لەبیرکردنەوەدا بوو. ئەو کامەران دیار بوو؛ پێدەچوو ڕەزامەند لەگەڵ کەرامەتی خۆیدا ژیابێت.. لە دواییدا گیانی لە گیانمدا ئاوێزان بوو بە درەختی زەماندا.. بوو بە گەڵایەک لە گەڵاکان.. جاڵجاڵۆکەی پیرۆز بە تەنافی کووژەکەیی قووماتی کرد.. لە شێوەی دڵێکی پیرۆزەیی لە بن درەختی زەماندا داینا.

مێرولەیەک لە مێرولەکان، کە ڕەنگی کەمێک کووژەکەیی ڕۆشن بوو.. گەڵاکەی نایە سەر شان. بە قەدی درەختی زەماندا بەرەو دەمارەکانی سەرم هەڵگەڕا.. مێرولەکە تەرمی گیانی سباستیانی بەرەو چەقی تەپڵی سەرم دەبرد..بەرێگەیەکی خاوێنی تیشکدا بەڕێکەوت، بەرەو مەنزڵگەی بێئاڵاو بێوڵات.. بۆنی بغورد چاوساغ و ڕێنیشاندەری بوون، ئەویان بەڕێگەکانی کەرامەتدا بەڕێخست، بەرەو پردەکەی ئەوبەرەوە.. بەتوولەڕێگەکەدا هەنگاوی هەڵهێنا.. بێئاوڕدانەوە ڕێگەکانی دەبڕی، بەپاکژی، چونکە بەدەم باسکردنی چیرۆکی ڕامەوە، خۆی دەدی، ڕێگاکانی دەدی! کاتێک بەچاوی خۆی ئەو دیمەنانەی دەدی.. دەیبینی دەروونی مرۆڤ زۆر قووڵە.. کە گەیی بە زانستی خامۆش.. لەوبەری پردەکەوە، پاڵەوانی ئازادی بینی هەزاران مەل لەدەوری سەری سەمادەکەن.

مێرولەکان دەیانبینی، مێرولەیەکی پیر ڕووی کردە من و فەرمووی: پیرۆزترین ئایین ئایینی مۆسیقایە.. بەڵام نەکەن لە مۆسیقای ناجۆر جێژ وەربگرن.. خۆتان لە مۆسیقای نەخۆش بپارێزن. چونکە مۆسیقا دەتوانێت گیان پیس بکات، هەمان دەتوانێت چارەی هەر نەخۆشییەکی دەروونیش بکات. بەهەشت لە ئاواز

دروست دەبێت لە هەمیشەییدا، لەوێدا خواکان تاک بن یان کۆ، لە ئاواز دەچن ـ یان خودی ئاوازن.
فەرمووم: ئامیین.

# تابلۆی تیبت

کەکات وەستا.. لە خەوما من کتێبێکم لەدەست بوو وێنەی کاهینێکی بودایی تیبت ـم تەماشادەکرد، ڕابەرێکی هەرزەکار، کە لەتەمەنی پیرییدا دوانزەساڵان دەردەکەوت، تەماشام دەکرد، کت ومت لە دەلایلاما دەچوو.. وەکو منداڵ بەشەرمەوە دەستی نوێژی لەسەر ئەژنۆ نابوو. چوامشقی دانیشتبوو.
من تەماشاکانم دەبوون بەڕووداوی ڕاستەقینە، گەرچی کاهینەکە لەسەر لاپەڕەی کتێبەکە بوو، کەچی تەماشاکانم ئەویان زینـدوو نیشان دەدا لەخەیاڵمدا! توانام هەبوو بیبزوێنم و بیدوێنم.. چاوەڕوان بووم تا لە نوێژەکانی بووەوە. پاشان سەری هەڵبڕی و بەشەرمی پەرستارانە سڵاوی لێ کردم، ئینجا لەبەرم هەستا..لەسەرلاپەڕەی کتێبەکە وەدەر کەوت، دەفرێک ئاوی پاک وگوڵێکی گەشاوەی جوانی لەبەرپێمدا دانا، منیش دەستم هێنا بەسەریدا، بەپەنجەی ئیشارەت تووڵەڕێی ڕۆشنی حەقم نیشان دا.. ئەوم فێری بینین کرد، بەوم فەرموو: تۆ پاسەوانی منداڵیی خۆتیت، لە قوتبی داهێناندا هەوڵ مەدە گەورەبیت، باش بوو لە خەونی نوێژەکانتداهاتی بۆ دورگەی هەستکردن بەکەمی، دەزانم کە هاتی لەچاوی مـرۆڤەکاندا بەدوای نیگاکانی منداەگەڕایت، نەتبینی.. ئەواعاقیبەت لەخەونەکانی مندا هەم من و هەم خۆت دەبینی لەم پەڕتووکەدا!
فەرمووم کوڕم، بڕۆ، هەرچییەک دەپەرستی ئازادیت، چونکە دەزانم تۆ ڕێزلەخوا دەگریت. دەلەیلاما هیچی نەگووت ، وەکو تازە لەدایکبوو، وەکوکۆرپە ئامادەبوو بەتەنافەکانی حەقدا هەڵگەڕێت، لەخۆی ڕادەبینی بە قوتب بگات.
بەدەم یاریکردنەوە، بەرەو ئەوپردەڕۆیشت کە لە تەماشاکانی بینینی ڕۆشنایی مندا دەیدیت.. چونکە لەوێوە ئازادیی بینی، مـرۆڤی بێناوو بێـئالای بینی، بینیی دیوارەکانی بەستەڵەک وردووخاش دەبن، مـرۆڤی بێناوو بێـئالا دەربازدەبوو.. دەیبینی لەمندا مـرۆڤی بێـوڵات وبێـئالا ئازادەو دەڕوات! بینینی زۆر دەبوو، چونکە وانەکانی یەکەمی نوێژکردن فێر دەبوو، فێر دەبوو تەنها نوێژەکانی نەکات، لە دەوروبەر دانەبڕێت، سزای گیان ولەشی خۆی نەدات.
کەئەوەی بینی دەلەیلاما، بۆنی بغوردی کرد، بەرەودرەختی زەمان ڕۆیشت، تاگەیشتە سەر دوڕیانی بێـوڵات. پێیم فەرموو: ئەگەر بیسکۆب سباستیانت بینی بۆی بچەمێرەوە چونکە ئەو لەگیانی مندا ئازادە.. چونکە ئەو ئازاری هەزاران کۆیلەی پێیە! ئەگەر بوودات لەگەردوندا تەنها بینی، سڵاوی منی پێبگەیەنەو پێی بڵێ: تەنهایی گیان بە نیرڤانا ناگەیەنێت، چونکە کارما چڕ بوونەوەی نەستی کۆیە لە زاتێکی ئاوێتە ویەککگرتوو لە دوو کارمای هاڕمۆنی. لە کارمای نێرینەو مێیینە. لە قووڵبوونەوەی هەست ونەستی دوومرۆڤی ڕاستگۆدا.
ئەو لەوەڵامدا بەزمانێکی حاڵی ومەفهوم بە تێگەیشتنی مەسیح فەرمووی: من داوای شیلەو شیری گیان دەکەم، داوای ئەوەدەکەم منداڵەکانی ناو دەروونم برسی نەبن، چونکە برسێتی و برسی بوون بەرنامەکانی گەشەکردن دوادەخەن.
فەرمووی: بوودا بەهەموو قوتبەکاندا سەرکەوت، بەبرسێتی گەیشتە بەردەمی قوتبی داهێنان، لەوێدا قارچکێکی زەهرین بەوی ووت: دەتوانی بمخۆیت؟ بوودا فەرمووی:بەڵێ، خواردی. کاتێک حەزرەتی بوودا

ئەوەیکرد، هەستیکرد کە برسێتی، کەبرسیبوون شیلەی گیان ولەش و بیر دەخوات، بوودا لەداهێناندا ئاواتی لەدڵ گرت، لەگەردوون داوایکرد کە برسێتی دەست لەسروشتی مـرۆڤ هەڵبگرێت.

دەلەیلاما چوارمشقی سەری ڕێزی دانەواند و زەمین نێوچەوانی ئەوی ماچ کرد، لەچاوتروکانێکدا خۆیکرد بەناودرەختی زەماندا.

بەر لەوەی کەکات بەتەواوی بڕەوێتەوە..بەر لەوەی نەعرەتەی گەردوون ڕاچەنێت. ئەو گەیشتە دورگەی بوودا، کەمیوانی بێـوڵات و بێـئالا بوو. بینیی بوودا برسێتی وەکو درەختی زەققوم لەدەست بوو، بەری درەختی زەققوم، کەلەقورئاندا ناوبراوە..لەدەستی بوودا ـدا بوو، هەزاران ساڵە لە قوتبی داهێناندا لەدۆخی یۆگادا چاوی ناوەتە سەر یەک و، لەدۆخی نوێژدا مت وبێجوڵە، هەروەکوو یەکێک لەپەیکەرەکانی خۆی دانیشتبوو دانیشتووە.

درەختەکەم لەناو دەستی دەرهێنا، زۆری پێخۆش بوو، چونکە برسێتی ئازاری بوونەوەری دەدا! برسێتی هەسارەکانی هار کردبوو، تیشکی خۆری زبر کردبوو، برسێتی بەتەما بوو شاڵاو بەرێتە سەر هەسارەکان وهەموویان بکات بە پاروو، چونکە ڕۆژو ئەستێرەو هەسارەکانیش برسییان دەبێت، ئەوانیش وەک بوودا وان، ئەگەر برسێتی ناچاریان بکات، هەر شتێک دەخۆن کەشایانی ئازاردانی لەش وگیان بێت.

بەدەم تەماشای کتێـبەکەوە.. واتە بەدیار تەماشای ڕاهیبە تیبتییەکەوە.. خەوم دەبینی.. بە دانیشتنانەوە نوستبووم.. لە چاوتروکانێکدا هەزاران خەوم دەبینی.. یەکێک لەو خەونانە لێرەدا باس دەکەم.. لەسەر زەوی.. کاتێک کە کات وەستا:

لە کەلەبەرێکی تەسکی شارێکدا، لەمەیدانی کرێکارەکانی شارێکی  ئەم سەرزەمینەدا بابایەکی پیری کەنەفت ونەخۆشم بینی لەسەر دووچەرخەی حەماڵییەک، لەسووچی مەیدانێکی قەرەباڵغدا ڕاکشابوو، غەمی

دەخوارد.. چونکە کوڕە گەورەکەی بە شەق لە ماڵ وەدەری نابوو، پێی گوتبوو: نایەیتەوە بەم ماڵەدا تا ژەمە خۆراکمان بۆ پەیدا نەکەیت. ئەو چونکە حەماڵ بوو، موچەی کاری هەمان ڕۆژ، قووتی ژیانی ڕۆژانە بوو، ئەگەر ئەمڕۆ شتێکی دەست نەکەوتایە خۆی وپێنج منداڵ وپیرەژنەکەی نان نەبوو بیخۆن!

سەرەڕای دەستکورتی و پیری، نەخۆشیش بوو، چونکە کوڕەکەی هێندە بەبێ بەزەیی لەباوکی خۆی دابوو! باوک دەستو قاچێکی لەجێچوبوو.. لەسەر عارەبانەکەی ڕاکشابوو، دەگریاو غەمی بۆ کەرامەتی بریندار بووی خۆی دەخوارد.. فرمێسک لەچاوانی هیشک نەدەبووەوە، سێیەم ڕۆژ بوو، برسێتی بڕسکی لەبەر بڕیبوو، بەڵام درەنگانێ دوای شەوی دووەم، دوای چۆڵبوونەوەی بازاڕ، حەماڵەکە هێشتا فرمێسکەکانی خۆی دەکرد بەدەمی خۆیەوە، ئەو بەیانییە بیستویەکەمی نەورۆز بوو، تاک وتەنها لەسەر عارەبانەکەی ڕاکشابوو.. هێشتا کەس نەهاتبوو بۆ مەیدانی کار! کەس نەچوبووە سەرکار.. بابای پیرە کە ناوی کاک سالح بوو، لەبرساندا؛ یان لە غەما گیانی دەرچوو، بەڵام هەستی بەبرسێتیی سکی خۆی نەکرد، چونکە تێر بوو بە خواردنەوەی فرمێسک، تەنها بیری لای منداڵەکانی بوو! لەو بەیانییەدا بەر لەوەی گیانی پاکی بە فریشـتەکانی مەرگ بسپێرێت، ڕووی کردە عەرشی ئاسمان و فەرمووی: من شکور نیم بەبەشت ئەی یەزدانی مەزن، ئاخر منداڵەکانم لەپای چیدا برسییان بێت؟ ئەوان گوناهیان دەبێت چی بێت؟ کاتێک کە گیانی پیـرۆزی سپارد بە فریشـتەکان، فریشتەکان دەستووبرد دابەزین و ئەویان بەرز کردەوە، تاگەیاندیانە بەردەم- ئاناهینا=(فریشـتەی پێشوازیکەر لە گیانی مـرۆڤی ڕەسەن لەعەرشی ئاهوراماzدا)،

ئاسمان باوەشی بۆ گیانی مەزنی ئەو کردەوە، ئەویان هەڵگرت بەچوار دەستان، بردیان بۆ بارەگای ئاسمانی یەکەم، لەو بەرزاییەوە تەماشای تەرم و لاشەی خۆی دەکرد لەسەر زەمین! تەماشای کردەوەکانی

خۆی دەکرد! بینیی دانیشتوانی شارێک گوڵ بارانی پیرێک دەکەن کەلەسەر عارەبانەیەکی حەماڵی ڕاکشاوەوە بە خەندەیەکی میهرەبانانە لەشێوەی خاجدا بەچاوی کراوەوە تەماشای ئاسمان دەکاو لەهەمان کاتدا مردووە، بینیی لەشی سپی سپی بوو، چوار دەوری گوڵباران بوو، بینیی دانیشتوانی شار گشتیان دوای عارەبانەیەک کەوتوون، بەدەم گوڵباران کردنەوە، تەرمەکەی ئەویان بەرەو لای خێزانەکەی دەبردەوە، کە لەکەلاوەیەکدا تووڕ درابوون، چونکە کرێی چەند مانگێک قەرزار بوون.. شار خرۆشا ئەو بەیانییە، تووڕەیی گەل گەیشتە بەر دەمی دێـوەکانی بەڕێوەبەری شار، هەموو پێکەوە هاواریان دەکرد: بڕوخێ برسێتی، کوا حەقی پیری؟ کوا مافی مـرۆڤ؟ کوامافی پشتگیریکردن لە مـرۆڤ؟
بەڵام لەتەوەرێکی تردا شەوان، بەیانیـیان نیوەڕوان، کاک سالح دەچووە خەونی هاوسەرو منداڵەکان، لەخەویاندا دەبوو بەنان، بە شەربەت، بەمیوە بۆیان، لەبەهەشتی ئاناهیناوە هەرچی خۆراکی گیانی هەبوو دەیهێناو دەیکرد بەدەمی هاوسەرو منداڵەکانیەوە.. لەتەوەری ڕاستەقینەیشدا پیاوماقوولێکی شار ئەرکی تەعزێی برد بەڕێوە، شار پارەیەکی بێشوومار زۆریان بۆ خێزانەکەی کۆکردەوە، ئەوان تامردن جارێکی تر برسییان نەبووەوە، بەڵام کوڕە گەورەکەی کە گەورەتر بوو، لەغەمی هەست کردن بەگوناح ـ شێت بوو، چونکە ئەو پەیکەرەی پەیکەر تاشێک بۆ کاک سالح-ی دروست کردبوو لە هەمان گۆشەی نێو مەیدانی کاردا، هەموو شەوێک دەچووە خەونی کووڕە گەورەکەی کاک سالح وبەوی دەفەرموو: کوڕم ژیان زۆر دژوارو دڕندەیە، من لێت دەبوورم، بەقوربان ئازار سەرباری خۆت مەکە، هەستکردن بەگوناح دادت نادات، لەبری ئەوە یاریدەی کەسانێک بدە کە وەک من پەککەوتەو ناتوانان.. یان لەخۆت و گوناهەکانت خۆش ببە.
مێرولەیەک فەرمووی: باوک لە غەیبیشدا بێت، دەتوانێت مانایەکی پیـرۆزی هەبێت. ئەوەی لە پیـرۆزی خواکـان کەم دەکاتەوە، لە سروشتی مـرۆڤ تێپەڕیوەو بووە بە دێـو. دێـویش بوونەوەرێکی نەخۆشە، نە دەتوانێت ببێت بە دایک، نە دەتوانێت ببێت بە باوک. ئەوەی ڕێزی باوانی خۆی پشتگوێ دەخات، ناهەقی دەرهەق چارەنووسی خۆی دەکات.
مێرولەیەکی سپی فەرمووی: کاهینی تیبت هێشتا وانەکانی زانستی خامۆش فێر نەبووە.. فەرمووم: دەتەوێت چیی فێر بکەیت. زانست لە گەشەیدا وەستاوە. فەرمووی: باسی بە قووتابی بوونی بوودا لای حەزرەتی نـوح.. چونکە ناوبراو نازانێت کە بوودای بەڕێز بە هەڵە چەند بەندێکی ڕامایانای وەرگێڕا بۆ سانسکریت.. چونکە بوودا قووتابیی نـوح بوو. نـوح نیرڤانای بەخشی بە بیری بوودا. فەرمووم: دەزانم مێرولەی ووشیار.. دەزانم. بەڵام مەرج نییە مـرۆڤ هەموو ڕاستییەکان بزانێت. چونکە زۆر ڕاستی هەن.. ناشایانی وەرگرتن.. چونکە ئەوان هەست بە کەمی دەکەن.

# تابلۆی دراوسێ

کاتێک کەکات وەستا، کەزرمە لەدەروونی زەمین هەستا، نیوە ئەندام لەناو دارستانێکدا ڕاکشابووم، لە خەوما.. من دابەش دەبووم، هەستم دەکرد گیانی هەڵم هەڵیگرتووم و منی ناوەتەسەر باڵی نەرمی فڕین ، وەک چۆن دایک کۆرپەی خۆی ئاستەم هەڵدەگرێت، ئاوەها شەونم زەڕڕاتی بینینی تەماشاکانمی هەڵگربتوو. لەکۆترێکی سپیی دەچووم، لە پەپوولەی تازە پشکوتوو دەچووم!سەیری پەڕوباڵی کۆترەکانی خۆمم دەکرد، کە لەئاسمانی وڵاتی نەبوومدا سووڕیان دەخوارد.

دەفتەرەکەم لەسەرمێزەکە بەجێهێشتبوو، چونکە کات وەستابوو، من نەمدەتوانی هەستم تا بینووسم، وەکو فەرمووم دەمتوانی تەنها ببینم، من تەنها باسی بینینەکان دەکەم، باسی چیرۆکی خۆم ناکەم، لەوکاتەدا کەکات وەستا.. ئاسمان هەروەکوو دوودەستی بەیەکدانووساو لەیەکتری جیابووەوە، ئاسمان بوو بەدوو کەرتەوە، منداڵێکی هەرمێ شێوەی تێشک کوژەکەییم بینی، لە ئاسمانی پەنجەرەکەی دەرەوەی ماڵەکەمەوە لەشێوەی تیشکدا بێ یاریدە ئاودیوبوو، هێـندەی هەرمێیەک دەبوو، بچکۆلانە!

هات، وەک تیشک..سڵاوی لە چەپکە گووڵەکانم کردوو لەسەرمێزەکەم دانیشت و دەستی کرد بەتۆماری چیرۆک، نووسیی: بەر لەوەی کات بووەستێت، سێ نێردراومان ناردە لاتان تالەئاوی مەملەکەتی دەروونی تۆ بنۆشن.. دراوسێکانت فێربکە ڕێز لەخۆیان بگرن.. پێان بڵێ: سەگ پەرستی چاکە یاخود هاوڕێیەتی؟ پشیلە پەرستی جوانە یا هونەر، گوڵ جوانە یاخوود گومان ورق؟

پێیان بڵێ کەس گوناهەکانتان پاکژ ناکاتەوە، ئەوەی دراوسێی خۆی بەهەڵە دا دەبات، ئەوەی ناتوانێت متمانەی بەدراوسێی خۆی بێت، تەنها خۆی دەتوانێت لە گوناهەکانی خۆی خۆش ببێت.. چونکە دراوسی نابێت لە پشتە ملێ بوختان بەدەم دراوسێوە بکات، نابێت بەبێ پرس دەست بۆ هەڵوێستیان بەرێت، نابێت جوانی لەنێوان دراوسێکاندا پاسەوانی سەگ و گورگ و پشیلەو دێـو پاسی بکەن. دەبێت دراوسێکان شەرم لە حورمەتی باوک بکەن.

کە وای نووسی منداڵەکە، زیاتر دڵنیا بووم لەوەی منداڵەکە تیشکی گیانی ئەو منداڵەیە کەبەر لەکات وەستان هات بەمیوانیم.. منداڵێک کە دەڵە دێـوێک باوکی هەڵلوشیبوو، دەیویست ئەومنداڵەیش بەرەوتاریکی ڕاپێچێت..کەمنداڵەکەهات بۆلام..گیانی باوکی لە مشتیابوو، بە پەلەپروسکێ دای بەمن، ووتی: ئەمەگیانی باوکمە، دەتوانی بیدەیت بە لەقلەق تا بیبات بۆ درەختی زەمان؟ ووتم: بەڵێ. ووتی لەپاداشتی ئەوەدا بەهرەیەکت فێر دەکەم. میوانیت دەکەم.

گوناح بوو منداڵەکە دایکی پاسەوانی بۆ ڕاگرتبوو، منداڵەکەی خۆی لەلای دێـوێک جێهێشتبوو. بەڵام زۆر لە من دەترسا ئەو دێـوە، بەهەرزمانێک بۆی دەدوام باوەڕی نەدەکرد، وایدەزانی من ناتوانم لە بەهەڵەداچوونی ببوورم. وایدەزانی من گێلم و نازانم کە ئەو دێوپەرستە!

ئەو دەزانـێـت کەمن لە هەندەران لە لێبوردنی خوادا وانە لەمنداڵەکانی بەهەشتەوە فێردەبم.. دەزانـێـت کە من هەست بە بێـوڵاتی دەکەم، خزمەتی دەکەم، نان دەکەم بە دەمیەوە، کەچی ئەو دەترسێت، باوەڕناکات، نازانێت کەمن لێبوردنم هێـندەی ئاسمان بەرینە!

کە دێتە بەردەمم دەستی دەگرێت بەسنگیەوە، دۆعا تەنها بۆ خوایەک دەکات کە لەمێژە بەکاکێشاندا هەڵدەگەڕێت، دۆعا بۆ مەسیحێک دەکات، سوپاسی مەسیحێک دەکات کە ناوێرێت تەماشای بکات. کە خۆی بەر لە مێژو، هاوکار بوو بۆ لەخاجدانی! چونکە حەزرەتی مەسیح هێشتا خوێن لە جێ کەڵبەی قەپی دێـو

لەبرینەکانی دەهات. پێیم فەرموو: تەنها خوایەک بەس نیـیە تامـرۆڤ هەست بەماناکان بکات.

خواوەندەکان زۆردەبن لە مندا و وەکو گوڵ دەڕوێن، وەکو ڕەنگەکان زۆرن، وەک منداڵ جوانن، لێبووردون.

فەرمووم: گوڵەکان ڕێز لەخواکـان دەگرن، خواکـان هێـندەی گوڵەکان زۆرن. فەرمووم:خواکـانی مەملەکەتی من جوانی دەپەرستن، کەرامەت گۆش دەکەن، ڕێز لەدراوسێیەتی دەگرن.

فەرمووم درەختەکان بۆیە چڵ وپۆپیان بەرەو حەوا دەشنێتەوە تا باوەش بە خواکـاندا بکەن، ئەگەر بێت و ناخۆشبەختانە لە ئاسمانەوە یەکێکیان بەر بێتەوە! دێـوەکە زانیی منداڵەکە لای منە وهاتووە بەمیوانیی من، هەڵەداوان هات تا منداڵەکە ڕاپێچێت..کاتێک مندالەکەم بەدڵنیاییەوە سپاردەوە بە دێـو، کات لەکات ترازابوو، چونکە منداڵەکە بۆنی بغوردی مەملەکەتی مـرۆڤی بێـوڵات و بێـئاڵای کردبوو..تازە هیچ دێـوێک نەیدەتوانی جورئەت بکات تەنانەت بە شوختێک کەرامەتی زامدار بکات. کەس نەیدەتوانی لەوێ بەدواوە، بۆنی پێوە بکات.. چونکە بۆن، وەکو پاسەوانێکی گیانیی مەزن، منداڵەکەی چاودێری دەکرد. کەکات وەستا دراوسێکانم باسی قاژەی قەلەڕەشکەکانـیان دەکرد، گورگ و سەگ و پشیلەو بەرازیان دەپەرست، بە کەڵبە تیژەکانـیان ڕۆژی شەش ژەم دەیانخواردو هێشتا برسی بوون، پێم ووتن: ئایا دەزانن ئەو خۆراک ومیوەیەی کە لە ڕۆژێکدا تەنها لەئەوروپادا تووڕ دەدرێت یەکاویەک بەشی هەموو ئەفریقا دەکات؟

پێم فەرموون: ئەومـرۆڤەی بەشی کەسێکی دیکە بخوات، وەک ئەوە وایە قەپاڵ لەدەست و پێی خۆی بگرێت! تێر نابێت، بەڵکو بەوە چاوچنۆک و برسیتر دەبێت. نەخۆشی دەکات بەکۆستی گیانیی خۆی. ئەوەی زیادەخۆری دەکات، بەشتێک غەدر لەخۆی دەکات. وەک ئەوە وایە گاز لە ئەندامێکی لەشی خۆی بگرێت. وەک ئەوە وایە خۆی زەهراوی بکات.. یا خواوەند لەخۆیدا تووڕە بکات!

لە شاشەی تەلەفیزیۆنەکەدا، بابایەکم نیشان دان برسیی بوو، هێـندەی دە دێـو گەورەبوو، لەبرسا خەریکبوو دەمرد، ئەگەرچی خواردنی هەمووگێتیی لەبەردەمدابوو، توانای خواردنی نەبوو! ورگی هێـندەی ورگی فیلێکی بە چوارە ئاوس زل بوو!

دراوسێکان و پاسەوانەکانی زیندانی بەستەڵەک هەموویان گێژن، مندالەکان فێر دەکەن خۆیان خۆش نەوێت، فێری کاری دزێویان دەکەن.. هەمیشە ڕوخساریان دڕ و پەست و بێزارومانددووە، ڕوخسارێکی ترساو، ڕووپۆشی بەرازو پشیلەوسەگ و دێـوو خێو لەسەردەکەن ومنداڵەکانی شاری هەستکردن بەکەمی تاوانباردەکەن.

تەنهاییان کردووە بە هاوڕێی گیانی، ترسیان کردووە بە ژیان.. منداڵەکانیان فێریان دەکەن بترسن لەدەعباو مەکری شەڕیان، منداڵ تاوانباردەکەن، نایەڵن منداڵ بەویستی خۆی بدوێ و وسڵاو بکاو یاری بکاو بنوێت! نایەڵن منداڵ لەگەڵ خواکـانی خۆیاندا هاوڕێ بن و لەگەڵ لەدایکبووندا لە نازو خۆشەویستی دایاندەبڕن. فێری تەنهاییان دەکەن، فێری ترسیان دەکەن، فێری بووختان و درۆ، منداڵەکان لە دورگە وشاری هەستکردن بەکەمیدا جاسووسی و بوختان و درۆدەکەن.

باوان لەمنداڵەکانی خۆیان دەترسن. قوتابخانەکان وانەی گیانی یاریدەدان وڕێزو خۆشەویستی لەبەرنامەیاندا نییە. تەنانەت خواکـانیش مەجبوور دەکەن درۆلەگەڵ مندالانی خۆیان بکەن. بۆیە قەلەڕەشکەکان شادن وئاهەنگی زاڵبوونی دێـوو جەجاڵ دەگێڕن.

ئەوکاتانەی کەکات سروشتی بوو، بە دراوسێکانم دەگووت، هەموجارێک کەدەتانبینم، لێبوردنم وەکو منداڵێک لەباوەشە، لێبووردنم وەکوساوا لەگەڵتاندا دەدوێت، لەگەڵ هەمووتەماشایەکدا لێتان دەبوورم، تەنها لەوێدا لێتان نابوورم کەدەست بۆسروشتی منداڵان دەبەن..کەدەست بۆ بیری منداڵ دەبەن..کە منداڵەکانتان تەنها بەجێدەهێڵن ، کە ناچاریان دەکەن لەجوانی بترسن، لەخواوەند بترسن، کە کوڕنووش بۆ لە خۆیان بچوکتر بەرن. ئەی نازانن کە خوودی خواوەند خۆی لەمنداڵ بچوکترو ناسکترو شەرمنترو کەم فامترە؟

چۆن زات دەکەن کە منداڵ بکەن بەدوژمن وجاسوس بەسەرباوانەوە، ئـێوە نافامن کە منداڵ بە چەپۆکی دایک خانەکانی بیرولەشی وریاو چاپووک دەبنەوە. نازانن کە منداڵ گەر باوانی لەدەست چوو، خواکـان زیزو ژیان ساردو خۆشییەکانی دەمرن؟ نازانن چۆن لەناوگێژاوی ونبووندا بەبێ باڵ بفڕن.

منداڵەکانتان بەتەنها جێمەهێڵن.. چونکە بەوە خواکان لەواندا تاکوتەنها دەبن.. ئـێوە تاکو ئێستا تەنها خوایەک دەناسن، نافامن کە خواکـان زۆرن؟

دراوسێکانم نازانن لێبوردن چییە، نازانن باوەڕو پەرستن چییە، کە لەباسی بەرازوسەگ و پشیلە تێپەڕین، هەمووشتێک تێکەڵ دەکەن، خۆشیان نازانن باسی چی دەکەن! پێیان دەڵێم: زانستێک کە ئـێوە مامۆستای نین، مامۆستای ڕەسەنی خۆی بۆ بهێنن.

پێیان دەڵێم: بۆچی ئەهریـمەن دەنێرن تا دزی لەفریشـتە بکات؟ بۆسوود لەچاوگی زانستەکە نابینن؟ لەدورگەی هەستکردن بەکەمیدا دراوسێکانم تازە بەتازە دەیانەوێت زانستی هەستکردن بەکەمی فێرە من بکەن! منیش هەرسەر دەلەقێنم ودەڵێم ببوورن وانییە. من فێری دابی خۆ بە کەمزانی نابم، بۆیە نامەوێت هیچتان لێوە فێربم. زۆر بەڕاستیمە من پێویستم بەوفێربوونە نی‌یە کە لەشان و شەوکەتم کەم دەکاتەوە! وڵاتێک کەوابزانێت مـرۆڤی سەرڕەش نەزانە، من باوەڕم بە ئاکارو فەلسەفەیان نییە. دێوەکانی وڵاتی بەفر مرۆڤی ڕەشپێست بە نەزان وبرسی دەزانن، مرۆڤی سەر ڕەش بە دوژمن سەیر دەکەن، گوایا نازییەت دوا دابی فەلسەفەی سەردەمە. دراوسێکانم نازانن بۆ منداڵ پێبکەنن! بۆنی جەهەنەم و قەبرو بۆنی ماسیی بۆگەن و بۆنی خەونی دێـوو نەخۆشیان لێدێت. بەزۆر دەیانەوێت، خوا لەئاسمان داگرن و لێی بپرسنەوە، دەیانەوێت خوا ببەستنەوە وکۆت بکەنە دەست وپێی، سواریبن، هەتکی بکەن! دراوسێی مەملەکەتی هەستکردن بەکەمی دەتوانن بە چاویلکەیەکی ڕەشەوە بچن بەمیوانی یەکتر، بێئەوەی هەست بەگیانی یەکتری بکەن، یەکتری دەترسێنن، شکات لەیەکتری دەکەن. لەباتی ئەوەی باسی ژیان وخۆشی و هونەرو سەماو جوانی وباسی خواکـان بکەن، دادەنیشن بەسەگ و بەرازو پشیلە دەڵێن کۆرپەم، کەچی شەرم ناکەن ناوێرن تەماشای منداڵێک بکەن، تاوەکو خواکـان وەکو ئەوان ببینن.

منداڵەکانیان دەدەنە دەست ناشی وبەدەرزی و دەرمان حۆلیان دەکەن، تاوانباریان دەکەن بەوەی کە بزێوانە گیانی māddەو خواکـان و یارییەکانـیان دەبینن، منداڵەکانی وڵاتی هەستکردن بەکەمی دەتوانن بەسەرشان وباڵی درەختی زەماندا هەڵگەڕێن و دەتوانن غەیب ببینن، پێویستیان بەهاودەمی وهاوهەستی و هاودەردی‌یە؛ نەک دەرمانی وڕکەر، نەک لێپرسینەوەی دوژمنانەو ڕێگە ونکەر.

بەدراوسێکانم دەڵێم چۆن دەتوانن باسی خوا بۆمن بکەن، کاتێک گومان لە کەرامەتی منداڵ دەکەن؟ ئەوان منداڵیی خۆیان لەبیرکردووە، دادەنیشن و بەهەڵە لەبری منداڵیی خۆیان باسی منداڵیی ئەوانی تردەکەن، هێشتا فێرنەبوون کە سروشتەکان لەیەک ناچن، وەکاتێک کەدەست بۆ سروشتی منداڵ دەبەن، دێـوەکان تووڕە دەبن.

تووڕە دەبن زۆر بەساردی، جۆرە تووڕە بونێکی تاڵ و بوغزاوی و سامناک تووڕە دەبن، خۆیان پڕدەکەن لەژەهر، خۆیان ناشیرین دەکەن، قێزلە جوانی دەکەنەوە، بە قێزەوە گەردەکانی جوانی لەخۆیان دەتەکێنن. دراوسێیەکم هەبوو مامۆستای لێخۆشبوون بوو، کەچی خۆی ئەلفوبێی لێخۆشبوونی نەدەزانی، پڕبوولە کینەوتۆڵە. مناڵەکانمی دەبوغزاند، مناڵی نەدەدواند، دەمی دەخستە ناودەمی سەگەکەیەوە، هەناوی سەگەکەشی دەتۆقاند، ئافرەتە دێـوپەرستەکان لەباخچەی منداڵان نەیاندەهێشت منداڵەکان فێری تەماشاکردن بن، بەتەماشای دێـو سەیری منداڵەکانیان دەکرد.

شەوێکیان لەخەوما بەر لەوەی کات بووەستێت، لە خەونمدا بوبووم بە حەزرەتی مەسیح ، کەسم نەبوو،هەر دوانزە دراوسێکانی ژیانی ڕاستیم، کەلەدورگەی هەست کردن بەکەمیدا؛ کە لەگەڵمدا وەکوو هاوسێ دەژیان، داوەتی دواهەمین نانخواردن بوون، وەکوو حەزرەتی مەسیح دڵم بەنەزانییان دەسووتا، لەنێویاندا لەهەموویان ئازیزتر ماریای ماگدالێنابوو، تەلەفۆنێکی مۆبایلی لەدەست بوو، یەکە یەکەی وتەکانمی تەجیل دەکرد و زوزوو ڕاپۆرتی دەنارد بۆ دێـوەکان، زوزوو دەهات بەکامێرایەک بەبێ ئەوەی پرسخوازی لەمن بکات وێنەی دەگرتم! منیش بەخووی ڕاستی و هەمیشەییم دابی سەرمێزم بەڕێوە دەبرد، لەسەر مێز دانیشتبووم وگشت ئەوان میوانی من بوون، مێزەکە لەخەونمدا بەسەرچەفێکی ڕەش ڕازاوە بوو، لەبەر دەمی هەریەکە لە دراوسێکانمدا چەپکێ گوڵی ڕەنگین لەگۆزەیەکدا دانرابوو، لەگەڵ دەفرێکی پرتەقاڵیی خاڵی!

حەوت لەوان ئافرەت و پێنج لەوان پیاو بوون، بەمنەوە ژمارەیان سیانزەو بێمن دوانزەبوون.. دوانزە کەس، نا دوانزە دێـو، چونکە گشتیان بەڕووکەش شوێنەواری مـرۆڤیان تیادا مابوو! ئەوان دێـویان دەپەرست، بەتەمەنترینیان خێو بوو! لەنێویاندا لەهەموویان بەتەمەنتر خێوێکی کەتەی بەدگومان بوو، کە لەگشتیان بێباوەڕتر بوو! خەڵکی دورگەکە بە قەمبور بانگیان دەکرد، چونکە ئەو کەرامەتی خۆی نەدەدی! گشتیان چاوەڕوانی دابەزینی خواردنی ئاسمانی بوون، برسییان بوو، چاویان تەنها مێزەکە ودەفرەکەی بەردەمیان دەدی! کەسیان منیـان نەدەدی.. بەویستی خۆیان منیـان دەدی.. پاسەوانم بوون لە زیندانەکانی بەستەڵەکدا.. گوناح بوون نەیاندەزانی کە ئەوان کەسانێکن هەرگیز لە بینینی من دڵنیا نابن، بەڵام من بەپێی توانا بەزەیی وبەخشندەییم نیشان دابوون، خواردنی ئاسمانیشم دەرخوارد دابوون، گوێم لەغەمەکانیشیان دەگرت، ئەوان تەنها غەمیان لەبوون بەدێـو دەخوارد، کەچی زیاتر سوور دەبوون لەوەی دێـوەکان بپەرستن، چونکە ترس پەرست ودرۆ پەرست بوون. نازانم بۆ میللەتێکن نەخۆشییەکانی خۆیان، درۆکانی خۆیان دەپەرستن! تێناگەم بۆ؟

من تەماشام نەدەکردن، چونکە دواهەمین نان خواردن بوو! دەستم کرد بەسینەی خۆمدا، دڵی خۆمم دەرهێناو خوێناوی دڵم گوشییە ناو پێکێکی سیحرییەوە کە لەئاسمانەوە دابەزی! دەفرێکی تەنافیین و کوژەکەیی.. گشتیان ئەوەیان بەچاوانی خۆیان بینی! بەڵام بەبێباوەڕی، بەمتی و نابیین خۆیان نیشان دەدا! کاتێک کە دوادڵۆپی خوێنی دڵی خۆمم گوشییە ناوپێکەکەوە، ئەوەی لەدڵم مایەوە پارچە گۆشتێکی سپی بوو.. وەک پارچە نانێکی ڕەق بەدەستمەوە دیار بوو! قەموور بەتەماشای بوغزەوە، بە قێزەوە سەیری دەکردم ونارەزایی نیشانی دراوسێکانم دەدا، ئەوان دوانزە کەس بوون بەمنەوە سیانزە.

کە هەم لەخەوو هەم لەڕاستیدا دراوسێم بوون، دەمناسین، حەوتیان ئافرەت پێنجیان پیاوبوون. شەشەم من بووم! لەخەونەکەمدا من هەم ئافرەت بووم هەم پیاو بووم! بۆیە دەتوانم بڵێم پێکەوە هەشتمان ئافرەت و حەوتمان پیاوبووین!

کەنانەکەم بەش کرد بەسەریاندا، قەموور بەرلە لەتکردنی نانەکەی دەستم بەمۆڕەو بوغز هێمای بەئامادەبووان دابوو کەچییدی نانی دەستی من نەخۆن.

من لوقمەی خۆمم خستە سەرزاور قومێک شەرابی خوێنی دڵم بەدوایدا نۆشی وپێک ونانەکەم دا بەدانیشتووی دەستی چەپم، نان وپێکە شەرابەکە وەکوخۆی پاش سوڕخواردن گەڕایەوە ژێر دەستم، کەسیان نمەکی دوایین نانی لەش وخوێنی گەشی دڵی منیـان نەکرد! من هێشتا تەماشای هیچیانم نەکردبوو! پاشان سەرم هەڵبڕی وڕووم کردە ئاسمان، فەرمووم: سوپاس بۆ تەنهاییم، بەرلە مێژوویەکی دێرین، تەنها دێـوێک دوژمنم بوو، کەچی لەم چاخە نوێیەدا هەموو دێـوپەرستەکان دوژمنیم دەکەن! من لە ئـێوەنیم، من بەجێتان دەهێڵم، جاهەرچییەکتان لەدەست دێت، تەخسیری مەکەن.

خاوەن دێـوەکان بۆڕاندی و ووتی: پێویستە لەسەرت وەک ئێمە بیت، فەرمایشتی خۆزگەو نیازەکانمان بیت، ئێمە ڕێگە بەکەس نادەین، خۆی لەئێمە بە پیـرۆزتر سەیر بکات! چۆن تۆبتوانیت خواردن دەرخواردی ئێمە بدەیت، تۆکێیت؟ تۆ لەئێمە کەمتریت!

لە وەڵامدا فەرمووم: کاتێک کە من داوەتی ئـێوەم کردووە، ئـێوە نیازی داوەتی منتان نەبوو..من هەرگیز لەئـێوە نیم، چونکە ئـێوە کەرامەتی خۆتان نانرخێنن، ئـێوە بایین و تەنها خۆتان دەبینن.. ئـێوە دەبێت فێری دابی سەرمێزبن، دەبێت فێربن کە دوژمن لەسەر خوان لەگەڵتان دانانیشێت! داوەتتان ناکات، هەمان لێتان ناترسێت، بەڵام من لەگەڵ ئـێوەدام هێشتا، چونکە من ڕێزلە کەرامەتی دێـویش دەگرم، بەڵام من ڕێز لەکینەو بوغزو گومان و دوودڵیتان ناگرم. من نازانم بۆچی ئێوە هاتوونەتە سەر مێزی من و دژایەتیم دەکەن! من تا لەسەر ئەم مێزە بم لەگەڵتان، خۆم وئـێوەش بەمیوان دەزانم. بەڵام دەبوو نەچن بە میوانی کەسێک کە ناتانەوێت.

کە وەهام فەرموو تێم بەربوون، لەهەموویان ئازیزتر لەگشتیان بەدکارتر شاڵاوی بۆ دەهێنام، پارچە پارچەیان کردم، بینیم گیانم لەدەرەوەی لەشما تەماشای کینەدۆزیی شێتانەی ئەوانی دەکرد، بینیم پارچەکانی لەشی منیـان دەرخواردی سەگەکان وپشیلەکانیـان دەدا! ئەوانیش مانیـان لەخواردن دەگرت!کەرامەتیان هەڵوێستی ئەوانی پەسەند نەدەکرد. قەلە ڕەشکەکان قاغە قاغیان بوو.. دەیانقیژاند: شەرم لە کەرامەتی نـوح بکەن.

کاتێک ئەو خەونەم بینی زۆر بەزەییم بەدێـوپەرستەکاندا هاتەوە، هەستمکرد گەر ژیان وەها بڕوات، بەم زووانە مـرۆڤ بەیەکجارەکی کەرامەتی لەدەست دەدات.

بەدراوسێکانم دەفەرمووم: وەرنە ماڵم، فەرموون، من لەماڵی خۆمدا بەدڵپاکی و بەبێ خەوشی دەژیم، بەخێرهاتنتان دەکەم، ئەوەی دڵی پاکە هاوڕێ و کەس وگیانی منە.. ئەوەی دڵی پیسە با ئەزێتی خۆی نەدات، چونکە پیسی لەماڵی مندا بوونی نییە. من هەمیشە دەرگام لەسەر پشتە بۆ مـرۆڤی ڕاستگۆ! ڕاستگۆ خۆشەویستی خوایە. لەو کاتەوەی لەبیرم دێت، بەبێ هۆ لەژیانمدا دڵی کەسم نەیەشاندووە.. بەڵام دەتوانم بڵێم نقورچم لەگووپ وگوێچکە ولاڕانی دێـوەکان گرتووە.. ئەوانم بوغزاندووە..لێخۆشبوونیشم هەمیشە لەجێگەی خۆیدا بووە.. لێبووردنم هێـندەی گەردونێک مەزنە.

من بابایەکی لێبوردووم.. بەتایبەتی لەگەڵ دراوسێدا. هەرگیز حەزم نەکردووە هیچ گیان لەبەرێک لێم زوویر بێت، یان خوانەخواستە لێم بتۆرێت.. بەڵام زۆر کەس ناچاریان کردووم لێیان بتۆرێم. لەگەڵ دراوسێدا زۆر زیاتر دڵم دەڕەنجێت گەر یەکێکیان لێم زیز بێت، چونکە دراوسێ ئەجری گرانە..پیاو دەبێت دڵی دراوسێ ڕاگرێت.. هاوڕێیان بێت.. تێکەڵیان بێت، خۆشەویست وهاوگیانیان بێت. جوان نییە دراوسێ

دڵیان لەیەکتری برەنجێت، نابێت بەعز بکەن و ڕوو لە یەکتری وەرگێڕن.. نابێت ڕقە بەرایەتیی یەکتری بکەن، نابێت بتەکانی یەکتری بدزن وبیانشکێنن.. نابێت یەکتری تاوانبار بکەن بە بوختانی ناجۆر.

دراوسێ دەبێت ڕێز بخاتە ناو هەر مامەڵەیەکەوە..خۆشەویستی بکات بە ئامانج. نرخی دراوسێیەتی بخەنە بەر پەرستاری، چونکە ئەگەر ڕێزو خۆشەویستی لەنێو ماڵ ودراوسێدا نەما، پەرستاری مانای چی؟ کە پەرستاریش مانای نەما، خواش ون دەبێت، یان ئەو یان تۆ خۆت پشت دەکەیتە جوانییەکان وپەرستگاکان. چونکە خواکـان بەری خۆشەویستین.. خۆشەویستی، خواکـان لەدەروونماندا زینـدوو ڕادەگرێت. چونکە خواو خواکـان زادەی خۆشەویستی و ڕێزن.

ئێستا ئاشکرا بوو بۆتان؟ تێدەگەیت کە خواکـان لەچی بەهرەیەکی گیانیی دروست بوون؟.. تێدەگەیت کە من یەکەم کەسم دەتوانم بەئاشکرا پێتان بڵێم زادەگای خوا دەکەوێتە کوێوە؟ یان من خواوەندەکان و شوێنگەیانم دۆزیوەتەوە؟ چونکە خواکـان خەڵکی مەملەکەتی خۆشەویستین، لەخۆشەویستی زاون ولەوێش دەژین، ماون و بەردەوامیش باوەڕیان بەخۆشەویستییە.. خۆشەویستی دەکەن، لەگەڵ هەر شتێکدا گیانیان بخاتە گەر بەسوودی خێرمەندی. خۆشەویستیش گەردوونێکە لە خەندەکانمان درووست دەبن. **فێر بن.. خەندەکانتان پاکژ نیشانی دراوسێکانتان بدەن. چونکە خەندەکانتان زادەگای خواکانن.. ئەوان لە خەندەکان دەزێن و لەوێشدا دەژین!**

بەڵێ خواکـان لەگەڵ دراوسێکانیـاندا دەژین لە گەردوونی خەندە، چونکە سروشتی دراوسێیەتی وەکو پەیوەندی خۆشەویستی وایە لە نێوان خواکـاندا.. چونکە سروشتی دراوسێ وەکو سروشتی خوایە.

بۆیە من زۆر دڵم دەیەشێت گەر دراوسێیەکم دڵی لێم برەنجێت.

ماوەیەک لەمەوبەر ئافرەتێکی سیحر بازی مەکربازو جوان وناسکی دراوسێم، هەر لەخۆیەوە دڵی خۆی لەمن ڕەنجاند.. لەسەر ئەوەی تکام لێیکرد دڵی پاکژ بکاتەوە لەترس وخەوش وگومان. ئەو بەرپەرچی دامەوە، دوژمنانە دژم وەڵامی دایەوە! گەرچی من هەڵەش نەبووم، سێ جار داوای لێبووردنم لەو کرد. بەڵام ئەو بوغزی کرد، کینەکانی بەرپا کرد.. ڕقی نیشانی من دا.. هیچ شوێنەواری لێبووردنم لەودا بەدی نەکرد! سێجار داوای لێبووردنم لەو کرد، پاشان داوەتیم کرد، کەچی ئەو هێشتا نەیتوانی ببورێت. تووڕە بوو لێم لێبووردنی مرد!

بەلامەوە سەیر بوو، چونکە ئەو سەگ پەرست بوو، دێـو پەرست بوو، جوانیی هەستیاریی منی نەدەبینی.. بۆم دەرکەوت کە حەوت ساڵە بەو بوغزەوە سەیری من دەکات، من هێندە لێبوردوو بووم، توانیم حەوت ساڵ هەموو ڕۆژێک لەو ببوورم، چونکە من زۆر زوو دەمزانی کە لێبوردنی زۆر بچوک و تەسکە.. ئەوە دواهەمین ویەکەم کێشەی نێوانمان بوو.. ئەو جارە کە نەیتوانی لێم ببورێت.

بەلامەوە سەیر بوو کە ڕێزی حەوت ساڵ دراوسێیەتیی خستە لاوەو بڕیاری دا تۆران بکات بەمەبەست.. من زۆر جوانـییم دەرهەق بەو کردبوو، گوڵم بۆ دەکڕی، بەجوانییدا هەڵم دەدا، بۆنم پێوە دەکرد، دەچووم بەمیوانیی، لە ئاهەنگی لەدایکبووندا دیاریم پێشکەشی دەکرد، هەرچییەک بەمن کرابێت، بۆ ئەوو دراوسێکانی تریشم دەکرد.. کەچی ئەو هیچی بۆ من نەکرد.. سەرەڕای ئەمەی کە من لەسەر گشت ئەوانەوە، ڕێزێکی تایبەتم لەو دەگرت، ڕێزی ئافرەتێک.

تەنانەت کە سەگیشی کڕی وبڕیاری دا لەگەڵ سەگدا بژی، پیـرۆزبایی ئەوەشم لێیکرد.. بووم بەهاوڕێی سەگەکەشی.. کەچی ئەو نیشانم دەدات کە ناتوانێت لێم ببورێت، دەرهەق هەڵەیەکی نەکراو.. دەرهەق تەنها حاڵەتی تووڕە بوونێک. لێم خۆش نەبوو لەدوای سێجار داوای لێبووردن کردنیش.

ئێوارەیەکیان ویستم پیاسەیەک بەتەنها بکەم، چووم بۆ دارستانەکەی ئەوبەرەوەی زیندانەکەم.. لەنیوەی ڕێگەدا بەرێکەوت هەمان ئافرەتی دراوسێم بینی بەرەو ڕووم دەهات.. خۆی وسەگەکەی.. سەگە زۆر زانە بچکۆلەکەی. لەتوولە ڕێی دارستانەکەدا بەرەو ڕووم دەهات. هەردووکیان بەرەو لای من دەهاتن.. هەڵبەتە سەگەکە لەمن زویر نەبوو، ئەو هێشتا هاوڕێم بوو.. بۆیە بەر لەوەی بەلای یەکتریدا ڕاست وچەپ تێپەڕین.. سەگەکەی بەر لەمن سڵاوی کردو هاتە لام و بۆنی پێوە کردم.

منیش بۆی چوومە سجوود.. بەفرسەتم زانی چەند تەعلیقێکی گلەیی خۆمانە بەدەم یاری کردن لەگەڵ سەگەکە بگرمە ئەو ، بەجۆرێک کە ئەو گوێی لێ بێت.. بۆیە بەزمانێکی فسی منداڵانە بەسەگەکەم ووت: های هاوڕێ؟ ئەوەچی دەکەیت؟ هاتوویت بۆ گەڕان؟ ئا؟ باسە باسە گیان! دەزانم.. دەزانم گوڵەگیان تۆ سەگێکی خانو مانیت ومنت خۆس دەوێت! دەزانم تۆ لەکەس زیز نابیت، لەکەسیش تووڕەنابیت، ئەرەوەڵا دەزانم! کەچی تۆیان لەخۆیان خۆستر دەوێت! ئا، دەزانم ئەوان تەنها خۆیان خۆس ناوێت! ئەوەی کەخۆی خۆس ناوێت، لەکەس نابوورێت!

بەسەگەکەم ووت: ئەوەی لێبووردنی نەبێت، دێـوە ومـرۆڤ نییە.. چونکە مـرۆڤ لێبوردوترین زیندەوەرە.. ئەگەر لێبوردن نەبوایە، زیندەوەرەکان قڕ دەبوون، چونکە مـرۆڤ مەزنە لە لێبوردنیدا، لێبوردن سروشتی مـرۆڤی مەزنە.

ئەو پەتکی ملی سەگەکەی ڕادەکێشا، منیش بۆ سەگەکە دەدوام.. ووتم: با خانمەکەت گوێی لێبێت، لێنەبوردن نەخۆشییەکە مـرۆڤ قەڵەو دەکات.. مـرۆڤ پیر دەکات.. مـرۆڤ دەکوژێت. لێنەبوردن نەخۆشییەکی موزمینە.. ناخۆش بەناو گیاندا بڵاو دەبێتەوە، لەئەنجامدا مـرۆڤ گۆت دەبێت، دەشێت دووچاری شەلەل یان ئێسکەگێڕی بێت، چونکە خانەکانی لەشی لە ویستە گیانییەکان نابوورن، چونکە هەست وبیر فێری لە یەکتری بوردن نەبوون.

لێنەبوردن لە لەشەوە دەگات بە بیرو بە گیان.. سروشتی مـرۆڤ تێک دەداو هاری دەکات. بێوەفای دەکات، ناشیرینی دەکات،  زوو پیری دەکات. با خاوەنەکەت گوێی لێبێت، چونکە ئەو هێشتا وانەکانی منی نەخوێندووە.. ئەو لەزانستی لێبوردنی مندا نەهاتۆتە سەر ڕێ. ئەو هیچ دەربارەی من نازانێت.. مـرۆڤێک کە لێبوردنی نەبوو، هیچ نازانێت.

ووتم: بەخاوەنەکەت بڵێ، دەبێت سێجار داوای لێبوردنم لێ بکات، یان حەقی خۆیم لێبکاتەوە، پاش ئەوەی کە لێم دەبوورێت، دەتوانێت هەمان شتم بەرامبەر بکاتەوە. ووتم: بەی بای! ڕۆیشتن، ئەوجا منیش ڕۆیشتم...

کە ئەوان ڕۆیشتن شەماڵ قۆڵی کردە قۆڵم، بە چپە بەشەماڵم فەرموو: دەتوانیت گەر ئەرک نەبێت بچیت بە دراوسێکەم بڵێیت کە : لێبوردن سۆزی خوایە.. لێبوردن نیشانەی ژیانەوەی خۆشەویستییە.

شەماڵ دەمی پان کردەوە و وەک کیژۆڵەیەکی هەرزەکاری زۆرزان فەرمووی: وەڵا من شتی وا ناڵێم لەڕووم نایە! ئەی خۆت بۆچی ناچیت پێی بڵێیت؟

منیش فەرمووم: من سەدجارم پێ گووتووە، بەڵام ئەو باوەڕ بەمن ناکات، هەروەها ئەو کوێرەو نامبینێت کەڕەو نامبیستێت. شەماڵ فەرمووی: بەڕاستە؟ ئەی ئەوە نییە دەڕوات و دەبینێت ودەشبیستێت؟

شەماڵ وڕوو گێژ بوو، بۆنی دووکەڵی جگەرەی شارێکی لێدەهات، چڵکنیش بوو خوا پێم نەگرێت. گێژ گێژ پشتی کردە من ویەکتریمان جێهێشت.. بەتاریکی گەڕامەوە بۆ ماڵ، دڵم خۆش نەبوو بە بینینی دراوسێیەکی لێنەبردوو. دراوسێی دوورگەی هەستکردن بەکەمی. ئێوارەیەکیان حەزرەتی نـوح.. واتە مـرۆڤی بێـوڵات وبێـئاڵاو بێناو، یان خوودی منی پەنابەر.. زۆر بێتاقەت بووم، بیری هاودەم وهاوسەرو

دۆستێکم دەکرد.. هەستم بەتەنهاییەکی کوشندە دەکرد، حەزم دەکرد هاوڕێیەک، هاوسەرێکم هەبێت لەگەڵیدا بدوێم، کەسێک گوێم بۆ شل بکات.. حەزم دەکرد هاوسەرەکەم قینی لێم نەبێت کاتێک کە باسی کەرامەتی خۆمی بۆ دەکەم! هەستم بە بێزاری دەکرد.. پاییز بوو، بە دێـوێکی چڵکن وبۆگەنم فەرموو: دەتوانیت ڕێگەم بدەیت کەمێک لەناو سروشتی پاییزەدا بگەڕێم؟ زۆر تامەزرۆی گەڕانم بەناو سروشتدا لە پاییزدا! دێـوەکە بێشەرمانە بۆڕاندی: جا بۆ کوێ دەچێت بەم ئێوارە تاریکە، بارانیش دەبارێت.

لە وەڵامدا فەرمووم: من پێویستم بە بینینی گەڵاکان و درەختێکە، پێویستم بە هەناسەیەکی پاکە لە وەرزی پاییزدا، چونکە من لەدەروونی ئـێوەدا سەرمامە.

ووتی : فەرموو برۆ، بەڵام زوو بگەڕێرەوە.

ئێوارەیەکی تاریک بوو، لەبیرم دێت.. ئاسمان شەرمەزار وتاریک بوو.. ئێوارەیەکی وەرزی پاییزە باران بوو.. بە مشەی هەناسە تووندەکانم خۆمم بەرەو ناو دارستانەکە کێشکرد.. ڕۆییم هەتا گەیشتم بە حەزرەتی درەختی بیی. سڵاوم لە درەختی بیی کرد. ئەویش چەند گەڵایەکی لەلەشی نەرمی، لەشی نەرمی شێوەی پەڕی لەقلەق هەڵوەراندە بەرپێم! فەرمووی: تەنها گەڵا شک دەبەم حەزرەتی نـوح، درەختی زەمان، ئەگەر کاغەزی سیگارت پێیە چەند گەڵایەک بهارەوبیکە بە جگەرە و بیکێشە، با گلەیی وغەمەکانم بێنە دەروونتەوە و غەمەکانم کەمێک لە تەنهایی دەربازت بکات.

لە دڵەوە سووپاسیم کرد و گەڵاکانم ماچ کرد، و پاشان ووردم کردن و وەک جگەرە پێچامنەوە.. ئینجا باوەشم کرد بە ناوقەدی درەختی نازداردا.. تێر ئەوم هەڵگوشی، بۆنم پێوەکرد، گوێم لە سکاڵاکانی دەگرت، کۆمەڵێک ئەفسانەی گەشتیارەکان و کۆمەڵێک داستانی ڕێبوارەکانی بۆ گێڕامەوە.. درەختەکە زۆر جوان و نازدارو خۆش ڕوو بوو، هەستم دەکرد خۆشی دەوێم و شەرمم لێدەکات.

چەند فەرموودەیەکی بە تەوسەوە تێگرتم، بەڵام بوارم نەبوو، کاتم نەبوو زیاتر بمێنمەوە.. ناوکی درەختەکەم ماچ کرد وگەڕامەوە زیندانە سامناکە ساردەکەم!

لەبەر دەرگای زیندان، پاسەوانی گومرگ لەگەڵ کۆمەڵێک دزو چەتەی دێـوشکڵدا چاوەڕێم بوون، قینێکی ساردی خستبووە سەر دەمووچاوی.. هاتە سەر ڕێگەم و نەیهێشت بچمە ژوورەوە. بۆڕاندی بەسەرما:

لەکوێ بوویت بەم سەرمایە؟

فەرمووم: لە پیاسەیەک، بۆ مژینی کەمێک هەوای ئازاد.

بە دەچاو تەماشای دەکردم.. وای دەزانی من لێی دەترسم.. وای زانی دەتوانێت حوکمم بەسەردا فەرز بکات.. بەر لەوەی مۆڕە بکات، خەندەیەکم نیشان دا.. بەوم فەرموو: ئافرەتێکی زۆر جوانم بینی لە ناو دارستانەکەدا باسی کەرامەتی تۆی بۆ دەکردم.. دەیگووت گوایە تۆ زۆر گومڕاو بێکەرامەت و دێـو پەرست وخوود پەرستی!

بە مۆڕە نیشاندانەوە ووتی: ناوی چی بوو؟ فەرمووم: شاژنی درەختی بیی.. پڕمەیەکی کردوو، بە بایی بوون وگومانەوە سەیرێکی کردم.. ووتی جگەرە دەکێشیت؟

فەرمووم نەخێر.. خانم بیی چەند گەڵایەکی بە دیاری پێدام و جگەرەیەکم لەگەڵ غەمەکانیدا کێشا.

بە سەرسووڕمانەوە بەڕێوەبەری گومرگ ووتی: شتێکی سەیرە.. کەی لای دکتۆرەکەت بوویت؟ فەرمووم: دکتۆرەکەم هێشتا فێری ناسینی کەرامەتی خۆی نەبووە.. چۆن دەتوانێت یاریدەی کەرامەتی من بدات..

ئـێوە نەخۆشن، پڕن لەگومان ، جوانی نابینن، کوێرن.

بەیانیی ڕۆژی دوایی تەقریری لێدام.. لە ڕاپۆرتەکەیدا نووسیبووی: لەگەڵ درەختدا قسە دەکات!

دێـوێک هات پرسیی: وایە دەڵێن دەتوانیت لەگەڵ درەختەکاندا بدوێیت؟ فەرمووم: من کەرامەتم هەیە.. ئەگەر لەکەرامەتی من تێناگەیت، هەڵەیت.. ئەگەر لەکەلتووری گیانیی من تێناگەیت، نەخۆشیت، ئەگەر لەمن دەترسیت واتە دوژمنێکی لەناوبەری پیـرۆزییەکانی خۆتیت. لەخۆت ببوورە خانم، کاکە، کاک دێـو.

مێرولەیەک هاتە زمان.. بە ئاوازی بولبولێک خوێندی: ئەوەی گومان لە جوانی دەکات.. گوناح بەرامبەر بە خۆی دەکات.. جوانی هەستێکە مـرۆڤ هەمیشە لاو گۆش دەکات. ئەوەی بزانێت جوان بژی، تەمەنی بارتەقا دەکات.

**مێروولەیەکی تر فەرمووی: درەختەکان وێنەی ڕێبوارەکان لەسەر گەڵاکان و لە ناو تەنی خۆیاندا نەخش دەکەن.. ئەوانیش مرۆڤیان خۆش دەوێت و لە دێوەکان دەترسن. چونکە دەزانن کە دێو تەور دەوەشێنێت!**

# تابلۆی لەقلەق

تەق، تەق.. دەنگی نهێنیی گەردوونی لەقلەقە.. تەقەی باڵی حەقە.. لەدەرەوەی زانستی زماندا.. پیتەکانی ت ە ق..سێرەگن..، سێگیانن.. ئەم پیتانە حەق ؛ داد یاسا داهێنەرن مافەکان دەناسن.. لە بوونەوەردا ئازادو ئاسوودە دەفڕن، کۆچ دەکەن، پەیامی باڵندەکان، باکان، گیانە بەناهەق کوژراوەکان دەگەیەنن بە گەردوونی منداڵ.

ئەو پیتانە دەنگیان هەیە؛ باکانیش دەناسن.. دەزانن باکان نهێنییەکی گەلێک مەزنیان پێیە، با سروشتی گەلێک ڕەقە، باکان ئەگەر یەک بگرن ؛ یان مان لە سروشتی خۆیان بگرن ، ئەوا کۆی گیانلەبەران و هەموو باڵندەکان دەمرن، باکان دەتوانن مـرۆڤەکان و سەروەت وسامانیان تەفروتوونا بکەن، چونکە لە توخمی جنۆکەن، دەتوانن زەمین ومانگ و خۆرو هەسارەکان هەڵلوشن، دەتوانن لە هەناسەیەکدا پەنابەرنە بەرتاریکی. کاتێک کەکات وەستا لەقلەق لە درەختی زەماندا خەونی بە هاتنەوەی پیـرشالیارەوە دەدی.. لەخەویدا سەری بەسەر قورئان و ئینجیل و تەوراتا دانەواندبوو.. وەک بوودا چۆن بەندەکانی هەموو ئایینەکانی لەخەودا دەدی.. لەخەونیدا وەک سەماکەرێکی فلامینکۆی ئیسپانی چەقەنەی بەدەنووک دەتەقاند.. لەزکری سەمادا سەری دۆعای دەسوڕماند.. دەیویست دۆعا لەتووڕەیی خۆش بێت! دەیویست دۆعا لەدەروونی مندا پشوو بدات وبنوێت. لەقلەق لەخەویدا دەترسا ڕادەچەنی، دەگریا.. ئافرەتە سەماکەرەکەی دەبینی..ئافرەتە ئاگرینە چاومەستەکە.. هەردوودەستی لەحەوادا واز بوو.. وەکو سەری دوولەقلەق تەقەتەقیان بوو..دەفڕی لەحەوادا دەستی، لەشی، وەکوو دووحاجیلەقلەق تێکەڵو پێکەڵ دەکرد.. ختوکەی تەماشاکانی خواوەندی ئاگریان دەدا.. یەکەم جاربوولەقلەق خەو بە سەمای فلامینکۆوە ببینێ وڕاچەنێت. کە لەقلەق لەخەویا دەترسا.. دۆعا هەڵدەستا.. وەکو ئەو ئافرەتەی ڕۆنی ڕشتە بەرپێی مەسیح.. بەهەمان ڕۆنی نێرگز، یەکە یەکەی شاپەڕووباڵی لەقلەق و پشت و پێی جوان دەشێلێت.. دەست دەهێنێت بەسەریداو پێی دەڵێت.. لەچی دەترسیت گیانەکەم؟

لەقلەق فەرمووی: لەپیس بوونی کەرامەتی خەڵکی دەترسم.. دەترسم ژیان ڕاوەستێت.. بمرێت. دۆعا فەرمووی: کات وەستاوە ؛ ژیان وەستاوە.. من لەوەستانی کاتدا باڵەکانی تۆ دەشێلم! بۆ نازانی کە ژیان کەرامەتی خۆی هەیە؟ ژیان دەتوانێت پێچەوانەیش ببێتەوە.. دەشێت حەزرەتی نـوح دووبارە بگەڕێتەوە، نەک نۆسەدوو پەنجا، بەڵکوهەزارساڵی تریش بدوێت.. هەندێک لە بێباوەڕان نایبیستن.. تەنانەت ئەگەرلافاویش هەستێ نایبینن.

ئەی نابینی چۆن حەزرەتی ئیبراهیم دەسوتێنن؟ ئەو بەر لە مێژوو بەخەڵکیی فەرموو: بت مەپەرستن! حەزرەتی لوط کەبرای ئیبراهیم بوو فەرمووی:کاری ناشیرین و نێربازی و سوحاق مەکەن. ئەی نابینی لەناودڵی مـرۆڤی ئاوارەدا ژنەکەی لوط بیری کرچ وکەم باوەڕە؟

ئەی نازانیت بێباوەڕ عەزابی بەسەردا دەڕژێت؟ لەقلەق فەرمووی: مـرۆڤ سەری لێشێواوە، دەترسم تەونەکانی جاڵـجاڵـۆکە بپسێن، دەترسم ئاسمانەکان بتەپێن، دەترسم دڵی پێـغەمـبەرەکان بشکێن، تەونەکانی جاڵـجاڵـۆکە تێک بئاڵێن.. چونکە مـرۆڤ سروشتی خۆی وون کردووە، مـرۆڤ دەربەستی ئاهورامازدای یەکتا نییە.. مـرۆڤ بەرگەی زۆربوونی خواناگرن.

دۆعا فەرمووی: کاتێک کەکات ڕادەوەستێت.. خواوەند لە تەنهایی مان دەگرێت، پڕۆژەی زۆربوون دادەنێت.. دادەبەزێتە ناو ناوەڕۆکی ژیانەوە وبەحورمەتی خۆی مـرۆڤەکان پڕدەکات لەنووری خۆی، خۆی

لەئێمەدا زۆر دەکات. تەنهایی سروشتی خوای بێزارکردووە. تەنهایی پەڕوباڵەکانی تۆی لەقلەقی ڕەش هەڵگەڕاندووە. گەردو تۆزی خوا دێتو زۆردەبێت، غەم مەخۆ لەقلەق نووری خوا لەسرۆشی پیـرشالیاردا بەرتۆش دەکەوێت.

کات بۆیە دەوەستێت، تاهەمووبووەکان ڕاوەستن وبیرلە کەرامەتی خواکـان بکەنەوە.. تاخواکـان زینـدو بکەنەوە.. خواکـانی خێر، چونکە مـرۆڤ ڕێگەی بەخۆی دا دڵی خواوەند بڕەنجێنێت بەشەڕی ئەهریـمەنەکان، دێـوەکان.. مـرۆڤ ڕێگەیان بە ئەهریـمەنەکان دا زۆربن، کەچی خوایان تەنها لەبیر کرد، خوایان دابڕاند، ڕەنجاند.. خوایان تۆقاند. خوایان کرد بەبوونەوەرێکی وەک خۆیان.. بێئەوەی بزانن کەخوا خاوەنی هەمووسروشتێکی نامادییە.. ماددەی یەکەمی خوڵقی ئەو ویست وئازادی وئاکارە.. عەشق مەئوایەتی.. هەمیشەیی پیشەو خۆشەویستیماڵێتی.. زۆربوون دواهەمین بڕیارێتی. مـرۆڤەکان نازانن تا خوازۆرتر بێت.. ئەهریـمەنەکان کەمتروکەمتر، بچوک وبچوکتر دەبنەوە.. شەڕی ئەهریـمەنەکان، خاودەبنەوە... دێـوەکان دەتوێنەوە.. وون دەبن.

لەقلەق فەرمووی: لەوە دەچێت تۆش هێشتا نەتزانیبێت کەمن بەشێک لەکەرامەتی خواوەندم دابەزیوم؟!

من سنووری یەکەمی قوتبم.

مێرولەکان فەرموویان: جاڵـجاڵـۆکەی پیـرۆز هەموو شتێک دەزانـێـت.. چونکە ئێمەو ئـێوە و گشت بووەکان، لە تەنافەکانی جاڵـجاڵـۆکەی مەزندا ئاوێزانین.. ئەو هەم چنیوینی، هەم گۆشمان دەکات.. ئەو لە چنین وەڕز و ماندوو نابێت.. ئەو بوونەوەرەکان دەچنێت. ئاسمانەکان؛ ئەستێرەکان؛ هەسارەکان؛ تەنانەت کۆی بوونەوەرەکان چنیین و تەونی جاڵجاڵۆکەن.

مێرولەیەکی هونەرمەند کەمێک تووڕە دەنگی هەڵبڕی.. فەرمووی نـوح لە وڵاتێکدا دیلە کە خەڵکەکەی ڕێز لە پیرو پەککەوتە ناگرن.. پیرەکان ناچن بە میوانیی باخچەی منداڵان.. باخچەکان تا ئێستا نەیانکردووە بە خوو، منداڵەکان بە چەپکە گوڵەوە بەرن بە میوانیی پیرەکان.. پیرەکان تەنهان، وەڕزن.. ماندوون.. لە زەبری یادەکانیاندا دەترسن.. تەنیایی ئازاریان دەدات.

جوانتر وایە مـرۆڤ فێری ڕێزگرتن بکەن لە باوو باپیران.. چونکە ئەوان کە گەورە بوون.. بێ میوان و هاودەم و هاوخەم نابن. ئاکار؛ تەنها ئاکار ئاسمانەکانی ڕاگرتووە. ئەگەر ڕێزو خۆشەویستی بمرێت و سۆزەکانی مرۆڤ داتەپێت؛ ئاسمانەکان دەڕوخێن.

# تابلۆی جاڵجاڵۆکە

جاڵـجاڵـۆکەی سپیی پیرۆز، کاتێک کە گوێی لە هەست ونەستی هاوڕێکانی بوو، فەرمووی: ئەگەرچی بوونەوەرلەتەنافەکانی من چنراوە؛ دڵنیا بن کە دڵی هەزاران خوا پاسمان دەکات.. دڵنیابن، ئەوەی دەست بەرێت بۆ تەونی من.. مۆمیا دەبێت = ووشک دەبێت.. خوادەیگرێت. لەقلەق ناپیارێزێت.
دڵێک زرنگایەوە.. دڵی بەردێک لەوبەردانەی دۆعا لەگەڵ خۆیدا بردبوونی بۆ درەختی زەمان، بەردەکە فەرمووی: مـرۆڤ هێشتا لە کەرامەتی من تێنەگەیشتووە.. مـرۆڤ لاوازە، ئەی هاوڕێی ڕەشپۆشم لەقلەقی ماندوو، مـرۆڤ ناتوانێت ئاسمانەکان داگیربکات. چونکە تەونە نادیارەکانی جاڵـجاڵـۆکەی پیـرۆزنابینن. مرۆڤەکان نازانن کە خۆرەکانیش ئۆرگانێکی گیانین وەک جاڵجاڵۆکە و ئەوانیش بە تەووژمیان ژیان و ئەستێرەکان دەچنن و یاساکان بەڕێوە دەبەن.
جاڵـجاڵـۆکەی پیـرۆزلەگەردوونی ئێمەدا، لەخەوندا بە من دەفەرموێت: من بەتەونەکانم دڵی خواوەندە نادیارەکان دەچنم، من خەونەکانی خواوەندەکان وبتەکان دەبینم ودەچنم، خواوەند لەناو ماڵی خۆیدا کەداهێنانە.. چوارپەلە، چوارگۆشەیە، چواربالّی داهێنان ئەو بەگەردوونەکاندا دەسوڕێنن، یان چاتروایە بڵێم ئەو بەچوار سروشتی داهێنان لەئەزەلدا بەتیشک مەراتیبەکانی قوتب دادەهێنێت، یەکەم مەراتیبی قوتب قوتبی با-یە، دووەم ئاگر، سێیەم تۆز، چوارەم شلە . قووتبەکانی گازەکان.. ئەوانەی بەندن بە تەنافەکانی جاڵجاڵۆکەوە.. کەمیان بە زانستی ئێمە ناسێنراون..بەلام ئەم چوار ڕەگەزە، سەرچاوەی سروشتی گیانی و دەسەڵاتی منن..لەم ڕەگەزانەش زیاتر دەسەڵاتی تەونی تیشکم بوونەوەرەکان تەون دەکات، بوونەوەری چوار لا، سێلا، بازنە، خڕۆک..هتد!
من لەڕستن وتەونی بوونەوەر ماندوونابم.. من بوونەوەر دەچنم. خواوەند هەر ناوێکی دەخەنە پاڵ بوونی لە بوونی من و لەقلەق دەچێت. خواوەند لەقلەقێکە دەفرێت. جاڵجاڵۆکەیەکە تەون دەچنێت.
مـرۆڤ لەقوتبی چوارەمە، کەچی لە مەراتیبی دووەمدا سروشتی خۆی شێواندووە. لەم قوتبانەدا پلەکانی زانست وەکو ڕەنگەکانی پەلکەزێڕینە بەدی دێن.. زانستەکانی مرۆڤ گشتیان لەقوتبی ئاگرەوە سەردەردەهێنن.. بەڵام مـرۆڤ ناتوانێت لەگەڵ ئەوچوار مەراتیبیانەدا هاوسۆزو تەبا بێت، ناتوانێت لەتەکیاندا هەست بەتەوژمی بوونیان بکات، مـرۆڤ ناتوانێت لە گیانی ئەواندا داهێنەر بێت، چونکە لەگەڵ مەرگی خۆیدا نهێنییەکان بە ئاوو خاک وهەواو ئاگر دەسپێرێت..
بەڵام کاتێک کە کات دەوەستێت، کاتێک کەمـرۆڤ بێترس دەدوێت، کاتێک کەمنداڵەکان لەهەمووجێگەیەکدا بەبێترس پەروەردە دەبن، کاتێک کە دایک وباوک خەمی هەڵپەی نان پەیداکردنیـان نابێت، کاتێک کەمـرۆڤ بەکەرامەتی خۆی کاری خۆی بەڕێوە دەبات، کاتێک کە هەرکەسەو کاری خۆی وەکو خواوەند بەڕێوە دەبات، مـرۆڤ چاوەکانی زانستیان دەکرێتەوە، کەلێنەکانی لەشیان کەپڕن لەچاڵی تاریک، ڕووناک

دەبێتەوە. مـرۆڤێک دێت، لێبووردن لەگەڵ خۆیدا دەهێنێت، چونکە لەخۆی خۆش بووە، لەسزادانی خۆی دەستی هەڵگرتووە، چونکە سزادان مـرۆڤ پایەدار ناکات، مـرۆڤ فێر ناکات.

مـرۆڤێک دێت دڵی لەتیشک دروست دەبێت، درەختێکی مەزن لەسەرسەری دەڕوێت، لەحورمەتی ووشەکان دەدوێت، کاتێک کەکات دەوەستێت ئەودێت، ڕەنگی لەباخچە دەچێت، دێت کت ومت لەبەهەشتێکی داگیرکراو دەچێت.. بەدەم دۆست و دوژمنەوە پێدەکەنێت، دێت وەک میوان، سەردەکات بەماڵی هەموو تەماشاکاندا، تەماشاکانتان دەدوێنێت.. کە دەڕوات جێگەی پێکانی سەوز دەبێت.. لە شوێن پێیدا هەزاران گوڵ سەردەردێنێت، بە ملیۆنەها مەل لەسەرسەری سەما دەکەن، بەپەروازیان تیشکی خۆری ئەو باوەشێن دەکەن، مۆسیقایەک لەگەڵ هاتنیدا دەبیستریێت، خۆش بەگوێ.

کەدێت کتێـبە پیـرۆزەکان لەناوسەریدا سروودی سالما دەخوێنن، ڕێز لەحورمەتی ئەو دەگرن، چونکە ئەو شفاو تەندروستی بۆ ئایینەکان دێنێت.. چونکە لەودا دڕندە ئەگەر هەبێت، دان وکەڵبەکانیان لە لۆکە درووست بووەو دەبێت، کە ئەودێت، دەفەرموێت: تاگیانێک نەمرێت، گیانێکی تر نازێت، گیان دڵی خواوەند ئاهوڕامازدایە، من دڵی ئەوم.. گیانی ئەوم، دێت.. دڵ دەبەخشێت بە ووشەکان، ژیان دەدات بە دڵە زویروشکاوەکان، دەڕوات بەخەڵکی دەفەرمووێت: دەبم بە خاک بۆتان، دەبم بەنیشتیمان بۆتان.. دەبم بە باوک ودایک، بەئابڕوتان.. دەبم بەداهێنانەکان.

کەباس لەداهێنان دەکات، فریشـتەکان مەست دەبن لە بینین وبیستن و چەشتنی ووتەکانی، دێت بە ووشەکان دەڵێت، ببن بەگۆرانی، ببن بە دەنگ بە ڕەنگ. ئەوانیش دەبن، شتەکان فێر دەبن، بەردوو دارو ئاسن و باڵندەو جانەوەران زمانیان لێ دەڕوێت! مـرۆڤەکان فێر دەبن ڕێز لەخۆیان بگرن، فێر دەبن واز لەگوناهەکانی خۆیان بهێنن ولێبوردو لەخۆیان بڕوانن..واز لە پشیلە پەرستی وسەگ پەرستی وبەرازپەرستی وهەل پەرستی و خۆپەرستی وگەل پەرستی وخواپەرستی دەهێنن.. فێر دەبن بەچاوەکانی ئەو ژیان ببینن، ئەو کاتە گیانەکان لەگەڵ گیانی خواکاندا یەک دەگرن. چونکە ئەو کە دێت؛ چاوی هێرۆشیمای پێیە، ئەو گیانی ئاسیا وئەفریقا..گیانی دایکی سروشتی پێیە، دایکە لەکۆرپە دابڕاوەکان لەودا دەژین، گیانی منداڵانی سەربڕدراوی سەردەمی قوستەنتین-ی پێنە، گیانی تازە لە بوخچە دەرهێنراوی هەڵەبجە وئەنفال وزێوەی پێیە، گیانی گلگامش و ئانکیدۆ، ئەوان لەودا سەد سەدەیە دەژین.

کەکات دەوەستێت ئەودێت، دەڵێن گوایە مەهدی-یە وئەویش نیە، مەسیحەو ئەویش نییە، بوودایەو ئەویش نییە، ئاهوڕامازدایەو ئەویش نییە. بەڵکو ئەو ویژدانی بوونەوەرەو کەدێت گیانی خۆی دەخاتە بەر دەستی حورمەتی ژیان ، بەجیـهاندا دەگەڕێت، بەخەڵکی دەڵێت: من موڵکی ئـێوە نیم، وازلە پەرستن بهێنن.

پێویستە لەسەرتان فێری ڕێز لەخۆگرتن بن؛ فێری نەترسان و بەرگری کردن لەمافی ژیان وئازادی و عیشق. چونکە لەواندا هەموو شیفایەک دەزێت، هەموو دەرمانێک بوونی هەیە بۆ جێگازی نەخۆشیی شێرپەنجەو دەمارو دڵ، مـرۆڤ خۆی دەتوانێت چارەسەری نەخۆشییەکانی خۆی بکات، بەومەرجەی نەبووبێتە کۆیلەی نەخۆشییەکان..جێگەی داخە کە مرۆڤ نەخۆشی و مردن و ترس و شەڕی شەیتان دەپەرستێت!

حەزرەتانی بەڕێز، شیفا گوڵێکە لە دەروونداد دەڕوێت، لە دەروونی خۆتا.. بەگومان وتەماشای حسد وڕق سەیری دەوروبەر مەکەن، نوێژ بەهەرزمانێک بکەن، باوەڕبە هەموو ئایینەکان بکەن، لەهەموویان زیاتر باوەڕ بەجوانناسیی دەروونی پاکی خۆت بکە، ئەوسا دەبینیت هیوای شیفاکان وەک میوانی گیانی دێن بەمیوانیت، هەستیان ڕادەگرن، گوێ لە وەسواس وترپەی دڵی گومانەکانتان دەگرن، ئەگەر باوەڕبکەن کە لەهەرشتێک زیاتر باوەڕ بەجوانی دەکەن؛ ئەوا جوانی مژدەی شیفاتان پێدەدات، ئەگەریش نا پێویستەکار

لەخۆتاندا بکەن، فێری وانەکانی یەکەمی جوان ناسی بن، لەوێدا حەقناس وڕاستگۆ بن، گوێ لەئاوازی مـرۆڤێکی ڕاستگۆ بگرن، بگەڕێن بەدوای ڕاستگۆیی خۆتاندا، چونکە دەشێت ئێوە نەخۆشی دەستی ڕاستگۆیی یا درۆزنی بن، دەشێت درۆکانتان لە خەستەخانەکاندا، لەدڵی هاوڕێکانتادا، یا لەچاوی منداڵەکانتاندا لێ کەوتبێت.. درۆ ناجۆرترین نەخۆشییە کە تووشی تەنها مـرۆڤ دەبێت. دەشێت تۆ دڵت لێ وون بووبێت، دەشێت کەرامەتت لەدرۆکانتا باوەڕی کەنەفت کردبیت؛ دەشێت گیانی مردوت لای من بێت!

دەشێت مـرۆڤ لەڕاستیدا نەخۆش نەبێت!.. هەندێک هەن وەسواسن، لەبری ئەوەی بەدوای خۆیاندا بگەڕێن دەچن بەدوای نەخۆشیدا دەگەڕێن، خۆیان لەغەم هەڵدەکێشن، شەڕبە خواوەندو هاوڕێ وبە خەڵکی دەفرۆشن، گۆشتی گورگ دەخۆن! باوەڕیان بەکەس نییە، لەیادیان نییە کە هەمووپێـغەمـبەرەکان هاتن و ووتیان : درۆ مەکەن.. پیسخۆری مەکەن.. چونکە پیسخۆری جەوهەری جوانی دەشێوێنێت، گەندەخۆری مـرۆڤ هاردەکات، مـرۆڤ سست و تەمبەڵ و ووڕو ڕقئەستوور دەکات. مـرۆڤێک پەیدا دەبێت تەماشاکان لەگەڵ خۆیدا دەهێنێت.

ئەو لە قووتبی داهێناندا  تەمەنی داهێنان دەبینێت، لەگەڵ زییۆس وسارتۆن و ئەپۆلۆدا دواوە، چۆنۆ و ئەفرۆدیت و دیانا و دافنی دیوە، ئەو لەگەڵ تیفۆن و ئۆقیانوس وپرۆمیسۆس دا هاوڕییە، تەکیەیەک لەودا هەیە کە پڕە لەگیانی ئاگر.. پڕە لە پەیامی تیشک.

هەرقل پاسەوانیی دەکات.. دێت سەیری نەخۆشەکانتان دەکات، فێرتان دەکات چۆن شیفاکانتان بدۆزنەوە. باسی داهێنانتان بۆ دەکات.

مێرولەکان فەرموویان: تەماشاکە ئەی حەزرەتی نـوح.. دەبینی چی ڕوو دەدات؟! فەرمووم چی؟ فەرموویان: بڕوانە کۆمەڵێک لە مێرولەکان تەرمی جاڵـجاڵـۆکەیەکیان پێیە و دەیبەن بەرەو شاری مێرولەکان. ئەوان جاڵـجاڵـۆکە ناپەرستن، بەڵکو دەیخۆن.

مێرولەیەکی زمان فسی زۆرزان هاتە دەم، بەدەم دەمە لاسلکێوە ووتی: ئینجا چییە.. با ئەوان ئازاد بن لە باوەڕی خۆیاندا. با خواوەند نەپەرستن. خواکـان خۆیان یەکتری ناپەرستن. بتەکانیش خواکـان ناپەرستن! ئەی خۆ کەر نیین، نازانن! هەن بە هەوای خوا دەژین، هەن خواکانی خۆیان دەخۆن. هەن خواکان نابینن. هەن خواکان دەکەن بە شەریکی شەڕو تۆڵەو بوختان. گووناحن خواکان!

# تابلۆی داهێنان

کەکات دەوەستێت مـرۆڤێک دێت مۆمێک بۆخواکـان دادەگیرسێنێت..مۆمێکیش بۆ حەزرەتی مەسیح وماریای هەمیشە پیرۆز و جوان، مۆمێکیش بۆ بتەکان. وەکو جالـجالـۆکە چاپووکە لە ڕستنی جوانـیدا، بەداهێنان دەڵێت ئافەریدەی جوان.. بەکتێـبە ئایینییەکان دەڵێت گیانی ئاکار ، داهێنان کۆمەڵێک مەراتیبی قوتبن، مـرۆڤ بەزۆر قوتبی داهێناندا دەڕوات، داهێنان هەن نەزانانەن، چونکە کرچن، بۆنی نەزانییان لێدێت، بۆنی پارە و هەوەس و خرۆشی کاتی و تەماح. چونکە دەستکردی مرۆڤی هەلپەرست و خۆپەرستن. بەڵام داهێنان تەوەرێکە لە بۆشاییدا لە دەنگدا هەن و ئازادن و دەژین. ئێمە نایانبینین. ئێمە تا ڕاددەیەکی زۆر کوێرین. چونکە ئاگاداری پەیامی ڕەنگ و دەنگ و گیان نیین ـلە بۆشاییدا.
داهێنانی دووەم بۆنی منداڵی لێدێت، بۆنی منداڵ؛ بێخەوش و سادەو ڕەوانە لە نیشاندان و دەربڕینی پەیامەکانیدا. درۆ ناکات و دەربڕی ئەو هەستانەن کە هەم دیارو هەم نادیارن هەم نەستی و هەم هەستین.
هەن بە خۆیان دەڵێن هونەرمەند؛ چونکە توانای بە منداڵ بوون و دەربڕینی منداڵانەیان هەیە. تەرزی سێیەمی داهێنان بۆنی ژیانی لێدێت، ڕاستییەکان دەبینێت، وەکو گوزەرکارێک لە دزێوییەکان توورە دەبێت.. شتەکان وەک ڕەش و سپی یان جوان و دزێو یان خێرو شەڕ نیشان دەدات.. ئەم جۆرە لە داهێنان ـداهێنان نییە، بەڵکو پەرچدانەوە و هاوگونجاندنی زاتە لەگەڵ ژیان و کۆمەڵگەدا.
لە قۆناغی چوارەمدا داهێان دەزێت، مـرۆڤ تیایدا دەبێت بە من وتۆ، زۆر دەبێت. هەمەڕەنگ کاری هونەری دادەهێنێت و سەری بینەر و بیستەر دەسوڕمێنێت و زۆرجار کەم کەس تێی دەگەن.
لە قۆناغی پێنجەمدا داهێنان بە بینین ئاشنا دەبێت، مـرۆڤی داهێنەر ئاوێتەی گیانی داهێنان دەبێت، داهێنەر وداهێنراو دووڕەگەزی نێرو مێن، بەیەکتری دەگەن، لە یەکێک لە شەقامەکانی قوتبا بەریەکتری دەکەون، تەماشای یەکتری دەکەن، لەمسی یەکتری دەکەن، سڵاو لەیەکتری دەکەن، پێکەوە بەدوای جەوهەری یەکتریدا دەگەڕێن، کە یەکتری وون دەکەن، جارێکی تر دەگەڕێنەوە، تەماشا وونبووەکانی یەکتری هەڵدەگرنەوە، یەکتری دەدۆزنەوە. ئەوان جاڵجاڵۆکە دەناسن و لاسایی تەونەکانی ئەو دەکەنەوە.
داهێنان پڕە لە وەجد، لە سروود، لە بەهرە، داهێنان پڕە لەبۆنی بغوردو منداڵ. کاتێک دێت، بەخۆڕایی خۆی نیشانی گێتی دەدات، مـرۆڤەکانی دەوروبەر خۆشنوود دەکات، ڕوخساریان پڕ دەکات لەگوڵی ژیان، بزەی ونبووی مـرۆڤەکان، بزەی تۆقیوی لاوان، ئافرەتان دەلاوێنێتەوە، دەستی خەندە تۆراوەکان دەگرێت دەبێت بەگۆچان، دەچەمێتەوە تا پیرمنداڵەکان دڵنیا ڕێبکەن. داهێنان هەرگیز بەسوودی تێرکردنی لەش بەدی نایەت، چونکە قووتی گیانە.
داهێنان کە دێت، نووری لەدوورەوە پرتەو دەکات، ئاسۆی دەروونەکان ڕۆشن دەکاتەوە، مژدە بۆ داهێنەروبینەرو بیستەرو نووسەرو بیرەوەر دەهێنێت.
جاڵـجاڵـۆکەی پیـرۆز فەرمووی: داهێنان لەگیانی بوون دەدوێت.. ئەگەر داهێنان بانگی نەکردی، نەچـێت.. چونکە زەبرت پێدەگات..ئەگەر داهێنان هات بۆلات، هەڵەشە بەرەو ڕووی مەچۆ! هەلەشە بەکاری مەبە! ئەگەر تابلۆیەک، ئاوازێک، شیعرێک نوسراوێک یاخود هاوکێشە وبیردۆزێک بانگت نەکەن، لەگەڵ هەست و نەستتدا هاڕمۆنی نەبوون، نەچیت دەستیان بۆبەریت، نەکەیت گوێی لێبگریت، نەکەی تەماشای بکەیت! داهێنان لەگەڵ سروشتی گیاندا؛ ئازادانە تەبا دەبێت.

مێرولەکان فەرموویان: جەوهەری داهێنان بریتییە لە لەمسی سیمای جوانی.. جوانی ئەگەرهێزو دەسەڵات وماف و ئازادیی لە دەست بێت، دەتوانێت بە بوونەوەر بڵێت.: نهێنییەکانتم پێ بڵێ. ئەوسا عیشق دێتە زمان و دەفەرمووێت: ئازادی لە عیشق پایەدارترە.. جوانی دەست بەسەر ژیاندا دەگرێت. کاتێک ئازادی دێت، کاتێک باوەڕی مـرۆڤ لە یەکبوونی عیشق و ئازادیدا ئاویتە دەبێت.

بە مێرولەکانم فەرموو: ئەی حەزرەتی گیانە پیـرۆزەکانی دەروونی گیانم.. ئـێوەن تەنافە ژێدارەکانی ناو گیانم.. من دەنگی مێژووم.. هاتووم ڕازی ئـێوە بە مـرۆڤایەتی بسپێرم، فێریان بکەم کە ژمارەی خواکـان هێـندەی ژمارەی مێرولەکانن.

مێرولەکان گشتیان فەرموویان: ئێمە زۆر لە مێژە سەرمان لە کەرامەتی مـرۆڤ دەسوڕمێت.. بە کۆراڵ خوێندیان هۆرەکان.. بە زمانی هیندییە پێست سوورەکان و سامییەکان و بووشمان و زاگرۆسییەکان خوێندیان.. فەرموودەی شیعر :

کەماڵ کەهەست مەئوایەتی.. جوانی هەستەکانی خواکـانن لە بوونەوەردا..
ئازادی پەیامی عیشق و خوایە؛ لە بوونەوەردا سووڕ دەخوات. عیشق گێژوو مەستە..
بوونەوەرەکان دەروێشی ئەون..ئازادیش گیانی مـرۆڤە جوانەکانن.. نەرم ونییان،
لە بوونەوەردا خول دەخۆن.. سەما دەکەن دەفڕن لە بەهەشتەکانی خۆیاندا.
گوێ لە ئاوازی ئامیین دەگرن، گشتیان.. دوای پەیامی ئازادیی بوونەوەر کەوتوون.
لەمن دەچن.. منیش ئـێوەم..گەر لێتان جیا ببمەوە دەمرم.
گەر بە عیشقم نەگەم.. بوونەوەرەکان تەی دەکەم. دڵنیام کە بەئازادی دەگەم.
دەژیم.. بۆ گەشتی خەیاڵ و تەماشاو کار..
کار بۆ ئازادی دەکەم، و جیهان پڕ دەکەم لە خەندەی پیرۆز.
هەمیشەیی گەر بیشوبهێنم بە مـرۆڤ، لە کچێک دەچێت سەماکەر..
لە ئەننا لیزا دەچێت.. دەبیینم سپی سپی لەسەر مێزی ئاسمانەکان.. ئەستێرەکان لە پرچی دەدات. ڕۆژ وەک پرچی.. گەردوونەکان لە لەشی دەچن!
سەما دەکات، سەر بادەدات.. لەبەر دەم ماریاکان و مەسیحەکانی دەروونما..
پرچی خوول پێدەدات.. حاڵی وەک حاڵی دەروێشەکان دەکات..
تەماشام دەکات.. تەماشای دەکەم. لە ئامییندا زکر و سەماو حاڵ دەکات.
سامەکان.. هیندییەکان، زاگرۆسییەکان هۆیکەو هۆرەو دەهۆڵ کووتانیـانە و
بۆ ئازادیی خواکان دەلاوێنەوەو دەژەنن.

# تابلۆی خۆشەویستی

سالأنێک بەر لەکات وەستان من ژیانم لە راماندا وەستا؛ چونکە هەندێک جار ژیان لای هەندێک مرۆڤ دەوەستێت. کار ناکات، نابزوێت؛ چونکە ژیان ماندوو دەبێت ( هەندێک جار ژیان وەک بوونەوەرێکی ئازادو تایبەت هەست پێ دەکەم. هەست دەکەم ژیان لەدەرەوەی هەستیاریی ئێمەدا بوویەکی زیندوو بە دەسەڵاتە.) هەروەها ژیانی مرۆڤێک لە ژیانی کەسێکی تر ناچێت.کاتێک کەژیان ڕاوەستا، من لەهەندەران دەژیام، لە ڕۆژەکانی یەکەمی ژیانی ڕەبەنیمدا بیری ئازادیم دەکرد؛ کاتێک کە خێزان و منداڵم نەبوو، خەونی میللەتێکم دەبینی. لەخەونمدا هەمیشە ئازادکەرو ڕزگارکەری میللەتی نوح بووم. شەوانە لە دەروونی هەندەراندا گوێم لەباڵندەیەکی شەوشێت دەگرت ؛ دەیخوێند، باسی سروشتی خۆری بۆدەکردم، باسی عەشقێکی دۆڕاو. شەوێکیان باڵندەکەم بانگ کرد، ئەویش هات و هەڵفڕییە سەر پەنجەی شایەتمانم، پێیم فەرموو: عیشق نادۆڕێت. هەرگیانلەبەرێک توانیی یەک جار چاوی بە کەماڵی عیشق بکەوێت، نامرێت. چونکە لەمسی عیشق، گیان زینـدوو پایەدار ڕادەگرێت.

باڵندەکە زۆر خۆش بەگوێم دەیخوێند، تەنها هاوەڵی تەنیاییم بوو لەدوورگەی هەستکردن بەکەمیدا، تکای لێکردم تا دەربارەی عیشق بۆی بدوێم.

منیش بە چپە باسی داستانی خەج وسیامەندم بۆکرد، باسی لەیلاو مەجنوون، پێم ووت  عەرەب عیشق شێت دەکەن، وەکو مەجنوونی لێدەکەن، بەسەحراکاندا وێڵی دەکەن، بەڵام ئارییەکان لەناوی دەبەن، تەنانەت نایەڵن لە دوای ژیانیش دووانەی عاشق بە یەکتری بگەن. وەک داستانی مەم و زین باس لەخۆشەویستی ئاریایی دەکەن. هیندۆسەکان بەهەموو تەقەلایەک هەوڵی جووت بوون ویەکبوونی دوانەی عاشق دەدەن، ئەگەربێتو لە فلیمێکدا دووعاشق بەیەک نەگەن، هیندۆسەکان دەیکەن بەهۆسەو هەرا، وای بەچاک دەزانن ئەودووە بمرن، تا لە داهاتوویەکی گیانیدا بەیەکتری بگەن.

سروشتی عەشق زۆرسەیرە! کێشەی مرۆڤ لە عیشقدا بۆ یەکبوونی دوو گیان؛ تا ڕادەیەکی زۆر لەلای کۆی میللەتان مەحاڵە. منیش لە زەبری نێوان یەکگرتنی دووگیان تێنەگەیشتووم! مرۆڤ سنووری بۆ زۆر کردەوەو هەڵوێستی جوان داناوە! مرۆڤ تا ڕاددەیەکی زۆر لە ژیانی ئاژەڵ و کەلتووری ئاژەڵدا دەژین! باڵندەکە فەرمووی، توخوا کەمێکی تر باسی عیشقم بۆبکە. منیش باسی داستانی- توور و لینا-م بۆیکرد، فەرمووم:

هەبوو نەبوو.. لەسەرزەمینی ئۆسگۆرد-دا ئافرەتێک هەبوو، ناوی لینا بوو. لینا کاری گەڕان بوو بەدوای کەرامەتی خۆیدا، دەگەڕا؛ چاوە کووژەکەییەکانی بە کێڵگەکانی ژیاندا دەگێڕا، بەدوای عیشقی خۆیدا دەگەڕا بۆ توور( پاڵەوانێکی ئەفسانەییە وەک کاوەـلە داستانی میللەتی نەرویجیدا).. توور- ئەوکاتە لەغەیبا، هەروەها لەیادی لینا-دا دەژیا.

بۆیە چارەنووس بەیانییەکیان لە پرشنگی ڕۆژدا چووە خەونی لینا، بە-لینا-ی فەرموو: بڕۆ بەدوای عیشقی خۆتدا بگەڕێ!

لینا ڕۆیشت، سواری گەمییەکی چارۆکەدار بوو، لەگەڵ ئومێدەکانی خۆیدا دوای چارەنووسی خۆی کەوت. لەڕێگەدا، چەتەکانی دەریا زەفەریان بەو برد، ئەویان دەستگیرکردو و پرچ کێشیان کردە کەشتییەکەی خۆیانەوە، لینایان بەکۆلەکەیەکەوە بەستەوە، ئازاریان دا، هەتکیان کرد، لێیان دا.

ليناهەستی بریندار‌بوو! بۆیە بڕیاری دا تا لەژیاندا ماوە لەگەڵ کەسدا نەدوێت. چەتەکانی دەریا، پاش ئەوەی بەهەرچی توانییان بەویانکرد، کەرامەتی ئەویان بریندار کرد، گیانی ئەویان پڕکرد لەزەهر..پاشان وەک لاشەیەکی مردو شێوە ئەویان توورڕدایە ناو دەروونی دەریاوە! تا ماسییەکان ئەو بخۆن! بەڵام شەپۆلەکان ئەویان هەڵگرت، ئەوئاگای لەخۆی نەمابوو، بێهۆش بووبوو! شەپۆلەکان ئەویان گەیاندە دورگەی توور.

لینا ڕەنگ و بۆی شەپۆلی گرتبوو.. چونکە شەپۆلەکان لە ڕێگەدا بۆ کەنار؛ هەستیان بە هاودەردی و هاوسۆزی کرد دەرهەق لینا.. بۆیە کە گەیشتنە کەنار؛ لینایان سپارد بەو، چونکە دەیانزانی کە کەنار چاودێریی لینا لە ئەستۆ دەگرێت.

لەدورگەیەکی بەردیندا، لەکەنار دەریا، لەشی ئەویان سپارد بە کەناروتیشکی خۆر.. خۆر ئاگای لەبەسەرهاتەکانی لینا بوو.. بای باکور چیرۆکی بەسەرهاتی لینای بۆ خۆر گێڕابووەوە، چونکە کاتێک ئەوبەسەرهاتە بەسەر لینادا ڕوویدا، خۆر گیرابوو، مانگ بەری خۆری گرتبوو داوای لە خۆردەکرد پشتی گەرم بکاتەوە!

کاتێک کەخۆر لینای بینی لە کەنار دەریا خوێن لەزامەکانی دەتکێت، زۆر بەنەرمی دەستی هێنا بە ڕوخساری لینادا، بەوە لینا گوڕوتاوی هاتەوە بەر، خۆی ڕووت و قووت کردەوە، بەئاوی دەریاچەی ئۆسگۆرد خۆی شۆرد.. پاکژ پاکژ بووەوە، چونکە حەوتجار خۆی شۆرد. نەیدەزانی سروشتی گۆڕاوە بۆ شەپۆل!

ئەو بەیانییە لینا شکڵ و شێوەی گۆڕابوو، گۆڕانێکی ناشایانی باوەڕ، چونکە دوو شاباڵی تیشکینی لێ ڕوا بوو، بەڵام خۆی نەیدەبینی!

چونکە هەستی بریندار بوو! کاتێک مـرۆڤ هەستەکانی هەتک دەکرێت، باوەڕ لەودا مۆلەق دەبێت، خۆشی بە هەستیاریی ناگات! چونکە بەزینـدوویی دەمرێت! هەن لەناوماندا بەمردوویی وەک زینـدو دەژین. چونکە کەرامەتیان بریندابووە. مرۆڤیش تەنها بە پایەداریی کەرامەتەوە خۆشبین ژیان بەسەر دەبات. دەنا مردو ئاسا دەژی.

ڕیکەوت کەمێک یاریی لەگەڵ هەستەکانی تور-( کە خواوەندی شەڕو دەسەڵاتە لە ئەفسانەی نەرویجیدا) دا کردبوو! بۆیە تور لەغەیبەوە هاتبوو بۆ ناوچەی ئۆسگۆرد بۆ دورگەی تور، بۆڕاوەماسی، لەناوگەمییەکی چارۆکەداردا دانیشتبوو چاوەڕوانی ماسیەکی دەکرد ببێت بە قولاپەکەیەوە، ئەنجام ماسییەکی گرت.

ماسییەکە فەرمووی: بەرمبدە، نهێنییەکت پێدەڵێم..

تور کە بایی بوولە سروشتی خۆیدا، چونکە خۆی بە خواوەند و خاوەن دەسەڵات دەزانی لە غەیبا؛ بەپێکەنینەوە فەرمووی: من لەهەموو نهێنییەکان تێدەگەم. ماسییەکە فەرمووی: باشە، گەر وەهایە عیشق چییە؟ توور دەستی نایە ژێر چەنەی، بەجەوهەری خۆیدا کەوتە گەڕان بەدوای وەڵامدا، بەڵام تاقە ووشەیەک چییە بەبیریدا نەهات، چونکە ئەو لەمێژ بوولەدورگەی تەنهاییدا دەژیا، هێندەتەنها ژیابوو هیچی لەبیرنەمابوو، خۆپەرستیی بە وەسف و پیاداهەڵدان بەر چاوی ئەویان تاریک کردبوو!چونکە خوودپەرست جوانییەکانی دەورووبەری خۆی نابینێت.

کاتێک کە تیا ما، کە نەیتوانی وەڵامی ماسی‌یەکە بداتەوە، فەرمووی: ئەگەر نهێنییەکەم پێنەڵێی دەتخۆم.

ماسیەکە ووتی: ئەگەر دەتوانی بمخۆ، بەڵام لەداهاتوودا پەشیمان دەبیتەوە.

توور فەرمووی: ناچارت کردم بەرت بدەم.

ماسییەکەی بەردا. ماسییەکە بە tووری فەرمووی: ببینە، والەبەردەمتدا مـرۆڤێکی باڵدار هەناسەدەدات! مرۆڤێک باڵەکانی لە شەپۆل دەچێت. بچۆ بەلایەوە، ئەوە مـرۆڤە کەدەتوانێت غەیب وڕاستی پێکەوە گرێ بدات. کەماسییەکە تەواو بوو، سوپاسی tووری کرد، ووتی دەچم نوێژەکانم دەکەم.
کاتێک توور کەمێک ڕاما یادی هاتەوە کە چاوانی دەبینێت، وەک ئەوەی یەکەمجاری بێت جوانی بـبـینێت! ژیانی لە نوورێکی ڕۆشنتردا بینی؟ لینای بینی، بینیی مـرۆڤێکی باڵ تیشکین لە تیشکی ڕووناکیی شەپۆل کە لە ڕەنگەکانی ئاوێزە دەچوو؛ لە ژێر پەردەی خۆردا ڕاکشاوە! لەشی هێـندەی کەفی شەپۆلەکان نەرمە.. بەڵکوو بووکێکی ئەفسانەیی پرچ سپیی بینی. پرچی لەناو شەپۆلەکاندا لەگەڵ کەناردا یاریی دەکرد. توور بینیی کە لینا لە شەپۆل دەچێت.. دوو شاباڵی فریشـتەیی هەیە! دووباڵ لە شەپۆل! بینیی شەپۆلەکان سەمای بۆ دەکەن.. لینای بینی ڕاکشا بوو.. لە شێوەی ئەو جوانەدا کە من هێشتا لە ڕاستیدا وێنەیم نەکێشاوە! بینیی لینا ئاسمانی داوە بەخۆیدا، نوستووە، شەپۆلیش یاری بەپرچی دەکات، بینیی جوانی تک تک لەلەشی دەپروێت؛ بینیی ڕەنگەکانی ئاوێزە لە بریسکانەوەی لەشی پەیکەری سەیر سەیر لە هەوادا نیشانی ئەو دەدەن! خەندەکانی تور بزوان، بەبزواندنی خەندەکان توور یادی هاتەوە کە لەسروشتی ئافرەتدا حورمەتی ژیان هەیە، سیحرێکی ئەزەلی بوونی هەیە کە هەستەکان گۆش دەکەن؛ کە بیر پڕ دەکەن لە ئارامی . تێگەیی کە بەختیاری لە تەماشاکردنی ئافرەت دەزێت! تێگەیشت کە نهێنییەکانی بەختیاری تەنهاو تەنها لای ئافرەتە.
ڕاما، بەدیار ليناوە، حەوت شەوو حەوت ڕۆژ دانیشت تەماشای کرد، تەماشای سیحری جوانی، تەماشای ژیان، چونکە لینا زۆرماندوو بوو، لەخەونەکانیا ڕۆچوبوو نوستبوو، خەوی بە توورەوە دەبینی.. توور کە لەژیانیدا هەرگیز نەنووستبوو، لەتەماشادا مەست بوو، دەیویست سڕی چاوکردنەوەی لینا بـبـینێت، چاوەڕوان بوو تاوەکو ئەو لەخەو هەستێت. تەماشاکانی کردبوو بە خۆراک لەهەر تەماشایەکدا ژەمەخۆراکێک دەروونی لینای تێر دەکرد. توور باوەڕی نەدەکرد ئەوە مـرۆڤ بێت کە بە دووباڵەوە لەوێدا پاڵکەوتووە، باوەڕی نەدەکرد چونکە لەغەیبیشدا مـرۆڤی باڵداری نەدیبوو. نەیدیبوو مرۆڤ یان ئافرەت باڵی شێوە تیشکی هەبێت، تیشکی وەک پەڕەی تەنک لە کەفی شەپۆل ؛ نەیبیستبوو کە مـرۆڤ هەیە دەتوانێت ببێت بە شەپۆل، یان شەپۆلەکان مـرۆڤ بن! سەری دەسووڕما لە عیشقدا!
کاتێک لینا چاوی کردەوە، tووری بینی وەکو بتێکی سەیر، وەکو پەیکەرێکی بوودا چوارمشقی لەدۆخی نوێژدا تەماشای ئەو دەکات! سەری سوڕما، زۆرسەری سوڕما، بینی مـرۆڤێک دانیشتووە لەبەر دەمیدا لە تەماشاکانیدا مەستە.
بزەیەک لەسەر لێوێتی هەستەکانی لینا سارێژ دەکات. لینا خۆی پێنەگیرا، خۆی دەخشاند بەسەر زەویدا، هێشتا گوڕوتاوی بەبەردا نەهاتبووەوە، هێشتا لەش و دەروونی دێشا.. بەڵام هەستی دەکرد، ئەگەر بتوانێت لەمسی توور بکات، دەتوانێت شیفا زامن بکات.
بۆیە خۆی بەرەولای توور کێش کرد، بەدەستی ڕاستی دەستی بۆ نووکی پێی توور برد.. کەمە کەمە دەستی بۆ دەستی ئەوبرد! توور مت بوو، گێژبوو، لینا دەستی بۆهەمووگیانی ئەو برد، باوەڕی نەدەکرد پەیکەرێک هەبێت لەژیاندا هێندە ئاشنا بەدەروونی!
هەستەکانی خۆی بە تەماشاکردن تیمارکرد، زۆربە نەرمی خۆی خزاندە باوەشی توور-ەوە. توور بێدار بووەوە. کاتێک کە توور بێدار بووەوە، لینا هەستیکرد بە کەرامەتی ژیان دەدات بە پەکەرەکە. هەستیکرد ژیانی بەخشیوە بەپەیکەرێک، چونکە توور مت بوو لە بینیندا؛ وەک ئەوەی ووشک بووبێت؛ یان پەیکەر بێت! وون بووبووله سیحری تەماشای جوانـیدا!

لینا کاتێک کەهەستیکرد دەستێکی میهرەبان بەسەر پشت وسینە وپرچ ومەمک وسکیدا دەگەڕێت، وەک ئەوەی بگەڕێت بەدوای خۆیدا، وەک ئەوەی لەشی منداڵێک بگەڕێت، وەک ئەوەی بیەوێت گیانی خۆی بڕوێنێت.. بڕیاری دا بۆ هەمیشە لەگەڵ توردا بژی.. بۆ هەمیشە لەعیشقی ئەودا دڵسۆزبێت. بەڵام هێشتا بڕیاری ئەوەی نەدابوو بدوێت.. نەدواندنی وەکو مێخ بەدەروونی خۆیدا داکوتابوو.
سروشتی مـرۆڤ وەهایە، کاتێک کە زۆری لێدەکرێت کاتێک کەکەرامەتی داگیر دەکرێت، کاتێک کە ئابڕووی دەبرێت، شتێک وون دەکات.
بەهرەیەکی لێدەکەوێت، یاخود یەکێک لەویستەکانی دادەخرێت! شتێک لەدەرونیدا مات دەبێت، هەستێک مان لەخوود دەگرێت، یان مان لەبیرولەش دەگرێت. بە کورتی هەستی خوود دەمرێت.
توور کەبێداربووەوە ویستی باوەڕبکات، ئەگەرچی باوەڕی بە پەیامی ماسییەکەش بوو؛ بەڵام باوەڕیشی مۆلەق بوو لە بەرامبەر ئەو ڕاستییەدا. دەیویست بزانیت ئەو فریشـتە چاوکوژەکەییە لەکوێوە هاتووە، ئەسڵو فەسڵی چییەو کێیە؟ دەیویست بزانیت لەچی ئاسمانێکەوە دابەزیوە! ویستی بزانێت پەریی چی ئاسمانێکە! کە کەوتەگفتار لەگەڵ لینادا، لینا بێ وەڵام بوو، وادیاربوو لە ڕاستیدا زمانی، نووتقی لەدەستدابێت! چونکە زۆرخۆشحاڵانە ویستی وەڵام بداتەوە، ویستی وەڵامی توور بداتەوە، چونکە ئازارەکانی سارێژ بووبوون لەباوەشی تووردا، بەڵام کاتێک کە نەیتوانی نووتقی بخاتە گەڕ، تور هەستی کرد کە بەهەڵەدا نەچووبوو، تێگەیی ئەوە مـرۆڤ نییەو پەرییە، پەرییە، چونکە دووباڵی ڕووناکی هەیە لە شەپۆل. دەستەکانی لینای ماچکرد. سووجدەشی بۆی برد.
بەئاستەم ئەوی هەڵگرت، ئەوی لەناوگەمییەکەی خۆیدا، لەباوەشی خۆیدا پاراست، نیازەکانی لەدڵ گرت.
کەشتییەکە ڕێگاکانی غەیب شارەزابوو، بە ناوتەما لەدورگەی ئۆسگۆرد دووردوور لەچاو وون بوو، تاگەیشتنەوە دەرگەی توور= تەم ئاوا.
توور کەسی نەبوو، تاکو تەنها دەژیا، ماڵێکی لە خەونەکانی خۆی دروستکردبوو، لەوماڵەدا کۆمەڵێک دڵی سپیی ڕواندبوو، لە دێرزەمانەوە، تەنها هاوڕێی گوڵەکان بوو، ئەوزمانی غەیبی دەزانی، دەیزانی وگوڵەکان بەویان فەرمووکە لینا لەشی گوڵەکانە.
کامەرانی ژیانی توورو لینای پێکەوە بەستەوە، دوای چەند ساڵێک توورو لینا لەغەیبەوە گەڕانەوە، چونەوە بۆ سەردانی یەکەمین جێژوان، کە هەمان دورگەی ئۆسگۆرد بوو و لەوێ کوڕێکیان بوو، ناویان لێنا- ساوا.
کاتێک ساوا لەدایک بوو، زۆرجوان بوو، لەپەیکەری داود دەچوو، بەڵام بێخەوش نەبوو، ئەومنداڵە دڵی نەبوو! زۆرسەیرە، مـرۆڤ نییە لەم گۆیەدا بتوانێت بەبێ دڵ هەڵ بکات وبژی، کەچی ئەومنداڵە دەیتوانی، نازانم چۆن، بەڵام منداڵ بەهەر خەوشێکەوە ئەگەر ویستی ژیان بیەوێت، دەژی، بەتایبەتی لە ژیانی غەیبدا! بۆیە ساوا وەکو موعجیزەیەک دەژیا!
توور و لینا زۆر دڵسۆزانە ساوایان گۆش دەکرد، زۆریان خۆشدەویست.. لینا دەیزانی کەدڵی ساوا لەناوکەشتییەکەی چەتەکانی دەریادا بەجێماوە! توور بەوەی نەدەزانی، چونکە ئەگەر بیزانیایە؛ ئەوا تۆڵەی لینای لێدەکردنەوە، دڵی ساوایشی لێدەستاندنەوە.
ساڵەکان تێپەڕین، مانگ و ڕۆژو سەعاتەکان تێپەڕین، زۆربەختیار دەژیان توورولیناو ساوا.. بەڵام خۆشی بۆکەس نییە تاسەر.

شەوێک لەشەوان مانگ گیرا، دێـوەکان بێداربوونەوە لەسەر زەمین، تور لە نهێنییە زەمینییەکان بەئاگا نەبوو، نەیدەزانی کە دێـوەکان توانای بینینی غەیبیان هەیە، نەیدەزانی کە دێـوەکان کاتێک دەبن بەیەک، هەر دە دێـو بەچاوێک دەبینن.. لینا سەرگەرمی نواندنی ساوابوو، توور لەدارستانەکەی ئەوبەرەوەی دورگەی ئۆسگۆردا بەتەنها دانیشتبوو چاوەڕوانی شتێک بوو، چونکە ڕۆژێک بەر لەوە خەوێکی دیبوو، لەخەویا دەنگێک لەغەیبەوە بەوی ڕاگەیاندبوو: کە مانگ گیرا بچۆ بۆ ناو دارستانی ئۆسگۆرد، لەوێ بروسکەیەک دەیدات لەدڵی زەمین، لەوێدا قارچکێک دەڕوێت، لەگەڵ خۆتدا بیبە، بیدە بە ساوا، دڵی ساوا بە خواردنی ئەو قارچکە گۆش دەبێت، ساوا بەوە ئاسایی دەبێت، دڵی لێ دەڕوێت و سروشتی زیندوتر دەبێت. چونکە ساوا زۆر بێهەست وسارد و تورەو بێژیان بوو. لینا لەگەڵ ساوادا چاوی چووە خەو، توور چاوەڕوانی بروسکە بوو بیدات لەزەوی!

لەپڕ خێوێک لەدەروونی دارستانەکەوە لێی پەیدا دەبێت، خێوێکی تاریک کە لەهەمان کاتدا دەچێتە خەونی لیناش، بەڵام لینا لەبەر ئەوەی دڵی نەدەهات سۆما تەنها بەجێبهێڵێت، لەبەرئەوەی حەزی نەکرد سۆما بێداربێتەوەو لەتاریکی مانگ گیراندا دووچاری ترس بێت، چارەنووسی تووری بینی لەدارستانەکەدا، بینیی توور لەتاریکیدا گورز دەوەشێنێت، خێوەکە توورە ترو هارتر دەکات. سروشتی خێویش وەهایە تازیاتر تووڕەبێت، زیاتر قەبارەی زلتر دەبێت، بگرە زۆریش دەبێت، دەبێت بەدوو بەسێ، بە هەرچەندێک بیەوێت. بۆیە کاتێک مانگ دەگیرێت، سامییەکان تەپڵ دەکوتن، زاگرۆسییەکانیش تەنەکە دەکوتن، چونکە زرمەو دەنگ دوودژە دێـون مـرۆڤ دەمێکە بەسوودی خۆی بەکاریان دەبات.

بەڵام توور ئەو نهێنییەی باوەڕنەدەکرد، بگرە باوەڕیشی پێنەبوو! ئەو شەوە بەر لە مانگ بەربوون، توور بووە خۆراکی خێوەکان. خێوەکان تووریان هەلاهەلاکرد وخواردیان!

دێـوەکان تورک  و عارەب بوون، یەک بەوی تریانی دەگوت :عافێت ئۆلسەن .

کە لینا ئەو خەونەی بینی، زیاتر ساوای نووساند بەخۆیەوە، کە ڕۆژ بۆوە، کەمانگ بەری خۆری بەردا، لینا ساوای لەگەڵ خۆیدابرد تا چەپکێک گوڵ لەسەر مەزاری تور دابنێت.. هەروەها بۆ دوایین جارماڵئاوایی لە دورگەی ئۆسگۆرد بکات.

ئەو ڕۆژەی بە تەواوی لەدارستانەکەدا بەسەربرد، قارچکەکەیشی دۆزییەوەو دەرخواردی ساوای دا، ساوا دڵ لەسینەیدا ڕوواو پڕبوو لە ژیان، پڕبوو لە گیان.

کەگەڕانەوە ناوماڵ، ساوا بەدایکی فەرموو: من بیری باوکم دەکەم، بمبە بۆلای باوکم! پێدەچوو دڵ لە ناو سنگیدا ڕوابێت! پێدەچوو خەونەکەی توور ڕاست بێت.

بۆیە ڕۆژی دوایی کاتێک کە لینا ساوای گرتە باوەش، بۆیەکەمین جار هەستیکرد کە باڵەڕۆشنەکانی کار دەکەن، چونکە بەرلەوە باوەڕی نەدەکرد بتوانێت بفڕێت! چونکە نەیدەزانی کە خاوەنی دوو باڵە! بۆیە تور زۆر هەوڵی لەگەڵدابوو تا باوەڕ بکات؛ تا باڵەکانی بەکار بەرێت، بەڵام لینا نەیتوانیبوو.

ئەورۆژە کەتوانیی باڵەکانی بەکاربەرێت، بەلایەوە سەیرنەبوو، چونکە دێـوەکان نەکشابوونەوە. چونکە نە سامییەکان، نە زاگرۆسییەکان، نە هیندییە سورپێستەکان تەپڵ وتەنەکەو دمبکیان لە یادنەمابوو، تا بە زرمە و لێدان خێوەکان دووربخەنەوە، خێوەکان ترسیان بڵاو دەکردەوە، مـرۆڤیان دەخوارد، سەریان دەبڕی خوێنیـان دەخواردەوە، خوێنی منداڵ، ئافرەت، و لاوان.

لینا ئەگەرچی نەیدەتوانی نیشتیمانی باوانی جێبهێڵێت، ناچار بوو لە پێناوی مانەوەو سەرفرازی ساوادا باڵەکانی بخاتەگەڕ، چونکە سەرزەمین پیس وبۆگەن بوبوو بە کردەوەی دزێوی خێوەکان، کات لەسەر زەوی وەستابوو!

ژینگه ڕەنگی بزرکابوو، خۆر لەدورگەی ئۆسگۆرد هەڵنەدەهات، لایەکی زەمین ناهاوسەنگ بوو، زەمین لەوەدابوو داتەپێت! ناچارانە ساوای لەبەرۆکی خۆی لە باوەش گرت و دای لە شەقەی باڵ و فڕی.. فڕی تا لەچاوی خێوەکان وون بوون.
کاتێک بەسەر هەورەکاندا سەرکەوت، لەسەر پەڵە هەورێکەوە بە واق وڕماوی، بە سەرسوڕمانێکی زۆر سەیرەوە، بینیی درەختێکی مەزن بەرەولای ئەوان هەنگاو دەنێت ودێت، درەختێک کە پێدەچوو پێشتر لەخەوندا درکی بەبوونی کردبێت، بینیی درەختەکە لەسەرسەری مـرۆڤێکی مەزن ڕاگیراوەو لق وپۆپی بەکاکێشاندا دەشنێتەوە، پێیەکی لەئاسمانەو پێیەکی لەزەمین، لە چواردەوری ئەو درەختەدا ملیۆنەها باڵدەی گیانیی باڵ لێکدەدەن، ملیۆنەها دڵی ڕەنگاوڕەنگی بینی، دڵی سپی، کەسک وسۆر، دڵی پەمەیی پرتەقاڵی شین، وکوژەکەیی، دلی گەورەوگچکە، دڵی مـرۆڤ، ئاژەڵ ، دڵی بەردودار، نەرمو ڕەق! دڵی خاکی، ئاوی و ئاگری و هەوایی. هەندێک جار دۆخی دەرکەوتنی مرۆڤی بێوڵاتی وەک کەشتییەکی مەزن دەبینی!
لەناو هەموو دڵەکاندا ساوادڵی توور-ی باوکی بینی، لەباوەشی لینا دەرپەڕیو بەبێ یاریدە بەرەو درەختەکە لەکامەرانییەکی بێسنووردا فڕی.. لینا لەخۆشیدا دەستی گرتبوو بە دەمییەوە، هەنسکەکانی تێکەڵ بە فرمێسکەکانی دەبوون، زمانی پژا، لەخۆشیدا هاواری دەکرد: ساوا ئەوە توورە بانگمان دەکات.
بەوجۆرە ليناو ساواگەیشتنە درەختی زەمان وئاوێتەی گیانی تور بوون، یەکەم مـرۆڤ بوون توانییان بەبێ ڕێگە نیشان دەر، بەبێ ئەوەی بە تولەڕێگەی ڕۆشناییدا لەپردەکە بپەڕنەوە، درەختی زەمان ببینن! یەکەم وەچەی مـرۆڤیش بوون کە توانیـیان بەبێباڵ وبەباڵ بفڕن، بەرەو هیواکانیـان. **چونکە ئەمر کەسێکە کە لە ژیاندا هەست بە عیشق بکات. ئەو کەسەی دەستی بەر دەستی خۆشەویستێک کەوتبێ؛ یان وەک هاوڕێ و هاوسۆز دەستی کەسێکی گرتبێت، لە ژیانی داهاتوودا وەک هاوسەرو هاوگیان و هاوڕێ بە یەکتری دەگەنەوە.**
باڵندەی شەوشێت ووتی: لەم چیرۆکەدا درەختی زەمان دەبینم، وڵاتێک دەبینم پێی دەڵێن قوتبی گیان، عیشقی ژیان. زانستێک فێر دەبم، زانستی خامۆش.
دوو مێرولەی بچکۆلەو ووردیلانە لەولای مێرولەکانی ترەوە خۆیان لە یەکتری هەڵدەسوو.. پێیان خۆش بوو لەشیان یەکتری گەرم بکاتەوە.. هەستیان پڕ بوو لە خۆشەویستی.. دایکی یەکێک لەوان فەرمووی: نابێت لەو تەمەنەدا خۆشەویستی بکەن. باوکی مێرولەکە بۆڵاندی و فەرمووی: چۆن دڵت هێنای ئافرەت، چۆن توانیت ببیت بە موو لەنێوان دوو پەیامی جواندا؟ ئەوان سەرگەرمی خۆشەویستین. چونکە ئەوەی لەو تەمەنەدا خۆشەویستی هەست پێ نەکات، هەرگیز هەستی پێ ناکات. واز لەو وردیلانە بێنە.. با هاوڕێ و هاوگیان و هاو بیر بن.
کە کات وەستا؛ من لە بەرەبەیانی بیست ویەکەمی ساڵێکدا بووم! دەتوانم بڵێم لە ئیسراو میعراجی خۆمدا بووم. کاتێک کە مێرولەکان هاتن و تێم ورووکان.. من هەستم بە تەنهاییەکی کوشندە دەکرد.. لە وڵاتی بەفر بە بێگانە تەماشا دەکرام. بێگانەیان بە نەخۆش و دڕندەو ناشارستانی تەماشا دەکرد. کەس گرنگیی بە منی نامۆو ماندوو نەدەدا، کەس ڕێزی لێنەدەگرتم؛ کاتێکیش ڕووم دەکردە هەر ئافرەتێکی جوان؛ بزەیەکی زویر و قێزهێنەری وەک تیری ژەهرین تێدەگرتم.. مێرولەکان دڵنەواییان دەکردم.. مێرولە سپێیەکان دەهاتن بۆ لام لە خەونا.. منیش شەکراوو ئاردم بۆ دادەنان و میواندارێتیـم دەکردن. ئەگەر ئەوان نەبوونایە، تەنهایی و بێ هاودەمی شێتی دەکردم. چونکە دێوەکانی وڵاتی بەفر زانان لە تێکدانی مرۆڤی بێگانە!

مێرولەیەکی زانا لە باسی خۆشەویستیدا؛ کە چیرۆکەکەی منی لەبەر بوو؛ ئەو چیرۆکەی بۆ باڵندەی شەو شێتم گێڕایەوە!

فەرمووی حەز دەکەم منیش چیرۆکێکی خۆمت بۆ باس بکەم. فەرمووم؛ گوێم لێتە بەڕێز مێرولە گیان.. چونکە قوتابیی زانست؛ بۆ کەمترین زانست دەچەمێتەوە. من بەهرە لە مێرووش وەردەگرم.

مێرولەکە ڕەش بوو؛ بەڵام لەبەر خاتری من؛ یان دەشێت لەبەر ئەوەی نیازی خوێندنەوەی هەبوو؛ لەچاوترووکانێکدا ڕەنگی گۆڕا بە سپی و ئاوێزەیی.. سڵاوی لە حەزرەتی نوح کرد.. پاشان فەرمووی: لە ژیانی پێشوومدا؛ من مرۆڤ بووم.. لە دوورگەی ئۆسکۆرد دەژیام؛ کارێکی خۆشم دەکرد، پزیشک بووم! ئێوارەیەکیان لە دارستانەکەی ئۆسکۆرددا پیاسەم دەکرد.. لە بری نوێژ؛ پیاسەو تەماشام دەکرد.. تەماشای هەورەکان و باکان و شەماڵ.. تەماشای باڵندەکان و درەختەکانم دەکرد.. گوێم لە غەمەکانی خواکان دەگرت.. دەروونی جوانەکانی ئۆسکۆردم دەلاواندەوە.. کەچی تەنها بووم.

ئەو ئێوارەیە؛ لەناو چەقی دارستانەکەدا لەبری نوێژ، پیاسەم دەکرد.. لە پڕ چاوم پەڕییە سەر دیمەنێکی سەیر.. بینیـم فریدا ــ ی خواوەندی دایک، خواوەندی شەڕ مەشقی تەور وەشاندنی دەکرد.. بە تەورەکانی کەوتبووە وێزەی دارستان، باڵندەکان دەیانقیـژاند.. من هێندە سەرم لە نیشانە پێکان و زبردەستیی ئەو سوڕمابوو؛ نەمدەزانی چی دەکەم و لەکوویام! بۆیە لە ناکـاو، تەورێک سنگی شەق کردم و خـرم لەسەر دڵم چەقی.  کە لەشم بە زەبری تەورەکە نەیتوانی وەک قەددی درەختە مەزنەکان دوولا لەت ببێت؛ زانیـیم و تێگەیشتم کە  فریدا مەبەستی نەبووە.. یان منـی نە بیـینیوە.  کە خوێنی دڵم فیچقەی گەیشتە سەر سنگی ڕووتی؛ چاو بەندی لابرد.. توومەس بە چاوی بەستراوەوە مەشقی دەکرد! کە یەکتریمان بیـنی؛ دووچاری دەردێکی سەیر بووین؛ هەردووکمان لەخۆوە لەیەکتری بووردیـن. هەردووکمان هەستمان بە خۆشەویستی دەکرد. فێربووین کە خۆشەویستی و لێبووردن لە دەروونماندا گۆشبکەین. توومەس لێبووردن، تەنها لێبووردن شفای شەقبوونی سنگی من بوو ـ من لەوێدا لە زانستی لێبووردن تێگەیشتم. چونکە مرۆڤ دەبێت لەو کەسە ببورێت کە بێمەبەست دەبێتە هۆی زەبر گەیاندن بەو!

پاشان فریدا بەپەلە هات بە لامەوە.. تەورەکەی لەسەر دڵم دەرکێشا.. خوێن هێندەی تر دەڵاندی.. کانییەک لەوێدا هەڵـتۆقـی.. چونکە خوێنی من سپی بوو.. یان بێڕەنگ و ئاوێزەیی بوو.. پاشان بە لێوە لەرزۆکێ فەرمـووی: چۆنە ئازارت پێ ناگات؟ فەرمووم: سروشتی من وەهایە، لەو کاتەدا کە هەرەس دەهێنم؛ لەبەر چاوی خۆشەویستەکانمدا مەتیـن دەر دەکەوم.. لە پێش چاوی دوژمـندا مەتیین تر. تۆش هەم دۆست و هەم دوژمنی.. بەڵام لێبوردن گیان تیمار دەکات. منیش گیانپەروەرم. لەبەر دەمی عیشق و وەفاو خۆشەویستیدا، مردن زەفەرم پێ نابات، ئازارەکانیش خۆشن.

فەرمووم: ئازاری کەسێک کە مەبەستی ئازاردان نییە، ژانی کەمە. من ژانی تەوری تۆ هەست پێ دەکەم، بەڵام ئازاری کەمە. ئازارێکی خۆش، چونکە من بەو ئازارە پاداشتی جوانی دەدەمەوە. بمـبوورە کە من ئاگادار نەبووم، چونکە دەزانم ئێشی من لە دەروونی تۆدا زیاترە. فریدا بەوە کەوتە گریان، پڕمەی لێ هەستا. دەمی نایە ناو دەمم و برینەکانمی سارێژ کرد.. دەمی لە دەمم جیا نەکردەوە، چونکە ئاوێتەی یەکتری بووین.

بە خۆشییەوە، ئەو ئێوارەیە گەڕامەوە  بۆ ماڵ.. لە ڕێگەدا بە خوێنی سپیی گەشم ؛ توولە ڕێگایەکم بۆ ئەوانەی دوای خۆم نەخشە کێشا.. وەک ئەوەی فەردە گەچ ڕۆ بکرێت؛ هەنگاوەکانم سپی دەبوون.

لە ڕێگەمدا بەر لەوەی سنووری دارستانەکە بەجێ بهێڵـم؛ خواوەندی ڕاو؛ دیانا ــی نازدارو پڕ عیشوەم بینی، مانگی کردبوو بە گوارە، و بە تەوقە ی پرچی پەخشانی لە هەوادا.. دەست و پێوەندو سەگەکانی

ڕاوی لەگەڵ خۆیدا پێ بوو؛ تیرو کەوانی ڕاویشی لە دەست بوو، بینیم مەمکی خڕی وەک هەناری پڕ بە چن؛ دەلەریەوە بەدەم ڕۆیینەوە.. ترسام لەوەی نەکا ئەویش تیر بارانم بکات! بەڵام ئەو ووریا بوو.. کە بینیمی شڵەژا.. ترسا.. هەڵەداوان تفاقی ڕاوی داناو هات بە لامەوە؛ بەسەگەکانی فەرموو ڕاکشێن.. بە کەنیزەکاکانی فەرموو: یاریدەی بدەن تا ڕاکشێت؛ تا پشوویەک بدات. ئەوانیش وەهایان کرد.. منیان لەسەر لەشی گەرمی سەگەکان پاڵخست.. پاشان خواوەندی ڕاو بە دەستی خۆی کەوتە تیمارکردنی شەبەقی سەر دڵم.. دڵمی هێنایەوە بار. ئەوەی بە چاوتروکانێک کرد. بە خەندەیەکی شیریین.. ئەو حەزرەتە پیرۆزە منی پزیشکی بە خەندەیەک لە مردن دەرباز کرد.. پاشان بە هێواشی لێی پرسییم: کێ وای لێکردییت؟ ووتم: فریدای خواوەندی دایک.

لە دڵی خۆیدا بڕیاری دا گلەیی لە فریدا بکات.. بۆیە من فەرمووم: ئاخر ئەو مەبەستی نەبوو.. ئەو مەشقی دەکرد، منیش لە حەشمەتی سەرسووڕمانم لە جوانیی ئەو؛ سەرم لێشێوا! نەمزانی بەکوێدا ڕێ دەکەم! بۆیە ئەو بەر لە ئێوە عیشقی خۆی پێم داو داوای لێبووردنیشی نەکرد.

کاتێک مێرولەکە ئەم چیرۆکەی بۆ گێڕامەوە؛ بینییم مێرولەکان گشتیان وەستاون و گوێیان گرتووە.. هەموویان پێکەوە کەوتنە چەپڵە کووتان. منیش هەمان شێوە.. فەرمووم: چیرۆکێکی جوانە. مێرولەکە بە شانازییەکی مەزنەوە فەرمووی: سووپاس.

مێرولەکان پێکەوە فەرموویان: لێبووردن درەختێکی مەزنە؛ لە مەملەکەتی خۆشەویستیدا دەڕوێت.. هەموو کەسێک ناتوانێت لێبووردنی هێندەی ئاسمانەکان بەرین بیت.. یان لێبووردنی هێندەی درەختی ژیان مەزن بێت. لێبوردو هەم خۆی هەم خواوەندی خۆی دەناسێت.

# تابلۆی عیشق

جارێکیان بەر لەوەستانی کات. زۆر ماندوو بووم؛ حەزم دەکرد بنووم. چونکە من کەم دەنووم. چونکە ئەو مرۆڤەی تەنها بەجێ بمێنێت هەمیشە نادڵنیا دەبێت. دەتوانم بڵێم ئەگەر زووربەی کاتەکانیشی بە نووستنەوە بەسەر بەرێت؛ بێدارە لە نووستندا! هەروەها مرۆڤی وەها تەنها بە خەو دەتوانێت چێژ لە خۆشیی ڕاستییە ڕۆژەکییەکان ببینـێت! بۆیەلە خەودا یان بە زیندەخەو ڕۆیشتم، چووم بۆ سەیری گوڵزار. ئێوارەیەکی فێنک بۆنخۆش، لە گەشتا بووم! چونکە گەشتەکانی من وەک گەشتی خەڵکی ئاسایی نیین! من لەخەویشدا کاتێک دەچمەمیوانیی سروشت وگوڵزار ڕێزێکی زۆر لەکەرامەتی خاک دەگرم، بە بێزەوە پێ بەخاکدا نانێم، پۆز بەسەر زەویدا لێنادەم.. حەز دەکەم وا پێی خۆم دابنێم کەزەمین هەست بەڕێز بکات. یان بەلای کەمەوە، مێرولەیەک ئازاری پێ نەگات.

ئەو ئێوارەیە زوو خۆر ئاوابوو و ڕووناکی پشتی تێکردم.. لەو کاتەدا لەزیندەخەو ڕاچەنیم! سەیرم لێهات، کەبێدار بوومەوە لەناو ژووری زیندانەکەمدا نەمابووم.. توومەس بەدەم خەوە وە ڕۆیشتبووم! توومەس لە خەونمدا ئازاد بووم! بۆیە کە چاوم کردەوە بینیم لەهەمان جێگە دام کە لە زیندەخەونەکەمدا لێی بووم، واتە لەناو چیمەن وگوڵزاردا، کاتیش هەمان کات بوو، واتە ئێوارە بوو.. بەڵام هەستم جودا بوو، حەزم لە پیاسە نەبوو، چونکە لەزەوی وچیمەن و سروشت زوویر بووم.. ماوەیەک بوو خووم گرتبوو بەژوورەکەمەوە کە ناوم لێنابوو زیندان ..بۆیە کە خۆر بەرەو ئاوابوو دەچوو، بەدیار زەوییەکی تازە کێڵراوەوە لەبن درەختێکدا دانیشتم.. بە گلەیی نیازەکانم گرتە دڵ ولەگەڵ گوڵ و خۆڵ وخاکدا دەدووام.. لەو ناوەدا ئافرەتێکم بینی لەگەڵ سـەگەکەیدا پیاسەی دەکرد. کاتێک منی بینی ترسا! پێدەچوو نە زانێت چی بکات! دەیویست نیشانم بدات کەسەگەکەی بەهێزەو دەتوانێت پەلامارم بدات.

هیچ ئاگاداری گیانی من نەبوو؛ چونکەمن لەوێدا بێوەی دانیشتبووم نوێژم دەکرد بۆ خاک و گوڵ وگیاو سروشت. ئەویش تا زیاتر بەرەو لای من دەهات زیاترخۆی لەمن دەپاراست! زیاتر بیری منی لە نوێژەکانم دەپساند، چونکە گیانی ئەو پاکژ نەبوو. کاتێک تەواو نزیک بووەوە، کەمێک هێمن بووەوە. چونکە ناسیمییەوە، منیش ئەوم ناسییەوە. چونکەخواوەندی عیشق بوو! پاش ئەوەی سڵاوی لێم کرد؛ من هیچم بۆ لەزار نەهاتەدەر! لەحەشمەتا حەپە سابووم! چونکە باوەڕم نەدەکرد خواوەندی عیشق هێندە بەد گومان بێت بەرامبەر بە کە سێکی وەک من. نەمدەزانی چی بڵێم، چونکە فێر نیم لەبەر دەمی عەرشی عەشقا ناشیرین بدوێم!

یا خوانەخواستەهەڵەیەک بکەم! بینیم، عیشق خەندەیەکی زەهراویی تێگرتم.. خەندەکەی بوو بەگورگ.. منیش بچووک بوومەوە، بووم بە خەندەیەک،

فەرمووم: من پەیامی گوڵم پێیە، هەست بەسۆزی شەماڵ دەکەم ، لەخەندەی عیشقی سەردەم تێ تاگەم! نازانم بۆچی ئافرەتانی ئەم سەردەمە خەندەکانیان بۆنی ژەنگی لێ دێت! نازانم بۆ خەندەکانیان دۆڕاندووە؟!

عیشق فەرمووی  چونکە ژیان زیزە. چونکە ژیان ماناکانی لەدەست داوە؛ تۆ ناتوانی ڕزگاری بکەیت. فەرمووم: من بەخەندەیەک جیهان ڕزگار دەکەم. ژیانیش دەبەخشم بە دەروون.

عیشق ژیانی نیشان دام.. بینیم ژیان بووە بە هەزاران کەرتەوە. کەرتێکی ماددەی سڕ کەری بە دەرزی لەخۆی دەداو گاڵتەی بە چارەنووسی خۆی دەکرد، کەرتێکی تری لە خەستەخانە کەوتبوو پەرکەمی دەگرت. کەرتێکی تری لەشی بێ نەواو بێ سۆز- بوبوو بە سۆزانی، کەرتێکی تری منداڵی خوارو خێچ و ئیفلیج و شێت و سەقەتی لێ دەبوو. هەر کەرتەو بە جۆرێک شێواوو زەلیل بوو، بە جۆرێک کە بریندار دەبووم بە تەماشای! کەژیانم بینی، هێندەی تر حەپەسام!

نازانم چۆن باسی بینینی ئەو ساتەت بۆ بکەم کەژیانم تیا دی؟!

خەڵکینە، خوێنەری ئازیز، وانەزانن کەمن باسی وڕێنەکانی عیشق و خواوەندو وڕێنەی بت و فریشـتەکانت بۆ دەکەم.. نا، من لەم فەرموودانەمدا پەیامی عیشقم پێیە.. بۆتان نییە وەک بابایەکی شەهوەپەرست لەعیشقی من بڕوانن، نەخێر کەس بۆی نییەعیشق بەویستی ماددی ولەشی هەڵبسەنگێنێت.. چونکەعاشق کەسێکەکەدەتوانێت بەباڵەکانی ئاهوڕامازدا بفڕێت.. عاشق دەتوانێت لەگەڵ هەموو فریشـتەکاندا بدووێت، بنوێت، یاری بکات.. دەتوانێت گەشت بەهەموو گەردوونەکاندا بکات.. عاشق کەسێکە دەبینێت، هەست دەکات. داهێنەرو بەهێزو مە تینە.

عیشق مەملەکەتی بوونە؛ لەهەستکردن بەجوانـیدا.. جوانیی بوونەوەرەکان.. جوانیی فریشـتەو خواکـان! وانەزانن کە خواکـان گشتیان نێر بوون؛ یان تەنهان! عیشق بوونەوەری دروست کردووەو لەمێژە بەڕێوەشی دەبات!

وانەزانی لەمەودوا بتوانیت من فێر بکەیت کەخواوەند تاکوو تەنهایە! نا.. لەگەڵ ڕێزمدا بۆ ئیسلام.. خواکـان لەگەردوونی عیشقی مندا زۆربەیان مێیینەن و ئافرەتی فریشـتە شێوەن.. هیچیان حیجابیان لەسەر نەکردووە! من هەموویانم دیوە.. بتەکانیش بەشێوەی بتی دایک، بتی حەزرەتی حەوا، ماریا، ڤینۆس ، بتی  چۆنۆ، دافنی، ، دیانا، لەئاسمانی دەروونی مندا، ئازادانەلەگەشتدان .. دەگەڕێن و من فێر دەکەن.

دەزانیت فێری چیم دەکەن؟ فێری ئەوەی کەنەهێڵم لەمەودوا چییتر  هەست بەتەنها بوونی خواکـان بکەم. دەبێت بچم ببم بەپاسەوانی فریشـتەکان.. ئەو فریشتانەی کەماندوون، هێندە منیـیان لەسەر باڵی خۆیان گەڕاندووە بە گەردوونی جوانـیدا! وانەزانیت من جوانـییم نەدیوە، یان لەززەتم لەجوانی نەبردوووە!

لەگەردوونی جوانـیدا؛ فریشـتەکان هەموو خۆزگەکانم دەخەنەبەر دەم.. ئەوان لەخواکـان جوانتر بەبەر دەممدا دەڕۆن، دەفڕن.. پەرستاری دەکەن.. پەرستاریی گەورەیی و مەزنیی مـرۆڤ.. فریشـتەکانیش حەزو خۆشەویستی و هەست وعیشقیان هەیە.. باڵدارو بێ باڵیشیان هەیە.. فریشـتەکان سۆزی دایک و عیشقی مۆسیقان، لەگەردوونەکانی مندا دێن ودەچن، شەووڕۆژ لەپاسی مندان.

چونکە دەزانن کۆمەڵێک جەندرمەی پیس؛ بەناوی ئیسلامـەوە، بوونەتە کێچ و چوونەتەناو کەوڵی مـرۆڤەکان، دەیانەوێت بەرق و کینەو ترس مـرۆڤایەتی چاوترس بکەن. دەیانەوێت باوەڕی خوا بشێوێنن، چونکە خوا شەڕی ناوێت، خواوەند زۆر لەشەڕ دەترسێت.
بەڵام باش گوێم لێبگرن؛ ئەگەر شەڕی هەموو  تاریکی وئەهریـمەنەکان یەک بگرن، ناتوانن تەنها بتێکی خواوەندی جوانی لەگەردوونی مندا تێکشکێنن.. نەخوازەڵا بتوانن دەست بۆ خواوەندی دایک بەرن وسەری ببڕن!
**من پڕم لە تووڕەیی فریشـتەکان.. هاتووم چەنجە دەکەم بە چاڵی چاوی تاریکی ئەهریـمەنە کاندا و دەمەوێ دەروازەیەکی ڕۆشن، کوونێکی ڕووناک لەچاویاندا هەڵبکۆڵم تا ڕۆشنایی ببینن**.. من دووژمن نیم و دۆستم، هاتووم کۆمەڵێک چاوو دەست ولچولێوی بڕاو و سەری قرتاوی مەسیح ومارپاکانم پێیە.. دەمەوێت بەئامانەت بیانگەڕێنمەوەناو ڕەچەڵەک و مەملەکە تی حەزرەتی نـوح.. بیانگەڕێنمەوە ناو ژیان. کەچی ژیان هێندە ماندووە نەبێتەوە! نازانم چی بکەم!
دەمەوێت پێتان بڵێم ئەم هەموو پەیکەر و بت وخوایانە گشتیان پەنایان هێناوەتە بەر من.. گشتیان تکاتان لێدەکەن شتێک بۆ خواوەندی جوانی و خواوەندی دایک بکەن.. چونکە ئە وان لەئاسمانەکاندا بێخەوو وەڕزو ترساوو تووڕەن.. چاوەڕوانی بێدار بوونەوەی نەوەی حەزرەتی نـوح دەکەن.. چونکە ئەوانیش سەریان لێ شێواوە.
جا بۆیەتکاتان لێدەکەم لە فەرموودەکانی ئەم کتێـبە تێبگەن.. چونکە لێرەدا خواکـان هەست بەپشوو دەکەن.. خواکـانی گەردوونی ئەم کتێـبە پڕن لەئازادیی ئەوین؛ پڕن لە ژیان.. لە تێکەڵ بوونی خواکـان، بتەکان، هاوڕێ وهاوسێ و مـرۆڤەکان پڕن لەبانگی یەکگرتن. ئەوان پەنایان هێناوەتە بەر من، چونکە شەیتانەکان، دێوەکان ڕووی زەمینیان تاریک کردووە، دێو گەلێک لەئێوەی داگیر کردووە. دێوەکان خەندەی ژیانیان شێواندووە! ژیان گیانی ئالوودە بووە. ژیان خەندەکانی ونکردووە.
مـرۆڤی ڕەسەن  کەئەم کتێـبە دەخوێنێتەوە، پێویستە بە خۆی بڵێت: بەڵێ نووسەر ڕاست دە کات، من لەعیشق تێدەگەم.. من دەتوانم سنوور بۆ دێـوەکانی جیـهان دابنێم. من ئیمامم، قە شەم بیسکۆپ وراهیب وبوودا و پەیامـبەری جوانی و هونەرم. من خەندەکانی ژیانم. هەست وسۆزی دۆعاو ژیان و فاتیمەو لەیلاو هتدـم..
( بەڵام لەوانەنیم کەباش باس نەکراون لێرەدا!) من فەیلەسوفێکی گەردوونی هونەرم..
هاتووم باسی داستانەکانی  حەزرەتی نـوح-تان بۆ دەکەم. من بابایەکی ماندوو شەکەتم،پڕم لەپەیامی جوانی.. من خاوەنی گەردوونی عیشقم.. دەتوانم بەعیشق جیـهان ڕزگار بکەم..
هاتووم هەمووتان بخەمە گریان، فێرتان بکەم ڕێز لەگریان وپێکەنینەکانتان بگرن..
دەبێت وێنەی خەندەی عیشق لەسەر دیواری ماڵەکانتان هەڵواسن.. دەبێت فێر بن جەزای تاوانەکانتان بدەنەوە. کاتی ئەوەهاتووە کات ڕابگرین، تا شتێک فێر بین.. تا تێبگەن کە ژیان وەها ناچێتەسەر. دەبێت لەخۆتان خۆش بن!
ئەم کتێـبە موڵکی جیـهانەو بەسوودی شەر نادوێت.. چونکە من ناوبووژی کەری خواوەندو ئەهریـمەنم.. **خواوەند دەفەرمووێت: من ئەهریـمەنم دروست نەکردووە.. لەناویشی نابەم، بەڵکوو تەنها مرۆڤ خۆی دەتوانێت سنوور بۆ هەموو هێزێک دابنێت، مرۆڤ دەتوانێت**

**خواوەند ببینێت. مرۆڤ تەنها بە باڵی عیشق دەتوانێت بەهەموو گەردوونەکاندا بفڕێت.. عیشق کەرامەتی مـرۆڤایەتییە بە ملیۆنەها باڵ دەفڕێت.. کێ دەتوانێت بیگرێت یان سەری ببڕێت؟ کێ دەتوانێت ؟ من تەحەددای هەموو جیـهان دەکەم، بابێن، گەر دەتوانن عیشقی من لەناو بەرن.. من پەیامی حەزرەتی نـوح-م.**

هەموو ئایینەکان باوەڕیان بەبوونی من هەیە. من لەسەری حەزرەتی نـوحەوەبانگ دەدەم؛ دەفەرمووم: جیـهان بەلێبووردن وهاوکاری وخۆشەویستی ڕزگاری دەبێت. بە دڵنیایی ئافرەتان، بە نیشاندانی خەندەکانی ئەوان.

خۆشەویستی تۆوێکی خێرە من دەیچێنم، خەندەی ئافرەتی پیرۆز پەیامە و لەشێوەی دڵی سپیدا ، لەشێوەی گەڵادا لەشێوەی تەماشا جوانەکان دروستیان دەکەم.. دەیان نێرم بۆ جیـهان، دەیانبەخشمەوە.. من هاتووم لەخۆشەویستیدا بتوێمەوە؛ ژیان بلاوێنمەوە؛ هاتووم مـرۆڤایەتی پڕ بکەم لە هەستی هونەرو جوانی. لەووشەکانم کەشتییەک، نیشتیمانێک، بۆ بێـوڵات دروست دەکەم، کەشتییەکەی حەزرەتی نـوح.

لەو خەیاڵانەدا بووم.. زرم کات وەستا.. شتێک بەخەیاڵمدا هات.. ژیان لەبەرچاوم نەما! خواوەندی عیشق بەتەنها بەجێی هێشتم. شتێک هات..

مێرولەیەکی سپیی جوانی باڵدار هات.. هات لەسەر پەنجەی شایەتمانم نیشتەوە، سڵاوێکی لێکردم و فەرمووی: بگەڕێرەوە بۆ نیشتیمانی نـوح. میللەتی نـوح چاوەڕێت دەکات. بڕۆ ببە بەمامۆستا لەگوندێکدا حیکایەتی مامۆستا مێش بۆ منداڵان باس بکە. باسی ئەفسانە کانی منداڵیی حەزرەتی نـوح، سڵاوی خوای لێبێت. هەستە کوڕم.. بڕۆ، وانە نەستەقەکانت، پەیامی خواکـان بکە بە پەخشانی کوردی و بیکە بە وانەبۆ منداڵانی هەموو جیـهان.

منیش نووستم. لەجێگەی خۆمدا ڕاکشام. چونکەحەزرەتی مێرولە دۆعای بەسەردا خوێندم.. لەخەونمدا دوو فریشـتە هاتن، هەردووکیان سپی. دوو شاباڵی مەتینیـیان لەسەر شانم ڕواند.. فەرموویان: بفڕە بەناوی حەزرەتی نـوح. منیش فڕیم. فڕییم. فڕیم.. تاگەییمەسەر کانییەک لەکانییەسازگارەکانی کوردوستان، لەوێ لەنگەرم گرت و بەماندوویی لەئافرەتێکی جوانم پریسی بۆ جامێک ئاو. ئافرەتەکە یەکاویەک لەدۆعا دەچوو.. لەپێشدا تەماشایەکی تێگرتم؛ بەوە شوێنەواری شەکەتیی لەگیانمدا ڕیشەکێش کرد.. پاشان لەبری جامێ ئاو، جامێک دۆی پێ دام.. فەرمووی: فەرموو برام.

ئەم بەسەرهاتەتەواو نابێت. چونکەمێرولەکەبێداری کردمەوە.. بۆیە لەداهاتوودا باسی وانە کانی مێرولەتان بۆ دەکەم. چونکەمن لەجیـهانی خەیاڵدا مامۆستای منداڵانم. ئەفسانەی مێرولەکان بە خەیاڵ بۆ منداڵان باس دەکەم.

# تابلۆی جووتبوون

ئەزانم باوەڕ بەڕاوەستاندنی کات ناکەیت، ئەزانم! بەڵام دڵنیام ئەگەربێتو سەیری میلی کاتژمێربکەیت، دەبینیت لەنێوان چرکەکاندا میلی خوولەکـژمێر ڕادەوەستێت، لەوێداکات دەوەستێت، لەوچاوتروکانەدا گیانێک دەمرێت گیانێکیش دەزێت..کەکات وەستا، من لەدوورگەی هەستکردن بەکەمیدا هەستم بەتەنهایی دەکرد، بەزەییم بەخۆمدا دەهاتەوە.. گوێم لێبووئافرەتێکی جواکیلەی شەرمن، کە لەمێژبوو لەتاو گەڕان بەدوای خەندەکانی خۆیداماندوو بوو، لەبەردەم پەنجەرەی ماڵەکەمدا ڕاوەستابوو، هەڵدەلەرزی وسەرمای بوولەگەڵ دێـوێکدا لەتاریکیدا دەدوا! نازانم چی ڕویدەدا.. زۆری نەبرد تەق‌تەق‌تەق لەشووشەی پەنجەرەکەی دام. من سەرگەرمی هۆنینەوەی هۆنراوەیەک بووم بۆگەردنی ئەو، سەیری تابلۆیەکی خۆمم دەکرد کە بەرلەساڵانێک لەوەوپێش بۆ دراوسێیەکم دروست کردبوو، تابلۆکەم ناوی هەستکردن بە نییانی بوو.

کاتێک کەسەرم هەڵبڕی، ئەوم بینی هەڵدەلەرزێت، سەرمایەتی. ووتی: دەتوانیت کەمێک گەرمم بکەیتەوە؟ بەتەنیا لەماڵەوە سەرمامە، دەترسم، دێـوەکان بانگم دەکەن.

ووتم ئەی نابینی من لێرەدا پاسەوانی جوانیی تۆم؟ فەرمووی دەتوانم ئەمشەو لەپاڵ تۆدا بنوم؟ دەتوانم بێمە ژورێ؟ فەمووم ماڵی خۆتە، کیژۆڵەیەکی وەک تۆجوان چرایەکە ماڵ ودەروون ڕووناک دەکاتەوە. هاتە ژوورێ، ژوورەکەم داگیرسا بەنووری خەندەی.. میلی کاتژمێرەکە وەستا.. ئەویش لەگەڵ مندا، من لەگەڵ ئەودا پێکەوە سەیری تابلۆکەمان کرد، فەرمووی: ئەو تابلۆیە زۆر جوانە کەی دروستت کردووە؟

فەرمووم ئەوە تابلۆی هەستکردن بەنییانییە.. لەوکاتەداکەجارێکی تر میلی کاتژمێرەکە ڕاوەستا، تووکی دەستم بەر تووکی نەرم و زەردی مەچەکی کەوت، بە ڕێکەوت ختووکە بەر گیانی کەوت.. مووی مەچەکی هەردوکمان، خۆشاییان پێگەیشت، دەستمان داوای دەستی یەکتریی کرد، لێومان بەلێوی یەکتریدا نووسا، دڵمان پێکەوە ترپەی دەهات، هەستمان تێکەڵ بەهەستی یەکتری بوو، من لەودا دەفڕیم وئەویش لە مندا دەنیشتەوە، لەناو دەمیدا ئاوی ژیان، شیلەی گیانم مژی، ئەویش دەپاڕایەوە، دەیگووت: ئاه، توخوا مەمکم بۆبمژە، دەست بۆ هەمووگیانم بەرە، تێکەڵم بە، خۆشم کە، لامل و ڕوومەتم بۆن بکە، دەستت بخەرە ناو دەستم، بمگێڕە بە گەردوونی خۆتدا، وەرە ناو گیانمەوە، من گیانم بۆتۆ دادەگیرسێنم، وانەبێت گەرمایی بەخۆم ناگات، تێکەڵم بە ساتێ چونکە کات دەوەستێت و هەمیشە لەم خۆشاییەدا ئاووشێلەی گیانم دەتکێ، بمژەنە وەک کەمانچە، فووبکە بە کێڵگەی لەشما، تێکەڵم بە توخوا، ئاخ خوای گەورە، وای.. ئووف..

دەستمان تەواو لەدەستی یەکتریدابوو، دەممان لەناودەمی یەکترو گیانمان لە ئاسماندا باڵەفڕێی بوو!

خەو یاخوود ڕاستی!.. دوو پەپوولەی گەورەو پرتەقالی هاتن بەفڕەی باڵەکانییـان، لەمسی لەشی هەردوکمانییـان دەکرد، ئێمەی لەوولەمن دروست دەکرد، لەیەکتریدا زۆر دەبووین، لەناو دەروونی یەکتریدا

دابەش دەبووین، یەکتریمان وەکوماچ دەهاتە بەرچاو، جوان زۆرجوان ژیانمان دەبینی ناز دەکات، چاوەکانی هەڵمیان دەکرد، لێوی دەلەرزی، گێژدەبوو سەروومل و باڵ و لەشی بۆ ڕانەدەگیرا، دەتوایەوە لەخۆشیدا، ئاو لەدەمی دەزا، سەرگۆی مەمکی دەرمانێکی شیرشێوەی ناسک وشیرینی لێدەتکا.

شیراوێکی ڕوون ورۆشن وەک تەنافێکی هەڵم.. کە تامی گیانی دەدا، بۆنی بغوردی لێدەهات، کەسەیری چاوانیم کرد.. بینیم خواوەند لەوێدا، لەناوگلێنەی تاریکی چاوی کووژەکەییدا تەماشامان دەکات، بەدەم خوێندنی وانەی نێوان یەککگرتنی دووگیانەوە، خواوەند دەگەشایەوە، زۆردەبوو، بە نەرمی تەماشاکانی پڕی دەکردین لەسروود، لە بەخت، لەکامەرانی، پێکەوە پڕدەبووین، لەیەکتری.

کەچاوانی دەنایە سەریەک، کە ئاو بە لێویدا دەچۆڕا، میلی کاتژمێرەکە نەدەبزوا، کات دەوەستا و سەیری ئێمەی دەکرد، لەوون بووندا کات دیار نەدەما!، لە دیارنەمانی ئێمەدا کات دەوەستا، خۆشایی نێوانمان دەزا، سروودێکی خۆش خوڕەو دلۆپی ئاو ؛ مۆسیقایەکی گیانی بوو لەهەستماندا تکەی دەکرد، خوڕەی دەهات. لەوێدا کە دووگیان ڕاستگۆیانە یەکتری دەگرن، یەکتری پڕدەکەنەوە، یەکتری دەلاوێنن و یەکتری دەڕازێننەوە، گیانیان دەگەشێتەوە.

گیان سرودێکی لێ دەزێت، خواوەندێک پیـرۆزو ڕووسپی دەبێت، شەرمێک ئاوڕ لە تەماشا دەداتەوە..

**گیان ئارەق دەکاتەوە، گۆی مەمکی ئافرەت شیلەیەکی گیانی دەردەدا کە مـرۆڤی پێ پیـرۆز دەبێت، کەشیفای گیانە، تەنها ئەوئافرەتانە ئەو شیلە گیانییە دەردەدەن، کە خەندەکانیـیان وون ناکەن لە جووتبووندا وخۆشایی بەدەروونیـیان دەگات.. مووچڕکە بەگیانیاندا دێنێت ودەبات، هەستەکانیان ختووکە دەدات.**

مەرج نییە جوتبوونیش ڕوودبدات، چونکە من باسی خۆزگەیەک دەکەم، خۆزگەیەکی وون بوو لە وڵاتی هەستکردن بەکەمیدا. کەتیایدا خۆزگە بەرلە لەدایک بوون، سەقەت دەکرێت، بەر لەزایینی لەبار دەبرێت، تیادەچێت. چونکە گیانی دوو مرۆڤ بەیەک ناگات. چونکە جووت بوون بووە بە شەرمێک، بە لادان لەتەوەری هارمۆنیی نێوان دووگیان. چونکە مرۆڤەکان جەمسەری یەکترییان لەدەست داوە. چونکە ژیان تەنها کراوە، چونکە عیشق پەتکی سەگێکی لەدەستەو لە پیاو تۆقیوە! چونکە پیاو ڕقەکانی ئەستوور بووە. ڕۆژانە من هەزار خەندەم دەکوژرێت لەم غەریبایەتییەدا، لەم نامۆییەدا..ڕۆژی سەدان خەندەم سەردەبڕدرێت! لەدوورگەی هەستکردن بەکەمیدا، دوای ئەوهەمووساڵانەی تیایدا خەندەکانیـان بەتاڵان بردم پێم دەڵێن: بڕۆڕەوە بۆ وڵاتی خۆت، چی دەکەیت لێرە؟ تۆ لە ئێمە نییت!

منیش بەخەندەیەکی لەرزۆکەوە دەڵێم: ئاخر ئـێوە ئاراراتتان کردووە بەماڵی دێـوەکانی توورک، زاگرۆستان پڕکردووە لە دێـوی قەپ ئاسنین، میللەتی نـوحتان بێ دەستووپێ کردووە.. ئـێوە دەیان وسەدان وهەزاران قوونبەلەی مین وچەکی لێزەرو کیمیایی ونەووەویتان فرۆشتووە بەشەرق، من جێ نییە پێی تیادا دابنێم لە زاگرۆسدا! چونکە ئـێوە پڕتان کردووە لەمیین!

شەڕی ئـێوە براوەتە کوردوستان، ئـێوەی پاشەڵ پیس ، بەعس پەرست بوون، هەموو چەکێکتان پێیدا تا میللەتی خۆتانی پێ لەناو بەرن، کەچی شەرمیش ناکەن، لەخاکی باوکتان دەرم دەکەن؟

بە مـرۆڤە تاک وتەراکانی دوورگەی هەستکردن بەکەمی دەڵێم: من هاتووم یادتان بهێنمەوە ئـێوە کێن؟ کوڕ وکچی کێن؟ لەکوێوە هاتوون!

من دەتوانم پێتان بڵێم من هەست و نەستی ئـێوەم، من مـرۆڤێکم پەیداغی بغوردم هەڵکردووە، بە پلەکانی بینیندا هەڵگەڕاوم، من قوتبەکانم دیوە، ئـێوە لەقوتبی مندا تێکەڵی گۆشت وخوێنمن، ئـێوە نەوەی منن،

منیش لەنـوح-م..گەلی ئـێوە زۆر لەمێژ نییە ڕاونران لەترسی تەتەرو خێوی عەرەب وتورک، چونکە ئەوان داگیرکەر بوون.

ئەوان مـرۆڤیان دەخوارد، بۆیە بەشێک لەئـێوە دوور دوور هەڵاتن، هونەری کەشتی دروستکردنتان لە نـوح-ەوە بۆ مابووەوە، کەشتیی چارۆکە دارتان دروست کردوو گەڕانەوە بەستەڵەکەکان؛ تا دێوەکان دەستیان پێتان نەگات، چونکە مەوتینی دەستپێکردنمان بەفربوو، ئیتر وەها هاتین ئۆدینمان کرد بەخوا، توورو فریدا هاتنە هانامان، فێریان کردین لەباوەشی ئەواندا چاوەڕوانی هاتنی مـرۆڤی بێـوڵات بین تا فێری ژیان بین! کەچی دەتانبینم ئێوە کوێرن، بوون بەدێو. چونکە جوانییەکان نابینن. ئەوەی جوانیش نەبینێت، دێوە. دێو کەسێکە کە شەڕ لەژیاندا زۆر دەکات، درۆ دەکات، ترس بەرپا دەکات.

ئەوە منم ئـێوە چاوەڕێی دەکەن.. شەرم بکەن مـرۆڤ نابێت ببێت بەدێـو دژی خاوەنی خۆی! ئـێوە لەمنن، نەک من لەئـێوە، چونکە من ئۆدینی خواوەندی ئـێوەم دیوە.. من بە زمانی ئەو لەگەڵتان دەدوێم..

من هاتووم فێری خۆشەویستیتان بکەم، هاتووم مژدەی خەندەم پێیە، من هەموو خەندەکانم بە سەرئـێوەدا بەخشییەوە، کەچی ئـێوە بریندارم دەکەن! تووڕەم دەکەن.. مۆرەم لێدەکەن! من لێتان زیزم!

من مامۆستاکانی بوودیزم لەغەیبا دەناسم.. من ئەوان فێری وانەی گیانیی و ئاکاپونکتووری هەست دەکەم، من بەتەمام ڕاهیب وبیسکۆبەکانتان فێر بکەم چۆن چارەی سەرەتان ودەردە چاوەڕوان کراوەکان بکەن..

من مامۆستام لە گیان ناسیدا.. هونەرو ئەدەبی من پڕن لە وانەی پەتی، پێویستە فێرتان بکەم.

من مژدەی جوانـییم پێیە، مژدەکانم لەو منداڵانە دەچن کە تەماشام دەکەن، زۆر بەرز تەماشام دەکەن وخەندەکانم فێر دەبن وخەندەم پێدەبەخشنەوە، من گیانی خەندەکانم پێیە وبەگۆرانییەوە سەمایان لەگەڵ دەکەم، من ڕەنگەکانی حەزرەتی جوانـیم پێیە، ئەگەر تووڕەم بکەن.. تابـلۆکانتان نیشان نادەم!

پێتان دەڵێم من هاتووم فێری فەلسەفەی گیانی وپراکتیزەی ئەوتان  بکەم. دەمەوێت فێرتان بکەم هەرگیز بەهەڵە لاقەی ئافرەت نەکەن.. ئەو کارە بە داخوازیی هەردوولا ئەنجام بدەن.. هەستی یەکتری مەڕەنجێنن، یەکتری پەشیمان مەکەنەوە.. چونکە پەشیمانی کۆرپەی سەقەت بەدی دێنێت لە پەیوەندیی گیانیی درۆدا! نەکەن، بەدرۆ تەماشای یەکتری مەکەن.. ئەمە ئامۆژگارییەکی مەزنە وتێی بگەن. لە جووت بووندا پشت لەیەکتری مەکەن.

مێرولەیەکی گێژ هات، فەرمووی دراوسێکەتان زەهری ڕشتووە بۆمان، سەدان مێرولەی لەناو برد.

مێرولەیەکی پیر فەرمووی: بەو کارەی پاداشتێکی دۆڕاند.. ئەوەی ژیانێک لەناو دەبات.. ژیانێک لەدەست دەدات.. ئەوەی کەسێک بکوژێت لەخۆڕا، وەک ئەوە وایە خواوەندی لەناو بردبێت.

مێرولەکان فەرموویان: مەترسە حەزرەتی نـوح.. چی لە دڵتدایە بیدرکێنە.. ئێمە دەبین بە لەشکرێکی ساموورایی مەزن و پاسەوانییت دەکەین. ئێمە باسی عیشقێکی نوێ بۆ نەوەی نوێ دەکەین. ئێمە بەکاری جوان، کردەوەی جوان، ووتاری جوان ـ مرۆڤ دەکەین بە نمایندەی فریشتەکان.

# تابلۆی ئەنفال

**جارێکیان مێرولەیەک لە بیابانەوە.. نازانم چۆن! خۆی گەیاندە نێو ژووری زیندانەکەم و باڵێکیشی لەو سەفەرەدا لە دەست دابوو. بە دەوری خۆیدا سووڕی دەخواردو هانای هێنابووە بەر من. هەواڵێکی سامناکی پێ بوو. فەرمووی لە ئەنفال کراوە کوردەکانەوە سڵاو. دواهەمین هەواڵ کە لە بیابانەکانی خواروا ڕوو دەدات ئەمەیە کە ئافرەتێک بۆ سێیەمجار تەعدای لێدەکرێت و گیرفانیان تاڵان کردووە. چونکە ئەو تەنها داوای لە دێوێک کردبوو تا مۆزێک بدات بە منداڵەکەی ـ تا منداڵەکەی لە زەجری برسێتیدا هێندە نەکڕوزێتەوە.. چونکە دایک بەرگەی ئەو ژانە ناگرێت.**

**کەچی دێوەکان گەرچی پێنج هەزار دیناریان لەو سەندبوو. مۆزەکەیان نەدەدا بە منداڵەکەی!! دوای ئەوەی کە خۆیان تێرکرد، ڕەحمی ئەویان پڕ کرد لە توێکڵە مۆز و تا گیانی دەرچوو. یاریی تۆپێنیان بە منداڵی ئافرەتێکی تر دەکرد/ کە بە زەبری پۆستاڵ لە سکی ئەدا دەریان پەڕاندبوو و لەباریان بردبوو!! جا خواوەندی ئەمانە و خواوەندی خۆت وەکوو یەک تەماشا دەکەیت!؟**

**ئیتر کوردینە چۆن چاوەڕوانی لە گەلی عەرەب دەکەن تا ماف و ئازادی و ڕێزتان نیشان بدەن! بە ڕاستی کورد و عەرەب برا نین.. ئەوەی باوەڕی وایە؛ مانای وایە غەدر لە خواو لە خۆی و لە ئازادی و لە مرۆڤایەتیش دەکات. مێروولەکان بە بیستنی ئەو هەواڵە گریان.**

**مێروولەیەک فەرمووی: مەگەر سیاسەتمەدارەکانی کورد ئەم ڕاستییە نازانن!؟**

**مێروولە ڕەشە باڵبادرەکە ڕاستەوخۆ دوای گێڕانەوەی ئەو ڕووداوە جەرگبڕە ـ گیانی سپارد بەمن. منیش وەک یەکەمین مێروولەی ڕەش ئەوم بەخشی بە جاڵجالۆکەی پیرۆز تا بە دەزوولەکانی قووماتی بکات و بە درەختی زەماندا وەک دڵێکی ڕۆشن هەڵیواسێت! تا جیهان بزانێت کە درەختی زەمان جێگەی مێروولە ڕەشەکانیشی تیا دەبێتەوە.**

کاتێک کەکات دەوەستێت ، سروشتی ئایینەکان دەگۆڕێن، درۆکان گەورە دەبن؛ دزێوی خۆی گریمان دەکات بەسەر ڕابەرەکاندا. مـرۆڤ تووشی پەشیمانی دەبێت دەرهەق چەپەڵیی خۆی ، مرۆڤەکان دەبن بە دێو؛ دێوی دزێوو هەر کەس لەوی تر دەترسێت. ئیمامێک دەیەوێت لەجەهەننەمی سەرزەوییەوە سەردەربهێنێت و بڵێت: شەڕماندووە لەدەستی بەشەر، شەڕ هیلاکە لە تەماشای بەشەر. مرۆڤ پیس بووە. بەر لەوەی ئیمامی بەستەزمان شتێک بڵێت ، دەیگرن وزمانی دەبڕن، سەری دەبڕن، تەرمەکەی بەشەقامەکاندا ڕادەکێشن. شێتەکانی شاریش حەپەساو سەیری ئەو دیمەنە دێرینە دەکەن. سەیری کەلتووری دێوەکان. هەمووتان پێکەوە لەتەماشای شەڕی خۆتاندا ؛ لە ترساندا شادن، لەیەکتری دەترسن، لەخۆشەویستی دەترسن ، لە نازی ئافرەت و لەپرسیاری منداڵەکانتان دەترسن. ئـێوە لە جوانی دەترسن.. چونکە ترس دێـوێکی مەزنە وئـێوەی داگیر کردووە. مـرۆڤی ترسنۆک مردوویەکی زینـدووە. کە کات وەستا بیربکەرەوە.. ئەوەی لەپێناوی خوادا دەکوژێت، سەردەبڕێت، تاڵانی دەکات، دووژمنی خوایە. دێوێکی زبرە.

خواوەند پێویستی بە شەڕ نییە، ئـێوەن ئەهریـمەن پەرستی دەکەن ودزی و کوشتاروخوێن خۆریتان کردووە بە خواو دەیپەرستن. ئەمەش بێئەمەکییە دەرهەق ڕاستی و جوانی و شکۆ.

چاتروابوو بتەکان بپەرستن، چونکە بتەکانتان مت و بێدەنگن‌کەس نەیتوانیوە بڵێت: بتەکان بوختانکەرو درۆزن بوون! بتەکان زۆر لەمـرۆڤ ڕاستگۆتر بوون.. ئەوان داوای سەری کەستان لێناکەن، بەشی کەس ناخۆن، من لەخوای ئـێوە چاکتر لە خێر تێدەگەم. خێر جێگەی شەڕی تیا نابێتەوە.

من لەجەهل و شەڕی ئـێوە دەترسم، چونکە ئـێوە ئابڕوی خوا وئازادی وباوەڕتان هەتک کردووە، ئایینەکانتان پیسکردووە.

ئـێوە منداڵەکانتان پڕدەکەن لەباروت، پڕیان دەکەن لە شەڕو زەڕڕاتی بوونیـان دەتەقێننەوە، دڵی دایکیان لەبێخەوە دەردەهێنن.. حاشا لە شەڕوخێرتان دەکەن، بەلەعنەت بن ئەی ئەوانەی لەپێناوی خوادا چەکتان هەڵگرت.

پێویستە بەسەرخۆتاندا بچنەوە، خواوەند هەزار مەلائیکەتی بۆ ئـێوە نەناردووە، ئەگەر ئەوکارەی لەدەست بهاتایە دووپاتی دەکردەوە، دەینارد لەشکرێکی دیکە، دڵی هەمووتانی دەردەهێناو پاک پاک دەیشۆرییەوە، هەروەکو دڵی پێـغەمـبەری ئیسلام، چونکە ئەوەی دڵی بەدەستی مەلائیکەتەکان شۆردرا، خەوشەکانی پاکژدەبنەوە، بەڵام ئـێوە ئەی دڕندە ئەی دڕندە خوێن خۆرەکان هاتن ئابرووی خواتان برد، تاکوتەنها بەجێتان هێشت، کردتان بە بەخشەرو هاندەری شەڕەکانتان.

سروشتی خواتان شێواندو ئەوتان کرد بە داهێنەری شەڕو ئەهریـمەن، ئەم شێتییە هەتاکەی دەبەنەسەر، گوێ بگرن ئەی موسوڵمانان.. خواوەند تاکو تەنها نییە.. خواوەند تەوژمێکی سپیی باڵ بروسکە ئاسایە، بوونەوەر دەبڕێت، دەفڕێت‌لەشەڕی ئـێوە دوورە پەرێزەو کاری بە ئـێوەوە نییە، خواوەند هیچ باوەڕی بە ئـێوە نییە، تەنانەت شەڕیش لەئـێوە دەترسێت.

ئـێوە دەربازبوونتان نییە، ئەوەی ماڵێکی تاڵان کرد ماڵی کوڕی کوڕەکەی بەتاڵان دەبرێت، ئەوەی سەرێکی بڕی، خۆی سەربڕی، ئەوەی خوای خۆی نەناسی ئەهریـمەنەکانی پەرست، واز لەسرووشتی خوابهێنن، واز لەپەرستن بهێنن، ئەوەی دەیکەن گشتی ئەهریـمەنەکان ودێـوە بێدارەکانی دەروونتان ڕازی دەکات.

من لەهیچ خواوەندێک قبووڵ ناکەم ڕازی بێت بەوەی زمان ودەست وسەری مـرۆڤ لەپێناوی ئەودابیبڕم، ئەگەر دەتانەوێت سەرنج لەخواکـانی من بدەن ـ فەرموون.

من هەزاران هەزار خوا دەبینم لەبەردەمما ونایشیان پەرستم.

خواوەند هیچ پێویستی بەمن نییە، خواوەند جەللادو پیاوکوژو دز نییە، خواوەندی من منەتی ئەهریـمەن نازانێت، بگرە هەمیشە پشتی کردۆتە شەڕ.

وەرن منیش سەربڕن، من لە سروشتی خۆمدا ئازادم دانیشتووم سەیری ئەو هەموو پێـغەمـبەرانە دەکەم کە شێت کران، دەربەدەرکران، ڕسواکران، سەیری بتەکان دەکەم، بتەکانی سەردەمی جاهیلیتان، بانگیان دەکەم دێن بۆلام، دەڵێن: چەند میللەتێکی برسی هەن چاویان لەماڵ وسامانی یەکترییە لەپێناوی نانێکدا سەد سەر دەبڕن، ئەگەر ڕۆژێک وازلە توورەیی و شەڕ بهێنن، دەمرن.

ئەوان نە لەئایین تێدەگەن، نە لە خواوەند تێدەگەن، ئەوان دوژمنی خواو دۆستی دێرینی شەڕو ئەهریـمەن ودزی وتەعداو هەڕەشەن.

دێـوەکانی شەڕ دڵی ئەوانیـان کردووە بە مەنزڵ. لات وهوبەل وایان ووت، وتیان ئەبوجەهل لەقوتبی مەراتیبی خێردا زانابوو. وا مەزانن هەرچی موسوڵمان نەبوو، مەرگی حەڵاڵە، ئـێوە هێشتا فێری خوا پەرستی نەبوون، هێشتا فێری ناسینی کەرامەتی خۆتان نەبوون.

ئافرەت سەر دەبڕن، هەتکی دەکەن، بەکەم سەیریان دەکەن، منداڵەکانتان فێری شەڕ دەکەن. ئەبوو جەهل لەقوتبێکدا فەرمووی: لەڕاستیدا من ژیرترین کەرامەتی قورەیش بووم، بەڵام لەبەر ئەوەی لەوان نەبووم بە ڕەچەڵەک، نەیانهێشت ئایینەکەم بەناوی خۆمەوە بڵاو بکەمەوە.

بردیان پڕیان کرد لەشەڕ، خواوەندیان تەنها کرد، شیرەکانیـیان هەڵگرت ووتیان: ئێمە هەموو جیـهان سەر دەبڕین. وای فەرموو ئەبوو جەهل. فەرمووی: هەن تۆڵەیان کردووە بە کەلتوور، شەڕیان کردووە بەخوو، ئەهریـمەنیـان کردووە بەخوا.. لێخۆشبوون لە مەزەبیاندا نییە..هەموو خراپەیەک بۆخۆیان بە ڕەوا دەزانن، تا بەهانە بهێننەوە بۆ کینەی تۆڵەکانیـان، نەک بۆ لێخۆشبوون!

کاتێک بتەکان لەتاو شەڕی ئەهریـمەنەکان دێنە زمان، دێنە هانای حەق، بتێک لەبتەکان ناوی خۆی پێ نەگوتم، دەترسا لەوەی سەری ببڕن، بەمنی گووت: ئەگەر ڕاستی بڵێیت سەرت دەبڕن بەردەبارانت دەکەن، دیمەنێکی داهاتووی خۆمی نیشان دام!

خۆمم بینی لەبازاڕێکدا مـرۆڤەکان بۆنی ئارەقی دێـویان لێدەهات، بەرد بارانیـان دەکردم، تفیان دەکردە کەرامەتم، خوێنی دڵ و جەرگ وسەرو چاوم دەپژا، ئەوەی دەیویست بە ڕەحمبێت دەرهەقم ـ لەگشیان زیاترتووڕە بوو لێم، کفری دەکرد، جنێوی دەدا ؛ ڕەجمی دەکردم.

بینیم تاشە بەردێکی لەدەست بوو دەیویست سەرم بفلقێنێتەوە، دەیویست دەوروبەری پێ بترسێنێت، بینیم ئەهریـمەن گاڵتەی بەمن و بەوانیش دەهات! بەڵام من دەربەست نەدەهاتم،دەمویست لەبری شایەتمان لەبیرم نەچـێت بزە لەسەرلێوم وون نەبێت،چونکە من لەدۆخی ڕەجم کردندا دەمتوانی هەست بە ئازادیی خۆم بکەم، دڵنیابووم لەوەی بەخەندەیەک دەتوانم ژیانێک دەربازبکەم. **بڕوانە بەڵگەی وتەکانم، ئەهریـمەن لەشەڕی نێوان مـرۆڤەکان هەڵدێت، بەوان دەڵێت من لەخوای خۆم دەترسم.انفال،ئایەتی** 47 -48ل183.

شەوێکیان لە قاڵبی پەنابەریمدا بووم بە خودی پیـرشالیار، لەخەونمدا لە خامێکی سپیدا پێچرابوومەوە، لەسەر عەرشێک لە پایتەختێکی مەزنی ئەم جیـهانەدا دانیشتبووم! نەمدەزانی لەکوێم! بەڵام دەمزانی بۆچی لەوێم، چونکە بووبووم بە سەرۆکی وەزیرانی وڵاتە یەککگرتووەکان، لەسەر عەرشێکی سپی لەبەرگی سپیدا دانیشتبووم، سەیری شاشەیەکی هەواییم دەکرد، شاشەیەک کە خۆم دروستم دەکرد لە سەر سینەی شەماڵ! جگەرەیەکی سپیم لەدەست بوو، بۆنی گوڵی وشکی سپیی لێ دەهات ، بۆنی پرچی فریشـتەکانی لێ دەهات، ئەو فریشتانەی لە دەستی چەپ وڕاستم دانیشتبوون وفلووتیان بۆ لێدەدام! دڵم نەدەهات دایبگیرسێنم..

لەجیـهانی خۆمدا مت بووم..سەیری ئاوارە بوونی میللەتی نـوح-م دەکرد، دەمبینی چۆن گورگەکانی بەعس وتورک قڕیان دەکەن، دەمبینی لەهەر کەلێنێکی کورد ئاوادا قات وقڕو کورد کوژی بوو! دیمەنەکان ترسێنەر بوون، مـرۆڤم دەدی بە گولەی تۆپ دوکەرت دەبێت وپارچەیەکی لەشی بەدوای پارچەکەی تریدا دەگەڕا !

**لەگۆشەیەکی ترەوە ڕووخانی ڕژێمی بەعسم دەدی! دەمبینی پیرەژنێک لاشەی دووگورگی تۆپیوی بەعس بەکۆڵانەکاندا کێش دەکات وبەدەم گریانەوە دەڵێت: شەرت بێت لەخوێنی ئەم دڕندانە بخۆمەوە، ئەمانە لەوەتەی هەن گۆشت ومێشکی منداڵی کورد دەخۆن، ئەم زوحاکانە واز لەڕۆڵەکانمان ناهێنن.**

دەمبینی لە دارفور، لەسۆماڵیا، لە گانا، گامبیا مـرۆڤ بەبرسێتی سست وبێژیان هەناسە دەدات! دەمبینی جیـهان سەری لێشێوابوو، ژیان سەری لێتێک چووبوو!هەموو شتێکم دەبینی، تەنانەت مـرۆڤە ماندووەکانی ناو کانە خەڵووزەکانی ژێرزەمینم دەدی چۆن دەکەونە ژێر داتەپینی کانەکانەوە!

مـرۆڤی پیـرۆزم دەبینی خۆی مەزات دەکات لەسەر شەقامەکانی دەوڵەتانی جیـهانی یەکەم، هەزاران منداڵ لەچرکەیەکدا خۆیان دەکوشت لە جیـهانی تەکنۆلۆژیای باییو پێشکەوتوودا! لەلایەک برسێتی و قڕان، لەلایەک بێزاری ونەخۆشیی دەروونی مـرۆڤایەتیی هەراسان دەکرد!

بە هەزاران چاو، بەچاوی پێـغەمـبەرەکان گشتیان، سەیری جیـهانم دەکرد لە شاشەی سەری خۆمدا! کونج و کەلەبەری جیـهانم دەبینی، بەتەماشایەک دەمتوانی هەموو شتێک سەیربکەم.. دەمتوانی بچمە ناو شارە مێرولەکانەوە.. مێرولە مـرۆڤ خۆرەکان.. کاتێک کە چوومە لایان ووتیان: **ئێمە هێندە تەرمی ئەنفالمان خوارد، فێری مـرۆڤ خۆری بووین، لەناو دەروونی لمی زەردەوە سەر دەر دەهێنین.. شاڵاو بۆ گەلانی بێسفەت دەبەین.. دەیانخۆین، داگیریان دەکەین.. چونکە ئەوان میللەتی نـوح قڕ دەکەن، ئەوان پیسی لە جیـهاندا زۆر دەکەن.** من هیچم نەگووت، هێندە نەبێت لە دڵی خۆمدا نووسیم: ڕاستەقینە ڕاستگۆترین پەیامی بوونەوەرە. لەخۆبووردن دەرمانێکی گیانیی پیرۆزە.

پاشان دەگەڕامەوە دۆخی خۆم، دەبووم بە سەرۆک.. قاچم دەنایە سەر قاچ وبە پۆزەوە سەرم بۆ ڕێزلێنان لەخوود دەلەقاند، بۆنێکم دەکرد بە گوڵەکانمەوە، گوڵە سپی یەکانی کۆشکی خۆم! سەیرێکی فریشـتەکانم دەکردو، لەگەڵیاندا کەمێک سەمام دەکرد،کەمێک گوێم لەناڵەی ئەنفال و سەمفۆنیای بەر لەگیاندانی ئەوان دەگرت.. پاشان کەمێک دەگریام.. ئینجا هەلدەستام و بەدەم پیاسەوە بە فریشـتەکانم دەگووت بنووسن: ئەی مـرۆڤایەتی، بەسە هێندە خۆتان ئەزێت مەدەن، واز لە بەدکارییەکانتان بهێنن، هەوڵ بدەن لەخۆتان خۆش بن، سنوور بۆ کردەوەکانـتان دابنێن. فێربن کەمێک ڕێز لەژیان بگرن.

لەخەونمدا بە پەنجەی ئیشارەت لەسەر شاشەی خەیاڵم ، سنوورم بۆ دێـوەکانی بیابان دادەنا! بازاڕەکانم سنووردار دەکرد لەگەڵیاندا.. پێم دەگوتن، بڕۆن ئایینی خۆتان بۆ خۆتان، بەسەر خۆتاندا بچنەوە! واز لەنەوەی نـوح بێنن.

من لەخەونمدا دەتوانم ببم بە شت، هەر شتێک دڵ ودەروون و بیرو هەست بیەوێت.

مێرولەکان فەرموویان: خۆزگەمان بە مـرۆڤ.. خۆزگە ئێمەیش دەبووین بە مـرۆڤ. فەرمووم: خۆزگە هەستێکی خۆشە.. چونکە منیش خۆزگە بە بوون بە ئـێوە دەخوازم..

مێرولە سپی یەکان فەرموویان: جێگەی داخە لەناو ئێمەشدا بەدکاری باوە. فەرمووم: نەخێر. چونکە ئـێوە ئاگادارن لە خێر.. ئـێوە هێشتا هەڵمەتتان نەبردۆتە سەر کەس.. ئـێوە پەیام و هەڕەشەکانی سروشتتان پێیە.

پێکەوە فەرموویان: ئێمەێ مێروولەی سپی ـ باوەڕی مارياکان و دایکان و منداڵانی جیهانین.

# تابلۆی مارياگان

کەکات وەستا، کەزرمە لە دەروونی ژیان هەستا، کە ئافرەتانی جیـهان پێکەوە بەڕوت وقووتی ڕژانەسەرشەقامەکانی شارو داوای مافی ڕژانی خوێنی کۆرپەو مێردەکانیـان کرد بەتکا. کە لافاوی خوێن بەرپا بوو. ژیان سەری لێ تێک دەچێت.
من ڕوودەکەمە حەزرەتی مارياکانی دەروونم، دەیاندوێنم، بەزمانی پیرێک، باوکێک، مەسیحێک ڕوویان تێدەکەم وگوێیان لێدەگرم. کاتێک کەکات وەستا کاتێک کە هەموو مەسیحەکان ومارياکان هانایان هێنایە بەر من، کاتێک کە پەیکەرەکان هەڵاتن ومۆزەخانەو کەنیسەو بازاڕەکانیـان جێهێشت، من لەخەوێکی ناخۆشدا ماندوبووم، دەترسام بێداربیمەوە، دەترسام بچمەدەرەوە!
ئەگەرچی هەموو پەیکەرەکان لە مندا ئاسوودە دەژیان، من دەترسام، لەخەوێکدا حەزرەتی ماریا فەرمووی: دەرگاو پەنجەرەکانی ماڵەکانتان بکەنەوە.. بچن بۆزیارەتی یەکتری.. یەکتریتان خۆش بوێت، گوێ لە یەکتری بگرن، لە یەکتری مەترسن، ئەوەی باوەڕی بەجوانی و پیـرۆزی وکەرامەتی من هەیە با خواکـانی دەروونی خۆی زینـدووبکاتەوە.
دەرگای بەزەیی وخۆشەویستی لە داماوێک، لە بێـوڵاتێک بکاتەوە. مەترسە کوڕم، هەست بەکەمی مەکە، برۆ بۆلای دراوسێکانت، باسی حەزرەتی جوانیـیان بۆبکە، باسی خێرو شەڕی خۆتیان بۆبکە، باسی فرمێسکەکانی من، باسی چارەنووسی منیـان بۆبکە کە لەدوای لەخاجدانی مەسیحی کوڕم چییان بەسەرهێنام، دەرگاکانی ووشە بخەرە سەرپشت. تەق تەق لەدەرگای خواکـانی سەرزەوی بدە، بێترس باسی منیـان بۆ بکە.
**کە وەهای فەرموو حەزرەتی ماریا، بینیم تنۆک تنۆک ئاو لە دڵی بەردەکان دەتکا، ئاسمان تاریک دەبوولەترسا، خوای باوەڕدارەکان خۆی دەشاردەوە لە ترسا! لە ترسی یەکەم ڕۆژی قیامەت، کاتێک کە مەسیح لەخاج درا، خواکـان دڵیان ڕەنجا، سروشتیان پشت تێکردو بە ئاسماندا لوورشە لوورش بەدوای خوێن وزامی مەسیحدا بەتوولە ڕێگەیەکی خوێناویدا بەدوای ئەودا دەفڕین.**

حەزرەتی ماریا فەرمووی: خواکـان زۆربوون، کاتێک مەسیحیان بینی لەخاچ درا، زەمینیـیان جێهێشت، ئیتر زەمین بۆ دێـوەکان بەجێما، دێـوەکان مـرۆڤایەتییان داگیر کرد. خواکـان بارەگا وپەرستگاکانیـان چۆڵکرد، ئیتر نەیانبینی جەللادەکان چۆن دێـوەکانی خۆیان تێبەردام!

ئەو ئێوارەیە کە مەسیح هەڵواسرا، ڕۆژی ڕووناک شەو بوو، دێـوپەرستەکان هەڵمەتیان هێنایە سەرم ، دێـوەکان تەماشایان دەکرد، بە قامچی لێدان جلەکانی بەرمیان دڕاند، بە کەڵبە خەنجەرئاساکانی شەویلگیان، لەشیان گەزیم بەزەهراوی لیکیان، توشی شێتیی هارییان کردم، پیسیانکردم، ئەتکیان کردم، پرچمیان بە قینەوە هەڵدەکێشا! دانیـان لە دەم دەردەهێنام، ڕسوایان دەکردم، منیش وەکوو دۆعا دەپاڕامەوە، کەچی خواکـان ئاگاداری من نەبوون، منیـیان لە قیامەتی جەهەننەم بەجێهێشت. ماریای ماگدالێنا لەگەڵ مندا بوو، چارەنووسی ئەو لەهیی من چاترنەبوو!

حەزرەتی ماریا فەرمووی:

هەستکردن بەکەمی نەخۆشی نییەکوڕم، هەستە بچۆرە میوانیی ئافرەتێکی تەنهاو ترساو، بچۆ ئاو بکە بەدەمی ئەوماریایانەوە کە نوقمی زەهری حەشیش وتوتن وتلیاکن، باسی جەهەننەمی بەجێماویان بۆبکە، بەزمانی شیرینی خۆت، پێان بڵێ حەزرەتی ماریام دیوە لەکۆشکی مەلیکی وڵاتی نەرویج دا بەگومانەوە بەدوای فریشتە وون بووەکاندا دەگەڕێت! دڵنیایان بکە کە نەوەی من هێشتا لەناو جەهەننەمی دێوەکاندا لەدایک دەبێت و لەناو ناچێت.

بڕوانە چۆن شازادەی وڵاتی بەفر خۆی نابینێت، کەچی بەدوای فریشـتە وونبووەکاندا دەگەڕێت! بەدوای پارچەکانی دڵ وبیروهەستی خۆیدا دەگەڕێت. بە مـرۆڤی نەرویجی بڵێ، فریشـتەکان تەنها لەئاسمان نیین! بەڵکولەسەرزەویشن، فریشـتەکان منداڵەکانتانن، تکایە زەجریان مەدەن، تەنهایان مەکەن، برسییان مەکەن، تەعدایان لێمەکەن، ئەی نازانن ئەوەی لەجەهەننەمدا توانیی خەندە لەسەر لێوی بێت، نامرێت؟!

چونکە خەندە ئومێدی خوایە. خەندە مەملەکەتی خوایە، جوانیش خەڵکی هەمان مەملەکەتە.

منیش بە خەیاڵ دەفرم، دەگەمە لای شاکچی وڵاتی نەروێژ و بەو دەڵێم : تۆ خۆتت بیرچۆتەوە، بەداخەوە، تۆخۆت فریشـتەیەکی ساوایت، بەدوای چیدا لە ئاسماندا دەگەڕێیت؟

ئەوەی تۆ نابینێت، خۆشی نابینێت کچم! سەیری حورمەتی جوانی، سەیری تەماشاکانی دایکت بکە، سەیری خەندەکانی باوکت بکە، ئەوان زۆر زەجریان دیوە، ئەوان فریشـتەکانی خۆیان دیوەولای هیچکەس باسیان نەکردووە.

حەزرەتی ماریا لە دەروونی مندا بۆ شازادەی وڵاتی نەروێژ دەدوا، چونکە شازادە لە ڕاستیدا کۆرسی دانابوو، لە تەماشای ئەسپدا بەدوای فریشـتە وونەکاندا دەگەڕا! نەیدەزانی کە خودی خۆی پڕە لە هەستی ماریای پیرۆز.

حەزرەتی ماریا فەرمووی: ئەگەر بەدوای فریشـتەدا گەڕایت، بە تەنها ئەو کارە بکە، کۆرس دامەنێ، دەستی بێباوەڕان مەبڕە، پارە لەوانە وەربگرە کەدێن وتەماشای هەیبەتی من دەکەن لە تۆدا، ببینە بەچی چاوانێک سەیرت دەکەن، ئەوانەی کە دێن ونایانبینی ودەتبینن، کوڕوکچی منن لەجەهەننەمدا، کۆرپەکانی ماریای ماگدەلێناو خودی منن،ڕاستە کە هەندێک لەوان کەڕوکوێرولاڵن، بەڵام پیاوخراپ نیین.. چونکە کاتێک ژیان وەستا، کە نیشانەکانی یەکەمی جەهەننەم سەری هەڵدا، کە مەسیح لەخاچ درا، منیـان بردە سەر قەبری مەسیح، لەوێ هەیبەت وحورمەتی منیـان هەتک کردا! لە بری گەڕاندنەوەی لاشەکەی..لاشەی مەسیحیان لەبەرچاومدا هەلاهەلا کرد، خواردیان، قاقا دڵی خوایان دەتۆقاند، پێدەکەنین وگۆشت وخوێن وچاوو دەستی مەسیحیان دادەکرماند، دەیانگووت: ئەمەگۆشتی مەڕەکەی خوایە!

من تەماشاكانم تاریک بوون، ڕۆشنایی چاوم كوژایەوە، توشی پەركەمی تووڕەیی بووم، بووم بە مـرۆڤێكی تووڕە لەخواكـان، زمانم شكا، سۆمایی چاوانم دارژا،بیستنم زڕا و تۆرا، زۆری نەبرد هەر لەوێدا كۆمەڵێک گورگ و جرج و پشیلەو سەگ وبەراز ودێـو لەمن زان، چونكە من سكم پڕبوو لە دێـوی ڕقەكانی ئەوان! واتە دێوەكان.

فەرمووی: كوڕم ئێستا دەزانیت كە دێو چی‌یە! دێو ڕێزی بۆ كەرامەتی خواو ئافرەت نی‌یە. نازانێت كە خواكانیش كردەی هەست وسۆزن و ئەوان زۆر بن یان كەم، تاک بن یان كۆ، لە بیری مێیینە دروست دەبن. خواوەند و خواكان تەنها هەستی پەتی و جوانن. فەرمووی:

ئەو ڕۆژە ئۆرشەلیم پڕ بوو لە وەچەی ئەهریـمەن..ئەم وەچانەی ئەمڕۆی لێكەوتنەوە، وەچەی سروشت دێـو ئاسا، بەراز ئاسا، سەگ پەرست و پشیلە پەرست وگورگ سیفەت و بەرازخوو.

حەزرەتی ماریا لە دەروونی مندا دەگریا، دەیگووت: مەترسە هەستە، بچۆرەوە ناویان، پێیان بڵێ، ئەوەی فریشـتەو خواكـان لەدڵی خۆیدا زۆرنەكات وەک گووڵی باخچە، لەمن نییە، لەمن بێبەرییە. بڵێ درۆ لەگەڵ خۆتان مەكەن، هەوڵبدەن لەگەڵ دراوسێكانتان ڕاستگۆبن، ئازاری دراوسێ مەدەن. بڵێ ؛ مـرۆڤ هێندە پیـرۆزە كە بەخەندەكانی سەرلێوی دەتوانێت خوایەک لەدەروونیدا ڕاگرێت. خوایەک نیشانی بەرامبەرەكەی بدات.

بڵێ وازلە پەرستنی سەگ وپشیلەوجرج وگورگ وبەراز بێنن، فێربن كە بەلای یەكتریدا دەڕۆن سەرنج لەحورمەت وكەرامەت و جوانی یەكتری بدەن، خۆتان غەریب تەماشامەكەن، خۆتان وەک خوا تەنها مەكەن، چونكە زۆربوون سروشتی خوایە. جوانی باوەڕی خوایە، مۆسیقا گیانی خوایە، دەنگ سامی خوایە، ڕێزلەدەنگ بگرن، دەنگ بپەرستن لەبری خواكـان، چونكە دەنگەكان بەم زووانە دەتەقن، ورگیان دەدڕێت ودەزێن، ووشەكانی ئامین دێن بە زمانی دۆعا تەرتیلەو سالمای ئامین دەخوێنن بەسەرئابڕووی لەدەستچووی زەمیندا !

مـرۆڤێک دێت لەهەناسەكانی من دەچێت، دێت دەفەرموێت:

من هەموو قوتبەكانی جوانـیم دیوە. باوەڕی پێبكەن، لەوەزیاتر زویری مەكەن، مـرۆڤێكە بێـئاڵاو بێناوو وڵات، دڵی هەزاران مەسیح و ماریای پێیە، دڵی ئاسیاو ئەفریقیا وئەوروپای پێیە، درەختێكی مەزن وەكو تاج، وەكو درەختی زەمان لەسەرسەری دەڕوێت، منداڵەكانتان دەیبینێت، بچن بۆلای، لە دەرگاكانی دەروونی بدەن، ئەویش هەمیشە میوان دۆستانە دەرگاتان لێدەكاتەوە، بەڵكوو دەرگاكانی هەمیشە وازن، دەتوانێ گوێ لە هەستی خەونەكانتان بگرێت، لە حەزرەتی یوسفی كوڕی خۆی بپرسێت بۆ مانای خەونەكانتان.

ئەو دێت هەموو ئایینەكان دەبەخشێتەوە، هەمووئایینەكان دەكات بە خوشک و برا، بەهاوڕێ وهاوسێ وهاوژیان.. فێرتان دەكات بەرلە پەرستاری خۆتان بناسن ، بەرلەوەی سوجدە بۆهەركەسێک بەرن، لەباوەڕی خۆتان دڵنیابن ، پێتان دەڵێت جوانترین پەرستاری ئەوەیە مـرۆڤ خەندەكانی خۆی بپەرستێت. مـرۆڤێک دێت كات بۆی ڕادەوەستێت، ژیان حورمەتی دەگرێت، هەموو ئازارەكانی مێژووی تیایە، بۆتان دەگری و بەدەمتانەوە دەخەندێت، دەڵێت ئایینەكان پیس مەكەن، باوەڕەكان مەكەن بەدوژمنی یەكتر، بەڵكو تێكەڵیان بكەن، چونكە نهێنی قورئان لە ئایینەكانی تردا پەنهانە.

نهێنی ئینجیل وتەورات لە بوودیزما لە زەردەشتیزما، لە كۆنفۆشیزمدا، یان لە لە هیومانیزما پەنهانە.

ئایینەكان گشتیان وەچەی یەک باوەڕن، پێـغەمـبەرەكان بران، باوەڕیان یەكە، خواوەند بە هەرزمانێک ناو بەرن باوكی پیـرۆزی هەموومانە، لە پێناوی خوادا كەس سەرمەبڕن.. خوا كردەوەی ئەهریـمەنی لا

ناپەسەندە و خواوەند دووچاری ترس مەکەن! خواوەند ناسکترە لە مشەی منداڵ، جوانترە لەهەستی خەونەکان، تاوانباری مەکەن، چونکە ئەو داهێنەری کردەوەکانی ئـێوە نییە. دێت وپێتان دەڵێت من حەزم لەژیانە، سەرم مەبڕن.

مـرۆڤێک دێت حەزناکات بیپەرستن، چونکە ئەو لە متبوونی خواکـان تووڕەیە، ئەو مژدەی لێبووردنی پێیە، چونکە مـرۆڤایەتی نازانن کە ژیانیـان لەدۆزەخدا دەژێنن! ئەو پێتان دەفەرمووێت: لەوکاتەوەی کە مەسیح لەخاج درا. کە ئابڕووی هەردووماریاکان برا! خواکـان سەرزەمینیـان بەلەعنەت کرد، زەمینیـان بۆ دەسەڵاتی دێـوەکان بەجێهێشت.. ئەوان دۆزەخیان بۆ مـرۆڤ جێهێشت!

مـرۆڤێک دێت تەرمی گیانی هەموو چەوساوەکانی جیـهانی پێیە.. ئەو هەزاران هەزار دڵی شکاوو لچ ولێوی بڕاوو، پەیکەری شکاوو ئێکۆنی ڕزیوی تیایە، پڕە لەکەنیسەو پەرستگاو مزگەت و بتی ڕووخاو، لەماڵی خۆیدا کە دادەنیشێت لەگەڵ شەماڵ وبا و تۆفان وهەورو گوڵ وخاک وئاگردا دەدوێت، دەست بۆگیانی ووشەکان دەبات، بەدیار جووکەی مەلێکەوە سەری دەسووڕمێت، خەو بە بچوکترین وگەورەترینەوە دەبینێت، خۆی، تۆ ،من ،ئێوە، ئێمە، وەک هەمووشتێک دەبینێت. مـرۆڤێک دێت پڕە لەدڵ، پڕە لەگیان، پڕە لەخەندەی خواکـان.

بەحەزرەتی ماریام فەرموو: بدوێ بۆم، سروودەکانت خۆشن، گیانم ئاو دەدەن. فەرمووی: هاتووم بە فرمێسکەکانم بتشۆم، هاتووم بە فرمێسکەکانت بمشۆی.

منداڵانە خۆمم بۆ ڕووت وقووت کردەوە... حەوت جار بە سەرمدا گریا، حەوت جار پاکی کردمەوە،حەوت جار منداڵ بوومەوەو پاشان گەورەبوومەوە.. بەڵام من داوای لێبووردنم لەوکرد، فەرمووم من، فرمێسکەکانم گشتی بەخشیوەتەوە بەمنداڵانی ئەنفال، بە منداڵانی لە برسامردووی ئەفریقیا و بە بۆمبابارانکراوانی هیرۆشیماو ناکازاکی ودێریاسین ویەهودییە بەگازخنکێنراوەکان.

من دامێنی هەزاران ئافرەتی هەتککراوم بە فرمێسکەکانم شۆریوە، بمبوورە ماریای پیـرۆز، خۆ تۆهێندە بێگەردی لای من بۆنی بەهەشت وساوات لێدێت، بۆنی بغوردو ڕیحانەت لێدێت، بۆنی دایک، بۆنی ئافرەت، بۆنی ژیان و ژورەکەمت لێدێت.

کە وام فەرموو، حەزرەتی ماریا خۆی بۆ من ڕووت و قووت کردەوە، هەموو جێچڕنووک و گازوو کەڵبەکانی سەر لەشی زاماری نیشاندام، هێشتا خوێنیـان لێدەتکا، فەرمووی: مەسیح هەرگیز ناگەڕێتەوە، ئەگەر تۆ برینەکانم بەهەناسەکانت تیمار نەکەی، ئەگەر تۆ دەست بەگیانمدا نەهێنی، ئەگەرتۆ دەروونم نەشێلیت. من فەرمووم بەوپەڕی شانازی وخۆشییەوە.

لەناو باجچەیەکی دەستی چەپی دەرەوەی ماڵەکەمدا لەدورگەی هەستکردن بەکەمی، لەدورگەی ئۆسگۆرد بەگوڵەکانی دەروونم فەرموو: ئایا دەتوانن جوانترین فەرشی گوڵ بۆحەزرەتی ماریا بڕازێننەوە؟ گشتیان بەدەم گۆرانییەوە فەرموویان بەڵێ. گوڵەکان دڕکەکانیـان جێهێشت، چونە ژێر درەخێکی سێوەسوورەوە، لەسەر چیمەن جوانترین کەژاوەیان بۆ چنییم، پەڕپەڕ خۆیان لە قنچک ولاسک وگەڵا جیاکردەوە..فەرشێکی بۆنداری نەرم وناسکیان چنی. منیش بەڕێزەوە فەرمووم لە هەیبەتی جەماڵی حەزرەتی ماریاکرد.. ئەویش لە شەرمێکی شیریندا هەموو خەندە تۆراوەکانی دورگەی ئۆسگۆردی لەمندا ڕاست کردەوە، هەمووئەو بزانەی ژیاندەوە کەمن ساڵانێک بوو خەریک بووم کۆم دەکردنەوە.

کەپاڵ کەوت، تێگەییم.. فێر بووم.. تێربووم لە هەست و سۆزو جەماڵ و کەماڵی عیشق ـ هەستمکرد پڕم دەکات لە پەیامی جوانی و عیشق ـ **فەرمووی: عیشق و جوانی ئاخرین مەرتەبەی زانستە.. عیشق**

**جوانییەو جوانیش عیشقە.. هیچ زانستێک هێندەی جوانی مرۆڤ ناگەیەنێت بە کەماڵ. چونکە کەماڵ هەستی عیشق و جوانییە.**

**حەزرەتی ماریا فەرمووی: ژیان تەنها عیشق و جوانییە کوڕم؛ دەتەوێت لەوە زیاتر چی فێربیت؟**

**منیش خۆمم بۆ ڕانەگیرا، دامە پڕمەی گریان! بەدەم ئەو هەستانەوە! بە دیار ئەو فەرموودەو ئاوازو دەنگەوە؛ خوڕ خوڕ بارانی ویژدان بەسەر سەرتاپای بوونمدا دادەچۆڕاو گیانم خاو دەبووەوە و هەستم بە سرۆش دەکرد و وام دەزانی کە گیای هیۆم ـی بۆ هێناوم. هەستم دەکرد جوانترین ئاوازی گەردوون دەبیستم و بەسەر خۆمدا دەچمەوەو کەمووکورپییەکانم چاک دەکەم.. لە هەمان کاتدا تەماشای پەیکەرێکی سپی سپی لە تیشک دەکەم و بە ئاگام لەوەی کە لەبەردەم حەزرەتی ماریادا نووچ دادەدەم وبەو دەفەرمووم: تەنها عیشقی تۆ بەهرەیە! دەگریام و بەزەییم بە ڕەحمی جوانیدا دەهاتەوە.. بەزەییم بە ئافرەتێکدا دەهاتەوە کە پێشتر دیبووم.. بەڵام نەک بەو هەموو زام و ئازارو ژانەوە!.. چونکە ئەو بەوهەموو زامەوە، جوانییەک لەقامەتی دەتکا، شکۆیەک لەحورمەتی دەتکا، توانایەکی خارق تەوژمی گیانی منیان دەبڕی بەو بینینە! من فێر بووم و بڕیارم دا ئیتر چییتر باوەڕ بە شەڕ و بە دێو نەکەم و بە پەیامی تیشکی گیانی ئەو فەرموودەکانیان بنووسمەوە. جا با کەس باوەڕ نەکات. بەڵام فەرموودەکانی ئەم کتێبە زانستی دەروونی حەزرەتی جوانییە و ماریای پیرۆز لە دەروونی مندا وێنەیان دەکەن و لە ئاگری عیشقی هەڵدەکێشن. ئیتر من لە چی بترسم؟! نازانم!**

تەماشاکانی دەبوون بەگیان لە دەروونی مندا، منداڵە بێباوک و بێدایک وبێ کەسەکانی دەروونم خۆیان هەڵدەدا و بزەکانی حەزرەتی ئەویان دەگرتەوە، لە پێشدا بە هەناسەکانم هەموو برینەکانیم پینەکرد، پاشان لە ئارەقی لەشی ڕۆنی نێرگزم بۆن دەکرد ئاستەم ئاستەم دەستم دەهێنا بەسەر برین وزامەکانیدا، دەستم دەهێنا بە پرچیدا، بەگیانیدا، کەدەستم بەرگیانی دەکەوت، هەستی دەبزوا، ئاوازێک بەرگوێم دەکەوت.. ئەشنایەوە، دەیژەند، سالما، تەماشای حورمەتی خۆمم دەکرد لە بریسکەی چاوە شینەکانیدا، دەمدی، توانای بینینم هەبوو، هەمووشتەکانم دەدی سەمایان دەکرد.

خۆمم دەبینی دەبووم بەوو بە تۆ، بە ئێمە بەوان، خۆمم دەبینی زۆربچوک لەچاوانی ئەودا دەفڕم، وەکوباڵندەی کەناری، وەک باڵندەی قەقنەس، وەک باڵندەیەکی ئەفسوناوی و چوارسەر بە چوار ئاوازی گیانی دەمخوێند، قورئان و یئنجیل وتەورات و بودیزمم دەخوێندئاییینەکانم دەخوێند، دەمگووت: مژدەبێت حەزرەتی ماریام بینی بۆم دەخەندێت، بۆم دەگری، بۆم دەدوێت. دەمخوێند: ماریاکان .. حورمەتی مەسیح.. تەلیسمی جوانی.. بزەی ژیان.. من گیانم دەگەشێتەوە بە تەماشاتان.. من بە تەماشای ئـێوە دڵە شکاوەکان پێکەوە دەنێمەوە.. بە تەماشای جوانیتان گیان بە ژیان دەدەمەوە.. بە ووشەکانتان هەموو نەخۆشەکان چاک دەبنەوە.

**مێرولەکان دەگریان.. و بەدەم هەنسکی گریانێکی پڕ لە نووزەی سەگ و سۆزی دایک و جووکەی پاسارییەکان و حیلەی ئەسپ و دەنگی فریشتەکانی نێو گەردوونی خەونەکانم.. سۆزێکی سەیرم لە گریانی مێروولەکاندا هەست پێدەکرد.. هەستم دەکرد بوونەوەر و ئامانجەکان و پەیامەکانی جوانی لە هەنسک و فرمێسکەکانی ئەواندا فێر دەبووم.. دانیشتبووم.. نیوەی لەشم لە دەرەوەی ماڵەکامدا و نیوەکەی تری لەشم لەناو ماڵێکی تاریکدا لە زیندانەکانی ئۆسگۆرد.. تاک و تەنها دانیشتووم و سەرم لە ژیان و مرۆڤ و قەشەکان و ئیمام و موقتەداکان سووڕماوە و تێیان ناگەم! نازانم ئەوان شەڕ لەسەر چی دەکەن؟ نازانم چۆن و بە چی زمانێک لە مرۆڤایەتیی بگەیەنم و پەیامەکانی حەزرەتی ماریاو مەسیح و پێغەمبەری ئیسلام و تکای بوودا و قەناعەتی کۆنفۆشیۆس و باوەڕی زەردەشت فێرە وان بکەم! هەستم بە**

**تەنهایی دەکرد و بیری قەڵەم و فڵچە و ڕەنگەکان و بیری کچی کوردو هیند و ڕوس و ئەوروپی و نەرویجی و بیری بینینی جیهانم دەکرد. لە خەوما هەموو ساتێ، هەموو شەوێک، خەونم بەوانەوە دەدی ولە خەوما دەهاتن.. وەک لەشکرێکی سپی سپیی لە مێروولەی تیشک دەچوون.. دەهاتنە ناو جەوهەری خەونەکانمەوە و وەک لەشکرێکی مەتین و پۆڵای سپیپۆش لەبەردەمی زادەگای ووشەکانمدا دەچوونە سەر چۆک و بە ئاوازێکی سیحرین دەخوێنن : ئامیین، سالما، ئێڤا.. ماریا.. جاندارک.. شیڤا.. ڤیدا و سروودی فریدا و زین و لەیل و داستانی حەزرەتی نوح.**

لە خۆشیدا منیش هەر لە خەونەکانمدا: درەختێکی مەزن لەسەر سەرم دەڕوا! کە خوودی حەزرەتی عیرفان و ئیلیاس و بووداو مەسیح و محمەدی مەزن و زەردەشتی جواننناس لەسەر سەرم دەیانڕواندو دەیاننەخشاند! هەستم دەکرد ئەستێرەکانی ئاسمان بە دەستی ئەوان دەکرێن بە گەردانە و لە هەستی مندا دەیکەنە گەردنی ماریاکان و دۆعاکان و ئەو ئافرەتانەی کە من خۆشم دەوێن.

زۆر سەیر خەوی خۆشم بە لە لەشکری مێروولەکانەوە دەدی! بینینم دەتەقی و لە تاوا دەهاتمەوە هۆش و بە دەرو دراوسێ دێوپەرستەکانم دەفەرموو: لێم خۆش بن.. من گوناحێکم نییە کە هونەرمەندم و مافی ئەوەشم هەیە بۆ هونەر بژیم! چونکە بیری وێنەکردنی حەزرەتی ماریا دەکەم. بیری وێناندنی مێروولەکان و فریشتەو گیانی ساواکان دەکەم.

**ئەوانیش بە ئاوازێکی دەبەنگی دێوسیفەت، هاواریان دەکرد و دەیان نەڕاند بەسەرما: بڕۆ دەرەوە، ئەی بێئاڵا ئەی بێ وڵات.. لێرە جێگەی تۆ نابێتەوە و دەنا سزات دەدەین و دەبێت گووی بەرازەکانمان بشۆیت!** منیش لە بێداریدا.. ئەو کارەم دەکرد، تا ڕێگە نەدەم ئەوان زەفەر بە منداڵەکانم بەرن و ژیانمان لێ تێکبدەن لەم زیندانەدا! چونکە حەزرەتی سارای هاوسەرم ڕازی نییە بەوەی لەم زیندانە دەرباز بین! چونکە ئێمە ئازادیی ئەوەمان پێدراوە لەم وڵاتە دەرچین و ڕۆژی سەدجاریش بیرمان دەهێننەوە کە ئێمە نامۆین بە کەلتووری ئەوان. دەشێت سەیر بێت بەلاتانەوە! دەشێت باوەڕ نەکەن کە ژیان لەناو دێوەکاندا مرۆڤ دەکات بە پاسەوانی بەراز و دێویش دەکات بە چاودێری بەهەشت!

## تابلۆی شکڵ، ڕەنگ، ناوەڕۆک=جەوهەر

بەناوی حەزرەتی گیانی ڕەنگەکانەوە، دەمەوێت پێتانی ڕابگەیەنم کەهێـندەی تۆنی ڕەنگەکان فریشـتە لە ئاسمانەکاندا هەن.. فریشـتەکان زادەی تۆنی ڕەنگەکانن.. ڕەنگەکانیش سەر بەخۆیان، خوودی یان نمایندەی شکڵەکانن.. واتە هەرچی ڕەنگ وتۆنی هەبێت، جەوهەر=شکڵیشی دەبێت.

ڕەنگەکانی کەوان قیبلەگای حەزرەتی نوح بوو.. ئەو خواوەندی خۆی وەها دەبینی!.. و دەیزانی کە ڕەنگەکانی کەمان تەوژمی گیانی حەزرەتی عیشق و جوانییە. شکڵ لە بیردا۔ جەوهەرێکی تیشکئاسای هەیە و شکڵەکان بە ڕەگەز دەگەڕێنەوە ناو چاوگی خۆیان و لە ڕەنگەکاندا ئاوێتە دەبن.شکڵەکان سەر بە جەوهەرن! بۆیە کاتێک کە مرۆڤ دەمرێت؛ تیشکی گیان لە لەشی دەردەپەڕێت. ئیتر لەش ساردو خاو و سست دەبێت. مرۆڤی پاک و جوانپەرست و خاوەن باوەڕ۔ وەک تیشکێکی پیرۆز و ڕووناک ڕوودەکاتە بەهەشت و هەمیشەیی خۆی زامن دەکات لە جەوهەری فەنتازی وجیهانی نۆتەو مۆسیقادا۔ پایەدار دەژی و دەبێت بەو مرۆڤەی، بەو باڵندەیەی ـ بەو مەخلووقەی کە دەیەوێت و بە نیاز لە گیاندا دەیژێنێت! مرۆڤی پاک و بێگوناح هەرگیز نامرێت.. جا ئەوانەی وا نۆکەری شەڕن ـ دەبێت چاک گوێی خۆیان هەڵخەن ـ هەمیشەیی و بەهەشتی کردار ماڵی ئەوان نییە. چونکە بەهەشت مرۆڤ لە کردەوەی باش بۆ خۆی دروستی دەکات. بۆیە هەن لەناوماندا؛ باش دەڵێن و دەکەن و دەخۆن وباش بیر دەکەنەوە.

لەوانەیە باوەڕ نەکەیت، بۆیە بە زمانی ئاینشتاین پێتان دەڵێم: هەموو ڕەنگەکان خاوەنی گیان وشکڵ وجەوهەرن.. ئەوان سیانەن.. ئەو سیانەیە خاوەنی جەوهەرێکی پەتین.. دەتوانن ببینن هەست بکەن بدوێن.. ئەوان سیانەی لەشێکی یان گیانێکی سەوزن.. واتە ڕەنگیان سەوزە! دەتوانن مژدە بە مـرۆڤایەتی بدەن.. ئەو مژدانەی پەیامی یەکبوون وخۆشەویستیی تیایە.. ڕەنگێکە دەتوانێت دەست بهێنێت بە کەرامەتی مـرۆڤایەتیدا.. پێتان بڵێت: بەسە. واز لە شەڕ بهێنن. بەسە پیاو بن. چونکە حەزرەتی ڕەنگی سەوزی درەختی زەمان تکاتان لێدەکات بڕوانن.. ببینن. گەر بتوانن تەماشای جەوهەرتان بکەن، دەتوانن جانەوەرەکانی دەروونتان ببینن.. بزانن کە مـرۆڤ دەبێت واز لە شەڕ بهێنێت و لەپێناوی خوادا تەحەددای میللەتان نەکات.

ئاینیشتاین دەڵێت: ئـێوە بەر لە مێژوو خواکـانتان بەزاند ئەی گەلی نـوح.. بەڵێ ئـێوە بەر لە مێژوو خواکـانتان بەزاند، دۆڕاند، سووتاند، داگیرتان کردن.

شەڕ لە پێناوی چیدا دەکەن؟ موسوڵمان شەڕی ناوێت.. وازیان لێ بهێنن با لە دوورگەکانی خۆیاندا خەریکی حوشترو کەرەم و ئایینی خۆیان بن.. وازیان لێ بهێنن.. فێریان مەکەن.. بەرژەوەندیی بازرگانییان لەگەڵدا تەرک بکەن.. چونکە دەوڵەتە مووسوڵمانەکان گشتیان هاوکاری یەکن بۆ لەناو بردنی نەوەی نـوح.. نەوەی زاگرۆس.. نەوەی ئاری و هیندی و ئەفریقی و بگرە چینیش! ئەوان لە مێژە دەیانەوێت هەموو جیـهان بگرن.. دەبێت سنووریان بۆ دابنێین نەیەڵین فێر بن باوەڕو ئایین وکەلتوورمان بگۆڕین.. نەکەن باوەڕ بکەن.. ها!  ئەنیشتان لێت دەپرسێت: تۆ کێیت تا بتوانیت تەحەددای ڕەنگ وجەوهەرو کەرامەتی ڕەنگی خواکـانمان بکەیت. کەس بۆی نییە بە نەوەی نـوح بڵێت خوا تەنهایە! خوا تەنها نییە. خواکـان هەن، بتەکان هەن، فریشـتەکان هەن، ئاهوڕامازداشمان هەیە.

ئەوان پێتان دەڵێن زییۆس لە سەری سارتۆن-ی باوکی دەرپەڕی.. زیۆس باوکی خۆی کوشت..بە ڵام باوکی سارتۆن جاڵـجاڵـۆکەیە.. جاڵـجاڵـۆکەیش گیانی بوونەوەرە.. بۆیە دەبێت وریابن.. واز لە تەحەددا بهێنن.. چونکە ئاینیشتاین دەڵێت: سنوورێک بۆ دەسەڵاتی خۆتان و سنوورێک بۆ موسوڵمانەکان دیاری بکەن.. با بگەڕێنەوە دوورگەکانی خۆیان. واز لە ئامۆژگاری کردنی یەکتری بهێنن.

گەلانی موسوڵمان  لەمێژە خواکـانی ئێمەیان داگیر کردووە! ئارارات پڕە لەسەری بڕدراوی لاوانی نـوح.. کە بە شمشێری ئیسلام سەڕ بڕدراون.. ئەوان هێندە زۆرن کە لە ئەژمارد نایەن: هەمووشیان کوڕن.. چونکە لەشکری موسوڵمانەکان کچەکانیان بۆ خۆیان دەبرد.. دەیانکردن بە دایکی دێـو.. هەموو شەوێک

له سەر لووتکەی ئارارات بانگێک دەدرێت.. نزایەک، بە تۆنی دۆعاکان میلۆدییەک دەخوێنن بۆ گیانی لاوان.. ئاوازێک کە سۆزی شمشاڵ دەخرۆشێنێت.

ئاوازێک بۆ دۆعاکان دەخوێنن لە ئارارات.. لاوانی نەوەی سەربڕاوی نـوح کە کە گیانی ئاراراتن..

**دەبێت ئارارات بکرێت بە کەشتییەک.. کەشتییەکی مەزن.. چونکە بەڵایەکی تر بە ڕێگەوەیە.. کەشتییەک دروست بکەن مەتین، مەپرسن بۆ؟ چونکە دەست بۆ کەرامەتی خۆتان دەبەن.. کەشتییەک دروست بکەن لەسەر لووتکەکانی ئارارات.. ئەو کەشتییە بکەن بە پەرستگای خواکـان..کە مـرۆڤی ڕەسەن دەبێت بچێت لەویٚ نوێژبکات، لەویٚ وانەکانی مەسیح و بووداو کۆنفۆشیۆس ودیۆنیسیۆس بخوێنێت.. بنووسێت، وێنە بکات، تەماشا بکات.. دەبێت خەستاخانەیەک بێت تیایدا تیماری گیانی نەوەی نـوح بکەن.. کە ناویان کوردە باوانی یەکەمی زاگرۆسن. و ئارارات کەعبەی خۆرئاوایە.**

**دەبێت پیـرۆزەکانتان دانیشن بەرژەوەندی ماددی و بازرگانی وبەرژەوەندیی تایبەت بخەنە لاوە.. لەناو کەشتییەکەی نـوحدا کەسانێک دەبێت بژین کە لەشەڕ بێبەرین وپاکژن.. ئەوان نمایندەی خواکـان وگەلن.. دەبێت ئەو کەشتییەیان بۆ دروست بکرێت.. چونکە ئەوان ئـێوەن، لەئـێوەن، ئـێوەش لەوان. گەلانی سکاندیناڤی و ئەورووپی بە ڕەچەڵەک ئارین.. دەتوانن بە هاریکاری ئەو کەشتییە بۆ خواکـانی سەر زەوی دروست بکەن. چونکە حەزرەتی نـوح دەڵێت: دەبێت کەشتییەک بگەڕێتەوە.. بەهاریکاریی هەمووتان.**

دەبێت کەس پارەی تیا خەرج نەکات، کەس خۆی تیادا ئەزێت نەدات.. چونکە دەبێت بە دڵ وبەگیان دروستی بکەن.. دەبێت کچە شۆخ ونازدارەکانتان بەگەشت بە کچێنی بچن بۆ مەزاری ئارارات، بۆ تەماشای گیانی ئەو لاوانەی کە بوون بەگیا.. گیای ترشۆک.. دەبێت ئەو گیایە نەرم نەرم لەدەمیاندا بمژن، چونکە تاکە پاشماوەی گیانی لاوەکانی ئاراراتە کە بە دەستی جەندرمەی ئیسلامی ومەغۆل وتەتەری عوسمانلی و سەفەوی سەر بڕدراون.. دەبێت منداڵەکانتان بەرن لەویٚ لە پزیشکی گیانیدا بە دەستی ڕابەرانی مەسیح وبوودا چارە بکرێن. چونکە مەسیح و بوودا ناتوانن بگەڕێنەوە سەر نیشتیمان وخاکێک کە دێـوی عەرەب وتوورک وفارس داگیریان کردووە.

لەو کەشتییەدا یەکەم فەلسەفەی زانستی نـوح تۆمار دەکرێت وبە جیـهاندا پەخش دەبێت. پێویستە ئەو کەشتییە دروست بکەن تا مەسیح وبوودا شوێن پێیان ببێتەوە لەسەر ئارارات، تا بێن و فێرمان بکەن.. منداڵەکانمان چاک بکەن.. با ئەو منداڵانەی کە دووچاری گرفتی شێرپەنجەن ببرێن لەویٚ چارە بکرێن، چارە تەنها نەمری نییە.. چونکە مـرۆڤی توش بوو بە هەر گرفتێک خۆی دەتوانێت خۆی تیمار بکات.. بەڵێ مـرۆڤی سەقەت وشکستە ناتوانێت خۆی بەڕێوە بەرێت. دەنا منداڵەکانتان دەبێت وانەی گیانی فێر بن لە کەشتییەکەی نـوح دا تا لە ژیانەکانی داهاتویاندا واز لەو دێـوانە بێنن کە لە دەروونیـاندا ڕواوە! ئەوسا دەبین بە مـرۆڤ.. لەدایک دەبینەوە.. پاک و بێگەرد، وەک فریشـتە لە پێشدا.. وەک گیان.. وەک شکڵ ورەنگ وجەوهەر، وەک پەیامی هونەرو جوانی بە ئاسمانەکاندا خول دەخۆین.. گەشت بەسەر هەسارەکانی تۆنی ڕەنگەکانی تردا دەکەین، ئینجا دەبینەوە بەوەی دەمانەوێت.. دەبین بە باوکمان، بە دایکمان، بە خۆشەویستەکانمان.. هەرچییەکت بووێت دەبیت، دەبێت! مـرۆڤ لەڕەچەڵەکدا نەمرە.. مـرۆڤ هەرگیز نەمردووە.. هەرگیزیش نامرێت.

بەڵام دەبێت لەمەودا سنوور دابنرێت بۆ ئەوانەی کە نەوەکانی نـوح سەر دەبڕن یان دەیانتەقێننەوە. بیرتان نەچـێت.. دەبێت کەشتییەک بە هەرەوەز دروست بکەن.. بەدیاری پێشکەشی ئاراراتی بکەن.. تا نـوح لە بەدکارییەکانتان خۆش بێت.. نەکەن سزای کەسانێک بدەن کە دڵسۆزی گیانی هونەرن. نەکەن

دوژمنی خۆتان بن. نەکەن بەهەڵەدا بچن.. دەبێت ئارارات رزگار بێت..دەبێت ببێت بە پایتەختی مـرۆڤی ڕەسەن، پیـرۆز، گیان ویست.. ئەو مـرۆڤەی لەوێوە دەتوانێت بەرەو دەروونی بوونەوەر بفرێت.
لەوێدا فەلسەفەی پزیشکیی نـوح.. هەموو نەخۆشییەکان چارەسەر دەکات. لەوێدا بوودا و مەسیح قوتابیی نـوح بوون.. چونکە ڤیداکانیش باسی نـوح دەکەن. ئەوان لە قوتبی مەراتیب دا قوتابیی نـوح-بوون! حەزرەتی عیسا، مووسا پانزەو دە دانە ساڵ لەتەمەنیـیان وونە.. چونکە بوودا داوەتی کردبوون.. لای بوودا قوتابی بوون.. بووداش هێشتا لە قوتبدا قووتابیی نـوحە.. تازە بەتازە فێری نیشاندانی ڕەنگی فریشـتەکانی دەکات.. فێری ئاکاپونکتووری بینینی گیانیی دەکات.
نـوح زۆر ساوایە لەکەرامەتیدا! وامەزانن دەتوانن فێری بوغزو کینەی خۆتانی بکەن؟! نا، بەهەڵەدا نەچن.. ئەو هێـندەی هەموو خواکـان لێبووردنی پێیە.. دەتوانێت توورە بێت، بدوێت، بوێر بێت.. پێویستی بەناسینی سنوور نییە، چونکە ڕاستەقینە پەیامی نـوحە.
هەموو شەوێک لە ئارارات کەژاوەیەکی مەزنی لە تیشک دروست بووی ڕووناک لە کاکێشاندا لەترۆپکی نـوحەوە دەبینرێت.. ئاوازی فریشـتەکان دەبیسترێت.. دۆعاکان بۆ گیانی سەربڕبڕدراوی گەلی ئارارات دەخوێنن، دەڵێن: ء اااا.. م ییی یی یی..ن. نااام ی ییی ن.. ءااا ن ااا مااا میییییین.
دەبینن پەیامەکان بەلێشاو دادەبەزن.. لەوێوە بەپیر دەگات، پیر بە بێـوڵاتی دەدات، بێـوڵات لە پیر تکا دەکات کە بە پەنابەر وچیرۆک خوان بڵێت: نەترسێت بڵێت. بە نەوەی نـوح بڵێت خۆتان بنووێنن.. بەم زووانە کەشتییەک بنیات بنێن. ئامین.
مێرولەکان فەرموویان: بەر لەوەی لافاوێکی تر هەڵسێت. بەر لەوەی زەریاکان هەستنە سەر پێ و پەرکەمی توورەیی بیانگرێت؛ پێویستە میللەتی نوح ڕاپەڕێت؛ پێویستە سنوور بۆ دێوەکانی ئیسلامە توورکەکان وفارس وعەرەبەکان دابنرێت و فێریان بکەن کە بە ناوی خواو ئایینەوە میلەتانی ترو خاک و کەلتووریان داگیر نەکەن.

**پێویستە گەلانی ڕۆژئاوا فێری پەشیمانی بکرێن لەو کردەوە دزێوانەی دەرهەق باوانیان ئەنجامیان داوە. لە پێناوی بازاڕەکانیاندا، شەڕەکانیان زۆر کرد. ئەوان دوژمنەکانی خۆیان زۆر دەکەن و نازانن چۆن خۆیان لەناو دەبەن!**

# تابلۆی مەسیحەکان

کەکات وەستا، کاتێک کەمن هەموو شەقامەکانی جیهانم پاک کردەوە.. کاتێک کە ئارەقەی ترس بە پشت و دەست وناوچەوانمدا دەتکا.. کاتێک فریاکەوتم گیانی حەزرەتی ماریا بشێلم، گوێ بۆ کۆراڵی ئامین وسالما ڕابگرم.. هەیبەتێکی ڕۆشن هات هەروەکو تیشک.. کەچاوانم توانای بینینیان نەبوو.. بە نووری ڕەحمەتی دەروونمی پڕکرد لەتیشکی سپی.. لەو کاتەدا من سەرگەرمی شکاندنی خاجەکان بووم؛ هێشتا هەزاران مەسیحی پەنابردو بەخاجەوە مابوون لە حەشارگەی مندا.. من بێ پشوو دوای پاککردنەوەی شۆستەو جادە وکۆڵانەکانی جیهان، لە فرمێسک و خوێنی ئەوان.. نەدەپەرژام، ماندووبووم هێندە مێخی دەست و پێی مەسیحەکان هەڵکێشم، هێندە فرمێسکی ماریاکان بسڕم.. دەروونم پڕ بووبوو لە گوریس وقەیدو تەختەو ئاسن و گەچ.. مەسیحەکانی گشت جیهان لە مندا ڕزگار دەبوون.
برینپێچ دەکران.. ليناو تورو بیسکۆب سباستیان، ماریای ماگدەلێنا مونکی تیبت.. گشتیان سەرگەرمی تیماری زامەکانی حەزرەتی مەسیح بوون.
هات بۆلام، تەنها لە پەرشبوونی ڕووناکییدا دەدوا.. لەتەک خۆیدا پەلی منداڵێکی لەدەست بوو.. لەومنداڵە دەچووکە لە باوەشی یەکێک لە پەیکەرەکانی حەزرەتی ماریادا بوو.. منداڵەکەی نایە باوەشی من..
فەرمووی: ئەم منداڵە فریشکی کەوتووە.. زیندەقی چووە، نانوێت، ناخوات، گەورە نابێت، مان دەگریت، توورە دەبێت، بەگژخواکانیدادەچێت.
فەرمووی: بیکە بەمنداڵی خۆت.. تا ئەبێت بەشەش ساڵ دەبێت گوێ لەئاوازی ترپەی دڵت بگرێت.. دەبێت دایەنیشی هەبێت.. منداڵی بێ دایک وباوک سروشتی نارێک گۆش دەبێت!
فەرمووی: منداڵەکانتان بەدیار دێوەوە بەجێ مەهێڵن، بەتەنها مەیاننوێنن، چونکە بەزەییان کۆڵەواردەبێت.. فێری ڕق ئەستووری وبێڕێزی ونەفرەت دەبن.. ترسنۆک دەبن.
منداڵەکانتان لە دایکیان دوور مەخەنەوە.. چونکە لەواندا هەمیشە شیفایەکئومێدێک، پەیامێک پەنهانە بۆ باوانی ماندوو ناتوانا.
لە دایکی منداڵ ببوورن، ناچاری کاری بەزۆری مەکەن! ڕێگەکانی دڵنیایی بۆ دایک وکۆرپە وباوک خۆش بکەن.. لە باوانییان خۆش مەبن کە لەبەر هەوەسی خۆیان پێدەنێن بەجەرگی منداڵەکانیاندا..چونکە منداڵ خۆشەویستترین هاودەمی باوانە.
فەرمووی: گیانی منداڵ گەورەنابێت بە دابڕانی لە باوان..هێندەی منداڵەکانت لە تۆوە فێردەبن، هەوڵ بدە لەوانەوە فێربیت، چونکە ئەوان خێوودێو ودڕندەو دەعباو جنۆکەکان دەبینن، ئەهریمەنەکان دێنە خەویان دەیانەوێت باوەڕ وشەرم وحورمەتیان لێ بستێنن. منداڵەکانتان مەکەن بە هاودەم وهاوڕێی سەگەکان و پشیلەکان. چونکە ئەوان خواو خواکان نابینن، ناناسن.

بەزۆرخۆراكیان مەدەنێ.. لەبری خۆراک یارییان لە گەڵدابکەن، ماچیان بکەن، لێیان بپرسنەوە، چەپڵە بۆکردەوەی باشیان لێبدەن.. بۆتەمبێ کردن نقورچ لە گوێ، زەبری ژێر پێ پێویستە ئەگەر زمان نەیتوانی حاڵییان بکات.. ئەگەر دووپاتکردنەوە یاریدەی فێربوونیـان نەدات.
خواکـان لەدەروونی منداڵەکاندا پەنهانن، بیاندوێنن، باوەڕی خۆشەویستی ولێبوردن لەوانەوە فێربن.
سزانابێت بگاتە ڕادەی زیندانکردن لەناوماڵ وژوردا.. ئاخر ئەوان بێگووناحن.. به تەنها لە ژوریان مەنێن لەهەستکردن بە گوناحدا.. ئەوان دەبێت دڵنیا بزانن کە ئەوان بەرەکەت و وزەی ژیانی باوانن.
فەرمووی: تا ئەو ڕادەیەی ماندوو دەبن، لە منداڵەوە فێر بن. ئەو میللەتە گوناحە کە ناوێرێت لە منداڵەوە فێر بێت. چونکە میللەتی وەها لە ناو دەچێت.
فەرمووی: بە باوانی منداڵان بڵێ: ئـێوە ئومێدو ژیان وبیروگیانی منداڵ بن، بەکامەرانی ئـێوە ژیان چرۆدەکات.
ئەم منداڵە دایک وباوکی لەدەستداوە.. دێـوەکان سەریان بڕیون.. بە ناوی ئایینەوە، بەناوی خواوە مناڵ بێباوان دەکەن، دڵی پێـغەمـبەرەکان دەڕەنجێنن.
حەزرەتی مەسیح فەرمووی: لەئایینی منداڵەکەتەوە فێربە، ئایینی خۆتی بەسەردافەرز مەکە، ڕێگەی بدە گۆش بێت، فام بکات، فێربێت، بە نیازی خۆی ئایین بۆخۆی دیاری بکات.. چونکە ئایینەکان زمانی منداڵان و باوەڕی دایکانی میهرەبانن.. پێـغەمـبەران گشتیان بەزمانی دایکیان، بەهەست وسۆزی داکیان زمانی حەقیان پڕاوە.. هیچیان مـرۆڤیان بۆشەڕ هان نەداوە. بەڵکو دێوی شەڕ ئەوانی زەجر داوە.
منداڵ لەکوێ لەدایک بوو، وڵات وکەلتورو میللەتی ئەو لەوێوە چرۆ دەکات.
من شەرمەزاربووم، فەرمووم، ئاخر بەندە لە ووڵاتی هەستکردن بەکەمیدا لەبێکاری دەناڵێت.. بەزەیی وڕەحمی مـرۆڤەکان لێرە تەزیوە، ناتوانم منداڵەکان گۆش بکەم.
فەرمووی: منداڵ ڕسقی خۆی لەگەڵ خۆیدا دەهێنێت بۆت.. ئەوەی دەستی منداڵ بگرێت.. دەستەکانی سەوز دەبن، دەستەکانی بەردەگرن.
فەرمووم ئەی بۆچی ڕۆژانە هەزاران منداڵ لە ئەفریقا لە برسا دەمرن؟ فەرمووی: چونکە دێـوە دزەکان بەشەخۆراکی ئەوان دەدزن، دەیبەن بۆ منداڵەکانی خۆیان، وادەزانن کارێکی باش دەکەن، کەچی دەبینن، زەهرخواردیان دەکەن، نەخۆشییان سەربارەکەن، تەمبەڵییان لێ باردەکەن، ترسیان پڕدەکەن لە نەخۆشی، ورگیان زل دەکەن، زەڕڕاتی بوونیـان لەپەل و پۆ دەخەن.. سروشتیان دەشێوێنن، بایی و بێ ناوەڕۆک وبێڕێزیان دەکەن، تەنهاو ترسۆو بێ بەزەییان دەکەن. فێری دوژمنایەتییان دەکەن لەگەڵ دەروونی خۆیاندا.. جا مەپرسن بۆچی لاوان خۆیان دەکووژن. **هێندەی منداڵ لە ئەفریقا لە برسا دەمرێت ـ دوو هێندەش لە جیهانی یەکەمدا لەبار دەبرێت و توورڕ دەدرێت.**
ئەوەی بەشی ئەوی تربخوات، وەکو ئەوەوایە.. پارچە لە لەشی خۆی ببڕێو خۆی بخوات. ءا م ی ن..
کە فەرمووم: ئامین.. منداڵەکە هاتە باوەشم.. سێگۆشەیەکی لەتەختە دروستکراوی دایە دەستم.. هەرەمێکم لەسێگۆشەکەدا بینی، تیایدا سیمیتری، گیۆمیتریم بینی، دەیانگووت: هەمووشتەکان لێرەوە دادەڕێژرێن.. یاساکانی ژیانم لە سێگۆشەکەدا بیینی. بینیم بە دەستووخەتی ئافرەتێکی زۆرجوان لە چێوەی هەڕەمەکە نووسرابوو: ئامیین.. پاشان نوسرابوو: ئامیین.. لای سێیەمو چوارەم و بنی هەڕەم، نۆلایەکی بازنە هەڕەم هەمان فەرموودەی ئامیین-ی لەسەر دەدرەوشایەوە.

بەزەییم بە ماندوو بوونی خۆمدا دەهاتەوە.. چونکە من زۆر ماندوو بووم. دڵ و سەرو گیانم دێشا.. چونکە نیوەی لەشم لە زیندانی ئۆسگۆردا دیل بوو لە ژێر چنگی سیستەمدا.. لە ژێر چنگی داد دا زیندان بووم.. شەوو ڕۆژم تێکەڵ بەیەک کردبوو تا باسی داستانی نـوح فریا بکەوم.. لایەکم دیل و لاکەی ترم ئازادییەکی وون.. چونکە باکان گیانی منیـان دەقەپاند بۆ دوور.. دارستانەکانی گەردوونەکانیـان نیشان دەدام.. فریشـتەکانی ناو ژینگەی باکان هەر یەکەیان بە جۆرێک نیگاو تەماشاو خەندەیان نیشان دەدام.. نەمدەزانی لە خۆشیدا چی بکەم.. کەچی من بیری خوشک و براو دایک و دراوسێ و هاوڕێم دەکرد.. بیری هاوگیان و هاوسەروو خۆشەویستێکم دەکرد. زۆر تەنها بووم. کاتیش وەستابوو.. بە دەم پشوو دانی دەم باوە.. گیانم پەخش دەبوو.. دەبووم بە هەزاران پارچە گیانەوە.. تەماشای کەرامەتی ژیانم دەکرد.. بە زەییم بەو منداڵە بچکۆلەیەشدا دەهاتەوە کە مەسیح پێی بەخشیم.. چونکە منداڵەکە یاساکانی دادپەروەریی لە شێوەی هەڕەمێکدا بە دیاری دا بە من.. منیش هەم منداڵەکەو هەم هەڕەمەکەو هەم مەسیح و ماریاکان و هەم هەموو جیـهانم لە کۆڵ بوو.

نەمدەزانی بە چی زمانێک بدوێم! فریا نەدەکەوتم. چونکە من بە هەزار چاو.. بە چاوی فریشـتەکان یاساکانی سەر هەڕەمم دەخوێندەوە.. دەمزانی ئامیین سەرچاوەی بوونە.. ئامیین دەنگێکە لە بوونەوەردا بەر بیستگەی هەر کەسێک بکەوێت.. دەتوانێت چیی بووێت فێری بکات. چونکە ئامین قوتابخانەی زانستی خامۆشە. ئامین زانستێکە نـوح دەیزانی.. دەتوانیت فێری نەوەکانتی بکەیت؟

فەرمووم: بەڵێ.. من ئامییینم هەرس کردووە.. زۆر لەمێژە من بە گفتارو پەیامی ئامیین فێر دەبم. ویستم منداڵەکە بەرموو بەرەو ماڵی خۆم بگەڕێمەوە، ئەگەرچی هەستم دەکرد لەماڵی خۆمدام، بەڵام دەمویست دڵنیایی بۆ هەموو پەیکەرەکان زامن بکەم، دەمویست ئەوان: ماریاکان، مەسیحەکان، پشوو بدەن لە حەشارگەی مندا! خۆمم بەخاوەن ماڵ نەدەزانی. چونکە زیندان ماڵی من بوو!

من وامزانی مەسیحی پیـرۆز دێت باسی ئازارەکانی خۆیم بۆ دەکات، وامزانی هاتووە ئاگادارم دەکات لەوەی کەمن هەستم پێ نەکردووە.. بەڵام ئەو منداڵێکی پێبوو، منداڵیی خۆی بوو، بۆمن دەگەشایەوە، دەدوا.. وەکو موعجیزە دەدوا.

کاتێک هەنگاوەکانم هەڵهێنا بڕۆم! منداڵەکە کە مەسیحێکی ساوابوو. لەباوەشمدا ڕاپیسکاندم، تورە بوولێم، فەرمووی: بۆکوێم دەبەیت بابە؟

فەرمووم بۆدورگەکەی خۆم، بۆدورگەی هەستکردن بەکەمی.. بۆ دڵی ژیان، بۆ لای منداڵەکانی دورگەی ئۆسگۆرد. گریا وفەرمووی من نایەم. فەرمووم: ئاخردەبێت دایەنێکت بۆپەیدا بکەم. ئاخر لەوێ من بەدوای عیشقا دەگەڕێم.. دڵم لەوێ لەدەستی دێـوەکاندا دیلە.

فەرمووی، نا بابە، نا مەمبە، من لەودێـوانە دەترسم، لێرە بە، مەڕۆ، بامن لەحەشارگەی تۆدا لەبری شیر، فرمێسکی تکاوی دایکم لە تنۆکی بارانەکاندا بنۆشم.. چاترە لەشیری دێـوەکان.. لەدورگەی ئۆسگۆرد دێـوەکان بێ شیرن.. ئەوان دڵی منداڵەکانیـان ڕاناگرن، باوانیـان پڕدەکەن لەڕق! لێرەبە مەڕۆ.. عەشقی تۆ لەحەشارگەکانی تۆدایە بابە.. واز لەگەڕان بێنە، ئاخر لەو دورگانەدا عیشق سەردەبڕن، سەری مـرۆڤ دەبڕن، دایکان مندالەکانی خۆیان دەخنکێنن، دەیانکوژن، سەریان دەبڕن.. باوانیـیان ڕسوادەکەن، شێتیان دەکەن.. منداڵەکانی دەرەوەی حەشارگەی تۆ دەترسن.

مۆمێک لەدەرونتا داگیرسێنە.. گوێ لەدڵی زەمین بگرە.. لەگەڵ من بە، مەمبە بۆ سەیری دێـوەکان! فەرمووم مەترسە کوڕم، دەزانم چییان بەسەرهێنای!

فەرمووم: دەزانم، بەڵام من هێشتا لەناویاندا ماوم، هێشتا دەستیان بۆکەرامەتم نەبردووە.. گەرچی

بەزەییان سەربڕیوم، دەستی دڵمیان بڕیوە، عیشقمیان دزیوە، بەڵام هێشتا ئومێدم لەبار نەچووە.. هەستی جوانـییم هێشتاهەرزەکارولاوە.. هێشتا گوڕم تیادا ماوە.. لەمەرقەدو کەنیسە چۆڵەکاندا.. لە ئاتەشگاو پەرستخانەکاندا کۆمەڵێک ئافرەت هەن پاکن، بۆنی بغوردیان لێدێت.. بۆنی دایکی پیـرۆزیان لێدێت.. پشتیان کردۆتە دێـوەکانی سەرزەوی و ڕوخساری مارياو تۆی منداڵ دەپەرستن.. خۆیان پاکژ ڕادەگرن، خەو بەفریشـتەکانەوە دەبینن..لە خەونەکانیـیاندا بەسواری تریشقەیەکی تیشک شێوە دێن، لەسروەی بەیاندا گیانیان هەڵدەگرن.. دەیانبەن بۆ مەملەکەتی پیـرۆز، لەوێ، گیانەکانیـان بە ئەسپایی دەردێنن.. ماچیان دەکەن، فووی لێدەکەن، پاکژیان دەکەنەوە.. دەیانشێلن.. دەست بە جەوهەری گیانیاندا دێنن، خۆشایی بەگیانیان دەدەن، پاشان گیانیان دەگێڕنەوە ناولەشیان.. ڕاهیبەکان لەناودڵی کەنیسەکاندا تەنهان.. هەست بەتەنهایی دەکەن، دەزانم بیری من دەکەن.. دەزانم دەتوانم لەوێ دایەنێکت بۆپەیدابکەم. من لەوێ بەدوای عەشقدا وێڵم.. کەچی بەزنجیری قێز لێم دەدەن.. بەگازی بزەکانیـیان زەهراودەکەن بەکێڵگەکانی جوانـیمدا.. بە شەڕی ترسیان ڕاهیبەکانی ناوکەنیسەکانم دەتۆقێنن..، بە بوختانەکانیـان بەردەبنە پەیکەری مەسیحەکان وماریاکانی ناو حەشارگەم گشتیان تێکدەشکێنن.. دەبێ بڕۆم کوڕم، من عاشقم، لەناویاندا دەتوانم دایەنێکت بۆپەیدابکەم، چونکە تۆ چیی تر بە نۆشینی فرمێسکی ماریاکان تێرنابیت!

چونکە دۆعا بە منی فەرموو: لە بەهەشتا ئافرەتی پیـرۆز ناگری. کەس ناترسێت، مـرۆڤ لە عیشقدا ئازادە.

فەرمووی: فەرموودەت ڕاستە، تا ماریای پیـرۆزبگری، جیـهان لەگەڵیدا دەگری. تا تۆ گوێت لەخوڕەی فرمێسکەکانی ئەو بێت.. عیشقت لەناو مـرۆڤەکاندا مان دەگرێت.. ڕوخسارت دەشێوێت، ماندوو دەبیت.. دەکەویت. ئەگەر بکەویت دڵی من دەشکێت. فەرمووم : نایەڵم کوڕم.

فەرمووم: فەرموودەکانت ڕاستن.. بەڵام تا ئەوکاتەی بزەکانی تۆم لەسەرلێو بێت، کەس ناتوانێت زەفەر بەعیشقی من بەرێت، کەس ناتوانێت، درۆلەگەڵ هەستما بکات.. کەس ناتوانێت زەرڕیەک لەکەرامەتی جوانـیم داگیربکات.. لەوێ لەناو دێـوەکاندا دەڕۆم، سنگم دەردەپەڕێنم.. سەرنجەکانم بەناوکێڵگە بۆگەنەکانیـاندا دەپروێنم.. دەستی منداڵەکانیـان دەگرم، فێریان دەکەم بەدەم پیسی نەدوێن.. کیژۆلەکانیـان دەدوێنم، باسی حورمەتی جوانیی خۆیانیـان بۆدەکەم، فێریان دەکەم بەدرۆوە بۆکەس خەندە نەپروێنن، بوختان بەدەمی کەسەوە نەکەن، هاوڕێکانیـان تەنهاوگۆشەگیر بەجێ نەهێڵن!

دەڕۆم لەهەستکردن بەتەنهاییمدا دەگەڕێم سەیری شکۆی نەوەی نوێ دەکەم، لەناویاندا هەیە مان لەدێـوەکان دەگرن، هەن لە ناویاندا دەوێرن بڵێن: ئێمە باوەڕمان بە ئـێوە نییە. لەناویاندا ڕاهیبەی چاوشین و فریشـتەی غەمگین وماریای منداڵ ماون.. هەندێکیان هێشتا چاوو زمان وگوێیان نەکراوەتەوە، هەندێک لەوان هێشتا لەترسا بەلاڵی، بەکوێری، بەکەڕی، بە لەباربراوی، بە هەتک کراوی، بە تۆقاوی لەدایک دەبن.

دەمەوێ بیانبینم وبمبینن.. چونکە حورمەتی بینین ؛ شیفای باوەڕی هەندێک لەوان دەکات، گوڵ بۆ ماڵی هەندێک لە بێباوەڕان دەبات.. لەگەڵ هەندێک لەواندا دەدوێت.. باسی سێگۆشەو هەرەم و سیمیترییان بۆدەکات. هەموو ماریاکان و مەسیحەکان و ئەنفال لەگەڵیاندا بە کۆراڵ دەیانفەرموو:

دەڕۆم.. دەبینم، تەماشادەکەم.. باوەڕم مەتینە بەژیان، بەدێـوەکان دەڵێم، دەتوانم کاربکەم، دەتوانم ژیان لەخۆم باربکەم، دەتوانم بوونەوەر لەسەرسەرم هەڵگرم و خەندەکانیشم بەش بکەم.

که وایان فەرموو!.. بینیم بەچاوی هەست، پێغەمبەری مەزن چەپڵەی بۆ حورمەتی خوا دەتەقاند، فریشتەکانی ئومێدی من ومەسیحی منداڵی بەئاسماندا هەڵدەفڕاند.
مەسیح وماریا تێکشکاوەکان فەرموویان: دێوەکان لە خەندەکان دەترسن.. بە خەندەکانتان هەڵمەتیان بۆبەرن.. بە خەندە داگیریان بکەن.
مێرووولەکان فەرموویان: پیرۆزترین تۆڵە لێبووردنە.. خەندەکان دەتوانن دووژمنەکان کەم بکەنەوە.. شەڕ زۆر لە ئاشتی دەترسێت. ڕاستە دەڵێن کات وەستاوە؟ ڕاستە تۆ دەوێریت بڵێیت: من نوح-م؟ ئایا بەڕێزتان ئەویت؟ فەرمووم: من هێندەی ئێوە زۆرم لە زانستی خامۆشدا.. هێندەی ئێوە وورد بین وکارمەندو ژیر چنم. مێرولەیەکی پیر سەری لەقاند.. بە دەم تەماشای سەرسوورمانەوە فەرمووی: ئافەرین ئامیین.. ڕاستی دەشێت جەرگبڕ بێت.. بەڵام مرۆڤ دەبێت وانە لە کردەوەکانی خۆیەوە فێر بێت.

# تابلۆی دێوپەرستەکان

کەکات وەستا.. زەنگی کەنیسەکانیش وەستان.. لەوکاتەدا عاشقێکماڵی مەعشوقەکەی خۆی بەجێدەهێشت لەسەر ئەوەی مەعشوقەکەی بوختانی بە دەمی منەوە دەکرد.. لەوکاتەدا کەمن لەخەودا پاپا بەنێدیکت-م دەدی لە ژێردەنوکی زبری قەلەڕەشکە دێوە دوکەڵ ئاساکاندا.. کاتێک کە تەماشای حورمەتی دەلایلاما-م دەکرد، کاتێک کە گوێم لە ماریای سۆزانی دەگرت، کاتێک کە بیسکۆب سباستیانم بەڕێ دەخست، کاتێک کە هەموو شەقامەکانم لەفرمێسک و خوێنی ڕژاو پاک کردەوە.. کاتێک کە حەزرەتی مێرولەکان هاتن بۆلام، کاتێک کە پرتەوی نووری پیرشالیار بە دەروون ودڵ و نیگای ڕاهیبەکان ومنداڵان و کیژۆڵەو لاوانی شاردا پەخش دەبوون..کاتێک درەختی زەمان بەنووری ژیانەوەی پیرشالیار ڕوخساری دادەگیرسا.. کاتێک کە چرکەی میلی کاتژمێر وەستا.. کاتێک کە پەیکەری مەسیحی منداڵ لە باوەشمدا ئۆقرەی گرت، کاتێک کە پێغەمبەری مەزنی ئیسلام بەچەپڵەکانی فریشتەکانی ئاشتیی ڕاپەڕاند.. دێوەکانی ترساند. کاتێک کەمن بووم بە دوو کەرتەوە.
دێوەکان نەڕاندیان.. دێوەکان ڕایانگەیاند کە دەبێت زلهێزە تۆقێنەرەکان کۆببنەوە، دەبێت بەزووترین کات کۆبوونەوەی دێوە هەشت سەرەکان( گ 8) بگیرێت، دەبێت کۆبوونەوەی ناچاوەڕوان کراوی کارەسات بگێرێت!

بووقیان لێدا.. بانگیان بە هەمووجیـهاندا هەڵدا.. کۆبوونەوە زۆربە دەستوبردی، لەسەرخوانی ڕازاوە دانیشتن، دەست و پەنجەی ئەفریقایان دەکرۆشت.. تێزابی ئاسیا-یان دەنۆشت.. جوانی ئەوروپایان کردبوو بە مەزە وبەرام و بۆن. پێست و پەڕی ئاژەڵ و باڵندەکانیان لەبەردا بوو.
جلی پێستی گیاندارانی جیـهانیـان لەبەردابوو.. پەڕوباڵی باڵندەکانی جیـهانیـیان کردبوو بە کڵاوو ملپێچ ، بۆیە لەقلەق کردبوی بەتەقەتەق، دەترسا، ڕەش هەڵگەڕابوو، بۆیە جاڵـجاڵـۆکەی پیـرۆز تەونی حەقی دەچنی.
کە زل هێزەکان کۆبوونەوە؛ لە هەموویان بایی ترو نەخۆش تر چووە بەردەمی مینبەرو بە گومان و بوغزو تەوسەوە، بەخەندەیەکی پڕ لە گاڵتەکردن بەخۆوە، بە ترس ودوودڵییەوە  بۆڕاندی: مـرۆڤی بێـوڵات، بێـئاڵا، بێناو لەدیوارە سەهۆلییەکان دەرپەڕیوە.. بووە بە دوو کەرتەوە. دەڵێن هێزێکی مەتین لە کەرتبوونی ئەودا بەدی هاتووە. دەڵێن ئەو یەکی گرتووە لەگەڵ دەسەڵاتی غەیب و سروشت و باڵندەکان. بۆمان ناگیرێتەوە..  دەڵێن درەختی زەمان دەرکەوتووە، پیـرشالیار لەبۆنی بغوردو لە تۆماری دەنگیدا بڵاو دەبێتەوە.. پەنای مەسیحە لەخاچ دراوەکان دەدات وماریاکان دەشارێتەوە.. لەگەڵ گیانی سروشت وگیاندارو باڵندەو مێشدا دەدوێت، دەڵێت خواکـان زۆرن.
دەیەوێت دڵ ودەرونمان پڕبکات لەخواوەندو لە پێـغەمـبەرەکان، دەیەوێت بە خەندە لەگەڵماندا بێتە نەبەرد.. ئێمە لەو چەکەمان دانەهێناوە هێشتا، ئێمە لە چەکی تەماشاو بینین و بزەو خەندە هیچ شک نابەین!
چیبکەین؟ ئێمە بەخەندە ناوێرین. ئێمە بەهرەی خەندەمان وون کردووە! پێکەنینمان دۆڕاندووە لە شەڕە مەزنە جیهانییەکانی یەکەم و دووەمدا! چۆن بتوانین خەندەکان بنەبڕبکەین؟ چۆن؟ بەچی چەکێک بەرەنگاریی بوونەوەرێکی وەها بکەین؟
دێـوی دووەم هەستا، بۆگەنی هاڵاوی دەم و بۆنی ناوگەڵی دێـوە تەمبەڵەکانی لێدەهات، ئەویش بەدەم نەخۆشییە نادیارەکانی خۆیەوە بۆڕاندی ووتی: کار لە کار ترازاوە.. هیچ چارەیەکی ئەوتۆمان بەدەستەوە نەماوە.
دەڵێن چی کوڕینە  ببین بە وان؟ باوەڕبە ئایینی ئەوان بکەین، ببین بەوان یاخود نا؟ چونکە باشترین چەکی دێو ئەوەیە کە خۆی وەک دووژمنەکەی لێبکات. تاوەکو لەناویاندا بە درۆو بووختان باوەڕیان کلۆرو کەچ بکەین!
دێـوەکان گشتیان ڕاوەستان، گشتیان مت بوون، گشتیان لایان وابوو دەتوانن بەوە زەفەر بە کات بەرن، بەهۆیەوە جارێکی تر دیواری بەفرین لەدەوری بێـوڵات وبێناو هەڵبەستن! یان وایان بە بیردا هات کە دەتوانن دەست بەسەر حورمەتیا بگرن.
دێـوەکان بڕیاریاندا، ئەوبانگ بکەنە سەر مێزی گفتووگۆ.. هەموو هەڕەشەکانیش لەدەوری مەڵاس بدەن. وایان بڕیاردا دێـوەکان بەفێڵ دەست بەسەر خەندەدا بگرن! چونکە بێـوڵات وبێـئاڵا چەکی خەندەی پێبوو!
لەگەڵ وەستانی کاتدا، دەستوبرد کە زەمین گرمەی لێهەستا، کە ئەوهەمووشتانە ڕوویدەدا.. خەندەیەک  لە گەردوونەوە زرمەی کرد! زرمەی دەنگی ووشەی ئامیین.. بەو دەنگە کات وەستا.. کۆشکەکان لەرینەوە، دێـوەکان قەبارەیان بچوک بووەوە!
پاڵەوانی بێناو بەخۆی وخەندەکانییەوە داوەت کرا بۆ مەجلیسی پیرە دێـوەکان. کاتێک کەخەندە گەیشتە بارەگای ئەوان ،خۆیکرد بە کۆشکی جێکۆبوونەوەی دێـوەکاندا، زریکە بەربووە کۆشکی زلهێزەکان،

ترسان.. چونکە نەیاندیبوو خەندە هێندە هێمن، هێندە زوو، هێندە ئازابێت بتوانێت وا بەزوویی لەبەردەمیاندا هەڵتۆقێت! ترسان چونکە دەیانزانی ئەو لەت بووە و ناتوانێت ببزوێت! بینییان گیانی مرۆڤێکی سەیر هاتووە بۆ بارەگایان! گیانی خەندەیەک هاتووە و بەرامبەریان ڕاوەستاوە!

باوەڕیان نەدەکرد خەندە هێندە شارەزابێت.. باوەڕیان نەدەکرد خەندە بتوانێت بەتاقی تەنها خۆی بێت! بەڵام ئەو، ئەوەی کرد، بەرەوکۆشک و تەلاری دێـوەکان چوو، بەتاقی تەنها، دڵنیاو سنگ دەرپەڕیوو هێمن.. لەسەرە خۆو پڕلەڕێز.. کە چووە بەر مینبەری ئاخاوتن، فەرمووی: سڵاو لەدێـوەکان.. ئەی دێـوە ئازاو چاونەترسەکان، پێویست ناکات ئەرکی پەیمان بەستن لە ئەستۆ بگرن.. پێویست ناکات باوەڕی خۆتان بگۆڕن، پێویست ناکات بترسن.. چونکە من لەدەسەڵاتی ئـێوە ناترسم.. ئـێوە ناتوانن بەباوەڕێک کە نیتانە باوەڕبێنن.. من ڕێگەتان لێناگرم ئەگەربێت وڕێز لەدێـویی خۆتان بگرن.. بەڵام دەبێت فێربن.. من باوەڕی ئـێوەم ناوێت، من نامەوێت هیچم فێر بکەن، من نامەوێت گوێتان لێ بگرم، چونکە ئـێوە لەسروشتی من بێبەرین.

ئـێوە بەرلەوەی خۆتان پاکژ بکەنەوە، بەرلەوەی پاسەوانەکانی شەڕلەدەوری خۆتاندا قورستر پڕچەک بکەن، بەر لەوەی خۆتان تەفرەبدەن، پێتان دەڵێم: ئایینی خۆتان بۆ خۆتان.. قەرزەکانتان بدەنەوە.. وڵاتە داگیرکراوەکان چۆڵکەن، دزی مەکەن، درۆمەکەن، بوختان مەکەن.. دایک وباوکی خۆتان ئازارمەدەن. خوایەک بۆخۆتان بپەرستن.. مەرج نییە گوێ لەمن بگرن.. چونکە من لێتان تێگەیشتووم، دەزانم لەناوم دەبەن.. دەزانم پێم دەوێرن!

بەڵام دڵنیابن مەملەکەتی منتان بۆداگیرناکرێت.. منتان بەدیلی بۆناگیرێت.. سروشتی من ناگۆڕێت. دڵنیابن ژیان بەبێ خەندە مردنێکی ناخۆشە. مەملەکەتی خەندە زۆر بەرینە، زۆر قووڵە، خەندە سەرچاوەی بوونە، گیانی بوونە، خواوەند لەوێ دەژی.. بەبێ خەندەکان ژیان تاڵاوو زەهراوێکی ناخۆشە.

پێتان دەڵێم دەست بۆکەرامەتی پێـغەمـبەرەکان مەبەن سوکایەتی بە پێـغەمـبەری ئیسلام مەکەن.. دڵی بووداکان پڕمەکەن لەباروت، کەنیسەو مزگەوتەکان مەڕوخێنن.. ئاگر لەجەرگی مەسیحەکان وماریاکانی دەروونی من بەرمەدەن. خواوەندە وردیلەکانم مەتۆقێنن.

من لەومـرۆڤانە نیم ئـێوە بتوانن دیلی ماددەو هەوەسم بکەن.. من موعجیب نیم بەکەرامەتی دێـوی ماددە پەرست، هەلپەرست، خودپەرست وڕاسیست. من ڕۆڵەی باوەڕێکی نوێم.. من بابایەکم فەلسەفەکانی شەڕم بۆ هەرس ناکرێت..لەدەروونی هەژدیهاکاندا بەندە تەنها لەئێستاتیکادا ژیاوم، چونکە مێژوی ئێستاتیکا دان بە کەرامەتی مندا دەنێت.. ژیان دەزانـێت کەمن لەتەپڵی سەری سوکراتا وەڵامی هەموو پرسیارەکان بووم..دێر زەمانێک لە پەرستگاکانی ئاتەن-دا دەهاتم و دەچووم وەک گیانێکی پاک وبەهرەیەکی پیـرۆز ژیانم فێری جوانناسی دەکرد!

من هەرگیز باوەڕم بە لێکچونی شەڕوخێر نییە، باوەڕم بە هەژدیهاو دێـو نییە.. من گوێچکەی کردەوەکانی خۆمم لەدەستە، دەزانم چی دەڵێم.. من حەزناکەم خواوەند یەکتابێت، ڕاستە دەشێت مەرجیش بێت یەکتابێت، بەڵام بمبورن، من لەویەکتا خێرەدا کەهیچ بەربەستێکی شەڕیرنابینم.. خواوەندی خۆم زۆر وزۆرتردەبینم.

مـرۆڤ نییە خواوەندی نەبێت.. من ڕێز لەئایینەکان دەگرم.. دەزانم گشتیان پیـرۆزن.. بەڵام خواوەندی یەکتای من دەفەرموێت: هەمووئایینەکان دەستکاری کراون.. هەمووشتان دەزانن، بەڵام کەس ناوێرێت باسی بکات.. من ئەگەرباسیشی نەکەمەوە، ئەوامەحکوم دەبم بەژیانێکی تر لەناوتاندا، هەر دەبێت بژێمەوەو پێتان بڵێمەوە کەخواوەند لە مندا تا بڵێی زۆرە.. خواوەندی من ترسناک نییە، جەهەننەمی

لەمندا دروست نەکردووە، بەڵکو ئەو ملیاردەها دڵی ڕەنگاوڕەنگە، لەهەست وبیرما لەزەڕڕاتی خودی خوادروست بووم ولەگیانمدا  خواکان تەشەنە دەکەن.. بڵاو دەبنەوە، وەک جوانی، وەک نمەنمی باران، وەک ئێمپاتی، وەک شکۆ، وەک هەستی بوونەوەر.

بۆیە من لەئێستاتیکای ئـێوە نادوێم.. چونکە خواوەندی من دێـو نییە، دێـویش دروست ناکات. بەڵکو بەچپە، بەئەدەب ڕۆژانە کار لە خۆیدا دەکات، تەپوتۆزی دێـوو دێـوپەرست لەخۆی دەتەکێنێت. ئەوەی ئێوە بە چاوی زانست دەیبینن و ناوتان لێناوە ووزەو بارگەی ڕەش!.. من کەرامەتی خۆمم خاوێنتر ڕاگرتووە.

من هەمووتەمەنم لەدڵی پیردا دیوە.. من لەسەر باڵی لەقلەق فڕیوم!

من پیـرشالیارم دیوە.. ئەو لەمنداڵیمەوە فێری کردووم ئاسمانەکان ببینم، جەوهەری جوانی لەکەماڵدا ببینم، تا بیسەلمێـنم کە لە بالۆرەی مندا جوانی نیسبی نییە، بەڵکو موتڵەقە.. چونکە جوانی هیچ چەکێکی پێ نییە. جوانی لای من بریتییە: لەو باوەڕەی کە شوێنەواری ڕق و ناجۆری و درۆ لەخۆی دوور دەخاتەوە.. چونکە مـرۆڤ کاتێک جوانە کە درۆ نەکات. جوانی بە جوان تەماشا بکات.. ڕاستگۆ لە تەماشاکانی بدوێت. لە بینینی تەماشاکان، تەماشای گەردوونی جوانی.. تەماشای خود.

ئەو فێری کردووم تەماشاکان لەدەغیلەی بیردا کۆبکەمەوە، خەرجیان نەکەم، چونکە سەرمایەکانی من هەستی پەتی وبیری پەتی وگیانی پەتییە. **من سەرمایەدارترین سەرمایەداری مەملەکەتی جوانـییم.**

لای من ئەم ژیانە ڕاستییە گەورەتر نییە لەسووڕی گەورەبوونی کرمێک! نازانم بۆ خۆتان پێوە سەرگەرم کردووە؟ بۆئەزێتی یەکتری دەدەن لەخۆڕایی؟ ژیان لای کرمێک خاووخلیچک دەڕوات، کرمەکەیش دەزانـێـت کەژیان لای مـرۆڤ زۆر سست دەڕوات.. چونکە کرم لەژێرخاکدا گیانی دێـو پەرستەکانە، لەوتاریکستانەوە نەشوونوما دەکەن تا بە بەهەشت بگەن، بەڕووناکی، بگەن بەسەر زەوی! بەچاوی خۆتان دەبینن ئـێوەی دێـوپەرست، کرمێک چیی بەسەردێت لەسەر زەوی؟

هەندێکیان ئازادن، هەندێکیان دەخورێن، چۆلەکەو قەل دەیانخوات، هەندێیان ژەهراوی دەکرێن،ژەهراوی کیمیاییان بەسەردا دەکرێت.. هەندێکیان دەبن بەژێرپێوە، بەژێر تایەی سەیارەوە، یان منداڵان دەیانکەن بەسەری قولاپەوەو دەیانکەن بەخۆراکی قرژانەکان! ئەوە نموونەیەکە لە ژیانی ژێرخانی دێوەکان!

تێفکرن من باسی کرم بۆئـێوە دەکەم، بەڵام دڵنیام لەوەی کەلەبیری خۆتاندا وادەزانن باسی مـرۆڤتان بۆدەکەم! بەڵێ ژیان ژیانە بۆ هەر مەخلوقاتێک، کرم تەمەنی ئێمە خاوتر لەتەمەنی خۆی دەبینێت، کتومت کەرامەتی کرم پێچوانەی کەرامەتی مـرۆڤە.

بۆیە من تۆزێک پەلەمە، چونکە پێراناگەم هەموو وانەکانی پیرتان پێرابگەیەنم.. چونکە دەزانم مان دەگرم لەگەڕانەوە بۆژیان.. من دەمەوێت ژیان بەجێبهێڵم بۆ بیرە جوانەکان، بۆئەوانەی هێشتا نەبوون بەدێـو، قینیـان لەدێـوپەرستە، مـرۆڤن.

من لەهەمیشەییدا، ئازادییەکی ئەوتۆم هەیە دەتوانم هەمووگەردوونەکان بگەڕێم، وەک مـرۆڤی دێـوپەرست لەماڵەوە، یاخود لەخەستەخانەکاندا زەلیل نیم، لەهەمیشەییدا ئازادم، دەگەڕێم، تەماشاکانم تیایدا هەمووخۆزگەکانم دێننە دی.

من هەست بە ئاسوودەیی ناکەم لەناوتاندا.. بەداخەوە، لەناوتاندا ماندوبووم هێندە خەندەم دۆڕاند، هێندە خەندەم بەبا دا، لەدەست چوو!

هاتووم لەناوتاندا باسی جەوهەری جوانی دەکەم، باسی کەرامەتی خواو ئایینەکان ومـرۆڤ دەکەم.. کەچی ئـێوە گاز لە خەندەکانم دەگرن..بێگوومانم؛ دەزانم ئێوە دەتوانن سەدساڵی تریش دیلم بکەن. دەتوانن سەرقرتم بکەن. بەڵام خەندەکانی من ڕقاوی نابن. نابن بە خەندەی زبری وەک دێو.

دێـوپەرستەکان، هەریەکەیان کۆڵێک تفاقی شەڕی لەخۆی بەستبوو بەرامبەر بەمن(خەندە) کەوتنە نەبەردوو فیشەک نان بە بیرو هەستی خەندەکانمەوە.. منیش بەماندوویی دەگەڕام خەندەی کوژراو، خەندەی شکاو، خەندەی بریندار، خەندەی ترساووخەندەی ڕقاوییانم ڕاست دەکردەوە، چاک دەکردەوە.. بە دەم نیشاندانی خەندەوە دەمفەرموو: ئـێوەن نازانن چی دەکەن، من دەزانم پەیامی من لای ئێوە بێمانایە، بەڵام من هەمووڕۆژێک دووپاتی دەکەمەوە کە پەیامی من گەورەتر نییە لە خەندەیەک، پەیامی من گەورەتر نییە لەخەندەیەک.

من دەڵێم خەندەیەک ژیانێکی تایبەتی هەیە لە هەمیشەییدا. خەندەکان هەمیشەیین.. تەنها ئەومـرۆڤانە لەهەمیشەییدا جێگەیان دەبێتەوە کە خەندەکانیـیان بەڕاستی نیشانداوە.. من خەندەی ڕاستگۆم دیوە، من دەزانم ئەوەی خۆی بەمـرۆڤ بزانێت دەبێت هەرگیز توخنی خەندەی بەدرۆ نەکەوێت.. چونکە کاتێک مـرۆڤ بە هەڵە خەنی، دێـوێکی شەڕ یا سەرەتان یان سیل و مەراق لەخۆیدا دروست دەکات.. دەتوانم بڵێیم زەهراوێک دەردەدات کە گیان بریندار دەکات.. کەمـرۆڤ گیانی بریندار بوو.. تووشی پیس بوونی گیانی دەبێت! ئەوگیانە بێکەڵک دەبێت، وەرەم دەکات، تاریک دەبێت، بۆیە دێـوێک لە دەروندا گۆش دەبێت.

من نازانم بەچی زمانێک بدوێم تامەفهووم بێت بەلاتانەوە؟ من دژی ئایینەکان، بتەکانتان، خواوەندو خواکـان نادوێم، نەخێر .. بەهەڵەدا مەچن، من لەهونەری ئەوان دەدوێم..

بەڵام خواوەند لەمندا جوانە، خواوەند لە منداڵێک دەچێت کە لە گەردوونی بەهرەوە دێت بۆلام وپەیامی بینین وتەماشا بۆ من دەهێنێت.. چونکە من لەڕاستیدا پەنابەرم.. لەژیانی پەنابەریدا دووچاری دێـوەکان بووم؛ کەمنداڵیان پێ لەبار بردووم، من لەهەندەران سێ منداڵم پێ لەبار براوە!

ئەوان لە گەردوونی جوانـیدا پارێزراون.. ئەوان بەهرە بۆ من دەهێنن.. یادم دێننەوە و دەڵێن: لەباربردنی منداڵ، شوێنەواری زۆر قووڵ بەجێدەهێڵێت لە مـرۆڤدا. دێـو هەستی پێناکات.

من نەهاتووم بۆشەڕ، دەزانم لەناو دەروونی هەژدیهاکان هەڵهاتووم بۆ ناو دەمی دێـوەکان.. هێشتا چەکی دژایەتیم لەخۆم نەبەستووە.. هێشتا وەک ئـێوە فێری خەندەی ڕەنجاوو شکاوو پیس وسەقەت نەبووبم.

من وەک هەندێک لە ئـێوە نیم.. چونکە خواوەندی من شەڕو ئەهریـمەنی دروست نەکردووە. جەهەننەمی بۆ هیچ نەرێتێکی من دانەخستووە!

من و خوای من بـێبەریین لەشەڕی ئـێوە. ئـێوە دێـوپەرستن ومنیش جوانی پەرست، ئـێوە قوتابی ئەهریـمەنن، منیش قوتابی پیـرشالیار. دەشێت لەبیری ئـێوەدا دۆڕاندن هەبێت، بەڵام لای من کەرامەت وکردەوەی مـرۆڤ هەرگیزاو هەرگیز نادۆڕێت، مـرۆڤ مەخلوقێکە خۆی دەچنێت، خۆی زۆر دەکات، من دەزانم سەرچاوەی یەکەمی داهێنان لەکوێوە سەرچاوە دەگرێت.

ئەزێتم مەدەن، دڵی پەرستگاکانم زویر مەکەن.. من تەنها حەزدەکەم بڵێم: خواکـان لەدەرونمدا پرووشە دەکەن، زۆر بەجوانی؛ بەووردی وەک پەپوولەو دڵ وگیان هەڵ دەوەرێن لەتەماشای ساردو پڕکینەی ئـێوەدا !

ئـێوە ناتوانن وەک من ئەوهەموو خەندانە لەخۆتان بار بکەن وکاریان تیادا بکەن وەک من.. من لەمەودوا خەندەی تێکشکاوم لێتان ناوێت، من خەندەی کوژراوو سەربڕاوو سووتاوو لچ بڕاوم ناوێت، من ئەوژیانەم ناوێت کە دێـو فەرزی کردووە بەسەرژیاندا .. من پاش ئەوەی لە تەپوتۆزی خەندەو تەماشای پڕلەکینەتان تەواو پاکژ دەبمەوە، دەگەڕێمەوە لای ئەو سێ منداڵەم کە لە گەردو نی سرۆشدا چاوەڕێمن. دژایەتی کەرامەتی مـرۆڤ مەکەن، پێتان دەفەرمووم وامەکەن.

گەر وەهابکەن، منیش بەخەندەکانم بڕیاردەدەم، هەموودڵە لەجێ چووەکان ڕاست بکەمەوە، هەموو دڵەکانی دەرونم بچێنمەوە،لە هەموو خاجەکان یەک کۆشکی مەزن بۆ مـرۆڤەکانی دەروونی حەزرەتی ئیلیاس درووست بکەم.

دێـوەکان ووتیان: بیرێکی لێدەکەینەوە! دێـوەکان مت بوون، بێدەنگ بوون، لەدڵی خۆیاندا پیلانیـیان دادەنا، وایان دەزانی دەتوانن خەندە بگرن.. نەیانزانی ملیۆنەها خەندە لەدرەوەی کۆشکا ڕاوەستاوە! ویستیان هەڵمەت بەرن!

زۆری نەبرد هەڵمەتیان برد، خەندەیان گرتم، لچیان بڕی، پێیان ووت بڕۆ نەفام جارێکی تر نەکەی بێیتە ئێرە... خەندە بە تێک شکاوی وەدەرکەوت، بەڵام کاتێک خەندەکان ئەویان بینی.. ئەویان گرتە باوەش، ئەویان لاواندەوە، ئەویان چاککردەوە.. بەڵام دڵیان لەدێـوەکان ڕەنجا، بڕیاریان دا دوورەپەرێز بن. هەوڵیش بدەن شوێنەواری بێزاری لەدڵ دەربکەن.

چونکە کەکات دەوەستێت، دێـوەکان دووچاری نەخۆشیی خود لەناوبردن دەبن، دووچاری ئەنجامی کردەوەکانی خۆیان دەبن، لەشەڕێکی زۆر سیحر ئامێزو چاوەڕوان نەکراودا، هەڵدەوەرن، دەمرن، لەناودەچن.. نامێنن، چونکە نەخۆشی وبەڵاو شەڕ دووچاری هاری دەبن.

مێرولەکان فەرموویان: ئەوەی باوەڕی بە ئامیینە.. دەبێت لە زانستی خامۆش شتێک بزانێت.. خواوەندێکی هەبێت.. نوێژ بۆ مۆسیقا بکات.. سەر بۆ جوانی دابنەوێنێت. ڕۆژی بەرێ نزیکە و مرۆڤ تەنها بە خەندەکانی دەتوانێت ژیانێکی پڕ کەرامەت زامن بکات. چونکە بەڵایەک دێت، دێوەکان شێت دەکات، بیریان دەخوات، مێشکیان پڕ دەکات لە کرمی کینەو ڕق. پاشان تۆفانێک دێت، بەوە سروشت لە بەدکاریی ئەوان ڕزگاری دەبێت. کامەران کەسێکە بتوانێت بە خەندەکانەوە بژی. نەهێڵێت خەندەکانی داگیر بکرێت.

## تابلۆی جانەوەران

گەرد ونووری پیـرشالیار بڵاو دەبۆوە کەکات وەستا.. کە دێـوەکان بۆڕاندیان.. جانەوەرەکانی ژێرزەمین ماوەیەک بوو توانایان لەپیـرشالیار وەردەگرت، بوێر بوبوون! لەژێر زەمین، لەسەر زەوییەوە.. بەدەم ئاوو بەدەم باوە دەهاتن.. دەهاتن وقەبارەیان لە گەردوتۆزەوە گەورە دەبوو.. هەیبەتیان ترسناک دەبوو.. شکڵیان تۆقێنەر باڵایان بەرز، دەنگیان گڕبوو.. دێـوەکان ووتیان: ئەوە چی بەڵایەکە ڕوومان تێدەکات؟ ئای! خۆ لەشکری جانەوەران پەیدا بوون! لەکوێوە هاتوون؟

**جانەوەرەکان بە یەکدەنگ فەرموویان: ئێمە لەدەنگی دێـو، لە بۆنی دێـو، لەڕەفتاری دێـو، لەسروشتی دێـو پەستین.. ئێمە لە دووڕوویی و لە درۆو لەساختەچێتی پەستین.. ئـێوەن سروشتتان بۆگەن وپیس کردووە، ئـێوەن ماسییەکان زەهرچێژ دەکەن، ئـێوەن دڵی زەمین بەخورپەی بۆمب وئەتۆم دەتۆقێنن.. ئـێوەن فیتنە لەنێوان ئایینەکاندا دروست دەکەن. ئێوە فیتنەیەکی نەویستن و دەروونەکانی مرۆڤ پڕ دەکەن لە**

**زووخاوی شەڕ. ئێوەن شەڕ زۆر دەکەن. نازانن چی دەکەن. بەناوی خواوە هەزاران فیتنە دەنێنەوەو بازاڕەکان پڕ دەکەن لە ترس و نەخۆشی و هاری.**

**ئـێوە باڵندەکان بەکۆمەڵ وەک مـرۆڤەکان دەنێنە مەنجەنیقی دۆزەخەوە، دەریاکان پیس و تووڕە دەکەن! هاتووین خۆمان نیشان دەدەین.. هاتووین دەڵێین ژێری ئـێوە ناگاتە بچوکی ئێمە! ئێمەین لەشکری نەبینراو؛ ئێمەین خواپەرستە نادیارەکان؛ ئێمەین دەتوانیین سزا بدەین و نەمرووەکان زەلیل بکەین. ئێمەدەتوانین داگیرتان بکەین، لەناوتان بەرین، بتانخۆین، هەلاهەلاتان بکەین.. هاتووین پێتان دەڵێین، ڕاوەستن، چونکە هەمووشتێک ڕاوەستاوە.. تەنانەت زانستەکانیش ڕاوەستاون.. گشتیان لەترسی ئێمە ڕاوەستاون، چونکە ئێمە زانستێکی تازەین.. ئێمە جەوهەری تەکنۆلۆژیای نانۆ-ین.. ئێمە نانووین، ناخۆین،نابینرێین ناژیین وەک چۆن دەژیین ولەناوتاندایین، بەڵام بیرێکی پەتیین، گیانێکی ئازادیین، دەتوانین زۆربین.. دەتوانین داگیرتان بکەین ودروستتان بکەین دووپێ، چوارپێ، دەپێ، هەزارپێ.. ئێمە دەتوانین بڵێین: ببە و ئەبین..** ئێمە وەک چۆن دروستکەربووین، ئاوەهاش ڕوخێنەرین. بترسن لێمان.. بەسە هێندە دووڕوو درۆزن مەبن.. ڕێز لە مـرۆڤایەتی بگرن، ڕیگە بدەن عەلی( ئاماژە بۆ ئەو منداڵە عەرەبەی لە بەغدا بە بۆمباباران چوارپەلی پەڕی) دەستوقاچی نەدۆڕێنی بە بۆمبای ئـێوە، تاوەکو پێویستی بەیاریدەتان نەبێت! چونکە زانستی ئێوە ناتوانێت دەست و قاچی پەڕیو لە مرۆڤ بڕوێنێتەوە. ئێوە دان بە ناتوانایی خۆتاندا نانێن. ئێمەش هاتووین فێرتان بکەین تا ڕێز لە لاوازیی خۆتان بگرن. تا هەستکردن بەکەمی دووچاری هاریتان نەکات.

ئـێوە دەکوژن و بۆمردووش ناگرین! ئـێوەن سەری مـرۆڤەکان بە بڕین دەبەن.. ئـێوەن ژیان وجیـهان پیس دەکەن.. ئـێوەن منداڵ لەدایک وباوک دەکەن.. ئـێوەن چەکی قورس بەجیـهاندا دەبەخشنەوە..

ئـێوەن مـرۆڤایەتی هەتک دەکەن. هاتووین پێتان دەڵێین ڕاوەستن، ڕێزلەخۆتان بگرن.. ڕاستگۆ، ڕاست بێژ، راست ڕەو وبیرپەروەر بن. دەنا ئێمە جانەوەرەکان وەکو خەندەی پیـرشالیار لێخۆشبوو نیین.. ئێمە بەزەییمان نییە.. ئێمە تەنها هەستی ئاگری گیانیین.. هاتوین دەڵێین ئێمە هەستی بوونین.. دەتوانین زۆر هەستیار بین، دەتوانین دەروونی دارڕزاوتان، گومانی نەخۆشییەکانتان هەست پێبکەین.. دەتوانین لەوەسواس و شێتی ودەمارگیری دەربازتان بکەین.. دەتوانیین بەزەییتان بۆ داوا بکەین.. دەتوانین زیاتر لەوەی دەیزانن، بزانین! ئێمە دواهەمین زانستی زانایین.

تووڕەمان مەکەن، بێزارمان مەکەن، پیسمان مەکەن.. هەوڵیش نەدەن بەد بەکارمان بەرن. خواکـان زەڕڕاتی بوونن، کەرامەتی بوونن، گیان وبیری بوونن. ئێمە تابلۆیەکیین.. تابلۆی کەرامەتی خۆمان. ئێمە نەخشی دووپاتی زەخرەفەکانی چارەنووسین. دەتوانیین ناکۆتایی زۆر بین.

مێرولەکان گشتیان بەترسەوە سەریان بۆ لەخۆیان بچووکتر دەلەقاند.. گشتیان فەرموویان: جانەوەران دەتوانن ببن بە سامانێکی لە نەوت و تەڵاو گەوهەرو ڕۆن و شەکر گرانتر.. جانەوەران دەتوانن مـرۆڤ ڕەزیل و سەفیل بکەن.. گەر تووڕە بن ئەوان دەتوانن  ژیان و مـرۆڤ پێکەوە دووچاری داتەپیین بکەن. جانەوەرەکان حەزرەتی نوح دەناسن، ئەوان سروشتی ژیان چاتر لەزاناکان دەناسن. بۆیە زانستەکان بەوان ناوێرن.

# تابلۆی ڕاوەستان

ها گەیشتیتە کوێ؟ لەگەڵ تۆمە جەنابی خوێنەر! ئێستا دەشێت کەمێک تێگەیشتبیت کە کات دەشێت بووەستێت.. کات دەتوانێت بشزێت.. بفڕێت.. هەروەکو کاتەکانی من لە ژیانی پەنابەری و ئاوارەیی.. من هەژدەساڵی تەمەنم بە بێکارییەوە بەسەربرد.. بۆیە لای من؛ وەک ئەوەوایە کات وەستابێت! بۆ نا؟ هەژدە دانە ساڵی ڕەبەق من بۆمارياو مەسیحەکان گریام، دەستم دەهێنا بەسەری پەیکەری شکاوو ترساوو هانابردوو بۆکەلاوەی من.. هەژدەساڵە دێـوەکان خەندەی نەخۆش و زەلیل وسەقەت دەگرنە من.. هێشتا بەپێوەم ولە نەبەردێکی هەم بێ مانا و هەم پیـرۆزدا سەری خۆمم کزکردووە. هەژدەساڵە تاوانبار کراوم بەوەی کە بە مرۆڤەکانی ئەم بەستەڵەکە بێگانەم و بەچاوی کەم تەماشا دەکرێم و لە زیندانی بەهەڵەدا چوونی دێوەکان دیل و دەست بەستەو چاو بەستم. هەژدەساڵە لەگەڵ لێبووردنی خۆمدا بەرەو شەکەتی دەچم، هێندە بووراوم، لێبووردنم دووچاری هەستکردن بەکەمییم دەکات. چونکە دێوەکان لە مانای لێبووردن

تێناگەن. ئەوان وادەزانن لێبووردن سروشتی شێتە. ئەوان ناچارم دەکەن کارێک بکەم کە کاری خۆم نییە و ڕێگری لە داهێنانی هونەری دەکەن و نایەڵن پەیامی جوانی بە نەوەی نوێ بگەیەنم.

هەژدەساڵە من بەدنیادا گەڕام، لەگەڵ هەزاران دێـوو دێـوپەرستا باسی جوانـیم کردووە، ئەلبوومە جوانەکانی جوانـیم نیشان داون، هەمووئەلبوومەکانی خەندەکانی خۆمم نیشان داون، کەس تەماشای ناکات، هێندە ترسنۆک و بێکەرامەتن، لەدێـوەکانی خۆیان دەترسن، نەک مـرۆڤەکان کە کەمن، بەڵکو دێـوپەرستەکان هەر یەکەیان دێـوێکی ناشیرنینی بۆخۆی داتاشیوە.

هەریەکەیان دێـوێکی مقەبایی، تەنەکەیی، ئاسنین، بەردین وزبرو بێهەستی بۆخۆی داتاشیوەو دەیپەرستێت، تاسەگ وپشیلە وەستابێت حورمەت لەکەرامەتی خۆیان ناگرن، بیرناکەنەوە، هەردەخۆن وتێریش نابن، هەر دەخوێنن و فێر نابن، هێندە بەتەنگ خۆیانەوەن هەمیشە نەخۆشن،هەمیشە برسییانە.. بەزەییان بەخۆیاندا نایەتەوە، قینیان لەکەسێکە دێـوپەرست نەبێت، نایانەوێت ئەوەی وەک ئەوان نەبێت!

هەژدەساڵە من خەرەک دەرێسم بەدەرودراوسێ دەڵێم، بەدێـو دەڵێم بە مـرۆڤ دەڵێم : من باوەڕم بەشەڕ نییە، ئەوانیش دێن بەگومانەوە، بەترسەوە تێڵایەکم دەدەنە دەست ودەڵێن: دەی ئەگەر پیاوی بیوەشێنە! ئێمە باوەڕمان بەتۆ نییە. ئێمە لە تۆ زاناترین ؛ دەزانیین تۆ تەنها شەڕت لێدەوەشێتەوە.. دەی تێڵاکەت بەکار بەرە. هەژدەساڵە دەڵێم من مـرۆڤم وکەس باوەڕناکات!

**خۆیان گێل دەکەن و دەڵێن: کورد چییە؟ تۆ کێیت؟ ناوت چییە؟ کوردوستان لە تورکیایە؟ لە ئێرانە؟ یا لەعێراق وسوریاو ڕوسیا؟ دەڵێن خۆ کورد عارەبە؛ چونکە بوون بە موسوڵمان! دەڵێن تۆ عەرەبیت!؟ بە خەندەیەکی بایی ودزێو پڕ لەهەستکردن بەکەمی سەیرم دەکەن وخۆیان دوورە پەرێز دەگرن، وای نیشان دەدەن دەترسن! وای نیشان دەدەن من دێـوەکانیـان دەدزم!**

وادەزانن من هێندە نەزانم هاتووم لەناویاندا فێربم! وادەزانن من ئەگەر وڵاتم نەبوو، بێکەرامەتم! ڕاست دەکەن، بەڵام درۆش دەکەن، ترسنۆکن ناوێرن لەسەر پاسپۆرتەکەم ناوی ووڵاتەکەم بنووسن.. دەزانن کە من زیندانم! لەزیندانی نەهیلێکردنی ئەواندا دیلم. چونکە نایانەوێت بیریان بهێنمەوە کە من باوەگەورەی ئارییم. کە ئەوان پشت و ڕەچەڵەکیان دەگەڕێتەوە سەر زاگرۆس. نایانەوێت یادیان بێتەوە کە خۆیان دۆڕاوو ڕاکردوو بوون، چونکە بەر لە مێژوو ئەوان زاگرۆسیان بۆ دێوە لم شێوەکان بەجێهێشت، بۆ دێوەکانی بیابانە زەردەکان. ڕایان کردوو پەنایان بردە بەر ئەوروپا، بەر بەستەڵەکەکان. چونکە گەلانی ئەوروپا خۆیان زاگرۆسیین بە ڕەچەڵەک. کەچی ئێستا کوردکوژی و عارەب پەرستی و تەتەر پەرستی دەکەن.

تەنها بۆ فرۆشتنی کاڵاکانیان. چونکە هەمیشە برسی و نەخۆش و ترسۆو دوودڵن. چونکە باوەڕیان بە خواکان و بە فریشتەکان نەماوە. **نازانن ئەو مرۆڤانەی کە پەنابەری داوا دەکەن باوک و دایکی مەسیحەکان و مارپاکانن! نازانن کە پەناهەندەکان پارچەیەکی ڕەسەنی ئایینە دێرینەکانن.**

**هاوڕێـکانم کە نیمن، پێم دەڵێن: ئەرێ کاکە تۆ کەری کەڕی کاسی؟ بۆ شتێکت نەخوێند؛ شەهادەیەکت چنگ نەخست؟ ڕەفیقی تۆ دوێنێ هاتۆتە خاریج وا دکتۆرای تەواوکرد لە هونەردا!**

**ئەوان نازانن کەدێـوپەرستەکانی دورگەی هەستکردن بەکەمی بەهەزارچاو مێملێم دەکەن، بەغیلیم پێدەبەن کە بێکارم.. بەسەقەت وکەنفتم دەزانن.. کەس نازانێت کە من هەژدە ساڵە شەڕلەگەڵ ژیاندادەکەم و هێشتا کەس وەک هونەرمەند لای لەمن نەکردۆتەوە ـ تەنها لەبەر ئەوەی کوردم! .. هەوڵ دەدەم نەکەوم بەلادا.. خۆئەگەر بێت وپەنابەرێک لەم دورگەیەدا بکەوێت وشوێنێکی بشکێت، کەس لای لێناکاتەوە.. خەڵکی وازیان لەیەکتری هێناوە، هەموو سەگ و پشیلەو بەرازو جرج وسمۆرەو سەگسار دەپەرستن، بەسەر**

**گیاندارانـدا دەنەڕێنن، کۆڵەواریان دەکەن، تەنهایان دەکەن، دەیانخەسێنن، چاوانیـیان دەردەهێنن، هەتکیان دەکەن. دەیانەوێت خۆیان وانیشان بدەن کەخاوەن دەسەڵات ومنداڵ دۆست و هاوڕێن!**

دەیانەوێت خۆیان لەیەکتری وون بکەن. دەیانەوێت سەگ و پشیلە بکەن بەمـرۆڤ! هەژدەدانە ساڵە هەوڵ دەدەم دانەڕوخێم!

منیش لەوەڵامێکی کزدا بە هاوڕێـکانم دەڵێم: چی لەهونەر بکەم.. من لە ڕوخساری ئەوروپا دەترسم! لە خەندەکانیان دەترسم.. ڕۆژ تاوەکو ئێوارە خواخوامە مـرۆڤێک نەبینم تا بە درۆوە تێم نەڕوانێت..

خواخوامە کەسێک ببینم دووڕوو درۆزن نەبێت.. سوێم بۆوە هێندەگەڕام تا دایەنێک بۆ مەسیحێکی ساوای تۆقیو لە نێوان مـرۆڤدا بدۆزمەوە! شەکەتم هێنا، کەس نابینم! پەیدا نابێت، هەر کە دەیبینم لەدەستم دەر دەچێت.. چونکە دوو ڕوو درۆزن زۆر بوون لە ناویاندا..

لەم ئاوارەییەدا ڕۆژی دەیان هاوڕێ بەخەیاڵ دەچنم وکە وەدەر دەکەوم لێم دەدزرێن.. دەتۆقێنرێن! ئەوەی تاکو تەرا بینیبێتم لێرە ولەوێ وتوانیی تاقە بزەیەکی ڕاستم تێبگرێت.. هێشتا لە ناخمدا زینـدووە وڕێزی لێدەگیرێت..

بەهاوڕێ گومڕاکانم دەڵێم: خۆزگە بمتوانییا فێربم.. بەڵام تازە سوودێکی ئەوتۆم نەماوە.. تازە من تەعزێیەکی سەرپێییم بۆ خۆم، بۆ دۆعا داناوە.. تازە من دڵم لە دەورووبەر شکا و لێبووردنم ووشکی کرد.. ڕۆژ هەتا ئێوارە خواخوامە هەتاوێک هەڵبکات وکەمێک خۆم بخەمە بەرخۆر.. تازە سروشت ڕەنجا.. کات ڕاوەستا.. لەلای من کات ڕاوەستاوە.. ئاووهەوا ڕاوەستاوە، وەرزەکان ڕاوەستاون..، تەنها مـرۆڤەکان نەبێت.. تەنها دێـوەکان نەبێت.. کات سروەی بەیانییە، نازانم چەند شەممەیە، بەڵام بیستویەکەمی مانگی ئازارە.. تەنها یەک خۆزگەم لەدڵدا ماوە، ئەویش ئەوەیە خۆزگە هەموو مـرۆڤەکان دەوەستان.. گەرچی کات وەستاوە.. واتە هەموو شتێک وەستاوە.. هەست بە بزوتنی هەندێک دەکەم، هەست دەکەم زاگرۆسییەکان ئاهەنگی نەورۆزساز دەکەن، کات بووەستێ یان نا.. ئەوان جێژنی خۆیان هەر دەکەن.. ئەملاو لای یەکتری ماچ دەکەن.. ئەگەرچی ئەوان سەر لە ئایین وباوەڕیان شێواوە..

بەدزییەوە خۆشەویستی دەکەن، بەئاشکراش بەردباران دەکەن، لچولێوی مـرۆڤ دەبڕن.. بتی عارەب دەپەرستن، بەڵام بەشتێک لەگوناح دەگەن.. هێشتا ئەوان لە دێـوەکان چاترن.. دێـوەکان ئاو بووەستێت ئەوان دەبزوێن.. وادەزانن ئەوان ژیان دروست دەکەن.. ئەوان دەتوانن تەنها گێرەشێوێنی بکەن.. دوژمن بۆخۆیان زۆربکەن! کەکات وەستا.. کات دەوەستێت.. زەمین سەری لێدەشێوێت.. ڕۆژ تەمبەڵ دەبێت؛ پاشان تووڕە! ژیان ڕادەمێنێت، پەنجە تووتەی دەخاتە ژێرلێوی ناسکی، بەدانە مرواریییەکانی نینۆکی خۆی دەقرتێنێت.. ئەویش بەخۆی نازانێت، دەوەستێت!

کە ژیان وەستا، تۆش ڕاوەستە.. کەمێک بەسەر خۆتا بچۆرەوە، من بەپانتایی ودرێژایی خۆمدا چوومەتەوە.. تۆش هیچ نادۆڕێنیت ئەگەربێت وکەمێک کات ڕابگریت..هەوڵ بدەیت سەرێک لەخوای خۆت بدەیت، لێی بپرسیت کە بۆچی خواوەندی بەڕێز تاکو تەنهایە؟ ئایا هەست بەتەنهایی دەکات؟ ئایا پێویستی بە هاودەمی و هاوهەستی و هاو باوەڕە یان نا؟ خواوەند دەشێت هەست بە بێزاری بکات! بۆ نا؟ گەر خواوەند وەها بێت کە مەلاکان باسی دەکەن! ئەوا لەتاو تەنهایی شەڕوو شەیتانی داهێنا. ڕاستە؛ ئەمە ڕاستە. من لەو باوەڕەدام کە تەنهایی سروشتی خوای گۆڕی. کە تەنهایی خوای ناچارکرد دان بە کەرامەتی شەڕدا بنێت. کە شەیتان بە هەڵە درووست بکات؛ چونکە تەنهایی بوونەوەرو کردگار بەرەو

هەڵەی مەزن دەبات. چونکە تەنهایی نەخۆشییەکە هەر کەسێک بسمێت، پیسی دەکات، بیر کەچ و ناجۆری دەکات. جا مەپرسە؛ من فێر مەکە کە خواوەند تەنهایەو تەنهاش بوونەوەر بەڕێوە دەبات. من ئەو خواوەندەم ناوێت؛ ناپەرستم؛ چونکە هەر بوونەوەرێکی تەنها شایانی گوومان لێکردنە. خوای خۆت بۆ خۆت. من خواوەند بەهۆی خواکانەوە دەپەرستم. بگرە هیچ پێویستم بە پەرستنی ئەو نییە. بەڵام ئەگەر بێت و خوا بەتەنها بێت بۆ لام؛ لێی دەپرسم: ئایا باوەڕت بە من هەیە؟ گەر باوەڕی مەتیین بوو؛ ئەوا چەپڵەیەکی گەورەی بۆ لێدەدەم.

من نازانم کێ ئەوی دووچاری ئەو تەنهاییە کرد؟ ئەی خواوەند بۆنایەت کەمێک سەیری کردەوەی مـرۆڤ بکات لە نزیکەوە، کەمێک شانازیتان پێوە بکات، یاخودکەمێک گلەییتان لێبکات؟ کێ دەڵێت خواپێی خۆشنابێت کە تۆبیرێکی لێبکەیتەوە؟ دەشێت گەر بۆتەنها جارێکیش بێت، دابەزێت، بێت بە میوانیت،دەشێت خواوەند میهرەبان بێت!

دەشێت چەپکێک گوڵیش لەگەڵ خۆیدا بهێنێت! دەشێت هیچ پێویست نەکات تۆلەوبترسی و ئەو لەتۆ بترسێت، دەشێت پێتان بڵێت، حاشا لە دیارتان، پیاوی چاک بن نوێژ بۆمن مەکەن!

دەشێت خوا لەکردەوەکانـتان خۆش بێت! دەشێت پێتان بڵێت من عاشقێکی گەڕۆکم.. وەکو باڵندەی بەرق ورگی ئاسمانەکان دەدڕم، تیژ دەفڕم تاریکایی دەبڕم تا لەشەڕی دێـوی تاریکی دەربازبم! دەفڕم بەملیۆنەها باڵی بەرق ئاسا.. گەردوونەکان دەبڕم تالەتاریکی دەربازبم. من لەقلەق و جاڵجاڵۆکەو مەلم.. من هەرچۆنت بووێت وەها دەردەکەوم.

دەشێت خواوەند حەزکات پشویەک بدات! دەشێت سەرێک لە زەمینیش بدات، بەندەیەکی موسوڵمانی

خۆی زیارەت بکات! دەشێت حەزنەکات تەنها بێت!

مێرولەکان فەرموویان: خواکـانی ئێمە هیچیان تەنها نیین.. ئێمە پێکەوە بوونمان کردووە بە خوا بۆ خۆمان. پێکەوە بوون دەپەرستیین. بوون ـ یش سروشت و خۆرو ئاسمان و گەردوونەکانە.. ئامیین. مەرجیش نییە پەرستاری ڕزگارکەری ژیان بێت، نا. بەڵکوو خۆشەویستی و کردەوەی جوان دڵی خواکان گۆش دەکەن. خواکان تاک بن یان کۆ، ئازادن، ئەوان ڕێگە لە بوونی ئێمە ناگرن، و لە زۆربوونمان ناترسن.

# تابلۆی حیکایەتی مێش

وەکچۆن جاڵـجاڵـۆکەی پیـرۆز ووشەکان دەچنێت، لەقلەق خەون بەپاکژبوونەوەوە دەبینێت، وەک چۆن گەردی زەڕڕاتی پیـرشالیار دابەش دەبێت، ئاوەها ووشەکانی من دەڕێسرێن.. دووپات دەبنەوە، دووپات بوونەوە سروشتی جوانی وخواوەندو خێرە.. لەقورئاندا 145 جار مردن 145 جار ژیان دووپات دەبێتەوە، ئەمەیش مانای وایە کەمـرۆڤ نەک تەنها لەدایک دەبێت، پاشان دەمرێت، پاشان جارێکی دی دەژێتەوە، نەء، هەمووتان بەهەڵەدا چوون،مانای وایە مـرۆڤ 145 جار دەژی و145 جاریش دەمرێت. بگرە مرۆڤی خێرمەد نامرێت تا پەیامێکی پیرۆز نەگەیەنێت. چونکە مرۆڤ لەدایک دەبێت بۆ گەیشتن بە کەماڵی خێر، نەک بۆ زۆرکردنی شەڕ. بەڵام دێوەکانی شەڕ کە داگیریان دەکەن، ناچاری مەرگیان دەکەن؛ پاشان بەترساوی، بە تووڕەیی؛ بە سەقەتی؛ بە ڕەزیلی؛ بە کوێری و کەڕی و کەم وکووڕییەوە دێنەوە ناو ژیان. پاشان دەمرن. پاشان دەگەڕێنەوە.

جاری واش هەیە مـرۆڤ لە کاژێرێکدا هێـندەی هەمان ژمارە دەمرێت! کاتێک کە بەبێ تاوان سزا دەدرێت، کاتێک کە چوارپەلی دەبەسترێت و بەچەقۆی دەستی ئەهریـمەنەکانی شەڕ سەر دەبڕدرێت، کاتێک کە ئافرەت یان منداڵ هەتک دەکرێت، لەوکاتەدا مـرۆڤ بەبێ ئەوەی بزانێت، سەدجار دەمرێت. مردن لەودا بۆڕی ژیان دەداتەوە، مردن بەسەر ژیان وبوون وکەرامەتیدا زاڵ دەبێت.

کەچی هەمان لە قوورئانی پیرۆزدا 88 جار مەلائیکەت، بەڵام 145 جار ئەهریـمەنەکان دووپات باس کراون یان ناوبراون لە قورئاندا.. بڕوانە ئەهریـمەنیش 145 جار ناوبراوە!

خۆت تێبگە من هیچ نالێم. شتێکی جوانە کە خۆشەویستی83 جار، هەروەکو فەرمایشت کردن . لێبووردن دووهێـندەی سزادان دووپات بۆتەوە، کەچی هێشتا موسوڵمانان دەست و سەرو زمانی خەڵک دەبڕن. بەزەیی 57 جار ، لێخۆشبون 114 جار. ئەم شتانە جوانن، بۆیە دوپات دەبنەوە.. بۆیە ووشەکانی منیش بێبەری نین لەدووپات بوونەوە.

کەچی لە ئەنفالدا دەڵێت ئەوەی هەڵیکووتایە سەرتان، هەڵبکووتنەوە سەریان، هەمان شێوە ڕەفتاریان بەرامبەر بکەن کە ڕەفتاریان بەرامبەرتان کرد!( ئەی کوا لێخۆشبوونتان؟)

مەبەستم ئەوەیە کەمن لەدووپاتدا نیازی زیادەڕۆییم نییە، بەڵکو نیازی دەربڕینم هەیە وهیوای تێگەیشتن مەتلەبمە. شتێک هەیە زۆرجار سەرنجی من ڕادەگرێت و هەمان بالۆرەم بۆلێدەدات و هەمان وانەم فێر دەکاتەوە.. با منیش لەڕووی ڕێزەوە چیرۆکی ئەودووپاتبوونەوەیەتان بۆ بگێڕمەوە.

بەر لەوەی کات بووەستێت بە چەندڕۆژێک.. بە خوی هەمیشەیی هات، لەبەردەمی مندا بەدووباڵی زەخرەفە چن، زەخرەفەیەک کە ڕۆبنس وڕامبراندت، نەیانـتوانـیوە بیبینن.. دووباڵی تەنک و ناسک، کەدوانی تریش لەژێریدا حەشاربوون.

بە باڵەفرێ هات لەولامەوە نیشتەوە.. بەشەش پێو چوارباڵی تەنک وناسک لەشێکی قورسی هەڵگرتبوو.. لەپێش چاوی مندا خۆی پاک پاک کردەوە، پاشان  بەبێ وورتە نوێژی دابەست.. لەدڵی خۆیدا دەیگووت: زززز، زز..ز حەوت جار حەوت ڕکاعەتی کرد، پاشان بەچاوی ڕێزو شوکرانە سەیری منی دەکرد..

چاوەڕێ بوو کەمێک بە باڵامدا هەڵگەڕێت، بێتە سەر نینۆکم... وامزانی دەیەوێت لە قیبلە بگەڕێت، بەڵام کە ئەو کەرامەتی هۆشیار بوو، بە نیازو بە گیزەگیز بەمنی فەرموو: هەموو جێگەیەک قیبلەگایە، قیبلە هەرئاستێکە نیاز ڕووی تێبکات.. کەهەڵفڕی سەیرێکی چاوەکانیم کرد.. لەزەخرەفەی چاوانیدا تێگەیشتم کە هەمووشتێک بەڕاستی چنراوە. بینییم ئەو مەزن و مەتیین و بەدەسەڵات و پیرۆز سەیرم دەکات.

کاتێک کە دەستیکرد بەگەڕان بەدوای خۆراکدا، هاتە سەر نینۆکم. داوای لێبووردنی لێکردم.. چونکە زانی کە من نەک پیسایی لەسەر نینۆکم نییە.. بەڵکو هیچی پیس لەماڵەکەشمدا نییە. سەیرێکی کردم، تێگەیشت کە خۆی دەتوانێت سەرپشک بێت و خۆراک بۆ خۆی بخوات، ئازادانە بەناوماڵەکەدا کەمێک فڕەوگیزەی کرد.. منیش سوپاسی هاتنە میوانداریێتییم کرد.. کەمێک شەکری ورد و ئاردم بۆ دانا.

ئەمەباسی فریشـتەو مەلائیکەت نییە، بەڵکو باسی ئەو مێش-ەیە کە دێت بەمیوانیم لەخەون وڕاستیدا، دووپاتی دەکاتەوە لێم، یادم دەهێنێتەوە کە باسی حورمەتی بکەم.. چونکە ئەولای وایە کە مێشیش سروشتی خوای تیایە، کە جانەوەران خواناسن، کەسروشتی ئەو بێبەری نییە لە بوون.

جارێکیان هەمان مێش پێی فەرمووم: سیکەکان لەباوەڕی ڕامایانادا دەڵێن: ڕاما لەشکری مەیموونی هەبوو، کەچی هەزارو حەوتسەدساڵ بگرە زیاتر دوای ئەوە داروین هات و ووتی: مـرۆڤ لە ئەسڵا مەیمونە! سەیری ئەم درۆیەکەن!

لەقورئاندا چەندجارێک دووپات بۆتەوە کە هەندێک لەمـرۆڤ لەبەر بێئاکاری بوون بە بەراز و مەیموون! کەچی کەس دان بەوەدا نانێت! کەس بەرازێک لەخۆیدا نابینێت! دەشێت ئەگەر مـرۆڤێک بوێرێت بڵێت: من بەرازم. بەزۆر بیبەن بۆ شێتخانە! من ڕۆژی سەدان بەراز دەبینم.. بەرلەتاوێک لەم دواییەدا — مارلێن-بەدەستی بەراز فڕێندرا وکوژراو شاردرایەوە! دۆعا بە دەستی مەیموونەکان ڕەجم کرا.. سەری سەدان بە دەستی دێوەکان بڕدرا! ئەی ئەوانە بەراز و مەیموون و دێو نیین! خۆناشێت چەواشەم بکەیت وبڵێیت: نا تۆ هەڵەیت، ئەوانە مـرۆڤن؟! حاشا؛ من مرۆڤ وەها ناناسم؛ من لەوان نییم. حاشا.

بەداخەوە من وەها مـرۆڤ نابینم! من مـرۆڤ بە هەڵگری پەیام دەزانم. مـرۆڤ لای من پاک و ڕاست و جوانە.. من هەمیشە شادم بە بینینی مـرۆڤ. بە بینینی جوان. بە بیری جوان، بەکرداری جوان، بە وتاری جوان.

لەبەر ئەوە ئەگەر بەمێشێک بڵێم حەزرەتی مێش، عوزرم موباحە، چونکە تاکو ئێستا نەمدیوە مێشێک سەری مـرۆڤێک ببڕێت، یا خوانەخواستە بە مـرۆڤێک بڵێت چاوت کلی پێوەیە.

هەمووجارێک کەدێت، دەفەرموێت: بیرت نەچـێت، بەمـرۆڤ بڵێ لەخۆی بایی نەبێت! من دڵنیام لەوەی کە پرشنگی پیـرشالیار ئەویشی سمیوە.

لەبەر ئەوە لەدووپاتی بابەتەکانم ببورن.. چونکە خوودی ڕستنی تەنافی جاڵـجاڵـۆکە دووپاتی گرێیەکە!

من بۆیە جاڵـجاڵـۆکە بە نموونە دەهێنمەوە، چونکە دەزانم پێـغەمـبەری ئیسلام کە قاونرا بە دەستی دێـوەکان، کە دێـوە ڕقئەستوورەکان شوێن پێـیان هەڵگرت تا لەسەری بدەن، جاڵـجاڵـۆکە یاریدەی داو ڕزگاری کرد، بۆیە تابلۆی پەیامەکانی جاڵـجاڵـۆکەیش دابەزی و منیش دووپات باسەکەی دەڕێسمەوە، دەزانم هەزار داروین و مارکس گاڵتەیان بە بیرم دێت. بەڵام لە فەرهەنگی مندا خواوەند جاڵـجاڵـۆکەیە.. لەقلەقێکی پیرۆزە. یان باڵندەیەکە لە تیشک دەچێت. دەشێت لای من خواوەند مێش و مەگەز بێت!

حەزرەتی مێش دەفەرموێت: سڵاو لەگەلی عارەب وئیسلام، حەزرەتی جاڵـجاڵـۆکەی مەزن دەفەرموێت، تکایە تۆزێک بەسەر شەڕدا بچنەوە، تابزانن بۆچی لەقورئاندا شەیاتین لە مەلائیکەتەکان زۆرترن؟ هەروەها ڕێز لەخواو خواکـان بگرن و واز لەهەتککردن وسەربڕین وهەڕەشە بهێنن. خواوەندیش تەنها عارەب نـیـە، دەشێت توورک و ئینگلیزو عەجەم و فەرەنساییش بێت! خۆ ئێوە دەزانن کە خواوەند بێ زمان نـیـە! ووشەکان، ڕستەکان، ڕۆژو شەوەکان، مـرۆڤ وگیاندارو ڕووەکەکان، خواکـان، پێـغەمـبەرەکان، سەعات وچرکەو خولەک وکات، گشتیان دوویاتێکی ڕێسراوو چنراون.. ڕاوەستانی کاتیش دووپاتە. پرشنگی پەیامەکانی جاڵـجاڵـۆکەیش.هەروەکو شەڕی ئـێوە دووپاتن.

مێرولەکان فەرموویان: ئەگەر جاڵـجاڵـۆکەی پیـرۆز بیەوێت، دەتوانێت ژیان و زەمیین و هەسارەکان قوومات بکات.. بە کەفلەکوونێک دەتوانێت مـرۆڤایەتی سڕ بکات. خوا چۆنی بووێت وەها دەکات. کەچی مرۆڤەکان کاتێک کە نوێژ بۆ خواوەند دەکەن، داوەتی خواوەند ناکەن، فەرمووی میواندارێتی لێ ناکەن، خواش چاوەڕێیە کەسێک فەرموویەکی لێ بکات. کەس داوەتێکی ناکات، چونکە خواوەند دەتوانێت خۆی نیشانی هەر گیانلەبەرێک بدات. خواوەند دەتوانێت ببێت بە ووردترین و گەورەترین بوونەوەر. جا بزانە بۆچی لە قوورئاندا هەندێک لە سوورەتەکان بەناوی گیانلەبەرانەوە هاتوون. تا فێر بن.

مێروولەیەکی سپی فەرمووی: قوربان میوانت هات!

من لەو کاتەدا کە نیوەی لەشم لە ژوورەوە بوو.. دەرگای ماڵەکەم خستبووە سەر پشت و سەرگەرمی نوێژ بووم لەگەڵ پەیامی عیشقدا.. کە لام کردەوە ـ بینیم بای شەماڵ وەک کوڕە بچکۆلەکەم خۆی وەژوور ناو و دەرگاکەشی لەسەر خۆی داخستەوە. فەرمووی سڵاو! فەرمووم سڵاو لە گیانی پاکت. فەرمووی: ئەوە خەریکی چیت؟ فەرمووم: گوێ لە هەستی گەردوون دەگرم و بیر لە هونەر و جوانی و عیشق دەکەمەوە. بای شەماڵیش گوێی خۆی هەڵخست و پاشان بوو بە هەناسە و بە ناخمدا ڕۆچووە ناو گیانمەوە.. ئیتر زۆر لە سینەمدا مایەوە.. کە هەناسەی دووەمم دایەوە.. ئەویش بە سەرخۆشی و مەستی هاتە دەرێ و فەرمووی: ئای لەو زانستەی تۆ پێی مەستی! خۆ جوانی سەرتاپای بوونی داگیرکردووی! ئەم هەموو جوانییانە چیین وا لە گەردوونی تۆدا ئاواز دەژەنن و سەما دەکەن و دەخوێنن فەرموودەی ئامیین!؟

## تابلۆی داوەرو دادگا

کەکات وەستا، زەنگی کەنیسەکان وەستان، بانگەکان نەبیستران، نوێژەکان نەکران، هەموو مـرۆڤەکان مۆمیا بوون وڕاوەستان، زەڕڕاتی پیـرشالیار بڵاودەبۆوە، ژینگەی من لەهەندەران تەسکتر دەبووەوە.. لەناوەوەی خۆمدا مەیلی بچوک بوونەوەم دەکرد، دەمویست گوێ لەداوەری سەگ و پشیلەو بەراز نەگرم، چونکە ئەوانم دەبینی بە سروشتی دێـو دادپەروەری دەکەن ..چوکە دێـوەکانی دەوروبەرم نەیاندەزانی چۆن داوەری بکەن، لۆمەی سەگەکانی یەکتریان دەکرد، لۆمەی پشیلەکانی یەکترییان دەکرد، لۆمەی خۆیان دەکرد، لۆمەی منیـان دەکرد، ئەومـرۆڤانەی وا لە وڵاتی هەستکردن بەکەمی دەژین، پیس بوون بە لۆمەو قسەوباسی خەڵکی، هەمووکەسێک بەتاوانبارو تاوانبار بەبێگوناح دەزانن،مـرۆڤ ناچار دەکەن، زۆری لێدەکەن تا بەد ڕەوشت بێت، تەنها لەپێناوی ئەوەدا تا سزای بدەن، دێـوەکان مـرۆڤ ناچار دەکەن ڕێز لە کەسێتی خۆیان نەگرن.. مـرۆڤ ناچار دەکەن تاوانبار بێت، چونکە دێـوەکان بەبێ سزادان هەڵناکەن.. لە

دوورگەکانی وڵاتی هەستکردن بەکەمیدا دێـوەکان خۆشحاڵ دەبن بەوەی کە مـرۆڤ ملکەچی تاوان بێت! نەک ملکەچی دادوو دادگا و یاسا..

دەچن ماڵی بێگوناحەکان دەدزن، پاشان مـرۆڤ ناچاردەکەن بۆئەوەی بدزێت، بۆئەوەی ڕسوابێت، ئینجا نایدەنێ، ئینجا لەوبەشەی کە لەخوودی ئەویان دزیوە، شتێکی دەدەنێ، بەڵام پاش ئەوەی داوایکرد!

مـرۆڤ وا سوک و ڕسوادەکەن بکەوێتە سەرجادەکان ولە بەرۆکی بنوسێت: من برسیمە..

وانابێت، نابێت مـرۆڤ ناچاربکرێت.. مـرۆڤ دەبێت دادپەروەرو داوەربێت.. داوەر دەبێت ویژدانی گەل بێت.. دەبێت ملکەچی دادپەروەری بێت.

**دادپەروەری نابێت بە ترس و چاوشکاندن و هەڕەشە فەرز بکرێت بەسەر مرۆڤدا! چونکە سروشتی مرۆڤ وایە گەر بێت و زۆری لێبکرێت.. ئەوا زوربەی بەرنامەکانی هارمۆنی و هاوسەنگیی گیانیی لە دەست دەدات و بیر تەمبەڵ و سست دەکات.**

**دەبینم داوەر و پارێزەرو ڕامیاری و تەنانەت دکتۆرو سایکۆلۆج و قەشەو ئیمام و مامۆستاکان قدوەن لە درۆ و گوناح و بێباوەڕیدا و نایەڵن مرۆڤ خاوەنی هەڵۆێست و بڕیاری خۆی بێت.. مرۆڤ ناچار دەکەن تا ڕادەی قێزلەخووبوونەوە ـ قێز لە خۆی بکاتەوەو هەمیشە هاودەم و هاورێی سەک و پشیلە و بەراز بێت.**

**ئایا ئەزانن من ڕۆژی چەند حەزرەتی ماریا و لەیلاو ئێڤا و پەری و ئێلین و فریداو ئەننا ـ تەنها و ترساو دەبینم!؟  ئایا دەزانن من چەند هەست بە گوناح دەکەم کاتێک کە مرۆڤێکی بریندار یان برسی یاخوود بی وڵات و بێئاڵا دەبینم!؟ ئایا دەزانن کە من زۆر کەلێن و کونجی دەروون دەناسم و لە تاریکیدا چاوم دەبینێت!؟ ئایا سەیر نییە بەلاتانەوە کە لە ناکاو مرۆڤێک دەبێت بە پارچەیەک ڕق و وەک باروت بە ئاسماندا دەتەقێتەو و جەرگ و دڵی دەپژێت بەسەر ڕوخساری دایک و باوکانی ترداو ژیان تووشی ورک و ڕق و ترس دەبێت!؟ ئایا ئەم جەهەننەمەی من باسی دەکەم لە بەهەشتیشدا بەردەوام بوونی دەبێت؟ ئایا وا دەزانن لە بەهەشتا دەتوانن بەو حاڵەوە هەست بە بوونی خوا بکەن و بوێرن ئەویش پڕ بکەن لە باروت و بە ئاسماندا بیتەقێننەوە؟ ئایا لە بەهەشتیشدا جەهەننەم هەیە و مرۆڤ لە دێوی تەنهایی و شەڕو تۆقان دەترسێت؟ نا، من باوەڕ ناکەم. بەڵام سوورم لەوەی کە ئەوانەی ئەو کارانە دەکەن. هەمیشە لە دۆزەخی خۆیاندا دووپات دەبنەوە و جگە لە شەڕ هیچی تر ناکەن. من دەزانم ـ کە بەهەشت لە هەست و بیرو کرداری باش و جوان و پیرۆز دروست دەبێت و بەهەشت قوتبی کەرامەت و زادەگای کردەوەکانی مرۆڤە.**

**من دەزانم کە داد و ڕاستی و جوانی و عیشق قوتبێکە، گۆیەکە ـ گەردوونێکە مرۆڤ بە ویست و باوەڕ و کردار دروستی دەکات. چونکە مرۆڤ ئەفسانەیەکی مەزنە. جا بترسن لەوەی درۆ لەگەڵ خۆیدا دەکات. بترسن لەو کاتەی تیایدا ئازاری کەسێک دەدەن و گیانیک لەناو دەبەن بێگوناح! چونکە ئەگەر خوودی خواوەند کوێریش بێت.. ئەو کردەوانە دەبینرێن و وەک فەرمووم: کردەوەکانمان هەمیشە زیندوو.. ووتەکانمان هەمیشە زیندوو دەمێننەوە لە ئاسمانەکاندا.. جا خۆشی لەو کەسەی کە مۆسیقا ژەن و هونەرمەند و تەڕدەست و بیرەوەرو جوان ناس و داهێنەرە.. چونکە ئەوان دەتوانن بەهەشتەکانی خۆیان پڕ بکەن لە هەستی کەماڵ و جوانی و کارێکی وا بکەن کە ئافرە تەنهاکانی ئەم سەرزەمینە شەرم نەکەن.. بەڵکوو ڕابن و لەگەڵ ئاواز و سۆزی زەرب و کەمان و پیانۆ و دەف و شمشاڵ و نای و دەفا زکر بۆ جوانی بکەن.. بیر لە هاوهەستی و هاوسۆزی و هاوگیانی بکەنەوە و پشوو بدەن بە دەروون و دڵ و بیر.**

**چونکە هەستکردن بە جوانی لە سەمادا دەردەکەوێت.. چونکە سەما و هەستیاری و بیر پاکی ـ دەروون و گیان پاکژ ڕادەگرێت. خواکانیش ئەگەر هەبن یان نەبن.. بەوکارە خۆشییان پێ دەگات.. فەریشتەکانیش هەمان شت.. بت و مرۆڤیش هەمان شێوە. خواکان دادو یاساو پەیام و داوەرن.**

چونکە دادپەروەریی سروشتی خواکـانە، خواکـان تەنها بەدادپەروەری زۆردەبن.. چونکە کە داد نارێکی تێکەوت، دێـوەکان زۆر دەبن. داد لە بینگە وبیردۆزی مندا لە ئافرەتێک دەچێت، دووباڵی هەیە،

تاوتەرازووی لەدەست نییە، نەخێر، دڵێک لەدەستی ڕاست و تۆپێک لەدەستی چەپیەوە هەڵدەگرێت.. بەڵام تۆپەکەی لەپشت خۆیەوە لە دەست گرتووە. بەدووباڵی ئاگرینەوە لەسەر پەڵەهەورێک ڕاوەستاوە، سەیری مـرۆڤ دەکات، سەیری منداڵەکان دەکات، سەیری دادگاکان دەکات، چاوەکانی ئەوئافرەتە تیشکی خۆرن، باڵەکانی زەڕڕاتی پیـرشالیاریان لەمێژە بەرکەوتووە. لەو تۆپەدا شتێکی تری شاردۆتەوە، دڵی مـرۆڤە بێـوڵاتەکە. دڵ وبیرو هەستەکان ومافەکان ویاساکانی ئەوی شاردۆتەوە. واتە حەزرەتی نوح؛ باوکە گەورەی پێغەمبەرەکان. چونکە دڵی ئەو دڵی ویژدان وبەزەیی و سۆزە، دڵی مـرۆڤێکی ڕەسەنە کە بوونەوەر لەسەرسەری بەندەو دەچنرێت. دڵی ئەو لەمۆم وگیانی ئاڵتون دروستکراوە، ناشکێت، نابرێت، نادزرێت، لەناوناچێت. دڵی ئەو هێندەی لێبووردنی مەزنە. دادەکان دەبینێت. زۆرجوان لەسەر ئەو پەڵە هەورە دانیشتووە. سارا برایتمان- ئاوازی سالمای بۆدەخوێنێت..ئەویش لە قوتبی خۆیدا ڕادەوەستێت، لەتۆپەکەی دەستی ئەو وەدەر دەکەوێت.. وەکوکات ڕادەوەستێت و بیرێک دەکاتەوە، سەیرێکی ئاکار دەکات کە ڕەنگ لەڕووخساری پەڕیوە و لەناو دادگاکاندا سەرشێت دێتو دەچێت!

ڕوودەکاتە پەیکەری دادپەروەری و دەڵێت: ئەمە کێ وای لە ئاکار کردووە؟ کێ دڵی تۆی یەشاندووە؟ بۆچی ئەو تەرازووەت وابەخواری هەڵگرتووە؟پەیکەری داد دێتە زمان، بەڵام نازانێت چیی وەڵامی بێـوڵات بداتەوە! دادپەروەر سەردادەنەوێنێت ودەڵێت: ئاکار لێرە لەناومـرۆڤەکاندا جێگەی نابێتەوە.. ئاکار درۆزنە، ناهاوسەنگە، ئێمە باوەڕمان پێی نییە. ئێمە ناتوانین پەیڕەوی لە ئاکار بکەین!

ئەویش دەڵێت: ئەی بۆچی داوای داد لەمن دەکەن؟ ئەی بۆچی منتان کردووە بە داوەرو ڕاپرسیم دەکەن؟ سەیرێکی داد دەکاو دەڵێت: ئەو تەرازووە چییە بەدەستەوە؟ داینێ کچێ عەیبە.. ئەوە لەتۆناوەشێتەوە.. دەبێت دڵت نیشانی داد بدەیت، داد ناکێشرێت، نافرۆشرێت، وەردەگیرێت، دەبەخشرێت.. دەدرێت، دەسێنرێت. داد سروشتی خواکـانە! ئەبێت مـرۆڤ فێری بێت. جێگەی داخە کەمـرۆڤ هێشتا مافەکانی بەد بەکاردەبرێت. منیش لەدۆخی پەنابەریمدا ـ داد لەودۆخەدا جوان نابینم، بەڵکو پەیکەرێک دەبینم لە وڵاتی هەستکردن بەکەمیدا لە دێـو دەچێت، نەک لە ئافرەت، لەدێـوێکی گێل ونەزان دەچێت.. هەرچەند بە داد دەگەم لێرەو لەوێ یان لەخەودا پێی دەڵێم: کچم ئەم یاسا خواروخێچانە چین تۆ بۆمنیان باس دەکەیت.. ئەمە وەها نابێت. کەچی بەڕقەوە وەکو پشیلەیەکی سپڵە چڕنووکی دەردەهێنێت و دەڵێت: میاو! عەو! من دەڵێم دادنابێت لەگەڵ زمانی سەگ و پشیلەکان تێکەڵ بێت، داد ناوەڕێت، نامیاوێنێت، بەرازئاسا ناڵەوەڕێت! چیتە کچم تێک چویت؟ بۆیە ڕاستە کە دەڵێن، مـرۆڤ نابێت لەگەڵ سەگ و پشیلەو بەرازدا بژی لەژێر تاقێکدا، چونکە هەناسەی نارەزامەندی ئەوان، پیستان دەکەن، ئـێوە دەکەن بەخۆیان، بەڵام ئـێوە بەهەڵەدا دەبەن، هارتان دەکەن، نەزانتان دەکەن، برسیتان دەکەن، پێشتر پێتان وتراوە.

ئەوسەگەی قەدەر بۆت نەنێرێت هینی تۆ نییە، پشیلە ناکڕدرێت، نافرۆشرێت! دەبێت مـرۆڤ ئەو حورمەتە فێربێت کە واز لەسەگ و پشیلەکان، جرج وگورگ وچەقەڵ وڕێوی ودڕندەو گیا خۆرەکان بهێنن، بەویستی خۆیان بێن بۆلاتان. دەنا پیستان دەکەن، دەتانکەن بە سەگێکی تووڕە، دەتانکەن بەپشیلەیەکی سپڵە، کەس

نایەت بەمیوانیتان.. ئەویش کەدێت، بارگەی باش لەخۆی بارناکات. کاتێک بیرلەدادپەروەری دەکەمەوە، جیـهانم بچکۆلە دەبێتەوە، دەبم بەومافەی کە نەدراوە بە مـرۆڤ.

داد بەمن دەڵێت : تۆ نازانیت! نەزانیی خۆیم بەسەردا فەرز دەکات، داد نازانێت، ووتەکانی، بەندەکانی دادپەروەریی بە لیکی سەگ وپشیلەو بەراز نووسیوە! داد نازانێت کەسروشتی مـرۆڤ نامۆیە بە گیانەوەرانی تر، چونکە مـرۆڤ مافی هەیە، بیرێکی تایبەتی هەیە، مەبەستم نییە بڵێم کە گیانلەبەرانی تر کەرامەتیان نییە، نا! چونکە لە دادی مندا بوونەکان، ڕووەک و ئاژەڵ و گیانلەبەران گشتیان کەرامەتی خۆیان هەیە.. گشتیان هێـندەی حەزرەتی مێش کەرامەتی خۆیان هەیە.

بەڵام مـرۆڤ داهێنەرە، مـرۆڤ دەبێت حوکم بەسەرگیاندارانداا نەکات، سروشتیان نەگۆڕێت.. بەڵکو ڕێگەیان بدەن هاوبەشی کەرامەتیان بن، بەویستی خۆیان پەیوەندیتان پێوە بکەن. جلیان لەبەر مەکەن، دیواریان لەدەور هەڵمەچنن، لەقەفەزیان مەکەن.. ئەوەی نەهات بۆلات لەتۆ نییە، هی تۆ نییە، بۆت نییە داگیری بکەیت. لەدادی مندا یاساکان تەونن، بیرەکان چڕن، مـرۆڤەکان ئازادن، گیاندارەکان ئازادن، ڕووەکەکان ئازادن، ئاوو ئاگر، باو باران ئازادن. داد تێناگات.. نازانێت کە دادپەروەری نابێت تەرازوی لەدەست بێت! بەڵام من کارم بەودادەوە نییە، داد پەروەر بەجۆرێکی دیکە دەبینم، لەمـرۆڤی بێـوڵات و بێـئاڵادا جوانترە وشەنگۆڵتر دەیبینم.

وەکو لەسەرەتادا فەرمووم، من خۆم لەقەرەی چیرۆکێکی سەیر داوە، ئاخر خەڵکینە من چیبکەم؟ نازانم چیبکەم، من ناتوانم بڕیار بەسەر سەگ و پشیلەو بەرازدا بدەم.. کاری من ڕێسانی بوونەوەر نییە، من بابایەکم بۆ هونەر دەژێم، لەو درزەوە دەتوانم شەبەق بخەمە سەرڕێگەی خۆم، دەتوانم سروشتی خۆمتان بەدیاری پێشکەش بکەم، حەز دەکەم تابـلۆکانم لە مۆزەخانەی خۆمدا نیشان بدەم، گوێتان لێبگرم، خۆشم بوێن، من دەتوانم دەست بۆ دڵ و چاوو لەش وهەستی یاساکان بەرم.

دەتوانم قۆڵ بکەمە قۆڵی یاسا وبەکۆڵانەکانی ژیاندا بگەڕێم، بدوێم، وێنەکان بکێشم، سەیری ئەوجوانییانە بکەم کە بیریان دەکەم.

لە ووڵاتی هەستکردن بەکەمیدا کات وەستاوە، کات زوو زوو دەگیرێت، وەکو مانگ ورۆژ، وەکو مـرۆڤی بێتاوان. کە کاتەکان دەوەستن، گیانەکان خۆیان دەچنن، لەگەڵ دروست بوونی هەرلەشێکدا گیانێک دەزێت، دەپروێت، گوڵێک دەڕوێت، سێوێک بەردەبێتەوە، سەگێک دەوەڕێت، قەلەڕەشکەیەک قاژەیەک دەکات، شتێک دەشکێت، شتێک دروست دەبێت.

بۆ نموونە ئەم ڕۆمانە سەردەردەهێنێت.. غەیب دەبڕێت، مـرۆڤێک دێت، بوونەوەر لەسەرسەری خۆی هەڵدەگرێت. پەیکەری دادتان نیشان دەدات، شێتی مەکەن، چونکە ئەو هەزاران مەسیح و ماریای لەخۆیدا پەنا داوە، ئەو زەمانێکە سەرگەرمی لەخاچ کردنەوەو ئازادکردنی مەسیحە ودڵی ماریاکان دەداتەوە، لەگەڵ پەلەوەرو گیاندارانی جیـهاندا دەدوێت، بانگی داد دەکات، بانگی یاساکان دەکات، بانگی خواکـان دەکات، چونکە تا ئێستا کەس نەیتوانیوە لە دڵەوە بانگی خواکـان بکات، یا بانگی خوای تاکو تەنها بکات. دێت لەزمانی باڵندەکان دەزانـێـت، دەتوانێت وەکو ئەوان بفڕێت، بەبێ ئەوەی لەجێگەی خۆی ببزوێت، دەتوانێت بەزمانی جاڵـجاڵـۆکە بدوێت، تەون بکات، بەبێ ماندوبوون کار بکات.

دەتوانێت مـرۆڤ بێت، دەست بەسەری سەگ و پشیلەکاندا بهێنێت، دەتوانێت دەروونەکانیان بتەکێنێت، گەردو تۆزی لێنیشتوو ڕاماڵێت. مـرۆڤێک دێت، لەقلەق دەیبینێت، جاڵـجاڵـۆکە دەیبینێت، سەگ و گورگ وپشیلەو بەرازەکان ، دێـوو فریشـتەکان دەبینێت و دەتانبینێت، بەڵام ئـێوە نایبینن، خواوەند لەقورئاندا

دەفەرموێت، کەسانێک هەن، پەردە بەسەر چاوو بیرو گوێیاندا دراوە، نابینن، نابیستن، باوەڕناکەن. ئەگەر سفرەی ئاسمانیشـیان بۆ بڕازێنیتەوە، داوای کەمترین و بێمانا ترین دەکەن.

ڕێز لەسروشتی بوون ناگرن، سروشت تێک دەدەن، وادەزانن باشەدەکەن، کەچی نازانن چی دەکەن. لەبری ئەوەی دژی شەڕبووەستن، شەڕەکان زۆردەکەن، لەبری ئەوەی خواکـان زۆربکەن، خواوەند تاکوتەنها دەکەن، تووڕی دەدەنە ئاسمان و شەڕ لەسروشتیدا دەڕوێنن، وادەزانن خواوەند داهێنەری شەڕە!

نازانن کە خوا نە شەڕ دروست دەکات نە ئەهریـمەن، خوا، خواکـان، گشتیان لە سروشتی شەڕ بەدوورن، ئەوان لەشەڕی مـرۆڤ دەترسن!

بۆیە خواکـان دانابەزن. بۆیە نایانبینین، نایانبیستین..پاشان خێری ئەوان لەخێری ئێمەی مـرۆڤ ناچێت!

کێ دەڵێت خوا بە بینینی تەقاندنەوەی منداڵێک دووچاری پەرکەم نابێت وعەرشی ناکەوێتە لەرزین؟! کێ دەڵێت خوا مـرۆڤی بۆ ناحەقیکردن بەدی هێنا؟

دادگا دەبێت بێخەوش بێت، داوەر دەبێت مـرۆڤ بێت، تاوانبار دەبێت بوێرانە لەخۆی بدوێت، چونکە داد ڕاستپەروەرەو نابێت دێـو پەروەر بێت.

دەبێت ئاشووبگێڕ وفەرمانبەری ئاشووب، واتە تاوانبار وەکو یەک جەزا، سزا بدرێن..تاوانبار ئەگەر لێخۆشبوون وەرگرێت، بێتاوانە لەتاوان، گەورەترین سزا، سزای مـرۆڤە کە خۆی پێ سزابدات، بۆیە دەبێت لەتاوانبار بپرسن دان بەسزای خۆیدا دەنێت یان نا؟ لەو سزایەش بەهێزتر ئەوەیە کە مـرۆڤ لەتاوانەکانیدا مەحکوم بکەیت بەژیان. یان فێر بکرێت خۆی سزای خۆی بدات. چونکە سزادەر سزا دەدرێتەوە. جا بە ئاگا بن کاتێک سزای ئەوانی تر دەدەن. لە پێناوی هەستکردن بە ئاکاور باوەڕی پیرۆز و جوانییدا سزای منداڵەکەت بدە؛ تا فێر دەبێت. چونکە منداڵی بێ ڕەوشت دووچاری سزای گەورەی دەروونی و ئاکاری و لەشی گیانی دەبێت. ئەوەی نامەردانە هەڵدەکوتێتە سەر ئافرەت ومنداڵ، لێخۆشبوونی بەدەست دایکە! بۆ کەسێک کە هەڵدەکووتێتە سەر منداڵ لێخۆشبوون نییە؛ گەر دێـو یا دێـوپەرست تاوانیـان بەرامبەرکرد؛ دەبێت گەلە کەسێک هەستن بەسزادانی تاوانبار. جا گەر تاوانبار مێشکی ساغ بوو؛ نەکەن لێی خۆش ببن. چونکە لێخۆش بوونی تاوانی وەها دەروون گەندەڵ دەکات. تاوانبار ئەوەی منداڵ هەتک دەکات، دەکوژێت، دەبێت بکرێت بەخۆراکی بەراز.. بەبێ چەندوچوون.. کەس ناتوانێت بەوە داوەری لەخۆی بکات ئەگەر مێشکی زینـدوویێت، بڵێت: من بۆیە تەعدا دەکەم، چونکە تەعدام لێکراوە! ئەمە ووتەی دێـوو دێـوپەرستانە ؛ یان ووتەی منداڵێکی تەمەن دە ساڵ تا چواردە ساڵ.. ووتەی دەبەنگ ونەزان وبێهەستە، ووتەی دێـوپەرستە نەک مـرۆڤ.. چونکە زانا کەسێکە خاوەن لێبووردن، خاوەن کەرامەتە و ئەزێتی کەرامەتی کەس نادات. تاوانبار سێجار دەبێت دان بەتاوانەکانیدا بنێت.

ئەوئافرتەی وازلە منداڵی خۆی دەهێنێت، لەپێناوی خۆشیی خۆیدا، شایانی خۆشویستن نین، خۆشتان نەوێن. ئەگەر دایک دەروون تەندروست ودەرمانخۆرو گەندەڵکار نەبێت، دەست لەمنداڵی خۆی هەڵناگرێت، هەمان شێوە باوک.. ئەوەی منداڵێ خۆی بەجێدەهێڵێت.. یا تاوانی گەورەی بەرامبەر دەکرێت، یان هۆکاری دەروونیی هەیە، یان دەبێت وەک دایک سزا بدرێت. منداڵ لە دایک دوور مەخەنەوە.. جا سەرپەرشتیی دایک و منداڵ لە نزیکی یەکترەوە بکەن..

ئەوەی بەبێ هۆ مەیلی ڕەنجاندنت دەکات ؛ تاڕادەی دوورە پەرێزی خۆتی لێبپارێزە. ئەوەی بەبێ هۆ تووڕە دەبێت ؛ نەخۆشە و دەروونی بە دێو داگیرکراوە. ئافرەتی تەندروست واز لە منداڵەکانی خۆی ناهێنێت. باوک هەمان شێوە.. جا ئەگەر باوک لە پێناوی تاڵان کردن و جیهاددا لە خێزان دوورکەوتەوە؛

ئەوە لە دێوەکانە و سرووشتی ناپاکە. بگرە خوودی ئەهریمەنە ئەوەی سەری ئەوانی تر دەبڕێت تا قووتی منداڵەکانی دابیین بکات . چونکە مرۆڤی مەزن کامەرانی خوودی خۆی و ئەوانی تریش لەسەر ئێشی ئەوانی تر بنیات نانێت . کامەرانیی مرۆڤ لەسەر ڕەزامەندێتی و باوەڕی ئەوانی تر پایەدارە.
ئەگەر لەکەسێک خۆش بویت سێجار لێخۆشبوون دەربڕە تا حەقی خۆت لەکەسێکی تر نەکەیتەوە. چونکە لێبوردن سێ پێی هەیە، کەتەنیا یەکجار لێبوردیت، دوولێبوردن بەدووپێ دەڕوات.
ئەوەی کەسێک لەبەر بەرژەوەندی خۆی دەکوژێت، چاوەڕوانی ئەوەبکات گەر دەربازیش بێت، دەکوژرێتەوە ؛ یان منداڵەکانی دووچاری هەمان دەرد دەکات.. ئەوەی تاوانکار، تەعداکەر بەسەر منداڵەوە دەگرێت، ئازادە داوەرو دادو یاسا بێت. داوەر کەسێکە لە باوەڕێکی خێرمەندانەی پتەوی بە دابی میللەت و یاسا هەیە.

ئەوەی لەدادگادا درۆدەکات، بچوک یاخود گەورە دەبێ سزا بدرێت.. ئەگەر مـرۆڤ لەبرسا ژەمە خۆراکی دزی تاوانبار نییە. چونکە مرۆڤی برسی هۆشی هاوسەنگ نییە.. بەڵام پیشەی دزی دزێوو نەوویستە، مـرۆڤ دەبێت سنووری بۆدابنرێت ؛ چونکە ماڵی کەس ماڵی تۆنییە.. هەرگیز لە داوەریدا دووچاری ترسان مەبە، سوود لەویژدانی مـرۆڤ ببینە نەک دێـو.
بەرژەوەندیی داد دەبێت لەپێناوی دادپەروەریدابێت. بەرگری لەتاوانبار مەکەن، گەرتاوانی دووپات بوو، ئەگەر دانی بەخۆیدا نا مـرۆڤەو دێـونییە. چونکە مـرۆڤ بوونەوەرێکە هەڵە دەکات ، بەڵام تاوان ناکات.
من ڕۆژانە لەنێوان مـرۆڤەکاندا ، لەناو دێـوودێـوپەرستەکاندا سەگ وگورگ وپشیلەو جرج وئەهریـمەن وفریشـتەو خواکـان دەبینم، بەهەشت ودۆزەخ دەبینم..
چەند شایستەو جوانە ئەگەر مـرۆڤ بتوانێت ئەو هەمووگیان و دەسەڵاتانە بە سودمەندێتی خێر بەکار بەرێت.. وەتێبگات کە قیبلەی بوونەوەر و ژیان مەرگە مەرگ.
مـرۆڤێک دێت، کارتەکانی خۆی لەدەستە.. کارتەکانی خۆی ستۆک کردووە دەزانـێـت لەنێوان مەرگ و ژیاندا سنوور و داد و ماف و یاسا و سزا هەیە.. ئەولەدەستی خۆیدا کارتەکانی ژیان دەناسێت، پێتان دەڵێت فێری حورمەتی ژیان بن، فێری ڕێزگرتن لەبێگانە، بەتایبەتی ئەوانەی لەخۆتانن، بەڵام نەکەن دەست بۆکەرامەتی کەس بەرن! نەکەن فێر بن پێـغەمـبەرەکان وەکوسەگ ببینن! چونکە ئەوە تاوانی دەستدرێژی کردنە سەر کەرامەتی پیـرۆزییە.. کەی فێر دەبن دەبەنگەکان کە سەگپەرستی موجاز نییە؟
**دەشێت ئەوهونەرمەندەی کە پێـغەمـبەر وەکوو سەگ دەبینێت، خۆی باوکی سەگ بێت! ڕاستە ئەو هونەرمەندە دەشێت باوکی خۆی نەبینیبێت، بەڵکو لەبری باوک هەرگوێی لەوەڕینی سەگ بووبێت! سەگەکەی دایکی! دەشێت ئەو هونەرسزە وافێرکرابێت کە کوڕی سەگەو سەگ باوکێتی!**
توخوا موسوڵمانان مەیکوژن، بابژی تا فێر ببێت تێبگات کە ئەو کوڕی سەگ نییە لەڕاستیدا ، دەبێت دایکی عووزورخوایی بۆ کوڕەکەی بەرێت، بەڵکو کوڕەکەی وازلەسەگ پەرستی بهێنێت، تا سەری مـرۆڤ وەک سەری سەگ تەماشا نەکات! ئەمە کەی مۆدارنیزمە ئـێوە پیادەی دەکەن؟ منداڵەکانتان لەناو خێسەی دەعبای شەڕدا فێری ترس دەکەن، منداڵەکانتان لەجوانی دەترسێنن، فێریان دەکەن بەویستی خۆیان یاری نەکەن، فێری خووی دزێویان دەکەن، فێری دزی وماشینەوەو درۆ، فێری داگیرکردنی یەکترییان دەکەن! شەرم ناکەن، نازانن گەر مـرۆڤ جوانییەکانی داگیرکرا ، ئەوا مەملەکەتی دەروونی ژەنگ هەڵدێنێت، دەڕزێت. نازانن کە منداڵەکانتان پێویستیان بەوانەی خوداناسی نییە، پێویستیان بە تەماشای منە. کەچی

ئـێوە خێویان نیشان دەدەن، دەچن فێریان دەکەن لەدەرەوەی خۆیاندا بۆ خێو بگەڕێن! نازانن کە ئێوە لەوەتەی هەن چەند نەخۆشی و دەرد و تاوان و گوناحتان لە دەروونی ناسکی مرۆڤدا چاندووە!
یاسا دەبێت لە باخچەی منداڵاندا بڕوێت، دەبێت دایک مافی ئەوەی هەبێت کە منداڵی خۆی بژێنێت لەهەر کونجێکی ئەم سەر زەمینەدا!
دەبێت دایک بەتەنگ منداڵی خۆیەوە بێت، هەست بە ئاسایشی گیانی بکات. دەبێت دایک درۆ نەکات. چونکە بوختان ودرۆ مـرۆڤ دەکات بەدێـوێکی وەڕز لەخۆی.. مـرۆڤ ناشیرین دەکات.
شەوێک لەشەوان منداڵێک هاتە خەونم، نا بمبوورن من چوومە خەونی منداڵێک..بینیم سەری بەسەر تەپڵەکێکی جگەرەی پڕ لە قنچکە جگەرەدا شۆڕ کردبووەوە! منداڵ بوو، هی ئەوە نەبوو گوومانی جگەرە کێشانی لێبکەم.. بەڵام بەلامەوە سەیر بوو کە بینیم زۆر چێژ لە بۆنی تەپڵەکی جگەرەکە دەبینێت!کاتێک سڵاوم لەوکرد، لە هۆکاری بۆنکردنی تەپڵەکەکەم پرسی.
فەرمووی: بۆیە بۆنی ئەم تەپڵەکە دەکەم، چونکە بۆنی باوکمی لێدێت! ئێستا کە باوکم کۆچی دوایی کردووەو دێـوەکان ئەویان خوارد! باوکم جگەرە کێش بوو، لە غەمخۆریدا ڕۆژانە جگەرەی زۆری دەکێشا! باوکم ژیانی بەدەستی دێـوەکان داگیر کرا.. ناچارانە تا ئەو کاتەی لەژیاندا بوو، هەمیشە تووڕە بوو، هاواری دەکرد بەسەرماندا، دڵی بەژیان خۆش نەبوو! ئێستا من لە لێبووردنی ئەودا دانیشتووم وبیری باوکم دەکەم.  هەندێک منداڵ هەن بێبەری دەکرێن لە باوانیـان! دەکرِدرێن، دەفرۆشرێن! دێـوەکان منداڵی خەڵکی دەهێنن دەیانکەن بەمنداڵی خۆیان! ئەمانە تا ڕادەی بێ ئەدەبی سزا بۆ خۆیان سەربار دەکەن.
کاتێک بێدار بوومەوە لە دەفتەری یاداشتەکانمدا نووسیم: ئەوەی منداڵ لەباوان دەکات! هەزار هەژدیها لەژیانی داهاتوویدا بە دووژمنی خۆی دەکات.
ئەوەی منداڵی هەتیو لە وڵاتی باوانی خۆی دەکات، تاوانێکی گەورە دەرهەق بە گەردوون دەکات. ئەوەی سزا لەژیاندا سەرباری خۆی دەکات کەسێکە کە منداڵ لەباوانی خۆی دەکاو بەسوودی خۆی گۆشی دەکات. کەسێک کە هەتیو دەکڕێت وبەخێوی دەکات، دەبێت سۆزی باوکانەی هێـندەی باوانی ڕاستەقینەی منداڵ زۆر بێت.. منداڵی بێ باوک و دایک لەدیارو نیشتیمان وگیانی میللەت مەکەن، بەوە سزای منداڵ دەدەن. هەمان شێوە سزای سروشت.. چونکە سروشت بیری وەچەکانی خۆی دەکات. چونکە منداڵ هەر وەکوو گەورە شایانی ئەوەیە لە نیشتیمانی خۆیدا بێ ترس و بێغەم گەورە ببێت.
من سروشتی دێـوو مـرۆڤی ودێـوپەرست دەناسم.. لەناویاندا کارتی مـرۆڤم بۆخۆم هەڵداوەتەوە.. بەوکارتە دەدوێم ودەگەڕێم وگەشت دەکەم بە بوونەوەر وگەردونداـ.. باسی بوونەوەرتان بۆ دەکەم بە هزری حەزرەتی نـوح.. باسی جوانی و هونەری نـوح تان بۆ دەکەم.. باسی گەڕۆکتان بۆ دەکەم..
مێرولەکان فەرموویان: **تا ئەو کاتەی هەموو جیـهان ڕزگاری نەبێت، مـرۆڤایەتی ئازاد نابێت. مرۆڤایەتیش بە هەر زمانێک لە عیشق بدوێن؛ جەوهەری عیشق ناپێکن و لەو زانستەدا نامۆن!**
مێرولەکان فەرموویان: تا ئەو کاتەی هەموو جیـهان ڕزگاری نەبێت، مـرۆڤایەتی ئازاد نابێت.. مـرۆڤ هەست بە جیـهانی بوون ناکات.

# تابلۆی گەڕۆک

گەڕۆک کەسێکە عاشق بەتەماشا.. دەگەڕێت وەک گەڕانی هەسارەکان بەدەوری خۆردا! وەک گەشتی هەسارەکان بەگەردووندا دەگەڕێن.. گشتیان لەئاسمانی بەرینی ئاهوڕامازدادا ئازادن ودەگەڕێن.. وەک من وتۆ گەڕۆکن هەسارەکان، لەش وگیان وچاوو هەستیان هەیە.. بەڕێزەوە بەگەردووندا دەفڕن، هەندێکیان هێواش هەندێکیان تووندو تیژن!هەسارەکانیش؛ خۆرو مانگەکانیش گشتیان گەڕۆکن.

بەڵام کەسیان هەڵمەت نابەنە سەر ئەوی تریان! ئەگەریش بەرکەوتن ولێخشان وزەبر ڕوویدا! ئەوا پەیامێکی ناڕازی هەیە ودەبێت چارەی بۆ بدۆزرێتەوە.. چونکە گەڕۆک هەڵمەت ناباتە سەر هیچ گیانلەبەرێک.. گەڕۆک ئەگەر هەسارەبێت.. یان مـرۆڤ وەکوو یەکن.

لەگەردەکانی هەوادا هەزاران ملیۆن کاهینی بوودایی دانیشتوون وکارتەکان ستۆک دەکەن.. نەخشەی کارتەکان لەدەستی ئەواندا تێکچووە.. دەشێت نەزانن یان نەتوانن چییدی کارتەکانی مـرۆڤ ستۆک بکەن.. بۆیە دەشێت کەتنێک بکەن!

دەبێت بزانن کەکردەوەکانی مـرۆڤ ودێـوەکان سەر لە بتەکان، لەخواکـان تێک دەدەن.. بتەکان، ڕاهیبە گیانییەکان، یان ئیمام ومەلا ڕاستپەروەرەکان دووچاری هەڵە دەکەن.. هەڵەی گەورە گەورە..دەشێت نەیەڵن چییدی گەڕۆکەکان بگەڕین! دەشێت گەڕۆکەکان بترسن بگەڕێن.. گەر ژیان وەهای لێبەسەر بێت، کەس نازانێت چی بکات وئێخەی کێ بگرێت.. بەڵام ئەمڕۆ هەندێک دێـوی سپی هەن خێرمەندن.. ناویان دێـوەکانی خێرە.. هێشتا کەس ناوی ئەوانی نەبیستووە.. بەڵام پەیدا دەبن.. دێـوەکانی خێر سنوور بۆ شەڕی عەرەب وتورک و شەڕی قڕبوون وبرسێتی دادەنێن.. هەر بەگفتوگۆ ناوبوژیی ژیان دەکەن.. سنور بۆ ئازادییەکان دادەنێن، نایەڵن سروشتی ژیان هێـندەی دی خوێنی لێبڕوات.

ئەو دێـوە سپییانە گەڕۆکن.. ئەوانەن کە لەگەڕان ماندوو نابن.. ڕۆژێک دێت کۆ دەبنەوە، یەک دەگرن.. باسی گەشتی ئاسمانەکان، هەسارەکان دەگێڕنەوە بۆ یەکتری.. باسی بینینی گیانی هەسارەکان وگەردوونەکان.. باسی گەشتەکانی خۆیان دەگێڕنەوە لەسەر زەوی.. تامـرۆڤەکان ئەوانەی کەماون فێر ببن. فێری بەسەرداچوونەوەی ژیان، هاوڕێیەتی گەلان، خۆشەویستیی سەررێگاکان.. ماچە نهێنییەکان.. چونکە دێـوە سپییە خێرمەندەکان پڕن لەئەفسانەی دارستان وخۆشەویستی و عەشقی بابردوو بۆ هەمیشەیی..

گەڕۆک کەسێکە کە دڵی ڕێگاکان دەبینێت.. ناترسێت چونکە گەرکوێریش بێت، فریشـتەکان دەستیان دەگرن، کۆتروباڵندەکان ئەفسانەکانیـان بۆ باس دەکەن..

گەڕۆک کەسێکە نەمر.. هاتۆتەوە تەنها تەماشای ژیان دەکات.. گەرچی گەردوونی خۆی هەیە، بەڵام بیری گەردوونی مـرۆڤ دەکات.. دێتەوە ئازادانە گەشتەکانی دەکات.. باسی جوانی دەکات.. بەزمانەکان سڵاو دەکات.. بۆنی دارو بەرد و گیانی وولاتان وگەلان دەکات.. گەڕۆکەکان جۆرە مـرۆڤێکن لەناوماندا

بێنیشتیمان.. بۆیان هەیە دراوسێ بن.. بۆیان هەیە پەیامی ئاشتی وگیانی وئازادی بەمـرۆڤایەتی بگەیەنن.. چونکە هەسارەکانیش گەڕۆکن.. ئەوانیش لەپێناوی مانایەکدا دەگەڕێن تا ژیان بەیاسا بەڕێوە بچێت.. تاترس دەست نەگرێت بەسەر جیـهاندا.. تا جوانی پایەدار بێت..
ئاینیشتاین دەڵێت: هەموو گەردەکانی بوونەوەر هاوپەیوەستی یەکن.. ترس وهەڕەشە و شەڕ ئەو گەردانە دەترسێنێت.. کردەوەکانی مـرۆڤ دەتوانێت دەست بۆ سروشتی ژیان وبوون بەرێت.. بەڵام دەبێت زۆر ئاگادار بێت.. چونکە دەشێت سووڕی ژیان بەکردەوەکانـتان تێک بچێت! ئاگاداربن، دەشێت بە درۆ وبوختان کارتەکانی بونەوەر تێکبچێت.. دەشێت مـرۆڤایەتی دووچاری نەخۆشییەکی تازەی هەڵپروان بێت.. ئەو نەخۆشییەی کە تەنها بەخێرمەندی دەتوانن چارەی بکەن.. شیفاکەی لای منە.. منی پەنابەر.. گەڕۆک.
گەڕۆک لەگەڕاندا فێردەبێت.. فێری بینینی خواکان و ماناکان، فێری تەماشای جوانی، فێری سوودەکانی ژیان.. گەڕۆکەکان مەترسێنن.. ئەوان دێن کارتەکانی خێروشەڕ ستۆک دەکەن.. دەگەڕێن وەک هەواکان، باکان، وەک ئەستێرە وگەردوونەکان.. دێن لەناوماندا باسی گەشتەکانی خۆیان دەکەن.. تا پێکەوە فێر بین وانە لەکەرامەتی بوونەوە وەربگرین.
گەڕۆک مـرۆڤێکە ویژدانی ژیانی دیوە، کەرامەتی گەلانی دیوە دەزانـێـت دەست بەسومعەی گەلانەوە بگرێت، کەسێکە دەتوانێت لەچاونووقانێکدا بفڕێت..هەموو گەردوونی خۆی بگەڕێت.. کاتێکیش کەدێتە بەر دەمی تۆ.. گەردوونی تۆش وەک هی خۆی دەبینێت.
سەری ڕێزت بۆ دادەنەوێنیت، پێت دەڵێت ئەم کاتەت باش؟ ئەگەر لەگەڵیشتا نەدوا مانای وایە لە دوودڵیت ڕەنجاوە، بەشەرمەوە بەلاتدا بێوەی تێدەپەڕێت.. سەگی پێبێت یان نا.. دەتوانێت بە ڕێگانی حەقدا بڕوات.. برەو بە گەشتی خۆی بدات..
جارێک لەجارەکان گەشتیارێک بەدوای تاوانبارێکدا دەگەڕا کە برای ئەوی کوشتبوو.. لەڕێگەیدا پاش ساڵانێکی زۆر، لەبیاباندا وون دەبێت.. دووچەتە گەشتیارەکە لەدوورەوە بۆن دەکەن.. دەچن سۆراغی دەکەن وهەڵی دەگرنەوەو لەمردن ڕزگاری دەکەن..
نانێکی خۆشی دەرخوارد  دەدەن..خواردنی گۆشتی کۆتر! لەکاتی نان خواردندا چەتەی یەکەم بە دزی دووەم دەڵێت: لەبیرتە هاوڕێ بەر لەدێر زەمانێک کە پیاوێکمان ڕووتکردەوەو کوشتمان ، پیاوەکە چیی ووت؟ دزی دووەم ووتی: بەڵی!
گەڕۆکی میوان فزووڵی نیشان دا، ووتی: پیاوەکە چیی ووت؟ چەتەی یەکەم دایە قاقای پێکەنین، دووەم بەدوایدا.. بەدەم قەپ کردن بە ڕانی کۆترە برژاوەکەوەـ چەتەی یەکەم ووتی: چی بێت لەتۆ نهێنی، بەر لەچەند ساڵێک پیاوێکمان ڕووتکردەوەو پاشان کوشتمان.. کەچی ئەو ووتی مەمکووژن چونکە ئەو کۆترە شایەتە دەتانبینێت.. ئەوکۆترە باستان دەکات.
کابرای برا کوژراو ووتی ئێ! ووتیان چەند ڕۆژێکیش پاش ئەوەی کە کوشتمان پێکەنینمان بە قسەکانی دەهات! هاهاها.. پێدەکەنین.
گەڕۆک فەرمووی ڕاستیکرد براکەم! ووتیان بۆچی ئەو برای تۆ بوو؟ ووتی بەڵێ ئەو برای من بوو کە ئـێوە کوشتتان.. ئەم باڵندەیەش هەمان گەواهی ئەوە کە دەیخۆن! مەگەر ڕاستی نەکرد براکەم؟
کەسانێک هەن هەم بێتاوان وهەم شاهید دەخۆن.. کەچی سڕی کردەوەکانیان پەنهان نادرێت.. ئەوەی وادەزانـێـت کردەوەکان دەمرن، بابزانن کە هیچ یاسایەک ناتوانێت کردەوەیەک لەناو بەرێت.. یان

لەگوناهێک خۆش بێت. مردن شتێک نییە بوونی هەبێت، ئەوەی کەسێک بکوژێت دەکوژرێتەوە.. ئەوەی سەر دەبڕێت سەری دەبڕدرێتەوە.. ئەمە پەندێکی تیایە فێر بن واز لە ستەم بهێنن.
مێرولەکان فەرموویان: لەبەر ئەوەی ئامانجی بوونەوەر ژیانە.. ژیان هەرگیز نامرێت.. بۆیە کردەوەکان هەمیشەیین.. کردەوەکانمان خواکـان، بتەکان، ئەهریـمەن و دێـوەکان درووست دەکەن. کردەوە ـ بەهەشت و جەهەننەمی هەر گیاندارێکە کە بیر بکاتەوە.

## تابلۆی مردن

ئەوەی جارێک کەرامەتی مردنی بینی سەدجار ژیا.. مردن مژدەی ژیانی پێیە، گلگامش ئەم نهێنییەی بەمن سپاردووە، منیش بەتۆی دەسپێرم، دەتوانم بڵێم، مردن ژیانێکی چڕ ترەو هیچ شتێک لەنەمان نایەت، بەتایبەتی گیان.
**جارێکیان مەرگ هات بە میوانیم. دەستەو ئەژنۆ چەمایەوە و تەماشایەکی ڕوخساری شەکەت و ترساوی کردم و فەرمووی: ها کوڕم! ئەوە چی دەکەی لەم کەلاوەیەدا وا شەکەت و زۆرلێکراو و برسی و لاوازی!؟ چییە بۆ دەترستی؟ من وەڵامم نەدایەوە.. بەڵکوو چاوم بڕییە ناو چاوییەوە و فەرمووم: وا نەزانی کە من لە تۆ دەترسم. مەرگ فەرمووی: دەزانم کوڕم. دەزانم تۆ تەنها لە بەڵاو شەڕی دێوەکان دەترسیت. دەزانم تۆ لەگەڵ شەڕی دێوەکان هەڵناکەیت و لە مەرگیش ناترسیت. بەڵام گلگامش ـ بە پێچەوانەی تۆوە بوو.. ئەو لە دێوەکان نەدەترسا و تەنها لە من ( مەرگ) دەترسا. ئەو زۆر سەیر دێوەکانی ڕاو دەکرد و بەرەو**

**سەراب و بیابان قاوی دەنان.. گلگامش ئەفسانە نەبوو.. بەڵکوو ڕاستییەک بوو.. ڕاستییەکە کە هێشتا دەژی.. چونکە کاتێک کە من خۆمم نیشانی ئەو دا.. ئەو شمشێرو جبە و تیرو کەوان و ئەسپ و ئاڵتوون و ماڵی دا بە من بە دیاری.. فەرمووی : گەورەم ڕێگەم بدە تا لەگەڵ جوانیدا کەمێک بژیم. چونکە من بیری کەماڵ و پایەداری دەکەم. بۆیە منیش ئەوم گەیاند بە هەمیشەیی و ڕێگاکانی کەماڵم بە ڕۆشنی نیشانی ئەو دا.**

مردن بەژیان دەوێرێت.. مردن لەڕاوەستانیشدا دەبزوێت.. مردن مەرتەبەیەکە مـرۆڤ خۆنەویست پێی دەگات.. هەمووشتێک دەمرێت، پاشان زیندو دەبێتەوە، پاشان دەژێتەوە، پاشان هەمیشە زیندو.. وەکچۆن لەناو مـرۆڤەکاندا زینـدووی مردوو هەیە، لەنێو مردووەکانیشدا مردووی زیندو هەیە.. مەراتیب وقوتب هەیە.. زۆربوون وژیانەوە هەیە. وا نەزانن کە مردن یەک سەرو دووچاوو دەم و لووتی هەیە! نا مردن لە ئێمە ناچێت و ئێسک و تروسکی ئەندامی مرۆڤ و گیانلەبەران ـ نیشانەی مردن و سیمبلی مردن نین. چونکە مردن بە ملیۆنەها تەرز خۆی نیشانی گیانلەبەر دەدات و لە هەموو جێگە و شوێنێکدا هێندەی بستێک یان هەناسەیەک لێمانەوە دوورە! وا نەزانی ئەو لێمان خافڵە! ئەی نابینن هەندێکجار کە ئەو سەری لێ تێکدەچێت.. یاری لەگەڵ منداڵێکدا دەکات.. یان ڕایدەچڵەکێنێت!.. بۆیە هەندێک منداڵ کت و لە پڕ و بێ هۆ دەمرن! دەزانن بۆ؟ نەخێر!

بەڵام با من ئەم وەڵامەتان بدەمەوە. چوونکە مەرگ عیشقی ژیانە و مرۆڤی لە هەر گیاندارێکی تر زیاتر خۆش دەوێت.. هەڵبەتە منداڵی زیاتر لە گەورە خۆش دەوێت.. مردن لە مرۆڤێکی زۆر برسی و تینوو دەچێت ـ کاتێک کە دەردەکەوێت.. ئەو مرۆڤی بە چەندەها تەرز خۆش دەوێ و بە چەندەها تەرزیش قینی لە دێوو دێوپەرستە.

ئەی نابینن کە گیانداران منداڵە نەخۆشەکانی خۆیان دەبەخشن بە مەرگ! چونکە ئەوان لە ئێمە چاتر مەرگ دەناسن و دەزانن کە مەرگ دەتوانێت ڕزگارکەر و یاریدە دەر و نەجاتدەربێت. ئەوەی پشیلەیەک یان باڵندەیەک یان گیاندارێکی بەخێو کردبێت، ئەو ڕاستییە دەزانێت کە بەچکەی لاواز دیاریی مەرگە و دایک پشت دەکاتە سۆزی خۆی و بەچکە دەبەخشێت بە مەرگ و نەجات. چونکە ئەو دەزانێت کە کۆرپە بەشێکە لە دایک و دایک دەتوانێت هەمان کۆرپە بزێنێتەوە.

مردن لەدەنگەکاندا دەژین، دەنگەکان لەکالاّیەکی نەمرن، نامرن.. دەنگەکان خەزێنەی گیانی ئێمەن.

دەنگەکان پیت و ووشەکان نمایندەی گیانی ئێمەن وهەمیشە زینـدوون. ووشەکانتان بە نەخۆشی ودەردو ژان وبووختان بەکار مەبەن.. ڕێز لە ووشەکان بگرن، چونکە گیانتان لەوێدا زۆر دەبێت، ژان دەیگرێت، پیس دەبێت.. یاخود بە پێچەوانەوە جوان دەبێت، زۆردەبێت وەکو گوڵ، وەکو جوانی.. چونکە کردارەکانتان لە ووشەکانتان دەچێت.

**کاتێک کە مەرگی خۆتان دێت بە میوانی ودەتاندوێنێت، لێی مەترسن.. مـرۆڤ نابێت لەمەرگی خۆی بترسێت چونکە ئەوکەدێت پەیامی جوانیی پێیە، مژدەی نەمردنیشی پێیە، دەزانـێـت کە هیچ ووشەیەکی جوان نامرێت! هەمووماناکان نەمرن.. عەشق و جوانی، ووشەکان وژمارەکان، هەستەکان بیرەکان گشتیان نەمرن. کەواتە هەم بیر و هەم هەست و هەم وێنە و هەم یاسا و ژمارە و داد و عیشق و زۆر ڕەگەزی بە چاوک گیانەکی ( سوبێکت) ـ نامرن. چونکە مەرگ بە هیچ چاوگێکی گیانی ناوێرێت.**

بەڵام مردن بارگەیەکە دەتوانێت گیان هەڵبگرێت ببیات بۆ دوورگەکانی ڕاستی، ئەو دوورگانەی کە گیان لە نیازەکانیدا دەیانخولْقێنێت، ئەوجیـهانەی کە خود لەخەودا دەیژێنێت. مردن زۆرهەستیار لەگەڵ سروشتدا

دەژی، زۆر وریا میْملّیی مـرۆڤ دەكات، زۆر شارەزایانە لەماوەی بستێک دوورییەوە لەگەڵماندا هەناسە دەدات، دەخوات، دەنوێت، دەژی!

مردن لەهەموو کەلەبەرێکدا، لەهەموو هەناسەیەکدا دەژی، مـرۆڤ لەژیاندا بەبێ ئەوەی بزانێت، تەنها بۆمەرگی خۆی دەژی.. چونکە مەرگ ڕێگەی ژیانی بە مـرۆڤ داوە، مەرگ ئەوی هێناوە تا لە مەرتەبەکانی ماددەدا مـرۆڤ، ئاژەڵ فێری ڕاوکردن بکات.. ڕاوی بینین.. مـرۆڤ کە دەگاتە قوتبی بینین، کاتێک کە ئاشنای مەرگی خۆی دەبێت.مەرگ زۆرلە نزیکەوە گیانلەبەران دەبینێت.. چونکە مەرگ خۆی بینەرو بیستەرو بیرەوەرە..، مەرگ خودی ژیانێکی ترە. مردن لەو وشانەدا دەژی کەمـرۆڤ لە خۆڕا لە دەستیان دەدات، لەونیازانەدا دەژی کەمـرۆڤ سەرکووتیان دەکات.. مردن لەوهەڵوێستانەدا دەژی کە مـرۆڤ دەینوێنێت.

مردن تەنها چاڵێکی تاریک وگیانلەبەرێکی دڕندە نییە، بەڵکو مردن ڕوخساری هەمە جۆرو هەمە ڕەنگی هەیە، مردن ئازادییەکە دەژی و بارێکی گرانی پێیە! کەژیان دەوەستێت ئەو دێت، ئەو زۆردەبێت..

مـرۆڤەکان بیری دەکەن.. سروشتەکان بانگی دەکەن، ئاوو هەوا، ئاگرو خاک تکای لێدەکەن تا بێت وڕابەرییان بکات.. ئەویش دێت، سەردەردەهێنێت، زۆردەبێت.

کە مەرگ دێت، کات دەوەستێت..کەس نایبینێت، بەڵام ئەو هەموو ڕەفتارەکانمان دەبینێت.. ئەو بە جۆرەها تەرز دێت، مەرگ لەهەمووشتێک دەچێت، لەفریشـتەو لەئەهریـمەن، لەمنداڵ و پەپولەو لە ئافرەت وپیاو لەهەرشتێک دەچێت، مـرۆڤ لەڕەفتارەکانی خۆی، سروشت لەڕەفتارەکانی خۆی، ئاوو ئاگر لەڕەفتارەکانی خۆیان، مەرگی خۆیان دروست دەکەن.. ئەگەرچی مەرگی خۆیان بۆناگیرێت، کەچی هەمیشە مەرگی خۆیان زامن دەکەن.. ئەوەی زیاتر لە مردن دەترسێت، دزێوتر مەرگی خۆی دەچنێت.. بەڵێ، مـرۆڤ بەڕەفتارەکانی مەرگی خۆی دەچنێت، مەرگی سوور، سپی، ڕەش، پرتەقاڵی، شین. مەرگەکان زۆرن، مەرگەکان لەژمارە نایەن هەم لە جوانی و هەم لە دزێویدا. ئەوان هێندەی ڕەنگەکان زۆرن، بۆیە ئێمەش بە جۆرەها شێوە دەمرین.

ئەگەر مردن وەهابوایە کە مـرۆڤ پەی پێ دەبات، دەبوو بە مـرۆڤ، بەڵام مردن نابێت بە مـرۆڤ، نابێت بەژیان، نابێت بە لەش.. نزرگەی مەرگ گیانە گیان. مەرگی مـرۆڤ دەتوانیت لە مـرۆڤ بچێت، هەمان مەرگی گیاندارانیش لە گیاندار دەچێت.. کە چی هەندێک جار مەرگەکان جێگۆرکێ دەکەن، مەرگەکان تێکەڵ دەبن.. بۆیە هەندێک دەبن بە خۆرەی گیاندار! هەندێک لە ئێمەی مـرۆڤ گورگ دەیخوات .

کاتێک کە کات ڕادەوەستێت.. کە هەمووشتێک ڕادەوەستێت.. مردن دێت، بەجۆرێک دێت بەچاوی خۆتان دەیبینن.. دەیبستن.. هەستی پێدەکەن.. چونکە ئەگەر مردن بیەوێت خۆی بکات بە بەشەر.. لەچاوتروکانێکدا ئەو کارە دەکات.. دێت کتومت وەک خۆت.. ئەگەر لەژیاندا فریشـتە بیت، بۆت دەبێت بە فریشـتە، ئەگەر لەژیاندا بەرازبیت، بۆت دەبێت بەبەراز.. ئەگەر دێـو بیت، خۆی دەکات بەدێـو.. هەمان شێوە ئەگەر درۆزن بیت، مەرگ درۆت لەگەڵ دەکات.. دێت وناتبات، مەرگت کەدێت درۆت لەگەڵدا دەکات؛ ڕۆژی سەدجار دێت بە میوانیت و گیانت ناکێشێت؛ تووڕەو ترسۆو شێتت دەکات.. ئەگەر ژیر بیت، دەتدوێنێت، بەقسەت دەکات.. بە ئارەزووی بیرمەند دەکات.. ئازادانە مەرگ لەگەڵ ئەودا ڕەفتار دەکات.. کەدێت خۆی نیشانی دێـوەکان بدات.. سنگی خۆی دادەدڕێت.. هەزاران سەرو ورگ و لچ ولێوی بڕاوو خەندەی تێکشکاو نیشانی دێـوەکان دەدات.

دەڵێت.. نا دەبۆڕێنێت بەسەر دێـوەکانداو دەڵێت: ئـێوە بەزەییتان بەم هەموو گوناحانەدا نایەتەوە ئاواتان لێکردن؟ مردن دێـوەکان دەتۆقێنێت کاتێک بەرۆکی خۆی ئاوداوان دادەدڕێت.. دێت دەڵێت فەرموو، ئەمە هەیبەتی خۆتە، لێی بترسە.
دێـو دەتۆپێت.. پاشان مەرگ هێندە بیرەحمە زیندوتان دەکاتەوە، جارێکی تر کردەوەکانی خۆتان نیشان دەداتەوە.. ئینجا بۆ جەهەننەمی خۆت دەتگێڕێتەوە.. دەتبا بەرەو باشووروباکووری کردەوەکانی خۆت، بەرەو قوتبی خۆت.. لەکردەوەکانی خۆتدا دووپات دەبیتەوە.. ئەگەر دانێکی کەسێکت شکاندبێت، دانت بەدەستی ئەو دەشکێتەوە.. ئەگەر دەرزییەکت دزی بێت، لێت دەدزرێتەوە.. ئەگەر تفێکت لەکەسێک کردبێت، تفێکت لێدەکرێتەوە. مەرگ کە دێت، پاداشت وسزای پێیە.
کەمردی ڕاستەوخۆ لەناو خۆتدا حەشرونەشر دەکرێیت.. مردن بەهەشت وجەهەننەمی تۆی تیایە.. بۆیە ڕاستە جەهەننەم ڕەفتارەکانی خۆتانە.. ئەگەر خاوەنی خوایەک بیت، خوایەکت هەیە، ئەگەر خاوەنی هەزار خواوەندبیت..، هەزار خودات هەیە!
پێویست ناکات بترسیت، چونکە تۆ لەمەرگا دەژییت.. تۆ لە ترسا دەژییت.. بۆیە ئەگەر لە بری سەگ و پشیلەو بەراز خواکـان یان دڵی خواکـان ڕابگریت چاترەو لە چاکە کارانیت.

لەوکاتەدا کە لەقلەقی پیـرۆز کردی بەتەقەتەق.. پرشنگی پیـرشالیار دەستی نوورانیی دەهێنا بەسەریا.. باڵ وپەڕی تێکئالاوو بەرگی بەری، یاخود پەڕی بەری ڕەش ڕەش هەڵگەڕاوی لەقلەق؛ غەرقی ڕەحمەتی نوور دەبوو، پاکژ دەبووەوە لەپاکژی خۆیدا.. سپی سپی دەبووەوە لەڕەنگەکانی ئاوێزەدا.. ئارام دەبووەوە.. سەیری ئەو هەموو ماریاو مەسیحانەی دەکرد لەسەرزەوی، لەئاسمان.. سەیری شکۆی درەختی زەمان و پیـرشالیارو جاڵـجاڵـۆکەو مـرۆڤی بێولات و بێـئالای دەکرد.. سەیری مـرۆڤایەتیی دەکرد..
شاگەشکە دەبوو  کاتێک لە پاکژ بوونەوەدا خۆی دەدی.. خۆی لە ئاوێنەی چاوانی پیردا دەدی..
پیـرشالیار چاوەکانی دەپشکووت.. کات دەوەستا، کات وەستا، کاتێک لەقلەق کردی بەتەقەتەق.
لەقلەق دووبارە ژیانی خۆی دەدیت، پاکژ دەبووەوە، چونکە زۆرلەخۆ بوردوو بوو. لەخۆبوردووش بوونەوەرێکی نەمرە.. نامرێت، بەڵکو هەرزۆردەبێت.. چونکە لەخۆبوردوو هەزاران خواوەند لەخۆیدا دەروێنێت.. بوونی خۆی هەمیشەیی دەکات.. چونکە ئەوەی کەرامەتی خواوەندێکی هەبێت.. نامرێت..
کەمردن دێت، گیانی کردەوەکانی مـرۆڤ دەدرێت.. کردەوەکانی مـرۆڤ دەزێنەوە. لەقلەقەکان زۆردەبن..**مـرۆڤ کەدەمرێت خەونەکان و کردەوەو ووتەکانی بەمیرات لەگەڵخۆیدا دەبات..**
**ئەگەر ئەو سێ ڕەگەزە وونیش بکات، مردن لەگەڵ ئەودا دەبیات! مردن دۆستە نەک دوژمن، هەندێک جار ناچاوەڕوانکراو کەسانێک دەبات، کە هەرگیز چاوەڕوانی مردن نەبوون!**
مردن لەپڕ منداڵی سەربێشکە، یاخود زانا، یان نەزان دەقۆزێتەوەو بۆ گەردوونی خۆی ڕاپێچیان دەکات، یان بە میوانی دەیانبات! یان داگیریان دەکات، چونکە مەرگ هەموو بژێوێکی خۆش دەوێت، مەرگ لە ئەزەلدا لە ویستی سروشتدا دەژی!
درۆ گەردوونی مردنی چنی، درۆ ژیانی دا بەمەرگ، بەر لەوەی درۆ لەدایک بێت، مەرگ بوونی نەبوو! گەردوونی نەبوو، نە دەژیا. ئەگەر حەز دەکەیت پۆرترێتی مردن ببینیت، دەتوانم بڵێم: مردن لەمن ولەتۆ دەچێت، لە ئـێوە دەچێت، دەتوانێت ببێت بەهەرگیانلەبەرو زیندەوەرێک، مردن لاسایی کەرەوەیەکی سەیرە، لە هەر جێگەیەک بەبیرتا نایەت هەیەو دەژی و خۆی دەرپێسێت.

تەنها دەستی بە هەمیشەیی ناگات، تەنها لەوێدا ناژی.. لەوێدا دەسەڵاتی لەدەست دەدات. ئەگەر مردن لاسایی بوونەوەرەکانی نەکردبایەتەوە، دەیتوانی بە چاوتروکاندنێک ژیان قووت بدات.. ئەی نازانی هەندێک جار بۆچی مـرۆڤی ساغ وتەندروست دەمرێت؟

چونکە مەرگ، خودی مەرگی دێتە سەر ڕێ، یان مەرگ بەری دەکەوێت یان دەستی بۆ دەبات، چونکە مەرگ پڕە لەژیان.. دەمی، سکی، دەروونی مەرگ پڕە لە ژیان، لەگیانی گیانلەبەران و جانەوەران.

**هەندێک جار مەرگ دەبینم خامۆش لەسەر جێگە ڕاکشاوە، بەدەم مۆسیقایەکی خرۆشی ئامیینەوە ژمارەی گیانەکان دەژمێرێت.. دانەیان دەکات، پاکو پیسی گیانەکان لە فلتەر دەدات.. مەرگ گیانە= ڕۆحە شەریرەکان تووڕ دەداتەوە سەر ژیان.. پێیان دەڵێت: ئـێوە بێبەرین لە سۆزی خواکـان.. ناتانگەیەنم بە هەمیشەیی.. پاشان کاتێک کە گیانە سپییە بێگەردەکان دەبینێت، دەیاننێرێت بۆ هەمیشەیی. نازانیی گەڕانەوەشیان بۆ هەمان ژیان ڕاپرسی لێ دەکات.**

مەرگ زۆر هارە، گەر ئەوکارانە نەکات، ژیان کۆڵەوار دەکات، بەچاوتروکانێک هەموومان قووت دەدات. مەرگ هاوڕێمە دەیناسم.. مەرگ لەمێژە دێتە سەر ڕێم و ئێخەم دەگرێت! ئاخرین ژیان کە مەرگم تیادا بینی، هاتە ناو سکی دایکمەوە! ویستی بمخوات.. بۆیە ناچار هەردوو گوێچکەیم توند گرت.. مەرگ گیری خوارد بەدەستمەوە، چونکە من لەسکی دایکمدا خواوەندی دایک وەک دێـوێکی سپیی پیـرۆز، یان وەک دایکە جاڵـجاڵـۆکەی گیانی، لەسکی دایکمدا پاسەوانم بوو.. فێری ڕاوو شکاری دەکردم بە شێوازی هیندییە سوورپێستەکان. کاتێک کە هەردوو گوێچکەی مەرگم چنگ خست.. وەک هەڵۆیەکی تیشک شێوە چنگ و چڕنووکم لە گیانی مەرگ گرت و ناوسکیم هەڵدڕی! بینیم هەرچی هەیەو نییە لە ژیاندا قووتی دابوو.. بەڵێ لە وورگی مەرگا بێشوومار ژیان و تاڵاوی جەهەننەمم دی. تێگەیشتم کە مەرگ جوانیی بۆ هەرس ناکرێت و بەڕێیان دەخات بەرەو نەجات یان هەمیشەیی.. بەڵام گەدەی هەرسکەرێکی سەیر بوو بۆ جوین و ڕشاندنەوە وتووڕدانەوەی گیانی دێوەکان بۆ ناو لەشی دێوەکان!! جا وانەیەک لەم فەرموودەیەوە فێر بن.

جاڵجاڵۆکەی پیرۆز لە سکی دایکمدا فێری دەکردم لە مردن نەترسم. بەر لەوەی لەدایک بیم، مەرگم دابوو بەزەویدا من.. من مەرگ لەخۆم باشتر دەناسم، ئەوم لغاو کردووە، هەندێک جار وەک ئەسپ سواری دەبم، بەسەر وڵاتاندا دەفڕم، وەک سوارێکی سپی لەسەر ئەسپێکی ڕەش تاریکایی دەبڕم.. ناجۆریی کردەوەکانی شەڕی نێوان دێـوو دێـو پەرستەکان دەبینم. من مەرگم دیوە، دەیناسم. لێیناترسم.

مێرولەکان فەرموویان: مەرگ لە هەمیشەییدا ناژی.. مەرتەبەیەک لە زانستی خامۆش مـرۆڤ دەگەیەنێت بە نە مری.. مەرگ تاوەکوو دەروازەی هەمیشەیی و گەیین بە ڕێسی جاڵجاڵۆکەی مەزن توانای ڕۆچوون و نزیکبوونەوەی هەیە.. بەڵام ناتوانێت بگات بە هەمیشەیی ؛ چونکە مەرگ لەوێدا ناژی و توانای مانەوەی نییە.. چونکە لە هەمیشەییدا مەرگ ناژی و بوونی نییە. چونکە لەوێ تەنها ژیان هەیە.. گیان هەیە و لەش لە ماددە نییە.

مێروولەکان فەرموویان: مەرگ هەرگیز پەشیمان نییە لە هەڵوێستی.. گەرچی هەڵەی زۆر گەورەش دەکات.. مەرگ گیانلەبەرێکی بایی و سرک و بەغیل و ڕەزیل و برسییە.. لەتاو ورگی خۆی ئاگای لە خواو لە فریشتەکان و لە خواکان نییە! ئەو جگە لە خۆی هیچی تر نابینێ و نابیستێ و ناناسێت. شتی وا دەکات کە پیاو لە داخا کەللەیی دەبێت و شێت دەبێت. چونکە هەندێک جار مەرگ کە شێت و بەدخوو دەبێ و فێی لێدێت؛ دەچێت دەست لە کەسێک دەوەشێنێت.. منداڵێکی لێ داگیر دەکات و دزی دەکا و خەڵکی هاندەدات بۆ سەربڕین و لەناوبردن. میشکی مرۆڤ پیس دەکاو ناچاریان دەکات بین بە قووتابیی لە

خۆیان نەزانتر و گێلتر! دەبن بە مەرگێکی پەتی و قوربانی پێشکەشی مەرگ دەکەن و لە مەرگی خۆیاندا دەژین و دووپات دەبنەوە و هیچ ئاگایان لە مەحمووی بێزەواش نییە! موشیل ئەفلەق و تەرەماش و علوچپەرستەکان بە گوونی! شتی وا دەکات کە پیاو تەنها سەعدی کوڕی وەققاصی بیر دەکوێتەوە و لە تەماشای عەلی کیمیایی ـشدا پیاو پێی شەرمە کە ئەویش بە دوو پێ دەڕوات! توومەس پیاو کاتێکی زۆری دەوێت تا تێبگات کە: بەڵێ مەرگ هەندێکجار دەست لە مرۆڤ دەوەشێنێت و دەیکات بە دێو ئەگەر لەناوی نەبات!

مێرولەیەکی سەرخۆش بە زمانێکی لار و خاو فەرمووی: مەرگ تۆبەبەش ناکات. ئەگەر ئەک زەڕڕە هەستی هەبوایە ئەو کارەی دەکرد. ئەوسا بەلای کەمەوە مرۆڤ دەیتوانی ئازاد بێت و نەمرێت!

## تابلۆی تۆبـە

مـرۆڤ بۆی نییە برای مـرۆڤی خۆی بکوژێت.. خوامـرۆڤی بۆ دوژمنایەتی دروست نەکردووە.. لەقورئاندا خواوەند پێتان ناڵێت بکوژن.. ئەوە ئەهریـمەنە پێتان دەڵێت، دێـوە پێتان دەڵێت بکوژن.. خواوەند پێویستی بە قوربانی و حەج وزەکاتی ئـێوە نییە. خواوەند دەڵێت: ئەگەر یەکێک لەموشریکان هانای بۆهێنایت، پەنای بدە، زەجری مەکە. ئایەتی 4-5 سوورەتی التوبە.

تۆبەی چی دەکەیت؟ خواوەند فەرشی کاشان بۆ جەنابت داناخات ولەبەهەشت پێشوازیتان لێناکات..
خورمای بەهەشتی نییە وباغەوانی کەس نییە، ئەوباخەوان وشوان وگایەلی نییە. خواوەند فریشـتەخانەی نییە. کارگەی فریشـتە درووست کردنیشی دانەناوە وەک من بزانم. واش نەزانی کە هیتلەر و ستالین و هۆلاکۆ و جەنگیزخان و سەددام و موگابا دروستکراوو داهێنراوی خواوەندن! نا.. ئایینەکان بە هەڵەیدا بردوون. خوا کاری نابەجێ ناکات. تا کێو نەبینێ بەفری تێ ناکات. خواوەند هێندە شەڕخواز نییە تا هێندە سەرقاڵی شەڕ و خوێن ڕێژی بێت. چاک بزانە کە خواوەند لەو جێگەیە نییە کە خوێنی تیا دەڕژێت. خواوەند هەقی شەراسەت وحەماقەتی گیانلەبەران نییە. خوا سەرگەرمی جوانی و عیشق و هونەرە. خوا هەست و سۆزو بیرو پەیامە. ئامیین.
خواوەند گیانێکی پەتییە.. ئازادییەکی پەتییە، عەشقێکی پەتییە.. جەهەننەمی بۆکەستان تاو نەداوە.. خۆتان بەکردەوەکانـتان بەهەشت وجەهەننەمی خۆتان دیاری دەکەن.. خۆتان دەگەن بەقوتبی ڕەفتارەکانتان بەرلەوەی بەوبگەن.
ئەگەر دەتەوێت تۆبە بکەیت.. بڕۆ دەست بهێنە بەسەری پشیلەیەکدا.. بەسەری مـرۆڤێکی بێکەسدا.. بڕۆ خێرێک بکە، خەندەیەک نیشان بدە.. چەک دابنێ ئەگەر پیاویت!
بڕۆ ئاوی گوڵەکان بدە.. نان بدە بەباڵندەکان، ببە بە فریادڕەسی کەسێک.. ببە بە خۆشەویستی کەسێک..سەگێکی برسی تێر بکە. لەپێناوی هیچ باوەڕێکدا سزای گیاندارو مرۆڤ مەدە ( جگە لە تاوانکردن بەرامبەر ئافرەت ومنداڵ) پیاو مەکوژن. باوەڕەکان هەن وئازادترن لەئێمە.
بەخەندەیەک جیـهان ڕزگاری دەبێت، بە خەندەیەک خوایەک لەئاسماندا لەدایک دەبێت. **خواشەڕی تۆی ناوێت. لای خواکەس کافر نییە.. خواهەقی خۆی هەیە، تۆبەی تۆی ناوێت.. جوانی وبەهرەو کەماڵی تۆیدەوێت. خوالەکردەوەو خەندەکانی ئێمەوە دروست دەبێت. ئایا دەزانی کە گیانی گەلەکۆی ئێمە دەتوانێت هەر بوونەوەرێک داهێنێت؟؟**
ئەزانی کاتێک کە خواوەند ئادەمی دروست کرد چیی کرد ؟! پەشیمان بووەوە.. ئادەمی نیوە ناچڵ و خاوو خلیچک لە قووڕ دروست کرد.. بەر لە تەواو بون، پەشیمان بووەوە!.. چونکە بینی ئادەم هەر شل و پلەو ناتوانێت هەستێت، ناتوانێت پێ بگرێت و لەسەر پێی خۆی ڕابووەستێت! چونکە نەیدەتوانی خۆی لەو شەڕە دەرباز بکات کە ئەهریمەن لە خاکدا ناشتبووی! بۆیە خواوەند هات شتێکی تری کرد بە ئەلتەرناتیڤ! ئەزانیی چییکرد؟ نەخێر! دەبا من پێتانی بڵێم چیی کرد:
خواوەند ئادەمی بەجێ هێشت.. ئادەم کەوتە غەڵبە غەڵب و ناڵە، چونکە تەنانەت دەنگیشی ناگۆشکراو بوو.. خوا بەزەیی بە لالانەوەی ئادەمدا هاتەوە.. بۆیە لە پڕ لە دوورەوە، ئاوڕێکی لە ئادەم دایەوە.. ئەو چاوتروکانە، ئەو ئاوڕدانەوەیە .. ئەو تەماشایە وەک فرمێسکێکی تێکەڵ لە فرمێسکی پیاووئافرەت ـ لە چاوی دەرپەڕی، بووە هۆی پەیدا بوون ودروستبوون و دڕپەڕین و زایاندنی دایە حەوا.. ئەو وەک تیشک! بەڵکو وەک دڵۆپێک لە گیانی خوا خۆی؛ پەڕییە ناو لەشی ئادەمەوە.
ئەوجا ئادەم بوو بە مـرۆڤێکی تەواو، توانیی بڕوات، بڵێت، کار بکات، دروست بکات.. ئادەم توانی دەست بۆ کارەکانی خوا بەرێت. چونکە یەکەمین خەو کە بینیی.. ئەوە بوو ئافرەتێکی دروست کرد کە ئێمە ناومان لێناوە دایە حەوا یان ئێڤا یان ئامین و سەلما!!. چونکە کاتێک کە خوا ئاوڕی لە ئادەم دایەوە، پرشنگی نیگاو گیانی خۆی گرتە ئادەم، چونکە بەزەیی گیانی خوایە. بەزەیی پڕە لە خۆشەویستی و ڕێز. بۆیە ڕاستە دەڵێن: بەزەیی سروشتی حەوایە.. بەزەیی لە پیاودا مانای بەرز ڕاگرتنی ڕێزی ئافرەتە.

بۆیە من ڕێگە نادەم وابزانیت دایکە حەوا لە ئادەم بووە. نەء وا نییە. حەوا تەواوکەری ئادەمە. گیانی خوا بەزەیی خواوەندە. گیانە. بەر لەو ـ ئەو بوونی هەبوو! وەک فەرمووم : وەک تیشک و جەوهەر.

خواوەند شەڕ نازانێت، و من باوەڕ ناکەم شیرو تیر لەکەسمان هەڵسوێت! شەڕ لەدەسەڵاتی ئەودا نییە! هەموو قوتبێک تەوەری خۆی هەیە، ڕاست و چەپی خۆی هەیە، خراپەکانیش بەهیچ جۆرێک بەرەو تەوەری جوانی خۆیان ئاراستە ناکەن..جوانی قوتبی خۆی هەیەو دزێویش هەمان.

**خواوەند کاری بە ئەهریـمەنەوە نییە.. شەیتان کاری خۆی هەیەو پەروەردەی خۆی دەکات.. ئەگەر باوەڕت بەخواوەند مەتینە پیاوبە، دڵسۆزی کردەوەکانی خۆت بە، کارت بەشەڕەوە نەبێت.  خواوەند ئەگەر یەک بێت یان دوو، هەقی بەسەر شەڕو ئەهریـمەنەوە نییە! جا ئەهریمەن خۆی خوایەکی ترەو باوەڕی وایە کە خوا ئەوی دروست نەکردووە.. بەڵکوو لە ئەزەلەوە بوونی هەر هەبووە و هەر دەشبێت! کەواتە دەشیت باوەڕ بکەیت کە خوایەکی تاریک و شەریریش بوونی هەیە و کاری بە خێرەوە نییە!!**

هەن لەژیاندا دێـو دروست دەکەن، دێـودەپەرستن، هەن خواوەندەکانیان گۆش دەکەن، جوانیـیان دەکەن، ڕەنگیان دەکەن، بغوردی بۆ پێدەکەن، هەن خواوەندێکیان هەیە، هەن دوو، هەن سێ خواوەندیان هەیە، کاری بەتۆوەنییە گەر کەسێک بێت و بڵێت؛ من ڕۆژی هەزارخواوەند دەدوێنم، دەبینم، دروست دەکەم. یادت بێت هەن لەناوماندا داهێنەرن، لەبری دێـوی ئاسنین وپلاستیکی و تەختەو گەچ وپەڕۆو پاتاڵ، خواوەند لەگیانی خۆیان دروست دەکەن، دەیچنن، دەیرێسن، دەیزێنن.

من پیـرۆزترین خواوەند لەتەماشای منداڵەکاندا دەبینم.. لەڕەزامەندی ئەوانی تردا، لەخەندەکانی مـرۆڤدا خواوەند جوان ورەنگین وبژێو دەبینم..لەهەرجێگەیەکدا خەندەیەک پروا، لەوێدا خواوەندێک لەدایک دەبێت و دەژێت .. بەپێچەوانەیشەوە، مۆڕەیەک ئەهریـمەنێک خولق دەکات.

تۆبە بکەن، چییدی خواکـانتان تاک وتەنها مەکەن.. هەوڵ بدەن خواکـان زۆر بکەن.. نەک تەنهایان بکەن.. چونکە تەنیایی گیان دادەڕزێنێت.

ئەوانەی دەیانەوێت تۆبە بکەن.. دەبێت منداڵیان نەبێت.. دەبێت سزای خۆیان بەوە بدەن کە منداڵیان نەبێت.. ئەوەی کەسێک بەخۆڕایی دەکوژێت دەبێت پاداشتی سزای ئەوە بێت زاوو زێ نەکات، دەست بەسەر بێت.. هەموو کارێکی پێسپێردراویش بەڕێوە بەرێت.

ئەوەی لە پێناوی خوادا دەکوژێت وسەر دەبڕێت، جیای بکەنەوە.. بیگەڕیننەوە ناو مزگەوت و باوەڕی خۆیەوە گەر موسوڵمانە، چونکە موسوڵمان سەری کەس نابڕێت، کەس هەتک ناکات، ئەوەی بەناوی ئایینەوە دەکوژێت، هیچ دەربارەی وانەکانی خواوەند نافامێت، نەزانە، کوێرە، کەرە، پیسە وماکی مـرۆڤی تیادا نییە.. بیکەن بەشوانی بەراز وچاودێری زبڵخانەکان گەر لەئایینێکی ترە.. بیگەڕێننەوە بۆ ئەو شوێنەی لێوەی هاتووە تا لەتەنهاییدا دەتۆپێت. بەزەییتان بەپیاوکوژدا نەیەتەوە.

پەشیمان بوونەوە لەئایین ؛ تۆبە وگوناح نییە. باوەڕی مـرۆڤ هەمیشە هاوسەنگ نییە لە باوەڕدا! هەموو کەسێک بەهەڵەدا دەچیت.

خوا پێویستی بە باوەڕی من و تۆ  نییە.. مـرۆڤ زۆری پێدەچێت تا بتوانێت بە دیداری خواوەند شاد بێت.. شادیی مـرۆڤ لەوێدایە کە بەسەرفرازی بژی وکەرامەتێک بۆخۆی چنگ بخات، کەسانێکی وەک خۆی خۆشیان بووێت وباوەڕیان پێی بێت.. خواوەند باوەڕی بەوکەسەیە کە دڵی خەڵکی لەخۆڕا نایەشێنێت، ئەو کەسێک بەدۆستی خۆی دەزانـێـت کە ڕێز لەکەرامەتی خۆی بگرێت.. دوای پەیامی هەوەسی ئەهریـمەن نەکەوێت.. چونکە ڕێگەی خواوەند وون دەکات، ئەوەی  بەگەردوونی تاریکییدا کەوتە ڕێ.. ڕۆشنایی نابینێت.

مێرولەیەک فەرمووی: خواوەند کە مـرۆڤی بینی شەڕ دادەهێنێت، تۆبەی کرد. بڕیاری دا هەرگیز جارێکی تر مـرۆڤێکی تر دروست نەکات.. بەڵام جار ناجار دەبێت بە جاڵـجاڵـۆکەو ئامۆژگاریمان دەکات.
مێرولەیەکی سووعبەتچی فەرمووی: جارێکیان خواوەند چوو بۆ جەهەننەم تا لە بەدکاران خۆش بێت.
کاتێک کە گەیشتە ئەوێ بە دەنگی بەرز پرسیاری لە گشت تاوانباران و دڕندەو دێوەکان کرد: کێ لەناوتاندا هەست بە پەشیمانی دەکات؟ کێ گووناحی کردووە؟ کێ دزی و درۆ و تاوانی کردووە؟ کەس دەستی هەڵنەبڕی، کەسیان خۆیان بە تاوانبار نەزانی. خوا نەیزانی چۆن لێخۆش بوون نیشانی ئەوان بدات. بۆیە دەست لە گوونان درێژتر دۆزەخی جێ هێشت، بە دەم ڕێگەی گەڕانەوە لەبەر خۆیەوە فەرمووی: خوا لەگووناحەکانی دێو خۆش نابێت. چونکە دێوەکان فام ناکەن کاتێک کە تاوان دەکەن، هەن لەدایک دەبن تا لە دۆزەخی کردەوەکانی خۆیاندا بژین. حەز لەجوانی ناکەن، حەز لە چاکە ناکەن، هەست بە ڕەوشت بەزری و پەیامی خواکان ناکەن. هەن نازانن بۆ چاکە ناکەن!
هەن لە نێوان مرۆڤەکاندا دەستکردوو زادەی دێوەکانن؛ مرۆڤ نیین، جا با شێوەیان لە فریشتەیش جوانتر بێت! هەن دەستکردی خواوەند نیین.. چونکە خواوەند جوانە و داهێنەری مرۆڤی مەزن و جوانە و جوان دادەهێنێت . جا دزێویش داهێنانی شەیتان و ئەهریمەن و دێون. بۆیە گشت دوو پێیەک لەناوماندا مرۆڤ نییە، بە داخەوە. چونکە تۆبەکار نییە.

## تابلۆی دووپاتبوونەوە

ئەوکاتانەی کەنووری خوا دەپرویت، لەوکاتەدا مـرۆڤێکی ڕەسەن لەکونجی خۆی سەردەردەهێنێت وتەماشای بەهرەکانی خۆی دەکات.. مـرۆڤ دەبێت لەگەڵ بەرەکەتی نوردا وەک ڕۆژی ڕووناک پاک بێت لە خۆیدا.. چی بەجوان دەزانـێـت بیکات، بەومەرجەی دڵی مـرۆڤەکانی دەوروبەری ڕازی بکات.. مـرۆڤ نابێت دەمی وەک دەمی دێـو پێس بێت، لەش ودەروونی پیس بێت، نابێت بوختانکەرو دووڕوبێت.. دەبێت سروشتی نییان بێت لەگەڵ دەوروبەردا.

لەوێدا کەمـرۆڤێکی پاکی وەک خۆت دڵنەوایی دەکەیت.. نوورلەکەرامەتت دەبارێت. دەبێت کەس ڕێگە بەخۆی نەدات دارو قامچی لەکەسێکی تر هەڵبگرێت.

دەبێت مـرۆڤ لەخۆی خۆش بێت. تائەوکاتەی مـرۆڤ لەکارەکانی خۆیدا دەروونی خۆی پاکژڕابگرێت.. کەس بۆی نییە لێیبپرسێتەوە. کەس بۆی نیە ئەویتر ئەزێت بدات.. کاتێک کە دووگیان پێکەوە هەست بەئامان دەکەن، هەوڵ بدە لەیەکیان نزیک بکەرەوە.. هەوڵ بدە لێیان تێبگە.. ئەگەر توانیت یاریدەیان بدە.. سەرزەنشتیان مەکە. سوکایەتی بە مـرۆڤ و گیاندارمەکە.

زەڕڕاتی ئەم هەستانەم گشتی هەست پێدەکرد کاتێک کەژیان وەستا..کاتێک کەپرشنگی نووری پیـرشالیار دڕی بەتاریکایی دا.

تەنها خودی ئەو بەئاگا بوو لەگەشتەکان، دەیزانی کە چاولێک دەنێت، چەند گیان بەسەردەکاتەوە.. لەشەقامی چی وڵاتێکدا گەڕۆکە ودڵی کێ ڕۆشن دەکاتەوە!

کات وەستابوو، سروەی بەیانی بیستویەکەمی نەورۆز بوو..پیـرشالیار لەناو بنکی درەختی زەماندا دابەش دەبوو بەسەر بووندا.. دووپات دەبووەوە..دووپات بوونەوەی پیر لەجەوهەری شتەکاندا لەگیانی گوڵەکاندا، لەقاقای منداڵەکاندا، لەهەستی هونەرمەندانددا، لەبیری زانایاندا دووپاتانە دابەش دەبوو.

دووپات بوونەوە شتێکی ڕوون و ئاشکراو ڕەوایە ؛ گەر بە نیازی گەڕانی ئاشی خێر بێت.. وەکو دووپاتبوونەوەی ووشەکان، یاخود دووپات بوونەوەی سوورەت وئایەتەکان.. دەتوانم بڵێم قورئان و ئینجیل وتەورات، کۆنفۆشیوس وبودیزم، بەهاییزم گشتیان دووپاتن.

چونکە دووپاتبوونەوە سووربوونی ویستێک گریمان دەکات.. چونکە دووپاتبوونەوە نهێنیی گەردونەکانە. سروشتی خواکـانە.. هەسارەکان، خۆرەکان، ئاسمانەکان گشتیان دووپاتن. دووبارەبوونەوە سروشتی بوونە، تەنانەت خواوەند دووپاتە. ئاسمانەکان، ئەستێرەکان، مـرۆڤەکان، گیانلەبەرەکان، ووشەکان، گەردەکان گشتیان دووپاتن. من و تۆیش لە هەمان دەستاڕدا خوول دەخۆین. جا ئەگەر دەتەوێت نەبیت بە پەنی عەیب و عارو نەخۆشی و سزا.. کەمێک باش و کەمێک جوان و کەمێ زانایانە بیر بکەرەوە. چونکە زانا کەسێکە کە کاری باش دەکا و باش بیر دەکاتەوە.

شەووڕۆژ، ساردوگەرم، پێکەنین وگریان، گشتیان خاوەنی هەمان نهێنیی دووپاتن. تەنها بەدووپاتبوونەوە سروشتی بوونەوەرەکان بەکەماڵ دەگات. لەش جگە لەدووپاتی خانەکان شتێکی دی نییە.. خانەکان، گەردیلەکان، گیانەکان دووپاتن. بۆیە پیـرشالیار و ژیانەوەی ئەو لەدرەختی زەماندا شتێکی نوێ نییە. ئەو لەمن ولەتۆشدا دووپاتە.. خواوەند لەزەڕڕاتی ئەودا دووپاتە. وانەزانی کە مـرۆڤ خاوەنی تەنها یەک گیانە! نا، بەهەڵەدا چویت وزانایانیش هەڵەن، هەن تازە لەدایک دەبن وەک پێـغەمـبەران ،کەخاوەن سروشتێکی گیانیی سێ قوتبن.. هەن دەیان وسەدان گیانیان تیایە، چونکە زۆر لەژیاندا دووپات بوونەتەوە..مـرۆڤ وگیاندارو نەبات پڕن لەگیان.

دەتوانم بڵێم هەر زەڕڕەیەک لەبوون خاوەن گیانێکی تایبەتە وئازادانە پەیڕەو لەبەرنامەکانی ژیان دەکات. بۆیە کەسانێک هەن زەڕڕاتی خواوەند لەهەر بوویەکدا دەبینن. بەڵام پیـرشالیار گەواهی ئەو ووشەیە

نییە.. ئەو خواوەندو زەرڕاتی خێر لە دەروونی شەڕدا نابینێت.. ئەگەر وا بێت، ئەواشەڕ ئەویش داگیر دەکات!

شەڕنیازێتی دەسەلأت و توانای خۆی لەخێرەکاندا زۆربکات.. دەیەوێت خواکـان داگیر بکات!

شەڕلەسروشتی خۆی تێناگات، نازانێت کە لەدووپاتبوونەوەیدا وەرزی وپەستی، نەزانی ونەخۆشی ،تەعدا وکوشتار، مەرگێکی ناخۆش بۆخۆی سەربار دەکات.

شەڕ دەسەلأتی خۆی لەبری خواکـان لە مـرۆڤەکاندا دووپاتدەکاتەوە. شتەکان، ماناکان، هەستەکان، بیرەکان کاڵ وکرچ و دزێوو ناجۆرەکات. دەمووچاوی مـرۆڤ ناشیرین دەکات، نایەڵێت دوومـرۆڤ لەیەکتری تێبگەن. نایەڵێت ڕاستییەک سەرهەڵبدات.

کەچی خێر لەدووپاتبوونەوەیدا جیاوازە.. هەمووشتێک شاداب وبژێوو جوان دەکات، هارمۆنی دەدات بە دەروونەکان، تواناکان زۆردەکات.

شەڕسروشتەکان نەخۆش دەخات، پیریان دەکات، لەژیاندا دوچاری گرفتیان دەکات. بەڵام خێر لەجوانـیدا دەگەشێتەوە، هەمیشەیی زامن دەکات، دڵنەوایی دەبەخشێت بە سرووشتی بوون وگیانداران. بۆیە ئاهوڕامازدا دان بەسروشتی شەڕدا نانێت.. ئاوڕلەشەڕناداتەوە، بەڵکو پشتی کردۆتە ئەو.

کاتێک کەشەڕلەقینی خۆیدا زەلیل دەبێت، تاریک دەبێت.. درەختەکان دادەتەپن.. شاخەکان دووکەرت دەبن، هەڵدەوەرن، ئاگرۆئاسن تف دەکەنەوە..خێرمەندان سەریان بەسەر خۆیاندا شۆڕدەبێتەوەو بێزاروتەنها دەبن.. کاتێک کە زەمین تووڕە دەبێت، باوباران ڕادەپەڕن، باران وبەفر فێری زیاڕۆیی دەبن.. کاتێک کە هەوا برینی قوڵ لەسەرلەشی هەڵدەتۆقێت.. کاتێک کەشتییەکان لەئاسماندا وون دەبن..دایک دەست دەنێتە بینی کۆرپە وبەزەییەکانی خۆی دەکوژێت.. کاتێک باوک بەرامبەر بەکۆرپەی خۆی دووچاری ترس دەبێت.. ناتوانێت نانێک بەپاکی بۆمنداڵەکانی پەیداکات.. کاتێک کەشەپۆلەکان هەڵدەستنە سەرپێ.. کەزستان لەگەڵ هاویندا جووت دەبێت.. بەستەڵەکەکان نەرم دەبن، ژیان لەدەروونداو دەتۆرێت، باڵندەکان سەریان لێدەشێوێت. گەرماکان سەرمایان دەبێت. مرۆڤ چێژی لەدەست دەدات، برسییەکان تێر نابن.

کاتێک کەدەنگێکی مەزن لەنادیارەوە زرمەوگرمەی دەگەیەنێت بە ئاسمان، درۆکان ماندوو دەبن لە خاوەنەکانی خۆیان، بازاڕەکان دەوەستن، درۆزنەکان بەدوای بوختانەکاندا دەگەڕێن، ئەهریـمەنەکان زۆر دەبن.

لەوکاتەدا کەزەریاکان فێیان لێدێت، خۆر وورک لە ئەستێرەکان دەگرێت.. برسیی دەبێت، مانگ حیجاب دەکاتە سەری ولەڕووی نایەت ڕۆشن دەربکەوێت.. کەشتییەوانەکان بەپێوە خەویان لێدەکەوێت. فڕۆکەکان لەخۆوە هەڵدەپروێن.

قەشەکان فێری دزی ودرۆو تەعدا دەبن.. دکتۆرەکان شێت دەبن.. باڵندەکان وون دەبن، هێلکەکانیـان پیس دەبێت ولانەکانیـان بەجێدەهێڵن. یان تووشی درمی جیاوازو دەرد دەبن، لەخۆیانەوە دەمرن. لەگەرمادا سەرمایان دەبێت!

لەوکاتەدا کە کوشتن ودزی وتالأن کردن وسەربڕین و دەستوزمانبڕین دەبێت بە کاروکەلتوورو ڕق دەست بەسەرژیاندا دەگرێت، ڕۆژئاوا تۆوی شەڕ لەڕۆژهەلأت دەچێنێت.. لەوکاتەداکە کینە دۆزی و ڕەگەزپەرستی وهەلپەرستی وخودپەرستی چوارپەلی ئەستوور دەبێت.. مـرۆڤەکان جوانییان لەباردەچێت.. شەڕ لەهەموو جێگەیەکدا سەردەردەهێنێت.. لەوکاتەدا کە باکان نارێک دەلوورێنن، درەختەکان لەبنی زەوییەوە

دەردەکێشن! لەوکاتەدا کە کارەساتی چاوەڕوان نەکراو هەڵمەت دێنێتە سەر سروشت وباڵندەو ڕووەکەکان..پیـرشالیار دێت.. مـرۆڤی بێـوڵات= نـوح- ئازاد دەبێت، ئەوان ناترسن، یەکدەگرن، زۆردەبن.

لەوکاتەدا کات دەوەستێت.. پیـرشالیار نووری هەیبەتی وەکو باڵندەی سیمرغ دەفڕێت.. تیشکی دەپروێنێت.. هەستی خێرمەندان وەکو مۆم دادەگیرسێنێت. گریانێک لە چاوی مرۆڤە جوانەکاندا وەک ڕەنگەکانی ئاوێزە دەردەکەوێت.

ئەوکاتە شەڕ فریشکی دەکەوێت، شەڕنەخۆش دەکەوێت، دوچاری شەڕێکی دڕندەتر دەبێت..مـرۆڤەکان هەرزانترو بێبەهاترخۆیان دەفرۆشن. منداڵەکان تووشی ڕق دەبن بەرامبەر بە باوانیان. منداڵەکان بێ سرەوت و زۆرخۆرو هار دەبن، خۆیان خۆیان لەناو دەبەن، نەخۆشییەکان دەپەرستن. تاشەڕی خۆیان بەرەوکۆتایی بەرن. حەق دەکەوێتە دەروونی فیتنەوە، ئیمام وقەشەکان یانەتوڵلاو بیسکۆپەکان فێری تەماشاکردنی ئەهریـمەن دەبن، ئەوان دەپەرستن.

نێرومێ دەبن بەدوژمنی یەکتر.. مـرۆڤەکان کوێردەبن. شەڕزۆردەبێت، شەڕ شێت دەبێت، شەڕ خوێنی بەردەبێت.. هیلاک دەبێت، بەرلەوەی بووەستێت.. دەمرێت!

ئەوکاتە خێرە ماندووەکان، خێرە خوێنبەربووەکان، خێرمەندەدڵشکاوەکان، خێرە وردیلەکان دەچنە منداڵدانی سروشتەوە.. دەبن بەدۆست وهاوڕێی گیانداران وڕووەک وباڵندەکان، ژیان لەهەندێک دەرووندا چرۆدەکاتەوە.. وەرزی یەکەمی ژیان دەست پێدەکاتەوە.

چونکە پیـرشالیار لەغەیبدا کارەکانی خۆی ئەنجام دەدات.. ژیانی گیانی دەپارێزێت وگۆشی دەکات، ژیان دەبێت پایەدار بێت، ژیان دەبێت نەمرێت.. چونکە پیـرشالیار ژیانی خۆش دەوێت، لەپێناوی عەشقی ژیاندا نەمرەو عاشقەو عەشقیش نامرێت.

شەڕ دەمرێت، چونکە شەڕ دوژمنی ژیانە، دوژمنی خێرە، شەڕناتوانێت پەی بە نهێنییەکانی ژیان بەرێت. غەیب وگیانی خواکـان نامۆن بەسروشتی شەڕەکان، شەڕهەرگیز پەی بە زانستی گیانی نابات، چونکە ئەودوژمنی گیان وژیانە. چوونکە لە مانای جوانی تێناگات!

لەوسروەی بەیانەدا پیـرشالیار چاوەکانی نابووە سەریەک، گوێی لەمۆسیقایەک دەگرت، کەگوڵەکان دەیانژەنی، شەماڵ سەرپەرشتیی دەکرد..گیانی ئەو ئاوێتە بوو بەگیانی بەردو داروگەڵاوگوڵەکان، گیانی ئەوئاوێتەبوو لەگەڵ باو باران وخاکدا، لەوسروەی بەیانەدا ئاوێزە ڕەنگەکانی ئەوودرەختی زەمان و مـرۆڤی بێـئالاو بێـوڵاتیان پڕ دەکرد لەنوور، لەنووری خوا، لە نووری خواکـان.. لەدڵی خۆیدا بەدوپاتی تەسبیحاتی دەکرد، خواوەندەکانی دەبژارد، دۆعای دەکرد خواکـان زۆربن.

لەدڵی خۆیدا بەدۆعای دەفەرموو: ئەگەر خواکـان زۆربن، ئەگەر لەبری یەک دەیان خوا لەهەر دەروونێکدا بڕوێت.. کەس لە ئایندەدا تۆبەردباران ناکات کچم.

هێشتا کات وەستابوو، هێشتا میلی سەعات لەوەدابوو بترازێت!هێشتا سروەی بەیان بوو، کات بیستویەکەمی مانگی ئازار بوو. جوانی بێچوولەکانی هەڵدەهێنا لەبیری پیرو بێـوڵاتدا.

لەقلەق مت و بێدەنگ بوو، لای دەستی ڕاستی پیـرشالیارەوە هەڵنیشتبوو..ماریاکان لەتیمارکردنی خوێن چۆرکێی زام و برینەکانی دەست وپێ و پشت وسکی مەسیحەکان ـ ڕانەدەوەستان، ماندونەدەبوون لەفرمێسک ڕشتن.. فرمێسکەکان تەنها مەرهەمی زامەکان بوون.

ئەودیمەنانە کارێکی ناخۆشیان کردبووە سەر لەقلەق، چونکە ئەو خۆی لەسەر باڵەکانی خۆی مەسیحەکانی دەربازدەکرد بۆ گەردوونی گیان.. ئەگەرچی نوری پیـرشالیار پەیتاپەیتا ئەویان سپی سپی دەکردەوە..

بەڵام ئەو لەگەڵ تیماری هەر گیانێکدا ڕەش دادەگیرسایەوە..چونکە ویژدانی لەقلەق زامار بوو، ویژدانی لێبوردنی بریندارببووبوو. لەقلەق گیانی ئاهورامازدایە. هەستی خوایە!

لەگەڵ ماریاکاندا، ڕابیعەالعدویە و ژان دارک لەوێ بوون.. حەللاج لەوێ بوو، ئەبوحەییانی تەوحیدی لەوێ بوو.. سیدهارتا و هێرمان هیسسە لەوێبوون.. ڕاهیبی تیبت و ليناو تور وساوا، بیسکۆب سباسیتان و تۆمای ئەکویینی و دۆعا گشتیان لەوێ بوون. لەناو قەددی درەختی زەماندا.. لەناو سەری مـرۆڤێکی ئازاددا، مـرۆڤێکی بێـوڵاتدا..گشتیان بێماندوبوون سەرگەرمی تیمارکردنی زامەکانی حەزرەتی مەسیح بوون( لە مندا). درەختی زەمان سوورهەڵگەڕابوو لەخوێندا، خوێن بەرەو ڕەگەکانی ژێرەوە دەچوو..

پیرهێشتا لەتەسبیحات تەواو نەبووبوو. ئەو هێشتا گوێی لەئاوازی دەنگ ووتەکانی حەزرەتی مەسیح بوو.

لەدەرەوەی درەختی زەماندا پاپا بەنێدیکت و موقتەدا سەدر لەبەرگی ڕەش وسپیدا وەکو بەرازو پشیلە قەبارەیان بچوک بووبووەوە، چوارپەل ڕاوەستابوون..بەزەویدا نوسابوون.. زەمین ئێخەی ئەوانی بەرنەدەدا، نەیهێشتبوو قەلەڕەشکەکان ئەوان بۆ زبڵدانی ئاگردانەکان توورِ بدەن. هێنابوونی بۆتەماشای کردەوەکانیـان، موقتەدا دەبوو سەیری گیانی ئەو هەموو سەرەبڕدراوو زمان بڕدراوو دەست وپێ قرتاوانە بکات.. پاپا دەبوو سەیری زامەکانی مێژو بکات، تاتێبگات بۆچی خێر لەزەمیندا ئاوای بەسەر دێت؟

ئەوان ترس بەرچاوی گرتبوون، ترس قەبارەی ئەوانی بچوک کردبۆوە.. سەرمایان بوو، دەلەرزین، برسییان بوو، پڕبوون لە شێتی.

جاڵـجاڵـۆکەی مەزن قەبارەی خۆی هێـندەی قەبارەی لەقلەق بچوک کردبووەوە..دوانزە چاوی هەبوو جاڵـجاڵـۆکەی پیـرۆز.. چاوی سیانزەیەمی لەدەست بوو، خەریکی چنینی بوو! لەژوورسەری پیـرشالیار خۆی سەرگەرمی چنین کردبوو.. کات وەستابوو..ئەو لەمتبووندا بوونەوەری دەچنی.. ئەو ڕەزامەندو بیرەوەرو ماندو نەبووە..، ئەگەر ئەو ماندوبێت، تەونی بوونەوەر تێکدەچێت، بوونەوەرەکان دادەڕوخێن بەسەریەکدا.

ئەو گیانی ملیۆنەها کۆرپەو ئافرەت ومنداڵ و پیرو لاوانی جیـهانی قومات کردبوو.. وەکو گەڵا بەدرەختی زەماندا ئاوێزانی کردبوون، جوان زۆرجوان ئەوانی هەڵگرتبوو. دەبریسکانەوە، لەشێوەی دڵدا لەکاکێشاندا دەشنانەوە، لەگەڵ پیردا بەدەم نەوای شەماڵەوە زکریان دەکرد..، زکری خواکـان، گیانی خواکـان.

جاڵـجاڵـۆکەی پیـرۆز لەو ساتەدا کە کات وەستا دڵی هەزاران منداڵی برسی و کوژراوولەباربراوی پێگەیشت.. لەقلەق ئەوکارەی دەکرد، چونکە ئەو ڕاگوێزەری گیانە پیـرۆزەکانی سەزەمین بوو، **لەقلەق کاری دەکرد و مرۆڤی خێرمەندی لە مەرگ وەردەگرت و دەیبردن بەرەو بەهەشتەکانی خۆیان**، کاری هێنانی منداڵانی گێتی بوو بۆ درەختی زەمان. **هەڵبەتە لە سوورِی گەڕانەوەیدا** !

هیچ یەکێک بێکار نەبوو..، تەنها من لەدورگەی هەستکردن بەکەمیدا لەبێکاریدا سەرگەرمی بینین وتەماشا بووم.. بووبووم بە دوو کەرتەوە؛ شەووڕۆژ بێدار بووم، چاوەڕوانی هاتنی درەختی زەمان بووم، چونکە پیـرشالیار هاتبووە خەونم، باسی دووقاش بوونی ئاسمانی بۆکردبووم.. بۆیە من هەمیشە بێدار بووم و شەونخونیم دەکرد.. نەدەنوستم، هەندێک لە دراوسێکانم گومانیـیان لێدەکردم.. وایان دەزانی دەتوانن فێری پەرستنی سەگ و پشیلەو بەرازم بکەن.

**بەڵام من دڵم لەمشتمدا بوو، هەر چاوەڕێ بووم، چونکە باوەڕم بەکەرامەتی خۆم بوو، دەمزانی پیـرشالیار ڕاست دەفەرموێت، دەمزانی ئاسمان دووکەرت دەبێت.. دەمزانی ڕۆژێک دێت خوێنی حەزرەتی مەسیح وفرمێسکی چاوەکانی مارياکان دەبارێت! چونکە لە خەوما درەختی زەمان لەسەر سەرم دەڕوا!**

من لەتەنهاییەکی بێکەسیدا مت بووم، لەبێداری ونوستندا نوێژم بۆ خواوەندە ساواکان دەکرد، بۆ منداڵە لەبار براوەکان، بۆ سەرە قرتاوەکان، بۆ زمانە بڕدراوەکان. بۆ ئافرەتە بەردباران کراوەکان، سووتاوەکان. دڵم لەشەڕ زوویر بوو، دڵم هەزاردرزی تێکەوتبوو.. بەپیوە هەندێجار خەوم لێدەکەوت، جاری واهەبوو بەهەفتە ڕادەکشام وخەوم لێنەدەکەوت.

بەدەم بیستنی ئاوازەوە، پیـرشالیار خەونی دەبینی..لەخەونیدا لەسەرپشتی ئەسپێکی ئاگرین دەفڕی بەبوونەوەردا.. باڵندەی قەقنەسی بینی.. تیژ لەتەکیدا باڵەکانی لێکدەدات.. دەفری لەهەمیشەییدا! بەگەردوندا دەگەڕا.. بەناو گەردوونی پێـغەمـبەراندا بانگی دەدا.. بانگی پێـغەمـبەرانی دەکرد، بانگی گیانی بوونەوەر، ئاهورامازدا.. بانگی حەزرەتی ئادەم وحەوا، بانگی مەلائیکەتەکان، فریشـتەکان، بانگی ئیدریس و نـوح، هود وعاد، صالح و ثمود، بانگی ئیبراهیم ولوط.. بانگی ئیسحاق و ئیسماعیل.. یاقوب ویوسف، شوعەیب وموسا، بانگی هارون وسولەیمان و یەهودا..بانگی دانیال و داود وئەییوب، یونس وزەکەریاو یەحیا.. بانگی حەزرەتی مەسیح ، بانگی حەزرەتی پێـغەمـبەری ئیسلام محمەد.. لەخەونیدا دەگەڕا بەگەردووندا..

خواوەند لە گەردووندا لە هەموو شتێک زیاتر دووپات دەبێتەوە، چونکە زۆر بوونی خوا هەندێک لە ئێمەی پاراستووە، ئەگەر خواکـان کەم ببنەوە.. ژیان وەهای لێدێت کە دەیبینن. شەڕ داگیری دەکات. چونکە لە قامووسی ئـێوەدا خوا تاکو تەنهاو داهێنەری شەڕو ئەهریـمەنە. بە هەڵەدا چوون، چونکە خواکـان لە مندا زۆر دەبن، دەڕوێن، زۆر دەبن.. هێندە زۆرن نەبێتەوە! زۆر زۆرن.
مێرولەکان فەرموویان : هێـندەی ئەژماردی ئێمە ژمارەی خواکـان زۆرن.. کێ دەڵێت ئێمە خواکـان نیین!؟
فەرمووم: بایی بوون کردەوەیەکی ناشازە.. بایی بوون سروشتی خواکـانیش بن باوڕیان پێ ناکەم..
فەرموویان: ئەوەی بەئاگا بێت لە خواوەند.. بەشێکە لەو.. گەر نەتوانێت ببێت بەو. چاترە کەسێک ببێت بە خوا لەبری ئەوەی ببێت بە بەراز. فەرمووم ئامیین، ڕاست دەفەرموون ئێوە.
مێرولەیەکی بیرەوەر کە هێشتا هیچی نەگووتبوو، فەرمووی: کاتێک خواکان تەماشای بەدکاریی کردەوەکانی مرۆڤ دەکەن، بچووک دەبنەوە؛ دەترسن، هەست بەکەمی دەکەن! هەندێک لەوان لەداخاندا دەپووکێنەوە، دیار نامێنن. چونکە خواکان بە درۆکانی ئێمە پەست دەبن، تووڕە دەبن و شەڕی ئێمە ئازاریان دەدات. بۆیە خواکان لە هەموو جێگەیەک نیین. هەندێک جێگە هەن بێ بەرین لە بوون و هەست و کەرامەتی خواکان.. چونکە ئەوان تەنها بەزەیی نیین. ئەوان لە قاحبەخانەکان نیین! ئەوان میوانی جەللادەکان نیین. ئەوان لەبەرەکانی شەڕدا بوونیان نییە. چونکە کاریان بە بەدکاریی ڕەوشتی ئێمەوە نیـیە. بە کورتی ئەوان پۆستاڵ ناکەنە پێی ئێمە و پێی خۆیان!
مێروولەیەکی شێت فەرمووی: خوا پۆستاڵ لە پێ ناکات.. زۆر بە فەرموودەکانم پێکەنی!

# تابلۆی خەو بیین

ئەم تابلۆیە ناواخنی چیرۆکەکەم دەکەم، تاوەکو بیرتان بخەمەوە، کەمن پیـرشالیارو درەختی زەمان و ، پاڵەوانی بێناوو بێـوڵاتم.. من هەمان شێوە کۆچەرێکم، بێـوڵات، بێـئاڵا دەڕۆم، لەخەیاڵی خۆمدا لەسەرشاباڵی قەقنەس دانیشتووم.. خەو بە بینینی ڕوخساری ئافرەتێکەوە دەبینم.. ئافرەتێک کە هێشتا نەمدیوە! بەدوای ئافرەتێکدا دەگەڕێم دڵی هەبێت.. گیان ولەشی هەبێت، هەستەکانی مـرۆڤانە بێت! لەسەر عەرز پەیدانابێت.. بۆیە لەخەونمدا دابەش بووم، لەدابەشبووندا دەفڕم، لە گەردووندا بەدوایدا دەگەڕێم.. خۆشم بە حەزرەتی نـوح دەزانم.. بەڵام نەکەن بەهەڵەدا بچن و وا بزانن کە من قەبارە بەخۆم دەدەم. نا؛ بەهەڵەدا نەچن؛ چونکە من شانازی بەوەوە ناکەم ببمە نمایندەی باوەڕو ئایینی ئەوی بەڕێز. چونکە ئەو لەڕاستەقینەدا خاوەن هەمان تواناو سەلیقەی من نییە. یان بە پێچەوانەوە؛ دەشێت من هێندەی ئەو نەزانم. چونکە من دیلێکی بێ ووڵات وئاڵام. بەڵام دڵنیاشم لەوەی کە کەرامەتم لە کەرامەتی هیچ دوو پێیەک کەمتر نىیە. ئاڵای من پەیداغێکی سپییە لە بغورد دروستکراوە..، ناوی هیچ میللەتێک و خواوەندێک ودێـوێکی لەسەر نەنووسراوە.. بەڵام کە بغورد لەهەوادا دەشنێتەوە.. هەستێک وەک سروود بە بیرەکانم دەڵێت.

دەڵێت: تا بۆنی بغوورد بڕبکات ؛ تا ئەویٚ وولات و سنووری خۆمە، تائەوشوێنەی بۆنی بغووردم دەڕوات.. مەملەکەتی عەشقی منەو ئازادانە پیایدا هاتوچۆدەکەم.. پێناسنامەم پێنییە.. من گیانم ئازادەو دەگەڕێت.. کون بەکونی ئەوروپا گەڕام کەس نامبینێت.. کەس نامناسێت.. ئەو کەڕوکوێرانەش کە دەمبینن، بەگومانەوە، بەخەندەیەکی نەزانانەوە، بەتەوسێکی بەغیلییەوە بەخۆیان دەڵێن: سەیری ئەو شێتەکەن چۆن بەئاسماندا دەفڕێت! سەیرکەن چەند چاپووک دەفڕێت.. هاتووە لەناو دڵی دێـوەکاندا بۆ عەشق دەگەڕێت.. چۆن دەبێت!؟ چۆن دەشێت مـرۆڤێک هەبێت بتوانێت عاشق بێت؟ چۆن؟

منییش دەڵێم با، دەشێت! چونکە پێغەمبەرەکان هاتوونەتە خەونم، ئەوان پێیان فەرمووم: کۆڵ نەدەی، چونکە بە هیواکانت دەگەیت. ئەی نابینی گوڵەکان لە ژێر بەستەڵەکدا دوو وەرز بەرگەی سەرما دەگرن و لە بەهارو هاویندا سەردەردەهێننەوە و گەش گەش بۆنی خۆیان بە ژیان دەبەخشن!؟

من حەزرەتی مەسیحم لەخەونا بینیوە. ئەویش دەفەرمووێت: عەشق لە دڵی دێـویش دا هەیە. منیش بە دڵنیاییەوە دەڵێم: عیشق لەهەر ئاسمانێک بێت دایدەگرم.. کوڕم، کاکی خوێنەر سەرتان لیٚ تێک نەچـێت، **من هیچ  نیم، من پەنابەرێکم تەنها هاتووم بەدوای گیان وهەست و بیری خۆمدا هاتووم، بەدوای ماریادا دەگەڕێم.. پێتان دەڵێم کوا؟ کوانیٚ عەشق؟ وانەزانن کەمن شانازی بە بوون بەم پاڵەوانانەوە دەکەم، نا، من تەنها و تەنها شانازی بە گەڕانمەوە دەکەم بە دوای عیشقا، چونکە لەم چوار دیوارە بەستەڵەکیینەی ئاوارەییدا، لەناو زیندانی تاریکی دێوەکاندا، تەنها عیشق برەو بە بوونم دەدات. تەنها هەستی ئەو گەرمم دەکاتەوە. دەشێت عیشق وڵات و ئاڵاو نیشتیمان و ماڵی من بێت!؟ تۆ بڵێی عیشق بتوانێت وڵاتێک بۆ خەونەکانم دروست بکات!؟ تۆ بڵێی من لە ژیاندا هەست بە جووتبوونی عیشق و ئازادی بکەم!؟**

ڕاستە من وڵات و ئاڵام و هیچم نییە! بەڵام من هەم وەکو مـرۆڤ مافی خۆم هەیە بدوێم، بڵێم، ببینم.. ببیستم! من بۆم هەیە لەدڵی دێـویشدا بەدوای عەشقا بگەڕێم.

کێن ئەوگەلحۆیانەی باوەڕ ناکەن؟ باوەڕناکەن کە لەدڵی دێـودا عەشق ناژی، بەڵکو دەخورێت! کێن دەیانەوێت دڵم بەگومان پیسکەن؟ دەیانەوێت شەڕوخێر تێکەڵاو بکەن؟

کێن ئەوانەی دوژمنایەتی لەنێوان گەلاندا خۆش دەکەن؟ **من گەر نەشتوانم ببم بە نـوح، دەتوانم داوەری بکەم..هاتووم داوەری بکەم.. هاتووم بڵێم: عەشق لەکویٚ بێت، من لەوێم! من عیشقم و لەدەروونی دێـوەکاندا دەژیم! ناچارم باوەڕ بە فەرموودەکانی حەزرەتی مەسیح بکەم..** نابینن؟ من نموونەیەکی دەگمەنی ئەو عیشقەم کە لەدەروونی دێـوە بیٚ هەست و بیٚ دڵەکاندا بەدوای عیشقدا دەگەڕێم.

هاتووم دەڵێم: ئـێوە هێندە ژیرنین بتوانن عەشقی من کۆڵەوار بکەن.  ئـێوە ناتوانن بە هەموو دێـوەکانی دنیا خەندەیەکی من داگیر بکەن. **ئەمە نموونەیە بۆ بوونی عیشق لە دەروونی دێودا. جا بمبوورن گەر لە هەندیک جێگەدا تووڕە یان بێهەست لە دێوەکان دەدوێم.. چونکە ئەوان باوەڕ بە جوانی و عیش و ئازادی ناکەن! دەیانەوێت لە گێلی بدەن و وا دەزانن گەر وەها بکەن؛ ئاشیان باشتر دەگەڕێت!** من لەدەروونی ئەواندا دەژیم. بۆیە بە دێوەکان دەڵێم: ئـێوە ناتوانن بۆنی بغوردم داگیر بکەن. من لە مەملەکەتی خۆمدا ئازادم. من هونەرمەندێکم پەیامی هونەرێکم پێیە، نەک پەیامی خواکـان.. پەیامی مـرۆڤێکم پێیە نەک فریشـتە.. پەیامی زەمینم پێیە نەک ئاسمان.. پەیامی مـرۆڤ نەک دێـو.. هاتووم دەڵێم هونەری من فێری سەگ وپشیلە پەرستی وبەرازپەرستی نابێت.. فێری بوون بە ئـێوە نابێت، چونکە ئـێوە خۆتان لە منن، ئەوانەی لەناوتاندا بەپاکی ماون، وەچەی منن، کوڕو کچ و خۆشەویستی منن. ئەوانەی کە هێشتا مـرۆڤن ؛ هێشتا لە دەروونی مندان و منیش لەواندا دەژیم.

وازبێنن با بۆخۆم عەرشی دێـوەکان بدڕێنم وبگەڕێم بەدوای عەشقی خۆمداو وێڵ بم.. خۆهەستیاریی من ئەزێتی کەس نادات، بەڵکو دەگەڕێم تا خەندەکان ببینم.. تا گوێ لەترپەی دڵی خەندەکان بگرم.. تابزانم ئەم خەندەیە ڕاستە یا درۆ؟ ئایا ئەمە خەندەی ئافرەتە یاخود هی سەگ، هی پشیلە، یان هیینی بەراز؟ ئەگەر خەندەی کەسێک ڕاستگۆ بێت.. جوان خەندە دەکات.. درۆزن دزێو خەندە دەکات.. گوڵ ناسک خەندە دەکات.. مـرۆڤی ئەحمەق بایی ئاسا.. هونەرمەند بەدڵ وبەگیان.. مـرۆڤی پیـرۆز واتە ئافرەت پێویستە لەسەری بزانێت کەمن خەندەی بەدرۆ پەسەند ناکەم، خەندەی پڕ لەڕق هەرس ناکەم.. من بوغزی درۆکانتان دەلاوێنم، پێیان دەڵێم زەحمەت نەبێ کەمێک جوان پێبکەنن کاتێک کە کۆچەرێک دەبینن. کە منتان بینی ئەی مـرۆڤەکانی وولاتی بەفر یادتان بێتەوە.. کە سامییەکان ئاوازی دڵی منتان بۆ دەژەنن کاتێک کە دەف دەکووتن یان هۆیکە دەکەن.. چونکە ئەوان هۆیکە (هۆرە) بۆ هاتنی نـوح دەکەن.. لەوان بپرسن، ئەگەر زانییان بوونەوەر خاوەنی جاڵجالۆکەیەکی سپییە، مانای وایە من دەناسن.. مانای وایە بە هەمان دەفی من و ڕیتم و تۆنی نـوح دەفەکانیـان لێدەدەن و هۆرە دەکەن.

کێ دەڵێت ئەو کۆچەرە من نیم، کێ دەڵێت من باوک وبراو خزم وکەست نیم؟ کەمێک جوان خەندە بکە. چونکە خەندەکان شیفای گیانیی حەزرەتی مارياکان و مەسیحەکانی تیایە. کەمێک لە پیـرۆزیی ئەوان شەرم بکەن.. خواتان بێت.. ئاخر ئەو هەموو قێزە چییە بەشەرمەکانتانا دادەبارێ؟

**کەمێک ڕێز لە  بێگانە بگرە.. ئاخر بێگانە هەست و سۆزو بیرو خۆزگەو پەیامی خۆی پێیە.. نەک هەر من، بەڵکو هەربێگانەیەک، هەرمـرۆڤێک هەر تەماشایەک پەیامی خۆی پێیە.. پەیامەکانی منیش لەسەر خەندەکانمن.. لەسەر خەندەکانی ئـێوە فریشـتەکانی من لەدایک دەبن. ئەو کاتەی خەندەکان لەسەر لێوی من دەمرن، منیش بوونم وون دەبێت.**

**پێویستە پەیامەکان بەیەکتری بگەن.. پەیامی ئێمە بۆ ئـێوە.. پەیامی ئـێوە بۆ ئێمە.. مـرۆڤ گشتیان پەیامـبەرن.. گشتیان دووپەیامیان پێیە، خێرو شەڕ.. شەڕوخێر.. خێشڕ! جا واز لە یەکیکیان بهێنن!**

شەڕوخێرتان تێکەڵی یەککردووە، وانابێت.. شەڕنابێت تێکەڵ بەخێر بکرێت.. حەزرەتی مەسیح دەڵێت: بەخەندەکانت دوژمنەکانت بلاوێنە.. بەخەندەی ڕاستگۆ، بەخەندەی فریشـتە، بەخەندەی خوا.

ئەو نەیفەرمووە بە خەندەی قاحبەو بۆگەن ؛ بە زەهراوی وچەکی کیمیایی میللەتان قڕ بکەن.. نەیفەرمووە بە درۆ خەندە نیشان بدەن.. نەخێر چونکە خەندەی بەدرۆ، **خەندەی دەبەنگ نەخۆشتان دەخات..ترس لەبێگانە زەهرێکە لەسەر لمۆزی بەراز بەوجۆرە بەدەم بێگانەوە خەندەمەکەن.**

من هاتووم دڵنیاتان بکەم کەئـێوە ناتوانن هیچ فێری من بکەن. ئـێوە ئەگەر ڕاست دەکەن خۆتان فێربکەن جوان بۆ بێگانە بخەندن، تابێگانە بتوانێت تەنها نەبێت، غەمنەخوات. ئەگەر دەتوانن بچن بۆنی بکەن، لەمسی بکەن تا بزانن بۆنی کێی لێدێت؟ بۆنی باکور یاخود باشور؟ بۆنی ڕۆژهەڵات یاخود ڕۆژئاوا؟ یا ئەفریقا وئەمەریکاو ئەوسترالیا! یان بۆنی ڕووسی لیدێت؟ ئەرمەن یان ئاسوور!

دڵنیا بن من بۆنی مـرۆڤم لێدێت.. بۆنی پەنابەرێکی کۆچەر.. کەخەون بە بستێک خاکەوە دەبینێت.. لەدڵی سەگ و گورگ وپشیلەو بەرازدا، لەدڵی دێـودا بۆ خەندەیەکی ڕاستگۆیانە دەگەڕێت، چونکە تیایدا شیفایەک، دەرمانێک هەیە.. مـرۆڤ فێری ڕێزگرتن لەخود دەکات.

دڵی بێگانە بە پرسیاری نامەفهوم مەشکێنن.. بەکەم سەیری بەرائەت و شەرم وحورمەتیان مەکەن.. گوێ لەشەرمی بگرن.. تەماشای بکەن، بیدوێنن، میوانداری بکەن، سەمای لەگەڵ بکەن.. ببن بە هاوڕێ و هاوژین وهاودەم بۆی.

ئەگەرنا ئەو دڵی دەگیرێت.. تەنها دەبێت.. دڵی لێتان دەشکێت.. چونکە ئەو دڵی زۆرگەورەیە، ئەو دڵی بوونەوەری پێیە ؛ دڵی کوڕی مـرۆڤ.. هەزاران دڵی مەسیح وهەزاران دڵی شکاوی ماریاکان و هەزاران هەزار خاج وتەختەو بەردوگڵ و گەچ وبتی تیایە.. هاتووە بەمیوانیتان، دەشێت پێتان بڵێت، یاخود لێتان بپرسێت: ئەرێ خەڵکینە تولەڕێی عەشق دەکەوێتە کوێوە؟

من دەمەوێت ئەم هەموو پەیکەرو مـرۆڤ ومەسیحانە بەو ڕێگەیەدا بەرێبخەم بەرەو بەهەشت.. لەکوێیە تولەڕێی بەهەشت یان شارێگەی بەهەشت؟ ئـێوەش تەنها مۆڕەم لێدەکەن!

دەشێت ئەو خۆی بەمـرۆڤێکی نوێ بزانێت! دەشێت بێگانە دلی بەوەخۆش بێت سەیرتان بکات.. دەشێ باوەڕی پێتان بێت، بوێرێت شتێک بڵێت.. چونکە ئەو لەڕاستیدا دەزانـێـت.. هێـندەی سوکراتێک دەزانـێـت.. یازەهر خۆری بکەن تابمرێت، یاخود ڕێگەی بدەن بدوێت.. کە دووا بۆتان ؛ پێی مەڵێن چی درۆیەو چی ڕاستە.. چونکە ئەو درۆزن نییە، بەڵام ئەگەر وەڵام حورمەتی تیادا نەبوو، ئەو گوناحی نییە. وەڵامتان ناداتەوە، یاخود کە فەرموی نازانم، یانی بەسەرخۆتا بچۆرەوە.. چونکە وەڵام لەدڵی خۆتدایە. ئەگەر گومڕای گومڕابە، ئەگەر دڵنیای دڵنیابە.

بەڵام ئەگەر بێت وبەهەڵەیدا نەبەن، توولەڕێی بەهەشتی نیشان بدەن، دەشێت بتوانێت هەست بکات کەکارێکی باشی کردووە. دەشێت ئـێوە نەزانن، **بەڵام ئەو چاک دەزانـێـت کە بەهەشتی ئەم ژیانە دەکەوێتە ناوجەرگەی باوەڕی مـرۆڤ بە مـرۆڤ**، دەکەوێتە ناو جەرگەی باوەڕی دێـوەکانەوە بە مـرۆڤ.چونکە دیوەکان باوەڕیان مۆلەقە؛ زوو باوەڕی خۆیان دەگۆڕن، لە قورئانیشدا باسیان هاتووە. دەشێت بێگانە بیەوێت پشویەک بدات، چونکە واخەریکە کوێر دەبێت لە بێخەویدا! هەناسەی توند دەبێت، ماندوو دەبێت.. والەناوتاندا تەنها دەمرێت!

بەهەڵە تێی مەگەن ئەو زۆر بێکەسە.. ئەو زۆر تامەزرۆی بینینی ئەو ڕوخسارانەی هەیە کە نیـیانن، کە جوانن، کە بژێوو شەرمن وپڕنازن.. ئەو زۆر زۆر جوانناسە، بەڵێ، ئەو خواوەندی جوانی دەناسێت، خواوەندی عەشق.. خواوەندی میهر، عەشتار، سیتا، شیڤا ڤینۆس دەناسێت، سەدجار لەخەودا لەگەڵ هەرقل بووە بەهاوڕێ و هێشتا زۆرانبازیان نەگرتووە. ڕاما دەناسێ و هێشتا باسی خۆی نەکردووە، دەیان جار کۆشکەکانی ڕاجاو میهراجا و ڕامای دیوە لە هەمیشەییدا.. چونکە ئەو فریدا وئێڤا و شیڤا و یین ویان-ی دیوە.. دێـوودرنجی دیوە، پێویست ناکات بیترسێنن، چونکە ئەولەودێـو ناترسێت. ڕێگەکان خۆشبکەن تا لە ناوتاندا پشویەک بدات، چونکە هەرکەسەو لەژیاندا پەیامێکی پێیە، باوەڕێکی پێیە، حورمەتی بگرە. لێتان تێک نەچـێت، من باسی پەنابەرێک دەکەم، نەک پاڵەوانی چیرۆکەکەم، چونکە منی چیرۆکخوان تەنها پەنابەرم! هانام بردۆتە بەر خواکان و فریشتەکان و پێغەمبەرەکان و لە خەوما ئەوان دەنینم!

من نمایندەی باوەڕوو ووتەکانی ئەم پەڕاوەم. بەڵکو من قوتابییەکی گوێگری منداڵەکانم، ئەوان دێنە خەونم، تکام لێدەکەن تا من ئەم حیکایەتی مێشەتان بۆ باس بکەم.

من بە پەنابەری لەدایک بووم.. ئەوەی پەنام نەهێنێتە بەر باوەڕی پێ ناکەم هەرگیز. بۆیە پاڵەوانەکانی ئەم کتێبە دانسقەیەش گشتیان لەمندا پەنابەرن! بەڵێ ئەوان بەر لەگەیشتن بەسنووری گەردوونی من داوای حەقی پەنابەرییان لە باڵندەی شەوشێتی من کرد، کە پاسەوانی سنووری گەردوونی ئێستاتیکایە! لەوێدا نـوح لەخۆم چاتر دەناسم.. پێـغەمـبەرەکانیش دەناسم. زووربەیانم بەخەو دیوە، لەگەڵ زووربەیاندا ژیاوم لە گەردوونی خەودا.

**مێرولەکان فەرموویان: ناخۆش ترین نەخۆشیی مـرۆڤی ڕۆژئاوا ئەمەیە نازانن جوان بۆ بێگانە پێ بکەنن.. دزێو ترین ڕەفتاری ڕۆژ هەڵاتیش خۆ بەزلگرتن و مۆڕەو خۆ فش کردنەوەیە.**

**مێروولەکانیش هەست بە کەمی دەکەن ؛ و هەستیان بریندار دەبێت بە تەماشای لە شەختە دروست بوو و قێزەوەر!**
**مێرولەیەک فەرمووی: خۆزگە خەندەکان شیفایان دەبوو.. بەڕاستی خەندەکانی مرۆڤی ئەوروپی پڕن لە پۆزی ناشرین و بایی بوون و ڕقنەستووری.**

## تابلۆی پێغەمبەرەکان

پێغەمبەرەکان پەیامی جوانییان پێیە، نایەن خەنجەرەکانتان لەکێلان هەڵکێشن، نایەن بوختانتان فێربکەن.. ڕاپێچی مەیدانتان ناکەن، فێری خودپەرستی ورەگەزپەرستی وجیاوازیی نەتەوایەتیتان ناکەن. ئەوەی چەک دەداتە دەستان پێغەمبەرەکانتان نین، بەڵکو دێوەکانی شەڕن کەوادەزانن شەڕوخێر دەتوانن پێکەوە هەڵبکەن.
وا نییە ، خێر جێگەی شەڕی تیانابێتەوە.. خێر تا بەرفراوانتر بێت، جێگەی تەسکتر دەبێتەوە بۆشەڕ.. چونکە سروشتی خێر لەگەڵ شەڕدا نا تەبایە وناگونجێت.. هیچ پێغەمبەرێک ناڵێت بکوژە، بدزە، درۆبکە، فیتنەبازبە.. هیچیان چەکیان لەدەست نەبووە کە هاتوون، چەکی ئەوان گۆچانێکە، بغوردێکە، گوڵێکە بێدرک، یاخود دووپاتی پەیامێکە..
کاتێک کە دێن.. بەهەڵە ڕەفتاریان لەگەڵدا مەکەن.. تووڕەییتان بخەنەلاوە وگوێ بگرن، بزانن دەتوانن فێربن.. بزانن دەتوانن ئازاریان نەدەن! کاتێک کە ئەوان هاتن تۆ لەکوێ بوویت؟ لە کوێ پیر یان منداڵ یاخود قوتابی گوێگر بوویت!؟
چونکە شتەکان گشتی دووپاتن.. تۆ لەوکاتەدا کە دەبیستی، کە دەبینیت، کە دەڵێیت، تەنها دووپات دەبیتەوە.. ئیتر بۆچی تێناگەیت.. تۆ دووبارە دەتوانیت لە سەرچاوەی ڕووبارێک بخۆیتەوە.

تۆ دەتوانیت هەست بەحورمەتی ڕێزی خۆت بکەیت، دەتوانیت بەلای کەمەوە ڕێز لەخۆت بگریت و شێتانە ڕەفتار نەکەیت، چونکە بۆت نییە لەپێناوی هیچ مافێکدا هەڵبکوتیتە سەر خاک و وڵات وماڵی کەسێکی ترو بە فیشەک ورگ و جەرگ هەڵبدڕیت!
بۆت نییە چەک دژی کەسێک هەڵبگریت کە چەکی لەشان نییە، کە باوەڕێکی بچوکی پێیە ودەیەوێت ئازاد بژی لە سنووری خۆیدا. چونکە مافی ڕەوا بۆ هەرکەسێکە بیەوێت بژی.. ئەگەر نەتتوانی دەرگای ماڵەکەتی بۆ بخەیتە سەر پشت، مەچۆرە ناوماڵەکەی و هەڵمەکووتەرە سەر ئابڕوو کەرامەتی. لەخۆتەوە تەقە لە مـرۆڤ مەکە.

**ئایا دەزانیت کە شەڕەکان لەسنوورێکی تردا لە هەمیشەییدا دووبارە دەبنەوە؟ ئایا دەزانیت دووپاتی شەڕ ژەنگ لەدەروونـدا دروست دەکات وگیانی مـرۆڤ کەڕو دەکات؟**
**ئایا دەزانیت ئەوەی بکوژێت دەکوژرێتەوە؟ شەڕ ئاشتی لەناو دەبات؟ ئایا دەزانیت کە شەڕ گەرا لەدەروونـدا دادەنێت ؟ کەم ناکات بەڵکو زۆردەبێت؟**

بەڵێ دەزانیت، بەڵام لەهەمان کاتیشدا دژی پەیامە ڕەسەنەکانی خۆت دەوەستیت وچەک بۆ دێـوەکان هەڵدەگریت! بە هەرزان خۆت دەفرۆشیت، وەک سەگ پەلاماری کەلتووری ترو خاکی بێگانە بەخۆت دەدەیت. چی مانایەک بەخۆت دەدەیت؟

لەناو جەرگەی خەونەکاندا پیـرشالیار گەلێک خەونی بینی.. لەیەکێک لە خەونەکانیدا لەناو نەبەردێکدا ڕووبەڕووی سەربازە هۆلەندییەکان دەڕۆی لەنەبەردا، لە بۆسنیا.. سەربازەکان لەترسا نەیاندەبینی کە پیاوێکی ڕیش سپی، سپی پۆش، دەستی وەک خاچ کردۆتەوەو بەرەو ڕووی ئەوان دێت، بزەیەکی زامداریش لەسەرلێوێتی، دێت ودەیەوێت تەسلیم بێت، بەڵام سەربازەکان، بەڵکو سەربازەکانی تریش لەترسا هەمووشتەکانیـان تاریک دەدی!
ئەگەرچی ڕۆشنایی ئەویشیان دەبینی، بەڵام ڕق ئەستوور بوون، داخ لەدڵ بوون، جنێویان دەداو وەکو دێـو ڕامبۆ دەیانبۆڕاند:( مادەر فەکە) وتەقەیان لێیدەکرد.. سنگ وسەروسکیان دادەبێژا! ئەویش دەچوو بەرەوڕوویان، دەیویست خەندەیان نیشان بدات.. دەیویست بزەیان بۆبکات.. یان باوەشیان پیدا بکات..
چونکە پیر سەری لێشێوابوو لە ترسی شەڕ! باوەشی بۆ سەربازەکانی شەڕدەکردەوە لەترسا! لە حەشمەتی کینەو ڕقی خامۆشیاندا!
بەڵام کەتەماشای خۆی کرد جلەکانی بەری سپی نییەو خەڵتانی خوێنە! فەرمووی: بمبوورن، وامزانی بەرگی بەرم سپی بوو بەر لەوەی تەسلیم بم.
سەربازەکان چەکەکانی خۆیان فڕێداو هەڵهاتن.. چونکە لە کەرامەتی پیرترسان، گەرچی هیچیشی لەدەست نەبوو. بەرگی بەریشی سپی بوو. نەمرد! چونکە ئەو مـرۆڤێکی نەمرە وەک فەرمووم.

لە تەوەرێکی تردا پیـرشالیار لەتەک بریندارێکی ئەمەریکییەوە لە خەستەخانەیەکدا دانیشتبوو.. لەتەک سەربازێکی ئەمریکایی، کە لەشەڕدا شێت بووبوو، ئەو چیرۆکەی بۆ پیـرشالیار دەگێرایەوە.. ئەویش بەزەیی بەودا دەهاتەوە.. سەربازەکەش ڕوخساری ئەوی یاد دەهاتەوە وپەرکەم دەیگرت، هاواری دەکرد وەرن ئەمەتا هەمان پیر لەتەکمایە، باوەڕم پێبکەن نەمکوشتووە، ئەمەتا!
بەڵام دێـوەکان کارەبایان دەدا لەسەری، ڕایاندەتەکاند، پیـرشالیاریش بەغەمگینی ئەوێی بەجێدەهێشت ، بەئومێدی بینین!

لێرەدا پەندێک وەربگرە، چەک بۆکەسانێک هەڵمەگرە کەدەیانەوێت فێری ڕقت بکەن، تەنها دژی ئەوانە ڕاوەستە کەدێنە سەرسامان وخاکت، کەدێن وبەزمانی خۆت نادوێن.. چۆن بەرگری لەحەق دەکەیت؟ تۆ کە بەزمانی میللەتێک نەدوێیت، ناتوانیت هەڵمەتی بکەیتە سەر.. سەرباز هێندە خاوەن شەرەفە لەسنوری وڵاتی دایکی خۆیدا شەهید بێت.. ئەگەر سوێندت خوارد بەشیری دایکت کە بەسۆزی گەل بۆ هەموان بۆڕاستی بۆ مـرۆڤایەتی دەکۆشیت، چەکەکەت دابنێ وبڕۆ.

تا دوانزە جار تا دوانزەجار بە دوژمنەکەت بڵێ : بادۆست بین.. با هاوڕێ بیین.. ئەگەر نەیکرد، مەبە هاوڕێی، بەڵکو یاریدەی بدە پەنای ڕاکردووانیـان بدە ئەگەر هاتن داوای یاریدەیان لێتانکرد.. ئەگەر پەنابەرەکان ووتیان دڵی وڵاتەکەم ڕەقە، ئەگەر وتیان ئازادی نییە، بچن ئازادییان فێربکەن، ئەگەر ناچارتان نەکەن، چەک نەبەن، ئەگەر چەکتان برد.. منداڵ و پیرو ئافرەتیان مەکوژن، دێـوەکانیـان دەستبەست بکەن، بیانخەنە قوتابیخانەو فێری ئازادیان بکەن.. چونکە دێـویش دەتوانێت فێر بێت.

**دڵنیابن هیچ پێـغەمـبەرێک ناڵێت شەڕ ڕەوایە، لێرە بەدواوە گشتمان دەتوانین ببین بە پەیامـبەری ئازادی وجوانی وباوەڕ.. هیچ یەکێ لە پێـغەمـبەران نەیانفەرمووە بکوژن، بەتاڵان بەرن، دەستکەوتی چەنگ حەڵالە. دەستکەوتی جەنگ ماڵی تۆ نییە، دزییەکی حەڵاڵی دزە دێـوپەرستەکانە!**

ئەوە تەحریف وتەوزیفی ئەهریـمەنە لەهەرکتێـبێکی ئاسمانیدا نوسراوە درۆی ئەهریـمەنەکانە، درۆی دێـوەکانی شەڕن. خوا خوێن ڕێژ نییەو لەپێناویدا سەرمەبڕن، خواکافر نییە ولەسەرکفر زمانی خەڵک مەبڕن، چونکە زمانتان بە بڕین دەچێتەوە.. ئەوەی زمانی یەکێک ببڕێت وەک ئەوە وایە زمانی خۆی ببڕێت. یان خواوەندی لە ناخی خۆیدا زمانبڕ کردبێت.

ئەوەی کەسێک دەکوژێت وەکو ئەوە وایە هەمووکەسێک بکوژێت.. لەگشت بەدترییەک بەدتر ئەوەیە مـرۆڤ لەپێناوی خوای خۆیدا بکوژێت. خواوەند حەزی لەخوێنی کەس نییە، ئەو ناخواو ناشخواتەوە. بەڵکو دەبینێت، دەبیستێت، دەهەستێت، تێدەفکرێت.. دەڕوات، دێت.

خواوەند دەتوانێت کەم بێت، زۆر بێت، تەنها بێت.. ببێت ونەبێت. ئـێوە هەقی خواتان چییە گەر باوەڕتان نییە، بۆ بێ ئابڕووی دەکەن؟ بۆچی خوا تەنها دەکەن و شەڕی فێر دەکەن؟

دژی خوا شەڕمەکەن چونکە خواوەند لەهەموو شەڕێک بێبەرییە. خواوەند تەنها خۆشەویستییە. گەر مـرۆڤ هەست بەخۆشەویستی بکات، چەک هەڵناگرێت، خواکـان وپێـغەمـبەرەکانی ناو دەروونی مـرۆڤەکان ناکوژن، چونکە لەنێوماندا هەن گیانی خواکـان بەخێو دەکەن، پەیامی ڕاستینەهەن لە وەچەی پێـغەمـبەرانن.. هەمووتان ئەم ڕاستییە دەزانن.

جا لەپێناوی خوادا بژین چاترە لەوەی بکوژن ودەستی خۆتان بەخوێنی نەناس سووربکەن . خوا لەواندا خۆی دەڕێسێت. مـرۆڤی خاوەن کەرامەت چەک هەڵناگرێت.. گەر ئەوەش بکات.. لەپێناوی خوادا نایکات، چونکە خواوەند لەهەموو شەڕەکان بێبەرییە. **مـرۆڤ نیشتیمانی نییە**.. بەڵام لەمسەرزەمینە، مـرۆڤ لەکوێ لەدایک بوو، ئەوێ نیشتیمانی ئەوە. کەس بۆی نییە بەناوی خواوە نیشتیمانێک داگیر بکات..

**چونکە خواوەند نیشتیمانی نییە**.. خواوەند باوەڕە. کەس نازانێت مـرۆڤ و باوەڕو خوا نیشتیمانیـیان کوێیە! بەڵام دڵنیابن.. دڵنیاتان دەکەم، کە ئەوان نیشتیمانیـیان لە باوەڕی مندا لەسەر خەندەکانی مـرۆڤن.. ئەوان لە باوەڕی یەکترییدا دەژیین. بتەکان و خواکـان، فریشـتەو پێـغەمـبەرەکان یەکتری ناکووژن.

پێـغەمـبەرەکان تەنها پەیامی باوەڕو ئاکاریان پێیە، کەسیان بەنیازی داگیرکردن ولەناوبردنی میللەتان نەهاتوون، کەچی ئـێوە هێشتا فێر نەبوون وەک ئەوان بن! عیساتان لە بیر نایەت، فیرعەونتان لەبیر دێت!

**پێـغەمـبەرەکان زۆرن، ئێمە گشتیان ناناسین، دوور نییە گشت مـرۆڤاتەتی پێکەوە پێـغەمـبەر نەبن ! ئەگەر مـرۆڤایەتی پێکەوە باوەڕ بە یەک پەیام و یەک پێغەمبەر بهێنن کارێکی چاک دەکەن، دەتوانن باوەڕ بە پەیامەکانی حەزرەتی نـوح بهێنن، چونکە ئەو وەچەی دووەمی ئادەم و حەوایە. پێـغەمـبەرەکان جوانن. چونکە لە مـرۆڤ دەچن. دەتوانن ناوی هەموو پێغەمبەرەکان بخەنە ناو هەگبەیەکەوەو لە هەر وڵاتێک قورئەی بۆ بکەن و یەکەم پێغەمبەر بکەنەوە بە ڕابەری خۆتان گەر باوەڕتان بە دیموکراسییەت و هەڵبژاردن هەیە.**

مێرولەکان فەرموویان: هەموو ئایینەکان باسی لافاوی نـوح-یان کردووە.. هەموو پێشتر باوەڕیان بە حەزرەتی نـوح هەبووە.

پێغەمبەرەکان نموونەی ڕەسەنی مرۆڤن؛ ئەوان لە پێناوی ڕاستییدا هێندەی مووسا پێداگری دەکەن.. بۆیە پێویستە لەسەرمان ئەوان بکەین بە نموونەو خۆمان بە پلە و توانای ئەوان هەڵسەنگێنین.. نەک لە ڕامبۆ و ئارنۆلدو شەڕخوازەکانەوە وانەی تۆڵەو ڕق و شەر فێر بین!.

## تابلۆی ماسیگر

کە کات وەستا، کەکات مانی لەگەڕانی خۆیگرت، لەوساتەدا لەگۆشەیەکی ئەم جیـهانە تەسکەدا ئولە نوورمان لەسەر خوان دانیشتبوو، وەک ماسیگرێک بە ورگێکی شۆڕو جوتێک سمێڵی فشەوە، باسی چیرۆکی ئەو ماسییە زێڕینەی بۆ هاوڕێکانی خۆی دەکرد کە خواردبوویان!

دەیگووت: ماسییە زێڕینەکان لەڕاستیدا لە دە تا پەنجا سانتیم زیاتر گەورە نابن، بەتایبەتی ماسیی زێڕینی ئەکواریۆم کە بۆ جوانیین، تەنها دە تا دوانزە سانتیم گەورە دەبن. بەڵام ئایا دەزانن‌من چۆن توانیم ئەم ماسییە زێڕینەیە وەک خۆم قەڵەوو زل بکەم؟ میوانەکانی سەرسفرە بە سەرسوڕمانەوە ووتیان: چۆن؟

ووتی: بێگومان بەزۆر خۆری!

دانیشتوان ووتیان: باشە وەک ئێمە بزانین، ماسیی ئەکواریۆمی جوانی بەزۆرخۆری دەمرێت!

ووتی: ڕاست دەکەن، بەڵام ماسییەکەی من ـ منی زۆرخۆشدەویست، ئەگەر بهاتایەو ڕۆژێک منی نەدیتبایە، برسیی دەبوو، بیری دەکردم لەترسا دەیخوارد وتێر نە دەبوو، چونکە ماسییەکە تەنها بوو! دابڕابوو لە ماسییەکانی تر!

تەنهایی برسێتی دووچاری گیانداران دەکات، بێهەستیان دەکات، قەبارەی خۆیان وون دەکەن. بۆیە ماسییەکەم لەترسا برسیی دەبوو، چونکە ماسی زۆر لە تەنهایی دەترسێت، زۆر لەوە دەترسا من تەنها

بەجێی بهێڵم وبێخۆراکی بکەم.. بۆیە لەترسا هەرچییەکم پێدەدا دەیخوارد، منیش خۆمم نیشان نەدەدا، گڵۆپەکانیشم دا نەدەگیرساند تا هەست بکات من لەماڵ نیم..، بۆیە لەترسا هەمووشتێکی دەخوارد!

یەکێک لەمیوانەکان ووتی: کەواتە تۆ ماسییەکەت بێبەش کردووە لە خۆشەویستی، بۆیە وا ورگ زل بوو.. هەروەها تۆ بەگۆشتی لەشی هاوڕێکەت خزمەتی ورگی ئێمەت کرد.. وانابێت!

ماسیگرە سمێڵفشە ورگ زلەکە قاقا پێکەنی.. ووتی ئاوا دەبێت هونەری ماسی بەخێو کردن.

کاتێک کەمیوانەکان ڕۆیشتن، ماسیگرەکە تەمبەڵانە خەوی لێکەوت، فریای دەم ودان شۆرینیش نەکەوت.. بۆنی دوکەڵی ماسیی لێدەهات.. لەخەونیدا بوبوو بە ماسی.

لەناو ئەکواریومێکدا دیل وبرسی و ترساو بوو، بە خۆی دەگوت چیبکەم چی بخۆم؟ ئاخۆ کەسێک منی لەبیرە؟ تۆ بڵێی لەبرسا نەمرم؟ لەپڕ شتێک بەرسەری دەکەوت، ئەگەرچی خواردن بوو، بە پەلە بەشی دە ژەمی دەخوارد، چونکە خاوەنەکەی خۆی نەدەبینی، نەیدەزانی لەچی تاریکاییەکدا سزای چی تاوانێک دەدرێت! کەسی نەدەدی وکەس لەوێ نەبوو، چونکە ناوماڵ چۆڵ وبێڕووناکی بوو.. ماسیگرەکە دەترسا لە دیار نەمانی باوکی، بە شێوەی ماسییە زێڕینەکە دەیخوارد ودەیخوارد، تێر نەدەبوو، تا فیڕاندی بەخۆیدا.

کاتێک بێداربووەوە ماسیگرەکە، بێشەرمانە هەستا. کەمێک بەخۆی پێکەنی وبە ژنەکەی ووت: ئای خۆ ئەوە گووم کردووە بەخۆمدا!

ژنەکەیشی بەتەوسەوە پێی گووت: مـرۆڤ نابێت لەخۆشەویستەکانی دابڕێت، ئەگەر داشبڕا، نابێت گۆشتی گیانلەبەرێکی ترساو بخوات. ئەگەر مـرۆڤ ناچار بوو گیاندارێک بخوات، ئەوگیاندارە بەو حەڵالە کە سێجار دێتە خەوننی وسێجار تکات لێدەکات لەگۆشتی بخۆیت.. ئەوسا گووناکەیت بەخۆتدا.

پیـرشالیار ئەم چیرۆکەی لە دەفتەری چیرۆکخواندا دەخوێندەوە، کاتێک کە دەچووە خەونی وفێری بینینی دەکرد، فێری نووسینەوەی چیرۆکی بەسەرهاتەکانی کات وەستان.

مێرولەکان فەرموویان: قەڵەو بوون نەخۆشییەکە کە هەستکردن بەتەنیایی ورگ ولەشی مرۆڤ قەڵەو دەکات.. مـرۆڤ ئەگەر نەترسێت، زۆر ناخوات.. مـرۆڤ لە هەر شتێکدا زیادە ڕۆیی بکات، لە وەزنی زیاد دەکات.. دەشێت بە پێچەوانەشەوە بێت دووچاری برسێتیی خۆراکی بکاو لە برساندا بمرێت!

# تابلۆی خواکان

لەخوامەترسنگەرباوەڕتان بەخواکـان هەیە مەیانپەرستن، تەنهایان مەکەن ئەگەر زۆرن ئەگەر تاکن.. جنێو بەخواکـانتان مەدەن.. بوختانیـان بەدەمەوە مەکەن، خوای خۆتان بەسەر خوای کەسێکی تردا فەرزمەکەن، چونکە خواوەند خۆی بەسەر هیچ میللەتێکدا فەرز نەکردووە. هەن مانگا دەپەرستن هەن بت پەرستن. سووکایەتی بە پەرستنی ئەوانی تر مەکەن. جا من فێر مەکە بۆچی ڕەخنە لە سەگپەرستی دەگرم! دەزانن بۆ؟ نەخێر. بەڵام لای من سەگ ئازادییەکانی خۆی لەدەست دەدات کاتێک کە تەوقی ئێوەی دەکرێتە گەردن. گەر حەز دەکەن سەگ ڕابگرن.. هەوڵ بدەن ئەو سەگانە ڕابگرن کە لێتان دوور ناکەونەوە و لە باخچەی ماڵەکانتانا دەژین و کولانەی خۆیان هەیە. ئەوەش بزانن ئەوانەی وا لەگەڵ سەگدا دەژین و نان و ئاو دەخۆن و لەگەڵیدا دەنوون ـ نەخۆشن بە نەخۆشییەکی موزمین. چونکە مرۆڤ و سەگ لە دوو توخم و ڕەگەزی جیاوازن.

**ئەگەر میللەتان خواناس بوونایە.. پێویستمان بە کەنیسەو مزگەوت و پەرستگاکان نەدەبوو! من دەزانم ئـێوە جۆرە خوایەک دەپەرستن کە خۆتان دروستتان کردووە.. خواکـانی ئـێوە بتن، جا ئەگەر مووسوڵمانن یان مەسیحی یان بوودایی.**

**بەڵام خواکـانی خۆتان بۆ خۆتان، من وەک بت پەرست ڕێزتان لێ دەگرم. ئەگەر نازانن وا من پێتانی دەفەرمووم کە پێغەمبەرەکان هێندەی ئەژماردی گەلان و زۆرو زیاترن.. باوەڕ بە پەیامەکانی ئەوان بکەن، کاتێک ئەوان دەکەن بە دەمڕاستی خۆتان و پرس بە خواکانتان مەکەن. چونکە خواکان لەگەڵ میللەتێکدا هەڵناکەن کە باس لە شەڕ و باس لە داگیرکردن و خوێنڕشتن دەکەن! ئەمە ڕاستییەکە ئێوە تێیناگەن.**
لەپێناوی خوادا خوێن مەڕێژن.

**جارێکیان کە ئازاد کرام و وێرام سەفەرێک بۆ کوردوستان بکەم.. لەسەفەرێکدا بۆ ڕۆژهەڵات؛ بووم بە هاوڕێی چەند مەڕێک، مەڕێکم کڕی بۆقوربانی جەژنی قووربان، بۆ حەزرەتی ئیبراهیم تا خوا لە حەماقەتی خۆش بێت.. مەڕەکە فەرمووی: ئـێوە ناهەقی دەکەن دژی خوا.. خواوەند قوربانی ئـێوەی ناوێت، منی خستۆتە بەردەستتان تا وانەیەک فێربن. ئێوە هێشتا تێناگەن کە سەربڕین مەزنترین تاوانە بەرامبەر بە**

**بوونەوەر و خواو خواکان و بتەکان. ئێوە لە گێلیتان داوە و کەرو کەرو نەزان و کوێر و خوێنرێژن. ئێوە دێون. ئەگەر تێناگەن کە خوا پێویستی بە قوربانییەکانی ئێوە نییە.**

زۆر بەزەییم بە مەرەکەدا دەهاتەوە.. لە تاواندا بە برا گەورەکەمم فەرموو: **توو بی و خودا.. ئەو مەرە ببەخشن بە ژیان تا بە کۆڵانەکانی گەرەکدا کەمێک ڕمبازێن بکات و یاریی شەرەشۆق لەگەڵ منداڵەکانی شاردا بکات. ئەوسا تێدەگەن کە یەکەمین نیشانەی ئاشتی گەیشتووە بە زەمین و مرۆڤایەتی!**

**برا گەورەکەم کە خواناس بوو. تەماشایەکی کردم و دای لە قاقایەکی پڕ لە بەزەیی.. منیش قڕو قەپ و سەرسوڕماو تەماشای قەسابێکم دەکرد کە دەتووت وورچی ئەفسانەکانە. کاتێک کە بەرخەکەی سەر بڕی! تەماشامان کرد دوو گیان بوو و کۆرپە بە مردوویی و تۆقاوی گیانی لەدەست دابوو! جا داستانی گیانی کۆرپەتان بۆ ناگێڕمەوە. تا خۆتان کەمێک بیر لەوە دەکەنەوە! بەڵام گیانی کۆرپەو دایک لەو کاتەوە میوانێکی گیانیی ئازیزی منن.**

مەرەکە کە زانیی لە تەماشاکانی دەگەم، لە لەشی خۆی بوورا کە لە ژێر ڕەحمەتی چەقۆدا بوو! بە فیزوو گلەیی ئیمامێکی خوا پەرستەوە ـ بە تەماشا فەرمووی: فێربن کەخواوەندەکان هێندەزۆرن ئـێوە پێڕاناگەن قوربانی بۆ هەموویان سەربڕن.. خواکـان تێرن، جوانن، دڵفراوانن، ناخۆن، نانوون، بەڵام سروشتی مـرۆڤیان لەلا سەیرە.. لەچیرۆکی دێـوپەرستیی مـرۆڤ تێناگەن، لەخۆپەرستی و لە گەندەڵی وهەلپەرستی وخوێنرێژیتان تێناگەن.. چونکە خواکـان بە زۆرسروشت لە ئـێوە نین.. ئەوان ئـێوەیان وەها ناوێت.. دەیانەوێت مـرۆڤ بەرێزەوە سەیری هەیبەتی خۆی بکات، سەیری کەرامەتی گیانداربکات، چونکە گیاندار لەپێناوی ژیاندا دەژی و مافی ژیانی ئازادیان هەیە. فەرق چییە لە نێوان مەڕ سەربڕین و مـرۆڤ سەر بڕیندا! مەڕ لە داخی کردەوەکانـتان ناوێرن تکاو داوای بەخشندەییتان لێ بکەن. ئـێوە سروشت ناجۆر بەکار دەبەن. گیانداران نووتقیان لەخۆیان بڕیوەو قسە لەگەڵ مرۆڤەکاندا ناکەن.

بەڵێ..ئەوانیش باوەڕیان هەیە، خواوەندی خۆیان هەیە، ئەوانیش هەست وزمان ودەست وپێو بیرو باوەڕیان هەیە.. دڵیان هەیە، دەترسن، دەبینن، دەبیستن، بەهرەیان هەیە، بەهرەی پەیوەندی کردن بە مـرۆڤەوە... بۆ تێگەیشتن لە غەیب.

دەتوانن، ببن بەمن، بە تۆ.. دەتوانن بخۆن بنون، بکوژن، بخنکێنن.. دەتوانن وەکو تۆ لاواز ووەکو تۆ بەهێزیش بن.. ئەی ئەوان چۆن قوربانییەکانیـیان بۆ خواکـانیـیان سەردەبڕن؟

مەڕەکە پێی فەرمووم، ئێمە قوربانی بۆخواوەند نادەین.. بەڵکو ڕێز لەخواکـانمان دەگرین، چونکە خواکـانی ئێمە دڕندە وگۆشتخۆرنیین، دێـو نیین. خواکـان پەیوەندییان بەسروشتی ئێمەوە نییە، چونکە ئەوان ئێمە وئـێوەیان لەپێناوی ئازادیدا داهێناوە.. بگرە ئـێوە خۆتان خواکـانتان داهێناوە! ئـێوە هێشتا تەنها خواوەندێکتان نەدیوە و نەناسیوە.

مەڕەکان ووتیان: ئەوەی سەری ئێمە دەبڕێت.. سەری بەبڕێن دەچێت.. خواکـان کرداری بەدیان خۆش ناوێت.. بەڵام کردارەکانتان دووپات دەبنەوە، دووپات دەبنەوە.. وەکو ئاوی ئەو ڕووبارەی کە دەتوانن دووجار لێی بخۆنەوە.

مەڕێک لەمەڕەکان فەرمووی:( کێ دەڵێت خواوەند یەکتایە؟ کێ دەڵێت خواوەند یەکەو نابێت بەدوو؟ کێ دەڵێت کوفرە شەریک بۆ خوا دروست کردن؟ هیچ ئایینێک واناڵێت..بەڵکو ئایین هەیە هەر هیچ باوەڕی بەخواوەند نییە وباسی خواش ناکەن. مەرج نییە تەنها خوا بکەین بە مەرجی حەق و ڕاستی ودادپەروەری.. بە مـرۆڤ بوون پیـرۆز ترین ئەرکی بوونەوەرە.. خواکـان لە ڕاستییدا لە خەندەو تەماشاکان دروست دەبن. فێر بن.

گوێ لەمن بگرن..من ئەو خواوەندە ناناسم کە ئـێوە باسی دەکەن، بەڵام من دەزانم کە ئـێوەی مـرۆڤ باوەڕتان بە بت وبەزۆریی خواوەندیش هەیە.. لەوکاتەوەی سەرتان لە دەریا دەرهێناوە.. لەوکاتەوەی وازتان لەگەشتەکانی ئاسمانەکان هێناوە، هەر خەریکی پەرستنی بتەکان، خواکـان بوون.
زۆربەی پێـغەمـبەرەکانتان بت پەرست بوون، هیچ کۆمیدیایەک هێـندەی کۆمێدیای پەرستاریی حەزرەتی ئیبراهیم خۆش نییە.. کۆمێدیای گەڕان بەدوای دۆزینەوەی خوادا !
ئەو لەگەڵ بەردو دارو خۆرو مانگ وئەستێرەکاندا دەدواو دەیویست هەمووشتێک بکات بەخوا!چونکە وازی لەپەرستنی بتەکان هێنابوو!
بتەکان وازیان لەگومانەکانی ئەو هێنابوو.. بتەکان زویر بوبوون لەو! لە ڕاستیدا ئەو بتەی کەحەزرەتی ئیبراهیم بەدەستی خۆی شکاندی..خوای بتەکان وخێوی هەموو بتەکانی تربوو! کاتێک بەدەستی ئیبراهیم شکا، دەنگێک لەگەرووی بتەکەوە بیسترا.. بەئیبراهیمی فەرموو: من نەبووم بەڵکو تۆ بوویت منت شکاند.. بڕۆ لەپاداشتی ئەوەدا خوایەکی تر بۆخۆت بدۆزەرەوە، تاجێگەی منت بۆ پڕ بکاتەوە.
حەزرەتی ئیبراهیم ترسا، هەستی کرد تاک وتەنهاو ڕووت و قووتە، هەستیکرد زەمین دەیگرێت وئاسمان قووتی دەدات.. لە هەموو شتێک دەترسا.. بەتایبەتی لەئاسمان! چونکە دەنگی خێوی بتەکان گاڵتە نەبوو! دەنگی پڕ بوو لەبەزەیی..ناچار وای لێهات پەنای بردە بەر ئاسمان وگیانەکان.. پەنای بردە بەر فریشـتەکان، بەر هێزە نادیارەکان..پەنای بردە بەر ئاهوڕامازدا لە هەمیشەییدا..
بەڵام هەمیشە هەستی بە تاوان وگوناح دەکرد دەرهەق خێوی بتەکان، دەرهەق شکاندنی ئەو چونکە لەدواییدا هەر هەمان خێو بوو کە ئیبراهیمی لە سووتان پاراست، کاتێک کە دێـو پەرستەکان ئەویان خستە ناو ئاگرەوە، تا لەتۆڵەی خواکەیاندا بیسوتێنن! بە شکاوی ئەوی پاراست لەناوگڕی ئاگری قورەتدا.
بەڵام حەزرەتی ئیبراهیم خۆی بەر لەدێـوپەرستەکان سەری سووڕما لەوەی کە نەسووتا! هیچی لێنەهات.. چونکە بەبت، بەسەروەری بتەکان، بەبتە شکاوەکە چواردەوری گیرابوو لەئاگرداو ئەوی دەپاراست..چونکە بتەکان دەیانزانی کە ئیبراهیم لەسەر حەقە.. بەڵام تاوانباریشە بەوەی هەڵیکوتایە سەر پەرستگاکان!
نهێنییەک هەیە کە کەس نایزانێت، ئەویش نهێنیی نوێژەکانی حەزرەتی ئیبراهیم ــە. ئەو کە ڕووی دەکردە ئاسمان و لەسەر ئەژنۆ سەری دادەنەواند بەسەر سنگی خۆیدا، دەیفەرموو: خوای گەورە کردگاری مەزن.. بۆچی تەنهایت؟ چۆن دەبێ کەرامەتی بەڕێزتان تەنها بێت !.. من ناتوانم تەنهاو تەنها باوەڕ بە یەکتاییت بکەم.. چونکە من بەڕێزتان لە هەموو چاوتروکانێکدا دەبینم لە هەر شتێکدا! من تەنها تۆ دەژمێرم و تەواو نابییت.. چۆن باوەڕ بکەم تەنهایت؟!.. من لە هەر شتێکدا بتێکی گیانیی تۆ دەبینم! بمبوورە لە ڕاستگۆییم خوای مەزن. من نازانم تۆ بۆ تەنهایت!؟

ئەم نموونەیەتان بۆیە یاد دەهێنمەوە، چونکە نیازمەندم بڵێم: مـرۆڤ لەسەرەتای دروستبوونیەوە، بت پەرست بووە.. بت بەشێکی مەزن بووە لە ژیانیدا.. تەنانەت لە جێناتەکانی لەشیا نابێت شوێنەواری بت نەبێت. بتەکان خواوەند بوون ڕۆژێک لەڕۆژان!
خواوەندەکانیش وەهان..ئەوانیش وەک ئێمەو ئـێوە زۆردەبن، دەلەوەڕن وگیای گیانی دەخۆن! خواوەندی مەڕو بزن وگورگ وسەگیش هەیە.. بەرازەکانیش خوایان هەیە! چونکە ئەوانیش کەرامەتیان هەیە..
هەر گیاندارێک خاوەنی خوایەکی تایبەت بەخۆیەتی، بەتایبەتی مـرۆڤ، هەریەکەیان خوایەکی هەیە کە بەهیچ جۆرێک لەخواوەندی ئەوی تر ناچێت. ئەگەر کۆی مـرۆڤایەتی خاوەنی یەکخواوەند بوونایە، ئەوا هەموو وەکوو مەڕەکان لەیەک دەچوون ( گەرچی ئەوانیش جیاوازن لە ڕوانگەی شوانەکاندا و لەیەکتری

ناچن!).. دەگمەن شازتان تیادا درووست دەبوو! ئەوکاتە مـرۆڤایەتی یەک دڵ و یەک بیرو یەک گیانیان دەبوو، یەک جیـهان، یەک زمان، یەک مەبەستیان دەبوو.. هەر وەکوو مەڕەکان دەبوون..سنووریشتان پێویست نەدەبوو!

بۆیە من دەزانم کە هەر یەکە لە مـرۆڤ خواوەندێکی خۆی هەیە.. ئەگەر هەموومان پێکەوە بەبێ جیاوازی خاوەنی یەک خواوەند بووینایە، ئێستا ئاژەڵ تر دەبووین لەوەی دڕندەترین ئاژەڵ بین! بەڵام خواکەی من هیچ سروشتێکی لەخواکـانی ئـێوەی مـرۆڤ ناچێت..خواوەندی من بتە ولە مەڕیش دەچێت! بتێکی تایبەت کە لە مرۆڤ دەچێت. پاک و بێگەرد.

بۆیە من بەکافرتان نازانم ئەگەر بێت وبتیش بپەرستن.. بەڵام دەبێت فێر بن، کە زۆربوونی خواکـانیش مافی ڕەوای خوودی خوایە.. خواوەند دەتوانێت لە کەفلەکوونێکدا هێـندەی ژمارەی لمەکان، زیخەکان زۆر بێت.. دەتوانێت هەمان شێوە کە هەیە نەشبێت.. دەتوانێت نەبێت، هەبێت.

من هەست بەبوونی خواوەندێک دەکەم کە کووت و مت لە لەقلەق، زیاتر لە جاڵـجاڵـۆکەیەک دەچێت هونەرمەند.. کە دەتوانێت نەخشی هەموو بوونەوەر کارامانە بچنێت. کاتێک بیر لە خواوەند دەکەمەوە؛ دەبینم، هەست دەکەم جاڵجاڵۆکەیەک بوونەوەر بە تیشک دەچنێت، هەمان کات حاجی لەقلەقێک دەبینم لە تیشکێکی مەزندا تەوژم دەدات و بوونەوەرەکان تەی دەکات! بۆ؟ نازانم! بەڵام زانستی خامۆش هێندەی بە زانستی من بەخشیوە؛ ناڵێم من دەزانم، بەڵام هێندە دەزانم کە مرۆڤێکم هەستم مەتین و پاک و بێخەوشە.

لە ڕاستییدا بەویستی ووزەی تیشکی جاڵـجاڵـۆکە گەردوونەکان دەچنرێن و تەون دەکرێن.. ئەو بە تەنها خەریکی چنینی یان تەونی بوونەوەرە.. ئەو لەسەر باڵی لەقلەقێک دەفڕێت! بە تەنافێک بوونەوەر دەچنێت، تەنافێکی پێرفێکت..کەهیچ هێزێک، هیچ بایەک ناتوانێت هەڵیبووەشێنێت.

چونکە لە دەروونـدا ئەوکارە دەکات..دێت لەسەر باڵەکانی لەقلەقێک.. دەگەڕێت.. بوونەوەر بە تووڵەڕێگەیەکی ڕۆشندا لەتەنافەکانی دروست بووەو دەبێت. هەموو شتەکانیش پێکەوە تەواوکەرو داوو دەزوون!

ڕۆژێک دێت مـرۆڤێک دێت کە سێبەرەکەی لەسێبەری جاڵـجاڵـۆکەی سپی و لەقلەقی سپی دەچێت.. درەختێک لەسەر سەری ئەو مـرۆڤە ڕەسەنەدا تەون دەبێت.. پەیامەکان دەبن بەگەڵای دڵداروو ڕۆشن.. گەڵاکان وەک ئومێد بە درەختی زەمانەوە شنەیان دێت.. ئەو هاتووە، چونکە دێت...

مـرۆڤێک دێت بەرلەپەیامی خواکـان مـرۆڤایەتی بە ئومێدێکی پیـرۆز سەیر دەکات.. بەجیـهاندا پەخش دەبێت.. باوەڕی بەکەماڵی هونەرو جوانی دەبێت..لێبووردن وبەخشندەیی دەکات بە ئاڵا.. بەر لەخواکـان مـرۆڤ دەناسێت، دەزانـێـت کە بەر لەهەزاران هەزار ساڵ مـرۆڤ بتەکانی دەپەرست، سروشت وئاوو ئاگرو باکان وئەستێرەو مانگ وڕۆژی دەپەرست.. تا ئێستا خوایەک دانەبەزیوە بڵێت: ئەرێ مـرۆڤ ئـێوە چی دەپەرستن وخەریکی چین؟ چونکە خواکـان پێویستیان بەپەرستن وپەرستاریی ئـێوە نییە. خواکـان لە ئێمە نین.. بەڵکو دروستکراوی خەیاڵەکانی ئێمەن. مـرۆڤ هەرگیز بەبێ خواوەند نەژیاوە.. بەبێ ئەویش مەحاڵە بژی. بۆیە دڵنیام لەوەی کەدان بە ووتەکانمدا دەنێیت.. دەزانیت کە کوفر نییە خواکـان زۆربن، یەک بن یان دوو!

چونکە زۆر بوونی ئەوان زۆر بوونی خۆشەویستییە.. زۆر بوونی خواکـان زۆربوونی هەستی جوانییە، زۆربوونی عیشقە. من دەزانم ئەگەر خواکـان بتوانن بین بە گۆرانی، بە سەماو ئاوازی گیانی و بە مۆسیقا.. ئەوسا پەرستاریان زۆرتر دەبێت. جا ئەگەر بێت و کەمانچە ژەنێک کەمانچەکەی خۆی

نەپەرستێت! ئەوا خواوەندو خواکانیش بە ژەنیینی ئەو پەست و بێزارو ماندوو و وەڕز دەبن بەو مۆسیقایەی دەیبیستن! چونکە ئەوان لە مۆسیقا دروست دەبن. وەک چۆن لە خەندەکان و لە هەستەکان و لە بیر دروست دەبن.

من زۆر حەز دەکەم خواکـان زۆر بن.. بانگیان بکەم بۆ لای خۆم وداوەتیان بکەم بۆسەر زەوی..

حەزدەکەم دابەزن ولەگەڵمدا بژین.. سەیریان بکەم ولێیانەوە فێربم.. لێمەوە فێری خۆشەویستی بن!

حەزدەکەم خواوەندەکان بوێرن سەیری مەزنی وشکۆی ئێمە بکەن، تێکەڵمان بن.. چونکە دەشێت شتێکی تر لەیەکتری فێر بین.

من خواوەند ئاهورامازدا-م خۆش دەوێت و ناشیناسم. چونکە گیانی میللیم فێری کردووم ڕەسەنایەتیی خۆمم خۆش بووێت. چونکە نـوح فێری کردووم کە ڕێز لە ئایینی باوو باپیرانم بگرم. هەروەها ڕێز لە بت و لەخوای ئەوانی تریش بگرم.

دەزانم ئەویش منی خۆش دەوێت.. چونکە ئەو گومانی لەمن نییە، پێکەوە یەک باوەڕمان هەیە.. ئەوەی ببێت بەخواوەند بۆ خۆی، لەخۆی تێناگات ! باوەڕ هێنان بە خواوەند باوەڕ هێنانە بەوی تر و بەوانی تر.

ئەوەی لەخۆی تێناگات کافرە، نەزانە، بێئاگایە لەژیان! هەن لەناوماندا برسییانە لەگەڕان بەدوای خوادا! لەهەر کە لەبەرێکی بووندا بەدوای ڕووخساری خوادا دەگەڕێن، هەست بە زوویری وئازار دەکەن کاتێک خواکەیان لەگەڵیان نادوێت! هەن زۆر تامەزرۆی بینینی خوا دەکەن.

مـرۆڤێک دێت پێتان دەفەرمووێت: کاتێک کە بیری خوادەکەن، خۆتان پاک بشۆن.. بیرەکانتان لەگەردوو تۆزی ڕق و کینە وخوودپەرستی وگەل پەرستی پاک بکەنەوە.. لە ئاوێنەیەکدا تەماشای خۆتان بکەن.. تا دەمەو بەیان دانیشەو سەیری کەرامەتی خۆت بکە..یان تەماشای هاوسەرەکەت.. یان منداڵەکەت..ئەوسا دەبینیت چۆن کەرامەتی مەزنی خوا دێت بە میوانیت.. دێتە خزمەتت.. مشتێک بەهرەی بینین دەکاتە کۆشت ، لەگەڵتا دەدوێت، ڕاپرسیت دەکات، تەماشات دەکات.

خواوەندی من منی خۆش دەوێت، پەشیمان نییە لە کردەوەکانم. ئەو دەمبینێت، منیش هەمان ئەو دەبینم..دێت پێتان دەڵێت، ئەوەی بیەوێت دەتوانێت خواوەند لەخۆیدا بـبـینێت، بەڵام دەبێت مـرۆڤێک بێت لەخۆ بردوو وڕەسەن وجوانناس بێت.

چونکە گەیشتن بە قووتبی جوانی مـرۆڤ دەگەیەنێت بە هەستی بوونەوەر، بە کەماڵی خێر.. بە پەڕیینەوە لە جەهەننەمی ئەوانی تر. چونکە مـرۆڤ زۆری دەوێت تا لە پەرستاریی خواکـانی ئەوانی تر نەجاتی بێت. تا بە خواوەندی خۆی دەگات. تا فێر دەبێت.. تا دەبینێت.

مێرولەیەکی پیرو ڕیش سپی، بەر لە گیاندان، بەر لەوەی بمرێت، فەرمووی: باوەڕ نەک خواو خواکـان، بەڵکو بوونەوەریشی تەون کردووە. تەنها مـرۆڤ و جاڵـجاڵـۆکەی ووزەی تیشک لێپرسراون بەرامبەر بە بەردەوامیی بوونەوەر. بوونەوەرەکان ئاتاجی کاری جوانی و داهێنانن.

مێروولەیەکی تر کە لە نوێژەکانی بووەوە فەرمووی: مرۆڤ هێشتا فێری پەرستنیش نەبووە.. دەچن لە جەژنی قورباندا بەرخ یان مەڕ سەر دەبڕن یان مانگا و جوانە گا! کەچی لە قورئاندا دەڵێ گەر ئەوەشتان کرد بەرانێک واتە ـ کەبش ـ ێک بکەن بە قوربانی گوناحەکانی ئیبراهیم و فەرزیش نەکراوە لەسەرتان. جا کاتێک کە تووشی سزای سروشت دەبن.. هەست مەکەن کە گوناحن و گوناحتان نەکردووە؟!

# تابلۆی جنۆکە

جارێکیان چووم بەمیوانی ماڵی مـرۆڤێکی نەخۆش.. کەچەندان جار تکای لێکردبووم بچم بەمیوانیی، هەمووجارێک دەیگووت: ئەگەر تۆ بێیت بەمیوانیم، من دەردەکانم دەپەڕێن، من لەنەخۆشییەکانم ڕزگارم دەبێت. منیش زۆر مەبەستم بوو دڵی ئەوڕابگرم، چونکە ئەو خواناس ودڵ گەورە بوو.. کە چوومە میوانداریێتی، زۆری لێکردم کە شەو لەلای بمێنمەوە، چونکە شوێنی ترم نەبوو، من وەهامکرد بەویستی ئەو شەو مامەوە..

شەوێ بۆ نووستن لەژورێکی تەنهادا بەجێی هێشتم.. کاتێک کەسەرم نایە سەرسەرین بۆ ئەوەی بنووم..لەتاریکیی ژوورەکەدا بەشەق تێم بەربوون!

لەژورێکی چۆڵدا کۆمەڵێک جندۆکەی قەلەموون شێوەی بێپەڕو باڵم بینی زۆرناشیرین بوون.. زۆرترسناک بوون، هێشتا چاوم لێک نەنابوو، هاتن کەوتنە وێزەم، ووتیان: تۆبۆت نییە ئەو منداڵە چاک بکەیتەوە،

چونکه ئەو لە وەچەی مـرۆڤ نییە، ئەو موڵکی ئێمەیەو بەری ئێمەیە لەناوتاندا، تەنها ئێمە دەتوانین بیبەینەوە، ئێمە نەخۆشمان خستووە تا بۆ جیـهانی خۆمانی بەرینەوە.

من بەوانم ووت: من ڕێگەتان نادەم، چونکە ئەو هانای هێناوەتە بەر من، ئەگەر لەئـێوە بێت، پەنا دەهێنێتە بەر ئـێوە!

ووتیان دەست بۆکاری ئێمە مەبە، تۆناتوانیت ڕزگاری بکەیت! من یەکێکیانم گرتبوو، دوانی تر لەوان بردیانم بۆ ژوورەکەی تر کە تیایدا هەمان ڕۆژ( لەڕاستییدا) پێشوازیم لێکرابوو ، کە نانم تیایدا خواردبوو.. کەپشووم تیایدا دابوو!

لە گۆشەیەکی ئەوماڵەدا، لەوێدا کە لەڕاستیدا تەلەفیزۆنێک هەبوو، هەرەمێکیان نیشان دام؛ کە بە نووری پرتەقاڵی ناوی خوای ئەوانی لەسەر بوو.. پێیان ووتم ئەوە تابووتی ئەوە، ئەوە مەملەکەتی ئەوە، ئەولەئـێوە نییە، ئەو مـرۆڤ نییە، بۆیە نەخۆشە، چونکە دەبێت بگەڕێتەوە بۆ دۆخی ڕاستەقینەو ڕەسەنی خۆی.

ئەوان سیان بوون ژمارەیان، یەکیان لە چنگی من دەرباز نەدەبوو.. من لە جنۆکەیەکیانم پرسی: ئایا هەیە لەنێومـرۆڤەکاندا لە قەومیێکی نا مـرۆڤ بێت؟ فەرموویان بەڵێ.. هەن و نموونەیان زۆرن.. لەناوتاندا هەن ناژین، کەدێن دەمرن، هەن دێن ودەیانەوێت لەناومـرۆڤدا بژین، دژی سروشتی خۆیان دەجەنگن، نەخۆش دەکەون، هار دەبن، دەمرن، هەیانە خۆیان دەکوژن، چونکە بەرگەی بە مـرۆڤ بوون ناگرن.. تیایاندا هەن زۆر لەمـرۆڤ دەترسن.. سڵ لەخۆیان دەکەنەوە، ئەوانە کەترسنۆکن، لە مەرتەبەی مـرۆڤ نین.. چونکە مـرۆڤ کە لەخۆی نەترسا لەهیچ هێزێک ناترسێت.

زۆری تریان فێرکردم بەر لەوەی باوەڕ بەوان بهێنم.. من هێشتا نەنووستبووم، کە چاوم دەنوقاند ڕایان دەتەکاندم، بەرشەقیان دەدام، نەیاندەهێشت بنووم.. لەشم گەرم دادەهات.. هەستم مۆلەق دەبوو.. ویستم هەستم!.. هەستام وچراکەم پێکرد، پاشان ئەویەکەیان کە ملی لەدەستی من بوووهێشتا بەرم نەدابوو! بردم بۆ هەمان ژوور کەمیوانداریێتیم لێکرا لەهەمان ماڵدا! تا نیشانی خاوەن ماڵەکەی بدەم و بەو ڕابگەیەنم کە منداڵەکەی موڵکی جیهانێکی ترەو ئەمەش نموونەی ئەو هۆزەی جندۆکەیە! بەڵام کە وەژوور کەووتم؛ سەیرمکرد هیچیەکێک لەخاوەن ماڵ زینـدوو نوستوو نیین، بەڵکو نە ساحێب ماڵ و نە ژن و منداڵ کەسیان لەماڵ نیین!

جنۆکەکە ملی خۆی لەچنگم دەربازکردو قیژاندی بەسەرمدا و ووتی: لەهەر جێگەیەکدا ترس هەبوو ژیان نییە.. کواخاوەن ماڵ، کوا ئەوانەی کە ئەمڕۆکە میوانیـان بوویت؟ کوان ئەوانەی جێگەیان بۆڕاخستیت و شەوشادیان لێتکرد؟ تۆنازانی کە کەسانێک هەن کە لە ترسا دەنوون، ماڵەکانی خۆیان بەجێدەهێڵن.. لەغەیبا دەنوون.. متمانەیان بەمـرۆڤ نییە.. کوان؟ بانگیان بکە، بزانین کێ ڕاستی بێژە!

من لەو ژوورە چۆڵەدا هاوارم لەخاوەن ماڵ کرد، چەند جارێک هاوارم کرد، بەڵام کەس وەڵامی نەدامەوە.. جگە لەمن کەسێکی ترلەماڵەکەدا نەبوو، ئەو منداڵە نەبێت کەگوایا هی ئەوان بوو، لەناویاندا ئازادو بێترس بوو! چونکە ئەو یەکێک بوو لە سیان.. **ئەو منداڵە هەمان جندۆکە بوو کە ملی لەدەستی من بوو،** دەیقیژاند: بەرم بدە.

منیش ملیم بەرداو لەچاو وون بوون.. بە ترسەوە چاوەڕوانی هەڵهاتنی ڕۆژم کرد. نەمتوانی بنووم ئەو شەوە.. هێندەی ئەو زیندەخەوە کورت بوو.. شەو دەیان هێندە درێژ بوو!

کاتێک کەبەیانی داهات، کەڕۆژ هەڵهات، من هێشتا بێداربووم، چاوەڕێ بووم خێزانەکە ببینمەوە کەمن میوانیـان بووم.. زۆری نەبرد گشتیان لەشوێنە نادیارەکانی خۆیان هەستان! سەیریان دەکردم، سەیریان لێدەهات کە هێشتا ساغم وشێت نەبووم.. خاوەن ماڵ بە مەکرێکەوە، وەک ئەوەی هەمان خەونی دیبێت، فەرمووی: ها چیت دی ئەمشەو؟ هێشتیان بنوویت؟ ووتم نەء.

ووتی هەرچییەکت بینی ڕاستە.. ئەوەش کەبیستت هەر ڕاستە.. **من تێگەیشتم کەکاتێک مـرۆڤ ناچار دەکرێت لەناوماڵی خۆیدا بترسێت.. دەتوانێت دابەش بێت، دەتوانێت لەغەیبا جێگەیەکی دڵنیاتری هەبێت، بژی وئازاد بێت.. دەشێت خۆیشی نەزانێت، بەڵام دڵنیابن، مـرۆڤ دەتوانێت لەدۆخی ترساندا غەیب بێت.. غەیبیش دەتوانێت هاوبەش وهاوژێن وهاوگیانی مـرۆڤ بێت.**

چاک بزانن کە لە نێوماندا هەن موڵکی ئێمە نین، منداڵی ئێمە نین، بەڵکو موڵکی مەملەکەتێکی ترو هەسارەیەکی ترو گەردونێکی ترن، ڕێزیان بگرن.. لێیان مەترسن.

من مانگێک لەوماڵەدا مامەوە.. درەنگ تێگەیشتم کەهەندێک مـرۆڤ هەن زۆرخۆیان دەچەوسێننەوە تا بتوانن لەناوبچن، بمرن، ڕزگاریان بێت، بگەڕێنەوە گەردوونی خۆیان.

منداڵەکە دەیتوانی هەرشتێک بکات، بەڵام ویستی چاکبوونەوە لەودا نەبوو، چونکە ئەو لەمن ساغتربوو لە دۆخە مـرۆڤییەکەیدا !

ئەو شەوە شتێکی ترم بۆ ڕوون بووەوە.. **تێگەیشتم کە مـرۆڤ دوو ژیان لەم سەرزەمینەدا دەژی لەیەک کاتدا، ژیانێک دیار، ژیانێک نادیار..** ئەمە ڕاستییەکە کەس نەیزانییوە، پێتان دەڵێم تا فێر بن.

مێرولەکان گشتیان فەرموویان: ئامیین.. هەن لەناوماندا باڵدار و بێ باڵ.. هەن لە غەیبا دەژین، هەن جنۆکەن لە ناوماندا.. هەن پیـرۆزو پەیامـبەرو مـرۆڤی ڕەسەن.. هەن زۆر لە کەسان بە دێوی لەدایک دەبن و دەمرن و زۆر دەبن.

## تابلۆی زینـدان

لە یەکێک لەشارەکانی ئەم سەرزەمینەدا، لەوکاتەدا کە کات وەستا، من کات و ژیان و شوێنم وەکو کاتژمێرێکی بچکۆلە لەدەستدا بوو.. کات وەستابوو، شتەکان بەبێ داخوازیی من یان بەداخوازیی پیر زۆر سەیر لەپێش چاومدا دەبینران ، خەونەکان زیندە خەوبوون ! ڕاستییەکان تەنها خەوێکی سەرپێیی بوون! دیمەنەکان تێکەڵ بەیەکتری دەبوون .

لەناو شارێکدا یەکێ لەدیمەنە سەیرەکان کە بینیم..ژوری زیندانێک بوو!

ناو قاوشی زیندانەکە دەنگی دەدایەوە.. بەنەڕەی دێـوێکی لاو، هاواری دەکرد بەسەر زیندانییداو دەیگووت دەمت داخە!

زیندانییەکی بەتەمەن بیست ساڵان و بە شێوە پیر.. پیر وەکو خودی پیـرشالیار.. نە نێر دیاربوو، نە مێ! سەری خۆی گیرکردبوو لە شیشی دەرگای زیندانەکە ودەیقیژاند.. لەهەمان کاتدا دەینەڕاند: مۆرفین! بەهەردوودەنگی نێرومێ دەیقیژاندو دەینەڕاند! نەمدەزانی نێرە یاخود مێ؟؟ بەقیژەیدا دەنگی لە دەنگی حەزرەتی ماریا دەچوو، دەیقیژاند: ئەی هاوار داد.. بمدەنەوە.. ئاخرواخەریکە شێت دەبم! .. بەڵام لەبری مەسیح، لەبری هاواربۆکوڕەکەی، هاواری دەکرد بۆ مۆرفین.. بۆ هیرۆیین.

دەنگەکە بەگوێم نامۆنەبوو! چونکە من دەنگی قیژەکانی حەزرەتی ماریا دەناسمەوە، دەبیستمەوە، دەقیژێنمەوە.. بەڵام بۆ مەسیح نەک بۆ هیرۆیین!

دەنگە زبرە نێرینەکەشم چاک دەناسییەوە، دەنگی نەڕەی حەزرەتی مەسیح بوو ! بووبوو بە هۆگری دەرمانی گێژکەر ـ بەکار بەر(نارکۆمان) !

بوو بوو بەعەبەسێکی زفت.. بووبووە بەدکێش وبەدخۆر! دایک و باوکی خۆی نەدەناسی.. لەزینداندا هاواری دەکرد: فریام بکەون پۆلیس.. واسوێم بۆوە.. فریام کەون واشێت دەبم!

بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا کە هاواری حەزرەتی مەسیح بوو، من دەمناسییەوە! بەڵام من مەسیح وا ناناسم..

مەسیحێک ناناسم بپارێتەوە! کێ دەڵێت مەسیح لەخواو لەمـرۆڤ پاڕاوەتەوە! کێ چیکەرێک دەڵێت مەسیح پاڕاوەتەوە یاخود گووتبێتی ئاخ؟؟

من دەزانم مەسیح لاواز نەبوو.. بەهێزبوو لەبەر دەم باوکیا، لەبەردەم حەزرەتی باوکیا.. زەق زەق سەیری هەردووچاوی ئاهوڕامازدای دەکرد. و چاوی بوونەوەریشی یەکتا دەبینی. هاواری دەکرد لەخوا بەهێز تر..

به ئاهوڕامازدای دەفەرموو، بەباوکی دەفەرموو: **عیشق ئازاری کەس نادات.. بابە تۆ ناتوانیت خێرووشەڕ لەیەکتری جیابکەیتەوە.. من دەتوانم، من بەزەییم بەتۆدا دێتەوە.. من دڵم بەتۆ دەسووتێت! عیشق بەهەڵواسین لەناونابرێت! ئاخر ڕەوانییە مـرۆڤ ئازار بدرێت!**

من حەزرەتی خوای نێو مـرۆڤ وادەناسم، نمونەی مـرۆڤی ڕەسەن وادەبێت.،. چونکە ئەو تەحەددای خوای کرد.. فەرمووی : **من شەڕ لەخێر جیادەکەمەوە.. من شەڕوخێر لەیەک جیادەکەمەوە بابە.. ئەگەر شەڕچاوی چەپی بوون وژیان بێت، ئەوامن بەعەشق ڕۆشنی دەکەمەوە.. من تاریکی دەکوژێنمەوە.. ئەوسا هەردووچاوت دەبینێت.. چاوەجوانەکانت نووریان تێدەپرژێت.. جوانتر دەتوانی ببینیت! باوکی پیـرۆز.. لەشی من با قوربانی بێت بۆ هەڵەکانی تۆ! تۆی بەڕێز! وای دەفەرموو مەسیح کاتێک مێخیان بە دەست و پێیدا دادەکوتا!**

نارکۆمان نەبوو، بەڵکوو نموونەیەکی نەمرو ئازا بوو.. ویستی کردگار فێربکات کە شەڕوخێر ناشێت پێکەوە هەڵبکەن، فەرمووی: **من جیایان دەکەمەوە.. من خۆم دەکەم بە قوربانی، با تاریکی لەشم بخوات.. بەوە من لەهەناویدا گیانی ئازادی هەڵدەکێشم و بەبەری خۆمیدا دەکەم. چونکە ئەهریمەنی تاریکی ئازادیی هەڵلووشیوە.**

کەچی ئێستا لەم زیندانەدا گوێم لەنەڕەی نەخۆشانەی دووحەزرەتە لە لەشێکی تێکشکاوی نارکۆمانی پیردا، کەتەمەنی هەر لەبیست و شتێک دەچێت! نە نێرەو نەمێ! نەباوکی خۆی دەناسێت نەدایکی! دێـوەکان حەقی لەدایکبوونیـان دا.. کەچی حەقیان نەدا بەدایکی تا دایەنی بێت.. لەدایکیان دزی.. ئەگەرچی دێـوەکان ژیر بوون ودەیانزانی کە منداڵی تووش بوو بە دەرمانی گێژکەر ـ لەژنی دەرمانخۆر دروست دەبێت، بۆلەدایکی خۆی دەکەن؟ ئەگەرڕاست دەکەن کەمێک خزمەتی بکەن! ببن بە هاوڕێ وهاوخەمی.. بەدایک وبەباوک.

زیندانییەکە دەیبینی، پیـرشالیار خۆی دەبینی لەچاوی زیندانییەکەدا کە وەک دێـو هاواری دەکرد: مۆرفین..کۆکائین! لەو ساتەدا کە کات وەستا.. کە زیندانییەک پڕبەزیندان نەڕاندی . ڕاوەستا.. لەومیانە کاتییەدا کە چرکە دەوەستێت ودەترازێت، لە جێگەی خۆیدا قڕ بوو.. چونکە ڕوخساری هەیبەتی خۆی دیت.. نارکۆمانەکە دەمووچاوی خۆی دیت.. بینیی پیاوێکی پیری مەزنی ڕیش سپی لەناو زریکەکانیدا ڕاوەستاوەو تەماشای دەکات!

بینیی پیرێکی بەویقار بە حەپەساوی، بەسەرسووڕماوی! گوێی خۆی نەگرتووە وکەڕیش نابێت لەهاواری! خۆی بینی پڕە لەبەزەیی، لەحورمەتی ڕێز.. بینیی بابایەکی پیر لەزریکەکانی دەردەپەڕن وهەردوو دەستی بۆدرێژ دەکات تا دەستی بگرێت ولەزیندان دەربازی بکات!
تەماشای کرد ئەو حەزرەتە پیـرۆز سەیری دەکات.. خۆی بینی دەگۆڕێت ونەشگۆڕاوە.. بەڵام یادی دێتەوە.. ئەوە باوکێتی! نا نا.. دایکێتی! نا باپیرە یا داپیرە گەورەیەتی!
ساتێک هەستی کرد دەشێت ڕەحم و بەزەیی خۆی بێت! چونکە زۆر بەزەیی بەخۆیدا هاتەوە، کاتێک کەپیری لەخۆیدا بینی.. کە خۆی بینی.. کەرامەتی خۆی دی زیندانییەکە!
یادی هاتەوە کە منداڵ بوو، جوان بوو.. نەشئەی ناز بوو.. تریفەی مەستی دایکی بوو.. باوکی مـرۆڤێکی چاک بوو، بەڵام بێکاری ئەویان بەرەو بەدکاری کێش کرد.. یادی هاتەوە بەڵێ ئەوە باوکێتی، ئەوە دایکێتی وا لەتەکیا بە تەماشا وبەزەیی ژێری دەکەن.  یادی هاتەوە.. کەدەتوانێ لاویی خۆی بگێڕێتەوە، منداڵیی خۆی بگەڕێنێتەوە.. چونکە کە پیاو توانیی منداڵی خۆی دووپات بکاتەوە، دەتوانێت زەهراو تاڵاو لەخۆیدا بنبڕبکات.. دەتوانێت.. خۆی ئازاد بکات.
زیندانییەکە هەستیکرد کەرامەتی دەبزوێت، ویستی دەبزوێت بۆ ژیان، بۆ جوانی بۆ کەرامەت،حورمەت.. هەستی کرد ئەوەی دەستی دەگرێت لەخۆی دەچێت، خۆی دەرباز دەکات لەزیندان.. بەبێ ئەوەی پۆلیسەکان بزانن، بەبێئەوەی کەس بیبینێت.. گیانی دیوارەکان دەبڕێت وئازاد دەڕوات.. دەڕوات بەکۆڵان و شەقامەکانی شاردا دەگەڕێت.. منداڵیی خۆی دەبینێت.. لەگەڵ بەردو داروناسیاوو نەناسا دەدوێت.. بزەدەکات.. پێدەکەنێت، یاری دەکات.. بیری هاتەوە کە باوکی هێندە وەڕز بوولەژیان، نەیدەتوانی یاری لەگەڵ کوڕی خۆیدا بکات.. چونکە دێـوەکان پێنج ساڵ باوکی ئەویان بەشەونخونی بێزار کرد.. کردبوویان بەپاسەوانی شاژنی دێـوەکان کە شوویکردبوو بەسەگ.. باوکی نەیتوانی شاژن فێربکات کەسەگ لەمـرۆڤ نییە! بەڵکو سەگ سەگە وبێگومان حەزدەکات لەگەڵ سەگدا بژی. لەبەر خۆیەوە دەیگووت:

(باوکم نەیتوانی یاریم لەگەڵدا بکات. دایکم ساردوسڕـ لەشی بەستبووی.. لە قرچەی گەرمادا سەرمای بوو.. دەترسا.. دەترسا لەوەی باوکم بمرێت.. دەترسا بەهەڵەدا نەچـێت.. چونکە دایکم بە لەعبەت بێت.. دەستی لەگەڵ برای خۆی تێکەڵ کردبوو .. باوکم دەیزانی، بەڵام دەستی بۆحورمەتی دایکم نەدەبرد.. دڵی دایکمی نەشکاند، چونکە باوەڕی زیاتر بەخۆی بوو.
باوکم دەیگوت: مـرۆڤ لەگەڵ بەراز تێکەڵ بێت، پیس دەبێت.. بەراز سواری کۆرپەی خۆی دەبێت.. بۆیە باوکم گۆشتی بەرازی نەدەخوارد.. دەیگوت حەرامە.. دایکم هەر سەرمای بوو، هەمیشە بیری لای وڵاتێکی ترو لای دەستبازییەکی تر بوو.. باوکم پەلەی بوو دایکێکی دڵسۆزو چاوشینمان بۆ پەیدا بکات ، بەڵام دێـوەکانی دراوسێمان باوکمیان وەڕزکردبوو بەر لەوەی بمرێت!).

زیندانییەکە لەمنداڵیی خۆیدا وون بوو، لەبەر خۆیەوە دەدوا !گەشایەوە بەهەڵهێنانەوەی خۆی بۆ خۆی.. چونکە بەچاوی خۆی تەماشای حورمەتی خۆی دەکرد.. تەماشای کەرامەتی خۆی دەکرد! لەزیندانەکەدا هیچ شوێنەواری ئەو نەما !
پۆلیس و پاسەوانەکان هەرچەند گەڕان وکۆشان، سۆراغیان نەکرد.. نەیانزانی ئەومـرۆڤە نە نیرە نەمێیە چیی بەسەرهات؟ مت بوولەمنداڵی خۆیدا لەناوژووری زیندانەکەیداو کەس نەیدەدیت.. دەیبینی پۆلیسەکان

بۆی دەگەڕێن.. دەیزانی کەس ئەونابینێت.. بۆیە بەختیار بووبەوەی لە سەردەمی منداڵیی خۆیدا بژی، لەسەردەمی لاویدا بژی.. پێویستی بە دەرمانیش نەما، هاواریش ناکات، بۆیە پۆلیسەکان ئەویان نەدەدی.. چونکە پۆلیسەکان ئوتۆماتیکی قوڕمیش کرابوون ئەویان وەکو هاوار دەبینی ودیبوو، بۆیە کاتێک کە ئەو هاواری نەدەکرد؛ کەس ئەوی نەدەدی!

گەنجە پیرەکە لە زانستی خامۆشدا ئۆقرەی گرت .. تێگەیشت کەکەرامەتی مـرۆڤ ئازادە لەهەر جێگەیەکدا.. ئازادە بەومەرجەی نەبێتە مایەی سەرزەنشت بۆخۆی. بۆ هاوڕێکانی، بۆگەلەکەی، بۆ باوەڕی. تێگەیشت کە زانست هەمیشە ئامادەیە بە شتێک خزمەتی مـرۆڤ بکات.

مـرۆڤ ناتوانێت خۆی بـبـینێت.. ئەگەربێت ومـرۆڤ کامەرانی بەدەستبخات، پێتان دەڵێم لووتکەی کامەرانی لەوێدایە مـرۆڤ خودی خۆی بـبـینێت، خودی خۆی بدوێنێت، بناسێت.. خۆی لغاوکات، نەیەڵێت ژیان خواروخێچ بەکاری بەرێت.. نەیەڵێت ببێت بەدێـو بەسەرخەڵکا بنەڕێنێت. خواوەند وون بکات!

**چونکە ژیان زۆر بێسفەتە بەرامبەر بە مـرۆڤ..ژیان قینی لەمـرۆڤە، دوژمنێتی.. ئاخ ژیان!**

کەکات وەستا، قیژەو زریکەیەک لەیەکێک لەزیندانەکان هەستا.. پیـرشالیار خۆی نیشانی زیندانییەک دا.. زیندانییەک کەلە ناخی خۆیدا پیری دی.. خۆی بینی، گەییشت بەکامەرانی! بە هەست کردن بە زانستی خامۆش.

هەندێک مـرۆڤ بەکامەرانی دەمرن.. چونکە مەلائیکەتێکی مەزنی بەهەیبەتی وەک خۆی دێت دەستی دەگرێت وبەگەردووندا دەیگێڕێت.. فێری دەکات چۆن خەو بەگەردوونەکانی ترەو بـبـینێت. کامەران کەسێکە کەدەمرێت، دەبێت لەدواهەمین چرکەدا فرسەت بات بەخۆی وبتوانێت خۆی بـبـینێت.. چونکە خـود بیـنی هەناوی کامەرانییە.

جێگەی داخە کەم هەن لەناوماندا بتوانن سەیری خۆیان بکەن.. بتوانن خۆیان ببینن.. ئەوان خۆیان کردووە بە ساوایەک لە زیندانی دێـودا، یا ژیاندا! وادەزانن درۆکردن، خۆگێل کردن بووختان کردن، دزی کردن و کوشتن وسەربڕین پیاوەتییە، وادەزانن بوون بەبەراز پیاوەتییە! ترسنۆک ودەبەنگ وملهوڕن، ناتوانن تەماشای خۆیان بکەن، ناتوانن خۆیان ببینن.. وادەزانن بەشەر خێر لەناودەبەن، بەخێر شەڕ زۆردەکەن.. نازانن چیدەکەن، هەرچییەک دەکەن لەخۆیان ڕازی نیین وهەست بەعاری هەستکردن بەکەمی دەکەن.

هەن نایەڵن تەنانەت بێگانەکانیش لەوڵاتی هەستکردن بەکەمیدا خۆیان ببینن. بەڵام ئێستا بۆتان دەرکەوت کەکامەرانی چییەو لەکوێدایە؟ ها ؟ دەزانیت چەند کۆنە؟

سوکرات زانستی  خوودناسی لەخەودا فێر بوو بەمنداڵی، بەڵام کە گەورە بوو نەیزانی چۆن لەدەستی داوە.. بۆیە زۆر بەدوای زانستی خامۆشدا گەڕا.. کە دایکی بەجێیدەهێشت، لەخەویدا سوکرات بەدایکی دەگووت: خۆت بناسە! کەگەورە بوو، تەجاوزی منداڵیی خۆی نەکرد، لەسەر مەعبەدەکانی ئاتەن نوسییەوە، چونکە پیتەکانی( خۆت بناسە) خورابوون بەدیواری پەرستگای ئاتەن- ـە وە.. چونکە پیتەکان لە گەچ هەڵکەنرابوون، هەڵوەریبوون! جاڵـجاڵـۆکەیەک بەسوکراتی فەرموو: زەحمەت نەبێ بەڕێز سوکرات، ئەوپیتانەی سەو دیواری پەرستگاکەن تۆخ بکەرەوە، تاخەڵکی بتوانن بیخوێننەوە. سوکرات بەدەستی خۆی شووشەچنی کردن.

**لەبیرمچوو پێتان بڵێم ڕێک لەسەردیواری پشتەوەی ژوری زیندانەکەدا، زیندانییەکە نوسیبووی: زانست مـرۆڤ لە نەخۆشی و پیری ومردنیش ڕزگار دەکات.**

مێرولەیەک فەرمووی: پێویستە فێربن لەهەر شارێکی ئەم سەرزەمینەدا منداڵێک هەتککرا یان لەباوانی داگیرکرا وخەڵکەکەی هیچیان نەوت، هیچیان نەکرد بۆحورمەتی باوان، ئەوشارە نغرۆ بێت بە خەڵکەکەیەوە.

پیـرشالیار بیری دەکردەوە، نازانم چیتان بۆباس بکەم، نازانم چۆن چیرۆکی توانای پیرو دابەشبوونیتان بۆباس بکەم! چونکە پێشتر فەرموومە کە کات دەوەستێت، لەنێوان میللی چرکەدا زۆرشت ڕوودەدات لەجیـهاندا، لەگیاندا.. کاتێک بتوانیین باسی کەرامەتی دابەشبوونی پیربکەین!

وەک چۆن زۆرئاسان تۆوێک دەپروێنرێت، هەمان شێوەش ئاسان گوڵێک دەڕوێت.. مـرۆڤێک دەزێت، مـرۆڤێک لەدایک دەبێت، مـرۆڤێک دەمرێت.. مـرۆڤێک خۆی دەبینیت، مـرۆڤێک خۆی دەکوژێت، خۆی دەشوات؛ پاکژ دەبێتەوە.

مێرولەکان فەرموویان : ئەو مـرۆڤەی لەزانستی خامۆش بە ئاگا بێت، نامرێت.. چونکە مردن بەر لە ژیان لغاو دەکات.

## تابلۆی پاکژ بوونەوە

زەڕڕاتی پرشنگی پیـرشالیار لەدرەختی زەماندا زۆردەبوو، لەسەر سەری مـرۆڤێکی بێـئالاو بێـولاتدا دابەش دەبوو.. مەپرسەچۆن؟ چونکە پیازوتوێکڵ لەناوەرۆک وناوک وچاوگەوە سەرهەڵدەدات، ئەبێ سوودی هەبوونی چیبێت؟ بەڵام لەجەوهەردا هەموبووەکان لەچاوگدا لەپێناوی کەرامەتی خۆیاندا دروست دەبن بۆ سودێکی مەزن.

ئاهوڕامازدا کە بوونەوەر تەی دەکات، تەنها دڕ بە تاریکی دەدات.. لەپاشکۆی ئەودا گەردوونەکان، هەسارەکان دووپات دەکاتەوە وژیانەکان دەچنێت.. هەڵبەتە بەویستی جاڵـجاڵـۆکەی مەزن وسپی وپیـرۆز.. لەسەرسەری هەر بژێو وزیندویەکدا تەنافێکی نادیار هەیە وبەهۆیەوە زیندەوەران دەگەن بە چاوگی ڕێسراوی خۆیان.. لەوێدا کەکات دەوەستێت، نووری ویستێک، حەزێک، خۆزگەیەک دەڕێسرێت.. دەڕوێت، گیانێک دەزێت، گیانێک دەمرێت.

کەس ناتوانێت خەندەیەک بکوژێت، ئەگەرچی دەتوانن سەری ببڕن، دەمی ببڕن، بەڵام گیانی خەندە نامرێت. ئەم وتانەش کۆنن، هەموو منداڵانی شەرق دەیزانن.. لە قورئانیشدا هاتووە دەڵێت: گۆشتی بەراز مەخۆن. منیش دەڵێم ڕێگەبدەن با بەرازەکان لە زیندانێکی حەلەزۆنیدا تایبەت بن بەخواردنی دڵ و سەروپێی دێـوەکان، ئەو دێـوانەی منداڵ دەدزن، منداڵ هەتک دەکەن، تەعدا لەحورمەتی ئافرەت دەکەن.. چونکە ئافرەت لەسروشتی تیشک وگەرمی وتینە، بەزمانی ئاری یانی ئاورەت، یانی ئاگر، بەڵکو ئاوو ئاگر.. ئەوان ژیانیـان هێنا، ئەوان بوون ژیانیـان ڕەنگاند، نەخشاند.. چۆن دەتوانن دەست بۆ حورمەتی بەرن؟ واز بێنن با دێـوەکان ببنە خۆرەی بەرازەکان.. چونکە زانستێک لەمەدا هەیە، فێردەبن بەرازی دێـوخۆر چیی لێدێت؟ پەندێ وەرگرن ببینن چۆن بەرازەکان لەبرسا، لەئەنجامدا یەکتری دەخۆن، ئەوسا بۆتان ڕوون وئاشکرا دەبێت.. کە مـرۆڤی وەچەی ڕەسەن سەردەردێنێت.. مـرۆڤێک کەدەتوانێ بە شتەکان بڵێ ببە. وە دەبێت!

مـرۆڤێک لەدایک دەبێت نە لەبەراز، نەلەسەگ، نەلەپشیلە نە لەگورگ دەچێت.. مـرۆڤێک یان وەچەیەک لەدایک دەبێت.. بۆنی حەزرەتی ماریاکان و مەسیحەکانیـان لێدێت.. بۆنی منداڵ، بغوورد ، ئاشتی.. بەمداڵەکانتان بڵێن: گەرچی ئازادن، بەڵام ئەگەر توانیتان گۆشتی بەراز مەخۆن.

چونکە بەراز ڕۆژێک لەڕۆژان دووپەل بوون وەک ئێمە، ئەوکاتەی کە خواکـان لەسەر زەوی دەژیان مـرۆڤێکیان بینی تەعدا لەدایکی خۆی دەکات، یەکێکی تریان بینی سواری منداڵی خۆی بووە.. خوشک وبرا شەهوەتیان تێکەڵ بووە.. خواکـان تووڕە بوون بەوانیـان فەرموو: ببن بە بەراز..کە وایان فەرموو دەستبەجێ گشتیان بوون بەبەراز. بۆیە بەراز سواری دایکی خۆی دەبێت، سواری منداڵی خۆی، سواری نێریش دەبێت. مێیەکانیشیان هیچ ناڵێن.

دەبوایە ئەوانەی کە ناتوانن ڕێزلە لەشی خۆیان بگرن، ئەوانەی کە خۆیان بەپارەو بەبێ پارەش مەزات دەکەن! ئەوانەی ئازاری کەرامەتی خۆیان دەدەن، ببن بە بەخێوکەری بەراز! نەوەک خاوەنی منداڵ وخێزان وفرمان. چونکە ئەوان منداڵەکانیـان وەک خۆیان دەوێن. هەمان شێوە؛ ئەوەی دژی میللەتی خۆی چەک هەڵدەگرێت و جاشایەتی دەکات؛ خوودی بەرازە گەر نازانێت؛ چونکە مەشق لەسەر بوون بە بەراز دەکات بۆ ژیانی ئایندەی.

ئەگەر منداڵەکە وەک ئەوانیش نەبێت.. لەوان باشتر نابێت.. بەڵام دەششێت منداڵی مەزن و ڕەسەن لەدەستی ئەوانەدا پەروەردە بێت کە دژی هەراج کردنی کەرامەتی خۆی بێت! دەشێت ئاڵتوون لەناو قوڕاودا هەبێت.. جا تێبگەن!

هۆمۆکان =(نێربازەکان)دەبێت سنور بۆدەسەڵاتی خۆیان دابنێن.. پێویست ناکات منداڵێک کەهی خۆی نییە بەخێوبکەن.. هەمان بۆئافرەتانیش،چونکەئەوان واخوڵقاون کەکار لەسروشتی خۆیاندا بکەن. ئەوان بۆ پەروەردە درووست نەبوون. جا لەسەری مەڕۆن؛ چونکە ئەوان تایبەتن لە نەرێت و خووو کردەوەیاندا. بەبێ ئەوەی هەڵبکووتمە سەر کەرامەتی ئەوان؛ ئەوان پێویستە بۆ ئازادیی خۆیان بژین و گۆشکەری منداڵی کەس نەبن. چونکە ئەوانە مرۆڤێکن کە هەست بەیەکسانی و جیاوازی لەشی خۆیان دەکەن و لە خوڵقی خۆیان کەمتر دەزانن و نازانن کە لای من شایانی ڕێزن نەک پەروەردەو و کاری بەزەیی. ئەوان دەبێت لە خۆیان ڕازی بن. دەبێت دەست نەبەن بۆ کارێک کە لێیان ناوەشێتەوە.

باشتر پەنجە بۆ سیفاتی مـرۆڤ درێژ بکەن.. ئەوانەی کە دووڕەگەزن، بەهەڵە لەدایک نەبوون، بەڵکو کەسێتییان تێکەلە بە مـرۆڤی ڕەسەن.. نێرەمووک کەسانێکن بەداخەوە لەسروشتی خۆیان ناگەن.. ئەوان دەبوایە سروشتیان پڕ بە پێستی مـرۆڤ بوایە.. ئەگەر لەبوون بەمـرۆڤییان ڕازی نیین، با بزانن کە ئەوان ئاوێتەی دوو ڕەگەزن، شەرم نییە وابن.. بەڵام درەنگانێ لە خۆیان تێدەگەن.

درۆیەک دێـوێک دروست دەکات، وتەیەکی جوان فریشـتەیەک دادەهێنێت.. تەماشایەک دەتوانێت لەهەمیشەییدا ئازادانە بگەڕێت، فێربێت، فێربکات.. خەونێک دەتوانێت بتبات بۆلای خواوەندی خۆت، ئەوت بەپێی سروشتی خۆی، سروشتی خۆت نیشان بدات.. کردەوەکانت ئازادن لەگەردوندا ئەوان خۆیان دەچنن، کردەوەکانت بوونێکی ترن، نامرن، بۆگەن ناکەن، دەژین.. ئەگەر دێـویت بەکردەوەکانت دێـوەکان؛ بتە دێـو ئاساکان زۆر دەکەیت، ئەگەر فریشـتەیت، بەکردەوەکانت فریشـتەکان و بتی جوان جوان و نەخشین زۆردەکەیت.. مەترسە لەوەی کە هەیت.

چونکە ترس دەتکات بەبوونەوەرێکی نامۆو ترساو لەخۆت.. ترس دەتکات بەوەی کە لێی دەترسیت.. ئەگەر لەدێـو بترسیت، دەبیت بەدێـو، ئەگەر لەخوا بترسیت دەبیت بەخواوەند.. بەڵام زۆر چاک بزانە کە خواوەندی شەڕیش هەن؛ زۆرن! چاتر وایە چاونەترس بیت، چونکە مـرۆڤی ترساو کەسێتیی مۆلەقی هەیە

و بڕیارەکانی دوولّی بۆ ئەو دروست دەکەن.. ترس بونتان داگیر دەکات، بەهرەمەندترین سەروەت لەژیانندا، بەنرخترین سەرمایە لەژیاندا بوون بەمـرۆڤە.
مـرۆڤێکی خـودبیـن ونەترس، چونکە کاتێک مـرۆڤ توانیی تەوەرەکان وقووتبەکانی ترس ببڕێت.. مەزنترین کامەرانی دەستدەکەوێت، ئازادیی دەستدەکەوێت.. ئالەوێدا، تەنها لەوێدا مـرۆڤ بەقووتبی خۆی دەگات.. کەمـرۆڤ توانی بەبێ خەوش تەماشای جەوهەری خۆی بکات.. کە مـرۆڤ توانی تەماشای قوڵایی وبەرینی وبەرزایی خۆی بکات.. ترسەکانی دەشکێت.. بەژیان دەوێرێت.. بوونی ئازاد دەبێت. چونکە تەنافەکانی سەرسەری خۆی دەبینێت، چراکانی مەرگی خۆی دەبینێت، تێدەگات کە مەرگ هاوڕێیەکە ئەودەبات بۆ هەمیشەیی، لەوێ خزمەتی کەرامەتی ئەو دەکات.. چونکە مـرۆڤی نەترس نمایندەی خواکـانە، ئەوانیش نەمرن.. نەمریش بۆ ئەو مافە ماف.
کاتێک کە پرشنگی زەرڕاتی نوری پیـرشالیار دەروونەکانی ئەم سەرزەمینەی ڕۆشن دەکردەوە، لەخەونیدا لەنیازیدا، دەروونە ڕاوەستاوەکان خۆشاییان پێدەگەیی لەسەر زەوی.. ئەگەرچی هەموو مـرۆڤەکان وەستابوون، مت بوون وەک کات.. پرشنگی ئەو چرۆی دەکرد لەدەروونی متیان دا.. گەواهی وتەکانم خودی ئەون. تەنها ئەو خۆی دەزانـێت بەگەردوونی کێدا دەگەڕێت!
پیر خۆی دەیزانی کە چاوانی لێکدەنێت، چەند هەزارگیان میوانداری دەکات..لەشەقامی چی وڵاتێکدا تەماشای جوانی دەکات! لەدەرگای چی ماڵێک دەدات! سەیری مەرگ وشفا ونەخۆشییەکانی کێ دەکات؟

پیـرشالیار پرشنگی لە کەنیسەیەکدا بوو، چاودێری قەشەیەکی نێرباز=هومۆفیل-ی دەکرد.. کە قەشەکە چوارساڵ بوو ماڵێکی پەنابەری کەنیسەی داڵدە دابوو! بێشک خێزانەکە موسوڵمان بوون و هانایان بردبووە ئەوێ تا پەنایان بدرێت.. بەڵام قەشەکە تەماحی کردبووە منداڵەکەی ناوسکی دایکەکە..کاتێک منداڵەکە تەمەنی بووبە چوارساڵان، هێشتا دەرەوەی نەدیبوو، هێشتا ڕوبارو کەنارو گیانلەبەری نەدیبوو، هێشتا لەدەستی دێـوی کەنیسەو دەوڵەت دەرباز نەبوبوو!
منداڵەکە شێت بوبوو لەکەنیسەکەدا.. دایکی بوبوو بە شەهریار، حیکایەتی مێشی بۆ قەشەی بەراز دەکرد! لەوکاتەدا کە پیـرشالیار لەخەونیدا دەگەڕا، کات وەستا، خۆی نیشانی قەشەکەدا!
قەشەی خاوەن دڵی خوا! لەترسا! لەشەرما ناچار بووپەتێک بۆخۆی هەڵبخات.. چونکە لەوکاتەدا کەکات وەستا ئەو فرسەتی هێناو خەریک بوو بە نیازبۆگەنی دەست درێژی لەمنداڵەکە بکات!
پیر بەوی فەرموو: ئەوەچی دەکیت بەراز لەم کەنیسەیەدا؟ هەی بێ کەرامەت! ئاخر بەو کارەت بوونەوەر سزا دەدەی!
قەشەکە لە پەشیمانیدا.. پاش ئەوەی گیانی سپارد.. پاکژ بووەوە لەبەردەمی پیردا و ئەویش دەستی بەسەریدا هێنا! پاشان سزای ئەوی بەوە دا کە بێتەوە ناو ژیان!
پەرستاریی هەمیشە مـرۆڤ پاکژ ڕاناگرێت.. کێن ئەوانەی منداڵەکانتان هان دەدەن بەسەر مییندا ڕابکەن، خۆیان بتەقێننەوە.. کێ بوون ئەوانەی مەسیحیان هەڵواسی!؟ ئایا گێلن یان نەزان، یاخود عەبدێکی وورِوو کاس!؟
کەسانێک هەن پیسن، بەرگی جوان لەبەر دەکەن، واخۆیان نیشان دەدەن کە بێخەوش وپاکژ وڕاستی پەروەرن.. بەڵام ئەوان دیلی هەوەسی نەخۆشانەو نەخۆشی دەردێکی بێدەرمانن.. ئەوان نەزانن.. نازانن کەکردەوەکان نامرن.. نازانن کە لەو دزێوییەدا شەرمە پاکژ ببنەوە، مەرجە ببن بەشوانی بەراز.. لەزیندانی بەرازەکاندا.

کاتێک کە قەشەکە لەخەو هەستا، کات ڕاوەستا.. ڕاچەنی ترسا، لەرزگرتی.. سەرمای بوو، بچوک دەبووەوە.. دەنووشتایەوە لەبەردەمی منداڵە شێتەکەدا بێداربوو!

توومەس نەنوسیبوو! کاتێک کەهەیبەتی پیری لەشێوەی مەسیح-دا بینی.. لەترسا دەگریا، لەترسا دەترسا! ناچارلە حەشمەتا دەستی بەسەری منداڵەکەدا دەهێناو خۆی پێ پاک دەکردەوە.. پاشان بەرەو ژوورەکەی خۆی چوو.. بەدەم ڕێگەوە هەستی کرد ڕاستە کەهەن لەنێو مـرۆڤەکاندا بەرازن و کەس نایانبینێت!

بۆیە پەتێکی هەڵخست.. بەرلەوەی ملی خۆی پێوە ئاوێزان بکات، تەلەفۆنێکی کرد بۆ پۆلیس.. ووتی: من ئەو خێزانە دەسپێرم بە ئـێوە، تکایە حورمەتیان بگرن، قاویان مەدەن، مەیان ڕەنجێنن.

کاتێک کە قەشەکە خۆی ئازادکرد، خۆی بینی، حەزرەتی خۆی، نوری خۆی.. بەخۆی فەرموو.. مـرۆڤی پاکژ خۆی لەدەست نادات.. مردن مـرۆڤ ئازاد ناکات، بەڵکو مردن لەکردەوەکانتا دووپاتت دەکاتەوە.. خۆتت نیشان نادات ئەگەر پاکژ نەبیتەوە.

هەندێک لەنێوماندا هەن کە پاکژییان پیس بووە. پێویستە کە مردن بڕۆنە ناو گیانی سکپڕێکی ترەوە تادووپات ببنەوە، تالەژیانێکی تردا فێری کەرامەت بن.. چونکە مـرۆڤی بێکەرامەت هەر زیندودەبێتەوە، هەر دەناڵێ ولەوەی دەیکات پەشیمان دەبێتەوە.. تۆش تا قووتبەکانی کەرامەت فێرنەبیت لەژیاندا، بە نەمری ناگەیت، پاکژنابیتەوە.

مێرولەکان فەرموویان: پاکژی یەکەم قووتبی بوون بە مـرۆڤە.. مـرۆڤی پاکژ لە جەوهەریدا پیـرۆزە، چونکە نمایندەی پەیامی جوانی و گیانی خوایە. پاکژی سروشتی خوایە.پاکژی باوەڕی خواو فریشتەکان و بتەکانە.

مێروولەیەکی بچکۆلەی نێرەمووک ـ بە دەمەلاسکێوە فەرمووی: مرۆڤ نمایندەی خواکانە! شتێکی جوانە!

# تابلۆی من

لەوانەیە وەکوخوێنەر بۆت هەبێت بزانیت کەمن چیم لێدێت کاتێک پیر لەگیانی مندا دەپروێت؟ لەوانەیە حەزبکەیت بزانیت من چۆن مـرۆڤێکم؟ لەوانەیە فزوولّت ڕێگەت بدات لەمنی چیرۆکخوان بپرسیت: تۆ کێیت؟ چییت؟ واهاتووی شت دەڵێیت؟ کەمێک دەربارەی خۆت بدوێ!

منیش بڕیارم دا بدوێم، بڵێم و بفەرمووم، کە من زۆرلەمێژە پیـرشالیار دەناسم..بیستویەکساڵ لەمەوپێش.. من لەئارارات، بەسەر شکۆی ئاراراتدا سەردەکەوتم ، لە وولّات وهۆزم تووڕە بووم! بێزار بووم لە گزی ودزی وکردەوەکانی کوردو بەعس عارەب و تورک وفارس و میراتی بەجێماوی ئینگلیز لە ڕۆژهەلّات..بۆیە هەڵهاتم.. ڕامکرد.. لەدیاری دایک تەرەبووم!

ڕۆیشتم! کاتێک گەیشتمە سەرترۆپکی ئارارات..زۆر هەستم بەتەنهایی وبێکەسی وبێکەرامەتی و بێ وولّاتی دەکرد! کەس نەبوو پەنای بۆبەرم! لە تاواندا بانگی خوام کرد! زۆرم بانگ کرد، بەلّام بەڕێزی نەهات ، و داشنەبەزی وداواکەمی نەبیست! دانەبەزی، نەیوێرا لەتاو شەڕی تورک وعارەب پێبنێتە سەرلوتکەی ئارارات! کوردوستان خوێنی لەبەر دەڕۆی، خاک خوێنی پڕژابوو! جێگەیەک نەمابوو لەکوردوستاندا خوا پێی لەسەر دابنێت! بۆیە دانەبەزی! نەهات بە دەنگمەوە!

ئەو شەوە خواوەند هاتە خەوم! لەخەوما گوێم لەسامی دەنگی بوو، زەمین لەترسی دەنگی هەڵدەلەرزی و بوومە لەرزەی بوو..با ـ سەرمای بوو! سەرما گەرمای بوو! خەونەکان ڕاستی و ڕاستییەکان خەون بوون؛

فەرمووی: تەنها **تۆ دەتوانی شەڕوخێری ئایینەکان لە یەکتری جیا بکەیتەوە!**

فەرمووی تۆ حەقیت، ڕاستیت، باوەڕت جوانە، هونەرمەندیت! تۆ بەهرەکانی عیشقیت.. نەترسیت.

کاتێک بێدار بوومەوە نەمدەزانی چیبکەم.. چەندساڵێکی برد تا بێدار ببمەوە، هەستم بە بچووکی خۆم دەکرد.. هەستم دەکرد کەرامەتی خوا بەدەنگ یان بەڕەنگ بەر هەر مەخلوقێک بکەوێت، ئازاد دەبێت! بەلّام کاتێک تەماشام کرد! بینیم ڕۆژهەلّات بە دووکەڵێکی پیسی چڵکن وبۆگەن تاریک دەبێت! سەرم لێشێوا.. نەمزانی چیبکەم؟

وڵاتەکەمم بینی پڕە لەجەندرمەی ئەهریـمەن! پڕە لە ڕق وکینەی دێـوەکانی ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا! پڕن لە درۆی خێوەکان! بینیم جیـهان پڕ بووە لەچەکی دێـوەکان، چەکی کۆکووژ، چەکی کیمیایی و شتی تر! بینیم میللەتی زاگرۆس تابینەقاقای لە بوغز درۆوکینەدا غەرق بووە.. بینیم جوانی حەیای دەچێت.. خوا دڵی دەشکێت.. مـرۆڤ هیواکانی دەمرێت!

بینیم شەڕی هەژدیها سێ سەرەکان بەردو دار، تەڕو وشک دەسوتێنن! بینیم درۆ جێگەی باوەڕوکەرامەت دەگرێتەوە! نەمدەزانی چیبکەم! خۆمم لە تابلۆیەکدا دەبینی کە وەک هەش بەسەرێک لە قەپی داپچڕاوی دێـوێکەوە هەڵدێم بەرەو قەپی دێـوێکی تر! سەرم لێ دەشێوا نەمدەزانی چی بکەم؟

لەناو ورگی تاریکی سێ هەژدیهادا، کە دووهەژدیهای تر هانیـان ئەدان! لەسەر لوتکەی ئارارات خەونم بە ئازادی و عیشقەوە دەدی، کۆمەڵێک هاوڕێم لەتەکدا بوو، بە هاوڕێ پەنابەرەکانم دەگووت: ئەگەر مردم توخوا ئالێرەدا بمنێژن.

ئەو شەوە لەئارارات نووستم.. ئەو شەوە خەونم بەپیرەوە بینی بۆ چەندەمین جار! کاتێک بێدار بوومەوە تەنها تەپڵی سەری خۆمم ڕۆشن بینی، یەکەم چەپک تیشک لەگەرووی هەورێکی تاریکەوە دڕی بەتاریکی دابوو منی بەربارانی پێ گەرم دەکردەوە.. کاتێک لەسەر لوتکەی ئارارات پەلکەزێڕینەی سروەی ئەوبەیانییەم بینی لەسەر سەرم نیشتۆتەوە، بڕوام کرد کە ڕۆژێک دێت بەکەشتییەکەی نـوح دەگەڕێمەوە سەر هەمان لووتکە.. بەڵام کاتێک دێمەوە کە دێـوەکانی ترس، کەدێـوە چاوسوورەکان، کە جرجەکان، گورگ و بەرازەکان زیندان بن. .. بتۆپن یاخود وونبن!

ئەوکاتە لاو بووم.. دەمویست بگەڕێم بەهونەر بدوێم، دڵنیا خۆشەویستی بکەم، بەدوای عیشقدا بگەڕێم.. ویستم نەهێڵم بەعس وفارس وتورک بمخوات.. ویستم خۆم دەربازبکەم، بگەم بەخۆرئاوا.. ئەوکارەم کرد.. سەرم هەڵگرت و گەیشتمە وولاتی فارس و توورک و ئەفغان و پاکستان.

وەکوو هەرلاوێک هەلەی بچوکی خۆم هەبوو، لەڕێگا پارەکانیـیان دزیم، ڕووتیان کردمەوە.. منیش دەبوو بدزم بۆئەوەی قەڵەم وقاقەزو جگەرەم هەبێ، نەوارم هەبێت گوێ لەنەغمەی دەنگی میللەتان وهەناسەی غەمی جیـهان بگرم! دەبوو دەفتەرم هەبێت تا ڕوخساری ئێمامە دێـوئاساکان وێنەبکێشم، تانیشانی ئەوکەسانەی بدەم کەدەیانویست زیندانم بکەن. چونکە بە وێنەی ئیمامەکان دێـوەکانی فارسم دەترساند.

بەڵێ، وێنەی ئیمام وموقتەدای دێـوەکانم لەلاپەڕەی یەکەمی وێنەکاندا دانابوو، هەرچی هەڵیدەدایەوە، دەتۆقی، فریای بینینی وێنەکانی دی نەدەکەوت.. چونکە وێنەکانی دی باسی تۆقان وفیغانی میللەتەکەمی دەکرد.

هانام بردە بەر وڵاتان.. ئاخیری بەسواری گامێشێکی سپیی باڵدار لە دورگەی هەستکردن بەکەمی داوای حەقی پەنابەریم کرد! دێـوەکان گرتمیان.. سێ هێلکەیان لە سەرما دەرهێنا، ئێستا بەدیار ئەو هێلکانەوە، شەونخونی دەکەم، چاودێرم، باوک و دایکم بۆیان.. کەچی دێـوەکان واز لەئەزیەتدانم ناهێنن.. لێرەش دێـو هەیە.. وامەزانن دێـوەکان تەنها لەجەهەننەم ولە ڕۆژهەڵات هەن، نا ببوورن، من زۆر درەنگ تێگەیشتم کە دێـوەکانی ڕۆژهەڵات بەدەستی خێوەکانی ڕۆژئاوا دروستکراون! نەمزانی لە ڕۆژئاوا کارخانەی دێـو دروستکردن زۆر کۆنە!

بەداخەوە دێـوەکان لەدڵی مەسیحەکان وماریاکانی ڕۆژئاوادا زۆرن. لەم دواییەدا هەست دەکەم دێـوەکان لێم دەترسن.. چونکە دەزانن من هەرگیز لەدێـو نەترساوم. من تەنها لەدەروونی پیس ولەگومانی نەخۆش ولە شەڕی جاهیل دەترسم! بەڵام بەسەر ئەو خووەشدا زاڵم.

ترس لەهەندەران بێزاری کردووم، چونکە دێـوەکانی ئێرە بەچەقۆیەکی کولی نەرم سەری مـرۆڤایەتی دەبڕن.. ئێستا لەهەندەران گیان دەدەم ونامرم! دێـوەکان زۆر بێ هەست و ساردن، هێندە نەخۆشن لە بایببوونی خۆیاندا، توانای بینینی جوانییەکانی ڕۆژهەڵاتیان نەماوە، ڕۆژهەڵاتیان پڕ کردووە لەشەڕ وجەهل وڕق.. مـرۆڤیان کردووە بەدوژمنی ڕاستەقینەی ژیان.

وادەزانن بەشەڕی نێوان میللەتان ئازادی بۆ میللەتی خۆیان زامن دەکەن! نازانن ئەو شوختەی کە لەسەر لەشی ڕۆژهەڵات دروستی دەکەن، ژیانی خۆیانی پێ لەناو دەبەن.

ڕۆژانە زووخاوی هەموو جیـهان دەکەن بەقوڕگمداو هەرڕۆژەو بەچەکێک لەخێرخوازیم دەدرێت! نازانم بۆ ئەم میللەتانە هێندە لە خێرخوازی دەترسن؟

نازانم بۆ مـرۆڤ بێگانە بێت لەسەر ئەوەی جیـهان بە نیشتیمانی خۆی بزانێت؟!  وولاتان گشتیان حیجابیان کردۆتە سەر هاووڵاتییەکانیـان و تەنانەت حیجابیان کردۆتە چاویشیان! ناوێرم پێیان بڵێم: من خواوەند دەناسم! بەڵام من ئایینەکانتان ناپەرستم! من پەرستاریم لەهونەرو جوانـیدا گۆش کردووە.. من گیانی جوانـییم دیوە وبە شکۆی جوانـیدا گەشتم کردووە! من پیـرشالیاریش دەناسم. لە منداڵیمەوە دەیناسم.. یەکەم جار ئەوم لە شێوەی ئەستێرەیەکی ڕۆشندا بیینی..

بەکورتی من زۆرلەمێژە حەزرەتی پیر دەناسم، ئەوم بەخەو دیوە.. زۆرجار هاتووە بەمیوانیم.. من هێشتا نەچووم بەمیوانی ئەو.. چونکە ئەو لەمەملەکەتی خەونەکانی مندا مەنزڵی هەیە.. ئەو لەگەردوونی مندا دەژی. بەڵام من خودی ئەونیم، بەهەڵەدا نەچن ها !

من قوتابی ئەوم..  گوێگری ئەوم.. من چیرۆکە خوازراوەکانی ئەوتان بۆباس دەکەم.. چونکە من تەنها کۆچەرێکم دوای کڵاوی بابردووکەوتووم بەدوای کڵاودا ڕاناکەم، نا، بەڵکو بەدوای عیشقدا هاتووم، دەمەوێت لەورگی دێـوەکاندا دەریبهێنم.. چەنکە خواوەند ئەو شەوە پێی فەرمووم: **عیشق ژێر دەستەی دێـوەکانە! کەس ناتوانێت باسی عیشق بکات!**

کەچی من دەمەوێت لەسەرزەمینی ئەوروپادا بیدۆزمەوە.. چونکە من عەشق بەبۆندا دەناسمەوە، بە ڕەنگیدا بەتەلیسمی جوانییدا.. دەزانم من عەشق دەدۆزمەوە.

من دڵی ڕێگاکانم دیوە.. هەستی سەرماکانم دیوە.. کەڵبەی دێـوەکانم دیوە.. من تەنانەت خواوەندیشم تەنها وتەنها بەخەون دیوە.. من لەخەودا خۆمم دیوە.. بووم بەدوان، بەسیان.. بووم بەخۆر، بەمانگ، بەئەستێرەی داود، بەڤینۆس.. بەزیئۆس. دەزانم من لەگەروی هەژدیهاوە بازم داوەتە ناوگەرووی دێـوەکان، باکم نییە، چونکە وەکو هەرمـرۆڤێک، منیش پەیامێکم پێیە.

من لەدڵی سروشتا زینـدووم وهێشتا هیچ کەسێک نەیتوانیوە خەندەکانم لەناوبەرێت.. کەس نەیتوانیوە سەرمببڕێت. گەر توانیشتان درێغی مەکەن.

من بابایەکی گێل نیم.. من قووتابی پیرێکی پەتیم.. دەنا منیش وەک هەر مـرۆڤێکی تر پڕم لەهەستکردن بەکەمووکوڕی.. هەڵەش دەکەم، درۆش دەکەم.. ئەگەرچی ئەوانە سروشتی من نیین. پیاو لەم سەردەمەدا بەبێ هەستکردن بەکەمی دەمرێت!

یان شێت وڕسوا دەبێت، لەپڕ دەگیرێت ولەشێتخانە دەنرێت ئەگەر مـرۆڤ هێندە لەخۆی دڵنیا بێت و ڕەزامەند لە بووێریی خۆی بدوێت!

لەوەش دژوارتر ئەوەیە ئەگەر مـرۆڤ درۆزن نەبێت، کەس ڕێزی ناگرێت، کەس خۆشی ناوێت، بگرە لەوێوە بەچاوی کەم تەماشا دەکرێت! جا ئەگەر مـرۆڤ هەست بەکەمی نەکا! بەزۆر فێری دەکەن، دێـوەکان زانان دەزانن چۆن سۆپرمانیش ناچار دەکەن لەفریندا هەست بەکەمیی خۆی بکات!

هەست کردن بەکەمی ژەمە خۆراکێکە لە وولاتانی پێشکەوتوو لەشیری دایکەوە بە منداڵ دەدرێت! چونکە مـرۆڤ هەموو شتێکی فێر دەکرێت، بۆی نییە شتێک بڵێت کە هی خۆی بێت، مـرۆڤ هەمیشە نمایندەی ڕاکان وباوەڕی ئەوانی ترە.. کە هەمووامان دەزانیین بەڵام کەس ڕاستییەکان نادرکێنێت ! بۆ نموونە کەس ناوێرێت بڵێت: دەشێت مـرۆڤ خوابێت! گەرچی سەدان خواشیان هەیە لە میتۆلۆژیاکانی یۆنانی دێریندا !

کاتێک پەنا دەبەمە بەر قیبلەی ئافرەتی پاکژ.. دەبم بەتاقە خەندەیەک.. پڕدەبمەوە لەخۆشەویستی، کەچی دێـوێک دێت لەولاوە باسی خواو، دێـوێکی تر لەملاوە باسی نەزانی و درۆو تەعدام بۆدەکەن.. وادەزانن خەتای منە دێـوەکان ژیان بەرباد دەکەن!
من بابایەکم لەسروشتی خۆمدا کردەوەکانی خۆم دەبینم، هەست دەکەم زۆر زەحمەتە مـرۆڤ بتوانێت لەڕۆژێکدا لەزام ونێشی کردەوەکانی دێـوەکان دەرباز بێت.. بەتایبەتی کە ئافرەت دەبینم خۆیم لێدەکات بە دێـوی سەگ وپشیلە وبەراز شێوە! مان دەگرم.. خۆم  دەشارمەوە، دەترسم.. دۆعا بانگ دەکەم لێیدەپاڕێمەوە تا دۆعایەکم بۆبکات، تاپیس نەبم.
من تەنها پەنابەرێکم لەژورێکدا دەژیم، دەڵێی لەفانۆسێکی سیحریدا دەژیم.. تادێت قەبارەم بچوک و بچوکتر دەبێتەوە.. دەترسم لە پڕدیار نەمێنم وژوورەکەم هەڵملووشێت! ژوورەکەم دەمجوێت، تفم ناکاتەوە! بووم بە دوو بەشەوە! نیوەم لەدەرەوەیەو نیوەم لە ژوورەوە؛ گیانیشم لە غەیبا خەریکی تەماشا کردنی پەیکەرەکانی غەیبە. سەیری پۆرترێتی بتەکان و فریشتە باڵشکاوەکان دەکەم.
بەڵام کە کەرامەتی پیردەبینم یادم دێتەوە، کە دەفەرموێت: ڕاست برۆ، ڕاست بخۆ، ڕاست بیربکەرەوە، ڕاست بکە و بڵێ.. بەوشێوەیە ژیانت دەبووژێتەوە، بەلای کەمەوە ژوورەکەت بەزەیی پیاتدا دێتەوەو قووتت نادات!
من سەرسام نابم بەوەی کەدەیڵێم، کەدەیکەم، کەدەیخۆم.. بەڵام سەرسام دەبم کاتێک کە فریشـتەیەک دەبینم وورک دەگرێت.. تووڕە دەبێت.. نایەوێت فێربێت، نایەوێت خۆشەویستی مـرۆڤ بێت.. شوو دەکات بەسەگ.. سەگ وگورگ و پشیلە وبەراز دەپەرستێت.. بێزاردەبم کەدەبینم مەملەکەتێک ڕۆژ هەتا ئێوارە دەوەڕن.. سەگەکان تیایدا شەرم دەکەن، دەنووزێنن، بەنووزەنووز بەخاوەنەکانیـان دەڵێن: تکایە کەمێک هێواش بووەڕن، چونکە دڵی فریشـتەکانی دەروونمان ڕادەچەنێت!
من لەم هەژدەساڵەی ژیانی هەندەرانمدا هەرگیز بەحەپەی سەگ ڕا نەپەڕیوم لەخەو، بەڵکو لەوەڕینی خاوەنەکانیـان بیداربوومەتەوە و ڕاچەنیوم.. لێرە سەگ لەمـرۆڤ هێمنترە.. یەکجار سەگێک شێت بوو، منداڵێکی بەقەپاڵ خوارد، وابزانم دوانزەسەگیان کوشت لە تۆڵەیدا ! کەچی ڕۆژ نییە منداڵ نەکوژرێت، نەمبیست کەسێک دەنگی هەڵببڕێت بڵێت: دەبێ تاوانبار خۆی سزای خۆی بدات، دەنا دەکرێت بە خۆراکی بەراز.
من کە پیردەبینم، پێیدەڵێم کەی نەجاتم دەبێت؟ کەی پەنجەی عەشق لەمس دەکەمەوە؟ کەی ڕزگارم دەبێت؟ باوەڕم بەفێربوون نەماوە، ووشەکانم قورسن، ئاوسن، مـرۆڤەکان تێی ناگەن! بەهەرزمانێک دەدوێم، وادەزانن ورێنە دەکەم. تکا لەپیردەکەم بەشکوو بچێتە خەویان تا ئامۆژگاریان بکات.. تائەوان فێربکات نەک من.. بەڵکو ئەوان هەڵەن.. زمانی من پەتیو ڕەوایە، زمانی ویژدان ودادو ئاکارە.. زمانی ئایینەکانە.. نازی فریشـتەکانە، شەرمی خواکـانە.
زمانی من نوری لێ دەپژێت، بۆنی بغوردی لێ دێت.. زمانی من زمانی ساوایەکە لەبار دەبرێت.

بەپیر دەڵێم برۆ بەوان بڵێ: من هیچ لەئـێوە فێرنەبووم.. حاشا لەفێربونیش دەکەم.. من نامەوێت دێـو فێرم بکات.. دێـوەکانیش فێرناکەم گەر نەیانەوێت.. من دەمەوی وێنەی فریشـتەکان وخواکـان وماریاکان ومەسیحەکانی دەروونم بکێشم.. من دەمەوێ سەرخەوێک لە عیشقا بشکێنم.. تەماشایەکی عەشقەکان بکەم، هەڵیان بسەنگێنم، تابزانم تەندروستیی خەندەی عەشقی کێ دانەڕزاوە بە هەڵمەتی شێرپەنجەو دەرد؟

کاتێک کەکات دەوەستێت.. منیش دەوەستم، کەمێک بیرلەکەرامەتی خۆم دەکەمەوە.. تەپ وتۆزی ئەوڕۆژە، ئەوکاتە، ئەو چرکەیە لەعەشقی خۆم پاکژ دەکەمەوە. تەماشا سزەکانی دێـوپەرستەکان لەخۆم دەتەکێنم!

لە خەونەکانمدا بە پیردەڵێم: **من زیاترم نییە بیڵێم! ئەگەرجارێکی تر کات بووەستێت، بەپیـرشالیاردەڵێم: بیرت نەچـێت.. ئەگەر لەناودەروونی دێـوەکاندا مردم یاخود کوژرام، تکام وایە بمکەن بە هەزاران لەتەوە، هێـندەی ووشەکانی ناوقورئان، بەومەرجەی ووشەکانی شەڕوئەهریـمەن وجەهەننەم وسزاو تۆبە وجیهادو کفروتۆڵەی تیادەربهێنن.. یان دابەشم بکەن وەک ژمارەی پیەکانی ناوکتێـبی پیـرۆز، ناو ڕامایانا، ناو هەموو ئایینەکان.. بەڵام بیرتان نەچـێت.. شەڕبژاری بکەن، واتە لەبێژنگی ویژدانی بدەن!**

شەڕەکان لەناوئایینەکاندا لابەن.. زمانی ئایینەکان پاک بشۆنەوە وسەدجار تەعقیمی بکەن.. من بکەن بە پارچەی بچوک بچوکەوە، بمدەن بەمنداڵانی جیـهان، بمدەن بەڕاهیبەکان.. بڵێن پێیان ئەوە گۆشت و خوێنی ئەو خەندانەن کە لەناوتاندا تەنها مرد! چونکە دەزانم من دەبێت ببینرێم. لەمس بکرێم. ببیسترێم! چونکە من کڵاوە بابردووەکانی مـرۆڤایەتیم گرتۆتەوە.

ئەو شەوە کە لەئارارات نوستم هەڵەبووم بەهاوڕێـکانم ووت: ئەگەر مردم، لێرا بمنێژن. دەبوایە بمگۆتبا ئەگەر کوژرام لێرەدا لە بیستویەکەمی مانگی ئازاردا تەرمەکەم لەسەر ئەم لووتکەیە دانێن.. چونکە ئێشم پێیەتی، تەرمی خۆمە، کەس بۆی نییە بەکاری بەرێت.

ئەوشەوە کەپیـرشالیار هات وتکای لەمن کرد لە خەونمدا تا چیرۆکەکانی بۆ جیـهان بگێڕمەوە.. من دڵنیا نەبووم لەوەی کە دەوێرم خۆم لەقەرەی ئەم ڕاستییانە بدەم.. هەر چییەک دەکەم ناتوانم خۆم لەم ڕاستییانە گێل بکەم.. خۆم کەردەکەم، هەڵەدەکەم، درۆدەکەم کەچی سوودی نییە، کەدێمەوە ناو ژوورەکەم، دەچمەوە ناو قاوغەکەی خۆم.. خۆم بسمیل دەکەم و ئەگەر بتوانم بنووم، دەنووم.. کەچی فلّق مام پیـرشالیار دێتەخەونم. بە وورک وئیلحاحـیکی منداڵانە دەفەرمووێت: هاکوڕم چیت کرد؟ **ئەگەریش نا ڕۆژتاکو ئێوارە دادەنیشم لەناو دێـوەکانی دراوسێمدا، سەیری ئاسمان دەکەم، سەیری ئاسۆ.. منیش هەروەکو هەندێک لەخەڵکی باوەڕخۆشم، چاوەڕوانی هاتنی پاڵەوانێک دەکەم.. پاڵەوانێکی بێناو، خۆم گێلدەکەم وای نیشان دەدەم نەمدیوەو نایناسم!**

دێـوەکانیش مەکرم بەسەردا دەکەن، بەهەڵەمدا دەبەن، دەرمدەکەن لەسەرخوان ولەوڵاتی خۆیان.. دەرم دێنن لەدڵی خۆیان. خەریکم تووشی یەئس دەبم.. من بەودێـوانە ئاشنا نابم کە دڵیان نییە!

من تەنها تابلۆیەکم لەسەرشاپەڕی لەقلەقی پیـرۆز نووسراوم.. بەڵام چاوی دێـوەکان تیشک ناخوێنێتەوە! تابـلۆکانی ووشەکانی من نابینن. من پەنابەرێکم بەدوای عەشقی خۆمدا وێڵم. لەکرۆکی ماناکان لەدایک بووم، هەرچییەک دەڵێم ووتاری وانەکانی ئاکارە بەرزەکانە.. هەناسەی خواکـانە.. چونکە خواوەندەکان، فریشـتەکان هاوڕێی گیانیی مـرۆڤن.. چونکە خێرمەندیی ئێمە بوونی ئەوان پایەدار دەکات.. سرۆشی ئەوان گۆش دەکات.. هەستی جوانی لەژیاندا زامن دەکات..ئەگەر مـرۆڤ باوەڕی خۆی وەکو کۆرپەیەکی نازدار بەخێو نەکات! بەچی دەتوانێت خزمەتی خۆی بکات؟ جۆرێک لەمـرۆڤ هەن لەتاو هەست نەکردن بەمانا دەکەونە وێزەی خۆیان.. دەروونی خۆیان دەگەزن، خۆیان زامدار دەکەن، خوێن لەخۆیان دێنن!

کەسانێک هەن لەنێوماندا گیانی پەتین، دێن ودەچن! ئێمە نازانین ئەوانە کێن، بۆیە دەبێت لەهەردوورگەیەکدا مرۆڤ فێری ڕێزلێنان لەبێگانە ببێت.. دەبێت فێری بینین ببیت..لەقەبارەو پانتایی حورمەتی نەناسەکان بڕوانیت.. چونکە ڕوانین وتەماشا گیانی خۆشەویستیی مرۆڤ وەکو گوڵ ئاو دەدات.

من هیچ شتێک هێندەی تەماشای پڕڕێز خۆمم لەلا پیرۆز ناکات.. من دەتوانم زەخیرەی گیانیی دەیان ساڵ خێر لەتەماشای ڕەزامەندیی منداڵێکدا بخەم.

من خێرم هێندەی منداڵ خۆش دەوێت، حەزناکەم کەس خێر زویربکات یان بیترسێنێت! من تابلۆیەکم لەتابلۆکان، پەیامێکم پێیە منداڵانەو جوان.. حەزدەکەم فێری تەماشا بن.. تەماشای منداڵانە.. چونکە خواوەند لای من گچکۆکەو نەشمیلانەو جوانە وەک منداڵ! نەرمونۆڵ وناسک وبێخەوش لەگەردوونی مندا چاوی ناوەتە سەریەک، مشەی دێت ونووستووە، پەنجەگەورەی لەدەمناوەو پەنجەی خۆی دەمژێت.. بیری دایکی دەکات ئەویش.. منیش لەخۆزگەمدا دەبم بەدایک و باوکێکی پیرۆز بۆ خوای پیرۆز.. نازی پێدەدەم بەپێی توانا خزمەتی دەکەم، تاگەورە بێت، تا لەسەرپێی خۆی دەوەستێت! من خواکانی خۆمم خۆش دەوێت. خۆزگە تۆش دەتتوانی خواوەندت وەکو من خۆش بووێت!

من جیاوازییەکی ئەوتۆم نییە لەگەڵ تۆدا، بەڵام بەش بەخۆم دەتوانم بڵێم من ڕەنگی پیتەکان، گیانی پیتەکان دەبینم.. هەروەها خوا وخواکان ناپەرستم بەڵکو گۆش وپەروەردەیان دەکەم.. فێریان دەکەم؛ هاودەم وهاوخەمیانم؛ چونکە ئێوە تەنهایان دەکەن.. منیش دووژمنی تەنهایی و تاک کردنی هەر بوویەکم. ڕێگە نادەم تەنهایی بەشی خواوەند بێت.

من زۆر حەزم لەفێربوونە، فێربوونی تەماشا.. تەماشای جوانی، چی جوانییەک؟ ئەوجوانییەی کە مرۆڤ بەخۆی دەناسێنێت، فێری دەکات خۆی ببینێت.

من بابایەکی جوان ناسم، لەوەتەی هەم وهەست بەخۆم دەکەم سەرم لەجوانی دەسووڕمێت، سەرم لەتەماشا دەسووڕمێت..کاتێک سەر دەکەم بەگەردوونی هەر ئافرەتێکی جواندا، سەرم لەکەرامەتی دروست بوون دەسووڕمێت! بەخۆم دەڵێم: تۆ بڵێی خواکانیش عاشقی جوانیی ئەوان نەبن؟ دەبێت بۆچی خواوەند مرۆڤی هێندە جوان درووست کردبێت؟

کاتێک لە بێخەوشیی منداڵێک دەڕوانم خودی خواکانم لێدەبێت بە ساویلکەی بێخەوش.. تێدەگەم کە شەر هەرگیز ناتوانێت سروشتی خێر بگۆڕێت. چونکە خێر لە منداڵ دەچێت، منداڵیش لە خوودی خواوەند. ناچار دەچم بەگژی مەرگا.. کاتێک لەخەونەکانمدا سەردانی منداڵانی تووش بوو بە شێرپەنجە دەکەم لەخەستەخانەکانی جیهاندا، لەمەرگ تووڕە دەبم، بە مردن دەڵێم:**کێ تۆی دروست کرد؟ بەنەخۆشی دەڵێم کێ تۆی زان؟ ئەوانیش دەڵێن: ترس ودرۆ، شەڕو بووختان هۆکاری مردن وگرفتەکانی مرۆڤن.. ئەوان خۆیان مەرگیان داهێناو خوڵقاند!**

مەرگ فەرمووی: ئەگەر مرۆڤ جوان بڵێت، جوانکار بێت، جوان بیربکاتەوە.. گرەو لە مردن دەباتەوە، نەمری زامن دەکات، دەگات بە پلەکانی خواکان.

مرۆڤەکان زۆر سەیرن! وادەزانن تەنها پێغەمبەرەکان خاوەنی کەرامەت و پەیامن! بەڵام من لەوەتەی بووم بە پەنابەر، تێگەیشتووم کە هەر مرۆڤێک لە پێناوی هێنانی پەیامێکدا لەدایک دەبێت. هەر مرۆڤێکی خێرمەندیش پەیامبەریکە بۆ خۆی.

ئەو منداڵەی لەبار دەبرێت، ئەوەیش کە دووچاری دەردی کوشندە دەبێت، ئەوەیش کە خۆی دەکوژێت، ئەوانەی پڕ دەبن لەنەخۆشی و دەرد.. قورئان دەڵێت سزایەکن باوانیـان پێ سزا دەدرێت.. بەڵام من دەڵێم نا، وانییە.. ئەوان پەیامێکی تریان پێیە!

ئەوان ویستی گەڕانەوەیان هەیە هەرچی زووتر بۆ گەردوونێکی چاتر! ئەوانە پەشیمانن لە هاتنیـان بۆ ناو لەشکرگای دێـوەکان، بۆ جەهە ننەمێک کەژیان تاوی داوە بۆیان. یاخوود خواو خواکان بیریان دەکەن! ئێمە نازانیین خواوەند چۆن بیر دەکاتەوە. بەڵام ئەوە خواوەند نییە کە سزای منداڵ بە نەخۆشی و مەرگ دەدات.. نا؛ بەڵکو نەخۆشی پەیامێکی ترو ڕزگارکەرێکی ترە. **بەڵام مەرگ شێتە .. هەندێکجار دەست لە کەسانێک دەوەشێنێت کە شایەنی ئەوە نین! هەندێکجار مەرگ بە هەڵە دەست لە مرۆڤ دەوەشێنێت!**

هەن لەناوماندا بەر لە لەدایک بوون، جنۆکەکان داگیریان دەکەن.. یان ئەوان دەست درێژی دەکەنە سەر دایکی مـرۆڤ. بۆیە لە نێوماندا تووخمی فرە ڕەگەز هەن.

هەروەها لەدایکبوون پیشەی مـرۆڤ و هەسارەکان وتەنانەت پیشەی گەردوونەکانیشە! هەسارە هەیە کە لەدایک دەبێت دەمرێت.. بەڵام مردنی ئاوێتە بوونە لە قاڵبێکی تردا! هەندێک هەسارەش هەن لەبار دەچن! ئـێوە نازانن کە من پەنابەرێکی بێـوڵاتم، لەوەتەی هەم پەنا دەبەمە بەر جوانی، لەجوانـیدا بەدوای خەندە لێکچووەکانی خۆمدا دەگەڕێم.. دەمەوێت لەم ژیانەدا خەندەیەک ببینمەوە کە کوت و مت لەخەندەکانی خۆم دەچێت.

فێر بووم هەمیشە پەنابەر بم.. کە پەنا دەبەمە بەر خاک، خاک پێم دەڵێت: لەهەر سەرزەمینێکی ئەم گۆیەدا بژییت، ماڵی خۆتە، میوانی منیت..کە پەنا دەبەمە بەر جوانی، دەڵێت: تەماشام بکە! خۆیم بۆ ڕووت دەکاتەوە، لەبەر دەممدا سەمادەکات، سەیرم دەکات، بەزەیی پیامدا دێتەوە. کە پەناش دەبەمە بەر ژیان، بەرەو ڕووم دێت، بەدرۆوە پێم دەڵێت: ئەیەڕڕۆ خۆ هێشتا ماویت؟ چۆنە نەمردوویت؟ دەفەرموو کەمێک لەمندا بحەوێرەوە وسەرخەوێک بشکێنە! کە مرۆڤێکیش یان دێوێک لێم دەپرسێت: ئەرێ کاکە تۆ خەڵکی کوێیت؟ لە بزەیەکی برینداردا بە دوو دلی دەفەرمووم: کوردوستان! زۆر شەرمەزار دەبم کاتێک کە پرسیاری دووەمم لێ دەکرێت. کام کوردوستان؟ **ئیتر کاتێک کە وەڵام دەدەمەوە پڕ دەبم لە شەرمەزاری.. چونکە بەعس و ئەتاتوورک و شا و موقتەداو کەمالیست و بەعسی فاشیستم بیر دەکەوێتەوە! سەعدی کوڕی وەققاص دەبینم شمشێر دەنێتە سەر گەردنم و دەنەڕێنێت: دەبیت بە ئیسلام یان سەرت ببڕم؟ منیش بەو دەفەرمووم: من پەیامەکانی ئاهوڕامازا و زەدەشتم. یەکەم جارت نییە سەرم ببڕیت. من لێت ناترسم. ئیتر بەزەییم پڕ دەبێت لە ناسۆرو واز لەو ئاخاوتنەش دەهێنم لەگەڵ بەرامبەرەکەمدا و جگەرەیەک بە با دەدەم لە جیاتی!**

کاتێک هیچم دەست نەکەوێت پەنای بۆ بەرم.. دەچم بەمیوانیی ئەو هاوڕێیانەی کە زۆر حەز دەکەن ڕەخنە لەجوانیم بگرن.. دەچم بەمیوانییان، لەبری ئەوەی ڕەخنە لە باوەڕیان بگرم.. تەماشایان دەکەم.. لێیان دەبوورم.. دووبارە، سێبارە، دەیان وسەدان جار لێبووردن دەکەم بەتەماشا ولەوان دەبوورم. هێندە لەوان دەبوورم تا ماندوو دەبم.

هەندێک جار مـرۆڤێکی بێـوڵات، بێـئاڵا بێناو دەبینم..لەگەردوونی هونەردا، واتە بەغەیبا دێت ودەچێت..کاتێک کە دێت، لەزیندانی گومانەکانتاندا زنجیربەند لەدەست و پێی کراوە، چاوبەستتان کردووە ومەحکومتان کردووە بە گومانەکانتان.. دەتانەوێت ئەویش وەک خۆتان سست و لاوازو تەمبەڵ

بێت.. دەتانەوێت پێتان نەڵێت: عەشق ژیان ڕزگار دەکات، کەچی ئـێوە عیشقی ئەو بریندار دەکەن، ئازاری دەدەن، درۆ لەگەڵ عەشقی خۆشتان دەکەن.

ڕۆژێک لە ڕۆژان شەماڵ بانگی کردم، نا، ببورن، لە پەنجەرەی ژوورەکەمەوە تەق تەق تەق لە پەنجەرەی دا..چاوێکی لێداگرتم.. ئینجا پێی فەرمووم: سڵاو؟ فەرمووم: سڵاو. پاشان شەماڵ بۆنێکی خۆشی دارستانی لەپێش چاوی خۆمدا لەگیرفانی دەرهێناو فس، فس لەهەردوو لاملی خۆیدا!

پێی فەرمووم: بۆچی نایەیت بچین بۆ پیاسەیەک بۆ لای ئۆدین یان فریدا؟ فەرمووم : بۆ نا!..

پێکەوە لە زەردەی ئەوئێوارەیەدا بەرەو دەروونی دارستانەکە چوین.. شەماڵ بە شنەی خۆی، لەیاریدا بوو لەگەڵ خشەی گەڵاکانی ژێر پێی من و گەڵای درەختەکاندا.. ئێوارەیەکی پاییز بوو، پاییز لە ڕوخساری من دەچوو، مەحزوون و ماندو، ڕەنگی زەرد، هیواکانی  قاوەیی، عیشقی پرتەقاڵی! هەستی کوژەکەیی..

گوێم لەکۆراڵ و سەمفۆنی بوو.. چونکە شەماڵ لەخەوما قووتابیی من بوو، وانەی مۆسیقا-م فێر دەکرد بە زمانی کوردی! شەماڵ دەنگی لەگەڵ ئاوازی بادا مۆسیقای کۆراڵێکی گیانی بوو.. بەر بیستنم دەکەوت، دەیانخوێند: ئۆۆۆۆۆۆۆۆ...دیییییین..ئۆۆۆۆۆۆۆ..دیییییین..ئۆ ئۆ،ئۆ،ئۆ. دیییییییییین.. دینننننننننن..ئۆۆۆۆ،ئۆۆدیین..ئۆدین دینۆدینۆدین..دییییییییییییین. هتد..

کاتێک ئەو ئاوازە بەر گوێی ئاسمان کەوت.. هەستمکرد دووباڵی تاریک دێن.. دوو باڵی تاریکی دوو قەلەڕەشکە هاتن، شەویان هێنا.. ناو دارستانەکە تاریک داهات..

زۆری نەبرد  ئۆدینی خواوەندی وولاتی بەستەڵەک، دوای ونبوونی خۆر دەرکەوت، هاتە ناو دارستانەکەوە.

سڵاوی لێکردم، تۆپێکی هێلکە شێوەی لەدەست بوو، لە تۆڕی جاڵـجاڵـۆکە دەجوو، لایەکی تۆپەکە سەوزو لاکەی تری سوور بوو.. واتە سەوزوسووری تیشکین. فەرمووی: پیـرۆزبایی ئازاد بوونت لێدەکەم.. ئەی بێـوڵات.. بەخێر هاتی بۆ وولاتی بەستەڵەک. ڕاستە بەرێزتان کوردن و حەزرەتی نـوح-ن؟

فەرمووم: بەڵێ.. من لە وڵاتی ئـێوەدا دیل بووم. لێبووردنم بریندارە. جا جیاوازی چییە هەرکەسێک بم؟ فەرمووی بەچی دەتوانم دڵت بێنمەوە جێی خۆی؟

فەرمووم: بە  خەندەیەکی لە دڵەوەی میللەتەکەت؛ بە ووتەی جوان. ئۆدین کەمێک تەماشای کردم، زوو تێگەیی کەمن بابایەکی شەرمنم.. پشتی تێکردم، بینیم زەمین لایەکی بوو بە بەفر! لای چەپی بینینم بەفر داپۆشیی.. تومەس ئۆدین سروشتی ئاگرین وبەفرین بوو.. لە ناو بەفرەکەدا بینیم ئافرەتێک نیوەی لەشی ئەسپ بوو؛ نا ماینێکی قاوەیی کاڵ.. لەگەڵ ئەسپێکی جوامێری پشت پانی ڕەشدا لەناو بەفرا یارییان دەکرد.. پاش چەند نەرمەغارێکی بازنەیی ئەسپە ڕەشەکە سەری نا بەسەری ئەسپە قاوەییەکەوە.. تێر تێر ئەوی بۆن کرد وپێکەوە ئەهوەن بوونەوە.. پاشان لە هەردوو لاوە بە لێو لاملی یەکترییان لەمس دەکرد.. پاشان پێکەوە ئارەقێکی گەرمیان کردەوە.. هێواش هێواش ، چرکە لەدوای چرکە سروشت گیانی هەردووکیانی تێکەڵ بەیەک دەکرد.. جوتبوونێکی سەیر، خۆش وبێپرس بەدوای ئارەق کردنەوەدا ڕوویدا.. ئەسپە ڕەشەکە خۆی دەژەن، خۆش خۆش لیکاوی ماینەکە دەچکا! لیکاو لەنێوان ڕانییەوە زیاتر دەچکا وەک لە کاکیلەو ژێر زمانی.. پاشان پێکەوە دەبوون بە دوو مـرۆڤ، لەبەرچاومدا دەبوون بە دووگیانداری سەیر دووگیانداری زۆر سەیر!

دەمدی دەشتە بەفرینەکە کەشێوەی بازنەیی بوو دەگۆڕا بە تۆپێکی هێلکەیی تیشکین.. تیشکی سوور وسەوزم لە ناو هێلکەکەی دەستی ئۆدیندا دەدی.

فەرمووی ئەم سیحری بینینە لە ووشەکان جوانتر نیین؟ فەرمووم ئەوانیش کەرامەتی خۆیان هەیە.. بەڵام هێشتا هیچت بۆ باس نەکردووم. فەرمووی: ئەوەی لەدواییدا بینیت، ئەفسانەی دروست بوونی گیانی من بوو لەوکاتەدا کە لەتەنافەکانی جاڵـجاڵـۆکەی پیـرۆز جیا بووینەوە.. ئەوکاتە هەردوکمان لەناو تەنافی جاڵـجاڵـۆکەدا لە گەردووندا دەگەڕاین.. کاتێک کەسەرمان لەتەون دەرهێنا توانیمان بە ووشە زەریاو وشکانی و دارستانەکان دروست بکەین، توانیمان ژیان ببەخشین بە بەستەڵەک.. بەستەڵەک کەرامەتی ئێمەیە.

فەرمووم ئۆدین، لەپاداشتی ئەم ووتانەدا منیش ئاوازی ئۆدین دا دەنێم... ئاوازی ئۆدین. من بابایەکم گوێ لەسروشت دەگرم، بەزمانی ئۆدین دەدوێم لە هەیئەتی پەنابەریمدا.

هەژدەساڵە زیندانم و دێـوەکان خێسەم لێ دەکەن، بەتەمان ببم بەوان! منیش بابایەکی هونەرمەندو ساکارم.. خۆم بە خەڵکی ئەم سەر زەوییە دەزانم.. پەیامی ئێستاتیکام پێیە.. من قووتابیی خوڕەی ئاوو، دەنگی گڤەی باو..شەپۆل و ئاگروو ئاوم.

من هاوڕێی کۆترە سپییەکان و پەپوولە سپییەکان و هەنگ و مێروولە سپییەکانم. من دەنگی نەبیستراوی فەرموودەی ئامیین- ـم.. من بابایەکی ژیان بینم.. دەزانم زانستی سەردەم تێ ناگەم، بەڵام باوەڕ بە زانستی مۆلەق ناکەم.

من پەنابەرێکی بێ ووڵات و بێ ئاڵاو بێ کەسم.. لە خەونەکانم جیا نابمەوە.. دەترسم باسی زانستی خامۆشتان بۆ بکەم. بەڵام ئێستا لە خەڵوەتێکی کوشندەدا.. بە دوای پارچەکانی خۆمدا وێڵم.. سەیری هەر جوانێک دەکەم سەگم نیشان دەدات.. سەگ دەپەرستێت.. لە تاو سەگ پەرستی کەس ئاگای لە کەس نییە! منیش ماندوو شەکەت چاوی کزم دەگرمە نیگاکان.. سەیری قوڵایی جوانییەکان دەکەم.. تێناگەم بۆچی ئەو هەموو مـرۆڤانە تەنهان! تێ ناگەم بۆچی خۆیان دەکوژن! بۆ کەس کەسی خۆش ناوێت؟! من لێتان تێ ناگەم.. چاتر وایە گوێ لە تکاکانم بگرن.

من نمایندەی مێرولەکان و خواکـان و گیانەکانی مەملەکەتی جوانـییم.. بە کەشتییەکەی نـوح بەناو گەردووندا دەگەڕێم.. تەماشای جوان و جوانی دەکەم.. جوانییەکانتان دەبینم.. کەم هەن لەناوتاندا جوانیی پارێزراو بێت، یان نەدزرابێت لێی! هەن دەگمەنن لە ناوتاندا.. لە توخمێکی پیـرۆز دەچن.. بەڵام لە یادیان چووەتەوە کە پیـرۆزن.

هێندە جوانن نەبێتەوە.. لە خوودی حەزرەتی مارياکان دەچن.. دێن و دەچن، لە چوار دەورم باڵە فڕێ دەکەن.. تکایە فێری سەگ پەرستی مەبن.. خۆ منیش سەگم خۆش دەوێت.

مێرولەکان بە دەنگێکی گڕی کۆراڵ خوێندیان.. ئاوازی ئۆدیین و ئامیین.. ئامیین و ئۆدیین.

مێرولەیەکی زۆر بچووک هاتە خەوم، بە چپە پێی فەرمووم: لەمەودوا باسی هەست کردن بە کەمی بۆ من مەکە.. هەست بە کەمی کردن مەرتەبەیەکە مـرۆڤ لە دوای تەمەنێک یان وازی لێدەهێنێت یان دووچاری دەبێت.

مێرولەیەکی تر فەرمووی: مـرۆڤ کۆمەڵێک قۆناغ دەبڕێت، لەژیاندا دەبێت بە هەر شتێک.. نا جۆرترین بوون و گۆڕان ئەوەیە کە مـرۆڤ ببێت بە دێـو. جا هەستکردن بە کەمی ناجۆرتر نی‌یە لە بوون بە دێو! چونکە زووربەی دێوەکان بێ هەستن؛ تووڕە نابن، مان ناگرن، غەم ناخۆن؛ کەچی غەم دایان دەڕژێنێت.

# تابلۆی دێـو

لێتان تێكنەچـێت خەڵكینە من چیرۆک خوانم.. من لەپەرستگای تۆدا دانیشتووم.. بەهەڵە لێم تێمەگە! بەهەڵە فێرمەبە، كەمن دەڵێم مـرۆڤ، باسی فەزیلەت وچاكەی مـرۆڤ دەكەین!چونكە مـرۆڤی ڕەسەن نابێت بە دێـو.. كاتێک كە دەڵێم دێـو مەبەستم لە دێـوە، مەبەستم لە هەموومـرۆڤێک نییە؛ مەبەست لەوانەن كە لەم ژیانەدا و لە ژیانی بەرێدا تەنها شەڕو بەدكاری كردەوەیانە. چونكە دێـوەكان زۆر بوون لەناوماندا. من ناتوانم منداڵێكی بێ گەردو مرۆڤێكی شەڕخواز وەک و یەک پێناسە بكەم. چونكە ئامانجی مرۆڤ برەودان نییە بە شەڕو خراپەو وێرانكاری.. ئەوانە دێون كە ئەو كارە دەكەن.

مەبەستم لە دێـوپەرستیش نییە. چونكە دێو پەرستەكان مرۆڤە نادڵنیاكان و ترسنۆكەكانن.. ئەوانەن كە لە پێناوی مانەوەی خۆیاندا دەبن بە كۆیلەی دێوەكان؛ جا تیاندا هەن دەزانن چی دەكەن؛ زووربەیان نازانن چی دەكەن، چونكە بێ مێشک و تەفرەخۆرن. بەڵام دێـوەكان بە دە سەر یەک چاویان هەیە، ئەوان كوێرن وجوانی نابینن. بەڵام بەو تاكە چاوە كە هێـندەی باوەشێک گەورەیە، كۆی دزێوییەكان دەبینن، تەنها دزێوی نەک جوانی! سروشتیان پڕە لەنەخۆشی ودەرد، بەغیلن، ڕق ئەستوورو تۆڵە خوازن.

بەتەماشاكانیـان دەروونی خەڵكی پیس دەكەن، نەخۆشی ئاشنای دەروون دەكەن . خوا لاماندات لەبەڵاو بوغزی ئەوان!

چونكە دێـوەكان مەخلوقاتێكن لەناو مـرۆڤدا دەژین.. بچوكن، گەورەشن.. بەڵام خۆیان گەورە تر دەبینن.. دێـوەكان ناشیرین وڕووڕەشن.. چونكە دزن، ماڵی هەژاران دەدزن.. ئەوان دڵیان نییە بۆیە دڵ دەدزن. دەسووتێنن و قات وقڕ دەكەن وەک پاگاشۆڕا لە وولاتی ڕوواندا.. وەک سەددام و جاشەكانی بەعس و فارس و توورک كە سەری منداڵی كورد و مەسیحی و ئەرمەن و ئاشووری دەبڕن.. ئایا ئەمانە دێو نیین كە بە ناهەق كۆ كوژی دەكەن؟

زۆرخۆرن، لەترسا دڵەكان دەخۆن، زۆردەخۆن.. دەیانەوێت هەموو دنیا بخۆن، تابژین ونەمر بن..

لەمەرگ زۆر دەترسن! دێـوەكان نەرێتیان نییە، دەچن نەرێت بە میللەتی لە غەیری خۆیان دەفرۆشن! ئابڕویان نییەو ئابڕوی خەڵک دەدزن..كەلتووریان نییە وكەلتووری میللەتان دەدزن! دەچن وەكوبەراز سواری دایكی خۆیان دەبن.. بێشەرەف وبێناموسن.. وڵاتان داگیر دەكەن، خۆیان بە ڕابەر دەزانن! ئەوان لەپێناوی ئامانج و بەرژەوەندیی خۆیاندا سەری هەزاران منداڵ دەبڕن.. ڕازی نابن بە هیچ؛ خۆ ئەگەر بێت و چاوی خۆتیان پێ بدەیت؛ داوای سەرو دەم و چوارپەلت لێ دەكەن؛ دۆستن كاتێک كە نیازی خراپە لە دڵ دەگرن. ئەوان خوا درووستی نەكردوون؛ هەن لە نێوان مرۆڤەكاندا دەستكردی خواوەند نین؛ بەڵكو نموونەیەكی ڕاستی شەیتانن و ئەو ئەوانی بۆ لەناوبردنی جوانی داهێناوە؛ تا دژایەتی خواوەندی پێ بكات. بۆیە دەڵێم خواكان زۆرن؛ چونكە خواوەند بە تەنها بەو هەموو شەڕانە ناوێرێت كە شەیتانەكان بەرپای دەكەن. ئەوان لەسەر نەوت و تووتن و شەكرو ڕۆن و ئاو شەڕ دەكەن. گەر هیچیان دەست نەكەوێت، دەچن بە گژی خۆیاندا؛ چونكە شەڕ سروشتیانە.

وادەزانن وولات بەڕێوە دەبەن، وادەزانن لەسیاسەت تێدەگەن.. كەچی بۆنی زەهری مار لە قەپۆزیان دێت.. لەترساندا دڕن، چونكە زۆرن، بە تایەفە پێكەوە دەژین، بەنهێنی سواری یەكتری دەبن.. خەڵک وخوا دەكوژن، منداڵی سەر بێشكە سەردەبڕن، ئافرەت ئەتک دەكەن، تاوانەكانیـان بەسەریەكتریدا دەهێنن..

بێتاوان دەکوژن، سزای دەدەن.. چاوی دەردێنن.. ئەتکیان دەکەن. زمان و دەست و سەری خەڵک بە ناوی خواوە دەبڕن.. شەرم ناکەن.. چونکە قینیـان لە ئابڕوومەندی و جوانی پیـرۆزییە.

ئەودێـوانە چونکە زۆرن.. بوێرن. ئەگەرنا بڕۆ یەکێکیان تەنها بکە، بیخەوێنە (ئەگەر خەوی لێکەوت)، ئینجا لەخەو هەڵیسێنە! بزانە چەند ترسنۆک وبچکۆلەو کەرە.. دەبینیت لەترسا ڕادەچەنێ وکەرەکی بەدەوری خۆیدا هەڵدەتیزێنێت، شەق دەهاوێت، دەمی پیسە، هەرچەند دەوەڕێت، گیانێکی شەڕدەزێت.. بەڵێ، کە دەوەڕێت گیانەکانی شەڕدەزێنێت.. ئێستا بزانە من باسی چی مەخلوقێک دەکەم!

دێـوەکان، کە دەم بەجنێو دەکەنەوە و تووڕە دەبن، دێـو دەردەپەڕێنن.. شەق لەقنی خۆیان هەڵدەدەن کە دەڕۆن.. نەخۆشی لەپاشەڵیان دەوەرێت.. نەخۆشییەکانی هەموو بەشەرییەت لەوانەوە لەدایک دەبێت! بزانە چی دەفەرمووم.. تەنانەت ئەوان بوون کە مردنیـان هێنایە سەرزەوی.. چونکە مردن بوونی نەبوو.. سەردەمانێ هەبوو، کە ژیان وەستابووتیایدا.. مـرۆڤەکان نەمربوون.. کە گیانەکانی شەڕ لەسەردەمی ئادەمدا دابەزین و لەدایک بوون.. ئەم دێـوانەی ئەمڕۆ هێشتا لەدایک نەبووبوون! چونکە لەدڵی شەڕدا دێـوەکان لەناومـرۆڤدا دەژیان.. کە بوونەتە سەبەبکاری مردن ونەخۆشی وپیری!

بوودا تا نەمرد تێینەگەیی.. بوودابە بێباوەڕی مرد.. بەڵکو من دەزانم ئەو خۆی کوشت تاباوەڕبکات.. بەوەی کە خواشەڕدروست ناکات.. بوودا چونکە گومڕابوو، نەیدەزانی کە هزری بوونەوەر لەمێشکی مـرۆڤدایە.. مێشکی مـرۆڤ لەگیانیدایە، گیانی مـرۆڤ لەدەنگدایە.گیانی دەنگیش هەستێکی پەتییە، دەنگە شەڕهێنەرەکان شەڕونەخۆشی ومردن وپیری دووچاری بوون دەکەن. بەڵام دەنگە پیـرۆزەکان ئامیین دەچنن. ئایا دەزانیت کە ژیان لەو ساتەدا بەرینی پەیدا دەکات کە گیان پشوو دەدات؟ کە گیان تەوەری لەش دەبڕێت و دەربازی دەبێت؟ ئایا دەزانیت کە گەورەترین سەرمایەی مرۆڤ مەرگە، مەرگ؟ چونکە تەنها ئەو ڕێگەکانی هەمیشەیی دەناسێت و چراکانی نەجات لە دەستی ئەودایە. بەڵام وانەزانی مەرگ ڕێگە دەدات بە دێو تا زەفەر بە ژیانی هەمیشەیی بەرێت! نا؛ بەڵکو مەرگ زۆر وورییایە لە دووپاتکردنەوەی ئەو دێوانە لە ژیاندا تا بە کردەوەکانی خۆیان جەزایان بداتەوە. چونکە کردەوەکانی دێو هەمیشە بوونی ئەوان زامن دەکەن؛ ئەوان دەبن بەوەی کە دەیکەن. ئێستا بزانن بۆچی هەمووئایینەکان دەڵێن **درۆمەکەن،** دزی مەکەن، شەڕمەکەن.. تووڕە مەبن بەخۆڕایی و لە خۆڕایی!

چونکە دەزانن کەمـرۆڤ زۆر ئازایە، زۆر پیـرۆزە، مەزنە.. ئەگەر بێت و شەڕنەبێت.. مـرۆڤ بەنەمری دەگات. دێـوەکانن بەدرۆکانیـان، بەڕەفتاری شەڕیان، بە سروشتی دزێویان نایەڵن مـرۆڤ پێبگات.. ئەودێـوانە سیاسین.. سیاسەتمەدارانی جیـهان، هەمووجیـهان.. ئەوانن بەهەڵە لەدایک نابن چونکە ئەوانە هەموو چرکەیەک دەمرن وزینـدوودەبنەوە.. ئەوسیاسییانە لەژیاندا مردن ودەرد و نەخۆشی بڵاو دەکەنەوە، بۆیە زۆردەبن، زۆرن.. چونکە دەیانەوێت مـرۆڤایەتی قڕبکەن تافریای گەیشتن بەنەجات و ئازادی نەکەون. چونکە دێـوەکان دەزانن ئەگەر ڕێگە بەوە بدەن، ئەوامـرۆڤ ئازاد دەبێت، ئەوسا ئەوانیش دەمرن!

**چونکە دێـو بوونەوەرێکە لە ئازادی دەترسێت.**

دەزانن ئازادی مەرگی ئەوان زامن دەکات بۆیە ئەودێـوانە نامرن، چونکە بە تاکە درۆیەک،بە تێوەژانێدنێک دێـوێکی وەک خۆی لێدەزێت! ئێستا منی چیرۆکخوان وەڵامی پرسیارەکانی زاناکانی سەردەم و وەڵامی پرسیارەکانی بووداو زەردەشت دەدەمەوە، دەڵێم دێـو، بەدرۆکانی، بەتووڕەیی، بەجنێو شەڕومردن ونەخۆشی وپیری دروستدەکات، لەمـرۆڤدا دروستی دەکات. نازانم چەند باوەڕت پێم هەیە؟

هیچ خواوەندێک دێوی دروست نەکردووە، چاک بزانن، مرۆڤ خۆی خوودی خۆی دروست کردووە، دەیەوێت ببێت بە خێرێکی موتڵەق.. بێگومانم لەوەی کە مرۆڤ خۆی خۆی دروست کردووە.

دێوەکان لەدەسەڵاتی مرۆڤ بەئاگان، دەزانن کە مرۆڤ سەردەمانێک لەمەوپێش خواکانیان داهێنا! بەڵام لەبیریان براوەتەوە.. مرۆڤ لەگەورەیی دەسەڵاتی کەم کراوەتەوە! تەنانەت مرۆڤ باڵەکانیشی لێ سەندراوەتەوە. بۆیە هەن لەناوماندا بوون بە دێو.. هەندێک لە مرۆڤەکان لە دێر زەماندا بوون بە دێو، بە بەراز، بە مەیموون.

بەداخەوە مرۆڤ بوو کە بە کردەوەکانی شەیتان و دێوی دروستکرد لەڕاستیدا، خواکان نەبوون! هەمووئایین وباوەڕەکان دەبێت کڕنووش بۆئەم ڕاستییە بەرن، کە خواکان جگە لە جوانی و باوەڕو ئازادی هیچی تر نین.

یەکەم جارکە مرۆڤ فێری درۆ بوو، لە درۆکان شەڕی دروست کرد، شەڕمردن ونەخۆشی وپیری..بیرتان نەچێت، خواوەند نە دێوو نە ئەهریمەنی دروست کردووە. بەڵام مرۆڤ، مرۆڤی ڕەسەن دەستکردی خوان. ئەمەتان لە بیر نەچێت!

مرۆڤ، ئەم گۆیەو، ئەم ژیانەو، ئەم زەوییەی دروستکردووە.. مەبەست لەدروستبوونیشی شایەنی باسە، چونکە مرۆڤ ئەم هەمووتوانایە بەکاردەبات لەپێناوی ئەوەدا بەئازادی بگات، بەخوابگات، بۆیە زەویی دروستکرد، بەداخەوە مرۆڤ دوایی تەقەلاکانی دۆڕاند.. دێوی دەسەڵاتی سیاسیی داهێنا.. وایزانی بەوە دەگات بەخواو بت وخواکانیش دەدۆزێتەوە! مرۆڤ بە داهێنانی درۆ، ڕیشەی خواکانی لە دەروونی خۆیدا هەڵکێشا. بۆیە مرۆڤ هەندێکیان کە بوون بە دێو.. بەدرۆکانیان خواکانی ناو دەروونی خۆیان قاو داو دۆڕاندیانن.. تووڕەبوون .. دەمیان پیس بوو، فێری ڕشتنی خوێن بوون ! سیاسییەکان، واتە دێوەکان، هێشتا لە زۆربووندان.. دەبینن چی بە جیهان دەکەن؟ ئیتر باسی خوای چی بۆمن دەکەن؟ ئەی دێوەکان!

ئێوە هێشتا کەرامەتی خۆتان نەبینیوە، چۆن دەتوانن باسی گەیشتن بەخوابکەن؟ ئێوە هێشتا بەئاشکرا بە بەرچاوی هەمووجیهانەوە درۆدەکەن ومرۆڤی دەبەنگیش چەپڵەتان بۆلێدەدەن؟! ئیترباسی چیتان بۆبکەم؟ نازانم، هەرچییەک دەبینم درۆ دەکات، بەدرۆ دەخوات، بەدرۆ کار دەکات، بەدرۆ دەدوێت.. بەدرۆ وێنە دەکێشێت دەنووسێت، ئابڕووی ووشەی ڕاستگۆدەبات.. هەرچییەک دەبینم پڕە لەدرۆ، منیشتان پڕکردووە لە ترس، لەتاوا خۆم دەشارمەوە لەمرۆڤی دێو پەرست.. مرۆڤەکان توانای بینینی یەکترییان نەماوە.. چونکە دەسەڵاتی دێوەکان لە نیگاکانی یەکتریدا دەبینن. مرۆڤی ڕەسەن کەسێکە کە دەتوانێت دێوەکان ببینێت. منداڵ ئەو کارەی چاتر لەدەست دێت؛ چونکە چاکتر دەبینێت.

بەترسەوە سەیری ئافرەت وجوانی دەکەم لە هەستکردن بەکەمییاندا! دەیانەوێت من فێری درۆبکەن!هێندە ئەحمەقن نازانن من جەهەننەمم داگیرساندووە بۆ باسی ناجۆر، بۆ تەماشای بەراز، بۆ ڕقی ئەهریمەن.. من هەرفریای ئەوەدەکەوم تەپوتۆزی ڕقەکانتان لەخۆم بتەکێنم! وا دەزانن من پێتان ناوێرم؟ ڕاستە بۆئەوەی دەستم بەردەستتان نەکەوێت، لێتان ناکەوم، هەوڵ دەدەم دوورە پەرێز بم.. بەڵام بە ڕەفتارو بەتەماشا فێرتان دەکەم.

دێوەکانی دەوروبەرم ترسنۆک وبایی وهەلپەرست و خۆپەرست وئەهریمەنن.. دەبێت داوەری بکرێن! نابێت تازەبەتازە پەرداخی شەرابی هیتلەر مەزات بکەن، بەملیۆنێک بیفرۆشن.. ئەی داوەشێن گەلی ڕۆژئاوا ئێوە لە دێوهیتلەر- هیچ فێرنەبوون. دێوەکان بەبێ شەڕ هەڵناکەن! وادەزانن بەوە مرۆڤ سەردەخەن گەر میللەتان وباوەڕ وئایینی گەلانی ڕۆژهەڵات لە ناوبەرن، پاش ئەوەی کە دزییان کرد، کە

درۆیان کرد بە کەلتووری رۆژهەلات، کە  خوێن رژاندنیـان کرد بەخوو، کە شەڕیان خولقاند، کە مەسیحیان کردە خۆراکی دێـوەکان! هەندێک لە مـرۆڤ سروشتی خۆیان وون کردووە لەدرۆو شەڕو تووڕەیی و تەعدادا. بوون بە دێـوی گێل وەنەزان. هونەرمەندەکانتان کارگەی چەکی ڕق وکینەو دوژمنایەتی خرۆشانن!

ئاخر چۆن دەبێت بەناوی ئازادیی رادەربڕینەوە پێـغەمـبەرێک سووک بکرێت؟ چۆن دەبێت مـرۆڤ رێگە بەخۆی بدات پێـغەمـبەرێک دزێو نیشان بدات؟یان لەناو پەرستگاو کەنیسەدا زینا بکات؟ یان بەناوی ئایینەوە سەربڕێت ومالّی لێقەوماوان داگیر بکات؟

من سەرمکرد بەرۆژنامەکانی زووربەی دورگەکاندا، هیچیان نووسراوێکیان بۆ بلاّو نەکردمەوە، چونکە رێگەیان نەدام لەجوانی بدوێم.. گەلی ولاّتی هەستکردن بەکەمی باسی زەبر پێکەوتنی کەلتوورو سەدەمەی کەلتوورو جیاوازی کەلتوورم بۆ دەکەن.. وادەزانن کەلتوور دەست وقاچی هەیە!

لەوەتەی لە رۆژئاوا دەژیم لەبوغزی کەلتووریان تێناگەم! شانازی بە بازرگانیی کۆیلەوە دەکەن، شانازی بە هیتلەرو ئەهریـمەن وبەرازو فیتنەوە دەکەن.. ئافرەت دەکەن بەقاحبەیەکی نەخۆش، دەیکەن بەچەکێکی کوشندە و بەجیـهاندا بلاّوی دەکەنەوە.. مـرۆڤ دەکەن بە دێـوێکی ترسنۆک، شیر بەمندالّەکانیـان نادەن.. هەرچی خواپێی ناخۆش بێت دەیکەن.. مندالّ لەدایک دەکەن، مندالّ دەکەن بە دوژمنی باوان، سومعەی باوک دەشێوێنن.. شەرم لە هیچ ناکەن.. بە هەزار دەست چەک دروست دەکەن ودەیفرۆشن، کەچی لەولاشەوە خۆیان لەقوربانییەکانی جەنگەکان دەکەن بە دایک وباوک ودێـوی بەزەیی وحەقپەرست! هەلّدەکوتنە سەر کەرامەتی مندالّەکانی خۆیان.. سواری بەراز دەبن.. جیـهان تووڕە دەکەن، وادەزانن بە ئاگرو باو دەریاو سروشت دەوێرن!

وادەزانن دەتوانن ئەفریقاو رۆژهەلاّت بکەن بە مردووخانە.. وادەزانن ئازادی بریتیە لەوەی مـرۆڤ ببێت بە قاحبەیەکی بێئابڕوو بێکەرامەت، بەکالاّی هەرزانی دەستی هەرکەسێک. بۆیە من هیچ لەوانەوە فێر نەبووم.. شانازی بەکەلتووری مل هوڕو داگیرکەرو رەگەز پەرستەوە ناکەم.. کەلتووری وەحشییەت وسادیزمم خۆش ناوێت!

کەلتوور کە نەخۆش کەوت.. پیردەبێت، دەمرێت، باوەڕی بەر لەمردن لەناو دەچێت.. کەلتوور نابێت وەها بێت.. گوی تێبێت ئەوکەلتوورەی کەمن فێردەکات قێز لە جوانییەکانیـان بکەمەوە.. کە ئافرەت دەکات بە قاحبەیەکی ناوگەلّ بۆگەنی نەخۆشی سەر شەقامەکان! نامەوێت ئەو کەلتوورەی تیایدا پێـغەمـبەرەکان بەخاچا هەلّدەواسێت، مارياکان سووک دەکات! مندالّ لەباوان دەکات ومـرۆڤ دەکات بەسەگی هارو سەگ پەرست. نامەوێت ئەو کەلتوورەی کە مندالّ ناچار دەکات لە باوانی خۆی بێتە دەم و بەوان بلّێت: دەمت داخە گوویسەگ! نامەوێت هیچی ترتان لێوە فێر بم، کاتێک کە کەلتووری منتان قەدەغە کردووە لە خۆتان.

من هونەرمەندێکم شانازی بەپەیامی خەونەکانمەوە دەکەم.. وامەزانن ناتوانم فێرتان بکەم.. ئەوکەلتوورەی نەتوانێت هیچ فێری من بکات.. فێری دەکەم گەر داوای بکات.. هاتووم بە دێـوەکانتان دەلّێم: ئـێوە نەخۆشن! ئـێوە ئەزمەی ئاکارو ئەزمەی کەلتوورو ئەزمەی باوەڕتان هەیە.. ئـێوە بوون بەدێـو، دێـوەکانتان سروشتی ژیان دەشێوێنێت، بەستەلّەکەکان دەڕوخێنێت، کردەوەکانـتان گەندەلّن.. ئـێوە مایەی شانازیی من نیین. چونکە ژیان تووڕەیە لێتان..

زل هێزە هەشت سەرەکان لەپێناوی کاڵاکانیـاندا مـرۆڤایەتی وەکو مێش قڕدەکەن، لە پێناوی بازاڕەکانیـاندا بەهەزار زمان بوختان دەکەن.. هێندە نەخۆشن نازانن چی دەکەن، بەهەزار دەست دەڕوخێنن وبەدەستێک بنیاتدەنێن!

مێرولەکان فەرموویان: دێـوەکان لە زۆربووندا لەناو دەچن.. شەڕەکان دەچنەوە یەک، بە یاریدە دانی یەکتری یەکتری قڕ دەکەن.. دێـوەکان ناتوانن سوودمەندانە ژیان بەکار بەرن. باکان، شەپۆلەکان، ئاگرەکان، زەمین تووڕەن لە دێـوەکان.. چونکە هەندێک لە شەیتانەکان ـ دێـو لە شێوەی مرۆڤدا زۆر دەکەن لە ناوماندا. مرۆڤ تێکەڵاو بووە! کاتێک دێت کە مرۆڤەکان گشتیان دووچاری تەنهایی دەبن؛ دەترسن و لەسێبەری خۆیان هەڵدێن؛ لەپڕ نەخۆش دەکەون؛ لە پڕ دەمرن. ئەوجا تۆفانیک دێت، تۆفانێک کە کەس چاوەڕوانی ناکات! کاتێک دێت کە زلهێزەکان مافەکانی زاگرۆس پێشێل دەکەن و مرۆڤەکان دەکەن بە ژێر ئاوەوە بۆ بەرژەوەندیی خۆیان. کاتێک کە مرۆڤ لەسەر قوومێک ئاو شەڕ دەکات. تۆفان تووڕە دەبێت. ئەوسا بە شەق بەر دەبێتە وێزەی بەستەڵەکەکان. ئەوسا مرۆڤێکی بێ ناوو بێ وڵات و ئاڵا دەر دەپەڕێت. کەس باوەڕ بە ووتەکان و فەرموودەکانی ناکات. ئەو دەڵێت: من بەزەییم بە جیهاندا نایەتەوە. چونکە دۆعاتان بەردباران کرد، چونکە مرۆڤەکانی زاگرۆس لە پێناوی پاراستنی کەلتووری نوح دا گڕ لەخۆیان بەر دەدەن. چونکە ئافرەتانی کورد خۆیان دەکەن بە مەشخەڵ بۆ یادی نەورۆز، بۆ سەرفرازیی نوح و ئیبراهیم و زەردەشت.

## تابلۆی ئەسکەندەر

بێـوڵات وبێـئاڵا مـرۆڤێکی زۆر سەیرە! هەموو بوورجەکان لەسەری ئەودا دەبینرێت..کاتێک کە کات دەوەستێت، لەسەری ئەودا هەموو شتێک دەبینرێت.. بینیم ئەسکەندەری مەزن لەشێوەی بوورجی دوانەدا

لەئاسماندا وەک ڕیزە ئەستێرەیەکی  لوولپێچ دەبینرێت. ئەسکەندەر تیرو کەوانی لەدەست بوو.. تیروکەوانی دیاریی زاگرۆسییەکان ـ کە بەویان دابوو، لەکاکێشاندا تیری لەدۆخی نیشانە گرتنەوەدا هێنابووەوە یەک، نیشانەی لە پەیکەرەکەی بوودا گرتبووەوە، بەرامبەر خاڵی سپیی ناوچەوانی بوودا تیری هێنابووەوە یەک وبە تووڕەییەوە بە بوودای دەفەرموو: ئاخر کافر چۆن دەتوانیت لە پێناوی هەمیشەییدا بەتەنها نوێژەکانت بکەیت؟! چۆن توانیت دەست لەخێزان وکۆرپەی خۆت هەڵگریت؟ چۆن توانیت مت بوون بکەیت بە پەرستگای نیرڤانا و ئەویش بە فەنا لەقەڵەم بدەیت؟ چۆن توانیت؟ ئەمە شایەنی کەلتووری من نییە.

مـرۆڤ بە پێکەوە بوون دەگات بە نێرڤانا نەک بە خوود گۆشەگیرکردن وتەنهایی پەرستن.. مـرۆڤ دەبێت لە گیانی یەکبووندا بە کۆمەڵگە، بەجیـهان، بە مـرۆڤایەتی ئینجا بە بوونەوەر بگات بە مەرتەبەی کەرامەت.. لەوێدا بە پلەکانی نیرڤانا دەگات. نەک لە مت بوون و چەق بەستن لەسەر هیچ!

تەنهایی باوەڕی مـرۆڤی جوان دەکوژێت، لە ناوی دەبات.. مـرۆڤ دەبێت لەگەڵ خۆشەویست ترین خۆشەویستی خۆیدا نوێژ بکات تا لە هەمیشەییدا بژی، هەست بەئازادیی گیانی بکات. بە کەماڵی گیانی، بەیەکبوونی گیانی لەگەڵ بوونەوەردا.

ئەی بوودا تەنیایی و دوورە پەرێزی نوێژکردن و پەرستاری نییە! ئەم تیرە بنێم بە ناوچەوانتەوە؟ ها؟ بینێم بە دڵتەوە؟

ئەسکەندەرم بینی تووڕە بوو لە ئاسمانی سەری ئەودا.. زۆر تووڕە بوو لە بوودا. لەبەر ئەوەی ئەو پشتی کردبووە ژینگەو **بە دوای چارەکانی مەرگ و نەخۆشی و پیری دا نەگەیی بە قەناعەت.**

پشتی ئەسکەندەر کە ڕەگەزی مێینە بوو، ئەویش وەک ئەسکەندەر کەوانی هێنابووەوە یەک.. بەرامبەر بە پەیکەری شیڤا ڕاوەستابوو، نیشانەی لەناوچەوانی ئەو گرتبووەوەو بە تووڕەییەوە بە شیڤای دەگووت:

**ئەوەی بە ڕاستی ژیان بنیات دەنێت ، ناڕوخێنێت.. تۆ بە هەزاران دەست درووست دەکەیت و بنیات دەنێیت، کەچی بەهەزاران دەستیش تێک دەدەیت، دەڕوخێنیت! ئەمە زانستی چی ئاسمانێکە تۆ لاریت لێی نییە؟**

تۆ مافی ژیانت نییە گەر شەڕوخێر هاوشێوە هەڵبسەنگێنێت! دەبێت خۆت یەکلا بکەیتەوە، یا ئەوەتا خێرێکی پەتییت، یاخود شەڕێکی پەتی. دەنا من دەتوانم ناوچەوانت بپێکم.

شیڤا و بوودا پێکەوە لەگەردوونی سەری بێـوڵاتدا دەیانگووت: نۆکەرتین، ئێمە کردمان تۆ نەیکەیت. تا ماوین گوێ لەتۆ دەگرین، چونکە ئێمە قوتابیی ناکامڵی حەزرەتی نـوح بووین.. پێڕا نەگەیشتین هەموو دەقەکانی ڤیدا لەوەوە فێر بین.

لەسەری بێـوڵاتدا هەموو بوورجەکان دەبینرێت.. ئـێوە دەربارەی بورجی دۆعا هیچ نازانن، دەزانم یەکەم جارە بوورجی دۆعا ببیستن.. دەبا من بۆتان باس بکەم کەلە کەشکۆڵی ئەودا بوورجێک بەر لەماوەیەک لەمەوبەر لەبوونەوەردا دروست بوو، بوورجی دۆعای ناو دەنێم من.

ڕۆژێکیان بێـوڵاتیان لەزیندانندا دەرپەڕاند، بەزۆر بردیان بۆ کاری تیمار کردن! بردیانە سەر هەسارەیەک لەگەردوونی دۆعا.. ووتیان: ئەم ئەستێرانە نەزیفیان بەربووە، گەر بەڕێزتان فریایان نەکەوێت، دەمرن! بێـوڵات بە زمانێکی نامۆ بە سستەرە دێـو پەرستەکەی فەرموو( کە سستەرێکی سێ سەر بوو، شەش دەمی هەبوو): زەحمەت نەبێت دەتوانی بەتەنها بەجێمان بهێڵیت؟ سستەرەکە تێگەیی و مۆڵەتی دان تا ئەستێرەکان و بێـوڵات بەتەنها پێکەوە بن.

ئەستێرەکان کە گیان ومێشک ولەشیان تێکشکابوو! نەزیفی هەموو گیانیان بەر بووبوو، نەزیفی ترس، زریکە، فەریاد! نەزیفی گریان وپاڕانەوەیان لە باوانی بێڕەحمیان! نەزیفی بەزەییان بەر بووبوو، خوێن لەچاوو دەم و لووتیانەوە فیچقەی دەکرد، بەدەم قوڵپە قوڵپی خوێنەوە خۆیان بە بێـولات ناساندو بە ئاوازێکی غەمگینی کۆراڵ فەرموویان: ناومان دۆعا-یە!

بێـولاتیش گیانی خۆی کردبوو بە چەپکێک گوڵی نێرگزو گوڵەباخی ڕەنگیین، بەدیار ئەوانەوە لە دۆخی نوێژدا ڕاوەستابوو و نوێژەکانی بۆ دۆعاکان دەخوێند... لە دڵی خۆیدا تەرتیلەو ئۆپرای دۆعای دەخوێند: دۆۆۆۆۆۆۆعااااااااا.. دۆدۆدۆدۆدۆدۆدۆدۆدۆدعاآآآآآآ..دۆعا! دۆعا؟ پاشان چەپکە گوڵەکەی دایە دەستی دۆعا و فەرمووی: ئەمە دیاریی گەردوونی تۆیە، بورجی تۆش لە بوونەوەردا لەدایک بوو، ئەم چەپکە گوڵە لەخودی ئاهوڕامازداوە، واتە لەیادی بوونەوەرەوە پێشکەشە بەتۆ.. هیوادارم چاک بیتەوە و لێبووردنت شیفای بێت. هیوادارم دۆعاکان بین بەیەک.

دۆعا گریا! فەرمووی: ئاخر لەچەندکەس خۆشبم؟! فەرمووی: بەلای کەمەوە لەمن. دۆعا فەرمووی: تۆ تەنها ئاوازێکی گیانییت.. دەتوانیت کەمێک گۆرانیی گیانیم بۆ بخوێنیت؟ فەرمووی بەڵێ. پاشان دەستی بە خوێندن کرد.

باسی ناوەڕۆکی بورجی دۆعاتان لە کتێـبی دووەمدا بۆ تەواو دەکەم، خۆشەویستەکەم مـرۆڤ. چونکە ئێستا دۆعا خۆشەویستی لەگەڵ گیانی لاوێکدا دەکات لەگەردووندا، کە بەر لەهەزاران ساڵ لەئارارات بەدەستی دێـوەکانی بیابان سەربڕدرا! لاوەکە ناوی کاکل – ـە!

بۆیە لەم سەردەمەدا، زاگرۆسییەکان لەناوبردنی ئافرەتیان لەوانەوە بە میرات بۆ ماوەتەوە.. چونکە دێـوەکانی بیابان و نەژادی سەردەمی جاهیلی لەهەر وڵاتێک بڵاوببنەوە، نەخۆشیی کوشتن وتەعداو ناموس بردن وسەربڕین وزمان بڕین و دست بڕین بەناوی خواوە بڵاو دەکەنەوە.

مێرولەکان فەرموویان: زامەکانی دۆعا چاک نابنەوە.. بەڵام دەبێت مـرۆڤەکان فێر بن، لە هەر جێگایەک ئافرەتێک لەبەر هەر هۆیەک بکوژرێت.. دەبێت سزای گشتی بەسەر ئەو ناوچەیەدا بدرێت. چونکە ئاهورامازدا ئەو میللەتە بە لەعنەت دەکات کە ئافرەت بەرد باران دەکات. هیچ ئایینێک، هیچ خوایەک سزای ئافرەت و منداڵ بە کوشتن ڕێگە نادات. ئەوەی بە ناوی خواوە سزا دەدات.. لە ئەهلی کوفرە و ئەهریـمەن گیانی پەروەردە دەکات. بەڵکوو دێوەو زادەی گیانی ئەهریمەنە. چونکە دێو بێ بەزەییە. دێو سروشتی پیسەو ڕقی لەخۆشەویستییە. دێون ئەوانەی لەخۆپەرستیی عیشقدا هاوسەرو هاوگیان و هاووڵاتیی خۆیان دەکوژن. دێوەکان زۆرن لەناو مرۆڤەکاندا. هەن مرۆڤن و کردەی خوان و هەن لەناوماندا دێوی شەڕو کردەی شەیتان. ڕۆژێک دێت؛ نەخۆشییەکان ڕادەپەڕن؛ ترسەکان زۆر دەبن؛ دێوپەرستەکان ماندوو دەبن. هەڵدەوەرێن، بە نەخۆشییەک لەناو دەچن زۆر سەیرو بێ چارە تەماشای یەکتری دەکەن. ڕۆژێک دێت تیایدا یاریدەکان دەمرن!

مێرولەیەکی بیرەوەر فەرمووی: تا ئێستا کەس؛ هیچ کەس نازانێت کە بەردەکان، شاخەکان گشتیان دەست و پێ و سەروو لەشی خواکانن بە ئاسمانەکاندا گڕ دەخۆن و پاشان هەندێکیان بە متی لەسەر سرووشت پەخش دەبن. بۆیە خواکان زۆرن. بەردەکان ووتیان ئێمە گەواهی ئەم فەرموودەیەین. ئێوە بە ئێمە دۆعاتان بەردباران کرد. ئێمەش لێتان خۆش نابیین. چونکە هێشتا فێری ڕێزگرتن لەبەرد نەبوون! چۆن دەتوانن ڕێز لەخۆتان و لەخواکانتان بگرن؟

مێرولەیەکی غەیبناس فەرمووی: لە دەروازەی بوونەوەردا گازەکان و گیانەکان ئاوێتە دەبن. دەبن بە دەسەڵاتێکی مەزن و دادگایەکی گیانی کە ڕێگری لە هەر ناجۆرییەک دەکەن و نایەڵن دێوەکان بگەن بە

هەمیشەیی. گیانە فیداکارەکان؛ ئەوانەی وەک دۆعا، وەک مەزلووم دوخان( زیندانییەکی کورد کە لەتاو ئەشکەنجەی دێوەکانی توورک، لە زیندانندا، لە ڕۆژی نەورۆزدا گڕ لە خۆی بەر دەدات، تا کەرامەتی باوەڕیی نیشیمانیی خۆی بکات بە گەنجینەی باوەڕ بۆ نەوەکانی داهاتووی کورد)وەک ئاشتی سەروەر (کچە کوردێکی پیرۆزە کە لە پێناوی باوەڕی نیشتیمانیدا بە دەستی ئامۆزای خۆی بە حەفتاو دوو گوولە دەکوژرێت) وەک زەکییە ئەلخان (کچە کوردێکی پیرۆزی میللەت پەروەرە کە لە دیاربەکر بە گڕ لەخۆبەردان مافی ئاهەنگی نەورۆز زامن دەکات و دێوەکانی توورک فێر دەکات کە ناتوانن ڕێگری لە هەستی وولات پەروەری بگرن) و هەزاران مرۆڤی ئەنفال کراو، هەزاران گیانی بە ناهەق سەرقرتکراو دەبن بە دووکەڵ، ئاسمانەکان پڕ دەکەن لە دادی تۆڵە. ئەوانە خواکانی حەزرەتی نوحن. نوح گیانی مرۆڤی خۆبەختکەر دەپەرستێت. چونکە مرۆڤ پیرۆزترین گەنجی بوونەوەرە. تا ئەو کاتەی مرۆڤێک بە ناهەقی مافی ژیانی لێ زەووت دەکرێت، شوێنەواری دێو لەناوماندا هەر دەمێنێت. ترس نایەڵێت بە کەماڵ بگەین.

مێرولەیەکی تر فەرمووی: حەزرەتی نوح تۆڵەسێن نیـیە. یەکێکی تر فەرمووی: **بوونەوەرو سروشت سێ گەنج یان سێ جەوهەر لە سرووشتی مرۆڤ هەمیشە دەپارێزێت: کردەوەکانی، خەونەکانی، گیانی. بەم سێ جەوهەرە کارەساتەکان تۆڵەو پاداشتەکانی مرۆڤ دووپات دەکەنەوە.** ئەوەی گیانێکی بێ تاوانی کوشت، وەک ئەوە وایە خواوەندی خۆی بکوژێت. مێرولەکان پێکەوە فەرموویان: ئامیین.

# تابلۆی مرۆڤ

مرۆڤ بوونەوەرێکی زۆر مەزنە.. خواکان زۆر ئومێدیان بەتوانای مرۆڤ هەیە، خواکان شوکرانەبێژی مرۆڤ دەکەن، چونکە بوونیان بەبێ مرۆڤ ناشێت ومەحاڵە.. زۆر سەریان لەمرۆڤ دەسوڕمێت! چونکە کاتێک کە مرۆڤ خۆی دەبینێت، بوونەوەر لەفەنتازییدا بچووک دەردەکەوێت.. خواکان وەکوو مەدالیا، بتەکان وەک وردەواڵە، فریشتەکان وەک ساوا لەگەردوونەکانی ئەودا دەگەڕێن.. تاماشاکانی مرۆڤ زۆربە  قووڵی دەتوانن ناوجەرگەی بوونەوەرەکان ببینن.. مرۆڤ بێشومار مەزنە. چونکە خواکان دەزانن کە مرۆڤ ئەوانییان خوڵقاندووە! **جا ئەگەر خواوەندیش مرۆڤی دروست کردبێت؛ هەڵەی نەکردووە.. چونکە خواوەند باوەڕی بە مرۆڤە و کردگاری خۆی خۆش دەوێت.**

مرۆڤ بەرلەوەی گۆی زەمین دروست بکات هەبوو سێگۆشەیی بوو، لاکانی یەکسان بوون، سێگۆشەیەکی سێلا یەکسان بوو! لاکان بریتی بوون لە گیانی منداڵ وباوک وگیانی پیرۆز.

تەنها سێ هێڵ بوو مرۆڤ کاتێک لە هەمیشەییەوە هات و لە ئاسمانەکاندا ئازاد دەگەڕا.. کە ناوەڕۆکی مانای سێگۆشەکە بریتی بووله: ئاکاری جوان، کرداری جوان، ووتاری جوان، دەتانگەیەنێت بە ئاهوڕامازدا، بە خواوبە خواکان، بە بتەکان! ئەوسا یادتان دێتەوە کە کامەرانی بریتییە لە مرۆڤ، مرۆڤ پیرۆزە، جوانە، هەمیشەییە، یانی مرۆڤ سێگیانە نەک یەکگیان، چونکە مرۆڤ سێجار دەژێتەوە، سێجاریش دەمرێتەوە، سێ چاریش هەڵدەستێتەوە. سێجاریش دەخوات! سەدوچلوپێنج جار دەژی ودەمرێتەوە لەهەر ژیانێکدا! مرۆڤ سێگیانە، گیانی دایک منداڵ باوک، ئەوانیش هەریەکەیان بەشبەخۆیان سیانن، منداڵ باوک کوڕی پیرۆز. یاخود دایک دایەگەورە دایکی پیرۆز.

چونکە دایک پلەی یەکەمی هەیە لەپیرۆزیدا، دایک گیانی پیرۆزی دەرپەڕاند، دروستکردو زاند! دایکی خودناس مرۆڤێکی پیرۆزە.. ئەو باوک وگیانی پیرۆزی زاند. نێرو مێ دووتەوەرن، ئازادی بەدەست ناخەن، فێری نابن گەر بەیەک نەگەن، گەر دوژمنیی یەکتری بکەن، گەر درۆلەگەڵ یەک بکەن، بەکەماڵ ناگەن. چونکە ئەوان یەک بوون، لەبوونەوەردا یەک بوون بەر لەوەی خواوەندی یەکتا درک بکەن. بۆیە خواکانیان دروست کرد، پاش ئەوەی لە خواوەندی یەکتا جیا بوونەوە لە ڕەحمی بوونەوەردا.

بەڵام مانای ئەوە ناگەیەنێت کە مرۆڤ هەڵەناکات، بەڵکو زۆر لەسەر هەڵەکانی ناڕوات!

دێر زەمانێک، ئەو کاتەی کە بوونەوەر بۆ یەکەم جار ڕاوەستا.. شتەکان لەیەکتری دابڕان.. گیانەکان پشوویان دا.. ئەو کاتە مرۆڤ گیان بوو، گیانی پەتی..مرۆڤ بەسێگۆشەیی، بازنەیی ، هەڕەمی و شێوەی هێۆلایی بوو، لەهەوادا ئازاد بوو. مرۆڤ توانای گۆڕانی گیانی خۆی هەبوو بەڕەنگ، بەشکڵ و ناوەڕۆک. دەیتوانی لە هەر جێگەیەکدا بوونی هەبێت! دەیتوانی نەبێت!

چونکە سروشتی بوخاری دەبوو لە دابڕان و سووڕی گەشتەکانییدا بە ناو بوونەوەردا ئازاد بوو.

بەگەردوونی خۆیدا دەهاتوودەچوو، شتی دەخولقاند، ئەستێرەو ئاسمان ومانگەکان، خۆرەکانی دروست دەکرد بەر لەزەریاکان.. بەتوانابوو، بەهەر شتێکی دەگووت ببە، ئینجا دەبوو.. چونکە گیانی بوونەوەری تیا بوو. چونکە خوای لەیاد مابوو هێشتا.

مرۆڤ داهێنەر بوو.. هەموو هەسارەکان و خۆرەکانی بە داهێنان دادەهێنا.. بۆ ئەوەی سەرنجی خواوەند ڕاکێشێت.. مرۆڤ دوانە بوو لە گیاندا.. نێرەمووک بوو بە ڕەگەز.. بەڵام هەر چییەکی دەکرد، نەیدەتوانی داببڕێت لە خۆشەویستی و عیشقی خواوەندی یەکتا. هەمیشە زۆر پەرۆشی ئەوە بوو خواوەند دابەزێت تا شانازی بەداهێنانەکانییەوە بکات! داهێنانەکانی باڵا بوون لە باوەڕدا.

خواوەند لە خۆشیی دەسەڵاتی مرۆڤ، لە شانازیی کردەوەکانی ئەوان ، زۆر دەبوو، دابەش دەبوو..

خواوەند بوو بە دوو، بە سێ ، بە چوار بە هەزار، بە ناکۆتایی زۆر و زۆرتر.. تا ئەو کاتەی کە بیر باوەڕ ناکات!

کاتێک مرۆڤ بۆنی بغوردی خواکانی کرد، هەستی کرد کە خواکان زۆر دەبن.. لەخۆشیدا وەک هونەرمەند کەوتەداهێنان..خۆی گۆڕی بە شلە، بەئاو، پاشان یادی هاتەوە خۆی ڕەق بکات.. شاخەکان ودارستان و دەشتەکان درووست بکات. کەوەهای کرد مرۆڤ.. دانیشت، وایزانی ئەوڕۆژە دەبینێت کە بەڕێکەوت خوایەک بەرەوزەوی بێت وبیدوێنێت، تەماشای دەسەڵاتی بکات! مرۆڤ هێندە دانیشت تا لەکارکەوت! چونکە هێشتا فێری ئاخاوتن نە بوبوو.. تا داواکارییەکانی یان دەنگی وەک داوانامە بنێرێت بۆ ئاسمانەکان.. تا خواکان نامەو دەنگی ببیستن. بۆیە.. مرۆڤ وردەوردە لە چاوەڕوانییدا بەهرەکانی

خۆی لەدەستدا، فێری زمان و ئاخاوتن و درۆکردن بوو.. هەستەکان وبیرەکانی خۆی لەدەستدا، ئەوتۆپە ئاگرییینەی ناومێشکی کەهەسارەیەکی تیشکینی جاڵـجاڵـۆکەیی بوو، سپی سپی.. وورده وورده کوژایەوه.. توانای نەما بە شتەکان بڵێت ببە وببن! وای لێهات بووبەکۆیلەی شتەکانی خۆی.. خۆی تەواوله دەست دا! ئەوەشی لەیاد نەما کە خوودی خۆی بەشێکە لەگیانی پەتیی خوای گەورە.

مـرۆڤ پیربوو لەچاوەڕوانیداو خوایەکیش دانەبەزی تەماشای حورمەتی تەوەزەل ودێـوئاسای بکات..

دابڕا، لەگیانی هاوکاری، دابڕا لەگیانی هاوهەستی وهاوبیری..فێری بێکاری بوو، چونکە مـرۆڤ لەبێکاریدا زمان و بووختان و درۆ شەریان داهێنا و مرۆڤ فێری خواردن و ڕشتنی خوێن بوو، دەبینن ئێستاش هەندێک هەن لە بێکاری و بێزاری و نەخۆشیدا خۆیان یان ئەوانی تر دەکوژن! مرۆڤ ئێستاش سەردەبڕێت، ئێستاش تەعدا دەکات. هێشتا زۆربەی مرۆڤ بێئاگان لەوەی کە سروشتیان گۆڕاوە بە دێو! بە دوای شەڕدا مـرۆڤ لە ترس تێگەیی.. ترس زمانی مـرۆڤی پژاند.. مـرۆڤ فێری ئاخاوتن بوو..

باسی کەرامەتی خواکـانی بۆ نەوەکانی خۆی دەکرد.. بۆیە لەو کاتەوە، مـرۆڤ تا دێت زیاتر لە خواکـان دوور دەکەوێتەوە.. چونکە مـرۆڤ بەدوای شەڕدا درۆشی داهێنا.. درۆش مەرگی زایاند.. ئیتر مـرۆڤ دەسەڵاتی خۆی لە دەست دا.. باوەڕەکانی دۆڕاند.. بوو بە مادەیەکی نیمچە هاوشێوەی ئێشتا.. بوو بە کۆیلەی داخوازییەکانی خۆی، پاش ئەوەی لەشی مێیینە لە لەشی نێرییینە دابڕا.. چونکە دووچاری دابڕان و دووفاقیی بیرەکانیـان بوون.. دووچاری نەخۆشیی گومان بوون.

ئەم چیرۆکەی مـرۆڤ هێندە کۆن و سەرسوڕێنە، کەس باوەڕ ناکات. چونکە مـرۆڤ سروشتی ڕاستەقینەی خۆی لە یاد نەماوە. مـرۆڤایەتی نازانن کەگشتیان پێکەوە یەگ گیانن.. نەک گیانی نێرومێ ودوولەش، بەڵکو گیانێکی یەککگرتوی جیـهانی و هاوبەش دەتوانێت مـرۆڤ بگەیەنێت بەئازادی! مـرۆڤ بەشەڕناگات بەخوا. چونکە ئازادی پاسەوانی دەرگاکانی بەهەشتی خواکانە و عیشق دەمانگەیەنێتە ئەوێ.

پێویستە تادرەنگتر نەبووە فێربن.. ئەوەی ئازاربداوبکوژێت وسەرببڕێت.. دژی بەرژەوەندیی مـرۆڤە، ئەوەی درۆ دەکات دوژمنی مـرۆڤە، ئەوەی شەڕهان دەدات مـرۆڤایەتی بەرەوقڕبوون دەبات، بێبەرییە لەو خواوەندەی کە مـرۆڤ لەیادیدا دروستی دەکات و بێ وچان کەماڵی ئەو تەون دەکات.

یەکبگرن ئەی جیـهانیـان، مـرۆڤایەتی تەنها بەیەککگرتنی جیـهان بەبی شەڕ دەربازی دەبێت، دەگات بەئازادی. چونکە ئازادی دواهەمیین پەیامی بوونەوەرە.

پێویستە سروشتی خۆتان بناسنەوە.. بەم حاڵەی ئێستاتانەوە، خواکـان هەزارچاویان لە دەرونی کەسانێکدا داناوە، ناچاریان مەکەن خۆبکوژن.. خۆبسوتێنن.. تەعدایان لێمەکەن، مەیانکوژن.

کاتێک کەمـرۆڤ داگیر دەکرێت، دێـوەکان لەژیانیدا زۆر دەبێت، کات دەوەستێت، هەندێک لەمـرۆڤەکان خۆیان دەکوژن بەرگەی کەڵبەکانی دێـوەکان ناگرن، هەندێک تێکدەچن، بەڵام کەمێک هەن دووچاری خـود بیـنی دەبن. هەن لەناوماندا سروشتی خواکان دەناسن ؛ شێتیان مەکەن، چونکە تیایاندایە نەزانن.

مـرۆڤ دەشێت لەوقۆناغەدا هێشتا هەست بەکەمی بکات!

بەڵام هەستکردن بەکەمی چییدی ئازاری نادات. چونکە بەڕێگاکانی خۆیدا دەکەوێتە گەڕان، بەرەو گەردوونی خۆی دەچێت؛ کاتێک کە باوەڕی ئێوە چنگ ناخات و دەدۆڕێت، وون دەبێت، لەمەرگا زیندو دەبێتەوە. ئیتر بەدوای خۆیدا ناگەڕێت! بەڵکو لەگەڕان بەدوای جەوهەردا لەبری شکڵییات، لەزەڕڕاتی بوونی خۆیدا پەخش دەبێت. تێدەگات، خۆیدەناسێت، فام دەکات، دەبیستێت کە ئێسک وتروسکی مـرۆڤ لەڕاستیدا لە تەنافی جاڵـجاڵـۆکە چنراوە.. سەری دەسوڕمێت، دوای تاڵ بەتاڵی زەڕڕاتی چنینی خۆی

دەکەوێت..تادەگاتە سەر قوتبی خۆی، چاوگی خۆی، کەرامەتی خۆی! واتە لووتکەی بینین. .. یاخود تەپڵی سەری خۆی!  لەوێوە بەناو تونێلێکی ترسناکدا بەناوگەردوونی خۆیدا وەک جالـجالـۆکە بەتەنافی خۆیدا سەردەکەوێت و دادەبەزێت، لەدابەزیندا دووچاری هەمووئەو دێـوانە دەبێت کە گەردوونی هەستیاریی ئەویان داگیر کردووە، کە لەگەڵ خوددا درۆی کردووە، یاخود دوژمنێکی بۆخۆی چنیوە.. کە دادەبەزێت، دەکەوێتە نەبەردوە وبەسەر مەرگی هەموو کۆمپلێکسەکانیدا زاڵ دەبێت. بەو ڕێگایەدا تێدەپەڕێت کە هەموو کردەوەکانی مرۆڤایەتی و دێوەکان دەبینێت! مەرگ ژیانی نیشان دەدات!

سنووری ئەو توونێلە تەپلی سەرە، لەوێوە جالـجالـۆکە دادەبەزێتە گەردوونی خودەوە.. لەوێوە دۆزی خۆی، ڕێسی خۆی دەبینێت.. دەتوانم بڵێم خود زەرڕاتی هەڵکەوت وکردەوەکانی خۆی دەبینێت، ئینجا دەتوانێت بەکاکێشاندا هەڵگەڕێت و بوونەوەر لەدەرەوەی سەری خۆیدا بچنێت.

مـرۆڤ نازانێت هێشتا کە سەرەتا؛ کاتێک لە بوونەوەر دابڕا.. بەشێک لە سروشتی خوای تیا بوو..
نازانم بۆ مـرۆڤ هێندە ئاواتی دابەزینی خوا بوو تا کردەوەکان و داهێنانەکانی دان پیادا بنێت.

ئاوا مـرۆڤ لەبوونی خۆی دەڕوانێت، لەوێدا یەکبوون بەدی دێت کە مـرۆڤ بتوانێت زەرڕاتی کردەوەکانی خۆی بـبـینێت. تالەهەستکردن بەکەمی دەرباز بێت، بەوشێوەیە مـرۆڤ دەتوانێت لەهەستکردن بەکەمی دەرباز بێت، گەرچی ئەوهەستانەش هەرگیز هی ئەو نەبوون، بەڵام گشتیان دەقەبڵێنێت. ئینجا دەگات بە نەجات، بە شیفا، بە گیان، بەژیان، بە هەمیشەیی، دەبێت بە مـرۆڤ، بەخوابین، خـودبیـن، تۆبین، ئەوبین جیـهانبین. دەبێت بە بەشێک لە یادی بوونەوەر.. دەبێت بە گیانی بوونەوەر. ئەمەیە مـرۆڤ.. ئەو مـرۆڤەی من باسی دەکەم.. بۆیە کە دەڵێم دێـو یان دێـو پەرست.. من باس لە مـرۆڤ ناکەم.. چونکە مـرۆڤ زۆر پیـرۆزە. کەرامەتی زۆر مەزنە.

بەڵام ئەوەی نەکەوێتە ئەو دۆخەی کەشفەوە، شفای دەست نەکەوێت، نەگا بە نەجات؛ سەری لێدەشێوێت، شێت دەبێت، هاردەبێت، تووڕە دەبێت، شاڵاو دەبات، سەگ ڕادەگرێت، قەپاڵ لەم ولەو دەگرێت، درۆدەکات، دزی دەکات، ئاشووب دەگێڕێت، پشیلە دەپەرستێت، بەراز دەکڕێت، بازاڕەکان تاڵان دەکات، شتەکانی بەهەرزان، بەزۆرگران دەفرۆشێت، قیمەتی ژیان وکاڵا نازانێت، دڵی دەتۆرێت، بوغز دەکات، ڕق گۆش دەکات، پیس وناشیرین دەبێت.. چونکە هەستکردن بەکەمی ڕێگەی نادات خۆی بـبـینێت!

مـرۆڤ جوانییەکانی خۆی نابینێت، ناشیرین دەبێت، خۆی خۆشناوێت. کەسی خۆشناوێت.. درۆدەکات، دەکوژێت، تەعدا دەکات، خۆی دەکات بەدێـو یان دێـوپەرست!

بەڵام گەر مـرۆڤ مـرۆڤانە بژی وبگاتە قوتبی سەر، تەنافەکانی خۆی دەبینێت کە پڕن لەگیان، پڕن لەژیان، پڕن لەکەرامەتی ئەوو ئەوانی تر..دووچاری بینین دەبێت..بینینی بوونەوەرەکان، بوونەوەری خشۆک، باڵندە، ڕووەک، جانەوەرو، بتەکان، پیاووژن، خواوخواکـان.

ئەوسا لەخۆی ناپرسێت کێ ئەم هەمووبوونەوەرەی دروستکردووە؟ چونکە دەبینێت، بەبێ بەڵگەو بورهان. دەبینێت بەبینینی شاعیر، چونکە شاعیران چراکانی مەرگی خۆیان دەبینن..شاعیر دەتوانێت لە مەرگی خۆیدا بژی، بەڵام ناتوانێت هەمووبوونەوەروقوتبەکان بـبـینێت.. بۆیە کەم شاعیر هەن بتوانن ببینن، یان گیانی ووشەکان ببینن، شاعیری خودپەرست مەرگی ڕووداوەکان، ژانی ڕووداوەکان، ئازاری ڕووداوەکان دەبینێت، نەک گیانیان!

کەچی هەندێک لەشاعیران دەتوانن بچنە ناودڵی زەریاوە، دەتوانن لەناودەروونی دێـودا مۆم داگیرسێنن، مەشخەڵ لەدەست بگرن.. پۆرترێتی ووشەکان ببینن.

ئەگەر بێت وشاعیر قەبارەی ووشەکان وەک قەبارەی ڕاستیی خۆی ببینێت، فێردەبێت، فێری بینین.
مرۆڤ تەنها بە بینین دەگات بەخوا. بە نەجات. وەها دەگاتە سەر سەرەداوی تەنافی جاڵجاڵۆکە..
ئەوسا دەبینێت، جاڵجاڵۆکەیەک لەسەریا کت ومت لەمۆخی دەچێت، بە تەزووی تیشک، بەرق ئاسا خوود دەچنێت، حاجیلەقلەقێکیش دەبینێت دەفڕێت، پەیام دەبات و پەیام دەهێنێت بۆ لەشی خود، لەشی چنراو.
هەمان حاجیلەقلەق هەواڵەکانی دەرەوەش دێنێت.. خود دەبینێت.
**من کە خوبینانە خۆمم بینی، سەیرم کرد لەناوخۆمدا هەمووگێتی دەبینم.. وەک ئەوەی هەرچییەک کە دەمبینی لەسەر لەشم، لەسەرگیانم وەکو نەخش دەکوترێت، دەسمرێت، یان لەسەر بیروگیانم چاپ دەبێت. بۆیە هەندێک لەنێو پەرستەکان خۆیان دەکووتن، نازانن کە لە بارێکی تردا درۆکانیان، کردەوەکانیان، تەماشاکانیان لەسەرگیانیان نەخش دەبێت و وەک = نەخش=کوتان= تاتۆ= لەسەر گیانیان دەکوترێن!**
**مرۆڤ هەرگیز لە ئەنجامی کردەوەکانی خۆی دەربازی نابێت** . هەن دێن و ناچارت دەکەن سزایان بدەیت؛ جاتۆ گوناهێکت نییە کاتێک کە سزای کەسێک دەدەیت کە سزای دەوێت! هەن حەز لە سزادانی خۆیان دەکەن، چونکە سزای مەسیحیان داوە یان سزای خۆیان داوە. هەن بە دەرزی لەشی خۆیان نەخش دەکەن، ئازاری خۆیان دەدەن تا بەوە شتێک نیشان بدەن. هەن سزای خۆیان دەدەن تا لای ئەوانی تر خۆشەویست و پەسەند بن.
هەست دەکەم بینین سوودی هەیە، چونکە مرۆڤ دەتوانێت ئازادانە بڕوانێت. مرۆڤ دەتوانێت، جوان، جوانتر، جوانترین مەراتیب وقوتبەکانی جوانی ببینێت. شەووڕۆژ، نێرومێ، ساردوگەرم شەڕوخێر ببینێت. مرۆڤی خودبین بینینی گۆش دەبێت، لەکۆرپەوە، بۆ پیری، بینین وەک ئەوپاڵەوانە دەست پێدەکات کەسەرەتا چەندکیلۆیەک، پاشان چەند سەدکیلۆیەک هەڵدەگرێت. ئەوسا مرۆڤ دان بەبوونی خۆیدا دەنێت، لەهەستکردن بەکەمی نەجاتی دەبێت، نەجاتیش گەیشتنە بە ئازادی، ئازدیش بەختیاری زامن دەکات. ئیتر ژیان ئازاری نادات. چونکە مرۆڤ دەتوانێت بە مەرگی خۆی پێبکەنێت و لە عیشق و ئازادیدا خاوەن بڕیارو هەڵوێست بێت!
مرۆڤ دەتوانێت بەئاسانی نەجاتی ببێت تاوەکو هەست بە کامەرانی بکات. چونکە ئەگەر هەستکردن بەکەمی مرۆڤ لای خۆی گلبداتەوە، ئەوامرۆڤ لەکەڵک دەکەوێت، گووی تێدەبێت، بۆگەن دەکات، دەبێت بەدێو، درۆدەکات، سەردەبڕێت، ناتواناو گێژو تەمبەڵ دەبێت، شەڕدەکات، شەڕدەفرۆشێت، خۆی دەفرۆشێت، خۆی دەکوژێت، ڕق لەخۆی هەڵدەگرێت، چونکە نەجاتیان نابێت.
بینین لەتەنافەکانی جاڵجاڵۆکەدا چنراوە..
ئێسک و تروسکی مرۆڤ لەتەنافی جاڵجاڵۆکە چنراوە.. باوەڕبکە، ئەمەڕاستە.. خودبین کەسێکە ئەوباوەڕەی هەیە وتێیدەگات.
لەقلەقیش لەجیهانی ئەودا گیانی خوودە ونەستەکانی خواوەندە.. هەواڵهێنەر، هەواڵبەرە! تێبگە.
لەناوگلێنەی چاودا پیرێک لەدایک دەبێت، زانایەک، مامۆستایەک، تاچیرۆکی تەونبوون ودروستبوونی جاڵجاڵۆکەت تێبگەیەنێت. تاباسی تەونی بتەکان وخواکان وگەردوونەکانت بۆبکات.. ئەوپیرە گەر بەهەڵە تێبیگەیت دەڕوات، گەرلێبیترسیت نایەت، گەر گومانی لێبکەیت فێرنابیت، نابینیت.. ئەوانەش کە پیر نابینن یا دێوپەرستن، یا دێون.
شاعیرو منداڵ نابن بەدێو ساڵانێکی زۆر! ئەمانە پەیامی پیرن، لەباوەڕی مندا گۆش دەبن، کاتێک کە دەبینم مرۆڤێک دێت، مەزن، هێندەی تەماشا بڕ بکات مەزنە، هێندەی گەردوونەکان قووڵە.. ئەو دێت

سەری لە ئاسمانەو پێی لەسەر زەوی.. دەڕوات، کەس نایبینێت، بەڵام ئەو خۆی دەبینێت! ئەو هاتووە، ئەو دێت، باسەکانی مـرۆڤایەتی پڕ دەکات لەهەستی جوانی و کەماڵی باڵایی..
مێرولەکان فەرموویان: مـرۆڤ کاتێک دەگات بە گیانی بوونەوەر کە بتوانێت کۆی خواکـان پێکەوە بـبـینێت. بە ناوەڕۆکی بوونی خۆیدا گەشت بکات و بەسەر کەماڵدا زاڵ بێت و لە خۆی ڕازی بێت..
مـرۆڤ پیـرۆزترین بەشە لە بوونەوەر.. ئەو نەبێت خواکـانیش بوونیـیان دادەڕمێت. **جا خواکان یەک بن یان دوو یان دە بۆ ئەو هەمان یەکن. چونکە زۆربوون لە یەکبووندا بەدی دێت.**
مێرولەیەکی نەزۆک فەرمووی: ئازادی جیهان/ مرۆڤ دەگەیەنێت بە کەماڵ. ئازادی و عیشق و جوانی بەهرەکانی مرۆڤی خێرمەندو خواناسن ؛ بە هۆی پەروەردەی ئەم هەست و بیرانەوە مرۆڤ دەتوانێت خواوەند و فریشتەکانی خۆی ببینێت ؛ جا کەم تا زۆر.

# تابلۆی مەملەکەتی خەندەکان

وامەزانن من لەدوورگەیەکی تایبەتدا دەژیم و وورێنە لەگەڵ عیشق و جوانی و ئازادیدا دەکەم! دوورگەیەک کە خاک وئاووهەواو خەڵکی لێبێت، نا، بەهەڵەدا نەچن.. ڕاستە من واباس لەژیانی پەنابەریی خۆم دەکەم، بەڵام لەبەر ئەوەی مەملەکەتی ڕاستەقینەی من مـرۆڤە. تەماشاکانیـان وڵاتی منن، بزەکانیـیان ، هەستەکانیـان مەملەکەتی منن! بەکورتی هەست دەکەم من کەرامەتی ئەوانم. نازانم بۆ؟ لەخۆم ناپرسم بۆ؟ دەزانن بۆ؟ نەخێر. دەبا پێتان بڵێم بۆ!
چونکە مرۆڤ ئەفسانەیەکی سەیرە لە کەشکۆڵ و زانست و دیدەگای مندا.. لەوانیش سەیر تر و ئەفسانەیی تر گیاندار و بژێوو ڕووەک و جانەوەرانە بە گشتی. لە من ڕێزیان لێدەگرم و شکۆی بوونەوەر ستایش دەکەم. وا نەزانن ها، کە من باس لە زانستی عەیب دەکەم! نا.. چونکە هێشتا من لە ناوتاندا هەست بە کەماڵی جوانیتان ناکەم. بە داخەوە. هێشتا من خاوەنی وڵات و ئاڵا و بستێک خاک نیم! ئیتر نازانم چی مافێکم هەیە لەناوتاندا لەسەر زەوی! بەڵام لێرە بە دواوە.. ئەوەی چاوی بەم تابلۆیانەی من دەکەوێت.. باوەڕێکی یەقین بە جوانی و عیشق و ئازادی دەهێنێت و لە دەروونی خۆیدا مۆمێک بۆ خواوەندی خۆی و بۆ بتی خۆی و دەشێت مۆمێکیش بۆ هەستەکان و خۆزگەکانی من دابگیرسێنێت.. چونکە من مژدەی هاتنەوە و ژیانەوەی حەزرەتی نوح ـ م پێیە و لەم پیت و ڕستانەدا هەستی پێ دەکەن.

چونکه گشتمان مرۆڤین، هەڵبەتە لە ناو چنگی دێوەکاندا. بۆیە وڵاتی من لەم دواییەدا ژوورەکەمە، ژوورێکی تەنگ، تاریک و سارد لە دەروونی دێوەکاندا. چونکە من جێگەم نابێتەوە.

من خۆم وێنەکێشم و دەتوانم خەندەی پیـرۆز، تەماشای پیـرۆز، بوونی پیـرۆز بخولْقێنم.. بەڵام کاتێک مـرۆڤەکانی مەملەکەتی بەفر نایەڵن لەگەڵیاندا بگونجێم، نایەڵن تەماشا بکەم، بزەکانیـان دەشارنەوە، بەخێسەوە تەماشای بێگانە دەکەن. جیاوازی لە نێوان مرۆڤی ڕەش و سپی و قاوەیی و بۆرو، جیاوازی لە نێوان پرچی زەردو ڕەش و سپیدا دادەنێن و بێگانە بێ نرخ هەڵدەسەنگێنن! هەست بە کەمیی ئەوان دەکەم.

هەست دەکەم گووناحن، چونکە ئەو دێـو پەرستانە هێشتا فێری خێری تەماشا کردن نەبوون. هێشتا فێری ڕێزگرتن لە بێگانە نەبوون، هێشتا نازانن کە جوانی دەبێت بکرێت بە نوێژ. کە خواوەند گیانی لە مۆسیقا دەچێت، لە شی خواوەندەکان سەمان.. بوونەوەر لە پییتەکانی ئامیین چنراون.. کە مەملەکەتی جوانپەرست دەکەوێتە گەردوونی خەندەوە.

بۆیە لای من ، مـرۆڤەکان گشتیان پێکەوە لە دوورگەیەک دەچن گروپێک مـرۆڤی تیا بێت( جیـهان خۆی دوورگەیەکە)، لەناویدا من هەست بە کەمی دەکەم.

چونکە ئەوان دێـو پەرستن، مـرۆڤ لەناویاندا کەمە.. سەگ پەرستن، وەفایان بۆ یەکتری کەمە، دڕن گەرچی ترسنۆک دیارن، لەپڕ شاڵاو دەبەن، لەپڕ کەتن دەکەن.. لەپڕ خۆیان دەکوژن، لەپڕ تێکدەچن، زوو نەخۆش دەکەون، دەروونیـان پڕە لە دێـوی مقەباو تەختە وئاسن و پەڕۆو پاتاڵ.. تا بڵێی ماددە پەرستن.. هەر لەمنداڵییەوە فێری پەرستنی دێـوی بچکۆلەو نەزۆک و بێگیانیان دەکەن..ئەو خەڵکانەی من لەناویاندا دەژیم، لەهەر وڵاتێک گشتیان لەیەکتری دەچن!

زۆر سەیرن، لەمـرۆڤ ناچن! لەپێناوی بەرژەوەندیی خۆیاندا هەزاران گوناح دەکەن، هەزران تەن چەک دەکەن بە دیاری و بە خۆڕایی بەوانی دەدەن تا یەکتری قڕ بکەن! خۆیان بە هەرزان دەفرۆشن..نازانن چی دەکەن، فێر کراون هیچ نەبن! بەڵکو تەنها فێربوون کە بەڕێوەبەری فەرمانی ئەوانی تر بن! دەنا سزایان دەدرێت، بەسزای مادیی وموچەیی، یان بە تیرۆری دەروونی! خوانەکات دێـوەکان ڕق لەکەسێک هەڵگرن، خوانەکات! چونکە سزای دەروونیـیان زۆر سەخت ترە لەسزای مووچەیی ولەشی! کاتێک کەسەر دەکەنە سەر کەسێک، وەک کێچ دەکەونە کەوڵی..هەر هەموویان پێی دەوەڕن! دۆستەکانیـان دوژمنترینی ئەوی تریانە!

کەس گوێ لە بێتاوان ناگرێت، کەس بە دەمیەوە پێناکەنێت، وەل دەکرێت، بەجۆرێک سزای وەلکردن دەدرێت، ئەگەر بێت ومـرۆڤ ئاقڵ نەبێت، دادەتەپێت! یان خۆی دەکوژێت! یان گیان داخان کراو دەرباز دەبێت.. ئیتر دەبێت بە کۆیلەی ترسەکان، گومانەکان، دەبن بە وڕێنەکانی تەنهایی و مەیلی تۆلە سەندنەوە. دێـوەکان زۆر لەمـرۆڤ دەکەن تاوان وکەتن بکەن.. مـرۆڤ ناچاری خراپە دەکەن، فێری گزی ودزی ودرۆو خۆفرۆشییان دەکەن، تا دان بنێن بەتاوانێکدا کە پێیان کراوە! کە بەزۆر فێرکراون!

لە دوورگەی هەستکردن بەکەمی، مـرۆڤ تیایدا داگیر کراوە! دیلە ومەجبوورکراوە، ئازادیی هێندە تەنگ وسنووردارکراوە کە باوەڕ تیایدا جێگەی نابێتەوە.

مـرۆڤ دەبینم! لەناو ووڵاتەکاندا مـرۆڤ تاک وتەرا دەبینم! بەڵام چی بێت لەتۆ نهێنی، من بە بچووکی مـرۆڤەکان دەبینم! لەیاریی پلاستیکی پۆکێمۆن=poke mon دەچن.. کە تەنها لەسەر شاشەی تەلەفیزۆنەکە جوان وبەهێزو بەتوانان. مـرۆڤەکان خۆیان دەگۆڕن بە دێـو! بازاڕە نوێخوازەکان باسی ئەفسانەیەک دەکەن کە مـرۆڤ دەکات بەکۆیلەی ماددە. کاهیینە دێرین پەرستەکانی یابان و بوودابییەکان،

وادەزانن کە هەموو زەرڕاتێکی شەڕ وخێر دوانەن ولازم و مەلزوومی یەکن! بەڵام وانییە. چونکە لەخێردا شەڕ بوونی نییە. لە خێردا عیشق ڕابەرەو داهێنان داوەرە.

**بەڵام شەڕ بەقای خۆی لە خێردا تەخمین کردووە.. دەبێت شەڕ واز لەسروشتی خۆی بهێنێت.. چونکە مـرۆڤێک دێت باسی دادگاو دەسەڵاتی خێرو پایەی مەملەکەتی خێرتان بۆ دەکات، شەڕ بە زمانی عیشق ڕادەگرێت، بەو دەڵێت بەسەر خۆتا بچۆرەوە. دەشێت خێر کۆمەڵێک تەوەری تری هەبێت، مەرج نیـیە مرۆڤ لە پێناوی بنیاتنانی خێردا پەنا بەرێتە بەر شەڕ.**

لەدوورگەی هەستکردن بەکەمی دەبینم وەک مرۆڤ دەبینم وەک مێرولەو دەنکە برنج! بگرە بچوکتریش، دێن ودەچن، دەڵێی شارە مێرولەن، بەر یەکتری ناکەون، جار جار لەسەر ڕێگاو لەناو قەرەباڵغیی ڕێگاکاندا سەر دەنێن بەسەری یەکەوە، پاشان یەکتری بەجێدەهێڵن.

لەنێوان مـرۆڤەکاندا دەبینم هەندێکیان زۆر لەخۆیان دەکەن تا واز لە کەرامەتی خۆیان بهێنن.. فیتنە دەکەن، درۆ دەکەن، دزی دەکەن، سەردەبڕن، زمان ودەستی بێتاوان دەبڕن، تا دێـوەکان لەخۆیان ڕازی بکەن! فێری هونەری تەماشاکردنی بە درۆ دەبن. زەق زەق دەڕواننە ناو چاوی یەکتری و باسی درۆکانیان دەکەن. وادەزانن گرەوبردنەوە لە درۆ کەرامەتی سیاتمەندانی هاوچەرخە.

منیش لێیان تووڕە دەبم، چونکە ناچارم دەکەن هەست بە کەمییان بکەم. من لێیان دەترسم.. لەترسی نەبینینی ئەوان خۆمم خزاندۆتە ناو ژوورەکەمەوە.. ژوورەکەم قەبارەی هێـندەی خۆم دەبێت، بگرە ژوورەکەم وەک جلی تەسک کردۆتە بەر وپیامدا نووساوە!

من و ژوورەکەم لەیەکتری بێزارین، دەڵێی هاوسەرێکی تازە یەککگرتوو ولەیەکتر زیزین! چونکە من ژانی بوغزی تەماشاکانی ئەوانی ترم لە ژوورەکەمدا بۆ جێنابێتەوە.. هێندە نیگای مەفلووج و سەقەت دێتە ناو ژوورەکەمەوە، دووچاری پەستی دەبم کاتێک بیر لە خەندەی ڕێبواران و مـرۆڤەکانی دوورگەی هەستکردن بەکەمی دەکەمەوە! بەزەییم بەخۆمدا دێتەوە، بچوک وبچوکتر دەبمەوە، کاتێک ناتوانم سەر بۆ تەماشاکان بلەقێنم.

دەبم بەساوا، بەمنداڵ، بەکچ وبەکوڕ بۆیان، دەبم بەهاوڕێ وهاوگیان، بەدیاری بەماچ بەیاریدە بە میوان! دەمەوێت ببم بە یاوەرێکی نزیک لێیان.. دەبم بەخەندەو تەماشا ولێخۆشبوون بۆیان.. دەبم بە تابلۆ و بە ووشە بۆیان.

کەچی دەبینم بە هەستێکی ساردوو سەقەتەوە، بەگومانێکی نەخۆشانەوە، بەدرۆوە باوەڕ نیشان دەدەن.. وادەزانن دەتوانن ناچارم بکەن تا تەفرە بخۆم! وادەزانن دەتوانن من فێری درۆ بکەن.

بۆیە دەوروبەرێک کە من تیایدا دەژیم، ناوی دەنێم: دوورگەی هەست کردن بەکەمی. جا لەهەر وڵاتێک ژیابم وبژیم، کۆمەڵێک مەخلوقاتی سەیر وبوغزاوو سەرنج سەقەت وشێواو دەبینم، دەیانبینم دەست بۆ کەرامەتی ژیان دەبەن، ئافرەت سووک دەکەن، منداڵ هەتک دەکەن، سەرزەنشتی خەڵکی دەکەن. جا با جیـهان بزانێت، کەمن بابایەکی لەخۆ دڵنیام، دەتوانم بڵێم : ئـێوە! ئەی مـرۆڤە دێوپەرستەکان، ئێوە هیچی واتان نیشانی من نەداوە شایانی فێربوون بێت.. باوەڕ ناکەم بەو حاڵەوە شتێکی ئەوتۆ فێری من بکەن! چونکە من نامەوێت لێتانەوە فێر بم. بەڵکو بە ئەرکی سەر شانمی دەزانم شتێکتان پێبڵێم.. **چونکە من هاتووم تا بڵێم، نەک فێر بم، چونکە من خۆم، فێرگەم.. چارەسازی نەخۆشییە دەروونییەکانتانم. دەتوانم بڵێم، ئەگەر مـرۆڤ بتوانێت لەگەڵ خۆیدا ڕاستگۆ بێت، دەتوانێت کەرامەتی من بـبـینێت.**

من دەتانبینم لەژیاندا بە دوای دەست و سەرو پێ و هەناوی خۆتاندا دەگەڕێن! دەتانبینم وونن و بەدوای خۆتاندا دەگەڕێن، دەتانبینم پارچە پارچە دەبن، بەحەوادا دەتەقنەوە!

دەبینم بەدوای منداڵیی خۆتاندا دەگەڕێن، هەست دەکەم گەر وەها بن بەرەو نەمان دەچن! من هاتووم ئاگادارتان بکەمەوە، کاتی ئاگادار بوونەوەیە، **من هاتووم تا بە جیهانی پێشکەوتووی یەکەم ودووەم بڵێم: ڕاوەستن. ئێوە گاڵتە بە چارەنووسی ژیان ومرۆڤایەتی دەکەن. ئێوەن کلکی ماری شەڕن. ئێوەن کە دەبێت واز لەشەڕ بهێنن، واز لەزۆرکردنی شەڕەکان بهێنن، واز لە زۆر بەرهەم هێنانی چەک وتەقەمەنی بهێنن.. واز لەپۆزلێدان وهەڕەشەو هەڵکوتانە سەر کەلتووری ئەوانی تر بهێنن، ئێوەن دەبێت لەپێشدا خۆتان چاک بکەن، ئەوسا تکا لە میللەتانی تر بکەن وەک ئێوە نەبن.** نەک داگیریان بکەن! من ویژدانێکی نوێم، هاتووم بە دێوە هەشت سەرەکان و بە ناتۆ و بە **دێوەکانی دەوڵەتی ئۆپیک بڵێم: سروشت لێتان تووڕەیە، سەروەت و سامانەکانتان لە ژێر چنگی تۆفان و ڕقی ئاگرو ویستی باکان و هەستی خواکاندایە. ئەوەی خوایەک بۆ خۆی بنیات نەنێت، هەست بە کەرامەتی بوون ناکات. جا چۆن کەسێک بتوانێت کەرامەتی ئەوانی تر هەست پێبکات؟**

مرۆڤەکان دەبینم دەتەقنەوە، هار دەبن، شێت دەبن، خۆیان دەکوژن، لەتێریدا برسین و لەبرساندا دەمرن! دەگەڕێن بۆ دڵ وگیان وهەست وسۆزی خۆیان.. دەبینم هەر پارچەیەکی لەشیان لەتابووتێکدایەو، دایک شیوەن بۆ تەرمی نەناس دەکات! مرۆڤەکان ترساوو وەڕزو پەست ونەخۆش دیارن، باوەڕیان بە هیچ نییە! نازانن چی دەکەن! نازانن پێبکەنن! فریشتەکان فریشکیان کەوتووەو تووشی پەرکەم دەبن لە ئاسمانەکاندا، هێندە دەست و قاچ و چاوو پارچە پارچە بوونی لەشی منداڵان و دایکان دەبینن! خواکان زندەقیان چووە لە کردەوەکانتان، چونکە ڕۆژی دەیان و سەدان مرۆڤ هەپروون هەپروون دەبێت، پریشکی خوێن بەر ئەستێرەکان دەکەون. بتەکان شەق دەبەن لە دەرەوەی بوونەوەردا! لە دەرەوەی بوونەوەردا بتەکان هەپروون بە هەپروون دەبن، لە داخی بینینی کردەوەکانی دێوو دێو پەرستەکان.

بۆیە من سنوورە بەستەڵەکینەکانی مەملەکەتی هەست کردن بەکەمی دەشکێنم، تووڕە دەبم، دەڵێم، دەدوێم، دەفەرمووم بۆ کەسانێک کە دەتوانن لەقوڵایی دڵەوە ڕێز لەژیان بگرن.

بۆ کەسانێک کە باوەڕیان بە ئایینی نوح وئیبراهیم و سولەیمان هەیە، بۆ ئەوانەی باوەڕیان بە کەرامەتی حەزرەتی مووسا وعیسا و ماریا هەیە.. بۆ ئەوامەی کە ڕێز لە زیۆس و چۆنۆ دەگرن، ئەفرۆدیت وئەپۆلۆیان خۆش دەوێت، بۆ ئەوانە دەخوێنم کە بە هەستی بیجمالیۆن تەماشا دەکەن، وەک تێریزیاس تەخمین کەرو غەیب ناسن، وەک خواکانی یۆنان جوانن.

هەستکردن بەکەمی وڵاتێکە ساردوسڕ، میللەتەکەی هێشتا فێری ڕێزگرتن لە کەلتووری بێگانە نەبوون.. میللەتێکی بایی و نەخۆش ومادده پەرست وگومڕان.. وادەزانن خواکان دەبێت دابەزن و پەرستاری لەگومانی ئەوان بکەن. ئەو وڵاتە دەکەوێتە نێوان تەماشاکانی مرۆڤەکانەوە. ئەو مرۆڤانەی هەستیان سڕەو سڵ لەجوانی دەکەنەوە.

مێرولەکان فەرموویان: ئەی حەزرەتی جوانی، جوانی هەست بە کەمی ناکات.. چونکە زانستی خامۆش شیفای هەموو ئازارەکان دەکات. مرۆڤی ڕەسەن لە تۆدا بەرهەم و نرخ و سەرمایەو سامانێکی پێ پایانە.. بەکەم سەیری بوون و کەرامەتی خۆت نەکەیت.. چونکە تۆ کەرامەتی ئەوانی تریت.. تۆ مەزنترین سەرمایەداری هەستیت، تۆ گیان و خوودی حەزرەتی نوح - یت. ئەی نابینیت کە گوڵەباخ سەدان گوڵی لێ دەردێت، درەختەکان سەدانجار بەر دەدەن؟ تۆش پڕیت لە گیانی مرۆڤە پیرۆزەکان، تۆ گەنجینەی پێغەمبەرەکان و باوکە گەورەو باپیرەگەورەی گشتیانیت. تۆ مرۆڤێکی پەتییت. **بوون بە مرۆڤ پیرۆزترین پەیامی سروشت و بوونەوەرە. پەیامبەرەکان گشتیان مرۆڤ بوون. ئەوانەی نوێژ بۆ گوڵەکان دەکەن؛ ویژدانی خوان. ئەوەی گوڵ بەخێو دەکات جوان ناسە. هەست بە بوونی کەرامەتی خواکان دەکات.**

فەرمووم: پێغەمبەرەکان بە یاریدەی ویستی مەتین و باوەڕی ئەوانی تر توانییان بگەن بە دوا پلەی باوەڕ.
فەرموویان: کاتێک کە ژان دەستی گرت بەسەر ژیاندا و برسێتی و قات وقڕی هات؛ کە شەڕ زاڵ بوو بەسەرماندا، تەنها مرۆڤێک یان دەنگێک بەسە بۆ وەڵام دانەوەی دێوەکان، چونکە لە ڕۆژگارێکی وەهادا مرۆڤ بێنرخ دەبێت.. بەڵام تەنها مرۆڤ نرخ و باوەڕ و هەڵوێستە. دان بە خۆتا بنێ، چونکە نوح لە تۆدا دەژێتەوەو باوەڕی بە مەتینی تۆیە.. ئەگەر خۆت بە مرۆڤ دەزانی یان وا دەزانی کەرامەتێکت هەیە.

## تابلۆی خەوێك

وەک لەسەرەتادا فرمووم، کەکات وستا من لەخەوما هەڵدەستام، نەمردبووم، کەچی لە نیوە چرکەیەکدا دەیانجار دەمردم و زینـدوودەبوومەوە، دەنووستم و دەنووستمەوە، هەڵدەستامەوە، دەنووستمەوە.. خەونم دەبینی ونەمدەتوانی بیان نووسمەوە.. ئەگەرچی دەفتەری یاداشتەکانم لەتەکمەوە بوو، نەمدەتوانی هەستم تۆماریان بکەم! هەستەکانم دەتەقیینەوە، وەک ئەو منداڵەی کە پڕکراوە لە باروت و بە دەستی دێو دەتەقێتەوەو دەبێت بە ملیۆنەها پارچەوە.
نیوەی لەشم لە ژوورەکەمدا بوو وەک فەرمووم، نیوەکەی تری لەشم لە دەرەوە بوو.. بە دەم باوە پەخش دەبووم.. وەک پیر شالیار زۆر دەبووم و دابەش دەبووم بەسەر ماڵەکان و خەڵکەکان و جیهاندا.
چونکە کات وەستابوو.
هەستم دەکرد دەبێت تەنها ببینم و بەس، نەنووسم.. بەڵام یەکێ لەو خەونانەم لەبیردێت کەلەوکاتەدا بینیم بەر لەچاوهەڵهێنانی پیـرشالیار.. لەخەونەکەمدا بینیم دێـوەکان هاتنە ناوکولانەکەمەوە..من باڵندە نەبووم، بەڵام هەستی باڵندەم هەبوو لەخەوەکەمداو نەمدەتوانی بفڕم! هەستم دەکرد باڵەکانم بەسترابوون، دێـوەکان داوچنیـیان کردبووم..چونکە دەمزانی دێـوەکان توانای بەهەڵەدا چونیـان بەهێزە، بەرگریم لەخۆم بۆ نەدەکرا.
دەست و دەمووچاویان بەستم.. لەدورگەی هەستکردن بەکەمیدا بردیانم بۆ کۆتایی جیـهان.. لەوێ لەگەڵمدا بەزمانی هەڕەشەو گووڕەشە ووتیان: ئیمە دەتوانین بتکوژین، سەرت ببڕین، بتکەین بەخۆراکی نەهەنگ و ماسییەکان.. دەتوانین چیمان بوێت بەسەرتی بهێنین، بلێ تۆ چیت لەئێمە دەوێت؟ تۆناتوانیت ژیانی ئێمە بگۆڕیت، تۆناتوانیت دیوەکان بترسێنیت.

من وەڵامم نەبوو، بێدەنگیم کردبوو بەویقاری عەشق، بێدەنگیم کردبوو بەوڵات، بەچەک.. من هیچم نەوت.. زۆر تکایان لێکردم، زۆریان لێکردم شتێک بڵێم.

فەرمووم: من بەدەمی بەستراوو، بە دەستی بەستراوو، بەدیلی نادوێم، من لەترسا نادوێم، ئەگەر بێت وبترسم.. ئەوا عەشقم دەتۆرێت. چونکە من بەبێ هەستکردن بە عیشق توانای ئاخاوتنم دەمرێت. دەستووبرد دەست و چاوو دەمیان ڕەها کردم.. سەیرم کرد باڵم لێدەڕوێت! بێ ئەوەی ئەوان بزانن، یان ببینن، من باڵەکانی خۆمم دەبینی.

لەوشوێنەدا کە بەردرام، بەرزایی بوو لەکۆتایی جیـهان. لەبەرزاییەکەوە هەڵفڕیم.. دام لەشەقەی باڵ، لەچاوانی ئەوان وون بووم.. بەرز فڕیم بەرەو بەرزەخ.. بەرەو قوڵایی ئاسمانەکان.. پاشان بەخێراییەکی مەتین بەرەوخوار تیژ فڕیم.. تاخۆمم دابەسینەی زەریادا.. شڵپ؛ دڵم بەر لە لەشم دای بە ڕوخساری زەریادا!

زەریا هەستایە سەرپێ، ڕاچەنی.. نەعرەتەی لێهەستا، کسپە لە دڵی هەستا! شەپۆلەکان پەرکەمیان گرت.. هەڵچوون بەحەوادا.. تووڕەبوون لە خوا، فەرموویان: ئاخری ئەویشتان بە کوشت دا؟

زەریا فێی لێهات، هەستایەسەر پێ.. لەهەیبەتی پیرێکی زۆر مەزندا خولی دەخوارد، گێژی دەخوارد.. هەمووشتەکانی ڕاپێچ دەکرد لەتووڕەییدا! دەڕۆی دەڕۆی لەکەنارەکان دووردەکەوتەوە.. دەڕۆی بەدەمگریانەوە بەرەو لای مـرۆڤی بێـوڵات وبێـئاڵا دەچوو.. دەگریا، وەک بۆڕەی شەپۆلەکان.. گاهـ گریانێک دەگریا وەک ساوای تازە لەدایک بوو.. دەیفەرموو: گەورەم بێـوڵات بێـئاڵا ڕێگەم بدە لەتەکتدا بم.. نەکا تۆش لەناوبەرن دێـوەکان.. بەڵام مـرۆڤی بێـئاڵا، بێـوڵات دەڕۆی!

بەدەم شنەبایەکی هێمنەوە گیانی هەمووگیاندارەکان دەیانخوێند: ئامین.. بەڵام مـرۆڤی بێـوڵات فەرمووی : کپ بەرەوە، تووڕەیی و شێتی تۆڵەو ڕق لەمنداجێگەیان نابێتەوە.. هاوەڵم بە ئەگەر هێمن وبێوەی و دڵنەرمی.. چونکە من ئاڵای شەڕم هەڵنەکردووە.. من بغوردم هەڵکردووە، من لەعەشق وئازادی دەدوێم. من گەردوونێک لێبووردنم هەڵگرتووە!

کاتێک کەبێدار بوومەوە، خۆمم دابەش دەبینی! لەچەند قوتبێکدا خۆمم دەبینی! حاجیلەقلەقێکم بینی سپی سپی.. لەئاسماندا بەدەنووکی لەپریاسکەیەکی نابووم.. وەک ئەوەی لەفلیمێکی کارتۆنی منداڵاندا تازە لەدایک بوبێتم، دەیبردم.. دەیفڕاندم بەئاسماندا، بۆلووتکەی ئارارات.. بۆناوسەری حەزرەتی نـوح... دەیگەڕاندم بەگەردوونی خۆیدا.. بە تەقە تەق، وەکو منداڵێکی ئەفریقی ـ چۆن یاری بەدوو چیلکەداردەکات، ئاوەها تەقە تەقی بوو بەدەنووکی.. تەقەی دەنووکی لەقلەق،باسی سروشتی ڕاوی بۆدەکردم.. دەیفەرموو: ئەمە یاسایەکە هەمیشەییە..ئەو نێچیرەی کەخۆی دەخاتە بەر ڕەحمەتی کەرامەتی من،ماڵی منە، هینی منە. بەڵام مـرۆڤ نێچیری کەس نییە. بەڵکوو سەروەری گیاندارانە، هەستی ئاسمانەکان و بیری خواکانە.

بەڵام زۆرجاریش هەیە کە من لە نێچیرەکەم دەبوورم.. نایخۆم، نایترسێنم..چونکە دڵنەرم ومیهرەبانن. نێچیری دڵنەرمیش خۆراکی هەموو ژەمێک نییە.. ئەی نەتبینی کەسانێک هاتن وخرانە ئاگرەوەو نەشسوتان؟ نێچیری دڵنەرم نابێت ئازاربدرێت، نابێت بخورێت.. وەک ئەومـرۆڤە وایە، کە لەناودڵی دێـوەکاندا دێت و دەچێت، کەسیش ناتوانێت بیخوات ، بیگەزێت وقووتی بدات!

ئالەم ووشانە دەرس وەربگرن. ئەوانە دەبێت لەپایەیان بزانرێت..بەڕەحمەوە ڕێزیان لێبگیرێت. دەیفەرموو: نێچیری زانا، دانا بلیمەت، منداڵ خێرخوا نابێت ئازار بدرێت. مـرۆڤی هونەرمەند نابێت ڕسوابکرێت. مـرۆڤ دەبێت فێر بێت، فێری ئازار نەدانی کەرامەتی ئەوانی تر. بەشەقەی باڵەکانی باوەشێنی دەکردم..

لەزەخرەفە سپی یەکاندا کە نوورچن بوون.. وێنەو نەخشی سەیرم دەدی.. بینیم گیانی هەموو مێرولەکان چپە چپ دەکەن.. دەمبینی درەختەکان،ڕووبارەکان،کەنارەکان، بەرد ودارەکان پەرستارییان دەکرد! پێکەوە دەدوان..،خۆشەویستییان دەکرد،یارییان دەکرد، ئاهەنگیان دەگێڕا.. باکان زیارەتی لووتکەکانیـان دەکرد. دەمبینی سروشتە زینـدوووەکان لەسەر پەڕەکانی باڵی لەقلەق وەکوونەخشی گیانی و ژیاندار دەژین! وەکونەخش و زەخرەفەی نوور دیاربوون. مـرۆڤەکانم دەبینی دێن و بەئازادی پێکەوە دەدوێن.. ئاینشتاین وپێـغەمـبەر محمد-م بینی..باسی سیدهارتا وغاندییان دەکرد.. باسی ئورونمیلاو شیڤاو عەشتاریان دەکرد.. باسی ڤیدا و ئوگۆن-یان دەکرد( خواوەندی هونەرە لەداستانەکانی یوروبا-ی ئەفریقیدا).. باسی ئۆلەمبێرا( خواوەندێکە )یان دەکرد.

دەمبینی بوونەوەرەکان سەمایان دەکرد..وەکو بولبولەکان شەیدای خوێندنی ووشەی خوابوون. گوێم لێبوو کاتێک کەلەقلەق لە تەقە تەق دەکەوت، گیانەکان پێکەوە گۆرانییان دەگووت، دەیانخوێند: ئامین، ئامین.. بە ئیقاعی ترپەی دڵی لەقلەق..

چیمبینی لەسەر باڵە ڕۆشنەکانی لەقلەق!کەجاڵـجاڵـۆکەی پیـرۆز بەتەونەکانی چنیبوونی وبەتایبەتی بەدیاری دابووی بەلەقلەق! کاتێک لەقلەق من لەسەرپشت؛ گەیشتە ئەستێرەکانی قرژان، لە حەزرەتی قرژان-ێکم پرسی: بۆچی بەڕێزتان هەشت پێتان هەیەو کەچی خوارڕێگە دەکەن؟ گەرچی خۆم وەڵامەکەم دەزانی! قرژان فەرمووی: لەشتێک مەپرسە کەخۆت دەیزانیت!بەڵام نەکوو خوێنەر نەزانێت، بۆیە پێت دەڵێم لەبەر ئەوەی من عاشقم!

چونکە من عەشقی زەریا ودەریاو ڕووبارو چەمم. عەشقی لەنجەی خوڕەی ئاوم، عاشقی کەنارو شەپۆلم، من لەدەروونیـاندا ئازادم.. بۆیە من وقرژانگەکان سروشتمان وەک ئـێوە یەکە.. بەڵام من خوارو خێچ ناڕۆم.. چونکە کە دێمە کەنار، گێژم! بەدەم سەمای شەپۆلەوە دەڕۆم، چونکە ئەو پێم دەڵێت لەئاو برۆ دەرێ تاکەمێک بیری شەپۆل ودەریا بکەیت!

منیش مەستانە بەدەمڕێوە بەرلەهاتنە دەرەوە، بیری شەپۆل ودەریا دەکەم. بەلەنجەی ئاو دەڕۆم.. تۆش وادەزانیت خوار دەڕۆم! کە دێمەوە کەنار، زۆرنابات سەبرم مانم لێدەگرێت.. دەگەڕێمەوە لای شەپۆلەکان.. لەوێدا هەست بە ئامان دەکەم.

بەحەزرەتی قرژانم فەرموو: چی دەربارەی زەریاکان دەزانیت؟

فەرمووی: زەریاکان تووڕەو هێمنن.. بەهێزوتێک شکێنەرن، دەتوانن گەرمبن هەروەکوئاگر، ڕەق بن وەک دڵی دوژمن،نەرم بن هەروەکو نازی منداڵ!

بەڵام ئەگەر بێتوو تووڕەبن، زەریاکان دەتوانن چی سامان ومالّی مـرۆڤایەتی هەیە لەگێتیدا بە کەفلەکوونێک هەڵلوشن! دەتوانن زۆرئاسان سەرلەمـرۆڤایەتی تێک بدەن، چی فێربوون لەبیریان بەرێتەوە! چونکە زەریا چەکێکە کەس، هیچکەس ناتوانێ بەهەڵە بەکاری بەرێت. بەڵام خوانەکات زەریا تووڕەبێت. خوانەکات هەستێتە سەرپێ! ئەوکاتە دەتوانێت بە تەنها شەقێک مـرۆڤایەتی لەخۆیدا لوول بکاو بەناخیاندا بەرێت. دەتوانێت هەمووما لە چاوتروکانێکدا ڕامالّێت. **کەچی هەموو زەریاکان ناتوانن پووشکەیەک نووقم بکەن. جا نازانم چی پەندێک لەم یاسا پیرۆزە تێ دەگەن؟**

کەچی ماسی وحووت وگیانەوەرانی ئاوی لێی ناترسن، نایپەرستن.. نەهەنگەکان سەرلەشکری زەریان.. ئەوگیانەوەرانە دەخۆن کە دەیانەوێت زەفەر بە تاریکی بەرن!

فەرمووم: تاریکی چییە قرژانی پیـرۆز؟

فەرمووی: وا ئەویشت بیردەهێنمەوە، چونکە یەکجار یادهێناوە مەرجە بۆ مـرۆڤ، هەن دووجار، سێجار، چوارجار شتیان بیردەچێتەوە! دەزانم تۆ هیچت لە بیرناچێتەوە.

تاریکی دڵی زەریایە.. لەناودڵی تاریکیی زەریادا نهێنییەک هەیە، پەیامێک هەیە پێیدەڵێن ئاشتی..ئاشتی گیانی ڕەسەنی خودی مـرۆڤە. چونکە ئاشتی مرۆڤایەتی هۆگری خۆشەویستی دەکات؛ بەوەش دڵنیایی، بەوەش؛ مرۆڤ گەتشتن بە مەحاڵ زامن دەکات. گیانی ئاشتی لەوێدایە..ئەگەر مـرۆڤ بتوانێت حووتەکان ڕازی بکات، دەتوانێت لەگەرووی حوتدا، وەکو حەزرەتی نەننون واتە یونس ئاشتی بـبـینێت، بناسێت، میوانداری بکات. کاتێک کەحەزرەتی یونس ئەوەی کرد، ئاشتی بەوی فەرموو: هێشتا زووە، من گیانی خۆم دووجار نادۆڕێنم.. تائەوکاتەی مـرۆڤایەتی نەگەن بە بینینی کەرامەتی خۆیان لەئاشتی ناگەن. من خۆم بەدەستەوە نادەم. تائەوکاتەی شەڕهەبێت، مـرۆڤ توانای دەست خستنی منی نابێت. من دەروونی خۆم بەمـرۆڤایەتی نادەم.

لەتاریکیشدا لەدەروونی تاریکیدا ئاشتی وئومێدو هیوا هەیە. تاریکی تەوەری هەیە ؛ تاریکییەکان هەمە چەشنن، لە تاریکیدا ژیان هەیە، بەهرەهەیە، کامەرانی هەیە، بەردەوامی هەیە، عەشق هەیە ئازادی هەیە و گیانی مـرۆڤ لەوێدایە..عەشق وئازادیش ئەبەدیین.. نەمرن. چونکە نهێنییەکانی خواوەندو بوونەوەرەکانیان تیادا پەنهانە. مرۆڤ بە یەکبوونی گیانی و باوەڕی **نێوان دوو ڕەگەز دەگات بەوێ. جا زانا کەسێکە لەناوتاندا بتوانێت دڵی ئافرەتێکی ژێر هۆگری خۆی بکات.**

گوێم لەبانگ بوو، قرژانەکە فەرمووی: شەپۆل بانگم دەکات. بمبوورە دەبێت بڕۆم! کە ئەوڕۆیشت؛ شەپۆل فەرمووی: منیش دەتوانم شتێکت فێربکەم. فەرمووم ئادەی حەزرەت. فەرمووی: دڵی زەریا هێمنە، ژیرە، نەرمە، بە کردەوەکانی بەشەر تاریک بووە.. پڕە لەدێـوی تاریک.. بەمـرۆڤ بڵێ ڕێزلەزەریاکان بگرن.. باهەوویان پڕنەبن لەتاریکی. فەرمووم: **ئەمچیرۆکەم بیستووە، لەقورئاندا دووپاتە.**

شەپۆل فەرمووی دەزانم، بەڵام تۆ خۆت دەزانیت کە هەمووشتەکان دووپاین.. مـرۆڤ ئەگەرچی فێربووە وابزانێت کەدووجار لەئاوی دەریایەک ناخورێتەوە، دەبێت بزانێت کە مـرۆڤ دەتوانێت سەدجار لەئاوی دەریایەک بخواتەوە.

لەسەربالەکانی لەقلەق خەونم دەبینی وبێدار دەبوومەوە، پاشان دەچوومەوە سەربالەکانی لەقلەق..کەدەگەڕامەوە قوتبی خۆم، دەبوم بەباوکی خۆم، بەدایکی خۆم دەبوومەوە بەمـرۆڤ..بەیەکێک لەمنداڵەکانم دەووت: دڵی زەریا زۆر تووڕەیە!.. کوڕەکەم لەخۆشیی ئەوهەواڵە نامەفهومە، هەڵدەزنا بەبالامداو دەیگوت: هەی لەوە! خۆ باوکم شێت بووە؟!

هەواڵی شەپۆلم دەگەیاند، هەواڵی قرژان وشەپۆل.. باسی حەزرەتی یونس. ماریا و مەسیح و زەردەشت. دەمتوانی ببینم، ببیستم، دەمتوانی ببم بەماسی، بەئاو، بە دەریاو شەپۆل. لە خەونمدا دەبووم بەهەموو شتێک. ئەرزو ئاسمان و باکان و هەورەکان تێکەڵ بەیەکتری دەبوون.. هەورەکان وەک شۆخە کچێکی بسکۆڵنەرم خۆیان بە ڕووت و قووتی نیشان دەدام و تکایان لێدەکردم تا وێنەیان بکێشم.. **کەچی دێوەکان گسک و خاکەناز و پەڕۆ و پاتاڵیان دەدامە دەست وکەسێک فڵچەیەکی بە دیاری بۆ نەهێنام!**

دەگەڕام؛ سڵاوم لە مێرولەو مێشەکان دەکرد، گوڵەکانم بۆن دەکرد.. باسی لێبوردنم دەکرد دەستم بەسەر کەرامەتی حەزرەتی سەگ و پشیلەدا دەهێنا. ئەوان چڕنووک وقەپاڵیان لێنەدەگرتم! گوڵەکان هەرگیز نهێنیی پشکووتنی خۆیان لای من نەدرکاند.. هەرچەند تکاو ڕجای زۆرم لێیان کرد، بەڵام ئەوان فەرموویان: **ئێمە ناهێڵین کەس ڕاستەوخۆ پشکوتنی ئێمە ببینێت.**

بەڵام  بەرازەکان منیان نەدەویست.. منیان نەدەدواند. چونکە خاوەن بەرازەکان خۆیان بوبوون بەبەراز. گاڵتەیان پێدەکردم، دەیانگووت: تۆناتوانیت چەقی بوونەوەر بیت یان واداری بکەیت کە مانایەکی زۆرت هەیە. منیش بەدێـوێکم ووت: با، دەتوانم. من خودی چەقی بوونەوەرم، چونکە من کەرامەتی مـرۆڤم. تۆنییت، چونکە دێـوکەرامەتی سستە، دێـودرۆدەکات، دێـو ڕقی هەیە، پاشەڵی پیسە بووغزی هەیەو تۆڵە پەرستە..دڵنیابە منم تۆ نییت. من کەرامەتی میللەتێکی چەوساوەم کە جیهان نکووڵیی لێ دەکات. من وەڵام دەرەوەی گیانی لەبار براوانی جیهانم. من خەونی برسییەکانی ئەفریقام. من ئەو پەیامانە دەگەیەنم کە پێغەمبەرەکان پڕ دەکات لە ئومێد.

دراوسێکانم قاوم دەدەن.. وەکوسەگ پێم دەوەڕن، گاڵتەم پێدەکەن، دەڵێن: بڕۆرە دەرەوە، ئێرە وڵاتی تۆ نییە، ئێرە هی تۆ نییە، تۆناتوانیت ئێمە بگۆڕیت.. بڕۆ چەپ بە ئەی بێـئاڵا ئەی بێـوڵات، تۆ هێشتا ووڵاتێکت نییە تیایدا بحەوێیتەوە. بڕۆ وون بە لەبەرچاومان.

منیش بەزمانی مـرۆڤ، بەزمانی شێت ومنداڵ ـ بەخاوەن سەگ وبەرازو پشیلەکانم دەگووت: دێـو بەوەدا دەناسرێتەوە کەسروشتی بایی و خۆپەرست وکینە دۆزو درۆزن وبوختان کەرە.. درۆزن ناتوانێت تەماشا بکات، ناتوانێت بـبـینێت.

کەدەبووم بەمـرۆڤ، لەخەونمدا بەدراوسێکانمم دەگووت: ڕێزلە کەرامەتی بێگانە بگرن. زەمی مەکەن، لێی مەترسن، ئازاری مەدەن دەری مەکەن. ئەگەر ناتوانن بین بە هاوڕێی، مەبن بەدوژمنی. کەچی دەیانقیژاند بەسەرما و دەیانگووت : بڕۆرە دەرێ لەم وڵاتە. ئێرە جێگەی تۆنییە.

منیش لە دورگەی هەستکردن بەکەمی دەمگووت: بەڵام من لە ژیان وبوون دا هەم ، زۆرم،  دەتوانم لەنگەربگرم، دەتوانم مت بیم، دەتوانم ببم بەهاوڕێی حەزرەتی مێرولەکان، گوڵ وگیاکان.. من هاوڕێی گیانیی باڵندەو مرقی ڕەسەنم، من هاوڕێی دارستان وزەمین وزەریاکانم.. دەتوانم تادەمرم بژیم، بەپێوە ڕابووەستم، بە پێوە بمرم لەپێناوی سەلماندنی چەقی قورسایی ژیان وبوون ـ لەخۆمداوبۆخۆم باوەڕبم، نەک بۆ ئـێوە.

چونکە سروشتی من بەهێزترە لەتواناى ئـێوە.. ئـێوە بەخەندەکانی من ناوێرن.. ئەگەرچی دەشبینم بە چەقۆ کولەکانتان، خەندەکانم سەردەبڕن.. بەڵام من بەخەیاڵمدا نایەت.. چونکە سەربەست یانی من، واتە ناوی چیرۆکخوان.. خاوەنی ئەم کتێبە.

ناوی من یانی مـرۆڤێکی ئازاد.. کەس بۆی نییە توخنی بکەوێت.. چونکە من مـرۆڤێکی لەڕاددەبەدەر لێبوردووم، کە هێشتا ڕۆحانییەکانتان تێی نەگەیشتوون.. هێشتا ئـێوە فێری لێبوردن وخۆشویستن وهاوڕێیەتی نەبوون.. ئـێوە هێشتا کرچ وکاڵن، بۆنی شیری گوانی ئەهریـمەن لەدەمتان دێت.. ئـێوە زووربەتان دێـون! ئەتانەوێت دانیشن عەزێت بەنە بەر خۆتان ولەمن تێبگەن؟

ئـێوەکێن مـرۆڤە دۆڕاوەکان کە وادەزانن دەتوانن تەحەددای من بکەن؟ خۆتان ماندوومەکەن، من لەمێژە مردووم.. من ڕۆژی سەدجار دەمرم وزیندویش دەبمەوە.. خەمی ئـێوە ؛ شەڕی ئێوە مرۆڤ دەکات بەدێـوو بەخێو.. بەڵام من سروشتی خۆم هەر پاراستووە.. لەناو لەشی قەبەوگەندەخۆری نەخۆشەکانتاندا بەدوای دڵێکدادەگەڕێم هەستی هەبێ وهەستسز نەبێت..باوەڕبەخۆم ناکەم کە دێـو دڵی نییە! بەخۆم دەڵێم: بگەڕێ، خێراکە چاوبگێڕە بەڵکوو دڵێک، هەستێک ڕەحمێکت لەناودێـوەکاندا دەستبکەوێت! نازانم چۆن پەیدا دەبێت؟ مـرۆڤەکان هەستی تێگەیشتنیان سڕبووە! گێژ بووە تەماشایان.. باوەڕناکەن منی نالی، منی مەحوی و گۆران و حاجی قادری کۆییو شێخ ڕەزا.. دەتوانم بەزمانی حاڵی پێتان بفەرمووم کە ڕەسەنایەتی گەلانی ئەورووپا و مەککەی ئەوان زاگرۆسی پیرۆزە. ئارارات گەواهی سەربەرزیی

باپیرانتانە. جا ئێوە شکۆی خۆتان هەتک کردووە، چونکە میللەتی نوح زریکەی دێت لە چیاکاندا و هەزاران هەزار سەری بڕاوی ئەرمەنی و ئاشووری و کورد بە دەستی دێوەکانی عەرەب و تورک بڕدراون، هەزاران هەزار منداڵی ناو بێشکە سووتێنراون، سەدان هەزار دایک و باوک زۆرلێکراوو ئاوارە و زیندە بەچاڵ دەکرێن هێشتا.

من زۆرچاک لەدێـوە بچکۆلەکان و گەورەکان تێدەگەم.. بەڵام هەستی تێگەیشتنی ئـێوە بۆژیان زڕاوە، دڕاوە، هیچی بەبەرەوە نەماوە! باوەڕناکەن من لەبری ئایین؛ باوەڕم بەڕاستییەکانی ئایینەکانە ولەبری خوایەک باوەڕم بەهەزاران خوایە.

بەڵام باوەڕم بە دێـونییە.. ئەودێـوانەی منداڵەکان فێری بوختان وجاسوسی و دزی و درۆ دەکەن. ئەودێـوانەی باسم کرد لەتابلۆی دێـودا. نازانن من دەستم هێناوە بەسەری ئاینشتاین-دا.. بەمۆدێل بۆم دانیشتووە، تکای لێدەکردم کەهیچ نەدرکێنم وەک چیرۆکنووس و نهێنییەکان پەنهان بدەم..

من موسا وئیبراهیم وهەمووپێـغەمـبەرانم بەخەودیوە. من دڵی هەزار مەسیح وماریاو گیانی ملیۆنەها شەهیدم پێیەو کەس وەڵامی خەندەکانم ناداتەوە! کەس من نابینێت لەم چەپەرەچەپەڵەدا. لەدورگەی هەستکردن بەکەمیدا! تێڵایەکیان داوەتە دەستم دەڵێن: فەرموو ئەگەر دەتوانی شەڕمان لەگەڵ بکە.

منیش دەڵێم :دێـوەکان، من بۆشەڕ نەهاتووم.. من بۆ خێر نەهاتووم.. من بوویەکی ئازادم و لە سەری ئازادییەوە دەرپەڕیوم.. من وەک قارچک وەهام، لەهەرشوێنێک بمەوێت، دەڕوێم ودەبم.

ئـێوە ئەگەر ڕۆژی هەزارجاریش من سەرببڕن.. نایەڵم نەخۆشییەکانتان کارم تێبکات، نایەڵم ژەنگی کردەوەکانی ئـێوە هەستی پۆڵایینم ژەنگیین بکات.. نایەڵم شوختێک بکەوێتە هەستێکم. وامەزانن من لێتان دەترسم.. چونکە من لەدێـو لەدایک نەبووم..من ترسنۆک نیم، من لەسەری جوانییەوە دەرپەڕیوم..

من پڕم لەداد ویەکسانی. ئـێوە ناتوانن کەلتووری هەستکردن بەکەمی بەسەر مندا فەرزبکەن. من هەست بەکەمیی ئێوە دەکەم؛ ئەوەش هەستم بریندار دەکات. ئـێوە هێشتا لەسرڕی هێلەکانی من تێنەگەیشتوون.

ئـێوەگێلن، کوێرن، نابینن. لەبیرتان نییە لەتابلۆی دێـودا فەرمووم: دێـوەکان چاویان نییە. دڵیان نییە، نابینن، هەست ناکەن. ئیتر چۆن دەتوانن هەستکردن بەکەمی فێرە من بکەن.. من لە داهێناندا دەژیم، کارم پێتان کەمە.

من کوڕی بەهرەکانی خۆمم.. من هونەرێکی تایبەتم.. قوتابخانەیەکم دەبێت هەموو هونەرمەندەکانتان بمبینن ولێمەوە فێربن.. من مایکل وداڤینشی نیم.. من مـرۆڤ وەکوئەوان نابینم.. من مـرۆڤ دەبینم دەتەقێتەوە، سەری دەکەوێتە دڵمەوە، چاوی دەکەوێتە سەر ئەستێرە و، چوارپەلی دەکەوێتە سەرمانگ وهەستی هەڵدەپروێت لە تیشکا. نازانم چۆن پۆرترێتێکی دروست بکەم، کەوێنەی مـرۆڤی ئەمڕۆ دەکێشم، لاپەڕەکان هەرچەند گەورەبن، بچوکن.. لەدەفتەرەکانی مندا ئازارەکانیـان جێگەی نابێتەوە، بەڵام هیواکانیـیان، خۆزگەکانیـیان، بەهرەکانیـیان، خەندەکانیـیان لەمندا دەڕوێتەوە.

بۆیە من هەم حەزرەتی نـوح-ـم، هەم هونەرمەندم، هەم پیرو جاڵجاڵۆکەو خەونەکانی لەقلەق . هەم نووسەرم هەم مامۆستام.

بەهرەکانم جوان وبەپێزو خۆشن. ووتەکانم بەڕەقیش خۆشن ئەگەر ڕاستپەروەر بەهەڵەدا نەچـێت. دەڵێم: من مایکلئەنجلۆ نیم.. بەڵام ڕۆژنییە پەیکەری وردوخاشبووی بزەوخوندەو تەماشای مەسیح وماریاکان چاک نەکەمەوە.. بەهەرجێگەیەکدا دەڕۆم مـرۆڤ خەندەی لێدەکەوێت، پێکەنینی لەباردەچێت.. بزەکانی سەقەت دەبن هەڵدەوەرێن.. چونکە بزەکان لەخشت ودارو ئاسن وتەختەو بۆرەک دروستکراون.. تائێستا هونەرمەندێکم نەبینیوە وێرابێتی حەزرەتی مەسیح بە خەندەوە دروست بکات! ئەو کاتانەی

هەست بەئازادی دەکەم و بۆ ماوەیەک پیاسە بە شەقامەکانی دوورگەکەدا دەکەم؛ دەبینم مەسیحە بچکۆلەکان و ماریا ووردیلەکان پڕن لە ترس و هەراس. دەیانبیینم دەست و پێیان داکووتراوە بە خاچی ڕق و کینەو ترس و قێزکردنەوە. دەیانبیینم پڕن لە گوومانی نەخۆشانە.

نەمدیوە ماریا دڵشکاو نەبێت! نایبینم ،بەخەیاڵ دادەنیشم ماریاکان دەدوێنم، نا گوێیان لێدەگرم..

هەستیان دەلاوێنم.. دەست بەڕوومەت وپرچ وسەریاندا دەهێنم. وێنەی خەندەیان نیشان دەدەم. باسی هونەری چی بۆمن دەکەن؟باسی کەلتووری جیاوازو زەختی کەلتوورو، نەخۆشیی کەلتوورم بۆ دەکەن.. وادەزانن کەلتووری دێـو ـ دەبێت بپەرسترێت.

دەتوانم هاواربکەم.. ئەگەر ئەزێتم بدەن، چونکە منیش گۆشت وخوێنم. دەتوانم لەدڵی هەردێـوێکدا باسی ئازادیم بکەم، دەتوانم لای زەریا لۆمەتان بکەم، لای ئاگر گلەییتان لێ بکەم، لای خواکـان ڕەنجم بەبا بدەم. دەتوانم بگوێزمەوە بۆ ناودڵی خۆر ئەگەر زۆر ئەزێتم بدەن.

من مـرۆڤێکی بەتوانام گیانی ژیانم هەڵگرتووە..نازانم ئـێوە باسی چی دەکەن؟! من پەنای هەزارەها هەزار منداڵ وپەیامـبەرو بت وخواو ماریاکانم داوە.. جیـهان لەمندا پەنابەرە، من پەنام نەبردۆتە بەر ئـێوە تاباسی دێـو بۆمن بکەن. بەڕاستی ئـێوە بێگانەن.. نازانن کەگیان وڵاتی نییە، بەڵکوگەردوونی هەیەو ئازادە!!

گیان لەدڵ ودەروونی هاوڕێیەتیدا دەژی، گیان بریتییە لەهەست، هەستکردن بەیەکتری، گیان هەموو پێـغەمـبەرەکان دەناسێت..گوێی لەگشتیان گرتووە..گیان کەخەون دەبینێت، خەوبەڕوخساری خواوە دەبینێت.. گیان دەتوانێت بـبـینێت. گیان سروشت وئاگرو باوباران دەناسێت..لەگەڵیاندا دەدوێت. ئـێوە ناتوانن گیانەکانی دەروونی من داگیر بکەن. بەڵام پەیامی گیان پێتان دەڵێت: لە ژێرکەڵبەی دێـوبەرازەکان وەرنەدەرێ..ووڵات ئەو بستەخاکەیە کەمـرۆڤی لەسەری ڕادەوەستێت، پیرۆزترین ئەرکی مرۆڤایەتی ئەوەیە کە خەندەکانی ئەوانی تر نەڕەنجێنێت. لەهەرجێگەیەکدا مـرۆڤ بیەوێت بژی ئەوێ ووڵاتی ئەوە، دەبێت ڕێگەی ژیانی بدرێت.. چونکە نیشتیمان ئەوبستە زەوییەیە کەمـرۆڤ بەشەو لەسەری ڕادەکشێت، ئەگەر ئازاد نەبێت، ئەوا بێـوڵاتە، بێـئاڵایە! ترسنۆک دووژمنی خوودو دووژمنی خواو مرۆڤایەتیـیە.

**نیشتیمانی ڕاستیی مـرۆڤی ڕەسەن کارە.. کارکردن مـرۆڤی پیـرۆزو ڕەسەن کرد، کاتێک کە گلەیی لەکاردەکەن، وەک ئەوەوایە بێـوڵات بن. مـرۆڤ تەنها بەکار خۆی دروستکرد، ژیانی دروستکرد، خێزانی دروستکرد، خواکـانی دروستکرد.. ئایین ودەوڵەت و یاسای دروستکرد. ئەگەر خواوەند یەک بێت، ئەوا ئەو جگە لە کارێکی ئاکاریی مەزن و سەروسروشتی هیچی تر نیـیە.** ئەو کاتەی کە مرۆڤ خۆی ڕێسا، واتە بەتەواویی خۆی درووستکرد؛ تەنها لەبەر ئەوەی ئاهوڕامازدای یەکتاو مەزن و خوای هەموو خواکـان ومـرۆڤەکان بێت، دابەزێت و تەماشای ئەنجامی کارەکەی بکات.

وەرنە دەرێ سنوورەکان تێکشکێنن. چونکە خواکـان دەڵێن: ئێمە سنورمان بۆ پیس بوون و بەدێـوبوون وشەڕیش داناوە.. ئێمە تەنها ئازادییەکمان داوە بەمـرۆڤ کەناتوانێت بەکاری بەرێت. چونکە سنوورلەگەردوونی گیانی خێرمەندانددا بوونی نییەو هەمیشە دەکشێت..بەڵام لەنێوان شەڕوخێردا سنوور هەیە، لەنێوان مرۆڤ و دێـوەکاندا سنوور هەیە، لەنێوان خێزاندا سنوور هەیە، لەنێوان هاوڕێدا.. لەنێوان ئاسمانەکاندا!

لەیادت بێت تەنها لەگیانی پەتی و بێگەردا سنوورنییە. کە پێکهاتێکە لە جوانیی عیشقی ئەبەدی. لەهونەری گیان بینیدا سنوورنییە.

جارێکیان بتێک فەرمووی: من هەموو گەردوونەکانی گیان گەڕام، بەڵام ئالایەکم نەدی. ئەمە مانای ئەوە نادات کەژیان لەوێدا نییە کەتۆ نایبینیت! چونکە زۆرهەن چاویان هەیەو کوێرن!
بڕۆلەکوێرەکان بپرسن تاباسی تاریکیتان بۆبکەن، جاتێدەگەن کەکوێرەکان لەشی ووشەکان دەبینن. ژیان لەبۆشاییدا هەیە.. مەراتیبی ژیان هەیە، ژیانی ئاگرین، هەڵمین، هەوایی، تۆزاوی، ژیانی نەرم وڕەق، ژیانی تەسک، ژیانی ئەلەکترۆن وکارەبایی ووزەیی و چڕ هەتادوایی.. چونکە خودی ژیان لەکردەوەکان دروست بوون، لەکارلێکی کردەوەکان. ژیان کۆمەڵێک هەڵوێستە.. جا دەتوانم بڵێم هەڵوێستەکان جیاوازن.. بەڵام هەڵوێستەکان دەبێت سنوور ناس بن. ژیانەکان زۆرن، گەردوونەکان هەمان شێوە.. دێـوناتوانێت گەردوونەکان بـبـینێت. ناتوانێت داگیریان بکات. مـرۆڤ هێشتا فێری خـود بیـنی نەبووە! مـرۆڤ هێشتا داگیر دەکات، دەدزێت، دەکوژێت. شەڕدەکەن.. بوون بەدێـو.
دێـوەکانی دراوسێم لەوڵاتی هەستکردن بەکەمی ئازاریان دەدام.. ناچاریان دەکردم بگەڕێمەوە ناوژوورە تەسکەکەم، گوێ لە پەندو ئامۆژگاریی هاوسەرەکەم بگرم، کەتووشی نەخۆشیی مانگرتن بووە، مانگرتن لەمن، لەسروشتی هەڵەی من. پێم دەڵێت: دێـوەکان ڕاست دەکەن، ئێرە ووڵاتی تۆنییە! پێم دەڵێت: کەرە خەتای تۆیە ،تۆناتوانی باسی ئازادی بۆدێـوەکان بکەیت. دێـو حەزی لەبەدخۆری وهەوەسبازی ووڕکردنی دەماغێتی.
منیش بەخەندەیەکی شیفا بەخشەوە بەهاوسەرەکەم دەڵێم: ئەی ئافرەت، ڕێزلە کەرامەتی خۆت بگرە. من بۆجوانی دەژیم، بۆ هونەر، بۆناساندنی کەرامەتی ڕەنگەکان.
ئەویش پێدەکەنیت بە ووشە ساواکانم و دەڵێت: هونەر دەبێت نیشان بدرێت. تۆ هەمیشە چاوەڕوانی کەسانێک بێن و یاریدەت بدەن و دانت پیا بنێن! **منیش دەڵێم ڕاستە، بەڵام لەئەورووپا بێڕێزی دەرهەق بەهونەر گەیشتۆتە ئاستێک،کە ماوەیەک لەمەوپێش دادائیزمەکان لەئاودەستەکاندا بەگوو وێنەیان دەکێشا، هونەرمەند هێندە برسی و ڕسوابووگوی دەدا بە سەلیقەی مـرۆڤ. لەبری هەستیاری و نیـیانی ، هونەرمەندانی ئەمڕۆ خۆیان زاماردەکەن، دەمی خۆیان دە دوورن، ڕێز لەلەش وبیروگیانی خۆیان ناگرن. دەچن دەبن بەتالیبان، لەبری پەیکەری بوودا پێـغەمـبەری ئیسلام پڕدەکەن لە باروت، ژیان پڕدەکەن لەکینە.**
**هونەری دادایەکان نەخۆشییەکی شێتیی کۆمەڵایەتییە دژی شەڕوگەندەڵبوونی مـرۆڤ.هونەری من باسی شەڕو زبریی مـرۆڤ ناکات، هونەری من لەمۆزەخانەی گیانی خۆمدا نیشان دەدرێت. من لەمۆزەخانەی کەشتیی نـوح دا وێنەکانم نیشا دەدەم. بەڵێ. بە خێزانەکەم دەڵێم: چاوەڕوانی نەوەی نوێم تا لە ئێسک و تروسکی ئەنفال داردەستێکی ئەفسانەییم بۆ دروست بکەن. بەڵێ.. چاوەڕێم هەموو ڕابەرو سیاسەتمەدارانی جیهان دان بە باوەڕمدا بنێن و بەرگێکی مەتین و چڵک هەڵنەگر و تایبەت و نایابم بۆ دروست بکەن و بە دیاری بە منی ببەخشن.. چاوەڕێم فریشتەکانی سەرزەوی بێن بۆ لام و بفەرموون: فەرموو حەزرەتی نوح.. ئەمە کاڵا و سەڵتە و جبە و داردەستی تۆیە.. بۆ کوێ دڵت داوای دەکا بڕۆ.. ئێمە بەرگریت لێدەکەین و نایەڵین هەست بە تەنهایی بکەیت. ئێمە باوەڕمان بە تۆ هەیە و چەند فڵچەیەکیشم بە دیاری پێ دەبەخشن کە بۆنی بغووردیان لێ دێت.**
**ئەوسا منیش دەست دەدەمە دار دەست و بەرگی سیحرین دەکەمە بەرم و دەکەومە ڕێ.. ئیتر جیهان ڕزگاری دەبێت بەو خەندانەی کە من لە ڕێگاکاندا لێم دەکەوێت یان بە دیاری بە کۆچەر و بە ڕێبوارەکانی دەدەم.**

هونەری من لەوێدا شایانی نیشاندانە کەتیاید گوڵەکان، دڵەکان، تەماشاو بینینەکان، خەونەکان، ژیانەکان، منداڵەکان، ماریاکان ومەسیح-ەکان ئازادن.( ئێستا کەمێک دەربارەی من دەزانیت کە منی چیرۆکخوان لە قوتبی ڕاستەقینەدا هونەرمەند وچیرۆکخوانم لەوڵاتی هەستکردن بەکەمیدا. هەروەها خاوەن هاوسەرو دوومنداڵم. چەند منداڵێکیشم بوون بەقوربانیی دێـوەکان..)

من هەرخەریکی خەوبینینم، خەو بەژیانەوە دەبینم.. من هونەرمەندێکم هونەری خۆم نافرۆشم، نیشانی دێـوی نادەم.. تائەوکاتەی گیانی ووشەکانم نیشان نەدەم، پێم نەنگییە هونەرەکەم نیشان بدەم. من بەپێویستی دەزانم باسی هونەریان بۆبکەم؛ تا فەلسەفەو فەیلەسووفە سەقەتەکان ڕاست بکەمەوە. من دەمەوێت بە هونەر بڵێم: دادایی هونەر نییە، عەبەس کەلتوور نییە، سادیزم ئەدەب نییە، دەڵێم میتاڵیکا مۆسیقا نییە، بەڵکو نەڕەووشەڕی دێـوە،لایەن ئەگەر حەز لەتەندروستیتان دەکەن.

ئەفلاتون نەیگوتووە: بەشکۆترین مۆسیقا دیسیپلینە، بەڵکو دەڵێت مۆسیقای سەربازو داگیرکەر مۆسیقای دیسیپلینە.

هیچ شتێک سەرچاوەی نییە وناگەڕێتەوە بۆ ئایدیاڵ نمونە، بەڵکو سروشتەکان ئایدیاڵ نمونەی خۆیانن، هیچ سروشتێک لەناوناچێت، ووشەکان، ڕەفتارەکان، جوانییەکان نەمرن. تۆ هەرگیز ناتوانیت کردەوەیەکی بەد جێگری کردەوەیەکی جوان بکەیت. کردەوەکان بتەکان درووست دەکەن. کردەوەکانتان میراتی ژیانی داهاتووتانە. من دەربارەی مۆسیقا دەڵێم: نایابترین مۆسیقا ئەوەیە کە دەروون دەبزوێنێت بەرەو خۆشی، تەقەی دارو، چەپڵەو هۆرەو تەپڵ وڕیتمی دیسکۆ.. گیان بزوێنن.. پەیام بەخشن. مۆسیقا شیفا دەدات بەگەردو زەڕڕاتی گیان.هەستی جوانی بەخانەکانی لەشدا دێنێو دەبات. تەماشا دەبزوێنێت، تەماشای گەڕان بەدوای جوانـیدا، بەدوای شکۆدا، بەدوای گیاندا.

ئاینشتاین دەڵێت:هارمۆنی سروشتی بوونە. تەنها بەیاریدەی هەستکردن بە هارمۆنی مـرۆڤ دەتوانێت بـبـینێت.. هاوکاری وخۆشەویستی وهاوبەندی لەنێوان گەردیلەو ئەتۆم و هیلیۆم وکاربۆن و هایدرۆجین داهەیە.. کەچی مـرۆڤ لەوانەوە فێرنابێت. مرۆڤ نازانێت کە ئورانیوم هیلیۆم هەست و گیانیان هەیە، دڵیان  هەیە ودەبزوێن و هەست بە ئازادی دەکەن، دەژین.

ئەنیشتاین دەڵێت: تەنها بەهەستکردن بەهاڕمۆنی دەتوانیت سروشتی گەردەکان بدوێنیت، بگۆڕیت. دەتوانیت بە بەپەرستنی گیان، بەجوانی و هونەر دڵی خواوەند بخەیتەوە جێی خۆی. چونکە خواو خواکان دڵیان ڕەنجاوە لە مرۆڤ و شەڕی ئەوان. ئەنیشتان نەیفەرمووە : ببن بەدێـو.

بەهاوسەرەکەم دەڵیم: من نەهاتووم تا بەشەڕ بێم وتێکشکێم لەناودێـوەکاندا! تێڵاو چەقۆو تفاقی جەنگیشم پێ نییە، بەڵام کەلتووری دێـو لەبری فڵچە، تێڵام دەداتە دەست و دەڵێت: وەرە نەبەرد. لە کەلتوری وڵاتی هەستکردن بەکەمیدا مـرۆڤ مافی ئەوەی نییە ببێت بەهونەرمەند!

بۆیە هونەرەکەم نیشان نادەم تا فێریان بکەم ڕاست بڕوانن و فێری تەماشاکان بن. نایەڵم کەس قسەی گواوی بەتابـلۆکانمدا دەرببڕێت. من تابـلۆکانم نافرۆشم، مـرۆڤ گیان ولەشی خۆی نابێت بفرۆشێت. قاحبەش حەز لەخود فرۆشی ناکات. هونەری من موڵکی هاوڕێ و دۆستە، موڵکی ئەو شوێنەیە کە سەرچاوەی دەربڕین لەوێیە.

هونەر موڵکی مـرۆڤی خاوەن سەلیقەوبیرەوەرە، دێت تەماشای دەکات، بۆماوەیەک دەیباتە لای خۆی، قەرزی دەکات، تاتێیدەگات، پاشان دەیگێڕێتەوە بۆ ئەو شوێنەی لێوەی وەریگرتووە، وەکوئامانەت دەیگێڕێتەوە.. خۆیشی نرخ بۆ ماوەی قەرزکردنی تابلۆکە دادەنێت، چونکە تابلۆ موڵکی خود و گیانیی

هونەرمەندە. بەڵام مۆسیقا دەکرێت بفرۆشرێت، چونکە ئاسان کۆپی دەکرێت، ئەوکارە لەگەڵ تابلۆشدا دەکرێت. بەڵام مۆسیقا نابێت خرۆشی هەوەسی ناجۆر بەرپا بکات.. نابێت ڕق بکات بە پەیام، نابێت مـرۆڤ هانبدات  تا خوێن لە لەشی خۆی و لەوانی تر بهێنێت. چونکە زانستەکان لە خوێنی مرۆڤ نەخشاون.

کە لەهونەر دەدوێم بۆ هاوسەرەکەم، پێم پێدەکەنێت! دەڵێم: هونەر نابێت ڕقی مـرۆڤ بەرپا بکات، ئەهریـمەنەکان بهێنێت ولەدێـوەکاندا دیلیان بکات، بەڵکو بە پێچەوانەوە، هونەر دەبێ ڕەنگ و ڕووی مـرۆڤ جوان بکات.. هەستێکی پێبدات کەشایانی فێربوون وچێژ لێوەرگرتن بێت، چێژی گیانی، دەروونی، هەستی، بیری. هونەر پێویستە لە کەماڵی عیشق و ئازادی بدوێت.

ئەدەب نابێت باسی گەندەڵیی دێـوەکان وبەدخۆری و بەدکارییان بکات، ئەدیب دەبیت گیانی ووشەکان بـبـینێت، یاخود بەکاریان نەبات. ئەدەب نابێت سەرزەنشتی ئایین وباوەڕبکات، بەڵکو بەپێوەری جوانی دەبێ تەماشای باوەڕەکان بکات. نابێت لەپێناوی باوەڕی خۆتدا هەڵبکوتیتە سەرباوەڕی من، جائەگەر کەسێک باوەڕی بە بت بوو یاخود بە مشک یا بە مێش، حورمەت لەباوەڕی بگرە و کەرامەتی برینداڕمەکە.

چونکە بەڕێزگرتن لە کردەوەوهەڵوێستی ڕاستی ئەوانی تر، هونەر بەهرەمەندت دەکات. سەرمایەی هەستت گۆش دەکات، بیر بەهێزو بژێو دەکات.

خێزانەکەم بەگاڵتەجارییەوە سەیرێکم دەکات، بەگومانێکی کەمێک بۆیەکراو بەباوەڕ، بەهەڵە ووتەکانم وەردەگرێت، بەگۆشەنیگا سەیرم دەکاو نادڵنیا دەڵێت: دەزانم باسی چیم بۆدەکەیت، بەڵام ئێمە برسیمانە، ئەمڕۆ چیمان بۆ دروست دەکەیت؟

ئەمە لەلایەک و لەلایەکی ترەوە، لەوڵاتی هەستکردن بەکەمیدا دراوسێی حەزرەتی مارییایەکم کە باوەڕی بە ئایین وخوا وخواکـان نییە، بەڵکو تەنها باوەڕی بەوسەگەیە کەناوی ناوە کوڕم!  هەرچەند من دەبینێت دڵی پڕدەبێت لەڕق، چونکە وادەزانـێـت ئەوەی بۆی بخەندێت دوژمنەو شتێک لەو دەفڕێنێت!

بەگۆشەنیگا تەماشام دەکات کە بە ڕێکەوت دەمبینێت، پێم دەڵێت: دەزانم لەهونەردا مـرۆڤ بەدوای عەشقدا دەگەڕێت.. بەڵام من تۆم خۆش ناوێت. منیش پێیدەڵێم : بەڕێز ماریا خان، تۆئازادیت، بەڵام لەهونەردا خۆشویستن بێسنوورە. هونەر بەگیان تەماشا دەکات، دەچێتە ناوەڕۆکی دێـوەوە وتەماشای جەوهەر دەکات، دەتوانێت خۆی تەفرەبدات بەوەی کە لەناو دڵی دێـودا ژیان هەیە؛ خۆزگەو هیواو ئومێد هەیە. بۆیە بەهەڵەدا مەچۆ گەر هونەرمەندێکی وەک من بە گیانی هونەر تەماشات بکات، بتدوێنێت، چونکە هونەرمەند یاخود مـرۆڤی ڕەسەن دەتوانێت تۆو سەگ و بەرازو دێـویش بدوێنێت وڕێز لەکەرامەتتان بگرێت. هونەرمەند یاخود مـرۆڤی ڕەسەن دەست بۆ کەرامەتی هیچ بوونەوەرێک نابات.

ئەو دێت وبەمن دەڵێت: بمدوێنە، باسی عەشقم بۆبکە، چونکە من عەشقم لەدەست داوە. بەودەڵێم: عەشق نادۆڕێت. تۆسەیری باڵای حورمەتی خۆتت نەکردووە. تۆ دێـوێکت بۆخۆت داتاشیوە.. تۆلە یادت چووە کە تۆ خودی عەشقیت، ئیتر بەدوای عەشقی چیدا دەگەڕێیت؟ ئەی نازانیت کە عەشق داگیر ناکرێت، ناکڕدرێت، نافرۆشرێت؟ عەشق لەمس دەکرێت لەمسی گیان.. بۆنی دەکرێت، تەماشای دەکرێت ودەبینرێت.. داگیرناکرێت، چونکە عەشق موڵک نییە، کاڵا نییە، خۆراک نییە. بەڵکو خۆراکیکی گیانییە، موڵکێکی گیانی و مەملەکەتێکی بێ شوومار بەرینە لە جوانی.

عیشق هەستێکە گیان گۆش دەکات؛ بۆیە ئەو خۆراکی گیانە. دەبێت تەنها هەستی پێبکرێت. لەوێدا عەشق ئازاد ومەنگ وشەنگۆڵە کە مـرۆڤ ڕێز لەخۆی دەگرێت. کەجوان تەماشای دەکرێت، کە گوێی لێدەگیرێت.

بەوم فەرموو: تۆ عەشقی من زویر ناکەیت..ناتوانیت، نەک سەگ، بەڵکوئەگەر دێـویش بیت ودێـوێش بپەرستیت، ناتوانی خەندەکانی من قڕبکەیت. ناتوانیت تەماشایەکی من بدزیت و لە ناویبەریت..، چونکە دەزانم وەچەی کێیت!

تۆیادت نایە چییان بەسەر دایکە گەورەی داپیرەتدا هێنا لەگردی سەرەڕووتە لەدەرەوەی ئورشەلیم!..

دەزانم چی دێـوێک ژەهراوی تفی؛ بەرلەشەهوەی ڕوخساری تۆیان تەنی! بەداخەوە دراوسێکەم تۆ ناتوانی سوود لەجیـهانی گیانیی من ببینیت.

من ئاوا دەژیم لەقوتبی هەستکردن بەکەمیدا، من لەبری ئەوانی تر کەخۆیان ناناسنەوە، هەست بەکەمی دەکەم. چونکە لەویَ هەمووکارێک شیاوە. مـرۆڤەکان لە کەماڵی دێـوەکاندا دەژین..مـرۆڤەکان پێیان خۆشە خزمەتچیی دێـوەکان بن. زۆربەیان دێـوپەرستن.. شاڵاوبۆیەکتری دەبەن، تەرمی مـرۆڤەکان لەسەرزەوی دەشارنەوە، وادەزانن دەتوانن ڕووبەڕوی خوا ببنەوە.

من پەنابەرێکم هونەرمەند، پیشەم هەستکردن بەکەمی نییە، بەڵام کورد دەڵێت: پیاو کەچووە وڵاتی کوێران دەبێت دەست بەچاوی خۆیەوە بگرێت. من دەتوانم هەردووکارەکە بکەم، هەم چاوساغی، هەم کوێری!چونکە حەزناکەم دێـوەکان تووڕە بکەم، چون ئەگەر ئەوان تووڕە بن، شەڕێک دەزێت، شەڕێک زۆردەبێت.

لەپرتاو مەسیحێکی خوێن بەربوو دێت.. بەو هەموو زامانەوە، وەک منداڵێکی ڕووت و قووت لەبەر دەممدا هەڵدەلەرزێت.. دەترسێت.. باسی ئاخوون و تالەبان و برسێتیی هیندو فیلیپینم بۆ دەکات.. باسی ئازارەکانی ئەفریقا! مەسیح دێت ودەفەرموێت : **ئێستا من پێتان دەفەرمووم، ئەو جێگەیەی من بۆی دەچم تۆناتوانی بێیت لەگەڵمدا، پەیامێکی نوێتان پێدەڵێم: یەکتریتان خۆش بوێت. هەمان شێوە کەمن ئـێوەم خۆشویستووە، ئـێوەش یەکتریتان خۆشبوێت، ئەگەر دەربارەی یەکتری خۆشەویستیتان هەبوو، گشتتان تێدەگەن کە لەشاگردانی منن.**

من تادێت جێگەم تەنگتر دەبێت لەو دورگەیەدا، بۆهەر دورگەیەکی تریش هەڵهاتبم، هەمان شێوە، ژیان لەناویاندا مەحاڵە..لەویَ زەمین گرتوومی وئاسمان قووتی داوم.

من لەدێـوو خواوەندی شەڕەکان تێناگەم! بەڵام بۆیان نییە، ڕێگەیان نادەم لە مژدەی بینین بێبەش بن.. چونکە من بەشی ئەوانەی لێدەدەم کەدەتوانن ببینن، بەبێ دێـوی ترس و گومان. من هاتووم ببم بە مامۆستای دێـوە ساواکان، ئەوانەی شوێنەواری مـرۆڤیان تیادا ماوە.

ئەوان فەرزە لەسەریان دەنووکیان بکەنەوە بۆ ڕەحمەتی لووقمەی فێربوون. دەبێت بچمە ناو دەروونی تاریکیانەوە. تاکەمێ ڕۆشن ببنەوە..تاتۆوی ئاشتی بڕوێنم.. باسی ئەو مـرۆڤەیان بۆبکەم کە دەروونی ڕۆشنایی بینی. دەمەویَ فێربن، لەدڵی تاریکیدا لەیادیان نەچـێت بێئومێد نەبن. چونکە ئومێد لەهەر جێگەیەکدا بوونی زۆرە.

کاتێ مـرۆڤ هەست بەکەمییەکانی ئەوانی تر دەکات ودەیەوێت نەجاتی بێت.. دەشێت شێت بێت، خۆی بکوژێت، دڵی بووەستێت، بمرێت.. یان دەشێت وەک من خەو بەڕوخساری خواکـانەوە بـبـینێت، چونکە مـرۆڤ هێندە ناچاری تەنهایی دەکرێت، ناچار دەبێت، خوا زەڕبی ملیۆن جار بکات.. ناچار دەبێت خۆی لێببێت بەخوایەکی تاکو تەنها وچی عەیب وعاری مـرۆڤایەتی هەیە بیخاتە ئەستۆی وردی خۆی.

پیاو خوای نامێنێت.. بەڵام بوون بەخوا سوودی نییە، چونکە خوای دێـوەکان ئەهریـمەن داهێنەرومەکربازو درۆزنە، شەڕوخێڕێ تێکەڵ کردووە، سەری لێشێواوە ونازانێ چی بکات! **خوا بە دەست مـرۆڤەوە سەری لێتێکچووە، نازانێ بۆچی وچۆن ئەویان دروستکردووە، چۆن زەفەریان بە هەبوونی**

**خوابرد؟ خواوەند لەو ئاسمانە بەرینەدا تیاماوە، نازانێت بۆ مـرۆڤ خوا دروست دەکات و دەیکات بەدێـو؟ تەنها و گۆشەگیری دەکەن، جەهەننەم دەکەن بە مووڵکی ئەوو لەسەر خواوەند تاپۆی دەکەن! خوا نازانێت بۆچی مرۆڤەکان بەدکاری دەکەن، خوا بەدکارییەکانی دانەهێناوە. ئەو لە بەدی تێناگات.**

باوەڕبکەن خەڵکینە من بەزەییم بە هەستکردن بەکەمیی خواشدا دێتەوە. بۆیە کەلەگەڵ خۆمدا دادەنیشم وحیکایەتی مێش بۆ خۆم دەکەم، بەدەم بیرکردنەوەی پارانورماڵەوە، ئامۆژگاری خوادەکەم! یاریی لەگەڵدا دەکەم، ختوکەی دەدەم، تەماشای دەکەم، بۆنی دەکەم، دڵی دەدەمەوە. **دەڵێم بەشکم خوا بەزەییەکی بە کوردا بێتەوە و بچێتە خەونی مرۆڤ و گەلی زاگرۆس و تکایان لێ بکات تا هاوڕا بن!**

چونکە دەزانم دێـوەکان زۆرلەمێژە خوایان ونکردووە، خوایان لەبیرچۆتەوە، تاکو تەنها ئەویان لەوئاسمانە بەرینەدا بەستۆتەوە. وا دەزانن خوا تەنهایە و ئەو لەتەنهاییدا سابتە!

پیاو دیین دەبێت لەنێو دێـوەکاندا، ناچار دەبێت ببێت بەخوای خۆی، بەر لەوانی تر بەسەر خۆیدا بچێتەوە، ئامۆژگاریی خۆیبکات، گوێ لەترپەی دڵی خۆی بگرێت.

مـرۆڤ هەست بەکەمی بکات چاترە لەوەی هەستی پێنەکات.. چونکە هەست نەکردن مانای بوونە بە دێـو.. جاکەمـرۆڤ نەخۆش بکەوێت، چاترە ببێت بە خوا لەوەی ببێت بە دێـوو شەڕو ئەهریـمەن.

بۆیەمن زیندەخەو دەبینم، دڵنیاشم کە تێکنەچووم، چونکە من چیرۆکتان بۆ دەنووسم.. بۆیە دەوێرم باسی هەست ونەستی خۆمتان بۆ بکەم.. لێتانی ناشارمەوە پێـغەمـبەرەکان، ئایینە پیـرۆزەکان، بت وپەپولەو باڵندەکان لەدەوری من سەما دەکەن، خۆشایی بەهەستیان دەگات، دان بە ووشەکانمدا دەنێن و دەڵێن:

**قوربان خۆشمەزەیە.**

لەدەروونی مندا دەریاکان مەنگن هێشتا، شەپۆلەکان پێمدەڵێن: هەمووپەیامەکان دووپاتن. باڵندەکان دەڵێن: ئێمە لەدێـوەکان تووڕەین.. ئەگەر وابڕوات جیقنە بارانیـیان دەکەین. دێـوەکان لە قیژەو جووکەی ئێمە تێناگەن. دێـوەکان وادەزانن ئێمە زکماکانە دەقیژێنین! بەڵام ئێمە پەیامی پەلەوەر دەگەیەنین. لە دێـو تووڕەین، دەمانەوێت بڵێین: ڕێز لەژیان وله یەکتری بگرن، یەکتری مەکوژن، درۆمەکەن..، سروشت بە کردەوەکانـتان پیس بووە، پیستری مەکەن.

وەها دەژی پەنابەر.. لەقوتبی خۆیدا دادەنیشێت.. سەیری ژیان دەکات، دڵی بەژیان خۆشە، دڵی بەلاوان ومنداڵان خۆشە، دڵی بەخواو بەفریشـتەکان دەسووتێت، **بیری گیانی ڕاستەقینەی خۆی دەکات، بیری بستێ خاک وزەڕڕەیەک ئازادی.**

دێت و دەچێت بەناودێـوەکاندا، هەرچییەک دەڵێت نامەفهوومەو پێی دەڵێن ئەمە کۆنە. من لەدێـوەکان ناترسم، بەڵکو فێربووم ڕێز لەبوون بگرم، دەمەوێ فێریان بکەم کەمن بۆم هەیە باسی کەرامەتی خۆم بکەم.. چونکە من بابایەکم کۆچەروپەنابەر.. بەدوای عەشقی لێکەوتوی خۆمدا دەگەڕێم.. بەهونەر لەجوانی دەدوێم، بەجوانی لەژیان دەدوێم، گۆرانی ئاشتی بۆژیان دەڵێم، بەتەماشا ژیان وخۆزگە دەڕوێنم.. لەگەڵ گوڵەکاندا هاوڕێم.. ئاسمان باوەشی بۆم کردۆتەوە، سروشت گوێم لێدەگرێت، باڵندەکان میوانی منن کاتێ بەژوور سەرمەوە دەفڕن.. هەورەکانیش مامۆستای هەمیشەییمن. منیش بێباکانە دەژیم، بێترس بەنێو دەروونی تاریکی دێـوەکاندا دڵنیا هەنگاو دەنێم.. هەزاران هەزار پەیکەری ماریاکان ومەسیحەکانم پەنا داوە.. دەڕۆم و لەم دێـوو لەو دێـو دەپرسم: ئەرێ زەحمەت نەبێ تولەڕێی یان شاڕێگەی هەمیشەیی لەکوێیە تا ئەم پەیکەرانە بەئامانەت بخەمە سەر ڕێ؟

بەزەیی پیامدا دەهاتەوە لەقلەق، من لەسەر باڵەکانی ئەو خەوم بەمـرۆڤەوە دەدی، خەوم بە میللەت و وڵات وئاڵاو خواوە دەدی!

گوێم لە ورێنەکانی منداڵیی باوکم بوو.. لە هەمیشەییدا باوک و باپیرانم دەدی ترسابوون، ماندوو بوون، لە دەستی بەڵاکانی شەڕ.. گوێم لە ورێنەکانی مێژووی مـرۆڤایەتی دەبوو.. چونکە لەسەر باڵی لەقلەق من هەموو شتێکم دەدی.. دەنووستمەوە، هەڵدەستامەوە. ئەویش بەچاوی باوک، دایک، بە چاوی خوشک و براوکەس، سەیری دەکردم.. جارناجار تەقەتەقی بەدەنووکی دەتەقاند بۆم.. گۆرانیی بۆم دەگووت، دەیخوێند: حاجی لەقلەق مارهات،.. ماری زەنگۆڵدارهات..
دایکم بەفیغان هات.. باوکم بەگۆچان هات.. کاکم بەهاوارهات.. خوشکم بەگریان هات.
مێرولەکان گۆرانیی حاجی لەقلەقیان لەگەڵ مندا دەخوێند.. پاشان مێرولەیەکی سەوز هات، لە میروولەکانی هاوڕێم نەدەچوو، فەرمووی: ئاسمانەکانیش ڕووباری باڵندەکانن.. **مـرۆڤ لە بنچینەدا نیشتیمانیـان ئاسمانە نەک زەمین.. چونکە زەمیین دێـوی زیاتر لەسەر دەژی وەک مـرۆڤ. زەریاکانیش چاوگی یەکەمی ژیانی گیانییە.** مرۆڤ و بژێوەکان گشتیان وەچەی دەریاو زەریاو ڕووبارو تۆفان و هەڵم و تنۆکن. هەواکانیش مەخلووقاتی سەیر سەیر بەدی دێنن. ئاسمانەکایش پڕن لە گیانی تاریک و ڕووناک. ئایا سەیر نیـیە بەلاتەوە کە مرۆڤ بە دوو و ئاژەڵ بە چوار دەڕوات؟ ئایا سەیر نییە بەلاتانەوە کە ژیان وەکو من و تۆ گیان دەدات، کە دۆعا دەژی و کە ئاشتی گیانی بۆ گەردوونەکان کۆچ دەکات؟ ئایا سەیر نییە بەلاتانەوە کە هەن گیانی خۆیان بۆ هونەر بەخت دەکەن، بەر لە وولات؟
مێرولەیەکی تر فەرمووی: هەستکردن بە تەنهایی مرۆڤ ناچار دەکات بیر لە تەنهایی خواوەندیش بکاتەوە. پاشان مرۆڤ پرۆژەی دەربازکردنی خواوەندی بە بیردا دێت. ئەوەی گیانێک لە تەنهایی دەرباز دەکات وەک ئەوە وایە خواوەند لەتەنهایی دەرباز بکات. مرۆڤی ڕزگارکەر هەڵگری مافەکانی خواوەندە. جا مرۆڤ کاتێک مێرولەیەک یان فیلێک یان ژیانێک دەرباز دەکات. کردەوەیەکی پیرۆز سەرباری ژیانی خۆی دەکات. مرۆڤ تەنها خۆی دەتوانێت پاداشتی چاکەکانی خۆی بێت.

## تابلۆی لوقمان

کەکات وەستا، کەزرمە لەدڵی ژیان هەستا.. حەزرەتی لووقمان خەریکی ڕەنگ کردنی ڕوخساری خۆی بوو، گشت گیانی خۆی بەبۆیەی ڕەش بۆیە دەکرد.. چونکە لە هەندەران دەژیا. حەزرەتی لوقمان لە هەندەران ئەنفال کراوە بۆ دوورگەی تەنهایی.. مەحکوومە بە تەنهایی، بە ترس، بە بێکەسی. لە نهۆمی یەکێک لە

زیندانەکانی وولاتی دێـوە بێهەستەکان بەتەنها دەژی، بیست وسێ ساڵە دێـوەکان گرتوویانە، لەسەر ئەوەی کاتێک کە گەیشتە دوورگەی دێـوەکان فەرمووی: من حەزرەتی لوقمانم!

لەومێژووەوە، ئەو گیراوە، لەزیندانی دێـوەکاندا بەوەتاوانبارکراوە کە گوایا درۆدەکات ئەو یەهوودایە نەک لوقمانی حەکییم!

بەدەم بۆیە کردنی لەشی خۆیەوەلەژوورێکی تاریکی بۆیەکراودا بە هەمان ڕەنگی ڕەش، دەیویست خۆی لەچاوی دێـوەکان وون بکات.. پیـرشالیار لەدەرگای دا: تەق تەق تەق.. بەدەنووکی لەقلەق لەدەرگای ماڵی زیندان شێوەی حەزرەتی لوقمانی دا.

حەزرەتی لوقمان دەرگا دەخاتە سەر پشت.. دەڵێت: ئەوەتۆی؟ فەرموون وەرنە ژوورەوە. بە پەلە لوقمان ئاسا بەلەشی ڕووت وقووتوو بێبەرگەوە چایەک دروست دەکاو دوو پرتەقاڵ دەخاتە سەر مێزێک، کە بەسەرچەفێکی ڕەش داپۆشراوە، دووپرتەقاڵ و چەقۆیەک دەخاتە بەر دەمی پیـرشالیارو دەڵێت: فەرموو حەزرەتی پیـرۆز، تاچاکە پێدەگات پرتەقاڵێک بخۆن.. یا خوا بەخێر بێن!

پیـرشالیار بۆیەکەمجار لەگەڕانەوەیدا، بەرلەوەی گووڵەکان ماچ بکات، سێجار حەزرەتی لوقمان ماچ دەکات.. پاشان دەفەرموێت: من لەژێر عەرزا بۆت دەگەڕێم، تۆلەسەر عەرزی! ئەوچاویلکە تاریکە چییە لەچاوت کردووە؟ ئادەی لایبە؟ تۆ چۆن زاتی ئەوەدەکەیت خۆت بۆدێـوەکان بگۆڕیت؟ تۆ یەهوودا نییت!!

حەزرەتی لووقمان فەرمووی: من دەمەوێت لەم زیندانەدا، لەدەروونی دێـوەکاندا بیسەلمێنم کە خێر دەژی، کە خێر زینـدووە.. دەبم بەهەرشتێک دڵیان بیەوێت.. چونکە من دەزانم دێـو دەتوانیت فێری خۆشەویستی بێت! دەمەوێت دێـوەکان فێری پەرستن بکەم.. باسی بوودا وکۆنفۆشیوس ومایا و بتەکانی ستۆنهەنج=Stonehangeیان بۆدەکەم، باسی فریشـتەو مەلائیکەت.

دەزانم دێـوەکان دەتوانن فێری گوێگرتن بن! دەزانم من دڵم دا بەدێـوێکی ئەمریکیئەودڵی نەبوو بیدات، چونکە ئەودڵی لەشەهوەت دروست بووبوو! بۆیە ناچار دڵمی دزی، بردی هەڵیگوشی.. لەتلەتی کرد، جنیی، کەچی هیچی هەڵنەکڕاند؟ تاوای لێهات بوو بەپەنابەر.. پەنای بردبووە بەر کەرامەتی ووشەکان، دەیویست بەدۆعا درۆکانی، بە جادووەکانی دڵی من بهێنێتەوە جێی خۆی.. نەیدەتوانی، بەڵام هێشتا باوەڕم هەیە کە دێـو دەتوانێت فێربێت.

حەزرەتی لووقمان فەرمووی: لەدەروونی خێردا ئەگەر دێـوهەبێت، دەبێت فێربێت.. فێری بەجیـهانی بوون.. فێری یەککگرتنی میللەتانی جیـهان، چونکە من دەرمانی ئەومەیلانەم لایە، داومە بەو دێـوەی کە دڵی دزیم، ئەودەزانـێـت کە من حەزرەتی لووقمانم وشفا لەدەست ولەچاوو هەستی مندایە و کەس ناتوانێت بیدزێت. من نەک یەهووداش، بەڵکو ئەگەر بە مەسیحیش تاوانباربکرێم، دەزانم کە وەها نـیەو تەنها ناوم لوقمانە. من خۆشەویستی وخێر دەبەخشمەوە، ئەی پیری مەزن، وامەزانە من خۆمم لەبیرچۆتەوە.. من هاوڕێـکانم لەبیرە، ناوی گشتیانم لەیادە هێشتا! **وامەزانە ئەم زیندانە زۆرتاریک وسامناکە، نا.. نا! زیندانی دێـوەکانی بەستەڵەک زۆر لەزیندانەکانی دێـوی کورد چاترە.. ئاخر مـرۆڤ تەنها لەوێدا شکست دەهێنێت کە هاوزمانی خۆی جەڵدەی لێبدات، بەهەڵە تاوانباروزیندانیی بکەن، بەزمانی باپیری خۆی جوێنی پێ بدەن. مـرۆڤ بەتوانایە دەتوانێت لەگەڵ دێـوەکاندا بژی، هەڵبکات.**

**دێـوەکان دەبێت فێربن، دەبێت فێری من ئازاد کردن بن، دەبێت فێربن.**

لەدەرەوەی پەنجەرە تاریکەکەی سەر بالکۆنی حەزرەتی لووقمان-ەوە، لەوبەرەوە، لەنهۆمی بەرامبەر بەماڵەکەی، دێـوێکی سێ چاو سەرنجی دەدا، دەیویست بزانێت ئەو ڕۆشناییە چییە لەماڵی حەزرەتی لووقمان دا دەدرەوشێتەوەو ئەزێتی چاوی ئەو دەدات، کە نایەڵێت بـبـینێت تاڕاپۆرت بۆ دێـوەکانی

بەڕێوەبەری بنێرێت! دێـوەکە پیـرشالیاری نەدەدیت، لەبەرخۆیەوە دەیبۆڵاند: ئەوگویسەگە چییە؟ ئەو ئەهریـمەنە لەگەڵ کێ بەچپە دەدوێت؟ دەبێت باسی چیبکات ئەو دین سزە؟

پیر بە حەزرەتی لوقمانی فەرموو: بڕۆ خۆت بشۆ، پاشان بڕۆ دەرێ، پاشان بدوێ. هەوڵ بدە بتوانیت بەهونەر لەبری دێـو وێنەی فریشـتەیان بۆ بکێشیت، چونکە بە هونەر مـرۆڤ دەتوانێت تەماشاکانی دێـو ڕاگرێت وکار لەگومڕاییاندا بکات.. ئەوسا تێدەگەن کە تۆ لوقمانیت، ئەوسا دێـوەکان لەڕاستی دەگەن، ئەوسا دەتوانیت فێریان بکەیت.

پیـرشالیار فەرمووی، کەچویتە دەر، بەدوای ئەوتولەڕێگەیەدا بڕۆ کەدڵ لەناویدا نوور دەپەخشێنێت.. بڕۆ وئاوڕ نەدەیتەوە! تادەگەیتە سەر پردێکی ڕۆشن وچراخان، ئەوسا دەگەیتە ناو کەشتییەک، لەوکەشتییەدا ببە بەهاوڕێی هەمووگیانلەبەران.. ئەوان دەتبەن بەرەو سەری حەزرەتی نـوح.. ئەگەر نەچویت بەدناوتر دەبیت، دەیسەلمێنیت کە حەزرەتی لوقمان نییت!

بڕۆ ئەوە مـرۆڤێکی بێـئالایە بێناوە بێـولاتە.. دەگەڕێتەوە لەئەنفال.. بۆئەرارات.. چونکە تۆفان هەڵساوە، تۆفان تووڕە ولەسەر پێیە، هەوا لەنێوان دانەی دڵۆپەکاندا نامێنێت! ئاوێکی بەخووڕ لەئاسمانەوە ڕێژنە دەکات! تۆفانێک دێت! دزێوی لادەبات وڕای دەماڵێت..ڕۆژێک دێت تۆفانێک دێت، هەموو دێـوو دێـوپەرستەکان ڕادەماڵێت!

چونکە ئاسمان دەکەوێتە پڕمەی گریان! ئەوسا ئەوەی نەشخنکێت! توانای هەناسە دانیشی نامێنێت.. ئەوسا تۆفان پێتان دەڵێت: باوەڕ دەکەن کە هەواو باکان دڵی نەرمی مـرۆڤ وخواکـانن؟ هەستی ئاهوڕامازدان؟! باکان نەرمن، هەستی زەریاکانن. تۆفان لەمـرۆڤایەتی تووڕەیە.. شیفا دادی دێـوەکان نادات.. بڕۆ بەڵکو شیفات یاریدەی نەوەی نوێی حەزرەتی نـوح بدات.

حەزرەتی لوقمانیش لەژوورێکی تاریکدا دانیشتووە، گشت گیانی خۆی شاردۆتەوە! لە دەروونی دێـوێکی نەخۆش وزەلیل وبێهەستدا، بە تاریکی دانیشتووەو بە چپە ئامۆژگاریی منداڵەکانی دەکات کە نییەتی!

پێیان دەفەرمووێت: کچەکانم، کوڕەکانم زۆر مـرۆڤ هەن لەناوماندا بە مردوویی دەژین! نازانن ژیان چییە! چونکە هەست و سۆزیان مردووە! تۆپیوە، داڕماوە! بۆیە دەبینن هەندێک هەن سڕن، نەبزووتن، گیان وهەست وهزریان لێیان دەتۆرێت.. کە گیان وهەست وهزریش تۆرا ! تەنها لاشەیەکی زیدەمردوو! نیمچەمردوی لێدەمێنێتەوە! دێت و دەچێت، یاخود ئەوەیش لەدەست دەدات وئیفلیج دەبێت، یان تووشی شەلەل دەبێت! هەن توشی شەلەلی گشتی نەبوون، دەتوانن بڕۆن، بکوژن، سەرببڕن، داگیربکەن! کاری بێهەست و بێگیان و بێهزری دەکەن! دێـون بەڵام گیان وسۆزو دڵ وبیریان نییە! واتە بێگیانن.. نەکەن وەک ئەوانە بن ها!

فەرمووی: مـرۆڤە مردووەکان زۆرن لەناوماندا، ئەگەر سەدانساڵیش لەخۆشیدا بژین! وای ڕەچاو دەکەن هێشتا نەژیاون، چونکە تێر نابن لە هیچ.. واز ناهێنن لەشەڕ.. دەبێت سنووریان بۆ دابنێین.. دەبێت نەکەین وەک ئەوان بمرین! چونکە ئەوان ناژین.. بەڵام ئێمە ژیانمان بۆ خۆمان هەڵبژاردووە.. باوکە گەورەتان حەزرەتی نـوح ژیانی بە ئێمە ڕەوا بینیوە.. دەتوانین بژین.

خراپە مەکەن، درۆ مەکەن، دزی نەکەن گەر ناچار نەبوون، نەکوژن، سەرنەبڕن، دەست مەبڕن.. بەڵام هێندە بەهێز بن کە دوژمن لێتان بترسێت.. نەترسن ها! چونکە ترس مردنتان پێدەناسێنێت.. نەترسن لەکەس چونکە مردن لێتان دەترسێت.. بەڵام لە درۆ بترسن لە بوختان بترسن.

منداڵەکانم، نەکەن بێهەست سەیری منداڵەکانتان بکەن و تەنها بەجێیان بهێڵن! نەکەن ها! منداڵەکانتان تەنها نەکەن. ئازاری گیانیان مەدەن، سزای توونديان مەدەن بەر لە حەوت ساڵ.. دوای سێجار کردنی

هەمان هەڵە منداڵەکانتان سزا بدەن، گەر سزا سوودی نەبوو، چارەیان بکەن بە یاریدەی هاوکاریی لەخۆت زاناتر. نەکەن گاڵتە بە منداڵ بکەن! نەکەن ها فێری پەرستنی شت و مەک و پەڕۆو پاتاڵی زۆریان مەکەن. نەهێڵن لەگەڵ باوانیـان درۆ بکەن. دەزانن کەی مـرۆڤ دەمرێت؟ لەوکاتەدا کە منداڵی خۆی بەجێدەهێڵێت.. لەوکاتەدا کە منداڵی خۆی دەخنکێنێت.. لەو کاتەدا مـرۆڤ دەمرێت کە نەتوانێت بەزەیی بەخۆیدا بێتەوە.. لەوکاتەدا مـرۆڤ دەمرێت کە هەستی دەشکێت، کە هەستی دەمرێت.. بۆیە هەندێک هەن لەگەڵ هەست مردنیاندا تووشی شەلەل دەبن.. شەلەلیش نەخۆشیی مردنی هەستە لە لەشدا. کە مـرۆڤ بێهەست بوو دەمرێت. وەک چۆن مەشلوول دەتوانێت بژی.. بەڵام مەعلول بە سڕبوویی دەژی..نەکەن ها منداڵەکانم دەست بۆ کەرامەتی منداڵ و لەخۆتان لاوازتر بەرن. واتە بە هەوەس هەڵمەکوتنە سەر ناموسی خەڵک.. چونکە دەبن بە دێـو. دێـویش سنووری بۆ دادەنرێت.. چونکە دێو بێناموس و بێشەرەف و هەتککەر و داگیرکەرە.

سەردەمێک دێت ناوی وڵاتەکان دەگۆڕێت.. ناوەکان دەبن بە وڵاتی درۆ.. وڵاتی شەڕ.. وڵاتی بوختان.. وڵاتی مـرۆڤ، خۆر.. وڵاتی هونەر، وڵاتی مۆسیقا، جوانی، عیشق..هتد..

ڕۆژێک دێت زەمین لەهەموو نەخۆشییەک دەربازی دەبێت. بەر لەوە ئاسمان تووڕە دەبێت، زەریاکان باوەش بۆ فرمێسکی بەخوڕی خواکـان دەکەنەوە، بارانەکان ئابڕوی پیسی زەمین ومـرۆڤی دێـوپەرست دەشۆنەوە، زەمین ڕزگاری دەبێت، دێـوەکان نامێنن وئاو دەیانبات.. ژیان شاد دەبێت بەو کۆمەڵە کەسەی دەبن بە پەیامـبەری. مـرۆڤ ڕزگاری دەبێت، لەچی؟ لە کێشەی بێمانای نێوان خێرو شەڕ. شەڕ دەزێت، دەڕوێت، زۆر دەبێت.

مێرولەیەک لە ماڵی حەزرەتی لوقمان لە پیر شالیار بەجێ دەمێنێت.. مێرولەیەکی سپی.. وەک ڕۆشنایی بە ماڵە تاریکە بێ منداڵ و هاوسەرو هاوڕێکەی ئەودا دەگەڕیت.. حەزرەتی لوقمانیش بە قەڵەم دوای هێڵە ڕۆشنەکانی مێرولەی پیـرۆز دەکەوێت.. هەموو هێڵەکانی مێرووکە وێنە دەکێشێت. پاشان جوان جوان خۆی دەشۆرێت.. دەچێت بۆ بازاڕ.. تا خۆی نیشانی دێـوەکان بدات.. ئەو دێـوانەی کە شێتیان کرد! مێرولەکە ئێشتا لای منە.. دەفەرموێت: ئەی حەزرەتی نـوح- ی بەڕێز، لە قوتبی یەکەمدا تۆ پەنابەرێکی لە نێو بازاڕێکدا دانیشتوویت.. تابلۆی حەزرەتی نـوح دەکێشیت، لە ژێریدا دەنووسیت: پۆرترێتی خۆم. لە تابلۆکەتدا وێنەی مـرۆڤێکی سپی سپیت کێشاوە.. پالێتێکی لە دەستە و لۆچێکی کراسە ئاودامانەکەی بەری.. کە فڵچەی پێ پاک دەکاتەوە، ڕەنگیینە بە ڕەنگە کانی کەمان.. تابلۆیەکە زۆر جوان.. بۆچی دروستی ناکەیت بۆمان؟

فەرمووم: ئەی مێرولەی ڕۆشن؛ من تابلۆکە لە ووشەکانی بەڕێزتاندا دەبییینم. مێرولەکە فەرمووی: هونەر بەر لەهەست کردن لە بۆشاییدا هەیە. هونەرمەند تەنیا ڕاوی دیمەنەکان دەکات. لە داهێناندا ڕاوو شکار قووتی یەکەمی بەرهەم و داهێنانی هونەرین. ڕەگەزە سروشتییەکان هونەرمەندێکی مەزنن. هەورەکانیش دەژین و ئەوانیش هەمیشە دووپاتن.

# تابلۆی ئێوە

ئـێوە ئەوانەن کە خەریکن دەبن بەدێـوپەرست.. ئـێوە لەناوتاندا هەزاران مـرۆڤ خۆی دەکوژێت..
دێـوەکانتان بەرداوەتە وێزەی خۆتان و ساواکانتان. دێوەکان لە دەروونتاندا دەردەپەڕن. ئـێوەکێن؟
دێـوپەرستەکان گوێبگرن ئەگەر گوێتان لێیە، ڕاوەستن.. کۆمەڵێک ڕاستی هەیە دەبێت بیزانن.
ئـێوە بەکردەوەکانـتان ناتوانن دەست بۆ سروشتی بوون بەرن، بوون لێتان تووڕەو وەڕزە، بەر لەئێستا
پەیامتان پێگەییوە، پێتان ڕاگەیەندراوە، کەمـرۆڤ لەمەیموون نییە، بەڵکو مەیمون دەستکریی سروشتە.
مـرۆڤ بە هونەری خۆی دەتوانێت هەمان شێوە سروشتی خۆی بخولقێنێت.. هەموو بوویەک خواوەندی
خۆی هەیە. هەموو بوونەوەرێک؛ گەر ترس بدرکێنێت، هەستی بوونی خواوەند لەودا سەرهەڵدەدات. ئـێوە
ناتوانن مـرۆڤەکان قڕبکەن، ناتوانن باوەڕی خواکـانتان سەرببڕن، بەسە فێر بن، شەرم بکەن
لەکردەوەکانـتان. دەزانن مـرۆڤەکان کێن؟ هەن زادەی مرۆڤن و هەن لەناوماندا زادەی خواوەندن.
مـرۆڤەکان ئەوانەن کەبەزەریایان فەرموو: (ببە.. زەریاش بوو).. مـرۆڤ خۆی خۆی دروستکردووە،
مـرۆڤ کۆمەڵێک مەخلوقاتی گیاندارن، گیانیان پڕە لەخواوخواکـان.. لەئەزەلدا لەناو تاریکایی زەریای
تێکەڵ بە هەوا دەژیان! ئەوسا تەنها هەست بوون؛ تەنها دڵۆپێک ڕەنگی وەنەوشەیی نەرم بوون. لەناو

قۆزاخەی جاڵجاڵۆکەدا دەژیان. تەنها هەستیان هەبوو، هەستکردن بە داهێنان و هیچی تر. بۆیە هەستی بە بوونی خواکان دەکرد. چونکە ئەوەی هەستی هەبێت، توانای خووڵقاندنی دەبێت. هەست سیحرێکی داهێنەرە. مرۆڤ بەر لە دروستبوونی زەریاکان هەبوون. شتەکان کوتلەیەک و بارگەیەکی تێکەڵیان هەبوو لە هەمیشەییدا! زەریاکان بەر لە ملیۆنەها ساڵ وا نەبوون! بەڵکوو گەرم و داغان و تاریک و ڕووناک بوون.. مـرۆڤ توانیی لەوێدا لە قۆزاخە دەرپەڕێت.. لە ئاسمانەکاندا ئازاد بێت.. تا ئەو کاتەی زەریاو زەمین و ئاسمانەکانی لەیەک جیا کردەوە بە یاریدەی خواکـان.. جا کاتێک کە مـرۆڤ لە قۆزاخە ی جاڵـجاڵـۆکەی پیـرۆز وەدەر کەوت.. مەخلوقێکی کووژەکەیی شێوەی وەک تەناف شڵ و پڵ خولّقا.. توانای نەبوو هەستێتە سەر پێ.. زۆر لاواز بوو ئەو مرۆڤەی ئێمە ناومان لێناوە ئادەم. ئەوەی من باسی دەکەم لە داهێناندا!

کە خواوەند لە خەوێکدا مرۆڤی بینی.. هەست و گیانی داهێنانی بزوا.. بێداربووەوە و ئەوەی بینیی هەوڵیدا ئەنجامی بدات لە خۆڵ یان لە قووڕ! سەیری لێهات، هەستی کرد کارێکی ناڕەوای کردووە.. بۆیە ویستی بوونەوەر بەجێ بهێڵێت.. ئادەم بە غەڵبە غەڵب بە خواوەندی فەرموو: بە تەنها جێم مەهێڵە.. ئاخر تۆ شتێکت پێ نەداوم؛ من پێویستم بە هەستی عەشقە. خواوەند بەزەیی بە ئادەمدا هاتەوە.. تێگەیشت کە ئادەم ناتوانێت بە تەنها بژی.

ئاوڕێکی لە ئادەم دایەوە.. بە تەماشا حەزرەتی دایە حەوای گرتە ئەو. ئەویش هەستایە سەر پێ.

بوو بە دوو.. بە چوار.. بە هەشت.. بە دە، بە بیست گیان و لەش.. ئادەم توانای زۆر بوونی دەست کەوت. چونکە شاگەشکە بوو بەوەی کە خوا لەو ڕازییە.

لەوانەیە نەتوانم باش وێنەی ئادەمتان بۆ پێناس بکەم، بەڵام ئادەم و حەوا دەبێت پێکەوە باس بکرێن، چونکە تەواو کەری یەکتریین. چونکە ئەوان هەبوون بەر لە بوون! جا حەز ناکەم تەواوی مەبەستم ئاشکرا بێت!

وەها دروست بوون ئەوان، بەر لەوەی خواوەند سروشتەکان بەجێ بهێڵێت .. چونکە گیانی خۆی بەخشی بە ئادەم. بەڵام بیرت نەچـێت، خواوەند گیانی زۆرە.. چونکە ئەو هەمیشە زۆر دەبێت.

پاش دەیان پشت.. پاش ئەوەی کە مـرۆڤ ژیانی دەست پێکرد، مرۆڤ بەر لەوەی ئاسمانەکان بەجێ بهێڵێت؛ بەر لەوەی سروشت بکاتە ژینگەی خۆی، فێری بە مادده بوون بوو؛ بگرە هۆگری ماددەکان بوو، چونکە دۆخی گیانیی بەرەو گۆڕان دەچوو. چونکە سەرەتا مرۆڤ تەنها گیانێکی تیشک شێوەی وەک قۆزاخەی جاڵجاڵۆکە بوو! کاتێک کە ژیانی دەست پێکرد و شتەکانی ئاخنییە ناو سکی خۆیەوە؛ کاتێک هەستی بە برسێتی کرد، فێر بوو، فێری چێژ وەرگرتن لە سروشتی مادده. پاشان فێری درۆ کردن بوون. ئەو کاتە وەک ماسی لە بنی دەریاو زەریادا دەژیان. مەملەکەتیان هەبوو، زانستەکانی ئێستاو زیاتریشیان دەزانی! بەڵام درۆکانیـان دووکەڵێکی تاریکی لەدەور هەڵچنین.

بەڵێ خەڵکینە.. درۆکان بوون بەدێـو، زۆربوون.. دەست وپێو سەریان لێڕوا! دێـو درۆ بوو.. لە درۆکانی مـرۆڤ دروست بوون. هەن لە ئەفسانەکاندا بە عەمالقە ناویان دەبەن. بەر لە هەرشتێک، دێـوەکان باڵەکانیـان لە مـرۆڤەکان سەندەوە! چونکە ئادەم و ئێڤا باڵیشیان هەبوو.

**لەو کاتەوەی ئادەم و حەوا فێری درۆبوون لە سروشتی هاوکێش لەگەڵ ماددەدا.. گارگەیەکی نێگەتیڤی لە گاز دروست بوو ڤینێکی ناخۆشی لە دەروونی ئەواندا چنی و فێر بوون هونەری خۆ لەناوبردن. یان دژایەتی کردنی خوود! چونکە مرۆڤ وەک دەبینن کە توانایەکی خارقی هەیە بۆ خوود لەناوبردن و ئێستاشی پێوە بێت هەر یەکێک لە ئێمە بە جۆرێک سزای خۆی دەداو بە جۆرێک تۆڵە لە خۆی دەکاتەوە**

**و ژیانمان ناهەموار دەبێت! وا نەزانن پێشەوەچوونمان بەرەو کەماڵمان دەبات: ئەگەر بێت و هەستی هارمۆنی و هاوسەنگی بدۆڕێنین! ئەم زانستە ئێوە تازە دەیبیستن!**

مـرۆڤەکان دووچاری سەرسوورمان بوون، چونکە شتێکیان لەدەست دا! تێگەیشتن کە دەسەڵاتیان بەسەر درۆکانی خۆیاندا نییە، درۆکانیـان گەورە دەبوون.. تاوای لێهات مـرۆڤیان ناچارکرد زەریاکان بەجێبهێڵن وبێنە سەر وشکایی.. دێـوەکانیش دوایان کەوتن.. پەرەوازەیان کردن، سنووریان لەنێواندا دانان، تاڵانییان فێرکردن، زمانیـیان گۆڕین و فێری خۆفرۆشییان کردن، دێـوەکان مـرۆڤەکانیـیان کۆنترۆڵکرد، سامانی مـرۆڤەکانیـیان دزی. وەک چۆن ئێستا دەبینین و ناشبینیین کە دێـوێکی هەشت سەر کەوتۆتە **وێزەی مـرۆڤە دێـوپەرستەکان، مەگەر ئەوان هەڵبژاردەی ئێمە نین؟!**

**دەیانەوێت هەمووژیان پڕبکەن لەدێـو، دەیانەوێت سروشتی مـرۆڤی ڕەسەن قڕبکەن، دەیانەوێت ئاشتی وئازادی وهیواو ئامانج سەرببڕن.. دەیانەوێت بەرلەخۆیان جوانی نەهێڵن! چونکە دێوەکان باوەڕیان بە ئایینەکان نییە. باوەڕیان بەوە نییە کە خێر داهێنەری بوون و خواوەند و داهێنەری ڕاستەقینەش عیشق و ئازادییە. بۆیە دەبێت باوەڕ بەوە بکەیت کە من دەیڵێم کە هەر یەکێک لە ئێمە بە جۆرێک لە جۆرەکان سەرگەرمی دژایەتییە و هەستی خۆ ڕوخاندن لە هەموومان‌دا هەیە! جا ئەگەر بە جگەرکێشان و بەدەمەستی ناوی بەرین یان بە بەدخۆری و درۆ و پیسخۆری ـ جیاوازییەکی ئەوتۆی نییە لەگەڵ ئەوەدا کە کارخانەی چەکیش لە لایەکی ترەوە زۆرتر دەکەین! چونکە دەترسین و ترس ڕابەرمانە.**

مـرۆڤ مە خلوقێکی گەلێک مەزن بووبەرلە ئێستا! دەیتوانی هاوڕێ بێت لەگەڵ نادیارو گیاندا، دەیتوانی بەئەمری خوا بڵێت ببە، بەهەر شتێکی دەفەرموو ببە، دەبوو! دەیتوانی تەیروتوورو گیانلەبەر دروست بکات.. بەڵام لەسەر کردەوەی بەدی ودرۆوبوختان دێـوەکانی خولْقاند، کەدرەنگانێ تێگەیی تاریکی داگیریان دەکات.. بەڵام دەشێت مـرۆڤ یادی مابێت کە تواناکانی لە بنی زەریاکاندا، کەئازادیی لەبنکی زەریادا لێبەجێماوە.. دەبێت سروشتی دێـوەکان بگۆڕێت تا بتوانێت بگەڕێتەوە ناو تاریکایی زەریاو گیانی توانامەندیی خۆی ئازادبکات، خۆی نەجات بدات.

هەربۆیەشە هونەری داهێنان وبەهرەی دروستکردن لە مـرۆڤدا ماوە هێشتا! بۆیە هەندێک لەمـرۆڤ دەتوانن وێنە بکێشن، مۆسیقا لێبدەن، شیعر دانێن، سەما بکەن وگۆرانی بڵێن.. چونکە بەوە دەتوانن سروشتی دێـوەکان بگۆڕن، دەتوانن بە هونەر قەبارەی دێـوەکان بچوکتر بکەنەوە، تا ئەوکاتەی دێـوەکان وون دەبن، دەگەڕێنەوە ناو ئەهریـمەنەکانی خۆیان وسەرزەمین بەجێدەهێڵن.. ئەوسا مـرۆڤەکان لەدایک دەبن، مـرۆڤی ساغ، ناتووڕە، مـرۆڤی بوێر، هونەرمەند داهێنەر، بلیمەت.

بەر لە مێژوو مـرۆڤ گەلێک مەزن بوو..مـرۆڤ بەرلەوەی زمانی بپژێت دەیتوانی بەتەماشا دارستان دروست بکات، لەقوڕ باڵندەو بت وخواکـان دروست بکات..چونکە هەستیکرد لەیەکەم ووشەدا کەلەزاری پروا خواوەند پەردە لەسەر بوونی لاچوو، بینرا ودەرکەوت، کەشف بوو! ئینجا مـرۆڤ فێر بوو.

جێگەی داخە کەمـرۆڤی ئەمڕۆ کەمتر باوەڕیان بەهونەری خۆیان هەیەو نازانن وێنە بکێشن.. چونکە مـرۆڤ پڕدەکرێت لەبارووت وبەئاسماندا دەتەقێنرێتەوە، مـرۆڤ سەردەبردرێت، هەلاهەلا دەکرێت، منداڵ لەباوانی خۆیان دەکرێن، دەدزرێن هەتکدەکرێن، دزی و درۆ بەئاشکرا بووە بەسرووشتی مـرۆڤ، کەس ئازاد نییە لەماڵی خۆیدا هەرکۆڵانە وبەجۆرە لەشکرێکی دێـو جاسووسی دەکرێت، هەر وڵاتەو بەجۆرێک برسی دەکرێت، شێت دەکرێت، داگیر دەکرێت.. هەرمـرۆڤەو واز لە خۆشەویستی خۆی دەهێنێت..
منداڵەکان فێری ڕق و شەڕو تەعداو جنێو دەکرێن، لەقوتانخانە فێری جاسووسی و درۆو شەڕدەبن،

لەپشوودا سەیری سیحری شەڕو بوختانی دێـوەکان دەکەن، لەخەویاندا خۆیان ودایک وباوک ومامۆستایان لێدەبێت بەدێـو، دەترسن، لاواز دەبن، نەخۆش دەکەون خۆیان دەکوژن، مان دەگرن. مـرۆڤەکان نازانن هێشتا درۆکانیـان بەرەو کوێیان دەبات! ئـێوە لەدڵی دێـوەکاندا خەریکی خود تەفرەدانن، دەترسن، بچوک دەبنەوە، ئـێوە ژەهر دەکەن بەگوڵەکانەوەو پێشکەشی یەکتریی دەکەن. ئـێوە لەبری ئازادی، خۆتان فێری دێـوپەرستی دەکەن.. دزی وگومان لەیەکتری دەکەن، منداڵەکانتان تەنهاو ترسنۆک وبێبەری دەکەن لەنازورێزو حورمەتی باوانیـیان.. ئـێوە بەکردەوەکانـتان باڵای دێـوەکان گەورە دەکەن، نەخۆشییەکان زۆردەکەن، شیفاکان وەڕزدەکەن.. مـرۆڤەکان دابەش دەکەن بەسەر زیندان وزیندان پێشکەشی یەکتری دەکەن، ئەتۆم دەفرۆشن بەنەزان وخۆتانی پێ لەناودەبەن، ئـێوە نازانن چی دەکەن!

کاتێک مـرۆڤ لەدڵی دێـودا، لەدڵی شەڕدا گەورە بێت لەبری خێر شەڕدەکات، لەبری جوانی شەڕدەکات، گاڵتە بەئایینەکان دەکات، بتەکان دەتەقێنێتەوە، خواو خواکـان سەرزەنشت دەکەن..فێرنابن کە لە دەروونی شەڕدا دێـوی دۆڕاندن زاڵ وبراوەیە، مەرگ لە جەهەننەمی شەڕدا زۆرتان دەکات.. چونکە ئـێوە نازانن کە شەڕودرۆ زادەی کردەوەی درۆو ڕەفتاری درۆ و وتاری درۆیە.. ئـێوە درۆزنن، ڕاستناکەن، ئـێوە خۆتان داوەتە دەست دێـوەکان وکۆیلەی بازاڕەکانیانن، ئەوبازاڕەی کە بەگشتیان یەک زەڕڕە گیانی تیادا چنگ ناکەوێت، تیایدا کاڵاکان بێبەرین لەڕێزو حورمەت وخۆشەویستی، چونکە بەپارەی دزراوی وڵاتانی دی بازاڕەکان خوڵقێنراون.

**بازاڕەکان گیانیان نییە.. بەڵکو چەکیان لەکۆڵەو ماندوون، لە پڕ بەلادا دێن و دەڕوخێن، لەپڕ دووچاری هەڵمەتی تووڕەی زەریا دەبن، چونکە موڵکی خۆتان نییە، دزیوتانە لە ئاسیا لە ئەفریقیا، لەوڵاتانی سێیەم. بۆیە سروشت لە گەشەی ساختەی جیهانی یەکەم تووڕەیە. سروشت دەسەڵاتدارەکان لەناو دەبات، بە نەخۆشی، بە هەراسانی، بە هەڵمەتی باو بۆران و تۆفان، جا بەچاوی خۆتان دەبینن کە زلهێزەکان دادەتەپن. جا ئەوان ڕوو لە هەر کوێ بکەن، پیسی دەکەن. چونکە ئەوان دزن، درۆزنن، هەلپەرست و دڵ پڕ لە کرمی شەڕن. چونکە هەمووتان دەزانن کە ترسنۆک هەمیشە خۆی دەپارێزێت!**

ئـێوە دێـون یاخود مـرۆڤ؟ **ئەهریـمەنی شەڕن یاخود دێـوپەرست؟ کێن ئـێوە دەتانەوێت مـرۆڤایەتی بکەن بە دوژمن، دەتانەوێت گەلان ژێردەستەتان بێت؟ بەسە وازبهێنن ئەی دێـوەکان. نائارم مەکەن پشتتان تێبکەم، چونکە تۆفان تووڕە دەبێت.**

ئەی ئەوانەی کەخۆتان بەمـرۆڤ دەزانن، گوێم لێبگرن، من پەیامی بت و هونەرو خواوەند و مەلائیکەتەکانم پێیە.. چەکەکانتان فڕێبدەن، ببن بەباخەوانی ئاشتی.. گوڵ بچێنن لەبری فیشەک تەقاندن بۆ سەرسینەو دڵی یەکتر، چەکەکانتان بۆ هیچ مەبەستی مەگرنە دەست.. پیاو چاترە بکوژرێت لەوەی بکوژێت..لەبری چەک شمشاڵ وبلوێر هەڵبگرن، فڵچەو ڕەنگ بەکار بەرن.. ووشەکان بدوێنن، جوان بەکاریان بەرن. لەبری زۆرخۆری نانێک لەگەڵ دراوسێکانتان بەش بکەن.. لەبری درۆ، لەبری باسی سەگ ودێـوو پشیلەو بەراز بچۆ بەمیوانی کەسێک کە سەگان گازە، کە تەنهایی ناچاری کردووە لەگەڵ بەرازدا بژی! دامەنیشە مەبە بەکۆیلەی غەمەکانت، برۆدەرێ ببینە، تاچاوانت بڕ دەکات تەماشا بکە، بەدوای جوانـیدا بگەڕێ، بەدوای کەماڵدا بگەڕێ.. چونکە پەیام دەرپەڕیوە.

مـرۆڤێک دێت، مـرۆڤێکی ئازاد دێت، ئاسمانەکان دەوەستن، کەئەو دێت کات دەوەستێت، مـرۆڤێک دێت مەزن، مـرۆڤیکی بێـئاڵاو بێـوڵات، مـرۆڤێکی بێناو.. دێت، کەدێت ئاسمان دووکەرت دەبێت، شەڕوخێر دابەش دەکات، دێـوەکان زیندان دەکات.. دێت و دەڕوات.. لەودا درەختێک، پیرێک، جاڵـجاڵـۆکەیەک، حاجیلەقلەقێک دەژی. لەودا یەک کەشتیی گیانیی مەزن لە بغورد دروست کراوە وئاڵاکانی بغوردەو

دەشنێنەوە، کەشتییەکە لەناو بادا ئاستەم ئاستەم دەهاژوێت.. سەری لەزەمینەو پێی لەئاسمان، ئەو خۆی لە کەشتییەکە دەچێت.. برۆ، تەماشای بکە ئەگەر بینیت!

برۆ تادەگەیت بەو، ئەوسا دەتوانیت بەخۆڕایی سواربیت، دەتوانیت سواری کەشتیی نـوح بیت.. چونکە زەریا بەباکانی فەرمووە: من لافاوو تیفۆن ڕادەپەڕێنم دژی دێـوەکان! باکان وتتیان فرسەتێ بدە بەدێـوەکان! ئاگر دەفەرموێت: تووڕە مەبن.

مـرۆڤ دەبێت پاکژ بێتەوە.. تابتوانێت بگەڕێتەوە دۆخی بوونەوە بە مـرۆڤی خاوەن گیان.. وامەزانن بەرەوپێش چوون بەوەیە کە داتان هێناوە.. چونکە بەرلەئێستا دەسەڵاتی مـرۆڤ زۆرزیاترو پێشکەوتووتربوو.. نەک ئەم کاڵایانەی ئەمرۆ کەدەستاودەست دەکەن، بەرلەئێستا، لەدێرزەماندا مـرۆڤ بە ووشە دروستی دەکردن، کە دەیگوت کۆمپیوتەر، تیایدا تەماشای جیـهانی دەکرد، خاوەن هەست وخاوەن کەرامەتی خۆی بوو. مرۆڤ سەدان هەزار ساڵ بەر لە مێژوو، لە تۆپێکی تیشکیین دەچوو لە بنی زەریاکاندا، دەیتوانی ببینێت. دەیتوانی سەرو ژێر، پێش و پاش، جەوهەرو سەرچاوە، بوون و نەبوون بدرکێنێت. مێرولەکان فەرموویان:

ڕۆژێک دێت کەشەڕەکان کۆتاییان دێت.. قڕدەبن لەپاش ئەوەی کە زۆر دەبن..تیایدا ووشەکان دەزێن، ووشەکان مەخلوقێک لەخۆیان دروست دەکەن زۆر مەزن، وەک مـرۆڤی بێـوڵات و بێـئاڵاو بێناو.. ڕێز لە ووشەکان بگرن، بەهەڵە بەکاریان مەبەن.. کاتێک بەچاوی خۆت توانیت ببینیت کە ووشەکان دەزێن، ئەوسا دەتوانیت بە ووشە بڵێیت: ببە. ئنجا دەبێت. ئومێدو ئازادیی تۆ لێرەدایە، ڕاوەستە، فێربە. کات وەستاوە، هەمان شێوەکات دەتوانێت بووەستێت. مـرۆڤێک دێت..نەزان دیارە، لەنەزانیدا هەموو شتێک دەزانـێـت.. نەزانی سروشتی منداڵییەتی.. ئەو بە نەزانی لە زانستی خامۆش دەدوێت. ئەو زانستەی کە تۆ نایزانیت. چونکە زانستی گیان هێشتا بە مرۆڤ نەگەیشتووە. گیان سەرچاوەو جەوهەرو ناوەڕۆکە. گیان لە ووشەکانی ئامین، لە دەنگی ئامین دروست دەبێت، یان دروست بووە. لە ناوەڕۆکی گیاندا هەموو جەوهەرێک بوونی هەیە. تەنانەت دێوەکانیش. چونکە گیان زۆر بەرفراوانە. جا وا مەزانە کە مرۆڤ هەن بێ جەوهەر. نا! بەڵام مرۆڤ کەسێکە کە گیانی دێوەکان لە جەوهەری دەروونیدا سڕ دەکات. کە ئەوان ناخاتە کار و کاری ئەوان چالاک ناکات. مرۆڤ پڕە لە پەرستگا و خواوەندو بت و فریشتەکانیش.

## تابلۆی پەنابەر

چەند مانگێک بەرلەوەی کات بووەستێت من لەدۆخی سایکۆلۆژدا کارم بینینی ئەو نەخۆشانە بوو کە دکتۆرەکان نەیاندەزانی گرفتیان چییە.. لەسەر خواستی نەخۆشێک چووم بەمیوانی هاوڕێکەم کەنەخۆش کەوتبوو، تووشی خواپەرستی بوبوو، بوبوو بەکۆیلەی گومانەکانی خۆی، چونکە باوەڕی بەخۆی نەبوو، سست وتەمبەڵ وبێکار شەقی لەچوادەوری خۆی هەڵدەدا، جنێوی دەدا بە خواکـان، بەدێـوەکان.

شێت بوبوو، چونکە بە دێـوێکی جاسووسی ووتبوو: من خوام دیوە.. ووتبوی من دەتوانم میللەتەکەم بەبێ تەقەو کوشتار ئازاد بکەم. هێندە دووپات باسی باوەڕی خۆی بۆ دێـوەکانی تریش کردبوو،

دێـوپەرستەکان لێی گومڕابوون.. دەیانگوت ئەوەی خوا بـبـینێت هێندە زەلیل نابێت، بەڵای کەمەوە دەتوانێت کارێک بکات! چونکە کار سروشتی خوایە. خواوەند کارمەندو داهێنەرە.

**ڕاستیان دەکرد دێـوپەرستان، چونکە باوەڕێک لەدڵیاندا مابوو، دەیانزانی کە تەنها مـرۆڤی کارمەند دەتوانێت خوا بـبـینێت!** چونکە سروشتی مـرۆڤی ڕەسەن کارخوازە ولە کاریشدا ماندوونابێت.

عاقیبەت لەشێتخانە دەست و پێی دەبەستنەوە ودەرمانی بێهۆشکەریان پێدەداو لێدەدا! کاتێک کەچوومە دیدەنیی، پێیم ووت: **مـرۆڤ بۆی هەیە خەو بەئازادییەوە بـبـینێت، خەو بەخواوە بـبـینێت، بەڵام ئەوەی بتوانێت ئەو بینینە زامن بکات شێت نابێت.. دەبێ جوان بدوێت، ئارام بێت.. کارمەندو گوێڕایەڵی خۆی بێت،** چونکە تووڕە بوون دێـوەکان ڕادەپەڕێنێت، دەیانترسێنێت.. ناچاریان دەکات لەبری خێر وبەزەیی شەڕو بوختانت دووچار بکەن، دەتوانن دەم بەستت بکەن، بتکوژن سەدجاریترشێتت بکەن.

من ئەگەرچی خواو خواکـانم نەدیبوو، بەڵام دەمزانی درۆزن ناتوانێت بنووسێت، بدوێت، تەماشابکاو بـبـینێت، دەمزانی ئەوەی پرشنگی کەرامەتی خوای بەرکەوێت، پیـرۆز دەبێت، ئازاد دەبێت، بە دێـوناڵێت خوام بینیوە، بەڵکو بە هاوڕێ وئازیزی خۆی دەڵێت، بە مـرۆڤێک دەڵێت کە خواناس بێت.. چونکە هەن لەنێو مـرۆڤەکاندا کە لە وەچەی ئادەم ونـوح وئیبراهیم وزەردەشتن!

هەن لەناوماندا ماون، شەلن کوێرن سەقەتن نەخۆشن، بەری زەجری حەزرەتی ماریاکانن، کە دوای لەخاچ دانی مەسیح شاڵاویان کرایە سەر. گەرچی بەسەقەتی وکەڕو لاڵ لەدایک دەبن یاخود زکماکن، بەڵام دەتوانن، دەزانن کە دێـوەکان سروشتێکی ڕاست نازێنن.. بەڵام ئەوان بێبەری نین لە زەڕڕاتی گیانی ماریاکان.

ئەو دۆخەی ئەوم تیا بینی سروشتی بوو، چونکە هاوڕێکەم پەنابەر بوو، پەنابەریش مـرۆڤێکە بە خەووخەیاڵ لەجاڵـجاڵـۆکە دەچێت، هەمیشە سەرگەرمی چنینی تەونی وڵات ونیشتیمان وشاروگەڕەکە، هەمیشە بیری هاوڕێ و کەس وکارو خوشک وبراکانی دەکات، هەمیشە پەنا دەباتە بەر غەیب تا یاریدەی بدەن، وڵات لەدەستی هەژدیهاو دێـوەکان ڕزگار بکات!

من زۆر لەو باشتر نەبووم، بەڵام نەبووبووم بە کۆیلەی تاریکی وزیللەت وڕق. من ناتوانم ببم بە کۆیلەی ئازارو نەخۆشی و دەرد. شەرم نەدەفرۆشت بە دێـوپەرستەکان. دەنا من زیاتر هەڵپەی ئازادیم دەدا وتامەزرۆی بینینی خوا بووم. چونکە منیش پەنابەر بووم، هەمووشەوێک لەخەوما دەچووم بۆ ئاسمانەکان، دەگەڕام بەدوای کەرامەتی خوادا، دەمویست بیگرم ولێیبپرسمەوە بۆ وادەکات؟ بۆچی شەڕ دروست دەکات؟ گەرچی دڵنیاش بووم لەوەی کە خواوەند شەڕ دروست ناکات. ئەگەریش خواوەند تاک بێت یان کۆ، لە وەڵامدا هەمان وەڵامم دەداتەوە: من داهێنەری شەڕ نیم و خێرێکی پەتیم.

بەڵام کاتێک دەمبینی خوای عارەب بەعەرەبی و خوای یەهود بە عیبرانیو، خوای هیند بەهیندیو، خوای چین بەچینی دەدوێت، کەوتمە گومان وشکەوە لە خوا؛ خواوەندم لە لا دابەش دەبوو! لێم دەبوو بە بت، بە شەیتان بە مرۆڤ، بە دوان بە سیان.. چونکە هەر میللەتەو بە جۆرێک لە خوای خۆی دەدوێت و بە جۆرێک خواو خواکانی خۆیان خۆش دەوێت. منیش گلەییم نییە لێیان.. گەرچی باوەڕم نەدەکرد خوا ئەو هەموو زمانانە بزانێت، بۆیە هەستم دەکرد کە خواو خواکانیش وەکو دێـوەکان ڕەگەز پەرستییان نیشان دەدام!

هەستم کرد مـرۆڤی دێـو پەرست؛ کاتێک کە خوای دێـوەکان دەبینێت، لەیەکەم بینیندا، نابێت تەفرە بخوات وهەڵبخەلەتێت، دەنا شەڕی دێـو دەستی بەسەردا دەگرێت! بەڵکو دەبێت بچێتە نەبەرد، بەرەنگاری ئەو دێـوە بێتەوە کە خۆی لێکردووە بە خواوەند، ئەمە شتێکە پێـغەمـبەرەکان دوچاری بوون وبەرەنگاری

بوونەتەوەو چووونەتە نەبەرد ودێـوەکانیـان بەزەمیندا داوە.. ئینجا توانیویانە هەست بە کەرامەتی خوابکەن، لەوێوە فێر دەبن تەون لە ووشەکان بچنن، فێری هەستکردن بە جوانی دەبن، فێری بینینی کەرامەتی خۆیان. لەوێدا فێر دەبن خۆیان وەکو مـرۆڤ ببینن نەک وەک یەزدان؛ یان بەراز.. چونکە زوربەی هەرەزۆرمان بە دێـوپەرستی، بوونی مـرۆڤیمان لەدەست داوە.. گیانی مـرۆڤایەتیمان تیادا ڕەنجاوو زەلیل وسەقەتە، ئابڕووی هەست وکردەوەکان وبیرەکانمان براوە، نازانین چیدەکەین وکێ دەپەرستین وبۆ دەپەرستین؟

نازانین بۆ هێندەترسنۆک وگومڕاو دودڵ ونەخۆشین، ئاخر نازانین کە خوا پەرستاری گومڕاو نەخۆش وکینەدۆزو بوختانکەری ناوێت؟ خوا بەغیلی بە مـرۆڤی خۆناس دەبات، خوا سەری لەمـرۆڤ وجوانیی ئەو دەسوڕمێت، خوالەبەرخاتری مـرۆڤ تاریکایی دەبڕێت وبوونەوەرەکان دادەهێنێت؟

ئەو خوایەی یا ئەوخوایانەی کە مـرۆڤیان خۆش دەوێت، پێویستیان بەوەیە مـرۆڤ نە خواپەرستێت نەدێـو، بەڵکو بتی کردەوەکانی خۆی بژێوبکات وشانازی بەخۆیەوە بکات. یەزدان دەفەرموێت: کردەوەکان دەبن بە بت. بتەکان کردەوەکانی مـرۆڤن، لەئاسمانەکاندا دێن ودەچن! خواوەند بتەکانی خۆش دەوێت. تەو بتانەی کە لە منداڵ و ئافرەت دەچن لە جوانییدا!

ئەوکاتەی چوومە زیارەتی ئەو پەنابەرە شێتە، بۆ شەوەکەی خەوم لێنەکەوت، ئەگەرچی لەخەونمدا هەموو شەوێک دەگەڕامەوە ناو باوەشی وڵات ودایک، دێـو وخێوو جەندرمەکانی بەعس دەیانگرتم، دەیانکوشتم، داغیاندەکردم، شورایان لەدەورم هەڵدەچنی، لەشمیان بەگوێزان قاش دەکرد وخوێیان دەکردە ناو برینەکانم! دەیانبرژاندم و بە سووتاوی دەیانخواردم! خۆشم لە خەوما تەماشای ئێسک و تروووسک و خوێنی هەڵقرچاوی خۆمم دەکرد! شەوی دەیان جار ڕادەچەنیم، چونکە هەر کە خەوم لێدەکەوت دەهاتن دەیانگرتم وسەریان دەبڕیم، زمانیـیان دەبڕیم، دەیانسوتانم بەزینـدوویی ودەیانخواردم وبەچاوانی خۆشم زەق زەق تەماشام دەکرد.. لەترساندا چەندان ساڵ نەنووستم! فێری نووستنی بێداری بووم! فێر بووم پاسەوان دابنێم بۆ خۆم و چاودێریی خۆم بکەم.

تاتوانیم خەونێک ببینم، لەخەونمدا ببم بەباڵندەیەکی تیژفڕ! پاشان توانیم خەون بە گیانی ئازادییەوە ببینم.. ئیتر فێربووم هەموو شەوێک لەخەوما بەبێ ترس دەگەڕامەوە، لەسەر لووتکەی بڵندی ئارارات دەنیشتمەوە، وەک بوونەوەرێکی باڵدار، وەک پەیامی ئازادی ڕادەوەستام، بانگم دەدا و دەمخوێند:

ئەی میللەتی داگیرکراو، لەباوەشی دایکانی خۆتان ڕامەکەن، چونکە ئـێوەن دڵی وڵات، ئەوەی داوای ئازادی بۆ میللەتی خۆی دەکات، با پشت بکاتە شەڕو بەبێچەک بێت بەرەو کەشتییەکەی نـوح-ی باپیرەگەورە، بێت بانگی ئازادی بڵێت، بەجیـهان بڵێت، ئێمە ئازادیمان دەوێت، لەبری نەوت، ئازادی نەک نان!

ئەی نەتەوە یەککگرتووەکان؛ ئێوە گۆشت و خوێنی میللەتی زاگرۆس دەدزن و لەبری سەرفرازی و ئازادی، خواردنمان پێ دەدەن! وا دەزانن ئێمەیش وەکوو دێوەکان برسیین؟! ئێمە برسیی ئازادیین، چونکە سروشت هێندەی بە ژینگەمان داوە کە برسی نەبیین. چونکە ئەو مرۆڤەی کە لە ژیاندا ئازاد نییە و دەخوات.. با بزانێت کە نەخۆشی و دەرد لە ژیاندا زیاتر دەکات.

ئەوەی دەیەوێت سروودی ئازادی فێر بێت، بابێت بۆسەرلووتکەی نـوح هاواربکات: بمرێت شەڕ بژی ئاشتی، تائەوکاتەی هەمووجیـهان بەچاوی خۆیان ببینن چۆن دێـوەکان لە هەڵمەتیاندا تەلاشی دەبن، چۆن

تێدەگەن کە دێوەکان بە ئازادیی گەلان ناوێرن. بە ئاوازو سەماو شایی و هەڵپەرکێ ناوێرن. جا بۆ وا ناکەن؟

**لەخەوما دەبووم بە میللەتێک، کتوومت لە خۆم دەچووم، مرۆڤێک، مرۆڤێکی سەیر، کە چلوپێنج ملیۆن سەروەست و دەنگ وچاوو دەمم هەبوو، هاوارم دەکرد ودەمنەڕاند: ئێمە ئازادیمان دەوێت، ئەی جیهان، ئەی دێوە هەشت سەرەکان، ئەی دێوپەرستانی تورک وعارەب وفارس وئینگلیز، ئەی دێوە هەشت سەرەکان، ئەی ناتۆی تەماحکارو پاشەڵ پیس، ئێمە شەری ئێوەمان ناوێت. ئێمە ئاشتیمان دەوێت بۆ میللەتی ئیبراهیم وحەزرەتی نوح.**

**وام لێهات زۆرتر دەبووم، دەمبینی هەمووجیهان بەرەولای من دێن لەخەوما، لەخۆشیدا بەدەم خەوەوە هەڵدەستام، لەخۆشیدا دەنووستمەوە، لەخۆشیدا هەڵدەستامەوە. لەخۆشیدا توشی نەخۆشیی زۆرخەوی بووم.. حەزم دەکرد ببم بە کۆمەڵێک خەونی ڕەنگاو ڕەنگی ئازادی. ببم بە ڕەنگەکان، بەتەماشاکان، بە ڕزگارکەری جیهان.. لەخەوما دەبووم بە سپارتاکۆس، بە گۆدۆ، بە سۆپەرمان، بە سپایدەرمان، بە هەرقل، بەخوا بە پێغەمبەرەکان.. دەبووم بەمرۆڤێکی مەزن سەرم دەیدا لەئاسمان!**

دەڕۆیشتم، لەگەل سروشت و باکان و زەریاو ئاگردا دەدوام.. داوام لەگیانی باڵندەو ئاژەڵ ومنداڵ وئافرەت دەکرد یاریدەم بدەن، تا جیهان بەبێ چەک ئازاد بکەم.. دەبووم بە مرۆڤێکی ڕەسەن هەموو جیهانم دەکردە باوەشم، دەبووم بەخوایەکی میهرەبان.. دەگەڕام میهرەبانیم دەبەخشییەوە! تەنانەت تاریکییم کردبوو بە ئارامگا بۆ ئاشتی.

دەبووم بە گیانێکی پەتی لەسەر گۆی مەمکی یان لووتکەی ئاراراتەوە وەک پەپوولە زۆر دەبووم، بەسەر جیهاندا بەدەم باوە پەخش دەبووم! دەبووم بە سروود بەدەم باوە لەگەڵ نەغمەی ستارو فلووتدا ئاوازی پەنابەریم دەخوێند: ئەی گیانە زیندووەکان، ئەی جیهان، هەست بە خاوەن وڵاتی و ئازادی نەکەیت.. چونکە بێولاتێک بەبەر چاوتا تێدەپەڕێت! نەکەی پۆزی دەسەلات وبایی بوونی بەسەردا لێبدەیت! ها نەکەیت! دەنا ژیان دڵی لێتان دەرەنجێت. ئاسمان دەتۆرێت، خواکان دڵیان دەشکێت!

چونکە تائەوکاتەی مرۆڤێک لەجیهاندا بێماڵ وبێپەناو دەربەدەربێت، مرۆڤ ژێر دەستەیەو زیندانەو بێکەرامەتە.. گەر هەوڵ بۆ ئازادیی جیهانی نەدات.

**چەند خۆشە مرۆڤ لەوڕێنەی ئازادکردنی جیهاندا شێت بێت! وون بێت لەهەستی ئازادیی جیهانیدا! یان ببێت بەخوایەکی شێت و بەزمانی خواوەند لەئازادی بدوێت. چونکە هیچ گیانلەبەرێک لەجیهاندا هێندەی ئەو مرۆڤە ناچەوسێتەوە کە بێولاتەو ئازادیی نییە، یان لەولاتی خۆیدا دەترسێ وبرسییەتی وکەس پەنای نادات.**

مێرولەکان فەرموویان: بژی ئازادی، بژی مرۆڤی ڕەسەن.. بژی نەوەی نوح.. بژی خۆشەویستی.

مێرولەیەک فەرمووی: تا ئەو کاتەی میللەتێک لە جیهاندا ژێر دەستە بێت، مرۆڤایەتی کۆیلەن. مرۆڤ نیین. جا مرۆڤێک دێت دەتوانێت داوای هێز لە مێش و جانەوەرە نادیارەکان بکات، دەتوانێت ئەوانتان لێ هان بدات. ئەوسا دەرباز بوونتان نابێت، چونکە نەخۆشییەکان زۆر دەبن، غەمەکانتان بۆ بار ناکرێت، سامانتان بە هەراج دەچێت، خۆشیتان بەر لە خۆتان دەمرێت، گیانتان پڕ دەبێت لە درم و لە کرم، بەرازیش گۆشتتان ناخوات. جا دێوەکان دەبێت فێری پەرستن بن؛ دەبێت فێری پەرستنی کەرامەتی بچوکترین گیانلەبەر بن. دەنا ژیان پڕ بووە لە تووڕەیی و حەزی تۆڵە.

منیش شێتانە بە مێروولەکانم دەفەرموو: تا ئەو کاتەی هەموو جیهان بەیەک دەنگ ئاوازی ئازادی نەچڕن؛ مرۆڤایەتی ناگەن بە کەماڵ.. چونکە ئامانجی بوونەوەر عیشق و ئازادییە.

## تابلۆی چۆلەکە

جارێکیان بەرلەدێر زەمانێک مـرۆڤێک هەبوو سپی سپی بوو، ڕۆژێک لەڕۆژان ئەومـرۆڤە سپییە لەکەنار دەریا ڕاکشابوو، خۆی دابووە بەر خۆرو تەماشای ئەو پەڵە هەورە سپییانەی دەرکرد کە وەکو کۆتر ئاسمانیان تەی دەکرد بەدەم باوە. سەیری ئاسمانی شین وتیشکی خۆری دەکرد. بەدەم تەماشاوە گوێی لەخوڕەی شەپۆلە کان دەگرت.. بیری دەکردەوە..

چۆلەکەیەک چوو بەمیوانیی، لەسەرتاشە بەردەکانی پشتەوەی ئەوهەڵنیشت وکردی بەجوکەجووک، چەند جارێک مـرۆڤە سپییەکەی دابڕی لەبیرەکانی، چونکە ئەو لەخەیاڵی خۆیدا بەچیلکەیەک وێنەیەکی لەسەر لمە ڕووزەردەکان دەکێشا لەوکاتەدا کەتەماشای حەوای دەکرد.

چۆلەکەکە جارێک نا دوو، سێ ناچوار مـرۆڤە سپییەکەی بانگ کرد، بەجیکە جیک ڕایگەیاند: لەگەڵ تۆمە مـرۆڤ،گوێم لێبگرە، جیک جیک جووک.

مـرۆڤە سپییەکە یەکەم جاری نەبوو کە گوێ لەمیوانێکی هێندە بچووک بگرێت، بەڵام وەڵامی چۆلەکەکەی نەدایەوە، چونکە زۆر سەرگەرمی بینینی پۆرترێتی هەورەکان بوو، ئەو خووە لەمنداڵییەوە فێربووبوو، هەرچەند باکان هەورەکانیـیان ڕادەگوێزا ئەو پالدەکەوت بۆ تەماشا کردنی سروشتی هەورەکان، لەخەیاڵی

خۆیدا بەپێی توانا وێنەی هەورەکانی دەنەخشاند.  ئەوە نوێژی ئەو بوو! نـوح وەها نوێژی دەکرد.. بۆیە دەربەستی جوکەکانی ئەو  چۆلەکەیە نەدەهات.

بەڵام لەبەر ئەوەی مـرۆڤێکی هەستیار بوو، جووکەکانیش دەبوون بە هەست، تۆنی نەغمەی چۆلەکەکە لەخەیاڵی ئەودا دەبوون بە بیرو هەست..پاشان تێگەیی کە چۆلەکەکە زۆر دووپات دەخوێنێت وئیلحاح دەکات کەئەوگوێی لێبگرێت.

بۆیە ئەویش لایەکی لەوکردەوەو بەغەمزەی چاو نیشانی دا کەئاگاداره، ئەو ئازادە لەوەی کە چیی نیازە بیڵێت. تێیگەیاند کەتێدەگات، دەبیستێت، دەبینێت.

بەڵام چۆلەکەکە خۆی سەرگەرم کرد.. زانیی کە مـرۆڤی سپی مەیلی زیاتر بۆ شتێکی تر نیشان دەدات.. زانیی کە ئەو سەرگەرمی میوانێکی ترە وگوێی لەوگرتووە، بۆیە  لەولاوە هەڵنیشت لەچاوەڕوانیدا، تائەوکاتەی  بواری بۆدەرەخسێت.

ڕاست بوو، مـرۆڤە سپییەکە گوێی لەچیرۆکی **فریشـتەیەک** دەگرت.. فریشـتەکە بەگۆرانی ـ بەدەم ئاوازی شنەی باوە چیرۆکێکی سەیری بۆ مـرۆڤی سپی دەهۆنییەوە لەوگەرمەسێرە خۆشە خۆرهەتاوەدا،

دەیفەرموو:( من وامزانی فریشـتەکان تەنها لەئاسمان هەن! نەمدەزانی لەئاسمانی دەرونمدا چەندهەزاران هەڵدەفڕین.. تاجارێک بولبولێک هات ووتی: تەماشاکە بەڕەنگی تیشک، بڕوانە تادەبیت بەتیشک.. ئەوسا فریشـتەکان دەبینیت.

منیش چاوانم لێک  نا.. ڕۆ چوومە قولایی تیشکەوە، لەدەروونی خۆمدا فریشـتەیەکم دی پەڕوباڵی هەبوو وەک کەناری.. دەیخوێند وبەخوێندنی بردمی بۆ دیدەنی مـرۆڤێک، مـرۆڤێکی دی، لەکەنار دەریا دانیشتبوو! مـرۆڤێک کە پڕبوولەڕۆشنایی سپی سپی.. مـرۆڤەکە ئافرەت بوو، پشتی لەمن بوو.. کاتێک بەلای ئافرەتەکەدا تێپەڕیم ، نازانم بۆتەماشای ڕوخساریم نەکرد.. زۆری نەبرد فرسەخێک دوورکەوتبوومەوە لەو ئافرەتەی کە ڕوخساریم نەدیت..بەڵام شتێکی زۆر سەیر.. ڕۆشنایی ئافرەتەکە وەک موگناتیس منییان بەرەو دواوە کێش دەکردەوە، تازیاتر دوور دەکەوتمەوە، زیاتر پەشیمان دەبوومەوە، مەیلی گەڕانەوەم زیاتر زۆر دەبوو..ئافرەتەکە بەویستەکانی گوریسێکی لە تەنافە نادیارەکانی من بەستبوو، منی کێش دەکردەوە بۆ دواوە! ناچار گەڕامەوە، تابتوانم تەماشای جوانیی ئەوبکەم، تاببینم.

کاتێک کە بەرەر هەمان جێگەگەڕامەوە کە ئافرەتەکەی لێبوو، کەئەوم لەپشتەوە دیبوو لەسەر سەوزەگیا دانیشتبوو، لەتەک درەختێکی سێوە سوورەوە، لەسەر چوار لایەکی دروستکراو لە مەڕمەڕ!  ئافرەتەکە دیار نەمابوو، بەڵام لەجێگەی خۆیدا ڕۆشناییەکی زۆر جوانی خۆی بەجێهێشتبوو! ڕۆشناییەکەی ئەو لەژێردارسێوەکە دا ڕۆشن بوو. دەبریسکایەوە..

منیش لەوێدا مامەوە، ڕاوەستام نەمتوانی بڕۆم..شەوداهات، ڕۆژ هەڵهات، هەفتە چوو، مانگ هات، پاییز هات، زستان هات، من لەوێدا بەدیار ئەو تیشکەوە چاوەڕوانی گەڕانەوەی ئافرەتەکە بووم، چونکە دڵنیا بووم لەوەی کە ئەو گیانی خۆی لەژێر درەختەکەدا جێهێشتووە.

زستان زۆر سارد بوو لەو وڵاتەداو تەمەنی هاوینیش کورت بوو، ئەوساڵەش بەفرێکی زۆرباری.. بەفر منیـیان داپۆشی، تا ڕەق هەڵهاتم، تا بەستمی! وەک پەیکەرێکی بەفرین.

کات تێپەڕی، زستان چوو و بەهار گەیی، مـرۆڤەکان بەرەوکەنارەکان گەڕانەوە، سەیریانکرد لەژێر دارسێوەکەدا پەیکەرێکی بەفرین دەتوێتەوە.. پەیکەرێکی زۆر سپی زۆر جوان.. لەناوشاردا باسی پەیکەر بڵاو بووەوە..ووتیان پەیکەرێکی زۆر بەنرخ لەژێر دارسێوەکەدا لەکەنار دەریا دانراوە وناوی هیچ کەسێکی لێ نەنووسراوە!

مـرۆڤەکان، خەڵکی شار گشتیان چوون بۆ تەماشای پەیکەری منی سپیی بێناو! کە کەمکەم دەتوامەوە بۆ خۆر.. هەرچی سەیری ئەوپەیکەرەی دەکردم، خۆشەویستیی دەبزووت، بەڵام نەیاندەزانی کێ دروستی کردوم! بۆیە بانگەوازدرا، ڕاگەیەنرا کە خاوەن پەیکەر دەبێت ناوی خۆی لەسەر تۆمارکات.
خەڵکی بینیـیان پەیکەرەکەم سیحری تیایە، پاش ئەوەی کە بەفری زستان بەتەواوی توایەوە، بینییان، پەیکەرێک سەوز وەکو نەرمەگیای بەهار سەوز دەبێت، لەپاییزدا پەیکەرەکەم زەرد وپرتەقاڵی و سور هەڵدەگەڕێت، بینییان هەر وەرزەو بەجۆرێک تریفەم دێت!
کاتێک کە وەرزەکان تێپەڕین، مـرۆڤەکان بینییان، پەیکەرەکەم بووە بە پەیکەرێک لە تیشک، لە ڕۆشئایی، هەر لەوشێوەیەدا کە ڕامابوو، وەکو تیشک شەوقی پەخشان بوو لە قاڵبی مـرۆڤێکدا کەتەماشای شتێک دەکات، تەماشای تیشک.
مـرۆڤەکانی ئەوشارە، منیـیان زۆر خۆش دەویست، بۆیە شەوێک لەشەوان، هەمان ئافرەت کە وەختی خۆی منی کێش کردەوە بۆتەماشا، بەڵام ئەوێی جێهێشت، چوولەتەک پەیکەرەکەمدا دانیشت تا ڕوخساری نیشان بدات. لەژێر پێمدا نووسیی : مـرۆڤێکی سپی.
بەڵام بەر لەو ، خەڵکی شار زۆر لەقەبیان بۆ داتاشیبووم، وەک: پەیکەری جوانی، پەیکەری ئازادی، پەیکەری وەرزەکان، پەیکەری سێو پەرست، ڕۆشنایی، پەیکەری گیان هتد..)
فریشـتەکە ئەو گۆرانییە چیرۆکەی بۆ مـرۆڤی سپی دەگێڕایەوە، پاشان بەرلەوەی بەرەوبەرزایی هەڵبفڕێت فەرمووی: ئەوە من بووم وام بەسەرهات.
مـرۆڤە سپییەکە هەستیکرد باڵندەکە باسی خودی ئەوی دەکرد، چۆلەکەکەش هەر جوکەی دەهات، تامـرۆڤە سپییەکەی ناچارکرد هەستێت بڵێت: کش، من نامەوێت گوێ لەهەمووباسێک بگرم. چۆلەکەکە توڕە دەبوو و زیاتر دەیجوکاند؛ دەیگووت: ئەو پەیکەرە من بووم.
کەکات وەستا چۆلەکەکان مت بوون، ئەوانیش وەستان، ئەوان درۆزن بوون، درۆکان لەجیـهاندا هێـندەی ئەوان زۆربوون.. پیـرشالیار لە هەوادا بەچۆلەکەکانی دەفەرموو: دێـوەکان هێـندەی ژمارەی ئـێوەن. خۆزیا ئەوانیش دەبوون بەئـێوە، وەک ئـێوە بچکۆلە دەبوونەوە.
مێرولەکان فەرموویان: چۆلەکەکان مێرولە باڵدارەکان دەخۆن.. وەک چۆن قەلە ڕەشکە داندارەکان ئیمام ومامۆستاو فەقیرو ڕاهیب و پاپا و کاردیناڵەکانیـان دەبرد بۆ جەهەننەمی سزا.
مێرولەیەکی تر کە زانا بوو فەرمووی: هاوبیریی گەلی و هەستی هونەرو جوانی ـ گەر جیهانی بکرێت.. مرۆڤایەتی ئازارەکانیان دەپەڕێت و توانامەند دەبن/ ئەوسا بە جیهانی دەبن.

## تابلۆی فەتح

ئافرەتێکی نیـیان، جوان ـ زۆرجوان لەبەردەمی حەزرەتی پیـرشالیاردا لە ژێر درەختێکی ئەم سەر زەمینەدا لە شێوەی کەنارییەکی سپی پەڕدا، جووکەی دەهات.. باسی کردنەوەی پەردەی کچێنیی بۆ پیردەکرد، باسی ترسەکانی، باسی ئەو دێـوانەی کە بەمندالّی دەهاتنەسەری وخرۆشی خۆیان بەو دادەمرکاندەوە! دەیگوت: من کچێنیم لێدزراوە، بەمندالّی لێمبراوە، بۆیە ناتوانم لەگەڵ کەسدا بنووم، دەترسم لەمسم بەرکەوێت، دەترسم لەشی دێـو بەرلەشم بکەوێت، دەگریا بچکۆلە دەبووەوە، دەچووەوە ناو باوەشی ڕەحمەتی باوکی پیـرۆز، ئەویش کشەی لەگیانی شەڕ دەکرد.. دەستی باوکانەی دەهێنا بەسەریداو دڵنەوایی بەو دەدا، ئەویش ئارەقەی دەردەدا، ئاو بەچاوانیدا دەچۆڕا.. ئاوی مەیلەکانی دڵۆپەیان دەکرد لەبەردەم زاتی پیردا.. هەستی بەپشوو دەکرد ئافرەتە بەستراوەکە..حەزی دەکرد لەتەک پیردا بنوێت، چاوەکانی نایە سەر یەک.. پیر بەوی فەرموو تۆی فریشـتە.

بەڵێ، پیـرشالیار دەڵێت: فریشـتەکان لەنێو دێـوەکان ودێـوپەرستاندا دەبەسترێن.. چونکە داگیر دەکرێن، بەد بەکار دەبرێن، بەرازانە ڕەفتاریان لەگەڵ دەکرێت. بۆیە مەیلەکانیـان دەبەسترێت.. خۆزگەکانیـان سڕدەبێت، هەستیان دەشکێت، کەساس دەبن لە غەم وبیرکردن وخۆزگەدا، ئاوی حەزیان ناچکێت، هەرچی دەکۆشن زات ناکەن بچنە باخەڵی خۆشەوستێکەوە، ناوێرن خۆشاییان بێتەوە، لەنیوەی هەستکردندا خەیاڵەکان دووچاری هێرش دەبن، داگیردەکرێن تیایدا خۆزگەکان دەکوژرێن، سەردەبڕدرێن، ئازار دەدرێن، بۆیە کیژۆلەکان نابێت ئازار بدرێن، نابێت داگیر بکرێن، بکوژرێن سووک بکرێن. نابێت پاداشتی عیشقیان بەردەباران کردن بێت.

پێویستە بزانن کە زیز بوونی گیانی ئافرەت، لەوکاتەدا کەبەزۆر هەتک دەکرێت، گیانی داگیرکەر دەسمێت بەنەخۆشییەک، نەخۆشییەک کە دەروونی پڕ دەکات لەدەرد، کە باوەڕی نەخۆش دەخات، مـرۆڤ دەبێت

بەدیـو، بۆ هەتا هەتایە کەرامەتی لەدەست دەدات.. ئافرەت دەبێت لێبووردوو بێت، دەبێت بەویستی خۆی بڕیار بدات چیی لەلا جوانە بیکات.. درۆ لەگەڵ ویست ولەش ومەیلەکانی خۆیدا نەکات.. لەپێناوی هەوەسدا لەشی خۆی نەدات بەدڕندەکان.. ئەگەر هاتوو داگیر کران، تەنها بیر لە کەرامەتی مەزن ولەشکۆی ئافرەت بکەنەوە، نەکەن باوەڕ بکەن کە بێماناو لاوازو پیسن.. چونکە ئافرەت خاوەنی کەرامەتێکە گەردوونەکان بەڕێوە دەبات. ئافرەت بەنیازەکانی ژیانی خولْقاند.. ئافرەت پەرستگای منداڵ وپیاوە..

دەبێت ئافرەت جوان وئاسوودەو ئازاد بیر بکاتەوە.. چونکە زیز بوونی ئافرەت بوونەوەر دەڕەنجێنێت. ئافرەت مانای خۆشەویستی، پیـرۆزی وئازادی یە. ئەو ڕزگارکەری ئادەم بوو لە دەسەڵاتی خوادا و ئەو گیانی لەناو چاوگی خوادا هەبوو. کاتێک کە ئادەم لە ویستی بوونەوەردا تێکەڵێک بوو لە چەند ڕەگەزێکی سەیر!

پیـرشالیار بەدەستە نەرمەکانی تیشکی دەپرواند بەسەر باڵای بێنازی ئەوئافرەتە لاوەدا، گیانی ئەوی دەژەند، جێگەباڵی پشتی دەخوراند ، دەیویست دووباڵی سێگۆشەیی لەسەرپشتی ئەو بڕوێنێتەوە، ئەوباڵانەی زۆر لەمێژبوو دێـوەکان لەسەر پشتی حەزرەتی ماریا هەڵیان کەندبوو، چونکە حەزرەتی ماریا لەوکاتەدا کە حەزرەتی مەسیح لەخاج درا، مەسیح بەتەماشا دووباڵی سێگۆشەیی بچوکی بەدایکی خۆی بەخشی.. بەداخەوە، کاتێک دێـوەکان شالاویان بردەسەر، ئەوهێشتا بەکاری نەبردبوون!

لە تاو ژانی دڵ وسک وگیانی، ئاگای لە چرۆکردنی باڵ نەبوو تا بتوانێت بفرێت بەرەوئاسمان.. دێـوەکان گرتیان، ئەوەی توانییان دەرهەق بەوکردیان.. بەگاز، بەقامچی، بەچرنوک وقەپاڵ، بەتف ئەویان پڕکرد لەزەهروپاشان سکیان پڕکرد لەدێـوو خێو وئەهریـمەن.. ئیجا باڵەکانی ئەویان قرتاند، هەڵکێشا.

پیر بەدەستی نەرمی باڵێکی زۆرسپی و جوانی لەسەر جێگە باڵی هەڵکەنراوی نەخش دەکرد.. بەنوزەی خۆی تکای لەوکیژۆڵەیە دەکرد کە گیانی خۆی ئازاد بکات، بەوی دەگوت : سەیرکە، تەماشاکە! وەرە ناو نووری چاومەوە،وەرە ناو هێڵەکانی ڕۆشناییمەوە.. هەناسەکانت ئازاد بکە.. گرێکانت بکەرەوە، خاوبەرەوە، ئاخ وئۆف بکە، بگری ئەگەر مەیلت لەگریانە، هاواربکە ئەگەر خۆشاییت پێدەگات، پێبکەنە ئەگەر حەزدەکەیت، بدوێ، هەناسە بدە ،بنوو، بێدەنگ بە، یان لەئازادیی خۆتدا لەباوەشی مندا ئازاد بە. ئازادی ئەوەیە مـرۆڤ بتوانێت فێربێت، وڵات ولەش وبیرو سامان وکەرامەتی یەکێکی دی داگیرنەکات. ئافرەت لەت نەکات، نەیکوژێت، خەتەنەی نەکات، جوانییان دانەپۆشێت.

چونکە جوانیی ئافرەت خۆراکی گیانیی خواکـانە. مـرۆڤ کەسێکە لەنێو پیاواندا کە ئافرەتەکەی ناودەروونی خۆی دەبینێت وهەرگیز ئازاری نادات، فێرە درۆی ناکات، سووکایەتی بەخۆی ناکات. چونکە جەوهەری پیاوی مەزن پێکهاتێکی پیرۆزی ئافرەتی تیایە. بە پێچەوانەشەوە.. ئەگەر گریمانی بکەین! ئافرەتەکە دەبووبەمۆم، بەشیلە زۆرخۆش دەکرایەوە، بەدەم خۆشایی هاتنەوەی گیانییەوە مووچرکە لەگیانیەوە دەگەیی بەلەشی، خۆشتر خۆی لەپیر هەڵدەسوو، تازیاتر گەرمی بێتەوە، چونکە زۆرلەمێژ بوو سەرمای بوو، تەنها بوو، بێمەیل ودڵشکاوو زویر بوو.. گێژبوو. شل بۆوە، چاوی چووە خەوو شیرین شیرین خەوی لێکەوت، پەنجە گەورەی خۆیشی لەدەمدا بوو.. نەرم نەرم دەیمژی.. پیر سەیری دەکرد، دەستی بەسەریدا دەهێنا، تەماشای کەرامەتی ئەوی دەکرد، پیرهەستی دەکرد فێربوونی زۆردەبێت، هەستی دەکرد بەزەیی لێدەبارێت.. گۆرانییەک گەردوونی پڕ دەکرد لەدەنگ، لەخەوندا مـرۆڤە ڕەسەنەکان نوێژیان دەکرد، لەنوێژەکانیـاندا دەیانفەرموو: ڕێگەم بدە تا لەتەکتدا دانیشم..باپەنجەکانمان بەر یەکتری بکەون.. با گوێمان لەترپەی دڵی یەکتری بێت.. ڕێگەم بدە تەماشات بکەم، بتبینم، گوێت لێبگرم وگوێم لێبگریت..

نوێژەکانمان بۆ یەکتری بکەین، ڕووبکەینە قیبلەی یەکبوون وخۆشەویستی.. تا فێر بین هەست بەکەرامەتی یەکتری بکەین.

**با چیرۆکێکی خۆشت بۆباس بکەم**، جارێکیان زۆر هەستم بەتەنهایی دەکرد، دانیشتبووم نوێژم بۆ گوڵێکی پرتەقاڵیی ڕەنگ کاڵ دەکرد.. گوڵەکە تەماشای دەکردم، نازی بەسەرما دەکرد، باسی درۆی سپیی بۆ دەکردم، فەرمووی: مـرۆڤی جوان کە درۆ دەکات، درۆکەی دەخاتە ناو ئینجانەیەکەوە و ووتەکان دەکات بە گوڵی پڕ لە هەستیارو دەیخاتە سەر مێزی بەرامبەرەکەی کە نیازمەندە درۆی بۆ بکات!

ئەویش سووپاسی ئینجانە و گووڵەکە دەکات.. بەو دەفەرموێت: دەزانم، بەڵام پێویستی بەم ئەرکە نەدەکرد، دەتتوانی ڕاستگۆ بیت و بەبێ درۆش لەگەڵمدا بدوێیت.. بەڵام دەشێت، چونکە هەندێک لە مـرۆڤ هەن حەز دەکەن درۆی جوان بکەن، درۆی سپی، تا بەو بۆنەیەوە ئینجانەیەک گوڵ یان چەپکێک گوڵ بە بەرامبەرەکەیان بدەن. بە گوڵەکەم فەرموو: چیرۆکێکی جوان بوو. سەرێکی بۆ لەقاندم و لەشەرما کەمێک بۆنی پژاند بەسەرما.. منیش بەشەرمەوە بۆنم کرد، دەستم بەسەریدا هێنا، تەماشام کرد.

مێرولەکان هیچیان نەفەرموو.. مەست بوون بە تەماشای جوانیی ئەو ئافرەتەی لەگەڵ پیردا دەدواو باسی خۆشیی ئەو کاتەی دەکرد. مێرولەکان لیکیان دەچاند، بەدەم تەماشاوە هەستیان دەبزوا.

# تابلۆی گریان

دێـوپەرست سروشتی بایی و ڕەقە. ناگری. پێی شەرمە بگری، کەچی نەنگی نییە بەلایەوە هەمیشە پێبکەنێت وفرمێسکی شادی بڕژێت.. بەڵام دڵنیابە، ئەوەی کەنازانێت بگری، هەرگیز فێری پێکەنین نەبووە هێشتا، نازانێت پێبکەنێت. چونکە گریان یەکەمین دڵۆپەکانی ئارەقەی گیانی ئاهوڕامازدایە.. چونکە ئەولەفڕینی هەمیشەییدا کەدەفڕێت وتاریکی تەی دەکات، شیلەی نووری ئارەق دەکاتەوە، گریان دێرینترین زەڕڕاتی خوایە کە مـرۆڤ بۆیماوەتەوە، پاش ئەوەی کەمـرۆڤ لە هێلکەی جاڵـجاڵـۆکە چنراو بەدی هات! چونکە کاتێک کە ئادەم سەری لە هێلکە جوقا.. خاوو خلیچک و شڵ وپڵ بوو.. هێشتا هاو پەیوەستی یاریدەی خوا بوو.. خواوەند کە ئەوی بینی، بە زەیی پیایدا هاتەوە.. تەماشایەکی تێیگرت، ئەو تەماشایە لە گریان دەچوو..تەماشاکە گیانی خۆی بوو، گیانی دایە حەوا.. بەر گیان و لەشی ئادەم کەوت.. کاتێک کە ئەو درووست بوو. (**وا بزانم تا ئێرە فێری دروست بوونی ئادەم بوون**!)

گریان غەمەکان ڕادەماڵێت، بەربەستە ورێگە لەو چاوگانە دەگرێت کەگیان پەسەندیان ناکات، کەلەگیاندا جێگەیان نابێتەوە.

بۆیە سروشتی کەسانی گریاو پاکترە لەسروشتی نەگریاو..ناشیرینترین ڕەفتاری مـرۆڤ ئەوەیە کە بەدرۆ بگری، گریانی بەدرۆ تەڵەکەیەکی هەڵگیراوی منداڵییە، گەرچی وردەسوودی هەیە بۆ پڕکردنەوەی مەیلە هاکەزاییەکان، بەڵام زیانی زۆرترە کاتێک بەد گریانەکان بەکار دەبەن.

ئەو ئافرەتەی بەدرۆ دەگری، دێـوە، ئەگەر پیاو بەدرۆ بگری مانای وایە ژیان ئەوی بەهەڵە خولڵقاندووە.

گریانی بەدرۆ نەخۆشی سەرباری خاوەنەکەی دەکات، ئەوانەی درۆلەگەڵ گیانی خۆیان دەکەن، نەخۆشن..بەخۆڕایی گیانی خۆیان زویر دەکەن، چونکە گریان شیلەی گیانە، گیانی تیشک.. لەدڵۆپەکانی گریاندا گیان بوونی هەیە، بەدرۆدەریان مەپەڕێنە، چونکە گیانی دڵۆپە فرمێسکەکان هەڵدەوەرن، وون دەبن، سەرگەردان دەبن لە هەوادا، وەک ئەوە وایە مرۆڤ میوانێکی ئازیزی خۆی لە ماڵی خۆی دەربکات. بەڕاستیمە، فرمێسکەکان دەست بۆناخی ویژدان دەبەن، بەدوای ڕاستیدا دەگەڕێن.. ئەوەی بەدرۆدەگری دەردێک زامێک سەرباری ژیانی خۆی دەکات، چونکە گیانێک لەلەشی خۆی دووردەخاتەوە، ژیانێک گیانی لەدەست دەدات.. چونکە فرمێسک شیلەی گیانە. فرمێسکەکان دەبن بە هەڵم، بە هەوادا پەخشان دەبن، لە ئاسماندا دەبن بە گیان، دەبن بە بت، دەبن بە ژیان. چونکە نیوەی ژیانی ئێمە لە نادیاردا بەسەر دەبرێت. چونکە گیانلەبەر زۆر ژین دەژێنێت و بە ئاگا نىیە لە هەموو ژیانەکان. ژیان وەک ڕەنگەکان زۆرن. لە زەڕڕاتی هەوادا ئێمە زۆرین، **چونکە تیشکی خۆر هەمیشە کۆپیمان دەکات. کۆپیی ووتەو کردارو جووڵەکان و بیرەکانمان. بۆیە هەر یەکێک لە ئێمە کۆمەڵێک کەس و هەڵوێست و بت و خواوەندو هزری هەیە. کەس تەنها نىیە لە بوونەوەردا.**

لەدورگەکانی هەستکردن بەکەمیدا دەبینم خەڵکی کاتێک دەیانەوێت بگرین قەپ لە لەشی دێـو دەگرن، خۆیان دەخۆنەوە، لێوی خۆیان دەگەزن، پێیان نەنگیی و شەرمە بگرین.

ئێوارەیەکیان بەرلەکات وەستان، دانیشتبووم لەتەلەفیزۆنەکەدا تەماشای دەڵەدێـوێکی جاسووس وهەرزەکارم دەکرد.. هاتبوو باسی ئەوەبکات کەچۆن چەند پیاوێکی هاوزمانی خۆی لێیان دابوو لەسەر دەمەوەری ودژایەتیکردنی کەلتووری خۆی..

دێـوەکەناوی قادیرە بوو، بە ڕەگەز سۆماڵی بوو، کەچی بە خووکردار بێگانە بوو بە خۆی. بەبوغزێکی مانگرتنی دێـوئاسا فرمێسکی دەقۆستەوەو نەیدەهێشت ژانەکانی هەڵوەرێن، دەیویست نەگری، لەبەر ئەوەی نەنگی بوولەلای بگری! ژیانی نوێی سەردەم؛ لەناو دێوەکاندا فێری کردبوو ڕەقبێت هەروەکو لەشی زبری دێـو!

لەئەنجامدا بەسەرخۆیدا زاڵبوو، چیرۆکەکەی بەدڵشکاوی گێڕایەوە بێئەوەی بگری!

ئەو بەلایەوە شەرم نەبوودژی ئایینی خۆی، دژی کەلتووری خۆی، نەریتی خۆی جاسووسی بکات، بەڵام بەلایەوە نەنگی بوو فرمێسک بڕژێت..

مووچڕکە بەگیانمدا دەهات، دەترسام، سەرمسووڕما لەمەیلی دێـوپەرست، کاتێک هەوڵدەدات ببێت بەدێـو..ئەولەپێش چاومدا بوو بەدێـو!

بەڕاستیمە ئەومـرۆڤەی کە ویستی داوای لێیکرد بگری ونەگریا، دڵی پیسە، لەش وگیانی پیسە، هەستی پیسە..چونکە ئەوەی نەیتوانی بگری، ناتوانێت پێبکەنێت، ئەوەی نەیتوانی پێبکەنێت تەندروستیی نەخۆشە.. نەخۆشییەکی موزمین.

دڵنیابە دێـو فرمێسکی نییە، چاوی نییە ببینێت.. لەیادم نەبوو لەتابلۆی دێـودا بڵێم: دێـوەکان تارماییەکی وشک وتاریکن، زبرن‌سڕوسستن، تەمبەڵ ودرۆزن وگەندەڵن، نەرمی لەلەشیاندا نییە.. خودپەرست وتەفرەدەرن، تەنانەت کوێریشن. وەک ئەوەی کەخاوەنی دووچاوی ڕوونەو ناشبینێت. وەک ئەوەی خاوەن سامانێکی زۆرەو دوچاری دەردی برسیبوون بووە ووشک بۆتەوەو خواردن بەدەمیدا ناچێت!

حاجیلەقلەق کەپێدەکەنێت ، دەنووکی دێشێت، ئەگەرچی ئەولەقوولایی دڵەوە پێدەکەنێت.. کەپێدەکەنێت، کۆمەڵێک شیلەی گیانیش لەچاوانی دەردەپەڕێت.. کۆمەڵێ خۆشی لەپایدا لەدایک دەبێت، چونکە فرمێسکی شادی دەبەخشێت بەژیان، پێچەوانەکەشی ڕاستە.

بە سووکی و گاڵتەئامێز بەخەڵکی پێمەکەنە، لەخۆتدا زۆر بابەت هەن بتوانی پێی پێبکەنیت.. ئەگەر مـرۆڤی ڕەسەنیت، ئەوا دەبێت لەوئاستەدا بیت کە دەتوانی پێبکەنیت، هەمان کەدەتوانی بگرییت. چونکە لەڕاستیدا هەیبەتی خۆتت بەگریان پێکەوەناوە.. ئازارت دیوە لەپێناوی پێکەوە بەستنی هەست وبیروکردەوەکانی خۆتدا. بۆیە ڕاستگۆیت لەگەڵ پێکەنین وگریانی خۆتدا.. زاڵبوون بەسەر خوددا بریتییە لە ئامادە بوونی زات بۆ ڕووبەڕوبوونەوە لەگەڵ غەم وشادییەکاندا. بۆ غەمەکان چەند فرمێسکێک؛ بۆخۆشییەکان چەند خەندەیەک دەربڕە، تادەروونت ئاسوودەو هاوسەنگ بێت. مـرۆڤ کەبەرگریی لەداخوازییە گیانییەکانی خۆیکرد، ئامادەیی تیایە هەر دزێوییەک بکاو قبوڵیش بکات کە دزێوی ڕابەرێتی.. کێ دەڵێت بوودا دەڵێت تەزکییەی دەروون بەوەیە مـرۆڤ بەسەر داواکارییە لەشییەکاندا زاڵ بێت؟ بوودا وانالێت، ئەوەیش تەحریفە. بوودا داواکارییە لەشییەکان ئەویان ڕاپێچکرد بۆ هەمیشەیی، ئەو بەخواردنی قارچکێک مرد! واتە گوێی لەخواستێکی بچکۆلانەی دەرونی خۆی گرت. ئەو تا مرد کۆیلەی لەشی خۆی بوو. بگرە بوودا بە کۆیلەیی مرد. نەگەیشت بە نیرڤانا! دەبێت چی کەرامەتێکی هەبێت کەسێک کەناتوانێت پێبکەنێت، کەناتوانێت بگری!

یەکەم ئافرەت کە لە ژیانمدا خۆشمویست لەدورگەی هەستکردن بەکەمی، کەسێک بوو دەیتوانی بگری، کەدەگریا چیرۆکی مێژووی سەردەمە دێرینەکانی نیشانی من دەدا، دەمدی هەزاران ئافرەت دەسووتێت، دەڕەنجێت، ئابڕوویان دەبرێت.. دەمبینی پرچ کێشی دەکەن دێـوەکان، تێزاب دەکەن بە خەندەکانیدا. کە خۆشمویست دەیتوانی بگری، دەیتوانی پێبکەنێت.. منیش بڕیارم دا: تائەوکاتەی ڕاستگۆیانە بگری وپێبکەنێت، من بەدڵ وبەگیان خۆشم بوێت.

بەڵام کاتێک کەدێـوەکان ڕوویان تێیکرد، فێری پەرستنی دێـوەکان بوو.. پێکەنین وگریانی نەما، وشکی کرد، ئەنجام تەنها دەمبینی دێـوئاساوگاڵتە جارانە قاقا پێدەکەنی، بەمن، بەخۆی، بەژیان، بەوئافرەتانەی کە پێشتر لەدەروونیدا دەگریان.

فێربوو، وەک قادیرە قەپاڵ لەفرمێسکەکانی خۆی بگرێت، لێوی خۆی بگەزێت، بەڵام فرمێسک لەچاوی نەیەت. سەیرم کرد قاقا نامەفهوومەکانی سمارتە لەلەش وهەستم دەسوون.. قاقاکانی زامەکانی ئافرەتانیـان کێش دەکردە گاڵتە بازاڕەوە..کەدەگریاش گاڵتەی بەفرمێسکەکانی دەهات، وایدەزانی ئازایە ودەتوانێت درۆلەگەڵ مندابکات.. کەبینیم بە درۆدەگری وبەدراما پیدەکەنێت.. نەمتوانی لەگەڵیدا هەڵکەم، بەرگەی ئەوەم نەدەگرت ببینم قاقا بەگیانی خۆی پێبکەنێت.

دەمبینی بەدرۆی قاقاکانی هەزاران زەهری تاڵاوی دەکرد بەقوڕگی فرمێسکەکانیدا ، هەستمکرد ناتوانم ژیانم لەگەڵ کەسێکدا بەسەربەرم کەدەیەوێت بەژیان پێبکەنێت.. فرمێسکەکان لەچاویدا بخنکێنێت.

بۆیە توانیم زۆر بگریم، تاڕادەی وشک بوونەوەی فرمێسکەکان، توانیم تەعزێیەکی چەندساڵان درێژ بگرم بۆ دۆڕاندنی خۆسەویستیم.

ئەنجام توانیم بەسەر خۆمدازاڵبم، لەگەڵ خۆمدا لەگەڵ یادگارەکانی ئەودا پێبکەنم، بگریم وەکوجاران.

هەندێکجار کەلتووری دێـو ـ مـرۆڤەکان ناڕەسەن دەکەن، بەجۆرێک نکوڵی لەکەمترین، لەجوانترین هەقی خۆیان دەکەن..

**کۆمەڵێک مەل بەئاسمانی دەروونمدا بەرەو گەرمیان کۆچ دەکەن.** بە دەم فڕین و تەیکردنی ئاسمانەوە باسی هەست وبیری خۆیان بۆیەکتری دەکەن.. دەنگی خۆشیان ئاسمانی ئەمساتانەی پڕکردم لە بەهجەت.. بەدەم فرینەوە بە قاژە قاژ دانیـان نا بە هەستیاریمدا.. دەشێت ڕۆژێکیش بێت، مەلەکان، قازوقولینگەکان نەتوانن بەویستی خۆیان قاژەقاژبکەن، وەک چۆن سەگوپشیلەکان لەوەڕین ومیاواندن بێزارن.
ئەوەی گریان لەبینی خۆیدا دەخنکێنێت، لەگیانیدا منداڵێک لەژیان بێبەری دەکات، ئەوەی بە ئازارەکانی ئەوانی تر پێبکەنێت، دێـوێک لەژیاندا تۆودەکات، دێـوێک زۆردەکات.. چونکە پێکەنین وگریان دووچەکی گیانیین، بەهۆیانەوە خۆشییەکان غەمەکان دەست لەملان دەژین.
بەگریان گیانی ڕاستییە درزبردووەکان بەیەکدا دەلکێنرێتەوە، بەپێکەنین گیانە نەخۆشەکان چاک دەبێتەوە، بەپێکەنین وبەگریانی درۆ ڕاستییەکان بریندار دەبن، شەبەق ودرز دەکەوێتە نێو هەستەکان، گومانەکان گەورەدەبن، هەستکردن بەکەمیی دێـوەکان بێچولەیان دەبێت، زۆردەبن.

گیانی ڕاستییەکان نەرمن، بەرگەی قاقای گاڵتەجاری وتێزابی فرمێسکی بەدرۆ ناگرن..کاتێک مـرۆڤی ڕەسەن بەدرۆدەگری، پارچەیەک لەتەنافەکانی خۆی سەرقرت دەکات، پارچەیەک لەکەرامەتی خۆی وون دەکات، گیانێک دەڕەنجێت، گیانیک دەدۆڕێت، گیانیک دەمرێت. قاقای بەدرۆش ڕاستەوخۆ گیانی هەستەکان سەردەبڕێت. کاتێک کە مـرۆڤ بەدرۆدەگری وبەدرۆپێدەکەنێت.
چەندجوانە مـرۆڤ کە بە پێکەنین، پێکەنین دەبەخشێت بەوانی تر، کە بەفرمێسک فرمێسک دەدات بەوانی تر. ڕاستە دەڵێن درۆزن دوژمنی خوایە، لای من وایە ئەوەی بەدرۆ پێدەکەنێت، بەدرۆش دەگری، درۆزنە. دوژمن کەسێکە کەدەیەوێت بە فرمێسک داگیرت بکات، ئەوەی ناتناسێت وبۆت دەگری دوژمنی گیانیتەو دەبێت لێی دەربازبیت.
مێرولەکان فەرموویان: ئێمە هەرگیز بە درۆ نەگریاویین. ئەگەر ئێمە بە درۆ بگریین، لافاو هەڵدەستێت.. زەریاکان تووڕە دەبن. شەپۆلەکان هەڵدەستنە سەر پێ.. باکان  زۆرانبازی لەگەڵ شەپۆلەکان دەکەن.
کاتێک کە درۆ داگیرمان دەکات ؛ سروشت وەڕز دەبێت ، باکان تووڕە دەبن و سەریان لێ تێکدەچێت.. هەورەکان هەمان شێوە و دەریاکان پەرکەم دەگرن و شێتانە ڕادەپەڕن، ئەوسا هەڵدەستنە سەرپێ و تۆفان دێنن و ئەویش بە چەپۆک دەکەوێتە وێزەی بێگیان و گیاندار. لە تۆفان بترسن، بە درۆ پێمەکەنن ؛ بە درۆ مەگرین.

# تابلۆی دواهەمین نانخواردن

کەکات وەستا، یان کاتێک کە کات دەوەستێت، لەئاسماندا ڕووداوێک دووبارە دووپات دەبێتەوە، من لەخەوما دەیبینم وپیریش بەڕستەکانی لەخەیاڵمدا دەیچنێت.. من دەمتوانی لەنوستنی بێداردا ڕووداوە دووپاتەکانی ئاسمانەکان ببینم، چونکە گەردوونی خۆمم لەلا بچوک دەبووەوە، هەستم دەکرد خۆم لەهەمووشتێکدا دەبینم وهەمووشتێک لەخۆمدا والآیە. جا با یەکێ لەوباسانەتان بۆبکەم کە بیستم لەئاسماندا! **حەزرەتی مەسیحم بینی بە موریدەکانی دەفەرموو:** هەندێک لەئـێوە بەدێـوی لەدایک دەبن، چونکە دێـوەکان نامرن، بەڵام هەن لەناوتاندا دەیانەوێت فێری دژایەتی خێوەکانیان بن، چونکە خێو خاوەن دێـوە، یان سەرۆکی دێـوە! بۆیە هەن لەناوتاندا نابینن، ناوێرن تەماشا بکەن، خۆیان لەدەست دەدەن.

من بەپێی خۆم هاتووم، کەس بەزۆر منی ڕاپێچ نەکردووە، هەن لەناوتاندا دەیەوێت درۆم لەگەڵدا بکەن، نازانن کەکوڕی مـرۆڤ لەدرۆکانتان بێبەرییە وتێیناگات! چونکە ڕوخساری درۆکانتان دزێوە ـ من نایبینم! درۆکان گەربالآیان هێـندەی ئاسمانەکان بەرزبێت، من نایانبینم!

**سروشت لەدرۆکانتان بێزارە.. کەسانێک هەن کەلەسەرخوان دادەنیشن باسی سەگ وپشیلەو بەراز دەکەن، باسی هەوەس، وادەزانن تێر دەبن، وادەزانن فێر دەبن.**

بەڵام من بۆیە لەگەڵتاندا دادەنیشم تاپێتان بڵێم درۆ کەزۆردەبێت دەمرێت.. ئابڕوی درۆزنیش لەناوماندا ڕەشە.. درۆزن دوژمنی خوایە ووەچەی دێـو.. بوون بەدێـو فێری زۆرخۆری وگەندەڵ خۆری وبوختان وکینەتان دەکات، فێری خود پەرستی و ڕق و تۆڵەو شەڕتان دەکات، درۆکانتان دێـوەکانتان برسی دەکات.. بۆیە هاتووم لەگەڵتاندا دانیشتووم، چونکە هاتووم بفەرمووم مـرۆڤی مەزن درۆناکات.

من دەزانم ئـێوە وادەزانن کەئاشتی وئاسوودەیی من لەدەستی ئـێوەدایە! بەڵام زۆرچاک بزانن کەگیانی من بەسوودی درۆزن وهەلپەرست وداگیرکەر بەکار نایەت، چونکە ئەوان نەخۆش دەکەون، پیر دەبن دەمرن، پاشان زینـدوودەبنەوە ئینجا دەمرنەوە، ئینجا دەبنەوە بەوەی کە کردیان، ئینجا دووپات دەبنەوە. لەو مردن ودووپاتەدا ئـێوە هەرگیز من نابینن، ئیتر چۆن دەتوانن جارێکی دی لەناوم بەرنەوە؟ چونکە ئەوەی پەیامەکانی خۆی گەیاند دەگات بەخواوەندو هەمیشەیی، دەگات بە قوتبی کەرامەت ونەشئەی کامەرانی.

هەن لەئـێوە ناتوانن بێنە جیـهانی منەوە ونازانن من کێم! بەڵام من لەگیانی هەمووتاندا هەم وزینـدوو دەمێنمەوە.. دڵنیابن ئەوەی لەخۆی خۆش نەبیت لەم سەرزەمینەدا هەرگیزاوهەرگیز بەکامەرانی ناگات.
ئـێوە نازانن کەمن خوودی ئـێوەم، لەومـرۆڤانەم کەهەمیشە لەدەروونمدا خوان بۆ هاورێکانم ڕادەخەم، گەر هیچیش نەبێ لەگیانی خۆمیان بەش دەدەم.
گوێبگرن، کاتێک کە لەووشەکانم تێدەگەن، کاتێک بەدڵێیکی ڕۆشنەوە لەسەرمێز پێکەوە دادەنیشن، درۆمەکەن، لەگەڵ دوژمنەکانتان هاوکاری مەکەن.. یەکتری مەڕەنجێنن، باسی ئەدەبی مێز بکەن، هێـندەی دەیخۆن، هێندەش بدەن بەخاوەن مێز، بەخاوەن ماڵ.. یان چەند دەخۆن هێندەش فێربن.. کاتێک کە فێرنابن مەخۆن!
کاتێک لەسەرمێز پێکەوە دادەنیشن، بەسەریەکتریدا مەڕشێنەوە، باسی ناباس مەکەن، برینی کەس مەکولێنەرەوە. بەڵکو باسی ڕۆژەکانتان، غەمەکانتان، هاوڕێکانتان بکەن، باسی جوانیی کردەوەکانـتان.. باسی عیشق ودڵداری و جوانی، باسی هونەر بکەن، باسی گیانی خۆتان بکەن. لەکاتی نانخواردندا درۆ مەکەن.
کاتێک لەسەرمێز پێکەوە دادەنیشن باسی دێـوەکان مەکەن، چونکە زۆرخۆردەبن‌ماندوودەبن، لەشتان زەهرخوارد دەکەن.
ئەگەر لەسەر مێز بڕیارێکت دا، لێی پەشیمان مەبەرەوە.. چونکە مـرۆڤ ناپەیمانی لەسەر مێز ناکات.
من کاتێک دڕک و گوڵەکان دەدوێنم ئەوان باسی ئـێوەم بۆدەکەن، لەکاتێکدا کەمن هەم ولێرەم، لێرەش نیم..فێرتان دەکەم ڕێزلە خۆتان بگرن، کەچی هەن لەناوماندا بوغزدەکەن، خۆفرۆشی دەکەن، بەرگی دێـویان لەبەرەو خۆیان وەک مەڕنیشان دەدەن.. نازانن کەکەس ناتوانێت مـرۆڤێک، خوایەک لەناوبەرێت.
هەن لەناوتاندا هێندە بێباوەڕن هاوڕێی خۆشەویستی خۆیان هەڵدەواسن.. چونکە بەشێوە مـرۆڤ وبەناوەڕۆک دێـون.. من دەیانبینم، دەتبینم! بەڵام ڕۆژێک دێت تیایدا فێردەبن کەدوژمنی یەکتری نەبن لەسەر مێزی نانخواردن..چونکە ئەوەی لەسەرمێز درۆدەکات خودی خۆی و ئامادەبووان پیس دەکات.
**ئەمەم بیست وبینی لەئاسماندا وەک دەنگ و ووشە بەگەردووندا دەگەڕا.**
هەموو جارێک کە مەسیح لەسەر خوان لەگەڵ یەهودا دادەنیشت، بەوی دەفەرموو: ئەوەی هاوڕێی وەک تۆی هەبێت، پێویستی بە دوژمن نابێت! تکایە یەهودای ئازیز کە لەسەر مێز دادەنیشیت، هێندە بخۆ کە تێر بیت، کەمتر بدوێ تا زۆر خۆر نەبیت، چونکە زۆرخۆر بەرازێک لەدەروونداپەروەردە دەکات، هەمیشە خود برسی دەکات، چونکە بەرازەکە کاوێژ لەسەر گیان وئەدەب وئاکاری کەسەکە دەکات، سروشتی ناشیرین دەکات!
چونکە بەراز هەمیشە دەخوات.. بەراز سەیری ئاسمانەکان ناکات.. بەراز تەنها بەردەمی خۆی دەبینێت. درۆزن دێـوە نەک مـرۆڤ.. ئەوەی لەسەرمێز بەرامبەرەکەی تووڕە دەکات لەدێـوە وئەوەیش کەبەتووڕەیی نان دەخوات شەڕی دێـوێک لەگیانیدا گۆشدەکات..لەبیرتان بێت کوڕی مـرۆڤ، مـرۆڤی ڕەسەن بەتۆراوی نان ناخوات. یەکێک لەناوماندا دانیشتووەو پڕە لە بوغز، وادەزانـێـت دەتوانێت دابی سەرمێز بگۆڕێت.. وادەزانـێـت دەتوانێت ببێت بەدێـو. با ببێت. حەزرەتی مەسیح وای فەرموو لەدووپاتی بیستندا، لەئاسماندا، **لەزیندە خەونمدا**!
مێرولەیەک فەرمووی: مـرۆڤی درۆزن خۆی بچووکتر لە کوورتە بنە دەبینێت، جا ئەگەر ئەو هەرقلیش بێت لە دیدەگای خەڵکییدا، لە جەوهەری خۆیدا لە دەستی هەست کردن بەکەمی دەناڵێت.

# تابلۆی ئەهریـمەنەکان

ئەهریـمەنەکان دووپێن! چوارپێیان تیادا نییە.. بەڵکو چوارپێ و باڵدار لە ئەهریـمەنەکانی دەروونی مـرۆڤ دەترسن.. ئەهریـمەنەکان هەم نێرینەن هەم مێینە! کت و مت لەومـرۆڤانە دەچن کە بوون بە دێـو.. یان دێـو دەپەرستن.. جوانەکانیان دزێون ، وەک من و تۆ وهەریەکێک لە ئێمە! دەست و دەم و چاوو باڵایان هەیە.. لەمـرۆڤ دەچن، بەڵکو خوودی مـرۆڤە دێـو پەرستەکانن..

کە دەدوێن قاحبە لەزاریان بەداوەشاوی مردار دەبێتەوە، سەگ پێیان ناوەڕێت! زۆر ناشیرین و زبروو جامبازو بووختان گێڕن.. کەتن دووچاری مـرۆڤ دەکەن، خۆیان دەکەن بە کێچ، بە مەلا، بە ئیمام، بە قەشە، بە ڕابەر! خۆیان دەکەن بەهەر شتێک بیانەوێت!

خۆیان خۆش ناوێت، بۆیە هەمیشە لەسەر ئەنجامی کردەوەکانی مـرۆڤ و دەوروبەر پیس خۆری وگەندە خۆری دەکەن، هەمیشە بە زەمکردن و بەتەفرەدان وسەربەقوڕاکردنی ئەوانی تردەژین. هەن لەناوماندا ئەهریمەنەکانیان بووغزاندووە، یان ترۆیان کردوون.. ئەوانە کەسانێکن کە دەشێت من وتۆ بین، لە گۆشەیەکی دڵتەنگی ژورێکی وەڕزدا تەنها دانیشتووین و کتێـبێکمان لەدەستەو بەهۆیەوە خەو بە داهاتووەوە دەبینین.. بیر لە ڕوخساری جوانی دەکەینەوە.. خەو بەخواوە دەبینین.. بەڵێ ئێمەی مـرۆڤی ئەهریـمەن لێکەوتوو! خەندەی منداڵ نوێژەکانمانەو گوڵ و ڕەنگ و ئاوازو سەما دەپەرستین. بۆ مێرولەکان دەچەمێینەوەو ڕیز لە کەرامەتی بچووکترو گەورەتر لەخۆمان دەگرین.

ئەهریـمەن لەچاوی دێـوەکاندا دەنوێت! بە چەنە حانی و بووختان لەناو چاڵی چاوی دێـوی نابینادا دانیشتووەو ئامۆژگاریی دێـو دەکات! بە دێـوو دەڵە دێـو دەڵێت: گەورەم!

ئینجا شەتڵەکانی ڕق وبووختان لەناو چاڵی چاوی دێـوەکاندا دەڕوێنێت.. بۆیە دێـوەکان بەری تاریکییان تیا دەڕوێت، شەتڵی بوختان و زەمەکان چرۆ دەکەن، دەبن بە تاڵە مووی بریسکەدار لە تیشکی ڕەشدا! تۆنێکی ناشاز لەناو چاوی دێـوەکاندا بڵاو دەبێتەوە، بۆنێک تاریکی دادەگیرسێنێت، شەڕ زۆر دەکات.. بە هۆیەوە دێـوەکان دەتوانن، بە تاریکی ببینن، بەڵێ چونکە دێـو چاوی نییە! بەڵام ئەگەر بە دە دێـو یەکجار بتوانن لەساڵێکدا لەخۆیان خۆش بن، دەتوانن بەیەکچاو ببینن.

بەڵام ئەوە گرنگ نییە، چونکە هەر کە توانای بینینیان چنگ کەوت، ڕاستەوخۆ کەتنێک دەکەن، یان کەسێک دەکوژن، یان هەتک دەکەن! یان پەلاماری وڵاتێک دەدەن!

چونکە بووختانی ئەهریـمەنەکان وا لە دێـوەکان دەکات کاری باشیان لەدەست نەیەت! چونکە بووختان ودرۆ نەک هەر مـرۆڤ، بەڵکو دێـویش گۆت و پیس ونەخۆش دەخات! ئەهریـمەنەکان زۆر بەژیری پیلان بۆ لەناو بردنی دێـوەکان دادەنێن.. ئەهریـمەنەکان خوا نەناسن.. قینیـیان لە خۆیانە، خۆیان بە

جانەوەرێکی نەخۆش دەزانن! نازانم بۆ؟! مـرۆڤ هەندێک جار بەزەیی پیایاندا دێتەوە! بەڵێ بەزەیی! بەزەیی هاتنەوە بە ئەهریـمەنەکاندا!

چۆن؟ مـرۆڤ دەست دێنێت بەسەریاندا! سڵاویان لێدەکات یان بە بۆنەی کارێکەوە دەبن بە بەڕێوەبەری مـرۆڤێک، یان دەشێت مـرۆڤ گێل بێت وبکەوێتە داوی خۆشەویستییەوە لەگەڵیاندا!

ئەمە سەرەتای کۆتایی هاتنی بوون بە مـرۆڤە! جا با بۆتانی باس بکەم چۆن مـرۆڤ کۆتایی دێت کاتێک کە دەکەوێتە داوی خۆشەویستیی ئەهریـمەنەوە!

مـرۆڤ دووچاری نەخۆشیی داخوران دەبێت، هەموو گیانی دەخورێت، تووشی ئاڵۆش دەبێت! چونکە گیانی پیس دەبێت، لەمانەوەو هاوژیانی لەگەڵ ئەهریـمەندا مـرۆڤ گیانی بۆگەن دەکات! دەبێتە هۆی زەجرکردنی خوێنی لەش، تا دەرچەیەک بدۆزێتەوەو خۆی لێوە دەرباز بکات!

ئەم نەخۆشییە بەڕێوەیە! چارەکەی لای منە. بەڵێ، کاتێک مـرۆڤ دووچاری خۆشەویستی دەبێت لەگەڵ ئەهریـمەندا، مـرۆڤ دووچاری قین لەخۆبوونەوە دەبێت، دووچاری هاری و دەمارگیری دەبێت، لە پڕ شتێک دەکات، یان بەدبەختانە دووچاری خوودکوژی دەبێت، یان بە چەقۆ خۆی دادەدڕێت! یان کەسێک زویر دەکات، بەکەسێک دەوەڕێت، یان بەسەگەکەی! بەباوکی بە دایکی بە خۆی دەوەڕێت.. چونکە مـرۆڤ هەست بە شەرم دەکات لە پێدانی بەزەیی بە ئەهریـمەنەکاندا!

چونکە ئەهریـمەنەکان خۆیان بێبەزەیین، بۆیە کاتێک کە بەر بەزەیی مـرۆڤ دەکەون! وەک فەرمووم کەتنێک دەکەن! چونکە نازانن بەزەیی من و تۆ سوودمەند بەکار بەرن!

بۆیە بزانن کە مـرۆڤ لەژیاندا زۆر جار لەڕۆژێکدا دەمرێت و زیـندووش دەبێتەوە! دەزانم باوەڕ بەقسەکانمە، مـرۆڤی ڕەسەن دەگمەن لە ڕۆژێکدا نامرێت! مەگەر لەکونجێکی تەنهادا دانیشێت و بە دیار پێکێکەوە، چایەکەوە، قاوەیەکەوە، بە دیار خۆشەویستێکەوە دانیشێت و تەماشای ژیان بکات! دەنا خود هەڵسوون لە ئەهریـمەن وا لەمـرۆڤ دەکات دەروونی پیس بێت!

بەڵام خەڵکینە بڕوابکەن، کە بێـوڵات دێت، کە ڕەشەباکان بە شەق دەکەونە وێزەی بەستەڵەک، کە بەستەڵەک لەتاو تکانی شەرمی تک تک دەتوێتەوە! کە شەپۆلەکان تووڕە دەبن، کە زەریاکان هەڵدەستنە سەرپێ! کە بێـوڵات ئازاد دەبێت، لەزیندانی ئەهریـمەنەکان دەردەپەڕێت.. خۆر دووچاری برسێتی دەبێت، هەسارەکان دوور دەکەونەوە، دێـوەکان ڕوویان ڕەش دەبێت! **کەس ئەوی تری خۆش ناوێت! تەنهایی دەبێت بە نەخۆشییەکی باو!**

لەوێدا بێـوڵات دێت، بێـئاڵا دێت، سەری لەئاسمان و پێی لەسەر زەوییە! کە دەڕوات جێپێکانی سەوز دەبێت.. دێت تەماشای بوغزی ئەهریـمەنەکان دەکات، بۆیان دەخەندێت، چەپڵەیان بۆ لێدەدات و شاباشیان دەکات.. پەیکەرەکانی بوودایان بە هێمنی لەدەست دەردەهێنێت و بەشەرم و ڕێزی بێپایانەوە ئاوێنەیەکی دڵ شێوە یان گەڵا شێوەیان دەداتە دەست، یان دەیکات بەدیارییان! دێت و گوێ لەچیرۆکەکانیـان دەگرێت.. ئامۆژگاریان دەکات، تەنانەت لە دێـوەکانیش تووڕە دەبێت.

باسی ئەفسانەکانی حەزرەتی نـوحتان بۆ دەکات.. بەسەر هەناسەکانتاندا بە هیمنی فلووتی دەروونی نـوحتان بۆ دەژەنێت.. باسی خواو خواکـانتان بۆ دەکات.. باسی دێـوە سپی یەکانی گەردوونی گیان.

بەڵام ئەهریـمەنەکان دەکەونە گومان لێی!

بۆیە ئەو کە دێت زوو زوو دەچێت بەگژ ئەهریـمەنەکانتاندا! نەکەن دەست بۆکەرامەتی بەرن.. ها نەکەن! چونکە ئەو پڕە لەگیانی زامدارو زۆرلێکراوو سەربڕاوو سەقەت وئیفلیج! پڕە لە مارياو مەسیحی ڕەنجاوو ترساوو ستەم دیدە!

نەکەن ها تکاتان لێدەکەم دڵی ڕاگرن، چونکە زۆر چەوساوەتەوە لە زیندانی دێـوەکاندا! ئەو ملیۆنەها خەونی میللەتی نـوحی پێیە! یەک کەشتی بۆنی گیانی لاوانی نەوەی نـوح-ی پێیە، پڕە لە دڵ ولە گیان، ئەو تاقانە کوڕی خودی خۆشەویستییە، عیشق کەرامەتێتی.. گیانی پیـرۆز باوکێتی.. وازی لێبهێنن هەست بە پشوو بکات.. چونکە گەر باوەڕتان پێبکات، دەتوانێت خەزنەی شاراوەی پڕ گەوهەری بنی کەشتییەکەیتان بە دیاری پێبدات.. دەتوانێت بتانبات بە میوانیی گەردوونەکان، دەتوانێت فێری بینینتان بکات.

ئەهریـمەنەکان نازانن چی بکەن**! لە تاو هاتنی ئەو دووچاری ترسان هاتوون**.. دەیانەوێت چی لە خۆیان و مـرۆڤایەتی بکەن؟ هەرچییەک بکەن، دەبێت بزانین کە ئەهریـمەنەکان لەناوماندا زۆرن! ئەوەی جوان تەماشای خۆی نەکات، ئەوەی لەخۆی نەبوورێت، ئەهریـمەنە ئەهریـمەن، چونکە ئەهریـمەن لێبووردنی دەگمەنە. ئەهریـمەن بە باڵە نەبینراوەکانی مـرۆڤ دەفڕێت! چونکە ئەهریـمەن کاتێک کە مـرۆڤی داگیر کرد، باڵەکانی لێستاند! مـرۆڤ بۆیە ناتوانێت بفڕێت! **چونکە دێـوی درۆکانی مـرۆڤەکان، شەیتانەکانیـان خوڵقاند.**

وامەزانە کەئەهریـمەنەکان کەرامەتیان نییە! نا، بەڵام بەداخەوە کەرامەتی ئەوان لەبەهرەی ئەدەب وهونەر بێبەرییە. **چوونکە ئەوان بازاڕیان تەنها بە سوودی خۆیان دەگەڕێت و لە پێناوی بازاڕ و کاڵای خۆیاندا خۆیان بە هەرزان دەفرۆشن.** چونکە دەچن بۆ قوتابخانە تا وانەی بەزەیی دان فێر ببن! لەوێ کۆمەڵێک دێـوی سەقەت و نەخۆش دەبن بە مامۆستاو سەرپەرستاریان، فێریان دەکەن بێهەست مامەڵە بکەن لەگەڵ مـرۆڤدا، غەم بۆ ئازارەکانی کەس نەخۆن! ئەگەر هەزار مەسیح بەخاجدا هەڵواسرێت، ئەوان دەربەست نەیەن، بەڵکو مێش میوانیـان نەبێت.. چونکە ئەهریـمەنەکان دەڵێن: **بەزەیی پێدان مـرۆڤ لاواز دەکات.** ڕاست دەکەن، ئەو ئامۆژگارییانە دەرهەق بە ئەهریـمەنەکان ڕاست و جوانن، بەڵام هەموو قوتابخانەکانی پزیشکی دەرمانی و پزیشکی دەروونی پێویستە بزانن، کە بەزەیی وبەخشندەیی پێدان لە نێو مـرۆڤەکاندا مـرۆڤ دەگەیەنێت بە نەمری.. بەزەییدەر کەسێکە نامرێت، لەهەمیشەییدا ئازادە.. ئەوانەی کە پشت دەکەنە ئەهریـمەن و وانەکانیـان، ئەوانەن کە ڕەسەنن و ئامادەن بە بەزەیی جیـهان دەرباز بکەن لە نەخۆشی. بەزەیی سروشتی یەکەمی گیانە. بەزەیی هاتنەوە بە نەخۆش و منداڵ و پیردا ئەرکی مـرۆڤی ڕەسەن و هونەرمەندو ئەدەب دۆستە.

مێرولەکان فەرموویان: بەزەیی خواوەند ئادەمی خوڵقاند.. بە زەیی فرمێسکی خوایە.. لە ئافرەت دەچێت.. لە دایک..ئەوەی هەست وسۆزو بەزەیی ئافرەت داگیر دەکات شەیتان پەرست و دێوە. دێوەکان کە بەزەییان دەخەنە گەڕ؛ تاوان دەکەن و سزاکان زۆر دەکەن.

# تابلۆی ترس

پرشنگی پیـرشالیار دڕی بەتاریکیەکانی دەروونەکانم دەدا، نازانم چەند هەزار مـرۆڤ وپەلەوەرو گیاندار لەخەون ولەڕاستیدا پەنایان دەبردە بەر کەرامەتی پیر ؟ بەڵام ئەوەی من لەجێگەی خۆمەوە هەستم پێکردبێت، نیوەناچڵ تۆمارم کردووە. وەک فەرمووم لەو سروەی بەیانەدا، کە خۆر یەکەم پرشنگی پروا، کات وەستا، مژدەی ژیانەوە وچاوپشکووتنی پیر گەیشتە نەستی باوەڕم.. مـرۆڤێک ئازاد بوو، مـرۆڤێک کە من وتۆ چاوەڕیین سروشتی بناسین.

کەکات وەستا، لەجیـهاندا لەوجێگەیەدا کە شەو بوو. دەروونە هەستیارەکان، مـرۆڤە بەئاگاکان دەروونیـان ڕۆشن بووبە نووری پیـرشالیار، ئەو چراکانی دادەگیرساند، ئومێدی دەپرواند.

تەنها خودی ئەو بەئاگا بوو لەگەشتەکانی، خۆی تەنها خۆی دەیزانی کە چاوانی لێکدەنێت چەند گیان بەسەردەکاتەوە! لەشەقامی چی وڵاتێکدا گەڕۆکە؟ لەدەرگای ماڵی کێدەدات؟ سەیری مەرگ ونەخۆشی وشفای کێ دەکات؟ لەسرەوتی کێدا لەنگەری گرتووە؟ تەماشای چی منداڵێک دەکات، تا پەیامەکانی جوانتر بکات؟

وەک فەرمووم پیـرشالیار توانای دابەشبوونی هەبوو، توانای زۆربوون تەنینەوەی هەبوو بەسەر جیـهاندا، خێری خۆی دەبەخشییەوە، چونکە سروشتی ئەو ڕووناکە، ڕووناکی تەنها ئەودەناسێت، سەرمایەی ئەوگیانە، گیانی ڕووناک کە لەپرشنگی ئاوێزەدا ڕەنگینە.

ڕووناکی لەئاوو هەواو ئاگروخاکدا وزەو خۆراکی گیانی سروشتە.. چونکە ئەگەر ڕووناکی مان بگرێت.. هیچ شادییەک بەقا نابێت، گوڵەکان دەمرن، بەدوایاندا ژیانەکان گشتیان لەتاریکیدا دەپووکێنەوە. وا مەزانن کە ڕووناکی بێدەسەڵاتە؛ نەخێر چونکە ژیان بە ویستی خۆر بەڕێوە دەچێت. تەنها خۆر کە چنراوی تەنافەکانی جاڵجاڵۆکەی مەزنە .. گشت ژیانەکان لە تەنافە دەزوولەییەکانی ئەودا دیلن. ئێمەو کۆی گیانلەبەران گشتمان لە تەنافەکانی تیشکی خۆردا دێین و دەچین. ئێمە تەنها لە پێناوی جوان کردنی مەرگی خۆماندا دەژیین. بگرە ئامانجی گشتیی زیندەوەران تەنها مەرگەو هیچی تر. چونکە تەنها مەرگ بەرەو ڕزگاریمان دەبات. جا ڕزگاری پەیامێکی ترە و زانستێکی ترو ئامانجێکی ترە.

لەسروەی ئەو بەیانییەدا، کە هێشتا بیستویەکەمی مانگی نەورۆز بوو. **لەقلەق لە کەروێشکە خەون چاوی هەڵهێنا.. تەماشای کەرامەتی پیری دەکرد. باڵەکانی شۆڕبووبوونەوە.. بیری لە ڕزگارکردنی ئەو هەموو مەسیحانە دەکردەوە کەلەناو دەروونی مندا پەنابەرن ومنیش وێڵگەرد دەگەڕێم بەناویێـوەکانداو لە ڕێگەی نەجاتیان دەپرسم! دەمەوێت بیانگەیەنم بە مەملەکەتی گیان.** لەهەمان کاتدا بیری لەجیـهانی باڵندە دەکردەوە، پیـرشالیار بەتەماشای لەقلەق نوورلە ڕوخساری دەباری.. یادی هاتەوە کە لەدێرزەماندا چەند هەرزەکارو بەگوڕ و تاو بوو! چەند جوان بوو لە پەڕوباڵی خۆیدا! یادی هاتەوە کە لەقوتبێک لەقوتبەکانی ژیانەکانی ڕابردویدا لەتاو شەڕی مـرۆڤ وخوێن ڕێژییان هێلانەکەی لە باڵاترین منارەو بوورجدا دەچنی، یەکەمین هێلانەی خۆی یادهاتەوە کەلەسەر بورجی بابل بوو بەر لەوەی مـرۆڤەکان تەفروتوونا بین، چونکە ئەوان سوکایەتییان بەخواکـان کرد.

چونکە فێری درۆ بووبوون لەگەڵ خواکـاندا، ئەوسا لەقلەق نمایندەی مـرۆڤ بوو، دەیتوانی هەواڵی کاهین وپادشاکان بەرێت بۆ بتەکان، بۆ خواکـان.. ئەوسا کەس نەیدەزانی وەک ئێستا کە لەقلەق گیانی

خواوەندە ! یان بەشێکە لە ویستی خواوەند. لەوەش زیاتر ـ لەقلەق ئاگاداری هەواڵی ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا بوو.

هەروەها ڕازوو ناڕازییەکانی بتەکان وخواکـانی بە کاهین وپادشاکان دەگەیاند.. ئەو ڕۆژگارە مـرۆڤ بەتوانا بوو، گوروتاوی خۆی وەک ئێستا لەدەست نەدابوو، دەیتوانی بەتەنها بچێتە مەیدانی نەبەرد، دەیتوانی لەژێر ئاودا بە دەیان سەعات بمێنێتەوە، دەیتوانی لەگەڵ گیاندارانداا پێشبڕکێ بکات. هەستەکانی مـرۆڤ گشتیان بەکار دەبران، مـرۆڤ لەسروشت وگیانلەبەران بەئاگابوو.

بەڵام کاتێک بایی بوون ودەسەڵاتی خۆیان فەرزکرد بەسەر یاساکانی ئاسماندا، نەمرود مێشولەیەک شاڵاوی بردە سەر تا لەناوی بەرێت، ئینجا هەجیج ومەجیج ـ دابەزیین.. تا پەرتەوازەیان بکات. ئەوان مەخلوقاتی ئاگرینن، کە دێن زۆر بێڕەحمانە هەڵمەت دێنن، بەزەییان بەمنداڵ وگیاندارو جەمادا نایەتەوە، ئەوان ئەتۆم ئاسا دێنە سەر مـرۆڤی دێـو پەرست وئەهریـمەن.

کاتێک کە دێن ، تەڕووشک دەسوتێنن، چونکە هەن لەوان سروشتیان ساردە، هێندەگەرمن، بوون بەپرووشەی زۆرگەرمی سپی، بەر هەر شتێک بکەون دەیخۆن ووەکوتێزاب کوناودەری دەکەن. چونکە ئەوان ویستیان دەست بەرن بۆکەرامەتی ئاگر.. نەیاندەزانی گیانی ئەو ئاگرەی لەدەستی مـرۆڤدا بەکار دەبرێت لەئاسماندا ئازادە، واتە گیانی ئاگر لەسەر زەمین نییە، بەڵکو لەناودەروونی خۆردایە. هەجیج و مەجیج دوو ووردیلە بەچکۆکەی ئەهریمەنن، دێن و دەروونی مرۆڤەکان پڕ دەکەن لە کینەو ڕق! ئەی نابیینن چۆن مرۆڤەکان بەزەییان بەرامبەر بەخۆیان مردووە؟ خۆ هەمووتان بەچاوی خۆتان دەبیینن کە ڕابەرو مەلاو ئاخوون و مووقتەداکان چۆن مرۆڤەکانیان پڕ کردووە لە دەسەڵاتی شەڕ و پڕیان دەکەن لە باروت و بە ئاسماندا دەیانتەقێننەوە! ئەی نازانن کە شەڕ پڕە لە ئەهریمەنی ڕق و کینەو تۆڵەو سزا؟ ئەی نازانن هەن لەناوتاندا کە زۆر سزا دەرن، گەر نەتوانن سزای ئەوانی تر بدەن؛ دەچن سزای خۆیان دەدەن، خۆیان دەکەن بە قووربانیی دێوەکان، دەچن خۆیان دەفرۆشن، خۆیان دەتەقێننەوە و بە ناوی خواوەندەوە ژیان پڕ دەکەن لە کینەو نەخۆشی و ڕق.

لەقلەق زۆردڵسۆزی مـرۆڤە، بەڵام هەمیشە سنووری خۆی لەگەڵ مـرۆڤدا پاراستووە، هەمیشە لەوان دوورە؛ بەڵام پەیوەندیی بەوانەوە نەپچڕاوە.. زوربەی کات یاوەری مـرۆڤ بووە کە ویستویانە ئاسمانی یەکەم ودووەم وسێیەم داگیر بکەن وبەهرە وەربگرن لە سروشتی خواکـان.. چونکە لەنێوان مـرۆڤەکاندا هەبووەو هەن کەدەتوانن باڵا هەڵبچن وسەردانی ئاسمانەکان بکەن، لەناویاندا تەنها پێـغەمـبەری ئیسلام وحەزرەتی مەسیح توانیویانە بگەنە قوتبی حەوتەم، چونکە ڕاستەوخۆ دوای ئەوقوتبە هەمیشەیی دێت، تیایدا شتەکان دووپات دەبنەوە. لەوێدا جەمسەرەکانی باڵە مەزنەکانی ئاهوڕامازدا لەدەنگدا هەمووشتێک خاپوردەکات، لەودەنگەدا زەڕڕاتەکانی بوون لەگەردیلەو کائیناتی زۆر ووردیلەتردا بژێوو دووپاتن، ئازادن، دێن ودەچن، هەستیارو هارمۆنی و ژیرن. لە کۆتایی گەردوونی ئێمەدا دەرچەی گەردوونەکانی تر دێت، مرۆڤ ناتوانێت تاریکی ببڕێت. چونکە تاریکی سنوورێکە مرۆڤ پێی ناگات، تێی ناگات. چونکە گیانی تاریکی قووڵە.

لەقلەق بیری سەیر بەیادیدا دێت کاتێک کە مت دەبێت! بەڵام پیر دەزانـێـت لە قرتە قرتی دەنگی لەقلەقدا پەیامێکی مەزن پەنهانە، دەنگی لەقلەق سەرەتا ترین دەنگی ئاسمانی حەوتەمە، لەوێوە دەنگ دەگاتە ترۆپکی خرۆشان وشەقەی لێکدانی باڵە بەرقییەکانی بوونەوەرەکان لەیەکبووندا دەبیسترێت، کە تەنها گیان بەرگەی دەگرێت.

لەقلەق هەمیشە مشورخۆری مانەوەی مـرۆڤایەتی بووەو، بەڵام زۆرکەم بواریداوە مـرۆڤەکان ڕاستەوخۆ لەپەیوەندیا بن لەگەڵیدا.
دەتوانم بڵێم لەقلەق مـرۆڤی زۆرلاساماناک وجوانە، ناتوانێت دەستبەرداری مـرۆڤایەتی بێت، گەلێک لەمـرۆڤەکان پەییان بەوە بردووە کە لەقلەق باڵندەی ئاسمانی حەوتەمەو نمایندەی ئاهورامازدایەو سرۆشی ئەو بەلەقلەقدا نازڵ بووە لەسەردەمە دێرینەکاندا. بەڵام لەوکاتەوە کە مـرۆڤ بایی بووەو ڕێزلەکردەوەو ئاکاروبەرهەم وبتەکانی خۆی ناگرێت، خواکـان وبتەکان پشتیان کردۆتە مـرۆڤ، بیرت نەچـێت بەر لەمێژوو، دوای دابەزین مـرۆڤەکان بەهێزبوون لەخواوەندو بتەکانی خۆیان نەدەترسان، بەڵکو هاوڕێ و هاودەم و هاوگیانیان بوون، مـرۆڤ هەمیشە ڕاپرسی خوایەک یان بتێکی دەکرد بەر لەوەی بڕیارێک بدات، بەرلەوەی ووشەیەک بڵێت.. ئەوسا خواکـان تەنها نەبوون، بەڵکو هێـندەی مـرۆڤەکان زۆر بوون، هەر مـرۆڤەو خوای خۆی هەبوو، بتی خۆی هەبوو یەک ئەوی تری دەپاراست.
لەقلەق بتەکان وخواکـانی دەناسی. بۆیە لەقلەق خۆشەویستی مـرۆڤەو لە فلیمی کارتۆندا مژدەی منداڵ بوون بە خێزان دەگەیەنێت..لای زاگرۆسییەکان پیـرۆزە چونکە حەزی لەقوتب وبەرزاییە، سرۆش بەخشە و پەیام هێنەرە..لای هەندێک گەلان لەقلەق بەیەکەم خواوەند دەزانرێت، پێی دەڵێن – باڵندەی بێنو- واتە لەقلەق کە هەر پێنج سەدساڵێک لە هەیبەتێکی یەکگرتوی تایبەتدا سەرهەڵدەدات وپەیامەکانی بە مـرۆڤایەتی دەگەیەنێت و بستێک مـرۆڤایەتی لە بوونەوەر نزیک دەخاتەوە، چونکە دەڵێن گوایە ئەو وەک باڵندەی قەقنەس گڕی لەخۆی بەرداوە و لەبوونەوەردا خۆڵەمێشەکەی ئازادە و کە یەکدەگرێتەوە، کات دەوەستێت، مـرۆڤێک، باڵندەیەک، ئاژەڵێک، گیانێک سەردەردێنێت، گیانێک بەهرە لەسرۆشی لەقلەق وەدەگرێت. زانستێک لەدایک دەبێت، بتێک دەڕسکێت، کەلتوورێک پەیدا دەبێت. مـرۆڤێک دێت مەزن.
پیـرشالیار تەماشای لەقلەقی دەکرد، زۆردڵسۆزانە، دەیزانی بیرلەچی دەکاتەوە، دەیزانی بۆچی لەقلەق لەنووری ئەودا سپی سپی نابێتەوە! بەنەوایەکی شیرین، بەهێمنی گۆرانیی لەقلەقی دەستپێکرد: حاجی لەقلەق مار هات.. ماری زەنگۆڵدار هات.. دایکم بە فیغان هات.. کاکم بەسواری هات.. خوشکم بەگریان هات.. باوکم بەگۆچان هات.

لەگەڵ بیستنی کۆپلەی یەکەمدا، لەقلەق لەهەستی نازکردن وخوود نواندندا لە بزەی ژیانی نوێیدا چاوی هەڵهێنا، باڵەکانی بەرەوئاسمان کردەوە وسەری بەرەو ئاسمان هەڵبڕی وبە تەقەتەق سڵاوی لەئاسمانەکان کرد، حەوت جار سڵاوی کردو پاشان سەری ڕێزی بۆپیـرشالیار دانەواندو بەیانی باشیشی لەوکرد.. لەوسروەی بەیانییەدا، کەکات وەستا، بۆیەکەم جار لەقلەق لەگەردوونی خۆیەوە لەڕاستییەکی تردا، لە ناودرەختی زەماندا، لەناوسەری مـرۆڤی بێناووبێـئالادا ژیایەوە.. هەروەکو ئەوەی تازە چاوی هەڵهێنابێت، وەک ئەوەی یەکەم ژیانی بێت، خەندەی یەکەمی نیشانی حورمەتی پیردا.
پیـرشالیار بەنەرمی وەڵامی بەیانی باشی لەقلەقی دایەوە..پاشان لەقلەق فەرمووی: بەڕێزتان چۆنتان زانی بەندە خەو بەمارەوە دەبینێت؟
پیـرشالیار فەرمووی: لەقلەقی هاودەم لەزانینی من مەپرسە.. من نازانم چی نازانم.. بەڵام دەزانم هەر بوونەوەرێک کە قاڵبی وەرگرت وسەری پەیوەندیی لەگەڵ لەشدا گرێدا، دەترسێت وترس دوژمایەتی دەکات! ترس سنوورەکانی بیرکردنەوە دیاری دەکات. ترس مرۆڤ بچووک دەکاتەوە. ترس مرۆڤ قووت دەدات، بوونی دەگۆڕێت، دەسەڵاتی سنووردار دەکات. ترس یەکەم دوژمنی گەورەی مـرۆڤە.. بەڵام

لەم سەردەمەدا کاری ئێمە ڕەواندنەوەی ترسە، دەبێت مـرۆڤەکان لەقۆناغی ترسەوە ڕاگوێزین بەرەو قۆناغی ئازادیی گیانی وسەرفرازیی گیانی.

بۆیە ترس وڕاونان، دوژمنایەتی ودژێتی، شەڕوومردن ژیانی لغاوکردووە، ترس دەستی بەسەر بیروباوەڕدا گرتووە، مـرۆڤایەتی بەدێـوی ترس داگیرکراوە.

تۆیش هەروەکو ئەوان بێبەری نییت لەترسان، چونکە سروشتی دووپاتت لەسەردەمێکدایە کە ترس لەگەڵ گیاندا لەهەرگیانلەبەرێکدا خۆی دەڕێسێت.

ترس دەست بەسەر بووندا دەگرێت، پەردەبەسەر ویستەکاندا دەدات، چراکانی بیر فوو پیادا دەکات، ترس ڕابەری ئەم ژینەدەکات، ترس هێندە زۆربووە، مـرۆڤاتەتی توانایان لەق بووە، تەنانەت دێـوو دێـوپەرستان گەیشتوونەتە ئەو قەناعەتەی کەترس ودرۆ یەکیان گرتووەو پیلانی لەناوبردنی ژیانیان بەستووە.

بۆیە گومانی تیادا نییە کەتۆش بترسیت.. کە لەخەونەکانتدا مارو ڕێوی و چەقەڵ هەڵمەتت بەرنەسەر، یاخود خۆت هەڵمەت بەریتە سەر گیاندارانی خۆش هەرس، وەک مارو بۆق وماسی و مشک!

ترس، تەنها دێـوی ترس گیانلەبەرانی سەرزەوی بەڕێوە دەبات، ترس بیرەکانی گیانلەبەران کول دەکات، ترس لەهەر چاوتروکانێکدا بەجۆرەها تەرز خۆی نیشانی مـرۆڤایەتی دەدات..ترس ڕابەرو پەیامـبەر وپەرستاریانە.. ترس شەڕی بەگێتیدا بڵاوکردۆتەوە، ترس زەهری خۆی دەرخواردی ژیان داوە، لەزراودا زەرداوێک دەچنێت کە دەبێتە هۆکاری دەردانی زەهرێک کە ڕەنگ دەکوژێت، کە مـرۆڤ ناچار دەکات کەرامەت خووڵقی خۆی بگۆڕێت! چونکە بەر لە ئێستا مرۆڤەکان ڕەنگیان جیاواز بوو؛ بۆ نموونە درۆزن ڕووی ڕەش بوو! خێرمەند ڕوو سپی و جوان بوو. خواپەرست ڕەنگی سەوز بوو، شەڕخواز سوور بوو، هتد.

ژیان تێکچووە، مـرۆڤ فێری ڕق وکینەو خۆپەرستی ورەگەزپەرستی بووە، مـرۆڤ ئەحمەق بووەو نازانێت چیدەکات، سەریان لێتێکچووە، باوەڕیان بەجوانی وبە هارمۆنیی نێوان ئاسمانەکان وخواکـان نەماوە، مـرۆڤ سروشتی خوایان لەخۆیاندا تۆراندووە، ترساندووە.. تەنانەت ترس دەستی بەسەر هەموو بیرەکانی مـرۆڤایەتیدا گرتووە. ترس خواکـانی لە مـرۆڤ دوور خستۆتەوە!

ترسەکان زۆر بوون، بوون بەدێـو، بون بەخێو، مـرۆڤ لەناو هەڵمەتی ترسا تواناو قەبارەو دەسەڵاتیان بچوک بووەتەوە. ترسەکان زەهر لەگیانی مـرۆڤدا بڵاو دەکەنەوە، لەیادیانی دەباتەوە کە مـرۆڤ خۆی دروست کردووە. کاتێک کە مـرۆڤ دەمرێت، لەمەرگیشدا سزادەدرێت، لەمەرگیشدا دووچاری ترس دەبێت.

بۆیە تۆش لەبەهرەی ژیان بێبەری نییت، تۆش دەترسیت ئەی لەقلەقی سپیی پیـرۆز!

لەقلەق فەرمووی: سروشتی خواکـان وەهایە، تەنانەت خواپەرستانیش بەهەڵەدا دەچن! من وام زانی لە بەهرەکان تێگەیشتوویت!

پیـرشالیار فەرمووی: ئەوگۆرانییەی بۆم ووتی، گۆرانی فۆلکلۆری سەرزاری منداڵەکانی زاگرۆسە، حەزم کرد بەوگۆرانییە بێدارت بکەمەوە کە لە ژیانی پێشوتدا دەتبیست.. بەو بۆنەیەوە گشت شتەکانت دەهێنمەوە یاد لەقلەقی ئازیز.. زاگرۆسییەکان کەتۆ دەبینن گەرمیان وکوێستان دەکەیت، منداڵانە گۆرانیی لەقلەقت بۆ دەبێژن. ئەوکاتانەی کەتۆ بەبێترس، هێلانەکانت لەدڵی منداڵان ولەماڵی زاگرۆسییەکاندا دروست دەکرد.. ئەوکاتانەی کە تۆ وەکو زاگرۆسییەکان ئازاد بوویت.. نەدەترسایت، باوەڕت مەتین بوو وەک حەزرەتی نـوح. تازە لەناو سەری نـوحدا دەردەپەڕییت، چونکە کە نـوح سەفەری کرد، جێگەی تۆ نەبووەوە لەکەشتیەکەدا، حەزرەتی نوح تۆی خستەسەرسەری خۆی، تۆش پەیامی ئاکاری ژیانەوەی ژینگەت بۆ ئەو باس دەکرد.

دەتفەرموو: ئەی حەزرەتی نـوح- ی مەزن، لەم نەوەیە چاوەڕوانی چییت؟ **حەزرەتی نـوح فەرمووی: چاوەڕوانییم مەزنە. ئەوان دەگەن بە نهێنییە مەزنەکانی گەردوون. ئەوان بە خێر شەڕ لەبن دێنن. ئەوان دەگەن بە نەجات و بەسەر ترسەکانیاندا زاڵ دەبن**.. من لەواندا هەم، لەبیرتە لەقلەق؟

لەقلەق فەرمووی: بەڵێ پیری بەرێز حەزرەتی نـوح!

(پیر هیچی نەوت، بەڵام وەڵامی لەقلەقی پێ سەیرنەبوو.. چونکە پیـرشالیار لەڕاستیدا لەهەموو پێـغەمـبەرەکان دەچێت، هێـندەی هەموویان جوانە، ژیرە، خـودبیـنە.. کەرامەتی خۆی دەبینێت. فەرمووی لەقلەق: گوێ لەوانەکانم بگرە، ووتەکانی من وتەقەی دەنووکی تۆ تازە نین.. دێـوەکان دەست بۆبایی بوونی خۆیان دەبەن، ئەراراتی نـوح-یان داگیر کردووە، گیانەکانی میللەتی زاگرۆس ڕوولەئاسمان هاواردەکەن بۆ پێـغەمـبەران، بۆ خدێـوو خواکـان، بۆ ئاهوڕامازدای یەکتا.. ئاهوڕامازدا! یانی دەسەڵاتی یەکەمی خودا.. خودای زاگرۆسییەکان، کە تەنها خێری لێدەوەشێتەوە، کە شەڕی نەخوڵقاندووە، کە نەفرەتی لەشەڕکردووە، کە هەرگیز خێری لەگەڵ شەڕدا لێک نەچواندووە.. کەرامەتی ئاهورامازدا شەڕ ناناسێت.. چونکە ئەو ئازادیی بۆ زاگرۆسییەکان وجیـهان خواستووە.

زاگرۆسییەکان لە کەشتیی نـوح- دا وەک پەنابەروو ئاوارە هاوار دەکەن، دەڵێن: ئەی ئاهوڕامازدا تەماشامان بکە واشەڕ داگیرمان دەکات! ئاهوڕامازداش لەهەمیشەییەوە، لەئەزەلەوە دەفەرمووێت: ئەگەر لافاوێکی تریش هەستێت، ئەگەر زەمین سەراوژێر بێت! ئەگەر مردن بەهەموو جیـهاندا بگەڕێت، ئەگەر مـرۆڤەکانی جیـهان گشتیان دووچاری داخوران وفەوتان بێن، گەلی زاگرۆس هەر دەمێنن..من ئـێوەم بۆئازادی لەزاگرۆس دروستکرد.. **من بووم تنۆکی بەزەییم بەخشی بە ئادەم ـ ی دوایین، لەسەر ترۆپکی ئارارات.** ئارارات پەرستگای یەکەمی جیهانە؛ دەبێت شەڕ لەوێدا نەژی. دەبێت جیهان دژی دێوەکانی توورک و عەرەب وفارس تێکۆشێت تا ڕزگاری بۆ نەوەی نوح دابیین بکەن. چونکە ئەو دێوانە نەوەی نوح-یان پیس کردووە بە شەڕو هەتک کردن و ڕاونان و ترسان. ئەو دێوانە گەر ڕێگەیان بدرێت ژیان داغان دەکەن.

ئازادی لەدەستی خۆتاندایە.. من بەشەڕنایەم لەگەڵ دێـوی شەڕدا.. شەڕ دەبێت سنووری بۆدابنرێت.. دەبێت ئەو دێـوانەی منیـان تاوانبارکردووە خۆیان سزابدەن، چونکە ئەو دێـوانەن ژیان دزێو دەکەن، ئەوان خۆیان هێشتا بتی سەردەمی جاهیلی دەپەرستن، هێشتا دێـوی شەڕو ئەهریـمەنەکان دەپەرستن.. هێشتا ڕێگە نادەن زەڕڕەیەک بەزەیی لەجیـهاندا بژی، وادەزانن دەتوانن بە شمشێرەکانیـان ملی هەموو پێـغەمـبەرەکان ببڕن، هێشتا مەهدی نەهاتووە وچەقۆی بۆ تیژ دەکەنەوە، دەیانەوێت هەرچی هات سەری ببڕن، ئەگەر خواش دابەزێت ئامادەن سەری ببڕن، چونکە باوەڕسزن ولەشەڕ لەدایک بوون.

دێـوەکان، ئەوانەی شەڕیان خستە ناوقورئانەوە، ئەوانەی سەربڕینیـیان لەقورئاندا حەڵاڵ کرد، شەڕی ئەهریـمەن بوون، دێـوی تووکن ورەش، دێـوی ناشیرین و شەهوەت پەرستن..کە قینیـیان لەهەموو شتێک بوو، بەتایبەتی لە ئافرەت.. ئافرەت لەتەماشای ئەواندا قۆزاخە دەکرێت، چونکە دەترسن بەجوانییان کاریان تێبکرێت! بۆیە ئەهریـمەنەکان توندگیربوون دژی ئافرەت، چونکە جوانیی ئافرەت مرۆڤ لە کەماڵ نزیک دەخاتەوە. سەردەمانێک لەمەوپێش سەروزمان ودەستیان دەبڕین، تەعدایان لێدەکردن وبەچاوی کەم ونەزان ، یان بەئەهریـمەن سەیریان دەکردن، بە تێزاب وئاگر دەیانسوتاندن، ئایینیش پشتگیریی لێدەکردن، بەڵکو بەناوی خواوەندەوە ئەو کارەیان دەکرد. لە بیرتان نەچێت کە ئەهریمەن دێوەکانی خۆی خنیوەتە دەروونەکان و ڕستەکانی ئایینەکانیشەوە. ئەوان نایەڵن مرۆڤایەتی و جیهان بەبێ شەڕ ئاسوودە بژین. ئەهریمەن ئایینیشی داگیر کردووە.

ئەو میللەتە دێـو پەرستانە دەبێت سنوریان بۆ دابنرێت، دەبێت شورایان لەدەور هەڵچنن، دەبێت دەست بگرن بەدەمەوە وقڕوقەپ بانگەکانیـان بدەن.. ئەوان بانگەکانیشیان پڕکردووە لە هاتو هاوارو فرمان، منداڵ دەتۆقێنن، دەزەڕێنن وزۆرلەخەڵکی دەکەن بەدرۆوە نوێژ بکەن، بەلەشی پیسەوە، بەدڵ ودەستی پیسەوە، بەنەخۆشییەوە نوێژ بەزۆر بەمـرۆڤ دەکەن وترسی ئەهریـمەنیـان فێر دەکەن. هەڕەشە و تۆڵەو ڕق ڕابەریانە، جگە لەشەڕ هیچ سەرباری ژیان ناکەن.
میللەتان فێری ترس دەکەن، مـرۆڤەکان بچووک دەکەنەوە، مافەکان دەسڕنەوە، خۆیان فەرز دەکەن، قێز لەخۆیان دەکەنەوە.. پۆز لێدەرو بێشەرمن لەپەلاماردانی ئافرەتدا، تەنانەت پیاویش.. پیاوبازی نەریتی زوربەیانە. ئەووشەڕپەرستە دێـوانە دەبێت سنوریان بۆ دابنرێت.. گەر وانەبێت، ئەوان نـوح و ئیبراهیم وعیساو موسا وداود ویوسف وماریاکان سەردەبڕنەوە، چونکە حەزرەتی مەسیح بە فیتی ئەوان لەخاج درا.. جەللادەکان بەکرێگیراوی بێگانە بوون.. من لەوێ بووم، جەللادە بەربەرەکان قاقاو هەلهەلەیان لێدەدا، قاقای دێـوئاسا، هەر ئەوانیش بوون حەزرەتی مارییایان هەتککرد، باڵەکانیـیان ڕیشەکێش کرد..
دەنا کە مەسیح چاوی لێکنا مژدەی پێگەیی، مژدەی ئازاد بوونی نەوەی نـوح. گیانی پیـرۆز ئاهوڕامازدا بە مەسیحی فەرموو: **نەوەی نـوح دەتوانێت سنور لەدەوری دێـوەکان هەڵچنێت.**
**ئەو هەموودەردو نەخۆشییە لەئەوروپا، لەجیـهاندا لەوانەوە لەدایک بوون، لەشەهوەی ڕقی ئەوانەوە، چونکە ئەوان، کە بەقەپاڵ وکەڵبەکانیـان، زەهری تفیان ڕژاندە لەشی حەزرەتی مارییاوە! کەشەهوەتی تێکەڵی جەللادەکان بەرڕەحمی حەزرەتی ماریا کەوت، بەرلەوەی شاربەدەر بکرێت.. یەک هەفتە سزادرا، بەدیاری پێشکەش کران بەجەللادەکان.. دوای حەتەمین ڕۆژ.. فڕێیان دایە دەرەوەی شار.. شێرپەنجە وگەڕی، وەڕزی و شێتی، گومان وبووختان ودرۆ لە خوێناوی ئەوان دەتکا و ژینگە پیس بووەوە بە کردەوەی دێوەکان بەرهەق هەردوو حەزرەتی ماریاکان!**
نەخۆشییەکان گەڕانەوە.. چونکە مەسیح مـرۆڤەکانی لەدەردو ڕق و غەم وگومان وخودپەرستی نەجات دابوو، مەسیح بەر لەوەی لە خاج بدرێت مژدەی پێدرا کە نەوەی نوێی حەزرەتی نـوح بەپاکژی ژیان دەبەنە سەر.
خەڵکینە ئاهوڕامازدا دەفەرمووێت: کۆمەڵێک لەنەوەی نـوح لە ئەوروپاو لە ئەمریکا پیس بوون، چونکە دووچاری مامەڵەی کڕین وفرۆشتن بوون لەگەڵ دێـوەکانی شەڕ، بازرگانی لەگەڵ دێـوەکانی ئەوان دەکەن، کاڵاکان دەگۆڕنەوە! بەوجۆرە نەخۆشی و ترس وئیرهاب دێنن ودەبەن.. دەبێت واز لەبەرژەوەندی بێنن، چونکە نەوەی نـوح برسیی نییە، پێویستی بەئاڵتون وبە نەوت وخورما نییە. پێویستی بە داهێنانی پرۆژەو ڕاپرسیی ئەوان نییە. چونکە ئەوان بێمافی گریمان دەکەن. ئەوان بەیاریدەی دێوەکانی ئێوە، میللەتی نوح لەناو دەبەن. جا بزانن کە بەو کارە کۆتایی بە پیرۆزیی خۆتان دەهێنن. چونکە تۆڵە لە بۆشاییدا گەورەترە لەو تۆڵەیەی ئێوە شکی دەبەن. چونکە ڕۆژێک دێت باکان تووڕە دەبن. چونکە گیانی زاگرۆسییەکان لە بۆشاییدا هەن و دەژین و ئازادن و زۆر دەبن.
بازاڕەکانتان کێش بکەنەوە، ئەوەی لەوانەوە دەستتان کەوتووە پیسە، بیگەڕێننەوە، بەدیاری بینێرنەوە بۆ شێخ وحەزرەت وخێوەکانیـان.. سنوریان بۆدابنێن بە ڕەزامەندی، بەڵام چاک بزانن، ئەوان شاخنشین نەبوون، هەمیشەهەوڵیان داوە شاخەکانی نەوەی نـوح بگرن، بەڵام هێشتا نەوەی نـوح ماون و دژیان لەشەڕدان.. هێشتا نەیان توانیوە میللەتی نـوح لەناو بەرن، دەبێت دێـوەکان لە ناوچە شاخاوییەکان بێبەری بن، چونکە ئەوان لە وەچەی ئەهریـمەنن، بەربەرن، ئەوان نابێت شاخیان هەبێت.. نەوەی نـوح شاخ پەرستن، ئاو پەرستن، ڕۆژپەرستن، ئاگر پەرستن. هەندێک لەوان باوەڕی خۆیان گۆڕی ولەئایینی

باوانیـیان نکوولّییان کرد، فارسەکان بەو زرنگییە ، کە تەنها بێگانە پەرستییە.. باوەڕی حەزرەتی نـوح-یان وەلکرد.. خۆیان دۆڕاند! بوون بە دوژمنی گیانیی خۆیان.

**ئەمە دواپەیامی ئاهوڕامازدایە، پەیامی مەسیحە، پەیامی حەزرەتی مارياكان.. ئەوان دەڵێن سنوور بۆ دێـوەکان دانێن کەڕێز لە حورمەتی خواناگرن.. کە قورئانیـیان تەحریف کرد و بەندەکانی زەردەشتیان سووتاند کە لە ئاهوڕامازداوە نێردرابوو، چونکە زەردەشت=ئیبراهیم، ئایینی زاگرۆسییەکانی دانا، خۆری کرد بە پەرستاری یەکەم دوای گیانی ئاهوڕامازدا**.. پاشان دێـوە تیسکنەکانی بیابانەکان هاتن، بەشمشێرەکانیـیان هەر وەکو ئێستا کەوتنە سەربڕین و تەفرو توونا کردن، داگیرکردن، هەتککردن، دزی وتاڵان کردن بەناوی خواوە، گاتاکانی زەردەشتیان دزی تێکەڵیان کرد بە ئایینێک کە دەیتوانی بەسوودی میللەتێک بگەڕێت! شەڕیان هاوێشتە ناو قورئانەوە! قورئانیـان پڕکرد لەترس وهەڕەشە وخوایان تاوانبارکرد بەجەللاد، بەدۆزەخ دروستکەر وئەهریـمەن دروستکەر!

کەس بەم فەرموودانە نەڵێت کوفر، کوفر ئـێوەن کە ڕێگە نادەن مـرۆڤ بەسروشتی خۆی ئاشنا بیت..

جەهل ئـێوەن کە ماڵی میللەتان دەکەن بە حەڵاڵی خۆتان، کە لەپێناوی خوادا سەری هەزاران منداڵ دەبڕن، کە منداڵەکانتان پڕ دەکەن لەبارووتی کینەو بێگوناحی پێ لەناو دەبەن.. ئـێوە کینەو ڕق و جەللادیتان کردووە بەکەلتوور.. ئیسلام ئـێوە ئاقڵ ناکات، بەڵکو ئەگەر هەمووئایینەکانیش کڕنوشتان بۆ بەرن، هێشتا واز لە پەستی و کینەو کوشتارو تۆڵە ناهێنن. ئـێوە عارن لەنێوان مـرۆڤایەتیدا.

ئاخر خواوەند کاری بەشەڕەوە نییە.. ئاهوڕامازدا ئازادییەکی ئەزەلییە.. بەربەرەکان شەڕیان خستە ناوقورئانەوە، ناو ئینجیل و تەوراتەوە.. شەڕهەرگیزاو هەرگێز دەستکردی هیچ خواوەندێک نییە.. خوا بێبەرییە لەشەڕی ئەهریـمەن.

جەهالەت و دێوی شەڕن ئەوانەی هەڵدەکووتنە سەر میللەتانی ترو ئایین و زمان و کەلتووری خۆیان بەسەریاندا گریمان دەکەن.

ئەی نەوەی نـوح وئیبراهیم وعیسا ڕابن، بەو شەڕپەرستانە بڵێن کش.. ئاماژەیان بدەنێ بەئاشتی نەک بە هەڕەشە ملبدەن، فێریان بکەن بگەڕێنەوە ناو بیابانەکان ودورگەکانی خۆیان، با بەزمانی خۆیان، بەباوەڕی خۆیان بپەرستن وبژین وئازادبن.. خوای خۆیان بۆخۆیان، خوای ئێمەیش بۆ خۆمان، پێیان بڵێن:ئایینی خۆت بۆ خۆت، ئایینی خۆم بۆ خۆم.

حەزرەتی ماريافەرمووی: ( ئەو بێشەرەفە جەللادانە بە نەخۆشییەکانیـان منیـان پڕکرد.. پاش ئەوەی کەوایان لەمن کرد، حەوت جار خۆمم پاکژکردەوە، حەوت ڕۆژ خۆمم سزا دا بەبرسێتی.. لەحەوت ئاسمان پاڕامەوە.. بەڵام دێـوە زەمین داگیرکەرەکان شەڕیان پاک نابێتەوە.. شەڕی ئەوان دووبارە سەری هەڵدایەوە، نەخۆشیی گەڕی وتاعون و شێتی و وڕی وترس بڵاو بووەوە.. سروشتی شەر لەسەر زەوی دووپات بووەوە، چونکە شەڕ مەئواوماڵی تری نییە.. گەردوونی نییە وەک مـرۆڤ، بۆیە شەڕ زۆر دەبێت.. دەبێت سنورێکی بۆدابنرێت.) چونکە خواوەند بێبەرییە لە شەڕی ئێوە.. ئەو لەوێ نییە کە ئەهریمەن تیایدا زاڵە و شەڕ هان دەدات.

لەقلەق تاریک داهات لەغەمی یادەکانی چارەنووسی نەوەی نـوح! چونکە ئەوان باوەڕیان بەیەکتایی خواوەندێکی خێرخواز هەیە، باوەڕیان بەوە نییە کەئەهریـمەن وشەڕ لە سروشتی خوان! یەزدان کاری بە ئەهریمەن نییە.. ئەهریمەن سروشتێکی ترەوخێر کاری بەشەڕەوە نییە.

پیر فەرمووی: لەقلەق سپی بەرەوە، وای فەرموو، لەقلەق جارێکی تر سپی بووەوە. ئەو داماوە لەتاو ژانی حەزرەتی ماریا و، مەسیحەکان، ڕەش ڕەش داگیرسابوو.. لە تاو لەناوچوون و قڕبوونی باڵندەکان وگلەیی ئەوان لەپیس بوونی ژینگە  پڕ لەغەم بوو!

مەترسە لەقلەق، مەترسە.. چونکە تۆ لەسەری نـوح-دایت.. تۆ لەناو درەختی زەماندایت.. لەناو سەری مـرۆڤی بێناوو بێـئالاو بێـولاتدا جاڵـجاڵـۆکەی پیـرۆز تەنافت بۆ دەچنێت، لانەت بەتەنافی ئاوریشم بۆ دروست دەکات. ترس بەردە، ترس پەردە دەدات بەسەر چاوی بیروبیستن وتوانادا، دەسەڵاتی گیاندارو مـرۆڤ دەبەخشێت بە دێـوەکان. لەقلەق.. دەبێت نەوەی نـوح فێر بێت ئازادی بدات بەجیـهان، ژیان ئازاد بکات، نەوەک داگیری بکات.

داوا لە ئومێد دەکەین بەخێر سنوور بۆ دێـوەکان دانێین.. دێـوەکان دەبێت لەناو لمی بیابانەکاندا ئازادانە بۆ خۆیان بژین.

واتێنەگەن فەرموودەکانم بۆنی شەڕیان لێدێت، نا، ووتەی مەزن بۆنی ئاشتیی قورئان وخێری خوای لێدێت، ووتەکانم بۆنی کەرامەتی مـرۆڤیان لێدێت، بێڕێز سەیری دێـوەکانیش ناکات، بەڵکوفێریان دەکات ڕێزلەکەرامەتی ژیان بگرن.. فێریان دەکات ژیان بنیات بنێن نەوەک بیڕوخێنن.. ووتەکانم ڕستەی زمانی سەرزاری حەزرەتی مارياو مەسیحە، پەندەکانی کۆنفۆشیۆس ودەلەیلاما وبوودان.. ڕوخساری ووتەکانم وەک ڕووخساری پێـغەمـبەرانی جوان وساوان.

ووتەکانم باسی حەق ومافی ئافرەت ومنداڵ وبرسییەکانی ئەم جیـهانەی تیایە. ئاشتی بە جیهان دەبەخشێت. چونکە داوای شەڕت لێناکات. بەشەڕ چارەسەری ژیان ناکات. بەڵکو بەخێر، بە سەما، بە مۆسیقاو گۆرانی و هونەر، بە هێزێکی زاڵ، بە ویستی کۆی مرۆڤایەتی داوای ڕزگار بوونی میللەتان و جیهان دەکات.

**لەنێوانی هەر ڕستەیەکدا نەمامێکی ئاشتیم ڕواندووە، پرسم بە پێـغەمـبەرێک کردووە، وتەکانم دەست نابەن بۆ شەڕو فیتنە. من لەبەهەڵەدا چوونتان خۆپارێزی دەکەم.. ملیشم لەبەر دەستتاندایە.**

ڕاستییەکان لەووتەکانمدا ڕۆشنن بە تیشکی ئاگر لەسەر لەوحە بەردینەکانی حەزرەتی مووسا نەخشاون.. بەجیـهانی بوون بریتییە لەئازادیی گەلان، لەئازادکردنی خواکـان ،مـرۆڤەکان، دایکان.. بریتییە لەسنوردانان بۆ سەربڕین، زمان بڕین دەست بڕین وتەقاندنەوەی زراوی دایکان.. دەبێت سنوور لەنێوان شەڕو خێردا دابنرێت.. دەبێت وابێت. دەبێت سەردەمی ئەنفال بەسەربچێت، دەبێت شەڕی ئەنفال لەقورئاندا لاببرێت، چونکە ماڵی میللەتی دی بە میللەتێکی بێگانە  حەرامە.. چونکە ئەگەر دوژمن لەلای ڕاستی سرەواندی، سێجار لای چەپیشتی بۆ ڕابگرە!

پێویستە لەسەرمان دێـوەکان سنووردار بکەین. ئەوان ماڵی خۆیان هەبێت، تابتوانن بەئازادی بژین، تا نەتوانن بە جیـهاندا بڵاو ببنەوەو ژیان پڕ بکەن لەترس. تا بتوانن لەئایینی خۆیان حاڵی ببن وجیـهان بە هەڕەشەیان نەتۆقێنن.

دەبێت نەوەی نـوح بەیەک زمان بدوێت. زمانێک کەکەس ئەوی تری پێ ناترسێنێت، کەس ئەوی تر داگیر ناکات، کەس برسیی نابێت، ڕسوا نابێت.

لەقلەق یادی هاتەوە، کاتێک کە ووشەکانی پیـرشالیار بەر پەڕوباڵی دەکەوت، نوور لەکەرامەتی دەباری.. سپی سپی دەبووەوە، یادی دەهاتەوە کە لەژیانی گیانیدا، لەژیانی ئازادیدا هاڕمۆنی پایەداروبە دەسەڵاتە.. دژایەتی کردن نییە.. مـرۆڤ دەتوانێت بە کشەیەک دێـوێک لەناوبەرێت!

پیـرشالیار پشوی دەداو بۆنی گوڵەکانی دەکرد، سەیری کەرامەتی ئەسپ وشێرو پڵنگ وگیانلەبەرانی دەکرد.. سەیری تابـلۆکانی ناو کەشتییەکەی نـوحی دەکرد لەتەپڵی سەری بێـوڵاتدا.. سەری بۆژیان دەلەقاند.

ڕویکردەوە لەقلەق وفەرمووی: دڵنیایی دێـوەکانی گومان لەگیان دەردەکات، دڵنیا بە لەقلەق، تۆ لە دڵنیاکانیت، دووجار گومان لەیەک شت مەکە، تۆ لەژیانی گیانیدا ئازادیت. تۆ شاژنی گەردوونەکانی زیندەوەرانی گشت ئاسمانەکانیت، لە تەلیسمی نادیاردا، لە هەمیشەییدا دەژییت، چونکە کات وەستاوە، کەکات وەستا هەمیشەیی سوڕێک دەخوات.. شتەکان لە چرکەیەکدا لەهەمیشەییدا دەوەستن، لەو وەستانەدا فێر دەبن، چونکە فێربوون دەمانگەیەنێتە هەمیشەیی، نەمرمان دەکات لە هەمیشەییدا، مەترسە کچم، مەترسە ڕۆڵەم.

بەزاڵ بوون بەسەر ترسا دەگەیتە قوتبی بینین، دەگەیتە ناو کرۆکی زانستی بەهرەکان، دەگەیت بەکەماڵی حەق. لەزمانی ئایینەکان دەگەیت.

**لەقلەق فەرمووی: ئەگەر تەنها باڵندە بوومایە، ئەوکارە ئاسانتر دەبوو، بەڵام بەڕێز من گیانی هەڵکڕوزاوی باڵندەکان و سەری قرتاوی مەسیحەکان و لەشی پڕبرینی ماریاکان و گیانی گیاندارانم پێیە.. گیانی بوونەوەرەکان کوتراوە ولەسەر پەڕوباڵم نەخشاون.. من مـرۆڤێکی پەنابەرم لەسەرباڵەکانم برد بۆ گەردونی خۆم، ئەو توانی نەخشەکانی چیرۆکی گیانەکان لەسەرپەڕوباڵی من بـبینێت، توانی لەخەویا من بـبینێت، توانی من بە چاوانی خۆی بـبینێت کاتێک گەردونم نیشانی ئەو دەدا! بۆیە بەر لەترس دەبێت واز لەگومان بهێنن، دەبێت نەترسین، فەرمایشتی بەڕێزتانە.**

پیـرشالیار فەرمووی: **ئەوە من بووم لەسەر پشتی بەڕێزتان؛ چونکە من لەو مرۆڤەدا دەژیم، تۆ و جالْجالۆکەی پیرۆزو حەزرەتی نوح-یش! گشتمان لە نەستی گەلەکۆی ئەودا دەژیین و بیدارین بۆ چەند چرکەیەک. تا پەیام و سرۆش بەو بگەیەنیین. ئێمە لە ڕاستییەکی خەیاڵیدا دەژیین. هەین لە هەمان کاتدا نیین!**

سروشتی زیندەوەران زۆر لێکچوو یەکسانە، هەموگیاندارانی سەرزەمین لەپەرستاریی خۆیاندا خاوەن کارو سەلیقە و هەڵوێست وفرمانی خۆیانن، هەرگیاندارەو بە تەرزێک لە جوانییەکانی خۆی دەدوێت، کەرامەتی خۆی نیشان دەدات، کەرامەتی خۆی دەپەرستێت.

هیچ گیانلەبەرێک کەمتر نییە لەگیانلەبەرێکی تر.. تەنانەت بەرازو سەگ وگورگیش کەرامەتی خۆیان هەیە. نەمرود مێشولەیەک لەناوی برد، مێشکی هەڵکۆڵیّ و شێتی کرد.. چونکە کاتێک کە ڕاستییەکان هەڵدەستن، مێرولەکان، مێشەکان، جانەوەرەکان یەک دەگرن، گەربیانەوێت مێشولەکان، بەیەککگرتن دەتوانن مەملەکەتی یەکانەکان بگرن. **گەر بمانەوێت، تەنها بەنیاز لەدڵگرتن پشتی هەمووشەڕەکان ودێـوەکان دەدەین لە زەوی، بەخۆشویستن و یەککگرتن دەتوانین بگەین بەگەردوونی عیشق وجوانی. دەتوانین لێرەوە کشە لەترسەکان بکەین، منداڵەکانمان فێربکەین نەترسن، چاونەترس بن.**

ڕابە لەقلەق، کاتی ترس وگومان نییە، کاتی پێدان وگەیاندنی مژدەیە، مژدەکان قومات بکە، بەرەو ماڵی مـرۆڤەکانی بەرە، هەرماڵەو جۆرێک نووری کەرامەتیان بەش بدە، بەدەنووکت بەری گیانی درەختی زەمان، گەڵای گیانی پەیامەکانی ماریاو مەسیح هەڵبگرە. بفڕە، ماڵ بەماڵ بفڕە، لەبری منداڵ گیانیان پێ ببەخشە، ترسیان بشکێنە، گیانیان پڕبکە لەنووری ڕەحمەت.

دیارییەکانت پێشکەش بکە، بە نەوەی نـوح، پێیان بفەرموو: ئازادی بۆجیـهان بەسنوردانانە لەنێوان خێرو شەڕدا! جیـهان بەخێر ڕزگاری دەبێت نەک بەشەڕ.

تامـرۆڤەکان بتوانن لە گەشتی گەڕان بەدوای خۆیاندا دوچاری هەڵمەتی دێـوەکان نەبن.. تامـرۆڤەکان یادیان دێتەوە کە تاچی ڕاددەیەک توانامەندن، تایادیان بێتەوە چۆن لە بوونەوەری خۆیانەوە؛ واتە لە قۆزاخەی جالّجالّۆکەوە؛ واتە لە هەمیشەییەوە هاتن وئەم زەوییەیان بەبەهەشت بۆ خۆیان هەڵبژارد، مـرۆڤەکان، کەدابەزینە سەرزەوی، بەهەرچییەکیان دەوت ببە، یەکسەر دەبوو، مـرۆڤ پڕبوو لەکەرامەتی ئاهوڕامازدا.
وا نەزانن کە مرۆڤ تەنها جۆرێکە! نا؛ لە دێرزەماندا مرۆڤ جۆرەکانی زۆر بوو. مرۆڤی دووسەر، سێ سەر تا حەوتسەر هەبوو.. هەن کردەو داهێنانی خواوەند، هەن زادەی جنۆکە وهەن لە ئەهریمەن و هەن لە فریشتەن لەناوماندا. هەم سروشت دروستی کردوون! ئەمە زانستێکە ئێوە تێی نەگەیشتوون هێشتا!

مـرۆڤ زۆر هۆگری زەریا بوو.. چونکە زەریاکان ژینگەی یەکەمی ئەوان بوو. مرۆڤ تافێری درۆ نەبووبوو، داهێنەر بوو، دەیتوانی پەلەوەر،جانەوەر ئاژەل دروست بکات، پێویستی بەخوانەبوو یاریدەی بدات، بەڵکو خواوەندو خواکـان لەودا دەژیان، ئەوان هێشتا لە کەرامەتی یەکتربیدا یەکبوون، بەڵام کاتێک مـرۆڤ فێری درۆکان بوو، خواکـان لەوان زویر بوون، ئەوان ماڵ ونزرگەکانیـان گواستەوە.. مـرۆڤ وردە وردە بێتوانا وبێباوەڕو ترسۆبوو، ئینجا ترس لەدایک بوو؛ چونکە ترس دێوو خێوی لێ دەکەوێتەوە. لە ترس و درۆکان میللەتی دێـوەکان زۆربوون، مـرۆڤیان لە دەرونی دەریا دەرپەڕاند. ترس و درۆ جۆرە دێوێکی نادیارو بژێون؛ دەتوانن مرۆڤ هەراسان بکەن، دەتوانن شێتی بکەن، دەتوانن ناچاری ڕق و کینەو تۆڵە پەرستی بکەن. مرۆڤ کە دێوەکانی دەروونی خۆی پەرست؛ هەر شتێکی لێدەوەشێتەوە؛ چونکە سروشتی جوانی و ڕەسەنایەتیی خۆی لە بیر دەچێتەوە.. خواوەندو پیرۆزییەکان لەودا دەمرن.
هەستە بدە لەشەقەی باڵ، بەدەنووکت مژدەکان لەدرەختی زەمان گردکەرەوە، ووتەکانیسەرلەوحە بەردیینەکانی مووسا بکە بە دیاری، ئایەتە ڕاستەکانی قورئان، پەندەکانی زەردەشت، عەشقی مەسیح، وەجدی سۆفی، ووتەکانی حەزرەتی ماریا وحەوا وەکو گەڵای گیانیی درەختی زەمان بژار بکە و بیکە بەگۆرانی فێری منداڵانی بکە، بڕۆ مژدە بۆ ژین بەرە.
باسی گەردوونەکانی باڵندە، گەردوونەکانی جانەوەر، گەردوونی ئاژەڵ ونەبات، گەردوونی سیمیتری وڕیازیات، باسی نەمردنی دەنگ وڕەنگ وجوانی، باسی مەزنیی کەرامەتی گیان بۆ مـرۆڤەکان بەرە. بە دێـوەکان بڵێ کش ئەگەر دەستیان هێنایە ڕێگەتان. پێیان بفەرموو: ئازادی لە عیشق پیرۆزترە. ئازادی پەیامی بوونەوەرە.

بڕۆ پێیان بفەرموو کە ترس مـرۆڤی کردووە بە دێـو پەرست، مـرۆڤ کەرامەتی خۆی وونکردووە، لەیادیان نەماوە کە دابەزین، بە هەناسەکانیان ..بە وویستەکانیان  لە ئاو وگڵ شکڵیان دەخوڵقاند بە ووشە گیانیان دەدا بە دروستکراوەکان، ووشەکان گیانن، گیانی مـرۆڤ.. ووشەکان، کردارەکان جوانییەکان نەمرن، ئامین. لەقلەق بەدوایدا فەرمووی: ئامین.
ئەی لەقلەقی ماندوو، لێرە بەدواوە سەرپشک بە، بەڕێگاکانی کەماڵدا  بکەوەرە ڕێ، دەرونی خۆت ڕۆشنکەرەوەی ڕێگەتە، نیازەکانت لەدڵ بگرە، لەکەماڵی درەختی ژیان نوقڵانە ومژدە بۆ نەوەکانی نـوح بەرە.. خەم بۆڕابردوو مەخۆ، ئەوەی کەچوو، چوو. لێرە بەدواوە، گیانەکان سەرنابڕدرێن، گیانەکان ئازاد دەبنەوە.. زەمین خوێنی دەگیرسێتەوە، زەریاکان تووڕەییان دەنیشێتەوە، ئاسمانەکان پڕ دەبن لەگۆرانی

جوان جوان، لەئاوازی فریشـتەکان، دێـوەکان بچوک دەبنەوە، وون دەبن، لەسنووری خۆیاندا لەگەڵ کەرامەتی خۆیاندا دەژین، تا لەگەڵ کاتدا فێردەبن، فێردەبن واز لە هەڕەشە وشەڕو درۆ بهێنن، ئامین.
لەقلەق فەرمووی ئامین.
لێرە بەدواوە زۆردەبین وەکو خواکـان، وەکوپەیامەکان، وەک فریشـتەکان، دەچینە دیدەنی گەردوونەکان، ئەستێرەکان، خۆمان بەئاوازو مۆسیقا پڕ چەک دەکەین،گیانی خۆمان بەباوەڕمەتین دەکەین، لەهەمیشەییدا سەمادەکەین لەگەڵ تیشکی خۆرەکاندا، لەگەڵ پەپولەوگوڵەکاندا دەدوێین.. دەست دەهێنین بەگیانی ئەستێرەکاندا، دەبین بە پیر، بەفەقیر، بەفریشـتە، بە خێری موتڵەق، بەکەماڵی جوانی، بەکەرامەتی بەهرەکانمان.. گیانمان پڕدەکەین لەچەپڵەی شانازی.. کردەوەکانی خۆمان وێنەدەکەین، شیعر بۆ نیازەکانمان دەنووسین، گلەییەکانمان دەکەین بە سوپرانۆ وئۆرکستەرو ئۆپرا، خۆشنودیمان دەکەین بەسەمای بالێت.
هەستمان پڕدەکەین لەبۆنی شانازیی کردەوەکانمان، دەروونمان پڕ دەکەین لەلێبوردن ودڵدانەوەو دڵنیایی.. فێردەبین بەهارمۆنی وهاوهەستی و هاودەردی بەبێ ترس بژیین. ئازادی دەکەین بەپەیام، کەماڵ دەکەین بەئالا، کامەرانی دەکەین بە سەما وئاوازومۆسیقا. گوێ لە زرنگەی شکانی  شووشەی عەشقە سەرپێییەکان دەگرین، ئەگەر ویستمان بگرین، دەگریین، ئەگەر ویستمان پێبکەنین، پێدەکەنین.
منداڵیی خۆمان لەیاد ناکەین، منداڵ دەکەین بە پەرستگا، منداڵەکانمان دەپەرستین، نوێژ بۆ کردەوەکانمان دەکەین. فێر دەبین بە بێ باڵ بفڕین، فێری دووپاتبوونەوەی ژین، لەمنداڵدانی بووندا دەگەینە نەجات، دەگەینە نەشئەی  کەماڵی جوانی. بە ئازادی دەگەین بە هەمیشەیی. ئەوسا دووپات دەبینەوە و چۆنمان بووێت وەها دەژیین، دەتوانیین ببین بە سرۆشی هونەر، بە باڵندە، بە ئافرەت، بە گیاندار، چونکە ئەمانە پیرۆزن.
ئەمڕۆ بیستویەکەمی مانگی نەورۆزە، سروەی بەیانە هێشتا کات وەستاوە، لەم چرکە ساتەدا سروشت هزری گیانی دەپروێت، مـرۆڤێک ئازاد بووەوئازاد دەبێت.. لەم سروەی بەیانەدا خۆرو زەوی وئاسمانەکان تەبان، خۆیان دەلاوێنن، گۆرانیی گیانی ولایلایە بۆ یەکتری دەڵێن.. هۆرەکانیـان دەبیستم.
ئەمڕۆ پەیامی ئاگر لەسەر لووتکەکانی زاگرۆسەوە بڵێسە دەکات، نەوەی نـوح بێدار دەبێتەوە. ئەمڕۆ زاگرۆسییەکان زەردو سوور، سپی و ڕەش، شین ومۆرو پرتەقاڵی دەپۆشن، لەیەکتری دەبوورن، پیـرۆزبایی لەیەکتری دەکەن، چونکە ئەوان بەر لەئێستا ئەژدەهاکیان لەگۆڕنا.. ئێستاش نۆرەی سنوور دانانە بۆ دێـوەکان.
**هەر لەم بەیانییەدا هەمووگیانە پیـرۆزەکان، هەرگیانەو لە گەردوونی خۆیەوە بەرەو زەمین بە تەنافی جاڵـجاڵـۆکەدا دادەبەزن و دێن . گیانی فریشـتەکان و پێـغەمـبەرەکان، دێن بەرەو درەختی زەمان بۆ تەماشای بەری ژیان.. دادەبەزن، دێن هەموویان، چونکە ڕۆژی زینـدووبوونەوەی گیانە، گیانە پارێزراوەکانی وەک گەڵای درەختی زەمان.**
**ئەمڕۆ جەژنی لەدایکبوونی ئەننا هینایە، فریشـتەی ڕێنیشاندەر، دایک، هاوسەروخۆشەویست. ئەمڕۆ حەزرەتی ئاگر نیشانی دەدات چۆن بەنەرمی ئاڵای پرچی ئافرەت لەسەر ئەرارات دادەهێنێت.**
ئاگر ئەمڕۆ فێرمان دەکات کەچۆن لەئەزەلدا ئافرەت خۆی ڕسکاند! ئەمڕۆ هەمووگیانەکان دێنەوە بەمیوانی ئەرارات.. میوانەکانی **غەیب لەکاکێشانەوە، بەتەنافەکانی جاڵـجاڵـۆکەدا دێنە خوارەوە**.. دادەبەزن بۆ سەردان وسەیرکردن، بۆ جەژنە پیـرۆزەکردن لەدرەختی زەمان و لەکەرامەتی گیانی ئازادی بێـوڵات.

**ئەمڕۆ ڕۆژی مژدەیە، ڕۆژ و ساڵ وکات وساتی پشودانی جاڵـجاڵـۆکەیە، چونکە کەحەزرەتی جاڵـجاڵـۆکە لەکار وەستا ودابەزی بەکاکێشاندا، مژدە دەدات، مژدەی دابەزینی پێـغەمـبەرەکان.**

بۆیە مەرجە باڵندەکان، لەقلەقەکان گیانی منداڵان ئازاد بکەیت، پێویستە گیانەکانی دەرونت ڕەوانەی لای مـرۆڤەکان بکەیت، کاتی ئەوە هاتووە سەفەر بکەیت. لەنووری خۆتدا بۆ ئەبەدی وەکوچراخان داگیرسێیت. لێرە بەدواوە بەزمانی گیان ئاشنا دەبین. ئاوێتەی هەمیشەیی دەبین. (پیرشالیار سەری نا بەگوێی لەقلەقەوە، نهێنییەکی بەگوێی ئەودا چرپاند)

لەقلەق سەری ڕێزی بۆ پیـرشالیار دانەواند.. بەنیازی باڵ کردنەوە باڵەکانی ڕوولەئاسمان لەیەکدان.. نوورلەڕوخساری دەباری، جوانتر، شادتر، لەهەرسووڕێکی ژیانی خۆی.. خۆی لەگلێنەی چاوانی پیردا بەدی کرد..گیانەکان، گیانی هەموو پەلەوەرەکان، پەپوولەکان، ئەسپ وفیل وپەڕەسێلکەو مەخلوقاتەکان کەوتنە جمە وفڕین ،کەوتنە بازوغاردان.. دەفڕین لەناوبازنەیەکی حەلەزۆنیدا.. لەپەیامێکی پیـرۆزدا، دەچوون بەرەو درەختی زەمان، بەرەو مەنزڵگەی نـوح، بەرەوکاکێشان. بەرەو لای منی بێ وڵات وئاڵاو زیندان لە زیندانە شەختەییەکانی بەستەڵەکدا. لەو چاوترووکانەدا کە شەپۆلەکان ڕاپەڕین. کە باکان فێیان لێهات؛ کە باران تووڕە بوو. کاتێک کە هەورەبرووسکەکان ئاگریان بەر دەدا لە پرچی شەپۆلەکان.. کاتێک کە منداڵ دژی باوانی خۆی مانی دەگرت.. کاتێک کە باوان منداڵەکانی خۆیان دەفرۆشت بە بارووت و بەئاسماندا بە ناوی خواوەندەوە دەیانتەقاندنەوە.. کاتێک کە دۆعاکان بەردەباران دەکران. کاتێک کە ڕاستییەکان خوارو خێچ بەکار دەبران. کاتێک کە دێوەکانی ناتۆ و هەشت هێزەکانی جیهان شیرو تیریان لەیەک دەسوو کەڵبەیان نیشانی یەکتری دەدا. کاتێک کە ئافرەتانی ڕۆژئاوا بوبوون بە کۆیلەی سەگ و پشیلەو بەراز. کاتێک کە جوانی شێت دەبوو. کاتێک کە نوح لە زیندانەکانی دێوەکان دەرباز بوو. کات سروەی بەیانیی بیستو یەکەمی مانگی نەورۆز بوو. کات وەساوە.

هەندێک لە باڵداران بەرەوئاسمان هەڵدەفڕین، هەندێکیان بەرەو زەمین..لەهەندێک شارەکانی ئەم جیـهانەدا، منداڵە نوستووەکان ئەوخەونانەیان دەدی، هەندێک لەهونەرمەندان، وێنەی فڕینی باڵندەکانیـان دەکێشا، هەندێک مـرۆڤ وینەی لەقلەقیان دەگرت و ئەویان دەبینی، هەندێک شاعیر شیعریان بۆباڵندەکان دەنووسی، هەندێ مۆسیقار نۆتەیان دەچنی..مـرۆڤە خاوەن کەرامەتەکانیش لەئافرەت و پیاوان دانیشتبوون بیریان لەکەرامەتی باڵندەکان دەکردەوە. هەندێک ئافرەت خۆی وەک لەقلەق تەماشادەکرد، جوان تەماشای خۆی دەکرد، بیرتان نەچـێت، لەقلەق مێیینەبوو لەنەژادی ئافرەت.

یەکەم لەقلەق کەپێی نایە سەرزەوی ناوی ئاشتی سەروەر بوو.. بەنیازی ئاو خواردنەوەو تینوێتی شکاندن لەسەر کانییەک هەڵنیشت.. بابایەکی پیر لەسەرکانییەکە سەرگەرمی ئاو نۆشین بوو. سەری سووڕدەما لەوەی لەقلەق لەکەرامەتی مـرۆڤ ناترسێت! سەیری لێدەهات لەقلەق بەبێترس لەتەک ئەودا ئاونۆش دەکات! لەقلەق بەئاگا بوو لە هەست و نەستی مامەی پیر، فەرمووی: پیری بەڕێز من کەرامەتی بەڕێزتان دەبینم. ترس لەپای چی، ئاشتیخواز ناترسێت.

کابرای پیرەی داماو زراوی چوو، ترسا ولەهۆشخۆ چوو.. تادرەنگانی هۆشی نەهاتەوە بەبەردا! لەقلەق فەرمووی: ڕاستی فەرموو پیـرشالیار کەترس ڕابەری مـرۆڤی دێـوپەرستە. مـرۆڤی ڕەسەنیش نەترسەو ناترسێت.

مێرولەکان فەرموویان: پیـرشالیار چیی بە گوێچکەی لەقلەقدا چپاند؟

فەرمووم نازانم. فەرموویان: ئێمە دەزانیین.

پاشان فەرموویان: ئێمە لە ترس ناترسیین.. ترس مـرۆڤ بچووک دەکاتەوە.. بچوکتر لە مێرولەکان. پیرشالیار  بانگەوازی پێغەمبەرەکانی چپاند بە گوێی لەقلەقی پیرۆزدا تا ئەوان بانگهێشت بکات بۆ ئەرارات. فەرمووم: ئامیین. فەرموویان ئامیین.

## تابلۆی ئاشتی

کەکات وەستا، کەسەرنجەکانی پیر بە پرشنگی ڕووناکییان لەقلەقی پیـرۆزیان سپی سپی کردەوە ،کاتێک لەقلەق چاوی پشکوت، بینیی، بیستی وگوێی گرت، کاتێک گیانی باڵندەکان ئازاد دەبوون، زۆردەبوون بۆ گەیاندنی مژدە، وەک فەرمووم بەندە ئەوکاتە هەژدەساڵ دەبوو پەنابەر بووم، خەونم دەدی، بەتەنها بووم، لەناودەروونی ژوورێکی تەسکا وون بووبوم، خەونم بەمنداڵیمەوە دەدی. ئەوسا و ئێستام تێکەڵ دەبوون!

دەترسام سەیری خەندەکانی مـرۆڤی گەمژەو خۆپەرست و بێباوەڕبکەم..**شەوێکیان لەخەونمدا کۆترێکی سوورم بینی خوێنی لێدەتکا**.. بەپرتاو لەنیوەی شەودا لە پەنجەرەی ژوورەکەمەوە خۆی کرد بە ژووردا، هاتە سەردەستم، دەیویست لەناو مشتمدا خۆی بشارێتەوە.. ترپەی دڵە چکۆلانەکەی لەگەڵ خیزەی هەناسەیدا، تێکەڵ بە غەمی من دەبوون.. دەیویست لەچاو دیار نەمێنێت! نەیدەزانی بەرەو چی ئاسمانێک هەڵبفڕێت، بۆیە دیار بوو، بێنەوایانە هانای هێنابووە بەر من.
منیش پاش ئەوەی کە دڵنیاییم دایەوە.. لێیم پرسی بەڕێزتان کێن خاتووکۆتر؟
کۆترەکە کە هێشتا ترس بەڕوخسارییەوە دیار بوو وهەڵدەلەرزی و خوێنی لێدەتکا، فەرمووی: من گیانی هەموو ئەو ئافرەتانەم کە لەدابی کەلتووری جاهیلیدا هەتک دەکرێن، سەردەبڕدرێن، دەکوژرێن وبەردباران دەکرێن. کەلتووری جاهیلی لەهەر جێگەیەک باوە، ئەو کەلتوورە واز لە شەڕ وداگیرکردنی سامان وماڵ و ئافرەتانی جیـهان ناهێنێت. بەدەستیان بێت ئافرەت قڕ دەکەن..چونکە ئەوان بەو کەلتوورە ژیان داغان دەکەن..
فەرمووم مەترسە خاتوون گیان، لەمەودوا ئەوان سنووریان بۆ دادەنرێت.. کات لەبارە بۆ فێر بوون، دەبێت دان بە گوناحەکانیـاندا بنێن.. دەبێت کارێکی وا بکەن کە وەچەی داهاتوویان سزا نەدرێت بەتاوانی باوانیـان وەک قورئان دەفەرمووێت.
ئەو خەونەم یاد دەهاتەوە کاتێک کە کات وەستا، کاتێک کە تنۆکێ خوێن لە سینەی لەقلەقێکەوە، لەئاسمانەوە بەربووەوەوکەوتە سەر ناوچەوانم! خەونم دەدی، بێدار دەبوومەوە، ڕادەچەنیم، هەڵدەستام دەنووستمەوە!
کاتێک کەلەقلەقەکان دایان لەشەقەی باڵ، بەرەوکاکێشان، بەرەو درەختی زەمان بەرەولای گەردوونی پێـغەمـبەرەکان، بەشێکیان بەرز، بەشێکیان نزم هەڵفڕین.

منیش لەخەونمدا دەفڕیم، دابەش دەبووم بۆ هەزاران خەون ویادگاری، لەتەماشایەکدا سەدان خەونم دەدی، دەگەڕامەوە ناو جیـهانی منداڵیم، یادەکانی منداڵیم دەبوون بەدیاری ویادگاری.. بیرم دەکردەوە، بیری هەمووبەسەرهاتەکان، بیری هەمووشتەکانی منداڵیم دەکرد، لەناوهەموو بیرەکاندا دەستی ئاشتیم دەگرت، ماچم دەکرد، خۆشم دەویست.

دەگەڕامەوە ناو کۆڵانەکانی شاری منداڵیم، ئەوشارەی تیایدا دەرگاو پەنجەرەو درەخت دەست ودەمووچاو و گیانیان هەیە.. دەگەڕامەوە ناو یادگارییەکانی ئاشتی.

**ئاشتی کیژۆڵەیەکی نەشمیل بوو، هاوتەمەنی خۆم بوو، زۆرزۆرم خۆش دەویست، کەدەمبینی هەستم بەئاشتی دەکرد، شەڕ دەوەستا لەجیـهاندا، جیـهان ئەوکاتە بچکوک بوو هێـندەی من، هێـندەی ئاشتی..**

کەئاشتی دەهات باوەڕم بەشەڕ نەدەما، کەتەماشای چاوی ئاشتیم دەکرد پڕی دەکردم لەوەڵامدانەوەی تەماشاکانم، زۆرجوان بوو، چاوەکانی گەش وڕۆشن وسەوز داگیرسابوون، پرچی لوول و زەردو سوور وەک تیشکی بەیان. شەرم ونازی لەهی فریشـتەکان دەچوو، ئاشتی مەمیشە جوانپۆش وخاوێن وجوان بوو. قەفی پرچی ئەستوورو پتەو بوون وەک ڕەگەکانی درەختی زەمان.

من بەومنداڵییە خۆشەویستیی ئەوم دەپەرست، ئەگەر لەبری ئەوەی  هێـندەی هەستم بەودەکرد هەستم بەخواوەند کردبا.. دەشیا دووجوت باڵی پێ ببەخشیمایە وەک پاداشت، بەڵام ئاشتی لەوەزیاتری بەمن دەبەخشی. ئەو ئاشتیی دەپرواند بەسەر کۆڵانەکەماندا، ئەوکۆڵانەی لای من ناوجەرگەی جیـهان بوو، بەڵکو هەمووجیـهان بوو.

کە ئاشتیم دەبینی، هەزاران کۆتری سپیی خۆزگەم دەبینی لەئاسماندا هەڵدەفڕن، تێکەڵ بەیەکتری دەبن، ئاسمانی من، ئاسمانی ئەویان تەی دەکرد.

ڕۆژێکیان ئاشتی بە کوردییەکی تێکەڵ بەزمانی فەیلی بانگی کردم تا یاریی لەگەڵدا بکەم، ئەوان تازەماڵیان لەمەنفا گەڕابووەوە.. بانگی کردم.  کەچووم فەرمووی: وەرە با یارییەکت فێر بکەم.

منیش لەرزۆکێ بەشەرمی سوورهەڵگەڕاوی منداڵانەم دەستی خۆم دایە دەستی، لەپشت خۆیەوە منی کردە کۆڵ؛ ووتی: من تۆ هەڵدەگرم وتائەوسەری کۆڵانەکەت دەبەم، لەوسەرەوە تۆ من بەکۆڵ هەڵبگرەو بمهێنەرەوە، بەڵام  حەز دەکەم هەردووکمان پێکەوە بڵێین: ئاشتی، نەگەیشتی.

لەو یارییە خۆشەدا هەردوکمان پڕ بووین لەخۆشەویستی، خواخوام بوو ئاشتی نەگاتە ئەوسەری کۆڵانەکە، چونکە حەزم نەدەکرد لەسەر پشتی دابەزم، وام هەست دەکرد لەسەرپشتی عیشقی خۆمم، هەستم دەکرد ئەگەر بێت و ئاشتی دامگرێت لەسەرپشتی، بوونەوەر تێکدەچێت، هەستم دەکرد کامەرانی لای ئاشتییە، ئاشتیش منی کردبووە کۆڵی خۆی! لەبیرم دێت، ئەگەرچی لەشمان بەیەکدا نوسابوو، من بیری تەماشای چاویم دەکرد بیری بزەو خەندەو ووشەکانی، کە لە کوردییەکی فەیلی دەچوو.

یەکتریمان بەپشت بە نۆرە هەڵدەگرت، گۆرانی ئاشیمان دەگووت. ئەودەیگوت ئاشتی، من بەدوایدا دەمگوت: نەگەیشتی! ئاشتی.. نەگەیشتی! هەستم دەکرد ئاشتی بەمن دەگاو بەمن ناگات.. زۆری نەبرد ئاشتی دەنگ وڕەنگی نەما، ماڵیان گواستەوە، وابزانم بەعس ڕاپێچیکردنەوە! دیارنەمان.. بەومنداڵییە من ڕۆژانە لەهەمووجێگەیەکدا بۆی دەگەڕام.

نەمزانی ئاشتی چیی بەسەرهات؟ لەساڵەکانی دواییدا، بەهەرزەکاری وبەکوڕێنی ماڵی ئەوانم کردبوو بە پەرستگایەک، هەرچەند بەبەر دەرگای ئەوماڵەدا بڕۆیشتمایە بەوەفای منداڵیم ئاشتیم یاد دەکردەوەو خۆشم دەویست.

پێم نەنگی نییە بڵێم ئاشتی ناوێکە هێشتا دەیپەرستم. هەندێک جار لەخەونمدا دەچمە ناو کۆشییەوە دادەنیشم مەمکی دەمژم، سەیری دەکەم، دەستەکانی ماچ دەکەم، دەست بەڕوخساریدا دێنم. چونکە ئاشتیم زۆرخۆش دەویست. نازانم ئاشتی چیی بەسەرهات لەکوردوستان؟

**لەوسەردەمەی منداڵیمەوە ئاشتی هەمیشە لەمندا جوان وشەرمن ونازدارە، دەیپەرستم وخۆشم دەوێت، هەستێکە چەسپاوونەگۆڕ، لەگۆڕپشدا بێشک سەربەخۆ دەژی، چونکە من باوەڕم وایە ئاشتی لەمندا نەمرەو نامرێت. ئاشتی لەگیانمدا ڕواوە، لەبیرولەویژدانمدا ئاوێتەیە**.. کوکو ئوختییەکانی سەر درەختەکانی سەردەمی منداڵیم، حەزین بۆی دەخوێنن.

پێدەچێت ئەو کۆترە خوێناوییە سوورە گیانی ئەو بێت، کەبەدەستی دێـوەکانی بیابان و وەچەی سەردەمی جاهیلی سەربڕدرابێت! دەشێت، چونکە ئەوان ملیۆنەها ئاشتیان سەربڕی، هەزاران هەزاریان فرۆشت ودزی! ئەوان پاک نابنەوە لەگوناحی کورد کوژی. ئەو کوردەش کە ئافرەت بەردەباران دەکات دێوێکی بێ هەستی بیابانە و خوێنی ئەوان لەشی ئەویان پیس کردووە.

**دوای ئەوەی کەئاشتی دیار نەما**، دوای ئەوەی کە ماڵی ئێمەیش لەوکۆڵانەی چوارباخ گوێزرایەوە بۆگەڕەکێکی تری چوارباخ، بووین بەدراوسێی ماڵێکی مەسیحی.. کچێکیان هەبوو ماڵەکە، کچەکە هاوتەمەنی من بوو، بەڵام ئەو کۆترێکی سپیی هەبوو، هەمیشە ئەوکۆترەی پێبوو کەدەچوین بەمیوانی، کەدەهاتن بەمیوانی.

ئەو لەئاشتی نەدەچوو، بەڵکو لەفریشـتە دەچوو.. چاوەکانی شین شین، کوڵمەکانی خوێنین، پرچی خاووزۆرپڕو زێڕین بە تاڵی سپی، باڵای باریکەلەو ڕوخسارێکی شەرمن.. حەزی دەکرد ببێت بەهاوڕێی من.

زوربەی کات ئەوکیژۆڵەیە کەدەهات بەمیوانیمان، لەبری ئەوەی یاری لەگەڵ خوشکەکانمدا بکات، دەهات کۆترەکەی دەدا بەمن، حەزی دەکرد لەگەڵ مندا یاری بکات، یارییەکی زۆر بێچپەو بێدەنگ، یاریی تەماشای کۆترەکەی، کۆترە سپییەکەی، کەلەخۆشیی هاوژیانیی لەگەڵ ئەودا خۆشیی فڕینی بیرچوبووەوە! من لەتەماشای کۆترەکەدا ئاشتیم یاد دەهاتەوە، چونکە دەمزانی کۆتری سپی یانی مانای ئاشتی! بۆیە کۆترو خاوەن کۆتریشم خۆش ویست، فێربووم بتوانم خۆشەویستیم خۆشبوێت.

ئەوکیژۆلە مەسیحییە کەدەهات بۆلام، کۆترەکەی دەنایە ژێر کراسەکەی، لەنێوان هەردووڕانیدا، لەنێوان ناووک و ڕانیدا کۆترەکە سەرخەوی دەشکاند.. کاتێک کەئەو هەستی دەکرد کۆترەکە پێویستی بەپشووە.. کۆترەکەی لەباوەشدا لەژێرکراسەکەیدا دەنواند.

منیش فزووڵ بووم، زوزوو کراسەکەیم هەڵدەدایەوەو سەیری کۆترەکەم دەکرد، بیری کۆترەکەم دەکرد، دەمبینی کۆترەکە دڵنیاو خەواڵو بۆ خۆی کزەڵ هەڵنیشتووە، وەک ئەوەی لەخۆشترین و دڵنیاترین هێلانەدا بێت.

دەمبینی ئاشتی لەژێرکراسەکەیدا ئارام هەڵنیشتووە.. تەماشام دەکرد، تەماشای ڕان وسک و ناوک، تەماشای پێستی پەمەیی وجوانی، پەڕی سپیی کۆتر.. سپی سپی..هەمووشتێکم خۆشدەویست، ئەوکیژۆڵە مەسیحییەشم وەکو ئاشتیی هاوڕێم خۆشدەویست.

لەخەوما یادم هاتەوە لەگەڵ ئاشتیدا یەکتریمان دەکردە قەلاندۆشکان، ئەکتریمان ڕادەژەند، یەکتریمان دەلاواند. گۆرانی ئاشتیمان دەووت. خۆشی بەرگیانمان دەکەوت. هەستمان لەیەکتری دەخشان. هەستمان بەخۆشەویستی دەکرد.

خەونەکانم زۆردەبوون، هێـندەی ژمارەی بێشوماری لەقلەقەکان.. بەئاسماندا بەرەوخواربەرەوژوور هەڵدەفڕین وبڵاودەبوونەوە، تەمێکی سپییان لەوسروەی بەیانەدا لەئاسماندا دەنەخشاند، تەمێکی پڕلەکۆتری سپی، پڕ لەئاشتی، پڕلەکیژۆڵەی خەندانو جاوکەژەکەیی وکراس سپی.. من یادگارییەکانی تەمەنی منداڵیمم دەبڕی، دەفڕیم لەباوەشی ئاشتیدا دەورەم دەکرد بەناو هەمووئاسمانەکانی جوانـیدا وتەقلەم لێدەدا.. دەگەیشتم بەنەجات، بە لەیلا، بە خەج، بە زین، بەژیان.

لەئاسمانی بەریندا دەگەیشتم بە گەردوونی نەجات، واتە بەنیرڤانا لەیەکبووندا بەگیانی خۆشەویستی، بەبێـولات بەبێـئالا بەمـرۆڤێکی مەزن وئازاد، دەگەیشتم بەنووری سروەی ئەوبەیانییە، گەییمە کەرامەتی شکۆی ئەو مـرۆڤە ئازادە .

دەمدی دەڕوات، پیـرشالیارم دەدی دابەش دەبوو، ئاشتیم دەدی، حەزرەتی مەسیحم دەدی، حەزرەتەکانی ماریام دەدی بە فرمێسکەکانیـان، ئاوێزەیەکی زۆر جوانیـان دەنەخشاند، دەمتوانی تاچاو بڕکات تەماشاکەم، دەمتوانی بەنووستویی بڕۆم، خەوببینم، بدوێم، گیانی ووشەکان ببینم. دەمتوانی لەخۆمدا ببم بەوەی کە دەمەوێت.

دەمتوانی لەنووستندا بێدارو لەبێداریدا بنووم، دەمتوانی ببم بەئێستا بەڕابردوو بەداهاتوو، بەگیانداروپەلەوەر، چونکە دەمتوانی هەست بەئاشتی بکەم، لەمسی بکەم، بۆنی بکەم، بیبینم. چونکە ترس دەستی لە بەرۆکم بەردەدا.

مێرولەکان پێکەوە گریان.. پێکەوە فەرموویان: ئاشتی نایابترین چیرۆکی تابـلۆکانە، ئاشتی ئومێدی گیانە. ئاشتی پەیامی ژیان و بوونەوەرە. ئاشتی خواکان زۆر دەکات. ئاشتی ئاشنامان دەکات بە وویستی بوونەوەر.

# تابلۆی کۆتر

بەمندالّی زۆر هۆگری کۆتر بووم، کۆتری سپی، کۆتری ڕەشم خۆشدەویست، کۆتر هەستێکی زۆرتایبەتی پێدەبەخشیم.. چونکە بەومندالّییە تێگەییم کە هەمووتۆنەکانی ڕەنگەکانی ئاوێزەم لەسەر پەڕوبالّی کۆتری سپی دەبینی! هەمان ئەوڕەنگانەشم لەسەر پەڕوبالّی کۆتری ڕەش دەدی! کەچی کۆتری ڕەش بێبەری نەبوو لەڕەنگی سپی، کەچی کۆتری سپی بێبەری بوولەتۆنی ڕەش.. نەمدەزانی بۆ؟ بەلّام هەستم دەکرد دووقوتب بوونی هەیە، شەڕ وخێر، ڕەش وسپی.

تێگەیشتم لەڕەنگەکانی سپیدا ڕەنگی ڕەش نییە، واتە شەڕلەخێردا بوونی نییە..بەلّام خێر لەشەڕدا هەیە، چونکە لەسەر بالّەکانی کۆتری ڕەش دەیان ڕەنگی جوانی کالّ و مەیلەوسپیم دەدی، دەمزانی کەخێر نوچ بۆشەڕ دانادات هەرگیز ، بەلّام شەڕ دەبێت بگات بەخێر. تێگەییم کەشەڕ دەتوانێت تەلیسمی خێری بەرکەوێت، بەلّام خێر هەرگیز خۆی لەشەڕ هەلّناقورتێنێت.

بۆیە ئێستا هەست دەکەم کە شەڕو خێر دووتەوەری جیاوازن، بگرە دووخواوەندی جیاوازن، هەرگیز هاوتا نابن. بەلّام بەش بەحالّی خۆم ناتوانم شەڕو تۆوەکانی تاریکیی بە خواوەندێکی دی لەقەلّەم بدەم، گەرچی تۆنی سپیم لەسەر پەڕوبالّی تاریکی دەبینی. تاریکی نەخۆشی، مەرگ، پیری وئازار، درۆوبوختانی تیایە، مـرۆڤ لەگەلّ ئەوتۆنانەدا تاسەر هەلّناکات.

چونکە بەپێچەوانەوە لەخێردا، واتە لەڕەنگی سپیدا هەمیشەیی ڕووناک ودیارە، نەمری پایەدارە، نەخۆشی وپیری ومەرگ بەدی ناکرێت، بەدی نایەت لەهەمیشەییدا، کەمالّ، جوانی، ئازادی ونەمری پایەدارە.. بۆیە شەڕوخێر هەرگیز تەواوکەری یەکتر نابن.. بەلّام شەڕ دەبێت خۆی لەخێر جیابکاتەوە ، دەبێ سنور بۆخۆی دانێت، دەبێت خێر بپەرستێت، تا نەمرێت.

لەمندالّیمەوە هەست دەکەم، بوونەوەر دووقوتبی هەیە، یەکێک تاریک یەکێک ڕۆشن، کەچی زۆربەداخەوە کەم مـرۆڤ هەن لەقوتبی تاریکیدا بەدوای قوتبی ڕۆشنیدا بگەڕێن، تێناگەم بۆچی مـرۆڤ بووە بەدێـو، پەرستاری لەدێـوی تاریکی دەکات؟ نەخۆشی ترس، مردن، بێژیانی وهەراسانی هۆگری خۆی دەکات؟

مێرولەیەک فەرموی: مـرۆڤ دەبێت ملکەچی  جوانی و خێرو عیشق و ئازادی بێت.. چونکە نەمری لەوێدا لەدایک دەبێت کە مـرۆڤ لەشەڕ دەرباز بێت. مرۆڤ کاتێکی زۆری پێویستە تا خۆی لەشەڕ دەرباز بکات.

# تابلۆی دێـوه ئاشتی خوازەکان

کوا؟ واکات وەستا، کەچی هێشتا کۆیلەیی باوە، هێشتا ئاشتی هەتک دەکرێت، هێشتا دۆعا بەردەباران دەکرێت! هێشتا تەعدا لەئافرەت و لەمندالّ دەکرێت.. هێشتا لەجیـهانی یەکەمدا ئافرەت و منداڵ زیاتر لەجیـهانی دووەم وسێیەم دەکوژرێت! هێشتا زۆر نەتەوە هەن ژێردەستەن، هێشتا نەوەی نـوح قوربانی وگەلی ئەفریقیا برسین! چی نەتەوەیەک یەکیگرتووە؟ ئەوەتا ئێوەی زلهێز؛ ملهووڕانە دژی گەلی زاگرۆسی ژێردەستە لە کۆشکی سپییەوە بڕیار دەر دەکەن بۆ لەناو بردنی کەلتوورو شارستانیەتی نوح-ی باوکتان. دەتانبینم وەک دێوی بایی درۆ دەکەن و سنگ لە جیهان دەر دەپەڕێنن. بەڵام سوور بزانن و دڵنیا بن لەوەی کە کردەوەکانتان بۆنی مەرگی میللەت و دەسەڵاتی خۆتانی لێدێت! ئێوە ووڕن، نازانن چی دەکەن، چونکە بەوەی کە خۆتانی پێ بنیات دەنێن؛ هەر بەوەش لەناو دەچن.

من دەیان ساڵ بەرلەوەی ببم بەپەنابەر، لەسەر لووتکە بەرزەکانی ئەرارات، لەناوقوڕگی سێ هەژدیهادا هاوارم دەکرد، دەگریام دەترسام ودەمگوت: یەک جیـهان، یەک ئاڵا، یەک زووبان، یەک ئایین.. یەک گیانی دەبەخشێت بە جیـهان.

دەمگوت: من ئامادەم واز لەمافەکانی خۆم بهێنم تا یەککگرتنی جیـهانی ڕووبدات.. دەمگووت: من دەتوانم باوەڕ بەدیویش بکەم، تافێریان بکەم کە تەنها یەکبوون ویەک جیـهانی دێـوەکان نەجاتدەدات.

دەمگوت ودەگریام، دەمگووت هەموومیللەتانی جیـهان دەبێت زمان وکەلتورو ئایین ودەستووری خۆی هەبێت، بەڵام فێری هاوگیانی هاوجیـهانی هاو خوێنی و هاوبیری بێت. بەڵێ ئەی دێـو، ئەی دێـوپەرست؛ مـرۆڤایەتی دەبێت فێربێت، فێربن. کە سەردەمی فیرعەونەکان دووپات دەبنەوە و لەناویش دەچن.

من نازانم ئـێوە چی دەکەن بۆ جیـهان؟ بەم هەموو چەک و دەبابەو تەقەمەنییەوە؟ ئـێوە خۆتان شەڕ دروست دەکەن، دەیفرۆشن.. ئەوەی شەڕتان لەگەڵ نەکات، سنگی لێدەردەپەڕێنن وهاواری بەسەردا دەکەن، لێی مۆڕدەبنەوە، پەلاماری جوانییان دەدەن، داگیریان دەکەن، برسی وئاوارەیان دەکەن!

ئـێوە چوزانن ئاشتی چییە؟ نازانن ئازادی چییە؟ نازانن هەستی بەجیـهانی بوون چییە؟ ئـێوە ئەگەر ڕۆژێک بەبێ شەڕبووەستن، بازاڕەکانتان لەکار دەکەوێت.. کەرامەتتان دەشکێت.. وادەزانن چەکەکانتان گیانی هەیەو دەڕزێت.. بەڵام- کۆفی ئانان- نازانێت کە چەک نە بۆگەن دەکات، نە دەڕزێت. چەک زۆر بەکاردەبەن.. بەبێ چەک تەنها ڕۆژێک ناژین.

مـرۆڤەکان نا! بەڵکو دێـوپەرستەکان کە ڕوخساری تاریکی –کۆفی ئانان- بەمەفلووجی و وڕی دەبینن، کاتێک کە ئەو دەبینن بە خوێن ساردی وبێهەستی باسی پیس بوونی جیـهان دەکات، چەپڵەی بۆ لێدەدەن، وادەزانن تەنها ئەو دەتوانێت جیـهان ڕزگار بکات، نازانن کەئەو تەنها خەریکی جاسووسی وکڕین ودابەشکردنی جیـهانە بەسەرگیرفانی بازاڕە گەورەکاندا، نازانن کە ئەو مافی مـرۆڤ دەفرۆشێت بەهەرزان! ئەو ڕێگرە لە بەیەکبوونی جیهان.

تەنانەت بۆ پڕکردنی گیرفانی دێـوەکان سواڵیش دەکات، هەمووتان دەبینن ودەزانن کە چۆن ڕێکخراوەکانی مافی مـرۆڤ، هەر ئەوانەی کە چەک وقونبەلە ومین دەفرۆشن بە جیـهانی سێیەم ودووەم

وچوارەم دەکەونە نیشان دانی منداڵان وئافرەتانی دەستووپێ پەڕیو، باخچەی پڕ لەمین ومنداڵی لەتووپەت بوو! هەر ئەوان کە بازاڕەکانیان پڕکرد لە چەک، واتە سەگەکانی کۆفی ئانان، دەکەونە ڕووتکردنەوەی گیرفانی مرۆڤەکان.. گوایە جیهانی سێیەم ئەو هەموو چەکەی دروستکردووە!

مرۆڤەکانیش هێندە دەماغ سست و مێشک پەڕپوتن یاریدەیان پێ دەگەیەنن، ئەوانیش چەکی زیاتر وبگرە باوەڕی نەخۆشانەش دەفرۆشن بەجیهان، دەچن موسوڵمان دەکەن بە دوژمنی مەسیحیەت، دەچن بەناوی مەسیحەوە چەک دەدەن بە میسیونارەکان و فێری بوختان وتەعداو کوشتنیان دەکەن، فێریان دەکەن کە لەپێناوی مەسیح دا هەموو شەڕێک بکەن!

وادەزانن ئابڕوی مەسیح بە وێرانکردنی جیهان دەکڕنەوە، وادەزانن هەرچی باوەڕی بە عەشقی دێوەکان نەبێت، مافی ژیانی نییە، وادەزانن ئەوان جیهان وژیان وخواکانیان دروست کردووە!

لەکەلتوری دێوەکانیشدا پاش ئەوەی بووم بە پەنابەر؛ بینیم دێوهەیە معاشەکەی یەک ملیۆنە لەسەعاتێکداو، فریشتەو مرۆڤیش هەن نان نییە، ئاونییە بیخۆن! هەن زۆرن کە لەشەقامەکانی جیهانی یەکەمدا کەرامەتی خۆیان دەفرۆشن.

خەڵکی لەوڵاتی هەستکردن بەکەمی بەمنیان دەگووت: تۆشێتی! نازانیین تۆ بۆچی دەگرییت؟ ئەی نابینی مرۆڤ ئازادە؟ ئێمە ئازادی بەجیهاندا بڵاو دەکەینەوە!

منیش دەمگوت: ئێوە بۆنی شیری تاڵی دێوەکان لە دەمتان دێت، بێهەست وبێ بەزەیی دەتانبینم، ئێوە شەڕوخێرتان تێکەڵ بەیەکتری کردووە، من خێری ئێوە نەخۆش دەبینم! من شەڕ لە خێرەکانتاندا بە تۆخی دەبینم؛ من دەروونی پیسی دێو دەبینم.. دەمگووت: گەرئازادی بە جیهانی بووە، من چی دەکەم لەناوتاندا؟ ئەی ملیۆنەها پەنابەر بۆچی لەدیاری باوانیان هەڵدێن؟ ئەی ئەم هەموو چەکە چییە، هی کێیە لەشانی منداڵە برسییەکانی ئەفریقیا؟ کێ بازاڕی سەهمەکان بەڕیوە دەبات؟ کێیە لەپێناوی نەوتا جیهانی وێران کردووە؟ بە ویستی زلهێزەکان هەژدیهای وەها لە شەرقا پەیدابووە کەخواردنی گۆشتی منداڵ وئافرەتی سووتاوە! هەژدیهای واتان دروستکردووە کە دەیەوێت جیهان بتۆقێنێت، جیهان داڕزێنێت ئینجا قووتی بدات. ئەی نابینن چۆن لەشکری نەتەوە یەککگرتووەکان هەلپەرستانە و بێئابڕوو خۆراکی دزراو دەدەن و نەوت کیش دەکەن لە کانگاکانی کوردوستانەوەو ڕەوانەی ڕۆژئاوای دەکەن تا بازاڕەکانیان بگەڕێت!؟

ئێوە مافەکانتان لە دەروونی دێوەکاندا ترسنۆک ونەخۆش خستووە! ئێوە ئایینەکان بەسوودی بازاڕەکان بەکار دەبەن! ئێوە نەخۆشییەکی کوشندەن. ئێوەن فڕۆکەی جەنگی دروست دەکەن، ئێوەن چەکی بایەلوجی وئەتۆم وکۆی تەقەمەنییەکان درووست دەکەن، ئێوەن ژیان پیس دەکەن! ترسنۆکن ولەترسا دەژین، ترس ڕابەرتانە، پەیامتانە، دەسەڵاتتانە! بێگوومان بن، ترسەکانتان لەناوتان دەبات.

بەتووڕەییەوە دەیانبۆڵاند: ئێمە کێین؟ دەمگووت ئێوە ئەوانەن کەڕێگە بە کارخانەکانی جەنگ دەدەن کاڵاکانیان بەهەرزان بفرۆشن، ئێوە ئەوانەن کە قینتان لەباوەڕی ئیسلامە، قینتان لە گەلانی وڵاتانی سێیەمە. ئێوە لە دراوسێکانی خۆتان، لە سێبەری خۆتان، لە خوودی خۆتان دەترسن.. ئێوە ئەوانەن کە بەناوی خێرەوە شەڕ بڵاو دەکەنەوە بەجیهاندا ولەشکری ئاشتیی ئێوە لەهەرجێگەیەک هەبێت، شەڕ زۆردەبێت..دێو وتیرۆریست وفەساد زۆردەبێت، جوانی دەمرێت، ماکدۆنالدس دەست بەسەر کەلتوورەکاندا دەگرێت!

دەیانگوت نا! نا، تۆ بەهەڵەدا چویت! دەیانگوت چەکی کیمیایی بوونی نییە، دەیانگوت هەژدیهای تورک وعارەب وفارس چییە؟ کەی ئینگلیز دزوداگیرکەرە؟ کێ دەڵێت ماکیاڤیللی دێـوە؟ کێدەڵێت دێـوهەیە؟ منیش دەمگوت من دەڵێم، من دەزانم، من هەمووشتێک دەربارەی سروشتی دێـوەکان دەزانم، هەموو شتێک دەربارەی خواکـان دەزانم، هەمووشتێک دەربارەی مردن، حەق وڕاستپەروەری دەزانم، دەتوانم سەرنجی باڵندەکان بناسمەوە، دەتوانم ئاژەڵ ودێـوو ئەهریـمەنەکانی هەرکەسێک لەمامەڵەیدا بخوێنمەوە.

بەرازە نووستووەکانی دەرونتان دەبینم برسیین وتێریش نابن!

دەتوانم فریشـتە زیندانییەکانی ناو لەشی زبری دێـوەکان ببینم.. دەتوانم ببم بەپەپولەو گوڵ، ببم بەمـرۆڤ، مـرۆڤێک کەبتوانێت ڕاستگۆیانە لەبەردەمتاندا بگری، نوچ دابدات، بگری بۆئازادی.. کەچی ئـێوە میللەتی نـوح فێری سواڵ دەکەن، فێری هەڵاتن لەنیشتیمان، لە ڕاستی، لەجوانی، لەژیان.

وا دەزانن جیـهان جوان دەکەن؟ وادەزانن بەجیهانی بوون بە برسیبوون وتێرۆرو تەفرەقە دروست دەکەن؟

وادەزانن دەتوانن ئاشتی پایەدار بکەن؟ باوەڕناکەم.. ئاشتی وەها پایەدار نابێت، تائەوکاتەی سنوور بۆشەڕدیاری نەکرێت. دەبێت سنوور بۆشەڕ دیاری بکرێت. دەنا جیـهان ڕزگاری نابێت. دەنا خوێنی بەربوو ناگیرسێتەوەو دێـوو مـرۆڤ ودێـوپەرستەکان گشتی پێکەوە ڕادەماڵێت.

ئـێوە لەبەر ئەوەی سروشتی دێـو تەرک ناکەن نازانن چیبکەن! ئـێوە نازانن چیبکەن؟! وەڵامەکان لای منن. دەبێ دێـوەکان سنوریان بۆ دابنرێت، دێـوەکان دەبێ بکشێنەوە، چونکە بەجیـهاندا بڵاوبوونەتەوە.. دەیانەوێت هەڕەشە لەبوون بکەن، دەیانەوێت خۆیان فەرز بکەن، دەیانەوێت مـرۆڤ نەزان وترسنۆک بێت.. بۆیە سەرمان لێ تێک دەچێت کێ دێـوە؟ کێ دێـوپەرست؟ کێ مـرۆڤە کێ فریشـتە؟ هەن دەیانەوێت بەشمشێر سەری جوانی ببڕن، چونکە ناوێرن سەیری حورمەتی جوانی بکەن، شەرم ناکەن دەچن تێزاب بەسەر خوشک ودایکی خۆیاندا دەکەن.. دەچن لچ ولێووسەرو زمانی برای خۆیان دەبڕن، دەچن شەڕ لە ناو قورئاندا دادەنێن، کەرامەتی ئایینەکانی تر دەدزن.. دەچن شاڵاو دەبەن بۆ شەرق وغەرب وچین داگیردەکەن، دەیانەوێت تەنها بەشەڕ؛ بەجیهادو بە جەهل مـرۆڤایەتی چاوترس بکەن، ئەوانیش دیوێکی تری لەشکری نەتەوە ڕقئەستوورەکانن، لەشکری ئیسلامین، وەک لەشکری نەتەوە یەکگرتووەکان! چونکە لەڕاستیدا ئەوان لەترسی ئەوان بوون بە لەشکر وبەناوی خواوە کەلتووری سەدەی تاریکی ئەوروپا ڕێباز دەکەن!

کەچی کۆفی ئانان دەچێت بەمیوانیـان، لەبری چوکلێت درۆدەدەن بەیەکتری، گاڵتەیان بە مـرۆڤایەتی دێت، پێدەکەنن، درۆدەکەن، ئازادی لەگەلان دەسەنن، ماف لەگەلان دەستێنن، دووچاری مەرگیان دەکەن،

والەمـرۆڤ دەکەن بەمنداڵی چەک هەڵبگرێت و دوژمنی خۆی بێت، والەمـرۆڤ دەکەن نیشتیمانی خۆی بفرۆشێت، خۆی بفرۆشێت، خۆی بکوژێت.. **زاناکانیشتان فێرکردووە وەک تووتییەکی نەخۆش بیڵێنەوە: ژیان بەبێ شەڕ بەڕێوە ناچێت. شەرسروشتی بوونە، مەرجیشە، دەبێت هەبێت.**

کێ لەئـێوە بیستوویەتی کە لەشکری نەتەوە یەکگرتووەکان چەکی لەوڵاتێکدا نەهێشتبێت؟ کێ لەئـێوە ئەومیللەتەی ئازاد دیوە کەلەژێر ئاڵای نەتەوە یەکگرتووەکاندا پارێزراوە!

ئەرێ مـرۆڤ ئـێوە دەبەنگن یا دووچاری شەلەلی فکری بوون؟ چۆن ڕێگە دەدەن لەشکری نەتەوەیەکی بێکەلتوور دەست بگرێت بەسەر کەلتوورێکی خاوەن کەرامەتدا؟ جیـهان تووشی دەماغ سڕی بووە

وبیرشۆرکراون، هەموو جیهان دەبینێت کە میللەتی نوح زیاترە لەشەست ملیۆن، کەچی هێشتا لەوپەڕی چەوسانەوەدا دەژین! هەموو جیهان دەزانێت کە نەوەی نوح لەژێر دەستی دێوەکانی تورک وعارەب وفارسی خۆفرۆش وڕووس وئینگلیزدا دەچەوسێنەوەو لەناو دەبرێن.
لێرەدا پێتانی دەڵێم سروشتی خێر ڕەسەنترو ماقوڵترو شکۆمەندترە لەشەڕ، لەخێردا شەڕبوونی نییە. من سەلماندوومە کە هەمووگەردوونەکانی خێر تەنها یەک زەڕڕە شەڕی تیادا نییە. ڕاستە شەڕ، مێژوی شەڕ دێرینترە لەخێر، بەڵام دەبێت شەڕ نوچ دابدات بۆ خێر.. چونکە خێر بەردەوامی وڕووناکی وعیشق وجوانی هەمیشەیی دەکات، بەڵام شەڕ دەیکوژێت!
دەتانەوێت سەر لەمن تێکبدەن؟ دەتانەوێت من چەپڵەتان بۆلێبدەم؟ نەخێر من کاری واناکەم، من چەپڵە نە بۆدێو نە بۆدێوپەرست لێدەدەم.. من بەتەماشاکانی مرۆڤ سەیرتان دەکەم، بەتووڕەیی مرۆڤ تەماشاتان دەکەم، فێرتان دەکەم پاکژ پاکژ ببنەوە، دەبێت لەدێوپەرستی دەربازتان بکەم، دەبێت فێرتان بکەم نەبن بەدێو ومامەڵە لەگەڵ دێودا نەکەن، بازاڕەکانتان لەدڵی دێوەکاندا درووست نەکەن.
بەڵکو سنوور بۆ بازاڕەکان دابنێن. دەڵێم مەبن بەدێو تا بیسەلمێنن کە ئێوە خوان! ببن بەمرۆڤ تا خواکان ڕزگاریان بێت.. ببن بەفریشتە تا منداڵەکان و وەچەی داهاتوو بەدێوی لەدایک نەبن، چونکە ئەگەر ژیان وەها بڕوات، دێوەکان بەبێ سەر لەدایک دەبن، بەشمشێرەوە لەدایک دەبن، لچ ولێوی ژیان ودۆعا و ماریا دەبڕن.. گەر وابڕوات منداڵ لەدایک نابێت بەساغی، بەبێدەست، بەکوێری، بەشێتی بەخواری وەکو دێوو دەعبا لەدایک دەبن، وەکو مەرگ ونەخۆشی!
بوون بەمرۆڤ زۆرجوانترە لەبوون بەخوا، ئێوە نازانن خواکان چەند بیری سەردانی مرۆڤ دەکەن، چەند مرۆڤیان لەلا جوانە، چەند داهێنەر تەماشای مرۆڤ دەکەن. خواکان لەپێناوی مرۆڤدا زۆرن، خواکان جوانیی مرۆڤ دەپەرستن، خواکان گەردونەکانیان تەنها لەبەر کەماڵی فریشتەکان ومرۆڤەکان خوڵقاند.. ئێوە لەکەرامەتی مرۆڤ تێناگەن. بە خێر سنوور بۆ دێوەکانی شەڕ دانانێن !
ئەنیشتاین دەڵێت: هەمووجەمسەرە نێگەتیڤەکان ناتوانن جەمسەرێکی پۆزەتیڤ بەبێ مەبەست لەناوبەرن، بەڵام ئەوان دەتوانن. چونکە سروشتی بوون پۆزەتیڤە.
هەروەها دەڵێت: مادده لەناو ناچێت، بەڵام سروشتی دەگۆڕێت.. مادده گیانی هەیە دەتوانێت بە ویست، بە هارمۆنی خۆی دەگۆڕێت.. گیان لەناوناچێت چونکە سروشتی گیان ئەتۆمە، ووزەیە چاوگی زەڕڕاتە.
لەدەسەڵاتی ژیاندا ئەوان سەرداری بوونن نەک مرۆڤ. ئەو زەڕڕاتانەی ناکرێت سروشتیان بگۆڕدرێت، یاخود هارمۆنییان بشێوێنرێت!
لەڕێکەوتا تەنها گیانداری وەک مرۆڤ بژێو دەتوانێت سەدجار بژێتەوە، ئاولەهەمان ڕووبار بخواتەوەو هەمان پەیام دووپات بکاتەوە. بۆیە ڕێکەوت لە هەمیشەییدا هەڵەی بوونەوەرە یان دەشێت ئامانجی بوونەوەر بێت. تا ئەوکاتەی پەیامێکی پیرۆز نەگات، مرۆڤ نامرێت. مرۆڤایەتی پێکەوە گشتیان یەک لەش وگیان ویەک ژیانن.. کاتێک کە کەسێک بەناهەق دەکوژرێت، دەردێک، بەڵایەک، نەخۆشییەک لەژیاندا سەردەردەهێنێت.هەموو ووزەیەکی سوود مەند بە هارمۆنی کارەکانی مەیسەر دەبێت، کە هارمۆنی لەنێوان جوانی و ئاکار و گفتار و هەڵوێستدا تێکچوو، هەمووشتێک تەفروتوونا دەبێت. ئەنیشتاین وایفەرمووە، ئەگەریش نەیفەرمووە، وافەرمووی.

مـرۆڤ نامرێت، دێـو دەمرێت. هیچ شتێک لەهەمیشەییدا تازەو  نوێ نییە، خواو خواکـان لە دەروونماندا هەن ، لەدەرەوەی بووندا بۆ خواوەندو خواکـان مەگەڕێن. چونکە دەروونی پاکی مرۆڤ هێندەی بوونەوەرەکان بەرینە.

مـرۆڤ دەتوانێت خوا بـبـینێت، نەک دێـو.. مەبن بەدێـو بۆئەوەی بیسەلمێنن کە مـرۆڤن.. ئەنیشتاین دەڵێت: ئەگەر دەست بۆگیانتتان بەرن مادده لەناو دەچێت، چونکە هەڵدەوەشێت.. بەر لەوەی دەست بۆگیانتتان بەرن، هەوڵ بدەن ببن بە مـرۆڤ!

کاتێک کەیاریدە بۆ گەلان وجیـهانی سێیەم دەنێرن، لەبری یاریدە چەکیان پێمەفرۆشن! واز لەچەک فرۆشتن بهێنن.. چونکە نـوح دەزانـێـت ئیوە بەو چەکانە خۆتان لەناو دەبەن.. کاتێک کەخۆتان دەزانن ئەوان نازانن بەکاری بەرن. ئامین.

مێرولەیەکی ژیر کە مێرولەکانی تر ناویان نابوو ئاینشتاین فەرمووی: ئێمە میکرۆ کۆمپۆنێنتین و بەهێزتر لە توانای خۆمان کار دەکەین و دەتوانین کار بکەینە سەر ماکرۆکۆمپۆنێنت!

ئازادی بەرەوینەوەی ترس بەدی دێت، هەست کردن بەئازادیی کاتێک دێت کە مـرۆڤ بێترس بژی.. ڕاو نەنرێت زمانی نەبڕدرێت، نەکوژرێت بە ناهەق، گیانی پڕ نەکرێت لەبارووتی ڕق. ئازادیی لە لێبووردن و خۆشەویستی وباوەڕدایە بە پیـرۆزیی مـرۆڤ. جا با هەموومان بە ئاگا بین لەوەی کە هزری گەلەکۆ- دەتوانێت چاوگە شاراوەکانی هزر و هەست و نەست بخاتە کار و ئەنەرژیی مرۆڤ دەیانجار باتەقا بکات.

# تابلۆی نەزیر

یەکێک لەوکۆترە سپییانە کەئاسمانی تەی دەکرد لەو سروەی بەیانەدا، لەوکات وەستانەدا گیانی حەزرەتی
نەزیر بوو.

نەزیر ئافرەتێکە دەمناسی، کە هەرزەکار بووم، هاوڕێی یەکێک لەکوڕەکانی بووم.. ئەو خاوەنی هەشت
کوڕبوو، هەشت کوڕی سەیر، یەکەمیان مەنگۆلی، دووەمیان تورک وسێیەمیان عارەب بوو.. چوارەمیان
کورد پێنجەم فارس، شەشەم ئەرمەنی حەوتەم قوول وهەشتەم ڕووس بوو.

زۆر سەیر بوون ئەو برایانە، هەمووتەمەنیـان لەیەکتری دەچوو، وام دەزانی دووچوارەن وبەدووسک
لەدایکبوون!

من هاوڕێی ئەویەکەیان بووم کە لەعارەب دەچوو، زۆرکوڕی چاک بوو، هەمیشە سەرگەرمی خوێنـدنەوەی
شیعر بوو. ئەو کە لەشیعر خوێنـدنەوە دەبووەوە، هەمیشە باسی باوکی بۆدەکردم.. نەیدەزانی باوکی کێیە
وشکڵی چۆنە؟ چونکە باوکی خۆی نەدیبوو!

دایکی ئەوکوڕانە ئەرمەنی بوو، ئەویش جگە لەوهەشت منداڵە هیچی تروکەسی تری نەبوو. من وامدەزانی
بێوەژنە، نان پێوەریی دەکرد، جلی ماڵانی دەشت. دوکانێکی لەبەردەرگا بۆکوڕەکانی دانابوو،
هەمووشتێکیان دەفرۆشت. باجی نەزیر هەمیشە قەرزار بوو، دوان لەکوڕەکانی خەریکی کرێکاری بوون،
یەکێکیان کەهاوڕێی من بوو، لەقوتابخانە خەوی لێدەکەوت، چونکە دوای خوێندن دەچووەسەرکار.

حەزرەتی نەزیر چاونەترس وکارمەندوئازابوو، هەرگیز پشووی نەدەدا! هەمیشە هەڵپەی بوو ئەوهەشت
منداڵە گەورە بکات. کە لەزیندانەکانی بەعسدا جەللادە بەڕەحمەکان لەمردن ڕزگاریان دەکردن، چونکە
کۆرپەکانی حەزرەتی نەزیر کوڕی ئەو ئافرەتانە بوون کە لەزیندانەکاندا ئەتک دەکران، سکیان پڕدەکرا و
ڕۆشناییان بە چاوانی خۆیان نەدەدی، و کە لە پاش منداڵ بوون یان لەباربردن دەکوژران، یاخود هەر
بەسکپڕی دەسگیر دەکران ولەزیندانددا دەکوژران، کەمنداڵەکانیـان لەبار دەچوو، کەمنداڵیان دەبوو،
گورگەکانی بەعس بەزینـدوویی وبەمردوویی ئەو منداڵانەیان فڕێ دەدایە زبڵدانەکانی دەرەوەی شار.

لەکاتی نەبوونی وبێکاریدا، حەزرەتی نەزیر ئەومنداڵانەی لەسەر سەرەنوێڵکەکان دۆزیبووەوە، لەوکاتەدا
کەبەدوای خۆراکی فڕێدراوو پاشماوەی عەلوەکاندا دەگەڕا، ئەومنداڵانەی دۆزیبووەوە! بۆیە گلیدابوونەوەو
کردبوونی بەکوڕی خۆی!

ئەم نهێنییە تەنها نەزیر و خواکـان دەیانزانی، فریشـتەکانیش باسیان دەکرد!

ڕۆژێکیان حەزرەتی نەزیرم بینی تەنها بوولەماڵەوە، من چووم بەدوای هاوڕێکەمدا، کاتێ کەوەژوور کەوتم،
بینیم ئەو دەگری وهەوڵی دەدا ژیر بێتەوە! خۆی بۆڕانەگیرا، دایە پرمەی گریان وبەسەرمندا گریا، بەدەم
گریانەوە فەرمووی: کوڕم ئەم منداڵانە هیچیان کوڕی من نین.. من ئەرمەنیم، دایک وباوکم تورک
کوشتوونی، لەبادینان گەورەبووم بەعس وتورک ئەوێشیان سووتاند وخەڵکەکەیان کوشت وڕاونان.. ئەوە
شەست ساڵە من ئاوارەی ئەم ماڵ و ئەوماڵم تا بەژیاندا ڕابگەم، تا خزمەتێکی ئەم هەتیوە بێباوک
ودایکانە بکەم.. نازانم چیبکەم، من هێشتا کچم، هێشتا شووم نەکردووە، مێردم نییە، وادەبم بە حەفتاساڵ!

من بەر لەوەی لەدەستی هەژدیها داگیرکەرەکانی بەعس وتورک وفارس هەڵبێم، بەهەفتەیەک بەر لە
دەستپێکردنی ژیانی ئاوارەیی، حەزرەتی نەزیرم لەناو سەنتەری بازاڕدا بینی، ئەوڕۆژە فڕۆکە
جەنگییەکانی ئێران سلێمانییان بۆمباباران دەکرد دژی بەعس شەڕیان دەکرد، کوردیان دەکوشت..

حەزرەتی نەزیرم بینی هاواری دەکرد، هەمووگیانی خەڵتانی خوێن بوو، هەردوومەمکی پەڕیبوو، هەردومەمکی بەدەستەوە بوو، هاواری دەکرد فریام کەون وادەمرم!

کاتێک هەڵەداوان ئەوم ناسییەوە، نەمزانی چیبکەم، فلس لەگیرفانما نەبوو! بەڵام بەتکا تەکسییەکم ڕاگرت، پاڕامەوە تا فریامان بکەوێت.. بەپەلەپروسکێ باجی نەزیرمان گەیاندە خەستەخانە، ئەوێ پڕبوولەمەیتی بێ سەروپێو هەڵوەشاو! باجی نەزیرمان گەیاندە بەردەمی دکتۆرەکان.. هەر ئەوڕۆژە کوڕەکانیم ئاگادار کردەوە.. ڕۆژی دوایی چووم بۆسەردانی باجی نەزیر بۆ خەستەخانە.

بینیم باجی نەزیر خواحافیزی لەهەندێ ئافرەت دەکات! چوومە خزمەتی، شووشەیەک شەربەتم پێبوو، دامە دەستی و بە سەرسووڕمانەوە هەواڵیم پرسی! هێشتا لەدۆخی سەرلێشێواندا پەشۆکاو دیار بوو، کەچی بەتەما بوو لە نەخۆشخانە دەربچێت!

چاوەشینەکانی پڕبوون لەئازار؛ جێگەی تەماشاکانی من تەسک بوون، سنگی بەلەفاف بەسترابوو، بێ ئەوەی بڵێت ئاخ! بەمنی فەرموو: کارت ڕازبێت کوڕم، خوالەگوناهەکانت خۆش بێت، من قەرزاری تۆم، تۆ نەبویتایە دەمردم دوێنێ! ئەم ئێوارەیە میوانی من بە، چاوەڕێتم ها!

وای فەرموو ڕۆیشت، دیار بوو پەلەی بوو! بەترسەوە دوای کەوتم، ووتم: باجی نەزیر بۆکوێ دەچێت، تۆبرینداریت؟

فەرمووی ناکوڕم، باشم، سنگیان سووتاندم ولەودوو مەمکە توورەکەیە نەجاتم بوو.. دەبێت بڕۆم مشورێکی کوڕەکانم بخۆم، دەنا لەبرسا دەمرن.

من موچڕکە بەگیانمدا دەهات، نەمدەزانی بڵێم چی! پارەی تەکسیشم پێنەبوو، ئەو بەپێ دەڕۆی منیش لەتەماشای عەبەسدا سەیرم دەکرد تا لەچاو وون بوو! ڕۆیشت، نەکەوت.

باجی نەزیر تەلیسم و سیمای کچێنیی هەرپێوە دیار بوو، گەرچی پیر بوو، لەوەدەچوو خۆی نەزانێت تەمەنی چەندە، چونکە خوێندەوارییی نەبوو، پێدەچوو شەستوشتێک بێت! ئەو زۆر بەئەدەب وگوێگرو لەب شیرین وکارمەند بوو.. منیشی وەکو کوڕەکانی خۆی خۆش دەویست، منیش ئەوم وەکودایک خۆش دەویست.. هەرکاتێک پارەیەکم دەست بکەوتایە، یاکارێکم بکردایە، دەچووم لەبەردەرگای ئەوان یالەناودەرگاکەدا دادەنا، تایەکێک لەمنداڵەکان دەیاندۆزییەوەو دەیاندا بەدایکیان.

چونکە ئەو یارمەتیی لەکەس وەرنەدەگرت. بەڵام کاری بۆهەمووماڵێک دەکرد. من کەتەماشای تروسکەی چاوە شینەکانیم دەکرد، سڵم لەکەرامەتی دەکردەوە، خۆشم دەویست وەکو مـرۆڤ، وەکودایک. هەستم دەکرد باوەڕی پیـرۆز لەچاوەکانیدا پرشنگ دەدەن، پڕمدەکەن لەحورمەت، لەگیانی ئافرەت.

حەزرەتی نەزیر زۆرئازابوو، هەرگیز گلەیی نەدەکرد، نەخۆش نەدەکەوت، ئازاو بوێر بوو، بەرز هەمیشە بەرز دەفڕی، دەیگوت ئەم منداڵانە دەکەم بەدکتۆروئەندازیار .. تامن لەکوردوستان بووم دووان لەکوڕەکانی کوژران، سیانیشیان بێسەروشوێن بوون، هاوڕێکەم بەرلەمن هەڵهات بۆشاخ. نازانم باجی نەزیر خۆی چیی بەسەرهات؟

بەڵام باڵلێکدانی کۆترەکان یادی ئەو دەوروژێنن لە هەست وویژدانی مندا، هەست دەکەم گیانی ئەو ئازادە لەئاسۆدا، لەسروەی ئەوبەیانییەدا.. کەکات وەستا.

مێرولەیەکی خرپن فەرمووی: خاتوو نەزیر بە تێڵا شەڕی لەگەڵ ئەهریـمەنەکانی بەعس دەکرد، لە ئینتیفازەدا یەکەم ئافرەت بوو کە خۆی گەیاندە زیندانی ئەمنە سوورەکە، لەوێ بەدوای کووڕەکانییدا دەگەڕا.. بە تێڵا لە ئەمنە چاو سوورەکانی دەداو دەیگووت: من بیست ساڵە منداڵی فرێ دراو بە خێو دەکەم.. ئەی کافرەکان چۆن لەخۆتان خۆش دەبن، کوان کوڕەکانم؟

مێرولەکانی تر فەرموویان خوا لێی خۆش بێت.

**مێرولەیەکی پیر فەرمووی: کوردو گەلی زاگرۆس بەر لە مێژووی دێرینەوە، پرۆسەی بەجیهانی بوون ڕێباز دەکەن. کوردەکان هاوهەست و هاوگیان و هاو بیرو هاوخوێنی هەموو میللەتێکن. بەڵام مووخابن دێوەکان هاوژینی نافامن ؛ بۆیە کوردو گەلی نوح قووربانیی زۆریان داوەو تا ئێستاش لەدەستی دێوەکانی تورک و عەرەب و فارس دەناڵێنن. چونکە گەلی نوح باوەڕیان بە داگیرکردن و هەڵکووتانە سەر کەلتوورو مافی گەلانی دی نییە. بۆیە زۆر ڕەوایە جیهان دەنگی ئازادی بۆ ئەوان بدات.**

# تابلۆی شێت

کەکات وەستا، کەپیرشالیار دابەش دەبوو، زەڕڕاتی ئەو لەمێژساڵ بوو بەرکەرامەتی من کەوتبوو، بۆیە من هەستم بەئازادی دەکرد کەکات وەستا، گەرچی هەمووشتێک وەستابوو، من تەنها لەتەماشادا وەستا بووم، نەک لەکاتدا، بۆیە لای من کات دەسوڕا، بەڵام ساڵ ومانگ و ڕۆژو سەعاتەکانی من هێندە دووپات بوون، هەستم دەکرد وەستاوم، بەڵام وانەبوو، لەبیرمدا من هەرگیز ناوەستم، دەنا نەمدەتوانی لەدواییدا ئەم تابلۆیانە بکێشم..

من وەک ئەو لەخەیاڵ وفەنتازیما دابەش دەبووم، هەستم دەکرد ویژدان وبیرو ئومێدەکانم پەخش دەبن.. دەمتوانی بنووم، هەستم، بڕۆموو کون وکەلەبەری جیـهان ببینم.. ببم بە هەر شتێک، ببم بە ڕووەک وتەماشای ناخی زەوی بکەم، دەمتوانی ببینم.. بە بینینی نوێ و جیـهانی، هەزاران هەزار فریشـتەمنداڵی برسی و ترساوو بێئومێدم دەدی.. هەزاران زیندانی بێتاوان، هەزاران هەزار لچ ولێوی بڕاو سەری بڕاو قریشکەی گیراو ومـرۆڤی بێقۆڵ و بێباڵ و بێسەرم دەدی.. نەخۆشیی سەیرسەیرم دەدی، دەچوومە خەستەخانەکان، قەبرسانەکان، کەنیسەو مزگەوتەکان، ڕۆدەچوومە دڵ و دەروونی خەڵکەوە، هێندە بچوک دەبوومەوە کە لەهەست و تەماشایاندا جێگەم دەبووەوە. زۆرم حەز دەکرد جوانێک بمبینێت، یابزانێت بەدەممەوە پێبکەنێت! حەزم دەکرد ئامۆژگاریی دێـوەکان بکەم بەباسی سروشتی مـرۆڤ، سروشتی خۆم.

لەنەخۆشخانەیەکی دەروونیی دورگەی هەستکردن بەکەمیدا، قریشکەیەک ڕاپێچی کردم.. لەخەو ڕای پەڕاندم، نەمتوانی نەیبینم وتەماشای کەرامەتی نەکەم، چونکە خاوەن قریشکەکە منی دەدی بەهەمووگیانی منی دەدی..**ئەو ئافرەتێک بوو زۆر سەیر! لەتابلۆی زریکەی ئێدوارد موونکEdward Munche= هاتبووە دەر! یان یاخی بووبوو، بۆنی ڕەنگی ڕۆنی لێدەهات، کتومت لەحەزرەتی ماریا دەچوو!** وڕوگێژ بوو! بۆنی جگەرەو ئەلکهولی لێدەهات، پرچی تێکەڵ وژاکاو، ڕوومەت ڕندراو، لەش خوێناوی، لەژێر قەپاڵ وگازی دێـوەکاندا بە باڵی هەڵکەنراویەوە دانیشتبوو دەنووزایەوە، دەگریاو دەیقریشکاندوو دەیکێشا بەسەری خۆیدا، لەخۆی دەدا! لەپڕ گریانی تێکەڵ بە قاقا دەبوو! هاواری لێدەکردم ئەم جنۆکەو دێـوانەم لێ دووربخەرەوە!

من بەر لەوەی خۆم بەتەواوی ئاگاداری ئامادە بوونم بم، ئەو بەئاگا بوو لە ئامادە بوونم..

خۆی نووساندبوو بەدیوارەکەوە، نیوەی لەشی شاردبووەوە، نیوەکەی تریشی تەنها دەم وسەرو دەست و چاوی بەدەرەوە بوو.. بەر لەڕەنگی تۆراوی دەنگیم بیست، هەستیم بینی! لەکونی دەرگای قاوشی خەستەخانەکەوە خۆمم کرد بەژووردا، لەترسا منی دەبینی وباوەڕیشی نەدەکرد! چونکە ئەو لەجیـهانی ڕاستیدا ومن لەجیـهانی خەوندا بووم، بینیم کت و مت لەحەزرەتی ماریا دەچوو. دەستێک بەرگی دڕاوی لەبەردا بوو، پەڵەی خوێناویی پێوە بوو.. ڕوخساری گشتی ڕندرابوو، بەڵام جوانییەکی پیـرۆزی پێوە دیار بوو..

چاوەکانی پڕبوون لە داوای بەزەیی.. لەژورێکی دەرگا لەسەر داخراودا لەبەرخۆیەوە دەدواو خۆی دەشاردەوە، دەیویست بچێتە ناودیوارەکەوە، لێوەکانی دەلەرزین لەخەم و حەسرەتا، تەماشاکانی دەگێڕا بەگەردوونی مندا، هەستی دەکرد من دەبینێت!

دەیبینیم! کەچی لەژێر دۆشەک وبەتانی و سەرچەفدا بۆ من دەگەڕا، دەیزانی لەوێم! کەنەیدەتوانی بمگرێت، دەیدایە پڕمەی گریان ودەیگوت: من دێـوێک شێتی کردم، هەزاران دەورەیان داوم!

پاشان خاودەبووەوە وهەمان لێولەرزۆکێ بە چپە باسی بەسەرهاتەکانی خۆی بۆمن دەگێڕایەوە، دەیگوت خەتای من نییە. من منداڵ بووم.. من هیچم نەکردووە..من دڵی خوام نەشکاندووە.

من لەبەرچاویدا وەستابووم، دەمویست لەمسی بکەم، لەباوەشی بکەم، بەڵام نەمدەتوانی چونکە لەشم ڕاستی نەبوو.. چونکە تەنها پرشنگی گیانم لەوێ بوو! بەڵام کاتێک بینیم هێمن دەبێتەوەو تەماشاکانمان بەریەکتری دەکەون، ڕۆچوومە ناو هەست وبیرو سۆزی یەوە، چوومە ناو تەماشایەوە.

ئای لەوجیـهانە سامناکەی ئەوئافرەتە هەیبوو! لەناوهەست وبیرودەروونیدا دەیان دێـوم بیننی سەریان لە سەری تیمساح وگورگ دەچوو! دێـوێکی ترم بینی تاریک، شاڵاوی بۆ هەستەکانی منداڵیی ئەودەبردوو

دەیگەزین، ملقرتی دەکردن، سەری تەیروتوورەکانی سەردەمیی مندالّیی ئەویان دەبڕی، داغیان دەکرد دەیانترساند ودەوەڕی..دێـوێکی ترم بینی قەپالّی دەکرد بەگۆشت وخوێنی ئەودا!

خۆمم بۆ نەگیرا فەرمووم: کش. خت، خوو، هەلو.. بەلامەوە سەیر بوو، دێـوەکان ترسان ولەجێگەی خۆیان بچووک بوونەوە! هەڵپروان ونەمان، هەستم بە دلاوەری کرد لەونەبەردەدا. بۆیە کەوتمە وێزەی گشت دێـوەکان، یەکە یەکە هەموویانم ڕاونا، هەموویانم هەڵپرواند بەتەماشا بە خت، بە کش.

وەکچۆن حەزرەتی ئیبراهیم بتەکانی ورد دەکرد، منیش ئەوها دێـوەکانم وردوخاش دەکرد. بەتایبەتی دێـوەکانی ناودەروون، دەتوانین هەپرون بەهەپرونیـان بکەین. توانیم هێـندەی یەک ودوو، یەکبەیەکی دێـوەکانی ناودەروونی هەڵپروێنم.. داماوە هەر لەمندالّییەوە لەشەڕدابوو دژی دێـوەکان.. نەیتوانیبوو بەتەنها بەرەنگاری ئەوهەمودێـوانە ببێتەوە، هێندە ئازاری خۆی دابوو، لەنەبەردا وای لێهاتبوو لەخۆی بوبوو بە دێـو، چڕنووکی لەخۆی دەگرت، قەپالّی لەخۆی دەگرت، لەخۆی دەدا، خۆی زاماردەکرد.

هەندێک جار مـرۆڤ لەپێناوی بینینی تاکە گوێگرو هاودەمێکی ڕاستەقینەدا چەند سالانێک دەکەوێتە ژێر هەڵمەتی دێـوەکانی دەروونی خۆیەوە! مـرۆڤ بەتەنها لاوازە، هەموو مـرۆڤێک ناتوانێت بەتەنیا بەرەنگاری ئەو هەموو دێـوانە ببێتەوە کە هەڵمەتی دەکەنە سەر! هەندێکجار تەماشایەک دەبێتە فریاد ڕەس.

پاش ئەوەی من ئەوکارەم کرد، بینیم ئافرەتەکە لەدۆخی دانیشتنندایە.. بەرەبەرە لەدیوارەکەش دێتە دەر. بینیم مەست بوو، حەوایەوە، خاوبووەوە، پاشان ڕوخساری نووری لێنیشت، ڕوخساری گەشایەوە.. بریسکەیەک لەچاوانیدا داگیرسا کەزۆرجوان بوو.. گیانی پڕبوو لەهێمنی ودڵنیایی.. لەهەستکردن بەجوانی.

ویستم بێمە دەرەوەو لە دەرونیا نەمێنمەوە! بەڵام ئەو هەردوودەستی قفڵ کرد، زۆرشیرین لێم پاڕایەوە.. فەرمووی: توخوا، بەتەنها بەجێم مەهێڵە.. لێرە بە مەڕۆ.. لەگەڵمابە تا پشویەک دەدەم.. داگیرسێ لەدەرونما.

من چونکە هەستیارم، تەنها بەهەستیش لەوێ بووم، نەمتوانی دڵی بشکێنم، مـرۆڤی هەستیار ناتوانێ دڵی کەسێکی تر بشکێنێت. لەدەرونیدا بەڕۆشنی مامەوە.. وەک مۆمێکی داگیرساو لەناو قەبرسانێکدا کز دەسووتام.

بەرلەوەی ڕۆبچمە دەروونیەوە دڵنیا بووم لەوەی کە دەتوانم بێمە دەرەوە.. بەڵام چونکە ڕووداوەکە لەنێوان خەون وڕاوستیدا بوو، سەرم لێتێک چوبوو، هەروەها بەزەییم بۆئەو گەورەبوو. چونکە کەگوێم لەقریشکەی گریانی بوو، نەمتوانی نەتوێمەوەو دانەگیرسێم بۆی. بۆیە بەزەڕڕاتی بوونیدا بڵاو بوومەوە، هەست و بیروسۆزەکانیم دەبردە پەرستگای گیانمەوە، دەمبردەناو درەختی زەمانەوە، لەوێدا هەست وبیروسۆزەکانیم ڕووت دەکردەوە، بەدەستێکی نەرم و میهرەبان، بەئاستەم لەمسی یەکەیەکەی فریشـتە ساواکانیم دەکرد، دەمشێلان، گەردوتۆزم لەسەرپاکژدەکردنەوە، دەستم بەدڵەکانیـاندا دەهێنا، پەنجەرەو ڕاڕەوەکانی تەماشاکانیم پاک دەکردەوە..قژی بژیم شانە دەکرد، لەخەونەکانیا تابلۆ خوارهەڵواسراوەکانم ڕاست دەکردەوە. کەمێک نووست، پشوی دا.. پاشان بێداربووەوە!

پاشان بینیم لەخەو هەستا.. تەق تەق تەق لەدەرگای ژوورە لەسەر داخراوەکەی دا. من لەمینبەری پەرستگای دەروونیدا چاوم نابووە سەر یەک، قووڵ ڕۆچووبووم لەتەماشادا، لەتەماشای ئەودا کە زۆر لەحەزرەتی ماریا دەچوو. بیرم لەجوانیی مـرۆڤ دەکردەوە، ڕامابووم لەسەرسووڕماندا، تەنها هەستم بەدڵنیایی دەکرد لەتەماشاکاندا!

چاودێرە پاسەوانەکان دەرگایان لەسەرکردەوە.. شەرم دەستی بەسەرداگرتن.. چونکە بینییان ئافرەتێک کووت و مت لەحەزرەتی ماریا دەچێت، بەزمانێکی ڕەسەن وشیرین دەدوێت، بزەیەکی ئەفسووناویی شیرین لەسەر لێوێتی، چاوەکانی پڕن لەنوور. سەریان سووڕما گشتیان، دەستیان گرت بەسنگیانەوە، فەرموویان بفەرموو خانم، چیت بۆبکەین؟

فەرمووی: دەمەوێت خۆم پاکژ بکەمەوە، بەرگی بەرم بگۆڕم. دەتوانم؟ ووتیان: بێگومان خانم.

کە چووە ژووری خودشۆرین، کەجلە پیسەکانی داکەند، لەشیم بینی هەم لەپێشەوە، هەم لەدواوە.. جوان، سپی، پەمەیی پرتەقاڵی.. تووکە نەرمە ووردەکانی نووریان لێ دەباری، لەخوارپشتی، لەسەر مەچەکی پرچی..سنگی، باسکی، بازووی، ڕانی مەمکی، سکیم بینی دەتگووت کاراڤاجیۆ وڕامبراندت وڕۆداین بەهاوکاری دروستیان کردووە! هەر پارچەیەکی لەشی لەپارچەکانی تری جوانتر بوون، ناسکتربوون، بەڵام بێبرین نەبوون.. فەرمووی شەرم لە تەماشای جوان مەکە.

من کەمێک تەریق بوومەوە، وامزانی ئەو هەست بەمن ناکات، وام زانی لە دێـوپەرستەکانە، بەڵام ئەویش منی دەدی.. فەرمووی: تۆلە مندا ئازادیت، تەماشاکانت بەردە، بەئازادی بەگەردوونی مندا بڕوانە و بفڕە.

کاتێک کەخۆی پاکژکردەوە، کەمێک دەستی هێنا بە خۆیدا، دەستی دەگێرا بەسنگ ولامل وسک وڕانی خۆیدا، پاشان دەستی لەسەر ڕان و سمتی هەڵدەخلیسکا.. دەستی یاریی دەکرد لەگەڵ دەستی خۆیدا.. من لە دڵۆپێ خوێنی ژێرپەنجەی شایەتمانی دەستی ڕاستیدا قەتیسمابووم، گەرم گەرم داهاتبووم، چونکە تەماشای ئۆخژنی یەکەمی گیانی ئەوم دەکرد. لەخۆشیدا بەدەنگی منگ ونووزە وئاە بەچپە دەیفەرموو پاکژ دەبمەوە..پاکژدەبمەوە، پاکژدەبمەوە.

دوای ئەوەی کەتەواوبوو، ئافرەتێکی چاودێر لەدەرگای دا: تەق تە ق تەق.

فەرمووی:فەرموون.

ئافرەتە چاودێرەکەش کە کووت و مت لەحەزرەتی ماریادەچوو..سڵاوی فەرموو خاولییەکی سپی ودەستێک بەرگی سپی، نا سەرچەفێکی سپیی پێبوو، لەسەر سەبەتەیەک دانان و پشتاوپشت بەسەری ڕیزدانەواندنەوە بەرەودواوە کشایەوە. لەناودەرگاکەدا لەسەر ئەژنۆ دانیشت وسڵاوی دووەمی دایەوە.

نازانم ناوی چی بوو؟ هێشتا ناوی خۆی نەهێنابووە سەرزار، گەرچی ئافرەتەکە نەرویجی بوو درەنگ زانیم کە ناوی ماریا بوو.

کاتێک خۆی پاکژکردەوە، خۆی هیشک کردەوە، پرچی شانەکردو سەرچەفەکەی پێچا لەخۆیەوە، چووە بەرئاوێنەکە.. لەگلێنەی چاوی خۆیدا بەعەشقێکی پڕلەکەرامەتەوە تەماشای ناوچاوانی خۆی دەکرد..

شەرمی لەکەرامەتی خۆی دەکرد، هەستم دەکرد من ئەوم و تەماشای خۆمم دەکرد، شەرم دەیگرتم، شەرم دەیگرت. **مـرۆڤ کاتێک دڵنیا دەبێت لەتەندروستیی خۆی کە شەرم لەخۆی و لەوانی تریش بکات! ئەو مـرۆڤەی شەرم ناکات، دێـو داگیری کردووە، بەبێ شەرمی دەژی، نەخۆشەو هەر کارێکی ناجۆریش دەکات. مـرۆڤ بەوە لەگیاندارانی چوارپێ جیا دەبێتەوە کە خاوەن شەرمە!**

لەو شەرمە ماریا کردەدا ..لەو دڵ ودەروونە شیرینەدا، لەوگیانە پاکە بێنازەدا، لەوجوانییە بێخەوشەدا، لەو گیانە پڕکەرامەتەدا بەدیلی مامەوە، دیلێکی ئازاد، بۆم هەبوو بە گەردوونیا بخولێمەوە. ژەمەخۆراکم تەماشا بوو، تەماشای جوانی، شکۆ، مهرو دادو شەرم و بەزەیی. هەستم دەکرد خۆشی دەوێم وخۆشم دەوێت.

کاتێک سەرچەفەکەی لەخۆیەوە ئاڵاند، کاتێک منی لەگلێنەی چاوەکانیدا بینی.

کەوەدەرکەوت لەقاوشی خەستەخانەکەدا، چاودێرەکان دەست لەسەرسنگ ڕاوەستابوون، تەماشا وسڵاویان دەکرد. گشتیان لەچاوانی ئەودا داوای شفاو بەخشندەیی و بەزەییان دەکرد.

ئەویش تەماشای گشتیانی کرد، گشتیانی بەخەندەکانی شفاکرد.. بەرەودەرەوەی نەخۆشخانەکە خۆی برد، ویستی بگەڕێتەوە لای کوڕەکەی، کوڕێکی لاووقەلەندەر.. لەبەر دەرگای خەستەخانەکەدا مەسیحێکی داڕماوی بینی، ڕاوەستابوو داوای پارەی ووردەی لەم و لەو دەکرد.. ئەویش ئەوی وەکو خاجێکی خوارەوەبوو دابەسەرشانی چەپیدا.. ئەوی بەبێ ئەرک لەسەرشانی خۆی نا.. لەکۆڵانەکان لایدا..

ڕۆیی، ڕۆیی تاگەیشتە تولەڕێگەیەک، تولەرێیەکی ڕۆشنی بینی، ڕۆیی بەرلەوەی بگاتە پردەکە بینیی وامـرۆڤێک دەڕوات، مـرۆڤێکی مەزن، گێژەڵووکەو ئاگرو زەریا لەدەوری دەگەڕێن وسووڕدەخۆن! لەتەکیدا دەڕۆن، پڕە لەگیانی باڵندەو گیاندارانی سەرزەوی!

دەڕواوپڕە لەڕۆشنایی.. بەسەرسووڕمانەوە، بەرەو پردەکە چوو، بەرەولای مـرۆڤی بێـوڵات و بێیاڵا چوو.. هەروەکوو دەروون پاکژەکان ؛ وەک سۆماو لیینا تولەڕێگا ڕۆشنەکە وپرد و مـرۆڤی بێـوڵات و بێـئاڵا بـبـینێت. من لەخۆیدا وخۆی لەمندابـبـینێت. بۆیە کەوتمە یادی سەردەمێکی ترەوە! خەونەکانم یاد دەهاتەوە.

**شەوێکیان لەخەوما شێتێکم بینی** بە ناو ئاگری جەنگ و ئەڵغاما ڕای دەکرد! نا بیوورن دەڕۆی! ئازاد بوو نەدەترسا، هیچی لێ نەدەهات.. بەچاوی خۆم بینیم بە مێژووی هەموو شەڕەکاندا گەڕاو هەموو جەندرمەکان لوولەی تفەنگەکانیـان لەسەر پشت وڕووی ئەو نیشانە لێدەگرتەوە.. ئەویش دەڕۆی!..

باوەڕی بەکەرامەتی خۆی بوو.. دەڕۆی فیشەک ومووشەک وگولەی تۆپ ئەویان نەدەپێکا!

چونکە نیازی پاک بوو، چونکە بێبەری بوو لەشەڕ، چونکە لەشەڕ نەدەترسا.. دەڕۆی بەدوای گیانی خۆیدا دەگەڕا، بەدوای عیشقی خۆیدا دەگەڕا.. وون بوو بوو لەگەڕاندا! بیری لەلای مەم وزین بوو.. ڕۆمیۆ و ژولێت-ی دەخوێندەوە کە مت دەبوو.. لەگەڵ نـوح دا لەکەشتییەکی پارێزراودا لەناو جەرگەی شەڕدا کۆچی دەکرد. نازانم چی؟ کێ ئەوی دەپاراست!

مێرولەیەک فەرمووی: هەن لە نێوان مـرۆڤەکاندا هەمیشە پارێزراون، هیچ شەڕێک لەناویان نابات. هەن مـرۆڤن.. لەو مـرۆڤانەی کەمن دەیاننامسم.. جۆرێکن لە مـرۆڤی پیـرۆز.. پەیامەکانی حەزرەتی مارياكان ومەسیحەکان بە ڕاستگۆیی دەگەیەنن.. لە شەڕو درۆ دەترسن.. گوناه ناکەن.. من دەیانبینم. هەندێک ڕاهیبە هەن لە کەنیسەکاندا دەڵێی چراخانی دەروونمن.. وەک پەپوولەی ساوا دێن و دەچن.. تەماشام دەکەن، تەماشایان دەکەم.

ئەوان مێرولەکانی ئەم داستانەی منن.. ئەوان باوەڕی گیانیی منن.. لە کەشتییەکدا پێکەوە دانیشتووین.. من غەرقی بەرگی سپییم و ئەوانیش سپی پۆش، سپیی مەیلەو کووژەکەیی، مەیلەو پرتەقاڵی یان ئاوێزەیی.. یەکێکیان شمشاڵی لەدەستە، ئەوی تریان فلووت.. سێیەم کەمانچەی لەدەستە.. چوارەمیان قیسارە ژەن، پێنجەم پیانۆ ژەن.. شەشەم دەف و دەهۆڵ ژەن..

**حەوتەم لەوان نەبوو.. چونکە مرۆڤێکی کەمێ دێوپەرست و لاسار بوو و جار ناجار لاسایی دێوەکانی دەکردەوە.. بەڵێ خوێنەری بەڕێز.. سەرتان نەیەشێنم حەوتەم ئافرەتێکی سەیر بوو بە نیگاو تەماشاکانی من.. درۆم نەکردبێ لە هەر جێگەیەک ئەوم بینیبێت ، وانەیەکی نوێ فێربووم لەم زیندانە ساردەدا! حەوتەم ئافرەتێک بوو نامۆ بە جیهانی مێروولەکان و حەزرەتی ئافرەتەکانی دەروونم.. بە هەموو موعجیزەکان و دەسەڵاتەکانی جوانییەوە، دەیبینم لە تەنافێکی ناسکی زۆر تەنک چنراو لە تەنافی جاڵـجاڵـۆکەی مەزن.. لە تەنافێکی کووژەکەییدا هیچ ئامێری پێ نییە! .. توومەس گشت گیانی ئامرازن.. تەماشاکانی، خەندەکانی، ووتەکانی، بزووتن و سەمای کردووە بە ئامێری خۆی.. هاتە ناو کەشتییەکەوە، ڕاهیبەکان سەریان سووڕما! مێروولەکانم ترسان.. هەرچی هەبوو و نەبوو لە گیانەکانی ناو دەروونم ـ گشتیان واقیان وڕما و**

به کۆراڵ فەرموویان بەڕێز، حەزرەتی نـوح، بۆت نییە کەسێک بهێنییتە کەشتییەکەوە کە ئامێر ژەن نییە، کە هونەرمەند نییە. کە باوەڕی بە فەلسەفەی خامۆش نییە!

بە شەرمەوە فەرموومم: ئاخر ئەمە ئەننا لیزایە.. بە زمانی زەردەشتی یانی: ئەننا هیینا-.. ئەمە فریشـتەی نەجاتە!

ڕاهیبە فریشـتە شێوەکانم هەستانە سەر پێ.. پاشان چوونە ڕکووع.

ئەننا لیزا هاتە پێش.. بە تەماشایەک هەموو ڕاهیبەکانی بەخشی، بە خەندەیەک هەموو گوناهەکانی تەمەنی مـرۆڤیی پاک کردمەوە.. لە هەموو گوناهەکانم خۆش بوو. پاشان بە دەم سەماوە ئاهەنگی تووڕەبوونی بوونەوەری نیشان داین.

بە سەمایەکی سیحرین کۆمەڵێک فلاش باکی بوونەوەری نیشان داین. گشتمان غەرقی تەماشا بووین و زمانمان نوتقی لێبڕاو هەموو گیانمان پڕ بوو لە تەماشا!

مێرولەکان= ڕاهیبەکان فەرموویان: بەڕێز حەزرەتی نـوح تۆ لەو سەمایە تێ دەگەیت؟

منیش نەمزانی چی بڵێم وچی وەڵامێکیان بدەمەوە!! لە بەر خۆوە بە واقوڕماوی فەرموومم: لە خوودی ئەنناهینا یان ئەننا لیزا بپرسن. فەرموویان ئێمە تەنها سەر بە باوەڕی تۆین، ئێمە نمایندەی باوەڕی باوکی خۆمانیین.

فەرموومم: کچەکانم.. من باوکتانم، گیانی باپیرانتانم.. هاتووم پەیامی نوێم پێیە. هاتووم باسی ئەفسانەکانی تەماشام پێیە.. گومان لە فەرموودەکانم مەکەن. من پەیام بەری جوانییم.

مێرولەکان فەرموویان: جوانی لە باوەڕی نـوح-دا موتڵەقە، موتڵەق.. هەمیشەیی.. باڵاو پیـرۆزە لە زانستی خامۆش دا.

مێروولەیەکی عاشق تاوی دایە هۆرە و ئاوازێکی بۆ هات.. بە هەست و سۆزێکی سەیر خوێندی:

سەیرکەن وا هات، ئەوەی کە چاوتان دەیبینێ ـ بەشێکی کەمە لەوەی کەمن هەستی پێدەکەم..

چونکە هەن لە ناوماندا.. کەس نازانێ کێن و چین!

جا گەر باوەڕیش نەکەین؛

ئەوان هەن ..هەن.. هەر دەڵێی خودی فریشتە و پەرین!

کێ دەزانێ ئەوان زادەی چی دەست و هەست و بیرێکن!

کێ دەزانێ ئەستێرەی ئەوی تر دەکەوێتە کام گەردوونەوە و

دەشێت هێشتا کەس ناوی بەهەشت و گەردوونی خۆی نەزانێت!

# تابلۆی مەمو زین

چەندسالێک بەرلەوەی کات بووەستێت، سەردەمانێک بەتەنها دەژیام، هەستم بەغوربەت دەکرد، بەزەییم بۆخۆم دەرەنجا، لەوپەڕی قەرەباڵغیدا، لەناوهاوڕێ و خزم وکەسی خۆمدا بێگانەییم هەست پێدەکرد، تارۆژێکیان بڕیارمدا وڵاتی داگیرکراوم بەهەژدیها بەجێ بهێڵم، چونکە هەژدیهاکان توانییان هەموو جوانییەکان داکرۆژن، منیش لە هونەرو جوانـیدا تواببوومەوە، هەستم دەکرد مانەوەم لە ناو شەڕو دەلەسەی دێـوەکاندا ژەنگ دەگرێت یان دادەڕزێت.. بۆیە بڕیارم دا دوای عەشقی بێگەرد بکەوم.. پێم چاتربوو، بڕۆم بەدوای کڵاوی بابردوودا بگەڕێم ـ دایکم گۆتەنی! چونکە وەک لەسەرەتادا فەرمووم، من زۆرباوەڕم بە وزەی عەشق هەبوو. وامدەزانی دەسەڵات وگەردون وسنوری عەشق ناکۆتاییە.. وام دەزانی عیشق دەتوانێت مـرۆڤ بگەیەنێت بە مەزنترین پلەو پایە! ڕۆیشتم. بڕیارم دا بە عیشق و هونەرو جوانی شەڕ لەگەڵ جیـهان بکەم و ئازادی بۆ میللەتی نـوح مەیسەر بکەم. باوەڕم وابوو دەتوانم. چونکە من خۆمم بە جوان ناس و هونەرمەند دەزانی.

من خۆمم بە جیـهان پەروەر دەناسی.. دەمتوانی ڕەخنە لە سارتەرو کامۆ و نیتشەو کارل یۆنگ بگرم.. دەمتوانی بە ئاسماندا هەڵزنێم و باوەڕی مووساو عیسا لە پرچی خۆر بڕنم و نیشانیـان بدەم کە من جوانی دەخوڵقێنم.

ئەوانیش ترسابوون، دەیانووت: ئەی لە دێـوەکان ناترسییت؟

فەرمووم نەخێر.. من باسی جوانی بۆ دێـوەکان ناکەم، چونکە تێی ناگەن. من هاتووم بۆ ئەوانە دەدوێم کە نە بوون بە دێـو.. کە خۆیان بە مـرۆڤ دەزانن. من دەنگی نەوەی نوێم.

بۆیە بڕیارم دا پشت بکەمە شەڕ بۆ هەمیشەیی.. دیاری خۆمم بە جێ هێشت، دایک و وەتەن.. خوشک وبراو هاوڕێ.. خۆشەویستی لەدەست دەرچووم بەجێ هێشت ، دەرئەنجام کەوتمە دەروونی جیهانەوە و بەستەڵەک قووتیدام!

بەسەر داروبەردودڕکا ڕۆییم، بەسەر شاخ وبەرزایی وهەورازا هەڵگەڕام، دوای دوودانە ساڵ خولانەوە لەگەردوونی عەشقا کەوتمە ناوجەرگەی کەرامەتی عەشقەوە.. بەدوایدا کەوتمە ناودەروونی یەکێک لەهەژدیهاکانەوە.. لە دەروونی هەژدیهاکەدا بینیم یەک مەملەکەت دەژی، لەناو دەروونی هەژدیهاکەدا دەمتوانی بگەڕێم، ببینم، تەماشا بکەم! لەڕادە بەدەر جوانـییم بینی ، لەدەروونی هەژدیهاکەدا توشی عەشقی کیژۆڵەی ئێرانی وتورک وعارەب دەبووم. توشی عەشقی پاکستانی و هیندی دەبووم، تووشی نەخۆشیی عەشق بووم، عەشقی چاوی شین و پرچی زەردوسوورو ڕەنگاوڕەنگ بووم.

لەوڵاتی ئێران هەرساتەو جۆرێک عاشق دەبووم، عەشقم بوبوو بە حەربا، ڕاستەوخۆ هەرجوانییەکم دەبینی عەشقی دەبووم، هەرشیعرێکم دەخوێندەوە بەرەو دەروونی عیشق ڕاپێچی دەکردم، هەر تەماشایەکم دەکرد، عەشق سیحری لێدەکردم و دەبووم بەوەی کە دەمدی، دەبووم بەوەی کە هەستم پێدەکرد، دەبووم بەکەماڵی حافیزو خەیام وسەعدی.

لەنیگاکانی ئافرەتدا دەمدی ژیان سەما دەکات، بەزەڕب وسەنتوور ونایەکی گیانخرۆشێنەر، برینە دێرینەکانی سەر هەست و بیرو دەروونمیان تیمار دەکرد.. تەماشاکانی ئافرەتی ئێرانی دڵ ودەروونی منیان دەخستە سەر باڵی قەقنەس، دەیانگوت ڕاپێچە ئەمە ڕەشتییە لە عیشقا.

وای لەجوانی وشەرم ونازی ئافرەتانی ئێرانی!

که لەگەرووی دێـوە توکنەکانی ئاخون وئیمام وموقتەداکان دەرپەڕیم، **هەستم کرد دڵی عەشقم لەگەڵ خۆمدا دزیوە، هەستمکرد لەگەڵ ئەوەشدا نیوەم لەوێ بەجێماوە. چونکە لەوێ من بوبووم بە تەماشا لەحەسرەتا، لەنازدا، لە کەرامەتی حەزرەتەکانی قوتبی جوانییەکاندا وون بوو بوو کۆمەڵێ هەستم، گیرابوون کۆمەڵێک لە تەماشاکانم!**
**لەو کاتەوە هەستەکانم تەماشاکانم لە زیندانی کەماڵی جوانیی ئافرەتانی ئێرانیدا زیندانە..ئەوەش مایەی شانازی و خۆشحاڵیمە.**
**کاتێک بەدوای عەشقا گەییمە ناوجەرگەی لاهوور و پاشان مەملەکەتی هیند، تەنهایی هەڵمەتی کردەسەرم، خزاندمیە ناوژوورێکی بچکۆلەوە، ژورێک هێـندەی خۆم گچکۆکەو گەورە. لەوێدا هەستمدەکرد هەموورۆژێک عەشقێک لەمندا دەڕوێت، درەختێک لەمندا بەر دەگرێت، گەڵا دەگرێت، چرۆدەکات، گەورە دەبێت. عەشقم بوو بەباغی سێوەلاسوورەو دڵی سێو ئاسا یاسێوی دڵئاسایان دەگرت.. هەستم دەکرد چەند سێودەگرێت باغی عیشقم، هێـندەیشی لێ هەڵدەوەرێت..**
**وام لێهات تەماشاکانم دەبوون بەوێنە، بەلەش، بەشکڵ وگیان، دەمتوانی لەگەڵیان بدوێم، دەست بۆ مەمک و کوڵم وزوڵفیان بەرم. بیاندوێنم، بمدوێنن..**
**هەستم دەکرد یادگارەکان لەژوورەکەمدا ئازادن، دەژین، دێن ودەچن. لەسەردیواری ژوورەکەم هەزاران هەزار تەماشای جوان سەیریان دەکردم، بەزەییان بەمنی تەنهادا دەهاتەوە، بۆم دەگریان. نەک هەر ژوورەکەم بەڵکو هەمووگیانم پڕبوو لەیادی عیشق، لەباوەڕی جوانی، لەکەرامەتی هەست. بریتی بووم لەتەماشای ژورێکی پڕلە عیشق.**
هەستم دەکرد من ژوورەکەمم، ژوورەکەش منم، بۆهەرجێگەیەک کە دەچووم، ژوورەکەم پێبوو، ژوورەکەم لەخۆم زیاتر خۆش دەویست، دڵداریم لەگەڵدا دەکرد.. هەرچییەکم دەدی خۆشم دەویست.
کاتێک کە ڕیشم دەتاشی، یان شوێنێکی خۆمم دەبڕی ،وام هەست دەکرد لەبری ڕوخساری خۆم شوختێکم کردۆتە دیوارێکی ژوورەکەم یان ڕوخساری جوانێکم بڕیوە بە گوێزان.. کە خوێن لەڕوومەتم دەهات، هەڵەداوان پلاستەرم دەدا لە جێکونی بزمارو، شوختی دیوارەکان، دەربەستی خۆم نەدەهاتم هێندە.

ڕۆژێکیان لەتەماشای نەخشی تەڕەشۆعی سەر دیوارەکەدا، تابلۆیەکی سەیرم بینی، بینیم **کە زین خەریکی شۆڕکردنەوەی پرچی بوو بۆ کاکە مەم، تاڕزگاری بکات لەکەندەڵان، خوێن لەڕوومەتی خاتووزین و لەسەرو پشتی کاکە مەم دەهات، چونکە بوبووم بەژوورەکەم ژووەکەش بوبوو بە من، لەبری ڕومەتی من، چاوی من، خوێن لەمەم وزینەکانی تەماشاکانم دەهات، چونکە هەر دڵۆپێکی خوێنی لەشم، مەم و زینێکی تیابوو.**
**لە تابلۆی دیوارەکەدا دەمدی دوای گیرسانەوەی خوێنیـیان دەیانگرتن،** بەردبارانیـیان دەکردن، ڕەجمیان دەکردن، ئەزێتیان دەدان!
دەمدی مەلاو موجەورو دێـوەشێتەکانی شار تاشەبەردی ڕەحمەتیان دەدا بەسەری عیشقی پڕاومدا،
ژوورەکەم مێشکی دەپژێت ، نـوح سەری پان دەبێتەوە.. بوونەوەر خوێنی بەردەبوو، لەچاومەوە، لەمێشکی پڕاومەوە، لە دەممەوە خوێناو دەدەڵا.. خوێن تەنها لەمن نەدەهات، بەڵکو ژیان نەزیفی بەردەبوو، عیشق شێت دەبوو، پەرکەمی دەگرت.. سەری نووساوم بە زەوییدا خوێنی لە زەمیین دەهێنا!

**تارۆژێک لەڕۆژان مێشێک هات فەرمووی: تۆ زۆر تەنهایت، تۆخاوەنی کەرامەتی عەشقیت، هاتووم ببم بە هاوڕێت! بەڕێزتان قبووڵی دەکەیت ببیت بە هاوڕێی من؟ فەرمووم بە شانازییەوە..** بووین بە هاوڕێی گیانی.. کەمێک ژیانمان پێکەوە بردە سەر.. ئەو باسی چپە چپی نێوان ئافرەتەکانی بۆ دەکردم لەو گەڕەکەی لێی دەژیام.

منیش گوێم بۆ حیکایەتەکانی مێش دەگرت.. ڕیزێکی زۆرم لە کەرامەتی گرت..

ئاوارەیی و بێـوڵاتی مـرۆڤ فێری زۆر شتی سەیر دەکات.. من لە گەشتەکانمدا تا گەییمە وڵاتی بەفر زۆرم دی، زۆرم چەشت.. بە ماندوویی، بەر لەکەوتن گەییمە وڵاتی بەفر.. ئەوە بۆ هەژدە ساڵ دەچێت، دێـوەکان پاشقولم لێ دەگرن.. پاڵم پێوە دەنێن، لە ژوورێکی سەیردا زیندانیـان کردووم!

ئازادم و خۆم بە زیندان دەزانم.. شەکەت و ماندوو.. پەیداغی سپییم هەڵکردووە.. بۆنی بغووردم بەسەر دێـوەکاندا پەخش دەبێت.. گومان لە باوەڕم دەکەن، منیش پێیان دەڵێم کوڕم!

کە گەییمە وڵاتی بەفر و بووم بە زیندانی لە بەهەڵەدا چوونی مەملەکەتی بەفر..

من هەستم بەڕەنجان دەکرد.. تەنهایی وەکو گوورگ تێم بەربوو بوو قەپاڵی دەکرد بە هەموو گیانمدا..وەک گورگێکی نەخۆشی دڕوو دێـو سفەت ئازاری دەدام.. نەیدەهێشت کەمێک لەگەڵ مـرۆڤەکان ئازاد بم.. تا ئیستاش گورگێکی چڵێس و بەدخوو بێویژدان.. پاسەوانی دیوارە بەفرینەکانی دەوورمە.. چونکە بە ناوی بێـوڵاتەوە پێتان دەڵێم، من زیندانم لە قوتبی شیمالیدا.. لە مەملەکەتی دڵە سەهۆڵییەکان.

بۆیە بە بانگی حەزرەتی نـوح بانگتان دەکەم بۆ لای خۆم؛ پێتان دەفەرمووم لەسەرتانە دڵە ڕۆشنەکانی ناو دەروونی حەزرەتی نـوح ببینن.. من پەیامی ئەوم پێیە بۆ دێـوە دڵ سپییە هەیبەت سپی یەکانتان.. پێتان دەڵێم من هەموو زیندانەکانم شکاندووە.. من لە قورگی هەژدیهاکان ولە گەرووی ئەو حەژیایە دەرپەڕیوم کە دەووری بوونەوەری داوە.. من پاڵەوانی یەکەمی ئاراراتم.. باوکی نەوەکانتانم، باپیرە وبابەگەورەیانم.

کە کات وەستا..بینیم ئافرەتێکی نازداری خرپنی جوانی ئەورووپی لە کەنیسەیەکی دەوڵەتیی میسیۆناریدا درۆ دەکات! بینیم ڕۆکسانا دەڵێت: من کریستۆسم (!Im Kristos) واتە من مەسیحم.

لێی زووير بووم، چونکە درۆی دەکرد.. منی نەناسییەوە! نەیزانی کەمن باپیرە گەورەی ئەوم.. بێڕێزی بەرامبەرم نیشان دا.. وای نیشان دەدام قینی لێمە.

بۆیە تەنهایی ناچاری دەکردم سەر بکەم بە دەروونی خۆمدا و کەمێک بیر لە گرفتی بوونەوەرەکان بکەمەوە.. چونکە حەزم لەتەنهایی نییە درێژ خایەن.

تەنهایی زیندانێکی شوومە. بۆیە کە حەزرەتی مێشەکە هات بەمیوانیم هەستم بە هاودەمی دەکرد.. هەستم کرد مێشەکە هاودەمێکی بچکۆلەو هاوڕێمە.. هاتووە بە ڤیزە ڤیزوو گیزەگیز باسی کەرامەتی خۆیم بۆ بکات.. کە لێی وورد بوومەوە! بینیم پڕە لەتەماشای فێمینین! پڕە لە نازی شەرمن.. پڕە لە تۆنەکانی باڵی فریشـتەکان.. لەسەر پەنجەی شایەتمانم هەڵنیشت.. ئینجا کەمێک هەنگوینی لەسەر پەنجەم مژی! پاشان سووپاسی کردم و دەستنوێژی شت و خۆی ئامادە کردوو ڕووی کردە قیبلەی چاوەکانم.. ئینجا فەرمووی:!!!!!!!( بە هەوای باڵەکانی دوا لە پێشدا! دەبێت بۆتی وەربگێڕم تا تێبگەیت)، فەرمووی: من پەیامی بوونەوەرم، من ئاهوڕامازدام!! واتە من خوام!

بەحورمەتەوە لەمێشەکەم پرسی: بەڕێزتان کێن وادەتوانن بەکەرامەتی مـرۆڤ بدوێن؟

فەرمووی: مەترسە ئێمە لە دێـوەکان نیین، مەلاو مجەورووی دێـونیین، دێـوپەرست نیین. بەڵام کەرامەتی ئێمە ڕێگە نادات کەرامەتی بەڕێزتان تەنها بێت لەم ژیانەدا . مـرۆڤ پێویستی بەهاوڕێ و هاوسۆزو هاودەمە.. تۆپەنابەرێکی بێـوڵات وبێکەسیت، بۆیەهاتووم ببم بە هاودەردو هاوڕێت.

بەمێشەکەم فەرموو: لێرە بەدواوە تۆ هاوڕێی منیت.

کاتێک کە گەیشتمە وڵاتی بەفر لە کەرامەتی خۆم تێگەیشتبووم.. لە دەستی بێحوورمەتی میللەتەکەم دەمناڵاند.. من سەرگەرمی مەشقی زانستی خۆم بووم.. کەچی کورد لاسایی دەکردمەوە، عەرەب بەزۆر دزیی پێ دەکردم، فارس هەڕەشەی لێ دەکردم، پاکستانی ئازاریان دەدام.. فریشـتەکان لێم زیز بوون..

سەرەڕای ئەوانە عیشق و جوانی خەتم ومۆرو کوترابوون لەسەر هەست وبیرو خەیاڵم! ژوورەکەم منی لەقاڵب گرتبوو، لەقاڵبێکی سێگۆشە دەچووم، کەلەسێگۆشەی سێلایەکسانی عیشق دەچووم.

عیشق وجوانی وهەمیشەیی. من لەوکاتەوە دۆستی ئەوهەست و بیرانەم، یەک زەڕڕە دەستبەرداری کەمترین هەست نەبووم.. تالەم دوا دواییەدا مێشە پیـرۆزەکەی هاوڕێم دوای بیست ساڵ ئاوارەیی هاتەوە بۆلام، بەڵام هەم بەڕاستی، هەم لەخەودا هاتوو فەرمووی: منت لەیاد ماوە؟ دەمناسیتەوە؟ بەر لەوەی من ناوی بەرم؛

ئەو فەرمووی: من خواوەندم!

کەوای فەرموو موچڕکە وەک هەورە تروسکە بە سەرتاپای لەشمدا چەخماخەی کرد.. مووەکانی لەشم گشتیان ڕەق وەستان!

وەک دڵدانەوە فەرمووی : خواوەند دەتوانێت وەکمن بچکۆلانەبێت، وەک بوونەوەریش گەورەبێت، ئەوەی هەست بەکەرامەتی مێشێک ناکات ناتوانێ نەکەرامەتی خۆی بـبینێت نەکەرامەتی خوا!خواوەند دەتوانێت زۆر بێت، کەمبێت، هەبێت، نەبێت. دەتوانێت بچووکترین و مەزنتر بێت.

فەرمووی: سڵاو ئەی حەزرەتی جوانی..

باوەڕ پێویستی بە ڕەزامەندێتیی ئەوانی تر نییە.. چونکە بیرو باوەڕو کردارو پەیامەکان، هەروەها خەونەکان لە بوونەوەردا هەن. مێشەکە زۆری فەرموو.. ناتوانم لێرەدا ئاماژە بە گشت فەرموودەکانی بدەم.

ئەوساڵانەی تەنهاییم لەدورگەی هەستکردن بەکەمی، دوای ئەوەی هەمووعەشقەکانم بوون بە قوربانیی گاڵتەو قاقای دێـوە نەخۆشەکان، دێـوە بێهەستەکان، دێـوە ورگ زلە زۆرخۆرەکان.. هێشتا دەمتوانی لەخەوما خەون بەفریشـتەوە ببینم، توانیم حۆرییەکانی دەریاش ببینم، توانیم پەنای هەزاران ماریای خەندەتۆراو خەندە ڕەنجاو بدەم، توانیم هەزاران مەسیح لەدەرونما پەنابدەم.

توانیم بەگەردوونی عەشقا باڵەفڕی بکەم وفێری فڕین بم.. توانیم تەماشاکانم ئازادبکەم، بەگەردوونەکانی عیشق وجوانـیدا بکەومە باڵە فڕکێ. ئەنجام گەڕامەوە ناو دۆخەکەی جارانم، کوتومت وەکخۆمم لێهاتەوە!

چوومەوە ناوقاڵبی ژوورەکەمەوە، گەرچی ژوورەکەم لەهەندەران لەخۆم گەورەتر بوو، بەڵام هێندە یادگاریی کۆن وتازەم بەسیما وڕوخساری ژوورەکەمدا هەڵواسی بوو.هێندە تەماشای چواردەوری خۆم کرد تافێری هۆگری بوومەوە، هۆگریی ژوورەکەم! بەڵام ئەمجارەیان لەترسا، لەترسی دێـوەکان، لەترسی دێـوپەرستەکان، چونکە ئەوان نەدەزانن عیشق چییە، نەدەزانن خەندە چییە، نەدەزانن تەماشا چییە!

ئێستا ژوورەکەم لێم زیز بووە، جێگەی منی تیادا نابێتەوە، ژوورەکەم لێم تووڕە بووە، دەڵێت: لەهەستکردن بەکەمیدا مـرۆڤ بۆی نییە پێبکەنێت، بۆی نییە عاشق بێت، بۆی نییە بژی!

ژوورەکەم زیندانێکی چۆڵ و ساردە، هەریادگارییەک هەڵدەواسم، بۆسبەی سەیردەکەم خەندەکانیـان دەیبەستێت..

خەندەکان مۆڕەم لێدەکەن، بەگاڵتە جارییەوە تەماشام دەکەن، قێز لەکەرامەتم دەکەنەوە لەناو دێـوپەرستەکاندا، دەیانەوێت فێرم بکەن تەماشا نەکەم، فێرم بکەن عیشقم لە یاد بچێتەوە !

هەمووڕۆژێک دەبینم خوێن لەتەماشایەکم دێت، شوخت و برین دەکەوێتە سەر هەست ویژدانێکم، ڕوخسارە جوانەکان دەشکێن، هەڵدەوەرێن.. وردوخاش دەبن، خەندەی خەڵکی ئەم وڵاتانە ژەنگ هەڵدێنن، دەتوێنەوە وەک بەستەڵەکەکان! خەندەکان خوار ولار دبنەوە، گێژن، سەرخۆشن، خۆپەرستن. بۆنی دەرمان و ئەلکهوولیان لێدێت!

دەبینم تەماشای چاوەکان زەقدەبنەوە، نیگاکان مردوودەبینم، پارچە پارچە عیشقم سەرقرت دەکەن دەمرەنجێنن. جوانەکانی دوورگەکانی وڵاتی هەستکردن بەکەمی دوژمنی بێگانەن، دوژمنی جوانی وعیشقن، باوەڕیان بەهەست وسۆزنییە.. لەهەستی خۆیان دەترسن.. جوانییەکانیـان ناسروشتی وگیانبرسییە، بۆیە تادێت قەبارەی ژوورەکەم تەنگتر دەبێت.. هەست دەکەم ژوورەکەم دەمخوات، دەمجەڕێنێت، دەمفلیقێنێتەوە، چونکە خەندە بەدرۆکان، بزە ترساوەکان دەشکێن.. بۆگەن دەکەن، دەمرن، چونکە خەندەو بزە لە دێـوەکانەوە فێربوون.

منیش ڕۆژانە سەدان خەندە وتەماشا وبزە لەسەرجادەو کۆڵان ولەسەر ڕوخساری منداڵان ودێـوپەرستان هەڵدەگرمەوەو چاکیان دەکەمەوە، تیمارتان دەکەم، وام لێهاتووە کە خەندە نیشان دەدەم جەرگ ودڵم دەکولێتەوە.

خۆشبەختانە لەدوای ئەوهەموو ساڵانە ژیان بەسەربردن، تاک وتەنها تەماشای درەختێک دەکەم لەدەرونما ڕەگ دادەکوتێ، قەدی ئەستووردەبێت، نەش ونوما دەکات، بەردەگرێت، دڵ دەگرێت، دڵی گەورە گەورەو بچوک، دڵی سپی سپی، زەرد سۆر پەمەیی، شین سەوزقاوەیی، وەنەووشەیی پرتەقاڵی.. کەبەری لێبوردن دەگرێت، کەبەری خۆشویستن دەگرێت، کە مەم وزینی لێدەڕوێت، کەبەری جوانی دەگرێت، ڕۆژانە دڵی هەزاران خوا لەسەرما دەڕوێت کەچی تەماشای دێـوەکانی ئێرە هەزاران خوا لەدەروونمدا ڕەجم دەکەن بەتەماشاکانیـان، هەزاران خوابەردباران دەکەن بەگومانەکانیـان، نازانن من جوانییەکان لەقوتبا دەبینم، من دەتوانم بەدەم خەندەکانی خۆمەوە بمرم، هێشتا من خەو بە ژیانەوە دەبینم، هێشتا تەماشا دەکەم، دەبینم. هێشتا کات لەچرکەی یەکەم تێنەپەڕیوە، کات وەستاوە، پیرشالیار بەژوور سەرمەوە وەستاوە، سەیری شکۆی هەستی جوانی دەکات لە گەردوونی ووشەکانما. سەردەلەقێنێت، خەندەکانی بەژوورەکەمدا هەڵدەواسێت، دەست بەسەرمدا دەهێنێت. سەرگەرمی ڕاستکردنەوەی خاجێکی پۆڵایینە، کەمن چەند مانگێکە خەریکم وبۆم ڕاست ناکرێتەوە!!

**مێرولەکان فەرموویان باسی مەم وزینت تەواو نەکرد! فەرمووم: ئەوان دەفەرموون: بوونەوەر پێدەکە نێت، گەش بیینە.**

مرۆڤێک دێت زادەی عیشقی ئێمەیە ودەفەرموویێت : ئازادی لە عیشق پیرۆزترە. بەڵام بە یەکگرتنی عیشق و ئازادی زانست سیحرئامێز گەشە دەکات، ئەوسا مرۆڤ سەرسوڕماوانە تەماشای کەرامەتی خۆی دەکات و دەفەرموێت: ئەهها! ئەمە منم. من وەها بووم بەر لە ئێستا نەک مەیمون.

# تابلۆی گەردون

من هەرگیز نانووم، کەدەنووم بێدارترم، زینـدوو ترم، بەمردوویی دەگەڕێم، بەبژێوی دەگەڕێم، دەبینم وتەماشادەکەم، دەبینم هەمووشتەکان زیندوترن لەوەی کە هەست و درکیان پێدەکەین.. ڕاستتەکی تر خۆی لەقەرەی هۆش وبیرم دەدات.. کە دەبم بەگیان، دەیکەم بە تەقەتەق، وەک لەقلەق.. تەق، تەق، تەق، لەدەرگای گەردوونی بوودا-دەدەم. دەرگای گەردوونی ئەو واڵادەبێت!

بە کەژیکی خۆشییەوە، بەدەم گۆرانی و سەماوە.. بوودا دەرگای گەردوونی  خۆی بۆ خستمە سەرپشت، منیش سەری ڕێزم دانەواند، فەرمووم: سڵاو، نەمەستی، های، هەلاو! زدراڤای؟ سالوم؟

بەدەم گۆرانی گوتنەوە، گۆرانییەکی سەردەمی منداڵیی خۆمی بۆ دەووتم، دەیخوێند: گەردوون من چیبکەم؟.. چیم دەسەڵاتە؟.. ڕۆحم ئێشکچیی دەورەی باڵاتە..من دوروو تۆش دوور، هەردووکمان دوورین.. خودا دەزانـێت بۆیەک مەجبورین.

کەتەواو بوو، فەرمووم: ڕاستدەکەیت حەزرەتی بوودا. بەڵام من مەجبووری هیچ نیم، من دەزانم دێـوەکان ڕێگەنادەن وەک  مـرۆڤ بگەین بە کارما، ببین بە هەستی بوونەوەر، چونکە دێـوەکان سنووریان بۆ عەقڵ وبیر داناوە، هێشتا بەئەسراری گیان پەی نەبراوە. وادەزانن دەتوانن دەست بۆکەرامەتی گیان بەرن.

بوودا سەری بۆدەلەقاندم، فەرمووی: دەزانم، مـرۆڤ هێشتا نەگەییوەتەمن.. منێک کە لەبەردەمی بوونەوەردا دەپاڕامەوە بۆ تنۆکێکی زیاتر گیان.. من گیانی نوورم دەنۆشی، کەچی لەوسەردەمەوە مـرۆڤ تادێت زیاترو زیاتر بێباوەڕتر دەبێت.. وادەزانـن چوونەسەرمانگ تەحەددایە! وادەزانن فڕین هونەرە! وادەزانن دەتوانن گیان لەهەسارەکانی تر ببینن.. من هەزاران ساڵ بەر لەمـرۆڤی ئێستا گەردوونەکانم دەبینی، ئێستاو ڕابردوو داهاتووشم دەبینی، بەڵام ئەوسا من بەپێی پەتی، بەنیمچە ڕووتی بەسەر هەسارەکان وگەردوونەکاندا دەگەڕام، کەچی ئێستا مـرۆڤی ئەمڕۆ بە فرۆکەو سارووخ ئەوکارە دەکەن وهیچیش نابینن! گوناحن.

**فەرمووم دەزانی بۆ؟ فەرمووی نەهی، نەهی.**

**فەرمووم: چونکە بێباوەڕی مـرۆڤ بەرەو قڕبوون دەبات، ترس مـرۆڤایەتیی داگیرکردووە، مـرۆڤ سنوور بۆ دەسەڵاتیی گیانیی دانراوە..کارمای مـرۆڤ گۆڕاوە ومادده کارمای گیانە! ژیان تووڕەیە لەبەدکرداریی دێـوەکان، شەپۆلەکان تووڕەترن.**

**بوودا فەرمووی: پێویست بوومـرۆڤ زیاتر خەریکی یۆگابێت، ببوورە من کاتای یۆگاکانی تۆم فەرز نەکردبوو. فەرمووم بووراویت، لێبوردن کارمای یەکەمە.. یەکەمجار لێبوردن ڕێگەیدا بوونەوەرەکان ئازاد بن، کەچی مـرۆڤ هێشتا دیلە.**

بوودا فەرموی: بمبوورە من باسی شیفای کەرامەتم نەکرد.

**فەرمووم شیفات بێت من باسم کردووە، بەرلەمنیش باسکراوە. بەڵام مـرۆڤ بەرلەلەدایک بوون بێکەرامەت دەکرێت، ئێستا هەوڵ دەدرێت بکرێت بەدێـو، چونکە ئایینەکانی بەر لە ئێوە باسی شیڤا-یان بەهەڵەکردبوو! شیڤا هەزار دەستی نەبوو، بەڵکو دوودەستی هەبوو، بەدەستێک دروستی دەکرد، بەدەستەکەی تری دەیڕوخاند، دەبوایە زانرابا کە شیڤا شێت بوو، شەڕ دەستی لێوەشاندبوو، بۆیە نەیدەزانی چیبکات، چونکە خواوەندی ژێر تێک نادات، گێرەشێوێنیش ناکات..**

بۆیە مـرۆڤیش بەڕەوشتی ئەو منداڵ بەخێودەکات. **ئەگەر مـرۆڤی خێرخواز هەزار دەستی  هەبێت، لەگەڵ ئەوەیشدا یەک دەستی شەڕی هەبێت، هەست بەئاسوودەیی** ناکات! چونکە کاتێک شەڕێک خۆی لەکردەوەکانی خێر هەڵدەقورتێنێت! مـرۆڤ ناجۆر دەبێت، وەک ئەو ماشێنەی لێدێت کە بەبێ ووزە کار ناکات، جا هەرچەند گەورە بێت! شەڕ دەتوانێت سروشتی خێر نامۆو بریندار بکات.

چونکە ئەو زۆر بەتەمەنترە لەخێر! خێر هێندە نییە لەدایک بووە.. خێر منداڵە و هێشتا پێرۆکە نەبووە..

چونکە دێـوەکان تەعدایان لێکردووە، داگیریان کردووە!

من دەمەوێ فێریان بکەم، **کەلەسروشتی خێردا لە کارمادا شەڕبوونی نییە، بەڵکوهارمۆنی بارتەقایە.**

**هەروەها شەڕخواوەند نییە، بەڵکو دێـوە**، دێـوێش نابێت بەمـرۆڤ گەرواز لەشەڕنەهێنێت.

بەبوودام فەرموو چیدەکەیت؟ بۆچی ناگەڕێیتەوە؟ فەرمووی کەدێمەوە نیوەم لەگەردونا بەجێدەهێڵم، چونکە ژیان تێکچووە، ئایینەکان کرچوکاڵ بوون، مـرۆڤیان کردووە بەکۆیلە.. یاساکان دەمیان خوار بووە!

فەرمووم دەبوایە بەرێزتان جەختت لەسەر ئەوە بکردایە کە ئازادی دواهەمین پەیامە، فەرمووی: من لەخەودا بە حەزرەتی مەسیحم فەرموو باسی لێبوردن وئازادی ویەکبون بۆمـرۆڤایەتی بکات.. بەعەشق نەک بەشەڕجیـهان داگیربکات، خۆشەویستی بکەن بەخوو. لەبەر ئەوە من بەدەلایلاماش-م فەرموو، کەفەرامۆشی نەکات، بگەڕێت بەجیـهانداو بڵێت تەنیا عەشق مـرۆڤایەتی ڕزگار دەکات.

دەبێت یەکتریتان خۆش بووێت. فەرمووم چۆن؟ فەرمووی: بەهاوگیانی بەهاوهەستی، بەهاوخوێنی، بەهاوکاری، بەهاوجیـهانی، بەیەک زوبانی، بە یەککگرتن، بەئاشتی.

فەرمووم: شاباش= ئافەرین؛ بەڵام تەنها ئازادی مرۆڤ دەگەیەنێت بە نەمری . ئەم وانەیە فێر بە بوودای پیرۆز دوا پلەی ژیانی دونیایی گەیشتنە بە ئازادی.

پاشان بەوم فەرموو: من دەبێت بڕۆم !  فەرمووی بۆکوێ؟ فەرمووم : تۆ هێشتا گەردوونی منت نەبینیوە!

فەرمووی: ئەرێ ئەرێ، مێرآ سەرگەرمی تەماشای گەردوونی تێرام، خۆزگە من هەم هونەرمەند دەبووم، ئەوسا دەمتوانی هەرگیز لە نیرڤانا نەدوێم. فەرمووم: **بەئەندێشەترین ئەرکی بوونەوەر گەڕاندنەوەی مـرۆڤێکە لە هەمیشەییەوە بۆ ژیان!**

تۆنازانیت من چەندە لەژیان دەترسام، گەڕانەوەم بۆدواهەمین جارە، من ئەرکەکانی مـرۆڤایەتیم خستە سەرشان، گەڕامەوە ناویان، هەزار هەڵەیان توش کردم، کەچی دڵسۆزێکم نەدی گوێم بۆشل بکات، فێربێت بڕوابکات کە بوون بە مـرۆڤ لەسەر زەوی کارێکی پیـرۆزو جوانە.

مێرولەکان فەرموویان: بوونەوەر لەمـرۆڤدا چنراوە.. مرۆڤ تەنها بە سەرکەوتن بەسەر ترسەکاندا دەگات بەهەستی بوونەوەر، دەتوانێت بـبـینێت، دەتوانێت بگەڕێت بەگەردووندا.. مـرۆڤ خۆی پیـرۆزە.

# تابلۆی ئیبسن

هێشتا میلی کاتژمێرەکەی ناو سەری من لەچرکە لاینەدابوو، هێشتا هەناسەی یەکەمم نەدابووەوە، پیـرشالیار دەهاتە خەونم وزووزوو تابلۆیەکی بیردەخستمەوە، پێیدەگوتم ئەمەش ببینە، من لەڕاستیدا فریای زۆربەیان نەدەکەوتم، چونکە هەندێکیشیان پەیوەندیی نە بەم داستانە ڕۆمانەوە هەبوو، نەپەیوەندیی بە منەوە، بەڵام ئەو زۆری لێدەکردم کە هەرچییەکم پێگەیی دەری ببڕم، چونکە بابەتەکان ئازادن، ئەوبابەتەی پەیوەندیی بەناوەڕۆکی ڕۆمانەکەوە نییە، بابەتێکی سەربەخۆیەو ئازادانە دەکرێت بخوێنرێتەوە، یاخود نەخوێنرێتەوە، ئەو دەیگوت: خۆشتر وایە تابـلۆکان ئازادبن وهاوپەیوەندییان لە پێکەوە بووندا هارمۆنی بن! فەرمووم باشە بۆچی ناتوانم لە بابەتی خودی ـ خۆم بپارێزم و هیچ باسی خۆم نەکەم؟

فەرمووی: چونکە تۆ زۆر پابەندی ژیانی ڕاستەقینەیت. تۆ مـرۆڤ بەسەر هەموو هێزێکدا فەرز دەکەیت. لەو نێوانە کاتییەدا کەمن مت وەستابووم، بەنوستوویش بێداربووم، بەبێداریش خەونم دەدی، کەسێک لەپشتەوە بەکلکەگۆچان تێی دەژەنیم.. بانگی دەکردم کوڕم! بەزمانێکی نازمانی دایکم.. من تێدەگەیشتم، بەڵام لەبەر ئەوەی کەسێکی ئەوتۆم نەدەناسی لەدورگەی هەستکردن بەکەمی ـ تا بتوانێت هێندە دڵنیا لە ناوەختدا بێپرس بێتە ناو ژوورەکەمەوە، مەیلی گوێگرتن وئاوڕدانەوەم نەبوو.. ئەویش ماندوو نەدەبوو، ئەنجام هاتە بەر دەمم، هەر بەکلکی گۆچانەکەی چەناگەمی بەرەو ئاستی بینینی خۆی بەرزکردەوە.. سەیرم کرد پیـرشالیار نییە، بەڵکو حەزرەتی ئیبسن- ـە!

سەرێکی لەقاندو بەرێزەوە فەرمووی: بەخێربێیت قوربان؟ خۆشحاڵین بەهاتنتان. تۆ لەناو مـرۆڤە دڵبەفرینەکان ودێـوپەرست ودێـوە کانی بەستەڵەکدا دەژییت، بەخێربێیت بۆوڵاتی بەفر.. زیندانە سپی یەکان. ئەوزیندانە ساردانەی کە دڵیان نییە. بەخێر بێیت کوڕم، کەسم، هاوهەست، هاوبیر، هاودەم. بەخێربێیت بۆ مەملەکەتی ترس لەبێگانە، خۆشهاتیت بۆ ناومیللەتی درۆزنە بچکۆلەکان، میللەتی ئەومنداڵانەی کە زەقزەق تەماشای ناوچاوانی باوان دەکەن ودەڵێن: گوبخۆ گوویسەگ! ئەومنداڵانەی کە ناتوانن لە دێـوەکان تووڕەبن!

هاتننت مایەی شانازییە، ئێرە وڵاتی تەماشاکانەهەولبدە بچۆرە قوتانخانەی خەندەو بزەو تەماشا! کات بەفیرۆمەدە، بڕوانە.. لێرە فریداو توور وئۆدین دێنەلات.. لەبری من کەپیرم، گیانی مەملەکەتی بەفر دێت بۆلات، کەدێت باسی ئەم میللەتەت بۆدەکات.. ئۆدین زۆرتووڕەیە لە دێـو پەرستە ڕاسیستەکان، ئەگەرهات بیرت نەچـێت، کۆمەڵێک دڵی بەدیاری پێشکەش بکە، تا لە باخچەی ئاژەڵان هەڵیانواسێت!

ئحم-ێکی کردوو بەتەماشا چووە ناو چاڵی چاومەوە وفەرمووی: تۆلە ناودێـوە بچکۆلەکاندا دەژییت، دێـوەبچکۆلەکان دڵی بەفرین و هەستی گومان وترسی نەخۆشانەیان هەیە، وامەزانە دڵیان نییە، لێت تێک نەچـێت، دڵەکانیـان زبرن، دەتوانن برینداریت بکەن، توخنیـان مەکەوە، تاوەک منت بەسەرنەهێنن! ئەوان فێرن نەخۆش بن، نەخۆشی و مەرگ وترس دەپەرستن.

ئەوان خۆیان لە ڕاستییەکان دەدزنەوە، پێیان وایە خواوەند لەسەگ وپشیلە دەچێت، یان لەبەراز، ئەوان

نازانن باوەڕبەچی بکەن، چونکە خواکانی خۆیان نابینن. کاتێکیش کەخوایان بینی لەگەڵ سەگەکانیان لێکی دەچوێنن، بەهەڵەدا دەچن، چونکە ئەوان لەگەڵ حەپەی سەگ و میاوەمیاوی پشیلەدا گۆش بوون، باوکی خۆیان ناناسن.. بێباوەڕن، سپڵەن، گۆشتی خاو دەخۆن، بەخۆیان دەوەڕن.. قەپاڵ لەخۆیان دەگرن.. گەر بتوانن جیهان دەدەنە بەر قەپ!

لێیان زویر مەبە کە وێنەی مرۆڤ وسەگ تێکەڵ دەکەن.. چونکە گەر لەگەڵیشیان بدوێیت، لەباتی ئاخاوتن، دەوەڕن. سەگ پەرستەکان سپڵەن چونکە فێری پەرستنی فرە خوایی بوون.. فرەخوایی دێوە دزێوەکان..

باسی دەردەکانیان مەکە، چونکە دێو حەزیان لەڕەخنەی ڕووبەڕوونییە. ئەوان باوەڕیان بەفەلسەفەی بێگانە نییە. ئەوان حەزیان لەگومان وبێباوەڕییە، درۆکانی خۆیان خۆشدەوێت، خواکان لەدرۆ دروست دەکەن، سەدان درۆی ڕەنگاوڕەنگیان پێیە. پێرگینت پاڵەوانی ڕەسەنیانە باوەڕیان بەفەلسەفەی درۆیە.

وادەزانن خواوەند بەدرۆ ژیانی لەسەرئەم گۆیە بنیات ناوە، وادەزانن خواکان پێویستە لەسەریان کڕنوش بۆئەوان بەرن، ئەوان یاساکانی بچووککردنەوەی مرۆڤیان لایە، مرۆڤ دەکەن بەدێو، باوەڕیشی پێناکەن، ئەوەی درۆزن وبوختانچی نەبێت، شێت دەبێت، خۆیدەکوژێت، لەناودەچێت.

یان دەبێت بەدێوێکی فەرمانبەرو قەپ دەگرێت.. جوانیی ئەوانی تر دادەپاچێت.. بێشەرمانە پێدادەگرێت.. ماف پێشێل دەکات.. شتی لەداروتەختە وئاسن وئاڵتوون دەپەرستێت.. کۆیلەی مادەیەو خۆی خۆش ناوێت.. دوژمنی هەرەگەورەی خۆیەتی.. چونکە زۆر لەمردن دەترسێت.

فەرمووم: گوێم لێتە گەر زیاترت پێیە.

فەرمووم بەڕێز ئیبسن بەخێرهاتی بۆدورگەی هەستکردن بەکەمی، بەڵام وابزانم تۆکەمێک درەنگ هاتیت، چونکە من زۆرشتم پێ وتوون، بەڵام ئەوان نابینن، گوێچکەیان پڕە لەبەردو بەفر. بت دەپەرستن، بتی ماددەی دەستکرد، لەبری حەزرەتی ماریا ومەسیح وێنەی سەگ هەڵدەواسن، کەمیوانیان دێت، بەسەگ پێشوازیی لێدەکەن، باسی هەمووجۆرە سەگێک دەکەن، باسی بەرازخۆری وگەڕانی وڵات بەوڵات دەکەن، دەگەڕێن دەخۆن، برسییان نییەو تێریش نابن. ئەوەی گۆشتی بەراز نەخوات داوەتی دەکەن.. ئەگەر کەسێک لەگەڵ ئەوان ئەوەی کرد، باوەڕی پێ دەکەن جا کەسەکە گەر دوژمنیشیان بێت ـ متمانەی پێدەکەن.

یان باوەڕ بە دێوپەرستێک دەکەن کە لە خۆیان لاوازتر و نەزانتر بێت!

ئەزانم دێوی بچکۆلەن، بەڵام خۆیان زۆرگەورە دەبینن. هێندەگەورە گەر مرۆڤ بەلایاندا بڕوات وادەزانن هیچ نابینن. شانازی بەچەتەو بەلەم وکرداری وەحشییانەوە دەکەن، بەرگری لەدێوە گەورەکان دەکەن، وادەزانن مرۆڤ ئەنجام دەگاتە مەرتەبەی دێو، شەڕوخێریش دوودوانەن ولەیەک دایک زاون.

بەڵام من شتی ترم دیوە، من لەناو دێوە بچکۆلەکاندا، لەناومیللەتی تۆدا مرۆڤم دیوە. جوانییم دیوە، من لەناویاندا خۆمم بەهەمووجۆرێک دیوە، بەڵام تەنها چاوەڕوانی ئەوەم.. ئەوانەی کەدەتوانن من ببینن، مەشق لەسەر بێگانە بینین بکەن، ئەوسا تەونی خۆم دەچنم، ئەوسا بوونەوەر بۆ خۆم دەڕێسم.

ئیبسن فەرمووی: من پێرگینت-م بۆ دروست نەدەبوو، گەر نەمکردایە بەپەیکەرێکی جوان، چونکە ئەوکەرە خۆی نەدەنینی چەند جوانە، دەیویست بەدرۆ ژیان بنیات بنێت، بەڵام من ئارەزووەکانم پێبەخشی بەومەرجەی بەقسەی دایکی بکات. درۆنەکات..

ئەگەر ئەوەی بکردایە نەمدەکرد بەکۆیلەی مادده. دەمکرد بەمەسیح. بەڵام پێرگینت، ناشی بوو، برسیی بوو، حەزی لەداگیرکاری بوو، چونکە گیانی کۆیلەی ماددەبوو.

ئەگەرنا پێرگینت دەیتوانی باسی گیانی دارستان بکات، باسی ئۆدین وفریداو توور.. دەیتوانی باسی نەبەردەکانی بکات، نەبەردی ئەووشەوانەی کە لەگەڵ دێـوەکانی دارستاندا بەشەڕ دەهات.. چونکە ئەو کەگەییە میسر، قیبتییەکان دەیانزانی کە ئەو دەتوانێت دێـوبدات بەزەویدا ودەتوانێت جیـهان لەدەستی دێـوڕزگار بکات، دەیتوانی جیـهان دەربازکات لەدرۆودزی وچەتەیی.

بۆیە میسرییە قیبتییەکان باوەڕیان بەکەرامەتێک هەبوولەودا کە خوودی ئەو نەیدەبینی، چونکە گیانی برسی بوو بۆ ماددە. نەیدەزانی کەبەرەو گەردوون دەچێت، هیچ لەگەڵ خۆیدانابات.. تەنانەت لەشیشی دەکات بەخۆراکی کرم وجانەوەر.

بۆیەمن بێئومێد نیم، چونکە لەدورگەی هەستکردن بەکەمیدا مـرۆڤ هێشتا بەشێک لەکەرامەتی مـرۆڤی بەبەرەوە ماوە.

بەڕاستیمە ئیبسن، تۆدەتتوانی پێـغەمـبەرێک لە پێرگینت دروست بکەیت، نەک تاجیرێک! بەڵکو ئەرکی سەرشانت بوو شانۆنامەی خوایەکیش بنووسیت.. کەچی تۆ ئەوکارەت نەکرد، من ئەوکارەت بۆ دەکەم.

ئیبسن فەرمووی: باشەبۆچی واماندویت؟

فەرمووم، دێـوەکان عەزێتم دەدەن، بیستنیـیان زبرە، فام ناکەن.. کات هێـندەی بەبەرەوە نەماوە، من فریای وێناندنی زویری وتووڕەیی ئۆدین وتوور ناکەوم، چونکە فریداو توریان کردووە بەدوژمنی یەکتر.. فریدا خووی داوەتە سەگبازی، توور پشتیکردۆتە بوونەوەر.. نەوەکانیـان وادەزانن باوک سەگ وپشیلەو بەرازە.. وادەزانن باوک مەرج نییە بوونی هەبێت، ئەگەر سەگێک لەماڵدا بێت. وادەزانن جیـهان بەدرۆ دەڕوات بەڕێوە! وادەزانن سڕبوونی هەست پەیامە، نەوێران ئازاییە، تەسلیمبوون هونەرە. وا دەزانن مەزنی بریتییە لەسڕ بوون وکوژانەوەی هەستەکان، وادەزانن تووڕە بوون شێتییە!

ئیبسن فەرمووی: ئەوان باوەڕیان بەدێـوە، وادەزانن دەتوانن لەگەڵ دێـودا بژین.

فەرمووم: منیش هاتووم پێیان دەڵێم: ترس ونەخۆشییەکان ومردن لەدێـوەوە گەیشتون بەمـرۆڤ، دەنا مـرۆڤ نەمرە بەسروشتی خۆی. دێـوپەرستی ئازارێکە مـرۆڤ بچوک دەکاتەوە.

فەرمووی باسی قیژەی باڵندەکان وەڕزیی منداڵیان بۆبکە چاترە. پێیان بڵێ جوانی خۆرێکە لەژیاندا دادەگیرسێت، بڵێ: دڵی مـرۆڤ، گیانی مـرۆڤ پڕن لە خۆر، وازلەپەرستنی یەک خۆر بهێنن، باوازلە پەرستنی یەک خۆر بهێنن.

ئیبسن-م بینی بچوک دەبووەوە! وردە وردە لەناو کلێتەکەی سەریدا جێگەی دەبووەوە..ئەنجام تەنها عەینەکێک وکلێتەو ڕیش وسمێلم بینی لەبەردەممدا، هەڵمگرتەوەو فوویەکم پیاداکرد.. ڕیش وسمێڵی بابردی، دەمووچاویم بەبێ ڕیش وسمێڵ و تووک بینی.. بەدەم خەندەی ڕێزەوە بەوم فەرموو: بە عەینەکی ڕەشەوە لەگەڵ مندا مەدوێ، من حەزدەکەم مـرۆڤ بتوانێت تەماشای مـرۆڤ بکات.

ئیبسن، عەینەکەکەی بەدەستێکی سیحرین لەناو کلێتەکەیەوە قەد کردووهەردوو چاوە گەشەکانی داگیرساندو فەرمووی: ئاخر حەزم نەدەکرد غەمەکانی میللەتی بەفرت نیشان بدەم، ئێمە بەغەم ناوێرین، لەغەم دەترسین، بۆیە ئێمە فێرین سزای خۆمان بدەین.

فەرمووم: من دەتوانم غەمەکانتان وەکو چاوی تۆڕۆشن ببینم، من دەتوانم غەمی خواکـانیش بلاوێنم.. دەتوانم دڵی غەم بکەمەوەو گەرد بەگەردیتان نیشان بدەم، دەتوانم لەڕەنگەکانی غەمەکانتان باسی پاڵەوانە دێرینەکانتان بۆبکەم.

گوێم لێبوو، کۆترێکی کوکووئوختی دەیخوێند، بەژوورسەرمەوە بەخوێندن باسی خوشکەکەی خۆی بۆدەکردم، دەیخوێند: کوکووئوختی، کوکووئوختی!

خەبەرم بۆوە..نە ئیبسن دیاربوو، نەکوکووئوختی! کەسم نەبینی، نوستمەوە! لەبێداریدا نوستمەوە. زۆری نەبرد تەق، تەق، تەق، لەدەرگایان دا.. کەکردمەوە بینیم میوانە، میوان لەکوردوستانەوە؟ سەرم سوڕما! بێگوومان کات وەستاوە هێشتا.

مێرولەکان فەرموویان: خوێنەر دەزانـێـت کە بە درێژایی ئەفسانەکان کات دەوەستێت، چونکە تیایدا ئەم ئەفسانانە لەدایک دەبن، مـرۆڤێک دێت.. سەری لە...

# تابلۆی میوان

کەدەرگاکەم کردەوە، حەپەسام، جووتێک کۆتری نێرومێ-م بینی، دووکۆتری هەڵکڕوزاو، سووتاو! لەپێشدا دڵنیا نەبووم کەئەوان هەمان کۆترەکانی سەردەمی منداڵیمن، کە ڕامدەگرتن و تەرە دەبوون! ئەوکۆترانەی کەزۆر حەزم دەکرد ماڵییان بکەم. نان وئاوم بۆ ڕۆ دەکردن، نەیاندەخوارد ونەیاندەخواردەوە، نمەکیان نەدەکردم تا باسی خواوەند وئازادییم بۆنەکردبان!

چونکە کۆتر گەرنیازی ماڵی بوونی نەبێت لەماڵێکدا نمەکی خاوەن ماڵ ناکات، بەوەدابزانە کەکۆتر هیچ پەیامێکیان بۆت نییەو بەنیازیشن تەرە بن لێت. چونکە کۆتر پەیامی پێیە.

دوایی بەرلەوەی فەرموویان لێبکەم وامزانی کۆترەکەی ئەوکیژۆڵە مەسیحیەیە کە بەمنداڵی دراوسێمان بوو! بەڵام بەداخەوە ئەویش نەبوو تاشووی کردبێت یان جوتبووبێت لەگەڵ کۆترێکی تر! نەمناسیینەوە، هێندە ترساوبوون، هێندەبریندار دیار بوون!

شەکەت وماندوو، لەئاسمانە دوورەکانی ئەراراتەوە هەڵفڕیبوون، قاویان دابوون، نەمدەزانی کامیان نێرەوکامیان مێیە، هەردوکیان خوێنییـان لێ دەتکا، هەردوکیان دەگریان زمانیـان لێڕوابوو، لە کۆترەکانی{ دلێر بابان} دەچوون! برینداربوون، هەریەکەیان دەیان تیر بە لەشیەوە بوو، نەیان دەزانی چۆن باڵندە بەبێ شاپەڕ، بەبێ پەڕ دەتوانێت بفرێت؟ حەپەساو دەم داچەقاو بەدەم ژانەوە، بەرلەوەی سڵاو بکەن، بەرلەوەی بێنەژوورەوە، دەیانگوت: نەتەوەی حەزرەتی نـوح دووچاری لەشکری قین بووە.. مـرۆڤەکان لەوێ قینیـان لەخۆیان دەبێتەوە، مـرۆڤ لەبوونی خۆی پەشیمانە، دێـوەکان بەوێش فێربوون..

مـرۆڤ بووە بەدوژمنی خۆی، پارتەکان نەخۆشی بڵاودەکەنەوە، جەهل دەچێنن، دێـودروست دەکەن، فریشـتە دەخۆن، سەری منداڵەکانیـیان دەبڕن، حەیای خۆیان دەبەن  وکەرامەتی خۆیان دەشکێنن، ئابڕووی خۆیان بەردباران دەکەن، تێزاب بەخوشک ودایکی خۆیاندا دەکەن، پەلاماری سومعەی خوا دەدەن، گووبەباوەڕەکاندا دەکەن، مـرۆڤ دەکەن بەقاحبە وشاربەدەری دەکەن، ژیان هەتک دەکەن، واخەریکە خاکیش پیس دەکەن بەدرۆرو غەدرو تەعدا..دێـوەکان سەریان لەقەبرە تاریکەکان دەرهێناوە، قەپ دەکەن بەسەری منداڵدا، ئافرەت دادەکرۆژن، باڵندەکان زەهراوی دەکەن و ئاژەڵ دۆعایان لێ دەکات و نەخۆشییان بۆ نازڵ دەکات!

مـرۆڤ لەمافی ژیان دادەماڵن.. دێـوی پارتی، یەکێتی، ئیسلامی، ڕووسی، ئەمەریکی.. تورک وعارەب و فارس هەریەکەیان هەشت سەری هەیە، تێرنابن لەگەندەخۆڕی وتەعداکردن ودزی کردن لەخۆیان، کەرامەتی خۆیان داوەتە دەست دێـوە بێهەستەکان، مـرۆڤ ناچاردەکەن لەدیاری خۆی هەڵێت، پەنا بۆخواکـان بەرێت..

من فەرمووم لێکردن بێنە ژوورەوە. هاتنە ژوورەوە، ئاوم دانا، نەیانخواردەوە، گەنمم بۆڕۆکردن نەیانخوارد، جێگەم بۆڕاخستن نەنوستن! دانەنیشتن.. ناچار کەوتمە تیماری برینەکانیـان، هەموو ئازای لەشیان کون کون بوو! خوێن ئەوانی سوور سوورکردبوو، بەزەییم بەواندا دەهاتەوە.. بەزەییم بەخۆمدا دەهاتەوە، نەمدەزانی چیبکەم!

فەرموم: بەخێر بێن؟ دەزانم نیازی مانەوەتان نییە! چونکە دەڵێن ئەگەر کۆتر نانی خاوەنماڵ نەخوات، زۆرنامێنێتەوە! هیچیان نەخوارد!

فەرمووم: هەندەرانماڵی کەس نییە، بێگومان ئەوەی لەڕێگەدا بۆئێرە بەسەرتان هات، بەژانترە لەوەی لەوێ بەسەرتان هات.. من داوای گەڕانەوەتان لێناکەم، بەڵام دڵنیاتان دەکەم ئەوەی کە نیشتیمانی خۆی دەشێوێنێت تەمەنی کورتە، ئەودیوانەی کە لەنزرگەی حەزرەتی نـوحدا ناکەسی دەکەن وبەری ڕەنجی ژیان دەخۆن، تەنها بەدێـوەکانی خۆیان، خۆیان دووچاری زیللەت دەکەن. ئەوان نازانن کەپەیامەکان چرۆدەکەن، کەژیان ڕادەوەستێت، کە کات ڕادەوەستێت. ئەوکاتە دێـوەکان تەنها چارەیان لەبەردەمدا بێت ئەوەیە هەوڵبدەن فێربن، فێری سروشتی مـرۆڤانە، هەوڵبدەن فێربن، فێری مافی ڕاستەقینە.

ووتیان کام ماف؟ فەرمووم: مافی مانەوەوتۆڵە.. ئەوەی یەکێک بکوژێت یان ببێتە هۆکاری مەرگی کەسێکی تر.. چاک بزانێت ژیان بەجێناهێڵێت تا وەک ئەو نەکوژرێتەوە. ئەوەی زلەیەکی لەکەسێک دا، زلەیەکی لێدەدرێتەوە. ئەوەی کەسێکی سەربڕی، سەری دەبڕدرێتەوە.. بگرە سەربڕ خوودی قوربانییە ئەگەر نازانن.. بۆچی بەزەییتان بەسەربڕاودا دێتەوە؟

ئەودێـوانە بەجگە لەلەشی خۆیان، منداڵی خۆیان، ئافرەتی خۆیان کەسێکی تر ناخۆن، دێـوەکان فێرن، ئەگەر کەس نەمێنێت، خۆیان دەخۆن! خودخۆرن دێـو!

ووتیان خۆڕاست دەکەیت، یەکێتی نیشتیمانی لەئەسڵا پارتی دیموکراتی کوردوستان بوون، هەی لەوە خۆ حیزبی شیوعیش هەرپارتی بوون وهەموویان کاژیک بوون! کەچی هەموویان پێکەوە دژی کاژیکن، تەنانەت ئیسلامییەکانیش کاژیک بوون بەرلەئێستا، بەرلەوەی ببن بەدێـو.

فەرمووم: کەواتە تێگەیشتن کەشەڕ شەڕزۆردەکات. ئەوەی خوێنی کەسێک بڕێژێت خوێنی دەڕژێتەوە! بۆیە لەئەرارات کورد زووربەی بووە بەدێـوی چەڵێس و هار.. بەچکە دێـوەکانیش هەرکنەیان دێت، درۆدەکەن، دزی دەکەن، حیزی دەکەن، شەرەفی خۆیان دەدەن بەدێـوەکان، ژنەکانی خۆیان دەکەن بەبووک بۆ ئاهەنگی دێـوەکان، دێـوپەرستەکان قوربانی بەهەمووشتێک دەدەن تاببن بەدێـو، نازانن چەند بچوکن لەژێرکەڵبەکانی دێـودا؟

ئەگەر نەکوژرێن وپیربن، بەپیری، بەزەلیلی، بەتۆقاوی، بەڕەزیلی چاوەڕێی مەرگ دەکەن وخۆیان بەخەیاڵ پڵاوەوە سەرگەرم دەکەن، وادەزانن خەون بەبوون بەدێـوەوە دەبینن.. بەڵام گوێم بۆشلکەن تامن پێتان بڵێم، جاشەکان دێـوپەرست و جاسووسەکان، پیاوی دێـوەکان خەو بە چییەوە دەبینن.

دەبینن دەبن بەسەرکردە، بەدێـو.. لەخەویاندا کەدەبن بەسەرکردەو بەدێـو، توشی نەخۆشیی گومان دەبن.. تووشی شک دەبن، لەدێـوە بچکۆلەو دەستەمۆکانی خۆیان دەترسن، لەژن ومنداڵەکانی خۆیان دەترسن، چونکە هەست دەکەن ئەوان تۆڵەیەکیان لێدەکەنەوە و دەیانکوژن! بەڵێ، فرسەتیان لێدەهێنن ودەیانکوژن، یادەرمانخوادروزەهرخواردیان دەکەن. وادەزانن ئێستانا تاوێکی تر دووچاری هەڵمەت دەبن، دەکوژرێن سەریان دەپەڕێنن.. لەترسا ئارەق دەکەنەوە، ڕادەچەنن، هاوار دەکەن دەبۆڕێنن.

بەبوغزێکی ناشیرینەوە بێداردەبنەوەو بەگومانەوە سەیری چوادەوری خۆیان دەکەن.. لەژنەکەیان دەپرسن.. سەیردەکەن ژن لەوێ نەماوە.. لەبری ژن، دەعبایەکی ڕووڕەش دانیشتووە، شەهوەت بەلمۆزیدا دێتە خوارەوە، پارچەی لاستیکی کێر دەجوێت لەبری بنێشت.. دەوەڕێت و دەڵێت:  پارەت نەخستە دەرپێکەمەوە، شەرت بێ دۆعات لێبکەم ببیت بەمن!

ئەویش بە خەیاڵ دەبێت بەو، دێـودەتوانێت ببێت بەقاحبەیش.. خۆی لێدەبێت بەو، پاشان بە شەپازلە دەکەوێتە وێزەی خۆی تا بێدار بێتەوە.. شەق لە قوونی خۆی هەڵدەدات، بەدەم ڕشانەوەی جنێوەوە بەخەبەر دێتەوە، سەیر دەکات هێشتا نەبووە بە سەرۆک وبەدێـو، بەخێو، نەبووە بەقاحبەش! چاوەکانی حیز دەکاو قەپۆزی بادەدات و بە یاساوڵەکەی دەڵێت : حەمە حیز خەوێکی لەتۆ حیزترم دی.

حەمەحیزی چاوشۆڕیش دەڵێت: خۆنەیانگایت؟ ئەویش دەڵێت، ئینجا کوا خوا ئەمەندە شەریف بوایە بەگانی بامایە یا هیچ نەبوایە خۆی بیگامایە! هەی حیزی ژن حیز گاندان شەرەفە بۆ دێـو. ئەوەی من دیم کەس نەیبینێت..

بەرلەوەی خەوەکەی تەواو بگێڕێتەوە.. چاوی خواروخێچ دەبێت، زمانی شل وشۆڕدەبێتەوە.. ڕەنگی گواوی دەگۆڕێت.. تووشی وڕێنە دەبێت.. چونکە یادی دێتەوە ئەوەی ئەو ناوی لێنابوو قاحبە زەهرخواردی کردوون..، زەهری بۆکردبوونە ناوگەڵی خۆیەوە، ناودەمی خۆیەوە، بەڵکو بۆنی زەهری لەخۆی دابوو. دەرمانی مشک وگوڵاوی تێکەڵ کردبوو!

تۆپی.. دەستبەجێ تۆپی وحەمە لووسی حیزیش ترسا لەبەرخۆیەوە ووتی: ئەی.. خۆمنیش کچەکەم فتکرد! بۆڕاندی: کورە خولە تۆش؟ ئەی تۆ سالەگەواد، عەلە، عەبە گووزل ئـێوەش لەو پەڕین؟ هەموو بەکۆڕ ووتیان: ئەرەوەڵڵا هەمووکردمان!

خلە شێتی گۆج لەدوای هەموویان بۆڕاندی: وەلاهی من بەسەرەفی باوکم چوارجار بەمرودوویی فتمکرد، هیهیهیهی، وەهەها! زۆری بەبرد هەموویان بەلادا هاتن، تۆپین.

بۆیە ئەرارات خوێنی لێدێت، مەترسن، باشەڕ زۆربێت، من زۆر لەوە دڵنیام کە مـرۆڤی ڕەسەن هەرگیز نامرێت.. من بەچاوانی خۆم دیومە، لەبیرم دێت کە منداڵ بووم لە خەونمدا بووم بەپێشمەرگە، لەشکرێکی سێقۆڵیی تورک وفارس وعارەب هەڵمەتیان کردە سەرمان بۆ ئەرارات، ویستیان، دڵی نـوح داگیر بکەن.. بینیم لەوێ لەسێقۆڵەوە تیربارانیـان دەکردم، منیش بەپێوە وەستابووم، سنگم نابووە بەر فیشەک.. هاوارم دەکرد من بریندار نابم، من نامرم، من نـوحم..، بینیم هیچشتێک کاری تێنەدەکردم! چونکە نووشتەی حەزرەتی عیرفانم پێ بوو!

**کیژۆڵەیەکی هاوڕێشم لەگەڵدا بوولەخەوەکەدا، ئەو کیژە مەسیحییەی لەژێرکراسەکەیدا دانی بەکۆترەکەی دەدا! بینیم ئەویش خوێنی لێ دەفیچقێت، بەڵام پیدەکەنی ودەیفەرموو: من هیچم لێنایەت مەترسە.. منیش دەمفەرموو ببینە خوێنت بەربووە!**

بەدەم یاریکردنەوە خۆیدەدا بەزەویدا و دەیگوت پاڵکەوە لەلامەوە.. منیش لەخەونمدا پاڵدەکەوتم لەلایەوە، بەچپە دەیفەرموو: ئێمە هیچمان لێنایەت، چونکە دێـوی شەڕ ناتوانێت مـرۆڤ بکوژێت، چونکە مـرۆڤ نەمرە.

مـرۆڤ نامرێت.. چونکە ئەوەی بەبێ گوناح بکوژرێت.. وەکوئێمە ئازاری پێناگات، ناترسێت، چونکە ئازادی بەخێومان دەکات، چونکە ئازادی گیانی مـرۆڤ گۆش دەکات، نایەڵێت هیچ مـرۆڤێکی خاوەن کەرامەت بمرێت. و لە دل و دەروون و بیری مرۆڤدا مرۆڤی پاک ، هەمیشە جوان گۆش دەبێت.

بەدەم خەوەوە، باسی داستانی شیرین وفەرهاد مان دەکرد، باسی مەم وزین.. ئەستێرەی ڤینۆسی نیشان دەدام ــ دەیگوت بڕوانە تیشکی ئەو، ئەو تەماشامان دەکات، دەمانپارێزێت.. ئەگەر حەزدەکەیت بانگی دەکەم بێت بمانبات. منیش دەمفەرموو: دڵنیایت بریندار نەبوویت؟ بەنازەوە دەیفەرموو، دەست بۆ لەشم بەرە، بزانە تنۆکێ خوێن بەر پەنجەت دەکەوێت؟

منیش بەشەرمەوە دەستم دەگێڕا بەگشت گیانیدا.. بەدەستێکی گەرم، بەودەستانەی کەچەکی پێهەڵنەگیرابوو مۆسیقا ژەن ئاسا دەگەڕام، دەستم دەبرد بۆسەر مەمکی تابزانم دڵی خورپە ناکات! دەستم دەبرد بۆ ڕوومەت ولاملی، پشتی سکی ڕانی.. دەستم دەبرد بۆگیانی، خۆشایی پێدەگەیی.. بەدەم ختووکە وموچرکەی خۆشییەوە، دەیفەرموو: ختوکەم مەدە. منیش ختوکەم دەدا، دەمفەرموو: دێـوەکان لە خەندەی مـرۆڤ دەترسن.

پاشان لەخەوما بەر لەوەی بێدار بینەوە.. هەڵدەستاین لەسەرلووتکەی ئارارات ڕادەوەستاین، پێکەوە بەدووەنگ سروودی ئاشتیمان دەخوێند، دەمانخوێند: ئێمەین پەیامی ئاشتی.. ئێمە دەبین بەئاشتی.. دەبین بەئاڵای گیان، بەپەیداغی.. دەبین بەپەیامی نێرگز..، بەدێـوەکان دەڵێین کش.. ئێمەین ئاشتی، بژی ئاشتی، بژی ئازادی نەمرەونامرێت ئاشتی.

بەدەم تەماشای لاشەی بێسەرەوە گۆرانیمان بۆ تەرمی خۆمان دەخوێند.. لەشی بێ سەرمان.. چونکە دێـوە تورک و عەرەب و فارسەکان سەری هەردوکمانیـان بڕیبوو، تا ماری ئەژدەهاکی باوانیـانی پێ تێر بکەن!

کەبێدار دەبوومەوە پەیمانم بەهاوڕێـکانم دەدا ، دەمگوت، مـرۆڤی دادپەروەر نامرێت، ئاشتی پەرست نامرێت، مـرۆڤی جوان، بیری جوان، پەیامی جوان نامرێت. ئەوەی لە پێناوی ئازادیی نەتەوەییدا شەهیدە، پیـرۆزە و پەرستگای میللەتە.

کۆترەکان گوێیان شلکرد.. گوێی خۆیان خۆش بۆم شلکرد.. چونکە تێگەیشتن کەمـرۆڤی ڕاست پەرست هەست بەئازار ناکات.. مـرۆڤی ئازاد نامرێت، چونکە کە گیانێک دەمرێت گیانێکی ترلەدایک دەبێت..

فەرمووم: بەچاوی خۆتان دەبینن کەئـێوە هەست بەهەڵپڕوکانی باڵەکانتان ناکەن. هەست بەماندوویی وبرینداریتان ناکەن.. ئەو هەموو ڕێگا دوورانەتان بە برینداری بڕیوە!

فەرموویان: ڕاست دەفەرموویت.

میوانەکانم بەدوای ئامۆژگارییەکاندا کەوتنە نمەک کردن.. دان وئاوی ماڵی ئێمـەیـان نمەک کرد، ماڵی من بوو بە هێلانە بۆیان. فەرموویان: ئێمە هاتووین گلەیی ئەرارات بە درەختی زەمان وبەمـرۆڤی بێـئاڵاو وبێـوڵات بگەیەنین، ڕێگامان وونکردووە!

فەرمووم لەکوێوە هاتوون؟ فەرموویان: لەئاسمانەکانی فینلەندەوە!

فەرمووم: بینیتان لەڕێگاکاندا؟ بینیتان ڕێگاکان دڵیان هەبوو؟ فەرموویان بەڵێ.. لەڕێگەدا بەدەم فڕینەوە، هەندێک ڕێگامان بینی، هەندێک تووڵەڕێی ڕۆشنمان بینی.. تووڵەڕێکان دڵیان هەبوو.. دڵی هەمەڕەنگمان بینی.

پرسییم کام دڵەیان جوان بوو؟ فەرموویان دڵی شازادەی وڵاتی بەفر، دڵی بچکۆلەی منداڵانەو دڵی گەورەی وەک دڵی مۆزارت وبتهۆڤن، گریک، و ئولە بوول و دڵی گۆدۆ.. دڵی دێـوەکانیشمان بینی کە زبرو تاریک و دزێو بوون، بەداخەوە دێـوەکان بەناو ئەو دڵە جوانانەدا زەهریان دەکرد بەڕێگاکاندا.. دووکەڵی ڕەشیان لێهەڵدەستا ، ڕێگاکانمان وون دەکرد.

فەرمووم: مەترسن، دێـوەکان دڵیان نییە.. ئەم هەموو شەڕە لەسەر داگیرکردنی دڵی ڕێگاکانە.. لەدواییدا بۆتان ڕوون دەبێتەوە کە پیـرشالیارو مـرۆڤی بێـوڵات ولەقلەق وجاڵـجاڵـۆکەی پیـرۆز دێن ودڵ دەڕوێنن، دڵ دەبەخشنەوە، دێن دڵیان لێدەبارێت، دەڵێن درەختێک پەیدا دەبێت، بەری شیفای دێـوەکان دەگرێت. مـرۆڤێک دێت هەمووگیانی پڕە لەدڵ، بەسەر زەمیندا دەڕوات، مـرۆڤەکانی هەمووجیـهان چەکەکانیـان دادەنێن وبەگۆرانیی ئاشتی، بەچەپڵەڕێزان، بەخرۆشی مۆسیقا پێشوازی لەمیوانداریێتی دەختی زەمان ومـرۆڤی بێـوڵات دەکەن. ئەویش دەگەڕێت، دەست بەسەر هەمووکەسێکدا دێنێت.. بەدێـوەکانیش دەڵێت: لەمەودوا کەس نابێت برسیی بێت، لەمەودوا کەس نابێت بکوژرێت، سەرببڕدرێت، هەتک بکرێت.. دەبێت ماڵێکی پێجاوپێچ=لابیرینت لەژێر زەویدا بکەن بەزیندان بۆ بەرازەکان، تا دێـوەکان بەپێی خۆیان بچنە ناوزیندانی لابیرینت-ەوە.

پەیامێک دادەبەزێت لەسەر زەوییەوە بەئاسمان دەگات.. هەمووخواکـان دێن بۆتەماشای درەختی زەمان، هەموو پەیغامبەرو فریشـتەو بتەکان، هەمووخاچەکان مەسیحەکان مارپاکان دێن و تەماشای هەیبەتی ڕۆیینی ئەو دەکەن، شانازی بەکەرامەتی مـرۆڤەوە دەکەن.. دێت لەناوماندا مـرۆڤێک بۆ هەرجێگەیەک کەدەچێت هەموو ئافرەتان ومندالآن وپیاوە خێرخواکـان پێشوازیی لێدەکەن، ناترسێت، دەڕوات، دەگەڕێت، کەس ناتوانێت لەم جیـهانەدا پەنجەی بۆ بەرێت.
کۆترەکان فەرموویان: چۆن بتوانیین پەیامەکانمان بەوبگەیەنین؟
فەرمووم ئـێوە کە لێرە بەدەردەکەون، بەڕێگاکانی کەماڵدا لەشەقەی باڵ دەدەن، چونکە ئـێوە لە نەوەی نـوح-ن، ئـێوە دڵی ڕێگاکانتان دیوە، ئـێوە دەزانن کەتوولەڕێگاکان ڕۆشنن، ئـێوە هەم دڵی ڕیگاکان وهەم دڵی نەوەی نوێتان دیوە.
مێرولەکان فەرموویان: جەهەننەم گەردوونێکە مـرۆڤ دروستی دەکات، لە واتاکانی، لە کردەوەکانی، لە هەڵوێستەکانی.. کەس ناتوانێت لە جەهەننەم دەرباز بێت، تەنها کەسێک کە دەتوانێت دەرباز بێت، کەسێکە بتوانێت خۆی بناسێت، لە خۆی خۆش بێت، کاتێک کە دڵنیا دەبێت خەتاکانی لە پەنجەی دەستێک تێناپەڕێت.. دەگات بە نەجات کاتێک واز لە خەتاکانی دەهێنێت.

## تابلۆی بەزەیی

کۆترەکان ووتیان ئێمە لێرە دەمێنینەوە، ناگەڕێینەوە بۆئەرارات.وەک پەنابەریش ناگەڕێینەوە بۆ وڵاتی فینلەندە، تادێـوەکان فێردەبن، تادێـوەکان شێت دەبن و دەتۆپن.. وتیان لەکوردوستان کۆمەڵێک ئافرەتی پیـرۆز، کۆمەڵێک مـرۆڤ پەیمانیـان داوە هەمووسنوورەکان لەدێـوبگرن، هەرهەمووشیان زەهرخوارد دەکەن ودەیانتۆپێنن. فەرمووم دەزانم.
لەوگفتوگۆیەدابووین تەق تەق تەق، لەدەرگا درا، دەرگاکان لەسەرپشت بوون.. فەرمووم: فەرموون. فەرمووی دەبێت ئەرک بکێشن دەست بخەنە ژێر باڵم، من ناتوانم زیاتر بڕۆم و وەژووربکەوم.
ڕوخسەتم لەکۆترەکان وەرگرت، چووم بەدەم داخوازیی میوانەوە، دەنگیم لەلا نامۆ نەبوو، وامزانی دەنگی حەزرەتی مارپایە!

که دوای سێ هەنگاو دەستم خستەژێر باڵی بینیم فریشـتەیەکی بچکۆلانەیە. لەژێرزەمینی وڵاتی هەستکردن بەکەمییەوە هاتبوو. ڕوخساری تۆراو، خەندە لێدزراو، بۆنی توتن وتلیاک وحەشیشی لێدەهات. بۆنی ماددەی بێهۆشکەرو حەبی خەوی لێدەهات. بەدەم وڕێنەوە جارناجار لەژێرکاریگەریی حەبی پێکەنیندا وڕێنەی دەکرد و قاقای دەتەقاند.

چاوەڕوان نەکراو دەتریقایەوەو دەیگوت بمبوورە پێتان پێدەکەنم، بەڵام من هەردووباڵم شکاوە، دڵم، هەستم، بیرم، گیانم داگیرکراوە، من لەقوڕگی دێـوەکاندا تەنهایی دەمکرۆژێت، گومان ئەتکم دەکات، باوەڕم بەخۆم نەماوە، هاوڕێـکانم درۆزنن، لەمنداڵ ومێردەکەمیان کردم، بەناوی مافی ئافرەت وئازادییەوە تەفرەیان دام و کردمیان بە دێـوێکی هارو بێباوەڕ!

ئەمانە هێندە دوژمنی بێگانەن خۆشیان نازانن بۆ هێندە بەتەنگ لەناوبردنی گیانی خێزانییەوە دێن! بەرگەی ووشەیەکی ڕاست ناگرن، دێن ئەزێتم دەدەن، باڵەکانم هەڵدەکێشن، تلیاکم بەدیاری بۆدەهێنن، هەژدەساڵە زەهری هەستکردن بەکەمی دەکەن بەقوڕگمدا، ناتوانم بفڕم، ناتوانم لەسەرپێی خۆم ڕاوەستم.

منیش فەرمووم: بەڕێزتان کێن؟ فەرمووی: سارا.

فەرمووم: باش بووهاتی، من لەناو دەروونی خۆمدانیازمە تەماشای فلیمێک بکەم، حەزدەکەم تۆش بێیەژووریٚ ولەگەڵ میوانەکانم تەماشای هەمان فلیم بکەیت. بەباوەش هەڵمگرت، بردمە سەر ئەوجێگەیەی کەخۆم حەزدەکەم لەسەری دانیشم.. کاسێتە کۆنەکەم خستە سەر دێڤێدییەکە و گشتمان مت بووین.

تەلەفیزۆنەکە بەبێ ڕێکلام فلیمی بڵاوبوونەوەی گەردەکانی پیـرشالیاری نیشاندا لەدرەختی زەماندا.. بینیمان زەڕڕاتەکان بڵاودەبنەوە وەک بۆنی بغورد، بەوڕێگایانەدا دەکەوتنە گەشت کە ڕۆشن بوون، ئەوڕێگایانەی کەدڵیان هەبوو، دڵی ڕەنگین، دڵی بژێو، دڵی گەورە، دڵی جوان جوان وبچکۆلە.

**بینیمان حەزرەتی پیـرشالیار لەشەقامی شیپەرگاتا-ی ئۆسلۆ-دا گەردێکی کەرامەتی داگیرساوەو تەماشای دووئافرەت دەکات.. دووئافرەت، کەیەکەمیان ناوی سارابوو، دووەمیان ناوی ماریا بوو**.. ببورن حەزرەتی ساراو حەزرەتی ماریا.. کەهەردوکیان موعتاد بوون، هەردوکیان بە وڕی بەناو قەرەباڵغیی مـرۆڤە خواروخێچەکاندا دەڕۆیشتن، مـرۆڤەکانی دەوروبەریان ڕوخساری خۆیان نەدەدی، لەخاج دەچوون، خواربووبوونەوە، **دەرشانەوە، سەیر بوو پیاو تەماشای خاجی ڕشاوە بکات، سەیربوو خاجەکان تووڕەدەبوون جنێویان دەدا.. هەندێکیان لەشمشێر دەچوون، شمشێری ژەنگاوی وتەنەکەیی، دەتوت سیلڤادۆرداڵی دروستیکردوون، لەشمشێری تەواوە یان لەپەڕۆ دروستکراو دەچوون. سەریان ڕەش بوو!**

هەردووئافرەتەکە پەنای یەکیان دابوو، چووبوونە ژێرباڵی یەکتر گێژ گێژ، بە ناو ئەو مرۆڤە لە خاجدراوانەدا زۆربەسستی هەنگاویان دەنا، لەگەڵ ئەوەشدا کە لەژێرکاریگەری دەرمانی گێژکەردا بوون، نەخۆش بوون، پێدەچوو تازە لە نەخۆشخانە دەرکرابن! چونکە هەریەکەیان زەرفێکی سەیدەلییان لەدەست بوو، دیار بوو پڕبوو لەدەرمان!

ساراو ماریا دەڕۆیشتن، هەنگاوەکانیـان بۆهەڵنەدەهات.. چونکە وڕوگێژو نەخۆش بوون.. کەس ئەوانی نەدەبینی، پێدەچوو بیانەوێت بەرەوماڵی یەکێکیان بچن.

زۆرماندووبوون هەردوکیان، ئەگەر سارامارییای بەربدایە سەری دەیدا بە پلیکانەیەکی تیژی یەکێ کە باڕەکانی سەر شەقامەکەدا. یان دەکەوتە ژێر تایەی ئوتۆمۆبێلەکانەوە! ئەوئۆتۆمبێلانەی کە خەڵکی پیادە یان نەدەدی، کە لەپڕ خۆیان دەکرد بەشەقامەکەدا ـ بۆهەڵگرتنی ئافرەتی خۆفرۆشی بولغاری و بۆسنی و ڕووس و کوردوفارس وعارەب وئەفریقی.

هەرچۆنێک دەستیان لەیەکتری بەربدایە دەکەوتن وهەردوکیان شتێکیان لێدەهات، بەلایکەمەوە نەیاندەتوانی ڕاست ببنەوە وهەستنەوە سەرپێ! زۆرکەساس بوون هەردوکیان، ڕەنگیان سپی سپی هەڵگەڕابوو، دەتگووت تازە لەقەپۆزی دێـوەکان وەدەرکەوتوون.. مرتەیان لەخۆبڕیبوو، چاویان زەمین وقەرەباڵغیی شیپەرگاتایان نەدەدی.. بووبوون بەدایک وباوک وخوشکی یەکتری، بووبوون بە دایک و غەمخۆری یەکتری.. ئەوەی سەیر بوو دایکیان، باوکیان یەکی سەگێکیان بەقایشەوە لەدەست بوو ئازادانەو بێترس دەگەڕان، کۆرپەکانی خۆیان نەدەبینی لەوشەقامەدا چۆن زیللەت داگیری کردوون!

چونکە سەگەکان بووبوون بەچاوو دەست وسەرو دەمیان.. بەرەوبارەکان دەچوون تا باسی مافی مـرۆڤ وسەگەکانی دراوسێکان وزیزبوونی دۆستەکانیـان بکەن!

زۆر ڕەنجاو حەزرەتی سارا لەدوورەوە دایکی هاوڕێیەکی خۆی بینی دەپاڕێتەوە لە بابایەکی سمێڵ فش ونەزان، **(کە لە کابرای تابلۆی ماسیگر دەچوو!)** گویی لێ نەبوو باسی چی دەکەن، بەڵام دەیزانی دایکی هاوڕێکەی تکادەکات، پارەی زیادەی دەدا بۆکڕینی دەرمانی بێهۆشکەر بۆ کیژۆڵە تاقانەکەی، کەنازانێت باوکی سەری خۆی بۆکوێ هەڵگرتووە!

زۆرشەکەت دەڕۆیشتن هەردوویان، لەوکاتەدا، لەوچرکە ساتەدا، کەکڕێوەیە لە وڵاتی نەروێژ لە بەیانیی نەورۆزدا، لە بیستویەکەمی مانگدا کات دەوەستێت، هەمووجیـهان ڕەق ڕادەوەستێت، شیپەرگاتا مت دەبێت، چونکە پیـرشالیار لەوێدا دادەگیرسێت، زرمەیەک ڕوودەدات، پیـرشالیار سڵاو لەگیانی حەزرەتی ساراو حەزرەتی ماریا دەکات!

دەفەرموێت: مژدەم هێناوە بۆتان، ئـێوە خاوەن بەزەیی ترین مـرۆڤی سەرئەم گۆیەن، ئـێوە پڕن لەهەستی میهروبەزەیی، ئـێوە مژدەی کامەرانی دەدەن بە جیـهان، ئـێوەن دەبێت ئاڵای درەختی زەمان بکەن بەدڵ، بکەن بەگیان، بکەن بەدیاری بۆ ئەومـرۆڤانەی کەدەژین لەوڵاتانی تری جیـهان.

من بەختیارم بە ورەبەرزیتان، من شادم بە بینینی بەزەییتان، بەزەیی ودڵسۆزی وەها دەبێت، من هەرگیز فریشـتەی وەک ئـێوە دڵسۆزم نەبینیوە بەوهەموو ژانەوە مـرۆڤێکی تر پەنا بدات!

لەوکاتەدا حەزرەتی مارياو حەزرەتی سارا بیدار دەبنەوە، تەماشایان دەکرێتەوە، بزەکانیـان دەگەشێتەوە، ساراتەماشای ماریا دەکات، ماریا تەماشای سارا! هەردوکیان بەسەرسوڕماوی تەماشای یەکتری دەکەن و سەیری بەردەمی خۆیان دەکرد، پێکەوە دەیانبینی ڕێگەکان پڕن لەفریشـتەی وردیلانەو جوان جوان، بینییان فریشـتەکان لە شازادەی وڵاتی بەفر دەچوون، جۆرەها ئامرازی مۆسیقایان لەدەست بوو، فلووت وکومانچەو پیانۆیان بۆلێدەدان، بینییان هەزاران پەپوولە کە لەدڵ دەچوون، دڵی ڕەنگاوڕەنگ وبچووک، لەسەر توولە ڕێگا ڕۆشنەکان باڵەفڕەیان بوو، سەلمایان دەگووت، ماریایان دەگووت بەکۆراڵ! مێرولە سپییە ڕۆشنەکانیش، توولە ڕێگایەکی ڕۆشن بوون گشتیان!

بینییان هەنگاوەکانیـان سەوز دەبێت! تەماشاکانیـان دەزێت، بۆنی بغوردیان لێدێت، بینیـیان پیرێک دەست لەسەرسینگ، لەسەرئەژنۆ چەماوەتەوە بۆکەرامەتی ئەوان وفەرموویان لێدەکات بڕۆن بەرەو ئەو درەختەی لەوپەڕی شیپەرگاتاوە دەبینرا! بینییان شادومانی باڵی لێ ڕواندوون، سارابەماریا ماریا بەسارای دەفەرموو: دەبینی باڵت لێڕواوە؟

کاتێک کەهەردوکیان هەستیان بەبزووتنی باڵەکانیـان کرد، هەنگاوەکانیـان ڕاگرت، کاتێک کەدڵنیا بوون لەوەی کە دەبینن، دەتوانن بفڕن، درەختی زەمان دەبینن، بارودۆخ ئاسایی بووەوە، بەرلەوەی فلیمەکە تەواوبێت.. هەردووحەزرەت بەیەکتری دەڵێن: بایەکدووهاوڕێش، یەکدوومنداڵ لەگەڵ خۆمان بەرین.

فلیمەکە کورت بوو کەخستمە سەری.. بینیم کاتێک کەتەواوبوو، فریشـتە زامدارەکە کەهەردووباڵی
تێکئالآبوو، قوپچەکانی کراسەسپییەکەی بەری یەکە یەکە کردەوە.. پاشان دەستی کرد بەسنگی خۆیدا!
زۆر سەیربوو، بینیم یەکەیەکە فریشـتەی بچوک وگەورەی لە بەردو شووشە وبۆرەک دروستکراوی
لەناوسنگی خۆیەوە دەردەهێنا ونیشانی منی دەدا! دەیگوت ئەمەیان پورم بۆی هێنام، ئەمەیان  دیاریی
هاوڕێیەکە کە بە سەرەتان مرد، ئەمەیان باڵیان شکاند، هاوڕێکانیشم کۆمەڵێک فریشـتەیان لێدزیوم..
بڕوانە فریشـتەکانی ناومن هیچیان پێناکەنن، گشتیان بریندارن؟!
فەرمووم: حەزرەتی ئەوان چاوەڕوانی پشکوتنی خەندەکانی سەرلێوی تۆن، ئەوان دەزانن کە ژیان لەلەشی
تۆدا نییە، دەزانن کە غەمەکانی تۆ خەندەکانی سەرلێوودەروونی تۆیان قاوداوە، بەڵکو  دڵنیاشن کەئومێدو
ژیان لەخەندەکاندایە، گەر تۆ بتوانی خەندەکانت بەبابدەیت، بێگومانبە فریشـتەکانت گیان و باڵیان چاک
دەبێتەوە، گشتیان ئومێدیان گۆش دەبێتەوە.
فەرمووی ئاخر دەترسم دێـوەکان خەندەکانم بکوژن، یان دووچاری سزام بکەن!
فەرمووم: هەموودێـوەکانی جیـهان ناتوانن تاکە خەندەیەک لەناوبەرن. کۆترەکان فەرموویان، ئامین.
پاش چرکە ساتێک بێدەنگی، بەبیرمداهات گوومانەکانی لێ دووربخەمەوە، چونکە هەستم کرد کە
فریشـتەکە دووچاری دەردوو نەخۆشیی گومان بووە! هەستیکرد تەنها بەلابردنی گومان دەتوانم فریشـتە
زویرو زیزەکانی ئاشت بکەمەوە! هەستمکرد پێویستە منیش دڵی خۆمی لەلا بکەمەوە، تادڵنیا وسەرپشک
بێت لەوەی کەشیفا لەوێدا دەگاتە قوتب کە هەردووسەر: واتە ووتە بێژو گوێگر هاوهەست بن، لەیەکتری
بگەن، لەیەکتری دڵنیا بن.
بۆیە حەزم کرد منیش دڵ ودەروونی خۆمی نیشان بدەم.. حەزمکرد ڕاستگۆییم لەگەڵ فریشـتەیەکی
دراوسێمدا جووت بێت، چونکە ئەو میوانی ماڵی من بوو.. میوانی ماڵی من ! کەلەڕاستیدا ماڵم نییە!

ماڵ، ماڵی میوان خۆیەتی، چونکە میوان خۆشەویستی ئاهوڕامازدایە! میوان لای من پیـرۆزە.. میوان
ئازیزە، جوانە، بەڕێزە.
لەبەرئەوە، منیش قوپچەکانی کراسەکەم زۆر بەهێمنی، لەسەرەخۆ ترازاند.. بوارم داکەمێک تەماشای
هەیبەت وکەرامەتم بکات، تادڵنیا بێت لەوەی کە نیازم پاکە. چوومەسەر قوپچەی دووەم، بەچاوی شەرم
وسەری ڕێزەوە، تەماشایەکی تری ئەوم کرد.. کەهەستم کرد خۆشایی پێدەگات، دەستمبرد بۆقوپچەی
سێیەم، ئەمجارەیان بینیم دڵنیاتر تەماشام دەکات، تائەگەر پەشیمانیی هەبێت، دەری ببڕێت!
سەیرم کرد زۆر زۆری پێخۆشە، شیلەیەکی شیرینی تەماشام لە ناوگلێنەیدا بینی، وەک زەڕنە قووتە، گرتم،
تەماشاکەیم گرت.. جوان تەماشامکرد.. بینیم زۆری پێخۆشە، بینیم، تەماشاکەی وەک زەڕنەقووتە دەمی
داپچڕیوەو ئەجوکێنێت.. دەڵێ تینوومە، بەشم، جیک، ئاو!!
چونکە ئەگەر بهاتایەو لەکردنەوەی قوپچەی سێیەمدا پەشیمان بووایە، ئەوا نەدەچوومە سەرکردنەوەی
قوپچەی چوارەم! چونکە قوپچەی سێیەم پیـرۆزە لای زاگرۆسییەکان، نەوەی نووحی ڕەسەن تا قوپچەی
سێیەم، یان تا پێچی سێیەمی پشتێن بەنەرم ونیـیانی ڕەفتار دەکەن..بەر لەوەی هاوسۆزیان بگۆڕنەوە.
بۆیە ئیتر من لەخۆشیدا خۆشایی دەگەیی بەگیانم، حەزم دەکرد باوەشی پێدابکەموو توند بینوسێنم
بەخۆمەوە، واخۆش لەمسی بکەم تا گیانمان دەخلیسکێتە ناوگیانی یەکترییەوە.. بۆیە لەشم خاوبووەوە،
هەستمکرد پەنجەکانم دەبن بەپەڕوباڵ، توانام نەما دەست بۆ قوپچەی چوارەم بەرم!

تەماشاکەی کە هێشتا جووکەی دەهات لە سەر دەستم ، بەرم دا.. خنە خن بەهەناسەی بووژانەوەی خوێن لەدڵدا! خۆی گەیاندەوە ناوچاوی ئەو، زەرنە قوتەکە کپ بووەوە لە چاوانییدا.. چاوەڕوان بوو ئەویش تەماشاکەی من بـبـینێت.. زۆری نەبرد تێگەیی.. کەتێگەیی! کەدڵنیابوو.. دەستەکانی خۆی هێنا، زۆربە نەرمی دەستی هێنا بۆنزیک ناوکم! زۆربەشێنەیی دەستەکەی تری خستە سەردڵم، کەنیشانەی ڕەزامەندی بوو!

ئینجا دەستەکانمان لەنزیک ناوکەوە یەکیانگرت.. خۆش، بەئاستەم دەستمان برد بۆ قوپچەی چوارەم! هەستمان کرد گەرمای خۆشایی هەناسەی قوپچەی چوارەم دەترازێنێت! هەستمان کرد خۆشایی گیانی وەک هەناسەی گەرم لەدەروونیەوە دەردێت نەک لەسینەیەوە!

گەرمایی ئۆخژن بەخش، گەرماییەک کەپیاو تەنها لەیەکگرتنی دوولەشی ڕاستگۆدا هەستی پێدەکات، ئەوگەرماییەی کەمـرۆڤی ڕەسەنی لێوە بەدی دێت، کەوەچەی پیـرۆز دادەهێنێت، گەرمایی هەناسەی دووگیان، دوولەش کە بەیەک دەگەن! کەسێکی وەکو ئەنیشتاین دەخولٙقێنێت!

ئەنیشتائن خۆی بەتایبەتی ئەو تابلۆیەی نیشانی من داوە و دەفەرموێت: مـرۆڤ تەنها بەیەکگرتنی بیری و، بەیەکبوونی گیانی و، بەیەکبوونی هەستی دەتوانێت من زینـدووبکاتەوە! بەڵام مانای وانییە زیندوبونەوەی من دەتوانرێت بەد سوودیی بەرامبەر بکرێت! من تەنهاکاتێک دێمەوە کە جیـهان یەکی گرتبێت، دەنا من نابمە تەواوکەرو دواهەمین بەندی زانست!

بۆیە هەستم بەوخۆشاییە کرد.. بۆیە بەرلەوەی قوپچەی چوارەم بترازێت.. دڵ ودەروونم گەشایەوە.. بەتەماشا، چەپکێک گوڵی سپیم پێشکەش کرد! قوپچەی چوارەم ترازا! بەڵێ بەدەستەکانی خۆی! بەدەستی فریشـتە.. چونکە من شێوەم دەگۆڕا بە شێوەی لەقلەقێکی تر! لەوکاتەدا کەقوپچەی چوارەم ترازا! من دوودەنووکی سپیم لێدەڕوا! دەبووم بە لەقلەقێکی نێرینەو ئەویش دەبوو بە لەقلەقێکی مێیینە.

دەنووکم بەرەوئاسمان واڵابوو، لەبری خۆراک تیشکی ئاهوڕامازدا هروژمی دەکردە ناودەروونمەوە.. هەزاران ماسییەزێڕینەی تیشک سکمیان پڕکرد لەخۆراکی گیانی.. گەرمایی تیشک وهەناسەکانی ئەو تێکەڵبوون!

بۆیە من لەو بەپەرۆشتر بووم بۆ ترازاندنی قوپچەی  چوارەم.. هەمان شێوە قوپچەی پێنجەم! باوەڕناکەیت چەند خۆش بووسیحری ئەوهەستانە، ئەو هەناسانە! ئەو دەست وتەماشاو گرێ کردنەوانە! نازانم، باوەڕناکەم هەڵوێستی واخۆش دوومـرۆڤ بەوجۆرە بەیەک بناسێنێت.. فریشـتەیەک ومـرۆڤێک! فریشـتەیەک و پەنابەرێک! چونکە کە قوپچەی پێنجەم ترازا! ئیتر شەرم لەنێوان دووگیاندا نامێنێت! چونکە گیانیان ئاوێتە دەبێت.. دەبن بەشیلە پێکەوە، گیانێکی ئازاد، پەیامێکی ئازاد دەخولٙقێنن! پەیامێک کە دێـوتۆقێن وتوانامەندە، پەیامێک کە شیفا دەدات بەخەندەکان، ئەوخەندانەی کە فریشـتە داوایان دەکات بۆسەرلێوی!

خۆش خۆش کراسەکەمی داکەند.. کەمێک شەرمم زیاتربوو.. بەڵام وەکفەرمووم تازەدڵ وگیانمان تێکەڵ بوو، بۆیە هەناسەیەکی قوڵم هەڵمژی، زۆرقووڵ سنگم بەهەناسەکانی ئەو پڕ کرد.. هێندە قووڵ تاسنگم درزی برد! شەقیبرد.. بەڵام هیچشتێک کت وپڕ دەر نەپەڕی! لەسەوەخۆ لەسنگمەوە.. چەند ووشەیەکی جوان، بەنەرمی.. بەدەم سەمایەکی سلۆلییەوە، بەئاوازی فلوتێکی سیحرین بەسەرلێوی حەزرەتی مارياوە لەسنگمەوە، وەکو فریشـتەیەکی منداڵۆکە سەریان دەرهێنا، ووشەکان لەمنداڵ دەچوون، ووشەکانی: د،ڵ،ن،ی،ا،ی،ی=دڵنیایی!

کاتێک کە ووشەکان پاش سەمایەکی خۆش لەهەوای ئازاددا گەیین بەیەکتری و یەکەیەکە وەکووتەماشاکانی من وفریشـتەکە بەیەکتری گەیشتن! دڵنیبایی ڕۆشناییەکی سەیری نوورانیی لێدروست بوو، فریشـتە منداڵێکی ڕیش سپی، پیرێکی منداڵۆچکەی سپیی ڕیش سپی، کەکتومت لەپیـرشالیار دەچوو! خۆی نیشانی فریشـتەکەی دراوسێمدا!

منیش خۆشخۆش تەماشام دەکرد، بێچرپە ڕاوەستابووم تەماشام دەکرد.. چونکە فریشـتەکەم گومانەکانی دەڕەوینەوەو باوەڕی بە تەماشاکانی خۆی دەکرد! باوەڕی دەهێنا بەوەی کە دەیبینێت شایانی گومان نییەو ڕاسییەکی بەڵگە نەویستە!

تەماشاکانی قەبارەی چاوی ئەویان گەورە دەکرد، لێوی وەک گوڵی لاولاو لەسەحەردا دەپشکووت! زمانی دەخشاند لەقەراغ لێوی! ئاستەم خۆش خۆش لێوانی خۆی بەزمان، بەسەری پەنجە تەڕدەکرد.. من لەوزیاتر خۆشایی بەر دەروونم دەکەوت.. چونکەهەستم کرد دڵنیایی لەسنگی منەوە سەردەردەهێنێت وئەویش دەیبینێت!

بۆیە زۆرخۆشحاڵبووم بەوەی کە ئەو پیـرشالیاری ساوای لە دەروونی درزبردووی مندا بینی!

بینیم، پیـرشالیاری کردەباوەش.. زۆرهەستیار زۆرجوان، زۆرپڕمیهر پیرمنداڵی نایە بەربەرۆک.. هەستی بەداوای غەریزیی پیر کرد، ئەوی نایە بەرسینگی خۆی، مەمکی ڕاستی بۆ دەرهێنا! مەمکی گەشاوەوجوان، کەهێشتا پرشنگی هەناسەی منی لەسەر بوو، سەرگۆی مەمکی پرتەقاڵییەکی ئاڵڕەنگ.. لە قوببەی پەرستگایەک دەچوو!

پەرستگایەک کە تیشکی ئاوێزە لەسەری هەڵنیشتبێت! پیریش هێشتا چاوی نەپشکتوبوو! مشە مش، ماندو، دەمی دەگێڕا لەبەرسینەی ئەودا خۆشایی وئۆخژنی دایکانەی بەفریشـتەکە دەدا،چونکە لەڕاستیدا فریشـتەکەی هاوسێم دوورخرابووەوە لە منداڵەکانی خۆی!

منداڵەکانی لای چاودێر بوون، بیری منداڵەکانی دەکرد! بۆیە بوون بەدایەن بۆپیر خۆشاییەکی گیانی، شانازییەکی دایکانەو، بەزەییەکی دایکانەی لەسەرنج وخەندەکانیدا نەخشاند!

ئالەوێدا، تەنها لەوێدا هەستم کرد فریشـتەکە شیفا دەگات بەگیانی، دڵنیابووم تەندروستیی دێتەوە سەربار، دەروونی چاک دەبێتەوە، چونکە دڵنیابوو لەوەی کە کەرامەتی پیرم نیشان داوە، کە توانیم دڵ ودەروونمی بۆبکەمەوە، ڕێگەمدا منداڵیی پیربەچاوانی خۆی ببینێت!چونکە فریشـتە دەبێت وەها مامەڵە بکرێت.. دەبێت چارەساز بەدڵنیاییەوە خۆی نیشانی چارەخوازبدات، فریشـتە نابێت گومڕاو نادڵنیا بێت.

زۆر بەشەرمەوە، پاش ئەوەی پیرمنداڵی تێرشیرکرد.. دەستەکانی پیری نەرم نەرم شێلا، دەستی بەسەریدا هێنا، وەکودایک! چونکە لەڕاستیدا پیر دایکی نییەو هەتیوە! هەتیوێکی بێ باوک! بێدایک! چونکە پیر هیچیانی لەیاد نەماوە! نازانێت کەی لەدایک بووەو، بۆلەدایک بووەوکوڕی کێیە! بۆیە نامرێت وهەمیشەییە.. چونکە لەناوماندا بەدوای دایک وباوک وکەرامەتی خۆیدا دەگەڕێت.. زۆرگوناحە پیـرشالیار، کەدێت، وەکومنداڵێکی وونبوو بەگەردوونی مندا دەگەڕێت، لێم دەپاڕێتەوە، تکام لێدەکات بچمەدەرێ، بگەڕێم بەناو جوانـیدا وتەماشابکەم، بگەڕێم بۆمـرۆڤێک تا هۆگری بێت وەک دایکێک.. وەک دایکێکی نیـیان وپیـرۆز.. بۆیە منیش ئاوارەو سەرگەردان کۆڵان بەکۆڵانی زووربەی وڵاتان گەڕام وهێشتاش هەردەگەڕێم!

کەچی نابینم کەسێک بەلایکەمەوە، تەماشایەکم تێگرێت، یا خەندەیەکم بداتێ! تا پیـرشالیار دڵنیا بێت کە دەتوانێت دایکی پیـرۆز ، باوکی پیـرۆز لەناومـرۆڤەکاندا پەیداکات! پیـرشالیار بەمن دەفەرمووێت: باوانی

من خەندەن، ئەوەی بەدڵێکی پاکەوە خەندەی نیشانت دا، یان باوکە یان دایکی منە، یان بەلای کەمەوە مـرۆڤێکی خۆشەویست ورەسەنە!

کەسانێک هەن لەناوماندا دەژین، هەن بەبێ دایک وباوک دێنە بووبەوە، وەک ئادەم وحەوا، هەن دایکیان هەیە و باوکیان نییە وەک حەزرەتی مەسیح، هەن بێبەری لەسۆزی باوان گەورە دەبن وەک حەزرەتی مووسا.. هەن لەماوماندا گیانێکی پەتین، زۆربەمان نازانیین، دێن ودەچن، هەن ونیین. دێن لەدەروونماندا دەژین، بیرمان دەکەن بە مەنزڵگە، لەهەست و نەستماندا دەژین، هەر وەکوو پیـرشالیار. هەن کەس نایانبینێت! وەک پەنابەر لە بەستەڵەکی قووتبی هەستکردن بە کەمییدا!

جێگەی داخەکە پیر هێشتا وەکوساوا لەدەروونی مندا ورک دەگرێت، توورە دەبێت، هەندێکجار مان دەگرێت، بۆئەوەی من کۆڵ نەدەم وبگەڕێم.. ئێستا دەزانن بۆچی منداڵ ورک دەگرێت؟؟

فێربە، منداڵ کەسۆزی دڵنیایی هەست پێنەکرد، ورک دەگرێت، توورە دەبێت، مان دەگرێت، شت دەشکێنێت، فێری جنێو دەبێت، فێری درۆوهەڵەو خواری دەبێت، دەچەمێتەوەو وەک خاجێکی خوارەوەبووی لێدێت!

کە منداڵەکەی تێرشیرکردم فریشـتەکەی دراوسێم، وەک ئەوەی ئامانەتێکی مەزن بگێڕێتەوە بۆ خاوەنەکەی، منداڵەکەی بە نوستوویی گەڕاندەوە ناوسینەم، مشەی دەهات پیر لەسینەمدا.. دەستی هێنا بەسەردڵما، زۆردڵنیا خۆی پێوە دەنوساندم، منیش بەباڵەکانم ئەوم داپۆشی.. ئەوم لەئامێزگرت! لە پێشدا سەریم بۆن کرد، ئینجا ئاستەم ناوچەوانیم ماچکرد.. دەستم هێنابە مل وپشتیدا.. سوپاسی دڵنیا بوونیم کرد، چونکە هەستمکرد، فریشـتەکەی دراوسێم بەوتوولەڕێگەیەدا هەنگاو دەنێت کە دەیگەیەنێت بەڕۆشنایی، بەدڵنیایی. فەرمووم : لەڕێگە ڕۆشنەکاندا مـرۆڤ دڵنیا دەبینێت، دەدوێت، دەکات، دەخوات، دەنوێت، خۆشەویستی دەدات. دڵنیایی یەکەمین هەنگاوە بۆ گەردوونی بینین بەبێچاو! دڵنیایی بەرەوکەماڵت دەبات نەک بەرەو دوودڵی و ترسان.

بەرلەوەی ماڵەکەم، ببورن ماڵەکەی جێبهێڵێت فەرمووم: سووپایەکی پیـرۆز بەڕێوەیە، دەیەوێت ئەرارات بکات بە جێژوان، تاوەکو لە بەردوداروگیاو قوڕ، دڵ دروست بکات، بەدیاری بینێرێت بۆ دایکان وباوکانی هەموو جیـهان.

سووپایەک کە دووەم دابەزینیـانە لە ئەرارات، کە وەچەی ونبوو ئاوارەی حەزرەتی نـوح-ن.

کۆترەکان بەکۆراڵ لەگەڵ فریشـتەکەدا بەیەک ئاواز فەرموویان: ئێمەیش دێین، ئێمەیش لەنەوەی حەزرەتی نـوح-ین.. دەتوانین سواربین؟ فەرمووم: بێگومان.

ئەوەی سەیربوولەلام، تەماشای کۆترەکان بوو! بینیم ئەوان شێوەیان دەگۆڕێت بەمـرۆڤ، بینیم دووهاوڕێی هاوزمان وهاوخوێن وهاودەمی خۆمن لەئاسمانی فینلەندەوە تەرەبوون وهاتوون بەمیوانی بۆلام، بینیم دەبنەوە بە مـرۆڤ، دوومـرۆڤی زۆرجوان، کە لەمێژبوو دەمناسین، هەردوکیان بوون بەجوتێک مـرۆڤی نێرومێ وپاکژ وەکو مـرۆڤ.. یەکەمیان **ناوی عومەر بوو، دووەمیان نیزال.**

کاتێک کە باسی حەزرەتی مێشم بۆکردن لەتابلۆی مەم وزین-دا، باوەڕیان کرد کە خواوەند دەتوانێت هێـندەی گەردوونەکان گەورەو زۆربێت، کە خواوەند دەتوانێت بچوکیش بێت هێـندەی مێشێک!

هەروەها لەژمارەی مێش و مێروولەکانی هەمووجیـهانیش زیاتربێت! ئالەوێدا کۆترەکان: واتە عومەرو نیزاڵ نمەکی ئاوی ماڵەکەیان کردم. ئالەوێشدا من دڵنیا بووم کە کۆترەکان تەرە نابن.

مێرولەکان فەرموویان: ئەوەی بەزەیی بە خۆیدا نەیەتەوە، ناتوانێت ئادەم ئاسا بەزەیی خواوەندی بەر کەوێت.. بە زەیی ڕاست شیفا بەخشە، باوەڕت بەوە بێت کە ڕاستگۆ بۆ خۆشەویستەکانت بدوێیت.. نەکەی ڕێگە بەخۆت بدەەیت بەزەیی بە هەڵە بدەیت! نەکەیت. چونکە بەر لەوانی تر خۆت تووش دەکەیت. نەکەی بە بەدنیازی لە کەرامەتی ئافرەت نزیک بکەویتەوە؛ چونکە پیاو تەنها بە پاداشتی تەماشاکانی ئافرەتی ڕەزامەند ویژدانی دەحەوێتەوە. ئەوەی ناجۆر لەگەڵ ئافرەتدا جووت دەبێت، زۆڵەو لە دێوو ئەهریمەنە.. ئەوەی ئافرەتی پیرۆز بریندار دەکات؛ خواوەند بۆ هەمیشەیی لە دەست دەدات.

## تابلۆی فەریدە

بۆدووساڵ دەچێت لەدورگەی هەستکردن بەکەمی بابایەک بووە بەدراوسێم، کابرایەکە خۆش ڕووگومڕا دەرهەق بەمن، زۆرهەستیار هاوسەرەکەی خۆی خۆشدەوێت، هەمووجارێک کەدەست درێژدەکات بۆتەوقە کردن، منیش بەڕێزەوە دەست دەخەمە ناودەستی وهێـندەی حەزبکات هاوڕێیەتی ودڵپاکیی نیشان دەدەم، ئەو باوەڕناکات، چونکە چاک دەزانـێـت کە من هەستەکانی دەخوێنمەوە، دەزانم ئەو زۆر هەستیارەو حەزناکات من هەرشتێک دەربارەی هەستیاریی ئەو بزانم، بەڵام لەم دواییەدا دڵنیاتر لەگەڵمدا دەدوێت، چونکە دەزانـێـت من ڕێز لە کەم و کوڕیی هەرکەسێک دەگرم.
هەروەها ڕێزێکی تایبەتم هەیە بۆ کەسانێک کە سەرگەرمی یەکتری خۆشویستنن.. ئەوو هاوژینەکەی لە ژیانی هاوسێیەتیدا خاوەن مانان، چونکە لەڕاستیدا هەموو کاتێک مـرۆڤ دراوسێیەکی باشی تووش نابێت. ئەو ناوی ئەودون-ە پیاوێکی نهێنگرو چاودێرە، حەزی لەچاکەخوازی ویاریدەدانە، جاچاکە گەر هەڵگرتنی بەردێک بێت یان دیوارێک ئەو لاریی نییە و هەوڵ دەدات یاریدەرەر بێت.
لەم ماوەیەی پێشودا هەرلەخۆیەوە، بەبێ ئەوەی پرس بەمن بکات، چوو لەناو ئەودارستانەدا کە جێگەی خواکـانی وڵاتی بەفرە، خێمەی بۆهەڵدام و ووتی دەبێت ئەمشەولەدەرەوە بنوویت.
منیش حەزم نەکرد دەست بنێم بەڕوویەوە، خاتریم نەشکاند، ووتم بادڵی نەشکێت، چونکە زۆر حەزدەکات بەشتێک کەمێک گیانی هاوڕێیەتی نیشانی من بدات، هەندێک جار هەست دەکەم حەز دەکات من هەست بەکامەرانی بکەم لە وڵاتەکەیاندا! ئەگەر هەموو ئەندامێکی ئەم کەلتوورە وەها بوونایە، ژیانی پەنابەر چاتر بەڕێوە دەچوو.
زۆرجار ڕێدەکەوێت داوای ئەنجامدانی کارێک لەمن دەکات، کەمن بوارم نییە دەست وبرد ڕاپەڕێنم، دەیخەمە ڕۆژی دوایی، بۆیە ئەوجارە حەزم کرد بەقسەی بکەم، گەرچی دەشترسام لەدەرەوەی ماڵدا بەتەنها لەقەبرساندا بنووم، بەڵام لەبەر خاتری ئەو بڕیارم دا شەوێک لەناوقەبرسانی ڤیکینەکاندا بنوم. چونکە ناو ژوورەکەم ساردتر بوو لە دەرەوە، چونکە ژوورەکەم زیندانی گوومانەکانی دێوەکان بوو! هەستم بە دڵنیایی نەدەکرد لە ژوورەکەمدا.

وام کرد.. شەوێکی سامناک چوومە ناو خێمەکەوە، بەنیازی نووستن، بەخووی هەمیشە، جگەرەی دواییم کێشا و لێی ڕاکشام، هێشتا چاوم نەچوبووە خەو هاوسەرەکەی هات.. لێی پرسیم، وەزع چۆنە و هەست بەچی دەکەم؟ دەترسم یان ناترسم؟

چاومکردەوە تاوەڵامی بدەمەوە، بەڵام ئەو لەوێ نەبوو، چونکە خەونەکەی من زیندە خەوبوو، تومەس گیانی ئەوم دەبینی ـ دەمزانی لەماڵەوە لەدڵی خۆیدا بیر لەهەمان بابەت دەکاتەوەو مەیلی بوو بێت و لەمن بپرسێت: ئاخۆ هەست بەچی دەکەم؟

بۆجاری دووەم، کاتێک چاوم لێکنایەوە بەنیازی نووستن، هەستمکرد هێزوتەوژمێک لەش و ناوجەرگم بەرەوناخی زەوی کێش دەکات، هەروەک چۆن گسکێکی کارەبایی شتەکانی دەورەبەری هەڵدەلوشێت، ئاوا هەستم دەکرد لەناوجەرگەی زەوییەوە هێزێکی مەگناتیسی بەرەوناخی زەمین پارچەکانی لەشم کێش دەکات وناتوانێت یەکجارەکی هەڵم بلووشێت!

زۆرم بەلاوەسەیربوو! هێشتا نەنووستبووم، کاتێک لەسەرلای چەپ ڕادەکشام هەستم دەکرد ئازار بەدڵو سک وڕیخۆڵەکانم دەگات، هەمان شێوە کاتێ کەباری ڕاکشانم دەگۆڕی، ناخۆشترین دۆخی ڕاکشانی ئەو شەوەم لەسەرپشت بوو، چونکە هەستم دەکرد پێستی گشت گیانم سڕدەبێت..

هەستم دەکرد ناتوانم بەئاسانی هەستم! دووچاری گونڕەشی خۆم بووم، بەڵام نەدەترسام، چونکە من هەم ڤیکینگەکان( دەریاوانەکان) وهەم ئۆدین-ی خواکەیانم بەخەوو بەزیندەخەو دیبوو، دەمزانی ئەوان هەرگیز دوژمنائەتی من ناکەن، چونکە دڵنیا بوون لەسروشتی من. من گەرچی لە وڵاتی ئەوان بووم، بەڵام دیلی دێوەکانیان بووم!

پەشیمان نەبووم لەوەی کە ئەو شەوە لەوێ بەسەر بەرم، لەبەرخاتری دراوسێکەم، چونکە حەزمکرد دڵنیای بکەم کە لەبەرخاتری ئەو، بەپێی فەرمانی ئەو، ئەو شەوە لەدەرەوە نووستم، ئەوکارە بچکۆلەیە، سەرکەوتنێکی مەزن بوو بۆ ئەو، چونکە ئەو بەوە دووگرەوی دەبردەوە، یەکەمیان ئەوە بووکە نیشانی هاوسەرەکەی و دراوسێکانی تربدات کەمن ڕێز لە بڕیاری ئەو دەگرم.. دووەمیشیان ئەوە بووکە چێژ لەهەستکردن بە ئەزموونی من بەرێت لەو قەبرسانەدا. سێیەم باس ناکەم.

چیبێت لەتۆنهێنی ئەو شەوە بۆچرکەیەکیش خەو نەچووە چاوم..

زۆرشت ڕوویدا ئەوشەوە، هەڵبەتە ناتوانم گشت هەستیاری و بەسەرهاتەکان تۆماربکەم، چونکە ئاوزۆردەکێشێت، کات زۆردەبات.. بەڵام شتێکی سەیرڕویدا دەمەوبەیان بەرلە هەڵاتنی خۆر!

لەشەبەقی پەردەکەوە ئاژەڵێکم بینی، چوارقاچی مـرۆڤی هەبوو! ئەوەی ڕاستی بێت ترسام، توانیم خۆم تەفرەبدەم بەوەی کە ڕاستی نییەو لەزیندەخەودام.. هێـندەی نەبرد چوارپێکە لەپێشچاومدا گۆڕا بە سمو لۆقی مانگا ! چونکە خێمەکە پەردەیەکی مووشەبەکی هەبوو بەرامبەرم، لای پێمەوە، هەمووڵەشی ئاژەڵەکە یا مـرۆڤەکەم نەدەدی!

زۆری نەبرد گوێم لێبوو بۆڕاندی، وەکو مانگا، بۆیە کەمێک دڵم سرەوتی تێکەوت، گەرچی نائاساییش بوو مانگا هێندە ئازاد بێت بتوانێت لەوێدا بگەڕێت، چونکە مانگاکان ئازاد نین!

زۆری نەبرد سەرێک خۆیکرد بەژووردا، ڕاچەنیم، نەمتوانی هاواربکەم، بەڵام ئەوزیاتر لەمن ترسا..

ڕاستەوخۆ بەر لەوەی هاوارم دەربێت، ترسم پەڕی و شەرم دەستی گرت بەسەر ترسا، چونکە بینیم ئافرەتێکی سەوزپۆشی هەرزەکاری زۆرجوان، تابلێی جوان، سەری کرد بەژوردا، بەزمانێکی خۆشی ڤیکینگ دەدوا، زمانی هێندە شیرین وخۆش بوو، ترس وگومانی ڕەواندمەوە، لەدڵی خۆمدا ووتم، وەڵاهی ئەگەر ئەمە جنۆکەش بێت، خۆشم دەوێت، چونکە جوانی وەهام هەرگیز بەچاو نەدیبوو!

دەتوانم بڵێم لەهەموو ئەو جوانانە دەچووکەمن بەدرێژایی تەمەنم دیبووم، چونکە هەستم دەکرد ئەو بەپێی خواستی دڵی من جوانیی خۆی دەگۆڕی، لەچاوتروکانێکدا سەد تەماشام دەبینی، سەدجوانی! وڕوکاس وسەرخۆشی کردم بێئەوەی هیچ وتەیەک لەلێوەکانی بپروێت، منیش زمانم شکابوو، قسەم بۆ نەدەکرا، لەبەر سیحری تەماشا هیچم بۆنەدەکرا!

پاشان وەک ئەوەی بەزمانی خۆم قسەم لەگەڵدا بکات، فەرمووی ببوورە ئازادیم لێ تێکدایت، بەڵام دڵنیا بووم نەنووستوویت، چونکە لەڕاستیدا تۆ میوانی منیت، تۆلە جێگەی مندا نوستوویت، من هەرچەند ساڵێک جارێک دەگەڕێمەوە بۆ سەردانی زەوی، ئێرە جێگەی منە، کاتێک بینیم تۆ لێرەدا نوستوویت، ویستم بتترسێنم وقاوت بنێم، بەڵام ئۆدینی مەزن پەیامی خستە دەرونمەوە کە بە جوانترین شێوە خۆمت نیشان بدەم، بەجوانترین شێوە ئاگادارت بکەم کەتۆ میوانی منیت!

منیش بەحەپەساوی سەیرم دەکرد، لەتاوجوانیی ـ هەستی زمان وبەهرەی ئاخاوتنم شڕ بووبوو، نەمدەزانی دەمم کەوتۆتە کوێی لەشمەوە.. پاش چەند سوڕێکی تر خۆنیشاندان لەتەوەری جوانـیدا لەو پەڕی جوانـیدا دەستی بەرەو دەستم هێنا.. نازانم چۆن هاتەژوورەوە؟ چۆن هاتەلامەوە، وەک ئەوەی لەژوورەوە بووبێت! وەک ئەوەی من بەهەڵەدا چووبم ئەو لەدەرەوە نەبوبێت.. بەچپە بەگوێمدا چرپاندی، کەس لەناوماڵی خۆیدا ئیزنی چوونەژوورەوە لەخۆی داواناکات، تۆمیوانی منیت، بەخێر بێیت؟

من هەر نەمتوانی باوەڕبکەم، دەمداچەقاو، وڕ بووم.. هیچم بەبیردا نەهات بتوانم بیدرکێنم، لەدڵی خۆمدا بەخۆمم دەگووت: ئەگەر بێت وبەڕاستی قسە بکەم دەشێت خەوەکەم لەکیس بچێت وبێدار ببمەوە، لەهەمان کاتدا بەخۆمم دەگوت: ئاخر دەبەنگ نازانیت کە ئەوە ڕاستییەکە لەخەوڕاستتر؟

جوانی ڕێگەی نەدەدام دەمی خۆم بدۆزمەوەو بدوێم، وابزانم ئەوم بەهەڵەدا برد، چونکە وایزانی لاڵم! بەڵام لەباروذۆخی وەهادا پیاولاڵ و کوێرو کەڕ بێت چاترە.. مـرۆڤ کەتوانیی قووتبەکانی جوانی بـبـینێت چییدی پێویستی بەدەربڕین نییە، چونکە ناتوانێت، چونکە ڕۆدەچێتە قووتبێکی گیانیی پەتییەوە، جیـهانی شکڵ و ووشەکان بەجێدەهێڵێت ودەگات بەمۆسیقا، بە تەماشا، بە ڕەنگ و دەنگ، بەگیان!

هەستمکرد مووەکانی لەشمان بەریەکتری دەکەوتن، هەستمکرد نزیک دەبێتەوە لێم ودەستم بۆدەبات، هەستمکرد بەئارەقەی شەرمی خۆم دەمشێلێت، بەڵام خرۆشی تەماشاکانم لەهەموو دەسبازییەک خۆشتر ئۆخژنیـیان پێدەدام، هەستم دەکرد گویم لەئاوازی ترپەی دڵی هەردووکمانە، هەستم دەکرد هەمووگیانم سەوزدەبێت، سەوزێکی زۆرگەشبینانە.. چونکە ئەو ئافرەتێکی سەوزبوو، هەمووگیانی سەوزبوو، برژانگ و برۆو پرچ ودەست و دەم وچاوو لەشی گشتی سەوزبوون، سەرەتا وامزانی بەرگی ئاوریشمینی سەوزی پۆشیوە بەڵام وانەبوو، خۆی هەمووگیانی سەوزبوو، زۆرسەیر بوو، زۆرخۆش بوو، لەهەمووخانەکانی لەشمەوە ئاو دەچکاو، ئاوم دەهاتەوە، هەستمدەکرد ئەو پیامدا نووساوە، بەڵام بە لەشما نا ! بەڵکو بەگیانمدا نوساوە! نازانم چۆن بگەمەکۆتایی چونکە ئەوهێشتا لەخوێنمایە، لەخەومایە، لەژیانمایە و ئازادانە دێت ودەچێت..

کاتێک کەهەستایەسەرپێ، لەهۆش خۆم چووم، بورامەوە، سێجار بوورامەوە، هەرسسێ جارەکە نازانم بەچی سیحرێک دەیهێنامەوە هۆش! بینیم باڵای هەمووئاسمانی داگیرکردووە! یان هەستم دەکرد کە بینین و دیدەگام سەوز بووە! ناچارانە بەترسەوە، سەرم لەچادرەکە بردە دەرەوە تادڵنیا ببم لەوەی کە ڕاستییەو خەونییە، بەڵام هەمان شت بوو، ئاسمان سەوزبوو بە کەرامەتی ئەو، ئەو هێـندەی چاوم بڕبکات مەزن بوو! لەهەمان کاتدا سەیری هەرشتێکم دەکرد لەو دەچوو! زۆرسەیربوو!

هەمووشتێک لەودەچوو، تەنانەت خۆشم، کیسەی توتن وچەرخەکەم، درەختەکانی ئەملاولام، خێمەکەم، هەمووشتێک، تەنانەت بیرکردنەوەم سەوزبوو! گیانیشم سەوز هەست پێدەکرد.. هەربەسەوزی هەستامەسەرپێ تا وەدەربکەوم وبگەڕێمەوە بۆ ماڵ کە چلوویەک هەنگاو لەگۆڕستانەکەوە دوور بوو..

هەڵەداوان بەرەوماڵەوە ویستم بەدەر بکەوم، سەیرمکرد ڕووت وقوتم، هیچم لەبەردا نییە، دەستمدایە ڕۆبەکەم کەسەوزبووبوو، کەلەڕاستیدا ڕەش بوو! لەبەرم کردو کلیلە سەوزەکانی ماڵەوەم هەڵگرت و ویستم بگەڕێمەوە ناوژوورەکەم.. لەهەنگاوی سێیەمدا گرتمی، فەرمووی: پێویست ناکات لەگیانی خۆت بترسیت، میوان بە مەڕۆ، زۆریشت لێناکەم، چونکە میوان خۆشەویستی ئۆدینە!

من هیچم بۆ نەوترا.. دووحەبی سەوزی دایە دەستم، فەرمووی: هەرکاتێک ویستت بدوێیت دەنکێک لەم حەبانە بخۆ.. من شێتانە هەردوکیم قووتدا.. پاشان نهێنییەکی مەزنی چپاند بەگوێما، تکای لێکردم بەنووسین دەریان نەبرم، لەدڵی خۆمدا هەڵیبگرم!

نەمتوانی سوپاسی ئەو هەموو جوانییە بکەم، نەمدەزانی دەمم لەکوێدایە هێشتا!

کەڕۆژ هەڵهات هەمووشتەکان ئاسایی بووەوە، بەڵام هەستمکرد بیناییم سەوزبووە! ئەمەش بەزمی خواستی دراوسێکەم خواکاری ڕازکات.. بۆڕۆژی دوایی تکام لەهەموودراوسێکان کرد کەبچن لە چادرەکەدا بنوون، کەسیان نەیانوێرا!

لەقوڵایی دڵەوە دەمویست بدوێم، بەڵام ناخود ئاگام توند قوڕگ وزمانی گرتبووم، هیچم بۆ نەدەوترا، لەدواییدا هەستمکرد زویریم گەورەیە لەدورگەی هەستکردن بەکەمی وولاتی ئۆدین-دا!

مێرولەکان فەرموویان: لێبووردن گەردوونی تۆیە. تۆ لێبووردنت هێندەی ئاسمانەکان بەرینە. خواوەند تەنها گیانی لێبووردنە! مرۆڤی لێبووردو زەڕڕاتی باکان دەلاوێنێت ـ لێبووردن ژیان بەڕێوە دەبات.

مێرولەیەکی تەنها کە لەگۆشەیەکی دەروونمدا گیری خواردبوو، تووشی تەنگەنەفەسی بووبوو، فەرمووی: ئەوەی لێبووردنی دەمرێت، وەک مردوو دەژێت.

# تابلۆی هەمیشەیی

دۆخی ژیانی پیـرشالیار وەهایە، ئەم ڕووداوانە لەنیازەکانی ئەوەوە بەمن دەگەن، من لەسروشتێکی سەروڕاستیدا لەخەوندا تەلیسمی ئەم ڕوداوانەو بەسەرهاتە کۆن ودێرینانەم پێدەگات! چونکە وەک فەرمووم تەلیسمی کەرامەتی ئەو پابەندی ڕابردووئێستاو داهاتووە. تێگەیشتنی ئاسان نییەو منیش لەسەلیقەی ڕوونکردنەوەکان بێبەهرە نیم بەڵام کەمێک سەختە.
پیـرشالیار سیفاتی تایبەتیی زۆرە، یەکێک لەوسیفاتانە چاونوقاندنێتی، چونکە کاتێک کە ئەوچاوانی دەنوقێنێت، بوون شوێنەواری نامێنێت ووەجد ئەو هەڵدەلوشێت، دەشێت کاتێک کە چاوەکانی بۆجاری دووەم هەڵدەبڕێت، چەند سووڕێکی ژیان بەسەرگۆی زەمیندا تێپەڕیبێت.هەربۆیەشە من نەمتوانی پابەندی کات بم، چونکە بەلۆژیکی کات نەمدەتوانی لەودا قوڵ ببمەوە.
ئەو کۆمەڵێک نیازی دووپاتە، هەربە نیاز دەتوانێت لەڕابردو وداهاتوو ئێستادا بوونی ئامادە بێت، بێگومان دەشێت باوەڕت بەوەهەبێت کە ئێستاو داهاتوو ڕابووردو لەهەمیشەییدا وەکوو ووشەکان ورستەکانی سەرزاری ئێمە دووپاتن.. بەرنامە ڕێژکراون. لەهەمیشەییدا دەنگ وهەناسەو بزوتن ناشایانی لەناوچونن، هیچ شتێک لەناوناچێت.
بۆیە لەنێوان چاوکردنەوەکانی پیـرشالیاردا کات دەوەستێت، چونکە کات لەدەرەوەی هزری ئێمەدا سروشتێکی تری هەیە، بۆیە دەشێت شتێکی ڕەوابێت کە لەهزری مندا کات دەوەستێت، بەوشێوەیە من دەتوانم فریای بەشێک لە تۆماری بینینەکان بکەوم.
من واهەست دەکەم کە هەمووشتەکان لە بیستویەکەمی ئازاردا بۆچرکەیەک مت دەبێت وڕادەوەستن، ساڵی جارێک ئەوە ڕوودەدات، ئەگەر کەس باوەڕی بەوەنییە من باوەڕم پێیەتی، چونکە من دەزانم لەنێوان چرکەی یەکەم ودووەمی کاتژمێردا، کە میلی کاتژمێر دەوەستێت، لەهەناسەدانەوەیشدا هەمان شت، میانە وپشوویەکی کورت بوونی هەیە لەنێوان هەناسەدانەوەو هەناسە وەرگرتندا! وەستان لە نێوان لێکدانی شەقەی بالی باڵندەشدا بەدی دێت لە کاتی فڕیندا! هیچ بزووتنێک هەمیشەیی نیە. وەستان و پشوو ناوەڕۆکی بەردەوامیین.
لەونێوانەکاتییەدایە پیـرشالیار لەیادی بوونەوەردا دێتە دەرێو ڕۆدەچێتە کەلێنی بیرو هەست ویادهێنانەوەی کەسێکی وەک منەوە، بێگومان من باوەڕم وایە کە زۆرکەس لەبارودۆخی مندا کەرامەتی ئەو دەناسن ولەبوون و پەیامەکانی بەئاگان، بەڵام ناتوانن بیخەنە ژێر باس بە هزرو لوژیکی مـرۆڤ، چونکە مـرۆڤ دووچاری شەکەتی دەبێت ئەگەر بەهەڵەدا بچێت، چونکە کاتێک کە مـرۆڤ پەندەکانی پیـرشالیاری پێدەگات وهەڵە وەریاندەگرێت وتۆماریان دەکات، دەست وپلی قفڵ دەبێت.
بەهەرحاڵ، باس لەوەستانی کات دەکەم، چونکە لەومییانە کورتەی کات وەستاندا شتەکان لەبوونەوەردا مت دەبن، متبوونێکی هەستپێنەکراو بەلوژیکی ئێمە.. لەوکاتەدا زەمین بەیاریدە وبەفرمانی خۆر، خۆر بە

یاریدەی هەسارەکان، هەسارەکان بەیاریدەی بوونەوەر، بوونەوەر بەیاریدەی دووپات بوونەوە لە هەمیشەییدا یادیان دێتەوە، چونکە یادهێنانەوە سروشتی بوون وهەمیشەییە.

هیچ بوونەوەرێک، هیچ بزۆک وبزێوێک ناتوانێت بەبێ هەستی یادهێنانەوە بەردەوامی زامن بکات.

نەشئەی یادهێنانەوە بریتییە لە وەجدی بوونەوەر. بوونەوەر بەیاریدەی پرۆسیسی یادهێنانەوەوە دەتوانێت چالاکانە داهێنەر بێت، گەردوونەکان لەوێدا بەدی دێن، ژیان و بەردەوامی لەوێدا دەرسکێن.

چونکە ئەگەر هەمووشتەکان هەرەمەکی بەدیبێن وپرۆسیسی یادهێنانەوە  یادەکان ڕێکنەخات، کاوس بەدی دێت، لەکاوسدا هەرشتێک بەدی بێت؛ بە بێسەروبەری پەیدا دەبێت.. وە بەردەوامییان نابێت، بەڵکو دروست دەبێت بۆلەناوچون.

دەشێت لەکاتی دروست بووندا ڕاستەوخۆش لەناوچون بەدی بێت، چونکە کاوس دووجەمسەری لەناوچون ودروستبوونە، دۆخێکی تووڕەیی تیشک وتاریکی وبوخارە، کارلێکێکی ناڕاستەوخۆو ڕاستەوخۆشە لەهەمان کاتدا، ئەگەر بەڵگەیەکی دروستم بۆ ئەم نمونەیە هەبێت، دەتوانم بڵێم وەک ئەوە وەهایە کە ئافرەتی سکپڕ تاکاتی زایین منداڵەکە لەسکیدا دەژی، کەچی کەدەزێت خۆی و منداڵەکەش دەمرن!

ئەمە دۆخێکی ئاسایی کارلێکی پرۆسیسی کاوسە، لەهەمیشەییدا، هەربۆیەشە بیردۆزە ئایینییەکان سەرەتای بوونەوەر لە کاوسەوە دەخەملێنن. چونکە نازانن کە گیانی بوونەرەر مت دەبێت لەکاوسدا، ڕێکخستن وسیستەم وهارمۆنی دەدات بەسروشتی خۆی و بوونەوەر سیستەمداردەکات. بۆیە خواوەند بوونەوەری لەسەر خۆی تاپۆ نەکردووە! چونکە خواوەند حەزی لە دەسەڵات و دارایی وداگیرکردن نی‌یە. خواوەند ئازادییەکی پەتی‌یە. بگرە خواوەند هیچ شتێک دروست ناکات، چونکە سروشتی ئەو مادده نی‌یە! خوا کاری بە ماددەوە نی‌یە. جا سوور بزانن کە خواوەند جگە لە گیان شتێکی تر نی‌یە.

لەومتبوونەدا هەسارەکان وەک هێلکە بەدی دێن، وەک چۆن کیسەڵ سەدان هێلکە دادەنێت، ئاوەها بوونەوەر هەسارەکان دادەنێت، بەپێی ویستی خۆی، مەبەست لەو داهێنانەش ئەرکی بوون وبوونەوەرە، چونکە بوونەوەر داهێنەرە لە ویست و نیازی خواوەندا. کێ دەڵێت بوونەوەر جاڵجاڵۆکە و تیمساح یان کیسەڵ و مەخلووقاتەکانی تر نییە! دەشێت بوونەوەری هەر گیانێک هەبێت و وەک هەمان گیاندار کار بکات! دەشێت سروشت، واتە ئەم سروشتەی ئێمە گیاندارێکی لاساییکەرەوەی گەردوونەکانی تر بێت! ئەگەر وەها نەبوایە، هیچ یەکە لەبزێوەکان لاسایی بوونەوەریان نەدەکردەوە، لاسایی کردنەوەو پرۆسیسی یەکەمی فێربوون  ویادهێنانەوە؛ گیاندارەکانی لەنهێنیی بوونەوەر ئاگادارکردووە.

بۆیە بوونەوەر داهێنەررێکی مەزنترە، هزرێکی بارتەقا بێسنوورە لە داهێناندا، بوونەوەر دەشێت وەک یەکەیەک یان گشت بریتی بێت لە ئاهوڕامازدا یان خودای یەکتاو هەرە مەزن! ئەم ووتەیە لە دەرەوەی باوەڕی خۆمدا دەبینمەوە.. چونکە خواوەند ووزەیەکی گیان بەخشەو کاری بە کارلێک و کاردانەوەی توخم و ڕەگەزەکان نییە. بەڵکو بەخشەری گیانێکە کە کارگێڕە!

لەو مت بوونە کاتییەدا لەناو ئێمەی مـرۆڤی داهێنەریشدا یادهێنانەوە بەدی دێت، داهێنان هەمیشە کاتی نادیارەو کتوپڕیش ڕوودەدات، بەتایبەتی لای ماتماتیکزان وکیمیاگەران وهونەرمەندان ومۆسیقارەکان. دەبینین بەنرخترین شاکار لە دۆخی سرۆشدا ڕەنگ دەداتەوە، بەڵام مانای وانییە داهێنان قارچک ئاسا بەدی هات، نەخێر چونکە مت بونێکی پێشینە هەمیشە لەناخودئاگادا چاودێروکارگێڕ وڕێکخەر بووە، تا

لەومتبوونەدا ئەوفرسەتە بەخود بدات، بەياريدە يان بێياريدە دابهێنێت. واتە سرۆش پراكتيزە بكات بەياريدەی پاڵاوتەكردنی هزری وهەستی وئێستاتيكی.

بوونەوەر بەزۆرسروشت مـرۆڤانە خوڵقاوە، گومانی تيادا نييە لەناو دەروونی هەرگەردونێكدا عەقڵێك سەردارو ڕابەرە.

چونكە كاوس ناتوانێت بەردەوام دروست بكات و لەهەمان كاتدا بڕوخێنێت، چونكە كاوس ويستێكی لەناوبەرە ولەهەر پرۆسێسێكدا چالاكە.. گەر بێت و ڕێكخستنی لۆژيكی نەبێت، شياوی لەناوچوونی هەر بوونێك ئاسايی وشياوە.

بۆيە بەبێ پرۆسيسی ڕێكخستن وهارمۆنی بوون، بوونەوەر شكڵ بەگەردوونەكان نادات. چونكە كاوس بەرێوەبەريانە. ئێمەی مرۆڤ نازانيين بوونی بەردێك لەسەر زەوی چی سوودێكی هەيە. بەڵام من دڵنياتان دەكەم كە بەرد گيانی خۆی هەيە.. بەردەكان ژيانێكی متيان هەيە. ئەوان بوونەوەر دەناسن.

بابگەڕێينەوە سەر ڕاوەستانی كات لەم سەرزەمينەی خۆماندا، كاتێك كەكات دەوەستێت، پيـرشاليار كۆمەڵێك گەشتی جيـهانی دەكات وبەجيـهاندا پەخش دەبێت. دەتوانم بڵێم لەوساتەدا ئوميد بەدی دێت، گۆی زەمين دەوەستێت و ئوميدی دەژێتەوە، لەوكاتەدا، تەنها لەوكاتەدا كەكات دەوەستێت، مردنيش دەوەستێت، لەوچاوهەڵبڕينەدا مردنيش ڕادەوەستێت وتەماشايەكی پيردەكات.

تەنها لەوێدا مەرگ دەتوانێت پشوو بدات، بۆيە زۆر مەرجە مـرۆڤ جارناجار كەمێك مت بێت، بووەستێت، بيربكاتەوە، هارمۆنی بەگيانی خۆی بدات، چونكە لەوێدا مردن دەوەستێت. پيـرشاليار بەوەگرەوی لە نەمری بردۆتەوە، چونكە لەمتبوونی مەرگا چاوەكانی هەڵدەهێنێت، هەمووساڵێك جارێك، يان دەساڵ جارێك، ياخود هەرسەدەيەو جارێك چاوێك بەژياندا دەخشێنێتەوە. چونكە خواوەند نەك تەنها ئەو؛ بەڵكوو هەموو گيانێكی پيرۆزی ئازادانە نەخشاندووە.

ئێمە لەكەرامەتی پير هێندە شارەزانيين، تالە ڕابردوو، يان داهاتووی شارەزابين، نەخێر، بەڵكو ئەو بەويستی خۆی لە ئێستاماندا نيازی ڕۆڵ بينينی هەيە، من ئەوەی دەربارەی ڕابردوی بزانم هێـندەيە كەئەو لەهەرسەردەمێكدا زينـدوو نەمرە، چونكە ئازادەو ئاوی نەمريی خواردۆتەوە، ئێمە نازانين ئەوئاوە چی ئاوێكەولەكوێيە، بەڵام من سەربەخۆم باوەڕم وايە كە هەر مـرۆڤێك پەيامی پيـرۆزی هەبێت، هەر كەسێك كە خێرمەندو خێر خواو ڕاستگۆ و زانا بێت..بەبێ ئەوەی هەست بكات، هەميشەيی زامن كردووە. چونكە پيرنمونەی نەمريی مـرۆڤە، دەنا دەيتوانی وەك بێگانەيەك خۆی نيشانمان بدايە! گەرچی ئەو توانای خۆگۆڕينيشی هەيە.. چونكە دەبێت بزانيين كە ئەو گيانێكی پەتييە.. گيانيش خۆی سەرپشكە لە هەڵبژاردنی دۆخدا.

لەبەر ئەم هۆكارە لۆژيكييە، دەتوانم بڵێم كە پير ئوميدی ژيانە، كامەرانييەكە هەرچەند ڕوودەكاتەوەژيان ئۆخژنێك، نەشئەيەك، ئوميدوخۆزگەيەك بەژيان دەبەخشێت. چونكە ئەو پڕە لە دڵ، پڕە لەگيان، پڕە لەژيان.

بۆيە نيشانەكانی يەكەمی سەرهەڵدانی ئەو زرمەيەكە، بوومەلەرزەو بروسكەيەكە، يان دەنگێكە مەزن، زۆرمەزن. نيشانەی تری سەرهەڵدانی ئەو، ئەوەيەكە لەبيستويەكەمی نەورۆزدا سەرهەڵدەدات، لەسروەی بەياندا، چونكە لەوڕۆژەدا بوو كە حەزرەتی نـوح لەئەرارات لەكەشتييەكەی دابەزی.. كەئاهەنگی سەرفرازيان گێڕا. بەر لەوەش ئەو لەوێدا دانرا! بۆ مام خدر گەر لە يادتە!

بۆیە گەلانی زاگرۆس ئەفسانەی زۆریان دەربارەی پیـرۆزیی ئەو ڕۆژە هەڵبەستووە! مێژونووسەکان ئەم چیرۆکانەیان نەبیستووە، چونکە حەزیان لە بیستنی ڕاست نییە.. نازانن کە زاگرۆسییەکان گشتیان لەحەزرەتی نـوحەوە سەریان هەڵداوە، ئەوان میللەتێکی پیـرۆز بوون، دەیانتوانی لە بەفرو لەئاگردا بنوون! بۆیە حەزرەتی ئیبراهیم نەسووتا کاتێک کە دێـوەکان گرتیان وویستیان بیسوتێنن.

دەزانم دەشێت باوەڕیش نەکەیت ئەگەر بڵێم پیـرشالیاریش بەش بەخۆی نمونەیەکی بچکۆلەی گەردونە لەدەروونی درەختی زەماندا .

لەوسروەی بەیانەدا، چاوهەڵهێنانی پیـرشالیارو دابەش بوونی گیانی خێری ئەو بەسەرگێتیدا، زیندوکردنەوەو دەرپەڕاندنی هەستی ئازادیی مـرۆڤی بێـوڵات و بێـئاڵای مەبەست بوو، زیندوکردنەوەی کەرامەتی تابـلۆکان و وکەسانی ناوبراوی ئەم داستانەی مەبەست بوو.. لەوێدا بوو کەدیوارە بەستەڵەکییەکان ڕووخان، کە مـرۆڤی بێـوڵات هەستایە سەرپێ، کە درەختی زەمان ڕەنگی دایەوەو من توانیم بەخەون بیبینم، توانیم فێری بینین ببم.

توانیم تێبگەم کە نووری پیر بەراتێکە بۆمـرۆڤایەتی، کارمای ئەو خۆراکێکی گیانییە بۆ برسی و بێنەوایان وبرسیی زانست. چونکە لەوێدا کە ئەودێت، زانستیش ڕادەوەستێت. زانست برسیی دەبێت.

**کات هێشتا سروەی بەیانە! هێشتا چرکەی یەکەمی دەرکەوتنی کەرامەتی پیرە، هێشتا چرکە ژمێری کاتژمێر میلی نەترازابووە سەرچرکەی دووەم ، لەیادت نەچـێت کات لەسەرەتای دەرکەوتنەوە وەستاوە!**

هاتنی ئەو شیفای تیایە، نەشئەی پەخش بوونی ئەو، دێـوەکان دەتۆقێنێت.. چونکە شەڕگەیشتۆتە قوتبی خۆی، یان دەگاتە قوتبی خۆی، دەوەستێت.. سەریدەسوڕمێت، باوەڕناکات، دەحەپەسێت.. شەڕ کاتێک کە دەوەستێت، دەبینێت خێر منداڵێکە ئەو دەستی ناوەتە بینی وخنکاندوێتی! تاساندوێتی، هەست دەکات ئومێدی ژیانەوەی خێر لەدەستی زبری دێـوئاسایدا مەحاڵە! کەپیر دێت وبەلایدا ڕادەگووزەرێت، بەتەماشا بەشەڕ دەڵێت: چەند دزێوە نەنگی؟ چەند ناخۆشە کەشەڕ نازانێت چەند لەمێژە سەرگەرمی خنکاندنی خێرە ؟

پیرکە دەبینێت ژیان بەدەستی دێـوەکانەوە هەتک دەکرێت، دەخنکێنرێت، داگیردەکرێت، کەخێرەکان نەزیفیان بەردەبێت، کەمـرۆڤ تیایدا لەماڵ وسامانی خۆی بێبەری دەبێت، کە باوەڕەکان مۆلەق دەبن، کە بەزەییەکان سست و پیرو ماندوودەبن!

کە زەمین خوێن دەیگرێت، شێت دەبێت، کەباڵندەکان دڵتەنگ وتەوەزەل دەبن! کە مێرولەکان سەریان لێدەشێوێت، کەتووڕەدەبن، کەمنداڵان باوانی خۆیان ناوێت، کەخەڵکی تەنها بە ڕق گۆش دەبن، گومان دەستێکی ڕەش دەنێتە سەرچاوی زوربەی کەسەکان.. درەختی زەمان ڕادەپەڕێت، پیر سەرهەڵدەدات، دابەش دەبێت، جاڵـجاڵـۆکە لە تەونکردن دەکەوێت بۆ کوورتە ساتێک، لەقلەق لەفڕین دەکەوێت..، ژیان لەتاریکی ڕزگاری دەبێت.

دەشێت پیـرشالیار لەماڵی تۆدا، لەبیری تۆدا لەدایک بێت! دەشێت، مردن ڕاوەستێت، ژیانێک بڕوێت.

پیـرشالیار لەیەکێک لەپەندەکانیدا بەمنی فەرموو: پەیامی بوونەوەر یەکسانە بەهاوکێشەی سروشتی مـرۆڤ..جیاوازیی نێوانیـیان لەوێدایە کەمـرۆڤ لەیادی بوونەوەردا دەژی..بەڵام بوونەوەر خاوەن یادە وهەمووشتەکانیش لەیادی ئەودا هەمیشەدووپات دەبنەوە.

پیردەیفەرموو: من نەخشەی بوونەوەرم دیوە. دەیفەرموو: من گیانی بوونەوەرم دیوە. بوونەوەر لەیاد-ێک

دەچێت. بۆیە دەفەرموێت: من جگە لەیادێکی شیرین هیچی ترنیم! یادهێنانەوە بناغەو ئامانجی بوونە، مـرۆڤ لەسەرێتی یادی بێتەوە کەدێـو ناتوانێت هەمیشەیی لەیادی شیریندا دووپات ببێتەوە، بەڵکولەیادێکی تاڵ وتاریکدا، لەترس ونەخۆشی وگومان ومەرگا دووپات دەبێتەوە.
وەک یادی بێـوڵات وبێناوو بێـئاڵا لەخەوندا مـرۆڤ دەتوانێت یادی بێتەوە، کەئامانجی بوون، بوون بەدێـو نییە. هەمیشەیی بەشی دێـونییە. شەڕو خێر لە هەمیشەییدا وەک ئاوو ڕۆن وەهان، تێکەڵ نابن، بەسروشتی یەکتری ناگەن لەدووپاتبوونەوەی دوای مەرگدا.
مێرولەکان فەرموویان: شەڕەکان گەردوون و خواوەندی خۆیان هەیە، گەردوونی شەڕ لە سەر زەمیین گەورەتر نییە.. بۆیە شەڕ زۆر دەبێت. بەڵام گەردوونی خێر ناکۆتایی قووڵ و بەر بڵاوو هەمە چەشنە. هەمیشەیی مەزنە گەردوونی خێر.. تیایدا کەماڵ منداڵە. ئازادی و عیشق سرۆشی بەختەوەرین. بوونەوەر مەملەکەتێکی بێسنوور و بێئاڵایە بۆ مرۆڤە جوانپەرستەکان. خۆشی لەوانەی جوان بیر دەکەنەوە و جوان دەڵێن و جوان دەبینن و ژیان جوان دەکەن. ئەوان هەست بە هزری خواکانی خۆیان دەکەن.

# تابلۆی کەنار

جارێکیان بەر لەوەستانی کات، بەرلەئازادبوونی مـرۆڤی بێناووبێـوڵات وبێـئالا لەوڵاتی بەفر، دێـوەکان دەست و چاوو دەمی مـرۆڤی بێـوڵاتیان لەبەندی ڕەهاکردوو بەویان ووت: ئەمڕۆ تۆئازادیت، دەتوایت بەویستی خۆت، بەم دوورگەیەدا تائێوارە بگەڕێیت، چونکە لەکەلتووری ئێمەدا ڕۆژانی خۆرەتاو جەژنە! لەو ڕۆژانەدا کە جەژنە گشتمان حەزبەئازادی دەکەین، لەوڕۆژەدا کەخۆرهەڵدێت ئازادین، خۆرپەرستین، خۆمان ڕووت دەکەینەوە تاتیشک بگات بەناخمان.. برۆ، ئەمڕۆ تۆ دوژمنمان نییت..چونکە ئێمە کە خۆرپەرستین هەست بەئازادی دەکەین، ئێمە میللەتێکی ئازادین.
بێـوڵات وبێناوفەرمووی: دەزانم، گەر بمزانیایە ئـێوە خۆرپەرست نین، نەدەهاتمە وڵاتی بەفروڕێگەم نەدەدان دێـوی وەک ئـێوە ڕاپێچم بکات. من بۆیە هاتووم بۆوڵاتی بەفر وبەستەڵەک، تاپەیامەکانم بگەیەنم. ووتیان: ئەمەیان پەیوەندیی بە ئێمەوە نییە، وەک وتمان ئەمڕۆ تۆئازادیت.
مـرۆڤی بێـوڵات، بێـئالا، هەرلەناو زیندانەکەدا کەمێک ڕاما.. کەمێک بیری کردەوە! بیری لەوهاوڕێیانە کردەوە کە لەڕاستیدا نەیبوون، بەڵام بەخەو زۆری دەناسی! یادی هاتەوە کەناتوانێت لەخەونەکانیدا هاودەمێک، لوقمانێک، مریەمێک، مەسیحێک دەربهێنێت.. بۆیە شەماڵ هات بەلایەوەو بەگوێیدا چپاندی وفەرمووی: وەک ئەوان بکە، وەک دێـوپەرستەکان..بچۆرەکەنار دەریا.. هەروەکو دێـوپەرست ومـرۆڤ ودێـوەکان، هەوڵبدە وەکوو ئەوان بە، چونکە شەپۆل لەکەنار دەریا چاوەڕێت دەکات، بیرت دەکات، خۆر، دەریا، کەنار، ئاسمانی شین بیرت دەکەن.
بێـوڵات فەرمووی: بیرێکی جوانە! سووپاسی شەماڵی کردووبەهەستێکی دڵنیا، بەئازادییەکی زۆر خۆشەوە، بەخەندەیەکی شیرینەوە وەک خەندەی سەرلێوی **شازادەی ووڵاتی بەفر، ئەوشازادەیەی کە لە تەماشای ئەسپدا لەوڵاتی بەفردا بەدوای تەماشاکانی خۆیدا دەگەڕێت! بەدوای فریشـتەدا دەگەڕێت! وادەزانـێت فریشـتەکان لەئاسماندا دەفڕن، یاخود فریشـتەکان لەئاسمانەکانەوە دادەبەزن ! هێشتا نەیزانییوو کە پایتەختی وڵاتی فریشـتەکان لێوەکانی ئەون ! بگرە فریشـتەکان لەخەندەکانی ئەو لەدایک دەبن.. شازادەی ووڵاتی بەفر لەیادی چووبووەوە کە شوێنگەو وڵات وپایتەختی فریشـتەکان دەکەوێتە سەر لێوی شازادەکانی وڵاتە بەفرینەکان و مـرۆڤە ڕەسەنەکانی جیـهانەوە!**
مـرۆڤی بێـوڵات بەدەم خەیاڵەوە بەرەو کەنار ڕۆیشت. لەڕێگەدا یادی هاتەوە کە هەموو فریشـتەکان دەبینێت، بەڵام دێـوپەرستەکان نایەڵن کەسیان خەندەکانی خۆیان نیشانی کەسێکی تربدەن!
کاتێک گەیشتە سەرکەنار، دوورەدەست تاکوتەنها لەگەڵ خۆزگەی پێکەوەبوون لەگەڵ هاوڕێیەکدا لەسەر فەرشی لمین ڕاکشا ووەک دێـوپەرستەکان خۆیدایە بەر خۆر..شەپۆل مت بوو، بەسەمای خورەی نەرمی خۆی ؛پەیکەرێکی ئاوریشمینی قژ سپیی قژدرێژی لە ئاوخوڵقاند. شەپۆل ئازادە چۆن خۆی نیشاندەدات! بۆیە حەزی کرد شێوەی خۆی بکات بەفریشـتەیەکی بێباڵی لەئاودروستبووی سپی سپیی زۆرجوان..بەدەم شەپۆلە وردیلەکانەوە سەمای بەپرچی خاوی خۆی دەکرد، سەمایەک کە دەروێشەکانی میسرلە خولگەی سەمایاندا هەستیان پێدەکرد.. پاشان بەزمانێکی شیرین وفلووت ئاسا بەوی فەرموو:
هەست بەتەنهایی مەکە گیانە.. سەیرکە؛ پاشان شەپۆل هەستایە سەرپێ و بە هێواشی چپاندی بە گوێی شەماڵدا! شەماڵ بە هێمنی ڕەوتی خۆی گۆڕی.. بەرەو لای ئەو ئافرەتانە چوو کە لەوناوە سەرگەرمی کار بوون لەگەڵ منداڵانی باخچەی ساوایان.. کە دەکەوتە ئەوبەرەوەی کەنارەوە..شەماڵ چپاندی بەگوێی

ئافرەتە دێـوپەرستەکاندا.. بەوانی فەرموو: سڵاو لەجوانەکانی وڵاتی بەفر.. ئایا دەتوانن بچن بۆکەنار دەریا؟ چونکە لەویَ مـرۆڤێکی بێناوبێـوڵات وبێـئاڵا تەنهایە، نامۆیە، باتەنها دانەنیشێت..دەشێت مەیلی بێت لەگەڵتاندا دانیشێت.. دەشێت حەزبکات بتانبینێت. دەشێت حەزبکات لەگەڵتاندا بخوات، بنوێت، زۆربێت.
ئافرەتە دێـوپەستەکان ڕووخۆش وشەرمن بوون، ووتیان: ئاخر ئەو جۆرە مـرۆڤانە لەئێمە نین، ئەوان خۆرپەرست نین! شەماڵ فەرمووی: نا،نا،نا، بەهەڵەدا چوون ئـێوە، دیارە ئـێوە دێـوەکان باسی ئەوانیـیان بۆکردوون! بە پێچەوانەوە، ئەوان پڕن لەگڕ، لەئاگر، لەخۆر، ئەوان زۆرلەخۆر نزیکبوونەتەوە، نابینن چۆن ڕەنگیان هەڵقرچاوە؟ ئەی نابینن ڕەنگیان، بۆرە، سوورە، ڕەش هەڵقرچاوە؟
بچن بۆلای بیدوێنن، ئەو هێشتا لەیادی ماوە، دەتوانێت باسی داستانەکانی خۆرتان بۆ بکات، چونکە خۆر لەدڵی ئەودا ڕوواوە.. ئەودەتوانێت باسی داستانەکانی گلگامش ورۆستەم و شیرین وفەرهادو باسی چل تووتی وکلیلەودیمنەو باسی مەم وزین ـتان بۆبکات، باسی ئازارەکانی بەرخۆر، باسی برسی بوونی بەرخۆرو ماندووبوونی ژێرخۆر.
ئافرەتەکان لەدڵی دێـوەکان هاتنەدەریَ و بە شەماڵیان گووت: فەرموودەت ڕاستە. پاشان ڕۆیین بەرەو کەنار، چوار ئافرەت بوون پێکەوە چاودێری دوانزەمنداڵ بوون، منداڵەکانیـان بە باوەش و پیادە بەرەوکەنار لەگەڵ خۆیان برد.. بە ووردە پیاسە بەرەو کەنار چوون.. ئەوکاتە شەپۆل ئەوی تەواو حەساندبووەوە، هەمووگیانی ئەوی تەڕکردبوو.. کەناریش لەباوەشی خۆیدا ئەوی دەشێلاو دەلاواندەوە لەبەرخۆردا. ئەویان پڕکردبوو لەخۆشەویستی.. بێـوڵاتیان پڕکردبوو لەڕازی تەماشا.
بینیی چوارئافرەت بەرەوکەناردێن، دێن بەرەولای ئەو لەبەرخۆردا بەرگی بەریان دادەکەندو منداڵەکانیـان ڕووت دەکردەوە! چوارئافرەت، دوانزەمنداڵیان پێبوو..دوانزەساوای بێپەڕووباڵی بینی، دوانزەساوای بچکۆلانەوگوناح..هیچیان خەندەیان لەسەرلێو نەبوو.. ئافرەتەکانیش لەژێر تیشکی خۆردا ئازاد دیار نەبوون! بزە لەسەرلێوەکانیـان تۆرابوو! دەترسان، نەیاندەوێرا بەشەماڵ بڵێن: ئێمە دووژنی بێگانەو بێـئاڵاو بێـوڵاتین. چونکە شەماڵیان خۆش دەویست.
گشتیان بەلای مـرۆڤی بێـوڵات و بێـئاڵادا تێپەڕین؛ نـوح زۆردڵی بەمنداڵەکان دەسووتا..بەزەیی بە ئۆدین-ی خواوەندیاندا دەهاتەوە، سەری بەسەرزەویدا شۆرکردبووەوە، ڕووت بووبەڵام عەیبی بەخاولییەکی سپی داپۆشرابوو.. لەتەنیشت شەپۆلەوە لەکەناردەریادا خۆیدابووە بەرخۆر، غەمی دەخوارد بۆ ئەومنداڵانە، کەپەڕوباڵیان هەڵکەندرابوو..کەشوێنەواری قووڵی ئەشکەنجە بەڕووخساریانەوە دیاربوو.. ئەومنداڵانەی کەزیاتر لەڕێزوخۆشەویستی سزادەدرێن. تەماشای ئەوانی دەکرد کە بەلایدا تێدەپەڕین.. لەڕوخساری ئافرەتەکاندا شوێنەواری ماتەمینی دەبینی؛ ڕوخساریان پڕبوو لەبیرکردن، لەمەیلی نزیک بوونەوەوپەیووەندی کردن.. هەستی بە گفتوگۆ دەروونییە متەکانی ئەوان دەکرد، کە سوێیان بووبووەوە بۆ ژیانی هاوسەری وخێزان، بۆژیانێکی دڵنیا لەتەک یەکتریدا.. ئەوان پڕبوون لە مەیلی داخوازیی هاوڕێیەتی و هاوگیانی، کەچی دەستێکی تاریکی نادڵنیایی بەرچاوی ئەوانی گرتبوو، بەجۆرێکی ئەوتۆ کە هیچیان نەیان دەتوانی ئەوی تریان بـبـینێت.
بینیی منداڵ وئافرەتەکان بەلای ئەودا تێدەپەڕن وئەونابینن، چونکە وایاندەزانی کەبێـوڵات وبێـئاڵا وبێناو لەنەژادی خۆرو خۆرپەرست نییە.. وەها هەستیان دەکرد، چونکە هەستەکانیـان هی خۆیان نەبوون.. ئەویش غەمی لەبیرکەچیی ئەوان دەخوارد.. کەسانێک کە گشتیان دەڵێی فۆتۆکۆپی کراون..

بەلای ئەودا تێپەڕین وپێکەوە یەک هەستیان درک پێدەکرد! هەستیان دەکرد بەلای مـرۆڤێکدا تێدەپەڕن کەدەشێت بێگانە بێت، دزو چەتە بێت، پیاوکوژ بێت، نەخوێندەوارو نەزان بێت!

لەکەناردەریا بێـوڵات بیری لە هەڵەوڕاستی مـرۆڤەکان ودێـوپەرستەکانی وڵاتی بەفر دەکردەوە.. بەدەم بیرکردنەوەوە لەبەرخۆیەوە دەیگوت: هێشتا شوێنەواری مـرۆڤیان تیادا ماوە! بڕێک لەمـرۆڤ هێشتا ماوە! بێـوڵات= نـوح یادی هاتەوە کە بەرلە هەژدەساڵ ؛ کاتێک کە هات بۆوڵاتی بەفر لەو باوەڕەدا بوو کە دەشێت مـرۆڤ بـبـینێت. بێگومان ئەوهەرگیز بەهەڵەدا نەچووە لەوباوەڕەیدا، چونکە مـرۆڤ لەهەرکەلێنێکی بووندا بوونی هەیە هێشتا!

بینیی ئافرەتەکان لەگەڵ منداڵەکاندا کەڕەنگ و پێستیان سوورو سپی و بۆرو پەمەیی وپرتەقاڵی ئەسمەر ورەش بوون بەلای ئەودا بەگومانەوە تێدەپەڕین.. منداڵەکان کە دەشیا یەک دوویەکیان توانای بینینیـان هەبێت مەیلی نزیکبوونەوەیان نیشانی ئەو دەدا، حەزیان دەکرد بچنە نزیکی بێـوڵاتەوە، بێگومان چونکە ئەویان دەبینی! وەک لەتابلۆی پیـرشالیاردا فەرمووم، منداڵ توانای بینینی هەیە نەک شێت، چونکە منداڵ سروشتی پاکژترە لەشێت، من نازانم بۆچی هەندێک ڕادەی بینین لای شێت ولای منداڵ بەیەکتری لێکدەچوێنن؟ چونکە ئەودوو جیـهانە زۆرلەیەکتری جیاوازن.. شێت نابینێت، بگرە شێت کەسێکە کەزەڕبەی بەردەکەوێت، یاخود زەبری دێـوی بەردەکەوێت.. دەشێت شێت بەر زەربەی ئەوانی ترکەوتبێت، شێت کەسێکە کەزەربەی ئاکاری، کۆمەڵایەتی، خودیی یاخود زەربەی عەشقی بەردەکەوێت..

بەوزەڕبەیەش سەری لێتێکدەچێت، لەبری چاکە خراپە دەکات، لەبری جوانی دزێوی ئەنجام دەدات؛ بەکورتی نازانێت چی ڕاستەو چی هەڵەیە.. دەست دەوەشێنێت، لەگەڵ کەسی دووەمی نادیارو لەگەڵ خۆیدا قسەدەکات، کۆنترۆڵی بەسەرخۆیدا لەدەست دەدات، گوو بەخۆیدا دەکات، زۆردەلێت، ئاخاوتنەکانی بێپەیوەندی ودووپاتن، دەوەڕێت، کەرەکی پێدەکەنێت، دەگری وپێدەکەنێت..

شێت سیفاتی تری زۆرن، ئەگەر خۆیان نەشارنەوە دەشێت ئومێدی شیفایان هەبێت.. چونکە شێتی لاویی شیزۆفرێنی دێـوی ترس دەستی بەسەردا دەگرێت. تووش بوو لەزۆرشت؛ تەنانەت لەخوودی خۆیشی دەترسێت، حەزناکات کەس یاخود خۆی بـبـینێت.. بۆیە شێت خۆنەویست خۆی دەشارێتەوە، تاوەکوخۆی نەبینێت. چونکە وادەزانـێـت ئەوە دێـوە نەک خۆی، چونکە دەترسێت ببێت بەدێـو.

بۆیە شێتەکان بە مانای ووشە زوربەیان مـرۆڤن، مـرۆڤی ڕەسەن، کەدووچاری زەربەی ئەوانی تر دەبن..

لەنێوان شێتەکاندا هەندێک هەن کەتوانای بینینیـیان هەیە، بەڵام دابە کۆمەڵایەتییەکان ونەزانیی سایکۆلۆژەکان توانامەندیی ئەوان چەپ دەکەن، تادەسەڵاتی خۆیان فەرزبکەن.

لەنێوان ئەوانەدا کە بەشێت لەقەڵەم دراون، هەن تووڕە نابن، بەشێنەیی ولەسەرەخۆ دەتوانن بدوێن، ببینن.. زمانیـان پاکە، سروشتیان بێسامەو دڵنیایی بەوانی تردەدات.

ئەوان شێت نین بەڵام کەسانێکن ناتوانن لەژێر زەربەی بەرکەوتوویان دەربازبن.. هێشتا لاون، کامڵ وبەرگەگر نەبوون، بۆیە وەک منداڵ مامەڵە دەکرێن وباوەڕو بۆچونیـیان دەشێت کرچوکاڵ بێت.. دەشێت ناوەڕۆکێکی بەئێشی هەبێت، بۆیە خود لەکاتی بەرکەوتنی زەربەدا بیرەوەری و یادەکانی دەوەستێت، تا ڕێگە چارەیەکی دەربازبوونی چنگ بکەوێت.

لەنێوانیـاندا هەن دەشێت منداڵانە ببینن، دەشێت نەبینن، هەروەکو دێـوەکان، چونکە دێـویش بەرزەربەی دێـوەکان دەکەوێت.. دێـویش شێت دەبێت، هەمان ڕاستە دەربارەی دێـوپەرستەکانیش.

یادی هاتەوە کە هەندێک منداڵ هەن دەتوانن ببینن، ئەوببینن. بینیی منداڵەکان دەیانەوێت بێنە لای و لەگەڵیدا بدوێن، سەیری کەرامەتی بکەن.. ئەو پێی خۆش بوو، کەچی ئافرەتەکان بواری منداڵەکانیـان

نەدەدا، نەیاندەهێشت هیچیەکێک لەومندالانە تووخنی ئەو بکەون..گومانیـان لەودەکرد کە لەوێدا دانیشتبوو! پێدەچوو یەکدوانێکیان ئەو بناسنەوە، چونکە دێـوەکان بەدرێژایی ساڵەکانی دەستگرتن بەسەر ئەودا زۆر کاری زۆرەملەو زۆر بەرنامەی سەیریان بەسەر ئەودا گریمان کردبوو!

ماوەیەک کردبوویان بە داوەر، ماوەیەک کردبوویان بە فەڕڕاش، ماوەیەک گوی بەرازەکانیـیان پێ دەشت، ماوەیەک کردبوویان بە چێشت لێنەر و نانەوا! جارێک لە جارەکان ئەویان کردبوو بە مامۆستا، مامۆستای مندالان.. تا ڕۆژێکیان دێـوەکان هەڵیانکوتایە سەری، ئەویان تووڕدایەوە ناوزیندان، بەقەپاڵ تێیکەوتن، بەوەڕین شالاویان بردەسەر، دێـوەکان بەویان ووت: تۆ ناتوانیت هیچ فێری ئێمە بکەیت، تۆناتوانیت ببیت بەدێـو و بۆت نییە سروشتی ئێمە بگۆڕیت، بڕۆچەپ بە، تۆفێری دابی کەلتووری ئێمە نابیت، بۆچی هاتوویت؟ تۆبۆت نییە لەئێمەوە فێرببیت، بۆت نییە ڕەخنە لەئێمە بگریت، ناتوانیت باڵ ببەخشیت بەئێمە، برۆرەوە ناوزیندانەکەی خۆت، ئێمە چۆنمان بوێت وات بەسەردەهێنین!

**( لە دووپاتی ڕووداوەکانەوە فێر بە چونکە هەمان شت بەسەر هەر پەنابەرێکدا دێت لە وڵاتی هەستکردن بەکەمیدا !)**

پێدەچوو یەکدوانێکیان ناسیاوی ئەودێـوانە بن کە یاریان بەچارەنووسی ئەو دەکرد، ئەودێـوانەی کە بەبووختان کەرامەتی ئەویان زەم دەکرد، پێدەچوو ئەویان دیبێت، ئەو بناسن.. بۆیە زاتیان نەدەکرد نزیکی بکەونەوە، یان بهێڵن مندالەکانیـان بەرەولای ئەو بچن.. دێـوپەرستەکان بووختانچی و ڕقپەرست وکینە دۆزن، سڵ لەجوانی دەکەنەوە، خۆپەرستن، کرداری جوانیـان بریتییە لەزەم کردن وبوختان وبەهەڵەداچون وگومڕاکردنی دەورووبەریان.. دێـوپەرستان ترسنۆک ونادڵنیـیان، باوەڕبەهەرشتێک دەکەن کەدەیبیستن، چونکە لەڕاستیدا بێباوەڕن.

دێـوەکان پێکەوە دەبینن، هەردە دێـو یەک چاویان هەیە، دێـوەکانی وڵاتی بەفر بەیەکچاو دەبینن کاتێک کە دە لەوان یەکدەگرن.

ئەورۆژە کاتێک دێـوو دێـوپەرستەکان ئەویان ئازادکرد.. کۆبوونەوەیەکی کتوپڕیان ئەنجامدا..

لەکۆبوونەوەکەدا ووتیان: بەمزووانە بێـولات لەچنگمان دەردەپەڕێت، چونکە ئەو لەم دواییەدا تادێت زیاتروزیاتر بەهێزدەبێت، دەشێت بتوانێت دیوارە بەستەڵەکینەکان بڕوخێنێت، دەرپەڕێت ولەچنگمان دەربازبێت.

ژیرترین دێـویان ووتی: ئەگەر ئەوبڕوات دەمرێت، ئەگەر بمرێت شیرازەی زەمین تێک دەچێت، خۆرو زەوی و شەپۆل و زەریاوباکان تووڕە دەبن.. دەبێت چاتر چاودێری بین، دەبێت زیاتر گۆتی بکەین.

نـوح لەکەناردەریا بیری دەکردەوە، ڕاکشابوو سەیری ئەومندالانەی دەکرد کە دەهاتن و دەچوون لەدەوری، دەیبینی تەماشاکانیـان پڕن لەترس، پڕن لەگوومان، لەدوورەوە تەماشای بێـولاتیان دەکرد، لەنێوانیـاندا یەکێکیان زۆرلەونزیک بووەوە، چونکە وای دەزانی باوکێتی یاخود دایکی، لەنزیکایی مەترێکەوە مندالەکە چەقیبوو تەماشای دەکرد، بیری دەکردەوە داخۆ ئەوە دایکێتی یان باوکێتی؟

لەپێشەوە لە دایکی دەچوو، لەپشتەوە لەباوکی دەچوو، لەسەرلا لەخوودی مندالەکە خۆی دەچوو! لای ئەودیوەوەی ئەوی نەدەبینی چونکە تیشکی خۆر بەرچاوی گرتبوو.

یەکێک لەئافرەتەکان مندالەکەی بانگ دەکرد، بەوی دەگووت: وەرە باپێکەوە یاری بکەین، بەرد دەگرینە ئاوو شەپۆلەکان!

شەپۆل هێشتا دەستی نابووە ژێر چەناگەی خۆی، تەماشای ئەوی دەکرد، بەبێـولاتی فەرموو: ئەم ئافرەتانە سپڵەن، لەمنالەکانی خۆیان هەڵدێن ومندالی ئەوانی تر بەخێو دەکەن! نازانن چیدەکەن، سەگ

پەرست و ترسنۆک وبێهەڵوێستن بەرامبەر بەکەسانی وەک تۆ، هەرگیز ئەوە لەیادناکەم چۆن ئەم هەمووساڵە بە دەست وچاوی بەستراو زیندانی ئەوانیت! ئەوان متمانە بەکەس، تەنانەت بەخۆشیان ناکەن. چونکە دڵیان لەدەستداوە، دڵیان داگیرکراوە!

مـرۆڤی بێـولات و بێـئاڵا کەبەسروشت کەمدوو بوو، هەروەها هێشتا نەدوابوو، لێوی ترازاو بەشەپۆلی فەرموو: کەسەکەم، هاوڕێم، هاوزمان وهاوگیانم، من نیازمەندم لەدەروونی دێـوەکان ودێـوپەرستەکاندا چرایەک هەڵبکەم، یان مۆمێک دابگیرسێنم.. دەمەوێت فێریان بکەم، هاتووم باسی ئۆدینی خواوەندی خۆیان بۆبکەم.. چونکە ئەوان نازانن ئۆدین لێیان زیزە..ئەوان نازانن کەنابێت درۆبکەن، خۆپەرست بن، نابێت شەڕخوازو دەمەوەرو گومڕابن! من چرایەکی ڕووناکم بۆ ئەوانەی کە دەمبینن.. ئەوان نازانن کە من ئومێدی ئەوانم!

چونکە نازانن کە دێـوەکان لە نەزانیدا زۆر دەبن، دێـودوژمنی زانست وپەیامی جوانە.. دێـوەکان زۆردەبن، شەڕەکان زۆرتر، چونکە کەدێـوەکان زۆربوون، شەڕەکانیش زۆرتردەبن، دێـو، دێـوزۆردەکات. ئەوان لەکەرامەتی ووشە ناترسن، لەدێـوی درۆکانیـان ناترسن، بۆیە ماکی خود لەناوبردنیـان تیایە، نازانن بەستەڵەکەکان لەتوڕەییدا هەرەس دەهێنن!

لەپیس بوونی گیانیدا زەریاکان شێت دەبن، مـرۆڤەکان بەرگەناگرن! ئەوان تەنها نەزانن، وادەزانن هەمووشتێک دەزانن ودەسەڵات فرۆشی دەکەن بەسەر زەمیندا !

ئەوان نازانن کە لەدەروونی بەستەڵەکە سپییەکاندا دێـوی دڵگەورەگەورە دەژین ودڵی گەورەگەورەیان هەیە.. ئەگەر دڵیان بشکێت، زەریاکان تووڕە دەبن، ئەگەر زەریاکان دڵیان بتوێتەوە، خۆرتووڕە دەبێت، گەردەلوول شێت دەبێت، سروشت تووڕەدەبێت..ئەوکاتە دێـوەکان لەناودەچن، دەمرن.

شەپۆل فەرمووی: پێدەچێت تۆ نیازت بێت بەدێـوە سپییەکان دێـوەکانی سەرزەمین ڕزگاربکەیت؟

فەرمووی: نەخێر من کارم بەدێـوە شەڕخوازەکانەوە نییە، بەڵام ئەوان مـرۆڤایەتییان داگیرکردووە، من مۆم لەدڵی مـرۆڤەکاندا پێدەکەم، بێشک دەبێت بەقوڕگی ئەواندا ڕۆبچمەخوار، بەرلەوەی چراخان لەدەروونی دێـوە سپییە پیـرۆزەکاندا هەڵبکەم!

گوێم بۆڕادێرە شەپۆل گیان.. من زۆرم بەبەرەوە نەماوە، تۆش دەزانیت، ئەگەر مردم وەسیەت بێت تۆ تەرمەکەم بەریتەوە بۆ ناوباوەشی زەریا، تۆدەزانیت نیشتیمانی من زەریایە زەریا. من ئامانەتێکی زەریام لەناخدایە، دەبێت بیگەڕێنمەوە بۆی، بیرت نەچـێت، ئەمڕۆ هاتووم، دەشێت دواهەمین جاربێت بتوانم بەئازادی بێمە لات، بیرت نەچـێت تەرمی من دەبێت لەباوەشی تۆی نازداردا بگات بە دەروونی زەریاکان. لەهەمان کاتدا کە دەیفەرموو، بەنەرمی دەستی دەهێنا بە پرچ وسینە ومەمکی شەپۆلداو بەنەرمی فەرموودەکانی دووپات دەکردەوە.

شەپۆل فەرمووی: بێگومانبە فەرامۆشت ناکەم، ئەگەر دوای هەزارساڵیش بێت من ئێسک و تروسکی تۆ لەهەرجێگەیەک بێت ڕاپێچییان دەکەم، دەیانگەڕێنمەوە ناو زەریای ناخت.

ئەوکاتە بێـولات تاسەرئەژنۆی لەناوئاوەکەدا بوو، شەپۆل بەڕاکشاوی لەدەوری ئەو خولی دەخوارد، پرچە سپییە پەخشانەکەی لە ئەژنۆوڕانی ئەوهەڵدەسوو، ئەویش دەستی دەبرد بۆ سینگی نەرمی شەپۆل، دەیویست وەکچۆن منداڵ دەچێتە ناو باوەشی دایکی ئاوەها لەباوەشی شەپۆلدا بکەوێتەگروگاڵ..

بەهێواشی خۆی لەسەرسینەی ئاو جووت کرد، مەلەیەکی خۆشی لەگەڵ شەپۆلدا کرد.. کەنار سەیری دەکرد..خۆرەتاو سەیری دەکرد، ئەوان پێکەوە سەمایان دەکرد، دەتگووت هەزاران وردیلە ماسیی سپی سپی لەدەوریان خول دەخوات، یارییان بەپەلکە زێڕینە دەکرد.

باڵندەکان دەیانخوێند، گۆرانییان دەگووت، شەماڵ فلووتی دەژەند، منداڵەکان تەماشایان دەکرد، تەماشای ئاسمان! ئافرەتەکانیش دەترسان، هەوڵیان دەدا منداڵەکان توخنی شەپۆل و بێـوەڵات نەکەون..ئافرەتەکان تەماشاکانیـیان سڕبوون.. بەدوای هێلکە شەیتانۆکەدا( قوقع) دەگەڕان.. چیلکەیان دەژەند لەچاوی کەنار.. ئاوازی شەماڵیان نەدەبیست، دوورلەشەپۆل ڕاوەستابوون،چاودێری منداڵەکانیـیان دەکرد، جارناجاریش دزە نیگایەکیان دەکرد، سەیری ڕێگایەکی ڕۆشنیـیان دەکرد کەتیشک لەسەرشەپۆلە وردەکان دروستی دەکرد.. بێباوەڕانە وبە گوومانەوە سەیری پرچی شەپۆل وکەرامەتی بێـوڵاتیان دەکرد، پێدەچوو شتێکی تر ببینن، بە چپە لەژێرلێوەوە بەیەکترییان دەگووت: بڕوانە کەرامەتی ئەوتەمە ڕووناکە وا لەسەر سەرێتی! دەڵێی تیشکی خۆرە دەبریسکێتەوە! ئای چەند جوانە ئەو شەپۆلە وردانە!
تەماشایان دەکرد لەدوورەوە، بەبیریاندا نەدەهات لەشەپۆل نزیک ببنەوە! کەناریش تەماشای دەکرد، گوێی لە چپەوباسەکانی گشتیان بوو، بەڵام تائەوکاتە هەردووچاوی خۆی نوقاندبوو..تەماشای ئاهەنگی سەماو جووتبوونی شەپۆل وبێـوڵاتیی نەدەکرد، شەرمی دەکرد.. بەڵام وەسیەتنامەکەی بێـوڵاتی بیست.. گوێی لێبوو کەشەپۆل بەپەرۆشەوە بەڵێنی بردنەوەی تەرمەکەی ئەوی دەدا.
کاتێک کە بێـوڵات لەگەمەی دەستبازی بووەوە لەگەڵ شەپۆل و ئاودا، گەڕایەوە کەنار، کەناریش دەستی لەسەرچاوەکانی لابردوو بەشەرمێکی خاکییەوە فەرمووی: جوانم؟ بێـوڵات لەوەڵامدا فەرمووی: بۆدەپرسیت گیانی من؟ کی دەتوانێت گومان لەجوانیی تۆبکات؟ کەنارفەرمووی: ئەی نابینی پرچی دەریا ودرەختەکانی دەوروبەرم ڕەش داگەڕاون؟ ئەی نابینی چەند دڵتەنگم لەکردەوەی دێـوو دێـوپەرستەکان؟ ئەوان پیسایی کردەوەکانیـان ڕۆدەکەنە ناودەریاوەو دەریاش دەیگەڕێنێتەوە بۆمن.. من پیس بووم لەبەدڕەفتاریی دێـوو دێـوپەرستەکان.
نـوح فەرمووی: نا، وانییە کەنارگیان.. من لەکەناری پیسدا هەڵناکەم، دەبووچاک بزانیت کەمن دێمە سەرکەنار خۆم لەباوەشی تۆدا هەڵدەخەم تاتیشکی خۆرم بەرکەوێت؛ تاگیانم هەست بەپشوبکات؛ نابینی من لە باوەشی تۆدا ڕادەکشێم و سەیری ئاسمانەکانم دەکەم؟  نابینی چەند کامەرانم لەڕۆژی ئازادیی گەلی بەفردا؟ دڵنیابە کەنارگیان، ئومێد مەبڕە، تاخۆرهەڵبێت ئومێدەکانمان گەورەو گەورەتر دەبێت.
ئومێدەکانمان گۆش دەبن، پێرۆکە دەبن، گەورەدەبن گیانەکانی گەردوونی من.
پێویستە ئومێدمان هەبێت.. ئومێد وەک تۆجوانە.. تۆش جوانتریت، لەناوهەسارەکاندا جوانترینی..
نابینی باکان، خۆرومانگ و ئەستێرەکان چۆن عاشقانە تەماشات دەکەن ولەدەورت خول دەخۆن؟ من لەگەردووندا هەزاران هەزار جوانـییم دیوە، سروشت و ژیانم دیوە.. بەڵام لەنموونەی تۆم کەم دیوە، تۆ جوانییەکی میهرەبانت هەیە، جوانییەکی تایبەت.
کەنار فەرمووی: دەتوانی کەمێک باسی جوانیی گەردوونەکانی ترم بۆبکەیت؟
بێـوڵات فەرمووی هێشتا زووە! ئەمڕۆ من هاتووم بۆدیدەنیی ئـێوە، بیرتان دەکەم، ڕێگەم بدەن هاوگیانتان بم ئەمڕۆ، لەباوەشتاندا بنووم سەمابکەم، سەیری جوان وجوانییەکانتان بکەم، لەکەرامەتتانەوە فێربم، ئەم وردەگلەییانە چین تۆ دەریان دەبڕیت کەنارگیان؟  من بیرت دەکەم، خۆشم دەوێیت، تۆجوانیت ومنیش بیرت دەکەم.
کەنارفەرمووی: بمبوورە بەڕێز، بەڵام حەزدەکەم بێیە باوەشمەوە تاکەمێک گەرمایی لەشی خۆمت پێبدەم، تاکەمێک بەلم داتپۆشم .
بێـوڵات دانیشت، پاشان ڕاکشا..کەنار شێوەی پەیکەرێکی زەردی لم شێوەی لەخۆی ڕەخساند، پەیکەرێکی پرچ ئەستوورو زەردوودرێژ، زەردی ئاڵتوونی. دەریا بەمە تووڕە بوو، ئاوبارستایی زۆربوو، مانگ

پڕبوو..دەریا ڕووخساری ڕەش هەڵگەڕا لەبەغیلیدا..کەنار کەئەوەی بینی فەرمووی: چاوت ڕوون، بەغیلی بەمن مەبە، چونکە دەزانم ئەمەکوری تۆیە، کچی تۆیە، کۆرپەی تۆیە.. دەزانم زەریا باوکێتی، تکایە ڕێگەم بدە کەمێک لەئامێزی بگرم، کەمێک بملاوێنێت، بیلاوێنم.
کەنار خۆی ڕووت و قووت کردەوە..لەبەردەمی بێـوڵاتدا لەگەڵ نەوای شەماڵدا سەمایەکی جوانی نیشاندا، سەمای کەنار..لمی کەنار وەکوگێژەڵووکەیەکی هێمن بەئاسماندا هەڵچوو، لەشێوەی ئافرەتێکی گەلێک جوانی ڕووزەردا..لەئاسماندا سیحری سەمای نیشان دەدا..
کۆمەڵێک نمایشی جوانی خۆنیشاندانی پێشکەش کرد، لەئاسماندا بەدەم نەوای شەماڵەوە بەدەنگی دایک دەگریا ودەلاوایەوە، چونکە وێنەی دەست و سەرو پێو هەناوی ئەومنداڵانەی نیشان دەدا کە دێـوەکان لەسەر زەوی پڕیان دەکردن لەباروت وبەئاسماندا دەیانتەقاندنەوە! نیشانی دەدا چۆن منداڵان بەئاسماندا پەخش دەبن، هەرپارچەیەکی لەشیان لە شوێنێک دەگیرسێتەوە..لەنێوان گۆی هەردوومەمکیدا مێردمنداڵی نیشان دەدا دەتەقنەوە وهەپروون بەهەپروون دەبن! لەگۆی مەمکانیەوە خوێن فیچقەی دەکردو ئاسمانی ڕەنگ دەکرد، بەدەم هاواری دایکانی جیـهانەوە هاواری دەکرد: تەماشاکەن دێـوەکان چی لەمـرۆڤایەتی دەکەن! دێـوەکان چۆن ڕۆڵەکانم قڕدەکەن! بەدەم هاوارێکی قورس وغەماوییەوە دەیفەرموو: من لەڕەفتاری دێـوەکان خۆش نابم؛ من زۆرتووڕەم لەدێـوەکان.
نـوح- ـیش تەماشای دەکرد، هەستی دەکرد کە کەنار زۆرتووڕەترە لەوەی نیشانی دەدات، پێدەچوو هێـندەی هەموو دایکانی جیـهان تووڕەبێت!
لمەکان لەحەوادا خاوبوونەوە، نەرم نەرم دابارینە سەر لەشی ئەو.. ئەویان بەڕاکشاوی لەسەرکەنار داپۆشی، ئەویان بەئاسماندا هەڵبڕی.. بەدەنگی کیژۆلەیەکی نازدار؛ کەناردەنگی خۆی نیـیان کردەوە.. فەرمووی: بمبوورە گرێکانی دڵی خۆمم بۆ تۆ کردەوە.
نوح فەرمووی: جا من چی فێردەبم ئەگەر ئـێوە باسی ئازارەکانی خۆتانم بۆنەکەن؟ من لەئـێوەوە فێردەبم. گەر لەڕازەکانت تێنەگەم؛ هەرگیز ناتوانم شیفات بکەم گیانەکەم کەنار.
لەورۆژەخۆرەتاوە خۆشەدا، مـرۆڤی بێـئاڵاو بێـوڵات کاتێکی لەگەڵ غەمەکانی کەنارو نازەکانی شەپۆلدا بەسەربرد.. شاد بوو بەبینینی ئاسمانەکان، خۆرو شەماڵ وباڵندەکان.. شاد بوون بە بینینی منداڵەکان، بەڵام غەمی بۆ ئافرەتە دڵتەنگە ترساوەکان دەخوارد.
ئەورۆژە ژیانێکی ئازاد ژیا لە کەناردەریا.. بەرلەگەڕانەوەی ئاهوڕامازدایشی بینی لەئاسمانی حەوتەمدا..
مێرولەکان گشتیان مەست بوون؛ ئاهەنگی ئازادبوونی ئەویان دەگێڕا.. تەماشای سروشتیان دەکرد لە کەنار دەریا.. مێرولەیەک لە مێرولەکان مەست بوو؛ زۆر تامئاوی قاشە سێوێکی ترشۆکی مژیی بوو، بەسەرخۆشییەوە فەرمووی: کێ بەر بووە؟ ئـێوە ئاهەنگی چی دەگێڕن؟ کوا وڵات و ئاڵاو نیشتیمانی نـوح؟ کێ دەڵێت نـوح ئازاد بووە؟
شاژنی مێرولەکان لە وەڵامدا فەرمووی: پێـغەمـبەرەکان گشتیان ئازادن. هەمان شێوە خواکـان. دیلی باوەڕی مرۆڤ ناگۆڕێت.
پێغەمبەرەکان موڵکی تەنها میللەتێک نین ، بەڵکوو زمانی ویژدانی جیهانن. ئەوان بە ئازادی لەدایک دەبن، دەژین و هەمیشە پەیوەندییان پێمانەوە هەیە دەگەڕێنەوە ناومان ـ چونکە ئەوان ئازادن و ئازادیش نامرێت، لەناو ناچێت، کەم ناکات.

مێرووله سەرخۆشەکە فەرمووی: نیشتیمانی حەزرەتی نوح چیاکانی ئاراراتە نەک دەروونی زەریا!
چوونکه وەک من بزانم نوح لەویٰ لەدایک بووەو بۆ ئەوێش دەگەڕێتەوە. شاژنی مێروولەکان فەرمووی:
دەشێت.. بەڵام ئەو لەناو مرۆڤەکاندا ئالا و ووڵات و نیشتیمانی نییە!

## تابلۆی ئافرەتێکی چوار دڵ

گ، آ، ل آ، چوار پیتی چوار گیانن.. پیـرۆزن چونکە ناوی ئافرەتێک دەچنن. ئافرەتێک کە لەچوارگۆشەیەکی مەتین دەچێت..گەردوونێکی بەرینە. کەچی لەژیانی ئەم سەر زەمینەدا ناوی ئافرەتێکی ڕەش بینە.. ئافرەتێکی ترساو و دۆڕاو، سەرلێشێواو نەخۆش کەمن لەدوورگەی هەستکردن بەکەمیدا ناسیم..
ئەو ئافرەتە لەڕاستیدا ئافرەتێکی بێگانە بوو.. بەبۆنەی کار کردنەوە هاتبوو بۆ دوورگەی هەستکردن بەکەمی تا ببێت بە دایەنی دێـومندالّ.. لەکاتە ئازادەکانی دوای کاردا، دەگەڕا بەدوای عەشقا.. کوون وکەلەبەری دوورگەکان گەڕا.. کە دەبوو بە ناسیاوی هەر کەسێک، دووچاری دەردێک، یان دووچاری نەخۆشیی هاریی دەبوو! چونکە پیاو دێوەکانی مەملەکەتی هەستکردن بەکەمی حورمەت لە کەرامەتی ئافرەت ناگرن.. متمانەیان پێناکەن، بەدرۆ خۆشەویستی دەکەن..
بۆیە ئەو ئافرەتە زۆر هەستی بە پەشیمانی دەکرد، کاتێک لە پێناوی عیشقا سەری دەکرد بەماڵی زۆر پیاودا.. هەندێک جار کە دەمبینی هەستم دەکرد هێندە کەرامەتی زامارە کە ناتوانێت کەرامەتی کەس بـبـینێت.. هەستم دەکرد بووە بە دووژمنی گیان ولەش وباوەڕی خۆی.. هەستم دەکرد جوانیی تێکشکێنراوە.. ئەنجام خۆی بۆ نەگیرا.. وازی لەکاری دایەنی هێناو گەڕایەوە مەملەکەتی خۆی.. پاشان

لەوێش هیچی لەگەڕان بەدوای عیشقدا هەڵنەکڕاند ؛ بۆیە سەفەری کرد بۆ وڵاتی ئینگلیز و لەوێش بوو بە هاوژینی پیاوێکی بێدڵ! لەو سکی پڕ بوو.. چاوەڕوانی کۆرپە بوو.

بەر لەوەی دوورگەی هەستکردن بەکەمی بەجێ بهێڵێت، من چەند جارێک چووم بەمیوایی.. هەموو جارێک دوورگەکانی خۆمم نیشانی ئەو دەدا.. دەمگێڕا، بۆ هەر جێگەیەک دڵی خواستبای دەمبرد. بەڵام هەستم دەکرد، هەستەکانی دەمرن، هەستم دەکرد لەگەڵ تێپەڕینی کاتدا هەستیاریی وەک گوڵ سیس دەبێت وەژاکێت، ژەنگ دەگرن، پاشان هەڵدەوەرن، ئینجا دەمرن!

دواهەمین جار، بەر لەوەی دوورگەی هەستکردن بەکەمی بۆ یەکجاری بەجێ بهێڵێت، کە بینیم ترسام! زۆر ترسام، چونکە بینیم بووە بە دێـو!

بینیم گورگێکی گەورەی ڕەش وتووڕە لە دەروونیدا دەیلووراند، قەپی دەکرد بەگیان وهەستیدا ویەکە یەکە هەستەکانی ئەویان دەکرۆشت!

گورگی شێر پەنجە بوو گورگەکە.. هێندە ناخی ئەوی گەزیبوو کە ناخوود ئاسایی کاتێک قسەی لەگەڵمدا دەکرد، دەیلووراند، دەوەڕی، شاڵاوی دەبرد، دەیقریشکاند! نەیدەزانی چی بکات! هەستی دەکرد تەنها عەشق دەتوانێت لەو نەخۆشییە دەربازی بکات.

کۆسپی ئەو لەوەدا بوو کە نەیدەزانی گورگی شێرپەنجە لە دەروونیدا هار بووە! بۆیە من هەمیشە هەوڵم دەدا کەمێک باسی عیشقی بۆ بکەم، حەزم دەکرد کەمێک عیشقی پێبدەم.. چونکە هەستم دەکرد هەست بە ئارامی دەکات لەتەک مندا.

هەستم دەکرد کاتێک کە دێت بەمیوانیی من، گورگەکە نایگەزێت، تووڕەی ناکات.

بەڵام ئەو هێندە لەژیان وەڕز بوبوو، بوبووە دوژمنی گیان ولەشی خۆی! نەیدەهێشت من لەگەڵیدا جووت بم، بەپێچەوانەوە فێر بوبوو لەگەڵ کەسانێکدا جووت بێت کە کەرامەتیان دەشکاند، کە گورگی شێرپەنجەیان لەودا گۆش دەکرد! چونکە سەری لێشێوا بوو، لەو دواییەدا نەیدەزانی چی بکات.

ئێستا لە وڵاتێکی ترەو سکی پڕە لە پیاوێکی بێدڵ.. بێـوڵات و بێهاوڕێ و بێکەسە، تەنهایە، بێکارە، دەترسێت، دەگری، نازانێت چی بکات! چونکە دووگیانە کاریشی پێنادەن! هاوژینە بێدڵەکەی دوورە پەرێزیی لێدەکات، پەشیمانە لەوەی منداڵی لەگەڵ ئەودا دروست کردووە، پێی دەڵێت: بڕۆرەوە بۆ ووڵاتی خۆت، من تۆم ناوێت، من منداڵم لەتۆناوێت، من دەمەوێت بە هەوەسی خۆم بژیم. من تۆم بە سکپڕی ناوێت.

بەر لەماوەیەک، ڕۆژێکیان تەنها دانیشتبووم باوێشکم دەدا.. بەزیندە خەو خەوم بە هەر چوار لاکانی ئەوەوە دەبینی، لەبەر خۆمەوە دەمگووت: ئاخۆ ئێستا دەبێت ئەو لەکوێ بێت؟ دەبێت چی بکات؟ تۆ بڵێی لەگەڕان بەدوای عیشقا گرەوی بردبێتەوە؟

لەو بیرانەدا بووم زەنگی تەلەفۆنەکە لێیدا.. کە تەلەفۆنەکەم هەڵگرت، ئەو بوو، ئەوەی لەسەرەوە باسم کرد گشتی بەدەم گریانەوە بە من گووت. فەرمووی: سکم هەیە، بێکارو نەبووم، کەسم نییە نازانم چی بکەم، ناتوانم بگەڕێمەوە بۆ وڵاتی خۆم، نازانم چۆن مووچەی ژیان دابین بکەم؟ نازانم چی بکەم، هاوژینەکەم منی ناوێت، نەدایک، نە باوک، نە هاوڕێ، هەر هیچ کەس شک نابەم.

فەرمووم: غەم مەخۆ گیانی من، پیـرۆزبایی دووگیانیت لێدەکەم. لێرە بەدواوە تۆ ئامانجێکی ترت هەیە، تۆ دووگیانیت وبۆ کەسێکی تریش دەژییت.. بەم زووانە دەبیت بەدایک.

هێندە گریا لە تەلەفۆنەکەدا من قرچە لە جگەرمەوە هەڵدەستا. ئێستا ماوەیەکە ماخۆلانم تووش بووە، کێچ کەوتۆتە کەولم.. شەوو ڕۆژ دەستەو دۆعام وپیری خۆزگەم دەنێرم بۆ یاریدەدانی چوارلا.. حەز دەکەم

بچم بۆ لای بە میوانیی، حەز دەکەم تەماشای بکەم، بیدوێنم، دەست بهێنم بەپرچیدا گەر ڕێگەم بدات..
حەز دەکەم ڕێگەم بدات سەری، پشتی، سکی، مەچەک وڕانی بشێلم، دەست بهێنم بە پرچیدا.
ئاخرییەکەی شەوێکیان، بەر لەکات وەستان خەوێکی زۆر خۆشم بەوەوە بینی.. لەخەوما ئاسایی دەمتوانی بفڕم. فڕیم، دوور دوور فڕێم تاگەیشتمە شوێن ژینگەی ئەو.
کاتێک ئەوم بینی تەنها بوو، لەگۆشەیەکی ژوورێکی بچکۆلەدا دانیشتبوو لێوی خۆی دەکرۆشت، گورگی شێرپەنجەیش گازی لە مەچەک وسک و پەنجەکانی دەگرت.. زۆر تەنها بوو! بە بێدەنگی چوومە لایەوە.. بە هێمنی دەستم نایە ناو دەستی، دەستم هێنا بەسەریدا، بەڕوومەتیا، بەسنگ و سک و لێویدا.. ڕێگەی دام ماچی سکی بکەم، ماچی مەمکی، ڕوومەتی دەستی. ڕێگەی دام گوێ لەترپەی دڵی منداڵەکەی ناو سکی بگرم.. ڕێگەی دام خۆمان لەیەکتری هەڵسووین.
ئەنجام پڕ بووم لە تەماشا، لەتەماشای چوارگۆشەیەکی چوارلا، لە تەماشای ئافرەتێکی دووگیان.. بەدەم تەماشای جوانیی ئافرەتێکی سکپڕەوە هەستم دەکرد کەرامەتم دەکشێت.. هەستم کرد ڕێزم بۆ خۆم بارتەقا گەورەتر دەبێت.. بۆیە توانیم بەو بڵێم: من میوانێکی گیانیم، هاتووم فرسەتت لێ وەربگرم تا بە یاریدەی باوەڕت بتوانم گورگی شێرپەنجەی مەلاسخۆر لەدەروونتدا بتۆپێنم.. هاتووم وەک هاوڕێیەک نیازمە چییدی ئازارت پێنەگات.
هاتووم باسی مـرۆڤێکت بۆ بکەم کەسی نییە، لەناو بەستەڵەکەکان چەندین ساڵ زیندان بوو، ئێستا ئازادەو بەم زووانەیش دێت.. دێت و پەیامی دایک دەکات بە ئاڵای ژیان، ژیان دەکات بە مافی مـرۆڤ، مـرۆڤ دەکات بە پیـرۆزترین پەیام، پەیام دەگەیەنێت بە خواکـان.. مـرۆڤێک دێت.. ئازارەکانی جیـهانی بار کردووە، دێت بوونەوەری خۆشەویستی ولێبووردنی لەخۆی بار کردووە.
مێرولەکان فڕیین، چونە خەونی ئەو پیاوەی کە منداڵی لەگەڵ ئەو درووست کردبوو.. بەویان فەرموو: ئەو کاتەی کە منداڵ بەڕێکەوت یان مەبەست درووست دەبێت.. باوک لەدایک دەبێت، دایک لە دایک دەبێت، مەسیحێک مارییایەک دێت، کە نابێت بی سەرپەرشتی بێت، نابێت ناجۆریی تووش بێت. فەرموویان: یەک لە ئێمەو دوو لەوان؛ بەویستی پەیامی خواکان هەستە بچۆرە کن خۆشەویستتان. ئەوەیان فەرموو و گیانی ئەویان بار کردو بردیان بۆ لای گالا-ی تەنهاو دووگیان. گالا هەستی بە حەوانەوە کرد.. گورگەکانی شێرپەنجە چەپ بوون لە دەروونیدا.
مێرولەکان فەرموویان: مرۆڤی پیرۆز لە عیشقی ئەوانی تر و بۆ عیشقی ئەوانی تر دەژی.

# تابلۆی کەوتن

کە کات وەستا.. من دەکەوتم و هەڵدەستامەوە.. هەڵدەستام و دەکەوتمەوە! لە قورگی کاتدا گیرابووم؛ کاتم ڕاگرتبوو.. نەمدەهێشت مەرگ لێم نزیک ببێتەوە.. هێندە ماندوو بووم ؛ نەبێتەوە! کەچی توانای بـنیینم زۆر دەبوو.. لەترسی بێ کاری دەبووم بە هەر شتێک.. خۆمم بە هەر شتێک دەخەملاند.. دەمتوانی ڕێزی خوایەک بدەم بە مێشێک، ماسییەک، منداڵێک، کەسێک.. دەمتوانی دەست بەسەری ژیان دا بهێنم.. سەرم نابوو بە ئاکواریۆمی ماسییە زێڕیینەکانەوە، فێری زانستی خامۆش دەبووم. بەڵکو فەلسەفەی ئەم کتێـبەم دەنووسییەوە. ماسییەکان فێری سەمایان دەکردم.

**دەمویست بە پەیامی ئێستاتیکا مـرۆڤایەتی بگەیەنم بە کارمای نوێ. دەمویست فەلسەفەیەک یان زانستێک دابهێنم بێ نموونە.. و دەربەستی سزاو بوغزو داخوازیی سەردەم نەیەم. سەرم دەکرد بە هەموو کووچەو کۆڵانەکانی شاردا.. لەگەڵ باکاندا پەخش دەبووم؛ بەدوای عیشقدا دەگەڕام.. کات بە ویستی من دەڕۆی و دەشوەستا! منیش دەکەوتم و هەڵدەستامەوە. بوبووم بە داستان و چیرۆک و ڕۆمان و ئەفسانە و نەمدەزانی بەچی زمانێک باسی زانستی دەروون و هەستی پەتی بۆ دێوەکان بکەم! نەمدەزانی چی بکەم! بە هەر مرۆڤێکم دەگووت تۆ جوانی.. خۆی لێدەکردم بە دێوو قنی تێدەکردم و بوغزی شەڕو جیاوازیی ڕەگەز و پێست و باسی جیاوازیی کەلتووریان بۆ دەکردم!**

شەوان لە خەوما، ڕۆ دەچوومە ناو گیانی خواوەند و فریشتەکانەوە و لە دەروونیاندا هەستم بۆ تەنهایی شازادە و پەرییەکانی مەملەکەتی بەفر دەبزوا و پڕ دەبووم لە بەزەیی هاتنەوە بە خواکان و فریشتە بێباڵەکانیاندا.

شەوێکیان لە خەوما.. لەبەردەمی کەنیسەیەکی زۆر مەزندا لە بەرلین، چەند کاژێرێک بەر لەوەستانی کات! هونەرمەندێکی ڕۆژهەڵاتی.. کە لەتەماشای ئەفسوونی کاتادراڵ بووەوە، ئازارەکانی هەموو مەسیح وماریاکانی بینیبوولەدەرەوەو ناوەوەی کاتادراڵە مەزنەکەدا.

بەڵام چونکە پیروکەنەفت بوو، چییدی توانای نەما تەماشاکانی خۆی باربکات، ویستی بچێتە دەرەوە تا هەناسەیەک بدات! هونەرمەندە پیرەکە سەری لێتێکچوو! نەیدەزانی بەچی ڕێگەیەکدا هاتۆتە ژووریَ و لەکوێشەوە دەبێت وەدەربکەوێت!

بەڵام فریشـتەکان هاتن دەستیان گرت.. بەرەودەرەوە فەرموویان لەوکرد.. کە لە کەنیسەکە وەدەرکەوت هێـندەی نەمابوو گیانی بسپێرێت و بەلادا بکەوێت! لەوکاتەدا، لەنێوان لەهۆشخۆ چوون وگیان سپاردندا، بەرێکەوت ئافرەتێکی ئەڵمانی دەبینێت کە بابایەکی پیر خەریکە دەکەوێت.. هەڵەداوان چووە فریای، گەرچی نەیتوانی دەستبخاتە ژێر باڵی، بەڵام لەباری باوەش کردنەوەدا پیرکەوت بەسەر ئەودا، بەرلەوەی بکەوێتە سەرزەوی وگیانی بەتەواوەتی لەدەستبدات.

بۆیە هونەرمەندەکە زەبرنەگەیی بەگیانی.. هەردوکیان کەوتن بەسەریەکدا! بەرکەوتنێکی سەیر! زۆرسەیر! ئافرەتەکە کە مەستی تەماشای کەرامەتی پیرە هونەرمەندەکە بوو، نازێکی وەک نازی کچانەی بەسەر باوکیدا کرد؛ واتە بەسەر هونەرمەندەکەدا، ئەویش کە پیرووشەکەت بوو، نەیتوانیی هەستێتەوە! نەیتوانیی دەستی ئافرەتەکە بگرێت و ڕاستبێتەوە!

بۆیە بەدانیشتنانەوە داوای لێبووردنی لەئافرەتەکە کرد، بەم جۆرە دەستی بەئاخاوتن کرد: بمبوورە گیانی من کچم، مەبەستم نەبوو، ماندووبووم، خۆئەزێتت پێنەگەیی کچم؟ زۆرداوای لێبووردنت لێدەکەم، دەبێ بمبووریت. بەدەم تەماشاوە ئەو پەڵە سوورەری سەردەستی کیژۆڵەکەی بینی! پەڵەیەکی سوور کە لەدڵ دەچوو، دڵێکی سوور!

کیژۆڵەکەش یادگاریی گۆچانێکی سەوزی لەیاد بوو، لەیادیدا شوێنەواری گۆچانێکی سەوز وەک نەخش هەڵکەنرابوو، بیری کەوتەوە کە باوکی بە منداڵی هەمیشە گۆچانێکی سەوزی لەدەست بووکاتێک کەدەچوو بۆگەڕان، بۆتەماشای ڕەنگەکانی هاوڕێی!

ئافرەتەکە ووشەکانی ئەوی زۆرلەلا شیرین بوو، وەک ئەوەی کۆمەڵێک یاد لەبەردەمیدا وەک شەکرۆکە ڕۆکرابێت .. وەک ئەوەی منداڵ بووبێتەوە، چاوەڕوانی کەسێک بوو هەڵیسێنێتەوە! **ئەو ئافرەتە کەسی نەبوو، هەرلەمنداڵییەکی زووەوە دێـوەکان دەستیان بەسەرداگرتبوو، باوکیان شاربەدەرو دایکیان دووچاری دەرمانی ووڕکەر کردبوو! ئەو ڕۆژە نیازی بوو بچێت بۆ تەماشای کاتدراڵەکانی شاری بەرلین، تاتەماشای حەزرەتە پیـرۆزەکان بکات. تا داواو تکا لە بتەکانی ناو کەنیسە بکات، تا بە دیداری باوکی شاد بێتەوە!**

لەوەڵامدا هەربەدەم دانیشتنەوە لەسەر زەوی بەپیری ووت: نا غەم مەخۆ هیچ نەبوو، ئازارم پێنەگەیی، بەڵام دەبێت کەمێک دانێشم تا بتوانم بەبێ ئازار هەستمەوەسەرپێ!

پیر بەدانیشتنەوە ، بەدەم خۆکێش کردنەوە خۆی گەیاندە نزیک کیژۆڵە چاوکوژەکەییەکە و زۆر شارەزایانە تەماشای کیژۆڵەکەی کرد! بینیی ئەویش هەمانشێوە تەماشای ئەودەکات! لەبێدەنگییەکی سەیردا تەماشای یەکترییان دەکرد.. وەک ئەوەی شتێکیان یاد بێتەوە! بەڵێ، وەک ئەوەی زەمەن پەشیمان بووبێتەوە لەو هەڵانەی بەرامبەر بە دوو گیانی پاک واتە باوک و کچ کردبووی ـ بەڵێ کات ئەوانی لەوێدا پێکەوە گرێ دا.. چونکە داواو خۆزگە و ئومێدی کچ هاتە دی. چونکە خوودی پەیکەری مەسیح و ماریای پیرۆز قرچە لە دڕگیان هەڵدەستا کاتێک کە نزاو حەسرەتی ئەویان دەبیست لە کەنیسەکەدا! بۆیە بە چارەنووسیان فەرموو: بیرێک لە چارەی ئەو ئافرەتە تەنهایە بکەنەوە. بۆیە کات وەستا!

هونەرمەندە پیرەکە فەرمووی: تۆ ناوت ماریا-یە؟ کچی کێیت؟ باوکت ناوی چییە؟ خەڵکی کوێیت؟

کیژۆڵەکە ووتی: بەڵی ، من ناوم مارییایە چۆنت زانی؟ من ناوم مارییایە؟

باوکیشت ناوی یونس- ـە؟

ووتی بەڵێ! دەزانم تۆش ناوت یونس- ـەو لە لوبنان-ەوە گەڕاویتەتەوە، بەدوای منیش دا دەگەڕێییت، بەڵێ بابە من ماریای کچی تۆم، ئەوماریایەی کە دێـوەکان فڕاندیان، بردیان دایان بە دێـوە دڵ تاریکەکان، دێـوە بێهەست و بێناوەڕۆکەکان!

کاتێک کە باوک و کچ لەدوای بیست ساڵ بەیەکتری ئاشنابوونەوە، باوەشیان کرد بەیەکتریدا ، توند یەکتریان گرتە باوەش لەناوگۆڕەپانی مەزنی کاتادراڵەکەدا.. پیرلەخۆشیدا نەیویست گیانی خۆی لەدەست بدات، چونکە لەمێژ بووبڕیاری دابووکە گیانی خۆی لەمشتی خۆیدا بپارێزێت بۆ ئەو ڕۆژە، بۆیە توند دەستی کیژۆڵەکەی خۆی گووشی، تووند تووند، تاگیانی خۆی سپارد بەو، گیانی خۆی نایە ناومشتی ئەوەوە! بەڵێ،، ژیانی خۆی بەخشی بە کچە تاقانەکەی. بەر لەوەی گوییستی بەسەرهاتی بە ژانی هاوسەرەکەی بێت! واتە دایکی ماریا!

دووسێ هەنگاو لەولای ئەوانەوە، کۆمەڵێک گەشتیار قەرەباڵغییان لەدەوری باڵندەیەکی کەناری دروست کردبوو، کەنارییەک کە لەگەڵ گیاندەرچوونی هونەرمەند یونس-دا گیانی سپارد بەدیار چاوی کۆمەڵێک کەسەوە! خۆر تەماشای دەکرد، پیـرشالیار لەوێ بوو، ماریا هەستی بەگیان دەرچوونی باوکی خۆی دەکرد، بەڵام بەجۆرێک ئەوی لەباوەش گرتبوو کە هیچ هێزێک نەیدەتوانی لەیەکیان جیابکاتەوە!

دوای چەندین ڕۆژ، کاتێک کرێکارەکان گۆڕەپانی کاتادراڵەکەیان پاکژدەکردەوە، بیستیان کە دووپەیکەر لەناوگۆڕەپانەکەدا دانراوە!

هەڵەداوان، ڕۆژنامەوان ومێدیاو دەست وپێوەندی کەنیسەکەیان ئاگادارکرد.. هەواڵەکان سەلماندیان کە ڕاستە لەوێدا پەیکەری ئەپۆلۆ ودافنی دانراوە وناوی خاوەنی لەسەر نەنوسراوە.. بە ساتالیت تەماشای ڕۆژو مانگ و ساڵیان کردەوە، نەیانبینی، تێنەگەیشتن کە ئەوپەیکەرە دووگیانە بەیەکدانووساوە کەی ولەکوێوە لەویادا دانراوە! ئیتر تۆریستی هەموو جیهان بە لێژمە ڕوویان دەکردە بەرلین بۆ بینینی پەیکەری بێناو!

گەرچی زۆر کەس چاویان کوێر بوو.. بە بیستن باوەڕیان دەهات و بە چاوی هەست ئەو دوو پەیکەرەیان دەبینی. بەڵام زۆر مرۆڤ و دێوپەرست ئەوەیان نەدەدی! بەڵکو باوەڕیان نەدەهات.. چونکە ئەوان تەنها توانییان کەنارییەک ببینن .. تەماشای پەیکەری مردنی کەنارییەکی سەوزوسپی ڕەنگیان دەکرد!

پیـرشالیاریش لەوێ بوو، لەڕاستیدا ئەو؛ ئەو چاوپێکەوتنەی سازاند، گەر وا نەبوایە، پیر لەناوەوەی کاتادراڵەکەدا، بەر لەهاتنە دەرەوە دەمرد! چونکە مەرگ لەوێدا زەفەری لەو هێنا.. بەڵام پیـرشالیار زۆرحەزی دەکرد باوک و کچ بەیەکتری شاد بکاتەوە.. بیرم نەبوو بڵێم کە کیژۆڵەکە داستانی ژیانی خۆی نوسییووەوە، کردبووی بەکتێـب، بەڵام هێشتا بڵاوی نەکردبووەوە، بڕیاری دابوو یەکەم دانەی کتێـبەکەی بدات بەباوکی، دەنا بەر لەو کەس بۆی نییە بیخوێنێتەوە، هەر لەوێشدا بوو کە کتێـبەکە لەولایانەوە کەوتبوو.. ئەوکتێـبە پیـرشالیار هەڵیگرتەوەو دای بەمن.. ئەگەر پێویست بکات من ناوەڕۆکەکەیتان بۆ دەگێڕمەوە!

کات وەستابوو، کەکات وەستا گیانێک دەمرێت، گیانێک دەژێت، کیژۆلە چاوکەژەکەییەکە کەناوی ماریا بوو، ئەویش گیانی لەمشتی خۆیدا حەشار دابوو، پەیمانی بەخۆی دابوو کە باوکی بینی گیانی خۆی بداتە دەست باوکی، تا بۆهەمیشەیی پێکەوە بن. بۆیە پەیکەری ئەوان دوو گیان بوو! یان یەک لەش ی دوو سەر ـ باوک و  ک چ!

**ئێوارەیەک لە ئێوارە غەمگینەکان**، چووم بە میوانی دارستان، سڵاوم لێیکردوو فەرمووم قوربان شتێکم فێر بکە. گیانی دارستان فەرمووی بە سەر چاو. فەرمووم چاوت خۆش.

دارستان فەرمووی دریغا سروشتی مـرۆڤ زۆر سپڵەیە بە گیانی خۆی.. لە ناو مـرۆڤەکاندا گیانلەبەری زۆر دڕندە هەن.. مـرۆڤ خۆی دروستیان دەکات.. ئەو گیانلەبەرانە دێـون، خێون، گورگن، سەگن، پشیلەن.. مەیموون وبەرازی دڕندەن.. دەتوانن گۆشتی خۆیان بخۆن.. ئەوانە کەسانێکن کە مەرگیان ئاشنای گیانی خۆیان کردووە.. تاوانبارن بەوەی کە مەرگیان درووستکردووە.. دەنا مەرگ بوونی نییە. کردەوەکانی مـرۆڤ زۆر مـرۆڤی دوا خستووە! مـرۆڤ خۆی پیری و دزێوی و نەخۆشی ومەرگی دروست کردووە.. من ئەم نهێنییەم لای بوودا نەدرکاند، بەڵام وا بەتۆی دەڵێم: مـرۆڤ خۆی مردن و نەخۆشی وپیریی داهێناوە.

بوودا وای دەزانی سروشتی گیان ڕێژەییەو شایەنی لەناو چوونە، باوەڕی بەگیان هەبوو، کەچی گیانی دەنارد بۆ نیرڤانا.. بەڵام نەیدەزانی چۆن؟ لە هەمان کاتیشدا بەدوای ڕێگە چارەیەکی سلووکی و مەبدەئیو لۆژیکیدا دەگەڕا.. بوودا دەیویست وەڵام بۆهۆکاری پیری ونەخۆشی ومردن بدۆزێتەوە.. نەیزانی بە کوورتی بڵێت: مـرۆڤ نابێت درۆ لەگەڵ خۆیدا بکات.. دەنا هیچ شتێک لە ژیاندا سوودی نییە.

چونکە درۆ لە بوونەوەردا سمارتەیەکی زبرە؛ خۆی هەڵدەسوێت لە گیان.. گیان سست وزامار دەکات، مـرۆڤ هار دەکات، فێری ناجۆری دەبێت، بۆیە ناشیرین دەبێت، دەچەمێتەوە، وشک هەڵدێت، کەنەفت دەبێت، نەخۆش دەکەوێت، بێباوەڕ وخوورف و زەلیل دەتۆپێت.. چونکە فیری بەد بەکار بردنی گیانلەبەرە دڕندەکانی دەبێت. بوودا باوەڕی بە مەرگ زیاتر بوو وەک لە ژیان. تەسلیمی فرمانی مەرگ بوو. کەچی دەشیزانی کە لە هەمان کاتدا شتێک هەیە بە ڕەچەڵەک و فرمان و ویستی ئازادی توانای مەسخ و ڕەسخ و فەسخیان هەیە. دەیزانی کە مرۆڤ جەرگ و دڵی بوونەوەرەو سەر بەم سروشتە نییە کە خۆی دایهێناوە و دایڕشتووە! بوودا دوو دڵ سەری نایەوە.. چونکە خۆی لە خۆڕا زۆر دەچەوسانەوە! خۆی زۆر تەنها دەکرد و بیری منداڵەکەی دەکرد.

دەرخت فەرمووی : من وەک جاڵجاڵۆکە دەبزام جاران.. جاڵجاڵۆکەی مەزن بەر لەوەی من دروست بکات، زەریاکانی درووست کرد.. بینیم چۆن نەهەنگ وماسی و گیانلەبەرانی ناو ئاوی درووست دەکردو دەیچنیین.. بینیم بە چاوی گیانم، مـرۆڤ و هەموو گیانلەبەرەکان و زەریاکانی درووست کرد..

**(مـرۆڤ لەناو هەموو گیاندارێکدا هەیە.. هەروەها هەموو گیاندارێک مـرۆڤێک لە ناخیدایە.. گشتیان پەرستاریی لەمـرۆڤ دەکەن، تەنانەت منی دارستانیش مـرۆڤ دەپەرستم.. گیان وفریشـتەو خواکـان، تەنانەت بتەکانیش مـرۆڤ دەپەرستن، لە مـرۆڤ دەترسن.)**

چونکە مـرۆڤ زۆر مەزن ترو بە کەرامەت ترە لەوەی خۆی دەیزانێت! مـرۆڤ گەر بتوانێت واز لەشەڕ بهێنێت و دڵنیایی بۆ مـرۆڤایەتی دابین بکات، دەتوانێت بوونەوەر داگیر بکات.. دەتوانێت گەشت بۆ ناو جەوهەری هەسارەکان بکات.. دەتوانێت هەموو گەردوونەکان ببینێت.. دەتوانێت وەک فریشـتەکان وەک بەرق.. وەک دوڵدوڵ بفڕێت.. مـرۆڤ دەتوانێت بگات بەکەماڵ، بەئاشتیی جیـهانی. مرۆڤ سیحری بوونەوەرە، مرۆڤ جوانترین گیانلەبەرە لە بوونەوەردا.

**فەرمووم، ئەی دارستانی دڵسۆز بۆچی ئەم ئامۆژگارییانەت بە پێـغەمـبەرەکانی پێشوو نەگەیاند؟**

فەرمووی: چونکە ئەوان وازیان لەخۆیان نەدەهێنا.. ئەوان زۆر بەتەنگ ئەوەوە بوون ڕاستەوخۆ نەکوژرێن.. چونکە دێـوەکان زۆر لەمـرۆڤ دەترسن.. دەیانکوژن گەر شتێک بڵێن مـرۆڤ فێری کەرامەت بکات. هەروەها مـرۆڤ هێندە دڕ بوو، لە خێر دەترسا! بەڵام ئێستا خێر زینـدوو بۆتەوە..

کەسانێک پەیدا بوون دەوێرن بڵێن، دەتوانن بڵێن.. دەتوانن چاو نەترس بدوێن. پاشان زووربەیان هاوڕان لەسەر ئەمەی کە درۆ دوژمنی خوایە، کە جیـهان بە ئازادی ڕزگاری دەبێت.. کە کردەوەی بەد، مـرۆڤ بەرەو کەندەڵانی جەهەننەم دەبات. چونکە دەروونی مرۆڤ هێندە قووڵە جەهەننەمیشی تیادا حەشارە.. جا ئەو بەهەشت و دۆزەخەی باسیان لێوە کراوە لە ئایینەکاندا؛ هەردوویان لە دەروونی مرۆڤ خۆیدان. مرۆڤ خۆی بەرەو دۆزەخ و بەرزەخی بەهەشت دەبات. بە کردەوەکانی ئەو کارە دەکات.

فەرمووم: ئەی دارستانی پیر دزێوترین ڕەفتاری مـرۆڤ چییە؟ فەرمووی: هەڵگەڕانەوە لە ژینگە و دژایەتی کردنی هاوزمان. خۆ فرۆشتن، خۆکوشتن=خەڵکی کوشتن، درۆ کردن، داگیر کردنی منداڵ وئافرەت. دزی کردن. ئەمانە کردەوەی دێون.

پاش گفتووگۆیەکی تایبەتیی نێوانمان، سەری ڕێزم بۆ زەمین چەماندەوەو بەرەو ماڵ گەڕامەوە.. کەمێک بۆنی سینگ و مەمک و بسکی دارستانم کردوو، تەماشای ڕەنگە جوانەکانی نیگایم کرد کە چاوی بە کلی سەوز ڕشتبوو.. کە کووت و مت لەو ئافرەتە دەچوو کەمن ماوەیەک بوو حەزم لێیکردبوو، کەناوی ئەننا لیزا بوو.. پاشان گەڕامەوە نێو چنگ و قەپاڵی ژوورەکەم..

لە ڕێگەمدا مـرۆڤێک بەلامدا تێپەڕی دووپێ بوو.. وەک من و تۆ.. کۆمەڵێک پرسیاری هاکەزایی لێکردم، داوای دڵنیایی و ڕەحمەتی لەمن کرد.. منیش بەوەی توانیم دڵنەوایی وبەخشندەیی وپشتگیریی خۆمم نیشاندا.. چونکە بەزەیی بە خۆیدا دەهاتەوە.

هەندێکجار مـرۆڤ هێندە بچوک دەبێتەوە، کە پیاو ناتوانێت دەست نەداتە باڵی! چونکە هەندێک هەن لەژیاندا ملکەچی خواستە شەڕانییەکانی دێـوەکانن، دووچاری هەڵەی گەورە دەبن، گەرچی شایانی بەزەیی نیین، بەڵام چونکە تاوانیـان پێکراوە، دەبێت مـرۆڤ دەرهەقیان توند ڕەو نەبێت! گەرچی ئەوان گەورەن؛ کەچی زۆر بچووک دەردەکەون.

**کاتێک کە لەو جیابوومەوە، بینیم ڕێوییەک لە ڕێگەمدا فلیقاوەتەوە..پان بووبووەوە بە شەقامەکەدا..**

بووبوو بەژێر تایەی سەیارەیەکەوە.. گیانی ڕێوی هات بە پیرمەوەو سڵاوی لێکردم و پرسیی: حەزرەتی نـوح بینیت؟ فەرمووم چی؟ فەرمووی: بەسەرهاتی ئەو پیاوەی کە ئێستا هاتە سەر ڕێگەت ؟ فەرمووم بەڵێ. بەسەرسووڕمانەوە فەرمووی: تێگەیشتیت چیی کردووە؟ نادڵنیا فەرمووم بەڵێ: لە چاویدا گورگێکی نهێنگرم بینی خۆی مەڵاس دابوو، گورگەکە ڕێوییەکی ئاوسی خستبووە تەڵەی پێنج سەگی هارەوە! بەقەپاڵ تێی کەوتبوون.. سەگەکان بەر لەوەی هەلا هەلای بکەن زۆرئازاریاندا.. پاشان گۆشتەکەیان دا بەبەراز.. ئێسکەکانیش خۆیان خواردیان.

فەرمووم : من لەو خۆش نابم.. چونکە غەردرێکی گەلێک مەزنی بەرامبەر بە کەسێکی خۆشەویستی خۆی کردبوو.. غەدرێکی تا بڵێی ناشیرین.. غەدرێک نەلێی پەشیمان بوو، نەدەیزانی  چۆن ئەنجامی داوە! یان کێ ئەنجامی داوە.

**ئەم چیرۆکە بۆیە هێماییە چونکە باسی بابایەک دەکات کە خۆشەویستێکی خۆی بەبێ گوناح بێسەروشوێن کردبوو! گەر تێی نەگەیشتی بەهەڵەدا مەچۆ! چاوت لەبەسەرهاتی گورگ وپیلانەکانی بقوچێنەو برۆ بەرەو تابلۆیەکی تر!**

مێرولەکان فەرموویان: هەندێک لە دێوپەرستەکان هەن، دەتوانن لە ترسا لە گۆشتی لەشی خۆیان بخۆن، هەن لەترسا خۆیان لەناو دەبەن، یان دەست بۆ ژیانی خۆشەویست وەک دوژمن دەبەن. هەن سەرزەنشتی خۆیان دەکەن.

## تابلۆی حەلاج

ئەوکاتەی کەکات دەوەستێت، تۆش دەوەستیت، هەمووشتێک ڕادەوەستێت.. هەمووشتێک دەتوانێت بدوێت.. لەوکاتەدا درەختی زەمان بەری گیان دەگرێت، پێدەگات وهەڵدەوەرێت.. گەڵاکانی درەختی زەمان دڵ وگیانن، هەڵدەوەرن.. دەزانم لەبیرت دێت ودەزانیت کە درەختی زەمان لەسەرسەری بێـوڵات ڕواوەو؛ بێگوومان بەریش دەگرێت.. کات بیستویەکەمی مانگی نەورۆزەو سروەی بەیانە هێشتا، کات وەستاوە هیشتا.. لەوکاتەدا وەرزەکان سەریان لێتێکدەچێت، چونکە لەبری پاییز بەهاردێت، لەبری هاوین زستان دێت، یاخود دەشێت وەرزەکان پێکەوە دەست لەملان بن، پێکەوە بێن.. دەشێت هەم گەڵاکان هەڵوەرن هەم بەفرباران بێت، دەشێت خۆرەتاوی تابستان وتەرزەبارانیش دابکات.. ئەوکاتە چیرۆکی حەلاجتان پێخۆش دەبێت ببیستن، ئەوکاتە حەلاج وەک گەڵایەک، وەک گەڵایەکی سپیی گیانی لەدرەختی زەمان
هەڵدەوەرێت..گەڵایەکی سپیی دڵشێوە وجوان، بەدەم شنەی باوە هەڵدەوەرێت، بەمیوانی وبەتایبەت دێت بەمیوانیی منی پەنابەر بۆدوورگەی هەستکردن بەکەمی.. کاتێک بەمن دەگات دەفەرموێت: سڵاو لەسۆفیی مەراتییبی قووتب. سڵاو لە نـوح-ێ ئاوارە؟
منیش وەڵامێکم نابێت بیدەمەوە، چونکە من سۆفی نیم، بەوە خۆم لەسۆفی بوون دەپارێزم، چونکە من باوەڕم بەسۆفیزم مۆلەقە. ئەویش تکام لێدەکات تالەگەڵیدا بدوێم..منیش زویرانە سەرم بەرەو زەمین دادەنەوێنم، سەیری بەهرەکانی گەڵای وەریو دەکەم، گەڵایەکی سپیی لەتیشک، لەسەرزەوی دەبینم کەکتومت لەدل دەچێت..بێگومان سەرم ناسوڕمێنێت! کە حەلاج وا دەبینم.

چونکە من هەمووسوورەکانی ژیانم دیوە..هەڵبەتە من حەلاج بەرلەوە دەناسم! دەفەرموێ: دەڵێی باوەڕت بەیەکبوون نییە؟ دەفەرمووم: بەڵێ، بەڵام مانای ئەوە ناگەیەنێت کە دەبێت منیش سۆفی بم! بەڵکومانای وایە کەمن توانای بینینم هەیەودەبینم. هەروەها من بەخواوەندو خواکـان یەک نابم. بەڵکو بەوان و بوونەوەرو ژیان و جیـهان.. من بەوان یەک بووم، بە گیانی مـرۆڤایەتی.

لەقۆناغی سێیەمی پلەی باڵاچووندا من دەبینم، دەتوانم فەرمانبەروماموستابم، دەتوانم هونەرمەندو ڕۆشنبیروخزمەتخوان بم.. دەتوانم مـرۆڤ بم بەمانای ووشە سادەبم بەپێی توانا..دەتوانم هەست بە بەهاکانی ژیان بکەم ولەمـرۆڤایەتی دانەبڕێم، دەتوانم باسی کاریان بۆبکەم، بۆیان بدوێم، یاریدە دەرو هاوسۆزوهاوگیانیان بم.

بەڵام تۆخۆت لێکردین بەخواوەند، تۆکارێکی وەهات کردکە خەڵکی وابزانن تۆگەیشتویت بەقوتبی مەراتیب، واتە بەنووری خوا. نەتفەرموو خواکـان زۆرن بە ئاشکرا! هەویری ئەم باسەش ئاو زۆر دەبات.

من دەزانم کەتۆ گەیشتیتە ئەوقۆناغە پیـرۆزە، من بینیمیت لەگەڕانەوەتدا چۆن دێـوەکان پەلکێشیان دەکردیت وڕایان دەکێشایت.. بینیم گۆشت و خوێن و پارچەکانی لەشت، دڵت، جەرگت، چاوت لە سەرشەقامەکان بەجێدەمان، هەرپارچەیەکی لەشت ئازادانە سروودی یەکبوونیـان دەچڕی، دەیانخوێند: ئەنالئەحەد، ئەحەدون ئەحەد.

منیش تەنها بەزەییم پیایاندا دەهاتەوە، دەمویست ڕزگارت بکەم..دەمویست بەدێـوەکان بڵێم:مەکەن،دەست بۆسروشتی مـرۆڤ مەبەن.

حەلاج فەرمووی: ئەی بۆچی باوەڕت بەمن نییە؟ منیش وەڵامی فەرموودەکانی دەدەمەوە، دەڵێم: چونکە مـرۆڤێکی وەک تۆ مەزن پێویستی بەباوەڕهێنان وبێباوەڕیی من نییە! بێگومان تۆئازادیت، هەمان شێوە منیش..چونکە لێرەبەدواوە مـرۆڤەکان دەبن بەمن، بەتۆ.. دەوەستن، بیردەکەنەوە، فێردەبن، فێردەبن لەدەروونی دێـوەکاندا گوڵ، دڵ، گیان بڕوێنن، لەیەکبوونیـان لەگەڵ خودی خواوەنددا گۆشەگیرنابن، بەڵکوفێری ئامۆژگاریکردنی من وتۆدەبن..

ئەوسا ژیان ڕوخساری دەگۆڕێت.. چونکە مـرۆڤەکان فێردەبن حاشا لەدرۆکانیـان بکەن.. وازلەبوختان بهێنن ومـرۆڤ خۆی نمایندەی کردەوەکانی خۆی دەبێت، خۆی تاوانەکانی خۆی لەئەستۆدەگرێت، سنووربۆئارەزووە لاوەکییەکانی دادەنێت ولەپێناوی خۆشیی خۆیدا ئازارسەرباری کەس ناکات..

فێردەبن ژیان بلاوێنن، دەست بکەنە ملی شەماڵ وباکان، بەبۆن میوانی یەکتری بکەن، بەبۆن یەکتری ببینن، بدوێنن، لەمس بکەن..ئەوکاتە حەلاجەکان سزانادرێن، بەڵکو تەنها زۆردەبن ودووچاری گێچەڵی باوەڕیش نابن. چونکە ئەوان خۆیان باوەڕێکی نوێن.

حەلاج فەرمووی: ژیان هێندە ناهێنێت مـرۆڤ تیایدا فێری دێـوپەرستن ببێت!

فەرمووم: مـرۆڤ ماوە هێشتا، کەسانێک هەن دەتوانن فێربن. فەرمووی: خواوەند دەڵێت: پێکهاتی من بریتییە لە هەستێکی هەمیشە ئانی وجیـهانی، بریتییە لەیەکبوونی گیانی، لەگەیشتن بەئازادی.

فەرمووم:ئێمەیش هەمان خەڕەک دەڕێسینەوە، بەڵام مـرۆڤ کاتێکی زۆری پێویستە تا بەخوویەک ڕادێت، مـرۆڤ دەبێت فێربێت ڕێزلەکەرامەتی خۆی بگرێت..بۆئەمەیش دەشێت سەردەمێکی تری بوێت! فەرمووی: دەشێت.

فەرمووم: هەرزانایەک کە یاریی بەپێکهاتی کەسێتیی مـرۆڤێک کرد.. گیانی مـرۆڤەکە وون دەکات..کەمـرۆڤیش گیانی وون کرد،سروشتی دەگۆڕێت،جوانیی دەدۆڕێت..ژیان لەودا نامۆ دەبێت

ودەتۆرێت! ڕاستە مـرۆڤ کۆمەڵێک پەرچەکرداری وەڵامدانەوەی کارگێڕ دەبێت،بەڵام گیانی زویر دەبێت..هێدی هێدی گیانی مـرۆڤ خۆی لەمـرۆڤ دەدزێتەوە، وەکوکۆترێکی سرک تەرە دەبێت! ئەی گیان چییە؟ کەگیان مان لەلەش دەگرێت، وەکوکۆتری ئازادی لەش بەجێدەهێڵێت.. لەشیش بەویستی ئەوانیتر کارمەند دەبێت، بێهەست دەبێت، دەخوات و تێریش نابێت، دەڕوات، دەنوێت، دەترسێت، دەکوژێت، تەعدادەکات، تووڕە دەبێت یان نابێت، دەتوانێت ئەوپەڕی توندوتیژی و تووڕەیی بە خەندەیەکی سارد نیشان بدات، لەدوای نوێژکردن بچێت بە ناوی خواوە سەری میللەتێک ببڕێت!
هەروەها مەزنترین خۆشی بە شێتی وخودکوژی نیشان بدات..ئەوکاتە لەش بەدوای نەخۆشییەکاندا وێڵگەرد دەبێت.. مردنی لامەبەست دەبێت، خۆیدەفرۆشێت، چونکە نرخی خۆی لەدەستدەدات.. دەکەوێتە ژێر ڕکێفی فەرمانەوە، هەرچییەکی پێبوترێت دەیکات، وەریدەگرێت، گەرباسی نەخۆشی بکەیت، نەخۆش دەکەوێت، گەرباسی مردنی لەلابکەیت دەترسێت.. چونکە مـرۆڤ لەخۆپەرستیدا ڕۆدەچێت، جگەلە خوود کەسێکی دی ناپەرستێت.
باوەڕو ئاکارو پیـرۆزیی دەبێتە تەرفیهێکی ساتی وخواوەندی لێ دەبێت بە ناوێکی نامۆ! ئەوجا دەماغ سستی دەکاتە باوەڕو هەلپەرستی دەکاتە پیشەو ڕەگەزپەرستی دەکات بە خوو! ئیتر خواوەند لەودا وەڕزوو نەخۆش دەکەوێت، پاشان دەمرێت! خواوەند لەوێدا دەمرێت و لەناو دەچێت کە مرۆڤ ڕێزی دەرهەق بە خوودی خۆی و دەرهەق بەوانی تر دەمرێت.
کاتێک مـرۆڤ خاوەندێتی گیانی لەدەست دەدات، گیانی دەمرێت، کەرامەتی لەدەست دەدات وزوو دەگۆڕێت، زووزووبرسیی دەبێت، تێرنابێت، دەترسێت، بەتایبەتی لەناو کەسانی زۆردا زیاتر هەست بەترسان دەکات،تەمبەڵ دەبیت..دیاردەکانی پارانوئیدو شیزوفرینای تیادا دیاری دەدات، ئاکاری تێکدەچێت. زوولەکەڵک دەکەوێت.. چونکە زووربەی مەرکەزە دەمارییەکانی ناومێشکی زیاد لەپێویست هاندراوە، چالاک کراوە، ئۆتۆمات کراوە! بەچی؟
بێگومان بەترس، ترسان لەمردن، لەژیان، لەخەڵکی. لەکامەرانی، لەخۆشەویستی، لەتەنهایی، لەهاوکاری، لەهاوسۆزی، لەهەر چالاکییەکی گیانخواز!
ئیتر مـرۆڤی لەوجۆرە دەبێت هەمیشە قوڕمیش بکرێت، یان ئۆتۆماتیکی بەکارببرێت. لەهەربارێکدا شوێنەواری نەخۆشی سەختتر توندگیر دەبێت، مـرۆڤ دووچاری داخران وچەقین دەبێت.. دووچاری بەکاربردنی دەرمانی گێژکەر دەبێت، یان دووچاری نەخۆشیی دڵ دەبێت، یان شێرپەنجە، یاخود پارانۆیا! یاخود بەلەدەستدانی مێشک و جەڵتە لەکاردەکەوێت ودەمرێت، بێئەوەی بزانێت کە لەژیاندا بووە بەدێـو، دێـویش هەمان تاس و هەمان حەمام فلْق لەکەلێنێکی ترەوە دووچاری دەردێکی تر دەبێت، دێـونامرێت، بەڵکو زۆردەبێت، ئەوەی سەری کەسێکی بڕی، سەری دەبڕدرێتەوە، ئەوەی کەسێکی کوشتبێت دەکوژرێتەوە، کردەوەکان لەئاسۆیەکی تردا دووپات دەبێتەوە، چونکە نەژیان دەمرێت، نەمـرۆڤ نەدێـو نەدێـوپەرست.. چونکە ژیان تەمەنی زۆر زۆر دێرینە.. بەڵام ژیان هەمیشە مان لەدێـوەکان ولەدێـوپەرستەکان دەگرێت، بۆیە مـرۆڤی بەدکارودێـوپەرست چێژلەخۆشاییەکانی ژیان نابینێت. ژیان ڕێگە بە مـرۆڤ نادات هەتا سەر، هەڵە ژیان بەکار بەرن.. چونکە ژیان زۆر شوکرانەی مـرۆڤی پیـرۆز دەکات، لەیادی ناچێت چۆن دەسەڵاتی مەزنی مـرۆڤ ژیانی خولْقاند.

**ئەمەپێناسی کەسێتی دێـوپەستەکانن کە مۆدارنیزم هێناونی ئاشتیی جیـهانییان پێزامن بکات! دێـوپەرست لەئاشتی ناگات، بۆیە جیـهان خوێنی لێدەتکێت**، بۆیە مـرۆڤەکان دەبن بەدێـوی ڕق ویەکتری دادەپاچن.

دێـوەکان لەخێردا دووچاری ترس وهەراس دەبن، زیاتر پێدادەگرن، لەوپەڕی ئاسوودەییدا شەڕبەرپادەکەن، خۆشیان دەبنە ناوبووژێکەروحەکەم. چونکە باکان کردەوەکانی مـرۆڤیان بۆ هەرس ناکرێت، درۆو ڕەفتارەکانی دێوپەرستانیان بۆ هەرس ناکرێت.. ڕۆژ گلەیی باکان و سروشتی بۆ هەرس ناکرێت.. سروشت پیس بووە. ژینگە سەری لێتێکچووە!

من دەمەوێت بانگەوازی بەمـرۆڤ بوون بدەم، من دەمەوێت نەخشەکانی نیشتیمانی گیان نیشانی مـرۆڤ بدەم، چونکە مـرۆڤ داگیرکراوە، مـرۆڤ لەژێردەستی دێـوەکاندا دەناڵێنێت. من دەتوانم مـرۆڤ ئازاد بکەم، دەتوانم فێری بینینی حەلاجیان بکەم. پاش خـود بیـنی!

حەلاج هێشتا لەشێوەی دڵێکی ڕۆشندابوو، وێنەی دڵێکی سپیی ڕۆشن دەدواو دەبیبست.

**باڵندەیەکی لەقلەقی سپی هات ولەتەکماندا هەڵنیشت**، سڵاوی لێکردین وفەرمووی من دەتوانم ڕێگە ڕۆشنەکان نیشانی باڵندەکان بدەم.. ئێمە لەمـرۆڤەکان ئازادترین، دڵی ڕێگەکان دەبینین.. بەم زووانە کات وەستان کۆتایی دێت، مژدە دەگات، مـرۆڤێکی بێـولات کە ڕزگاری بووە دێت، فەرموو لەگشت گیانێکی پاک و منداڵانە دەکات، فەرموو لە سۆفیزمی هەموو ئایینەکان دەکات.. بێـولات وبێـئاڵا = نـوح دێت باسی خۆیمان بۆدەکات، دڵی ڕێگاکامان نیشان دەدات.

ئەوکەدێت کەشتییەک لەبۆنی بغورد دروست دەکات، بەڕێگا ڕۆشنەکاندا سەفەردەکات، بەرەو مەنزڵگەی حەزرەتی نـوح دەچێت، بەرەو لووتکەکانی ئەرارات.. لەبیرتان نەچـێت، کات وەستاوە وئەویش دەڕوات، ئەو دێت، باسی ڕێگاکانمان بۆدەکات، هەمووپێـغەمـبەرەکانیش لەبیستویەکەمی مانگی نەورۆزدا دادەبەزن، دێن بۆتەماشای درەختی زەمان، بۆ بینینی گیانی مارياو مەسیحەکان، بۆ بینینی گیانی هەموومنداڵە لەباربراوەکانی جیـهان، بۆ بینینی هەموو بەناهەق کوژراوەکان، بۆ بینینی مـرۆڤێکی مەزن، مـرۆڤی بێناو بێـئاڵا وبێـولات. من وحەلاج سوپاسی پەیامەکانی لەقلەقمان کرد.. بۆیە بەبێ یەک ودوو کردن چاومان نایە سەریەک، بەنیازی بینینی خەونێک.

مێرولەکان فەرموویان: باکان هەرگیز ناخەون، ئەوان جۆرە مەخلووقێکن هەموو شتێک دەبینن. باکان فریشـتەی خۆرن.. ووتەکانمان بە ئاسمانی یەکەمدا دەگێڕن تا ئاسمانی حەوتەهەمین.. لەوێ لە بێژنگیان دەدەن.. جوانترین ڕەفتارو کردارو خەون و هەڵوێست و گیان لە بێژنگی ئاسمانی حەوتەم دەدەن.. ناوکی باس و جەوهەرەکان دەبەن بۆ ڕۆژ، بۆ خواو خواکـان..

بەڵام جێگەی داخە ؛ فریشـتەکان مانیـان گرتووە، کاریان بۆ ناکرێت؛ باوەڕیان بە دێـوەکان سست بووە. توانای مێشکیان چەپییوە.

فریایان بکەوە ئەی نـوح-ی ئازیز.. ئەوان گیانیان دێشێت.

# تابلۆی حەزرەتی نوح

ن و ح.. پیتەکانی کوڕو باوک وگیانی پیـرۆزن.. لەسەردەمێکی دێرین وبەرلەئێستا مـرۆڤ باوەڕی بەخۆی بوو..دەیتوانی لەگەڵ بتەکاندا بدوێت، لەگەڵ ئاژەڵ وپەلەوەرو جانەوەردا بدوێت! مـرۆڤ بەو جۆرەی من لەباوەڕی پیرەوە تێیگەیشتووم، دەیتوانی سەر بکات بە دەروونی ئاسمانەکاندا.. مـرۆڤ دەیتوانی لەگەڵ خواکـاندا بدوێت!

وایان لێهاتبوو، دەیانتوانی بەسەفەر بچن بۆ ئاسمانی حەوتەمین ولەگەڵ خواکـانی خۆیاندا.. لەگەڵ بتەکان و فریشـتەکان وئەهریـمەنەکاندا بدوێن! ئەهریـمەنەکان تەنها نیازێکی بەکار نەبراوبوون لەتاریکیدا! مـرۆڤ لە پەڕۆو پاتاڵی ماددە درووست نەبووە! مـرۆڤ بەری ڕەنجی هەزاران ساڵ ئەشکەنجەو کاری بێماندووبوونی حەزرەتی جاڵـجاڵـۆکەیە! جاڵـجاڵـۆکە تەمەنێکی درێژی بە درووستکردنی مـرۆڤەوە بردە سەر { لە توورەکەیەکی وەک کەشکۆڵی جاڵـجاڵـۆکە.. کە لە ناوییدا گیانی مـرۆڤ بە تێکەڵی دەڕسکا.. لەشێوەی هێلکەدا!}

جا ئەگەر دەتەوێت بزانییت چۆن جاڵـجاڵـۆکە تەوونی لەئاسماندا دەچنی وچۆن ئەو مـرۆڤی وەها بەجوانی چنیی! دەبێت بتوانیت ببیت بەقووتابیم!یان پێویستە تەماشای ئاسمانەکان بکەیت، کە تیاندا گەردوونەکان وەک تەنافی جاڵجاڵۆکە دیارن و کەسیش ئەم ڕاسییە نادرکێنێت.. چونکە تەنافەکان نادیارن! هەموو بوونەوەریش تەنها جاڵجاڵۆکەیەکی مەزنە و هیچی تر!!

من پەنابەرێکم زانستی جوانـییم لە تەپڵی سەری حەزرەتی نـوح-دا خوێندووە.. بۆیە دەتوانم وەسفی تەنافەکانی، نەخشەکانی جاڵـجاڵـۆکەت بۆ بکەم.. چونکە من بەچاوی خۆم ئەوم بینیوە.. دەزانم مـرۆڤ چەند گرنگ وبەنرخە لە بوونەوەردا!

دەنا من شانازیم بە مـرۆڤەوە نەدەکرد! چونکە مـرۆڤ زۆر سامناکە کاتێک بەخشندە درووست دەبێت.. چونکە مـرۆڤی بەخشندە نەخشەی سەری منی تیایە.. مـرۆڤی نەمرو عاشق وهونەرمەند نەخشەی بوون بە خوای تیایە.. من دەزانم خوا لەچی هەستێکی ناسک خوڵقاوە.. خوا هەستی منە، ڕەفتاری جوانی تۆیە، ووتاری مـرۆڤی ڕەسەنە. باوەڕێکی پەتییە. جا ئادەم تەنها بەو جۆرە نەڕەخساوە کە من باسی دەکەم.. بەڵکو هەر ئادەمێک بە جۆرێک و هەر ئێڤایەک بە سیحرێکی سەیر تەون کراون لە هەمیشەییدا و هەر مرۆڤێکی ڕەسەن تایبەت بە ڕەسەنیی خۆی قوڵقاوە.

بەڵێ دووبارەی دەکەمەوە، خواوەند هەستی منە بۆ خواکـان! کێ دەتوانێت بەمن بڵێت خواکـانی ئیغریق ڕاست نیین و تەنها ئەفسانەی کتێـبەکان و چیرۆکخوانن؟

من شتی وا بە مێشکمدا ناچێت! چونکە خوا لە مـرۆڤ میهرەبان تروو جوانتروو پیـرۆزتر نییە.. باوەڕ نەکەیت هیچ خوایەک هەبێت باوەڕی بە مـرۆڤ نەبێت!
چونکە مـرۆڤ هێندە باوەڕی بە خۆی مەتینە کە دەتوانێت لە چرکەیەکدا فوو بە ئاسمانی خواکـاندا بکات وبەوان بڵێت مەرجە لەسەرتان هەبن! چونکە من خواکـانم درووست کردووە.. خواکـان لە مـرۆڤ مەزن تر نیین.
ئەی نابینن کە خواوەندو خواکـان خزمەتی  بیرمان دەکەن؟! تەنانەت پیـرشالیار قووتابیی مـرۆڤە نەک مامۆستای! چونکە پیر بابایەکە هەمیشە خوازیاری ئەوە بووە ببێت بە مـرۆڤێکی بووێرو باسی تەوونەکانی بوونەوەرتان بۆ بکات!
بوودا کێیە؟ ئەو بابایەکی سەرشێتی سپڵەو خۆپەرست بوو.. چونکە بەتەنها نوێژی دەکرد! ئەو بێهەستە ئاگای لەکەرامەتی منداڵەکەی خۆی نەبوو، ئاگای لە کەرامەتی هاوسەرەکەی نەبوو! لەپێناوی دۆزینەوەی کارما ونیرڤانادا پشتی کردە پیـرۆزترین هەڵوێست، هەستیی باوکایەتیی تەری، هەستی بۆ هاوسەرەکەی داتەپی! لەترسی پیری ونەخۆشی مەرگ هەمیشە هەوڵی خۆدزینەوەی دەدا لەژیان! دەچوو بەتەنها نوێژەکانی دەکرد! نوێژی تەنهاش لەناو میللەتی نـوح-دا کفرە، چونکە حەزرەتی نوح لەگەڵ منداڵ وهاوسەرو هاوڕێ و هاوسێدا نوێژی دەکرد!
تەنانەت پێکەوە بوون لەگەڵ ئەندامانی خێزاندا نوێژە وکەژێکی گیانیی پیـرۆزە.. دەتوانم بڵێم کە بوون بەخێزان ئایینە و پەرستگای دواییني مـرۆڤی ڕێناس و خـودبیـنە.
**چونکە گەلی نـوح باوەڕیان وا بوو کە یەک بوونی جیـهان، یەکبوونی هاوڕێ و خێزان وهاوسێ و هەموو وڵاتان نوێژێکی فەرزە.. بەڵکو هەموو جیـهان پێکەوە دەبێت نوێژ بکەن بۆ عیشق وجوانی! چونکە بەندە کە لە نەوەی نـوح-ە دەڵێت سنوور بۆ شەر دادەنێم!** شەڕ لەخێر جیا دەکەمەوە! من دەتوانم شەڕووخێر لە مـرۆڤدا جیا بکەمەوە.. و ئەو کارەش دەخەمە ئەستۆی عیشق و ئازادی.
بۆیە بەلاتانەوە سەیر نەبێت کە خواکـان هەمیشە خزمەتکاری مـرۆڤ بوون! خواکـان هاوڕێی گیانیی مـرۆڤایەتین! پەیامیان هەمیشە بە مـرۆڤ گەییوە.. بەر لە بەسەرهاتی کارەسات. مـرۆڤی زانا دەزانـێـت چۆن ڕەفتار دەکات!من وەک بوودا شەڕو خێر دابەش ناکەم! نا!
من هەمیشە دووژمنی شەڕ بووم.. لەشەڕدا دووچاری ترس بووم.. دەمەوێت بڵێم چەند خاڵێک مەرجە بکرێت بە کەلتوورێکی تازەی گێتی ، دەبێت بیزانیین کە نوێژ بۆ کردەوەکانمان بکەین .. هەروەها مـرۆڤ دەبێت بۆئازادیی بژی ونەترسێت! پاشان واز لەشەڕو کوشتاری میللەتانی تر بهێنێت. بە ئازادی بپەرستێت.
نووح وای دەگووت لەکەشتییەکەی خۆیدا ! کاتێک لە ئاسمانی یەکەمدا لەگەڵ بوودادا دەدوا .
نـوح سروشت وخوویەکی زۆرجوانی هەبوو.. کە شەوان دادەنیشت کۆمەڵێک ئافرەتی دانسقەی فریشـتە شێوە دەوریان دەدا .. تەماشاکانی حەزرەتی نـوحیان دەشێلا.. چونکە حەزرەتی نـوح لە چاوی ئەواندا ، لەتەماشای ئەواندا مەست دەبوو.. گیانی پڕ دەبوو لە فریشـتەی ساوا .. هەستی پڕ دەبوو لەبەزەیی خوا .. بیری دەبوو بە گەرا ولەهەمیشەییدا دەیپرواند.. بەڵێ نوح مـرۆڤێکی سەیر بوو.. سەری لە سرڕی ئاسمانەکان دەردەچوو! ئەو لەتەماشاکانی چاوی جوانەکانی دەورووبەریدا بوونەوەری دەدی.. دەیتوانی بـبـینێت.. پیلان دابنێت کەشتی درووست بکات!
نـوح دەیتوانی خواوەندەکانی ئیغریق بـبـینێت وپرسیان پێ بکات.. چونکە نـوح ئەفسانە نییە! نـوح مـرۆڤێکە مەزن! گرنگ نییە پێـغەمـبەر بێت! پێـغەمـبەرەکانیش مـرۆڤ بوون! ئەوانیش پارێزراو  بێبەری

نەبوون لە هەڵە، هەڵەکانیـان کەرامەتیانی زامار نەدەکرد! هیچیان لە بووندا زیرەک تر نەبوون لەمـرۆڤ.. بەڵام بەداخەوە زووربەیان هەڵە بوون! تەنانەت سووکراتیشیان بەهەڵەدا برد! ئەویشیان دووچاری باوەڕ هێنان بەیەکتایی خواکرد!

بۆیە حەقیان بوو زەهریان دەرخواردی سووکرات دا.. چونکە دادگا تێگەیی کە سووکرات وڕێنە دەکات.. لەیادی نەماوە کە خواکـانی ئیغریق خوورافیات نیین.. ووتیان: سووکرات تێک چووە، ئەگەر شێت نەبووە فەرموون قاپێک زەهری ماری کووبرای بدەنێ و پێیشی بلێن ئەوە زەهرە مەیخۆرەوە! ئەو دەیخواتەوە! سەیری ووڕیو بێدەماغیی بەشەر بکەن! ڕاستیان کرد داوەرەکان.. قاپێک زەهریان بەدیار چاوی خۆی و خەڵکەوە بۆ پڕ کرد لەزەهر و تێکەڵی شەرابیانکرد! کەچی نۆشیی ! دەزانن بۆ؟ چونکە سووکرات دانی بە هەڵەکانی خۆیدا نا.. پەشیمان بووەوە، بۆیە زەهرەکەی خواردەوە! چونکە میللەتی نـوح هێندە دادپەروەرن دەزانن کێ ساغەو کێ نەخۆشە.

سووکرات زۆر پەشیمان بوو لەوەی کە خواکـانی ئیغریق  تەنها ئەفسانە نیین.. بەڵکو شایانی ڕاستیین.. چونکە مـرۆڤ زۆر مەزنە. گیانی مرۆڤ هەمیشەیی دەژی لە بوونەوەردا.

حەزرەتی نـوح پەیامی لەئاسمانەوە بۆ دانەبەزی تا نهێنیی لافاو هەستان بزانێت.. بەڵکو ئەو هاوڕێی حەزرەتی مشک وحەزرەتی ماسی بوو.. ئەوان بەر لەمـرۆڤ سرڕی باران وباکان وکەژەکان دەناسن.. ئەوان بەنـوح -یان فەرموو ئاگادار بە زەمین لێمان بە ڕقە..  باڵندەکانیش هەمان شتیان بەو فەرموو.. باکانیشش هاوڕێی نـوح بوون.

بۆیە نـوح ئەرکی دروستکردنی کەشتیی نـوح-ی نەکێشا.. بەڵکو ئەو بەمیللەتەکەی خۆی فەرموو: ئەگەر وەها بەدکاروسپڵەو تاوانکارو بێباوەڕبن، خواوەند غەزەبتان لێدەگرێت خواوەندی زەمین، زەریا ، باکان.. ئـێوە پیـرۆزیی مـرۆڤ لاسەنگ دەکەن، ئـێوە غەدر لەژن ولە منداڵەکانتان دەکەن، دزی دەکەن، تەعدا دەکەن.  درۆ دەکەن، بوختان دەکەن.

ووتیان: بۆ وادەزانی کە ئێمە نەزانیین؟ ئەم قسەقۆڕانە چییە تۆ فێرمانی دەکەیت؟ خۆهێندە نەزان نیین تا شێتێکی وەک تۆ فێرمان بکات! تۆشێت بوویت؟

حەزرەتی نـوح پشتی تێنەکردن، بەڵکو لەناویاندا مایەوە.. دانیشت، لەجێگەی خۆیدا نەبزوا.. بڕیاری دا تاکەشتییەک، کەشتییەکی مەزن لەویستەکانی خۆی دروست بکات.. ئەو سێ ڕۆژ لەجێگەی خۆی نەبزوا... واتە سێ ساڵ بەمەفهومی ئینجیل! ڕۆژی یەکەم لەپیتی ( ن) دا قوڵبووەوە، نوونی وەکوکەشتی بینی..ئینجا ڕۆژی دووەم داهات (و) ی بینی، کە کەرامەتی خۆی بوو! ڕۆژی سێیەم(ح) ی بینی..نـوح لەوسێڕۆژەدا دانیشت، چەقی لەسەر دروستکردنی پیتەکان بەست لەخەیاڵیدا، جاڵـجاڵـۆکەی پیـرۆز بە تەنافی گیانی کەشتییەکەی دەچنی؛ بەوە  توانیی لەڕاستیدا شتێک نیشانی پەلەوەرەکان، ئاژەلەکان بدات!

کاتێک خزم وکەس بینییان هەموو پەلەوەرەکان، هەموو توخمەکانی خشۆک وچوارپێ ووشەش پێ و، هەشت پێو، دوانزەپێ دێن بەرەولای حەزرەتی نـوح، ترسان!

ووتیان: دەشێت ڕاست بکات نـوح! جاهەندێکیان بوون بەباوەڕ هێنەری نـوح.. ببینن لەناویاندا ئازیزترین کوڕی بێباوەڕترین بوو، باوەڕی بەباوکی خۆی نەکرد!

ئەمە هەمان سەردەمەکە ئێستا دووپات دەبێتەوە! تێبگە ئەمەپەیامی حەزرەتی نـوحە!

نـوح لەڕۆژی سێیەمدا بغوردی  داگیرساند.. کەشتییەکە دەشیا ببینرایە بەچاوی باوەڕهێنەران.. چونکە
کەشتییەکەی نـوح لە دووکەڵی بغورد و تەنافەکانی جاڵجاڵۆکە دروست بوو.. لە بۆنی گیانی
جاڵـجاڵـۆکەی سپی.. پاشان هێـندەی کەشتییەکی گیانیی مەتین بوو.. کاتێک کە لافاو دایکرد، هەموویان
سەرئاوکەوتن، وەک ئەوەی لەناوکەشتییەکی لەهەوادروستکراودابن وابوو! تەڕنەدەبوون، نوقم نەدەبوون!
بۆیە کوڕەکەی حەزرەتی نـوح هاواری لەباوکی کرد: منیش وەک تۆ هیچم لێنایەت، ئەها بابە سەیرم بکە،
من لەسەرلووتکەکان ڕادەوەستم، باران ناگاتە لووتکەکان.. ئەویش ڕاستی دەکرد! چونکە کاتێک لافاو
هەڵیکرد. نـوح بینیی واپارچەیەک لەجگەری هاواردەکات : بابە فریامکەوە!

نـوح دڵی پڕدەبێت لەغەم، کێدەزانـێـت چەند غەمی خوارد حەزرەتی نـوح؟ زۆرگریا! گریانی ئەو بووبە
تەناف.. جاڵـجاڵـۆکەی پیـرۆز لەوێ بوو.. بەتەفافە ئەستوورەکانی، بەسەرفرمێسکەکانی حەزرەتی نـوح
دا تاوی چنی تاگەییە -یافۆس-ی کوڕی.. ئەوی بەرەو کەشتییەکە، بەرەولای نووح ڕزگارکرد.. دەنا نـوح
لەغەمدا دەمرد.. یان لە فرمێسکی خۆیدا دەخنکا!
چونکە پێـغەمـبەر ناتوانێت حاشا لە جەرگی خۆی بکات؟ بەڵام یافۆس هێشتا باوەڕی نەدەهێنا کە باوکی
ڕزگاری کردووە، یەکەم کەسیش بوو وێرای پێبخاتە سەرلووتکەی جود(ئەرارات). چونکە ویستی نیشانی
باوکی بدات کە دەتوانێت دەرباز بێت.. چونکە دەیزانی کە بەزەیی هەمووکاتێک دەتوانێت نەک منداڵێک
بەڵکو هەموو جیـهان ڕزگاربکات! حەزرەتی نـوح خۆی ئەو وانەیەی فێری یافۆس کردبوو!
ئەوەی ڕاستی بێت ژنی حەزرەتی نـوح خراپەکارنەبوو، بەڵکوکۆیلەیەک بوو لەوسەردەمەدا کابرایەکی
مەغۆلیی دزوبێکەرامەت، دیلی کردبوو، وەکو مەیموون بەرگی کردبووە بەرساراو دەیگێڕا وئەوی
کردبووبەگاڵتەجاری خەڵکی..بۆیە شەوێک لەشەوان حەزرەتی نـوح کە بێداردەبێت.. چونکە ئەو بەشەوان
ئێشکی منداڵەکانی دەگرت، زکری پەرستنی دەکرد، بیری لە مەنتیق دەکردەوە، گوێی لەزریکەی سارا
دەبێت..کاتێک کەچوو بەدەم شوێنگەی زریکەوناڵەوە؛ بینیی ئەو مەنغۆلییە دین سزە دەست بۆکەرامەتی
سارا دەبات.. تووڕەبونێکی وەها لەوکابرایە تووڕەبوو، کەکابرا زیندەقی لێیچوو، دەستوبرد
هەردووچاوەکانی کوێر بوون، هەر بەکوێریش تۆپی!
حەزرەتی نـوح هەر ئەو شەوە سارا دەباتە لای خۆی، لەگەڵ خۆیدا گۆشی دەکات، بەخێوی دەکات، تا
منداڵەکەی دەبێت، واتە یافۆس یان یافس..نـوح هیچ پەیوەندییەکی گیانیی لەگەڵ سارادا نەبوو، بەڵام
لەبەر ئەوەی خەڵکی ئەزێتی سارانەدەن، سارای لەخۆی نزیک ڕادەگرت.. سارا وەک خێزانی بوو، بەڵام
بەبێ پەیوەندیی لەشی و ئەندامی.
بۆیە یافۆس باوەڕی بەنـوح نەبوو! بەڵام نـوح هەستی باوکێکی میهرەبانی بۆئەو هەبوو، ئەوی لە
هەرسێک کوڕەکەی تری زیاتر خۆشدەویست. چونکە حەزرەتی نـوح پێـغەمـبەر بوو، پێـغەمـبەریش
بەزەیی دەرهەق بەمنداڵ زۆرگەورەیە، لەڕادە بەدەر. سارا ئافرەتێکی زۆرچەوساوەبوو، بەڵام بۆنێکی
زۆرناخۆشی لێدەهات، هەرکەسێک لێی نزیکدەبووەوە، لەبری ئەوەی دەستی بۆبەرن، لێیان دەدا.. چونکە
ئەوبۆگەنی ژەهرێکی لێدەهات کەپیاوی هەراسان وتووڕە و هار دەکرد.. چونکە ئەو عەشقی زڕبراکەی
خۆی بوو، تەنها دەیتوانی ئەو بۆن ژەهرە لەحزوری ئەودا بێبۆن بکات، چونکە تەنها ئەوو نـوح لەسارایان
نەدەدا !
بەهەڵەدا مەچن، براکەی سارا زڕ بوو بەو لە دایکەوە. خوشک وبرای گیانی نەبوون.

پیـرشالیارم بینی تاکوتەنها لەئەرارات دانیشتبوو، لەسەر قەبری حەزرەتی نـوح، من لەخەونمدا دەمبینی کەئەو لەگەڵ نـوحدا دەدوێت.. نـوح-م بینی خۆی چیرۆکەکانی بۆپیـرشالیار باس دەکرد، دۆعاش خوڕخوڕ دەگریا.. پیریش منی کردبوو بەگوێگر؛ گشتمان یەکمانگرتبوو!

کات وەستابوو. منیش هەست وبیروهۆشم لای خۆم نەبوو، لەقوتبی پەنابەریدا ئێشکگری کیژۆڵەیەکی دێـوپەرست بووم، کیژۆڵەیەک کە سەگ پەرست ودێـوپەرست بوو! بۆیە حەزدەکەم لە تابـلۆکانی داهاتوودا تابلۆی سەگەکانتان بۆباس بکەم. چونکە سەگ مـرۆڤایەتیی داگیرکردووە لە وڵاتی بەفر.

مێرولەکان فەرموویان: هیچ کاتێک وەفای هیچ گیاندارێک جوانترو پیـرۆزتر بەشکۆتر نییە لە وەفای مـرۆڤ. وەفاداری برەو بە ژیانی مرۆڤایەتی و دێوو دڕندەکانیش دەدات. جا لە ڕاستیدا هەموو گیانلەبەرێک وەفادارو دۆستی مرۆڤە.

## تابلۆی هونەر

کاتێک کە کات دەوەستێت! هەر وەکوو ئێستا، لەهەمان باروو دۆخی ئێستای خۆتدا.. گەر لەلای تۆش کات وەستا.. ئاوڕێک لەداهاتووی خۆت بەرەوە..کەمێک بەسەر خۆتدا بچۆرەوە..چونکە کات وەستاوە. منیش هاتووم..لەناوتاندام.. لەناوتاندا برسیمە بۆ تەماشایەکی جوان، بۆ تەماشایەکی زینـدوو، نابینم لەسەر لێووڕوخسارتان.

دێـوەکان، دێـو پەرستەکان دێنە سەرم ، ئەوەی بە تەقەلای ساڵانێک پەیدام کردووە لە هەستی جوانی وکارمای خێر، دەستی بەسەردا دەگرن، داگیری دەکەن بۆ خۆیان.. وادەزانن دەتوانن بوونی من داگیر بکەن! وا دەزانن بە کردەوەکانیـان دەتوانن مـرۆڤی بێـوڵات و بێـئاڵا یان منی بێـوڵات و پەنابەر فێر بکەن!

بۆیە من هاتووم پێتان بڵێم.. ئـێوە لە دێـو پەرستەکانن.. من نامەوێت لێتانەوە فێر بم.. بەڵام لەسەرتان پێویستە دەست بەسنگتانەوە بگرن؛ کاتێک گوێ لە پەیامەکانم دەگرن.. چونکە من پەیامی هونەرم، پەیامی گەردوونی هونەر.

من پەیامی بوونەوەرم وەک هەر هونەرمەندێک، بەهەزاران باڵ دەفرم.. ڕۆژانە گەردوونەکانی خۆم دەگەڕێم وهەرگیز بەکۆتایی ناگەم.. من هێـندەی گەردوونی هونەر قووڵم.. ئـێوە لەپەیامی هونەر ناگەن، هێشتا تێینەگەیشتوون! من گەردوونی هەموو هونەرمەندانم پشکنیوە.. هیچیان هێـندەی من جوانییان نەبینیوە.. **هیچ کەسێک لەوان هێـندەی من لە پەیامی مـرۆڤایەتی ویەکبوون وبەجیـهانی بوون تێنەگەیشتوون. چونکە میللەتی نوح شەکەتی پرۆسەی بەجیهانیبوونە لە چاخەکانی بەر لە مێژووەوە. چونکە میللەتی زاگرۆس لەگەڵ دێوو بت و بتپەرست و هەر ڕەگەزێکی مرۆڤ و نامرۆڤدا ژیاون..** بەڵام ئەوان تەنها هەوڵی قڕکردنی میللەتی زاگرۆسیان داوە.

هونەر هەستێکە ئـێوە باوەڕتان پێی نییە، چونکە هارمۆنیەتی بیر و گەشەی هزر بەیاریدەی هەستی گیان گەشە دەکات.. هەستەکان هەناسەکانی گیانن.. هەست هەناسەی گیانە، گیان گازێکە یان بوخارێکە هەست دەبەخشێت. هەستەکان پرۆسەی دەماری و کارلێکی دەروونی نین! نا؛ ئێوە بەهەڵەدا چوون ، چونکە هەست لە دەرەوەی لەش وبیر و گیاندا بوونی هەیە.. هەستەکان لەتیشکی خۆر و لە شنەی باکاندا خۆیان دەڕێسن و زەمینە بۆ مرۆڤ و گیانلەبەران خۆش دەکەن تا ژیان هەست پێبکەین، دەنا ئێمە هیچ نیین بەبێ بوونی تیشک و باکان و گەردە گیانییەکان. دەتوانم بڵێم لەشی گیان هەستەکانمانە کە وەک هەڵم لەلەشماندا دەژی.

بۆیە کاتێک کە هەستی مـرۆڤێک دەشکێت؛ گیانێک لە مـرۆڤدا بریندار دەبێت، گیانێک دەمرێت.. بۆیە پێویستە هەستی یەکتری داگیر نەکەین، پێویستە هەستەکانمان بە هەڵە بەکار نەبەین.. چونکە گیان شەکەت دەبێت، دووچاری داخوران دەبێت، هەڵمی گیان چڕ دەبێتەوە، لەش بچوک دەبێتەوە، گیان دووچاری سەرما دەبێت.. گیانی مـرۆڤی هەستیار دەمرێت.

مـرۆڤ نازانێت چەندجار لەڕۆژێکدا دەمرێت! کەس نازانێت، مـرۆڤ هەیە ڕۆژی سەدوو یەکجار دەمرێت، کاتێک کە هەستیاریی بریندار دەکرێت.. کاتێک بەزۆر حیجابی لەسەر دەکرێت.

کەسانێک هەن مـرۆڤەکان ناچار دەکەن شەرم لە مـرۆڤیی خۆیان بکەن..شەرم لەجوانیی ڕوخساریان بکەن، نایەڵن بەجوانی کەرامەتی هونەرمەندان گۆش بکەن، دەیشارنەوە، دایدەپۆشن! دەشڵێن جوانی خۆراکی گیانە.

بەدرۆ فێری پەرستن، فێری نوێژیان دەکەن، فێری درۆیان دەکەن.

بۆیە کاتی ئەوە هاتووە من پێتان بڵێم کە من بەهرەیەکی تایبەتی پەیامەکانی هونەرم، دەستی ڕێزم ناوەتە سەر سنگی خۆم، لەوەتەی هەم لە زەریاکانی هونەردا بەرەو ناخ مەلە دەکەم..هەست دەکەم من ڕابەریی گەردوونی جوانی دەکەم.. من دیریگێری=سەرپەرستیاری سەمفۆنیای گەردوون دەکەم.. من ئاوازەکان دا دەنێم، من لەگەڵ فریشـتەکان هاوکارم. هەست بە بوونی گیانی خواوەند دەکەم.

من ڕابەریی گەردوونی جوانی دەکەم. هیچ جوانییەک ناگاتە جوانیی تەماشای ئافرەت ومنداڵ. هیچ جوانییەک لە شکۆی مـرۆڤ و ویژدانی ئەو پیـرۆزتر نییە، جوانی لەویادا باڵایە کە مـرۆڤ بە بێ هۆ هەست بە چێژی بکات، بۆی بژی، پایەداری بکاو پاک ڕایبگرێت.

ئەوەی کە من فێری بووم ودەیزانم زۆر نییە، بەڵام فەنتازیای ئـێوە تەنگە بۆ تێگەیشتن لە پەیامەکانی من.. من کەسێکم شانازی بەخۆمەوە دەکەم کە مـرۆڤم.. خۆم بە پێـغەمـبەری ناسیۆنالیزم و بەخوای هەڕەشە کردن نازانم.. بەڵام ناتوانم خواوەند لە مـرۆڤ مەزنترو پیـرۆزتر بزانم..

دەزانم ئـێوە بەهەڵە لەخواکـان تێگەیشتوون، چونکە هەرچییەکتان گووتووە دەربارەی خواکـان من دەیزانم.. هەر هەموویان هەڵەن. چونکە خواوەندو خواکـان لەڕاستیدا بتن.. بەڵێ خواکـان بت-ن، بتی مەزن، بچووک، نەرم، ڕەق، زبر، هەڵمین، بووخارین! خواکـان ئەو بتانەن کە لەکردەوەکانمان دروست دەبن.. کردەوەکانمان دروستیان کردوون.

جاڵجاڵۆکەی مەزن و مەتینترین ووزەی ڕووناکی لە دەرەوەی بوونەوەردا؛ تەوژمەکانی داهێنانی گشت فەنتازیایەکە و چاوگی ڕێسان و دروست بوونی هەموو گەردێک و گیانێکە.

مـرۆڤ ئاورایەکی هەیە کەس نایبینێت.. کەسانێک هەن ئاوراکانیـیان = ڕۆشناییان چڕ بووەتەوە بەرەو ناخ، چونکە ڕۆشناییەکانیـان بەوەر ناوەوەی دەروون هەڵلوشیوە، بوونەوەر بووە بەزەڕڕات لەدەروونیـاندا وپەنگی خواردۆتەوە.. ئەو زەڕڕات وگەردانەی لەمندا گیانی منن، قوتبی هونەریی منن.. دەستیان بۆ مەبەن.

یاری بە جیـهانی نانۆ مەکەن.. سروشت تووڕە مەکەن.. چونکە ئەگەر سروشت لە دێـو پەرست ولە دێـوەکان تووڕە بێت، ئەوا باکان تووڕە دەبن، زەریاکانیش تووڕە دەبن.. کاتێک ئەوان تووڕە دەبن، منیش تووڕە دەبم.

بۆیە دەبێت سنوور بۆ دەست تێوەردان لەهونەری من بۆ خۆتان دابنێن.. من کەسێک نیم ئـێوە هێندە ئاسان تێی بگەن.. چونکە کاتێک کە تێکەڵتان دەبم، کاتێک کە سەیری هەستکردن بەکەمیتان دەکەم.. زانستم سست دەبێت، باوەڕ ناکەم بتوانم بڵێم، بدوێم دەربارەی زانستیتان.

من بابایەکی شێتی بلیمەتیی و پارانوئیدو شیزۆفرێن نیم.. من نەخۆشییەکان دەناسم، چونکە بەسەر سروشتی خۆمدا زاڵم، چونکە من ئازادیی خۆمم چنگ خستووە، کۆیلەی ماددەو سەروەت وسامان نییم.. ئەگەریش لەبرسا بمرم، هێشتا خۆم بەخاوەنی گەردوونێک لە شکڵ و ڕەنگ و دەنگ دەزانم.. خاوەنی گەردوونی هونەرم، ڕەنگ دەڕێنم، تەماشای شێوەکانی جوانی دەکەم، دەست بۆ دڵی خواکـان دەبەم،

نەبزیان دەپێوم، لەگەڵیان دەدوێم، نایەڵم هەست بەتەنهایی بکەن.. من خواکـان دەژێنم.. نایەڵم بمرن. تەنانەت نایەڵم بتەکانیش بشکێن.. لەگەردوونی هونەردا من بە بێ شەڕ و ئەندێشەی شەڕ دەدوێم.. چونکە شەڕ زۆر دوورە لە گەردوونەکانی منەوە؛ پێی ناگەم.. چونکە تێی ناگەم.

بۆیە هاتووم پێتان بڵێم دەبێت بەسەر خۆتاندا بچنەوە.. چونکە من بەزمانی مـرۆڤایەتی دەدوێم، من باوەڕی هەموو ئایینەکانم.. دەمەوێت وێنەی گەردوونی هونەر بکێشم، ووتەکانم، فەرموودەکانم پەیامی هونەرمەندانی جیـهانن.

دەمەوێت بڵێم: ڕاستی وحەق لەهەر کەلتوورێک پێشکەوتووترە.. جوانی وا خەریکە لەدایک دەبێتەوە، من دڵنیام لەوەی کە جوانی لەمن دەزێت. هونەرمەندانی جیـهان پێکەوە لەمندا بەیەک دەنگ دەڵێن: هەموو هونەرمەندەکانی جیـهان خاوەنی تاقە یەک کارمان. هەمان شێوە، فەیلەسوف ودەروون ناس ومۆسیقارو ئەدیبان وپیشەسازان.. بۆیە ئەوەی من دەیڵێم هەر هونەرمەندێک گوتوویەتی یان دەیڵێت. مێرولەکان فەرموویان: ئامیین.

مێرولەیەکی چاوشینی جوان فەرمووی: هونەرمەندەکان بیرەکان وەک تابلۆ و ووشەکان وەک شکڵ دەبینن. بەر لە ئێستا لە سەردەمە دێرینەکاندا مرۆڤ وێنەکانی ژیاو دروست دەکرد، وەکچۆن خواوەند بەهرەی دروستکردنی تیا بوو، کە دەیفەرموو ببە و بەوەش ژیان دروست دەبوو. مرۆڤ میراتگری ئەم ئاکارە بوو، بەر لە ملیۆنەها ساڵ مرۆڤ بەشێک بوو لە گیانی خواوەند، لەشی نەبوو، بە خەیاڵ دەیتوانی هەر بژێوێک بژێنێت، دەیتوانی یاری بە ئاوو ئاگر بکات و گیانی دارستانەکان بڕێسێت. ئەمە سیحر نییە، بەڵکوو پەیبردن و ژیری بوو یان هاوژینی بوو لە فەنتازیای خواوەند. چونکە خواوەند فەنتازیایەکی پەتییە و ئێمەیش فەنتازیای پاشکۆین. فەرمووم: ئامیین

# تابلۆی فریشتە

مرۆڤە خێر مەندە پیرۆزەکان ئەوانەن کە بە ویستی خۆیان لەژیانەکانی داهاتووی خۆیاندا دەبن بە فریشتەکان.. فریشتەکان جوان وشەرمن وڕاستگۆو پاکژن.. هەمیشەیی وئازادن.. فریشتەکان درۆ ناکەن، دەبن بەهەر شتێک دڵیان داخوازیی بکات، هەمیشە لەدەوری مرۆڤ دەگەڕێن.. فریشتەکان مرۆڤیان زۆر خۆش دەوێت.. لەڕاستیدا خەونەکانمان فریشتەکان دروستیان دەکەن.. ئەوان ملوانکەی خەونەکانمان دەچنن لە دۆخی نووستندا.. مرۆڤ بەبێ ویستی خۆی خەون دەبینێت.. تەنها مرۆڤی خود بین دەتوانێت بەویستەکانی خۆی خەونەکانی ببینێت. بۆیە خەونەکانمان خۆزگەی چنراوی فریشتەکانە.. مرۆڤ وادەزانێت تەنها بەیاریدەی کارلێکێکی دەماری دەتوانێت خەونەکانی ببینێت.. ئەمە ڕاستییەکە زانست دەیزانێت.. چونکە شوێنەواری فریشتەکان لە دەرەوەی مرۆڤدا نازانرێت.

لەناو کۆشکی پاشایی وولاتی بەفردا.. بەر لەسالانێک لەمەوبەر، فریشتەیەک گوێی لە دەنگی تۆنەکانی پیانۆ دەگرت..لەکۆشکی پادشاهیدا  شازادە وانەی میوسیک لە ئافرەتێکەوە فێر دەبوو کە مامۆستای پیانۆ بوو.. ئافرەتێک بوو، دەیتوانی فریشتەکان بە مۆسیقا بانگ بکات، ئەمە کارێکە کە مۆسیقا ژەن بەئاسانی ئەنجامی دەدات.. بۆیە فریشتەیەک وەک هەر یەکە لە فریشتەکانی تر گیرۆدەی بیستنی ئاواز بوو، بەڵام ئەو فریشتەیە هۆگری شازادە بوو، چونکە لە ڕاستەقینەدا ئەو فریشتەیە، فریشتەیەکی پیانۆ ژەن بوو.. بۆیە جارێک لەجارەکان خۆی بۆ نەگیرا مەیلی بوو خۆی لەهەیئەتی مرۆڤدا نیشان بدات..پیانۆ ژەنە ئافرەتە دێو پەرستەکە هەستی بەداخوازیی فریشتەکە کرد.. بەوی ووت ئەگەر بتوانیت بچیتە گیانی شازادەوە، ئەوا دەتوانیت جارێکی دی بگەڕێیتەوە ناو ژیان.. دەتوانیت بەویستی خۆت ئاوازەکان بژەنیت.

فریشتەکە لەجیهانی خۆیدا تەنها بوو، هەستی بەتەنهایی دەکرد، چونکە خۆشەویستێکی گیانیی لەدەست دابوو، بەڵێ فریشتە هاوگیانەکەی مردبوو، چونکە فێری درۆ بوو بوو! فریشتەکانیش دەمرن ئەگەر ناچار بن درۆ بکەن! بۆیە ئەو زۆر هەستی بەتەنهایی دەکرد.. لەمێژیش بوو  خۆزگەی بوونەوە بە مرۆڤی لەدڵدا بوو، بۆیە لەتاو خرۆشی مۆسیقا بڕیاری دا ببێت بە مرۆڤ.. بەوەی بەئاسانی بچێتە گیانی شازادەوە.. فریشتەکان تەنها بە یاریدەی مۆسیقاو هونەر دەتوانن بگەڕێنەوە ناو ژیانی ڕاستیو لە مرۆڤدا ئاوێتە بن.

بۆیە لە کۆشکی پادشاهیدا بڕیاری دا بچێتە گیانی شازادەوە، چونکە ئەو سروشتی پاکژ و بێگەرد بوو. شەرمن وجوان بوو، دڵسۆزو پڕ بەزەیی وڕاستگۆ بوو.

بەو هۆیەوە فێری خۆشەویستی بووەوە، بەڵام خۆشەویستی لەگەڵ کوڕی ئافرەتە مۆسیقا ژەنەکەدا.. کە کوڕێکی لووسکەی منداڵ سیفەت و نازو نووز کەرو خۆ سەپێن بوو.. کەسێک بوو حەزی لە درۆ بوو، دەستی بۆ کەرامەتی ووشەکان دەبرد.. ڕاستییەکانی دەتۆراند.

ئافرەتە مۆسیقا ژەنەکە  کە مامۆستای شازادە بوو.. سڕڕی فریشتەکەی لای کوڕەکەی خۆی درکاندبوو، چونکە ئەو هەستی شازادەی داگیر کردبوو.. بۆیە تەماحیشی کردە باڵەکانی فریشتەکە.. بێشەرمانە شەوێکیان کوڕی مۆسیقا ژەنەکە هەردوو باڵەکانی فریشتەکەی دزی، کە لە دەروونی شازادەدا ئۆقرەی گرتبوو.. هەردوو باڵەکانی ئەوی هەڵکەند و توووند لەخۆی بەست!

ئەو هەرزەکارە وایدەزانی دەتوانێت بە ناوی شازادەوە شانازی چنگ بخات وبەباڵی فریشتەکەش بفڕێت.. بەڵام ئەو کارەی بۆ نەکرا، نەیتوانی بفڕێت، چونکە نهێنیی فڕینی نەدەزانی، فریشتەکەش ئەوەی لای کەس نەدرکاندبوو، فریشتەکان کاتێک نهێنییەکانی خۆیان بە مرۆڤ دەڵێن کە تەواو دڵنیا بن لەوەی کە مرۆڤ، بەد نهێنییەکانیان بەکار نابات.. بۆیە کوڕی مۆسیقا ژەن سوودی لە باڵە هەڵکەنراوەکانی فریشتەکە نەبینی، نەشیتوانی باڵەکان بگێڕێتەوە بۆ خاوەنەکەی!

شازادە لەم کەین وبەینە ئاگادار نەبوو، بەڵام لەخەویدا هەستی دەکرد تەوژمێکی ئەنەرژیی بەهێز دەوری داوە، هەستی دەکرد شتێک گیانێک لەودا ڕواوە، یان هەستی دەکرد وەک فریشتە ناسک دەبێتەوە، جوان دەبێت، پەیامی خۆش بەر ویستەکانی دەکەوێت.

باڵەکان لە هەوادا وون بوون، توانەوە.. شازادەی وڵاتی بەفریش نەیدەزانی کە شا باڵی فریشتەیەک لەودا ڕیشەکێش کراوە.. چونکە باڵ سروشتێکی گیانیی هەیەو ماددی نییە.

شازادە لەگەڵ تێپەڕینی کاتدا هەستی بەزوویری دەکرد، هەستی دەکرد گیانی زیزە وشەوانە خەون بەفریشتەکانەوە نابینێت.. بە پێچەوانەوە خەونی بە ئافرەتێکەوە دەبینی کە تەنها لەسەر بەردێک لەکەناری دەریا پشت لە ئاوەدانی دادەنیشتو چاوەڕوانی هاتنی پەیامێکی دەکرد.. چاوەڕوانی لێڕوانی دوو باڵی دەکرد.. هەستی دەکرد پێویستە بفڕێت، تا بچێت بە میوانیی هەموو خواکان، تا ئەفسانەی بوون فێر بێت ولەگەڕانەوەیدا ئەفسانەو داستانەکان بۆ منداڵانی وڵاتی بەفر بخوێنێتەوە و فێریان بکات.

چییدی خەونی بە فریشتەکەوە نەدەبینی وەک منداڵیی، چونکە ئەو لەمنداڵییەوە باوەڕی بەبوونی فریشتەکان هەبوو.

لە منداڵییەوە خەونی بەفریشتەوە دەبینی و زۆر فریشتەی دەناسی.. هەموو شەوێک لەخەونیدا بەشاباڵی فریشتەیەک دەفڕی.. دەچوو بۆ هەر دوورگەیەک دڵی خواستبای.. بەڵام دوای ئەوەی کە باڵی فریشتەکانیان لەودا هەڵکەند.. خەونەکانی سرک بوون، چونکە فریشتەکان تەرە بوون..

لەبەر ئەم هۆکارە، زۆری نەبرد شازادە نەخۆش کەوت.. تووشی نەخۆشیی گەڕان بوو بەدوای فریشتەدا.. تەنانەت لەخەونەکانیشدا هەر بەدوای فریشتەدا دەگەڕا! هێندە گەڕا تا ماندوو بوو.. ئەنجام شەوێکیان لە خەونیدا بە ئەسپەکەی خۆی فەرموو: دەتوانیت فریشتەکانم نیشان بدەیت؟

ئەسپەکە لەوەڵامدا فەرمووی: شەرمەزارم شازادە گیان، من ناتوانم.. بەڵام فریشتەکان دێنە خەونم، لەخەونمدا پێم دەڵێن: مرۆڤێک دێت.. سەری لەئاسمانەو پێی لەسەر زەوی.. گیانی بە کردەوەکانی مرۆڤایەتی کووتراوە، دەڵێن کە دەڕوات جێگەی پێکانی سەوز دەبێت.. دەڵێن درەختێکی مەزن لەسەر سەری ڕواوە.. حاجیلەقلەقێک وجاڵجاڵۆکەیەک لەودا دەژین.. جاڵجاڵۆکە سێبەرێتی..دێت بوونەوەر سەر لەنوێ وەکوو تەونی جاڵجاڵۆکە دەچنێت.. ئەو فریشتەکان دەناسێت، دەبینێت، دەدوێنێت.. ئەو وەک دەڵێن پەیامی خواکان دەهێنێت. دەڵێن گوایا کەرامەتی مرۆڤایەتیی هەڵگرتووە.. پیرێکی نەمریش لەودا دەژی.. دەڵێن هاتووە.. پڕە لەگیانی مرۆڤ.. پڕە لە مێژووی نەزانراو، پڕە لەداستانی خواکان.. پڕە لەخواکان وبتەکان.. دەڵێن گوایە فریشتەکان لەسەری ئەودا پەرستگایان داناوە.

ئەسپەکە فەرمووی: ئەی شازادەی جوانم، ئەی خانمی میهرەبانم، بمبوورە کە من ناتوانم.. بەڵام ئەو مرۆڤە کە دێت بێناوو بێئاڵاو بێوڵاتە..خەڵکی گەردوونی جاڵجاڵۆکەو لەقلەقە.. بچۆ بۆ لای بە میوانی.. چونکە ئەو لەخەودا بە من دەفەرمووێت: فریشتەکان لەسەر لێوی شازادەی وەک تۆ لەدایک دەبن.. ئەو دەفەرمووێت ئەوەی بتوانێت ڕاستگۆیانە بخەندێت، نامرێت، بەڵکو فریشتەکان لەسەر لێوی لەدایک دەبن. من دڵنیام ئەو دەتوانێت فریشتەکانت نیشان بدات.

ئەم هەواڵەم لەخەونێکدا پێگەیی.. ئەسپەکەی شازادە ئەم هەواڵەی لەخەوندا بەمن ڕاگەیاند.. لەو کاتەدا کەمن دووچاری بینین بووم.. لەو کاتەدا کە نیوەی لەشم لەدەرەوە بەجێمابوو، کە هێلکەیەک لە ئاسمانەوە بەر بووەوە ودای بەسەرما.. کە پیـرشالیار بۆ جاری سێیەم بێداری کردمەوە.. لەوکاتەدا کە لەناو مەراقی ژوورە تەسکەکەمدا بێئۆقرە دەهاتم ودەچووم.. دابەش دەبووم بەسەر هەموو جیـهاندا.. دەبووم بە خوا، بە فریشـتە، بە جیـهان، بە پیر، بەمنداڵ، بە باڵدارو ڕووەک وبێباڵ.. دەبووم بە دایک، بەحەزرەتە پیـرۆزەکان، بەمارياكان وبە مەسیحەکان.. ژوورەکەشم دەیفلیقاندمەوە.. ژوورەکەم وەک دێـو هەڵی دەگوشیم.. خێزانەکەم وای دەزانی تێک چووم.. تەنها خۆمم شک دەبرد، تەنها خۆم گەواهی ڕاستییەکان بووم.

من دەمتوانی خەوو زیندە خەونەکان ببینم.. دەمتوانی شازادە بەبێ یاریدە ببینم، لەتەلەفیزۆندا، لەخەیاڵدا، لەخەونەکانمدا! چونکە شازادەی وولاتی بەفر لای من ڕێزێکی مەزنی هەیە.. ئەو خۆی فریشـتەیە وئاگادار نییە.

ئەو شەوە کە کات وەستا، لە پەخش بووندا، لەپرتەوی نوورەکانی پیردا؛ لەسەر باڵی باکان، لەسەر باڵی لەقلەقە لە با دروستبووەکان ( لەقلەقە گیانییەکان)! خۆمم گەیاندە ماڵی شازادە.. ئەوم بینی لەبەرگی فریشـتەدا لەکالاَی ئاوریشمیندا.. سپی سپی لەناو جێگەی خەوی کەژاوەدا بەدەم خەوەوە پەنجە گەورەی خۆی دەمژی.. تەنها بوو، کەسی لەگەڵدا نەبوو.

بۆیە توانیم بە ئەسپایی وبەبێ چپە، لەهەیئەتی منداڵێکی تازە لە دایکبووی فریشـتەدا، بچمە لایەوە، هەڵبەتە لەخەونیدا! توانیم بەدەم مشە مشی منداڵانەوە بەو بفەرمووم: شازادەی ئازیز.. تۆ بۆت نییە بە دوای فریشـتەدا بگەڕێیت، چونکە تۆ خۆت فریشـتەیت.

فریشـتەکان لە ئاسماندا مەستی تەماشای تۆن.. ئەوان لەسەر لێوەکانی تۆ لەدایک دەبن، پاشان باڵ دەگرن ودەفڕن.. ئەی نازانیت کە فریشـتەکان لە خەندەی سەر لێوی دایک دروست دەبن؟ فریشـتەکان منداڵن وەک کۆرپەلەی مـرۆڤ، دایکن ، جوانن.. خەونی منداڵەکانن، ئاواتی باوکن. کچم بەدوای چییدا دەگەڕێیت؟ فریشـتە تۆیت.

کە وام فەرموو، فریشـتەیەک لە بری شازادە لەخەو هەستا.. بە ژوورێکی ڕووبەر فراواندا کەوتە سەما.. بەئاوازی ڤیڤاڵدی سەمای بۆ وەرزەکان دەکرد.. شەماڵ (با) تەماشای دەکرد.. با گەڵایەکی زەردیی پرتەقاڵیی نەخشین بە نەخشی فریشـتەی هێنایە ناو کۆشکەوەو پێشکەشی فریشـتەکەی کرد.. هەستم دەکرد لەو کاتەوە من لە خەودا نووستووم لەباوەشی ئەودا.

مێرولەکان فەرموویان: فریشـتەکانیش دووچاری سەرلێشێوان هاتوون. ئەوانیش بە هەڵەدا دەچن.

## تابلۆی سەگەکان

لەوڵاتی بەستەڵەک وبەفر، لەدورگەی هەستکردن بەکەمیدا زۆرشتی سەیر ڕوودەدات.. شتی سەیر! ئەوکاتە من دەربەستی کات وەستان وهاتنی مـرۆڤی بێـوڵات نەبووم، چونکە من عاشق بووم، دوای کڵاوی بابردووی خۆم کەوتبووم، زۆر تامەزرۆی بینینی خەندەکانی جوانی بووم، ئەگەرلەبیرت دێت من هونەرمەندم، هونەرمەند بووم ولەقوتبی جوانـیدا بەدوای کەماڵی خەندەدا دەگەڕام.. دەمبینی منداڵ لەترسی

قاقاكانی باوكی خۆی دووچاری ترس دەبوو، ترس دووچاری نەخۆشیی شێرپەنجەی دەكردن، یەكێك لە منداڵەكانی دراوسێكانم دووچاری هەمان گرفت بووبوو، بەستەزمانە لەترسی قاقاكانی باوک ودایكی دووچاری لیۆكیمی بو بوو!

باوكی منداڵەكە خۆی پزیشک بوو دژەزەهری بەدەرزی لە منداڵەكەی دەداو خپی دەكرد، نەیدەزانی چارەی ئەونەخۆشییە لەچیدایە؟ یان هۆكاری سەرهەڵدانی نەخۆشییەكە لەكوێوە سەرهەڵدەدات! جا بەرلەوەی من بكەومە باسی خۆم، باسی ئەوەتان بۆدەكەم.. نەخۆشیی لیۆكیمی لەسەرچاوەدا دەگەڕێتەوە بۆ زەبری دەنگ! دەنگە ناشازەكانی وەک نەڕەی دێـو، وەڕینی سەگ، مرەی كتوپڕی پشیلە یان قاقای درۆ! ئەودەنگانە كاتێک بەر تەزووە دەمارییەكانی منداڵ یان مرۆڤی هەستیار دەكەوێت.. منداڵەكە لەپێشدا فریشكی دەكەوێت.. پاشان دەزوولە دەمارییەكانی میشكی دەدڕێت.. چونكە ناچاوەڕوان دەنگی كتوپڕو ناشازی بەردەكەوێت.. مەركەزەكانی ناردنی تەزوی چالاک دەپچڕێنێت.. بۆیە منداڵەكە نەخۆش دەكەوێت، یاخود بەرگری دەكات!

لێرەدا باسی نەخۆشییەكە دەكەم! چونكە لە باوەڕی مندا مرۆڤ بە سروشت بێ هەڵە دروست بووە.. نەخۆشی لە مرۆڤدا بوونی نی‌یە. بەڵام كردەوەكانمان دووچاری كردووین، بە جۆرێک كە لە داهاتوودا، سەرەڕای پێشەوە چوونی زانست؛ دووچاری شكست دەبیین بەرامبەر بە زۆر بوون و تەنیینەوەی نەخۆشیی زیاترو سامناک!

منداڵ كاتێک لەترسی قاقا بەدرۆكانی باوانی دەزولە دەمارییەكانی سیگناڵناردنی= {تەزوی ئاڕاستەكەری دەماری}  مێشكی تەسک دەكاتەوە ولەگەڵ كاتدا دەزوولە دەمارییەكان دەپچڕێن، پەیوەندیی نێوان جگەرو مێشک وسەرتاپای لەش هارمۆنیی هاوكارییان دەشێوێت.. گورگێكی دڕی لیۆكیمی بەمنداڵ دەدەن.. لیۆكیمی جۆرەگورگێكی بەدخووی شێرپەنجەیە.. گورگێكی دەنگە لەناوسەری توشبوودا دەژی.. زۆردەبێت.. خانەكان دەخوات، ناڕێک دابەشیان دەكات، فەرمانەكانی مێشک ناڕێک دەبات! وا لە توشبوودەكات دەسەڵاتی لەدەست بدات..چەندگوناحە ئەومنداڵانەی كەتووشی سزای وەها دەبن؟؟ چارەیان لای من بوو، من دەمتوانی چاریان بكەم..

لەدورگەی هەستكردن بەكەمیدا ماوەیەک بوو بێكار بووم.. لەبری كار ڕۆژانە عەوداڵی بینینی خەندەیەكی ڕاستگۆ بووم.. كەدەچوومە ناو شەقام وبازاڕی دووڕگەكەوە، هەمووگیانم دەبوو بەتەماشاو دەگەڕام بەناوگەردوونی هەردێـوپەرستێكدا بۆ بینینی خەندەیەكی ڕاستگۆ!

نەمدەبینی! سوێم بووبۆوە بۆ بینینی جوانێک مـرۆڤێک، ئافرەتێک، دێـوپەرستێک تاخەندەیەكی ڕاستگۆیانەی لێ ببینم! نەمدەدی! دەزانم باوەڕ ناكەیت بەڵام من نەمدەدی!

چونكە خەڵكی فێری سەگپەرستی بووبوون..بە سەگ خۆیان لەترسی هەڕەشەی دەرەوە دەپاراست!

ئافرەتە دێـوپەرستەكان وایاندەزانی وەفای سەگێكی دڕ چاترە لەپیاوێكی دڕوتووڕە!

ئافرەتەكان لەبری پیاو سەگی تووڕەیان دەپەرست.. سەگیان دەئاخنییە ناوماڵ وناوجێگەی نووستن!

هێندە لە ئەنجامی كردەوەكانی خۆیان دەترسان، ناچاربوون سەگ ڕابگرن! سەگەكانیـان ماندوو شەكەتن لەتاو نەعرەتەی خاوەنەكانیـان! چونكە ئەوان دێـوپەرستن، بگرە لەدێـوەكان پەستن، بەڵام ڕق وتووڕەییان بەسەگەكانیـان دەڕێژن.. تووڕە دەبن، لەسەگەكان هارترو زۆروەڕتروو بێشەرمترن.. هێندە دەوەڕن!

سەگەكان لەترسا دەسەڵاتی وەڕینیـان لەدەست داوە.. ناوەڕن، بەڵكوو دەنووزێنن.. بەڵام بەزەییان بە خاوەنەكانیـاندا دێتەوە، چونكە دەزانن دێـوپەرستەكان خۆیان تووشی نەخۆشی شێرپەنجەو گەڕی و شەلەل و ئیفلیجی دەكەن.. چونكە لەحەپەی ناڕەزامەندیاندا دەنگێک دروست دەكەن.. كە مـرۆڤ

دووچاری زەبر پێگەیین دەکەن، وەک فەرمووم منداڵ تووشی ترس دەکەن.. هەمان دەردی قاقاکان دووپات دەکەنەوە.

ئینجا باباسی عەشقی خۆمتان بۆ بکەم! من ئەوکاتە مێش میوانم نەبوو، گەرچی چیرۆکی بەسەرهاتی کەرامەتی حەزرەتی نـوح-م بە خەون دەبینی، لەهەمان کاتدا دانیشتبووم نامەم بۆ دایکی کیژۆڵەیەکی دراوسێم دەنووسی! کە خەریکبوو فێری دێـوپەرستی دەبوو! ماوەیەک بوو شەوورۆژی لەمن تێکدابوو بەنەڕەو هاوار، چونکە تووتەڵە سەگێکی کڕیبوو بە دوانزەهەزار کرۆن!

ئەورۆژەی کەسەگەکەی کڕی من زۆرحەزم دەکرد پیـرۆزبایی لەدڵەوە لێبکەم، بەڵام ڕێگەی نەدام، چونکە ویستم پێی بڵێم: بەپارەی کڕینی سەگەکانی ئەوروپاو ئەمریکاو ئۆستراليا، مەجاعەی هەموو ئەفریقیا ڕزگاری دەبێت! بەڵام نەموێرا ئەوەی پێبڵێم.. چونکە دڵی ناسکە گەر گوێی لەووشەی ڕاست بێت، زویر دەبێت، دڵی دەشکێت! دەمویست بەنامەیەکی نهێنی خوازبێنی کچ لەدایکی دێـوپەرستی بکەم! دانیشتبووم بەگڕی عەشقم نامەم بۆدایکی کیژۆڵەکە دەنووسی! چونکە من پیاوێکی بەکەرامەت و بەساڵا چووم..

دەمتوانی سەری پەیوەندی لەگەڵ کچەکەیدا گرێبدەم، بەڵام حەزم دەکرد پرسێک بەدایکی بکەم نەکوو لەداهاتوودا ببێت  بە دەعەجانەکەی نێوان شیرین وفەرهاد!

ئەوکیژۆڵەیە حەڤدەساڵ لەمن لاوتربوو، بەجوانم زانی ڕاپرسی دایکی بکەم، تادڵنیای بکەم کە دەتوانم بەهاوسەریی کچەکەی ژیانێکی شیرین بۆ کچەکەی دابین بکەم، منداڵێکی ژیروجوانیشی پێشکەش بکەم.. بەڵێ دەمویست نیازپاکیم نیشانی دایکی کچەکە بدەم، بەرلەکیژۆڵەکە خۆی.

بەڵام داماوە هێـندەی نەڕاند بەسەر ئەوسەگەدا سەری لەمن تێکدا! لەیادی بردمەوە کە هەستم بۆی دەبزوێت، کەنیازمە خۆشم بووێت، هاوگیان وهاوسۆزی بم ودیارییەکی زۆربەنرخی پێشکەش بکەم! چونکە هێندە لەوسەگە بەستەزمانە تووڕە بوو منی تۆقاند! ترساندمی لەوەی بیرلەوە بکەمەوە ژیانی هاوسەریی لەگەڵدا پێکەوە بنێم، چونکە ترسام لەوەی منداڵەکەم لەسکیدا دووچاری لیێۆکیمی ببێت! بۆیە ئەوکاتە کە پیـرشالیار بەسەرهاتی حەزرەتی نـوحی لەسەرلەوحی گیانم دەسمی!

من سەرگەرمی نووسینی نامەیەک بووم بۆدایکی کچەکەو هەر بەدەم نووسینی نامەکەوە پەشیمانیش بوومەوە!

بەزەییت پیامدا نەیەتەوە، چونکە من ڕۆژانە دەیان عەشقی ئەوهام بەزۆر پێ لەبار دەبرێت! ڕۆژ نییە من چەند جارێک عاشق نەبم، چونکە دەزانم عەشقم زۆرلەدەردەکانم تیمار دەکات.. ئەگەر واز لەعەشق بهێنم دەمرم، شێت دەبم!

کەچی هەندێک چەکل وکلاوچی دێن لەگەڵما دادەنیشن باسی خۆشەویستیم بۆدەکەن! لەولاشەوە دەچن منداڵ وژن وخوشک ودایکی خۆیان هەتک دەکەن! ئافرت ناچاردەکەن لەترسا لەگەڵ سەگدا بژی، بنوێت، بخوات، بدوێت، بگەڕێت سەمابکات بووەڕێت! ئافرەت وای لێهاتووە بەسەگ دەوەڕێت! وادەزانـێـت سەگێکی پیاوخۆرو دڕ چاترە لە پیاووهاوڕێ و هاوسەرێک!

کەچی هەرکنەم دێت، هەرمشەم دێت، هەردەگەڕێم و دەگەڕێم.. لەزەریای عەشقا گڕدەخۆم، خوول دەخۆم، سووڕدەخۆم، نەک بۆ خوودی عەشق، نا، بەڵکو بۆ خەندەیەک! بۆبینینی تەماشایەک، جوانێک.. جوان زۆردەبینم، زۆرجوانن تائەوکاتەی کە منی پەنابەر نابینن، بەڵام هەرکەمنیـیان بینی هەیئەتیان دەگۆڕێت بەسەگ، بەپشیلە، بەبەرازوبەگورگ.. پیاو دەترسێت.. لەبەرخۆیەوە حاشا لەتەماشاکانیـان دەکات، دەترسێت لەترسا خۆی دەشارێتەوە، حەزناکات بەدراوسێکەی بڵێت ڕۆژباش، چونکە دراوسێکەی دەکەوێتە کلک لەقاندن و وەڕین و زمان دەرهێنان، بوختان لەسەر بوختان دەکات، زەمی خەڵک دەکات، بۆنی

هەمووگیانم دەکات.. تکام لێدەکات منیش وەکوو ئەو بووەڕم، بلێسمەوە، زماندرێژی بکەم! بێگومان من ئەوکارەم بۆناکرێت، بۆیە دوای کڵاوی بابردووی خۆم بکەوم چاترە.

هەرئەوشەوەی کەنامەکەم تیادا نووسی بۆدایکی کیژۆڵەکەی دراوسێم، ڕۆمانێکم نووسی! ئەوشەوە هێندە درێژبوو کۆتایی نەدەهات، ماندووبووم لەنوسینی دوابەندی ڕۆمانەکەم، ئەزانم لێرەدا ناتوانم باسی بکەم.. بەڵام مەبەستم لەوەیە کە مـرۆڤ واناچار دەکرێت لە دوورگەی هەستکردن بەکەمیدا! کە ناتوانێت بەرگەی ڕۆژەکان بگرێت، مـرۆڤ والێدەکەن لەتەماشاکانی خۆی بترسێت، نەوێرێت پێبکەنێت! نەوێرێت لەماڵی خۆی وەدەربکەوێت.. تادوو خەندەی زینـدوو بـبـینێت، تا دوومـرۆڤی مـرۆڤـدۆست بـبـینێت.. سەگەکان جێگەی مافی مـرۆڤەکانیـیان داگیرکردووە.

سەگی کیژۆلە قژخاوەکەی دراوسێم ماوەیەکە مەشق لەسەر نەڕاندن دەکات، چونکە هێندە وەڕی! هێندە وەڕزە لەوەڕین، هەوڵ دەدات وای نیشان بدات کەدەتوانێت وەکو دێـویش بنەڕێنێت لەپێناوی سەلماندنی مافی خۆیدا.. چونکە زۆرتەنهایە، زۆر دەچەوەسێتەوە، زۆر بیری گەڕان و ژیانی دەرەوە دەکات.

هێـندەی نەڕاند من ترسام لەوەی نامەکە بەدایکی کچە بگەیەنم، چونکە هەستمکرد سەگەکە هەمان گلەیی دەکات کە پیاوێکی پیری کەنەفت دەیکات لەگۆشەیەکی تەنهادا! هەستمکرد هاوژیانی لەگەڵ سەگ پەرست و دێـوپەرستدا مـرۆڤ تەنها دەکات دەرئەنجام!

لەگەڵ گشت ئەم کارەساتانەدا ناتوانم بێئومێدو دەستبەرداری عەشقم بم، چونکە من هەڵگری گیانی هەزاران هەزار منداڵی برسی و بێدایک وباوکم، هەزاران هەزار پەیکەرری مەسیح وخاجی تێکشکاوم گرتۆتە خۆم، هەزاران هەزار مارياو دایکی کۆرپە ڕاپێچکراو لەمندا دەملاوێنن تا دڵم نەڕەنجێت وزیزنەبم.. تا لەناوپرشنگی خۆردا بەدوای خەندەکانی جوانـیدا وێڵبم.. تکام لێدەکەن ماندوونەبم.

منیش هەرساتەو تەرزە خەونێکی ڕۆشن دەبینم.. **لەخەوما ئەوکچەی دراوسێمان دێت بۆلام..** دادەنیشێت، گوێم لێدەگرێت! باسی چیرۆکی ژیانی بۆدەکەم، باسی کەماڵی جوانی، هەستی جوانی، سۆزی جوانی، باسی کەرامەتی جوانیی بۆدەکەم. ئەویش پاکژ دەبێتەوە، تەلیسمێکی ڕۆشن لەناوگلێنەیدا پرشنگ دەداتەوە.. بەنەرمی ونیـیانی هەڵدەستێت، دەچێت ڕۆنی نێرگزدەهێنێت.. پاشان بەهەناسەی گەرم بەرگی بەرم بەهێواشی دادەکەنێت.. لەنووکی پێمەوە، بەهەناسەکانی، لەگەڵ چەورکردنی پەنجەکانما دەمشێلێت.. نەرم ونیـیان خۆیم تێهەڵدەسوێت، بەدەم شێلانی دەست وپێ وپشت و سنگمەوە خەون دەبینێت!

لەخەونیدا دەبینێت هەستێک لەناوسکیدا وەکو پەپوولەیەکی گیانیی وردیلانە دەپروێت، باڵی لێدەڕوێت ودەفڕێت، بەناوگەردوونی دایکدا گوڵ بەگوڵی باخچەکانی گەردوونی دایک بۆن دەکات،ماچ دەکات.. باڵەفڕکێ دەکات، دەبێت بەخەندەی سەرلێوو لەسکەوە بەرەو ناودەم ولێو دەفڕێت، کەدەگاتە سەرلێوی، کاتێک کەلێوی بەحاڵ لەیەکتری دەترازێت، پەپولەکە شێوەی دەگۆڕێت، لەو فریشـتەیەکی گیانی درووست دەبێت، یاخود لەسەرلێوی لە دایک دەبێت.. فریشـتەکە تیروکەوانی پێیە، چونکە فریشـتەی عەشق ودڵدارییە، هەر لەسەنگەری لێوەوە خۆی مت دەکاو تیرێکی زێڕین لەکەوان دەنێت ونیشانە لەسەر چەقی دڵی من دەگرێتەوە.. سسسسم! هەناوم دەبڕێت.

ئیتر بەلادا دێم و دەسەڵاتم نامێنێت، گیان ولەشم دەگۆڕێت! پەنجەکانم دەبن بە فلووتی تواوە! گیانم دەبێت بە هەناسە، لەشم دەبێت بەئاوازو لەشی ئەو دەشێلن، دەژەنن! دەبم بەپارچە مۆسیقایەک  ترپەی بێشکەی دڵی هەردوکمان ڕادەژەنم.. خۆم لەگیانی ئەودا دەبینم؛ پەپوولەئاسا لەناوسکیدا دەفڕم، سەمادەکەم، دەگەڕێم بەگەردوونی ڕەحمیدا بۆ تیشک باڵ دەگرم.. دەفڕم، بەفڕەی باڵەکانم ئاوازی دڵنیایی دەژەنم، باوەشێنی دڵی دەکەم، لەسەرسکی لەنگەردەگرم، وچان دەگرم، بیردەکەمەوە و فێر دەبم.

دەست بۆگیانم دەبات ودەمشێلێت و لەهەمان کاتدا خەو دەبینێت! منیش دڵنیایی دەگات بەدەروونم..
شاگەشکە دەبم، چونکە تولەڕێیەکی ڕۆشن دەبینم، تولە ڕێگایەک لەتەماشایدا دەبینم، لەخەندەکانیدا دەیبینم، کەهەزاران دڵی ئاوێزەیی لەسەر ڕواوە!
دەبینم باوەڕدێنم کە دەتوانم هەموو ماریاکان ومەسیحەکان لەوڕێگەیەوە بگەیەنم بە درەختی زەمان..
چونکە من زۆر لەمێژە بەدوای مەنفەزێکدا دەگەڕێم تائەوان بگەیەنم بەئامانج، بەرزگاری، بە نەجات!
فرسەت لەتەماشاکانی دەهێنم، هەموو ماریاکان ومەسیحەکانی ناودەرونم بە ژەنینی فلووت بێداردەکەمەوەو پێیان دەڵێم: مژدەبێت، ڕێگەم دۆزییەوە. فەرموون لێرەوە بگەن بەنەجات، بەرزگاری، بە بەختیاری بەئامانج.
ئەوکاتە لەشم سووک و خاودەبێتەوە بە گەیاندنی ئەمانەتە قورسەکانی ناودەروونی پڕم.. چونکە هەژدەدانەساڵە من خەریکی هەڵکەندنی مێخ وکردنەوەی گوریس وئازادکردنی لاشەی مەسیحە لەخاجدراوەکانم .هەژدە ساڵە من پشتم کردۆتە دیاری خۆم و دەرونم پڕدەبێت لە ماریای خەندە دزراو، هەتککراو، شکێنراو، گریاوو سەربڕاو، پەیکەری شکاو! ماندوو بووم هێندە دڵی ئەو هەموو حەزرەتانە بدەمەوە!
چونکە وادەم پێیان دابوو کەبیانگەیەنم بە درەختی زەمان.. ئەوشەوە لەخەوما توانیم هەزاران حەزرەت لەتەماشاکانی ئەودا بەڕێ بخەم، هەزارانیش بە ڕێگاکانی خەندەدا بەڕێبخەم. دڵنیا بووم، چونکە من خەونی جوان جوان دەبینم.. کاتێک کە پیـرشالیار لەخەونەکانمدا دەبینم.
من ئاوەها لەکەرامەتی عەشقا گۆش دەبم.. کەچی گەورەنابم! پیرنابم، زیزنابم، بەڵام بەزەییم بەخۆمدا دێتەوە.. چونکە لەبێداریدا کاتیک دراوسێکانم دەبینم، کاتێک هەندێک مـرۆڤ وهەندێک دێـوپەرست دەبینم خەریکی سەگ و سەرقاڵی سەگ و ترس و وەڕزی و نەخۆشین.. دەترسم، لەتاوا خۆم دەدزمەوە، دەنووم، هەڵدەستم، دەنوومەوە، تا بەلای کەمەوە بتوانم ئومێدەکانم بپارێزم، چونکە عەشقم ماندووبووە لەگەڕان، عەشقم فێربووە لەخەودا بەدوای عەشقا دەگەڕێت! عیشقم سەرمایەتی لەم بەستەڵەکەدا، لەگیانمدا عیشق خەریکە دەتەزێت، ناچارانە هەڵدەستم وەک شێت، زکر دەکەم.. بە تەماشاکانم ڕۆدەچمە ناخی خەندەی ناو گۆڤارەکان و ئەو ڕێبوارانەوە کە بەلای پەنجەرەی زیندانە شەختەییەکەمدا تێدەپەڕن.
مێرولەکان فەرموویان: مـرۆڤی عاشق ماندوو نابێت.. عیشق گیانی بوونەوەرە و نامرێت. عیشق گەردوونەکان و هەسارەکان و بوونەوەرەکان بەڕێوە دەکات و ئەو دایکی گشت بوونەوەرە.

# تابلۆی نوێژی خواکان

خواکانیش نوێژ دەکەن، ئەوان وەک ئێمەنیین! ئەوان لەڕووی خۆشەویستییەوە نوێژەکانیان بۆ مرۆڤی ڕەسەن دەکەن.. چونکە ئەوان مرۆڤ دەپەرستن.. چونکە ئەوان خۆشیان دێر زەمانێک مرۆڤ بوون! خواکان جۆرێکن لەگیان کە هەموو زەجرێکی ژیانەکییان دیوە.. چونکە ئەوان نەدەبوون بەخوا گەر ئازارەکانی قوتبیان نەچەشتبێت، چونکە خواکان پاڵاوتەی ئازارەکانی مێژوون!
خواکان ئەوانەن کە بەناهەق دەکوژرێن.. بۆیە من زۆر دڵنیام لەوەی، ئەوەی ئازارەکانی ئەوی تری مەبەست بێت، هەرگیز ناتوانێت ببێت بەخوا! پاشان خوا خۆی جەهننەمی دیوە، دەزانێت ئازارەکان چین..بۆیە ئەوان ناتوانن جەهەننەم بۆ کەس دابخەن. تۆڵە پیشەی شەڕخوازو ئەهریمەنە نەک خواوەند. خوا گەر تاک بێت یان کۆ؛ تۆڵە سێن ورق ئەستوور نییە.
من سروشتی خوا بەوەدا دەناسمەوە کە ئازاری کەسێکی تر نادات.. کێ دەڵێت خواوەند هێندە بێسۆزو بێهەستە تا بتوانێت منداڵێکی شیرە مژەو دایک و خێزان وگەلێک لەجەهەننەمدا دابنێت؟! خۆ خوا ئەهریمەن نییە کورم! خوا حەقی خراپەکانی ئێمەی چییە؟.. چونکە خراپەکان وخراپەکار مەحکومن، بەسزای کردەوەکانیان دەبێت بژین، زیندوو ببنەوە، پاشان جارێکی تر دەگەڕێنەوە بۆ سزای کردەوەکانی خۆیان، پاشان دەمرنەوە، پاشان دەبنەوە بە سزاکانی خۆیان. ئەم قۆناغە یاریی شەیتانەکانە و بەکۆتایی ناگات، شەیتان و دێوو خێوو شەڕ پیشەیان تۆڵەو تۆقاندن و چاوترساندنی مرۆڤ و بچووک کردنەوەی کەرامەتی ئەوانە. ئەوان وەهان خۆشییان پێناگات گەر لە شەڕەکانی خۆیان دوور بن. جا خواوەند تێکەڵی کردارەکانی ئەوان مەکەن. چونکە خواوەند جوانەو جوانی دەپەرستێت. لە جوانی یەوە سەری هەلداوەو لەوێشدا دەژی و جەهەننەمیش لە بوونەوەردا نییە. بەڵکو لە دەروونی دێودا داگیرساوە . مرۆڤ ناگەیەنێت بە قوتبی خوا تا واز لەهەموو بەدکارییەک نەهێنێت.. مەحاڵە مرۆڤ بە

پیسی، به پاشەڵی گواوییەوە بگات بە بوون بە مـرۆڤ، یان بە فریشـتەو پێـغەمـبەرو بە خوا! ئەی نابینن پێغەمبەرەکان چەند ئازار دراون لە پێناوی دوورە پەرێزی کردن لە کردەوەکانی ئەوانی تر؟
خواکـان، خاوەن کەرامەتن، فێر بن، لەخواکـانی خۆتان مەترسن.. چونکە ئەوان تۆڵە سێن و کینە دۆزو دوژمن نیین! گەر وەها بوونایە هێشتا لە بەرگی مـرۆڤیدا دەژیان، وەک بەرازو سەگ و پشیلەو دێـو پەرست و قەل دەژیان، دەبوون بە کرم، بە حەلەزۆن، بەگوڵی ژەهر، بە گوو، بەدرک، بەهەر شتێک نەیانخواستبێت.
ئێستا تێبگەن کە بوون بە مـرۆڤ کارێکی ئاسان نییە.. مـرۆڤ تا نەگات بە کەماڵی سلووک، بە بینەری غەیب، نابێت بە خاوەند. چونکە بوون بە خوا، یان یەکبوون بەخوا لە فەلسەفەی سۆفیزمدا، پێویستی بە پاکژ بوونەوە هەیە.. پاکژ بوونەوەی گیان ولەش.. بنیاتنانی قوتبی زانستی بیرو هەست و گیان. چونکە خواکـان کوتوومت پێکهاتوون لە بیرو هەست وگیان ؛ لەیەکەی عیشق و ئازادیدا.
خواکـانیش تا بڵێی زۆرن، لە ئاسمانەکان دانیشتوون، لەوێ هیچیان تەنها نیین.. کاتێکیش کە لە هەوادا پەردەیەکی هەوایی ناسک بە پەنجەی ئیشارەت دروست دەکەن، بە نیازی تەنها بوون! فریشـتەیەک بەلایاندا  تێدەپەڕێت سپی سپی بەرگی نووری پۆشیوە، بەلای پەردە ناسکەکەدا ڕادەبرێت و تەماشایەک دەکات!واتە تەماشای خوا!
ئینجا خوا لە نوێژەکانی دەبێتەوە! لە نییاز پاکیدا دەنیشێت وگوێ لەئاوازی ووشەکانی فریشـتەکە دەگرێت.. نینجا فریشـتەکە بە ویستی خۆی دڵێکی جوان لە باخچەی پیـرشالیار دەچنێت، بەمیوانی بۆ خوای دەبات.. ئەوەی بە ماچێک پێشکەش دەکات، چونکە خوا مێزی لەبەردەما نییە! **ئاسمانەکان گشتیان مێزو سفرەن  بۆ خوا و خواکان!**
کاتێک فریشـتەکە بەو مەیلە پاکەوە ماچی لێوەکانی خوا دەکات.. خوا لە بەری هەڵدەستێت، ڕێزێکی بێپایانی لێدەنێت، گوێی لێدەگرێت، بۆی دەبێت بە هاو هەست و هاوگیان وهاوبیر.
فریشـتەکە لەوێدا هێندە شاد دەبێت، کە دەتوانێت سەرپشک بێت لەوەی دەیەوێت ببێت بە خاوەند، یان هێشتا فریشـتە بێت! هێندە خۆشحاڵ دەبێت لە حزووری خوادا.
خواکـان خاوەنی سزا نیین. مەترسن لێیان، چونکە ئەوان ترسنۆکیان خۆش ناوێت.. درۆزن و بوختانچی ودزو پیاوکوژو ئەحمەقیان ناوێت. ئەوانە خۆراکی زەوین پاش ئەوەی هەموو سزاکان دەبینن. مێرولەکان دەزانن کە: خواکـان جوانن، پیـرۆزن، مەزنن، هونەرمەندن، مۆسیقارن، داهێنەرن، زانان. بۆیە نە سزا دەدەن، نە وەری دەگرن، نەهەیانە، نە دەیدەن. خواکـان گەورەن. ئەوانیش نوێژ بۆ ئێمە دەکەن، دەمانپارێزن لەشەڕی ئەهریـمەنەکانمان. ئەوان نوێژ بۆ مـرۆڤی ڕەسەن دەکەن. خواکـان نامرن.. بەڵام کاتێک کە فریشـتەکان زەبریان پێدەگات، دەبن بە بوویەکی جوانتر.. فریشـتەکان مەراتیبەکانی جوانی گشتی دەبڕن.. ئینجا دەتوانن ببن بە خوا. خواکـان تێکەڵێکن لە هەستی پەتی گیانی پەتی و بیری پەتی.

مێرولەیەک فەرمووی: پێغەمبەرەکان ، سۆفییەکان لە خۆیانەوە لە خواوەند تێڕاماون.. ئەوان خواوەندیان تەنها بینیوە! چونکە ئەوان تەنها بە بینینی پیر یان جوبرائیل باوەڕیان بە یەکتایی هێناوە. بەڵام دەبوو بیانزانیبایە کە خواوەند خۆی سەرپشک و خاوەن دەسەڵات و داهێنەرو خوودی فەنتازیایە و دەتوانێت زۆر بێت؛ هەزار هێندە زۆر بێت و ببێت بە هەزاران خواوەند، چونکە سنوورەکانی دەسەڵاتی ئەفسووناوین! خواوەند فەنتازیای عیشق و ئازادی و هونەرە.

# تابلۆی بەرگری

شەوێک لەشەوان سەرخۆش بووم، مەست بووم بەتەماشای پۆرترێتی ئافرەتێک کەخۆشم دەوێت.. بەدەم وێنەکردنی پۆرترێتی ئەوەوە هێڵەکان گیانمیان دەکرد بەئاواز، بەسەما، بەدەم سەماوە تەماشای سنگ و مەمکی ئەوئافرەتەم دەکرد کەخۆشم دەویست..کەوێنەکەیم دروست دەکرد..چونکە زۆرم بیر دەکرد.
لەپڕ نەڕەی هاوارێک بەرگوێم کەوت.. تارماییەک بەدوایدا! **تاریکی لەبنمیچی ژوورەکەمدا کەلەبەرێکی دروست کرد و نەڕاندی بەسەرما!**
بینیم کابرایەکی تیسکنی ناشیرینی چاوسوور، یەشماغ و دەمامکی بەستووەو شمشێرێکی لەدەستەو قامچی بەدەستەکەی تری دەوەشێنێت! لە ئەبوو عەمامە دەچوو! لە گیانی شەڕیری عەرەبێک دەچوو! بینیم شەش سەری لێ پەیدا بوو، هەر سەرێکی لەیەکێ لەجەللادەملهووڕەکانی زیندانەکانی بەعس وتورک وفارس دەچوو! بەهەرشەش قەپۆز دەینەڕاند، تووڕەدەبوو دەیویست بمترسێنێت.. باڵای کورتەبنەو قەمووربوو، وورگی زلبوو هێـندەی هەرشەش سەرەکانی! لەبەردەممدا قوت بووبووەوە ودەیبۆڕاند: شەڕی من ژیان بەڕێوە دەبات! من ڕابەری چەهەننەمم لەسەر زەوی!
منیش دەستم لەقەڵەم بەرنەدەدا، سرۆشی هونەرلە چاوی وێنەی خۆشەویستەکەمدا هەستێکی دڵنەوایی مەزنی پێ دەبەخشیم، بۆیە نەترسام.. دەستم لەسەر کێشانی وێنە هەڵنەگرت! تا زۆرجوان وێنەی چاوەکانی ئەوم تەواوکرد.. دێـوەکە شمشێری بە نەڕەی هەڵمەتەوە بە حەوادا خوول دەدا، دەیویست سەرم بپەڕێنێت! لەوکاتەدا وێنەکەم لەسەر خامە دەرپەڕی.. بەلەشێکی ڕووتەوە لەناوژوورەکەدا چووە بەردەمی دێـوەکەو فەرمووی: ئەگەر عیشقی هەمووجیـهان سەرببڕیت، زەڕڕەیەک کامەرانی چنگ ناخەیت! شەڕ لەپای چی؟
کاتێک کەدێـو ئەوی بینی بچوک بووەوە، هێـندەی تر تاریک داهات لەڕق دا، بۆڕاندی بەسەریداو ووتی: من بەعیشق دەوێرم.
کەوەهای ووت، خۆشەویستەکەم هاتە باوەشمەوە.. دەستی هێنا بەڕوومەتما، دەستی خستە ژێر چەناگەم تەماشاکانمی لەسەر خامەوە گواستەوە سەر ڕوخساری دێـوە شەش سەرەکە.. دێـوەکە بەرگەی

تەماشاکانی ئێمەی نەگرت.. وەک میزەڵانێکی پڕلەهەوای دەم بەرەڵا فشەفش لەژوورەکەدا خولی دەخوارد بە دەوری خۆیدا، تا هێـندەی میزەڵانێکی فش بووەوەی لێمایەوە.

پاشان کەوتە سەر زەوی! پاشان خۆشەویستەکەم بە قنچکە جگەرەکەی دەستم ئەوی هەڵگرت و بردی فڕێی دایە ناو ئاودەستخانەکەوە! ڕاستەوخۆش گەڕایەوە ناو دەفتەرەکەی ژێردەستم، بەدەم هێڵکێشانەوە چاوی لێدادەگرتم.. فەرمووی: ببوورە کەمێک خەیاڵم پچڕاندیت، چونکە بینیم دێـوێک دابەزی ویستی سەرت ببڕێت. فەرمووم: هیچ هێزێک ناتوانێت دەست بۆکەرامەتی عیشق بەرێت، چونکە عەشق هەرگیز لەبن نایەت.. مـرۆڤ هەزاران هەزار جار دەگەڕێتەوە ئەم ژینگەیە بۆگەیاندنی پەیامی عەشق. زەڕڕاتی عەشق لەپرتەوی خۆردا پرشنگ دەداتەوە.

ئەوشەوە کات درەنگ بوو، وێنەکەم جارێکی تر لە دەفتەری سکێچەکەم دەرپەڕی و نەگەڕایەوە ناودەفتەرەکەی بەردەمم، لەژوورەکەمدا دەهاتوودەچوو، دیار بوومەیلی ئاخاوتنی هەبوو.. خۆشەویستەکەم تەنها هێڵ بوو، کۆمەڵێک هێڵی جوان وڕازاوەی ڕەش وسپی، فەرمووی حەزدەکەم بۆیەم بکەیت.

منیش لەبەری هەستام، بغوردێکم بۆداگیرساند، لەگەڵ دوومۆمی سپیدا.. پاشان لەسەرئەژنۆ بۆیەکتری چەمابینەوە، سەری ڕێزمان بۆیەکتری دانەواند.. یەکتریمان لاواندەوە تادەمەو بەیان.

ئینجا ڕەنگم ڕۆکردە سەر پالێتەکەم.. لە بری فلچە دەستی ڕاستمم بە کار برد.. دەستم بە ڕەنگەکان بۆیە کرد.. هەر پەنجەیەکم ڕەنگێکی لەمس کرد.

بە دوای ئەوەدا، دەستم وەک سەمایەکی هێواش بەسنگ ومەمک و سکیدا دەهێنا، بۆنی لاملیم دەکرد، پارچە پارچە بە ڕەنگ سنوورەکانی ئەندامەکانی لەشییم بۆیە دەکرد.. یەکتریمان خۆش دەویست..دەستم بەپرچی زەردیدا دەهێنا، نەمدەزانی چۆن پرچی خاوی زەرد دەبوو و پرشنگی بەژوورەکەم دەدا، نەمدەزانی چۆن بریسکەی چاوەکوژەکەییەکانی هەوای ژوورەکەی کوژەکەیی ڕەنگ دەنەخشاند؟

نەمدەزانی بەدەستی، بەچاوی، بەهەستی کاممان گیان ولەشی ئەو لەژوورەکەدا ڕەنگین دەبوو! نەمدەزانی چۆن سیمای وردە وردە دەگۆڕا ودەبووبەهەموو ئەوئافرەتانەی لەژیانمدا خۆشم دەویستن، وێنەم دەکردن! هەر ڕەنگێکم دادەنا؛ جوانییەکی تر لە شوێنیدا دەزا! فریشتەیەک بەدی دەهات لە ڕەنگەکانی تەماشایدا!

نازانم کەی وچۆن ئەوشەوە خەوم لێکەوت.. بەڵام کاتێک بەیانی ڕووت وقووت بێدار بوومەوە بینیم کۆمەڵێک وێنەی تایبەتی چەندان ئافرەتی زۆرجوان لەسەر دەفتەری وێنەکەم سەیرم دەکەن. گشتیانم بینی بەڕووتی کۆچ دەکەن لاپەڕە بەلاپەڕەی دەفتەری وێنەکەم تەی دەکەن، دەگەڕان بەدوای درەختی زەماندا، چونکە دەنگی نەوایەک ئەوانی بانگ دەکرد، ئەوانی بەرەو ئەولاپەڕەیە دەبرد کەتیایدا درەختی زەمان هەنگاوی دەنا، بەئازادی لەئاتمۆسفاری لەهێڵ دروست بوودا دەڕۆی، پێیەکی لەزەمین بوو پێیەکی لەئاسمان، لەشی پڕبوو لەنەخشی کوتراوی جوانجوان.. نەخشی هەزاران منداڵ، هەزاران باڵندە، هەزاران مەسیح وماریا.

بینیم هەموو ئەوئافرەتانەی کەخۆشم دەوێن ڕووت وقووت لەسەر لەشی مـرۆڤی بێـوڵات وبێـئالاو بێناو تۆمار دەبوون هەروەکو نەخشی کوتراو.

مێرولەکان فەرموویان: خواکان جوانی دەپەرستن، ئەوانیش هوونەرمەندن. هەروەک جاڵجاڵۆکەی مەزن. تەونەکان لە نادیاردا دەچنن. ئەمەش ڕاستییەکە کە پێغەمبەرەکان نەیانزانییوە!

# تابلۆی درۆزن

کاتێک کەدرۆ دەکەیت، خانەیەکی گیانیی مەزن وون دەکەیت.. دەشێت درۆی سپی کە پاراستنی کەرامەتی مەبەستە بکرێت.. بەڵام گەر بێت ودرۆکان بکەن بەخوو، ئەوا بێکەرامەت دەبن.. بینینتان دەشێوێت.. سەری جوانیتان لێدەشێوێت . باوەڕەکان لە دەروونەکاندا دەمرن؛ بەوە بچووک دەبنەوە، لاواز دەبن، ناتوانا دەبن.. چونکە کاتێک کە دەتانەوێت جوان ببینن.. دووچاری درۆ دەبن لەوێشدا.. درۆکان درۆی ترتان فێر دەکەن.. درۆزنیش ڕووڕەشی لای خوایە.
مـرۆڤ بەردرۆکانی درەختێکی زەهری قەترانی لە دەروونندا درووست دەکات.. مـرۆڤ دەگۆڕێت بە دێـو، دێـوێکی ڕەش.. ئەو دێـوەش سرووشتی نێرە مووکەو زوو زوو لەخۆی دەپەڕێت، گەرا دادەنێت، بەچکە دەکات، هێلکەش دەکات لەهەمان کاتدا کە گەڵاش دەگرێت! زۆر دەبێت دێـوەکە، هێندە زۆر تا سەرتاپای مـرۆڤەکە داگیر دەکات! مـرۆڤ وا لێدەکات هیچ باوەڕی بەخۆی نەبێت.. وای لێدەکات سەری لە هیچ نەسووڕمێت.. یان خۆی بەهیچ نەزانێت، باوەڕی نە بەخوا بێت نەبە خەڵکی و نە بەخۆیشی! ئیتر چاوەڕوانی چی لە مـرۆڤی وەها دەکەیت؟ درۆ نەکەیت گەر مەجبوور نەبوویت. درۆزن پیسە. درۆکان گورگن دەتوانن گیان هەڵدڕن. مێرولەکان فەرموویان: درۆ نەخۆشی و مەرگی هێنایە ناو ژیانەوە و بە مرۆڤیدا لکاند. چونکە درۆ دێوە، دێوێکی مەزن کە مرۆڤ ناشرین و پیرو زەلیل و سست دەکات، پاشان دەیخوات. ئیتر چاوەکانی بینینتان کوێر دەبنەوە، ئیتر بە درۆوە دەخۆن و دەنوون و دەکەن و دادەهێنن. بەرهەمەکانیان مەرگ و پیری و نەخۆشی و پیسترکردنی ژینگەیە. وەک دەبینن. درۆزن دوژمنی خوایە. و لەم کتێبەدا جێگەی نابیتەوە.

# تابلۆی ڕاستەقینە

ڕاستەقینە هەمیشە جێگەیەکی خاڵیی هەیە وتایبەتی کردووە بۆ گوومان.. گوومان ڕووبەری بەربڵاو نییە، بەڵام ڕاستییەکانی تیادا جێگە دەبێتەوە.. بۆیە ڕۆژێک بەر لەوەستانی کات، واتە بەرواری بیستەمی نەورۆز، ئێوارەسات لەدارستانەکەی نزیک ماڵەکەمدا، واتە لەدوورگەی هەستکردن بەکەمی، پیاسەم دەکرد..تاکوو تەنها بووم.. **تەنهایی** لەدەروونی دارستانەکەدا هاتە سەر ڕێگەم و پێی فەرمووم: من تۆڵەی هەستی تەنهایی تۆ لەم گەلە سەگ پەرستانە دەکەمەوە.. نایەڵم بەسەریانەوە بچێت چەند تۆیان تەنها کردووەوئەزێت داوە.

لەوەڵامدا بەتەنهاییم فەرموو: من نە شەڕی تۆ و نە شەڕی ئەوانم ناوێت! فەرمووی: بەڵام من لێیان پڕم! لەو کاتەدا بوو کە هەستمکرد تەنافێکی جاڵــجاڵـۆکە بەر چاوم دەگرێت.. کەسەرم هەڵبڕی، تەنها فریای ئەوە کەوتم تەنافە ئەستوورەکەی سەر سەرم ببینم کە جاڵــجاڵـۆکەیەکی سپی خۆی پیادا شۆڕ دەکردەوە سەر سەرم!

زۆری نەبردهەستمکرد جاڵــجاڵـۆکەکە خۆی لەسەر تەوقی سەرم جووت دەکات، بەسەرما نووسا وهەر هەشت پێکانی گیر کرد لەملاولای سەرم..لەشی تیشکین وسپی وتیژ بوو، واتە دەست وبرد خۆی چەقاندە ناوهزرو قوڵاییەکانی ناخمەوە..یان وەک دەرزییەکی گیانبڕ چووە ناو مێشک و گیانمەوە! چۆن؟ نازانم، بەڵام هەستمکرد بەبێ ئەوەی کەمترین ئازارم پێبگات پاکژ دەبمەوە..

هەستمکرد سەرتاپای بوونم پاکژ دەبێتەوە.. دەنگێکی زۆر سەیرم لەغەیبەوە کەوتە بەر گوێ..بەئاوازی سیتارو پیانۆ وچەلۆ، تێکەڵ بەدەنگی گیتارو کەمانچە.. لەگەڵ تۆنی دەهۆڵ پێکەوە ئاوازێکی سەیری گیانییان دەژەند.. گوێم لە درێژ بوونەوەی ئیقاعی ئەم ووشانە بوو: سااا..ساساسا..ئاااا..ڕێ ێ ێ.. بێ بێ بێ بێ..سەسەسەسااااى..تێ تێ تێ.. سااا... واتە ئاوازی پیتەکانی ناوی خۆم بیست بە دەنگی ڕاجا شانکار.

پاشان دەنگەکە فەرمووی:سەربەست. فەرمووم: بەڵێ. فەرمووی: دانیشە. دانیشتم. فەرمووی: هەستە. هەستام. فەرمووی: پشوو بەو لەهەمان کاتدا ووریا بە. منیش وەهام کرد وەک فەرمووی. وەک سەردەمی منداڵیم چاوەڕوانی لووقمەی زانست بووم لە غەیبەوە بگات بە دەروونم، بە هۆش و بیرم.

پاشان فەرمووی: هەرچی ڕاستییەکت هەست پێکرد شانازیی پێوە بکە..لێرە بەدواوە ئێمە دەست بەباڵتەوە دەگرین.. ئێمە گیانی بوونەوەرین وپشتگیریت دەکەین.. نەترسیت. چونکە پەیامی بوونەوەر دەبێژیت.

جاڵـجاڵـۆکە فەرمووی: من بوونەوەرم چنیوە، ئەی مـرۆڤ، من ئـێوەم چنیوەو تەون کردووە.. ئـێوە گشتتان لەتەونی منن.. مـرۆڤایەتی گیانداری وردیلەن ولەتەنافەکانی مندا گیریان خواردووە. هەمان شێوە هەسارەکان و گەردوونەکان و تەنانەت بوونەوەریش لە منەوە دەست بە ڕێسان دەکات.

من دەمەوێت ئازادتان بکەم..چونکە لەنێوان مـرۆڤەکاندا هەست بە مانی کەرامەت دەکەم.. بۆیە بەم پەیامانە ئاگادارتان دەکەم، پێتان دەڵێم گوومان لەڕاستییەکانی ئەم کتێـبە مەکەن.. هەڵەکانی ئەم کتێـبە زانستین و بەڕوویەکی ئاکاری دەربڕاون.. ووتەکان وفەرموودەکان ڕاستییەکی گوومان لێنەکراوی ئەم باسانەن لە زمانی پەنابەرەوە پێتان دەگات..

**دەبێت بزانن کە جاڵـجاڵـۆکەیەکی سپی بەڕێوەبەری بوونەوەرە.. ئەو بوونەوەر دەچنێت.. هەر ئەویشە دادەبەزێت و دەبێت بە پەیامبەخشی پێـغەمـبەران..دەبێت بە پیر، فەقیر، بە جوبرائیل، میکائیل، ئیسرافیل، عیزرافیل..دەبێت بەفریشـتەو بەحۆری وبەبت.. بەخواو خواکـان.. دەبێت بە پەیامی هونەرو جوانی.. دەبێت بە باڵندەی لەقلەق.. بەڵام شەڕ لەسروشتیدا ناژی.. چونکە پەیامی مردن ولەناوچوونی شەری بۆ هێناون.. پەیامی هونەرو جوانی.**

ئەو ڕۆژە لەو پیاسەیەدا تێگەییم کە شتێکم بەسەر دێت. کاتێک لەپیاسەکەم گەڕامەوە، ئارەقێکی گەرمم کردەوە.. هەستم بەگێژ بوون کرد.. چاوم ڕێشکەو پێشکەی دەکرد.. بەرچاوم سپی سپی بوو، لەڕۆشنایی تەنافەکاندا هیچم نەدەدی.. توانیم تەنها بنووم.. نووستم.. تا لەخەوما تابلۆی مارم یاد هاتەوە..

**مێرولەکان فەرموویان:** ئەم گۆیەی کە مـرۆڤایەتی لەسەر دەژی. حەژیایەک چاودێرێتی. حەژیایەکی مێینەی سپی. هەندێک دەڵێن نێرینەشە.. باڵام من تەنها دەیبینم، دەشێت یەکیان گرتبێت! عاشقە و ماشقە بن!

# تابلۆی مار

کاتێک کەیەکتەختە ڕاکشام و نووستم، لەخەونمدا خۆمم بینی.. خۆمم بینی لەدۆخی ڕاستییەکی منداڵیمدا منداڵ بووم، تەمەنم هێندەی ئەو کاتە دەبوو کە بۆ یەکەمین جار پیرشالیارم تیادا بینی.. ئەو سەردەمە منداڵ بووم لەناو خێزانەکەمدا لە کونجێکی لە دەرڕابە دروستکراودا دەژیاین لە کەلاوەیەکدا! نەدار بووین، وڵات داگیر کراوو ژیان پڕ بوو لەترس.

شەوێک لەشەوان هاوارم لێهەستا.. هاوارم لەدایکم کرد تا فریام بکەوێت.. چونکە لەژێر کانتۆرەکەدا لەژووری نووستن دوو ڕەشماری گەورەو ئەستوورم بینی! دوو ڕەشماری ڕاستی! هاوارم لێ بەرز بووەوە.. ووتم دایە گەر فریام نەکەویت ئەم مارانە دەمخۆن.

دایکم نەهات بەلامەوە، چونکە ئەو مارەکانی دەناسی.. بەڵام لەژوورەکەی ئەودیوەوە کە لە لەوح و دەرڕابە دروستکرابوو وەڵامی دامەوەو ووتی: مەترسە کوڕم، ئەوە ماری عاشقەو ماشقەن، ئەزێتی کەس نادەن، ناتخۆن..

بەڵام ئەگەر یەکێکیان لێبکووژیت لەهەر جێگەیەکی ئەم سەر زەمینە بیت، پەیدات دەکەن وپێوەت دەدەن ودەتکوژنەوە لەتۆڵەی خۆیاندا. دەبێت ئەزێتیان نەدەیت، دەبێت شوێنی ژیانییان پاک ڕابگرین، چونکە ئەوان سەر بەڕسقن! ئەوان ئێمە لە مەترسی دەپارێزن کوڕم، لێیان مەترسە، بنوو.

من کەمێک ترسم نیشتەوە. چونکە هەستم دەکرد مارەکان بە دەنگی دایکم ئارامم دەکەنەوە. بەڵام تا درەنگانێک خەوم لێنەکەوت.. کە نووستم هەردوو ڕەشمارەکە هاتنە خەونم.. کلکیان لەدەمی یەکتریدا بوو.. یارییان دەکرد، زۆر جوان بوون.. لەشێوەی ماری کووبرادا لەسەر سنگ قووت ڕاوەستان وسەری ڕێزیان دانەواند بۆم.. یەکەمیان فەرمووی: ئەگەر بێیتە ناو دەممانەوە ناتخۆین، بەڵام گەردوونی خۆمانت نیشان دەدەین.

منیش وەک منداڵێکی خۆش باوەڕ ڕەزامەندیم نیشان دان.. چوومە ناو قەپی یەکەمیانەوە..لەگەروویەوە هەڵخلیسکام وچوومە ناو گەرووی دووەمیشەوە.. هەر ئەو شەوە گەردوونی مارەکانم بینی، بینیم ئەوان پاسەوانی بوونەوەرن.. بوونەوەر لە گەنجێک دەچوو، کە دایکم هەندێک جار بەر لە نووستن بۆی باس دەکردین.

کاتێک لەو گەشتە گەڕامەوە.. توانیم بنووم! کاتێک کە بێدار بوومەوە، زانیم کە دەکەومە قۆرتی یادگارییەکانی منداڵیمەوە. منداڵییەک لەگەرووی دێـوەکان وهەژدیهاکاندا..لە قەپۆزی شەڕو داگیر کاری وکوشتن وقاتووقڕدا.. لەناو دێـوەکانی بەعس وعارەب وتوورک وفارس و شەڕی ئەهریـمەنەکانی ئینگلیزو ئیسلام وجیـهاندا! نەمدەزانی چی بکەم لەترسا؟

گەرچی مارەکان دڵنیایان کردبووم کە دەمپارێزن.. بەڵام منی منداڵ هەر دەترسام.

چل ساڵ و چل شەوو چل ڕۆژ وچل کاتژمێرو خوولەکم بەوەوە بردەسەر تا ترسەکانی دێـوە داگیر کەرەکان لەگیانی خۆم دەرکێشم.. چونکە ئەو دێـوانە زۆر بێکەرامەت بوون دژی نەوەی حەزرەتی نـوح و زاگرۆس.. نازانم چیتان پێ بڵێم!

بەڵام هێندە دەزانم تا ئەو کاتەی منداڵەکانی جیـهان بکەن بە خۆراکی شەڕ؛ تام لە عیشق وئازادی ناکەن..
مێرولەکان فەرموویان:
پێویستە فێربن کە دادپەروەرو خێرخواز بن.. چونکە ئازادی لەدادپەروەریدایە.. دادپەروەریی جیـهانی. هەر مرۆڤێک پێویستە لەسەری هەست بە هاوگیانی هەر گەل و هەر میللەتێک بکات، تەنانەت دەبێت مرۆڤ هاوهەستی و هاوگیانیی بەرامبەر بە دوژمنیش نەدۆڕێنێت. چونکە هەستی دووژمنایەتی کردن دەروونی مرۆڤ پیس دەکات. **ڕاستە من لەم کتێبەدا پەنجە بۆ نەتەوەی دوژمنی زاگرۆس درێژ دەکەم و بە دێو ناویان دەبەم، بەڵام لاریم لەوە نیەیە کە ڕاستی گوناح نییە. هەروەها لە ناو گەل و نەتەوەی حەزرەتی نوح-یش دا دێو هەن، ئەهریمەن هەن، شەڕ بەرپا دەکەن. گووناح دەکەن. گەندە خۆری لەسەر باوەڕی باوکیان دەکەن.. هەن لەناویاندا سڵ لە هەر جوانییەک دەکەنەوە.. شەرم لە هەر باوەڕێک دەکەن، درۆ دەکەن، دەبن بە جاش بە نۆکەر و درۆکان هەڵدەبەستن.. خۆیان پیس و پیستر دەکەن. جێگەی داخە کە میللەتی زاگرۆس شەڕ سەرباری خۆیان دەکەن.. چونکە دێوی باوەڕی ئەوانی تر دەپەرستن و خۆیان سەرزەنشت دەکەن. چونکە ئایینی باپیرانی خۆیان وەلکردووە و فێری پەرستاریی ئایینی دێوەکان بوون.**

# تابلۆی هاوڕێ

لەقوتبی یەکەمی پەنابەریمدا من، لەمێژساڵە پەنابەرم، نیوەی تەمەنم بەهەدەر ڕۆیی لە ئاوارەیی ونامۆییدا، وەک فەرمووم، من لەسەرپشتی گامێشێکی باڵداری سپی گەیشتمە دورگەی هەستکردن بەکەمی ! لەو ساڵەدا کە کات وەستا.. ژیان وەستا! ڕۆژ ومانگ وئەستێرەکان وەستان! گشتیان لەمندا ڕاوەستان.. بەرلەوەی بگەمە دوورگەکەی هەستکردن بەکەمی! لەحەوادا بەدەم سەفەرەوە دێـوێکم بینی! بەلامدا بەسواری فڕۆکەیەکی جەنگیی هاوچەرخ بەتیژی فڕی و نەڕاندی. دێـوێکی چەناگە ئەستووری بەرازپێست وجەللادی مەسیحم بینی، مۆرەیەکی لێکردم. وای دەزانی دەتوانێت حەزرەتی نـوح بترسێنێت!

زۆر بەپەلە بوو دێـوەکە، کاتی نەبوو، چونکە چەکی دەگواستەوە بۆ سووپای نەتەوە یەککگرتووەکان! کە دەیانویست هاوکاری گروپە چەپە ئیسلامییەکان بکەن ، بۆ لەناو بردن وبۆمبابارانی ئیسلامییەکان!

دێـوێکی حیزو نەزۆک بوو، قەشەش بوو کەدەبووە میشونار( مورشید)! خێسەیەکی ناشیرینی دێـوئاسای لێکردم وبەخێرایی بەلامدا تێپەڕی!

نازانم، وابزانم تفێکیشی هاویشت! چونکە لە نەڕەیدا هیچم نەبیست! تفەکە بەرمن نەکەوت باشبوو، بەڵام بۆنی بۆگەنی قەپۆزیم کرد! زۆرناشیرین بوو ئەودێـوە! تووشی دەردی گوولیی بیباوەڕی بووبوو!

دەیویست ببێت بە موسوڵمان! من زۆردەربەست سەیرم کرد.. بەتەماشایەکی کتوپڕ پێم فەرموو: هەزار باوەڕیش بگۆڕیت، هەر پەشیمان دەبیتەوە.

کەلە دواییدا گەیشتمە دوورگەکە و گیرام ودەست بەست وقاچ بەستیان کردم، هەزاران دێـوی وەک ئەوم بینی، بۆیە لەو خۆش بووم، چونکە دوایی بەخێوی دێـوەکە ئاشنا بووم!

بینیم، خۆی زۆربەزل دەزانی! وایدەزانی هەموو جیـهان هی ئەوە! دەیگووت: هەرچییەک هی هەرکەسێک بێت،ماڵی منە. دەیگووت: تۆچییت؟ لەکوێوە هاتوویت؟ ناوت چییە؟ خەڵکی کوێیت؟ بۆهاتوویت بۆ ئێرە؟ ئێرەت پێخۆشە؟ بۆناگەڕێیتەوە بەرگری لەوڵاتی خۆت بکەیت؟ چی دەکەیت؟ چیکارەیت؟

ساڵانێکی زۆرە من کارم تەنها ئەوەیە وەڵامی ئەوپرسیارانە بدەمەوە..خواخوامە هاووڵاتییەکم لێرە کەتنێک، گووناحێک نەکات. چونکە ڕۆژی دوایی دێـوەکان دەکەونە مۆرەکردن وبزەی نەخۆشانە تێگرتن.

وەک فەرمووم **کاتێک بەسواری گامێشە سپییەکە** گەییمە دوورگەی هەستکردن بەکەمی، بینیم زۆربەی مـرۆڤ دێـوپەرستن، خێویش زۆرە.. منداڵەکانیش لەقوڕگی دێـوەکاندا تووڕەو نەخۆش و پەست بوون.

بینیم درۆ مەزنترین پەرستگای بۆدانراوە! بینیم درۆ لووتی شانازیی کردۆتە ئاسمان وبەخواکـان دەڵێت: داگیرتان دەکەم.

بینیم دێـو ئەحمەقێک بەناوی- کارڵ ئی هاگن- پانزەساڵ هەمان درۆی بۆ سەگ پەرست و بەرازو دێـوەکان دەکرد، ئەوانیش هەمان بەدرۆ چەپڵەیان بۆی لێدەداو درۆکانی ئەویان قووت دەدا! فێری ڕق و خێسەو خودپەرستی وهەلپەرستی ودرۆزنی وگەندەڵبوونی گیانیی دەکردن.

فێری ڕق لێبوونەوە لەجیـهان. فێری دەکردن چۆن بەکەم سەیری بێگانە بکەن! چۆن بێگانە سووک بکەن! دێـوێکی پەست و دزێوو ناشیرین بوو کەتەماشای لووتی خۆی دەکرد.

بۆیە من ئەوخێسەو تفەی لەڕێگا لێمکرا؛ لە دواییدا خاوەنەکەیم ناسییەوە، چونکە خێوەکەیانم بینی.. دەشێت نەزانی خێوەکان کێن؟ با بۆتی ڕوون بکەمەوە کە خێو ئەوەیە دێـوبەرێوە دەبات! یان دێـو

بەخێودەکات! نێرو مێیان هەیە. دزن، درۆزنن، خۆپەرست وهەلپەرستن.. نەخۆشی ودەردوو نەزانی ومردن سەرباری کەرامەتی مـرۆڤ دەکەن. مێشکی مـرۆڤ دادەشۆرن..

**بەر لەوەی پشوو بدەم، دێـوێکم بینی بە عەینەکێکی ڕەشەوە هات بەمیوانیم** ، داوای عەشقی لێمکرد! منیش نەمکردە نامەردی لەسەر دابی کەلتووری خۆم تا توانیم عەشقم پێیدا! هێـندەی حەزبکات عەشقم پێیدا!

کەچی لەدواییدا دەیگووت: دەبێت بێیت نۆکەریم بکەیت، ببیت بەکۆیلەی من! منیش دەمگووت: ببورە من هەرگیز لەهیچ سوورێکی ژیانمدا کۆیلە نەبووم، چونکە من لەوەتەی هەم خاوەن کەرامەتم.

دەیگووت نەء، دەبێت من خاوەنی کەرامەتی تۆ بم. منیش دەمگووت: نەک تۆ، بەڵکوو ئەگەر هەموو گەردوونەکان ببن بەیەک، کەس ناتوانێت زەڕڕەیەک لەکەرامەتی کەسێکی تر داگیر بکات. چونکە من کەرامەتێکی تایبەتم و هەر کەسەو کەرامەتی خۆی هەیە.

دەترسا، دەرۆی بووختانی بەدەمەوە دەکردم، دەچوو بەخێوەکانی دەگووت: ئەوبابایە هاتووە قسەمان پێدەڵێت، هاتووە لێمان بدات. منیش دەمویست داستانەکانی مەم وزینی بۆباسبکەم، باسی خەج وسیامەند، شیرین وفەرهاد، باسی ڕۆستەم و زۆراب.

ڕێگەی نەدەدام، تووڕە دەبوو لێم، وڕکی دەگرت، دەچوو خۆی دەدا بەسەر سەگ و وبەرازدا لەڕقا! نازانم بۆ؟ من هەرگیز خێوودێـوی لەوجۆرەم نەبینیبوو!

کەتێگەیی ناتوانێت کەرامەتی من داگیر بکات، تێگەیی کە من خاوەن کەرامەتێکی پیـرۆزم، لەگەڵ دێـوەکان هەڵناکەم. بۆیە من هەر لەیەکەم ڕۆژی گەیشتن ودابەزینمەوە لە دوورگەی هەستکردن بەکەمی زیندان کرام، حوکمی ژیانیـان دا بەسەرمدا لەبری مەرگ! نەیاندەزانی کەمن لە قوتبی مردنەوە هاتووم.. دەزانم سرڕی نەمری لەکوێدایە!

ئەوان ناشییانە لەمێشک و دڵمدا، لە جیناتەکانمدا بۆی دەگەڕان! وایان زانی دەتوانن لەگەڵ بەسەرچوونی کاتدا بمکەن بەدێـو! هەڵە تەخمینی سروشت و کەرامەتی منیـان دەکرد.

لەهەمووی ناخۆشتر ئەوە بوو کە چەند دێـوێکی هاوزمانی خۆمیان کردبوو بەجاسووس بەسەرمەوە، ئەوانیش قەبارەیان زۆر بچوک بوبووەوە، هەردرۆیەکیان دەکرد خوڕخوڕ ئارەق بە گیانیاندا دەهاتە خوارەوە.. وایان دەزانی دەتوانن پارچەیەک لەکەرامەتم بۆخۆیان بدزن!

کەدەهاتن بۆلام، یان من دەچووم بۆلایان، دەمبینی جێگە قەپاڵی نوێی دێـو؛ بەلامل وڕومەتیانەوە بوو.. هێـندەی تر بچوکتر دەمبینین کاتێک لەبری ئەوەی لووتیان درێژ بێت وەک پینۆکیۆ، قەبارەیان بچوک دەبووەوە! دواجار کەبینیمن پەنایان بردبووە بەر ڕەنگە ناشازەکان، ڕەنگە نێرەمووکەکان، ئەوڕەنگانەی کەچاوفریودەدەن، کە درۆ دەکەن، کە جاسووس حەزیان لێدەکات، ئەوڕەنگەی دڵ قورس و؛ دەروون ناچارت دەکات  هیچ نەڵێت، یان گومڕا بێت و باوەڕ نەکات!

لەوڵاتی زلهێزەکان پیـرۆزترین ڕەنگ دەکەنە بەری تیرۆریستەکان و مونکەکان! کەچی هیچ دێـوو مـرۆڤێک ناپرسێت بۆچی تێرۆریست بەرگی پرتەقاڵی لەبەر دەکرێت؟

زۆربریندار دەبووم کە من بەهەمووگیانی لێبووردنەوە دەچووم بۆلایان کەچی، ئەوان پێم پێدەکەنین، نازناویان بۆ دادەتاشیم ودەگووت خاڵی تێکچووە! دەیانگوت خاڵی تۆخۆت بەسەربڕین دەدەیت.

من دەربەستی ئەو قەزمەباسانە نایەم، چونکە من بەدوای پەیامی خۆمدا دەگەڕێم، من بەدوای عەشقا دەگەڕێم! سەرم بەرز ڕاگرتووە، توانیومە عەشق بلاوێنم.. جوانی بژێنم، سوود لەتاریکایی زیندانیش بەرم، توانیومە لەخۆمەوە فێر ببم.

من توانیم عەشقم بکەم بە چراو دایگیرسێنم. بەدێـوەکانیش دەڵێم ئـێوە بۆتان نییە قەپاڵ لەملی هاورێکانم بگرن، لەقەبارەی کەرامەتیان بدزن. من توانیومە مۆمێک بۆ کەرامەتی خۆم دابگیرسێنم.. کەهاتم باسی خۆمم نەکرد، چونکە بواریان نەدام، لەبری ئەوەی ڕێگەم بدەن لە ئاتێلە وستۆدیۆی خۆمدا سەرگەرمی وێنەکێشان بم، مەنفایان کردم لەدەروونی دێـوە نەخۆشەکاندا !

زمانیشم نەدەزانی.. بەتووڕەبوون وەڵامی کرداری شەڕم دەدایەوە، بەخەندە وەڵامی جوانم دەدایەوە. بەڵام ئەوان تەنها لەتووڕەیی دەگەیشتن، دێـوپەرستەکان لەخەندەی مـرۆڤ وپەنابەر تێناگەن. پەست دەبن لەوانەی کە نوچیان بۆ نادەن و نایانپەرستن.

وادەزانن پەنابەر مـرۆڤ نییە، دێـو نییە، دێـوپەرست نییە! منیش گۆشەگیر بووم، هێندەگۆشەگیر کە خێزانەکەیشم دوای ساڵانێک لەگۆشەگیری نەیتوانی کەمێک شارەزایی بەرامبەر خەندەکانم پەیدا بکات، چونکە هەستی نەبوو، خەندەکانی منی نەدەبینی، جوانییەکانی منی نەدەبینی، سرۆشە هونەرییەکانی منی نەدەبینی، وێنەکانمی نەدەبینی.

گۆشەگیری بردمی بەرەو دوورگەکانی قوتب، لەقوتبا مەراتییەکانم بینی، بینیم گەردونی من ڕۆشنە، پڕە لەڕووناکی.

ناچاربووم بێمە دەرێو بەم و بەو بڵێم: من مـرۆڤێکی گۆشەگیر نیم، من مـرۆڤێکی نایاب وڕەسەنم، دەتوانم ژیان ببینم، بگۆڕم، جوان بکەم، دەتوانم قووتبەکان ببینم وگەشت بەناوگەردوونە تاریکەکانی دێـوو، گەردوونە ڕۆشنەکانی مـرۆڤ وبت و خواکـاندا بکەم. توانیم دوومنداڵ لەدیوپەرستێک دروست بکەم! دوومـرۆڤ، دووگیان، دووپەیام.

**توانیم بەتوونێلەکانی مەرگی ئەواندا تێپەڕم وبشگەڕێمەوە بۆناویان تا پێیان بڵێم: ئەوەی گەییە تونێلە تاریکەکە، تاریکی قووتی دەدات، هەرگیز هیچ ڕۆشناییەک لە دوای تاریکییەوە نییە. ئەم وتەیە پێشکەشە بە ( پاولۆ کۆیهلۆ)ی تازەترین نووسەری ئوکولتیزم.** چونکە ئەوەی کەمردو؛ لە ئەنجامی کارەکانی ژیانیدا ڕۆشنایی نەدی، هەرگیز ناگات بەڕۆشنایی، ئەوەی تاریک بینە، ڕاستە تاریکی قووتی دەدات، دێتەوە تا سزای تاوانەکانی خۆی وەربگرێتەوە، بەڵام ئەوەی ڕۆشن بین وڕۆشنایی دەبینێت، بۆ هەمیشەیی دەچێت، دەگات بەئازادی وسەرپشکە لەگەردوونی خۆیدا دەبێت بەچی؟ یان چیدەکات.

ناچار لەدرزی ڕۆشناییەکەوە دەگەڕامەوە ناو ژیان وباسی گەردوونی خۆمم بۆدەکردن .. هێشتا هەمان کار دەکەم ؛ دەزانم سەرکەوتوو نابم، بەڵام دڵنیایان دەکەم کە دێوەکان ناتوانن کەرامەتم داگیر بکەن.

لەقوتبی پەنابەریمدا من قوتابییەکی بچکۆلانەی منداڵەکانمم، ئەوان فێرم دەکەن چۆن بەتەنافەکانی جاڵـجاڵـۆکەدا هەڵبگەڕیم وباسی هەمیشەیی بکەم، باسی ژیان، مەرگ، عەشق، مردن، ئازادی.

کوڕە بچکۆلەکەم دەفەرموێت: بابە، ڕاستە مردن هەمیشەیی نییە؟ ڕاستە کەمـرۆڤ دەمرێت خەو دەبینێت؟

منیش دەڵێم: بەڵێ ڕاستە. خەونەکان توولەڕێگای ڕاستییەکی ترمان نیشان دەدەن.. جیهانێک هەیە نادیار.. لە خەون دەچێت. لەوێ دێوی مادده پەرست ناژی و لەوێدا کەس لەوی تر ناترسێت. کەس تاوان ناکات، تووڕە نابێت.. چونکە مەرگ شەڕ بەو جیهانە ئاشنا ناکات.

کوڕەکەم دەفەرموێت: باوک لەوڵات گرنگترە.. مـرۆڤ شایانی ئەوە نییە گاڵتەی پێبکرێت.. دەفەرموێت: غەیب باوکی ڕاستییە.

**بەشەوان گیانێکی پیـرۆز لەماڵەکەمدا دێت و دەچێت، چاودێری منداڵەکانمە،** گیانی پیـرۆزی منداڵێک کە چاوی ئەوان وچاوی دێـوپەرست نایبینێت، بەڵام هەست دەکەم ئەوان لەخەونەکانیـاندا ئاگادارن ودەزانن. من ئەو گیانە دەبینم، چونکە گیانی خۆمە، گیانی منداڵیی خۆم، واتە کوڕی ناوەنجیم کە لەڕاستیدا

لەباربراو تەرمەکەیان بەخشی بە تەلەبەی دکتۆری نەزان، تافێری توێکاری بن لەسەر تەرمی منداڵی لەبار براو.( لەڕاستییدا من منداڵێکم لەدەست داوە.. بەر لەوەیش دوانی ترم لەگەڵ دێو پەرستێکدا لەدەست دا! بەڵام پەیوەندیمم بە یەکێک لەوانەوە مەتینترە لە پەیوەندییم بە دوو منداڵەکەی ترمەوە.. کە دەژین و هەناسە دەدەن.)

لەڕاستییدا من لەقوتبی پەنابەریدا سێ منداڵیان لەبار بردووم! سێیەمیانم لەلا زۆر پیـرۆزە، ئەو هەموو شەوێک دێت بەمیوانیم، لەگەڵ هەردوو براکەیدا لەژوورەکەدا یاری دەکات لەخەویاندا.. منیش دەیانبینم، شەونخونی دەکەم بەدیاریانەوە، فێری یاریکردن دەبم، فێری بینینی غەیب.

زۆر ستەمە مـرۆڤ پەنابەر بێت ولەهەمان کاتیشدا زیندانی.. من لەو قوتبەدا ژیانێکی گەلێ سەخت دەژێنم.. چونکە لەکەلتووری دێـوپەرستاندا منداڵ فێر دەکەن دژی باوانی خۆی بووەستێت، بوختانچی بێت، درۆزن بێت، نەزان وباوەڕدۆڕاو بێت. بۆیە منیش ئەوشەوەی کە شەوی بیستو یەکەمی مانگی نەورۆز بوو، دەمەو بەیان بەر لەوەستانی کات، **چیرۆکێکی سەیرم بۆ کوڕەگەورەکەم گێڕایەوە**، بەوم ڕاگەیاند کە داستانێک هەیە هێشتا دێـوەکان نەیانبیستووە.. داستانی ڕۆستەم-و زۆراب.

فەرمووم: ( بەر لەهەزاران ساڵ لەمەوپێش، کاتێک کە حەزرەتی نـوح لەکەشتییەکەی دابەزی، بینی کۆمەڵێک دێـوی سەحرا، کۆمەڵێک بتی لمین هاتن ئافرەتێکیان دزی. ئەوان لەسەحرادا بەبێ گیان دەژیان، چونکە لەلم دروست بووبوون.. هاتن ئافرەتێکیان دزی وهەرئەوشەوە هەڵیان لووشی وخواردیان.. بەوجۆرە گیانیان چنگ خست.. کەگەڕانەوە بیابان، خۆیان زۆرکرد، ویستیان بدەن بەسەر ئەراراتدا وگیانی هەموو مـرۆڤەکان بدزن، بخۆن، وە شوێنگەیان داگیر بکەن.. ئەوکاتە حەزرەتی نـوح تەمەنی حەوت سەدوپەنجا ساڵ بوو.. سەرگەرمی مەشقپێکردنی پاڵەوانێکی نموونەیی بوو کە ناوی ڕۆستەم بوو..

ئاواییەکان بووبوون بەشاری بچوک بچووک.. ئەم ڕاستییە بزانن کە مـرۆڤ ودێـوهێشتا لە زۆر شوێنی زەمین دەژیان.. گشتیان دەیانویست میللەتی نـوح داگیر بکەن، بەڵام ڕۆستەم پاسەوانی ئەرارات وزاگرۆس بوو، پاسەوانی قەندیل وئەشکان وهەزارمێرد بوو، بەکورتی پاسەوانی میسۆپۆتامیا بوو.. ئەو بەرگری لە نەوەی نـوح دەکرد، لەگەڵ دێـوو هەژدیهادا شەڕی دەکرد.. گورزوەشێن بوو، گورزی بەرهەردێـوێک بکەوتایە خپی دەکرد، لەتیروکەوان هاوێشتندا زۆرکارامە بوو، چونکە پەهلەوی بوو، کورد بوو، لەبنەماڵەی گۆدۆ بوو.. ئەو زۆر بەهێزو سوارچاک ومەتین بوو، چاوی شین، پرچی زەرد، پێستی دەتگوت مسووئاڵتونی تێکەڵە دەبریسکێتەوە، تەماشاکانی پڕ بوون لە چیرۆکی سەرکەوتن وداستانی نەبەرد!

ڕۆستەم کاتێک لەهەرنەبەردێک دەگەڕایەوە، جوانترین کیژۆڵەی زاگرۆس لەسەر لووتکەکانی ئەرارات بەمەشخەڵی ئاگرەوە چاوەڕوانی ئەویان دەکرد.. ئەویش شەوێک، تەنها شەوێک ژیانی هاوسەریی پێشکەش بەو مەعشوقەیە دەکرد کە چاوەڕوانی دەکرد.. لەگەڵیدا دەنووست، جوانترین دیاریی نایابی پێشکەش دەکرد.. منداڵیکی لەگەڵدا درووست دەکرد؛ ئەویش کوڕێک بوو، یان کچێک.

ساڵەکان دەهاتن ودەچوون، پاڵەوانەکان زۆردەبوون.. بەڵام کەس، هیچکەس نەیدەتوانی خۆی لەبەردەمی گورزی ڕۆستەمدا ڕاگرێت لەنەبەردوو زۆراندا.. تاساڵێکیان هەواڵ گەیی بەڕۆستەم، تەتەر گەیشتە لای و بەشەرمەوە بەویان ووت: بەرێز سەرکردەی زاگرۆس، پاڵەوانی گەل، پاڵەوانێک بەناوی زۆراب- پەیدا بووە، وایرادەگەیەنێت کەدەتوانێت ڕۆستەم بەزەویدا بدات، بەرگەی گورزی ڕۆستەم دەگرێت. دەڵێت ڕۆستەم کێیە؟ بابێتە نەبەرد.

ڕۆستەم ڕاستەوخۆ لە بیری خۆیدا کەوتە گەڕ! لەبەر خۆیەوە فەرمووی: دەبێت کێ بێت هێندە بەشکۆو چاونەترس بێت، هەبێ ونەبێت دەبێت لە گۆشت وخوێنی خۆم بێت ؟

زۆری نەبرد جارِ گەڕا، زۆراب ورۆستەم هاتنە مەیدانی نەبەرد، میللەتانی زاگرۆس کۆبوونەوە بۆ تەماشا.. بووقی نەبەرد لێدرا، ڕۆستەم چووە مەیدان، بینیی واجوانکارێک، هەرزەکارێک کەکووت و مت لەپەیکەری داڤید دەچوو، بەگورزو تیروکەوان وپشتێن وخەنجەری دەباندا ناسییەوە، زانیی کەئەوهەرزەکارە چاونەترسە، دەتوانێت لەبەردەم نەعرەتەی ئەودا خۆی ڕابگرێت.

ئەوسەردەمە نەبەرد وەکو ئێستا نەبوو، بەڵکو بریتی بوو لە پێشبڕکێ، لەنیشانە پێکان، لە زۆرانبازی، لەڕم هاوێشتن، لە قورس هەڵگرتن، لە گورزوەشاندن لەفیل، لەنەبەردی لەگەڵ پڵینگ وشێر.. دەرئەنجام ئەگەر هەردوو پاڵەوانەکە بگەیشتنایەتە کۆتایی پێشبڕکێکان، ئەوسا ڕووبەڕو دەکەوتنە مەیدان، چونکە پاڵەوان بە سروشتێک لەسروشتەکان لە وەچەی خواکـان تەماشا دەکران.

سەرتان نەیەشێنم، کاتێک کە ڕۆستەم هاتە نەبەرد لەگەڵ زۆراب، حەوت شەوو حەوت ڕۆژ زۆرانیـیان گرت، کەس نەیتوانی زەفەر بەوی تریان بەرێت، ڕۆستەم زۆر نیـیان لەگەڵ پاڵەوانی لاودا نەبەردی دەکرد، چونکە بەبۆن، بەتەماشا، دەیزانی کە زۆراب کوڕی خۆیەتی، دەیزانی کە شکۆی ئەو لەشکۆی ئەرارات دەچێت، بەڵام کەمێک گومانی دەکرد، چونکە زۆراب.. ئەو دیارییە دەگمەنەی خۆی شاردبووەوە کە **شەوی بەیەک گەیشتن پێشکەشی دایکی زۆرابی کردبوو، کە ئەنگوستیلەیەکی ئەڵماس بوو، لەگەڵ بازنگێکدا کە دوومار کلکی یەکترییان لەدەمدا بوو! بازنگێکی تەلایی..**

بەوەدا ڕۆستەم ڕۆڵەکانی خۆی دەناسییەوە.. بەڵام زۆراب ئەودوو دیارییەی شاردبووەوە.. تادڵنیا بێت کەدەتوانێت نەبەرد دژی ڕۆستەم بەرێتەوە و پشتی لەزەوی بدات.. ئەوەی کرد زۆراب، لەئێوارەی بیستویەکەمی نەورۆزدا، زۆراب سێجار پشتی ڕۆستەمی لەزەوی دا.. جاری سێیەم بەچپە بەزۆرابی فەرموو: دەزانم تۆ کوڕی منیت، بلێ وایە دەنا دەتکوژم، چونکە تووڕەم، چونکە ئەوەی لەمن نەبێت ناتوانێت پشتی من لەزەوی بدات.

زۆراب بە بایی بوونەوە ووتی من کوڕی تۆ نیم تۆکێیت؟

ڕۆستەم بۆیەکەمین جار بەرچاوی تاریک بوو، چونکە پێیناخۆش بوو پاڵەوان یاخود کوڕ لەگەڵ باوکی خۆی درۆ بکات، پێیناخۆش بوو مـرۆڤ نکوڵی لە ڕەگەزو باوان وئەسڵی خۆی بکات.. زۆرابی تاودا، ئەوی پەرتکرد بەسەر بەردوداردا، کاتێک کەهەستا، گورزەکەی هەڵگرت، توووند زرمەی لە قەبرغەی زۆراب هەستاند، زۆراب کەوت.. نەیتوانی هەستێتە سەرپێ، چونکە نەزیفی بەر بوو.. بۆیە ڕۆستەم لەدرۆزن تووڕە بوو، چونکە لای ئەو درۆزن لەوەچەی پاڵەوان نەبوو، درۆزن دوژمنی خوابوو، درۆزن دێـوبوو نەک مرۆڤ!

خەنجەرەکەی لەدەبان دەرهێناو کەوتە ملبڕینی دێـو.. لەناوتەماشاکەرانەوە زریکەی دایک بەرگوێکەوت: نەکەی ڕۆستەم سەری جەرگی خۆت مەبڕە.{ ئەفسانەی ئیبراهیم لێرەوە داکەوتووە}

کەڕۆستەم گوێی لەوهاوارە بوو، دەستی گەڕاندەوە، بەڵام کار گەیشتبووە نیوە.. زۆراب نیوە سەربڕاو قوڵپ قوڵپ خوێنی دەدەڵان.. ڕۆستەمی بۆیەکەمجار لەژیاندا خستە گریان.

لوقمانی حەکیم لەوێ بوو، فەرمووی: بەڕیقنەی لەقلەق وتەنافی جاڵـجاڵـۆکە دەتوانیت برینی ملی زۆراب تیمار بکەیت، بەومەرجەی حەوت شەوو حەوت ڕۆژ چاودێریی بکەیت، شەونخونی بکەیت، نەیەڵیت مەرگ بێت ژیانی لێبستێنێت.

ڕۆستەم فەرمایشتی لوقمانی حەکیمی پەیڕەوکرد.. حەوت شەووحەوت ڕۆژ چاودێریی کرد، لەنەبەردا بوو دژی مەرگ، چونکە مەرگ بەهەموو فێڵەکانی خۆی ـ خۆی گۆڕی وچووە نەبەرد دژی ڕۆستەم، بەڵام مەرگ نەیتوانی گیانی زۆراب بەرێت.

لەدوای چل شەووچل ڕۆژ، زۆراب توانیی هەستێت، ویستی دەستی باوکی خۆی ڕاموسێت، بەڵام ڕۆستەم نەیهێشت، چونکە دڵی هێشتا زویر بوو لەکوڕی خۆی، فەرمووی: ئەگەر شکۆی من خەوشدار بێت ولەسیلەی بەزەیی باوکانەوە تۆ ببەخشێت؛ بێگومانبە ئاهوڕامازدا لەگوناهەکانمان بێبەرییە، چونکە درۆزن ناگات بەپایەگای ئاهوڕامازدا. درۆزن دەمرێت، بەهەمیشەیی ناگات.

هیوام وایە خوالەگوناهەکانت خۆش بێت.. ئەگەر لەخۆت نەبووریت، بێگومان ئاهوڕامازدا لێت خۆش نابێت. چونکە درۆزن دوژمنی ڕووناکییە، دێـو لەتاریکیدا دەژی ودووپات دەبێتەوە، ناگات بەهەمیشەیی.

زۆراب ووتی: من وامزانی دەتوانم شانازییەکانی باوکم نیشان بدەم، توانامەندیی باوکم بسەلمێنم، بمبوورە کەمن هۆکاری درۆ بووم، مەبەستم نەبوو نکوڵی لەباوکی خۆم بکەم، یاخود درۆبکەم.

ڕۆستەم فەرمووی: من سێجار پرسم لێکردیت، ئایاتۆ کوڕی منیت؟ تۆ وەڵامت کەچ بوو، دانت نەدەنا بەڕاستیدا، چونکە ڕاستی جەرگی ئاهوڕامازدایە، ڕاستی نووری ژیانە، ژیان درۆزنی ناوێت. چونکە درۆزن هەر دەدۆڕێت.. هەر دەمرێت.. درۆزن ناگات بە هەمیشەیی. جا ئەگەر هەزار پاڵەوانیش لەناو بەرێت.

بەوجۆرە داستانی نەبەردی ڕۆستەم و زۆراب دەستی پێکرد وکۆتایی نەهات! پاشماوەی چیرۆک پێویست ناکات چونکە زۆراب وڵاتی جێهێشت، ڕۆیی نازناوی خۆی گۆڕی بەتوور، تور-ی کوتەک لەشان، ڕوویکردە وڵاتی بەفرو لەوێ نەتەوەیەکی خوڵقاند.. نەتەوەیەکی دڕندە لە دێـوی سپی! کوتەکی لە شێوەی خاچ بۆ درووست دەکردن.. ناوی خۆیان نا ڤیکینگ.

کەهێشتا شوێنەواری درۆ لەناویاندا ماوە، کەهێشتا پاکژ نەبوونەتەوە لەدرۆ. )

ئەمە وانەی دووەمی کوڕەگەورەکەمە، کەبۆیم باسکرد، بەرلەوەی کات بووەستێت، مانگ پڕ بوو، شەوبوو، گوێم لەزرمەی ئەویارییانە بوو کە کوڕە یان کچە لەباربراوەکەم لەغەیبەوە هاتبوو بەمیوانیی دووبراکەی تایارییان لەگەڵدا بکات.. نیوە شەو کەمن پاکژ خۆمم شۆری ..چوومە ژووری منداڵەکانم؛ بینیم، زۆران لەگەڵ فیل و گۆریلاو دۆناڵد دۆکدا دەگرێت!

بینیم بەشانازییەوە سەیرم دەکات وبەزمانی شەماڵ بەگوێمدا چرپاندی: بابە غەیب دەتوانێت دەست بۆسروشتی ڕاستەقینە بەرێت.. ڕاستی دەتوانێت زەفەر بەغەیب بەرێت.

ئێستا دەشێت بزانیت چەند ئەستەمە پیاو پەنابەر بێت، بێهاوڕێ بێت، بێکەس وبێـوڵات! چەند تاڵە ژیان لەدەرونی دێـوودێـوپەرست و خێوەکاندا !چەند ناخۆشە منداڵ لەبار ببرێت، بەتایبەتی ئەومنداڵەی پەیام دەهێنێت بۆ باوان.

**لە دوورگەی هەستکردن بەکەمیدا هاوڕێـکانم باوەڕ بەداستانەکانم ناکەن، دەڵێن تۆ تێک چویت، تۆ فرِت بەڕاستییەوە نییە.. هاوسەرەکەم باوەڕی بەغەیب نییە، نازانێت من بۆچی شەوان شەونخونی دەکەم! نازانێت گیانی مـرۆڤی بێـوڵات باڵدارێکە گەر بنوێت، لەشەقەی باڵ دەدات دەفڕێت.. دەگەڕێتەوە بۆ نیشتیمان وباوەشی دایکی وڵات، مـرۆڤ لەخەودا بەزمانی دایک دەدوێت، دەکات، دەخوات.. مـرۆڤ داگیرناکرێت. خەونەکان نیشتیمانی ڕاستەقیینەی مـرۆڤن.**

هاوڕێـکانم دەبینم بچوک دەبنەوە، گاڵتە بەکەرامەتی خۆیان دەکەن، بوختان بۆیەکتری دەکەن، زەمی یەکتری دەکەن.. دەست بۆکەرامەتم دەبەن.. دەزانن بۆ؟ چونکە دێـوی ترس دەستی لێوەشاندوون، چونکە وادەزانن درۆ کەرامەتە، وادەزانن دێـوپەرستن نیعمەتە!

نازانن کە درۆزن دوژمنی ئاهوڕامازدایە، کەدرۆزن سزای ژیانی بەسەردا دەدرێت، ژیانێکی بەسنوور لەدەروونی مەرگاو ئازادی بەچاوانی خۆی نابینێت.

بەڵام من بێبەریم لەسروشتی ئەوان.. ئەوان نازانن من کێم! وادەزانن من لەدێـوو خێو دەترسم! وادەزانن نازانم دێـو چییەو چۆنە!؟ پێم پێدەکەنن ودەڵێن: **خاڵی تێکچووە، ئەم عالەمەی لێ بووە بەدێـو.**

منیش پێیان دەفەرمووم ئەوانەی کە وتەکانیـان فەرموودەیە، ئەوانەن کەیاری بەگەردەکانی خۆشبەختی دەکەن.. ئەوانەن کە سنووری عەشقیان ناکۆتایی بەرینە.. من لەوانەم کەدەتوانم هەموو خەندەکان، فرمێسکەکان، کامەرانییەکان، گیانەکان هەڵبگرم.. من خاوەنی کەرامەتی ئـێوە نیم.. من ڕووناک بین وجیـهان بینم، دەتوانم جیـهان وەک هەڵماتێک، بگرە وەک گەردێک ببینم، لەوانەیە باوەڕ نەکەیت گەر بفەرمووم من دەبینم، بینینم بەرینە، من بتەکانی ئاسمانەکانیش دەبینم.. ئەوان جۆرە دێـوێکی ترن.. دێنە خەونم بە جۆرە پیتێکی سەیر نەخشەی گەردوونەکانم نیشان دەدەن، منیش دەیخەمە لاوە، پاشان بەساردییەکی تایبەتەوە بەوان دەفەرمووم: من مەمووشتێکم لەعەشقا دیوە، چاوەڕوانی فێربوونی زیاترنییم..چاوەڕوانی لەدێـوو بتەکانیش ناکەم بتوانن من فێربکەن، چونکە من قوتابیی منداڵم، پیرێکیش دێتە خەونم، کچێکیشم ( منداڵەکەم دەتوانێت ببێت بەکوڕ، بە کچ! ئاگادار بە!) هەیە لەبار براوە، ئەوان پێکەوە بەر لەدێـوەکان توانیویانە گەردوونەکانم نیشان بدەن.

من ئەوکاتەی لەسەربالّی گامێشە سپییە باڵدارەکە بووم.. ئەودێـوەی بەفرۆکەی جەنگی بەلامدا تێپەڕی! کە بینیی من بەسواری گامێش گەشت دەکەم، ترسا!

چونکە  دەیزانی کە فرۆکە ناتوانێت من هەڵبگرێت! چونکە من سەدان تۆن خاجی شکاوی لەگەچ وئاسن دروستبووم تیایە! من هەزاران مەسیح وهەزاران مارياو دۆعاو سەری بڕاوو مـرۆڤی تێکشکاوم تیایە! کێ باوەڕ دەکات فڕۆکە بتوانێت من بارکات؟ کەس! ڕاستە فڕۆکە دەتوانێت لاشەی من هەڵبگرێت، بەڵام گیانی من، نەء! باوەڕ ناکەم. بەڵام نەیناسیمەوە!

من بابایەکی پەنابەرم، کەدێـوپەرستەکان دەمبینن! تەماشام دەکەن، بەحەپەساوی لەخۆیان دەپرسن: هەی لەوکەرامەتە! خۆلەدێـوەکانمان ناترسێت؟ ئەوکەرامەتە مەزنە چییە والەناوماندا هێندە سەنگین، هێمن، تەنهاو حەزین لەنێوماندا دێتو دەچێت؟ چۆنە هێشتا ماوە؟ چۆنە ناترسێت؟ هەی لەوە؟ خۆ  خۆی بەمـرۆڤ دەزانـێـت وناشترسێت؟ خۆی لە زیندانندا ئازاد دەبینێت!

ئەویش تەماشای ئاسمانەکان دەکات.. دەبینێت دێـوو بتەکان بەئاسماندا هەڵدەگەڕێن، بەدوای ئەودا دەگەڕێن، نازانن کەئەو( واتە من) لەکەنار دەریا، یاخود لەژوورێکی ساردوسڕدا، یاخود لە ناو دارستان وناوبازاڕدا دێت و دەچێت.. بەتەماشا بەخەڵکی دەڵێت: من نهێنیی ئەستێرەکانم لایە. من دەتانبینم وبەزەییشم پیاتاندا دێتەوە.

نازانم چیتان بۆباسکەم! نازانم چیتان پێبڵێم؟ خۆزگە بمتوانیبا ئەوەی کەدەمەوێت بیدرکێنم، تا ئـێوە بتوانن سوودی لێببینن.. چونکە بەراستی مەرکەزی بینین وبیستن وکارلێکی دەمارەکانتان گرژ بووە، تەماشاکانتان خوار بۆتەوە، دەمووچاوتان خواروخێچ دەبینم، دەنگتان تێکچووە! کەی مـرۆڤ واپێدەکەنێت، کەی وادەڕوات بەڕێگەدا؟  کەی مـرۆڤ والەژیان وەڕز دەبێت لەماڵ و منداڵی خۆی هەڵبێت؟ تەنانەت باڵندەکانیش دەنگ و خوێندنیان تێک چووە!

مـرۆڤ چۆن خۆی دەکوژێت؟ چۆن لەدەستی دێت خۆی سەرببڕێت؟ یان خۆی بتەقێنێتەوە؟ یا خۆی بفرۆشێت؟ خۆی بەدەرمان ووڕوکاس وبێکار بکات؟ وا نابێت.

چونکە بتەکان بەمن دەڵێن ڕۆژی بەرێ نزیکە، کاتێک دێت کە ئەستێرەکان لەئاسمان هەڵدێن ودووردەکەونەوە.. ڕۆژ تەمبەڵ وتوڕەو برسیی دەبێت.. شەو نەفەسی درێژ دەبێت.. مانگ پشتمان تێدەکات، تەماشامان ناکات وناشییەوێت بمانبینێت! کەڕۆژی بەرێ دێت.. خوێن فیچقە دەکات، مـرۆڤ لەخۆیەوە دادەڕزێت، وای لێدێت لەبێباوەڕی و نەزانیدا وون دەبێت، واسەری لێدەشێوێت! مـرۆڤ پیت وژمارەکانی لێتێکدەچێت، لەتاو هەڵمەتی تۆفان دەچێتە باوەشی ئاگرەوە.. لەبری هەناسەدان.. دەموولووتی خۆیان دەگرن.. ئـێوە باوەڕناکەن، چونکە دێـوپەرستن، ئەوکاتە دێـوەکانتان زووتر لەخۆتان لەناودەچن، زووتر دەتۆپن. جا هانا دەبەنە بەر کێ؟

خۆ ئێوە باوەڕدار نیین و خواکان ئێوەیان ناوێت. چونکە دێو لە سروشتی خواکان و فریشتەکان دەترسێت. خواکان بەزەییان بە کردەوەی ئەهریمەنەکانتاندا نایەتەوە. خواکان ئێوەیان بۆ سروشت وکردەوەکانی خۆتان جێ هێشتووە.. ئەوان لە دەروونی هەندێک لە مرۆڤەکان و لە ئاسمانەکانی گیانی مرۆڤدا دەژین. وەک چۆن ئێوە بێلایەنن لە سزادانی تاوانبار.. ئاواش خواوەند کاری بەسەر ئەو سزایەوە نییە کە باکان و بۆرکان و سروشت و تۆفان دووچارتان دەکەن.

چونکە ڕۆژی بەرێ واتان لێدێت کە باوەڕناکەن ئەوە ئـێوەن، هەندێکتان لێدەبێت بەبەرازێکی نەخۆشی برسی و تووڕەو وەڕز! هەندێکتان دەبن بە بووخاری ڕەش، توونێلە تاریکەکانی دوای مەرگی خۆتان دەئاخنن، ئیتر ناتوانن چییدی باوەڕ بکەن کەدەتوانن لەو توونێلەوە بچن بەودیودا!

چونکە دوکەڵەکانتان چڕو تاریکترن بە تاریکی! ئەوسا خۆتان لەتاریکیدا دەبینن چیتان لێدێت.. ئەوسا قوڕی کوێ دەکەن بەسەری خۆتاندا کاتێک کە بەبووخار بوونتان لەوەڕزیتاندا تاریکتر دەبن؟! باوەڕ مەکەن، باوەڕمەکەن. بەڵام من داهاتوو دەبینم، من لەتاریکیدا داهاتوو دەبینم لەناوتونێلێکی ڕەشی قەترانیدا مـرۆڤی تێکەڵ وپێکەڵی وەکو کۆلاج دەبینم چنگ دەکەن بەسەرو چاوو گوێچکەی خۆیانداو دایدەکرۆژن.. دەبینم وتەماشاتان دەکەم.. ئەوسا دادی هیچلایەکمان نادات بەزەیی نیشان بدەین.. چونکە کات دەوەستێت، چونکە زرمە لە گیانی زەمین هەڵدەستێت.. مـرۆڤێک دەمرێت، مـرۆڤێک لەدایک دەبێت.

**منداڵە ناوەنجییە لەباربراوەکەم کە شەوانی مانگ پربوون دێت بەمیوانیی منی باوک وبراکانی،** دەفەرموێت: کە منداڵ دەمرێت، نوورێک دەبینێت، پرشنگی باڵی -ئەناهینا-ی تاکە فریشـتەی پیـرۆزی هەمیشەیی.. دێت بۆ پێشوازی ومنداڵ لەباوەش دەگرێت.. دەیبات بۆگەردونێک کە پڕە لەتەلیسمی دایک، بەزەیی باوک، سۆزی فریشـتە، هەستی ئاهوڕامازدا.. بەهرەی هەمیشەیی.. لەوێدا گیان هەمیشە ئازادە، هەمیشە ڕووناکە، هەمیشە نەمر دەژێت.

ئەوشەوەی منداڵە ناوەنجییەکەم لەبار برا.. من لەگەڵ وەستانی دڵی ئەودا دڵم وەستا.. ئەو ومردو منیش مردم بەدوایدا، بەچاوی خۆم بینیم فریشـتەیەکی مەزن، زۆر مەزن، کە لە ئافرەت دەچوو، باڵەکانی لە بەرق درووستکرابوون.. شەوق وبریسکەی تاریکیی تیانەیوو! باڵەکانی بەتەوژمێکی سیحری لێکدەدا، هەروەکوو ترپەی دڵی چۆلەکەیەکی دیل.. سپی سپی بوو ئافرەتەکە .

گیانی منداڵەکەم فەرمووی: بابە ئەوە خۆیەتی، خۆیەتی کەرامەتی وێنەی یەکەمی دایک، ئافرەت، جوانی! خۆیەتی- ئەننا هینا-ی فریشـتەی ڕابەر.

بینیم ڕاستەوخۆ گۆی مەمکی نا بەدەمی هەردوکمانەوە.. نازانم چۆن! نوستبووین یان بێدار بووین! بەڵام هەستمان بەمژینی گۆی مەمکی ئەودەکرد.. دەمانزانی لە هەمیشەییدا زینـدووین.

کاتێک بێدار بوومەوە.. سەیرم کرد ئەوکەرامەتە مەزنە هەموو مەسیح وماریاکانی لە دەروونم ڕزگار کردووە، سەیرم کرد لەئاسمانی حەوتەمیندا جێگەی ئاوریشمی بۆ هەزاران مەسیح وماریا ڕاخستووە و.. بینیم، خاجە چەقیوەکان لەقەبرسانەکانی دڵمدا دەردەهێنێت وتوڕیان دەدات بۆئاسمانی یەکەم واتە جەهەننەم. بینیم دەست بەگیانمدا دەهێنێت.. تەماشام دەکات بەخەندەکانی ژیانی گەردوونەکانم نیشان دەدات..جۆرە خەندەیەکم بینی لەخەندەی منداڵە لەبار چوووەکەم دەچوو( زۆر جوان ولەمن بوردوو دەخەنییەوە ودڵنیای دەکردمەوە کە لێم خۆش بووە.. چونکە من زۆرزوو دۆعام ڕاسپاردبوو دایەنی بێت.. ئاگای لێی بێت.)

فریشـتەکە جوان بوو، هێـندەی ئەوجوانانەی کەمن لەڕاستیدا لەنێو دێـوپەرست ومـرۆڤەکاندا جارناجار دەمبینین و دەمتوانی خەندەیان نیشان بدەم. بەنوستوویی لەخەودا هەندێکجار شیعرێک بۆئەو دەڵێم:
بەمیوانی لەدڵی شەودا.. ئەمشەو، لەعەشقاکۆچەرم..پەپوولە سپی یەکانیش دەبینم لەچواردەورم!
لەگیانی حافزدا وەک قەقنەس، بەباڵی بروسکە دەفڕم.. پەپوولەکان گەردوو تۆزمن.
وێنەی خەندەی سەرلێوی منداڵ، ئەومنداڵەی بۆیەکەمجار خەندە دەکات،
لەتەماشای لێوی خەندانی عیشقمدا، منداڵانە پێدەکەنم، تەماشا دەکەم و دەبینم..

دەبینیم لەکەنارەکانی باخچەی عیشقا پەپوولەیەک سووڕدەخوات.. خولدەخوات..
لەباڵە فڕێکانیدا لەسەر سینە وگۆی مەمکی عیشق.. هێماکان وێنە دەکێشێت.. بە دەم سەماوە دەنووسێت:
دڵت بەسووتانی باڵندەی ئاگر نەسووتێت.. وازبێنە با بۆخۆی بلێسەبکات..سووتان بەشێکە لەسروشتی ژیان.
بۆ نەسووتێت؟!

فەرمووم: گوێبگرەگیانە.. باوەڕکە عیشقی من تەنها خەندەیەک بەجیـهان دەدات..
لای من کامەرانی فریشـتەیەکە لەخەندەی سەرلێوی دوومـرۆڤی ڕاستگۆلەدایک دەبێت،
کاتێک گیانیان  لەماچێکدا یەکدەگرێت.
فەرمووم: لەوکاتەدا کە خەندەکان ساوای وردیلە بەماچ دروست دەکەن..
من فریشـتەی زەردو سوورو سەوزو شین وسپیسپی دەبینم.. فریشـتەکانی نوور..
لە گەردوونی هونەری مندا سەما دەکەن.
جۆرەمنداڵێک دەبینم کە بەتەماشاکانیـان دەفڕن..
دەست بۆدڵی هەورەکان دەبەن..
لەومنداڵانەن کەداستانەکان دەڵێن لەبەهەشتا ئاودەکەن بەپێی دایک وباوکیاندا..
دەبینم، جۆرەمنداڵێک لەعەشقم گۆش دەبێت کە چێژ لەتەماشاکانی خۆیان دەبینن.

لەقوتبی پەنابەریدا من شەوم لێبووە بەڕۆژو ڕۆژیشم لێبووە بەشەو.. لێمحەرامە خواردن وخەو.. بەڵام دەتوانم بژیم، بەدوای کڵاوی بابردوودا، هێواش هێواش دەڕۆم، بەدەم ڕێوە کەروێشکە خەودەکەم.. تەماشای ئاسمانەکان دەکەم.. ئاسمان هەندێک جار لەخاجێکی ئاگرین دەچێت.. بتە ترسنۆکە نادیارەکانی ئاسمان تکام لێدەکەن، نهێنییەکانیـان باس نەکەم.

لەقوتبی پەنابەریمدا زۆر هەست بەستەم دەکەم.. بیری خۆم دەکەم! هەرچەند لەئاوێنەدا تەماشای خۆم دەکەم، هەست دەکەم سەدەیەکە خۆمم نەدیوە، بەزەییم بەکەرامەتی خۆمدا دێتەوە.. چونکە وەڕز بووم لە تەماشای دێـو. لەدرۆی دیوەکان، لە خێسەی دێـوەکان.

هیچ هەستێک هێـندەی ئەوەئازارم نادات کە هاوڕێیەک دێت دەڵێت: تەلەفۆنەکەت، هەموودەنگەکانت تەجیل دەکات! ناترسیت؟

منیش پێی دەڵێم: لەچی بترسم خوانەناس! تا کەی ترس و ترسان؟

هاوڕێیەکم دەبینم ڕێگەنادات منداڵەکانی لەدڵی دێـوەکاندا مۆم دابگیرسێنن وگۆرانییەکی خۆش، حەیرانێک بۆ دێـوێک بڵێن! دەترسێت، هاوڕێـکانم دەترسن منداڵەکانیـان لەژێرکەڵبەکانی دێـوەکاندا شادبن! نازانن کە دێـو لەشادی ولەکامەرانی وگۆرانی و لەخەندە دەترسێت! هاوڕێـکانم دەترسن ببن بەمەسیحی، دەترسن بڵێن موسوڵمانین! سەری ئایینیـان لێتێکچووە، هەرتفێک هەڵدەدەن ڕووخساری خۆیان دەگرێتەوە!

کاتێک هاوڕێـکانم دەبینم تەریق دەبمەوە، چونکە نەکەرامەتی خۆیان، نەکەرامەتی من نابینن. هەموو جارێک کە دەچم بۆ لایان کۆڵێک لێبووردن لەگەڵ خۆمدا دەبەم.. پاش ئەوەی لەسەعاتی یەکەمدا کۆی لێبووردنەکانم داگیر دەکەن، مت دەبم، تا ئەو کاتەی هەست دەکەم کە ماندوو دەبم لە سەرنجدانیـان.. ئەوسا هەڵدەستم دەڕۆم.. دەگەڕێمەوە ناو قەبرەکەم.. ناو جێگە تەنهاکەم.. سەرمام دەبێت؛ خەوم لێناکەوێت، بێزار دەبم تا ئەو کاتەی لێبووردنەکانم ڕاست دەکەمەوە!

پاش ئەوەی کە دڵی هەموو لێبووردنەکانم دەدەمەوە.. منداڵەکانم دێن بۆ لام.. پێم دەڵێن بەیانیت باش. خۆ تۆ فەرمووت ئەمشەو لای هاوڕێـکانم دەمێنمەوە!

مێرولەکان هەموویان دووبارە خوێندیان: نیشتیمانی یەکەمی مـرۆڤ دایکە، دووەم خەونەکانی مـرۆڤ خۆی، نیشتیمانی ڕاستەقینەش ئەو بستە خاکەیە کە مـرۆڤ لەسەری لەدایک دەبێت. هارێیەتی ڕاگرتنی ڕێزی خوایە. گیان مەملەکەتی ڕەسەنی ئاهوڕامازدایە. ئاهوڕامازداش خوایە.

# تابلۆی ئازاد بوونی گیانەکان

لەئاسمانی بەریندا، لەوئاسمانەدا کە گشتمان دەزانین ولەیادمان دەچێت کە جێگەی هەموو بووەکان وبوونەوەرەکانی تیادا دەبێتەوەماڵی فریشـتەکان و بتەکانە، تەنافە ڕۆشنەکانی جاڵـجاڵـۆکەی پیـرۆزوسپی ئاسمانیـان ڕۆشن دەکردەوە، ئەوتاڵەڕۆشنانەی کەتیشکی هەموو ئەستێرەکان بەیەک دەگەیەنن..ئەو ئەستێرانەی کە ئێمە نازانین ماڵی گیانیی هەربژێوێکە لە ژیاندا، یان ماڵی گیانیی هەرگیانداری‌ێکی بینراوونەبینراوە لەڕاستییەکی تردا! ئێمە کەم لە ڕاستەقینەی گیانی شارەزاین!

چونکە مـرۆڤ باوەڕ بکات یاخود نە، ئەستێرەکان ماڵی ڕاستەقینەی گیانەکانن..لەسەرهەرئەستێرەیەک گیانێک دەژی، گیانێکی نەمروئازاد، گیانێکی ڕۆشن وخێرخواز، گیانی مـرۆڤ، مـرۆڤێکی ڕەسەن. ئەوگیانەی کە هەمیشە نەمروئازادە.

گیانێکی گەڕۆک لەویستی ئاهوڕامازدادا، هەمیشە گەشتیار لەبەهەشتی نیازەکاندا. گیانێک کە لە خواستی بوونەوەردا ئازادە، سەرپشکە ودەتوانێت بەهەر پلەیەکی زانستدا هەڵگەڕێت.

مـرۆڤایەتی زووربەیان لەخەودا بوون، لەو بەشەی زەویدا کە تاریک وشەو بوو، مـرۆڤەکان زووربەیان نووستبوون، هەندێک لەوان خەویان بە دابەش بوونی نووری پیـرشالیارەوە دەبینی، هەندێکیشیان، بەڕێگا ڕۆشنەکاندا لەخەویاندا دەرۆیشتن وتەماشایان دەکرد، فێر دەبوون، سرودیان دەخوێند.

لەو بەشەی تری زەمیندا کە تریفەی بەیان بوو، یاخود ناشتان بوویان دەمەونیوەڕۆو ئێوارە بوو! زووربەی مـرۆڤەکان وەستابوون، مت بوون، وەکو پەیکەری مۆمیاکراو..پێدەچوو زووربەی زۆری دانیشتوانی گێتی نووستبن!

لە چیا بەرزەکانی هەموو وڵاتانی ڕۆژهەڵات ورۆژئاواو تەنانەت لەسەر هەریەکە لەلووتکەکانی جیـهان، گیانێک چاوەڕوان بوو، گیانێکی نادیار ئێشک گر بوو، چاوەڕوانی دابەزینی پەیام بوون! چونکە لەقلەقی گیانی پەلەوەر بەخواستی پیـرشالیار بەئاسماندا هەڵگەڕابوو تا پەیام بگەیەنێت بە گیانی پێـغەمـبەران و پیـرۆزە نەمرەکان.

کات مـرۆڤە خێر خوازەکانی جیـهانی پەست دەکرد، چونکە لای هەندێک مـرۆڤ کات هێشتا نەوەستابوو، کات ئاسایی بوو، بەڵام تەنها شتێک کەنائاسایی بوو، ئەوەبوو کە بێزارییەکی وەڕزکەرانە کات ودەروونی ئەوانی داگیرکردبوو! وەڕزی لە هەرشتێک، چونکە کات زیاتر لەمـرۆڤەکان وەڕزبوو.

دێـوەکان زۆربوبوون، ئازادانە دەگەڕان بەجیـهاندا، گەندەڵی و شەڕو بوختانیـان بڵاودەکردەوە، زۆردەبوون، مـرۆڤەکان نەیاندەزانی چییکەن!

لەپێناوی مانەوەیاندا یان دەبوون بە دێـوپەرست، یاخوود دەبوون بەدێـو، هەندێکیش لەوان خۆیان دەکوشت! هەندێک لەمـرۆڤەکان کە دەبوون بەدێـویش، لەتاو بەدکاریی خۆیان خۆیان دەکوشت! خۆیان لەناودەبرد، منداڵەکانی خۆیان لەناودەبرد، تەنانەت کاری دڵتەزێنیـان دەکرد.

بۆیە پیـرشالیاری مشورخۆر، لەقلەقی بەئاسماندا هەڵفڕاند تا پەیام بە گیانی مـرۆڤە نەمرەکان بگەیەنێت، چونکە زەمین، زەریا، سروشت، هەوا، کڵپەی ئاگر بێزاربوون لە بەدڕەفتاریی دێـوەکان.. چونکە دێـوەکان

بەئاشکرا زۆردەبوون، خوێنی منداڵەکانیـان دەمژی، سەری بێتاوانیـان دەبڕی، مـرۆڤەکانیـان کردبوو بەکۆیلەی درۆ، درۆیان کردبوو بە کەلتوور، کەلتوور لە دێوێکی بێناموس وبەدخوو شەهوانی ولاسارو دەمەوەر دەچوو! کە هیچ پەیامێکی ڕاستیی پێ خۆش نەبوو، کەلتوورەکان بووبوون بە فیتنەچێتیی نێو دەوڵەتان و لەبار بردنی باوەڕی مرۆڤ بە هەر دابێکی جوان.  دێوەکان پڕ بوون لەشزوزی عابس، لە غیرەی مەنحوس، لەشەڕی هەوەس.. نەخۆشییەکان بڵاودەبوونەوە، لەپڕ کەسێک دەهات بەلادا، دێـوێک تووشی سەرەتان دەبوو، گەڕدەبوو، ئیفلیج دەبوو، لەپڕ منداڵێک لەدایک دەبوو، سەری نەبوو، دەستوپێی نەبوو، لەپڕ ئافرەتێکی دەڵە دێـو بەدەم دەرزی لەخۆدان وخودسڕکردنەوە منداڵێکی لەسک دا لەبار دەبردوو تووڕی دەدایە مەزبەلەکانەوە!

سروشت ئەم تاوانە گەورەو زۆرانەی دەبینی، ئەستێرەکانیش بەتیشکیان، خۆریش بەڕووناکیی گەواهی بەدخووبوونی دێـوپەرستەکان بوون.

بەڵام کەس، هیچکەس لەگێتیدا ئاگاداری باڵاچوونی جاڵـجاڵـۆکەی پیـرۆز نەبوو..تەنها ئەو بەتەنافەکانی تەونی بەئاسماندا چنیبوو.. تەنانەت منیش لەخەونمدا ئەوم نەدەبینی! نەمدەزانی جاڵـجاڵـۆکەی پیـرۆزوسپیهێشتا لەئاسمانە یاخود کاری تەواوبووەو گەڕاوەتەوە ناو سەری مـرۆڤی بێـوڵات یان درەختی زەمان! چونکە ئەو ڕێگا پرشنگەکانی بە نوور تەون دەکرد.. فەرشی توولە ڕێگاکانی دەچنی.. دڵی بە ڕێگا ڕۆشنەکاندا ئاوێزان دەکرد.. دڵی دەڕواند، دڵی هەمە ڕەنگ.

بەڵام من دابەزینی گیانەکانم دەبینی، هەڵبەتە بەخەو، دەمبینی گیانەکان بەکاکێشاندا دادەبەزن! دادەبەزین بەرەو زەمین! بەسەر تەنافی ڕۆشنی کووژەکەیی مەیلەو سپی؛ یان ئاوێزەییدا دەڕۆیشتن.. دادەبەزیین، هەر یەکەیان چەند فریشـتەیەکیان لە دەور بوو، ئاوازیان دەژەند، هۆیکەیان دەکرد، هۆرە و تەرتیلە دەخوێند.

گیانی مـرۆڤە ڕەسەنەکان، گیانی خێرمەندان، گیانی پێـغەمـبەران( ئاگاداربە من گەوهی دابەزینی ئەوگیانانە نیم کە لە پێناوی خوادا تۆپیون!) دەمبینی گیانەکان وەکوو دڵۆپی ڕۆشن یاخود وەک مرواری ئاستەم ئاستەم بەئاسماندا دادەبەزین، یان بەشێنەیی دەبارین!

دەمبینی بە دەمی داچەقاومەوە تەماشای کەرامەتی درەوشانەوەی نوورم دەکرد.. بێدار بووم کەچی خەونیشم دەدی!

گیانی ئیمامە پیـرۆزەکان، قەشە پیـرۆزەکان، گیانی منداڵانی لەباربراوی هەمووجیـهان، گیانی دایکانی کوژراوی هەمووسەدەکان! دەمبینی گیانی پەیکەرەکانی مەسیح وماریاکان دادەبەزین، ئاسمان مت وهێمن بوو، ڕۆشن بوو ئاسمان، غەرقی نووری مرواری شێوە! ئاسمان پڕبوولەگیان، گیانی فریشـتەکان، گیانی باڵندەو گیانلەبەران وپێـغەمـبەران!

گشتیان لەتەوەری جیاجیاوە بەتاڵەڕۆشنەکانی جاڵـجاڵـۆکەدا، بەتەنافەکانی ئەودا بەرەو ئارارات دادەبەزین.. گشتیان هاوڕێگە وهاومەبەست بەرەو لووتکەی ئارارات دەچوون! زۆر شتم دەدی!

کەچی گێتی بێخەبەربوون، گەرچی کەسانی وەک من هەبوون وبێداربوون وبەبێداری خەویان دەدی، هەندێک کەسی وەک من چیرۆکی دابەزینی پێـغەمـبەران وچیرۆکی دابەزینی گیانەکان وچیرۆکی هەڵچوونی جاڵـجاڵـۆکەیان بۆ هاوسەرەکانیـان دەگێڕایەوە!

خەستەخانەکان ، یا شێتخانەکان پڕبوون لەوڕێنەی ئەو مـرۆڤانەی وەکو من بوون، دەمیان نەدەوەستا، بۆیە هاوسەرو هاوڕێ دێـوپەرستەکان تەسلیمی شێتخانەکانیـان دەکردن! سەردەمێک بوو دێـوپەرستەکان

قینیـان لەبیستنی هەواڵێکی ڕاست بوو! بۆیە کات مانی گرتبوو، چونکە مـرۆڤایەتی غەرقی درۆبوون،
کۆیلەی دێـوو درۆبوون.
بەڵام گیانەکان دەربەستی بەندوبالۆرەی کەلتوور نەبوون، گیانەکان بەرەو ئارارات دادەبەزین! کات وەک
فەرمووم هێشتا لە چرکەی یەکەم لای نەدابوو! کات لەپشودا بوو، لەمیانەی ترازانی میلی کاتژمێرەکەدا کات
وەستابوو، سروەی بەیان بوو، بیستویەکەمی نەورۆزو بەیانی بوو؛ بە کاتژمێرو ڕۆژژمێروساڵژمێری
زاگرۆسییەکان.
لەسەر لووتکەی ئارارات، گەردانەیەکی ڕۆشن، گەردانەیەکی تیشکین دەدرەوشایەوە! نەمدەزانی ئاخۆگیانی
زاگرۆسییەکانە یاخود خواستی ئاهوڕامازدایە داگیرساوە، پرشنگی ڕووناکی دەگەیی بە
هەمووئەستێرەکان.. وەک دەستوپەنجەی تیشک باوەشی بۆدابەزینی گیانەکان کردبووەوە! ئاسمان زۆر
ڕۆشنتربوو لەڕۆشنایی ڕۆژ..پێدەچوو ئاهوڕامازدا باڵەکانی خۆی لەوێ دانابێت!

لە پلەیەکی بەرزی ئاسمانی یەکەمدا، واتە لەژێر کاکێشاندا هەمووگیانەکان، ئەوانەی کەبەدرێژایی مێژو
بەناهەق ولەبرسا لەناوچوبوون هەستابوونەوە! گشتیان پێکەوە لەسەر زەمین توولەڕێگایەکی نەخشینی
ڕۆشنیـیان دروستکردبوو، لەگەڵ هەزاران مەسیح وماریای تردا کە هێشتا لەڕاستیدا من نەمدیبوون،
دەڕۆیشتن.
گشتیان دەڕۆیشتن بەرەو ئارارات ، دەبینران! بەورێگەیەدا دەڕۆیشتن کە دڵیان هەبوو! وەک ئەوەی
لەباوەشی شەماڵدا بن! هێمن هێمن دەڕۆیشتن..گیانی تابـلۆکانم دەدی! واتە فیگۆرە کێشراوەکانی ناو
تابـلۆکان! گیانی فوخارەکان، پەیکەرەکان! ئەوانەی بەدەستی هونەرمەندانی بەویژدان دروستکرابوون!
دەڕۆیشتن، کەچی پێدەچوو لەباوەشی بادا بن!
پێدەچوو بفڕن کەچی باڵیان نەبوو! ئیکۆنەکان لەناو فیگۆرەکاندا شێوەیان زۆر سەیربوو، زۆر دڵتەنگ
بوون!
تەنانەت هێشتا سەدان مەسیحم دەبینی بەخاجەوەن و دەڕۆن،کە من نەمتوانیبوو لەخاج ڕزگاریان بکەم،
هەندێک لەماریاو مەسیحەکان کە بەدەستی هونەرمەندی ناڕەسەن دروستکرابوون ، تەنها ڕووکەش بوون
گیانیان نەبوو! کەچی دەیانتوانی بڕۆن! لام سەیربوو! خاجەکان لەمـرۆڤ دەچوون! دەمبینی درەختەکان،
گیاو ڕووەکەکان فرمێسکی ماریاکانیـان وەکو شەونم دەگرتە باوەش!
تەپوتۆزی ئەو ڕەوە، ئەوکۆچە بەکۆمەڵە زۆر سەیر بوو! دەمبینی تەپوتۆزی ئەوان دەبێت بە گەزۆ لەسەر
گەڵای دارەکان هەڵدەنیشن! ئەوگەزۆیەی کە زاگرۆسییەکان کۆیدەکەنەوەو لێی دەخۆن وگیانی خۆیانی پێ
شیرین دەکەن!
بۆیە گەلانی زاگرۆس گیان ناسن، چونکە ئەوان لەتەپوتۆزی هەڵچون وداچونی گیانەکان بەئاگان! چونکە
گیان توێژێکی شیرین دەردەدات، درەختەکان دەیگرنەوەو چیاییەکانیش دەیڕنن ودەیخۆن! یان دەشێت
درەختەکان لە هونەری نیشاندانی گیانی خۆیاندا کارامە بن!
گیانی زاگرۆسییەکان سروشت جێناهێڵن کە لەناو دەبرێن یان دەکوژرێن! دەبن بە شەونم، ساڵانێکی زۆر
خزمەتی گیانی زەمیین دەکەن، بەر لەوەی بە هەمیشەیی بگەن. چونکە مەئوای نوح پیرۆزە لایان. لەوانەیە
باوەڕ نەکەیت گەر بڵێم ژمارەی گیانەکانی گەلی زاگرۆس هەزارهێـندەی گیانە زینـدووەکان زیاترن!
چونکە سروشتی گیانی چیاییەکان وەهایە! نامرن، لەدوای مردن گیانیان زاگرۆس جێناهێڵن.. چونکە
ئەوان ڕەسەنترین وەچەی حەزرەتی نـوح-ن.

زاگرۆسییەکان میللەتێکی فرە باوەڕن، تەناتەت تیایاندایە سۆزیان بۆ ئەهریـمەنیش هەیە! ئارارات نزرگەی نـوح-ەو زاگرۆسییەکان پڕن لەبەهرەی گیان، ئەوان بەوە ناسراون کەگیان پەرستن، تەنانەت سوێند بەگیانی یەکتری دەخۆن کاتێک کەپێکەوە دەدوێن، کاتێک کە پێکەوە دەژین.

بۆیە ئەو سەرزەمینە بەرلە ماڵ ودیاری کورد، ماڵ ونزرگەی گیانەکانە، چونکە نەک تەنها ترۆپکی هیمالایا، بەڵکو زاگرۆسیش نزرگەی گیانی پێـغەمـبەران وکۆچەرانی گیانە، نزرگەی گیانی فریشـتەکانە. چونکە گیانی حەزرەتی نـوح، ئیبراهیم= زەردەشت، سولەیمان، هود، لوقمان مەسیح لەوێ دەژین.

هەر بۆیەشە زانایانی ڕۆژهەڵاتناس هەمیشە گەشتیان کردووە بۆ وڵاتی زاگرۆس وهەوڵیان داوە شوێنەواری ڕاستیی کەشتییەکەی نـوح وگیانی نـوح بدۆزنەوە، بەڵام جێگەی داخە کە هێشتا کوردوستان لەژێر دەستی هەژدیهاکاندایەو نـوح داگیرکراوە وکورد بەجیـهاندا پەرتەوازەدەکرێت.. نەنگی بۆ جیـهان، کە میللەتێکی چلوپێنج ملیۆن کەسی بەرەو نەمان دەبرێن، دێـوەکان، هەژدیهاکان داگیریان کردوون، هەژدیهای ڕۆژئاواو ڕۆژهەڵات!

کەچی هێشتا جیـهان ئاوڕێکی لەوان نەداوەتەوەو زۆربەی گەلانی ڕۆژهەڵات وڕۆژئاواش خۆیان ئازاد دەبینن.. نازانن ئازادی بریتییە لە یەکبوونی جیـهان ولەئازادیی هەموو گەلانی سەرزەمین! شەرمەزاری بۆ ڕۆژئاوا کە پشتیان کردۆتە مەککەی باپیرە گەورەیان.

دێـوەکان، هەژدیهاکان هەمیشە شەڕیان لەدڵی زاگرۆسییەکاندا بەرپاکردووە، بەدرێژایی مێژو خەریکی قڕکردنی میللەتی کوردن، کەچی ئەومیللەتە بێگەردە هێشتا خاکی وڵاتێکی تریان داگیر نەکردووە، هێشتا نەبوون بە کۆیلەی شەڕو خاک و نیشتیمانی هیچ گەلێکیان داگیر نەکردووە.. هێشتا سوورن لەسەر مانەوەیان لە مەنزڵگەی نـوح، هێشتا لەزۆربووندان ودێـوەکان، هەژدیهاکان نازانن چۆن قڕیان بکەن! میللەتە دڕندەکانی عەرەب وتورک و فارس؛ هەروەها چاوبرسییە خۆرئاواییەکان بێئاگان لەوەی کە زاگرۆسییەکان خاوەن سووپایەکی گیانیی مەزنن، نازانن کە ئەوان میللەتێکی کۆڵنەدەرن، لەڕووی هاوسێیەتی و بەگیانی مـرۆڤایەتییەوە مامەڵە لەگەڵ دێـوو خێویشدا دەکەن! دەنا گەر بیانەوێت بە هەناسەیەک دوژمنەکان قڕ دەکەن، کەس نازانێت کە میللەتی زاگرۆس گەر تووڕە بن، دەتوانن هەر دوژمنێک تێکبشکێنن.

پەیامی ڕووناکی لەسەر لووتکەی ئارارات داگیرسابوو، وەک مەشخەڵێکی ڕووناکی..ئاسمان پڕبوو لەدەنگی مۆسیقایەکی گیانی، گوێم لێبوو بەدەنگی منداڵ، بەدەنگی ئافرەت وفریشـتە؛ سەدایەک دەنگی دەدایەوە لەکاکێشاندا !

کۆراڵێکی مەزن دەنگی دەدایەوە.. کۆراڵی ئامیین. ئەوانەی خاوەن کەرامەت بوون ونوستبوون، لەخەویاندا گوێیان لەوئاوازەگیانییە دەگرت؛ گەردون بەگشتی پڕبوولە ئاواز، دەنگە خۆشەکان کە بەدرێژایی مێژو لەئاسماندا گەلەکۆبووبوون، بەویستی ئاهورامازدا دەبوون بەئاوازی گیان.. ئامین..ئامین، ئامین، دەنگی دەدایەوە لەوکاتەدا کە گیانەکان دادەبەزین، کە گیانەکان بەرەوئارارات دادەبەزیین.

فریشـتەیەک بەگوێمدا چرپاندی وفەرمووی: ئەم دەنگە خۆشە هەمان دەنگە، هەمان ئاوازومۆسیقا کە ڕۆژی بەرێ دێـوەکان، دێـوپەرستەکان هەپرون بەهەپرون دەکات، چونکە دەنگ، تەنها دەنگ گەر بیەوێت، لە چرکە ساتێکدا بوونەوەر هەڵدەوەشێنێت؛ ئەگەر قیامەت بێت، هیچ هێزێک ناتوانێت دەست بەسەر دەنگدا بگرێت، بەکەفلەکوونێک هەمووشتێک خاپوور دەبێت.

ئەو کاتەی کەڕۆژی بەرێ دێت، کات ناوەستێت، بەڵکو هەڵدەوەشێت، دەنگێک لەگەردوونەوە دێت تووڕە دەبێت.. شاخەکان خۆیان پێڕاناگیرێت، زەریاکان پەرکەم دەگرن، ئاگرەکان شێت دەبن ، باکان سەریان لێتێکدەچێت، باڵندەکان نافڕن! ئەوکاتە ناتوانن فێربن، ناتوانن بپەرستن، ناتوانن خاوەن گەل وهێزو دەسەڵات بن! ئەوکاتە تەنها لەناودەنگدا لەناو زرمەی دەنگێکی تووڕەدا خاپوور دەبن.
ئەوکاتە دادمان نادات مـرۆڤ بین یاخود دێـو، ئەوکاتە بوونەوەر لەرز دەیگرێت؛ گەردوون فێی لێدێت؛ دەلەرزێت.
دەریاکان هەڵدەستنە سەرپێ و تەماشا دەکەن، خاک شیتەڵ دەبێتەوە، ئاگرەکان گڕلەهەمووشتێک بەردەدەن لەخۆشیدا.. چونکە دەنگی لێکدانی باڵەکانی ئاهوڕامازدا دەبیسترێت، چونکە ڕۆژی بەرێ دێت! چونکە ژیان ماندوو دەبێت، وەڕز دەبێت، مان دەگرێت.. چونکە دەستپێکردن ئەگەر دروست نەبێت کۆتایی دێت، وەک چۆن دایک دەست دەنێتە بینی کۆرپە! ئاوا ژیان دەست دەنێتە بینی خۆی وژیان لەخۆی هەراسان دەبێت.. ژیان لەپاداشتی کردەوەکانی دێـودەکاندا کۆتایی دێت..

سەیربوو! دەمبینی خاجی خوێناوی لەئاسمانەوە بەگڕەوە دەکەوتنە خوار! لەخەونمدا دەمبینی ئاسمان پڕ بوو لەخاج! دیمەنی پارچە پارچەی کۆلاج شێوەم دەبینی.. دەمبینی لەهەندێک شاروگوندی ئەمسەرزەمینەدا کۆمەڵ کۆمەڵ مـرۆڤ بەدیار خاجە خوێناوییەکانەوە هەڵتووتابوون! نەمدەزانی بۆچی دەگرین؟
ئایا خۆیان گەرمدەکردەوە یان پەنایان بردبوو؟ یان دەترسان!؟ کەچی ئەوخاجانەی کە بەرەو ئارارات دادەکەوتن.. دەبوون بەڕۆشنایی، دەمبینی مەسیحەکان ڕوخساریان دەگەشێتەوە! نەمدەزانی بۆ؟ گوێم لێبوو بەهەموو زمانەکانی جیـهان، دێـوپەرستەکان کە قەبارەیان بچووک بچووک بوبووەوە دۆعایان دەکرد، دەپاڕانەوە!
دێـوەکان زۆر دەبوون، نەڕەی دەنگیان ئاسمانی یەکەمی پڕ دەکرد! بەپێچەوانەی ڕۆشنایی ئاسمانە بەرزەکان، بەپێچەوانەی ڕۆشنبوونەوەی ئارارات، لەئاستێکی نزمی سەروو زەمینەوە، لەو ئاستەدا کە هەورەکان گرمۆڵە دەبن وکۆدەبنەوە، تارمایی دێـوەکانی ناتۆ و ئۆپیک بەری ڕووناکییان دەگرت، دێـوەکان بەهێز بوون، باوەڕیان بەشەڕی خۆیان مەتین بوو!
دێـوەکان تووڕە دەبوون، لەگەڵ تووڕە بووندا زۆردەبوون، بەری تاریکییان دەگرت! چونکە دێـوەکان بێدار بوون، ئاگاداری هەمووکەین وبەینێک بوون، ئەوان دێـوپەرستیان زۆربوو تا هەواڵیان لە غەیبەوە بۆ بێنن، مـرۆڤەکانیـان فێری بوختان ودرۆو ڕیایی کردبوو! مـرۆڤ باوەڕی بەخۆی سست بوو!
گوێم لەسروودێکی بوودا بوو دەیخوێند: **هەموو بوونەوەر گوناهێکی بۆ ناسڕدرێتەوە! کەگوناهەکان زۆربوون، لێخۆشبوون دەمرێت.**
مـرۆڤی مەزن کەسێکە بتوانێت لەخۆی خۆش بێت، بتوانێت دەروونی خۆی پاکژ ڕاگرێت ولەخواکـان نەپاڕێتەوە بۆ لێخۆشبوون.. چونکە خواکـان لەوهەمووزمان وئایین وپەرستنانە تێناگەن، چونکە خواکـان بێزمانن!نادوێن، کاریان بەئاخاوتنەوە نییە. خواکـان لە فەرموودەکانی مـرۆڤ دروست دەبن، کردەوەکانی خۆتانن. پیتن، هەستن، ووشەن ئەوان.
دەمبینی پەیتا پەیتا ئارارات ڕۆشنتر دەبێت، دەمبینی پێـغەمـبەرەکان، فریشـتەکان، مارياکان، مەسیحەکان دادەبەزن، دادەبەزین لەخەوما.. منیش سەیرم دەکرد، سەیری ئاسمانەکان، دەمتوانی ببینم، دەمتوانی ببیستم، دەمتوانی لەخەو هەستم، بنووم، بێداربم! خۆم، تۆ،ئەووئەوان، ژیان وگیانی ژیان ببینم! دەمزانی شێت نیم وشێتیش نابم.

کات وەستابوو.. کات هێشتا لە چرکەی یەکەم نەترازابوو. بۆنی بغوردم دەکرد، هەستم دەکرد ئارارات لەبغورد دەچێت.
مێرولەکان فەرموویان ڕۆژی بەرێ دێت، گیانەکان دادەبەزن، دێن بە میوانیی نـوح.

## تابلۆی بانگدان

( من بانگەکان دەبیستم.. فریشـتە وردیلەکانی شازادەی وڵاتی بەفر- مارتا لوویسە-Marta luise - ئەوشەوە هاتن پێیان ووتم: نوێژەکانتان تەنها مەکەن.. ئەگەر هاوسەر بوون، واتە هاوسەری گیانی.. بەپاکی، بەڕووتی پێکەوە دانیشن تەماشای خۆتان بکەن.. نێرو مێ دەبێت تەماشاکانیـان بگۆڕنەوە.. تا فێری هونەری بینین بن.. بەتەماشا پێکەوە گۆرانی بڵێن.. بانگی خواکـان بکەن بێن بەمیوانیتان.. نوێژەکانتان پێکەوە بکەن نێرو مێ.. بەڕووتی، بەڕاستگۆیی بەبێ شەرم لەیەکتری کردن.. پێکەوە بەبێ درۆ لەگەڵ یەکتری بدوێن، پەرستگاکان، مزگەوتەکان، کەنیسەکان لەناو ماڵەکانتاندان، بگرە لەدەروونی خۆتاندان.)
چرکە خەریک بوو دەترازا، کات لەوەدابوو ئاسایی ببێتەوە، کات خەریک بوو لەچرکە تێپەڕێت.. ئارارات ڕۆشن داگیرسابوو، گیانی هەزاران فریشـتە بەکاکێشاندا بەدەم نەغمەی ئاوازێکی گیانییەوە گەیشتبوونە ئەوێ!
سەیرە.. لەخەودا ئەگەر کاتیش نەوەستێت لە میللی چرکەیەکدا گەردونێک دروست دەبێت وگەردوونێکیش لەناو دەچێت.. **کات لەخەودا نەناوەرۆکی هەیە نەمانا، بۆیە من خەونەکانم پێیان ووتم تەنها بەیەک شێوە**

**دەتوانم گوزارە لە پەیامی خواکـان بکەم، ئەویش ئەوەیە کە هەمووشتەکان لەخەودا باس بکەم یان خەوورِاستی تێکەڵ بەیەکتری بکەم!**
بۆیە من دەربەست نیم تۆ تێبگەیت یان تێنەگەیت کە دەشێت لە میللی چرکەیەکدا زۆرشت ڕوودات! دەشێت خوایەک دروست بێت، دەشێت دێـوێک بتۆپێت، مـرۆڤێک لەدایک بێت! سەیرە مـرۆڤ هەیە هەرکە لەدایک دەبێت دەمرێت! کەس نازانێت بۆچی هەندێک مـرۆڤ بەر لەلەدایکبوون، مان لەژیان دەگرن! هەن نایانەوێت یادیان بێتەوە سروشتێکی تایبەت وکۆمەڵێک یادگاریی تاڵ ژیانیـیان دووپات بکاتەوە، کەس نازانێت کە هەندێک مـرۆڤ هەن دەترسن بگەڕێنەوە، یان مردن بە هەڵە لەمسیان دەکات.. یان دژی داخوازییەکانی باوانیـیان مان دەگرن، خۆیان لەسکی دایکیاندا دەخنکێنن، یان هۆکاری مردن بەدی دەهێنن.. چونکە هەن لەمنداڵدانی دایکدا زیاتر لەمن و تۆ دەزانن.. هەن کەدێنە ژیانەوە تا بەتەمەن تر بن!
دەبنین هەن لەناوماندا لە دایک دەبن و لە ژیاندا گێلترو نەزانترو نەخۆشترو هارتر دەبن، هەن هەڵناکەن لەگەڵ دێـوەکاندا! هەن بەدێـوی لەدایک دەبن. **بۆیە من بەدووری ناگرم وگومانیشم لەوە نییە کە خەونەکان لە منداڵدانی بووندا منداڵێکی گەلێک ژیرن، خەونەکان دەتوانن سروشتی خۆیان فەرزبکەن، دەشێت کۆرپە لە سکی دایکیدا خۆشتر یاری بکاو بیر بکاتەوە و خۆشتریش خەون ببینێت! دەشێت خەونەکان لە یاوێکی تاریکی ناو مێشکێکی کۆرپەلەدا زیندووتربن.. بۆیە منداڵ فریشتەیە و وەک خواکان دەتوانن جوان بن، ناشیرین بن! هەبن، نەبن! مـرۆڤ لەبوونەوەردا گیان وخەونە! لەژیاندا کردەوە و ووتارەکانێتی! مـرۆڤ بریتییە لە گیان وخەون وکردار! ئەم سێگۆشەگیانییە نهێنییەکانی مـرۆڤی قۆزاخە کردووە لە بوونەوەردا!** ئەم سێ چاوگە مرۆڤ بە میرات بۆی ماوەتەوە!

لەوکاتەدا کەگیانەکان نیازمەند بوون بەرەو لووتکەی ئارارات دابەزن، بەتەنافە ڕۆشنەکانی جاڵـجاڵـۆکەدا بەپێی نەخشەی ویستراوخەریکی کەشی خۆئامادە کردن بوون بەرەو نزرگە ومالّی حەزرەتی نـوح.. پیـرشالیار لەشێوەی پەڵە هەورێکدا، بەئاسماندا لە دۆخی متبوون ونوێژکردندا، بەدەم باوە بەرەو ئارارات با دەیبرد!
هێـندەی ئەو پەیکەرەی بوودا مەزن بوو کە پاسدارە تالیبان ـە بەدخووەکان تەقاندیانەوە بەحەوادا! پێدەچوو پیر لەیادی پەیکەری بوودادا لەحەوادا گەردووتۆزی پەیکەری بوودای کۆکردبێتەوە! چوارمشقی کووت و مت هەروەکو بوودا دانیشتبوو، لەخەڵوەتێکی ئازاددا بیری لەگیانی ئاهورِامازدا دەکردەوە.. هەستەکانی خۆی لەباوەش بوو، لەویستی بوونەوەردا لەنگەری گرتبوو؛ هەندێک جار لە کەشتی دەچوو..بەچاوی گیان تەماشای ئاهورِامازدای دەکرد.. پرشنگی لێکدانی باڵەکانی ڕووناکیی دەبینی.. لەبارودۆخی یەکبووندا ئەو منی دەبینی، منیش ئەوم دەبینی! من دەبووم بەوان،؛ بە گیانی گشت.
پێکەوە هەستمان بەیەکبوون وئاوێتە بوونی گیانی دەکرد، دەمانبینی باڵدارێکی مەزنی قەبارە بێشومار لە شێوەی لەقلەقێکی سپیی زۆر ڕووناکدا باڵەکانی لەیەک دەدات.. بەلێکدانی باڵەکانی گڕو ڕووناکیی دەپەخشاند بە گەردووندا.. دەمانبینی گەردوونەکان وەک کۆرپەی ساوا لەلێکدانی باڵەکانی ئاهورِامازدادا لەدایک دەبن، بەگەردووندا پەرت دەبن!( **من ئاهورامازدا لە شێوەی لەقلەق و جاڵجاڵۆکە و دایک و لە شێوەی تەوەژمێکی مەزنی ڕووناکیدا هەست پێدەکەم! هەست مەکەن کە دژە ڕا نیشان دەدەم!)**
گەردوونەکانمان بینی چۆن چۆنی دروست دەبن! دەمانبینی گڕو دووکەڵ وتەپوتۆز خۆیان دەچنن.. دروست دەبن، دەزێن، یەکتری دەگرن، وەک ئەوەی دەنگێک، یان شەقەی لێکدانی باڵێک فرمان بەسەر

دروستبوون ورِسکانیاندا بکات، وەک ئەوەی دەنگێک بەگەردوونەکان بڵێت بین.. ئەوانیش دەبن! باکان جوان و زینـدوو دیار بوون.

سەیربوو لەلام، لەخەونمدا لە یەکبوونمدا لەگەڵ پیـرشالیاردا دەمبینی گەردوونەکان دەفرِن، باڵیان هەیە، لەحاجیلەقلەق دەچن! هەستم دەکرد گەردوونەکان دایکیان هەیە ولەمنداڵدانی دەنگەکانی ئامین- لەدایک دەبن، سەیرم لێدەهات کە ووشەکانی ئامین دەبینم دەفرِن! بەلامەوە سەیر بوو کە مـرۆڤ توانیویەتی پەی بە نهێنیی پیـرۆزیی ووشەی ئامین بەرێت!

سەیر لەوەدا بوو، هەستم دەکرد کە **گەردوونەکان بە ویستی هاوکاری، بە هاوگیانی، بە یەککگرتن دەتوانن بین بە شکڵ ومادەو قەبارە بەخۆیان بدەن، بەهاوکاریو پەیوەندی دەتوانن دروست بین. هەستمکرد هەستەکانی یەککگرتن وهارِمۆنی وهاوکاریو هاوگیانی وهاوسەنگی دەتوانن خۆیان پتەو بچنن. دەتوانن یاسا دانێن، فێربن، دەتوانن هەستیان هەبێت، بیربکەنەوەو رِێکخستن بکەن بەبەرنامەو ژیان برِێسن!**

لەگەڵ هاوهەستیی پیـرشالیاردا توانیم بەچاوی هەست قووڵایی هەمیشەیی ببینم.. توانیم ناکۆتایی گەردوونەکان ببینم! توانیم لەژمارە بەدەر خۆرەکان، خۆری هەمەرِەنگتر ببینم، توانیم خۆری سوور، شین، مۆر، پەمەیی، خاکی، سپی، زەرد هەتا دوایی ببینم! هەستم دەکرد گیانم دەتوانێت ببێت بەخۆر! سەیرە ناتوانم زیاتر بەووشە تەماشاکانم برِێسم، بەڵام بینینم گەلێک سەیربوو لەلام! هەستم دەکرد تەنانەت لە دۆخی نووستنیشدا شێت دەبم! یان لەناو خەونەکانمدا وون دەبم و ژیانم کەمتر هەست پێدەکرد و لە ئۆخژنێکی گیانیدا ئاشنای تەوەرێکی تر و مانایەکی تر و رِاستییەکی تر دەبووم!

زۆرئازادانەو بێترس هەموو گەردوونەکان گەرِام، کەچی خوانەکات خوایەک بێتە سەر رِێگەم وپەلامارم بدات، یان لێم بپرسێت تۆ کێیت وچیت دەوێت و چی دەکەیت؟ کەس داوای پێناسنامەی لێنەکردم و هیچ شەرِو خێرێک نەهاتە سەر رِێگەم و بڵێت: **ولک هویتک!** ( ئەم دوو وشەیە عەرەبین و هێزەکانی بەعس کوردیان بەوە دەگرت و دەکوشت گەر پێناسنامەی پێنەبوایە!) بگرە هیچ خوایەکم نەدی دزێو.. باوەرِ دەکەیت یان نا، نەپەیداغم بینی، نە سنوور، نە خواوەندی شەرِ.. جگە لە حاجیلەقلەقێک هیچی ترم نەبینی ئەویش دەفرِی و لەئازادیی خۆیدا بێباک بوو.

هەڵبەتە من زۆر عەوداڵی بینینی خواو خواکـان بووم! بەڵام لێتانی ناشارمەوە خواوەندم بەتەنها نەدی ودەست لەگونان درێژتر هەر تەماشای قوڵاییم دەکردو لەگەرووی قووڵاییەکاندا رِۆدەچووم.. چاڵی قوڵ قولم دەبینی لەنێوان هەر گەردونێکدا کۆمەڵێک چاڵم دەبینی، بەڵام ناتوانم بوختان بکەم وبڵێم خواوەندم تاک و تەنها دی! شتێکی زۆرسەیرم بینی کە زۆرشایەنی گێرِانەوەیە! بەڵام لێرەدا باسی ناکەم، چونکە لەتابلۆی دابەزیندا نیازمەندم پەنجە بۆ ئەو بینینە رِابکێشم یان باسی بکەم.

بەڵام، سەدان هەزار بتم بینی! نەء ملیۆنەها هەزار بت.. بتی بچووک، بتی گەورە وگەورەتر، بتی رِەش وسپی، بتی رِەنگین، ناشیرین وجوان، زبرو نەرم! باسی ئەستێرەکان ناکەم چونکە تۆش دەزانی وباوەرِێش دەکەیت کە ئاسمانەکان پرِن لە ئەستێرە! ئەوەی جێگەی سەرسوورِمان بوو کیشوەری واژەکان بوو، یان کیشوەری ووشەکان، چونکە بینیم ووشەکان بەئاسمانەکاندا ئازادانە دەگەرِێن، بینیم ووشەکان پێکەوە گۆرانی دەڵێن! بینیم ووشەکان سەمایان دەکرد ولەدۆخی سورِخواردندا دەبوون بە نۆتە، بەدەنگ، بەئاوازی مۆسیقا! بینیم هەر ووشەیەکی جوان کۆمەڵێک ووشەی جوانتر دەوریان داوە وپێکەوە ئاوازێکی گیانی دەژەنن.. بینیم هەندێک ووشە دەتوانن بین بە مـرۆڤ، بەمنداڵ، بە فریشـتە.. ووشەکان هێندە

جوان بوون لێم دەبوون بە مەعشوقە! خۆشم دەویستن، چەپڵەم بۆلێدەدان دەمگرتنە باوەش، خۆمم تێهەڵدەسوون، ئەوانیش وێنەی سەیر وسەیرتریان نیشان دەدام! **لە ووشەیەکم پرسی خوالەکوێیە؟ فەرمووی: تاچاوت بڕەکات، تاتوانات بڕەکات تۆ لەکەرامەتی خوادایت! خواچییە؟ من خواوەندم. وادەزانی خواوەند لەووشەکان مەزنترە؟ ووشەیەکی منداڵ ڕوخسار بەدەم پێکەنینەوە فەرمووی: وادەزانی خواوەند خۆی دەبینێت؟ یان خۆی دەپەرستێت؟ یان خۆی دەچنێت؟ خواوەند تادێت زۆردەبێت، خواوەند لەتەماشاکان دەچێت. خواکـان خەندەن لەسەر لێوی ئێمە.. خواوەندەکان زۆرن، ئەوان لە کردەوەکان و واتاکانی مرۆڤ دروست دەبن.. ئاسمانەکان پڕن لە خواوەندەکان. جا چاوی تۆ توانای بینینی سستە. چونکە چاو هەموو شتێک نابینێت. بەڵکو تەنها بەهەستەکان دەتوانییت ببینییت.**

بینینمان هەستێک بوو ناشایەنی ڕوونکردنەوە، کۆسپەکان لێرەدایە، ئەوکۆسپانەی کەمـرۆڤ ناچاردەکەن لەقوتبی بینیندا لەمپەربگرن، ڕابووەستن، چونکە لەوێ بەدواوە لەیەکبووندا مـرۆڤ پەرت و بڵاو دەبێتەوە، هەرچییەک بڵێت تەنها زیادەڕۆیی سەرباری دووپاتبوونەوەی ووشەکان دەکات.. چونکە تەلیسمی ووشەکان هەست پێدەکات، هەست بڵاودەبێتەوە، بیر پێڕاناگات هەمووهەستەکان لە جێگەیەکدا پێکەوە گرێبدات. بۆیە وەک دەڵێن زۆر ووتن قورئان خۆشە .. بەڵام من دەڵێم زۆر ووتن خۆش نییە!

پیـرشالیار لەیەکبووندا لەگەڵ مندا لەکامەرانیی بوودا-دا هەستی بەنەبزی بوون دەکرد، یەکبوون بەگیانی بوونەوەرلەهەمیشەییدا، لەدووپاتێکی ئانی وهەمیشەییدا.. وەک چۆن هەناسەکان دووپاتن، ئاوەها دیمەنەکان، بەسەرهاتەکان، ووشەکان، بابەتەکان دووپات بوون لەهەمیشەییدا!

هەروەکو دووپاتبوونەوەی سوڕی خوێن، بەڵام وەها نا کەلەڕاستەقینەدا ڕوودەدات، خوێنی پیس لە سوڕیدا بەناو دڵدا پاکژ بێتەوە، نا وەها نا.. چونکە ئەو هەمیشەییەی من لەیەکبووندا تیایدا دەگەڕام.. بریتی بوو لەو قووتبانەی کە لەکەرامەتی خێردا دووپاتن وهەمیشەیین.

چونکە من چەقم نەبەستۆتە سەرتاریکی و گەردوونەکانی تاریکی، چونکە باوەڕی من سەروکاری بەتاریکییەوە نییە، شەڕلە گەردوونەکانی مندا، لە شەقەی باڵەکانی ئاهورامازدادا بوونی نییە، تەنها زەڕڕیەک شەڕ لەهەموو گەردوونەکانی خێری مندا نییە.

بۆیە من دەزانم کە مـرۆڤ پێویستی بە ئەدەبێکی دیکەیە بۆ گەیشتن بەکەرامەتی شەڕو قووڵبوونەوە لە دێـوەکانی شەڕدا.. من ڕێگە بەسروشتی خۆم نادەم بەتوونێلە تاریکەکاندا هەڵزنێم تا لەفەلسەفەی شەڕو کەرامەتی شەردا بیری ترسناک وتۆقێنەر دەست بخەم، نا، من کاری واناکەم، چونکە من شەڕم لەخۆمدا بنبڕکردووە، من هیچ پەیامێکم بۆ شەڕ نییە وپشتم تێیکردووە.

لەوگەشتەدا، لەویەکبوونەدا گەیشتمە قوتبی تێگەیشتن، تێگەییم کە ئەوزانایەی لەڕاستەقینەدا توانیی تیۆری تەقینەوەی مەزن=( بیگ بانگ) کەشف بکات، بەهەڵەدا نەچووە، بەڵام بەئاگانەبوو لەوەی کە پرۆسیسی دروست بوونی بوونەوەرەکان دووپاتە، واتە بیگ بانگ لەهەمیشەییدا دووپات دەبێتەوە، ئەو تەقینەوە مەزنە هەمشە سرووشتی دواهەمینی ئاهورامازدایە لەبوونەوەردا! دەتوانین بڵێین کە هەر بیگبانگێک لەقلەقێک لە دەروونی بوونەوەرەوە پەرش دەکا و لەباڵ دەداو بڵاو دەبێتەوە! **گەردوونەکان باڵندەی خوان!** دەتوانم بڵێم بیگ بانگ هەمیشە ڕوودەدات، زۆربوون ناکۆتاییەو لێکدانی باڵەکانی ئاهورامازدا لەبەردەوامیدا ناوەستێت.. ئەگەریش بێت وبووەستێت، ئێمە پێینازانین، وە تێناگەین بۆچی کات یان بەردەوامی دەوەستێت، بۆچی ئاهورامازدا= جاڵـجاڵـۆکەی تیشکی پیـرۆز؛ لەفڕین بە گەردوونەکاندا دەوەستێت!

من وەهای دەخەملێنم، دەڵێم چونکە ئاهوڕامازدا لە ئاسمانەکاندا دڕ بەتاریکی دەدات، ئەگەر بێت وبووەستێت، ئەوا تاریکی زەفەر بەڕووناکی دەبات، دەتوانێت، لەمسی بکات، پیسی بکات، داگیری بکات، بۆیە بەردەوامی لەهەمیشەییدا ڕوودەدات! بۆیە باڵێکدانی ئەو هەمیشەییە. بۆیە بوونەوەر دووپاتە لەهەمیشەییدا !

بۆیە لەپرۆسیسی زۆربووندا؛ لە دووپات بوونەوەدا، ویست بڵاو دەبێتەوە، پەیام دەپروێت، عەشق بڵاو دەبێتەوە، گیان دەزێت.. ئەوگیانانەی دەست تێوەردان پەسەند ناکەن! بۆیە کاتێک خۆنەویست بەیەکدا دەلکێن، یاخود بەریەکتری دەکەون وخۆیان لەیەکتری هەڵدەسوون، دووچاری جموود دەبن، سنووردار دەبن، دەگۆڕێن وئازادییان لەدەست دەدەن، وەکوومـرۆڤ، ئەومـرۆڤانەی کاتێک دەست بۆکەرامەتیان دەبرێت، ئازادییان دەشێوێت، کەئازادی شێوا شەر دێت، کەشەر هات پیس بوون دێت، کە پیس بوون دەستی برد بۆکەرامەتی ژیانەکان و گیانەکان، نەخۆشی و مەرگ و دەرد بەدی دێت.

ناجۆری بەدی دێت..ئەمە کاتێک بەدی دێت کە ناهاڕمۆنی گیانەکان بەیەک دەگەن. بەڵام کاتێک بەئازادی وهاڕمۆنی گیانەکان بەیەک دەگەن، بەختیارییەکان سەرهەڵدەدەن، هاوگونجاندن، یەکبوون، جوانی وئاوێتە بوون بەدی دێنن.

لەگەردووتۆزی گیانەکان ئاووئاگر، تۆزو هەڵم بەدیدێنن وبوونەوەرەکان دەڕسکێنن! بیگومان ئێستا دەزانین کە کۆمەڵێک کەڵە گیانی مەزن سەروکاریان بە گەردوونی مادیی ئێمەوە هەیە، بەرلەوەی دەست بۆ سروشتی یەکتر بەرن، مەزن وجوان وهەمیشەیی و پایەدارن..شلەن، گازن، هەلمن، با سیفەت و تۆزن. تواناو ڕەگەزیان سابتە و بە ویستێکی کەونی دەگۆڕێن.

کۆسپی ژیان، کۆسپەکانی مـرۆڤ ودروستبوون لێرەوە دەزێن وبەرەو مردن دەچن. چونکە کاتێک گازەکان، هەڵمەکان، تۆزەکان یەکتری دەگرن، دەشێت سروشتی یەکتری ناجۆرانە بگۆڕن، بۆیە شەڕ دەڕسکێنن، بۆیە ناجۆری سەرباری سروشتی خۆیان دەکەن، چونکە سروشتیان هەمەجییانە تێکەڵی یەکتر بووە. وەک جووت بوونی تیمساح ومـرۆڤ! ئایا دەشێت؟ گەر وای ڕەچاو بکەین دەشێت! چی بەدی دێت؟

ئالێرەدا مەزنیی مـرۆڤ دەردەکەوێت، لێرەدایە فەلسەفەکان لەگەڵ باوەڕدا کۆک وناکۆک دەبن، چونکە زۆر لە **فەیلەسووفەکان دان بە بێگومانیی شەڕدا دەنێن، نازانن کە چاتر وایە دان بەهاڕمۆنیدا بنێن، چونکە لە ڕاستیدا سروشتەکان پڕن لەدژە چاوگ، پڕن لە هەڵمەت بردنە سەر یەکتر ویەکتر داگیرکردن ویەکتر گۆڕین.. تەنها مـرۆڤ لەنێوان بوونەکاندا دەتوانێت سروشتی بوون بگۆڕێت وباوەڕ بەو دژانە نەکات، بەڵکو دەتوانێت دژی دژەکان کار بکات.. دەتوانێت ببێت بە میانەیەکی هارمۆنی خوڵقێن. ئەمە ڕاستییەکە و لۆژیکناس و ماتماتیک و فیزیکناس و بیردۆزەکان نکووڵیی لێ دەکەن.**

مرۆڤ دەتوانێت بەلای کەمەوە دەست بۆ سۆزی کەڵە گیانە مەزنەکان بەرێت، تا خووی ئەوان هاڕمۆنی بکات.. ئەم بابەتە کەمێک نامەفهوومە بە بیروباوەڕی مـرۆڤ، مـرۆڤ دەبێت زۆر تێفکرێت تا لەسەلیقەی بەندەکانی واتاکانم تێبگات..یان دەبێت ببم بە قووتابیی زانستە سروشتییەکان تا لە ترش وماددەو گازەکان بدوێم.. مـرۆڤ دەبێت دژایەتی لەخۆیدا بنبڕ بکات تابگات بە هەستی بوونەوەر، تابتوانێت بـبـینێت، تا تێبگات فێربێت. چونکە وەک فەرمووم : **هارمۆنی و عیشق و ئازادی ـ پەیامی بوونەوەرە.**

چونکە بوونەوەر جگە لەتاریکی هیچی تر نییە، کاری ڕووناکی لێرەدا دەردەکەوێت، چونکە ژیانەکان، سروشتەکان زادەی ڕووناکین و بەبێ ئەوان بوونـیـان ناشێت. تاریکی بەر لەڕووناکی هەیەو پیرترو بەتەمەنترە، **وامەزانە کە مێژووی خێر کۆنترە وخێر لەشەڕزاناترە.. نا، نا بەڵکو دڵنیات دەکەم کە شەڕ**

**دەسەڵاتی بەرینترو تاریکایی زۆر لە ڕووناکی قوڵترە! بگرە کاوس خوودی دروست بوونە! جا ڕووناکی لە کاوس وەڕز بوو کاتێک کە لە دەروونی ئەو دەرپەڕی!**

بۆیە ئاهورامازدا سەروکاری بەئێمەوە نییە، کاری ئەو تەنیا دڕدانە بەتاریکی، تەنها کاری لابردنی پەردە ئەستوورەکانی تاریکییە.. کەی تۆش توانیت بەهەموو ئامانجەکانتەوە دژی تاریکی ومەرگ و دێـوی شەڕ بووەستیت؛ وە بە هارمۆنی برەو بەلێکدانی باڵی میهرەبانیت بدەیت، ئەوکاتە دەتوانیت هەست بەئامان بکەیت، دەتوانیت تێبگەیت کەتۆش پرتەوی گیانی خوودی ئاهورامازدایت.

ئەوکاتە دڵنیا دەبیت کە لەبوونەوەردا ئازادیت وهەمیشە سەرپشکیت، خۆت بڕیار دەدەیت دەبیت بەچی، چی دەکەیت، چۆن دەژییت. خێروشەڕ تەواوکەری یەکتری نین، بەڵکوشەڕ هەمیشە ڕێگری لەئازادیی مـرۆڤایەتی کردووە بۆیە خێر بۆهەمیشە دەبێت تەوەرو ئاراستەکانی خۆی بگۆڕێت.. جیـهان دەبێت فێر بێت وازلەبەدخوویی بهێنێت، مـرۆڤ دەبێت چراکان لەدەروونی تاریکایدا دابگیرسێنێت، دەبێت فێر بێت شەڕ بەسوودی خێر بەکار نەبات..

لەو یەکبوونەدا، لەوگەشتەدا لەگەڵ گیانی پیـرشالیاردا لە تەماشاکاندا دەگەڕاین، من لەخەودا لەگەڵ گیانی بوخاریی ئەودا خۆشحاڵ بووم بەوەی کە با پەیکەری هەڵمینی پیـرشالیار بەرەو نزرگەی گیانیی نـوح دەبات، چونکە من لەوەتەی هەم لەژیاندا، لەوەتەی بوومەتە پەنابەر، بیری ترۆپکی ئارارات دەکەم، حەزدەکەم لەوێ ڕاکشێم، بژیم تەرمم بنێژرێت، بەڵام جێگەی داخە کە هەژدیهاکانی توورک ئەوێیان داگیرکردووە، ماف بەکوردەکانی زاگرۆس نادەن نوێژەکان ونزاکانیـان بەئاهورامازدا بگەیەنن، چونکە ئارارات ئابڕوی میللەتی زاگرۆسە.. ئارارات نزرگەو مەرقەدی نـوح ــە..

**لەقەدپاڵی ئاراراتدا کۆمەڵێک تووتەڵە سەگ دەیانقرووسکاند، برسی وماندوو بەزمانی سەگ بانگی دایکیان دەکرد، بەڵام دایکیان کوژرابوو،** جەندرمەکانی تورک ڕۆژێک بەر لەوەستانی کات بە فرۆکەی جەنگی بۆردوومانی ناوچەکانی ئاراراتیان کردبوو، چەند ڕۆڵەیەکی قارەمانی کوردیان کوشتبوو، تووتەڵە سەگەکان لەولای لاشەی شەهیدەکانەوە دەیانقروسکاند، لەو بۆمبا بارانەدا دایکی تووتەڵە سەگەکانیش پێکابوو، دوور لە تەرمی شەهیدەکانەوە لاشەی دەڵە سەگێکی سپیی کەوتبوو.

بۆیە تووتەڵە سەگەکان زۆر برسییان بوو، قروسکەیان دەگەییە گوێی من و پیـرشالیار، لەوێدا بوو، من ڕاچەنیم، چونکە سەیرم لێهات کە پیر توانیی کەرامەتی خۆی وورد تر بکاتەوە، بینیم ئەو خۆیکرد بەدەڵە سەگێک، بەشێک لەڕۆشنایی ئەو وەک پەڵە هەورێک لە ئاسمانی ئاراراتەوە دابەزی وبوو بە سەگێکی سپی، منیش تەماشام دەکرد!

کەچی من لەوێ نەبووم، بەڵام دەمتوانی ببینم، دەمتوانی تەماشا بکەم! نازانم چۆن، بەڵام **بینیم تووتەڵە سەگەکان بەرەو لای دایکیان خۆیان دەخشاند، پیریش لە قاڵبی سەگێکی سپیدا خۆی پاڵخست و** تووتەڵەکان دەستیان کرد بەمژینی شیر، موچڕکە بەگیانمدا دەهات، بەزەییم فرمێسکی بەکوولّی لەچاوانم دەردەپەڕاند، تەماشام دەکرد تائەوکاتەی تووتەڵەکان تێر بوون!

من وامزانی پیـرشالیار تەنها ژەمێک دەرخواردی سەگەکان دەدات، بەڵام هەستێکی نادیار بەر بیرم دەکەوت، پێی دەفەرمووم: **من دایکی ئەم تووتەڵانەم تا لەخەم دەرەخسێن، بەدیار تەماشاکانتەوە مەمێنەرەوە.**

پیـرشالیار لەدامێنی ئاراراتدا بەشێک لەکەرامەتی مشورخۆری تووتەڵەکانە، ئەو دەڵە سەگێکی دایکە وبەشەکانی تری، زەرڕاتی بوونی لەهەزاران کەرامەتی تردا پەخش دەبێت.

بینیم ئاسمان تادێت زیاتر ساماناکتر دەبێت، **بینیم یەکێک لەتەرمی شەهیدەکان ڕۆشناییەک لەدەوری دەسوورا، ڕۆشناییەک لەشێوەی ئەسپێکی سپیدا حەوت جار بەدەوری تەرمی پێشمەرگەکاندا سووڕی خوارد! بینیم لە سەرسکی یەکێک لەتەرمەکانەوە منداڵێکی سێمانگانە لەشێوەی نووردا لەلەشی دایکی کوژراویەوە سەری دەردەهێنا.. لە لەشی ئەسپە ڕۆشنەکەوە بینیم فریشـتەیەکی جوان.. زۆرجوان لەتەمەنی منداڵێکی دەساڵاندا لەلەشی ڕۆشنی ئەسپەکەوە وەدەرکەوتوو منداڵەکەی کردە باوەش.. پاشان یەکە یەکە گیانی هەندێک لە شەهیدەکان هەستانە سەر پێ..**

ئەسپەکە لەگەڵ سووڕخواردندا لەدەوری تەرمەکان دەبوو بەدوو، بەسیان، بەچوار ئەسپ.. ئەنجام بینیم حەوت ئەسپ لەگەڵ فریشـتەیەکی باڵداری سپی وڕۆشن بەرەو ئاسمان، بەرەو لووتکەی ئارارات هەڵچوون.. تا من لەمووچڕکەکانمدا ئەشکم لەچاوانم سڕی، ئەوان لەچاوانم وونبوون.

کات مت بوو، تووتەڵەکان لەقروسکە قروسک کەوتبوون.. لەوێدا بوو من هەستم بەقورسایی لەشی خۆم دەکرد، دەترسام.. ترسێکی بەسام.

هەستمکرد تاکوو تەنهام، بیدارم وخەو نابینم چییدی، هەستم دەکرد هێزێکی نادیار منی ڕاپێچ کردووە بۆ ئارارات، هەستم بەماندویی و شەکەتی لەشم دەکرد، هەستم دەکرد ماندووم، قورسم برسکم لەبەر بڕاوە! هەستم دەکرد ناتوانم دوای نووری پیرو فریشـتەکان بکەوم، هەستم دەکرد دەکەوم.. هەستم دەکرد لەشێکی جیاوازم هەیە! لەشێک لە تەماشا!

چەند هەنگاوێک؛ لە دۆخی تەماشادا لەتووتەڵە سەگەکان دوور کەوتمەوە.. پاشان هێزێکی نادیار ڕایگرتم، برسکم نەبوو هەنگاو هەڵبێنم، هەستم دەکرد لەهەموو قورساییەک قورسترم.. لەوێدا ترسام، هەستمکرد ناگەم بە ترۆپک، ناگەم بەلووتکەی ئارارات.. کەوتم، لەنێوان هۆشیاری و بێهۆشیدا کەوتم، ڕوولەئاسمان ڕاکشام.. گوێم لەشنەی بایەک بوو.. بایەکی کەمێک سارد.. مووچڕکە بە گیانمدا دەهات.

هەستمکرد تەواو، ئیتر ناتوانم هەنگاوێکی تر بڕۆم، ناتوانم برەو بەگەشتێک بدەم کەنازانم ئەنجامی چییە! هەستمکرد لەناخەوە خۆشحاڵم بەوەی کەلەقەدپاڵەکانی ئاراراتدام.. بەڵام بەهەستێک، بەخۆزگەیەک نیازم بوو بگەمە لووتکە تاپێشوازی لەگیانی پیـرۆزان بکەم، تا بەخێرهاتنی هەمووگیانەکان بکەم بەرلەوەی لەهەمیشەییدا وون بم یان لەڕاستیدا بمرم.

**زۆری نەبرد هەستمکرد سنگم شەق دەبێت، هەستمکرد سنگم دەدڕێت ودووقاش دەبێت.. لەناکاو بەر لەوەی بمرم؛ بینیم سنگم خرمەی دێت؛ پەراسووەکانم ڕووەوئاسمان سنگم شەق دەکەن؛ بێئەوەی هەست بەئازاری پەراسووەکانم بکەم.. بینیم سنگم تەواو شەقی برد. هەستم بەمردن نەکرد، بەڵام نەمدەزانی بۆ دەبێت لەوێدا شتەکان کۆتاییان بێت؟ چونکە زۆرلەمێژبوو چاوەڕوانی دابەزینی گیانەکان بووم،**
زۆرلەمێژبوو ئومێدەواری هاتنی یان بیستنی مژدەیەک بووم.

تەنها چاوم لەگەڵ بیستنم کاری دەکرد.. تەنها دووهەستم مابوو لەژیاندا کە بەشداریی برەودان بەنیازێک بدەن.. کەسنگم شەقی برد ڕوولەئاسمان تەماشام دەکرد، تەماشا، گوێم لەتەرتیلەی ئامین بوو، شەبەقێکم لەنیوان تاریکییەوە دەبینی.. دەمبینی مـرۆڤی بێـئاڵاو بێـوڵات وبێناو نیوەی لەشی لەئاسمانەو نیوەکەی تری لەدوورەوە لەئاسۆدا دیارە وبەرەو ئارارات هەنگاو دەنێت، بینیم هەزاران هەزار گیانی باڵندە وگیاندارانی خشۆک وئاژەڵ لەتەکیدا بەدەم باوە دێن، هەزاران پەلەوەر لەدەوری دەسووڕێن، هەزاران گیان لەدەوری دەگەڕێن.. بینیم ئەویش بەرەو نزرگەی نـوح هەنگاو دەنێت.. بزەیەک لەسەر ڕوخسارم نیشت.. هەستم بە زایین کرد، هەستمکرد لەسنگمەوە زایین دەست پێدەکات.

بینیم دوو ڕۆشنایی مەتین لەسنگمەوە بەهێمنی وەک فریشـتەی ڕۆشن دەردەکەوتن.. وەک چۆن کەسێک بۆ حورمەتی پادشا فەرش ڕادەخات، ئاوا بینیم تووولەڕێگایەکی ڕۆشن لە ڕەوتی فریشـتەکان دەنەخشا.. بەرەو لووتکەی ئارارات دەکشێت.. دووفریشـتەی نازدار، دوودایەنی منداڵیی خۆمم بینی باڵدار، هەریەکەیان لکێکی تووولەڕێگاکەیان گرتبوو وبەرەو لووتکە هیمن دەفڕین وبەرزهەڵدەچوون.. لەکەناری ڕێگاکەدا دڵی ڕەنگاو ڕەنگم دەدی!

دڵی سپی، پەمەیی، شینی ئاسمانی، زەرد وسوور، پرتەقاڵی ڕەش قاوەیی، دڵی سەوز، خاکی، دڵی مۆر، دڵی مس، ئاسن، دڵی لەگەچ دروستکراو، دڵی لەقوڕ دروستکراو، دڵی بەردین، تەڵایین، ئاوریشمین، زیوین، دڵی پڕلەتیشکی مرواری، دڵی ڕۆشن، دڵی ساوا و ليناو تور، دڵی مونکی تیبت.. دڵی بیسکۆب سباستیان، دڵی سارا دڵی هاوڕێ کوژراوەکانم، دڵی منداڵە لەباربراوەکانی جیـهان، دڵی هەموو برسییەکانی ئەفریقا، دڵی هەمووئافرەتانی بەناهەق کوژراوو هەتک کراو، دڵی دۆعا و ئاشتی و لەیلاو کوردوستان.. دڵی بچوک، دڵی گەورەو گەورەترم دەبینی کە پەرژین بوون لە کەناری هەردووسەری تووولە ڕێگاکەدا.. دڵی مێرولەکانم دەدی.

بەزەییم بەخۆمدا دەهاتەوە، نەمدەتوانی هەستمە سەرپێ تا سڵاو لە هەموو دڵەکان بکەم.. نەمدەتوانی ببزوێم.

لەشم بە مێرولەی سپی داپۆشرابوو.. زۆری بەبرد، بەرلەوەی تاریکی زەمین تەواو داگرێت، بینیم هەموو مەسیحەکان، هەمووماریاکانی دەروونم لەسیگمەوە دێنە دەر، ئەو پەیکەرو وێنانەی پەنام دابوون، ئەوانەی کە لە کەنیسەکان وکاتادراڵەکانی جیـهانەوە پەنایان هێنابووە بەر من، گشتیان لەسینەم بەدەرکەوتن، گشتیان بەرەو ئارارات بەڕێکەوتن، گشتیان لەدڵنیاییەکی سەیردا سینەی منیـیان چۆڵ دەکرد، بەڕێ کەوتن.

**لەوێدا بوو کات ئاسایی بووەوە.. بەڵێ کات ئاسایی بووەوە، کات لەچرکەی یەکەمی ئەو بەیانییە لایدا.. ئەوکاتە کاتژمێر پێنج و بیستویەک دەقەی بەیانیی ڕۆژی بیستویەکەمی نەورۆزبوو..ڕۆژی هەینی بوو، ساڵ لەڕابردوودایان لەداهاتوودا بوو!**

کات ئاسایی بوەوە، هەورەکان تێرو تاریک بەنیازی دێـوەکان ئاسمانیـان دەتەنی.. ترسی دێـوەکان زۆربوبوو، لەتاو ترسی ئاسمانەکان، دەربەستی ئازاد بوونی مەسیحەکان وماریاکان نەدەهاتن لەسەر زەمین، بۆیە خەریک بوون لەشکر دژی دابەزینی گیانەکان لەئاسماندا تەیاربکەن، خەریک بوون ئاسمانی یەکەمیان پڕدەکرد لەتاریکی دێـوەکان، لەنەڕڕەی خۆیان، لە نەڕەی جەندرمەی خێوەکان.

کات ئاسایی دەڕۆی، گشت پەیکەرە ساغ ونەخۆشەکان، گشت حەزرەتەکانی ناودەروونی من ئازاد بوون وبەچاوی خۆم ئەوانم بینی دەڕۆیشتن بەرەو لوتکەی ئارارات.. بەتووولەڕێگا ڕۆشنەکەدا هەنگاویان دەنا، جوانترینیـان ئەو ماریا دایکانە بوون کە شیریان دەدا بە مەسیحی ساوا، بەوی منداڵ.

من زۆر دەترسام، چونکە لەلایەکی ترەوە جەندرمەکانی تورک ـم دەبینی! دەمبینی بەرەو ئارارات بە زرێپۆشەوە دێن، پێدەچوو شەڕ هەواڵی ئامادە بوونی منی بەوان گەیاندبێت.. ڕاستەوخۆ کاتێک کە ماریاو مەسیحەکان دیاری منیـان چۆڵ دەکرد، گەیشتنە سەرم!

پاش کەمێک بۆڵە بۆڵ بە قۆناغە تفەنگ تێم کەوتن. پاش ئەوەی کە دڵنیا بوون لەوەی گیانم لەدەست داوە، ئاگرێکی گەورەیان پێکردوو بەزینـدوویی منیـان هاویشتە ناو ئاگرەکەوە. لەشم قرچەی دەهات و گیانم تەماشای دەکرد.

وەک حەزرەتی ئیبراهیم! بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا کە قرچەم دەهات! نەدەسووتام، هەستامە سەرپێ وسەیری ترسی جەندرمەکانی لەشکری تورکم دەکرد.

**بەوانم ووت: پێویست بوو بەر لەوەی بمسووتێنن، سەرم ببڕن! دەنا من ناگەم بە هەمیشەیی! سەربازەکان ترسان، هەڵەداوان هەریەکەیان بەرەو ئاڕاستەیەک هەڵهاتن! لەوێدا بوو کەمنیش بەیەکجارەکی بێدار بوومەوە، بینیم حەزرەتێکی پیـرۆز لەژوور سەرمەوە ڕاوەستاوەو دەیەوێت بێدارم بکاتەوە، دەیەوێت فێری بینینێکی ترم بکات، فێری فێربوونێکی تر. فێری زانستی خامۆش.**

بەڵام خۆمم لەپاڵ لووتکەکانی ئاراراتدا نەبینییەوە، بەڵکو خۆمم لەژورێکی تەنگ وساردا بینی بێهاوڕێ و بێکەس، وەک پەنابەرێکی بێـوڵات وتەنها لەدوورگەی هەستکردن بەکەمیدا، لەژوورێکدا خۆمم بینی تەسک وتاریک چاوم بەسترابوو، نوستبووم، نەخۆش بووم، ژوورەکەم وەک دێـوێکی تاریک منی لە چنگی زبریدا هەڵدەگوشی، بەزەییم بەخۆمدا نەدەهاتەوە، لەدڵی خۆمدا بەخۆمم دەگوت، قیروسیا، مـرۆڤ کەلەدیاری باوانی خۆی ترازا مافی ژیانی پێڕەوا نییە!

هەستم دەکرد نیوەی لەشم لە ژوورەکەدا نەماوە! هەستم دەکرد بووم بە دوو کەرتەوە. نیوەی لەشم لە دەرەوەی ژوورەکەدایەو نییوەکەی ترم لە زینداندایە.

هەستامە سەرپێ وخۆمم لەچنگی دێـوی تەنهایی ڕاپسکاند، پەردەی پەنجەرەکەم لاداو سەیرێکی ئاسمانم کرد، بینیم ئاسمان تاریکە، کات درەنگە وبەرەو کاتژمێر پێنج و نیوی بەیانی دەچوو، ڕۆژ دیار نەبوو. نازانم من کوێراییم داهاتبوو یان دێـوەکانی تاریکی بەری هەڵهاتنی ڕۆژیان گرتبوو! کەچی لەلای نیوەکەی تری لەشم ڕۆشنایی دیار بوو!

بایەکی توند پەنجەرەکەی لەسەر پیوەدام، هەستم بەدڵتەنگی دەکرد، لەوێدا بوو بۆ جاری سێیەم پیر لەبەردەممدا قوت بووەوە، نەک تەنها ژوورەکەم بەڵکو دڵ ودەروونم بوو بەچراخان.. پیر فەرمووی: پێویست ناکات خۆت بێهۆش بکەیت، من دەزانم تۆ دەبینیت، تۆ لەمنداڵیتەوە بەهرەی بینینت تیادا گۆش بووە. هەستە دانیشە، بنووسە بەناوی حەق و ڕاستییەوە، لێرە بەدواوە تۆ گەواهی داستانی دابەزین وسەرهەڵدانی مـرۆڤی بێناوو بێـئالاو بێـوڵاتیـت.

**تۆ بینەری ڕووداوەکانیت، گوێت هەڵخەو ببیستە، دڵت بکەرەوە، چاوەکانت هان بدە ببینین، چونکە تەنهابە گەیشتن بەبینین پەردە لەسەر ڕاستی ودرۆ لادەچێت، تۆ پەیامەکانی من وبیوڵات لە بینیندا بەمـرۆڤایەتی دەگەیەنیت. تۆ حەزرەتی نـوح- ـیت.**

**وەهای فەرموو پیری زاناو پڕ بەهرەی کەرامەت.**

من تائەوکاتە لە ناو خەونەکانمدا سەرگەردان بووم، چونکە دووچاری نەخۆشیی زۆرخەوی هاتبووم، شەووڕۆژم، کارو پیشەم تەنها نووستن و بینینی خەو بوو.. فێر دەبووم، فێری بینینی کەرامەتی خۆم؛ کەرامەتی حەق و ڕاستی و جوانی.

بەڵام ڕۆژ نەبوو سەدجار بەدەستی جەندرمەو دێـوی عەرەب وفارس وتورک سەرنەبڕدرێم، هەر کەچاوم دەنووقاند فرسەتیان لێدەهێنام و بەچەقۆ سەری منداڵێکمیان دەبڕی، سەری پاڵەوانێکیان دەبڕیم، سەری خوشکێک هاوڕێیەک هاوزمانێکیان دەبڕیم.. نەمدەوێرا دڵنیا بنووم، دەبوو لە هەزاران فریشـتەی ڕووناکی بپاڕێمەوە چاودێرم بن وئاگاداربن لەپڕ ڕاپێچم نەکەن!

کاتێک کە پەیامی دوایینی پیـرشالیارم پێگەیی، لەقوتبی پەنابەریمدا لەنگەرم گرت ولەژوورەکەم وەدەرکەوتم، کاتێکی باش بوو، چونکە هاوسەرو هەردوومنداڵەکانم سەفەریان کردبوو، کەس لەماڵ نەبوو، دەمتوانی بەویستی خۆم بڕوانم، بگەڕێم وببینم.

بۆیە بوارم هەبوو کات ڕابگرم تا بتوانم ئەوەی لەخەونەکانمدا بینیم بۆتانی تۆمار بکەم، چونکە پیـرشالیار تەنها داوای لەمن ئەوەیە بتوانم هەست و نەستی خەونەکانم بە زمانێکی شیاو بە مـرۆڤایەتی بگەیەنم. چونکە ئەو خوێندەواریی نییە.
چونکە ئەو لەوباوەڕەدا بوو کە مـرۆڤایەتی لەدۆخێکی وەهادا دەژین کە بەرگەی دابەزینی پەیامێکی تری ئاسمانی ناگرن، چونکە لەقورئانی پیـرۆزیشدا هاتووەو دەڵێت دواهەمین جارە خواوەند ئایینتان بەزمانی عارەب پێڕادەگەیەنێت.
پیـرشالیار لەوباوەڕەدا بوو ئەگەر ئاهورامازدا مژدەی ئایینێکی دیکە بەهەر زمانێک بە مـرۆڤایەتی بگەیەنێت، دەشێت دێـوەکان شەڕی تایەفەگەری ورەگەزپەرستی وخۆپەرستییان بەرپا بێت و شەری سێیەمی جیـهانی بەرپا بێت..
پیر لە منی ڕادەبینی کە ئەگەر بێت و ئەو پەیامانە ساکارتر لەمنەوە بەمـرۆڤایەتی بگات، چاترە لەوەی کە کێشەکان جیـهانی بکات، چونکە ئەو سەری منی هەرزانتر دەنینی بەتەفرە بچێت، لەوەی جیـهان دووچاری لەناوچوون بێت.. پیر فەرمووی: کاتێک کەتۆ پەیامەکانی نـوح دەگەیەنیت، دەتوانییت عوزورخوایی بۆ خۆت بهێنیتەوەو لە بێلایەنیت بدوێیت، ئەگەریش دێـوەکان یان ئیمام وڕاهیبەکان لەسەریان دایت، ئەوا دەگەیت بەنەجات، چاترە کەسێک لەناوبچێت، نەوەک شەڕێکی جیـهانی بەرپا ببێت! تۆش پەیامی هەموو ئایینەکانیت و دژی هیچیان کار ناکەیت.

لەبەر ئەم هەموو هۆکارە دژانە من دانیشتبووم بیرم لەچارەنووسی خۆم دەکردەوە. نەمدەزانی چۆن هەردوو پارچەکانی لەشم بەیەکتری بگەیەنمەوە! ناڵێم دەترسام، بەڵام سەیرم لێدەهات کە دەمبینی چیرۆک وتابـلۆکان لەهەست ونەستمدا دەجەڕان وجمەیان دەهات، تاویان دەدام بنووسم نەمدەتوانی ڕاوەستم، خۆمم دابەش بوو دەبینی.
**دەمویست لەسەردانی هاوڕێـکانمدا یان ناهاوڕێـکانمدا باسەکانم خاڵی بکەمەوە، تا ئەوان هێندە پێم پێبکەنن وبەشێتم لەقەڵەم بدەن وپەشیمانی دەستم بەسەردا بگرێت و واز لەتۆماری داخوازییەکانی پیـرشالیار و مـرۆڤی بێـوڵات بهێنم.**
بەڵام تامن زیاتر خۆمم بەرەو حەماقەتی ویستراو کێش دەکرد زیاتر هیواکانم، باوەڕەکانم پتەوتر دەبوون، زیاتر ناچارانە خۆمم دەبینی بەسەر لاپەڕەکاندا دەنوشتێمەوەو سەرگەرمی چنینی داستانەکانم. بەر لەوەی بەخۆم بزانم بیرەکانم، هەستەکانم پڕ دەبوون لەهاندان، لەم بابەتانەی کەوا لەژێر چاوی تۆدان و بەتەمام تۆی خوێنەری بەڕێز ڕازی بکەم بەوەی کە بەندەکانی ئەم کتێـبە زادەی ڕاستییەکن، باوەڕی قوتابخانەیەکن لە غەیبەوە بە خەون بەمن دەگەن. وە من هیچ بەڵگەیەکی مێژوویم بە دەستەوە نییە و پێویستیشم بە باوەڕ هێنانی کەس نییە. **ئەمە ڕاستتەکی خەونەکانی منن و هیچی تر. جا تکاو ڕجا لەکەس ناکەم تا تێم بگەن.. چونکە خۆشم کە تێدەگەم. تێناگەم! نازانم چیم باوە لە حەزرەتی نوح کە لە ڕاستیدا فرم بەوەوە نییە!! کەچی هەمیشە هەست دەکەم کەشتییەک لە باوەڕ دروست دەکەم.. هەر لە منداڵیمەوە خەریکی بنیاتنانی باوەڕێک یان کەشتییەکم!**
چونکە من پەنابەرێکی قەلەندەرم ولەئەسراری ئەو ڕامیارییە نەخۆشانە تێناگەم کە ئایینەکان، کە ڕامیاری زانەکان، کە دێـوە هەشت سەرە زلهێزەکان ڕابەریی دەکەن ومـرۆڤایەتی بەرەو کینەو ڕق و خودپەرستی ونەژاد پەرستی کێش دەکەن.. من تەنها لەژێر زۆری ویژدانێکی مـرۆڤ پەروەرانەدا دەژیم، وەک مـرۆڤ باوەڕم بەوە هەیە کە خێر هێشتا لەژیاندا ماوە، چونکە من چل وچوارساڵ تەمەنم بەسەر بردووەو

توانیومە خۆم لەشەڕی دێـوەکان بپارێزم، توانیومە پاکژی خۆم برەو پێبدەم وبژیم، ڕاستە لەترس وبێزاری ودودڵی بێبەری نیم، چونکە منیش مـرۆڤم و بارگەکانی نەخۆشی ومردن وپیریم لێبارکراوە! بەڵام لەوەتەی بووم بەقووتابی توانیومە کار لەخۆمدا بکەم، توانیومە هیوایەک لەدەروونمدا گۆش بکەم، هەناسە بدەم، بژیم.

بۆیە کاتێک خۆمم دایە بەر ویستەکانی پیـرشالیار وەک قووتابی! یادم هاتەوە کەمن خاوەن گیانێکم، خاوەن کەرامەتێکی پاکژم، کەواتە ترس لەپای چی؟

**بۆیە توانیم گوێ لە هەست و نەستەکانم ڕابگرم، توانیم پەیامەکان فێر بم، توانیم پێـغەمـبەرو فریشـتەکان ببینم وچاوپێکەوتنیـان لەگەڵدا ساز بدەم، توانیم بوێر بم، بنووسم، بڵێم، گوێ لەترپەی دڵی فریشـتەکانی منداڵیم بگرم، توانیم فێر بم، هەروەها بەهوونەریش لەدەربڕینەکانمدا وێنەی گیانی پیـرۆزان وپێـغەمـبەران وێنە بکەم، توانیم بەبێ یاریدە بە گەردوونی خۆمدا سەفەر بکەم. ببینم، بەڕاستی، ببینم بە خەو، هەروەها سنوورەکانی نێوان خەونەکان وڕاستییەکان تێک بشکێنم، دەربەستی توانج ورەخنەکانی دەوروبەریش نەیەم، نەترسم لەوەی کە کێ چۆن بیردەکاتەوەو چی دێـوێک دووچاری توورە بوون دەبێت! جا کوا هەر مرۆڤێک لە جێگەی خۆیەوە توانیبای ببایە بە بابایەکی خێرمەند و پێغەمبەرێکی هۆشمەند و مرۆڤێکی پیرۆز! مەگەر ئامانجی مرۆڤ ئەوە نییە کە بتوانیین ببین بە مرۆڤ!؟ جا چۆن دەتوانیین ببین بە شتێکی مەزنتر لە مرۆڤ گەر نکوڵی لە توانا و خەیاڵ و دەسەڵات و خۆزگەکانمان بهێنین و ببین بە ترسێکی تۆقاو!؟؟**

یان کێ پیلانی لەناوبردنم بۆ دادەنێت.. چونکە لەڕاستیدا ژیان هێندە ناهینێت مـرۆڤ لەژێر زەبری ترس وهەڕەشەی دێـودا قڕووقەپ بکات ونەوێرێت بژی وبلێت. بەتایبەتی لە کاتێکدا کە مرۆڤ تێدەگات کۆی ئامانجەکانی مرۆڤ گەیشتنە بە مەرگ. چونکە تەنها مەرگ مرۆڤی ڕەسەن ڕزگار دەکات. مەرگ گیان دەبات بۆ هەمیشەیی. دەبا مەرگی من بە دەستی ئێوە بێت.

چونکە ژیان بەباوەڕێکی بەهرەمەندانەوە خۆشە.. هەروەها من زۆر دڵنیام لەوەی کەمن بۆ دواهەمین جارە دەژێمەوەو ئەرکێکی پیـرۆزم لەسەرشانەو دەبێت بیگەیەنم، دەبێت ئەوەی پێویستە بیڵێم، بیڵێم وبیگەیەنم.

لێتانی ناشارمەوە لەدوورگەی هەستکردن بەکەمیدا چەند بەندێک لەبەندەکانی پیرشالیرم نیشانی هاوڕێیەکی بەغیل دا، ئەو نەیتوانی دان بەجوانیی تەعبیرەکانمدا نەنێت، بەڵام حەزی کرد بمترسێنێت، بۆیە ووتی: **لەوە دەچێت بەئاگا نەبیت کە دووچاری شیزیوفرێنی هاتبیت!**

هاوڕێیەکی ترم ووتی: **بەشێک لەئەدەبی شێتەکان، بەجۆرێکە کە ئێستای خۆیان لێتێک دەچێت، بەندی بیرەکانیـیان پچڕپچڕ لەژێر کاریگەری ئەزموونەکانیـاندا بە خوێنەر دەگەیەنن وچاوەڕوانی لەخوێنەر دەکەن ڕاستییەکانی ئەو وەک هی خۆیان بخەملێنن.**

من فەرمووم: من دان بەو ڕاستیانەدا دەنێم کە دێـوەکان دەتۆقێنن. ووتی: ئاخر دەتکوژن.

فەرمووم: **بەگوونی تۆوە**، بەڵام هیچ مـرۆڤێک ناتوانێت ووشەکانم سەرببڕێت! پاشان ئـێوە قەبارەی بچووکەوە بووی خۆتان نابینن، بەڵام من شکۆی خۆم وژیان دەبینم ؛ لەبەهرەی کەرامەتی خۆم بەئاگام، هەروەها هەر مـرۆڤێک لەم ژینەدا پەیامێکی پێیە وپێویستە بیگەیەنێت.. من تێناگەم بۆچی دێـوپەرستەکان ئازادانە دەوێرن مـرۆڤ پڕبکەن لەبارووت وبەئاسماندا بیتەقێننەوە، دەتوانن سەری دەیان ببڕن، دەتوانن لچ ولێوی هەر مـرۆڤێکی داماو ببڕن، دەتوانن لەگەڵ دێـوەکاندا هاورێ و هاوکارو هاو مەبەست بن بۆ شێواندنی ژیان.

کەچی ئـێوە من دەترسێنن بەوەی کە نەوێرم لەباوەڕی خۆم بدوێم، بەشێت لەقەڵەمم دەدەن گوایە نیازمەندم شتێک بڵێم! تا کەی ئەم خووە واز لێناهێنن، بەر لە من هەمان ڕەفتارتان بەرامبەر بە پێـغەمـبەرەکان کرد! ووتیان: **جا قوربان خۆ تۆ پێـغەمـبەر نییت!**
فەرمووم: **بەڵێ، با.. من پەیام و پەیامبەری هونەر و جوانییم.**
فەرمووم: کەسانێک هەن گیانی خۆیان بۆژیان دادەگیرسێنن، بەڵام ڕاستەقینە زۆر مەزنترە لەدەسەڵاتی دێـوەکان. فەرمووم: **شێتی پیـرۆزترە لە شەڕ و جوانترە لە کرداری دێـوەکان.**
من بانگی بوون بەخودا نادەم، پێویستیشم بەپەرستنی خواکـان نییە ودان بەباوەڕی فەلسەفەی وپێـغەمـبەرانیشدا نانێم.. چونکە مـرۆڤایەتی دواکەوتوو نەزان دەبینم.. من شانازی بە شەراسەتی مێژوی کەلتووری وگەشەی تەکنەلۆجی و سۆسیۆلۆژییەوە ناکەم، چونکە تاشەڕ بژی من دژایەتی باوەڕی دێـوەکان دەکەم، من باوەڕم بەکەلتووری تۆقاندن وچاوبەرەوژێرکردنی مـرۆڤ نییە.. من باوەڕم بە ڕەگەزپەرستی نییە، **دزێوترین باوەڕیش کە لەژیانی ئاوارەییمدا فێری بووم ئەمەیە کە دووچاری نەخۆشییەکی گەورەی هاوچەرخ بووم.**
**ئەویش ئەوەیە کە تووشی وڵاتپەرستی بووم.. چونکە هێندە دزێو، هێندە بێمانا تەماشاکراوم، هێندە بەبێگانە زانراوم، ناچاربووم تەمەننای بوونی وڵاتێک بۆ خۆم ومیللەتی ئاوارەم بخوازم! کەچی لە هەمان کاتدا هەر کاتێک کە تەماشای ئافرەتێکی ژیر و جوان و خاوەن کەرامەت دەکەم؛ هەست دەکەم لە وڵاتی خۆمدام و هەست بە هارمۆنی و عیشق و جوانی ئازادی دەکەم! کێ دەڵێت وڵاتی من لە خەندەکانی مرۆڤی جوان دروست نابێت!؟**
دەنا من بەمنداڵی باوەڕم بە یەکبوونی جیـهانی و هاوزمانی و ئازادیی جیـهانی مەتین بوو.. کە گەیشتمە دورگەی هەستکردن بەکەمی بە دێـوپەرستەکانم فەرموو: من باوەڕم بەیەک ئاڵا، بەیەک زمان، بەیەک گێتی و بەیەک کەلتوور هەیە! جیـهان موڵکی هیچ میللەتێک نییە.
کەچی بینیم لەقەبی شێتیان خستە پاڵم، بەزۆر سەریان دەکردە سەرم تا چارەی دەروونی شێتبووم بکەن! هێندە نەزان بوون دێـوپەرستە ڕەگەزپەرستە خودپەرستە مادە پەرست وهەلپەرست ودرۆ پەرستەکان!
بۆیە ئەوەی خۆی بەمـرۆڤ دەزانـێـت، دەبێت سووپاسی کەرامەتم بکات، کەمن کەسێکم تەنها لەکەرامەتی خۆم دەدوێم.. ڕێز لەئایینەکان دەگرم وکەم وکوڕییەکانی گەلانیش دەبینم، تەنانەت خەونی خواکـانیشیان دەبینم! پێویستم بەوە نییە ئایینی هیچ میللەتێک بپەرستم، بەڵام مـرۆڤی ڕەسەن پیـرۆزو شکۆمەند مامەڵە دەکەم. **مرۆڤ خۆی ئایینێکی پیرۆز و پێغەمبەرێکی مەزنە.**
ئێستا من لەقوتبی ڕاستەقینەدا لەگەڵ تۆی خوێنەردا تیا ماوم! نازانم لەڕاستەقینەدام یان هێشتا لەخەوندام؟ چونکە من خۆم دەبینم، پیـرشالیاریش لەناخی خۆمدا هەست پێدەکەم، بەرچاوم تاریکەو دێـوەکان ژیان لەسەرزەوی تاریک دادەهێنن، کەچی من لەناو ژوورە تاریکەکەمدا دەبینم، خۆم دەبینم دابەش بووم، لەداهاتووڕابردوو ئێستادا پڕم لەتەماشا وبینین، خۆم دەبینم، بە پێوە لەسەر پێی خۆم ڕاوەستاوم، بیروباوەڕم لەزاتی خۆم ڕۆشنتر دەبینم.
بۆیە حەز دەکەم لێرە بەدواوە گێڕانەوەکەم تەرخان بکەم بۆ گێڕانەوەی بەسەرهاتی بینینەکان، چونکە خەونەکان هێندە زۆربوون کەدەتوانم هەتالەژیاندا ماوم بنووسم، بەبێ ماندوو بوون لەتەلیسمی شکۆی پیرو لەبەهرەی بینین بدوێم، دەتوانم ببینم.

کاتێک کە بێدار بوومەوە لەژوورەکەمدا بیری پیـرشالیارم دەکرد لەوکاتەدا کە بووبە سەگ، کە بووبەدایک وبەوهەمووکەرامەتە پیـرۆزانە؛ ڕاکشا تا شیربدات بەتووتەڵەکان، بەغیلیم بەگیانی شەهیدەکان دەبرد کە فریشـتە وئەسپەکان ئەوانیـان بەرەو ئارارات دەبرد.

تەنها خۆمم دەبینی لە بناری ئاراراتدا، گڕو دووکەڵم لێهەڵدەستا.. چونکە بینیم سنگم یەکدەگرێتەوەو دەگەڕێمەوە دۆخێکی سروشتی ودەشێت ئیتر هیچ شتێکی دی نەبێت پەنای بدەم یاخود بیپارێزم.. بەتەنها چنگەکرێ هەڵدەزنام بە ئاراراتدا، دەمویست بگەم بە قوتبەکانی باوەڕم. **هەستم بەتەنهایی دەکرد. بیری مام خدرم دەکرد، بیری ئەو کاتەی کە ئەو هات و منی هەڵگرتەوەو کردمی بە کوڕی خۆی!**

چونکە زۆرلەمێژ بوو شانازیم بەوەوە دەکرد کە پەنای ئەوهەمووگیانە بێگوناهانەم داوە، شانازیم بەوەوە دەکرد کەتوانیومە ئەوهەمووگیانانە بارکەم، خەندەکانمیان نیشان بدەم، لەناخەوە سروودی ئازادی و باوەڕیان بۆ بخوێنم. بەڵام باش بوو، بینیم لەدەست نەدابوو، بەخەیاڵ دەمتوانی لەگەڵ ئەواندا بم، بیانبینم. دەمتوانی برەو بە بینینیەکانم بدەم..، دەمتوانی کات لە داهاتوو ولەئێستاو لەڕابردوودا ڕاوەستێنم، چونکە هەر لەوبەیانییەدا زۆر شتی ترم بینی کە هێشتا باسم نەکردوون، کەدەشێت قەناعەتم ڕازی بێت بەوەی کەپاش چەند داستانێکی تر قڕوقەپ بکەم وهیچی تر نەڵێم.. چونکە دەزانم لەبەهرەمەندیدا مـرۆڤ ناتوانێت هەموو باوەڕەکانی بەبا بدات.

بەپێچەوانەی خەملاندنی خۆمەوە، بینینم تیژترو بەهێزتربوو.. توانیم برەو بە تەماشاکان بدەم لەلەشێکی سووک وچالاکدا هەست بەحەوانەوە بکەم، چونکە بە بەڕێخستنی ئەوهەمووگیانانە بەرەو قیبلەگای ژیان، بەرەو لووتکەی حەزرەتی نـوح ؛ خۆشنوودیی بەگیان وبیرولەشمدا دەهێناو دەبرد. کەرامەتم ڕازی بوو بەوەی کە گیانەکان؛ گیانی لێقەوماوانی جیـهان وگیانی مەسیح وماریاکان؛ بە ویستی خۆیان دەرگاکانی سینەی منیـان واڵاکردوو خۆیان گەیاندە ترۆپکی ئارارات.

دەشێت نیازیان وەها بووبێت کە ژیان لەوێوە برەو پێبدەن، یان ئەوان چاتر لەمن بەئاگا بن لەوەی کە لەوێوە دەگەن بەکەماڵ، دەگەن بە گیانی ئازادی، بەدرەختی زەمان، یاخود دەگەن بە هەستی بوونەوەر؛ یان بە نەجات.

ئاسمانی یەکەم؛ تادەهات زیاتر تاریکتر دەبوو، بەپێچەوانەوە ئارارات ڕۆشنتر دەبوو بە تیشکی ڕەنگەکانی ئاوێزە.. هەمەڕەنگتر دەبوو.. بەڵام دەنگێکی ترسناک زەمینی دەلەراندەوە، ڕەنگی هەورەکانی تاریک دەکرد.. دەنگی دێـوەکان زۆر ناشاز بوو بەدیمەنی ئازاد بوونی گیانی مەسیح وماریاکان..

زۆرناشازبوو بە تەلیسمی سیحری دڵەڕەنگینەکان وتوولەڕێگا ڕۆشنەکەی بەرەو ئارارات دەکشا.

پیـرشالیار هێشتا بەشێکی لەشێوەی هەورێکی پرتەقاڵی و پەمەیی ڕەنگدا لە دۆخی چیچکان دانیشتن وچەق بەستندا لەسەر ترۆپکی ئارارات لەنگەری گرتبوو، جودا لە خۆم دەمبینی، گەرچی میانەی نێوانمان هەزرەها کیلۆمەتر دووربوو، بەڵام من لە ناو دورگەی هەستکردن بەکەمیدا ولەناو پەنجەرەی ماڵە تاریکەکەمدا دەمبینی.. بەبێ یاریدە دەمبیینی.

خۆمم دەبینی دابەش بووم، بەشێکم لەدەرەوەی ماڵەوە بوو، لەتاریکیدا ڕاوەستابووم سەیری هێلکەیەکم دەکرد، واقم وڕمابوو! چونکە لەناو هێلکەکەدا پیرو جاڵـجاڵـۆکەو لەقلەقم دەدی خۆیان لەمندا دەچنی..

دەبوون بە تاڵ و تەونی پەیامی ڕۆشن. دێـوەکانیش ترس لەکردەوەیاندا دیار بوو، دێـوەکان لە هەڵمێکی خەستی تاریک دەچوون وبەری ئاسمانیـان دەگرت! چیاییەکانی زاگرۆس سەرگەرمی کەشی ئاهەنگی نەورۆز بوون، بێئەوەی بزانن، ئاگر لەسەر هەموو لووتکەکان هەڵکرابوو.

دەمدی لەهەموو دێ و شارو شارۆچکەکانی دەورووبەری ئارارات وناوچەکانی زاگرۆسدا مـرۆڤەکان، تەنانەت دێـوپەرستەکان جەژنەپیـرۆزە لەیەکتری دەکەن ویەکتری ڕادەمووسن، لەیەکتری دەبوورن.
دەربەستی تاریک داهاتنی ئاسمان نەبوون، بەیەکتریان دەگووت: لەپشتەوەی هەورەتاریکەکاندا ڕۆژ هەڵهاتووەوە وهەرگیز دواناکەوێت.
دەیانگوت: هەموو تاریکایی گەردوونەکان ناتوانن تروسکەی مۆمێک حەشار بدەن. دەیانگوت: ڕووناکی هەمیشە زاڵە بەسەر تاریکیدا، لەدوای هەرشەوێک ڕۆژێک دێت. بەیەکترییان دەگووت: جەژنتان پیـرۆز بێت، جەژنی نەورۆز.

❊❊❊

لەدەرەوەی کات و شوێندا کەژی دابەزینی گیانەکان لەپشتەوەی تاریکیدا بەردەوام بوو، گیانەکان چاوەڕوانی بیستنی دەنگی بانگدانی پیـرشالیار بوون، گشتیان بەتەنافەکانی جاڵـجاڵـۆکەدا ئامادەو تەیار بوون، پەیامی میوانداریێتیی زەمینیـان لەجاڵـجاڵـۆکەی پیـرۆزولەقلەقەوە پێگەییبوو..
پیـرشالیار لەدۆخی دانیشتنی خۆیدا لەسەرترۆپکی ئارارات لە ئاستێکی نزمدا ، لەبەرزایی مەترێک لە سەرترۆپکەوە لەنگەری گرتبوو لەحەوادا.. نیازی بوو بانگ بدات، مژدەی هاتنی گیانەکان، دابەزینی ئەوان بەگێتی بدات.. مێرولەکان گشتیان هەستابوونە سەر پێ.. وەکوو تیشک داگیرسابوون، دەوری منیـان دەدا، دەیانپاراستم لە شەڕی ترس و هەڕەشە و نەعتەرەی دێـوەکان.
لەقلەقی پیـرۆزو سپی لەدوورەوە دیاربوو، لەئاسۆدا بەسەرسەری نـوح–ەوە لەشەقەی باڵی دەدا! ئاسۆ تەنها بەنووری ئەوان ڕۆشن بوو.. بەشێکی زۆری ئاسمانی یەکەم تاریک بوو!
جاڵـجاڵـۆکەی پیـرۆز پێدەچوو لەناو سەری مـرۆڤی بێـوڵات و بێـئاڵادا بێت، چونکە ئەو شوێنەواری دیار نەبوو، ئەو دەمێک بوو پەیامەکانی خۆی گەیاندبوو، لەمێژ بوو بە تەنافە ڕۆشنەکانی ئاسمانەکانی چنیبوو.. چونکە لە ڕاستیدا مـرۆڤ باوەڕ ناکات، کە ئاسمانەکان چنراون، بەتەنافی جاڵـجاڵـۆکە چنراون، چونکە لەگەردوونەکانی تردا، لەدێرزەماندا بەر لەوەی مـرۆڤ خۆی بڕێسێت، جاڵـجاڵـۆکەی پیـرۆز بوونی هەبوو، خەریکی تەونکردنی بوونەوەر بوو! کە ئەمڕۆ ئایینەکان بە خواوەندی یەکتاو منیش بە جاڵـجاڵـۆکە ناوی دەبەم. **جا هەر کەسێک ئازادە لەوەی چۆن خواوەندی خۆی دەبینێت.**
**لەئەنجامدا هاریکاریی مـرۆڤیشی کرد، توانیی ئادەم لە داوەکانی خۆی بچنێت، ئەوکاتەی کە گیانی ئادەم خاو وشل وپل بوو لە توورەکەی کاوس دا! ئەو کاتەی کە ئادەم لە کاوس دەرباز نەدەبوو. خوا نەیدەزانی چی بکات و وازی لە ئادەم هێنا. بەڵام ئادەم بە غەڵبەی یان بە نووزەی ساوا؛ داوای کۆمەکی لە خواکرد.**
بۆیە جاڵـجاڵـۆکەی مەزن دەتوانێت قەبارەی خۆی بگۆڕێت، دەتوانێت، لەسەری مـرۆڤێکدا کارمەندو چالاکانە دابهێنێت.. دەتوانێت پەیوەستێکی گیانی بەتەنافێکی گیانی بە غەیبەوە گرێبدات.. دەتوانێت بەزەیی ئافرەت بە تەماشا بگرێتە هەر گیانێک، هەر پێـغەمـبەرێک.. تا مـرۆڤ بتوانێت لە فەرمانی بوونەوەروگەردوونەکان بەئاگا بێت!
بۆیە دەشیا جاڵـجاڵـۆکە لەناوسەری درەختی زەماندا مت بووبێت، یاخود سەرگەرمی کارێکی تر بێت.
دێـوەکانیش دەیان نەڕاند.. مـرۆڤەکانی سەر زەمین لەهەر قوژبنێکی زەمینەوە نەڕەی دێـوەکانیـان دەبیست، زووربەیان خۆیان ناونووس دەکرد.. دەبوون بە سەربازی خۆ فرۆش.

خۆیان پڕچەک دەکرد، خۆیان دەفرۆشت، نەیاندەزانی سەر بەچی تاقمێکن؟ نەیاندەزانی نەبەرد دژی کێ دەکەن، ئایا ئەو ڕووداوانە پێویستی بەنەبەردە یاخود نا؟ سامەکان هۆرەیان دەکرد، زاگرۆسییەکان دەف و باڵەبان و زەرب ـیان دەژەند.. هیندییە سوورەکان زرمەیان دەهات، ئەفریقا بە دەنووکی لەقلەق داریان دەکووتا.. بۆش مانەکان فوویان دەکرد بە داری بۆشدا و بە نەڕڕەی بەسام دێـوەکانیـان دەترساند.

بەڵام دێـو پەرستەکان دەستیان بۆ تووڕەیی ئەهریـمەنەکانیـان دەبرد، دەروونی مـرۆڤەکانیـان بە دەنگی زەڕین وبۆڕەیان دەتۆقاند.. جیـهان شێواو دیار بوو، بەڵام چیاییەکان دەیانزانی کە کاتی هاتن ودابەزینی پەیامی ئاهوڕامازدایە.. کەمتر دووچاری ترس دەبوون؛ چونکە ئەوان تازە ترسیان لەبار چووبوو!

چونکە پێشتر دووچاری بەڵای دێـوەکان بووبوون، هەژدیهاکان لەوێ نەبوون، چونکە کاتێک کە پیـرشالیار دەردەکەوێت، کاتێک کە نووری ئەو پەخش دەبێت، هەژدیهاکان ئەو شوێنانە جێدەهێڵن، دەسەڵاتیان سست دەبێت!

بۆیە ئارارات ئەو دەمەو بەیانە بەتیشک، بەنوور، بەخاجە ڕۆشنەکان ئاوەدان بوو، چونکە هەژدیهاکان پاش ئەوەی ئەوناوچانەیان بۆردومان کردبوو، دڵنیابوون لەوەی کەگیاندار لەسەر ترۆپکی ئارارات نەماوە چیدی، چونکە ئەوان کوێرن، نابینان دەرهەق هەر دابەزینێکی گیانی.

بەڵام ئەوبەیانییە بەسوودی گیانەکان.. بە هۆیکەو هۆرە و سەما، جەندرمە ودێـوو هەژدیهاکان ئەراراتیان چۆڵ کردبوو، چونکە بووقی دێـوەکان ئەوانی بۆ ناو لەشکر وبۆ جەنگ بانگکردبوو. ئەوان کلکی جەجاڵی ناتۆ بوون.

پیـرشالیار بەدەم باوە دابەش دەبوو.. وەک چۆن مێردمنداڵێک بەلوولەیەک فوودەکات بەکەفاوداو تۆپی کەفی ڕەنگینی نازک بەهەوادا بەبا دەدات؛؛ ئاوەها باکان ـ زەڕڕاتی پیـرشالیاریان لەشێوەی تۆپی بچوک وگەورەی ڕەنگیندا بەهەوادا دەبردو بە بایان دەدا..

بەرەو شاروشارۆچکەو دێهات، بەرەو جیـهان، لەئاراراتەوە باکان زەڕڕاتی پیـرشالیاریان بەدیاری دەبرد بۆ جیـهانیـان.. بەڵام بەوە هەیبەتی پیرکەمی نەدەکرد، بەڵکو قەبارەی لەبەخشندەییدا وەک خۆی مابوو، لەدۆخی نوێژکردندا چاوەکانی لەسەر یەکنابوو. لەناو شارو ئاوەدانییەکاندا منداڵان، لاوان، کیژۆڵەی جوان جوان، دایکان بەبێ ئەوەی پێبزانن گەردی زەڕڕاتی پیـرشالیار لەگەڵ هەناسەیاندا تێکەڵ بەناخیان دەبوو.. هەستێکی دڵنیایی مەتین دەروونی دەلاواندن.. بەئاسانی کەسێک دەیتوانی دێـوو خێو ودێـوپەرست لەیەکتری جیابکاتەوە!

دێـوپەرستەکان وەڕزو نەخۆش وپەست وترساو بوون! مـرۆڤی ڕەسەن بەویستی پەیامی پەنهانی پڕبوون لە نووری پیـرشالیار، پڕ بوون لەدڵنیایی وخۆشەویستی وگیانی هاوکاری وهاوهەستی، دەربەستی تاریک داهاتنی گێتی نەبوون، دەیانزانی سروشت هەمیشە باوەڕی بە بەقای خێرەو شەڕیش هەرگیز ناتوانێت ئاسمانەکان داگیربکات.

دەیانزانی کە دێـوەکان ناتوانن برەو بەنەخۆشی وبە دەردی کوشندە بدەن، دەیانزانی پەیامەکان لەزەڕڕاتی پیـرشالیاردا دەگەیی بەوان، دەیانزانی سەردەمی کۆتایی هاتنی دێـوەکان ودێـوپەرستانە.

بانگێک درا، لەترۆپکی ئاراراتەوە سەدای پیـرشالیار بۆیەکەم جار بیسترا.. لەسەر زەوی ولەئاسمانەکاندا وەکوویەک دەنگی بانگی ئەو دەبیسترا.. بانگەکە فەرمووی:

**مـرۆڤێکی ڕەسەن گەیی! ئەی ئاهوڕامازدای هەمیشە نەمر! زەمین بانگت دەکات، گیانە پیـرۆزەکان فەرموون دابەزن بۆ نزرگەی نـوح. مژدە بێت وا نوح بەرەو ئێرە دێت. نوح ئازادە و لەگەڵ شەپۆل و باو باران و بۆرکاندا بەرەو ئێرە دێت.**

**مژدە بێت مژدە.. حەزرەتی نـوح گەیی..نـوح پەیامی خواکـان وگۆدۆی چاوەڕوان کراوە، نـوح پەیامی هەموو پێـغەمـبەرانی جیـهانە. لەئـێوەیەو لەئـێوەش نییە، وڵات و ئایین و ئاڵای نییە..پەیامی خواکـانی پێیە.. مژدە بێت لە مـرۆڤایەتی مـرۆڤێک وا دێت. ڕابەری پەیامی هونەرو جوانییە، مژدە بێت، مژدە. ئەوێت، دادەبەزێت، لەدایک دەبێت لەتۆدا، لەئـێوەدا خۆی دەچنێت.**

کاتێک کەئەوبانگە بیسترا.. ئاسمانی یەکەم وەک ئەوەی لەشووشە دروستکرابێت، یان بەشووشەیەکی تاریک شووشەبەند بێت، شەبەق کەوتە تاریکایی و بانگەکە دڕی بەتاریکی داو وێنەی ئەستێرەیەکی مەزن، بە وێنەی ئەستێرەی داود، شەبەق کەوتە تاریکی.. ئاسمانی داگیرکراو بەتاریکی شکا! هاڕەی کردو ڕۆشنایی لەشێوەی ئەستێرەی داود-دا دەرکەوت، دەنگی بانگ لەوێوە بەرەو ئاسمانە ڕۆشنەکان وەک شەپۆلەکانی دەنگ تەوژمیان کرد.. گیانەکان بیستیان.. پێـغەمـبەران لەسەر ئەستێرەکانەوە بۆیەکەمجار مژدەی بانگەوازی پیـرشالیاریان بەرگوێ کەوت...

بەڵام بانگی ئەو لەپێناوی داوەتکردنی گیانەکاندا نەبوو بۆ زەماوەند.. بەڵکو بانگێک بوو بۆ نیشان دانی مـرۆڤێک، مـرۆڤێکی بێـوڵات وبێـئاڵاو بێناو، کە لەنێو مـرۆڤەکاندا لەکەرامەتی خۆیدا گۆش بووەو سروشت باوەڕی بەدەسەڵاتێتی.. مـرۆڤێکی تایبەت و پیـرۆز کە پێدەچێت لەدەرەوەی باوەڕەکاندا، لەدەرەوەی ئایینەکاندا گۆش بووبێت.. **وەک نـوح ـێکی نوێ! یان مـرۆڤێکی چاوەڕوان کراوی بێناوو بێـوڵات! یان چاوەڕوان نەکراو! مرۆڤێک کە نیشتیمانی ئەو خەندەیە و خواوەندی ئەو لەسەر لێوی مرۆڤی جوانناس گۆش دەبێت!**

گۆشبوونێکی تایبەت، کەدەشێت خواکـان لەودا تەنهاو یەکتا نەبێت، کە دەشێت پەیامێکی دێرینی پێبێت، پەیامی مـرۆڤی پیـرۆز، پەیامی ئازادی ویەکبوون بەگیانی بوونەوەر.. پەیامی ئازادی و یەکبوونی گیانی مـرۆڤایەتی، پەیامی ئاشتی، پەیامی هونەروجوانی..

چونکە پیـرشالیار لەسەری ئەودا دەژیا، باوەڕی بەو مەتین بوو، دەیزانی کە گیانی پیـرۆز لە مـرۆڤدا ڕواوە، دڵنیابوو کە ئەومـرۆڤە تایبەتە نازناوی مـرۆڤی هاوچەرخی لەخۆی ناوەو کۆیلەی هیچ باوەڕێک نییە..دادپەروەرێکی ڕاست پەروەرە.. دڵی لاوان و گیان و هەستی لاوانی سەردەمە.

هیچ بتێک وهیچ خوایەک ناپەرستێت، کەچی خواکـان لەودا زۆردەبن.. ژیان لەودا ئاسۆیەکی تر دەنوێنێت.. پیـرشالیارلەتەماشای ئەومـرۆڤە تێر نەدەبوو.. لەوەتەی مـرۆڤایەتی دابەزیبووە سەر زەوی مـرۆڤێکی وەهای لەنێوان نەوەی ئادەمدا نەدیبوو.. بۆیە لەودا نزرگەی خۆی چنیبوو.. **چونکە ئەو درەختی زەمان بوو. درەختی زەمانی لەسەر سەری خۆی دەبینی.**

بۆیە پیـرشالیار دڵنیا بوولەوەی کە ئومێد لەسەر زەمین دەشێت بەبێ شەڕو خەتا بتوانێت دێـوەکان فێربکات، بتوانێت دێـوەکان قاوبدات.. چونکە کەماڵی خێر لەودا سرەوت بە شەڕ دەدات.. باوەڕی ئەو دەتوانێت تەبایی بدات بە کێشەکان.. دەتوانێت ئایینەکان بکات بە هاوڕێی یەکدی وژیان پڕبکات لەجوانی!

پیـرشالیار زووتر لەسەردەمەکانی تردا هەموو پێـغەمـبەرەکانی بینیبوو، لەگەڵ هەموویاندا دوابوو، بەڵام هیچیان وەکو ئەو بوێر نەبوون لەجیـهانی بووندا.. چونکە نـوح ناسنامەو ڕەگەزی میللی نەبوو، سنوری مەملەکەتی ئەو پلەکانی خێرو مەئوای ئەو دەروونی پێـغەمـبەران بوو.. چونکە ئەو لەڕاستیدا لەوەچەی

مـرۆڤ بوو، باوەڕی بەگەڕانەوەو ژیاندنەوەی ڕەسەنایەتی بوو.. گەڕانەوە بۆ شوێنگەی ڕاستەقینەی زادەگای مـرۆڤ، باوەڕی بەئازادیی گەلان بوو، سۆزی بۆ جیـهان هێـندەی سۆزی بۆ خواکـان زۆر بوو! مـرۆڤێک یان گیانێکی پەتی وئازاد کە ئایینەکان پیـرۆز دەبینێت وغەدر دژی ئایین ومیللەتەکان پەرپا ناکات.. لە نیازەکانیدا ڕاستی ژێنەو ناچێتە نەبەرد دژی بت و خواکـان وباوەڕەکان..پیـرشالیار بەویستی خۆی ئەوی گۆش کردبوو، گەربەهەڵەدا نەچم دەتوانم بڵێم کە ئەو زادەی خوودی پیـرشالیارە.

بەڵام ڕاستییەک هەیە کە ئەو دەیژێنێت، ئەویش ئەمەیە کە مـرۆڤ دەبێت ئازاد بێت، لەوسنوورەدا کەتیایدا سەرهەڵدەدات، مـرۆڤ دەبێت لەوێدا بمرێت کەتیایدا لەدایک دەبێت!

هەر مـرۆڤێک خاوەنی بستە خاکێکەو دەبێت هەیبێت! هەر مـرۆڤێک کەرامەتی لەوێدا گۆش دەبێت کەتیایدا لەدایک دەبێت.. ئەویش لە سەفەری حەزرەتی نـوح دا گیان وژینگەی لەئارارات دەستی پێکرد! چونکە گیانی ئەو هەر لەوێ وەک گیان لەسەری حەزرەتی نـوح دەرپەڕیوە وهەر لەوێش دەژی.. چونکە ئەو هەڵگری تۆوی گەلی نـوح ـە. جا ئەو لەهەر جێگەیەکی ئەم سەرزەمینەدا بێت. بەشێک لەگیانی ئەو لە ئارارات دەژی. جا با لەشی تووڕ بدەنە ناو دەرروونی زەریاشەوە.. بەڵام ئارارات دایک و باوک و نیشتیمانی ئەون.

**مام خدری پێشمەرگەی پارتیش لەوێ ئەوی دۆزییەوە، لەوێ چەندین فریشـتە لەزەمانی حەزرەتی نـوح ەوە ئەویان بەپەروەردەی گیانی گۆش کردبوو!**

ئەویان بۆ ئەمڕۆو ئەو ڕۆژە پەروەردەکردبوو. ئەمە ڕاستییەکی گیانییە وبیزانە، کە مـرۆڤی بێـوڵات وبێـئاڵا شوێنگەی ژیانی وڵاتی زاگرۆسە ولووتکەی ئاراراتە.

بۆیە پیر، بوونی ئەو پیـرۆز گریمان دەکات.. بە حەزرەتی نـوح ناوی دەبات.. چونکە ئەو زیاتر ئەزموونی لەژیانی گیانیدا هەیە وخوودی پیر لەودا ئارام دەگرێت ولەودا دەژی؛ کاتێک پشوودەدات.

من ئەم ڕاستییە نازانم، تەواویش دڵنیا نیم لەوەی کە پیـرشالیار لەسەری ئەودا دەژی یان خودی ئەوە؟

**چونکە من تەنها ڕۆڵی گێڕانەوەو گەیاندنی ئەوپەیامانە دەبینم کە پیـرشالیار بە یاریدەی خەونەکانم بە منی ڕادەسپێرێت، دەنا منیش وەک تۆ خاوەن گومانم ولە نهێنیی چیرۆکەکەم تێناگەم! گەرچی هەست دەکەم من هەموویانم!**

من بەش بەخۆم وەک چیرۆکنووس دەتوانم بڵێم کە ئەوان دوانەیەکی تەواوکەری یەکترین.. چونکە ڕاستە پیـرشالیار گیانێکی پەتییەو ئازادە لەکوێ دەژی ومەملەکەتی کوێیە! بەڵام بۆ منی چیرۆکخوان ئاسان نییە شوێنگەی پاڵاوانەکانم نەزانم، هەربۆیەشە شەکەت بووم بەدەست تۆماری ئەم خەونانەوە، چونکە بەدڵنیاییەوە دەبوایە من کارێکی ئەوتۆبکەم کەشایانی باوەڕبێت لای خوێنەر.

بۆیە توانیم لەڕاپرسیی خەونەکانمدا ؛ داوا لە پیربکەم ڕیگەم بدات شوێنگەی ژیان لەسەری مـرۆڤی بێـوڵاتدا دیاری بکەم.. ئەنجام توانیم ڕازیی بکەم! توانیم سەرهەڵدانی ئەو لەسەری درەختی زەماندا؛ واتە لەسەری مـرۆڤی بێـوڵاتدا پێناس بکەم وەک ژینگەی گیانی.

دەنا نەمدەتوانی ڕاستییەکی وەها تۆراو بەزمان باس بکەم. بەڵام وەک فەرمووم دەشێت پیر خودی مـرۆڤی بێناوو بێـوڵات بێت، دەشێت تەنها پیر لەودا بوونی خۆی دیاری بکات، چونکە پیـرشالیاریش وەک ئەو، منیش وەک ئەوان بێـوڵاتم! حەزرەتی نـوح-یش بێـوڵات وبێـئاڵاو بێناوە! چونکە وڵاتی داگیر کراوە! ئەویش پەنابەرەو لە وڵاتی بەفر دیلە.. دیلی بە هەڵەدا چوونی دێـوەکانی قووتب. بۆیە تکاو **ئاگاداریم دەکەم بەتابلۆ تا دڵنیاتان بکەم کە من ئەوان نیم وئەوانیش من نین، بەڵام ئەوان ڕابەرو**

**فێرکەری منن، من تەنها قوتابییەکم وهیچی تر!** بینەرێک کە بەهرەی بینینم لەوانەوە پێگەییوە.. کەدەتوانم ببینم. پیر لەپەیامەکانیدا بەمن دەفەرمووێت:
**دڵنیابە لەنێو مـرۆڤەکاندا هەن کەسانێک، کە فریشـتەن، کە کردەی ویستی خودی خوان و بەنێوماندا دێن ودەچن، بێـوڵات و بێـئاڵا تەنها نموونەیەکە لەهەزاران.. چونکە وەچەی پێـغەمـبەرەکان کەم نیین لەناوماندا! ئەگەر من خۆمم بێخەوش بینیبا، یان ئەگەر من لە قاڵبی پەنابەریمدا هیچ خەوشێکم نەبایە! دەمتوانی بوێرم بڵێم: بەڵێ من مـرۆڤی بێـوڵات وبێـئاڵاو خودی درەختی زەمانم! گەرچی خەوشەکانم لە هی هەرزەکارێک کەمترن.. گەرچی لەمێژە من لەخۆم بووراوم.. بەڵام هەندێک جار دەترسم، دەترسم دووچاری سەریەشە بێم لەگەڵ دەورووبەردا! چونکە منیش وەک مـرۆڤ پەروەردە بووم، بێترس نییم! بەڵام بە هەموو توانایەکی مرۆڤانەوە خۆم بە ڕابەرێکی هونەر و پەیامبەری جوانی دەزانم. جا با کەس باوەڕ نەکات. من باوەڕێکی یەقینم بە خۆم هەیە.**
چونکە هەن **لەلاکۆڵانێکدا دەدۆزرێنەوە وەک من! هەن کە لەدایک دەبن فڕێ دەدرێن، وەک من! هەن نازانین کوڕی کێن؟ خەڵکی کوێن؟ ناویان چییەو چۆن لەوێدا بێنازو بێکەس وبێحاڵ.. هەن و وەک ئێمە هەناسە دەدەن! وەک من! پیـرشالیار دەفەرمووێت: لەغەیبا هەموو شتەکان هەن، وەک من.. هەرچییەک بەبیری مـرۆڤدا گوزەربکات هەن وڕاستییەکی بەڵگە نەویستن، وەک من.**
**مـرۆڤ هەن بەر لەوەی لەدایک بن دەکوژرێن؛ وەک من! بەڵام دڵنیابە کە هەمان مـرۆڤ بەجۆرێک لەجۆرەکان برەو بەژیان دەدەنەوەو خۆیان وەک تەنافەکان دەچنن.. تەنافەکانیش لاوازن گەر بەهێز نەبن؛ وەک من.. بەڵام باکان تەنافەکانی جاڵـجاڵـۆکە لەناو نابەن، هەڵیان ناوەشێنن! بەبێ ئەوەی کەس بزانێت، هیچکەس، هەزارانی وەک من هەن، وەک من ، دەکەن، دەخۆن، بیر دەکەنەوە وئومێد دەخوازن وەک من! چونکە دەبێت بزانیت کە هیچ شتێک نامرێت، وەک من! هیچ گەردێک لەم ژیانەدا نامرێت، خۆشنود کەسێکە کە گیانێک دەژێنێت، وەک من.. چونکە هەر مادەیەک لەمسی گیانی بەربکەوێت، هەمیشەیی دەبێت، وەک من، چونکە گیان نامرێت، وەک گیانی من.. بوودا پەی بەم زەڕڕاتەی نەمری نەبرد وەک من.. بۆیە تەزکییەو دیسیپلینی فەرزکرد! بەڵام من نەفس پەروەردە دەکەم وەک من.**
**بەڵام گیانە شەڕخوازەکان دەمرن.. کاتێک دەمرن کە زۆر دەبن، کە لەبری مـرۆڤ درۆ ودەردو نەخۆشی لەدایک دەبن.. دێـوەکان زۆر دەبن.. بەرچاوەکان تاریک وژیانەکان بێتام وبێمانا دەبن.. ئینجا دەمرن.. پاش ئەوەی لەدووپاتی خۆیاندا دووچاری وەڕزی دەبن..جا بڕوانە هاوکێشەی هەستی جوانیی من!!!**

بانگەوازی پیر ئامانجی نیشان دانی مـرۆڤی هاوچەرخی تیادا پەنهان بوو! تا ئەو کاتەی بانگی نەدا، من نەمدەزانی بێـوڵات وبێـئاڵا دەشێت حەزرەتی نـوح بێت! دڵنیا نەبووم! بەڵام بەهەست وبە خەمڵاندن هەر لەسەرەتاوە دەمزانی.. کە من ئەوان و ئەوان منن بە خستنەبری!
چونکە ئایینەکان لەسەر زەمین چەقۆیان لەیەکتری هەڵدەسوو، ئایینەکان بوبوون بەدێـو یەکترییان داگیر دەکرد، یەکترییان سەردەبڕی سروشتی بوونیـیان زامدار دەکرد. کەرامەتی مـرۆڤیان دەشکاند!

پیـرشالیار زمانی حەق و باوەڕی ڕاستی سەدەکان بوو، لەدرەختی زەماندا گەواهی هەموو باوەڕەکان بوو، ئەو لە ناو قەدی درەختی زەماندا، لەسەر سەری مـرۆڤی بێـوڵاتدا هەمیشە زینـدوو بوو.. بانگی دا لەپێناوی ئەوەدا کە سروشت لەکردەوەی دێـوەکان تووڕە بوو.

که سروشت هەراسان بوو بوو لەڕژانی خوێن ولە بەدکار بوونی مـرۆڤایەتی وزۆربوونی دێـوی درۆ..سروشت پڕبوبوولەشەڕی خوێناوی.. لە شەڕی سپی و زەردو سەوزو سوور. شوێنێک لەسەر زەوی نەمابوو بۆ دابەزیینی خواکـان.. زەمیین خوێنی لێدەتکا.. منداڵ و مـرۆڤ هەلا هەلا دەبوون.. دێـوەکان قەڵەوو زمان تیژ و هار تر دەبوون.. مـرۆڤ هەراسان لەدایک دەبوو، منداڵەکان بەئیفلیجی ونەخۆشی وڕقەوە لەدایک دەبوون.. چونکە پیـرشالیار ئەرکی پاراستنی پەیامی خێرو جوانیی لەئەستۆ گرتووە.
بەویستی ئاهوراماردا دڵنیایە لەوەی کە دەتوانێت جیـهان بە ویستی مـرۆڤ ڕزگار بکات، چونکە ژیان بۆ مـرۆڤەو ئامانجی مـرۆڤایەتیش ئازادی وعیشق وجوانییە، گەیشتنە بە یەکبوونی گیانی لەگیانی بوونەوەردا.
پیـرشالیار خواناسە، خودی خوانییە، چونکە ئەو لەخەودا ئاهورامازدا یان خواوەندی یەکتا، یا یەهوزا یان مەهدی، یان باب یان مەسیح نییە.. بەڵکو تەنها پیاوی خوایە.. من لەودا خواوەندم نەدیوە، ئەو لەیەکبووندا لەگەڵ مندا ئەو کەرامەتەی بەمن نەبەخشیوە کە بتوانم خوابیینم! چونکە من خواوەندی خۆمم هەیە!
چونکە پێدەچێت ئەگەر خواوەند بوونی هەبێت! ئەگەر مـرۆڤ خۆی خواوەند نەبێت، ئەوا دەشێت زۆر لەدەسەڵات وتوانای ئێمەو بەهرەی بینینی ئێمە بەدەر بێت.. من خودی خۆم باوەڕم بە پەرستنی خواوەند نییە، بەڵام تەزوویەک ئەو تەلیسمەی جوان وپاکژ لەمندا گۆشکردووە..
**لەوەتەی هەم زۆر دڵنیام لەوەی کە خواوەند باوەڕێکی یەقینی بەمن هەیە، ئەگەر هەبێت!. نەک تەنها باوەڕی بە من ، بەڵکوو هەمان باوەڕی بە هەر مرۆڤێکی جوانناس و ڕووناکبیر هەیە. من زۆر لەمێژە شانازی بە ئەگەری هەبوونی خواوە دەکەم، چونکە دەزانم بۆ ئامانجێک منی داهێناوەو باوەڕێکی مەتینیشی بە بوونی من هەیە! زیاتر لەوەش سەرکەوتنم مەیسەر دەکات.**
جامن بیپەرستم یان نا ئەو منی دان پیادا ناوە، بە هەرحاڵ منی بۆ ئامانجێک ڕەخساندووە. منیش سەربەخۆم باوەڕم بەئایینەکان پتەوە.. بەڵام لەپێناوی هیچ باوەڕێکدا دژی مـرۆڤایەتی ناوەستمەوەو لەپێناوی خوای کەسدا کەس بەکوشت نادەم. چونکە لای من کردگاری خوا هێـندەی خودی خوا پیـرۆزە.
من دەزانم کە مـرۆڤ خۆی خواو بت وخواکـانیشی دروست کردووە.
جا بابزانین لە پاداشتی بانگداهێشتی پیـرشالیاردا چی ڕوودەدات؟ با بزانین هاتن ودابەزینی پێـغەمـبەرەکان چی تەفرەقەیەک دەخاتە نێوان گەل و میللەتانەوە، یان چی هیوایەک گۆش دەکات؟

***

بەتەنافەکانی جالـجالـۆکەی مەزن وسپیدا، لەسەرەوەی ئاسمانی یەکەمدا کە بەلەشکری دێـوەکان دەورە درابوو، پەیتا پەیتا گیانی ڕووناک ودرەخشان، گیانی پیـرۆزەکان، گیانی نەبینراو بەچاوی مـرۆڤ..گیانە دووڕەگ و دووسەرو سێسەرو چواروشەش سەرەکان دادەبەزین.. ئەوگیانانەی لەسروشتی مـرۆڤ بێبەرین، بەبینینی مـرۆڤ بێبەرین..گشتیان دادەبەزین. هەندێک مەخلوقاتی تری وردیلە ولەئاگر دروست بوون، هەندێک لەوان بەهەستیاریی منی نوستوو بوون و نەدەبینران.. بۆنیـان دەهات، بۆنی بغوردیان لێدەهات، لەوباوەڕەدا بووم گیانی ڕووەک ودارستان بوون.. بەڵام ئەو مەخلووقاتە نالێکچوانە بەمـرۆڤ کە چاوی مـرۆڤ درکیان ناکات، نیشتەجێی هەسارەکان و گەردوونەکانی تر بوون.
گیانی فریشـتەکان کە لە مـرۆڤ دەچوون، وەکوتەم دیاربوون ودەبینران.. هەندێکیان لەئاسماندا دەهاتن ودەچوون.. هەندێکان نیازی دابەزینیـان نەبوو، بەڵام هاوکاری پێـغەمـبەران بوون.

لەهەرئەستێرەیەکەوە دەرگایەکی نەخشینی تیشک شێوە والآدەبوو.. ئەستێرەکان لەوڕووناکییەدا وەکو پایتەخت، یان وەکو مەملەکەتی تیشک، مەملەکەتی زاتی پێـغەمـبەرێک دەردەکەوت کە پڕبوو لەژیان، پڕبوو لەگیان، ئەوژیان وگیانەی پێـغەمـبەران بەنیازەکانیـیان بۆخۆیانیـان خوڵقاندبوو.. کە مەملەکەتی داخوازی وبەزەیی ودۆستی پێـغەمـبەرەکان بوو!

کەزۆر جیاواز بوو لەم ژینە بەسنوورەی ئێمە ؛ کەلەم بەهەشتە ترسناکەدا ئەنجاممان داوە!

لەهەرئەستێرەیەکەوە گیانی ڕاهیبێکی پیـرۆزو باوەڕدار بەمـرۆڤ، گیانیسۆفییەک منداڵێک، ئافرەتێکی حەق پەروەر، گیانی منداڵێکی لەبرسا مردوو.. گیانی پیـرۆزی دایکێکی جەرگ بڕاو وغەدرلێکراو..گیانی خواناسێک، خێرمەندێک دەردەکەوت وبەتەنافەکانی جاڵـجاڵـۆکەدا بەکەژی خۆیان؛ بەدابی خۆیان دادەبەزین.. پێدەچوو خۆیان بۆ ئاهەنگی نەورۆز ئامادە کردبێت.. پێدەچوو جاڵـجاڵـۆکە بەچپە ئەوهەواڵەی بەوان فەرموویێت، پێدەچوو وابێت!

چونکە هەموو ئاسمانەکان دڵتەنگ بوون بەژێردەستەیی میللەتی نـوح.. هەمووگیانەکان زویربوون لەکردەوەی دێـوە زلهێزەکانی ناتۆ و شەڕی ئەوان لە جیهاندا.. بۆیە خواوەند لەمێژە زۆر دوورەپەرێزە لەشەڕی دێـوو دێـوپەرستەکان.. چونکە ئەوان ئومێدی ژیانیـان سەربڕیوە.. ئاهوڕامازداش بەشەڕی ئەهریـمەنەکان ناوێرێت.

چونکە شەڕلەسروشتی ئەو نییە، ئەو شەڕی نەخوڵقاندووەو ئامادەیی دەست تێوەردانیشی نییە، بەڵکو تەنها بێبەرییە لە بەدکاریی کردەوەکان.. بۆیە مـرۆڤ تادێت زیاتر سست تر دەبێت.. زیاتر ناتوانا دەبێت، زیاتر مادە پەرست وخۆپەرست دەبێت.. بەڵام لە ڕابردوویەکی دووردا، مـرۆڤ زۆر زۆر پێشکەوتووتر بوو لەئێستا.

ئەوسا مـرۆڤ تەنها بەنیاز نەک بەووشەو وێنە دەیتوانی ژیان وگیان بدات بە ماددە، دەیتوانی بەبەرد بڵێت ببزوێ، بەرد دەبزوا، دەیتوانی بەبێ یاریدە بفڕێت، دەیتوانی لەچاوتروکانێکدا نەک تەنها زەمین، بەڵکو گەردوونەکان بگەڕێت..

بۆیە لەوڕۆژە پیـرۆزەدا گیانی پیـرۆزی ئاسمانەکان بەرەو لووتکەی ئارارات دادەبەزین، چونکە بانگەوازی پیـرشالیار بۆ ئەومەبەستە بوو تا پێـغەمـبەران بێن وبەچاوی خۆیان لە سیحرو ئەفسانەی مـرۆڤی هەووەڵین ومـرۆڤی ڕەسەن بگەن، تاتێبگەن کە یەکەم مـرۆڤ لەبوونەوەردا ئاوەها بوو لەدێرزەماندا بەر لەوەی دابەزێتە سەر گۆی زەمین، بەر لەوەی لەگیانی زەریا دابڕێت و پەلوپۆی لەسەر زەوی هەڵوەرێت لەپاداشتی درۆ وبەدکاریدا!

پیـرشالیار چەند جارێک لەخەودا بە منی فەرمووە؛ کە باوەڕ بەو پەیامە بکەم کەهاتووە لەقورئانی پیـرۆزدا، کە دەفەرموێت: هەندێک لەمـرۆڤ بوون بەبەراز، هەندێکیش بە مەیموون.

هەروەها جارێکیان پیر دەربارەی پێشکەوتنی پیشەیی وتەکنیکی بەمنی فەرموو: باوەڕ مەکە داهێنانەکانی ئەمڕۆی مـرۆڤایەتی پێشکەوتووتر بن لەداهێنانەکانی ڕابردوو! چونکە بەر لەئێستا مـرۆڤ جۆرە پێشکەوتنێکی بەخۆیەوە بینیوە کە ڤرۆڤ ناتوانێ یادی بهێنێتەوە، سەردەمانێک لەمەوپێش جۆرە شارستانیەتێکی هێندە پێشکەوتوو هەبوو کە دەیانتوانی هەموو داهێنراوەکانی ئەمڕۆ بەکاربەرن، بەڵکو زیاتر بەتوانا بوون، لەمـرۆڤی ئەم سەردەمە نەدەچوون، نەدەترسان، درۆیان نەدەکرد، دەیانتوانی گیان بدەن بەژیان. ژیانیش بدەن بە گیان.

دەیانتوانی ڕۆبچنە دەروونی زەریاوەو بەسەرئاودا بڕۆن، دەیانتوانی وێنەی گیانداران زیندو بکێشن، دەیانتوانی بفڕن، بەبەرد بڵێن ببە بەوەی کەنیازمە، بەرد دەبوو بەوەی کە لەنیازیان دەگرت، بەڵکو بەردیش

قسەی لەگەڵ مـرۆڤ دەکرد، وەڵامی داخوازییەکانی مـرۆڤی دەدایەوە. باکان، هەورەکان، باران وبەفرو شەپۆل هاوڕێی بوون.
بەڵام درۆ، ڕق، تۆڵە وکینەدۆزی مـرۆڤی سست وناتوانا کرد.. مـرۆڤی لەبەهرەکانی خۆی دابڕاند، لەسەرداریيەتی ماددەوە، مـرۆڤ بووبەکۆیلەی مادده، لە ڕەخساندنی گیانەوە، بوو بەگیانێکی کۆیلەو نامۆ وداگیرکراو وشەڕ سەپێن وشەڕخواز. مـرۆڤ کەرامەتی دۆڕاند بە دێـوی ئەهریـمەن، خواکـانیشی لەخۆی ڕەنجاند. سروشتی خۆی دۆڕاند. بۆیە ئێستا چاو لەو دڕندانە دەکات کە خۆی دروستی کردوون.. باوەڕ بە دڕندەیی دەکات! مرۆڤ ئەمڕۆ چاو لە ئاژەڵی دڕندە دەکات، بگرە دڕندەترین ئاژەڵە و لاسایی ڕەفتارو کرداری ئەوان دەکاتەوە!
هۆی دابەزینی گیانەکان زۆر بوون لەو بەیانییە تاریکەدا ..چونکە هەر یەکە لەپێـغەمـبەرەکان پەیوەستییەکی گیانیی بەهێزیان هەیە بە کەرامەتی پیـرشالیارەوە، دەتوانم بڵێم ئەو پیـرۆزترین بوونە لەیادی پێـغەمـبەرەکاندا لەدوای کردگاری مەزن ئاهوڕامازدا.
بۆیە ئەوان لەوەتەی گیانیان لەسەر ئەستێرەکان دەژین، چاوەڕوانی فرسەتێکی وەهان تا پیـرۆزترین هاوڕێ و هاودەمی خۆیان ببینن. هەروەها بیستویەکەمی نەورۆز لەمێژووی سەرهەڵدانی مـرۆڤدا پیـرۆزە، چونکە تەنانەت بوونەوەریش لەوڕۆژەدا خوڵقا!
لەوڕۆژەیشدا پەیامی ڕووناکیی ئاهوڕامازدا بەمـرۆڤ دەگات.. لەوڕۆژەدا خۆر بۆیەکەمین جار هەڵدێت.. بەویستی سروشت، بەویستی مـرۆڤ.. بۆیە پێویستە بزانیت کە لەوڕۆژەوەی بۆ یەکەمین جار خۆرهەڵهات مـرۆڤ پەیامی خوای لەسەری خۆیدا ڕەخساند یان ڕواند..
ئاسمانەکان پڕبوون لەئاوازی گیانی وسەدای دۆعاکان، سەدای دەنگی نەرمی فریشـتەکان، بەپێچەوانەوە سروشت خوێنی لێدەتکا.. لەوبەیانییەدا دێـوەکان بێداربووبوونەوە، لەبرساندا، لەترساندا سەری منداڵیان دەخوارد، تەعدایان دەکرد، بێگوناهیان دەکوشت، بەهەرکونج وکەلەبەرێکی جیـهاندا شەڕیان بەرپا دەکردو غروری خۆیان نیشان دەدا وبەچەکی قورس شالاویان دەبردە سەر تەڕوو وشک، مـرۆڤ لەبەرچاویان زۆرکەمبەهاو بێنرخ بوو، بەویستی خۆیان دەیانکوشت! کاتێک کەکات ئاسایی بووەوە چەکەکان کەوتنەکار بۆ تۆقاندن ولەناوبردنی دێـوپەرستان ومـرۆڤەکان!

زەمین لەچاوتروکاندا گڕی تێبەر دەبوو، شارەکان دەسووتان، دێـوە قین لەدڵە چەناگە ئەستوورەکان لەفلیمی کارتۆنی منداڵانەوە بۆمبای گەورەیان دەنا بەسنگی سروشتەوە.. بابیانە بەپۆزەوە دەمیان پڕ بوو لەجنێو دەرهەق شەرەفی دایکی خۆیان، وەک چۆن منداڵ یاری دەکات بەیارییەک، ئەوانیش ئاوها خۆشاییان پێدەگەیی کە دەیانبینی زرمەی دەنگی بۆمباکانیـان دەوڵەتان هەپروون هەپرون دەکات! باوەشی خۆشیان دەکرد بەیەکتردا وپێکی پیـرۆزیان لەیەک دەدا وجنێویان دەدا( چێرس مازەر فەکە)!
سروشت دیمەنی زۆر سەیر بوو لەو بەیانییەدا، لەلایەکەوە ئارارات داگیرسابوو، لەلایەکی ترەوە شەبەق کەوتبووە بەشێک لەتاریکایی ئاسمان، لەوێوە من دەمتوانی دوور، زۆر دوور ئاسمانەکان ببینم، دەمتوانی تەنافەکان، دابەزینی گیانەکان ببینم، چونکە هەموو شتەکان شێوابوون، خەوو ڕاستیش تێکەڵ بەیەک بوبوون! ئیتر من دەربەستی ئەوە نەدەهاتم لەخەودام یان لەڕاستەقینەدام!
من لەهەست ونەستی پیـرشالیاردام یان ئەو لەهەست و نەستی مندایە؟ یاخود من ورێنە دەکەم، چونکە بەسەرهاتەکان تێکەڵ بەیەکتری دەبوون، شەڕو خێریش! درۆو ڕاستی! جوانی وناشیرینی، ساردوگەرم، کەس نەیدەزانی کێ ڕاستگۆیە؟ کێ خێرخوایە؟ کێ خوایە لەناودێـوەکاندا، چونکە یاریکەرێکی نەزان

دەیتوانی شەق لە سەری هەزاران منداڵی برسی بدات و پێبکەنێت بەویژدانی جیـهان.. قەشەیەک وای لێهاتبوو سواڵی دەکرد لە بارِو مەیخانەکاندا دەپاڕایەوە بۆ کەسێک هەوەسی دامرکێنێتەوە، سۆزانی‌یەکان سوێیان بوبووەوە بۆ بینینی پیاومـرۆڤێک، مـرۆڤەکان هێندە بچوک بوبوونەوە نەخۆیان دەدی نە کەرامەتی خۆیان! منداڵان هەر گەمەیەکیان دەکرد، هەستی شەڕی خۆیان پێگۆش دەکرد! بازاڕەکان پڕ بوون لەکاڵای شەڕ! نازانم چۆن لەو بەیانییەدا کەهێشتا شەڕوخێر بەش نەکرابوو ژیان وەها بەزوویی سروشتی گۆڕا!

کەچی لەئاسمانی حەوتەمەوە، لەئەستێرە دوورو نزیکەکانەوە، کەشی دابەزین بەرەو زەمین لەبرەودا بوو، گیانەکان دادەبەزین! پێـغەمـبەرەکان خۆشنوود دیار بوون بەگەیشتنی پەیام و بانگی پیـرشالیار!

وەک پەیکەری هەڵمین، یان وەک پەڵە هەورێکی گیاندار هەریەکەیان بە تەرزو دابێک دادەبەزین، هەر یەکەیان جۆرە کەشێکی تایبەتیان نیشان دەدا لەدابەزینی خۆیاندا، دەتگووت ئاهەنگی سەری ساڵە! هەر گیانەو جۆرێک ڕازاوە، هەرکەسەو جۆرە پۆشاک وجۆرە گیانداری‌ک وجۆرە مەخلووقاتێکی تایبەتی هاوشان بوو!

ڕۆژێکی سەیر وسەمەرە بوو! مـرۆڤ ئەگەر توانای بینینیـان هەبوایە و وەسفی بینینەکانی خۆیان بکردایە ڕاستەوخۆ بەدەم گێڕانەوەوە شێت دەبوون، پەرکەم دەیگرتن ودەشیا لەشاگەشکەیی خۆیاندا شێت وبەرباد بن!

هەندێک لەگیانەکان لەپەشمەک دەچوون هێندە ناسک بوون، هەندێکی تریان تەنها بریک و باکیان لێوە دەهات، شکڵیان هەمیشە لەگۆڕاندا بوو، هەندێک سپی، هەندێکیان سوورو پەمەیی، هەندێکێان تەنها لەهێڵی سکێچێک دەچوون، هەندێکی تریان لەباڵندە، لەدرەخت، لەگیانداری بەچاوی ئێمە نەبینراو دەچوون.. هەندێکی تریان!

نازانم بڵێم چی هێندە تێکەڵ وپێکەڵ بوون، پیاو نەیدەتوانی وەسفیان بکات، چونکە لەیەکەیی گیانی خۆیاندا زۆردەبوون، دەبوون بەهەرشتێک، سووڕی گۆڕانی گیانیان لەیارییەکی سیحرئامێز دەچوو، ئاسمان لەسیحری یاریگایەکی سێرک دەچوو! هەستم دەکرد چاوم ڕێشکەو پێشکە دەکات، هەستم دەکرد خەونەکانی هەموو مـرۆڤەکانی سەرزەوی دەبینم، وبووم بەهەزاران هەزار گیان و چاو. هەستم دەکرد کوێرم وهیچ نابینم بەڵکو تەنها بەپێوە لەناو پەنجەرەی ژوورێکی تاریکدا وەستاوم وزیندەخەون دەبینم، هەستم دەکرد لەش وگیانم بوون بەهەزار پارچەوەو دوای سەرەتا وکۆتایی؛ داوی تەونی مێژووی بەسەرهاتەکانی گێتی وگەردوونەکان کەوتووم.

شتەکان بەخێرایی وەک شریتێک چۆن بەپەلە لەبەرچاوما هەڵبکرێتەوە، یان شریتێک کە بەدەم هەڵکردنەوەوە ڕووداوەکان لەسەر شاشەی خەیاڵم لێدەداتەوە؛ وەک نیشاندانی فلیمێک بەپەلە.. لەهەمان کاتدا ژێرو سەروپێش وپاش وناوەڕۆک و تەزووەکانی ناوسەری خۆمم دەبینی!

دەمزانی بەپێوەم وبێزارو خۆشحاڵیش نیم.. هەستم دەکرد وەک بۆمبایەکی ئەتۆم هەموو زەڕڕاتی گیانم بەدەم گری بایەکی زۆربەتەوژمەوە بڵاو دەبێتەوە بەجیـهاندا! کار لەبینین وخەوبینین ترازابوو، کات لەوەستان ترازابوو، هەم تاریک بوو هەم ڕۆشن، هەم سارد بوو هەم گەرم.. بەستەڵەکەکان بەرگەی تەماشاکانی منیـیان نەدەگرت، جیڕ دەبوونەوە لەترسا ئارەقیان دەکردەوە، دەکەوتن دادەڕوخان لەشەرما دەتوانەوە!

لەسەر زەمیین شەپۆلەکان تووڕە بوون، یەکیان گرتبوو هەستابوونە سەر پێ و شەقیان لە زیندانی بەستەڵەک هەڵدەدا! دەیاننەڕاند بەسەر دێـوە دڵ بەفرینەکاندا!

بەستەڵەکەکان دەگریان.. زەریا هەستابووە سەرپێ، کڵپەی ئاگرە یەکگرتووەکان دەیان ناڵاند، باڵایان بەحەوادا دەچوو.. کەف لە دەمیان فیشکەی دەکرد وەک بوورکان.. گەردەلوول خوولی دەخوارد وەک مزراحێکی مەزن دەیبۆڕاند! لەئاسۆی ئاسماندا! نازانم بڵێم لەکوێ، بەڵام دەتوانم بڵێم لە ئاسمانی ئاراراتدا.. مـرۆڤی بێـوڵاتم دەدی دەڕۆی، ڕۆیشتنی لەفڕین دەچوو، دەمبینی کاکێشان لەسەر سەری ئەودا بەتەفافەکانی جاڵـجاڵـۆکەوە لەبزوتندان، لەسەر سەری ئەو گەردوونم دەدی، هەموو هەسارەکانم دەدی، درەختێکم دەبینی مەزن تاچاوبڕکات لق وچڵوپۆپی بەحەوادا ئاوێزان بوو، دەوری پڕبوو لە گەڵای قووماتکراو لەگیانی ملیۆنەها مـرۆڤی ڕەنجاو لەگیانی ملیۆنەها گیانداری ڕاوکراووئافرەتی سووتاوو منداڵی برسی و لەباربراو وباڵندەی کوژراو!

هەموو شتێکم لە هاتنی ئەودا دەدی، هاتنی ئەو نازانم چۆن بەچی وەسفێکی زمانەوانی شەرح بکەم، چونکە تازیاتر بەرەوڕووم دەهات زیاتر دوور دەکەوتەوە، لەدوورەوە چاتر لەوەی لەنزیکەوە ئەوم دەدی، دەڕۆی لەهەمان کاتدا دەفڕی.. دەبوو بە کەشتییەکی سپیی مەزن.. پاشان دەبوو بە مـرۆڤێکی شێوە درەخت.. کەبچووک قەبارەی ئەوم دەدی، لە زۆرزیاتر شتم دەدی.. هەرچییەکم دەدی لەزۆربووندا دووپات دەبووەوە، کە باڵندەیەکم دەدی دەبوو بەدوو بەسێ بەسەد بەهەزاران باڵندە..

لەتاوا دەستم گرتبوو بەدڵمەوە، لەتاواندا دەستم لەسەر نەبزی دڵم لادەداو بەهەردودەست سەری خۆمم دەگووشی.. لەمسی چوارپەلی خۆمم دەکرد، بەدوای خۆمدا دەگەڕام، نەدەترسام بەڵام حەپەسابووم، چونکە چاوەڕوانی بینینێکی وەها نەبووم، باوەڕم نەدەکرد پیر بتوانێت ئەو هەموو وێنەیە لە تەماشاکانما نیشان بدات، باوەڕم نەدەکرد مێشکم بەرگەی تەجیلکردنی ئەوهەموو دیمەنانە بگرێت.. چونکە من، منێکی داماو بەرگەی وەستانی کاتم نەدەگرت لەوچرکەیەدا کەکات وەستا، کەچی ڕووداوەکانی دوای کات وەستان هەزارهێـندەی وەستانی کات پڕتەوژم ترو خێراتر زۆر دەبوون.. خواخوام بوو کات بووەستێتەوە تا پشویەک بدەم، تا جگەرەیەک پێبکەم وهەناسەیەک بدەم، چونکە تووشی تەنگە نەفەسی هاتبووم.. هەستم دەکرد ژوورەکەشم فرسەتی لێهێناوم و دەمفلیقێنێتەوە!

هەستم دەکرد خۆزگەی مردن ولەناوچوون لەمندا لە مـرۆڤی بێـوڵات وبێـئاڵا مەزنترە! چونکە نەمدەزانی چی بکەم تا باوەڕ بە خۆم بکەم کە ئەم ووشانەم گشتی زادەی چرکەیەکی پەتین، وەک ئەوەی کۆی داستانەکان لە زریکەیەکدا خۆیان حەشار دابێت، وەک ئەوەی گەردوونەکان لە تۆپێکی بچکۆلانەی کەلا شێوەدا لەدەستی مندا بێت وهەمووشتەکان بەیەک تەماشا ببینم!

هەڵبەتە درۆتان لەگەڵ ناکەم، دە ساڵ زیاترە سەرگەرمی گێڕانەوەی ئەم ڕۆمانەم، دووڕۆمانم تووڕداوە وسێیەمیانم کردووە بەسەرە مقەست، دەتوانم بڵێم کاتێک کە دەستم کرد بەگێڕانەوەی ڕۆمانێکی پاکنووسکراو، ناوەڕۆکەکان شێوان، ناچار دەستم کرد بەنووسینی ڕۆمانی چوارەم، ئەویش بەدەم تۆمارکردنەوە ئەم ئەفسانەیەی لێزا، کە تاڕادەیەکی زۆر هیچ پەیوەندیی بە ڕۆمانەکانی ترەوە نییە!

بۆیە دەتوانم بڵێم ئەم کتێـبە نارۆمانە لەدایکبووی چرکەیەکە کە چەندساڵێک منیـیان دەهێناو دەبرد!

بۆیە ئازاد بوون لەتۆماری ئەم کتێـبە لای من، بۆمن ئازاد بوونی جیـهانە، هەست دەکەم من بەلامەوە چاترە شێت بم یان بکوژرێم یان تەفروتوونابم.. بەڵام ڕێگە لە دەربڕینی پەیامەکانی پیـرشالیار نەگرم.

هەست دەکەم تەنها ئەرکی یەکەم ودوایین ئەرکی پیـرۆزی سەرشانم دەربڕینی ئەو هەستانەن کە لەوچرکەیەدا پێم گەیشتن.. ڕاستە ئەم چیرۆکانە حیکایەتی مێش نییە وتەواو بوون وکۆتایی هەیە، بەڵام دڵنیابە خوێنەری بەڕیز من دەتوانم لغاو بۆ پەیامەکان شل بکەم وهەزاران هەزار ئەلف لەیلەو لەیلەتان بۆ باس بکەم.. بەڵام بەچاکی دەزانم پوختەیەکی ئەوتۆتان بۆ باس بکەم کە ماندووتان نەکات لەخوێنـدنەوە.. تا بتوانن زوو تەواو بین وبڕیاری خۆتانم بەسەردا فەرز بکەن.

بۆیە دەتوانم بڵێم کاتێک کەتەواو دەبم، لەڕێسی خۆمدا دەگەم بە سەرەتای ڕێسی مـرۆڤی بێـوڵات وبێناوو بێـئالاّ.. چونکە من باسی ڕابردووی ئەوم هێشتا نەکردووەو بەتەماش نیم ئەوکارە ئەنجام بدەم لێرەدا !

لەناو پەنجەرەی ژووره ساردەکەمدا کە وێنەی هەزاران هەزار ڕوخساری کیژی جوان ومنداڵی فریشـتە شێوەو شکڵی تایبەت بەدیواردا هەڵواسراوە، ڕاوەستابووم! لەو ژوورەدا کە زوربەی کارە هونەرییەکانم لە جانتاکاندا پێچاوەتەوە! چونکە دەترسم وێنە بکێشم، دەترسام لێم بدزن، یان سەرزەنشتم بکەن!

باکان یەکیان گرتبوو و تووڕەبوون، نازانم لەچی؟ لەکێ؟ چونکە من دەزانم کە با هەگیز دڵی نایهێنێت لە کەرامەتی من تووڕە بێت.. پەنجەرەکەی بەیەکدا دەدا، کڵاوی لەسەر قەشەکان دەفڕاند، درەختەکانی ڕادەوەشاند، بەشەپۆلی دەووت هەستە، بەئاگری دەوت ڕاپەڕە، بەزەریای دەگوت کاتی هێنانی هەڵمەتە.. با بەسروشتی دەگوت شەرم لەخۆت بکە، نەنگی تاکەی! بە بەستەڵەکەکانی دەگووت: تەریق ببنەوە لەبەدکاری ودووڕوویی دێـوپەرست ودرۆزنان ـ هەستن تۆڵەی نەهەنگ و ماسییەکان و گیاندارانی ناو ئاو بکەنەوە!

باکانم دەبینی گەڕیان بەهەمووشتێک دەکرد، دەیانوویست بەتووڕەیی خۆیان شتێک بڵێن کە من جوان لێی حاڵی نەدەبووم، بەڵام دەمدی کەشتییە مەزنە بارهەڵگرەکان هەڵدەگرن وغەرقیان دەکەن،عەرزی عەزەلاّتیان نیشان دەدام، دەمدی شەق لە شاخی بەستەڵەک هەڵدەدەن و دەیانڕوخێنن وبەلوورەوگڤەیان؛ ترس ولەرزیان دێناو دەبرد!

لەپەنجەرەی ماڵی دراوسێکانمدا دووسەگ قروسکە قروسکیان بوو، بەدەم قروسکەوە وەکو کەر دەزەڕین، وەکو دێـو دەیاننەڕاند، چونکە خاوەنەکانیـیان لەماڵ نەبوون.. دەترسان.. زۆر دەترسان تەنهابن.. هەروەکوو منداڵەکان لەدورگەی هەستکردن بەکەمیدا ! ڕاوەستابووم گوێزم دەژمارد.. منداڵەکانم لەگەڵ دایکیان لەسەفەر بوون، دەترسام لەوەی شەوێک بەدخوویەکی سەرخۆشی هەوەس پەرست بەسەریاندا بکەوێت و جیقیان دەربهێنێت..

دەترسام دڵم لەمشتما بوو شتێکیان لێ بەسەر نەیەت.. ڕاوەستابووم بیری ژیانم دەکرد، بیری وڵاتی داگیرکراوی خۆمم دەکرد، شەرمم لە بیروباوەڕی خۆم دەکرد، بەخەیاڵ سەفەرم دەکرد، دەڕۆیشتم، دەگەڕامەوە بۆ نیشتیمانی دایک، دێ بەدێ، شاربەشار دەگەڕام وسەیری تەماشا ترساوەکانم دەکرد.. سەیری بوغزو ڕق وکینەی لەشکری دێـوەکانی بەعسم دەکرد لەتەماشای ساردی ڕامیارییە کوردەکاندا. کە پشتیان کردۆتە لووتکەکان و لەحەوزی ماسییەکاندا خۆیان بسمیل دەکەن وپیس دەبنەوە!

سەیرم دەکرد ڕژێمە دیکاتۆرەکان خەریکی دێـو دروستکردنن، تورک وفارس وعەرەب لەقینی شەڕی دەروونیـان زۆر دەبوون، بەجیـهاندا بڵاو دەبوونەوە ، دێـوی دڕندەو چاوسوورو گۆشتخۆریان بەشەقامەکانی شارەکانی جیـهاندا بڵاو دەکردەوە!

ڕاوەستابووم.. تەنها من بێدار بووم لەدوورگەی هەستکردن بەکەمیدا..چاوم نابووە سەر یەک وبیرم لەگیانی ئازادی ئەو دەکردەوە! واتە منداڵەکەم، منداڵە ناوەنجییەکەم کە هەشت ساڵ لەمەوبەر لەبار برابوو! چونکە ئەو لەهەر مردویەک وزیندویەک زیاتر بەمن ئاشنایە!
هات.. دابەزی ولەپشتمەوە زەفەری لە قەڵەمەکەم هێناو دەستی کرد بەنووسینەوەی دێڕەکان.. لەبری من چەند لاپەڕەیەکی نووسی.. کاتێک کەویستم سووپاسی بکەم، بینیم وەکو تیشکێکی سپیی چواردەورتەنراو بەرەنگی کووژەکەیی لەسەر شوێنی دانیشتنم سەمای دەکرد، تەماشای دەکردم ودەیویست سەرم بسوورمێنێت.. دەیویست نیشانم بدات کە دەتوانێت!
زەمین لەژێر پێمدا سەرمای بوو.. هەستم دەکرد زەمین دەگری، چونکە ئابڕووی کرم تێی دابوو.. بینیم منداڵەکەم باڵی نەبوو! بەڵکو تەنها ڕۆشنایییەکی سپی وکووژەکەیی بوو!ڕوخساری لە ڕوخساری حەزرەتی بەزەیی دەچوو!

باکان ڕەش هەڵگەڕابوون و، تووڕە بوون، وازیان لەتوڕەیی و سەرکێشیی خۆیان نەدەهێنا.. ناچار بووم تووڕەبم، هاوارم لێهەستاو فەرمووم: **باکان؛ تکایە ڕاوەستن، بەسە!** باکان وەستان.. کپ بوونەوە.
توانیم هەر بەپێوە سەرخەوێک بشکێنم و بەپەلە کەمێ خواردن بکەم بەقوڕگی خۆمدا.. توانیم کەمێکیش لەگەڵ منداڵە بەستەزمانە لەباربراوەکەمدا یارییەکی منداڵانە بکەم، کەمێک لەباوەشی بگرم وپشتی بخورێنم و دەست بەسک وسەریدا بهێنم!
کاتێک کەئەو ماڵئاوایی لێ کردم، هەستام، چوومەوە ناو پەنجەرەکەم.. کەوتمەوە تەماشاکردنی ئاسمانەکان و دابەزینی گیانەکان..چونکە لەڕاستیشدا ماوەیەک بوو هەر تەماشای ئاسمانم دەکرد، هیچی ئەوتۆم شک نەدەبرد لەسەر زەوی و لە دەورودراوسێدا تا تەماشای بکەم! هیچ سەرنجی ڕانەدەکێشام! شتەکان هێندە دووپات و بێمانا بوون، کە ئەزیەتیان دەدام.. هەستم دەکرد دێـوەکان سروشتی ژیانیـان بەجۆرێک گۆڕیوە کە پیاو شەکەت دەبێت لە زۆر تەماشا کردنیـان.
تەنانەت نەمدەتوانی تەماشای گوڵەکانی باخچەی بەردەرگاکەمان بکەم! گوڵەکان ئەسپێ وکرم تێیدابوون، ڕەنگیان وشک و زەردو ژەنگ گرتوو بوو.. سیس وبێبۆن وبێ ژیان مانیـان لەزەوی گرییوو.. کرمەکان لەسەر چیمەن وحەلۆزۆن دەشت ودەری پڕکردبوو! هەموو کێژۆڵەکانی دوورگەی هەستکردن بەکەمی ڕۆژانە سەرگەرمی لەناو بردن وکوشتنی لەشکری حەلەزۆن و لەبار بردنی کۆرپەکانی ناو سکیان بوون! هەستم خوێنی لێدەهات، بەزەییم شل وپل بەمەلاو بەولادا دەکەوت! وەک گامێش چۆن دوای کاوێژ بە تەماشاکانی ڕوو دەکاتە ئاسمان، ئاوەها هەمیشە تەماشای ئاسمانەکانم دەکرد، بەدوای نیشانەکانی دەرکەوتنی درەختی زەمان و مـرۆڤی بێـولاتدا دەگەڕام!
گەرچی هاتن وسەرهەڵدانی ئەوان لەمندا، لەهەستیاریمدا ڕووی دابوو، گەرچی چیرۆکی بەسەرهاتەکان لە مندا تەواو ڕسکێنرابوو، کەچی چاوەڕوانی بەڵگەی زیاترم دەکرد، دەمویست شتەکان ڕاستی تر لەهەستیاریم ببینم، تا باوەڕ بە دەوروبەر بهێنم کە هەرچییەک ئەوان دەیبینن، من چیرۆکی سەرهەڵدانی دەزانم.
چونکە غەیب لەویستی ئێمەی مـرۆڤ وهونەرمەندا هێندە ئاڵۆز نییە.. گەر دێـوەکان ڕێگەمان بدەن، دەتوانین بە غەیبا هەڵزنێین، دەتوانین غەیب بەسوودی مـرۆڤ بەکار بەرین!
بۆیە لێتانی ناشارمەوە ماوەیەکی زۆر بوو من هەر سەیری ئاسمانەکانم دەکرد.. تەماشای ئاسمانی خەونەکانم دەکرد.. بیرم لە کەرامەتی خۆم وخواکـان دەکردەوە.. بیرم لە پێـغەمـبەران دەکردەوە، بیری

ئەوانم دەکرد، بیری ژیانم دەکرد، بیری بینینی مـرۆڤێکی ڕەسەن وبێخەوشم دەکرد، بیری منداڵەکانمم دەکرد کە لەسەفەر بوون! بیری عەشقی خۆمم دەکرد، دەمویست عەشق لەهەموو شتێکدا ببینم، هەمووگیانم بوبوو بەتەماشا، بەهەزار چاو تەماشای ئەملاو لای خۆمم دەکرد، بەدوای شتێکدا دەگەڕام کە ئەوانی تر نەیان دەزانی چییە! هێندە ماندوو شەکەت بوبووم، خەڵکی وایان دەزانی عەشق لە مەزەبما نییە!

چونکە گومڕایی دێـوپەرستەکانی دوورگەی هەستکردن بەکەمی هێندە گەورەیە خواش دووچاری سەریەشەو شەکەتی دەکەن.

لەگەڵ ئەوەشدا کەبەهرەمەند بووم بەبینین، لەقوڵایی دڵەوە ئاواتەخوازبووم کەسێک هێندە خاوەن کەرامەت بێت بتوانێت من ببـینێت، کەمێک گوێم بۆشل بکات ودوو ووشەم لەگەڵدا بدوێت.. کەسێک هەبێت لەسەر زەمین نەک لەئاسمانەوە دابەزێت، بتوانێت ببێت بە هاوسۆزو هاوگیان وهاوغەم.

چونکە سروشتی مـرۆڤی ڕەسەن وەها خوڵقاوە کە کەماڵی خۆی لەسەرلەقاندنی کەسانی تردا دەبینێت..

هیوادار بووم کەسێک بێت بەمیوانیم، خواخوام بوو کەسێک وەڵامی خەندەیەکم ڕاستگۆیانە بداتەوە تا دەست وبرد مۆمێک لەکەنیسەکەیدا یان لەپەرستگاکەیدا دابگیرسێنم.

ئەوانەی کە دەمناسین هێندە گومڕاو نەخۆش بوون کە بەگومانیـیان فویان دەکرد بە مۆمە داگیرساوەکانی پەرستگامدا! دراوسێکانم کە هەمیشە بە شەرم وبەڕێزەوە حورمەتی خوشک و برام لێدەگرتن قینیـان نیشان دەدام، بەئاشکرا بوختان وجاسووسیان دەکرد بەسەرمەوە، کەوتبوونە چپەچپ ولەڕوخساری پڕکینەیاندا دەمبینی قێز لەمنی بێگانە دەکەنەوە، لێم دەترسن، نەخۆش دەکەون بە تەماشاو هەڵس وکەوتم.. ترس لەبێگانە مـرۆڤ ودێـوپەرستەکانی دورگەو وڵاتی بەفرو هەستکردن بەکەمیی وەها زەلیل وشەکەت کردووە، پیاو هەرچییەک بکات ناتوانێت لەکینەو گومانی ئەوان دەربازبێت.. ئەوان میللەتێکن سنوور بۆ خێرخوازی دادەنێن، گومان لەجوانیی خێر دەکەن، لە هونەرو جوانی دەترسن، کەچی ئایینی سەگ و پشیلەیان لاپەسەندە، باوەڕی هیتلەر زیندو دەکەنەوە، وادەزانن ناهەقییان کردووە ئەویان تواندۆتەوە، دەیانەوێت نازییەت بکەن بە ئایینی داهاتوویان وخێوە پیرو تڕکەنەکانیـان زۆر بێمێشکانە باوەڕی نازی دەچێنن ودەڵێن گوایە هیتلەر پەیامی هونەری پێبووە!

هێشتا نازانن کە هونەر ڕوو لەشەڕناکات، هونەر جیـهان داگیر ناکات، مـرۆڤایەتی قڕناکات، کەلتوورەکان ناشێوێنێت.. هونەر ژیانەوەی باوەڕو ئایین وجوانییە.. هونەر هەستی خۆشەویستییە لەنێوان میللەتاندا.

ئەوان سەگێک لەخواولە پێـغەمـبەرو لە باوان پیـرۆزترە لایان!

ئەوان ڕێگەیان نەدام وەک هونەرمەند هەست بەوە بکەم کە جیـهان موڵکی منیشە و بۆم هەیە لەهەر وڵاتێک بژیم هەست بکەم کە هونەرەکەم موڵکی ئەوێیەو نامۆ نیم بەکەلتوورەکان، چونکە وەک هونەرمەند خۆم بەزایندەو داهێنەرو پێشخەری کەلتوور دەزانی.. کەچی ئەوان، ڕۆژی سەدجار هەستیان دەشکاندم، سەدجار ڕقیان نیشان دەدام وبەتەماشاکانیـان تڕۆیان دەکردم، شاربەدەریان دەکردم وقاویان دەنام!

بۆیە ژوورەکەم نامگرێتە خۆی.. ژیان تەنگم پێهەڵدەچنێت، نازانم بۆکوێ سەری خۆم هەڵبگرم، چونکە جیـهان لەژێر دەستی دێـوەکاندا دزێو بووە! ماناکان کەرامەتیان نەماوە، مـرۆڤ بێئەدەب بووە لە خودپەرستی ورەگەزپەرستی ودێـوپەرستی وترس پەرستیدا!

بەزەییم بە عەشقی خۆمدا دێتەوە، چونکە هێندە تەنهاو نامۆم لەم غەریبییەدا هەست دەکەم واخەریکە دڵم شەق دەبات. دڵم دەگوشرێت، بەزەییم بەومنداڵانەدا دێتەوە کەباڵ هەڵکەنراو وهەڵکڕوزاو دێن ودەچن، بەزەییم بەو لاوانەدا دێتەوە کە لەتاو سەرلێشێوان وتێکەڵ و پێکەڵ بوونی شەڕوخێر خۆیان دەکوژن،

باوەڕ بە حەماقەتی فەلسەفەی ئایینەکان ناکەن کاتێک کە دەبیستن موسوڵمانەکان منداڵ بەحەوادا دەتەقێنێتەوە.

کە دەبینن بەناوی خواوە چەقۆ دەخەنە سەر ملی بێتاوان وسەری دەبڕن.. کە دەبینن مێژوی باوەڕی مەسیحییەت پڕە لەکۆیلە وئافرەتی سووتاوو پەنجا ملیۆن قوربانی  ئایین و دەیان ملیۆن قوربانیی دووجەنگی جیـهانی و دەیان ملیۆن مـرۆڤ بەکوشت دان! بەزەییم بەو ئافرەتانەدادێتەوە کە تاکوتەنهان ولەتاو نەبوونی دڵنیایی وترس سەگ دەپەرستن، شێت دەبن، خۆیان دەرمانخوارد دەکەن، منداڵەکانی خۆیان دەکوژن. بەزەییم بەو کوردانەدا دێتەوە کە پشتیان کردۆتە باوەڕی زەردەشت و تەسلیمی شمشێرو ڕق و کینەی ئایینی دێوەکانی بیابانن کە سەری ملیۆنەهایان بڕی و هێشتا لە سەربڕین و زمان و دەستبڕین تێر نەبوون!
بەزەییم بەخواوەندی تاکوتەنیادا دێتەوە کە ناوێرێت خۆی نیشانی کەسێک بدات! خوایەک کەتاوانبار کراوە بەوەی گوایە ئەو ئەهریـمەن وشەڕی دووچاری ژیان کردووە، گوایە ئەو ئێمەی بۆسزاو تاقیکردنەوە دروست کردووە! نازانم چەند هەزار ساڵی تر خواوەند گێلەکانمان تاقی دەکاتەوە و دێوەکانمان دڕۆزنتر و بێ ئابڕوو تر دەپارێزێت!؟ نازانم خوا چیی دەست دەکەوێت لە تاقیکردنەوەی ئێمە!
بەزەییم بەعەشقێکدا دێتەوە کە سەرگەردان بووە لەگومانی ئەوانی تردا.. هەست دەکەم عەشق دڵی لێکەوتووەیان دڵی لەجێ چووە، یان دەشێت عەشق هەستی لەبارچوبێت، چونکە کە پیاو لەدەرەوەی کەنیسەدا لەعەشق دەدوێت، لەخۆیەوە قەبارەی بچوک دەبێتەوە، وەک منداڵێکی وڕکن ولاسار سەیردەکرێت.. بەگومانێکی نەخۆشانەوە سەیر دەکرێت، بێئەوەی کەس بوێرێت بە عاشق پێبکەنێت، عاشق خۆی بەخۆی پێدەکەنێت!
لەگەڵ دابەزینی گیانەکاندا من بەبێداری وبەنوستوویی وبەخەیاڵ وزیدەخەویش لەناو پەنجەرەی ماڵەکەمدا چەقیبووم.. کاتێکیش بەمەجبووری بۆهەرجێگەیەک دەچووم، هەیکەلێکی خەیاڵیی چێوەی پەنجەرەی ژوورەکەمم لەدەوری خۆم دەبینی،هەستم دەکرد پەنجەرەی ژوورەکەم بەمندا نووساوە، هەستم دەکرد ژوورەکەم لەمندا ڕواوە! هەستم دەکرد لەهەرکوێیەک بم هێشتا لەژوورەکەمدام وهێشتا تەنهام!

پێـغەمـبەرەکان، گیانەکان ئاسمانیـان پڕکردبوو لەنوور.. وادەردەکەوت شتێک دەوری ئەوانی دابێت.. پێدەچوو ئەوان لەتاوی تەنافەکان وقۆزاخەی جاڵـجاڵـۆکەی پیـرۆزو سپیدا هاتبنە دەر! پێدەچوو چنرابن! یان سەرلەنوێ دروست کرابن یاخوود ڕێسراو وتەون کرابن! دەتگوت هیچ ئاگاداری ئەو هەموو ستەمەی سەر زەوی نیین! شاداب وخۆش مەشرەب بوون.. نوور لە ڕوخساریان دەباری.
دەتگووت ئەوان بەشتێک لە ڕاستییەکی تر دڵنیـیان، پێدەچوو هەواڵەکانی جیـهان بە هەڵە لەچاپخانەکانی ئاسماندا تۆمار کرابێت، پێدەچوو هەواڵ وڕۆژنامە ونووسراوەکان بەدەستی فریشـتەی نەخوێندەواروو، بەقەڵەمی فریشـتەی گێل تۆمار کرابێت لەئاسمان!
یان دەشیا بابەتە زەمینییەکان خەندە هێنەرو گاڵتە خرۆشێن بن بۆ ئەوان! تووڕەیی با-یان نەدەبینی! گەردەلوولی تووڕەو شێت بوونی کڵپەو خرۆشانی زەریاکانیـیان نەدەبینی، ئاگایان لە زەمیین نەبوو، وەک ئەوەی حەبی پێکەنینیـان قووت دابێت!

درەنگ بۆم دەرکەوت کە ئەوان لەتاو سەرهەڵدانی پیـرۆزترین مـرۆڤ، لەخۆشیی هاتن وبینینی مـرۆڤی بێـوڵات شاگەشکە بوبوون.. چونکە کەرامەتی مـرۆڤی بێـوڵات کەرامەتی زاتێک بوو کە خواوەندی بەچاوانی هەست دیبوو!
لەناو مـرۆڤەکان وفریشـتەکان وجندۆکەکان ودێـوەکان وئەهریـمەنەکان وئەولیاو پێـغەمـبەرەکاندا تەنهاو تەنها ئەو توانیبووی خواوەند = جاڵـجاڵـۆکەی پیـرۆز بـبـینێت.. چونکە هەواڵەکانی ئەم دواییەی ئاسمان بەوانی فەرمووبوو کە گوایە: مـرۆڤی بێـوڵات دەڵێت خواوەند لە تەنهاییدا زۆرە.. گیانی پێـغەمـبەرەکان بە ئاگا نەبوون لەوەی کە جاڵـجاڵـۆکە خواوەندی تاک وتەنهایە.

خواکـان لەتەنافەکانی مندا نێچیری منن، ئاهوڕامازدا تیشکی پەخشانی فەنتازیای منە.. من خودو گیان وڕێسی بوونەوەرم! ڕاستە خواوەندی ئـێوە یەکتایە، بەڵام لەزۆربووندایە بۆ ئەوەی زاووزێش بکات.. خواوەند یەکجار زۆرە!

**جاباباسی دابەزینتان بۆ تەواوبکەم، باسی دابەزینی پێـغەمـبەرەکان! ببورن بۆباسکردنی ئەوان پێویست دەکات جارێکی تر کات بووەستێت! نەء کات پاشگەز دەبێتەوە..کات هێشتا پێنجو بیستویەک چرکەیە.. کات وەستاوە!**

پێـغەمـبەرەکان بەتەنافی جاڵـجاڵـۆکەکەدا دەهاتنە خوارێ.. دەبێت خاوەن فەنتازیا بیت تابزانیت بەچی تەنزو بەچی فەننێک دادەبەزن! چونکە ئەوان هەمیشە لەکەماڵدا سروشتی جوانیی خۆیان دەچنن، من ناتوانم بەفڵچە وێنەی یەک بەیەکیان بکێشم.. چونکە زۆری پێدەچێت.. بۆیە دەشێت خۆت لەووتەکانمدا وون بکەیت تادەگەیت بە جیـهانی هونەر، ئەوسا دەتوانیت فێرببیت، ببینیت! ئەوسا خۆت پێویستت بەکەس نییە نەخشەکانت بۆ بکێشێت، خۆت دەبینیت ودەزانیت ودەبیستیت! فێر دەبیت چۆنێتیی دابەزینی پێـغەمـبەرەکان ببینیت. بە فەنتازیی خۆت فێر دەبییت جۆرەها تەنزی نوێ لە شکڵ و شێوەی مرۆڤ بخولقێنیت.
لەبەر ئەوە من سەرگەرمی شتێکی تر دەبم.. باسی دابەزین دەخەمە لاوە.. باسی هاتن دەکەم بۆتان!!
خەڵکیینە.. لەوکاتەدا کەکات وەستا، کە زەمین لەرزییەوەو زرمەی لێهەستا! کە پیـرشالیار چاوی هەڵهێنا، کە زیندانەکانی بەستەڵەک بەشەقی باکان وگەردەلوول دیواری زیندانە بەفرینەکانیـان هەڵتەکاند، ڕووخاند! لەوکاتەدا کە ڤاتیکان حەشری بەسەرهات، لەوکاتەدا کە ئیمامەکان بەحەواوە خەریک بوو تووڕدەدرانە جەهەننەمی زبڵدانی تاریکییەوە!
لەوکاتەدا کە مانگ لەنێوان زەمین وخۆردا وەستا! لەوکاتەدا کەمن لەخەودا بووم و لەگەڵ دۆعاو ئاشتی و لەیلاو توورو لیناو کۆترەکانی میوانمدا سەرقاڵ بووم. لەو کاتەدا کە کات لای من ئەبستراکتانە مت بوو بوو و هەموو شتێکم دەبینی! لەوکاتەدا کەتابـلۆکانم لە پەیامی هێنراوی منداڵە لەباربراوەکەمدا پێدەگەیی ، لەوکاتەدا کەتەماشای هەمووگەردوونەکانم دەکرد، بەدوای خوادا دەگەڕام! لەو کاتەدا کە توانایەکی سەرو ڕاستی منی ڕاپێچایە ناو جیهانی غەیبەوەو و بووم بە دوو کەرتەوە.. لەو کاتەدا کە هێلکەیەک لە ئاسمانەوە بەر بووەوەو دای بە سەرمدا و تیایدا پیرو لەقلەق و جاڵجاڵۆکەی پیرۆز درەختی زەمانیان لەسەر سەرم هەڵتۆقاند.. لەوکاتەدا کە مـرۆڤی بێـوڵات وبێـئالام تیادا بینی! بینیم مـرۆڤێک دەڕوات.. لەبەرقا! دەڕوات وشوێن پێکانی سەوز دەبوون! بینیم تۆخترین تاڵەڕەنگەکانی ئاوێزە لەسەر لەشی ئەوی درەخت شێوە

سەمایان دەکرد! وەک بەرق! بینیم کە دیوارە بەفرینەکان ڕووخان مـرۆڤی بێناوبێـئالاو بێـوڵات ئازاد بوو! من بووم بەوو شوێنەواری من لەودا پووکایەوە.

دەستێک، دەستێکی سپیی مەزن وتیشک شێوە لەناخی زەمینەوە دڕی بە بەستەڵەک داو مـرۆڤی بێـوڵاتی هەڵگرت! هەڵبەتە ئەو دەڕۆی وسێبەرەکەی لە جاڵـجاڵـۆکە دەچوو! بۆیە دەستە ڕۆشنە مەزنەکە لەپی بۆ جاڵـجاڵـۆکە ڕاخست تالەسەری بڕوات! چونکە سروشت بڕیار دەدات کە درەختی زەمان بۆکوێ دەچێت وچۆن دەژی!
بۆیە دەستی زەمین لەکەفلەکونێکدا جاڵـجاڵـۆکەو ئەوی لە دەستی خۆیدا بەوەو لووتکەی ئارارات دەبرد! چونکە ئەو هێندە مەزن بوو کەمن دەمتوانی لەدوورەوە دابەزینی یەک بەیەکی پێـغەمـبەرەکان لە درەختە تەناف شێوەکەی سەری ئەودا ببینم کە لە دابەزینیاندا بۆ سەر چیای ئارارات ئەنجامیان دەدا.. ئەوانم لە لق وچڵی سەری ئەودا دەبینی! کاتێک دەستی سروشت ئەوی بەرەو نزرگەی گیانی حەزرەتی نـوح برد! هێـندەی یەک و دوو بکەیت..نـوح گەییە لووتکەی ئاگرین= ئارارات. کاتێک گەیشت؛ دانیشت.. لەو کاتەدا نییو دەقە تێپەڕییبوو لە یادی بوونەوەر.. یان کات گەڕابووەوە سەر پێنج و بیستوویەک خوولەکی سەر لە بەیانی. نوح ئازاد بوو، بە گەڕانەوە بۆ نیشتیمانی یەکەمی، بۆ هەمان جێگە کە تیایدا مام خدر ئەوی تیا دۆزییەوە. کات گەڕایەوە، من سەرم نەدەسووڕما. دەمزانی کە لە بیردا یان لە جیهانی خەونا هیچ شتێک مەحاڵ نییەو وویست دەتوانێت بە کەفلەکوونێک بوونەوەرێک درووست بکات. کاتێک کە دەستی چارەنووس بە وویسستێکی کەونی من و حەزرەتی نوح-ی گەیاندە سەر ترۆپکی چیای ئارارات..
ئاتمۆسفاری دەورووبەرو ئاسمان دیمەنیان گۆڕا.. پێغەمبەرەکان گەیشتبوون.. گیانلەبەران و پەلەوەرانی هەموو جیهان لە دەوری تەوژمی نوورێکی ڕەنگیین، لە دەوری سەری ئەو سووڕیان دەخوارد!

لەسەر ترۆپکی ئارارات دانیشت! وەک پادشایەکی سپی پۆش! وەک مـرۆڤێکی ڕەنگین.. وەک دانیشتنی حەزرەتی نـوح.. دانیشت تیشک سەمای دەکرد لەدەوری.. ئاسمانەکان لەسەری ئەودا دەبینران، ئەو هەیبەت وکەرامەتێکی بێ وێنە بوو.. مێرولەکان تیی ووروکابوون.. زۆر سەیر بوو لەلام! هاتنی مێرولەکان.. ئەوان وەک تەنافێکی ئەستووری سپی سپی سپی ڕێچکەکانی ئاسمان و زەمینیان پڕ کردبوو لە ڕۆشنایی؛ئەویان پڕ کردبوو.. کاکێشان لە گەردی هاتنی ئەو پڕ بوو بوو لە مێرولەی سپی.. چونکە گیانی ئەو لە هەمیشەییەوە هاتەوە بۆ سەر زەوی.. مێرولەکان ئەویان هێنایەوە.. توومەس دەستی سپی کە لەناو جەرگەی سروشتەوە دەرپەڕی، لەشکری مێرولەکان بوون.. مێرولە باڵدارە سپی یەکان. ئەو فریشتانەی کە کاریان چنیینی تووخمەکانە لە بۆشاییدا.. ئەوان ڕەگەزی باکان، هەستی ئاسمانەکان، دەنگی فریشـتەکان دەبیستن.. بۆیە حەزرەتی نـوح پڕ دەکەن لە نووری کەرامەتیان.
نـوح لەچاوتروکانێکدا گەڕایەوە بۆ سەرەتا.. خۆی لەمندا بینییەوە؛ چونکە مێرولەکان تەنها هاوڕێی منن.. ئەوان زۆر زانستم فێر دەکەن. گشتیان پێکەوە کۆراڵێکی مەزنیان بۆ هاتنەوەو گەڕانەوەی نوح و پێغەمبەرەکان گێڕا.. کۆراڵی ئامیین دڕی بە تاریکی دەدا.. دێوەکان ووشک دەبوون.. فڕۆکە جەنگییەکان هەڵدەپروان.. دێو پەرستەکان ووشک دەبوون لە جێی خۆیان.. جیهان ئاسوودەیی پێ دەگەیی، چونکە هاتنی خێر مژدەی بوونەوەرە. ئەو کاتە شەڕەکان خۆیان خۆیان قڕ دەکرد؛ بۆیە پێغەمبەرەکان بێبەرین لەشەڕی ئێمە و دەربەست نەدەهاتن.

بەڵام لە لایەکی دییەوە؛ بەهارێکی خۆش دەست بەسەر سروشتدا دەگرێ و سروشت خۆی هەمەڕەنگ دەنوێنێت.. ئاسمان ڕۆشنتر لەزەوی لەسەری ئەودا برسک و باکی دەهات.. باڵندەکان بە ئاوازی خۆیان هاوبەشی کۆراڵی ئامیین بوون.

نـوح نورێکی ڕۆشن بوو.. دڕی بە تاریکاییەکانی دەوری ئارارات دا و دانیشت.. چوارمشقی دانیشت ڕوو لە ئاسمان.. هێندە گەورە بوو؛ هەموو پێـغەمـبەرەکان و فریشـتەو گیانەکان وەک تەزوو لە دەوری سەری دەگەڕان.. وەک هالەی گەورە، کە دێـوەکان وایان دەزانی ئوفۆیە= صحن طائرـ بەڵام ئۆفۆ هالەیەکی تیشکدارە؛ هەر چەند سەد ساڵێک چەند جارێک دادەبەزن.. لەم دواییەیەدا زوو زوو دەهاتن و دێن.. ئاسمان بوو بە دوو کەرتەوە لایەک تاریک لاکەی تری ڕۆشن.

ئارارات بچووک دیار بوو کاتێک کە ئەو گەیشتە سەر ترۆپک! پیـرشالیار لە شێوەی حەزرەتی بووددا لەگۆڕەپانی پێش ئەودا کە پێدەچوو باوەشی بێت، لەدۆخی نوێژ کردن ومت بووندا ڕەنگی دایەوەو بەخێر هاتنی بێـوڵاتی کرد.
تەماشا.. تەماشا.. حەزرەتی نوح بە چاو لەسەر یەک دانانی هێمن و بە چاوهەڵهێنانی هێمن.. بە ئاوڕ دانەوەی ئەملاولای خۆی سڵاوی نیشانی هەموو گیانە پیرۆزەکان دا.. بێدەنگییەک، دوان سیان.. پاشان فەرمووی: **ئێرە پەرستگای منە. ئارارات باوکی منە، شکۆی منە.. خۆشحاڵم بە هاتنتان بۆ سەر ترۆپکی پیرۆزی ئارارات..** ئێوە گشتتان؛ گشتمان لێرەوە ژیانمان نوێ کردەوەو مرۆڤایەتیمان ژیانەوە. ئێرە پەرستگای مرۆڤی ڕەسەنە. ئێرە دەست و دڵ و چاوو ژیان و گیانی منە. ئێرە پایتەختی زاگرۆس و مەملەکەتی گۆدە. گۆد لێرە لەدایک بوو. ئەو منی لێرەوە گەیاندەوە بە ئێوە. بەخێر بێن بۆ مەملەکەتی شکۆی خواکان. ئێرە ماڵ و لانە و شوێنگەی پێغەمبەران و باڵندەو گیانلەبەرانە. لێرە جارێکی تر کەشتییەکی تر بنیات دەنێین. دەیکەین بەماڵی جیهان. بە پەرستگای مرۆڤی مەزن، بە زانستگای ژیان. لێرەوە فێر دەبیین، هاوجیهانی دەبیین، هاوگیان و هاوباوەڕو هاو ئامانج. ئێرە ئارامگای منە. من لێرەدا بە هەمیشەیی گەیشتووم و لێرەشەوە بڕەو بە ژانی گیانیم دەدەم. من گیانی لووتکەکانی جود و گیانی گۆدەم. ئێرە پەرستگای ئاشتی خوازانی جیهانە. زاگرۆسی‌یەکان لانەی هاوسۆزی و هاوگیانیی بە جیهانی بوونی نەوەکانی داهاتوومانە. زاگرۆس میللەتێکی بێخەوشەو مافی هیچ گەلێکی پێشێل نەکردووەو کەلتووری هیچ گەلێکی نەشێواندووە. لێرە بەدواوە ئەی مرۆڤە پیرۆزەکان، ئەی ئاشتی پەروەرانی جیهان، لێرە بەدواوە من بێ وڵات و بێ ئاڵاو بێ ناو نییم. من حەزرەتی نوح-م باوکی هەموو پێغەمبەرەکان. من ئێرە دەکەم بە نیشتیمانی خۆم. ئێرە پەرستگاو ئارامگای منە. جا با گێتی بزانن کەمن بێوڵات و بێ زمان و بێ ئاڵاو بێ باوەڕ و بێ ئایین نییم. من نوح-م.

لەوکاتەدا کە نـوح خۆی ناساند.. لەبغوربێکی داگیرساودا هەموو ترۆپکەکانی ئارارات بوو بەکەشتییەکی مەزن.. گشت گیانە دابەزێنراوەکان، گیانی هەموو لێقەوماوانی جیـهان، گیانی هەمو دایکان مارياو مەسیحەکان لەناوکەشتیی نـوح- دا دەبینران، گشتیان خۆیان دەبینی..گشتیان چەپڵەی شادییان دەتەقاند. گشتیان خەندەی مەسیح و مارياِيان لەسەر لێو نەخشاند.

پاشان، حەزرەتی بوودا لەتۆپێکی شووشەییدا لە ئاسمانی ژوور سەری نوح دەرپەڕی.. لە قاڵبێکی شووشەیی خڕۆک شێوەدا.. لەبەر دەم مـرۆڤیی ئەودا لە دۆخی ڕێزنیشانداندا ڕاوەستا.

پاش سڵاو دانەوەی بوودا، نوح بەبوودای فەرموو: کوڕم چۆنیت؟ چی لەغەیبا فێر بوویت؟

بوودا بەشەرمەوە فەرمووی: سڵاو لە پایەداریی مـرۆڤ.. فێربووم لەغەیبا پەیوەندی بەمـرۆڤەوە بکەم! فێربووم گوێ لەمـرۆڤ بگرم وتێکەڵیان ببم! فێر بووم هەمیشە تەنها نەبم. نوێژ لەگەڵ هاوسەرەکەمدا بکەم. هەروەها شەڕ و خێر ئامانجی ژیان نییە. لە هەمیشەییدا شەڕ بوونی نییە. تەنها مرۆڤی خێرمەندو کردەوەکان و خەونەکان پایەدارن.

نوح فەرمووی: ئافەرین کوڕم، شاباش؛ ئەوەی کە فێری بوویت کەم نـیـیە.. ئینجا باباوکی خۆت فێری وانەیەکی ترت بکات.. وانەی ماچ! ماچ لە قووڵایی دڵەوە مـرۆڤ داهێنەرو باوەڕ خواز دەکات.. هەر ماچێک کە مـرۆڤ ماچی کەسێکی تری پێدەکات، دڵێک پێشکەش بەوی تر دەکات. برۆفیری تەماشای ماچ بە لەهەوادا بەتەماشا نەخشاندن ببینە. چونکە پێدەچێت هێشتا لە عیشق تێنەگەیشتبیت!

کاتێک وەهای فەرموو لە هەوای ئازاددا دووماچ! دوو لێو وەک پەردەیەکی مەزنی سینەما بینرا! مێرولە سپی یەکان ئەو تابلۆیەیان نیشان دا.. هەموو پێـغەمـبەرەکان سەرمەستی تەماشا بوون! لەنەخشی نێوان گەیشتنی دووماچی لێواندا بە یەکتری، بینیـیان لە نێوان بەیەک گەیشتنی دوو لێودا، شکڵێک دروست دەبێت! کەکووت و مت لە دڵ دەچێت.. چونکە لەڕاستیدا مـرۆڤ زۆر دڵی هەیە، یەکێک لەدڵەکان دەکەوێتە ناوەڕاستی لێوەوە.. لێوی هەرمـرۆڤێک!

لەسەر ئەو دڵە خانەیەک هەیە تاریکە.. دەبێت بە گەردبین سەیری بکەیت، دەبینیت، پاشان دەبێت بەدەرزیی ئاکاپەنکتوور دەرزی لەوخانە تاریکە بدەیت.. تا مـرۆڤ فێری لێبووردن بێت.. فێربوویت کوڕم؟ بوودا فەرمووی بەڵێ. حەزرەتی نـوح.

فەرمووی: لەبیرت نەچـێت، دابڕان لەوانی تر ناتگەیەنێت بە نیرڤانا. و مەرگیش هەموو مرۆڤێک ڕزگار ناکاو نایگەیەنێت بە نەجات.

دوای سەرلەقاندن، لەتۆپەکەی خۆیدا؛ بوودا گەڕایەوە ناو هەمیشەیی. وەک تەزوویەکی تیژڕەو لە ناو درەختی زەماندا؛ لەسەری حەزرەتی نوح-دا دیار نەما!

پاش کەمێک بێدەنگی..حەزرەتی ئادەم هات، نوح یەک تکە خوێن لەچاوی دەرپەڕی.. تکە خوێنەکە وەک فەرشێکی جوانی لەمرواری دروست بوو.. لەبەردەمی حەزرەتی ئادەمدا ڕاخرا! حەزرەتی ئادەمیش دووڕەگەز بوو، ڕاستە ئادەم دایە حەوای لەلای چەپی خۆیدا لەباوەش بوو.. پێدەچو حەوا گەڕابێتەوە ناو ئادەم، یان ئادەم بووبێتەوە بەدایە حەوا، چونکە زۆر لەیەکتری دەچوون! هێندە جوان بوون نەبێتەوە؛ پێـغەمـبەرەکان گشتیان لە حەسرەتی تەماشادا لەخۆوە ڕابوون؛ گشتیان فرمێسکی شادوومانییان دە پرواند..

حەزرەتی نوح فەرمووی: پێم خۆشە کە یەکتان گرتۆتەوە، بەخێربێن بۆنزرگەی مـرۆڤ.. فەرموون هەرچییەکتان هەیە بیگەیەنن بەمن. ئێوە دایک و باوکی ئێمەن. نوح بۆ ئەوان چووە سەر چۆک.

حەزرەتی حەوا فەرمووی بائادەم بدوێت، ئادەم فەرمووی فەرموو حەواگیان، حەوافەرمووی: یەکبوون

کاتێک لەنێوان دوومـرۆڤدا بەدی دێت کە هەردووکیان بتوانن سنوورەکانی درۆ بشکێنن ولەڕاستگۆییدا دڵنیابن. یەکبوون پلەی دووەمی غەیب بەمـرۆڤ ئاشنا دەکات..یەکبوونی نێوان دووڕەگەز مـرۆڤایەتی دەگەیەنێت بەکەماڵی دووەم، غەیبی دووەم. تەنها بەیەکبوونی گیانەکان دەتوانین پەی بەگیانی بوونەوەر بەرین.. یەکبوونی گیانیی نێرو مێ ومـرۆڤ دەگەیەنێت بە مەزنترین کارما. دەبێت لە هەوڵی یەکبووندا بەسەر ترسەکاندا زاڵ بین. نەک بە جەخت کردنە سەر هیچ.. با بوودا بزانێت، کە جەخت کردنە سەر هیچ مێشک خاو دەکاتەوە.. کاتێک کە مێشک پێویستی بە بزواندنی زیاترە. لەوەش زیاتر، بەزەیی هاتنەوە بە یەکتریدا هەستی خواکان ڕەزامەند و پاکژ ڕادەگرێت. بەزەیی هاتنەوە بە پیر و پەککەوتەو منداڵەکانتاندا.

مێرولەکان پەیامەکانی ئەوانیان وەک پەیامەکانی بوودا تۆمار کرد و لەسەر یەکێک لەگەڵاکان نووسیان ، تاوەکوو وەک پەیام لەسەرچڵێکی درەختی ژیان لەسەری نوح-دا ئاوێزانیـان بکەن!
پاشان دووفریشـتەی هاوڕێی گیانی هابیل و هاوسەرەکەی! بەڕێزەوە ئەوانیـان بەرەو هەمیشەیی نارد! قابییل لەوێ نەبوو، چونکە ئەوەی کەسێک بەبێ گوناح دەکوژێت، لە هەمیشەییدا جێگەی نابێتەوەو سەر بە تەوەری شەڕە. شەڕیش سنوورەکانی دوورە لە سنووری خێرەوە. بۆیە قابییل-ی کوڕی ئادەم وحەوا ئامادە نەبوو لە ئاهەنگی گەڕانەوەی گیانەکان بۆ پێشوازی کردن لە نوح. بەڵام هابیل لەتەک باوانیدا ئامادە بوو.
لە دوای حەزرەتی ئادەم مـرۆڤێکی جوانی نێرەمووک بەسەربالّی کۆترێکی ئاشتی دابەزی. حەزرەتی نوح خەندەیەکی ساوایانەی نیشان داو فەرمووی: سەلام گیان چۆنی ڕۆڵەم؟ حەزرەتی سەلام فەرمووی: باشم گەورەم. فەرمووی لەغەیبا فێری چی بوویت؟ فەرمووی: گەورەم فێری ڕێزو ئاشتی.. من بە گەردووندا گەڕۆکم..گەڕۆکێکی ئازاد دەگەڕێم بەدەرونی بوونەوەردا دەبینم هەموو هەسارەکان پێکەوە هاوڕێن.. دەبینم هەموو ئەستێرەکان لەهاوڕێیەتییەکی گیانیدا بەلای یەکدا تێدەپەڕن.. کۆمەڵەی خۆرەکان زۆرن، گشتیان لە گەردووندا هاوکارو هاوڕێی یەکترین، گشتیان هاوکاری یەکترین! ئەوان کە لەیەکتری زویرنابن.. گەر وەک مـرۆڤ دووچاری ڕق ببن، دەمرن، لەناو دەچن..
سروشتیان تێکدەچێت. بۆیە مـرۆڤایەتی لەم باسە بێئاگایە؛ نازانێت کە مـرۆڤایەتی ومـرۆڤەکان وەکوو سووڕی هەسارەکان دەبێت لەپەیوەندییەکی ڕاستگۆیانەدا بن! دەبێت هاوڕاوهاوکاربن! دەنا ناتوانن بەڕێگەکانی کەماڵدا گەشتیار بن.

فەرمووی: پەیامەکانت گەیشت.. لەسەر پەڕەی گەڵایەک ؛ مێرولەکان ووتەکانی حەزرەتی سەلام-یان تۆمارکرد. نووسییان: مـرۆڤ بە هاوکاری وهاوگیانی وهاورێیەتی دەتوانێت بەکەماڵ بگات.
نـوح بەتەماشایەکی ڕێزەوە سەری بۆ حەزرەتی سەلام دانەواند.. ئەویش چووەوە سەربالّی کۆترەکەی.. لەتەزوویەکی سەری درەختی زەماندا، واتە لەناوسەری حەزرەتی نوح-دا لەتەزوویەکدا وون بوو.( هەموو پێـغەمـبەرو مەخلوقاتەکان لە ناوسەری حەزرەتی نـوح ـدا وەک تیشکی ئەلەکترۆنی دەبینران!)

بەدوای ئەواندا حەزرەتی ئیدریس هات: بۆنی بغوردی گوڵ وبۆنی گەنم لەدەمی دەهات.. هێشویەک ترێی بەگەڵاوە لەسەر سەربوو.. لەسەر ئەسپێکی بەڵەکی ڕەش وسپی دانیشتبوو.. ئەسپەکە سەمای سڵاوکردنی

نیشان دەدا.. نوح فەرمووی: ئەوە تۆی؟ ئای چەند لەمێژە بیرت دەکەم؟ ئای چەند جوانی! فەرموو پەیامەکانت بۆ پێغەمبەران داڕێژە.

ئیدریس فەرمووی: بامـرۆڤایەتی دەست لەئازاردانی یەکتری هەڵبگرن.. با فێری کەرامەتی کارکردن وزەربیەدان و ڕەزامەندێتی ببن! با مـرۆڤەکان بتوانن پێکەوە ڕاستگۆ بن، تابتوانن پێکەوە هەڵکەن.. ئازاری گیاندارەکان مەدەن واز لەسەگ پەرستی بهێنن..بەیەککگرتنی هەموو وڵاتەکان مـرۆڤ دەتوانێت بگات بە پلەی سێیەمی غەیب..دەبێت گەلان لەناویەکدا فێری پشودان بن.. چاکەی کردەوەکانی خۆتان بپەرستن.. کردەوەکانـتان پەرستگاکانتانە.. خۆتان پاکژ ڕاگرن. خۆتان دەمرن، بەڵام کردەوەکانـتان بەر لەخۆتان زینـدوو دەبنەوە. کردەوە وگیان و خەونەکان نامرن. پەرستگاکانتان بکەن بە فێرگە وماڵی هونەرمەندان؛ چونکە خواوەند هونەرمەندە.. چونکە فەنتازی هێشتا دەستی کورتە.

مێرولەکان ووتەکانی ئەویان تۆمارکرد.. بەدەستووری ئەوانی تر حەزرەتی ئیدریس-یان بەڕێ کرد..پاشان حەزرەتی نوح  هەستایە سەرپێ.. لەدۆخێکی چاو لێکناندا وەک ئەوەی تەماشای هەموو بوونەوەر بکات لەسەری خۆیدا.. پاش هەناسەیەک بێدەنگی فەرمووی: من باوکی هەمووتانم.. من نـوح-م.. بەخێرهاتن سەرسەری باوان.. ئەمرۆ ڕۆژی ئاهەنگی نەورۆزە.. ڕۆژی لەدایکبوونی بوونەوەر! ئەمڕۆ ڕۆژێکی پیـرۆزە کەچی نیشتیمانی باوکتان داگیرکراوە! بەڵام هاتنی ئـێوە دڕی بەدێـوە تاریکەکان دا! هاتنتان ئابڕووی ئاراراتی ڕۆشن کردەوە.. پەیامەکانتان بۆدواهەمین جار دووپات بکەنەوە.. چونکە زەمین بەدێـوی بەدکاری داگیرکراوە، سەرزەمینی باوکتان جەندرمەی تورک دەوری داوە. پەیام و ووتەکانتان دیارییە بۆ مـرۆڤە زاگرۆسییەکان، بۆ نەوەکانی گۆدۆ.
نـوح برەوی بە ئاخاوتن داو فەرمووی: ئەگەر بوونەوەر تووڕە بێت.. ئەوا بتەکان ژیان ستۆک دەکەن، وەک چۆن قومارچییەک کارتەکان ستۆک دەکات، ئاوەها گەردوون ژیان تێک دەدات ودەتوانێت نەزمی ژیان تێکبدات یان وەهای تێک بدات کە بەجۆرێکی تر ژیان داڕێژێتەوە!
بۆیە مـرۆڤایەتی هێشتا نازانن کە هارمۆنی بوون، نەزم دەدات بە کارتەکان.. زانا کەسێکە لەنێوان مـرۆڤەکاندا بتوانێت پەیامەکانی هاڕمۆنی دابدات، وێنەیان بکات.. دایبهێنێت.. مـرۆڤ لەوێدا بەکامەرانی دەگات کە هەست بەیەکبوونی گیانی بکات لەگەڵ هەموو گیانلەبەرێکدا! لەگەڵ هەموو ڕەگەزێکدا.. لەگەڵ خۆیدا.. لەگشتدا یەکبوون چنگ بخات.
یەکبوون بەسروشت وگیان، بە گشت لەیەکەی بووندا. گیان تەنها بەوە ئازاد دەبێت مـرۆڤ بە عیشقەوە لە بوونەوەر بڕوانێت.. مـرۆڤ کاتێک پەیامی مەرگی پێگەیی کە درۆی کرد، کەفێری درۆکان بوو! من لەسەرەمەرگا ئەم زانستەم پێگەیی دەنا نەمر دەبووم.. بۆیە من لەگشت ئەوانەی پاش خۆم زیاتر ژیام..
بەنەوەی خۆمم فەرموو: ئەگەر دەتانەوێت نەمربن.. درۆ لەگەڵ یەکتریدا مەکەن.. چونکە درۆ هەم نەخۆشی وهەم پیری وهەم مەرگ دەهێنێت بەدیاری.. مـرۆڤ نابێت لەدرۆزنیی خۆی خۆش بێت.. درۆیەک ئەگەر پەشیمانیی لەدوانەبوو.. دەبێت مـرۆڤ سزای خۆی بدات.. دەنا هەرگیز درۆزن بەهەمیشەیی ناگات.
گشتیان پێکەوە فەرموویان: ئامین.

دوای مت بوونی تێفکرینی گشتیان.. حەزرەتی هوود هات..هود لەدۆخێکی پڕلەڕێزدا سەری بۆ نــوح دانەواند.. نــوح سڵاوی دایەوە وفەرمووی بەخێر بێیت بۆسەرنزرگەی باوان؟ هوود فەرمووی: سووپاسی گیانی پیــرۆز..پاشان فەرمووی: بێباوەڕی مــرۆڤ لەناو دەبات.. باوەڕهێنان بە شکۆی ژیان، باوەڕهێنان بەمانا جوانەکان مــرۆڤ دەگەیەنێت بە پلەکانی کەماڵ.. مــرۆڤ تەنها لەباوەڕدا جوان و مەزن وپیــرۆز دەبێت.. دەبێت مــرۆڤایەتی فێر بن.. ڕێز لە جوانی بگرن.. هونەر پیشەبن تا بتوانن هەرخوایەک بۆ جوانیی باوەڕەکانیــان بنەخشێنن. ڕێگە مەدەن مرۆڤ بێ فێرگەو بێ کار و تەنها بێت. چونکە بەوانە دێو لە دەروونییدا گۆش دەبێت. لە هەستی تەنهاییدا بوونەوەر دەوەستێت. گەشە کردنی بیر کەچ دەبێت. هەست کەڕوو دەکات. مرۆڤ ناتواناو لاواز دەبێت. بە شێواندنی داب و ئاکاری کۆمەڵایەتی وئازادیی مرۆڤ. مرۆڤایەتی لەناو دەچێت. مرۆڤ کاتێک بەرەو نەمان دەچێت کە خۆی کەمبەها مامەڵە بکات و ببێتە کۆیلەی هەوەسی ئەوانی تر.

مێرولەکان ووتەکانی ئەویشیان تۆمارکرد، بەدوایدا سەرەی پەندو ئامۆژگاریی حەزرەتی سالح هات.. دوای نیشاندانی ڕێز بروسکەیەک لە ئاسمانی سەری نوح هەستا، سالح لەوبروسکەیەدا دوا.. فەرمووی: سروشت دەتوانێت بە هەورەکان بڵێت، تووڕە بن، ئەوسا هەورەکان تووڕە دەبن.. ئەگەر هەورەکان تووڕەبن لەکردەوەکانی مــرۆڤ.. شێت دەبن، ئەوسا بەدکارەکان کە بەکردەوەکانیــان بوون بەدێــو؛ بەرگەی ترسی تووڕەبوونی هەورەکان ناگرن، چونکە هەورە تریشقەکان دەتوانن بەکەفلەکونێک، هەموو شارەکان ئاوەژوو بکەنەوە.. دەتوانن مــرۆڤەکان لەناوبەرن.
نوح فەرمووی: هەورەتریشقەکان تەزووی تەنافێکن کە فریشــتەکان ڕابەرییان دەکەن، هەورە تریشقەکان خۆیان گیانی نێرینەو مێیینەن، کە بەر یەکتری دەکەون، موچرکەی تیشکی ئاگر دروست دەکەن. جەمسەرە گیانییەکان ووزەی گیانی بەدی دێنن؛ کاتێک کە بەیەکتری دەگەن.
هەورەکان جاڵــجاڵــۆکەیەکی گیان تەمینن، هەناسەی گیانی زەمینن، تۆپەڵە تەنافی ماندوون، گشتتان دەیانبینن! کەچی کەس سڵ لەکەرامەتی هەورەکان ناکاتەوە!
بۆچی بە مــرۆڤەکانت نەفەرموو کە دەسەڵاتی خواکــان لەسەر هەسارەکان زۆرن؟ بۆچی باسی تەنها یەک خواوەندت بۆ مــرۆڤەکان کرد؟
سالح فەرمووی: چونکە ئەوان باوەڕیان بەیەک بت هەبوو.. کەسیان دوو بتی نەدەپەرست.. دەمزانی تێناگەن لەزۆربوونی خواکــان.. چونکە ئەوان حیجابیان لە ڕووی خۆیان دەبەست، گوێی خۆیان دەگرت کاتێک کە من باسی خواکــانم بۆ ئەوان دەکرد. مــرۆڤ ئازادە لەپەرستن.. کاتی ئەوە هاتووە ئازاد بن، تائەوکاتەی لەجوانــیدا ئۆقرە بگرن، ئازادن چی دەپەرستن.. چونکە جوانی جەوهەری خوایە.. لە جوانــیدا خوا زۆر دەبێت، دابەش دەبێت. گرنگ ئەوە نییە کە مرۆڤ چی جۆرە خوایەک و چەند جۆر خواوەند دەپەرستێت . گرنگ ئەوەیە کە مرۆڤ هەست بە بوونی هەبوونی خواوەند بکات و کردەوەکانی خۆی لەگەڵ هی ئەودا هەڵبسەنگێنێت. دەنا مرۆڤ ئاژەڵێکی نەزان و بەدخوو و دڕندەیە وەک دەزانیین.

کاتێک پەیامی ئەویش گەیی بە مێرولەکان .. تێفکرین.. تێگەیشتن کە تێکەڵ بوونی دوو دژە هێز.. دووبارگە زەبرێکی کارەبایی بەهێز بەدی دێنێت؛ زەبرێک کەدەتوانێت فرسەت لەهەزاران گیان بهێنێت. کۆمەڵگەکانیش بە تێکەڵ بوونی جەمسەری شەڕوخێر شیرازەکانی بەڕێوە بردنیــیان تێکدەچێت.. گیانی کۆمەڵگە وون دەبێت.. مانا دەمرێت.

حەزرەتی لوط بەگرژی ومۆنییەوە هات.. مانی گرتبوو، بێئەوەی فەرمووی لێبکرێت ڕووی کردە مەجلیسی پێـغەمـبەران وفەرمووی: من فەرمووم کە نێربازی خوو نییە، نەخۆشییە.. نەخۆشییەکی سروشتی.. بەڵام مـرۆڤ نابێت لەپێناوی خووە ناجۆرەکانی خۆیدا خۆی بەکەم بزانێت، نا.. نێربازەکان ئەگەر سنووری خۆیان بپارێزن ئازادن.. بەڵام نابێت سروشتی خۆیان بگۆڕن.. کارێکی شیاو نییە، چونکە ئەوان بۆ ئەوە دروست بوون کە ئاوەهابن.. پێویستیان بەو شەرمە نییە کە کۆمەڵگە بەدرۆ بەوانی دەدات

هەمان ڕاستە دەربارەی ئافرتی سوحاق.. بەڵام دەبێت ڕێز لە هەست و سۆزی خۆیان بگرن.. دەبێت لەشی خۆیان زەجر نەکەن، ئازاری نەدەن.. دەبێ مافی ئەوەیان هەبێت هاوسەریان هەبێت.. لەپاکژیی خۆیاندا ئابڕومەند بن.. سەرزەنشت نەکرێن.. بەڵام دەبێت زاووزێ نەکەن.. چەنکە سروشتیان بۆ ئەوە نەخولڵقاوە.. ئەگەریش ڕوویدا ڕێز لە هەڵوێستیان بگرە؛ مـرۆڤ شایانی تێگەیشتنە.. هەن لەناوماندا ڕێز لەسروشتی خۆیان ناگرن.. دەچن لەشی خۆیان پڕ دەکەن لەژەهری ئەوانی تر.. دەبێت فێر بن، ژیانی هاوسەری هەڵبژێرن، منداڵی کەسێکی تر مەدەن بەوان.. چاتر وایە ئەوان باڵندەکان بەخێو بکەن.. ببن بەدۆستی خۆیان. نێر بازەکان سروشتی پەروەردەیان ناجۆرە، دەبێت ڕۆڵی ئافرەت نەبینن کاتێک لەلەشی پیاودان.. ڕۆڵی پیاو نەبینن کاتێک لەلەشی ژندان.. گەر وەهابوون، دەبێت دوورە پەرێز بن لە گۆش کردنی منداڵ. پاشان سروشتی پیاو و داخوازیی پیاو وەک یەک نییە.. ئافرەتی پیرۆز کەسێکە کە سۆز گریمان دەکات بەسەر حەز و هەوەسدا و پیاوی خاوەن کەرامەت کەسێکە کە ڕق و خۆشەویستی تێکەڵ بە یەک نەکاو ئافرەت بکات بە زانستگای سرۆش.

مێرولەکان ووتەکانی ئەویان تۆمار کرد.. سەریان بۆ حەزرەتی لوط بادا لەدۆخی ڕەزامەندیدا.. چونکە مێرولەکان، یاوەری حەزرەتی لوط بوون، مێرولەکان داوایان لە باکان کرد.. باکان هەڵیانکرد تەختوتاراجی میللەت و نەوەی ئەویان لەبار برد، بەڵێ مێرولەکان ئەو بەسەرهاتەیان لە یاد مابوو هێشتا.. کاتێک باکان چاوی میللەتی لوط ـیان کوێرکرد!

حەزرەتی لوط تەواو نەبوو لەفەرموودەکانی، پەلەی بوو، دەیویست بە ناو درەختی زەماندا لەسەری نوح-دا بگەڕێت بەناو گەردوونی جوانـیدا وتەماشای تابـلۆکان بکات.. ئەو تابلۆیانەی تیایدا بوویەکی سەیر نیشان دەدات، کە تەماشا فێری ئەو دەکەن.. بۆیە بەر لەوەی بڕوات؛ بە مێرولەکانی فەرمووو: ئەگەر پرسیارتان هەبوو دەربارەی شازو ناشازی ڕەگەزی مـرۆڤ.. من دەتوانم وەڵامی هەر پرسیارێکتان بدەمەوە.. من دێمەوە لە هەرکاتێکی پێویستدا.. بەڵام ئێستا سەرگەرمی تەماشاکانم.. بمبوورن.

مێرولەکان سووپاسی هاتنی ئەویان کرد؛ فەرموودەکانی حەزرەتی لوط-یان تۆمارکرد.

نۆرەهاتە سەر دەرکەوتنی حەزرەتی ئیبراهیم.. ئەو بەسواری گامێشێکی ڕەنگینی لەئاگر دروستبوو، بەتەنافێکدا لەسەری درەختی زەماندا سێ جار بە تەوژمەوە سووڕی خوارد، ئینجا دەرکەوت، واتە لەسەری حەزرەتی نوح-دا.. کەهاتە پێش چاوی ئەوانی تر.. ویستی داوەری لەخۆی بکات، بۆیە لەسەر بەردێکی ڕەش دانیشت وچاوەڕوان بوو.. ئینجا نوح سڵاوی لەو کردوو فەرمووی: بەرگری لەبوختان مەکە، چونکە بەرگری کردن لەبوختان کردەوەیەکی دزێو فەرز دەکات.. مـرۆڤ هێشتا فێر نەبووە واز لەبووختانەکان بهێنێت.. هێشتا تاوانبار ئازادانە لەناومـرۆڤەکاندا بوختان دەکات.. بەچی دەتوانی مـرۆڤ لەبوختان بپارێزیت؟

ئیبراهیم فەرمووی: بەتەماشا. مـرۆڤی بوختان کەر دێوقەمورێک لەچاوانیدا دەژی، قەموردێوێکی ترسنۆک.. کاتێک کەتەماشای بوختانکەر دەکەین، قەمووردێوەکەی ناو تەماشاکانی بچوک دەبێتەوە..

کەرامەتی تەمبەڵ دەبێت.. خۆی لەناخەوە ڕووڕەش دەبینێت، چونکە دەزانـێـت جێگەی لەژیان ولەهەمیشەییدا تاریکە، لەتاریکی دەربازی نابێت. مـرۆڤی بەدکارو بەدخواز هەمیشە ڕووی خۆشە، هەموو شتێک لە پێناوی خود پەرستیدا دەکات.. خۆی بچووک دەکاتەوە.. درۆ لەگەڵ خۆیدا دەکات.
بەڵام لە دڵەوە، پیلانێک ئەنجام دەدات کە تەنها خۆی پێ ڕووڕەش دەکات.. بەدکار کەسێکە سنوور بۆ کردەوەکانی خۆی دانانێت.. وا دەزانـێـت جیـهان بۆئەو، تەنها بۆ ئەو درووست بووە.. خۆئەگەر جیـهانیشی پێبدەیت.. ئەو هێشتا زیاتری دەوێت!
ئەمە نەخۆشییەکە کە ئەورووپا لە دەستی دەناڵێت، ئەوان پێیدەڵێن:ADHD ! منداڵەکانیـان لە باوانیـانەوە بۆیان ماوەتەوە.. ئەم نەخۆشییە دەرمانی نییە! بێگومان لای بەرێزتان، شیفای هەیە. بەڵام ئەوان نایزانن!
ئەم نەخۆشییە زۆر پیسە، لەڕاستیدا نەخۆشییەکە لەخووی سەگ و پشیلەو بەرازدا خۆی لەمـرۆڤدا مەڵاس دەدات، مـرۆڤ سروشتی ڕەسەنی خۆی لەبیر دەکات.. گەر بە ووردی سەیری بکەیت، وەک بەراز دەخوات، لەبەراز دەچێت، وەک سەگ پاس دەکات، دەوەڕێت وخاوەنی خۆی دەپەرستێت و دەگەزێت و زۆر شتی تریش! مـرۆڤ لە مـرۆڤی دەخات.. خۆشیی هەموو دنیا بکەیت بە دەمییەوە، هێشتا برسیترە! هەمیشە گێژووڕە! بە کەڵکی بوون بە مـرۆڤی نایەت.. دەدڕێت، ئەحمەق و گێژو نەزان دەبێت.. سروشتی بەرەو باشتر ناگۆڕێت، تا خۆی دەکوژێت، خۆی دەخنکێنێت، خۆی بە قەڵبەیەکدا دەدا.. تەعدا دەکات، دەکوژێت، ئازاری ماڵ ومنداڵی خۆی دەدات.. هەرچییەک دەکات و دەکۆشێت، ناتوانێت کارێک بەڕاستی ئەنجام بدات! چونکە بزمارێک داناکوتێت بەڕاستی! گەر چەندجارێک چەکووش لەپەنجەکانی خۆی نەدات!
نوح فەرمووی لە هەمیشەییدا چی فێر بوویت؟ حەزرەتی ئیبراهیم فەرمووی: فێر بووم بتە شکاوەکان چاک بکەمەوە، فێربووم دەست بۆ پەرستاری گەلانی تر نەبەم، ڕێگە بدەم خەڵکی ئازاد بێت لەپەرستاریی خۆیدا.. چونکە بتەکان جێ متمانەی کەسانێک وخۆشەویستی کەسانێکن.. من، باوکم، میللەتەکانی پێش خۆمان گشمان بت پەرست بەر لەوە ئاگر پەرست بووین.. لەپێناوی هیچدا شەڕمان بەیەکری دەفرۆشت، گەڕمان بەئایینی یەکتری دەکرد.. بەڵام گەردشی هەسارەکان، باوەڕی ئەوان، فێریان کردم ڕێز لەسروشتی پەرستنی گەلان بگرم.. چونکە خوا سروشتی زۆرە.. مرۆڤ بۆی هەیە خوای خۆی وەها بسازێنێت کە باوەڕی پێی دەحەوێتەوە و کە ترسەکانی دەڕەوێتەوە. پەرستاری کارێکی جوانە. بێ باوەڕیش بەشێکە لە پەرستاری بەو مەرجەی مرۆڤ سنوورەکانی جوانی بپارێزێت. خوا زۆر لەکەس ناکات پەرستاری بن. چونکە ئەو مرۆڤایەتیی بۆ ئازادی داهێناوە نەک بۆ پەرستن و بە کۆیلەبوون.
نـوح فەرمووی ئافەرین کوڕم، فەرموو لەگەردوونی مندا تەماشای جوانیی ئایینەکان بکە. هەستی جوان، بیری جوان، گفتاری جوان ئایینێکی پیرۆزە لەخۆیدا .
مێرولەکان، ووتەکانی ئەویان تۆمارکرد، لەسەر پەڕەی گەڵایەکی سپی بە مەرەکەبی زێڕین نووسییان: بت پەرستی دێرین ترین باوەڕە و لەویش دێرینتر ئاگر و توانا سروشتی و ئاسمانییەکانە.. هەموومان شوێنەواری بتمان تیادا بەجێماوە.. بت پەرستن ئازاری هیچ کەسێکی نەداوە. دەشێت خوای بتەکانیش هەبن. گوومانی تیادا نییە کە بەردو گڵ وخۆڵ گیانیان هەیەو هەستی بوونن. ئەوان زۆر لە ئێمە دێرینترن لە بوونەوەردا، بۆیە متن، نادوێن. چونکە سروشتی خۆیان ئارام و ئاسوودە ڕاگرتووە.

پاش ئیبراهیم ئیسحاق هات.. لەدوای باوکییەوە ئیسحاق هات، سڵاوی لە بێـوڵات کردو چاوەڕوانی فرسەت وەرگرتنی ئاخاوتن بوو.. کە سڵاوی درایەوەو ڕێگەی درا فەرمووی: کەس لەژیاندا هێـندەی باوکم بەگومان نەبوو لە بوونی خواوەند.. بۆیە ئەو منی خستە بەر چەقۆی ڕەحمەت.. چونکە ئەو دەیویست خوا بـبـینێت.. کاتێک خواوەند لەسەر کێوی توور خۆی لەشێوەی بەرانێکی قۆچداردا نیشانی باوکم دا؛ باوکم لەترساندا بەهەڵەدا چوو!

بەرانەکەی سەربڕی و دڵی خوای لەخۆی ڕەنجاند! چونکە خوا نەیفەرمووە گیاندارێکی مەملەکەتی گیان سەر ببڕێت، فەرمووی: بەرانێک کە دێت بۆلات لەم شێوەیەدا، دەتوانیت بیکەیت بەخێر لەبری ئیسحاق. بەڵام باوکم هەش بەسەر نەیدەزانی چی بکات.. زۆرم بەو فەرموو بابە سەری من ببڕە تا بێدار بیتەوە، بەڵام ئەو دڵی نەهات.. نەیدەزانی چی بکات.. دەگریا لەخۆشیدا.. تەنانەت لەترسا هەڵدەلەرزی.. هەر بەخۆیشی نەزانی چۆن بەرانەکەی سەر بڕی.. بۆیە بەران لەکاتی سەربڕیندا بۆ مـرۆڤ شل دەبێت.. پێویستە مـرۆڤ عیبرەتێک لەم پەندە وەربگرێت! گیاندار بە زۆر و لەبەر هەوەس و ئارەزوو سەر نەبڕێت. مرۆڤ نابێت گیاندار بکات بە قوربانی.

پێویستە گیاندارێک سەر نەبڕێت بەبێ پرس، بەبێ داوای لێبووردن کردن.. بەبێ مەبەست! لەگیاندار بپرسن کاتێک کەسەرپیان دەبڕن، ئایا دەشێت گۆشتیان بخورێت یان سەریان ببڕدرێت؟! ئەگەر گیاندار سێجار بەیەک تۆن وەڕی، یان زەڕی، یان باعاندی، جوکاندی، ناڵەی کرد! نابێت سەری ببڕیت. هەندێک جار مـرۆڤ گیاندارێکی بە دڵدا دەچێت، دەتوانێت بیکات بە قوربانی هاوڕێکانی، دەتوانێت سەری ببڕێت. بەڵام بەوە شوومی بە گیانی خۆی دەدات. چونکە گیاندارەکان موڵکی کەس نیین. ئەوان نهێنییەکانی ژیان و بوون دەزانن. ئەگەر لە نزیکەوە لەگەڵیاندا بژین.. با مافی ژیانیان لێ زەوت نەکرێت. با بژین.. بە خۆڕایی گیانلەبەران مەکەن بە قووربانی پێغەمبەران. ئەوە تاوانە تاوان. تا دەتوانی خۆپارێزی بکە لە خواردنی گۆشتیان. تا ئەو کاتەی نەفست داوا نەکات، داوا لە گیاندار مەکە سەری خۆیت پێشکەش بکات. ڕاپرسیی گیاندار بکەن کاتێک کە مەجبوورن سەریان ببڕن! پەند لەم ووتانە وەر بگرن. چونکە ئەوانیش خاوەنی گیانن، هەست دەکەن، دەترسن.. بیر دەکەنەوە و غەمیش دەخۆن. جا دڵنیا بە ئەوان بە زمانێکی تر دەتوانن بدوێن. کە ئێوە نایزانن یان تێی ناگەن.

کەچی قەومێکی نەخۆش لە بیاباندا سەریان هەڵدا، کەلتووری سەربڕینی مـرۆڤیان کرد بە ئاهەنگ! هاتن دەستیان دایە ئێخەی زاگرۆس و حەزرەتی نـوح.. شاکەیان ناوی ئەژدەهاک بوو! دوو ماری زەهراویی زۆر پیس پاسیان دەکرد! ئەژدەهاک خۆی و مارەکانی سەرشانی بە مۆخی سەری منداڵانی نەوەی نـوح تێر دەکرد! هەمیشە برسیی بوو! گەلی زاگرۆس هێندە بەخشندە بوون، هەزاران سەری لاوی کچ وکوڕیان دەرخواردی ئەژدەهاک دا! کەچی ئەژدەهاک وای دەزانی گەلی زاگرۆس لێی دەترسن! بۆیە جارێکیان کە کاوە سەری حەوتەم کوڕی خۆی برد بۆ ئەژدەهاک! ئەژدەهاک ووتی: تۆ! لەگەڵ تۆمە کاوە! دەڵێی لەمن ناترسیت؟

کاوە ئاوڕێکی لە ئەژدەهاک دایەوەو فەرمووی: من هەرگیز لەشەڕ ناترسم! بەڵام گەرشەڕخواز زیاد لە حەد پێی لێڕاکێشا من بەم چەکووشە سەری ئەسپێی گەورە بەر لە بچکۆلەیان پان دەکەمەوە. تۆ چییت تا من لێت بترسم؟!

میللەتێک هەن هێشتا وەک ئەژدەهاک دەیانەوێت نەوەی نـوح قڕبکەن، دەیانەوێت، سەری هەموو جیـهان ببڕن. لەخوا ناترسن!

گیاندارەکان نەخۆشی دەدەن بەوانەی کە ناپێویست سەریان دەبڕن.. حەزرەتی باوکم ویستی داوای ڕەحم وبەزەیی بۆ گیاندارەکان بکات.. چونکە دەزانـێـت گیاندارەکانی سەر زەمین کۆت دەکرێن، زیندان دەکرێن، ناهەق مامەڵە دەکرێن! ئاژەڵەکان لە کردەوەکانی مـرۆڤ پەستن. لەهەندێک وڵات گیانداران ئازاد نیین وهێـندەی مـرۆڤ ژێر دەستەن. لەلافاوی گریانی دایکی مـرۆڤی سەربڕدراو بترسن! بترسن لەشیوەنی دایک.. وای فەرموو ئیسحاق..

پاشان لەتەزوویەکی تری درەختی زەماندا حەزرەتی لوط کەوتە بەرچاوانی بێـوڵات.. بەسواری بەرق دابەزی! گۆچانێکی لەدەست بوو، لەبەردەمی بێـوڵاتدا نوشتایەوەو فەرمووی: دەبێت لە هەڵەکانم خۆش بن.. من کاتێکی ئەوتۆم نییە دەبێت بگەم بە هەمیشەیی بۆیە دەبێت ڕاکانی خۆم لەسەر هۆمۆفیلی(نێربازی) بدەم.. پاشان فەرمووی: نێر بازەکان سروشتیان جیایە.. هەندێکیان ئاژەڵانە هەرکەسێک سواری خۆیان دەکەن.. ئەوانە سزا بەخۆیان دەگەیەنن.. بەڵام ئەوانەی کە خاوەن شەرمن، دەگەڕێن وجووتی ڕاستگۆ وخۆشەویست بۆ خۆیان دەبیننەوە، ئەوان خەتا بار نین، چونکە سروشتیان وەها هەڵکەوتووە.. بەڵام بۆیان نییە لەکەنیسەدا یاخود لەمزگەوتا شووبەیەک بکەن یاخود یەکتر مارە بکەن، دەتوانن بارەگاو شوێنی خۆیان هەبێت.. دەتوانن دوورگە بۆ خۆیان دروست بکەن.. تا لەسروشتی خۆیان تێر بن.. بەڵام ئەوەی لەپێناوی ئارەزووەکانی خۆیدا وڵاتی خۆی بەجێهێشت، حەقە مافی گەڕانەوەی پێ نەدرێت.. هۆمۆی بەدخوو، دەبێت ببێت بەپاسەوانی بەراز.. هۆمۆی ڕەسەن هەمووکەسێک سواری خۆی ناکات، کەرامەتی خۆی ناداتە دەستی هەوەسی ئەوانی تر، ئەوانی دی دووچاری هەڵمەتی تەعداو زەبر نیشاندان ناکات.. چونکە نا هۆمۆ کاتێک کە لادەدات ودەست بۆ کەرامەتی هۆمۆ دەبات.. لەپاش کردنی گوناح پەشیمانی ئازاری دەدات.. دەست دەوەشێنێت.. دەستی پیس بووی بە بەرامبەرەکەیدا دەسوێت! هۆمۆکان مـرۆڤن وەک من وتۆ.. خاوەن کەرامەتی خۆیانن..بەڵام نابێت ڕێگە بەهۆمۆ بدرێت منداڵی کەسێکی تر گۆش بکات.

هەمان یاسا سروشتی ئافرەتی سوحاق دیاری دەکات.. بەڵام ئەوان بەوکارەیان هێندە تاوانبار نین.. چونکە بێبەشن لەمافی فێمێنینی خۆیان.. ئەوان چەوساوەی دەستی کەلتووری پیاون.. لەوێدا کە پیاو بەدەسەڵاتە ئافرەت ناچارانە خوودەداتە ڕەگەزی لێکچوو تا گیانی خۆی لەژێر دەسەڵاتی خۆیدا لەدەست نەدات.. چونکە پیاو بەد مامەڵەیان دەکات.

لێرەدا نێر بازی و پانپانۆکێی ئافرەتان بەوە چارە سەر دەکرێت کە نێر باز دەشێت ببێت بە ژنی سوحاق .. سوحاق لەگەڵ پیاوی نێربازو فێمینیندا دەگونجێت ! سروشتیان زۆر شازو ناشاز لەیەکتری دەچێت.. چی بڵێین دەربارەی ئەوانەی کەروسەگ وئەسپ سواری خۆیان دەکەن.. دەبێت بزانین ئەوان سروشت پیس دەکەن.. چاترە بەسوودی مـرۆڤ لەدەرەوەی کۆمەڵگادا لەگەڵ ئاژەلەکانیـاندا گووزەران بکەن.. دەنا سروشتی جوانی تێک دەدەن.

مـرۆڤ پڕە لەکردەوەی سەیر.. باشترین چارە بۆ پاراستنی مـرۆڤ ئەوەیە مـرۆڤ دان بەکردەوەکانی خۆیدا بنێت.. ڕاستگۆ بێت لە هەڵبژاردەکانیدا بەدرۆ هۆمۆ نەبێت، بەدرۆ سووحاق نەبێت، بەدرۆ نەژی

وڕاستگۆ بێت لەگەڵ خۆیدا.. چونکە لەسەردەمی مندا مـرۆڤەکان دووچاری گەڕی وئایدزو نەخۆشیی سەیر دەهاتن.. بۆیە ئەوانەی درۆزن بوون، لەناوچوون.. بوون بەبەرد.. هەڵوەرین.

داوای لێبوردن لەگیانی پیـرۆزی نـوح دەکەم، چونکە من نەبووم بەهۆکاری لەناوچوونی ئەوان.. مـرۆڤەکان خۆیان سروشت و کەرامەتی خۆیان دیاری دەکەن.. مـرۆڤ تەنها بەڕاستگۆیی دەتوانن خۆیان لە ئەندێشەی گوناح دەرباز بکەن. من بەجێم هێشتن.. من لەپێناوی پیسبوونی کردەوەکانی ئەواندا گەل وهۆزو نیشتیمانم بەجێ هێشت.. هوود، حەزرەتی هوود لەگەڵ ئەودابوو.. هیچی نەفەرموو، بەڵام سەری بۆ هەموو گفتوگۆکان لەقاند.. هود هاوڕابوو. بەڵام ئەو نامەیەکی لەدەست بوو، بەکراوەیی نیشانی نـوحـی دەدا، تیایدا نووسرابوو: گۆی زەوی لەسەردەمی ئێمەدا وەها نەبوو! هێدە بەردو چەوو زیخ لەسەر زەوی نەبوو! بەڵام مـرۆڤ وای لێهات کە درۆی دەکرد دەبوو بە بەرد! یان هەڵدەپروا و دەبوو بە چەوو بە زیخ! مـرۆڤ وەک ئێستا نەبوو! ئەوسا خواکان پەیوەندییان پێمانەوە هەبوو. دەیانتوانی سروشتمان بگۆڕن. ئەوان چەکی نوێتریان هەبوو لەو چەکانەی لە سەدەی بیستەمدا هەن. ئەوان بە تەماشا تۆڵەیان لە دێوەکان دەکردەوە. بۆیە دەبێت مـرۆڤ لەو ڕۆژە بترسێت کە دایک بۆ سەری بڕاوی کوڕ دەگری.

پاش خامۆشییەکی کەم یەعقووب کەهات حەزرەتی یوسفی لە سەرشان بوو.. پاسارییەکان لەدەوری ئەوان سەمایان دەکرد.. جیـهانی ئارارات پڕ بوولەسەمای مەل.. ئاوازێکی خۆش بەرگوێی نـوح کەوت.. هەموو پێـغەمـبەرەکان بیستیان.. ئەوانیش هیچیان نەگووت.. بەڵام مێرولەکان زۆر ژیرو کارامە بوون..

لەتەماشای سەماکاندا، لەتەماشای باڵندەکاندا ئەم پیتانەیان لە جوانیی یوسف-ەوە تۆمارکرد: جوانی هێزێکە دەتوانێت سروشتی فیرعەونەکان بگۆڕێت.. جوانی دەتوانێت ژیان بڕازێنێتەوە، جوانی بە یاریدەی بیر دەتوانێت هەرەمەکان دابهێنێت.. یوسف توانیی پەیامی کار کردن، لێبووردن، وەفاداری هاوکاری وەک وانەی ئاکاری فێرە فیرعەونەکان بکات. توانیی بە خێر لەگەڵ شەڕدا هەڵبکات.

مووسا بوو نەخشەی هەڕەمەکانی دروستکرد.. مووسا بەر لەهاتنی بە چەند سەدەیەک کاهینەکانی سولەیمانی فێر کردبوو، فێری بەندکردنی جنۆکەکان، تا فێریان بکات چۆن هەڕەم دروست بکەن.. کە هاتیش بەوانی فەرموو بوو، ئەگەر ئەزێتی گەلی نـوح بدەن، ئەوا سزاتان دەدەم! ئەوان گوێیان لەئامۆژگاریی مووسا نەگرت، سەرپێچییان کرد. جا سزایان ئەوە بوو کە خۆیان هەڵیانبژارد.

یووسف توانیی کینەو ڕقی براکانی بەبێ تۆڵە چارەسەربکات.. توانیی لەدڵی تاریکی فیرعەونا چرایەک هەڵبکات.

حەزرەتی شوعەیب هات.. تەرازوویەکی تایەکسانی لەدەست بوو.. سڵاوی نواند.. فەرمووی میللەتی من ناجۆر کڕین وفرۆشتنیـیان دەکرد، هەروەکوو ئەمڕۆی ئەم سەردەمە سەنگی بازاڕیان سووک دەکرد، بەگران کاڵایان دەداو بەهەرزان کاڵایان وەردەگرت.. تەرازووەکانیـان بەناڕێکی بەکار دەبرد.. دەترسم میللەتی نـوح پەندیان لەکردەوەکانی ڕابردوویان وەرنەگرتبێت. دەترسم شیرازەی ژیان تێک بچێت.. مـرۆڤەکان فێری برسێتی وقاتوقڕبن.. دەترسم بەسکێ تێرو بەسەدسک برسی بن! دەبینم هەن هێشتا لەبرساندا گیان دەدەن.. هەن لەوپەڕی بووندا سروشتیان مانی لێگرتوون، دووچاری برسێتی بوون.

کاتێک کە بازاڕو سەنگەکانی بازاڕەکان تێکدەچن ؛ مرۆڤ ناجۆر ڕەفتار دەکات کردەوەو وەفای وەک هی سەگی نەخۆشی لێدێت. بەر لەوانی دی خاوەنەکەی خۆی هار دەکات و دەگەزێت!

کەئەو بەڕێ کەوت مووسا هات، حەزرەتی مووسا..گۆچانێکی لەدەست بوو، لەناو سنوقێکی بچکۆلانەدا وەک منداڵێکی ساوا هاتە دەر، یاریی بەگۆچانەکەی دەکرد! کاتێک لەبەر دەمی حەزرەتی نـوح ـداله شێوەی منداڵدا ڕاوەستا.. قەبارەی گۆڕا.. ڕاستەوخۆ گەورە بوو، بوو بە پیاوێکی گەورەو پڕ هەیبەت.. پیاوێکی تابلێی بێ نموونە. سڵاوی کردو لە بێدەنگییەکی کورتدا مت بوو.

نوح فەرمووی: ڕێگەم بدە سەیرت بکەم! من لەمێژە گوێم لەشەقەی باڵی کۆترەکانیی ئاشتیی دەروونی بەرێزتان نەگرتووە.. تۆ لەپێناوی ئاشتیدا هەوڵەکانت نموونەیی مەزنن، چونکە توانیت بەبێ هاندانی مـرۆڤەکان بۆشەڕ؛ لەشەڕ دەربازیان بکەیت. تۆ توانییت لە ناو دێوەکاندا دێوێک لەناو بەریت.

کەمێک تەماشای حەزرەتی مووسای کرد.. سووڕی ژیانی ئەوی بینی.. تەماشای زەڕڕاتی بوونی ئەوی کرد..گوێی لەشەقەی باڵی هەزاران هەزار کۆتری ئاشتی گرت، هەردوکیان بێدەنگ بوون، هەردوکیان گوێیان دەگرت..تائەوکاتەی گشت گیانە پیـرۆزەکان لە نوێژی مت بوون بوونەوە، گشتیان پێکەوە کۆراڵی ئامینیـیان دەخوێند.. ئامینەکان دەبوون بە وێنە، وێنەی هەموو جوانەکانی مێژووی ئەم سەرزەمینە..

ئاسمان پڕ بوولە فریشـتەی باڵدارو بێباڵ، بێباڵەکان جوانترو سادەترو سیحرئامێزتر سەمایان دەکرد.. ئەوەی نەمبینیبوو لە خەیاڵمدا لەوێدا بینیم!

چونکە منیش لەوێ بووم، چونکە کات گەڕابووەوە! نازانم باسی چیتان بۆ بکەم! لە کۆراڵی ئامینی نوێژی پێـغەمـبەرەکان تابلۆیەک خولقا ! تابلۆیەک بە فڵچەی هەموو هونەرمەندە جیـهانییەکان.. بینیم هەرچی هونەرمەندانی ناوداری جیـهان هەیە لەبەر دەممدا لە گەردوونی فەنتازیدا سەرگەرمی داهێنانی جوانی بوون، سەرگەرمی وێناندنی تەماشاکانی من.. مایکل ئەنجلۆ-م بینی لەگشتیان کارامە تر بوو.. بەدەم خوێندنی نوێژی ئامینەوە، بینیم سەمای دەکرد.. دووفڵچەشی لەدەم گرتبوو! بە هەردوودەست و هەردووپێ سەرگەرم بوو.. هەموو ڕەنگەکانی پێبوو؛ لە کەنیسەیەکی سەرسوڕێندا !

لە کەنیسەیەکدا کە دەمبینی لەسەری مـرۆڤی بێـوڵاتدا وێنە دەکرا کە نەخشەکەی داڤینشی بناغەی ئارکیتێکتی بۆ نەخشە کێشابوو، کە نیسەیەک کە زیاتر لە پاپۆڕ دەچوو، لەوە دەچوو کەشتییەکەی حەزرەتی نـوح بێت! لەوێدا هەموو فەیلەسوفە دێرینەکان وڕاهیب وئیمام وقەشە و فەقیرو پیرو بیسکۆبەکانی جیـهانم دەبینی ڕاوەستاون سەرسام تەماشا دەکەن.. تەماشای سەرسووڕمانی ؛ هونەرو خەیاڵ! تەماشای بەر فراوانیی کە نیسەکە کە لە کەشتی دەچوو! ئاوازی ئامین دەبوو بە هونەر، لەهونەردا تەماشاکانی مـرۆڤ وپێـغەمـبەران وبتەکان وخواکـان ومۆسیقادارەکان دەبوون بە گەردوونێکی ئازاد! دەمانبینی هونەر گەردوون دروست دەکات! لەگەردووندا کەنیسەیەکم بینی لە مزگەوتیش دەچوو! بگرە پەرستگاو ئاتەشخانە و بت وبتپەرستیشم تیا دی!

کتێـبە پیـرۆزەکانیشم تیا بینی! بەڵام دەقە ڕاستییە دەست بۆنەبراوەکان! ئەو دەقانەی درۆی شەڕو بوختان وگوناح فەرز ناکات! ئەودەقانەی کە فریشـتەو منداڵ لەبەریانە! نەک ئەمەی کە ئێستاهەیە! لەو کەنیسەیەدا لەشکرگاو مۆڵگەی شەڕو ئەنفالم نەدەدی! دێـوو دێـوپەرستم نەدەبینی! بەڵام هەموو دەقە پیـرۆزەکانی جوانی و هونەرم بینی. مووسا دە تابلۆی بەردینی لەدەست بوو، نووشتابووەوە بۆ منداڵێک بەندەکانی بۆ باس دەکرد.. دەیفەرموو، مـرۆڤ دەبێت لەمنداڵییەوە فێر بێت، فێری یاساکان!

مووسا سەری هەڵبڕی.. سەری سووڕما لە بینینی حەزرەتی نـوح! بینیی ئەو لەوچاوتروکانەدا نوێژ دەکات! سەری سووڕما لەبەر خۆیەوە بەچپە لەهارۆنی برای وحەزرەتی یوسف وحەزرەتی سولەیمانی پرسی: ئەرێ ئـێوەش وەک من دەبینن؟ پێکەوە بەکۆڕی چپە فەرموویان: بەڵێ مووسا! ئەویش نوێژ

دەکات! بەهەڵەدا مەچۆ ئەوە زاتی خواوەند نییە ! بەڵکو مـرۆڤێکی مەزنە ئەو مـرۆڤەی لەهەمیشەییەوە هاتووە! دەڵێن گوایە هونەرمەندێکی ئاشتی خوازەو لەگەڵ حەزرەتی نوح- دا گیانی ئاوێتە بووە! باوەڕی بەخوا هەیە، بەڵام خوا پەرست نییە! ئەوە حەزرەتی باپیرە گەورەمانە، ئەو نـوحە!

مووسا فەرمووی: چۆن؟ ئەی کەواتە بۆچی نوێژ دەکات؟ چی دەپەرستیٚ؟ ئەی دەبیٚ خوا چەند مەزن بێت، وادەتوانێت مـرۆڤێکی هێندە مەزن دروست بکات؟

ئەوان بە چپەی کۆراڵ فەرموویان: ئەو پەرستاریی نییە! بەڵام گویٚ لەمۆسیقا دەگرێت وهونەرمەندو بێژەوانیشە! دەڵێن گوایە هەموومان دەبینێت! دەڵێن ئەو خـودبیـنە وبە پلەکانی غەیبا سەردەکەوێت، لەهونەردا قوتبەکان دەبینێت! دەڵێن گوایە ئەو دەتوانێت زاتی خواوەند بـبـینێت! چونکە ئەو پیرێک ڕابەرێتی کە لەحەزرەتی جوبرائیل دەچێت!

مووسا فەرمووی: سەیرە= ئەجەبا!

کاتیک کە چاوی هەڵبڕی کەنیسەکە لە چاوی ئەودا تەواو بوو کە تیایدا مایکل لەهەموو هوونەرمەندان جوانترو کارامەتر وێنەی دەکێشا. مایکل هاتە بەردەمی مووسا. چەکوشێکی لەدەست بوو، بەدەنگی سووپرانۆیەکی بەرز بەمووسای فەرموو: من کاوەم، تورم.. من هەرقل وسۆپەرمانم.. بەم چەکوشە لەسەرت دەدەم گەر قسە نەکەیت! مووسا بە پێکەنینی سوپرانۆوە فەرمووی: هاهاها(پێکەنی) بەڵی بەڕێز من گیانی ئەو پەیکەرە مەزنەم کەتۆ لووتیت شکاند.. دەستت نزم بگرە، چونکە لەم گەردوونەدا شەڕ وئازاردان مافێکی ڕەوانییە! مایکل فەرمووی سووپاس مووسا.. ئەی گیانی من! هونەرمەند بۆی هەیە لەپێناوی گیان دان بەباوەڕەکانیدا؛ لە پێناوی گەیاندنی ڕاستیدا توورە بێت، بنەڕێنێت.. تا ئەوانی تر فێر بن.

بەمووسای فەرموو: چی زۆرئازاری مـرۆڤ دەدات مووسا؟ فەرمووی: گومان، بێباوەڕی، درۆ، شەڕ! فەرمووی فەرموودەکەت جوانە! هیچت پێیە بەئامادە بووانی بڵێیت؟ فەرمووی بەڵیٚ.

مووسا ئاوڕی دایەوەو سەیری مەجلیسی گیانەکانی کرد، بەوردی چاوی بەناوگشت گیانەکاندا گێڕا، پاشان لە حەزرەتی یوسف وهارون وسولەیمانی پرسی: کوانیٚ کوڕی گیانی پیـرۆز؟ کوانیٚ مەسیح ـی پڕلە زام و زەجر دراو؟

ئەی کوا حەزرەتی موحەمەد ؟ ئەوی بێبەری لەخۆشەویستیی باوان! ئەوی ئازار دراوو تاوانبارکراو؟ ئەوان فەرموویان: نازانین! نوح فەرمووی: بەڕێز مووسا.. چاوت لێک بنیٚ تاوەکو من ئەوانت نیشان بـدەم! بەڵام نەکەی چاوت بکەیتەوە؛ ها!

ئاگاداربە لەئێساوە سێجار پێت دەڵێم لەیادت نەچـێت، چاوت نەکەیتەوە! چاوت نەکەیتەوە! مووسا چاوی نووقاند. هێندە موشتاقی بینینی ئەوان بوو ڕاستەوخۆ لەیادی چوو چاوی نەکاتەوە! چونکە بینیی مەسیحی پیـرۆز بەدەستیٚ جلی سپیی بە سورو شەڵاڵ لەخوێندا؛ بەکاکێشاندا سەردەکەوێت..سەرتاپای گیانی زام بوو، خوێنی لیٚ دەتکا!

بەڕێگایەکی ڕۆشندا؛ بە تەنافەکانی جاڵجالۆکەدا سەردەکەوت، تاڵەکانی ڕۆشنایی لە شوێن پێکانیدا لە ئاسماندا خوێناوی دەبوو! دەڕۆی! پێدەچوو لەقوماتی تەنافی جاڵـجاڵـۆکە دەرکەوتبێت! پێدەچوو بەسەر تەنافە خوێناوییەکاندا سەربکەوێت! هەڵدەستاو دەکەوتەوە! کۆمەڵێک مێرولەی لە دەوور بوو، ئەوانیش غەرقی خوێن بوون.. مەسیح خوێنی لێدەچۆڕا! گەردوون تەنافێکی لەخوێنی قەتیسماوی ئەو تەونکردبوو! بەسەر ئەستێرەکاندا سەردەکەوت! هەموو ئەستێرەکان خوێناوی بووبوون.. هەڵدەگەڕا بەرەو قوتبەکان.. ئاوڕی نەدەدایەوە!

پێـغەمـبەری مەزنی ئیسلامیش بەدوایدا هەڵەداوان و غەمگین بانگی دەکرد.. هاواری لێدەکرد، تکای لێدەکرد.. دەیفەرموو: مەسیحی پیـرۆز.. ئەی کوڕی گیانی پیـرۆز بۆ کوێ دەچیت، بگەڕێرەوە! مـرۆڤایەتی پێویستی پێتە.. تکایە بگەڕێرەوە، مـرۆڤایەتی خوێنی لێدەتکێت!

حەزرەتی مەسیح بەدەم ڕێکردنەوە.. سەردەکەوت وئاوڕی نەدەدایەوە.. هاوڕێی زامەکانی خۆی بوو.. دەنگێک وەک ئەوەی نمایندەی دەنگی ئەو بێت، لەگەردوونەوە بەدەم کۆراڵی تێکەڵ بەدەنگی منداڵێک، ئافرەتێک، پیاوێک، دەیفەرموو: من جێگرم لەجێگەی خۆم داناوە! من هەمووشتێکم بەوان داوە! من حاشام لەدێـوەکان کردووە! من ناگەڕێمەوە، تائەوکاتەی ئابڕووی زەمین بەجوانی نەشۆنەوە؛ ناگەڕێمەوە تا برسێتی ودرۆ ودێـوەکان لەسەرڕووی زەمین بمێنن! ناگەڕێمەوە ناو ئازارەکان.

پێـغەمـبەری ئیسلامیش تا ناوقەدی لەخوێناوی ئەودا ڕەنگین و سوور بووبوو! پێـغەمـبەر موحەممەد؛ دروودی خوای لێبێت فەرمووی: دێـوەکان زۆر بوون.. مـرۆڤ پێویستی بە ئامۆژگارییەکانمانە.. لێبووردن پەیامی بەڕێزتانە.. دێـوەکان دەستیان بەسەر لێبووردندا گرتووە! شەڕ دووچاری پیری بووە.

حەزرەتی عیسا بەدەم هەڵگەڕانەوە بە گەردوونی خۆیدا دووپاتی کردەوە: من کوڕی نـوح-م پاشان نمایندەم لەناو مـرۆڤەکاندا بەجێهێشتووە.

دڵۆپێک خوێن لە گەردوونەوە کەوتە سەرچاوی مووسا! مووسا چاوی هەڵبڕی! دیمەنەکان لەپێش چاویدا ڕەوینەوە! نوح فەرمووی: نەمفەرموو چاوت نەکەیتەوە؟ فەرمووی ببوورە زۆر دیمەنێکی غەمناک بوو.. دایە پرمەی گریان فەرمووی: بەرگەی تەماشاکانم نەگرت!

بەدوای ئەواندا سەرە هاتە سەر من.. سەیرم لێهات! ئەوان دەیانتوانی من ببینن! بەدەنگێکی بەرزی کۆراڵ هەموو گیانەکانی ئاسمان، گیانی ئامادەبووان فەرموویان: تۆ کێیت لەئێمە ناچیت؟ بدوێ بۆمان! خۆتمان پێبناسێنە.

من پەنام دابووە بەر درەختی زەمان، هەستم دەکرد منم کە درەختی زەمان حەزرەتی نوح-م هەڵگرتووە! وام دەزانی کەس نامبینێت ولەدۆخی پەنابەریمدا سەری خۆمم کز ڕاگرتبوو. مەست بووم بە تەماشاکانم.. هەستم دەکرد ماندوو نابم لە بینین وبیستن وبیرکردنەوە.. بیدەنگیم کردبوو بە خوو. بەڵام کاتێک هەستامە سەر پێ.. هەستکردن بەکەمیم لەبار چوو.. هەستم کرد کەرامەتم جووت دەبێت بە کەرامەتی گشتیان، چونکە گشت ئەوان لە خەیاڵی مندا دەژیان.. بۆیە کە هاتمەوە هۆش، فەرمووم: بەناوی هەموو گەردوونەکان.. بەناوی ئاهوڕامازدای لەشەڕ بێبەری، بەناوی عیشق وجوانی و هونەرەوە(خێرەوە) من ناوم نییە!

من مـرۆڤێکی پەنابەرم.. هەژدەساڵە لەزیندانی دیوەکاندا زیندانم، مەحکومم بەوەی کە من مـرۆڤم ودێـو نیم! من پەنابەرێکم لە کەرامەتی خۆمدا گەڕۆکم.. من گەردوونەکانی خۆم دەبینم.. مـرۆڤێکی بێـوڵات وبێـئاڵاو بێناوم.. بەڵام باپیرە گەورەم نـوحە! من لەدایکبووی زاگرۆسم، زاگرۆس بەدەستی دێـوەکان داگیر کراوە! کورد کەرامەتی دزراوە! کەرامەتیان شکاوە! کورد تێرۆر دەکرێت بەدەستی دێـوەکان.. سەریان دەبڕن، وڵاتیان گڕ تێبەردەدەن.. زیندەبەچاڵیان دەکەن.. بەئاگری کینەی ڕق دۆزەخیان بۆ تاو دەدەن..

من نەوەی نـوح-م گیانی هەموو مـرۆڤە چەوساوەکانی جیـهانم.. من مـرۆڤایەتیم لە دەروونمدا پاراستووە.. من دەمەوێت نـوح بمبینێت هەمان شێوە کە دەیبینم.. من حەزرەتی نـوحم.. من باوکی ئایینەکانم، باوکی هەمووتانم ئەی مـرۆڤە ڕەسەنەکان.. من بێـوڵات و بێناوو بێـئاڵاو بێکەس و پەرتەوازە کراوم.. من داگیر کراوم.

فەرمووم: من پەنابەرێکم کە بیری وڵات دەکەم.. کەسێکم بەپەنابەری لەدایک بووم، لەوەتەی لەدایک بووم پیشەم تەنها پەنابردنە بەر هەموو شتێکە! پەنا دەبەمە بەر ژیان، جوان، خەندەکان، ئاشتی! پەنادەبەمە بەر دایک، بەر باوەڕ..پەنا دەبەمە بەر تەماشاکانی منداڵ..پەنا دەبەمە بەر خەندەکان.. مـرۆڤێکی پەنابەرم ولەسروشتی شەڕ تێناگەم.. تێناگەم بۆچی مـرۆڤەکان ناتوانن چێژ لەتەماشاکانی من بەرن؟..کەس نازانێت کە لەتەماشاکانی مندا بوونەوەر دەژێت..من هەموو گەردوونەکانی جوانـییم بینیوە.

پەنابەرێکم بەگەردوونی یەک بەیەکی مـرۆڤەکاندا دەگەڕێم وپێیان دەڵێم: گەورەترین ئازار ئازاری هەستکردن بەنامۆییە لەنیشتیمانی دایکدا. سامناکترین نەخۆشی نەبوونی ئازادییە.

من مـرۆڤێکم سەرم لەجوانی دەسووڕمێت.. بەگەردوونەکانی جوانـیدا هەست وبیرو گیانم سووڕ دەخۆن.. گەشە دەکەن تەماشا دەکەن..پەنابەرێکم کاتێک پەنا دەبەمە بەر گەردوونی ئافرەت تەماشاکانم هەرس دەکەم.. بەکارمای نیرڤانا دەگەم.. بەڵام وون نابم، ناگەم بەفەنا.. بەڵکو دەگەم بەگیانی ئاهوڕامازدا! لە گیانی ئەودا لەگەڵ گیانی بوونەوەردا یەک دەگرم...بۆیە من پەنام بردۆتە بەر خۆم.

پەنابەرێکم هاتووم پەیامم پێیە بۆ مـرۆڤایەتی.. دەمەوێت دەنگی مـرۆڤی مەزن بە جیـهان بگەیەنم.. دەمەوێت وانەکانی مـرۆڤ فێرە مـرۆڤایەتی بکەم. دەمەوێت میللەتی زاگرۆس بە سەماو مۆسیقا و ئاهەنگ لە دەستی دێوەکان ڕزگار بکەم. من ڕزگاریی میللەتی نوح-م.. گیانی هەموو پێغەمبەرەکان پێکەوە فەرموویان: ئامیین!

فەرموویان: کەواتە تۆش بێـوڵات وبێـئاڵاو بێناویت! کەواتە ئەوە تۆیت لەناوماندا تێکەڵیت! تۆ ئەویت؟؟ حەزرەتی نـوح !؟ فەرمووم هەمووومان ئەوین.. ئەو هەمووومان دەبینێت.. ئەو مژدەی نەمریمان پێدەگەیەنێت. پێغەمبەرەکان پێکەوە بە ئاوازی کۆراڵ فەرموویان: ئامێین.

بینیم ئامیین وشەیەکە زۆر بەکار دەبرێت لە غەیبا! بە بینین بیستم، کۆراڵی ئامین نوێژێکی پیـرۆز بوو..لەو کاتەدا کە بێدەنگی بەسەر هەمووشتەکاندا زاڵ بوو؛ نوح کەوتە دەربڕینی پەیامەکانی.. بەدەنگی منداڵ، پیاو ئافرەت لەدۆخی ئاخاوتندا فەرمووی: **مژدە! مژدە لەگیانی بوونەوەر.. لەناو مـرۆڤەکاندا مـرۆڤ هەن هێشتا پیـرۆزییان تیا ماوە! مـرۆڤ لەسەر زەمین ماوە.. ئەی گیانی گەردوونەکان وهەسارەکان.. من کێم؟ ئـێوە کێن، ئەوان کێن؟ خواکـان کێن؟ ئەم پرسیارانە چییە خۆتان پێوە سەرگەرم کردووەو خووتان پێوە گرتووە.. من ئـێوەم ئـێوەش منن.. من و ئـێوە هەست وگیانی بوونەوەرین.. ئێمە هەستی بوونەوەرین..پەیامی بووبەوەرین، بەدوای ئازادیدا دەگەڕێین.. گشتمان پێکەوە کەرامەتێکی گەورەین.. من ئـێوەم.. من مـرۆڤێکی پیـرۆزی ئەم سەردەمەم، گیانی گەلەکۆی ئـێوەم.. من گیانی منداڵ وتوانای پیاوو ڕەحم وسۆزی دایکان و ماریاکانی ئەم سەردەمەم.. من دەنگی ویژدانی هەموو جیـهانم.. گیانی زیندەوەران! مـرۆڤەکان، باڵندەکان! هەمووبزێوێک وخشۆکەکان. من هەم مەسیحەکانم هەم ماریاکان. من زمانی پێغەمبەرەکان و هەست و نەستی خواکانم.**

**من ئـێوەم، من هەستی ژیانم..بەخێر بێن بۆ گەردوونەکانی هونەری من.. من پاڵەوانێکی بچکۆلەو مەزن وناسکی ئەم سەردەمەم.. من هاتووم ترس وتۆقین بڕەوێنمەوە.. هاتووم کەنیسەو مزگەوت وپەرستگا ڕووخاوەکان بنیات بنێمەوە.. هاتووم لەدەستی دێـوەکان دەرباز بووم.. دیوارە ئەستوورە مەزنەکانی وڵاتی بەفرم ڕووخاندووە و دەمەوێت دەمی یاساکان ڕاست بکەمەوە و بەسەر ئایینەکانتاندا بچمەوە.**

حەزرەتی داڤید هاتە وەڵام پاش ئەوەی وەک بەرق لەبەر دەمی ئامادە بوواندا دەرکەوت، حەزرەتی دانیال و زەکەریاش لەگەڵ ئەودا بوون. پێکەوە فەرموویان: ئامانجت چییە بەڕێز؟ فەرمووم: دامەزراندنی بناغەی دەوڵەتی کوردوستانی یەککگرتوو! بەم بۆنەیەوە ئێوە داوەتی سەرزەمین و ئارارات کراون.. چونکە ئەمڕۆ

یادی ژیانەوەی ژیان و یادی دروستبوونی بوونەوەرە. ئەمڕۆ مژدە دەگەیەنم بە جیهان کە گەلی نوح ئازاد دەبێت و منیش دەبم بە پەیامبەری جوانی بۆیان. ئەوان فەرموویان بژی پەیامی جوان. هەرچی پێغەمبەران بوون، هەرچی گیانلەبەران و بوونەوەری هەسارەکانی تر بوون.. پێکەوە بە کۆراڵ فەرموویان: ئامین..
سالما.. ئێڤا.. دۆعا.. ئاشتی.. ماریا.
کە وەهام فەرموو، لە خۆشیی کۆراڵی ئەوان هاتمەوە هۆش.. ماوەیەک لە پەیامەکانم دابڕام و یەک بەیەکی گیانە میوانەکانم تەماشا دەکرد و زووربەیانم نەدەناسییەوە بەڵام مژدەی ئازاد بوون و دامەزراندنی دەوڵەتی کوردوستانی یەککگرتووم بە گشتیان گەیاند! ئەوانیش بەردەوام بوون و لەگەڵ بەردەوامبوونی مژدە و دروودەکانی مندا گوێبیستی کۆراڵ بووم.. بۆیە کەمێک دەنگم هەڵبڕی پاش ئەوەی کە ڕووم کردە ئەو مرۆڤانەی کە لە خەون و لە ڕاستیدا هەم دیبوومن هەم نەمدیبوون:
من دەتوانم بانگی ئەو پەیامە بدەم. جا با هەموو جیهان بزانن.. ئەوەی کە پاڵپشتی پەیامی جوانی و ئازادی نییە.. لە من نییە و ئەگەر جیهان مافی گەلی نوح پشت گوێ بخات،، خواکانی ناو دەروون و ئاسمانەکان و پێغەمبەرو فریشتەکان زووير و تووڕە دەکات.
من لەدەستی دێـوەکان دەرباز بووم.. هاتووم باسی ڕقهەستانی دەریاو، باو، خاک وکڵپە وسروشتتان بۆبکەم.. باسی نەرێتی وەرزەکان.. دەمەوێت بەمـرۆڤ بڵێم کەمێک شەرم لەخێر بکەن؛ کەمێک شەرم لەجوانی و هونەر.. شەرم لەکەرامەتی خۆتان بکەن.. نابینن چیتان لە مەسیح ولە پێـغەمـبەری ئیسلام کردووە؟
هاتووم تا چیرۆکی دووپاتی بەسەرهاتەکان وئەفسانەی مێژوی دێـوی شەڕ بووەستێنم.. دەمەوێت شەڕ تەمێ بکەم، ئامۆژگاریی بکەم.. دەمەوێت جیـهانێکی نوێ دامەزرێنم.. دەمەوێ ببم بە نەخۆشییەکی پیـرۆز وخۆش.. دەمەوێ بچمە ناو ناخی گیانی گیانتانەوە.. دەمەوێت ئاکارێکی نوێ، پەیامێکی نوێتان فێر بکەم.. دەمەوێت فێری پەرستنی باوەڕەکانی خۆتان بکەم.. باسی کێشەی نێوان خێرەکان.. نەک کێشەی کۆن ونامەفهوومی نێوان شەڕوشەڕ! چونکە لەسروشتی خێردا.. زەرڕاتی شەڕ بوونی نییە.. بەڵام لەوکاتەوەی دێـوەکان خوویان گرتووە بە خێرەوە، خێر دەچەوسێننەوە، نازانن خۆش سوود لەخێر بەرن.. سەری خێرەکان دەبڕن، دەستی جوانەکان دەبڕن.. ئافرەت هەتک دەکەن، بەناوی خواکـانتانەوە زووشتی دەکەن، داگیریان دەکەن، خەتەنەیان دەکەن، دەیانکوژن دەیانسووتێنن، جیـهان وێران دەکەن! نازانن چۆن سوود لە خێر ببینن.. بەڵام ئاینیشتاین دەڵێت: لەسەرتانە هەست بەخێر بکەن، چونکە تا لەخێر نەگەن، لە ژیان وپەیامی بوونەوەر ناگەن. خێر لەئەتۆم مەزنترو سامناکترە. جوانی لە ووزەی ئەتۆم بەسوودترە.

هاتووم بەزمانی مـرۆڤ باسی ئەفسانەی گەردوونەکانتان بۆ بکەم. باسی جوانیی باوەڕی پیـرۆز، باسی بەزەیی هاتنەوە بەتاوانی خواکەتاندا کەتەنیاتان کردووەو تاوانبارە بە دروستکاری ئەهریـمەن.. چونکە من لەسەر باڵی لەقلەق فڕیوم.. لەقلەقێکی مەزن هێـندەی مەزنیی گەردوون.. ئەی نازانن کە گەردوون ، بە دەنووکی لەقلەق هەڵگیراوە و لە هەمیشەییدا دەفڕێت؟؟ لەسەر پەڕی باڵەکانی ئەو من نەخشەکانی گەردوونەکانم دیوە.. دەمەوێ بەتابـلۆکانم نیشانتانی بدەم.. هاتووم ڕەنگە پیـرۆزەکانی هەموو هەستەکانی خۆمم دیوە..هەست وێنەی یەکەمی بیرەکانە.. هەست گیانی بوونە. بوونەوەر هەستی هەیە، هەستێکی پەتییە.. بوونەوەر هەستی ئێمەیە. سۆزی هەیە، بیری هەیە، یادی هەیە، باوەڕی هەیە، عیشق و ئازادی پەیڕەو دەکات.

هەستێکەو هەیە.. بوونەوەر بەگشتی جاڵجاڵۆکەیەکی مەزنی سپیی هەستیارە.. دەمەوێت باسی خێرە جوانەکانتان بۆ بکەم.. کەنیسەو مزگەوت و پەرستگاو ئاتەشخانەکان بڕازێنمەوە بەپەیامی نوێ.. من هیچ پەیوەندییەکم بەشەڕەکانی ئێوەوە نییە.. من پەیامی نەمری و عیشق و جوانییم پێیە.. من کەرامەتی بوونەوەرم دیوە.

بەشانازییەوە پێتان دەڵێم ئێوە دەستکاریی هەموو ئایینەکانتان کردووە.. هەمووتان تاوانبارن، شەرمەزارن لە ئاستی پەیامی جوانیی ئاییندا.. چونکە سروشتی دێو لەجوانی تێناگات.. هاتووم کۆمەڵێک دێوی سپی لەناوتاندا بڵاو بکەمەوە..دێوی دڵ سپی بێدار بکەمەوە.. دێوەکانی خێرو حەق وجوانی.. چونکە ئەوان خاوەنی یەکەمین گەردوونی ئێمەن. ئەوان لەم ووشانە دەچن کە لەم پەندانەدا دیارن.

لەسەرتانە خواکانی خۆتان پیرۆز ڕاگرن.. ناپەسەند ڕەفتار لەگەڵ منداڵ وباوک و هاوڕێ وئافرەتدا نەکەن.. بتەکانی خۆتان خۆش بوێت، چونکە وەک حەزرەتی ئیبراهیم فەرمووی: من بتەکان سڕی خوایەکیان نیشام دام! من شوێن نەما نەگەڕێم بەدوای خوادا! خوای بتەکان کە بەتەوری من شکا.. فێری کردم کە خوا لەئاسمانە.. ئەو منی لە سووتانیش دەرباز کرد.. چونکە بتەکان سروشتیان بێبەرییە لە شەڕ.. چونکە بتەکان تۆڵەسێن و درۆزن وکینە دۆز نیین.. بتەکان سروشتی پاک و بێگەردی لەشی باپیرانی خۆتانن..بتەکان دەفەرموون: ئێوە لەخۆڵەوە هاتوون وبۆ باوەشی خۆڵ دەگەڕێنەوە، پاشان زیندو دەبنەوە، دەمرنەوەو پاشان زیندوو دەبنەوە.. بەڵێ ئەو خوایە ڕاست دەکات.. وایە.

لەسەرتانە ئاگرپەرستەکانتان بگەڕێنەوە سەر دۆخی پەرستنی باوەڕی باپیرانیان.. پێویستە موریدو کاهین وئیمام ودەروێش وقەشەو فەقیرەکانتان گوێ لەمن بگرن.. چونکە من هاتووم بەسەر ئایینەکانتانا بچمەوە.. پێتان شەرم نەبێت هیچ ئایینێک نەیفەرمووە: لەپێناوی خوادا بکوژن.. ئەوە پەیامی شەڕەو لە ئایین شاربەدەری دەکەم.. هاتووم تەماشای زەڕڕاتی هەستەکانتان بکەم.. یەک بەیەکی هەستەکانتان نیشان بدەم.. پێویستە بزانن کە هاوژیانی لەگەڵ گیاندارانی دڕەندەدا دڕندەتان دەکات، لەگەڵ گیانداری سپڵەدا سپڵەتان دەکات.. بێگومانیش گیانداری خۆنەشۆریش، تووشیی سستیی گیانیتان دەکات! پێویستە فێری هاوژیانی بن لەگەڵ یەکتریدا.. بەڕاستگۆیی، بەدڵپاکی لەدەرگای دراوسێکەت بدەیت.. ڕوخسەتی میوانیی لێوەربگریت.. سنور بۆ خێرمەندی دامەنێن و گومان لە نیازی جوان مەکەن.. ئەوەی نانێکتان دەرخوارد دەدات دووجار نانی دەرخوارد بدەنەوە.. چاوەڕوانی ئەجری کردەوەی جوان مەکەن. دژی کردەوەی جوان ڕەفتار مەکەن.

پێویستەڕاستگۆ بن لەگەڵ دراوسێکانتان.. من میوانێکی دێرنی وەچە دێرینەکانی ئێوەم.. هاتووم باسی لێبووردنی گۆدا= گۆد= گۆدۆ-تان بۆ بکەم..چونکە من ئەو دەناسم.. دەزانم لە حەزرەتی ئیبراهیم بوردووە. من ئەو بتەم چاک کردۆتەوە.. ئیبراهیم-یش داوای بەخشینی کردووە.. کەس بۆی نییە بتی گەلێکی تر، پەرستگای گەلێکی تر، باوەڕی کەسێکی تر بڕوخێنێت، یان بدزێت، یان بتەکانییان خاپوور بکات.

من نەهاتووم گوێ لەئێوە بگرم ولە ئێوەوە فێر بم.. من نەهاتووم بەمیوانی زیندانەکانتان.. بەڵکو هاتووم دەرگای زیندانەکان بخەمە سەر پشت.. تیایدا دێوە سپی یەکان ڕزگار بکەم..وانەزانن ئێوە شتێک فێری من دەکەن.. چونکە زانستی من زۆر بارتەقای زانستی مادیی ئێوەیە.. من زانستی گیانم پێە.. هاتووم بەری یاخوود تۆوی جوانیتان تیادا بچێنم.. هاتووم باسی ئەفسانەی جوانیتان بۆ بکەم.. باسی کەرامەتی مرۆڤ، نەک هی خواکان.

من باوەڕم بەپەیامی دەست تێوەردراوی ئایینەکانتان نییە..پێویستە بەسەر خۆتاندا بچنەوە.. من کەرامەتی ئاوو ئاگرو، باو سروشتم لە پشتە.. ئاگام لەهەست ونەستی ئەوانە.. ببینن ئەوان لەتەک مندا چۆن شانازیکەرانە ڕاوەستاون بۆ فرمانی تووڕە بوونی خێر لێتان.. ئەگەر خێر لێتان زویر بێت.. ئەوا ژیانتان دووچاری لەناوچوون دێت.
من گیانی هونەرم.. ئەوەی کە تاوەکو ئێستا نازانێت من کێم با بزانێت  کە پەیامی ئێستاتیکام.. من پەیامی هونەروجوانـییم.. من ئایینی بەختیاریی جوانـییم، کەماڵی جوانـییم، گیانی جوانـییم.. ئـێوە ناتوانن فێری کەلتوورو نەریتی خۆتانم بکەن، چونکە ئـێوە چاوەڕوانی منن، من بێگانە نیم لەناوتاندا و من لە ئێوەم گەر مرۆڤن.. ئـێوەی دانیشتوانی جیـهان؛ گوێ بگرن: ئەی موسڵمانان ومەسیحی وبوودی و سیخ وبت پەرست وئاگر پەرست و وگیان پەرستەکان.. ئەی ئەرمەن و ئاسورو سریانەکان.. دێـوپەرستەکان.. دێـوەکان.. کاتی ئەوە هاتووە ڕقەکانتان بنێژن.. تۆڵەکانتان ببەخشن..لەخۆتان ببوورن.

کاتی ئەوە هاتووە لەهونەر بڕوانن، ئازاد بگەڕێن ببن بە خەڵکی جیـهان.. ببن بەیەک زووبان ویەک کەلتوورو یەک ئاڵا.. ببن بەپەیامی خواکـان.. چونکە ئەوان باوەڕیان بە مـرۆڤە نەک بە دێـو.. من هەژدەساڵ لەناو دەروونی زیندانەکانی بەستەڵەکدا هەڵلەرزیوم..حەڤدە ساڵ دەم بەست و چاوبەست کراوم ، لەنیشتیمانی خۆم دەرکراوم.. خێوەکان بە مۆڕەو گوومان داغیان کردووم.. جەللادەکانیـان بە شووژن کەوتوونەتە وێزەی هەست وعیشقم.. کەس نەیتوانیوە شوختێک بکاتە کەرامەتمەوە.. چونکە ئەوان نازانن کەرامەتی من لە جەوهەری گیانی دروست بووە.. کەرامەتی من دەکەوێتە ناو گەردوونی خەندەوە.. خەندە گەردوونێکە پیـرۆز.. زۆر پیـرۆز.. خەندە چاوگی خێرەو بوونەوەر لە خەندە دروست بووە. لەوێدا جێگەی شەڕوکینەو تۆڵەی تیادا نابێتەوە.

( ڕووم کردە کۆی پێغەمبەران کە سەرگەرمی کۆراڵی ئامین بوون ) پاشان فەرمووم: ئێستا بۆتان ڕوون بووەوە من کێم؟ من خواوەندو خواکان وبتەکان نیم.. من پەیامـبەری جوانـییم..  نێردراوی ئاسمانیش نیم، بەڵکو مـرۆڤێکی جوان ناس وکامەرانیی موتڵەقم.. هاتووم پێتان دەڵێم ئـێوە دەبێت واز لەگومان و درۆو شەڕو ترسان بهێنن.. بۆیە دەبێت فێر بن.. دەبێت فێری پەرستن بن.. پەرستنی ڕاستگۆیی خۆتان، پەرستنی جوانییەکانی خۆتان.. ببن بە پەیامی جوانی و ئاکارو زانست، چونکە پەیامی جوان شتێکە کردەوەی مـرۆڤ نەمر دەکات.. جوانی گەردوونەکان بەڕێوە دەبات.. جوانی هەستی ویستەکانە کە گەردوونەکان درووست دەکات.
لەجوانـیدا هەموو شتێک پیـرۆزە وەک بیرو هەست، وەک هارمۆنیی نێوان گیان ولەش.. لەش وهەست، هەست وبیر، بیرو گیان. لەپەیامی جوانـیدا هەمووشتەکان هاوزمان وهاوبیرو هاو باوەڕن.. بە ویستی خوا ڕەفتار دەکەن.. لەجوانـیدا خواکـان ووشەن.. جوان پەرستەکان جوان ووشە بەکار دەبەن.. سەمای لەگەڵدا دەکەن.. ووشە پێشکەشی شاژنی جوانی دەکەن.
جوان ناس مـرۆڤێکە دەتوانێت لەهەست و نەستی باڵندەکان تێبگات.. دەتوانێت لەگەڵ باڵندەکاندا بژی وهەڵ بکات.. جوان ناس سەگ پەرست وپشیلە پەرست نییە.. جوان ناس مـرۆڤێکە گوێگر وگوێڕایەڵ، بەشەرمەوە گوێ لەجوانی دەگرێت وبەتووڕەیی بەرپەرچی درۆ دەداتەوە.

کێ بە ئـێوەی گووتووە تووڕەمەبن؟ ئەوەی وای گوتووە بوودایە.. بۆیە بوودا پەشیمانە، تووڕەیەو دەڵێت: کە درۆ بەرهەستەکانتان کەوت.. بەرپەرچی بدەنەوە بە تووڕەیی، بەتەماشای نەویست، بە لێدوورکەوتنەوە.. چونکە ملکەچ کردن لەبەردەمی دێـوی درۆدا شەرمەزارییە.
تووڕەنەبوون لەپای پاراستنی مافەکانی جوانـیدا دووچاری گورگی شێرپەنجەتان دەکات.. تووڕە نەبوون مەرگتان بەدژواری نیشان دەدات.. ڕاستەوخۆ دژی درۆکان تووڕەبن.. ڕێگە نەدەن درۆکان بەسەرتاندا زاڵ بن. تا دە بژمێرن.. بەڵام دەتوانن دەستوبردیش بن.. هەن دەتوانن تا هەزاریش بژمێرن.. هەن تووڕەنابن وادەزانن دەتوانن تا هەزاریش بژمێرن.. بوودا دەفەرموێت: ئەوانە دێـون.. ئەوانە بێهەست و بێشەرم و بێکەرامەتن. تۆلەسێن وبێحورمەتن، لەوانە بترسن کە تووڕە نابن، تیایاندا هەیە بە خوێنی بەراز گۆش و پەروەردە بووە.
من ئەودرەختە مەزنەم کە لەقورئانی پیـرۆزدا ناوبراوە.. لەسوورەتی ئیبراهیمدا لەئایەتی 23- ئایەتی 26 ، کە دەفەرموێت: درەختی ناوی خودا لەزەویدا ڕەگی داکووتاوە، پۆپەکانیشی لەحەوادایە 24.. هەرجارێک بە ڕوخسەتی خواوەند بەرو میوەکانی دەدات، خواوەند نموونەکانی یادی خەڵکی دەهێنێتەوە تا بەڵکو یادیان بێتەوە25.. وەک ووشەی دزێو وپیس کە دەرختێکی ناپاک ویاراو قارای نییەو خۆی ڕاناگرێت 26.
بەمە خواوەند دان بەووشەکانی مندا دەنێت کە بەد ووتن سروشتی مـرۆڤی خاوەن باوەڕ نییە.. بەدکاری ڕیشەکانی چەسپاو نییە وبەلادا دێت.
لەقورئاندا هاتووە دەڵێت:لە تەمەنی بوونەوەردا ڕۆژێک هەزار ساڵە لەسەرزەمین بۆ مـرۆڤ(سوورەتی ئەلحەج، ئایەتی46-47ل 338).. هەزارساڵیش هەزار کەڕەت 365ڕۆژ، کەڕەت 24 سەعات کەڕەت خولەک 60=1440 خولەک =بە یەک ڕۆژ لەبوونەوەردا= 5250600000 چرکە لە ژیاندا=525060 سەعاتە لەژیاندا، دابەش%24=21877.5 چرکەیە لەژیانی ئێمەدا بە کاتی بوونەوەر.. واتە یەک چرکە لەبوونەوەردا مـرۆڤ هێندە لە بوونەوەر دوور دەکەوێتەوە.. لەوچرکەیەدا بوونەوەر خۆی دروست دەکات خۆی دووپات دەکاتەوە.. گەردوونەکان دەچنێت.
لەخەونەکانمدا هەموو شتێکم دەبینی و دەبیست و دەست بۆدەبرد.. دەبووم بە هەموو شتێک.

خەڵکینە ، ئاگاداربن.. من هاتووم باسی لەت بوون ودووکەرت بوونی مانگتان بۆدەکەم.. چونکە ئـێوە ئازاری نـوح دەدەن لەسەری مندا.. نـوح تووڕە دەکەن.. دەزانم ئـێوە کوێرن نابینن، حەزرەتی نـوح شێت دەکەن، ئازاری دەدەن، بەڵام ئەو زەریاکانی لەگەڵ مندا ناردووە.. ئەو بە باکانی ڕۆژهەڵات وڕۆژئاوای فەرمووە بمپارێزن.. تووڕەی مەکەن لەزیندانەکانتان توندی مەکەن.. ئەمەشتان کرد.. من یا ئەوتان خستە ناو چاڵی تاریکەوە.. ئەو کە لەڕاستیدا منم.. ئەوتان خستە ناو چاڵی بەستەڵەکەوە.. ئەوا ئێستا دەرباز دەبێت و دەرباز دەبم.. ئێستا ئـێوە دەتانەوێت ناچارم بکەن تووڕە بم لێتان.. دەتانەوێت.. غەرقی ئاو بن؟
بیرتان نایەت چۆن ئەوانەی بە گوێی لوط-یان نەکرد چۆن بەناخی عەردا چوون؟ بیرتان نایەت هۆزی سەمودیش نەهییان کرد لە ئامۆژگاریی مـرۆڤ؟ ووتیان ئێمە گوێ لە مـرۆڤ ناگرین.. ئەمەیان بەحەزرەتی سالح ووت! بیرتان نایەت هۆزی عاد چۆن سروشتیان لە بێخەوە هەڵکەنرا؟ ئەوان بەگێژە با لەناوچوون.. ئەوان باوەڕیان بە کەس نەبوو! ئـێوە لەوەتەی هەن بێباوەڕ بوون.. لەبێباوەڕیشدا تەواو دەبن.

پێوتسته بزانن که لەهەمووتابـلۆکاندا ناوی ئافرەت هاتووە.. ئافرەت گیانی تابـلۆکانی منن! هاتووم پێتان بفەرمووم که کاتێک لەگەڵ ئافرەتدا دەدوێن، دەنوون، تەماشا دەکەن، پێویسته لەیادتان نەچـێت دەست بگرن بەسنگتانەوە! هەروەها ئەگەر نەتویست لەگەڵیاندا بدوێی سەری ڕێز دانەوێنەو بە ڕێگاکانی خۆتدا بکەوە ڕێ.. ئافرەتی میهرەبانتان خۆش بوێت.. ئەوەی لەناوتاندا وازلەمنداڵی خۆی دەهێنێت.. پێویسته ببێت بەشوانی بەراز!

ئەوەی منداڵ لەدایکی خۆی دەکات، دێـوە.. ئەوەی منداڵی خۆی لەخۆڕایی ئەزیەت دەکات، دەفرۆشێت، بە ئامانەت دەدات، سەر دەبڕێت ودەکوژێت.. ئەوانە نەخۆشن.. نەخۆشیی گەڕیی گیانییان تووش بووە.

ئافرەتی بەڕێز پەیامی ڕووناکییە.. لەبیرتان نەچـێت دەبێت گوێیان بۆ شل بکەن، پرسیان پێبکەن..

لەبیرتان نەچـێت دەست بەسنگتانەوە بگرن بۆیان، کاتێک لەگەڵیاندا دەوەستن.. تەماشای جوانییان بکەن.. سەرتان لەجوانی وله دزێوییەکان بسوڕمێت.. ئەگەر ئافرەت درۆی کرد، تووڕەبن، مان بگرن.. تا درۆکانی تیمار دەکات.. دایک لەکۆرپەی خۆی مەکەن.. ڕێگەی بدەن لەتەک منداڵەکانی خۆیدا ئازاد بژی.. یاریدەیان بدەن بەدڵ وبەگیان.. کەتەماشای جوانییان بکەن، بەدرۆ پیایاندا هەڵمەدەن.. پێیان بڵێن چەند جوانه سروشتی خواکـان.. ئـێوەیان کردووە بەسیحری ژیان.. ئەگەر پیاوەکانتان ویستیان ببن بەساحیر.. دەبێت  ببن بە قوتابیی ئەوان.. جوانەکانی ئەوان.. خێری ژێرمەندە خوازەکانیان.

جێگەی داخی گەورە دەبێت  ئەگەر ڕێگە بدرێت درۆزن دەسەڵاتی هەبێت. ئافرەت دەبێت پەرستگایەکی پیـرۆز بێت بۆ بتەکان.. بۆ دێـوە سپییە پیـرۆزەکان، بۆ پێـغەمـبەرەکانتان، بۆپیاوەکانتان.

لەبیرتان نەچـێت ئەوان بێبەری نین لەسیحری داهێنان.. ئەوان منیـان توڕ دایە ئەم سەر زەمینە.. بەڵێ ئەی گیانە پیـرۆزەکان.. ئەی گیانە پیـرۆزەکان.. ئەی ئەوانەی لەسەری مندا ڕوواون.. ئافرەتە دڵڕەقەکانی زاگرۆس.. باڵەکانی عیشقیان لێم سەندوو نەیانهێشت له دەروونی دێـوەکانی ئەوێدا مۆمی هیوا دابگیرسێنم.. نەیانهێشت لەجوانیی تەماشاکان تێر بم.. ئەوان منیـان تووڕ دایە سەر ئارارات.

ئەو کاتە من تەنها ساوایەکی بچکۆلەو چاونەپشکوتوو بووم.. دایکم! واتە خواوەندی مەزن.. لە ئارارات بەجێی هێشتم.. لەتاواندا توانیم لەوێدا گەورەبم.. دابەش ببم.. ببم بە دوو بە سێ.. توانیم ببم بە بەزەیی پیر شالیار.. توانیم ببم بە خواوەندی خۆم! ببم بە باوکی خۆم، بەدایکی خۆم، بە نـوح.. توانیم گەورەبم.. بەڵام سزای میللەتەکەم نەخستە پشت گوێ..

لافاو فەرمووی: هەقت نەبێت حەزرەتی نـوح.. من تۆڵەیان لێدەکەمەوە.. من دەتوانم لەناویان بەرم.. من دەتوانم فێریان بکەم.. جا کانییەکان تەقین.. بارانی ئاسمانەکان دابەزین.. ئابڕووی جیـهانـیان شۆرییەوە.. چونکە گیانی زەریا باوەڕی بە بێبەزەیی وبە شەهوەت پەرستی و بە درۆ نییە.. کە دایکم بەجێی هێشتم.. حاجیلەقلەق هەڵی گرتم.. بردمی بۆ بارەگای خواکـان.. بەسەر هەموو بتەکان وبەسەر هەموو خواکـاندا منی بە ئاسماندا گێڕا و لەگشتیانی پرسی: ئەمە کوڕی کامتانە؟

کەس وەڵامی لەقلەقی نەدایەوە.. بۆیە من بەو منداڵییە زمانم پژاو تووڕە بووم، فەرمووم: من کوڕی باوەڕەکانی خۆمم.. من کوڕی زەمینم، کوڕی ئارارات.. من گیانی حەزرەتی نـوح-م.. خواکـان فەرموویان دەشێت شێت بووبێت! بەڵام من فەرمووم: کەسێک کە توانای هەبێت ببێت بەمن.. دەتوانێت ئازارەکانی هەموو ژیان هەڵبگرێت.. دەتوانێت لەگەڵ هەموو پێـغەمـبەرەکاندا بدوێت.. دەتوانێت لەسەر باڵی حاجیلەقلەق بفڕێت.. دەتوانێت سێبەری جاڵـجاڵـۆکەی پیـرۆزی هەبێت.. چونکە لە بوونەوەردا کەس خۆی

نەکرد بە خاوەنی من.. نە بتەکان.. نەخواکـان! بۆیە جاڵـجاڵـۆکە ئەو کاتە کە سەرگەرمی چنینی تەونی بوونەوەر بوو.. هات فەرمووی: تۆ کوڕی منیت.. فەرمووی من قۆزاخەت دەکەم.. بوونەوەر لەتۆدا دەچنم.. دەتکەم بە مـرۆڤ.. بەکوڕی خۆم.. جاڵـجاڵـۆکەی سپیی پیـرۆز دەستی کرد بەچنینی بوونەوەرەکان..

پاشان فەرمووی: ببورە کوڕم من زۆر پەشیمانم لەوەی کە بەجێم هێشتیت..

منیش لەوێدا فێری گریان بووم.. هێندە گریام تا زەریاکان دروست بوون.. پاشان تەماشای زەریای چاوەکانی خۆم کرد.. گیانم ئەوکاتە لەمشتما بوو.. تووند گرتبووم تاوەکو لێم نەدزرێ.. بەڵام بەداخەوە گیانم کەوتە زەریاوە.. لەو کاتەوە بەدوای گیانی خۆمدا دەگەڕێم! دەتوانم گیانی خۆم بدۆزمەوە.. بەڵام بۆ ئەوە دەبێت گێتی هاوکاریم بکات.. چونکە گیانم زۆر بووە لەناو زەریادا !

لەوێوە لەوکاتەوە یەکەم مـرۆڤ لەدایک بوو.. بوو بەدوو بەسێ بەچوار.. زۆر بوو! مـرۆڤ کە لەزەریا هاتە دەر.. نێرە مووک بوو.. هێرمافرۆدیت بوو.. توانیی لەخۆی بپەڕێت، چونکە سروشتی جووت بوو. بۆیە لەو دوانەیەکی بوو.. نێر ومێ.. پێکەوە گەورە بوون.. ئەوان توانییان دەستی مـرۆڤەکانی تری ناو زەریا بگرن، توانییان حۆرییەکان ببینن و زاووزێیان لەگەڵدا بکەن.. توانییان زۆر بن.. زۆر بوونی ژیانە سەیرەکان . لەوێدا بوو زەمین شکڵی لەخۆی گرت.. چونکە تا ئەوکاتەیش من ومـرۆڤەکان هێشتا لەسەمادا گەشتمان دەکرد.. بۆیە جاڵـجاڵـۆکە ئەم گەردوونەی بۆ دروست کردین لەویستی مـرۆڤ خۆی. پێویستە بزانیت کە دروست بوون قۆناغی زۆرە.. هەن لەناوماندا مـرۆڤ نیین. بەڵکو بەری هونەرو جوانیین، هەن شەڕی پەتیین، هەن درۆزنن، دزن کەڵەکچیین..هەن لە ئێمە نیین!

جا ئەگەر باوەڕ ناکەن گوناح دەکەن، درێغی لەباوەڕی خۆتان دەکەن. چونکە دڵی خواکـان لەخۆتان زویر دەکەن..سارتۆن، کاوس، زێڤس..چۆنۆ دیانا ڤینۆس.. ئەفرۆدێت.. ئەپۆلۆ ودافنی.

لەو کاتەوە من بەدوای گیانی خۆمدا دەگەڕێم.. لەبیرتان نەچـێت.. کە دایکم لەئارارات بەجێی هێشتبووم.. ئەو ئاراراتە لە هەستی بوونەوەردا هەبوو.. ئەوکاتە بوونەوەر گەردوونی ئێمەی تەنها لە یادەکانییدا هەبوو! بوونەوەر هەموو شتێکی لەیادە.. بوونەوەر پیر نابێت، نامرێت.. لەناو ناچێت.. بەڵکو دووپات دەبێتەوە.. هەموو شتەکان دووپاتن، دووپاتێکی بەردەوام.

نەیەڵن ئافرەت درۆتان لەگەڵدا بکات.. فێربن، فێری درۆیان مەکەن.. چونکە سروشتی ئەوان جوانە، ئەوان گۆکانی جوانی بەڕێوە دەبەن لە بیرماندا.. ئافرەتەکانی جیـهان کاتی ئەوە هاتووە یەکبگرن.. زەمین وزەریاو ئاسمان وتۆفان لێتان تووڕەیە.. چونکە لەناوتاندا هەن سەرلەشکری دێـوەکانن.. هەن درۆزنن بەدرۆکانی خۆیانەوە دەنازن.. مەهێڵن زۆر بن. کاتێک کە ئافرەت دەکەن بە داوەر؛ ئاگادار بن لە تەندروستی و مەتینیی هەستی تۆڵە وبوغز و کینەیان.

دەنا دۆعا لێتان خۆش نابێت.. دەنا تین وماریاو سۆما ومەسیحەکان، ماریاکان لێتان خۆش نابن.. دەنا خواکـان لێتان تووڕە دەبن. دەنا ژیان خوێنی لێدەتکێت.

کاتێک وەهای فەرموو درەختی زەمان، حەزرەتی نوح..هەورەکان گرماندیان.. لافاو کەهێشتا تووڕە لە ئاسماندا خوولی دەخوارد گێژی دەخوارد.. باکان لەسەری مندا، لەسەری ئەودا گڤڤەیان دەهات.. زەمین خوێنی دڵی بەربوو بوو وەک دۆعا لاشەی زامار بوو، لاشەی بێکەسی لەوناوەدا دەگەوزاو کەسیش هەستی بەئازارەکانی ئەو نە دەکرد.. دێـوەکان بلۆکیان دەکێشا بە سنگ و بەسەریدا.

تکەیەک خوێن لە چاوی ڕاستی حەزرەتی مەسیحەوە کەوتە سەر ناوچەوانی پێـغەمـبەری ئیسلام.. هەمان تکە خوێن لەئاسمانەوە بەربووەوە دای لەچاوی ڕاستی مووسا.. بۆیە مووسا چاوەکانی کردەوە..
سالامۆن.. واتە سولەیمان فەرمووی: ئای! خۆ لەیادت چوو کە نوح پێی فەرمووی نابێت چاوت بکەیتەوە؟!
مووسا فەرمووی: ئاخر ترسام، چونکە دێـوەکانی ڕۆژهەڵاتم بینی سەری دۆعایان پان کردەوە، منداڵ و ئافرەتەکانیان سەر دەبڕی.. بینیم بەمردوویی پارچە پارچەیان دەکرد.. بۆیە پێـغەمـبەری ئیسلام فەرمووی: ئێمە لەکردەوەکانـتان بێبەریین.. ئێمە نایەینەوە ناوتان.. ئێمە لێتان زویرین.. ئەی نابینن ئـێوە چەند بێ حورمەت وێنەی پێـغەمـبەرەکان دەکێشن وناشرین دەربارەیان دەدوێن؟ ئەی نابینن چیتان لە حەزرەتی مەسیح کرد؟ ئێوە نەبوون کە بێ باوەڕیتان کرد بە پەیام؟
نابینن لەشکری خاجە سووتاوەکان؟ نابینن ئەو هەموو خاجە لەسەر زەمین داگیرساوە؟ نابینن ئەو هەموو ماریاو ساراو مارلین وتورو فریداو شێتەکانی خەستەخانەکان و دراوسێکان چییان بەسەر دێت؟ خۆ ئـێوە کوێر نەبوون هێشتا! ئەم دڵۆپە خوێنە؛ خوێنی حەزرەتی مەسیحە لەناوچەوانی محەمەد دەتکێ.. ئەوان حاشا لە هاتنەوە دەکەن.. ناگەڕێنەوە نا! چونکە جەجاڵی شەڕ لەسەر زەوی هار بووەو شەڕ لەخۆی تووڕەیە، شەڕ لەسەر زەمیین زۆر بووە، چونکە هار بووە.

مەسیح فەرمووی: بۆکوێ بگەڕێمەوە؟ وازم لێبێنن. ئێوە نازانن چی دەکەن. ئێوە شەڕو خێرتان تێکەڵ کردووە.
بینیم حەزرەتی ئەو بە هەسارەکاندا هەڵدەگەڕێت.. دەڕوات وئاوڕ ناداتەوە.. بە محەمەد دەفەرموێت: دوام بکەوە کوڕی حەزرەتی عەدنان.. من ناگەڕێمەوە ناو مـرۆڤەکان، چونکە ئەوان بە ناوی خێرو خواو ئایینەوە سەری مـرۆڤ دەبڕن. کەرامەتی مـرۆڤ دەشکێنن، زمانی دەبڕن، دەستی دەبڕن، ئافرەت پڕ دەکەن لە قین وبوختان وترس.ئافرەت فێری زوڵم دەکەن، ناچاریان دەکەن و بەکەم دەیانفرۆشن و دەروونیان پیس دەکەن. ئێوە هێشتا ئەو کارە دەکەن.
لەو کاتەوە من هەست بەتەنهایی دەکەم لەناوتاندا.. لەوکاتەوە کە جاڵـجاڵـۆکەی پیـرۆز بوونەوەری لەسەرما چنی.. لەوکاتەوە من سێبەرەکەم لە جاڵـجاڵـۆکە دەچێت.. سێبەرەکەم ئازادەو دەگەڕێت..
بەگەردوونی جوانـیدا دەگەڕێت وپەیامەکانی دەڵێت.. دەڵێت کاتی ئەوە هاتووە ئافرەتانی جیـهان ڕاست ببنەوە.. بێدار ببنەوە لەوهەمووشەڕەی مـرۆڤایەتی بەرباد دەکات.. لەو هەموو ئازارەی ژیان هەستی پێدەکات.
کە حەزرەتی نـوح لە فەرموودەکانی بووەوە، کات لە چرکەی بیستو یەکەمی مانگی ئازار لایدایەوە.. کات خولێکی بەگەردووندا دا! ئەشک لە هەردوو چاوی دەرپەڕی، چونکە لە هەندەران تاکوو تەنها خۆی بینی سەری بەسەر مۆمێکدا چەماندبووەوە وئەم ووشانەی بۆ تۆ دەنووسی!
هەموو پێـغەمـبەرەکان لە گەردوونی ئەودا پێکی نۆشیان لە چاوی ئەو بەرزکردەوەو پێکەوە بەیەک دەنگ فەرموویان: لەچاوی حەزرەتی نـوح و پێغەمبەری جوانی!
پێکەوە پیـرۆزبایی ئاهەنگی نەورۆزیان لەو کرد. باڵندەکان، واتە گیانی ئاوێزانی باڵندەکانی درەختی زەمان، دایان لەشەقەی باڵ. هەموو گەردە ساواو وردیلەکانی ناو سەرم، هەموو مەسیحە بچکۆلە لەباربراوەکانی ناو زبڵدانی خەستەخانەکانی ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا ؛ کە لەمێژبوو میوانی من بوون، زینـدوو بوونەوە..لەسەر پشتو باڵ وشانی گیانداران وپەلەوەران یارییان دەکرد.. بەگەردوونی هونەرمدا ئازادانە شاد بوونەوە بە ژیانەوە.

مرۆڤەکان تێکەڵ بوون، بینیم کۆمەڵێک پێغەمبەر هاتن کە گشتیان ئافرەت بوون، کە هێشتا مێژوو ناوی نەبردبوون! بینیم گریان لێدەباری و هەڵکرۆزابوون، دووکەڵیان لێهەڵدەستا! وەک سووتوو دیار بوون، وەک پشکۆ وئاگر..گیانی ئەو ئافرەتانە بوون کە ژیرو بلیمەت بوون، کە ئایین بەناوی خواوە سووتاندبوونی! لەو ئافرەتە ویست ئاگرییانانە بوون کە وێرابوویان بە مرۆڤ ودێوو دێوپەرست بفەرموون: ئێوە بێبەرین لە هەستکردن بە ئازادی وعیشق وجوانی.

یەکێک لەوان ئافرەتێکی پیرۆزو پڕ شکۆ بوو، بە چپە ناوی خۆی پێفەرمووم، فەرمووی: ناوم دانیاڵە. دێو پەرستەکان هەرچی تاوانێک هەیە بەرامبەر بەمن کردیان.

پاشان فەرمووی: من نمایندەی هەموو پێغەمبەرە ئافرەتەکانی جیهانم، من بەماریای پیرۆزیش ناوبراوم.. دەتوانم ببم بە پێغەمبەر فەیسەل، ئینکا، ڤێنکا، ڤیگدیس، ئاخنێس، شەولا، شیمۆنا، پارسالا، یونیکۆ، ئایشا، مسوورا، ڕەبیعە، وەسفییە، سارا، یین، پلینکا، هەسار..

ئەمانە ناوی ئەو پێغەمبەرانەن کە ناویان لە هیچ ئایینێکدا نەهاتووە. بەڵکو سووتێنراون، هەتککراون، لەناوبراون، سەربڕدراون. ئەوان وزۆری تریش لەوێ بوون، هێندە زۆر بوون مەپرسە، من دڵم بەتەماشای ئەوان دەبوو بە چراخان.

دەمبینی زۆر دڵسۆزانە دەستیان دەهێنا بەسەری مەسیحە خوێناوییەکاندا و برینەکانی لەشی بەڕێزیان لەگیانی مندا تیمار دەکرد.. لەگەڵ ليناو سۆماو تورو ماریاو ڕابیعەدا هەر خەریکی پێچانەوەی زامی مەسیح بوون. نوورێکی پیرۆز لە کەرامەتیان دەباری، شەرمێکی پیرۆزیان نیشانی مەسیح دەدا.. هەستیان بەئازارەکانی ئەو دەکرد. هێندە پیرۆز وجوان بوون، حەزمدەکرد چاوم لێیان نەتروکێنم.

هەندێکیان هێشتا ترس بەری نەدابوون، لەو ئافرەتانە دەچوون کە لە دورگەی ئۆسگۆرد جارناجار تووشم دەبن، ترسێکی سەیر لە هەڵوێستیاندا دیار بوو! هەستم سۆزی دەبزوا. تاکو تەرا دەهاتنە لام، هەریەکەیان داستانێکی تایبەتی بۆ دەهێنام، هەر یەکەیان سرودێکی سەیری پێ دەگووتم، یان زانستێکی فێر دەکردم.

یەکێک لەوان کە ناوی ئێڤا بوو، فەرمووی: ستەمی ئاخر زەمانە، کۆتایی ژیان لەوێوە سەرهەڵدەدات کە ئافرەتانی جیهان ژمارەیان لەتەنهاییدا زۆر دەبێت. ئەو کاتە ژیان کۆتایی دێت کە ئافرەت تیایدا نەفرەت لە هاوژیانیی پیاوان دەکەن. بە ئافرەتانی ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا دەڵێم واز لەسەگ پەرستی بهێنن، واز لە سروشتی بەراز بهێنن، لە پێناوی سەلماندنی مافی ئافرەتدا مەبن بەپیاوی زبر.. مەبن بەبەرازی زۆر خۆر، لەشی خۆتان مەفرۆشن.. درۆزن و تووڕەو دەمەوەر مەبن.

چونکە ژیان کەرامەتی سست دەبێت بە شێوانی کەرامەتی ئافرەت.. چونکە ئافرەت گیانی بوونە، خەندەی ژیانە، ئومێدی بەردەوامیی گەردوونەکانە.

ئافرەت کاتێک بە مافەکانی دەگات کە جیهان یەکسان بەڕێوە بچێت، کە ئافرەت بتوانێت بە ئازادی و بێترس بۆ هەر تەوەرێک سەفەر بکات و کەسیش نەتوانێت دەست بۆ کەرامەتی درێژ بکات. چونکە ئافرەت گیانی بوونە، خەندەی ژیانە، ئومێدی بەردەوامیی گەردوونەکانە. ئافرەت کاتێک بە مافەکانی دەگات کە جیهان یەکسان بەڕێوە بچێت.

ئافرەت دەبێت بە هونەرو جوانی وعیشق و ژیری هەستی بە جیهانی بوون بڕوێنێت.. ئافرەت جەوهەری تیشکی بێگەردوو سپیی جاڵجاڵۆکەی مەزن وهەمیشەیی و پیرۆزە.. سەرچاوەی یەکەم دروستبوونە.. دایکی بوونەوەرو ژیانە.. بوونەوەر لە فەنتازیی ئەو زاوە. ئافرەت ژیان ودایک وخۆشەویست وعیشق وبەزەیی و وەفادارییە، ئەم سیفاتانە دەبێت لەسروشتی ئافرەتدا هەبێت.. تا بتوانێت ژیان ئومێد بەخش بکات. لێبووردن کەرامەتی ئافرەتە، جوانی پەرستگایەتی، هەڵوێست وبەزەیی ڕەفتارێتی، شکۆمەندی

باوەڕێتی، ئازادی پەیامی پەروەردەیەتی، هەمیشەیی ئامانجێتی وگێتی بوون خەونەکانیین. تەقەلا بۆ گەیشتن بە ئازادی دەبێت بکرێت بە خوو. بە ویست، بە باوەڕ.
ووتەکانی حەزرەتی ئێڤا هێندە جوان بوون، هێشتا لە بیرمدا دەزرنگێنەوە، هەرچەند ئافرەتێک دەبینم، لەیادمدا وەک سروود دووپات دەبنەوە.

مێرولەیەک لە مێرولەکان کە هێشتا هیچی نە فەرمووبوو، فەرمووی: من لەوەتەی ژیان هەیە دەژیم.. لەژیاندا لە ئافرەتی جوان وڕاستگۆ پیـرۆزترو جوانترم نەدیوە. جا من لەو باوەڕەدام بوونەوەر ڕەحمی هەیە، تەنانەت گەر خواوەندیش تاک بێت یان جووت یان بەرفراوان، بێگومانم کە مێینەیە.

## تابلۆی بڵاو بوونەوە

لەوکاتەدا کە حەزرەتی نوح وەهای دەفەرموو..کات وەستا.. زەمین گرمە لەدەروونییەوە هەستا.. ئاسمان وەک دوو دەستی بەیەکدا نووساو لەیەکتری جیا بووەوە.. هەورە ڕەشە چڵکنەکان کە بەری خۆرو بەری زەمینیـان گرتبوو لەئاسمانی یەکەمدا، ڕەوینەوە! لەترسی شەپۆل وباکان دوور بەرەو چەپی ئاسمان دوور دەکەوتنەوە.. دەبوون بە دێـوی ڕەشی ناشیرین ؛ دەگەڕانەوە ئاسمانەکانی خۆیان، لەتاریکیدا وون دەبوون.. دەترسان بمێننەوەو سەیری کەرامەتی حەزرەتی نـوح بکەن.. دەترسان پریشکی پیریان بەر بکەوێت! بۆیە هەندێکیان پرشنگیان بەر کەوتبوو.. بەجێ مابوون، چونکە پرشنگی پیـرشالیاریان بەر کەوتبوو دانیشتبوون ئەم کتێـبەیان دەخوێندەوە..یان خۆیان ئامادە دەکرد ببن بە دێـوی سپی! چونکە سەیری مێرولەکانیـان دەکرد.
تارماییە تاریکەکانیش، ئەوانەی کە شەڕ خواز بوون، بوون بە خێوی شەڕو بە ئاسماندا بڵاو دەبوونەوە.. شاڵاویان بردە سەر ڤاتیکان، سەرمزگەوت ومەرقەدەکان، سەر کەنیسەکانی جیـهان..سەر پەرستگاکان ونزرگەکان.. خۆیان وەک لەشکری ئەهریـمەن مەتیین ئامادە کردبوو بۆ شاڵاو بردنە سەریەکتری.. قەشەو پاپاو ئیمام وبیسکۆب وموونک وڕاهیب ومەلاو فەقیرو دەروێشیان بە دەنووک هەڵدەگرت و دەیانفڕاندن.. دەیانبردن بەرەو ئاگردانەکانی دۆزەخ..تەنها شەڕ، شەڕەکان کۆتایی پێدەهێنێت. چاک بزانن خێر شەڕی لێ ناوەشێتەوە.
بوو بە هاتوو هاوار..

هەرچی مەسیح وماریاکانی جیـهان هەیە، هەرچی پەیکەرو تابـلۆکانی جیـهانی مۆزەخانەکانە دەر دەپەڕین وهانایان بۆ من دەهێنا.. هاواریان دەکرد ڕێگە چارەیەک، سنووریێک بۆ شەڕەکانیـان دابنێم.. گشتیان هانایان بۆ من دەهێنا..

منیش نیوەم لەژوورەکەدا دەفلیقایەوە.. نیوەی لەشم لەدارستانەکەدا بەدیار هێلکەیەکەوە دۆش دامابوو..

سەیری کەرامەتی خۆمم دەکرد.. باوەڕم بە کەرامەتی خۆم بوو.. ئامۆژگاریی خۆمم دەکرد بەخۆم دەفەرموو: کوڕم مەترسە، ئەگەر تۆ حەزرەتی نـوح نییت، بێگومان لە سەری ئەودا لەدایک بوویت..

باوەڕت بە کەرامەتی خۆت هەبێت. لە چنگی دێوەکاندا گیرم خواردبوو.. خەریک بووم وون دەبووم!

من دابەش بووبووم بۆ هەزار بەش، بەشێکم لەژوورەکەمدا بوو، بەشێکم لەدەرەوە، بەشێکم لە ڕووناکیدا بوو، بەشێکم لەتاریکیدا.. لایەکی لەشم وەک تەنافەکانی جاڵجاڵۆکەی پیرۆز ڕۆشن و لاکەی تری لەشم بە دەستی ژیانەوە پڕ دەبوو لە شەکەت.. پڕ دەبوو لە ترسی ڕووخسارەکانی خەڵکی.. نەمدەزانی ڕووی خۆم بکەمە چی ئاستێک! نەمدەزانی خۆشی وکامەرانی چییە! تەنها بیرم لای میللەتێکی ساکارو هەشبەسەرو سەرلێشێواو بوو.. وەک چۆن باکان یاری بە پەپوولەکان دەکات.. ئاوەها گیانم دابەش دەبوو بەسەر جیهاندا! هەر پرچەیەکی گیانم لە وولاتێک و شارێک و بازاڕێکی جیهاندا دەگەڕا.. دەگەڕام دەموویست حەزرەتێک لە حەزرەتە پیرۆزەکان بدۆزمەوە! بۆ کەسێک دەگەڕام لە مرۆڤێکی بێخەوش و بێدرۆ بچێت..

بەیانی بوو، سروەی بەیانیی ڕۆژێکی نەورۆز.. من لەهەموو دۆخی باسەکاندا بەزەقی خۆمم دەدی..

دەمزانی بوونەوەر لەمندا بچووکە، چونکە من گەیشتبوومە ترۆپکی جوانی.

من پەنابەرێکم کە هەموو پاڵەوانەکانی ئەم ڕۆمانەو هەموو وشەکانی ئەم کتێـبەم.. پیر شالیارو، جاڵـجاڵـۆکەو لەقلەق وپەبابەرو چیرۆکخوانم! من دڵی هەموو پەیکەرەکانم.. من گیانی نـوح-م پێیە و دەمەوێت پەیامی ئەوتان پێ ڕابگەیەنم..

وا مەزانن مـرۆڤ هێندە بێنرخە ئـێوە بتوانن گاڵتە بە کەرامەتی بکەن! وامەزانن کە ئـێوە بە دەسەڵاتی شەڕ قووتبەکانی جوانیتان چنیوە! وا نییە.. جوانی گیانی خۆپەرستی وترس ونەخۆشیی تیا نییە..

جوانی دەرمانی هەموو نەخۆشییەکانی تیایە.. هونەری من پڕە لە چارەی ئەو نەخۆشییانەی کە گەندەڵ بوونی ژینگە دەیهێنێت.. من دەتوانم ژینگە چارەسەر بکەم.

ئەوەی مـرۆڤێک دەکوژێت، وەک ئەوە وایە خواوەند بکوژێت.. دەبێت فێر بن، مـرۆڤ بە ئاسماندا نەتەقێننەوە.. دەبێت درۆ نەکەن.. دەبێت ئیسلام بەسەر خۆیدا بچێتەوە.. دەبێت دەست وسەرو زمانی مـرۆڤ یان خواوەند نەبڕدرێت! دەبێ شەرم لەخوای خۆتان بکەن، هێندە مـرۆڤ نەتەقێننەوە، چونکە الله-ی ئـێوە پڕ بووە لەشەڕ.. خوا بەزەیی بەخۆیدا دێتەوە هێندە لەهەڕەشەو کفرتان دەترسێت!

بەسە هێندە مـرۆڤ بەسووک مەزانن، هێندە مـرۆڤ لەپێناوی بەرژەوەندیدا مەدەن بەکوشت! بەسە شەرم لەخۆتان بکەن.

نازانم بەچی زمانێک بۆ مـرۆڤێکی موسوڵمان بدوێم! لای موسوڵمان من کافرم! هەرچییەک بڵێم ئەوان لێم دەبن بە نمایندەی خواو دێن فرمانی مەرگم فتوا دەکەن! ئەم جەهالەتە چییە؟ ئەم وەحشییەتە چییە؟ واز بێنن! تکایە ووتەکانم بەسەرزەنشت مەگرن.. بگەڕێنەوە ناو ماڵی خۆتان، خواکـانی خۆتان بپەرستن..

ئێمە خواوەندی خۆمان هەیە.

ئـێوە باوەڕتان بە حەزرەتی نـوح هەبێت یان نا؛ ئایینەکان باوەڕیان بە و مەتیینە.. ئەو تکاتان لێدەکات کە کەمێک بەسەر خۆتاندا بچنەوە.. چونکە بوون بەدێـو مەترسیی لەدوایە.. من نایەڵم دێـوەکانتان بەر

بێتە گیانی مەسیح وماریاکان.. من نایەڵم پێـغەمـبەری ئیسلام سەرزەنشت بکرێت! ڕێگە نادەم هونەر بەو جۆرە بێئابڕوو بێت! ڕێگە نادەم بە هیچ میللەتێک سەرزەنشتی ئایین و پێـغەمـبەرانی میللەتان بکات.. پێـغەمـبەرەکان موڵکی مـرۆڤن.. موڵکی هەر میللەتێکن، پیـرۆزن.

من بابایەکم کەرامەتی کەلتوورەکان دەپارێزم.. دەتوانم سەری ڕێزم بۆ هەموو پێـغەمـبەرێک دانەوێنم وپێیان بڵێم ڕێزم هەیە بۆتان، کوڕم. باوکم، باپیرم.
چونکە من دەزانم ئێمەی مـرۆڤی ڕەسەن دایک و باوک وباپیرو نەنکی حەزرەتەکانیین! نـوح وئیبراهیم ومووسا و مەسیح وماریا و یووسف ویونس منداڵی باوانی ئێمە بوون.. ئێمە وەچەی حەواو ئادەمین.
کەس بۆی نییە فێری پەرستاری وکوشتن وتەعداو هەڕەشەو سەربڕین وتەقاندنەوەمان بکات.
من دەتوانم کات ڕابگرم.. بەزمانێکی بێگەرد لەگەڵ خواکـانی خۆمدا ئازادانە بدوێم وکەسیش تاوانبارم نەکات! من خاوەنی پەرستاریی هونەری خۆمم.. من نەخشەی بوونەوەرم لە هونەردا شاردۆتەوە.. ئەگەر ئازان بیدۆزنەوە.
کات خەریک بوو لە پێنج وبیستو یەک چرکەی بەیانی لایدەدا! دەتوانم بڵێم کات بیست و سێ چرکەی بەیانی بوو، کاتێک بێدار بوومەوە! ژیان بووبوو بەدوو بەشەوە.. لایەک ڕۆشن لایەک تاریک! تیشکی ڕۆژ نازی دەکرد بەسەر شکۆی لووتکەی ئاراراتدا.. پرچی پرتەقاڵی وپەمەیی ڕەنگی نیشانی لووتکەکان دەدا.. سروشت مەست بوو بەبۆنی ڕیحانەو نێرگزو شەوبۆ..گۆدۆی خواوەندی دێرینەی زاگرۆسییەکان لەسەر ترۆپکی ئارارات تاکو تەنها ڕاوەستابوو.. سەیری تیشکی هەورە تریشقەی دەکرد کە چەخماخەی دەکرد.. تیشک دەستی بۆ گۆی مەمکی ئارارات دەبرد..بتێکی پیـرۆزو مەزنی لەبەرق دروست دەکرد..کەس نەیدەبینی! بتێکی سپی کە گاە لە لەقلەق دەچوو گاە لەجاڵـجاڵـۆکەی پیـرۆز، گاە لە نوح! گاە دەبوو بە پیـرشالیار! جار ناجاریش دەبوو بە منی پەنابەر.. تیشکی بروسکە کە دەردەکەوت و ڕادەوەستا.
هەورە ڕەشەکان لە بەشە تاریکەکەی ئاسماندا؛ بوون بە قەلەڕەشکەی گەورەی زۆر ناشیرین.. بەئاسماندا هەڵدەفڕین وتادەهاتن زیاتر گەورەترو زۆرتر دەبوون.. دەیانقریشکاند، وەکو کەری نەخۆش دەزەڕین.. دەیانگووت نۆرەی هەڵمەتی ئێمەیە بۆسەر دێـوەکان.. شەڕ لەخۆی تووڕە بوو.. دەفڕین بەناو شارو کەنیسەو مزگەوتەکان ومۆزەخانەکانی جیـهاندا.. بەدەنووکی مشارین وئاسن شێوەیان!
خۆیان بەهەر کونجێکی ئەم سەرزەمینەدا دەکرد، قەشەیەک پاپایەک، ئیمامێک مەلایەک مونکێک، ڕاهیب وڕاهیبەیەکیان بەدەنووکەوە بوو کە وەدەر دەکەوتن.. کات هێشتا دەمەو بەیان بوو، کات تریفەی بەیانی بوو، ڕۆژی بیستویەکەمی نەورۆز بوو، کات پێنج وبیستویەک خولەکی سەر لەبەیانی بوو..شەڕ لەکردەوەکانی خۆی تووڕە بوو.. هەر قەلەڕەشکە بوو دێـوی سەرسەخت وسەرکێشی بەدەنووک بەرەو مەزبەلەکانی جەهەننەم دەبرد.. دوور دوور ئەوانی دەبرد.. ئاسمانەکان ڕۆشن دەبوونەوە.. هەموو ماریاکانی جیـهان لەکەنیسەو مۆزەخانەکاندا بە ڕووتی وبە بەرگەوە، بە مەسیح لەباوەشەوە هەڵدەهاتن.. لە تابلۆو لەدیواری مۆزەخانەکانی جیـهان جیادەبوونەوە.. دەهاتن بەرەو لووتکەی ئارارات بۆ دادانی جەژنی نەورۆز.. بینیم ئارارات بۆ چرکەیەک ئازاد بووە ودێـوەکانی جەندرمەی توورک نووستوون!

بینیم بۆ چرکەیەک ئارارات ئازاد بوو.. منیش لە خەومدا گەڕامەوە.. بۆ گێڕانی ئاهەنگی نەورۆز، بۆ سەر سەری حەزرەتی نـوح، بۆ لای گیانی باوانی پیـرۆزم.. بغوردێکم لەژوورەکەمدا داگیرساند.. دووکەڵی

بغوردەکە بووبە کەشتییەکی خەیاڵی لە ئاسماندا.. بەدەم باوە دەڕۆی.. شەپۆلەکانی هەوای دەبڕی! دەمبینی گیانەکان لەئاسماندا سەمادەکەن.. سروود بۆ گیانی بێـولاًت دەخوێنن.. بینیم لەناوکەشتییەکەمدا ئەو ناوانەی لەم کتێـبەدا هاتوون، لەناو کەشتییەکەمدا دانیشتوون.. تەماشای هاتنی مـرۆڤی بێـولاًت دەکەن.. تەماشای ڕۆیشتن وبالاًو کەرامەتی دەکەن.. لەناوکەشتییە خەیاڵییەکەی سەر سەرمدا دانیشتوون نوێژ دەکەن.. نوێژی ئامین.. بە خەیاڵ خۆمم وەک حەزرەتی نـوح دەبینی، لەگەڵ مێرولە پیـرۆزەکانمدا لە بەرگی سپییدا دەڕۆیشتم.. سێبەرەکەم لە سێبەری جاڵـجاڵـۆکەیەکی مەزنی سپی دەچوو.. دەڕۆیشتم جێگەی پێکانیم سەوز دەبوون..نەمدەزانی لە کوێم ! لەژوورەکەمدا ! یان لەئارارات؟

دەمبیـنی مێرولە سپییەکان لە دەووری سەرم دەسووڕان، ئەڵقەیەکی ڕۆشنیان لە سەر تەوقی سەرم بە تیشک دەچنی.. گوێم لێ بوو بە زمانی مێرولە گۆرانییان دەچڕی، دەیانفەرموو: تۆ درەختێکی مەزنیـت، تۆ هەستی بوونەوەریـت. تۆ هەستی پێغەمبەرەکان و فریشتەکانی.. تۆ هەناسەکانی مرۆڤی پیرۆزیت. نەمدەزانی چی بکەم !

هێشتا دەبێت چاوەڕوانی هاتنی بکەم یان هاتووە؟ نەمدەزانی ڕاستی لەکوێدایە! دڵنیا بووم لەوەی کەبێدارم.. بەڵام دەمتوانی ببینم، لەناو کەشتییەکەدا دەمدی هەرچی ئافرەتانی جیـهان هەیە.. هەرچی منداڵانی جیـهان هەیە، هەرچی مەسیح وماریاکانی جیـهانە، هەرچی لێقەوماوو برسی و بێتاوانە پێکەوە دەڵێن: بوونەوەر لە گوناهەکانی ئەم سەردەمانە خۆش نابێت.

بینیم هەموو ئافرەتانی جیـهان بەڕووتی بەسەرشەقامەکاندا.. بەسەر توولە ڕێگا ڕۆشنەکاندا دەڕۆن.. هەریەکەیان مەشخەڵێکی خاجیی لەدەستەو بەو ڕێگایانەدا دەڕۆن کە لەشوێن پێی ئەودا سەوز دەبوو.. دەمبینی هەموو شارەکانی جیـهان ڕووت و قووت دەگەڕان، ئافرەتەکانی شارەکانی هەموو جیـهان دەنگی هاتنی مژدەی مـرۆڤی بێـولاًتیان دەخوێند.. بەدەنگی هەزاران  ـ سارا برایتمان ـ هاواریان دەکرد: ئازادی بۆ جیـهان.. جوانی بۆ ژیان، نەمری بۆمـرۆڤ، بژی ئاشتی.. هاوگیانی و هاوهەستی وهاوبیری و هاوجیهانی.. دەیانفەرموو: گەیشت گۆدۆی پەروەردەی هەستی جوانی. نـوحی پەیامی هونەر وجوانی. دەنگێکی سەیر بەر گوێم دەکەوت دەیفەرموو: مـرۆڤ لە ووشە لەدایک بووە.. ووشەکان گیانی ئافرەتن بە هەڵە بەکاریان مەبەن. هەوڵ بدەن ووشەی زبر کەم بەکاربەرن.. نەرم بن وەک لەشی ئافرەت..

مێرولەکان گشتیان ڕوویان کردە جاڵـجاڵـۆکەی پیـرۆز، پێکەوە بە کۆڕاڵ بە دەنگی خامۆش فەرموویان: ئەی ڕۆشنایی.. ئەی نووری ئاسمانەکان.. ئێمە  برسیی زانستی خامۆشین.. هێـندەی لەشمان توانای تیایە کار دەکەین.. گەر برسێتی ڕوومان تێبکات، لەشی خۆمان دەکەین بە خۆراکی ووردیلەکانمان.. ووردیلەکانمان تەنهاو بێناز بۆ سەرزەنشت بە خێو ناکەین.. ووردیلەکانمان بە ڕێزەوە گۆش دەکەین. ئێمە بوونمان بەخشیوە بە ووردیلەکانمان. ئامیین.

مێرولەکان فەرموویان: خەندەکان جیـهان ڕزگار دەکەن. پیس بوونی ژینگە بە پیس بوونی دەروون دەست پێ دەکات. بەدرۆ ژیان لەناو دەچێت. بووختان نەخۆشییەکان زۆر دەکات. ووریابن.. دەبێت بزانن کە خەندەیەک جیـهان ڕزگار دەکات. هەموو پێکەوە فەرموویان : ئامیین.

# تابلۆی کامەرانی

نـوح کەشتییەکەی لە پرچی شەپۆل ئاسای بادا لەسەر ترۆپکی ئارارات لە دۆخی لەنگەردا ؛ گەمەیەکی نەرمی دەکرد.. هێشتا لە ئاخاوتن نەبووەوە لەگەڵ داپیرە گەورەی حەزرەتی ئەنناهینا -.. باسی مەزنیی مـرۆڤی دەکرد بۆ ئەو. دەیفەرموو کامەرانی دۆزینەوەی گەنجەکانی دەروونە. چونکە دەروونی ئافرەت گەنجینەی وەها مەزنی تیایە کە ژیری هێشتا پەییان پێنەبردووە.

دەیفەرموو: کامەرانی مەراتیبە، قوتبیشی هەیە.. لەبەر ئەوەی قوتب باڵاترە لە مەراتیب، من باسی قوتب بۆ ئازیزی گیانیی خۆم دەکەم، لە قوتبا کامەرانی کەژاوەیەکە، تیایدا ئافرەتێکی باڵدار ڕاکشاوە، یان پیاوێکی باڵدار. لەسەر پشتی حاجیلەقلەقێکی مەزنی شێوە تیشک؛ بە گەردوونەکاندا گیان دەگەڕێنێت.

دەیانگەڕێنێت بە ئاسمانە پیرۆزەکاندا و ڕەنگەکانیان نیشان دەدات.. ئەو ڕەنگانەی کامەرانی بەخشن.

کاتێک کە مرۆڤ لەو کەژاوەیەدا لەسەر باڵی لەقلەق فێری کەرامەتناسی دەبێت.. مرۆڤ خۆی دەبینێت.. خۆزگە دەخوازێت..

لەو کەژاوەیەدا ؛ چاوەڕوانی بوونی نییە. چونکە مـرۆڤ لەگەڵ نیازەکانیدا دەژی. لەوێ زانستەکانی گشت گەردوونەکان بە ئازادی کۆتاییان دێت. ئازادی پەیامی یەکەم و دواییینی بوونەوەرە.. تەنها یەک شت لە عیشق پیرۆز ترە.. ئەویش ئازادییە! لەوێدا مرۆڤ هەرچییەک بە خەیاڵیدا بێت دەبێت بە ڕاستییە کی بەڵگە نەویست.. مـرۆڤ لەو کەژاوەیەدا هەرچییەک دڵی داخوازیی بکات، دێتە دی، هەرچۆنێکی بووێت.. چونکە مرۆڤ یەک دەگرێت لەگەڵ نەستی خواوەنددا! بەڵام ئاگادار بە لەوێدا هەرگیز مـرۆڤی بەد کەژاوەی نییە. چونکە لە گەردوونی جوانییدا بەدکاری بوونی نییە. ئەو کەژاوەیە بەهەشتی کردەوەکان و وتەکان و بیرەکانمانە.

لەوێدا تۆ دەبینم ئەی حەزرەتی جوانی، ئەی کەرامەتی عیشق، دەتبینم زۆر نییان ڕاکشاوی. چەندە جوانی!؟

بە تەماشاکانت کەرامەتم گۆش دەبێت.. بە دەنگی ئاوازی ئامیینی گیانت؛ فریشـتەکانی خەندە لەدایک دەبن لەسەر نیگات. من کامەرانم بەتەماشات.. بڕوانە چۆن ووتەکانم لە دەوری تەماشای بزەو نیگات دادەگیرسێن و وەک ئەستێرەی گەورەو بچووک لە دەوری تەماشات دەبریکێنەوە! من لە بەهرەی ئاوازەکاندا دەژیم؛ ئاوازی گیان، ئامیین.

ئەی ئافرەت، ئەی حورمەتی ژیان، ئەی پەرستگای خواکـان.. خواکـان نوێژ بۆ جوانی، تەنها نوێژ بۆ هونەرو جوانی دەکەن. مەهێڵن هەستی چەپەڵ، درۆ و بوختان؛ تاریکی لەدەوری کەژاوەی تەماشاو نیگاتان بچنێت. نەکەن کارێک بکەن شەرمی خۆتان بریندار بکەن.. شەرم لە کردەوەی جوان و پیـرۆز، لە ڕاستی و حەق مەکەن.. نەیەڵن دەستی چەپەڵ بەر لەشتان بکەوێت.. درۆ لەگەڵ باوەڕو هەست و سۆزی خۆتان مەکەن. دان بە جوانـیدا بنێن، چونکە جوانی کەژاوەی کردەوەکانی مـرۆڤە لە هەردوو ڕەگەز. ڕابن، هەستن؛ من باوەڕم بە مەتینیی کەرامەتی ئێوە هەیە. چوونکە من لە خەندەکانی ئێوەدا دەژییم.

جوانییەکانی هەڵوێستەکانمان دەبێت بە کۆشک لە گەردوونی کردەوەکانماندا.. کردەوە دووپاتەکانمان.. من لەوێ خاوەنی کۆشکێکی سپییم.. مێرولەکان بۆیان درووست کردووم.

باڵەکانی من شا باڵن،؛ ئەوانیش مێرولەکان بۆمیان چنی.. کە دەفرم؛ بوونەوەر تەی دەکەم.. کاکێشان لە مێرولەکان دروست دەکەم.. پرشنگم بە ئاسمانەکانی حەوتەمدا پەخش دەبێت.. من کە دێمەوە ناو کۆشکی

دەرووونی خۆم؛ تەماشا دەکەم.. کار دەکەم.. پاسەوانی گیانی حەزرەتی مەسیحەکان و ماریاکان دەکەم.. لەگەڵ کەرامەتی خۆمدا خۆشحاڵم.. سەیری فریشـتەکان دەکەم.

مێرولەیەک ؛ بە شەرم و نازەوە فەرمووی: ئەی ئێمە؟
فەرمووم: ئـێوە دڵ وگیانی منن.. خوشک و دایک و خۆشەویستی من.. ئـێوە گیانی منن. گیانی ئەو فریشتە سپی پۆشانەی کە لە کەنیسەی کەژاوەئاسای گەردوونی جوانیمدا دەژین. ئێوە گیانی منداڵانی ئەنفال و زۆرلێکراوانی مێژوون. ئێوە ڕابەری پەیامەکانی منن. ئەو ڕاهیبە پاکیزانەن کە بۆ عیشقی پاکی حەزرەتی مەسیح دەژین.

وەها دەدوا حەزرەتی نـوح بۆ مێرولەکان. چونکە تەنها ئەوان باوەڕیان بەو بوو. قەلە ڕەشکەکان نەگەڕابوونەوە هێشتا؛ چونکە یاخی بوبوون.. بەیانی بوو.. بەیانیی بیستوویەکەمی نەورۆز، کات نەزانراو! بەڵام بەیانی بوو، خۆر گەش گەش داگیرسا بوو.. لە ترۆپکی کەشتییەکەدا، نـوح لەناو پەنجەرەی نهۆمی حەوتەمدا تەماشای خۆری دەکرد.. دایکی پیـرۆزی. تەماشای مت بوونەوەی لافاوی دەکرد لەگەڵ حەزرەتی ئەننا هینا.. هەردووکیان خۆیان لە سەرچەفێکی ئاوریشمینەوە پێچابوو.. ئاگرێکی خۆش لە کوورەیەکی ئاسنییندا دەگەشایەوە.. دەوروبەر شاد بوو بە پرچی پەخشانی ڕۆژ.. چاوەڕێی گەڕانەوەی کۆتر بوو.
حەزرەتی ئەنناهینا قوتویەکی نەخشینی لەناو تاقی پەنجەرەکەدا دانابوو، تا بۆنی ژووری حەوانەوەی حەزرەتی نـوح خۆش بکات.. چونکە ڕۆنی نێرگز بوو.. نـوح بە هەناسە گیانی ئەوی شێلا بوو.. ئەویش پرچی لوول و درەخشانی ئاڵتوون و پرتەقاڵیی بەسەر شان و سنگیدا پەخشان بوو.. کاتێک کە قووتووە ڕۆنەکەی دایە دەست نـوح، فەرمووی: دەتوانی کەمێک بمشێلیت؟
نـوح هەردوو دەستی خۆی پڕکرد لە ڕۆن، پاشان بە نەرمە شێلان هاڵاوی لەلەشی گەرمی ئەنناهینا بە هەوادا وەک سەما دەگەڕان.. خۆشایی بە گیانی ئەو دەگەیاند.. ئەویش لەیادی خۆیدا لەناو کەژاوەیەکی جواندا ڕاکشابوو، خۆشایی دەگەیشت بە ناخی، خۆی پیـرۆزتر دەبینی بە دەم شێلانەوە.. نـوح گیانی ئەوی گەرم دەکردەوە.
مێرولەکان هاتن، شاژنی مێرولەکان کتێـبێکی پیـرۆزی لەدەست بوو.. کتێـبێکی سپی.. لێی نووسرابوو: سەلمای ئامیین.. پەیامی جوانی لە هەستی نـوح-دا. وێنەیەکی منیشی لەسەر بوو. بە ڕێزەوە سەری دانەواندو کتێـبەکەی پێشکەش کردم. بوو بە چەپڵە ڕێزان.. بوو بە ئاهەنگ و سەما.. بوو بە هەلهەلەو چەپڵە ڕێزانی شایی.
مێرولەیەکی بچکۆلەی جوان .. قژ زەرد چاوشین.. لێوی سوور و سپی پۆش هاتە پێش و ئۆکردۆنێکی لە مل بوو کە قەبارەی لەقەبارەی خۆی گەورەتر بوو.. دەستی کرد بە ئۆکردیۆن ژەنیین.. ئۆکردیۆنەکە هێـندەی دەنکە گەنمێک دەبوو.
ئاوازێکی زۆر سەیری ژەنی.. بە ئاوازەکەی باسی باوک و باپیری بۆ کردم.. بە ئاواز فەرمووی: باوکم، باپیرم، باپیرە گەورەشم مۆسیقارو هونەرمەند بوون.. کاتێک ئەوان مۆسیقایان دەژەن.. هەنگەکان دەچوون بە میوانیی گوڵەکان.. گوڵەکان شیلەیەکی خۆشیان دەبەخشی بە هەنگەکان. هەنگەکان دەگەڕانەوە.. بە دڵنیاییەوە هەنگوینەکانیـان لە درەختی زەماندا ڕۆ کرد.. ئەو هەنگوینەی کە من لە خەوما دەیخۆم.

مێرولەکە زۆر زیرەک بوو.. سەرم لە ژەنیدنی ئاوازو سیحری ژیریی دەهات.. منیش دڵێکی سپیم کرد بە دیاریی.. دڵێکی سپیم بە پرچی پەخشانیدا هەڵواسی.

پاشان ڕووم کردە مێرولەکان و فەرمووم: مۆسیقا ژیان خۆش دەکات.. باڵندە و ئاژەڵ و سروشت گەشبین دەکات.. گوڵەکان جوانتر دەکات. هەستەکانمان ژیر.

مۆسیقا دەتوانێت، ببێت بە شیفای خەندە دزراوەکان.. دەتوانێت ببێت بە گیانی خواکـان. بژی مۆسیقا و هونەر.. بژی جوانی.. بژی مـرۆڤی کارمەندو مێرولە خۆشەویستەکان. مۆسیقا گیانی ژیانە { بەڵام نەکەن بەد سوودانە مۆسیقا بەکار بەرن. نەکەن گوێ لە میتاڵیکا بگرن. چونکە خانەکانی لەشتان شیتەڵ و منداڵەکانی داهاتووتان زەلییل دەکات}

لەو کاتەدا کە کات وەستا من نییوەم لە ژوورەوە بوو، نیوەکەی ترم بە دەم باوە پەخش دەبوو.. دەبووم بە پرشنگی ئومێد، بە خەندەی ژیان و بەسەر لێوی منداڵان و ئافرەتی جواندا پەخش دەبووم.. بە گەردوونی جوانییدا دەهاتم و دەچووم.. دەبووم بە پیر، بە لەقلەق و جالـجالـۆکەی پیـرۆز.. دەبووم بە نـوح.. بە ئۆدین، زەردەشت.. دەبووم بە خواو خواکـان، فریشـتەو پێـغەمـبەرەکان.. لەگەڵ گیانی باڵندەو ئاژەڵ و مەگەز دەدوام.. تەنانەت قەلەڕەشکەکانیش ڕێزیان لێ دەنام.. کە کات وەستا قەلەڕەشکەیەک هات سێ جار فەرمووی سڵاو.. ئێمە شانازی بە پەیامی نـوح- ـەوە دەکەین. سەربەرزین بە فەرموودەکانتان. قەلە ڕەشکەکە نەخۆش بوو.. قورگی ئاوسا بوو، دەنگی گڕو بریندار بوو؛ کاتێک قاغەی دەکرد!

لەو کاتەدا کە کات تێپەڕی لە بیستو یەکچرکە.. دوو مێرولەی مەزن هاتن.. سپی و باڵدار.. هێـندەی بەری دەستی نـوح گەورە بوون.. یەکەمیان دەنکە شقارتەیەکی لەدەست بوو.. دووەمیان شقارتەیەکی هەڵگرتبوو.. وام زانی هاتوون گڕ لە گیانم بەر بدەن!

کەچی کاتێک کە شا ژنی مێرولەی سپی دەنکە شقارتەکەی داگیرساند.. لەچاوی مێرولەی دووەمدا کە شقارتەکەی بۆ پێکردن ڕاگرتبوو.. بینیم وێنەی پێچەوانەی شاخێک! هێـندەی ئارارات بەرز بوو.. بینیم من لەسەر چیای ئارارات ڕاوەستاوم و کە شتییەکەم لەنگەر پێ گرتووە.. مێرولەکان گشتیان مۆمێکی مەزنی سپییان لەگەڵ خۆیان هێنابوو.. لەو کاتەدا کە کات وەستابوو، مێرولەکان دەوری منیـان دابوو.. لە چاوتروکانێکدا دەوریان دام و بە گیانمدا هەڵگەڕان..وەک کراسێکی ئاودامان درێژو فەقیانەدارو سپی سپی؛ بە شەرواڵ و چۆغەی سپی و سەڵتە تەونیان کردم.. دایان پۆشیم و سپی پۆشیان کردم.. لەو ساتەدا جالـجالـۆکەی پیـرۆز لە قووماتی لەشم بوو بووەوە! لەو کاتەدا کە لەقلەق گیانی دۆعاو مەسیح و مەریاکانی بۆ هێنام.. لەو کاتەدا کە پیر درەختی مەزنی لە سەر سەرم دەڕواند..پێـغەمـبەرو خواکـانم دەدواند.. مێرولەکان گەیشتن.. مۆمێکی سپییان داگیرساند.. بۆ گیانی من.. بۆ گیانی هەموو مـرۆڤە بە ناهەق کوژراوەکانی مێژوو.. بۆ گیانی ئافرەتانی جیـهان.

مێرولە سپی یەکان بە ئاوازێکی ئەنتەر ناسیۆنال، بەکۆراڵ خوێندیان: جوانی پایەدار بێت.. بژی عیشق وئازادی و هونەرو جوانی.. بژی مـرۆڤ وژیان.. بژی خرۆشی مۆسیقا.. بژی خۆشەویستی و وەفا.

کاتێک کە مۆمەکەیان داگیرساند.. من ڕاچەنییم.. سەیری کاتژمێرەکەم کرد کات پێنج و بیست و یەک خوولەکی بەیانی بوو.. کە سەیری کاژێری هەیوانەکەم کرد کات پێنج و بیست و سێ خوولەک بوو.. هەردووکیان ڕاست بوون. چونکە کات درۆ لەگەڵ مندا ناکات.

بینیم مێرولەکان لەگەڵمدا دەدوێن، هاتوون مەشخەڵی زانستی خامۆش لەسەرمدا داگیرسێنن.. هاتوون مژدەی تەواو بوونی زانستی خامۆشم بدەنێ.. ئاهەنگی تەواو بوونی قوتبی مەراتیب.. لە زانستی نوێ. شا ژنی مێرولەکان کە دەنکە شقارتەکەی پێ بوو.. کاتێک دەنکە شقارتەکەی وەک مەشخەڵ لەسەر سەرم داگیرساند.. شقارتەکە بوو بە بغووردێکی سپی.. بوو بە لەقلەق.. بۆنی بە جیـهاندا پەخش دەبوو، دەفڕی بۆ سنووری وڵاتی نـوح دەگەڕا!

پاشان دەنکێک  شقارتەی تری دەرهێناو ڕوویکردە تەماشاکەران کە منیـان سپی سپی داپۆشیبوو..

مێرولەکان بەرگی بەرم بوون، تێم ورووکابوون.

بینیم شا ژن ئامادەیان دەکات، ئاماژەی ژەنینیـیان دەداتێ..بینیم گشتیان فلووت و کەمان و گیتاروو جووزەلە و دەف و زەرب و پیانۆ و قیسارەو سێکسیفۆن و هەزاران ئامێریان پێیە.. گوێم لێ بوو هەندێک لەوان بە ئاوازی گانا، بە تەقەی دەنووکی لەقلەق؛ بەدار، قڕەی لەقلەقیان دەژەند.. هەندێک دەهۆڵیان دەژەند دەهۆڵی چیین.. هەندێک تەنها سەمایان دەکرد بە دەوری گەردووندا هەڵدەفڕیین. سامەکان هییندییە پێست سوورەکان، زاگرۆسییەکان دەفیان دەکووتا.. باڵەبانیـیان دەژەند، زووڕنایان لێدەدا.. دەروێشە پیرەکان هەلەکە سەمای مژدەیان دەکرد.

نەمدەزانی لەخۆشیدا چی بکەم! دەمویست بچمە دەرێ و بانگ بدەم، بە چپە بە هاوڕێـکانم بڵێم مژدەم بەنێ نـوح هات.. هاتووە بە هەر حاڵ لەناوتاندایەو هەمووتان لە کەشتییەکی خۆیدا دەبینێت.. بەڵام تەنها دانیشتووەو سەیری کەرامەتی خۆی دەکات.. لە گوناهەکانی خۆی خۆش بووەو؛ دەیەوێت ئـێوەش فێری خوودبەخشین بکات.. دەیەوێت باسی داستانی گەشتەکانی بکات بە گەردوونی هونەرو جوانییدا..

دەیەوێت بەدەم منداڵان وئافرەتانی جیـهانەوە بخەندێت.. پێتان بفەرموێت: کەرامەتی مـرۆڤ زۆر گەورەیە.. جوانیش پەرستگاو مزگەوت و کەنیسەو نزرگەی خۆی هەیە.

ئەزانن شکڵی چۆنە؟ دەتانەوێت باسی هاتنییتان بۆ بکەم؟ چونکە من جڵدەکانی ژیان و گەشتەکانی، هونەرو جوانی، ئافرەت وهونەر.. کەرامەتی ئافرەت لەغەیبا.. منداڵی و هەرزەیی نـوح.. نـوح لە غەیبدا ــــم پێ گەیشتووە.

ئەگەر ئەم کتێـبە نەتگەیەنێت بە کەرامەتی نـوح.. ئەوا دەبێت چاوەڕوانی کتێـبی دووەم بن.

# تەواو بوونی کتێبی یەکەم

کە تەواو بووم.. دەستنوێژم شت، نەموێرا بچم بۆ مزگەوت، بەڵام چووم بۆ کەنیسەیەک. پەرستگایەک و ئاتەشگاو بتخانەیەک لە دەروونی خۆمدا.. بە هەموو هێماکان نوێژی هەموو باوەڕەکانم کرد تەنها بە نەخشاندنی ووشەی : ئامیین.. لە دەوری ئاگرێکی پیـرۆز خۆمم کەمێک گرمۆڵە کرد.

پاشان لە ئاوێنەیەکـدا سەیری خۆمم کرد.. لە ئاوێنەکەدا دیمەنێکی ناخۆشی چارەنووسی خۆمم دەبینی.. دەمبینی سەرم بڕدراوە، بەشەق لەکۆڵانەکانی شارێکی مەملەکەتی هەست کردن بە کەمییدا؛ لە هەوادا سەرم سەما دەکات.. سەرێکی بڕدراو بە دەستی دێـوێکی تیرۆریست. لەولاشەوە لاشەی بێ سەرم ئازاد

دەگەڕێت و مێرووولەکان بە وردی و ژێری سەرمیان دەچنییەوە.. دەگەڕام و لە هەر کەسێکم دەپرسی: کوا سەرم، کوا چاوو خەندەکانم ؟ کوان فەرموودەکانم؟ کوا چییان لێهات مێرولەکانم؟

پاشان لە ئاوێنەکە دێمە دەرێ.. گوێ لە ئاوازەکان دەگرم بە هەموو زمانێک.. سامەکان دەف و دەهۆڵ، زاگرۆسییەکان باڵەبان و دەف و زەرب دەژەنن.. هیندییە سوورەکان بە ئاوازی ترپەی دڵم سەما دەکەن و دەهۆڵ دەکووتن. پان فلووتم بۆ دەژەنن. دەڵێن گوایە  پان باز بوو.

ئەوسا تەماشایەکی کوڕەکانم دەکەم.. پاشان ڕوخسارم نیشانی خێزانەکەم دەدەم.. بە دوایدا لەگەڵ خۆمدا بە هێمنی دادەنیشم ولەگەڵ گیانی منداڵە کچە خۆشەویستەکەمدا نوێژێکی تر دەکەم.

نوێژ بۆ برا گەورەکەم، بۆ دایکم، خوشک وبراکانم. نوێژ بۆ تەبیعەت دەکەم؛  بۆ باکان، هەورەکان، شەپۆلەکان، فریشـتەو خواکـان.. من نوێژ بە زمانی خۆزگە دەکەم.. وانەزانن من نوێژ بە عەرەبی دەکەم! من نوێژ بۆ خواوەند و بۆ خواکانیش ناکەم.. چونکە ئەوان بەزەییان بە کردەوەکانی مـرۆڤایەتییدا نایەتەوە! ئەوان لێمان تووڕەن. بۆیە منیش کەمێک تووڕە دەدوێم.. ووتەکانم فەرموودەی ئاشتیین؛ بە هەڵە تێی نەگەن. من مـرۆڤایەتی لە ئازادیدا دەبینمەوە .. چونکە من گەشبینم بەوەی کە پێـغەمـبەری گەردوونی جوانی ـم.. لەپای جوانی پەرستییدا نوێژەکانم دەکەم.

بەدوای ئەوەدا ؛ چاوەڕوان دەبم تا بەیانی.. بەیانیش کە خۆر هەڵدێت؛ بە دەم زیندە خەونەکانمەوە ئەبووژێمەوە بۆ خۆری دەرەوەو خۆری ناوماڵەکەم.. منداڵەکانم دەبینم  خەندە لەسەر لێویانە.. لە خەندەکانیاندا جیـهان و ژیان ئاسایی دەبینم؛ چونکە ئومێدی ئەوان گەورەیە. من لەواندا خۆم پیرۆز دەبینم.. ئەوان خەندەکانی مەسیحەکانی دەروونمن.

منیش پەیامـبەری جوانییم.

بەدەم سەماوە سەرخەوێک دەشکێنم؛ خەونی سپی و کاڵ و کاڵتر دەبینم.. لە خەوما دەنووم.. دەگەڕێمەوە بۆ دیارو نیشتیمانی باوانم.. لە ناو کەشتییەکدا خۆم دەبینم ڕاکشاوم.. جاڵجاڵۆکەی پیرۆز دڵی مەسیح و ماریاکانی دەروونم قوومات دەکات.. لەقلەقی پیرۆز دەبێت بە هەزاران باڵندەی جوان جوان.. پیرشالیار لەسەر باڵی هەر یەکێک لەوان دەبینم بە جیهاندا بڵاو دەبێتەوەو دڵە سپییەکانی تەونی سەرم دەبەخشێتەوە.. دەبینم دۆعاو ئاشتی و هەوار، قەدری و سەبری و تووروليناو سۆما.. دەبینم گشت پاڵەوانەکانی خەیاڵم لەگەڵ مێرولەکاندا مۆم دادەگیرسێنن؛ تا جەستەی تەزیوی هەژدە ساڵ زیندانییم گەرم بکەنەوە.

دەبینم ئافرەتانی هەموو جیـهان دێن؛ مەشخەڵ لەدەست.. دەبن بە لەشکری مێرولە سپی یەکان، باڵدار وەک فریشـتەکانم.. تەرمەکەم دەبەن.. دەیبەن بۆ دوور.. بۆ گەردوونی خەونەکانم سەر ترۆپکی چیای جوود.. لەوێش دایکم دانیشتووە.. دەبینم دایکم تەنها سەری منی لەباوەشەو چاوەڕێیە مێرولەکان تەرمی لەشم بگەیەنن بە ئارارات.

ئیتر کە بێدار دەبمەوە.. لەخۆشیی دیدەنییەکی تردا بۆ خۆرو منداڵ و هاوڕێ و پەلەوەرەکان پێدەکەنم..دێـوەکانیش نامبینن.

مێرولەکان پێکەوە فەرموویان: ئەم کتێـبە ئایینی زەردەشت و نـوح ـ ـە.. پەیامی کووردە.. هەستە کوڕم ڕابە.. کتێـبەکەت بگەیەنە.. بڕۆ داوا لە سەرۆکەکانی کوردو پەرلەمانی ئەوروپاو جیهان بکە تا تیپێکی کوردیی ئەنتەر ناسیۆناڵ دروست بکەیت ؛ تا جیـهان بگەڕێیت بۆ بانگهیشتی: مەملەکەتی کوردوستانی مەزن وئازاد.  چونکە هونەر، تەنها هونەرو جوانی کوردوستان ڕزگار دەکات..

منیش فەرمووم ؛ ئاخر من بۆ  چوارپەل ولەشی خۆم دەگەڕێم.

کۆمەڵێک لە مێرولە سپییەکان تێموروکان؛ بە هەموویان لە چاوترووکانێکدا پۆرترێتێکی نوێیان بۆ سەری بڕدراوم چنییەوە.. پۆرترێتێکی سپی؛ کە لە پۆرترێتی گیانم دەچوو. دەستێک بەرگی ئاوریشمینی سپی سپییان کردە بەرم.. پاشان ئاوێنەیەکیان هێنایە بەر دەمم.. کە تەماشام کرد؛ لەبری خۆم، بینییم هەزاران هەزار ئافرەت و پیاوو لاوی مەشخەڵ لەدەست بەرەو چیای جوود دەچن.. بینیم گشتیان مەشخەڵەکانیان لە شێوەی خاجدا داگیرسابوو.. هەرچی مەسیح و ماریا ئازادکراوەکانی جیهانە بە ئازادی لەگەڵ ئەواندا لەبەرگی سپییدا دەڕۆیشتن.. لووتکەکان گشتیان ڕووناک بوون. چونکە نەوەکانی زاگرۆس ڕاپەڕیبوون.. ئازاد بوون.

پاشان بێدار بوومەوە.. بە ڕێگاکانی خۆمدا بەڕێکەوتم.. مێرولە سپییەکانیش کە هەمیشە باوەڕیان پێمە، بوون بە ڕێگا. منیش بە ڕیگاکانی ئەواندا وەک هەموو ئافرەتان و لاوانی جیهان بەرەو ترۆپکی ئارارات هەنگاوم دەنا.. کات ئاسایی بووەوە. کات دوای وەستانە ئێستا.چەپکێ گوڵو چەپکێ نێرگز..ئازادی بۆ نەوەی زاگرۆس؛ بۆ گەلی نوح.

سەربەست خەسرەو عارف

1963 لە سلێمانی گەڕەکی چوارباخ لە دایک بووە. پلەی خوێندنی سەرەتایی، ناوەندی، پاشان پەیمانگای هونەرە جوانەکانی هەمان شاری تەواوکردووە لەساڵی 1986.لەساڵەکانی خوێندنی پەیمانگادا بەشداریی پێشانگای ساڵانەی کردووە بە تابلۆ.

1984 کۆڕی شیعری بۆ هەڵسەنگاندنی دەروونیی شیعرەکانی ( محەمەد عومەر عوسمان) گرتووە.دوو کتێبی هونەریی ڕەخنەگری ئینگلیزیی کردووە بە کوردی:1. هەربەرت ڕید ـ چەند نامەیەک دەربارەی هونەرـ کە دەشێت پاش تەواو بوونی پەیمانگا لە گۆڤاری بەیان دا لە لایەن هاوڕێکانییەوە بڵاو کرابێتەوە.

2. کتێنی: مانای هونەرـ ساڵی 2007 لەلایەن دەزگای چاپی سەردەم بڵاو کراوەتەوە.لەساڵی 2005 کۆمەڵێک کورتەچیرۆکی بە ناوی: هەستە سەر ڕەشەکان بڵاو کردۆتەوە، لەسەر ئەرکی خۆی. شایەنی باسە ئەم کتێبە ژمارەی چاپی لەسەر تۆمار نەبوو و ساڵی لە چاپدانیشی لە بیرکرابوو.

سەربەست خەسرەو لە ساڵەکانی 1984ـەوە چیرۆک دەنوسێت و بەنرخترینی چیرۆکی ئەو کاتەی، چیرۆکی مێش ـە کە لە گۆڤاری بەیاندا بڵاو کراوەتەوە.

لەساڵی 1986 ڕاستەوخۆ پاش تەواو کردنی پلەی خوێندن، پەنای بردۆتە بە وڵاتی ئێران، دووساڵ لەوێ، سێ ساڵ لە پاکستان، نزیکەی هەژدەساڵە لە وڵاتی نەرویج دەژی.

بەزمانی نەرویجی دوو کتێبی لەژێر ئامادەسازیدایە بۆ چاپ، یەکەمیان: عیشقی بێ ماڵ ـ دووەمیان: خواکان لە شکستدان. ئەم دووکتێبە لە شێوەی ڕۆماندا نووسراون.

کۆمەڵێک کتێبی تری هەن کە وەرگێڕانن و کەس لێیان لێناکاتەوە بۆ چاپکردنیان، لەوانە: بژارێک لە بەرهەمەکانی بافلۆف، دوو بەرگە ـ کە بەرهەمی فیزیولوژیستی مەزنی گەلی ڕووسە.

دووەم: کتێبی ڕەنگ کە نووسەری ئینگلیزی یۆهانز ئیتن ـ نووسیویەتی.

سێیەم: هەمەیی فەلسەفەی جوانناسی ـ لە زانای ئیتالی نوسیوویەتی.

ئەم کتێبە یەکێکە لە شاکارە گرنگەکانی نووسەر، شانازییەکی زۆری پێوە دەکات، کە نووسەر حەزی نەکرد ناوی ڕۆمانی بخاتە پاڵ، چونکە بەری سرۆشی هەستی هونەرییە و باس لە ئازادیی مرۆڤی ڕەسەن و مافی میللەتی کورد دەکات. بە واتای نووسەر، شێوازی نووسینی تایبەتە لە بواری نووسیندا. لێرەدا ئەو خۆی دەکات بە دەمڕاستی حەزرەتی نوح، داوا لە گەلانی ڕۆژئاوا دەکات کە زاگرۆس بکەن بە کەعبەی مرۆڤی ڕۆژئاواو ئازادی بۆ نەوەی نوح زامن بکەن. کۆمەڵێک ئەندێشەی تایبەتە، لە شێوەی تابلۆدا، باس لە گەڕانەوەی حەزرەتی نوح دەکات. ئەو دەڵێت: تەنها بە تەلقایی خوێندنەوەی کتێبەکەو بە یاریدەی ڕامان تێگەیشتن زامن دەکەیت.

لە وڵاتی نەرویچ سەربەست خەسرەو هەشت پێشانگای تایبەتی کردۆتەوە، هەمان شێوە لە وڵاتی هۆڵەندە. وەک هونەرمەند وەک مرۆڤێکی کورد هەست بە چەوسانەوە دەکات، چەوسانەوەیەکی ئەوتۆ کە دەبێت پەیامی خواکان بە ووردی بخوێنییەوە تا لە ناوەڕۆکی دەروونیی تێبگەیت.

سەربەست خەسرەو تکا لە خوێنەر دەکات ورد بیین بن. ئەو دەڵێت: مرۆڤ کە دەمرێت، سێ جەوهەر وەک میرات لە هەمیشەییدا شک دەبات، ئەم جەوهەرانە لەناو ناچن؛ یەکەمیان خەونەکانی، دووەم کردەوەکانی، سێیەم گیانی. ئەم جەوهەرانە هەمیشە بوونی گیانلەبەر لە داهاتوودا زامن دەکەن.